

# کوردستان

## لە بەڵگەنامەی کەمینە سیاسیەکاندا
## لە ساڵی ١٩٩٨


ئامادەکردنی

هێرش عەبدوڵڵا - ئاری ئەحمەد



٢٠٢٣

# کوردستان

# لە بەڵگەنامەی کەمینە سیاسیەکاندا

# لەساڵی ١٩٩٨

ئامادەکردنی

هێرش عەبدوڵڵا - ئاری ئەحمەد

٢٠٢٣

**پێشکەشە بە:**

***دکتۆر کاوس قەفتان*** ***دکتۆر کەمال عەلی***

***وەک وەفای خوێندکارێک بۆ مامۆستاکانی***

## کورتە

ئەم پەرتوکە، تایبەتەبە بەڵگەنامەی کەمینە سیاسیەکان لە هەرێمی کوردستاندا لە کۆتایی ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی بیستەمدا. بەڵگەنامەکان لەسەروبەندی کۆتایهاتنی شەڕی ناوخۆو دەسپێکردنی قۆناغی ئاشتی لە هەرێمی کوردستان دەکات دەدوێ کە چۆن توێژ و ڕەوتە جیاوازەکانی کۆمەڵگە سەرقاڵی ئەوەن مافەکانیان بەدەستبهێنن، ئەوانەی کە پێشێلکراون یاخود ئەو مافانەی کە دەیانەوێت دەستیان لێی گیرببێت. ئەو پرسیارانەی لەم بەڵگەنامەیەدا گێژدەخوات ئەوەیە، ئایا لەمیانی شەڕی ناوخۆدا، دەنگ و ڕەنگی تر لە کوردستاندا هەبووە؟ ئەو دەنگانە کێ بوون و چارەسەرییان بۆ پرسەکانی کوردستان چی بووە؟ کێشەو گرفتی کەمینە لەنێو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە چی بووە؟ کێشەی پارتەکانی کوردی رۆژهەڵات و باکور لە هەرێمی کوردستان چی بووە؟ بەڵگەنامەکان بە پێی ڕێبازی مێژوویی ریزبەندکراون و بە گوێرەی بابەتەکان و کاتی ڕوداوەکان پۆلێنکراون، کە هەرێمی کوردستانی کردۆتە سەنتەر و پرسەکانی تری کردۆتە کەنار.

پێشکەش
کورتە:
پێرست
خشتەی بەڵگەنامەکان


پێشەکی..................................................................................١
1.شەڕی ناوخۆ..........................................................................٨
2.ڕێککەوتنامەی واشنتن.................................................................. ٨٩
3.کاری حزبایەتی.......................................................................١١٢
4.لایەنە ئیسلامیەکان....................................................................١٥٨
5.حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق.........................................١٩٨
6.حزبی شیوعی کوردستان..........................................................٢٩٢
7.بزوتنەوەی دیموکراتیخوازان.................................................٣٨٢
8.تیرۆر و توندوتیژی......................................................................٤١٩
9.چالاکیی ڕێکخراوەیی وجەماوەری.......................................٤٨٩
10. کۆنوسی حکومەتی هەرێم..........................................٥٧٤
11. پارتەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان...............................٥٩٧
12. پارتی کرێکارانی کوردستان.......................................٦٦١
13. لەشکرکێشی تورکیا......................................................٧٣١
14. دەستگیرکردنی عەبدوڵڵا ئۆجالان...............................٧٧١
15. یادەوەری نیشتمانی........................................................٨٢٥
16. کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان......................................٩٥١
17. سەرچاوەکان...............................................................١٠٣٥

# خشتەی بەڵگەنامەکان


| ژمارەی بەڵگەنامە | ناوی بەڵگەنامە | لاپەڕە |
|---|---|---|
| بەڵگەنامەی ژمارە (١) | بۆ/گشت کۆمیتەکانی سنوری چالاکیمان | ١٧ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (٢) | بەیاننامەی مەکتەبی سیاسی | ١٩ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (٣) | بەیاننامە | ٢٢ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (٤) | بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان | ٢٥ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (٥) | ڕاگەیاندنی کۆبوونەوەی حیزبە کوردستانیەکان | ٢٧ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (٦) | ڕوونکردنەوەیەک لە (٥) حیزبی کوردستانیەوە | ٢٩ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (٧) | ڕاگەیەندراوی پێنج حیزبە کوردستانیەکە | ٣٢ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (٨) | بەیاننامەی مەکتەبی سیاسی حزبی سۆسیالستی دیموکراتی کوردستان | ٣٤ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (٩) | بەیان | ٣٨ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (١٠) | بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان | ٤٠ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (١١) | یاداشتنامەی ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی شاری سلێمانی | ٤٨ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (١٢) | ڕاگەیاندنێکی هاوبەش لەیادی گەردەلولی تۆڵەدا | ٥٠ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (١٣) | بەیاننامەی مەکتەبی سیاسی پارتی پارێزگارانی کوردستان | ٥٢ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (١٤) | لە یادی دووساڵەی خیانەتەکەی ٣١ی ئابدا | ٥٤ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (١٥) | لەیادی دووساڵەی خیانەتە گەورەکەی(٣١)ی ئابدا | ٥٨ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (١٦) | وتەبێژێک بەناوی (م. س)ی حزبی شیوعی کوردستان ڕایگەیاند | ٩٣ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (١٧) | ڕاگەیاندنی مەکتەبی سیاسی بزوتنەوەی دیموکراتی گەلی | ٩٥ |

| | | |
|---|---|---|
| | کوردستان | |
| بەڵگەنامەی ژمارە (١٨) | وتەبێژێک بە ناوی بیرۆی سیاسیپارتی کاری سەربەخۆی کوردستان ڕایگەیاند | ٩٨ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (١٩) | بەیاننامە | ١٠٠ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (٢٠) | ڕێکەوتنی واشنتۆن گەورەترین سەرکەوتنی مێژووی و سیاسیە بۆ کورد لەم سەردەمەدا | ١٠٢ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (٢١) | ڕاگەیاندنی حیزب و لایەنە سیاسیەکان | ١٠٤ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (٢٢) | ڕاگەیاندنی کۆبوونەوەی سەرکردایەتی (هاوکاری) | ١١٨ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (٢٣) | داخویان | ١٢١ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (٢٤) | شالاوی دەرکردنی هاوولاتیان ڕاگرن | ١٢٣ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (٢٥) | ڕاگەیاندراوی کۆبونەوەی ئاسایی | ١٢٥ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (٢٦) | ڕاگەیاندن | ١٢٨ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (٢٧) | ڕاگەیاندنی کۆتای کۆبونەوەی کۆمیسیۆنی ناوەندی | ١٢٩ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (٢٨) | ڕاگەیاندنی چوارهەمین کۆنفرانسی | ١٣١ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (٢٩) | ڕاگەیاندنی کۆتای کۆنگرەی یەکەمی | ١٣٢ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (٣٠) | ڕوونکردنەوەیەک لە (کۆمسیۆنی ناوەندی) | ١٣٥ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (٣١) | هەڵوێستمان دەربارەی ڕەوتی ئەمڕۆی کورد.. | ١٣٨ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (٣٢) | جەماوەری ولاتپارێزی کوردستان | ١٣٩ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (٣٣) | پیرۆزبێت یەکگرتنی... | ١٤٠ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (٣٤) | ڕوونکردنەوەیەک لەمەڵبەندی سلێمانی بزوتنەوەی ئیسلامییەوە | ١٦٥ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (٣٥) | بسم اللهالرحمن الرحیم: لیژنەی پاراستنی ئاشتی و برایەتی هەڵەبجە | ١٦٧ |

| | | |
|---|---|---|
| بەڵگەنامەی ژمارە (٣٦) | پیرۆزبای حیزبی شیوعی | ١٦٩ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (٣٧) | بسم الله الرحمن الرحيم | ١٧١ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (٣٨) | نەتەوەی کوردی ستەم لێکراو | ١٧٣ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (٣٩) | رونکردنەوەیەک | ١٧٤ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (٤٠) | بۆ هەموو لایەنە سیاسی و دام و دەزگا حکومیە بەرێزەکان | ١٧٨ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (٤١) | ڕاگەیەنراوێک لەمەڕ کێشەی نێوان عێراق و نەتەوە یەکگرتووەکان | ١٧٩ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (٤٢) | بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان | ١٨٠ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (٤٣) | . جەماوەری موسڵمانی کوردستان | ١٨٢ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (٤٤) | ڕاگەیاندنی مەکتەبی سیاسی (برا) | ١٨٤ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (٤٥) | کۆمۆنیزم کرێکارییە یان پۆلیسە | ٢٠٦ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (٤٦) | پشتیوانی لەناڕەزایەتی و داخوازیەکانی دەستفرۆشان دەکەین | ٢٠٧ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (٤٧) | ئاشکرابوونی هەوڵێکی تیرۆرستی لە دژی | ٢٠٩ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (٤٨) | پەلکێشکردنی منداڵان بۆ بەرەکانیشەڕ | ٢١١ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (٤٩) | دەبێ سوپای تورکیا لەکوردستانی عێراق بچێتە دەرەوە | ٢١٦ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (٥٠) | ڕاگەیاندنی مەکتەبی سیاسی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق | ٢١٩ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (٥١) | تیرۆرو ئیرهاب ئاکامی ئیفلاسی کۆنەپەرستانە | ٢٢١ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (٥٢) | بەیاننامەی کۆتایی هاتنی کۆنگرەی یەکەمی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق | ٢٢٣ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (٥٣) | ڕاگەیاندنی کۆتایی پلنیۆمی حەوتەمی | ٢٢٧ |

| | | |
|---|---|---|
| بەڵگەنامەی ژمارە (٥٤) | ڕاگەیاندنێک لە کۆمیتەی محللی سلێمانی | ٢٢٨ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (٥٥) | ڕاگەیاندنی مەکتەبی سیاسی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق | ٢٣١ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (٥٦) | بروخێت دیموکراسیەت | ٢٣٣ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (٥٧) | ڕاگەیاندنی کۆبوونەوەی هاوبەشی وەفدی سەرکردایەتی | ٢٣٨ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (٥٨) | ( س)ش بووە قوربانی فەرهەنگیدواکەوتوانەی و پیاوسالاری | ٢٣٩ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (٥٩) | دەبێتPKK دەست لە چەکدارکردنی منداڵان هەڵگرێ | ٢٤١ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (٦٠) | ڕێگەچارەی فەوری حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق | ٢٤٤ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (٦١) | ڕاگەیاندنیک لەکۆمیتەی سلێمانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراقەوە | ٢٤٧ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (٦٢) | ڕووداوی (مزگەوتی بێخود) درندەی ئیسلامیەکانی نمایش کرد | ٢٤٨ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (٦٣) | وتەبێژێک لە جیاتی سکرتاریەتی کۆمیتەی ناوەندی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق | ٢٥٠ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (٦٤) | ڕاگەیاندی مەکتەبی سیاسی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری | ٢٥٥ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (٦٥) | بەیاننامەی مەکتەبی سیاسی | ٢٥٨ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (٦٦) | ڕاگەیاندنێک سەبارەت بە هێرشی هێزەکانی ئاسایش | ٢٦٠ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (٦٧) | ڕێکەوتننامەی تاران | ٢٦٢ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (٦٨) | بەیاننامەی حزبی شیوعی عێراق | ٣٠٢ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (٦٩) | نامەیەکی ناوخۆیی | ٣٠٥ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (٧٠) | چالاکیەکانی لیژنەی پەیوەندی هەولێر | ٣٠٦ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (٧١) | برایانی بەڕێز لەسەرکردایەتی پارتی کرێکارانی کوردستان | ٣٠٨ |

| | | |
|---|---|---|
| بەڵگەنامەی ژمارە (٧٢) | لە چالاکیەکانی لیژنەی پەیوەندیەکانی سلێمانی | ٣٠٩ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (٧٣) | بەیاننامەیەکی ناوخۆی | ٣١٤ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (٧٤) | ڕاگەیاندنی هەشتەمین کۆنفرانسی ڕێکخراوەکانی پارێزگای سلێمانی | ٣١٩ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (٧٥) | بۆ/هەموو ڕێکخراوەکانی سنوری کۆمیتەی پارێزگای سلێمانی | ٣٢١ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (٧٦) | ڕاگەیاندی کۆتایی کۆنگرەی دووەمی حزبی شیوعی کوردستان – عێراق | ٣٣١ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (٧٧) | بۆ خێزانی تێکۆشەری ناسراو همزە عبدالله | ٣٣٣ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (٧٨) | خولاسەی ڕاپۆرتی مانگی کانوونی دووەم ١٩٩٩ | ٣٣٤ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (٧٩) | حزبی شیوعی کوردستان - عێراق | ٣٣٦ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (٨٠) | هەندێ هەواڵ لەناو ڕژێمەوە | ٣٤١ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (٨١) | ڕاپۆرتی چالاکیەکانی لیژنەی پەیوەندیەکان | ٣٤٣ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (٨٢) | هاوڵاتیانی خۆشەویست | ٣٤٨ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (٨٣) | نامەیەک لە کۆمیتەی باڵای بزوتنەوەی دیموکراسیخوازانەوە | ٣٩١ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (٨٤) | ڕاگەیاندنی کۆمیتەی باڵای | ٣٩٤ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (٨٥) | ڕونکردنەوەیەک | ٣٩٧ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (٨٦) | ڕونکردنەوەیەک بۆ گشت جەماوەری کوردستان و حیزب و ڕێکخراوە کوردستانیەکان | ٣٩٨ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (٨٧) | بەڕێز سکرتێری گشتی ی ن ک | ٤٠٠ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (٨٨) | بەڕێزان سەرۆک و ئەندامانی لیژنەی ئۆڵۆمپی | ٤٠٢ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (٨٩) | ڕاگەیاندنی کۆبونەوەی کۆمیتەی باڵا | ٤٠٦ |

| | | |
|---|---|---|
| بەڵگەنامەی ژمارە (٩٠) | یاداشتنامە | ٤٢٩ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (٩١) | پشتیوانی لە کەسوکاری منداڵە وون بووەکانی سلێمانی | ٤٣٠ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (٩٢) | بەیاننامەی ناڕەزای سەبارەت بە هەڵمەتی | ٤٣٢ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (٩٣) | . بانگەوازێک بۆ جەماوەری شاری سلێمانی | ٤٣٤ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (٩٤) | باهەمووممان لە پێناو بەفیڕۆنەدانی خەبات و قوربانی کورد | ٤٣٦ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (٩٥) | یاداشتنامەیەک سەربارەت  بە تیرۆرکردنی (ص.ع.ن) | ٤٣٨ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (٩٦) | شاڵاوی تۆقاندن ڕابگرن | ٤٤١ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (٩٧) | بەیاننامەی ناڕەزایی | ٤٤٢ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (٩٨) | وەرن بەهانای(ل) کانەوە | ٤٤٤ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (٩٩) | بەیاننامەی ڕێکخراوی سەربەخۆیی ئافرەتان | ٤٤٥ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (١٠٠) | یاداشتنامە | ٤٤٧ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (١٠١) | بەیاننامەیەک | ٤٤٩ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (١٠٢) | (ن)ی ((٨ ساڵ زیندانی)مان ئازاد کرد | ٤٥١ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (١٠٣) | بەیاننامەیناڕەزایەتی لە دژی ئیهانەکردن بە ژنانی ناوچەی بۆسکێن | ٤٥٣ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (١٠٤) | خەڵکی ئازادیخواز با چی تر ڕێگا نەدەین | ٤٥٥ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (١٠٥) | بکوژانی (م) و (ت) دەبێ ئاشکرا بکرێن | ٤٥٧ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (١٠٦) | خۆتان مەسوتێنن | ٤٥٩ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (١٠٧) | کۆمەڵاتی خەڵکی کوردستانی تێکۆشەر | ٤٦١ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (١٠٨) | تاوانەکانی PKK تاوانبار دەکەین | ٤٦٣ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (١٠٩) | بەیاننامەیدامەزراندن | ٥٠٥ |

| | | |
|---|---|---|
| بەڵگەنامەی ژمارە (١١٠) | دایکان..باوکان خوازیارانی دونیایەکی پڕ لەئاسودەی بۆ منالآن | ٥٠٧ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (١١١) | بۆ: هەموو کارمەندانی ناوخۆیی (ئێم ئەی جی) لەباکوری عێراق | ٥٠٩ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (١١٢) | لەساڵڕۆژی زیندانی کردنم دا | ٥١١ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (١١٣) | ڕژێمی بەعس دەبێت دەست لەسیاسەتی ڕاگواستن هەڵگرێ | ٥١٤ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (١١٤) | ڕوونکردنەوەیەک | ٥١٦ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (١١٥) | بۆ بەڕێز/کریستیان گێسنر ڕێکخەری کاروباری UN لە سلێمانی | ٥١٧ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (١١٦) | جەماوەری نیشتیمان پەروەر و بەشەرەفیخەڵکی کوردستان | ٥١٩ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (١١٧) | بەیاننامەی ناڕەزایی دژی شکاندنی پەیکەریحەزرەتی نالی/ لە شارەزوور | ٥٢١ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (١١٨) | یاداشتنامە | ٥٢٣ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (١١٩) | بروسکەی پشتگیری | ٥٢٤ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (١٢٠) | ڕونکردنەوەیەک لە بزوتنەوەی جوتیارانی کوردستانەوە | ٥٢٦ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (١٢١) | هاوارنامەیەک لە جوتیارانی دووستەپەوە | ٥٣١ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (١٢٢) | بەڕێز: سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان | ٥٣٥ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (١٢٣) | یاداشتنامە بۆ/ نوێنەری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان (UN) لە سلێمانی | ٥٣٨ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (١٢٤) | ڕونکردنەوەیەک لە مەکتەبی سکرتاریەتی | ٥٤٠ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (١٢٥) | لەشاری هەولێر جۆرێک لەبەردە باران کردنی ژنان پەیڕەو دەکرێت! | ٥٤٢ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (١٢٦) | کێشەیتاکەی دانی دەرماڵەی قوتابیان بێ چارسەرکردن دەمێیتەوە | ٥٤٤ |

| | | |
|---|---|---|
| ٥٤٥ | دوای کوشتنی ٥٠٠٠ ژن | بەڵگەنامەی ژمارە (١٢٧) |
| ٥٤٧ | بڕیاری ژمارە (٥٩)ی سەرۆکایەتی | بەڵگەنامەی ژمارە (١٢٨) |
| ٥٨٨ | کۆنوس | بەڵگەنامەی ژمارە (١٢٩) |
| ٥٩١ | کۆنوس | بەڵگەنامەی ژمارە (١٣٠) |
| ٦٠٧ | ڕاگەیەندراوی‌چاپەمەنی | بەڵگەنامەی ژمارە (١٣١) |
| ٦٠٨ | ڕاگەیەندراوی کۆمیسیۆنی سیاسی - نیزامی | بەڵگەنامەی ژمارە (١٣٢) |
| ٦١١ | ڕاگەیەندراوی کۆمیسیۆنی سیاسی - نیزامی | بەڵگەنامەی ژمارە (١٣٣) |
| ٦١٣ | ڕاگەیاندراوی دەفتەری ڕێکخراوی خەباتی شۆڕشگێڕی کوردستانی ئێران | بەڵگەنامەی ژمارە (١٣٤) |
| ٦١٧ | ڕاگەیەندراوی کۆمیسیۆنی سیاسی - نیزامی | بەڵگەنامەی ژمارە (١٣٥) |
| ٦١٩ | مقەری ناوەندی کۆمەڵە | بەڵگەنامەی ژمارە (١٣٦) |
| ٦٢١ | چاوپێکەوتنی هەیئەتێکی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە | بەڵگەنامەی ژمارە (١٣٧) |
| ٦٢٢ | حوکمی دادگای میکۆنووس | بەڵگەنامەی ژمارە (١٣٨) |
| ٦٢٦ | ڕاگەیەندراوی کۆمیسیۆنی سیاسی - نیزامی | بەڵگەنامەی ژمارە (١٣٩) |
| ٦٢٧ | ڕاگەیاندنی‌دەبریخانەی ناوەندی کۆمەڵە | بەڵگەنامەی ژمارە (١٤٠) |
| ٦٢٩ | بەیاننامەی هاوبەش | بەڵگەنامەی ژمارە (١٤١) |
| ٦٣٢ | دەقی وتوویژی رادیو دەنگی شۆڕشی ئێران(رادیۆی کۆمەڵە) | بەڵگەنامەی ژمارە (١٤٢) |
| ٦٧٣ | ڕوونکردنەوەیەک بۆ سەرجەم گەل و هەموو هێزە وڵاتپارێزەکان | بەڵگەنامەی ژمارە (١٤٣) |
| ٦٧٥ | دەرئەنجامی شەڕەکانی ARGKلە مانگی حوزەیراندا | بەڵگەنامەی ژمارە (١٤٤) |
| ٦٨٠ | گەلی کوردستان و هێزە نیشتیمانیەکان و مرۆڤایەتی پێشکەوتوخواز | بەڵگەنامەی ژمارە (١٤٥) |

| | | |
|---|---|---|
| بەڵگەنامەی ژمارە (١٤٦) | بۆ چەکدارەکانی چەتەی خیانەت و لایەنگرانیان | ٦٨٣ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (١٤٧) | بانگەواز | ٦٨٦ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (١٤٨) | بۆ جەماوەری وڵاتپارێزی باشوری کوردستان | ٦٩١ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (١٤٩) | بۆ گەلی جەنگاوەری کوردستان | ٦٩٤ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (١٥٠) | باشوری کوردستان دەبێتە گۆڕستانی داگیرکەرو خیانەتکاران | ٧٠٠ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (١٥١) | بڕوسکەی مێژووی سەرۆکایەتی PKK بۆ گەلی باشوری کوردستان | ٧٠٢ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (١٥٢) | بۆ ڕای گشتی کوردستان و نێودەوڵەتی | ٧٠٥ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (١٥٣) | بۆ گەلی وڵاتپارێزی باشوری کوردستان | ٧١٠ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (١٥٤) | وتەبێژێک بە ناوی مەکتەبی سیاسی حزبی شیوعی کوردستان ڕایگەیاند | ٧٤٠ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (١٥٥) | بانگەوازێکبۆ گەلی کوردستان | ٧٤٢ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (١٥٦) | بەیاننامە/جەماوەری گەلی کوردستان و پارتە سیاسیەکان | ٧٤٤ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (١٥٧) | بەیاننامەی هاوبەشی حزبی شیوعی کوردستان - عێراق | ٧٤٧ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (١٥٨) | ئەی جەماوەری بەشەڕەفی کوردستان | ٧٥١ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (١٥٩) | بەیاننامەی‌مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان | ٧٥٣ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (١٦٠) | بانگەواز | ٧٥٥ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (١٦١) | وتەبێژێک بە ناوی(م. س)ی حشک ئەمەی خوارەوەی ڕاگەیاند | ٧٥٧ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (١٦٢) | بەیانی بزوتنەوەی دیموکراسیخوازان | ٧٥٩ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (١٦٣) | بۆ گەلەکەمان وهەموو هێزە نیشتیمانی و کەسایەتییە دیموکراتیخوازەکان | ٧٨٢ |

| | | |
|---|---|---|
| بەڵگەنامەی ژمارە (١٦٤) | با دەست بەجێ عبدالله ئۆجەلان ئازاد کرێ | ٧٨٦ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (١٦٥) | وتەبێژێک بە ناوی مەکتەبی سیاسی حزبی شیوعی کوردستانەوە ڕایگەیاند | ٧٨٧ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (١٦٦) | ڕاگەیاندنی مەکتەبی سیاسی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق: | ٧٨٨ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (١٦٧) | بەیانی هاوبەش | ٧٩٠ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (١٦٨) | ڕفاندنی (عیدالله اوجلان) تیرۆریزمی نێودەوڵەتییە! | ٧٩٢ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (١٦٩) | ئەی میللەتی بەشەڕەفی کوردستان | ٧٩٣ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (١٧٠) | ووتەبێژێک بەناوەی مەکتەبی سیاسی (برا)وە ئەم لێدوانەی ڕاگەیاند | ٧٩٥ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (١٧١) | با دادگایکردنی ئۆجالان بکەینە دادگایکردنی ڕژێمی فاشیستی تورکیا | ٧٩٦ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (١٧٢) | بەیاننامەی یەکێتی مافپەروەرانی کوردستان/ لقی سلێمانی | ٧٩٨ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (١٧٣) | بەیاننامەیەکی  هاوبەش | ٨٠٠ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (١٧٤) | یاداشتنامە | ٨٠١ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (١٧٥) | ئازادی بۆ ئۆجەلان و چارەسەرکردنی ئاشتیانە | ٨٠٣ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (١٧٦) | بۆ گەلی کوردستان و دەوڵەتی تورکیاو ڕای گشتی جیهان | ٨٠٥ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (١٧٧) | بۆ بەڕێز/ هاوڕێ حەمە شوان | ٨٣٦ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (١٧٨) | بۆ/ هاوڕێیانی مەکتەبی سیاسی حزبی شیوعی عێراقی بەڕێز | ٨٣٧ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (١٧٩) | بۆ/کۆمیتەی پارێزگای سلێمانی - حزبی شیوعی کوردستان | ٨٣٨ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (١٨٠) | بەڕێز حیزبی شیوعی کوردستان | ٨٣٩ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (١٨١) | بۆ بەڕێز سکرتێری حیزبی شیوعی کوردستان هاوڕێ کەریم ئەحمەد | ٨٤٠ |

| | | |
|---|---|---|
| بەڵگەنامەی ژمارە (١٨٢) | بۆ مەراسیمی یادی شەهیدی شیوعی عێراق.... | ٨٤١ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (١٨٣) | بۆ حزبی شیوعی کوردستان - کۆمیتەی پارێزگای سلێمانی | ٨٤٢ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (١٨٤) | حزبی شویعی خۆشەویست | ٨٤٣ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (١٨٥) | پیرۆزبێت یادی پرشکۆی راپەڕین | ٨٤٤ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (١٨٦) | پرۆسەی هاوکاری | ٨٤٥ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (١٨٧) | بەیاننامەی مەکتەبی سیاسی حزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان | ٨٤٧ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (١٨٨) | بەرز و پیرۆز بێت ساڵیادی راپەڕینە مەزنەکەی گەلەکەمان | ٨٥٠ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (١٨٩) | بەیاننامەی هاوپەیمانی دیموکراتی کوردستان لەیادی ڕۆژانی راپەرین | ٨٥٣ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (١٩٠) | بەیاننامەیەک بە بۆنەی ٨ی ئازارەوە | ٨٥٥ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (١٩١) | پیرۆزبێت (٨)ی مارس | ٨٥٨ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (١٩٢) | بەرز و بەرێزبێت ٨ی مارس ڕۆژی جیهانی ژن | ٨٦٠ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (١٩٣) | بەرز و پیرۆزبێت ٨ی مارس ڕۆژی جیهانی ژنان | ٨٦٢ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (١٩٤) | هەڵەبجە لەیاد ناکەین | ٨٦٤ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (١٩٥) | با هەموو تواناکان یەکبخرێ لەپێناو | ٨٦٦ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (١٩٦) | بەیاننامەی پرۆسەی هاوکاری | ٨٦٨ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (١٩٧) | هەڵەبجە هێرۆشیمای دووەمی جیهان | ٨٧٠ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (١٩٨) | بەیاننامەی مەکتەبی سیاسی پارتی پارێزگارانی کوردستان | ٨٧٢ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (١٩٩) | بۆ ڕای گشتی گەلی کوردستان | ٨٧٤ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (٢٠٠) | لەیادی نەورۆز و جەژنەکانی راپەڕیندا | ٨٧٦ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (٢٠١) | پیرۆزبێت نەورۆز، ڕۆژی ڕابوون و ئاشتی و برایەتی | ٨٧٧ |

| | | |
|---|---|---|
| بەڵگەنامەی ژمارە (٢٠٢) | جەژنی نەورۆزتان پیرۆزبێت | ٨٨٠ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (٢٠٣) | بەیاننامەیمەکتەبی سکرتاریەت | ٨٨٢ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (٢٠٤) | لە(جەمال عەبدول)ەوە، | ٨٨٥ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (٢٠٥) | لە/ سلام عەبدولا | ٨٨٦ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (٢٠٦) | لە/ (جەمال عەبدول)ەوە | ٨٨٧ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (٢٠٧) | لە/ (جەمال عەبدول)ەوە | ٨٨٨ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (٢٠٨) | لە/ (جەمال عبدول)ەوە | ٨٨٩ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (٢٠٩) | لەیادی نۆیەمین ساڵرۆژی ئەنفالە شومەکاندا | ٨٩٠ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (٢١٠) | جەماوەری ئازادیخواز، خەڵکانی بەش مەینەت | ٨٩٢ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (٢١١) | لەیادی(١٠)یەمین ساڵرۆژی کارەساتی ئەنفال | ٨٩٣ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (٢١٢) | ١ی ئایار، پیرۆزبێ لەکرێکاران و زەحمەتکێشان | ٨٩٥ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (٢١٣) | بەیاننامەی مەکتەبی سیاسی حیزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان | ٨٩٨ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (٢١٤) | بەیاننامەی ساڵی خوێندنی نوێ | ٩٠٠ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (٢١٥) | بەیاننامەی یەکێتی گشتی قوتابیانی کوردستان | ٩٠١ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (٢١٦) | بەرزو پیرۆزبێت یادی (١٤) ساڵەی دامەزراندن | ٩٠٢ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (٢١٧) | ٣٠ ساڵە یەکێتی گشتی قوتابیانی کوردستان | ٩٠٥ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (٢١٨) | بەیاننامەی کۆتایی کۆنفرانس | ٩٦٢ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (٢١٩) | ڕاگەیاندنی یەکەمین کۆبونەوەی کۆمیتەی ئامادەکاری | ٩٦٣ |
| بەڵگەنامەی ژمارە (٢٢٠) | ٢٢٠. پرۆژەی پەیرەو و پرۆگرامی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان | ٩٦٥ |

## پێشەکی

شەڕی ناوخۆ پانتاییەکی گەورەی لەمێژووی هەرێمی کوردستان داگیرکردووە. لەگەڵ دامەزراندنی حکومەتی هەرێم لە ساڵی ١٩٩٢، شەڕی ناوخۆی حزبەکوردیەکان دەستی پێکرد. گەورە بچوکی قووتدەداو لە کۆتایدا گەورەکان سەرسەختانە شەڕی یەکدییان کردووە. لەم نێوانەدا، کەمینە هەبوون، کە حزب و ڕەوت و چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگە بوون، ئەمانە کەوتنە بەردەم زەبری حزبە چەکدارە ڕێکخراوە باڵادەستەکان. هەریەک لە کەمینە سیاسیە جۆراوجۆرەکان بونە قوربانی، یاخود بوون بە پاشکۆی لایەنە شەڕکەرەکان. کاتێکیش شەڕ دامرکایەوە، کەمینەکان لەبری مافوەرگرتن، باجیاندا.

گرنگی ئەم نوسینە لەوەدایە لە ڕێگەی بەڵگەنامەکانەوە، مێژووی کەمینە تۆماردەکات. واباوە کە مێژوونوس کات و شوێن و کارکردە مرۆییەکان ئاوێزانی یەکدی بکات و مێژوویەکی لێپێکبهێنێ، تا سەربوردی ڕوداوەکان باشتر بەیەکترەوە ببەستێتەوە. لێرەدا ئەرکی مێژوونوس وەک ئەرکی فلیمسازێک دەبێت، کە ئەکشنەکان بەیەکەوە گرێدەدات و بەرهەمێکی لێدروست دەکات. بەڵام لەم کارەی ئێمەدا ئەرکی مێژوونوس جیاوازەو ئەرکەکە دەخەینە سەر شانی خوێنەر. بۆ؟چونکە خوێندنەوەی بەڵگەنامەکان لەلایەن خودی خوێنەر، وادەکات خوێنەر دوربکەوێتەوە لەو وێنایەی کە مێژوونوس بۆ ڕوداوەکانی دەکێشێت بەڵکو خوێنەر خۆی دەبێتە مێژوونوس و وایلێدەکات لەزاری دروستکەری ڕوداوەکە گوێبیستی مێژوو ببێت بە بێ ئەوەی بکەوێتە ژێر کاریگەری هەست و بیر و هەڵسەنگاندنەکانی مێژوونوسەوە. هەمەچەشنی بەڵگەنامەکانیش کە دابەشکراوە بەسەر کەمینەی حزب و ڕێکخراو و کەسایەتییە جۆراوجۆرەکاندا، کە هەریەکەو لە گۆشەنیگای خۆیەوە دەڕوانێتە ئەو قۆناغە، کە بۆخۆی دەبێتە سەنگی مەحەک بۆ خوێنەرو زیاتر لە یەکڕەنگ، لە تابلۆی وێنا مێژوویەکە بەرچاو دەخات.

ئێمە ئەم کارە بۆ دەکەین؟ ئەمە ئەو پرسیارەیە کە هەر نوسەرێک دەجوڵێنێت بۆ نوسین. واباوە مێژوو لەلایەن باڵادەستەکان بنوسرێتەوەو هەمیشە

باڵادەستەکان وەک تاک و وەک نەتەوەو کۆمەڵ پاڵەوانی مێژوون. بەڵام لە سەرەتای سەدەی نۆزدەدا ئەم شێوە نوسینە باوە کەوتە بەر ڕەخنە. ئیدی لەبری پاڵەوانی جەنگ و سەرکەوتنەکان، مێژووی کرێکارو جوتیارو ژن و منداڵ و بابەتە کۆمەڵایەتی و ئابوری و هەتا تەندروستی و زانستیەکانیش، چوونە ناو ئەو بوارانەی مێژوونوس گرنگی پێدەدات. لەدوای یەکەمین و دووەمین جەنگی جیهانی، پرسی کەمینەی ئاینی و نەتەوەییش بووە بابەتێکی تری مێژوو کە سەرنجی مێژوونوسانی راکێشا. ئەم جۆرە لە نوسینەوەی مێژوو ناونراوە مێژووی دیموکراسی یان مێژووی خەڵک. هەر لەم ڕوانگەیەوە، ئەم بابەتە دەخرێتە بەردەستی خوێنەر. کە لەبری ئەوەی مێژوونوس دەرباری دەسەڵات بێت و پاڵەوان دروست بکات، مێژوونوس ڕۆدەچێتە ناو چین و توێژە پەراوێزخراوەکان کە لە پنتی خوارەوەی کۆمەڵگەدان و ڕۆڵیان نادیدە کراوە، بۆیە لێرەدا مێژوونوس کەمینەکان دەهێنێتەوە سەر شانۆی ڕوداوە مێژوویەکان.

هۆکارێکی تری بڵاوکردنەوەی ئەم بەڵگەنامانە، نەبونی دەزاگایەکی ئەرشیفی نەتەوەیی  چالاکە بۆ هەڵگرتنی بەڵگەنامە. بەڵگەنامەکانی ئەم کتێبە، ژمارەیان زۆر و قەبارەیان گەورە بوو بەجۆرێک لە کتێبخانەی کەسیدا، هەڵگرتنی بێ ئاستەنگ نەبوو. گرنگترین ئاستەنگ بریتی بوو لە ڕزین و ونبون و سوتان. نەتەوەی کورد نەتەوەیەکە زۆرترین بەڵگەنامەی فەوتاوە هەر بۆیە مێژووی ئێمە پشت بە تۆماری بەڵگەنامەی نەتەوەو دەوڵەتانی بێگانە دەبەستێت. گرفتی گەورەی مێژوونوسی کورد ئەوەیە بەڵگەنامەی کوردی بەردەست نیە. ئەوەی لەبەردەستیەتی، ئەو بەڵگەنامانەن کە لە ئەرشیفی بێگانەدا تۆمارکراوە. هۆکارەکەشی بەشێکی بۆ زۆری شەڕو پێکدادانەکانی ئەم ناوچەیە دەگەڕێتەوە، کە تیایدا شەڕ ئەرشیفی کتێبخانەی کوردی سوتاندووەو لەناوی بردوون، بەشێکی تری بۆ کەمتەرخەمی خۆمان دەگەڕێتەوە کە کاری ئەرشیفمان نادیدە گرتووە. بەجۆرێک یان وەک خشڵ و زێڕ هەڵگیراون و دواتر عەمارەپۆ بوون و لەناوچوون، یاخود لەبەر دروستکردنی مەترسی بۆسەر گیانی هەڵگری بەڵگەنامەکان، بەڵگەنامەکان سوتێنراون یان لەژێر زەویدا شاردراونەتەوەو توشی ڕزین بوون. لەسەردەمی دەسەڵاتی هەرێمی کوردستانیشدا، ئەرشیفکردن بە نیشتمانی نەکراوە. تاک و دەستەو حزب، کاری ئەرشیف دەکەن. ئەرشیفی

بەڵگەنامەکان دابەش بووە بەسەر ڕەوت و شوێنی جیاوازدا و زۆریشیان لە ئەرشیفی حزبەکاندان و هەر بە نهێنی ماوەتەوە. هەموو ئەمانە وایکردووە کە کاری توێژەری مێژوو سەخت بێت و ئەگەر لە ڕێگەی پەیوەندی کەسییەوە نەبێت، ئەوا لە ڕێگەی ترەوە دەستی بە بەڵگەنامە نەگات. ئەم کارەی ئێمە بریتی بوو لەترس لە فەوتانی بەڵگەنامەکان، هەروەها بەردەستخستنی بەڵگەنامیە بۆ توێژەری مێژوو تا بەبێ سەرئێشە، بەڵگەنامەکانی بەردەست بکەوێت.

هۆکارێکی تر ئەوە بوو، ئێمە لەم کاتەدا بە پێویستمان زانی ئەو بەڵگەنامانە بڵاو بکەینەوە. هەرێمی کوردستان لەم کاتەدا بە کۆمەڵێک قەیرانی جۆراوجۆردا تێپەڕ دەکات. دەنگوباسی هەرێمەکە بەجۆرێکە کە قەیرانەکان چەقبەستوون و هەرێمەکە لە هاتنەکایەیەوە هەتا ئێستا هەمان قەیرانی هەیە و لەبازنەیەکدا بەدەوری خۆیدا دەخولێتەوە. کاتێک سەیری ئەم بەڵگەنامەنە دەکەین، ڕووندەبێتەوە کە بەشێکی زۆری قەیرانەکان هەمان قەیرانە. تێڕوانین و مامەڵەی باوکانی ئەم هەرێمە لەگەڵ ڕوداوەکاندا زۆر جیاواز نییە لەگەڵ تێڕوانین و مامەڵەی نەوەکانی ئێستا، زۆرێک لە کێشە سەرکیەکانی ئێستا، هەمان ئەو کێشانەی نەوەدەکانی سەدەی پێشووە، کە ئێمە تا ئێستا دەیجووین و پێمان هەرس ناکرێت، بۆیە بەڵگەنامەی لەم جۆرە ئاستی چەقبەستویی و گەشەی بیرو کێشەکانی کۆمەڵگەی کوردی دەردەخات.

دوا هۆکار ئەوە بوو کاتێک ناوەرۆکی ئەو بەڵگەنامانەم بینی و تێڕامانێکی سەرەتاییمان بۆکرد، بینیمان بڵاوکردنەوەی ئەم بەڵگەنامانە، نهێنییەکی ئەوتۆ هەڵناماڵێت کە جێگەی مەترسی و ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی بن. چونکە زۆرینەی بەڵگەنامەکان بڵاوکراوەن بۆ ڕای گشتی، بۆیە ئەرکی ئێمە تەنها کۆکردنەوەو پۆلێنکردن و بیرخستنەوەی ئەو مێژووەیە، نەک ئاشکراکردنی نهێنییەکانی حزب و حکومەت. لەنێو بەڵگەنامەکانیشدا بەڵگەنامەی نێوخۆیی حزبی تیادەبینرێت، بەڵام ئامانجی بەڵگەنامەکە بریتی نییە لە هەڵماڵینی کاری نهێنی و خوێکردنە برینی کێشەکانی هەرێمی کوردستان. بەڵکو زیاتر دەرخستنی هەڵوێستی لایەنێکە کە لە واقعدا هەڵوێستێکی ئاشکرا بووە. بۆیە بڵاوکردنەوەی ئەم بەڵگەنامانە بریتی نییە لە دوبارە لێدانەوەی قەوانی کێشە و پرسەکان، بەڵکو بریتیە لە

شەرمنەکرن لە خستنەرووی مێژووی خۆمان و لادانی پەردەیە لە ڕوخساری قۆناغێک کە سێبەرەکەی تا ئێستاش لە کوردستاندا نسێیە.

گریمانەی ئێمە لەم نوسینەدا ئەوەیە، هەرێمی کوردستان لەم قۆناغەدا لەژێر کاریگەری برسێتی و هەست و جۆشی حزبی نەتەوەیی بووە. برسێتی خەڵک بۆ نان و برسێتی حزب بۆ دەسەڵات، هۆکاری توندوتیژی کۆمەڵایەتی و سیاسی بووە. بە جێبەجێکردنی بڕیاری (٩٨٦)ی ئەنجومەنی ئاسایش کە ناسرابوو بە بڕیاری نەوت بەرامبەر خۆراک لە ١٩٩٦-١٩٩٧، کۆمەڵگەی لە برسێتی قوتار کرد، هەر بۆیە کاردەکاتە سەر کەمبونەوەی توندوتیژی و خۆبەکوشتدان لە پێناو ناندا، ئەمەش یەکێکە لەهۆکارەکانی وەستانی شەڕو دەسپێکی ئاشتییە لە هەرێمەکە. هاوکات هەستی نەتەوەیی لەم قۆناغەدا بەتەواوەتی لەژێر کاریگەری حزبدایە. حزبەکان مامۆستای نەتەوایەتین و ئەوانەی دەرەوەی حزب لەژێر پرسیاری کوردبوندان. بەڵام بە دەسپێکی ١٩٩٨، جوڵەی سەروو تێڕوانینی حزبی برەو دەسێنێت کە جوڵەی ڕەوتی نیشتمانی و چین و توێژە جیاوازەکانی بەدەر لە حزبە. تەریب بەمە، خەبات لە پێناو یەکسانی و پرسی ژن و ئازادی و حوکمی یاسا زۆرتر دێتە بەرچاو. ئەم نوسینە گریمانەی ئەوە دەکات ساڵی ١٩٩٨ دەسپێکی قۆناغێکی نوێیە لە مێژووی کوردستان، بەجۆرێک ژیان لە کوردستان، بەرگی برسێتی و توندوتیژی و نەتەوایەتی حزبی فڕێدەداو بەرگێکی نوێ دەپۆشرێت کە ژیانکردن دوردەبێت لەو پرسانە، پرسگەلێکی تر گەشە دەکات کە بریتیە لە وێڵبوون بەدوای کوالێتی ژیانکردندا، ئەمەش بۆخۆی گۆڕانکاری دروست دەکات لە پێوانەی هەژاری و کوردایەتیدا.

ئەم بەڵگەنامانە چۆن دەستکەوتووەو و چۆن کاری لەسەرکرا؟ گەمارۆی ئابووری و لاوازی دەزگاحکومیەکان وایکردبوو کتێبخانە حکومیەکان سەرچاوەو پەرتوکی نوێ لەخۆنەگرێت. بۆیە کتێبخانەی حزبی بۆ توێژەران ناوەندی سەرەکی بوون بۆ وەدەستخستنی سەرچاوە. لەکاتی ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی زانستیداو دروست لە مانگی ٤ی ٢٠٠٧ بوو، ڕوومکردە یەکێک لە کتێبخانە حزبیەکان کە دەوڵەمەند بوو بە کتێب. لەوکاتەدا کتێبخانەکە چۆڵدەکراو کارمەندەکان لەبەردەرگای دەرەوەدا چەندین گونیە کاغەزیان دانابوو بۆ فڕیدان. کاتێک پرسیارم کرد کە ئایا دەتوانم هەندێک لەو کاغەزانە لەگەڵ

خۆمدا ببەین، لەوەڵامدا وتیان ئێمە دەیسوتێنین و تۆ ئەگەر پێویستە بیبە. من زیاتر تامەزرۆی گۆڤارەکان بووم، بۆیە هەندێک گۆڤارم لە سەیارەکەم بار کرد. هاوکات کارمەندەکە پێی وتم ئەو گونیەی تریش بۆ سوتانە و ئیشمان پێی نیە و دەتوانیت ئەویش ببەیت. منیش بەگوێی ئەوم کردو ئەوانیشم خستە سەیارەکە. دواتر کە گەڕامە ماڵەوە، گۆڤارەکانم پۆلێن کرد، کاتێک ڕوانیمە گونیەکەی تر بینیم هەمووی بڵاوکراوەو بەڵگەنامەیە کە زۆر لە گۆڤارەکان بەنرخترن بۆ مێژوو. بەڵگەنامەکانیشم ریکخست و لە کتێبخانەکەمدا دامنا، لەو کاتەوە من بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدا بووم کە رۆژێک بێت ئەو بەڵگەنامانە بڵاو بکەمەوە تا لەفەوتان رزگاریان بکەم. بەڵام زۆری ژمارەی بەڵگەنامەکان ریگربوو لەوەی کە چۆن دەکرێت (٢٢٠) بەڵگەنامە لە دووتوێی پەرتوکێکدا بڵاو بکرێتەوە. بۆیە بیرم بۆئەوە چوو کە لە رێگەی سۆشیالمیدیاوە دانە بەدانە بڵاوی بکەمەوە، دواتر ئەو بیرۆکەیەشم وەلا نا، چونکە بۆمدەرکەوت کە بایەخی مێژووی لەدەستدەدات، دابەشکردن و پەرشکردنی بەڵگەنامەکان، کۆبەندی و یەکێتی بابەتە مێژوویەکان لەناودەبات بە تایبەت کاتێک زانیم کەدەتوانم کۆبەندییەک لەنێوان بابەتی بەڵگەنامەکان بدۆزمەوە.

بەردەبازی ئەم نوسینە کاک ئاری بوو. کاتێک سەرپەرشتی توێژینەوەی کاک ئاریم کرد لە قۆناغی چوارەمی بەشی مێژوو، زیرەکی و دەستوبردی لە نوسین و شێوەی بیرکردنەوە سەرنجی راکێشام، بۆیە بریارمدا وەک هاندانێک بۆ ئاری کە سەرەتای کاری بوو لە توێژینەوەدا، هاوکات وەک ئەوەی کە کاتی بڵاوکردنەوەی ئەم بەڵگەنامەکان هاتووە، هەردولا لەسەر ئەوە رێککەوتین کە کارێکی پێکەوەیی بکەین لەپێناو بڵاوکردنەوەی ئەم بەڵگەنامانەدا. رێکەکەوتین لەسەر پۆلێنکردن، پاشان تایپکرد، پاشان لەبەرگرتنەوە (سکانکردن)و ئینجا بڵاوکردنەوە. رێکەوتین کە چۆن بەڵگەنامەکان پۆلێن بکەین. هەڵبەت ژمارەی بەڵگەنامەکان زیاتربوو لەو ژمارەیەی سەرەوە، بەڵام چەند دانەیەکی لابران لەبەر ئەوەی ڕای تایبەتی کەسێک بوو لەسەر پرسێک کە پرسێکی تایبەت بە خۆی بووە نەک پرسێکی گشتی. هەروەها هەندێک بەڵگەنامەی تیادابوو کە خرایە بەر ڕەخنەی دەرەکی و ناوەکی رێبازی توێژینەوەی مێژوویی، دەرکەوت

که بەڵگەنامەکان لەڕوی دەرەکیەوە ڕەسەنن بەڵام لە ڕووی ناوەکییەوە ساختەن.

ئاستەنگی بەردەم ئەم بابەتە بریتی بوو لە زۆری ژمارەی بەڵگەنامەکان کە ناتوانرێت لە ڕێگەی تاکە کتێبەوە بڵاوبکرێتەوە. چونکە بەڵگەنامەی وای تێدا هەیە بەتەنێ چەندین پەڕەیەو ناخرێتە دوو توێی کتێبێکەوە. لەبەر ئەوە، بڕیارماندا بەڵگەنامەکان بەشێوەی (PDF) بڵاو بکەینەوە. لە لایەکی تر ئاستەنگی مادی گرفتێکی تر بوو. بەهۆی ئەوەی بەڵگەنامەکان پەلوپۆی هاویشتووە بۆ پەرێزی سەرجەم پارتەکان، بۆیە بڵاوکردنەوەی لە لایەن دەزگایەکی حزبی یان سێبەر ئاستەنگ بوو. ئەمە وایکرد کە لەسەرئەرکی خۆمان ئەم بەڵگەنامانە بڵاو بکەینەوەو پێویست بوو کەمترین تێچووی مادی هەبێت.

هەنگاوی یەکەم لە کارەکەدا بریتی بوو لە پۆلێنکارییەکی سەرەتایی بۆ بەڵگەنامەکان. ئەوەبوو بەڵگەکان بەسەر کۆمەڵێک بابەت دابەشکراو هەر بابەتێک کرا بە یەک بەشی سەربەخۆ. قۆناغی دواتر بریتی بوو لە قۆناغی تایپکردن. کاری سەرەکیمان لەم ماوەیەدا بریتی بووە لە تایپکردن و هەڵەچنی تایپ. هەنگاوی سێیەم بریتی بوو لە دوبارە پۆلێنکردن بۆ بەش و بەڵگەنامەکان. بەشی واهەبووە لابراوەو بەڵگەنامەکانی بەسەر ئەوانی تر دابەشکراوە. جاری واش هەبووە بەشی نوێی زیادکراوە. لە سەرجەم بەشەکاندا بەڵگەنامەکان بەپێی بەرواری بەڵگەنامەکان ریزبەندی کراوە. واتا بەڵگەنامەی ساڵی ١٩٩٧ پێش بەڵگەنامەی ساڵی ١٩٩٨ خراوە. هاوکات بۆ رۆژو مانگیش بەهەمان شێوە. مانگی کانونی دووەم و رۆژی ١ی مانگ پێش مانگ و رۆژەکانی تر خراوە. ئەمەش لەوپێناوەدا بووە کە ڕوداوی بەشەکان بە شێوەی زنجیرە بێت و بۆخۆی سەربوردی تۆمارێکی مێژوویی یەک لەدوای یەک بکات، تا ئەگەر خوێنەری ئاسایی حەوسەڵەی خوێندنەوەی ئەم پێشەکیەی نەبێت، ئەوا راستەوخۆ لە رێگەی زنجیربەندی بەڵگەکانەوە، لەڕوداوەکان تێبگات. هەنگاوی چوارەم بریتی بوو لە سڕینەوەی ناوی ئەو کەسانەی کە بە بۆچونی ئێمە، ناوهێنانیان کێشەی کۆمەڵایەتی بەدودا دێت. یەکێک لە ئامانجەکانی توێژینەوە، بریتیە لە چارەسەرکردنی کێشەی کۆمەڵگە، نەک دروستکردنی کێشەی

کۆمەڵایەتی. هەروەها پێویستە کۆمەڵگەی توێژینەوە و توێژەر لەکاتی ئەنجامدانی توێژینەوەدا گیانی پارێزراو بێت. بۆیە ئێمە لەم ڕوانگەیەوە ناوی ئەو کەسایەتیانەمان لابردووە کە وەک قوربانی یان تۆمەتبار لەمیانی کێشە کۆمەڵایەتیەکاندا ناویان هاتووە. هەندێک جاریش بۆ زیندوونەکردنەوەی کێشە کۆمەڵایەتیەکان ناوی شوێنی کێشەکەشمان بە هێما داناوە. هەنگاوی پێنجەم بریتی بوو لە دانانی ژمارە بۆ بەڵگەنامەکان، تا هەر بەڵگەیەک ژمارەی تایبەتی خۆی هەبێت و ئەو ژمارەیە لە پێرستدا ئاماژەی بۆ کراوەو لە ناوەرۆکیشدا هەمان ژمارەی هەیە. هەنگاوی شەشەم بریتی بوو لە سکانکردنی بەڵگەنامەکان بەپێی ژمارەی بەڵگەنامەکان. واتە ئەگەر بەڵگەنامەیەک ژمارە ٢١ بێت لە ناو نوسینەکەدا، ئەوا هەمان ژمارەی لە ریزبەندی سکانەکەدا هەیە. هاوکات ناوی ئەو شوێن و کەسایەتیانەی‌کە لە کاتی تایپدا لابراون و هێمایان بۆ دانراوە، ئەوا لە سکانەکەشدا هەمان کار کراوە. دواهەنگاو لە پێناو وەرگرتنی ڕای کەسانی شارەزا، بەڵگەنامەکان پیشانی کەسانی ئەکادیمی و پسپۆردراوەو تا ئەوانیش بە بۆچون و رەخنەکانیان بەرهەمەکە بە پێز بکەن. بۆیە جێی خۆیەتی لێرەدا سوپاسی هەر یەک لە دکتۆر هیوا عەزیز و مامۆستا ڕابەڕ سیوەیلی بکەین کە لەم لایەنەوە هاوکارمان بوون و ڕاو سەرنج و دەستکاری کردنەکانیان جێگەی پێزانینە، هەروەها سوپاس بۆ دکتۆر محمد بابۆلی کە بەرگی کتێبەکەی بۆ نەخشاندم.

لە کۆتای باسکردنی ئەم بەشانەدا، ئەوە دەخەینە روو کە تەوای نوسین و تێبینیەکانی ئێمە لەسەر بەشەکان بریتی نیە لە هەڵسەنگاندن بۆ ناوەرۆکی هەموو بەڵگەنامەکان، بەڵکو بەڵگەنامەکان چەندین بابەت و تەوەری تر لەخۆ دەگرێت کە هەر توێژەرێک دەتوانێت سەرنجی تایبەت بەخۆی لەسەر دەرببڕێت.

# ١

# شەڕی ناوخۆ

# شەڕی ناوخۆ

شەڕی ناوخۆ ناکۆکییەکی چەکداریە لەنێوان حکومەت یان دەوڵەت و لایەنێکی تر، کەلەسەر خاڵە ناکۆکەکان ڕێکناکەون و لەئەنجامدا قوربانی لێدەکەوێتەوە. لەلایەن سەنتەری Centre for the Study of Civil War, PRIOشەڕی ناوخۆ بە conflict ناوی هێناوە کە بریتیە لە ناکۆکی، واتا نەمانی تەوافق لە نێوان دو وحزبی ڕێکخراو یان زیاتر، کە توندوتیژی لە ململانێکاندا بەکاردێت، کە بەهۆیەوە ٢٥ کەس یان زیاتر ساڵانە گیان لەدەست دەدەن[١]. یاخودشەڕی ناوخۆ بریتیە لە شەڕێکی چەکداری لە نێوان دوو لایەنی ناکۆکی ململانێکەر لە حکومەتێ یان هەرێمێکدا کە هەریەکەیان توند دەستی بە ئامانجێکی سیاسیەوە گرتووەو لەپێناویدا سەرسەختانە دەجەنگێت بەهۆی ئەو جەنگەوە ساڵانە لە نێوان ٢٥-١٠٠٠ کەس دەکوژرێت[٢].

هۆکارەکانی شەڕی ناوخۆ زۆرن و لە ڕواڵەتدا ڕەگەزی یاخود ئاینیین، بەڵام توێژینەوەکان لەسەر شەڕی ناوخۆ لە ساڵی ١٩٦٥-٢٠٠٩ ئەویان دەرخستووە کە نایەکسانی داهات لەسەرئاستی تاک، پەیوەندییەکی بەهێزی هەیە بە شەڕی ناوخۆ کە تیایدا گروپە بێبەشەکان حەزی شەڕکردنی ناوخۆیان زیاتر لەلادروست دەبێت. هاوکات خۆماڵیکردنی نەوت لە جیهانی سێدا، زیاتر شەڕی ناوخۆی گەرم کردووە. زۆرترین شەڕی ناخۆ لە وڵاتە هەژارەکانی وەک لەئەفغانستان و کمبودیا و لیبریا و سلڤادۆرە. هاوکات لە وڵاتانی دەوڵەمەندا شەڕی ناوخۆ هەبووە، لەوانە لوبنان و ئیسرائیل و سریلانکایە کە ئەوەش ئەوە دەسلمێنێت هەندێک شەڕی ناوخۆ هەیە پیوەندی بە داهاتی تاکەکەس نییە بەڵکو

---

[1]Scott Gates, Håvard Strand : Modeling the Duration of Civil Wars: Measurement and Estimation Issues, Center for the Study of Civil War, PRIO (CSCW ) 2004, p3.

[2] Håvard Hegre: Civil Conflict and Development, Centre for the Study of Civil War, PRIO, Uppsala University, July 2013, p2.

پەیوەندی بەرێژەی دیموکراسی هەیە لەو وڵاتەدا. سەرەنجام شەڕی ناوخۆ کاریگەری تەواوی لەسەر گەشەپێدان هەیە بەتایبەت لەبواری تەندروستی، ڕیگەوبان، ئاڵوگۆری بازرگانی، قەرزاری، پارە و سەرمایە، پیشەسازی و وەبەرهێنان[٣].

لەدوای کۆتایهاتنی جەنگی سارد، جڵەوی جەنگ لە دەستی دەوڵەت دەرچوو، کەوتە دەستی گروپە چەکدارەکان و ئەمەش کاریگەری لەسەر ڕێژەی قوربانیدانی مەدەنی جێهێشت. بۆ نمونە ٥% کوژراوانی یەکەمین جەنگی جیهانی مەدەنی بوون. لە جەنگی جیهانی دووەمدا٣٥% کوژاوانی جەنگ مەدەنی بوون. بەڵام٨٠-٩٠%ی زەرەرمەندانی جەنگ لە ئێستادا مەدەنین چونکە جەنگەکان شەڕی ناوخۆیین. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەرێتەوە کە زۆرینەی پرۆسە سەربازیەکانی ئێستا سوپای نیزامی بەرێوەی نابات، بەڵکو گروپی بچوکی نیزامی و نانیزامی کەچەکی پێشکەوتویان پێیە، سەرکردایەتی جەنگەکان دەکەن. بۆ نمونە شەری گروپە شەڕکەرەکانی ئەفریقا لەنێوان چەند هەزار شەرکەرێکدابوو بەڵام ٧ ملیۆن ئاوارەی خستەوە کە بە درێژی مێژووی ئەفریقا لە جەنگی ساردا شتی وا لە ئەفریقا ڕوینەداوە[٤].

هەموو ئەوانەی سەرەوە پێشەکییەک بوو بۆ ناسینی شەڕی ناوخۆ لە کوردستاندا. کاتێک دەزگاکانی دەوڵەتی عێراقی لە کوردستاندا ئامادەییان نەبوو، هەروەها دەزگا حکومیەکانی هەرێمی کوردستان هێشتا ناکام بوون، لێرەوە جڵەوی کۆمەڵگە لە دەستی هێزە نافەرمیەکاندا بوو. هەر لەسەر دەستی ئەو هێزە نافەرمیانەوە لە ١ی ئایاری ١٩٩٤ شەڕی ناوخۆ دەستی پێکرد.

شەڕی ناوخۆ لە کوردستاندا لە شارۆچکەی قەڵادزێ دەستی پێکردو تەشەنەی سەند بە هەموو کوردستاندا. توێژەر ڕێناس پیرۆت محمد[٥]، لە زاری

---

3 Håvard Hegre: p4-5.

٤ ایریک هوبزباوم: العولمة والديمقراطية والارهاب، ترجمة: اكرم حمدان و نزهت طيب، الدار العربية للعلوم ناشرون، ٢٠٠٩، ص: ١٧-١٨

٥ ڕێناس پیرۆت محمد : شەڕی ناوخۆ لە قەڵادزێ (١-٢ی مایسی١٩٩٤) توێژینەوەی دەرچون، بەشی مێژوو، کۆلیجی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی، (بڵاونەکراوە)، ٢٠٢٠، ل٢٥-٣٠.

شایەتحاڵەکانەوە بەم شێوەیە دەسپێکی شەڕی ناوخۆی لە قەلادزێ لە ١ی ئایاری ١٩٩٤ تۆمار کردووە:

((عەلی حەسۆ میرخان ژاژۆکی و ١٨ بارزانی هاوڕێی، سەردانی قەڵادزێ دەکەن بەمەبەستی وەرگرتنەوەی موڵکێکی تاپۆکراو کە کاتی خۆی باوکی (واتە حەسۆ میرخان) لەدوای ڕێکەوتنی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ وەریگرتبوو. بەڵام لەدوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ ئەم پارچە زەویە لەلایەن کۆمەڵێک لە کاسبکار و کەسانی تری ناوچەکە کرابوو بە دوکان و بژێوی ژیانی خۆیانیان لێ بەدەست دەهێنا[٦].

عەلی حەسۆ بەدوکاندارەکانی وتووە کە پێویستە ئێوە ئەم دوکانانە چۆڵبکەن، بەڵام دوکاندارەکان ئامادە نابن ئەوکارە بکەن. بۆیە عەلی حەسۆ شۆفڵ دەبات و دەیەوێ بەزەبری هێز دەست بکات بەڕووخاندنی ڕیزە دوکانەکان[٧]. دوکاندارەکان بۆ گلەیی و گازندە و بەرگری کردن لە مافی خۆیان سەردانی مەڵبەندی یەکێتی دەکەن، مستەفا چاوڕەش لەوێ دەبێت و چاوی بە ئەوان دەکەوێ و بەڵێنیان پێ دەدا کە نەهێلێ دوکان و ئەرزیان لێتێکبچێت[٨]. عەلی حەسۆ دەچێت بۆ لقی پارتی و کە هەریەک لە بابەکر فەقێ ئەحمەد و هیوا ئەحمەد مستەفا گارگێری لق و نادر مەحمەد قائمقامی قەڵادزێی لێدەبێت. عەلی حەسۆ دەڵێت: ((هەڤالان من کێشەیەکم هەیە، هەموو شاری قەڵادزی دەزانن کە باوکم خانووی هەبووە و لەدوای کۆتایی شۆرشی ئەیلوول لەلایەن ڕژێمی بەعس کراوە بە دائیرەی ئەمن. لەدوای ڕاپەرینی ئاداری ١٩٩١، چووم سەردانی ئەو کاولکاری و وێرانەیەم کردوو کاتێک بینیم هەندێ خەڵک کەپر و دوکانیان لێ دروست کردوە. پێیانم وت ئەزانن ئەم کاولە هی ئێمەیە ئەوانیش وتیان بەڵێ ئەم جێ کەپرو دوکانانە هی (حەسۆ میرخان)ە و ئێمە بەشێوەیەکی کاتی دروستمان کردوە هەرکات ئێوە ئیشتان پێ بوو چۆڵی دەکەین یان کرێی مانگەنەتان پێ دەدەین. من و خەڵکە لەبنکەی بەرەی کوردستانی

---

[٦] هەمان سەرچاوە.

[٧] شەڕیناوخۆیکوردستانیعێراقچۆندەستیپێکردوکێلێیبەرپرسیارە،بەرگییەکەم،چاپییەکەم،بڵاوکراوەیمەکتەبیناوەندیدیراساتوتوێژینەوەیپارتی،ژمارە٣٩،هەولێر،١٩٩٧،ل٣٥.

[٨] چاوپێکەوتنلەگەڵ (رەسوڵحەمەدوسوو)،لە٣/٣/٢٠٢٠رۆژییەکشەمە.

ڕێکەوتننامەیەکمان واژۆ کرد بۆ دوارۆژ. ئێستا نزیک بە سالێک دەبێت من داوای دوکانەکانم دەکەمەوە، بەڵام ئەوان ئەمڕۆو سبەی بەمن دەکەن. بۆیە هاتوم کێشەکەم بۆ چارەسەر بکەن ئەگەر خاوەن هەقم هەقم ئەویَ، ئەگەر خاوەن هەقیش نەبووم دەگەڕێمەوە)). ئەندامانی لق بە عەلی حەسۆ دەڵێن: کاکە ئێستا بارودۆخ زۆر خراپە باکێشەکە دوابخەین بۆ کاتێکی تر ئێمە کێشەکە چارەسەر دەکەین، بەڵام عەلی حەسۆ، سوور بوو لەسەر داواکەی و داوای لە نادر مەحمەد قیمقامی قەڵادزێ کرد کە لەگەڵیدا بچێت بۆ ئەوەی داوای حەقی خۆی بکاتەوە، بەڵام ئەو پێ دەڵێت کە ئەمرۆ هەینیە بانەچین ئەو دەڵێ من هەر دەچم و دەچێت بۆلای دوکاندارەکان و داوای مافی خۆی دەکات[٩].

لەویَ دوکاندارەکان ئامادە نابن دەستبەرداری دوکانەکان بن و ئەلێن ئەو زەوییانە هی خۆمان بووەو پێشتر بە زۆر لێیان داگیر کردووین. ئیدی دەمەقاڵە دروست دەبێ. بۆئەوەی دۆخەکە هێور بێتەوە و لەژێر دەست دەرنەچیت کۆمەلێک لە کەسایەتی قەڵادزێ هەوڵدەدەن بچن بۆلای عەلی حەسۆ بۆ ئەوەی کێشەکە بەئاشتی و بێ شەڕ و ئاژاوە چارەسەر بکەن[١٠]. هەربۆیە کەسەیاتیەکانی پشدەر بە سەرپەرشتی مامۆستا مەلا محمەد کە ناسراوە بە مالا دەڵگەیی دەچن بۆلای عەلی حەسۆ. کاتێک یەک دەبینن و قسە دەکەن، چونە سەر ئەو ڕایەی کە هەریەک لە (عەلی حەسۆ) و (محەمەد وەتمان) کە ئەندام مەڵبەندی یەکێتی بوو بەڵێنیاندا کە مەلا دەڵگەیی چی ووت، ئەوان بە قسەی دەکەن. بۆیە عەلی حەسۆ دەڵێت: ماموستا تۆ بەپێ بڕۆی بۆ سەردەشت من بەدواتا دێم[١١].

عەلی حەسۆ بڕیاری گەڕانەوە دەدات بە شەستیەکەی قەڵادزێ. لەویَ لایەنگرانی پارتی ئەوانەی کە لەقەڵادزێن رازینابن بەگەڕانەوەی عەلی حەسۆ، دەڵێن ئێمە ئامادەنین سەر بۆ یەکیتی شۆڕ بکەین، پێمان باشترە دەرپێی ژنان لەبەربکەین بەس سەر بۆ یەکێتی شۆر نەکەین و نەکەوینە ژێر دەستی

---

[٩] چاوپێکەوتنلەگەل:(محەمەدئەبوبەکر)، لەبەرواری٢٩/١/٢٠٢٠رۆژیچوارشەمە.

[١٠] مەحەمەدعەلیئسماعیل،بیرەوەریەکانم،حەفتاساڵلەتەمەن وزیاترلەنیوسەدەخەبات، چاپییەکەم،٢٠١٩، هەولێر،ل١٠٥-١٠٦.

[١١] چاوپێکەوتن لەگەڵ، (مامۆستا مەلا دەڵگەیی)،لە بەرواری ١٨/٤/٢٠٢٠ رۆژی شەمە.

یەکێتی. لایانگرانی پارتی و هەروەها کۆمەڵێک لە لایانگرانی یەکێتی بەچەکەوە چوون بۆ بازاڕ، نزیک ڕیزە دوکانەکان. لەوێ کەسێک بەناوی قادر خوار، نزیک دەبیتەوە لەیەکێک لە کادرە پێشکەوتووەکانی یەکێتی کەناوی مام جوتیارە. دەمەقاڵێ دروست دەبیت لەنێوانیان و قادر مستێک دەکێشیت بە مام جوتیاردا و دەیخات بە زەویدا. لەگەڵ کەوتنی مام جوتیار چەکی پیبووەو فیشەکێک بەلاقی قادر خوار دەکەوێت و بریندار دەبێت ئەویش لە بەرامبەردا تەقە لە مام جوتیاردەکات و دەیکوژێت. بەکوژرانی مام جوتیار دەسپێکی شەڕی ناوخۆ دروست دەبێت لەقەلادزێ[12].

هەواڵی کوژرانی مام جوتیار لە سەرتاسەری قەلادزێ بڵاوبوویەوە. کوڕانی مام جوتیار لە تۆڵەی کوژرانی باوکیان دەستیان کرد بەهەڵگرتنی چەک و توانیان قادر خوار لەماڵێک لە ماڵەکانی گەڕەکی گربداخ بهێننە دەرەوە کە لەناو ژوورێکی پڕ لەتووتن خۆی حەشاردا بوو. کوڕان لەپای کوژرانی باوکیان، قادر دەکوژن [13].

شەوی ٢/١ ئایار تادەهات بارودۆخی هەڵگیرسانی شەڕ گەرمتر دەبوو. خەڵکی هێزۆی پشدەریەکان بەکوژرانی مام جوتیار ڕق ئەستورتر بوون بەرامبەر بە هاتنی عەلی حەسۆ و پارتیەکان، بۆیە یەکێتی هێزی لەهەریەک لە ناوچەکانی دوکان و حاجیاوا و ڕانیە بەسەرپەرشتی عەلی نەبی و سمایل وەرتێ کۆکردەوەو بەرێدەکەون بۆ قەلادزێ بەمەبەستی پاراستنی مەڵبەندو تۆڵەکردنەوەی کوژرانی خوێنی مام جوتیار، بۆیە کاتێک هێزەکە دەگاتە قەلادزێ، پارتی هاتا گردی حوسنی دێت کە پارتیەکان و عەلی حەسۆ و بارزانیەکان لەوێ بنکە دائەنێن. لە گردی حوسنی ڕووبەڕووی یەکتر دەوەستن و شەڕ دەستی پێکرد. یەکێتیەکان بە هۆی بەهێزی چەک و ژمارەی زۆرەوە، توانیان گردی حوسنی بگرن. لە یەکێتی عەلی نەبی کوژراو لە پارتیەکان ٢٧ کەس کوژرا کە عەلی حەسۆ و ١٨ چەکداری بارزانی لەنێوانیاندا بوو[14].))

---

[12] چاوپێکەوتن لەگەل (عەلی مام جوتیار)،لە بەرواری٢٠٢٠/٣/٣.

[13] چاوپێکەوتن لەگەڵ (مستەفا حسین)، لە٢٠٢٠ /٢٩/٢/رۆژی شەممە.

[14] چاوپێکەوتن لەگەڵ، ( بارزان عەبدوللا )لە ٢٠٢٠/٣/١١لە ڕۆژی چوارشمە.

ئەمە پریشکێک بوو کە ئاگری بەردایە نێوان لایەنەکان و بوو بە بەهانەی جەنگی ناوخۆ وەلێ  شەڕەکە مەبەستی بەش بەشێنەی دارایی لەپشت بوو بەتایبەت لە پرسی ئیدارەدانی خاڵی گومرگی ئیبراهیم خەلیل.

داهاتی سەرەکی هەرێمی کوردستان گومرگ بوو. بەجۆرێک ساڵی ١٩٩٤ ڕێژەی (٩٢%)ی داهاتی حکومەتی پیکدەهێنا[١٥]. گومرگ، ئەو کەلوپەلانەی دەگرتەوە، کە لە ئێران و تورکیا و عێراق و سوریاوە دەهاتنە ناو هەرێمەکە. ئەم داهاتە بە شێوەیەکی سەرەکی لەڕێگای خاڵی گومرگی ئیبراهیم خەلیل دەستدەکەوت. ئەم خاڵە گومرگیە لە پێش ڕاپەڕینی ١٩٩١، ڕێگای سەرەکی پەیوەندیی زەمینی نێوان عێراق و تورکیا بوو. لەدوای ١٩٩١ ئەم ڕێگایە کەوتە ژێر دەستەڵاتی هەرێمی  کوردستان. گرنگی ئەم ڕێگەیە لەڕووی ئابووری بۆ هەرێمی کوردستان لەوەدابوو، کەدەستی بەسەر هەموو جۆرە پەیوەندییەکی زەمینی ڕاستەوخۆی نێوان عێراق و تورکیا گرتبوو، بەتایبەت هەناردە و هاوردە، هاوکات گرنگترین ڕێگای بازرگانی دەرەوەی هەرێم بوو، هەموو شمەک و پێداویستیەکانی ژیانی ڕۆژانەی لەم ڕێگایەوە دابین دەبوو، دواجار بەهۆی ئەم ڕێگایە بازرگانیەکی ناڕاستەوخۆ لەنێوان تورکیا و ئێران پەیدابوو، بەتایبەت بۆ کەلوپەلەکانی وەک جگەرە و خواردنەوەی سەرخۆشکەر. داهاتی ئەم خاڵە گومرگییە روون و ئاشکرا نەبوو، بەپێ یسەرچاوەیەک، لەساڵی ١٩٩٦، رۆژانە داهاتەکەی، ٨٠٠ هەزار دۆلاری لەبەرهەمە نەوتییەکانو ٢٥٠ هەزار دۆلاری لە گومرگی کاڵا بازرگانییەکان کۆدەکردەوە[١٦]. هەروەها لەسەردانێکی چەند کارمەندێکی کۆنگرێسی ئەمریکا بۆ هەرێم لەساڵی ٢٠٠٠، داهاتی رۆژانەی ئەو خاڵە گومرگییەیان لەنێوان یەک بۆ دوو ملیۆن دۆلار خەمڵاندبوو[١٧].

---

[١٥]گوڵدران عبدالرحيم عزيز: واقع النشاط التجاری فی اقليم كوردستان -عراق، (١٩٩٣-١٩٩٨)، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية الادارة والاقتصاد، جامعة دهوک، ١٩٩٩، ل١٤١.

[١٦]مــراد خۆشـــەڤی حەســۆ: گۆرانکارییەکانیکوردســتانیعێراقپەیوەندییەکانیتورکیاوعێراق ١٩٩٠-٢٠٠٥. چاپخانەی دەزگای ئاراسئاراس،هەولێر، ٢٠٠٨،ل ١١٥

[١٧]تـيم نبلـوک: لعقوبـات و المنبـوذون فـی الشـرق الاوسـط، العـراق, ليبيـا, السـودان، مركـز دراسات الوحدة العربية، بيروت،٢٠٠١ ، ص ١١١

تویژەرێکی تورکی سەبارەت بەهەناردە کردنی نەوتی هەرێمی کوردستان بۆ دەرەوە لەسالانی نەوەدەکان، وردەکاری زیاتری لەمبارەیەوە دەرخستووە. خاوەن ئۆتۆمبێلە بارهەڵگرە تورکییەکان دوای داگرتنی بارەکانییان لەشارۆچکەی زاخۆ یان موسڵ، جۆرەکانی نەوتییان لەناو کوردستان دەکڕی. لە یۆلیۆی ١٩٩٢ ژمارەی بارهەڵگرەکانی کە بەو خاڵە گومرگیەدا گوزەری دەکرد رۆژانە ٥٠٠ بارهەڵگر بوون، بەڵام لەکۆتایی نەوەدەکان، بۆ ١٥٠٠ بارهەڵگر زیادی کرد. بەمەش رۆژانە ٢٠-٢٥ هەزار بەرمیل سوتەمەنی بەنافەرمی لە هەرێمی کوردستان چووەتە تورکیاوەو لە خاڵی گومرگی ئیبراهیم خەلیلدا باجەکەی وەرگیراوە[١٨].

هەردو لایەنی شەڕکەر کە (ی.ن.ک) و (پ.د.ک) بوون، ڕێکنەدەکەوتن لەسەر شێوەی ئیدارەدانی ئەو داهاتە، هەربۆیە هەردولا بۆماوەی چوار ساڵ لە شەڕی ناوخۆدا بوون، هەر لایەک ناوچەیەکی خستە ژێر دەستی خۆی، سوپای تایبەت و ئیدارەوی تایبەت و ئابوری تایبەتییان بۆ خۆیان پێکهێنا و هەر لایەکیش هاوپەیمانی دەرەکییان بۆ خزمەتی ئامانجەکانی خۆیان پێکهێنا.

ژمارەی قوربانییانەی شەڕی ناوخۆ لە لایەن هێزە شەڕکەرەکانەوە بڵاونەکراوەتەوە. بەڵام هەندێک سەرچاوە کۆمەڵێک ژمارە دەخەنە ڕوو. لەوانە تەنها لە ساڵی ١٩٩٤دا ژمارەی کورژراوەکان ٢٠٠٠ کەس بوون. هەروەها لە ساڵی ١٩٩٧ ژمارەی کوژراوەکان ١٢٠٠ کەس بووە[١٩]. ژمارەی قوربانی و زیانلێکەوتوانی ئەم شەڕە بە شێوەیەکی گشتی گەیشتۆتە ٧٧،٠٠٤ کەس[٢٠].

---

[18] Firat Bozcali: Managing oil in Kurdistan-Iraq: 1991-2003.International Association of Contemporary Iraqi Studies (IACIS).16-17 July 2008 SOAS, University of London. P11-12.

[19] DAVID PLOTZHE SLATE GIST, THE KURDS SEPT 28, 1996, HTTPS://SLATE.COM/NEWS-AND-POLITICS/1996/09/ .THE-KURDS.HTMLPATRIOTIC UNION OF KURDISTAN (PUK. ) HTTPS://WWW.GLOBALSECURITY.ORG/MILITARY/WORLD/PARA/PUK.HTM )

20 JOHN FAWCETT AND VICTOR TANNER: THE INTERNALLY DISPLACED PEOPLE OF IRAQ: THE BROOKINGS INSTITUTION – SAIS PROJECT ON INTERNAL DISPLACEMENT OCTOBER 2002, P16.

هەرچەندە لەم بەشەدا ئێمە مەبەستمان لە شەڕی ناوخۆ شەڕی (ی.ن.ک) و (پ.د.ک)یە لە (١٩٩٤-١٩٩٨)، بەڵام حزبەکانی تریش تاوی ئاگری شەڕییان بەتینتر کردبوو. بزوتنەوەی ئیسلامی کوردستان و باڵە جیاجیاکانی لە (١٩٩٣-٢٠٠٣) درێغییان لە شەڕ نەکرد. (پ.ک.ک) لە (١٩٩٢-٢٠٠٠) قەیرانە خوێناوییەکانی کوردستانیان درێژە پێدا. هەموو ئەمانە کاریگەری لەسەر شەڕی (ی.ن.ک) و (پ.د.ک) دانابوو بەجۆرێک لەهەر هەوڵێکی شەڕ و ئاشتیدا، دەبوو کارتێکەری بزوتنەوەی ئیسلامی و (پ.ک.ک) لەبەرچاو بگیرێت.

بەتێپەڕبوونی کات شەڕی ناوخۆ لەدەست (ی.ن.ک) و (پ.د.ک) دەرچوو. هەردوکییان بوون بە بەشێک لەو ململانێ نێوچەییە چەقبەستووەی کەلە رۆژهەلاتی ناوەراستدا هەبوو بە تایبەتی لە نێوان ئێران و تورکیادا. ئیدی لەبری چەکی باو، فرۆکە و زرێپۆشی وڵاتانی بێگانە لە بەرەکانی شەڕ، رۆڵییان بینی. بۆ دووبارە گرتنە دەستی جڵەوی پرۆسەی سیاسی کوردستان، دوو لایەنە سەرەکییەکەی شەڕی ناوخۆ، جۆش و خرۆشی شەڕەنگێزییان کەمی کردەوەو هەوڵی ئاشتی سەرەتاکەی بەدەرکەوت لە ١٩٩٨. بەدوایدا، حزبە بچوکەکان سەبر سەبر لە لایەنگریی شەڕەوە، بونە کارای یاریدەدەری ئاشتی.

گرنگترین ئەو باسانەی کە لە بەشی یەکەمدا دەبینرێن بریتین لە:

ڕێکەوتنی نێوان (ی.ن.ک) و بزوتنەوەی ئیسلامی لە کوردستانی عێراق لە ساڵی ١٩٩٧. ئەم ڕێکەوتنە بوو بە سەرەتایەک بۆ نزیکبونەوەی نێوان ئەم دوولایەنە، کە سەرەنجام ڕێکەوتنی تارانی لێکەوتەوە [٢١].

دروستبونی گروپی حزبی بەناوی جیا جیا کە دیارترینییان ((حزبە کوردستانییەکان))بوو. ئەم حزبانە لە میانی شەڕی ناوخۆدا هەندێک جار رۆڵیان لە شەڕ و هەندێکجار رۆڵیان لە ئاشتیدا هەبوو. بەڵگەکان ئەوە دەردەخەن کە ئەو حزبانە لەژێر فشاری لایەنە شەڕکەرەکاندا بوون بۆ ئەوەی پاڵپشت یان لایەنگری لایەنە شەڕکەرەکان بن.

---

[٢١] بەڵگەنامەی ژمارە(١): بۆ/گشت کۆمیتەکانی سنوری چالاکیمان

# بەڵگەنامەی ژمارە (١)
## بۆ/گشت کۆمیتەکانی سنوری چالاکیمان
## بابەت/پەخشننامە

سڵاوی کار و خەبات

بەناوی نوێنەرایەتی حزبەکانی کوردستان، حزبی سۆشیالیستی کوردستان وە حزبی یەکگرتووی ئیسلامی، حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان و پارتی پارێزگارارنی کوردستان و بزوتنەوەی ڕاپەڕینی ئیسلامی بە ئامادەبوون و چاودێری و نوێنەرانی جمهوری ئیسلامی ئێران بە مەبەستی ئاشتی و برایەتی وەفدی هەردوولای یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و بزوتنەوەی ئیسلامی کوردستان بۆ ڕاگرتنی شەڕ[٢٢] و چەسپاندنی ئاشتی لەسەر ئەم خاڵانە پێکهاتن:

١- ڕاگرتنی دەست بەجێی شەڕ و ناکۆکی خوێناوی لەهەموو جێگەیەک، وە ڕاگەیاندنیش لەهەموو لایەک بە ئاشکرا.

٢- گێرانەوەی بارەگاکانی هەردوولا ئاسایکردنەوە بۆ شوێنەکانی خۆیان لەهەموو شوێنەکان.

٣- ئیدانەکردنی ئەو شەڕەی کە بە زیانی گەلەکەمان و قازانجی دوژمنی هاوبەشی گەلەکەمانە.

٤- پێکهێنانی لیژنەیەکی هاوبەش لەحیزبەکانی سەرەوە، وە بەزامنی جمهوری ئیسلامی[٢٣] بۆ ئاسایکردنەوە و گێڕانەوەی مقەرات، وە سزادانی تاوانبارانی ئەم ڕووداوانەی دوایی هەردوولا.

---

[٢٢]شەڕی نێوان یەکێتی و بزوتنەوە: شەڕێ (ی.ن.ک) بزوتنەوەی ئیسلامی کوردستان لە عێراق لە ١٢/١٩/ ١٩٩٢ سەریهەڵداو تا ٢٠٠١ چەندین جار. دیارترین ریکەوتننامەی نێوانیان بریتی بوو لە ڕێکەوتننامەی تاران کە لە ساڵی ١٩٩٧ بە سەرپەرشتی ئێران بەسترا. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە، مستەفا چاوڕەش: یادەوەرییەکان، چاپخامەی سەردەم، چاپی سێییەم، سلێمانی ٢٠١٧، ل٢٣٢-٢٣٣.

[٢٣]کۆماری ئیسلامی ئێران، گەشەسەندن و سەقامگیری بۆ کوردستان نەدەخواست، بەڵام هاوکات نەیدەویست شەڕی ناوخۆ هێندە پەرە بسێنێ کە شڵەژانی ئەمنی لە کوردستاندا پەیدا بێت و هەڕەشە لەسەر ئاسایشی سنورەکانی پەیدا ببێت. بۆیە هەمیشە خواستی پەیوەندی باشی لەگەڵ حزبە کوردیەکان هەبوو.. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: حسن دهشیارو دیگران: مسائل ایران وعراق، مؤسسه فرهنگ مطالعات، تهران،١٣٨٢، ص٩٣-٩٦.

٥- لیژنەی خاڵی (٤) هێزەکان لەیەکتر دوردەخاتەوە بۆ ناو بارەگاکانی پێشووی خۆیان، وە لەدەرەوەی شارەکان جێگیربن و وەزعەکە ئاسای بکرێتەوە وەک پێشوو.

٦- بارگەکانی هەموو لایەک لەسەر ڕێگەوبان هی حیزبەکان نەبێ و بەیاسا ڕەفتار بکەن.

٧- هەلەبجە و قائمقامەکەی سەر بە پارێزگای سلێمانین و یاسای پارێزگار (قانون المحافظة) بە ڕەچاوکردنی هەبونی سەرکردایەتی بزوتنەوە لە هەڵەبجە و وەزعی ناوچەکە بە تەفاهم و ڕای بزوتنەوەی لە هەڵەبجەدا بەڕێزو نظری اعتبار وەربگیرێ. بەپێی ئیتیفاقی پێشووی قایمقام لەگەڵ پارێزگای سلێمانی.

٨- گەڕانەوەی هەموو هێزە زیادەکان لەناوچەکەدا.

٩- بزوتنەوە بۆی هەیە لەشوێنەکانی تر لەهەموو ئاستێکدا مافی بەژداری خۆی هەبێت.

١٠- لیژنەکە دەبێت بە دوو بەشەوە هەر بەشەی لەلایەکەوە لەکاتدا هێزەکان هەنگاو بە هەنگاو دەگێرنەوە شوێنی ئاسای خۆیان.

١١- بەڕێزان مام جەلال و بەڕێز مامۆستا علی[٢٤] لەماوەی هەفتەیەکدا بۆ جێگیرکردن و قوڵکردنەوەی ئەم ڕێکەوتنە کۆدەبنەوە.

تێبینی: ئەم ڕێکەوتنە لەڕۆژی ١٩٩٧/٤/٨ لەگوڵەخانە[٢٥] بە ئامادەبوونی بەڕێز کاکە حمە حاجی محمود ئیمزاکرا لەگەڵ ئیمزای هەردوو لایەن.

هەر شاد و سەرکەوتووبن

یەکێتی نیشتیمانی کوردستان - مەڵبەندی ڕێکخستنی سلێمانی

١٩٩٧/٤/٨

---

[٢٤] مەبەست لێرەدا مەلا عەلی عەبدولعەزیزە: مەلا عەلی لە ١٩٢٩/١١/٢٨ لە هەڵەبجە لە دایک بووە، لە منداڵیەوە چۆتە خوێندنگەی ئاینی و لە ساڵی ١٩٥٣ ئیجازەی زانستی وەرگرتووە، پاشان لە ساڵی ١٩٦٢ بۆتە بەڕیوبەری پەیمانگای هەڵەبجە. بەژداری شۆڕشی ئەیلولی کردووە و تا نسکۆ بەردەوام بووە و دواتر چۆتە ئێران. مەلا عەلی چۆتە ڕیزی بزوتنەوەی ئیسلامی و بۆتە جێگری رابەری گشتی بزوتنەوە. لە ساڵی ٢٠٠٣ لەلایەن ئەمریکیەکانەوە بۆ ماوەیەک دەسگیردەکرێت و دواتر ئازاد دەکرێت. لەساڵی ٢٠٠٧ بە هۆی نەخۆشیەوە لە بەریتانیا کۆچی دوای دەکات. عوسمان سەنگەسەری: بەشێک لە ژیانی سەرکردە نەمرەکانی کورد، چاپخانەی سیما، سلێمانی ٢٠١٤، ل١٦٩-١٧٠.

[٢٥] گوندێکە سەر بە ناحیەی خورماڵە لە پارێزگای هەڵەبجە، کە شوێنی حەوانەوە و ژیانی محەمەدی حاجی مەحمود سکرتێری حزبی سۆسیالیت دیموکراتی کوردستانە.

## بەڵگەنامەی ژمارە (٢)

## بەياننامەی مەكتەبی سياسی

## حزبی سۆسياليستی ديموكراتی كوردستان

بەبۆنەی ٢١هەمين ساڵڕۆژی خەبات و تێكۆشان و ١٨هەمين ساڵڕۆژی دامەزراندنی حزب.

هاوڵاتيانی خۆشەويست

كەسوكاری شەهيدە نەمرەكان

پێشمەرگە نەبەرد و ماندونەناسەكان

٢٢ ساڵ لەمەوبەر كاتێك سەركردايەتی ١٤ساڵەی شۆڕشی ئەيلولی كورد لە كوردستانی باشور چۆكيدادا و تەسليمبە دوژمنانی كورد بوون و هەزاران پێشمەرگەيان بڵاوەپێكرد و ئاشبەتاڵيان ڕاگەياند. لەكاتێكدا لە سەرجەم كۆمەڵانی خەڵكی كوردستان بەماڵ و گيان لەگەڵ شۆڕشی گەلەكەيان بوون و سەدان و هەزاران قوربانيان لە پێناوی سەرفرازيدا پێشكەش بە گەل و خاك كردبوو لەو كاتەدا لە مانگی ١٩٧٥/٣ كە قيادەی ئەو شۆڕشە و بنەماڵەی بارزانی بەزين و تەسليم بوونی خۆيان بە دوژمنان ڕاگەياند و بەريرەنج و خەباتی ١٤ ساڵەی گەلەكەمانی بەفيرۆدا. بەڵێ لەوڕۆژە شومەدا دوژمنان ئەو هەلەيان قۆشتەوە و بە تەبعيس و تەرحيل و تەهجير كردن بەنياز بوون گەلەكەمان لەسەر نەخشەی عێراق بسرنەوە. لە ئاوها ڕۆژێكدا پۆلێ لە نيشتيمانپەروەران و ڕۆشنبيران و شۆڕشگێڕانی گەلەكەمان بە چەند مانگێك دوای ئاشبەتاڵ بەڕابەرايەتی مامۆستای مەزنی شۆڕش و كوردايەتی (صالح يوسفی) نەمر ڕێكخراوی بزوتنەوەی سۆسياليستی ديموكراتی كوردستانيان ڕاگەياند، بەڵێ دوای ئەوەی كە دوژمن بەپەلە بوو لە سياسەتی چەوتی خۆی لە تيرۆر و ڕاگواستن و بەعەرەبكردن و سياسەتەكانی تری درێغی نەدەكرد بۆيە ئا لەوكاتەدا كە چەند مانگێكبوو نيمچە بەرەی (ی.ن.ك) كە لە سێڕێكخراوی شۆڕشگێڕی بزوتنەوەی سۆسياليستی ديموكراتی كوردستان و كۆمەڵە و هێڵی گشتی پێكهاتبوو بڕياريياندا كەوا خەباتی چەكداری دەست پێ بكەن و لەسەر چيا سەركەشەكانی

کوردستان تەپڵی هەڵساندنەوەیان لێداو دوژمنانیان لەخەو و خەیاڵ و نەخشەی پوچیان وریا کردەوە.

بزوتنەوە لە چواردەساڵی نێو نیمچە بەرەی (ی.ن.ک)دا سەدان داستانی تۆمارکردووە و سەدان شەهیدی هاوبەشیان پێشکەش بە گەل و نیشتیمان کرد، ١٩٧٩/٨/٨دا بزوتنەوەی سۆسیالیست سەربەخۆی خۆیڕاگەیاند لەگەڵ لیژنەی تەحزیریدایەکیان گرت و حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستانیان ڕاگەیاند وە لە (ئایاری ١٩٨١)دا لە گۆنگرەییەکەمی حزب وەکو حزبی سۆسیالیستی کوردستان درێژەی بە خەباتی خۆی دا، لەدرێژەی خەبات و تێکۆشانی خۆیدا حزبمان (١٤)سەرکردە و سەدان کادیری عەسکەری و سیاسی و هەزاران پێشمەرگەی کردۆتە کوچی قوربانی بۆ گەل و نیشتیمان، سۆسیالیستەکان لە ساڵانی (١٩٧٥ تا ١٩٧٩) لە نیمچە بەرەی (ی.ن.ک)دا لە (١٩٧٩ - ١٩٨٦) لە بەرەکانی جود و جەوقەد، بەری(١٩) قولی طرابلس دا دەوری سەرەکی و بەرچاوی هەبوو بۆ یەکخستنی ڕیزەکانی هێزە شۆڕشگێڕەکانی کوردستان و عێراق لە ساڵی ١٩٨٦دا حزبی سۆسیالیست دەست پێشخەری ئاشتبونەوەی گشتی بۆ پێکهێنانی بەرەی کوردستانی کە بەڕێبەرایەتی بەرەی کوردستانی ڕاپەرینی بەهاری ١٩٩١ کراو بەری ڕەنج و خەباتی چەند ساڵەی گەلەکەمان کە حزبی سۆسیالیست هێزێکی گرنگ و ڕاپەڕێنەری ئەو ڕاپەڕینە بوو کە بەرهەمی ڕاپەرین خۆی لە دوو دەستکەوتی مێژووی پەڕلەمان و حکومەتی هەرێمدا بینیوە لە کاتێکدا لە هەڵبژادنی پەڕلەماندا تەزویری زۆرکرا و گەورەترین غەدر دەرهەق بو حزبی ئێمەکرا بەڵام حزبی سۆسیالستی دیموکراتی کوردستان بەرژەوەندی گەلی لەسەر بەرژەوەندی خۆی داناو پشتیوانی خۆی بۆ حکومەت و پەڕلەمان ڕاگەیاند. مەخابن هێندەی نەخایاند دوای ئەو هەموو تەئامورانەی کەلەیەک گرتندا خۆی دەرخست و دوای ئەوەی هێندێ لە سەرکردایەتی پێشوی ئێمە مەبدەئی بەتاڵیان لێ کرد و ئالەو کاتەدا کادرە بەئەمەک و سۆسیالیستەکان و کەسوکاری شەهیدان درێژەیان بە خەبات و ڕێبازی شەهیدان دابوو. بە فیتی دوژمنانی کورد و خۆفرۆشانی بنەماڵەی بارزانی لە نێوەی حکومەتی هەرێمی ئەو دەمەیان پێکدەهێنا شەڕیان بەحزبی سۆسیالیست فرۆشت و لە مانگی ١٩٩٣/١٢ دا پەلاماری سۆسیالیستەکانیاندا، بەڵێ بکوژانی احمد فقێ ڕەش و

دکتۆر خالید و علی عسکەری جارێکی تر شەڕی نێوخۆیان لە ئێمەوە دەست پێکرد بۆ خۆدزینەوە لە خزمەتی ئەو حکومەت و پەڕلەمانە درێژەیان بە شەڕەکانیاندا تا مانگی ١٩٩٤/٥ کە لەگەڵ (ی.ن.ک) بەشەڕهاتن تا خیانەتی ٣١ی ئابیان لە گەل و نیشتیمان کردوە مۆرێکی تری خیانەت بەنێوچەوانی خۆیانەوەنا جارێکی تر حزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کە لە کۆنگرەی دووەمی خۆی بڕیاری هەمیشەی و شۆڕشگێڕی خۆی نوێ کردبوە دوای ئەوەی سەنگەری خیانەت و گەل جیابووە (ح س د ک) بڕیاری وەرگرتوەکو هەمیشە لە سەنگەری گەل بێت لەنێو هاوپەیمانی دیموکراتی کوردستان[٢٦] درێژە بە خەباتی خۆی بدات دژی خیانەت، بەڵێ هێندەی نەخایاند لە ١٤ی گوڵانی ١٩٩٧دا تاقم و خیانەتکارەکەی مەسعود بارزانی، بووە کەوازەردەی بەر لەشکری تورکی شۆڤینی بۆ داگیرکردنی باشوری وڵات و تێکدانی ئەو ئەزمونەکەمان و پەلاماردانی پارتی کرێکارانی کوردستان (PKK) بۆیە جارێکی دی کە حزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان سەنگەری بەرگری گەل و نیشتیمانی هەڵبژارد لەگەڵ (PKK) پرۆتۆکۆڵی دووقۆڵیراگەیاند و سەنگەری دژ لە خیانەت گرت پێشمەرگە و گەریلا شان بە شان سەنگەری نەتەوە و نیشتیمانی خۆیان بەهێز کرد.

حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان لەیادی ٢١ساڵهەمینی خەبات و تێکۆشانی و ٢١ ساڵهەمینی ڕۆژی دامەزراندنیدا داوا لە سەرجەم هێزە شۆڕشگێڕەکان دەکات کەوا سەنگەری گەلپتەو بەهێزبکەن چیترڕێگا نەدەن بنەماڵەی خۆفرۆشی بارزانی گاڵتەجاری و بازرگانی بە کێشەیرەوانی میلەتەکەمان بکات و جاش حکومەتەکەی و موئەسەسەکەشی کە ناوی لێناوە (پ.د.ک) ڕسوا بکەن بەرەو کۆنگرەی نەتەوەیی و نیشتیمانی کوردستان هەنگاو هەڵگرن و با ئێمەش وەک گەلانی دنیا ئاسایشی نەتەوەیمان بپارێزین و ئاشتی لەگەڵ خیانەتدا بەتاوانی نەتەوەیی و نیشتیمانی لەقەڵەم دەدەین ئەگەر

---

[٢٦]هاوپەیمانێتییەکی چەکداری بوو کە لە ١٩٩٧ پێکهات لەنێوان (ی.ن.ک) و حزبی سۆسیالیست و حزبی زەحمەتکێشان و بزوتنەوەی دیموکراتخوازان- سلێمانی. بۆ پشگیریکردنی (پ.ک.ک) لە شەڕەکانی دژی سوپای تورکیا بە هاوکاری (پ.د.ک).

نەگەڕێنەوە سەنگەری بەرەی گەل، جارێکی دی لە ساڵڕۆژی دامەزراندنی حزبماندا پەیمان دەدەین کەوا دڵسۆز بە کورد و کوردستان و وەفادار بە خوێنی شەهیدان بین و لەژێر دروشمی ئاشتی و دیموکراسی و مافی مرۆڤ درێژەبە خەباتمان بدەین.

سەریرێز و نەوازش بۆ شەهیدانی حزب و گەل دادەنەوێنین

سڵاو بۆ کەس و کاری ئەنفال و کیمیاباران و زیندانە سیاسیەکان دەنێرین و هەر بەم بۆنە شکۆدارەشەوە پیرۆزبای لەسەرجەم خەڵکی کوردستان و ئەندامان و لایەنگران و دۆستانمان دەکەین.

بژی گەل، بژی حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان

سەرکەوتن هەر بۆ بەرەی گەلە وڕووڕەشی بۆ دوژمان و خۆفرۆشان

بۆ پێشەوە

مەکتەبی سیاسی

حزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان

١٩٩٧/٨/٨

# بەڵگەنامەی ژمارە (٣)

## بەياننامە

جەماوەرێ شەڕەفمەندێ كوردستانێ

يا خويايە كو ميللەتێ كوردستانێ ب درێژييا سالەها سالە كەفتيە قادا خەباتێ دژی ستەمكارو دوژمنێن ئازادی و مرۆڤايەتی يێ ژبۆ ڕزگاركرنا خەلكێ وێ ژ بن زولم و زۆرداريیا ديكتاتۆريەتێ كو ئەڤە ژی هەق كێ شەڕعی يێ هەر ميللەتەكێ خودان خاك و زمان و ديرۆكە.

شۆرەش ل دويف شۆرەشێ ب سەركێشی يا گر گرێن كورێن ڤی مللەتی هاتينە گێران، هەميا ژی داخوازا مافێن ڕەوايێن مللەتی كريە و ب سەدان ژوان سەركردێن ناڤدار و ب هزاران كورێن مللەتی بوينە شەهيدێن ڤی رێبازێ و قوربانی يێن مەزن هاتيە پێشكێشكرن مينا كاڤلكرن و دەربەدەری و ئەشكەنجە و سێدارە و كيميباران و ئەنفال كرن .

هەمی جۆرێن درندايەتی يێ دژی مللەتی هاتينە ب كار ئينان، لێ هيچ هێزەك نەشيايە دەنگێ هەقی يێ كپ كەت، چونكە مللەتەكی خودان دۆزە و مافێ هەی ل سەر خاكا خۆ ب ئازادی بژيت وەكی هەمی مللەتێن جيهانێ .

جەماوەرێ خۆراگر ..

مەزنترين قوربانی ئەوبوو پشتی خەلكێ كوردستانا عێراقێ ل بهارا ١٩٩١ سەرهلدای[٢٧] و كەلها زولمێ ڕوخاندی پاشان ب حاس عام ڤە مولك و مەر و مالاتێ خۆ ل بەر چاڤێن خۆ رەش كری و قەستا تۆخيبێن توركيا و ئيرانێ كری پێخەمەتيهندێ كو ژبن زوم و زورداريا دوژمنی دەر كەفتن، د ئەنجامدا خەلكی

---

[٢٧]ڕاپەڕينی ١٩٩١: دوای تێكشكانی سوپای عێراق لە شەڕی كوێت لە ٢٨ی شوباتی ١٩٩١، زۆربەی شيعەكان لە باشوری عێراق ڕاپەڕين. بەدوايدا لە ٥ی ئادار خەڵكی كوردستان لە ڕانيە ڕأپەڕين و دواتر ناوچەكانی ديكە دەستيان پێكرد، تا ١٠ی ئادار زۆربەی ناوچەكانی كوردستان ئازادكران. مەسعود بارزانی دەڵێت : خەڵكی خۆيان ڕاپەڕين، ئێمە چاوەڕێ شتێكی وامان نەدەكرد. بە قسەی شايەدحاڵەكان (بەرەی كوردستانی) دوابەدوای خەڵك هاتە سەر جادەكان. دەيڤد ماكداول: مێژووی هاوچەرخی كورد، وەرگێرانی: ئەبوبەكر خۆشناو،ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوكردنەوە، چاپی سێيەم، هەولێر٢٠١٩، ل٥٨٠.

کوردستانێ بێها ئازادی یێ هەلکێشای و پەرلەمان هاتە هەلبژارتن و حوکمەتا هەرێمی هاتە پێکئینان .

ل وی دەمێ کو پێدڤی ل سەر هەمی حزبێن کوردستانێ ڤی دەسکەفتێ مەزن بپارێزن و ڕێزی ل قوربانی یێن مللەت و خوینا شەهیدان بکرت، جهێ داخێ یە ژ سالا ١٩٩٤ شەڕی ناڤخۆیی هەلدایە و بوویە ئەگەرێ مایتێکرنا دەولەتێن ئەقلمی و ئەزموونا مەیا دیموکراسی بەرەف مەترسی یەکان مەزن دبەن.. و ل ڤێ داوی یێ ژی گوندێن ئاڤەدانکری و خەلکێ وی یێ بێ گوننەهـ یێ کەتینە بەر پێلێن ڤێ ململانێ و گوند و باژێرێن کوردستانێ ب بەرەللایی دئێتە تۆپباران کرن و خەلکێوێ ب ژن و زارۆک ڤە دئێنە شەهید کرن مینا (باژێرێ ئامێدی یێ و قەدش و بامەرنێ و گەلەک گوندێن دی) سەرەرای ڤی چەندێ ژی رێگری پەیدابوویە د رێکا هاولاتی یێن بێ لایەن و بێ دەسهەلات و د بەر پیا دچین، ئەم وەک حزبێن کوردستانی ل دەڤەرا بەهدینا نەرازیبوونا خۆ دیار دکەین بەرامبەر ڤان کریارین نەرەوا یێن کو PKK پێ رادبیت دژی خەلکێ دەڤەرێ و داخواز دکەین کو ئەڤ کریارە دەملدەست ل دەڤەرێ بێنە راوەستاندن، ڤان خالێن خوارێ ل بەرچاڤ بگرن :

١- شەڕ بێتە راگرتن

٢- کریارێت خۆ بیت لەشکەری ژ کوردستانا ڕزگارکری دوور بێحن .

٣- زفرین بۆ رێککەفتنێن ل سالێن (١٩٩٢ و ١٩٩٣) دناڤبەرا PKK و حوکمەتا هەرێمێ [٢٨] دا هاتینە مۆر کرن هەروەسا رێککەفتنا ل سالا١٩٩٥ [٢٩] دناڤبەرا PKK و پارتیدا هاتیە مۆر کرن .

---

[٢٨] ڕێککەوتنی حکومەتی هەرێم و پەکەکە: لە ٣٠ ئۆکتۆبەری ١٩٩٢، ڕێکەوتنێک لە نێوان عوسمان ئۆجەلان، فەرماندەی هەرێمی خواکورکی پەکەکە، لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان فوئاد مەعسوم واژۆ کرا. بە گوێرەی ئەو ڕێککەوتنە دەبوو پەکەکە هێزەکانی لە سنور بکشێنێتەوە و چالاکیەکانی لە هەرێمی کوردستانەوە دژ بە ناوخۆی تورکیا بوەستێنێ. لە بەرامبەردا کەمپێک لە نزیک سنوری ئێران بۆ پەکەکە بۆ دیارکراو ڕێگەی پێدرا کە چالاکی سیاسی لە سنورەکانی ژێر کۆنترۆڵی هەرێم ئازادانە ئەنجامبدات. ئەلیزا مارکۆس: مێژووی پەکەکە، وەرگێڕانی: ماجید خەلیل، چاپخانەی گەنج، سلێمانی ٢٠١٤، ل٣٤٣-٣٤٤.

و ل دویماهیێ، بانگەوازی یا مە بۆ پارتێن کوردستانی و ب تایبەت هەردوو حزبێن سەرەکی (پارتی دیموکراتی کوردستان و ئێکەتی نیشتیمانی کوردستان) ئەوە کو مفای ژ سەربور و ئەزموونێن دەروبەر و وەلاتێن ئەقلیمی وەرگرن و بزڤرنە زمانێ دانوستاندنی و ئاشتبوونەکا نیشتمانی پەیداکەن دا رێک ل ڤان مایتێکرنا بێنە گرتن و خەلکێ کوردستانێ ب ئاشتی و تەناهی بژین، ئەها هۆسا دی شێین کراسێ دیموکراسیەتێ بکەینە بەر خۆ و رێخۆشکرنەکی پەیدا کەین بۆ هەلبژارتنەکا سەرانسەری، و مللەت ب ئازادی دەنگی خۆ بدەت و شەرعیەت ل کوردستانێ بێتە چەسپاندن .

بژین ئاشتی .... بژین مللەت .... نەفرەت ل شەڕی .

حزبا سوسیالیستا دیموکراتا کوردستانێ / لقێ دهوک

بزاڤا ئیسلامی ل کوردستانێ / مەلبەندێ پێنج

حزبا شیوعی یا کوردستانێ / لیژنە پارێزگەها دهۆک

حزب (بیت النهرین) یا دیموکراتی / دهوک[٣٠]

یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان / مەڵبەندی سێ

حزبا نیشتمانی یا ئاشووری / نڤیسینگەها هەرێما کوردستانا عێراقی[٣١]

سێ شەمب

١٩٩٧/٨/٢٦

---

[٢٩]رێککەوتنی ١٩٩٥ پارتی و پەکەکە : شەڕ و پێکدادانەکانی پەکەکە و (پ.د.ک) لە دیستەمبەری ١٩٩٥ کۆتای هات، هەردوولا واژوی رێکەوتنێکیان کرد. لەم رێککەوتنەدا بوار بە پەکەکە درا تا بنکە و بارەگاکانی لە چیاکان بهێڵێتەوەو لەناوخۆی شارەکاندا گرنگی بە کاری سیاسی بدەن. ئەلیزا مارکۆس، ل٤٢٠-٤٢١.

[٣٠]حزب (بیت النهرین) یا دیموکراتی: حزبێکی سیاسی ئاشوریە لە کوردستانی عێراق کاردەکات، لەساڵی ١٩٩١وە لەلایەن کۆمەڵێ سیاسەتمەداری ئاشوریەوە دامەزرا، لە سەرکردەکانی (جمیل نمرود)ە. محەمەد فاتیح : حزب و رێکخراوە سیاسییە عێراقییەکان ١٩١٠ - ٢٠١٠، ئەکادیمیایی هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران، سلێمانی ٢٠١٢، ل ١٥٣)

[٣١]حزبا نیشتمانی یا ئاشووری: ئەم حزبە لە ١٤ی تەموزی ١٩٧٣ لەشاری بەغداد دامەزراوە، یەکەم کۆنگرەی لە ٢٦ی ئەیلولی ١٩٧٤ بەستووە، لەساڵی ١٩٨١ لەگەڵ بزوتنەوەی دیموکراسی ئاشوری بڕیاریاندا لەناو رێکخراوی (گردبونەوەی دیموکراتی ئاشوری) کاربکەن، بەڵام لەساڵانی نەوەتەکاندا جیا بوونەوە.محەمەد فاتیح: ل١٥١)

## بەڵگەنامەی ژمارە (٤)

## بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان

## ڕاگەیاندنی کۆبونەوەی حیزبە کوردستانیەکان[٣٢]

ئاشکرایە لای هەموولایەک کە ئەمڕۆ بارودۆخی کوردستان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرەو ئاڵۆزی و قوڵبونەوەی کێشەکان دەچێت، بە تایبەتی دوای دەستتێوەردانی وڵاتانی دەوربەرو هەوڵی لەناوبردنی ئەزمونەکەو پووچەڵکردنەوەی ئەو هەوڵ و چالاکیانەی کە لە ناوەوەو دەرەوەدا لە لایەن حیزبەکان و کەسایەتیە نیشتیمان پەروەرو خەمخۆرانی گەلەکەمانەوە لە ئارادان. بەڵام ئەوەی جێگەی نیگەرانی گشت لایەنەکانە کە ئێستا کوردستان تێوەگلاوە لە ئەنجامی بوونی PKK کە لە کوردستانی عێراقدا مەترسی تەواو دەخاتە سەر ئەم ئەزمونەو دۆزی ڕەوای گەلەکەمان و کوردستان بویتە شەڕو پێکدادان و ماڵ وێرانکردن و تیاچونی پرۆسە ئاشتیەکەمان، کە ڕاستەخۆ هاوڵاتیانی مەدەنی دەگرێتەوە، کە کەوتونەتە ژێر باری ڕاونان و کوشتن و ماڵ سوتاندن و دەربەدەرکردن، کە ئەم ڕەفتارانە دژی هەموو داب و نەریتێکی کۆمەڵایەتیمانن و پێشێل کردنی تەواوی مافی مرۆڤە، کە PKK ئەنجامیان دەدات.

بۆیە ئێمە ئەم جۆرە کردارانە مەحکوم دەکەین، هەروەها هەموو هەوڵ و تەقەللایەکی ئاشتیخوازانەی ناوەوەو دەرەوە دەستخۆشی لێدەکەین و

[٣٢] حزبە کوردستانییەکان ئەو چەمکە بوو کە لە میانی شەڕی ناوخۆدا بەکاردەهات وەک ئاماژەیەک بۆ ئەو پارتانەی کە لەهەوڵی هێنانەی کایەی ئاشتی بوون لە نێوان لاینە شەڕکەرەکاندا. ئەم حزبانە گرێبەستێکی سیاسی لەنێوانیاندا نەبوو. بەڵکو ئەوەی کۆیکردبونەوە نێوندگیری بوو لە شەڕی ناوخۆدا. دواتر پێنج حزب مانەوە کە بۆ سەرپێخستنی ئاشتی بەردەوام لە باری نێوەندگیریدا بوون و کۆبونەوەیان بە ناوی ((پێنج حزبە کوردستانییەکە)) ئەنجامدەدا تا ساڵی ٢٠٠٥. ئەوانیش بریتی بوون لە: حزبی شیوعی کوردستان، یەکگرتویی ئیسلامی کوردستان، حزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان، حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، کۆمەڵی ئیسلامی کودستان.

چارەکردنی هەموو گیروگرفتەکانمان تەنیا لە ڕێگەی ئاشتبونەوەیەکی سەرانسەری دەبێت.

ئێمە ئامادەی خۆمان دەردەبڕین لە پێناوی گەیشتن بە ئاستێکی عادیلانەی ڕیشەیی، هەروەها پشتگیری خۆمان دەردەبڕین بۆ موبادەرەی بەڕیز کاک مسعود بەرزانی کە لە ١٠ی ئەیلول دووپاتی کردەوە.

دەبا بێکەوە هەوڵی هەمووان لە پێناو سەروەری خاکی کوردستان و پێکەوە ژیانێکی دیموکراتی و فرەلایەنی بدەین.

سەرکەوێ ئیرادەی ئاشتیخوازانەی گەلی کوردستان

بەژداربوانی کۆبونەوەکە:

بزوتنەوەی میللی کوردستان[٣٣]

یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان

بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشوری[٣٤]

بزوتنەوەی ئیسلامی کوردستان

حیزبی شیوعی کوردستان

پارتی کاری سەربەخۆی کوردستان

١٩٩٧/٩/١٧

---

[٣٣] بزوتنەوەی میللی کوردستان : ئەم بزوتنەوەیە لە ١١/ تشرینی دووەم/ ١٩٩٦ دامەزراوە، بەهۆی شەڕی ناوخۆوە گروپێک لە حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان جیابوونەوە و ئەم پارتەیان پێکهێنا. سکرتێری ئەم بزوتنەوەیە عبدالخالق محمد رشید زەنگەنە بوو. لە بەرواری ١٩٩٨/٨/٢٨ ناوەکەی گۆردرا بۆ بزوتنەوەی یەکبونی کوردستان(یەکبوون). محەمەد فاتیح ، ل ١٧٦، بەیاننامەی بزوتنەوەی یەکبونی کوردستان، ١٩٩٨/٨/٢٩.

[٣٤] بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشوری : ئەم بزوتنەوەیە لە لایەن چەند ڕیکخراو و کەسایەتیەکی ئاشوریەوە دامەزرا لە ١٢ی نیسانی ١٩٧٩، یەکەم کۆنگرەی خۆی لەشاری هەولێر بەست لە مانگی ئەیلولی ١٩٩٢. ئەم بزوتنەوەیە چالاکی چەکدارانەی کردووە دژ بە ڕژێمی صدام هەبووە لە کوردستاندا. داکۆکی لەوە دەکات کە کێشەی ئاشوریەکان نەتەوەییە نەک ئاینی، بۆیە داوای دانپێدانان بە بوونی نەتەوەی ئاشوریەکان دەکات. محەمەد فاتیح ، ل١٥٢.

## بەڵگەنامەی ژمارە (٥)

## ڕاگەیاندنی کۆبوونەی حیزبە کوردستانیەکان

بە بۆنەی سەرهەڵدانی جەولەیەکی[٣٥] دیکەی شەڕەی ناوخۆی کوردستانەوە کوردستانەوە کە لە بەرەبەیانی ڕۆژی ١٩٩٧/١٠/١٢ لە زۆربەی هێڵەکانی تەماس بەرپابووە، حیزبە کوردستانیەکان کە لە خوارەوە ناویان هاتووە، کۆبونەوەیەکیان ئەنجامدا کە درێژە پێدەری زنجیرەیەک کۆبونەوەی تر بوو بەو بۆنەیەوە، بەتایبەتی کۆبونەوەی ڕۆژی ١٩٩٧/١٠/١١ کە تایبەت بوو بە سەرنەکەوتنی کۆبونەوەی هاوبەشی نێوان پ.د.ک و ی.ن.ک لە لەندەن بەسەرپەرشتی چاودێرانی ڕێکەوتنی ئەنقەرە[٣٦] ئەنجامدرا، بۆیە لەم کۆبونەوەشدا بە تێرو تەسەلی باس لە مەینەتیەکانی سەرهەڵدانەوەی شەڕو بێ ئاکامبوونی هەوڵەکانی ئاشتی لە ناوەوەو دەرەوە کە ئومێدی زۆری جەماوەری کوردستانی پێوە گرێدرابوو کرا، لەهەمانکاتدا ئامادەبووان ناڕەزای خۆیان بەرامبەر سەرهەڵدانەوەی جەولەی تازەی شەڕ دەربڕی و ئیدانەیەیان کرد کە ئەڵقەیەکە لە زنجیرە کارەساتێکی دڵتەزێن لە کوردستاندا، هەروەها مەترسی خۆیان دەربڕی سەبارەت بە پێشهاتەکان و دەست تێوەردانی دەوروبەر لە کێشەکاندا و زیاتر ئاڵۆزکردنی گۆڕەپانی کوردستان کە بکرێتە جێگەی ململانێی بەژەوەندی هێزەکانی تر بێگومان ئەمەش دەبێتە

---

[٣٥]جەولە : ئەم دەستەواژەیە لە لایەن ڕاگەیاندنی لایەنەکانی شەڕی ناوخۆ بەکارهات لە ماوەی سالآنی ١٩٩٤-١٩٩٨، وەک هێمایەک بۆ سەرەتای هەڵمەتی سەربازی لایەنە شەڕکەرەکان. لە میانی سالآنی شەڕی ناوخۆدا بە بەردەوام شەڕ نەبوو. بەڵکو بەردەوام هەوڵی ئاشتی هەبوو. کاتێک هەوڵەکان شکستی دەخوارد، شەڕ دەستی پێدەکردەوە. بۆ جیاکردنەوەی هەڵمەتە سەربازییەکان، وشەی جەولەی عەرەبی بەکاردەهات و لەو ماوەیەدا چوار هەڵمەتی سەربازی گەورە ئەنجامدرا کە بریتیبوو لە جەولەی یەکەم لە ١٩٩٤/٥/١، جەولەی دووەم، ١٩٩٥، جەولەی سێەم ١٩٩٦/٨/١٦ ، جەولەی چوارەم ١٩٩٧/١٠/١٢ بوو.

[٣٦]ڕێکەوتنی ئەنقەرە: ئەم ڕێکەوتنە لە ١٩٩٦/١٠/٣١ لە نێوان لایەنە شەڕکەرەکان واژۆ کرا و ٢٢ خاڵی لەخۆگرت کە زۆرینەی خاڵەکان دەست و خەتی تورکیای پێوە دیار بوو. گرنگترین ئەنجامی ڕێکەوتنەکە ئەوە بوو هەردولایەنی شەڕ کەر ڕێککەوتن لەسەر دابەشکردنی هەرێمی کوردستان لە نێوان خۆیاندا. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە، الاقتتال الداخلی فی کوردستان العراق، مرکز داسات کوردستان، اربیل، ١٩٩٧، ص٣١٥.

هۆی لەدەستدانی دەستکەوتەکانی گەلەکەمان و کارەساتی ناهەمواری جۆراوجۆر. ئامادەبوان جەختیان لەسەر ئەوەکرد کە بەشەڕ هیچ وەخت کێشەکان یەکلای ناکرێنەوە بەڵکو زیاتر بارودۆخەکە ئاڵۆزتر دەبێ و برینەکان قوڵدەبنەوە بۆیە داوایان کرد کە هەرچی زووترە ئەم شەڕە نەگریسە ڕابگیرێ و بەرژەوەندی باڵای کوردستان لەبەرچاو بگیرێ و پلانی دوژمنان پۆچەڵ بکرێتەوە سنورێک بۆ ئەم ناکۆکیە دابنرێ کە باجەکەی گەلەکەمان دەیدا هەروەها ئامادەی خۆیان دەربڕی بۆ هەر هەوڵێک لە توانادا هەبێت بۆ هێورکردنەوەی عادیلانە لە کوردستان.

هەولێر

١٩٩٧/١٠/١٤

پارتی کاری سەربەخۆی کوردستان

بزوتنەوەی دیموکراتی ئاشوری

حیزبی شیوعی کوردستان

یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان

بزووتنەوەی میللی کوردستان

## بەڵگەنامەی ژمارە (٦)

## ڕوونکرنەوەیەک لە (٥) حیزبی کوردستانیەوە

ماوەیەکە لێرەو لەوێ گوێبیست دەبین کەوا حیزبەکانمان لەمەڕ هەندێک دەرئەنجامەکانی شەڕێ ناوخۆ کەوتونەتە ژێر فشارو قسەوباس و لێدوانی ئەملاو ئەوللا، بە بیانوی هەڵوێست نەگرتن (یەکێک بە بێویژدان لە قەڵەممان دەدات و یەکێکی تریش مبرر بۆ وجودمان ڕەوا نابینێ و جەماوەرمان لێ هاندەدەن) وەک لە دەزگاکانی ڕاگەیاندندا بڵاوکراوەتەوە، بۆیە بە پێویستمان زانی بۆ زیاتر بەرچاو ڕوونکردنەوەی جەماوەر ئەم ڕوونکردنەوەیە بڵاوبکەینەوە.

هەر لەسەرتای دەست پێکردتی شەڕی ناوخۆوە ئێمە هەڵوێستی ڕوون و ئاشکرامان هەبووە بۆ جەماوەری گەلەکەمان ڕوونکردووەتەوە کە ئەم شەڕە بە شەڕێکی ناڕەوا دەزانین و هەمیشە مەحکومان کردووە، لەبەر ئەوەی بە هیچ شێوەیەک لە بەرژەوەندی گەلەکەمان و ئەزمونەکەیدا نیەو جەماوەری کوردستانیش گەواهیدەری ئەوەن کە هەر لەسەرتای دەستپێکردنی شەڕەکە بەردەوام لە هەوڵ و کۆششدا بووین بە مەبەستی دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەکی گونجاو بۆ دەرچوون لەو قەیرانە، سەرنەکەوتنی هەوڵە بەردەوامەکانمان بۆ بنبڕ کردنی یەکجاری قەیرانی شەڕی ناوخۆ لە ئەستۆی ئێمەدا نیە و لە بەهای هەڵوێست و هەوڵەکانمان کەم ناکاتەوە.

ئێمە بێلایەن بووین لەو شەڕەو بەردەوام بێ لایەنی خۆمان دەپارێزین چونکە ئەم هەڵوێستە خزمەت بە ئاشتی بەرژەوەندی باڵای گەلەکەمان دەکات و بە هیچ جۆرێک نایبنە بەشێک لەو شەڕە.

هەڵگیرسانەوەی ئەم جولەتازەیەی شەڕ لە بەرەبەیانی ڕۆژی ١٩٩٧/١٠/١٣ کە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان خۆی ڕایگەیاند شتێکی چاوەڕوان نەکراو نەبوو بۆ هەموو لایەک، لە ئەنجامی بەرژەوەندی تەسکی حیزبایەتی و نەتوانینی سازش کردن بۆ یەکتر بۆ گۆڕینی حاڵەتی نەشەڕو نەئاشتی بۆ ئاشتبونەوەیەکی سەرتاسەر لە کوردستاندا، هەروەها دەست تێوەردانی دەرەکی کە نایەوێ

بارودۆخی هەرێم بەرقەراربێت و ئەو ئەزموونە سەربکەوێت. بۆیە شەڕو دەست تێوەردانی دەرەکی مەحکوم دەکەین.

بۆ هەموو لایەک ئاشکرایە کە کوردستان وڵاتی هەمووانە، بۆ هیچ لایەنێک نیە کە پاوانخوازی بکات و هەوڵەکانی ئێمە لە بەرژەوەندی جەماوەری گەلەمانە و تەنها جەماوەر مافی حوکمدانی هەیە لەسەر هەوڵ و هەڵوێستەکانمان، چونکە ئێمە حیزبە کوردستانیەکان خاوەنی ئەزمونێکی واین کە بەسبێت بۆ ئەوەی نەکەوینە ژێر فشاری هیچ لایەنێک، بۆیە هەق نیە هیچ کەسێک ئەو مافە بەخۆی بدات بێ بە (وصي)و دەم ڕاستمان.

بۆیە داوا لە هەردوو لایەنی بەشەڕ هاتوو دەکەین کە هەرچی زووە کۆتای بەو شەڕە بهێنن و ڕێگایی وتووێژ بگرنە بەر بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی و بەرژەوەندی باڵای گەل و نیشتیمان بخەنە سەرووی هەموو بەرژەوەندیەکانەوە. ئێمەش جارێکی تر بۆ گەلی کوردستان دوپات دەکەینەوە کە سوردەبین لەسەر هەوڵەکانی ئاشتی و ئاشتبونەوەیەکی سەرانسەری لە کوردستاندا.

بژی ئاشتی...... نەفرەت لە شەڕ

ناوی حیزبە کوردستانیەکان:

حیزبی شیوعی کوردستان
پارتی کاری سەربەخۆی کوردستان
یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان
بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشووری
بزوتنەوەی میللی کوردستان

هەولێر
١٩٩٧/١٠/٢٣

## بەڵگەنامەی ژمارە (٧)

## ڕاگەیاندراوی پێنج حیزبە کوردستانیەکە

ڕۆژی هەینی ڕیککەوتی ١٩٩٧/١٠/٢٤ پێنج حیزبی کوردستان لە ناویان لە خوارەوە هاتووە، لەسەر ئاستی سکرتێری حیزبەکان لەبارەگایی بزوتنەوەی دیموکراتی ئاشووری کۆبونەوەیەکیان سازدا، بە تێرو تەسەلی گفتوگۆیان لەمەڕ بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستان کرد و سەرەڕای بێزاری دەربڕینیان بەرامبەر هەڵگیرسانەوەی جوڵەی تازەی شەڕ، جەختیان لەسەر هەرچی زووتر وەستاندنی کرد، کە بۆتە هۆی دەست تێوەردانی زیاتری دەوڵەتە ئیقلیمەیکان، وێرای خوێنڕیژی و ماڵ وێرانی و کاولکاری زیاترو قوڵبونەوە بیرینەکان و دورکەوتنەوەی ئەگەری پێکهاتنەوە لە کوردستاندا.

هەروەها باس لە بڕیاری پشتێنەی ئەمنی[٣٧] لەلایەن حکومەتی تورکیاوە کراوە، بە مەترسیەکی گەورە لەسەر سەروەری هەرێمی کوردستان و عێراق لە قەڵەمدرا کە کاردانەوەی ئێجگار ترسناکی دەبێت بۆ دەست تێوەردانی دەوڵەتە ئیقلیمیەکانی ترو، کوردستان دەبێە گۆڕەپاتی ململانێی هێزە دەرەکیەکان، بۆیە ئیدانەو داوای هەڵوەشانەوەی ئەو بڕیارە کراو بونی هێزی سەربازی پەکەکەش لە هەرێمی کوردستاندا بە هۆکارێکی تری ئاڵۆزکردنی بارودۆخەکە زاندرا کە بۆتە بیناوی ئەم دەست تێوەردانانە.

ئامادەبوان بە نیگەرانیەوە ڕوانیانە شاڵاوی گرتن و ڕاگواست و دەربەدەرکرن و دەستبەسەرداگرتنی ماڵ و موڵکی هاوڵاتیان کە بە جۆرێکی

---

[٣٧] بڕیاری پشتێنەی ئەمنی لەلایەن حکومەتی تورکیاوە ١٩٩٧: پشتێنەی ئەمنی ئەو پلانە بوو کە تورکیا لە ساڵی ١٩٩٣ بۆیەکەمین جار باسی لێوەکرد. دواتر لە سێپتەمەبری ١٩٩٦ ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا بڕیاریدا پلانەکە بخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە. سوپای تورکیا لە ١٤ی ئایاری ١٩٩٧ لەشکرکێشی کردە سەر کوردستان و بەڕەسمی دەستی کرد بە دروستکردنی بنکەی سەربازی و خۆجێگیرکردن لەناو قوڵای خاکی هەرێمی کوردستاندا. (گەیلان عەباس: هێرشەکانی تورکیا بۆسەر هەرێمی کوردستان، ژوری توێژینەوەکانی بزووتنەوەی گۆڕان – گۆشەی سیاسی، ئابی ٢٠٢٠، ل٥-٦. رابرت السن: پەیوەندی ئێران و تورکییە و مەسەلەی کورد، وەرگێرانی: حامید رەشیدی زەرزا، چاپی ئەلیکترۆنی،بڵاوکراوە لە مەڵپەڕی پێشمەرگە، ٢٠١٣/١٠/٢، ل ١٢٧-١٢٨.

بەرفراوان ئەنجام دەدەرێت، چونکە پێچەوانەی هەموو داب و نەریتێکی کۆمەڵایەتی گەلی کوردستانە و پێشێلکاریەکی یاسا و مافی مرۆڤە، جەختیش لەسەر ئەوە کرا بە هیچ کلۆجێک نابێ کارەبا و ڕێگەی هاتووچۆی هاوڵاتیان و چالاکی بازرگانی و کاری ڕێکخراو و دەزگا خزمەتگوزاریەکان بکرێنە ئامرازی شەڕو فشار خستنە سەر یەکتر کە زیان بە بەرژەوەندی گشتی و تێکڕای جەماوە دەگەیەنێت.

سەرکەوتوبێت ویستی ئاشتی خوازانەی گەل

نەفرەت لە شەڕ

ناوی حیزبە کوردستانیەکان:

بزوتنەوەی میللی کوردستان

بزوتنەوەی دیموکراتی ئاشووری

حیزبی شیوعی کوردستان

پارتی کاری سەربەخۆی کوردستان

یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان

## بەڵگەنامەی ژمارە (٨)

## بەیاننامەی مەکتەبی سیاسی حزبی سۆسیالستی دیموکراتی کوردستان

جەماوەری خۆڕاگری کوردستان

هێزو لایەنە چۆڕشگێڕەکانی کوردستان

ڕەوشی ئەمڕۆی کوردستان لە بەردەم پیلانێکی ژەهراوی نۆکەر و داگیرکەرانی دژ بە دەستکەوتەکانی خەڵکی کوردستان بەردەوامە و درێژەی هەیە، لە بەرامبەریشدا بەرگری و خۆفیداکاری و گیانی بەرخۆدانی هێزی پێشمەرگە و لایەنەکانی هاوپەیمانی دیموکراتی کوردستان لەسەنگەری ڕاستەقینەی گەل و نیشتیمانپەروەریدا لەوپەڕی لوتکەی بەهێزی و خۆڕاگریدایە و داستانی نەبەردی بێوێنە تۆماردەکەن لەبەرامبەر هێرشی سوپای داگیرکەری تورک و جاشە تۆرانیەکانی مەسعودی کرێگرتەی ئەم دەوڵەت و ئەو دەوڵەتی داگیرکەر، لە نەبەردیەکی شۆڕشگێڕانەدا هێزی پێشمەرگەی کوردستان شەڕی چارەنووسی گەلی کوردستان دەکەن دەوڵەتی داگیرکەری تورک بە فڕۆکە و تانک و زرێپۆش و سوپای کۆماندۆس و بەکارهێنانی چەکی تەکنەلۆجیای لۆجستیکیە بە نۆکەرانی جاشەکانی مەسعود ڕۆڵێکی دوژمنکارانە دەگێڕن لە دژی سەنگەرەکانی پێشمەرگە گیانبازەکانی هاوپەیمانی دیموکراتی کوردستان کە حزبمان لە هەموو بوارە جیاجیاکان بۆ بەرگریکردن لە دەستکەوتەکانی گەلرۆڵی بەرچاوی خۆی گێڕاوە هەڵبەتە خیانەتی بنەماڵە کە بەردەوام کاری خیانەت و خۆفرۆشیان کردووە ئایدۆلۆژیای بنەماڵەکەیان لە مێژوویەکیڕەش زیاتر هیچی تر بەدەستناهێنێ، ئەگەر لاپەڕەیڕەشی جاشە تۆرانیەکان هەڵدەینەوە، هەر لە مێژە بۆ دژایەتیکردنی دەستکەوتەکانی گەلەکەمان خستویانەتەگەڕ، دوا پیلانی ژەهراوی ئەم بنەماڵەیەش لە٣١ی ئابی١٩٩٦ بۆداگیرکردنی هەولێری پایتەختی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەبانگکێش کردنی سوپای عێراق دەمامکی ژەهراوی ئەم بنەماڵەیە بۆ تەواوی لایەنەکان و خەڵکی کوردستان کەوتەڕوو بنەماڵەی خۆفرۆشی بارزانی بەوەشەوە نەوەستان

خیانەتێکی نیشتیمانی و نەتەوەییان تۆمارکرد کە لە ١٤ی گوڵانی ئەمساڵدا بە هێنانی لەشکری داگیرکەری تورک بۆ ناوخاکی هەرێمی کوردستان و دژایەتی کردنی هێزە شۆڕشگێڕو نیشتیمان پەروەرەکان هاوپەیمانی دیموکراتی کوردستان لە سەنگەری بەرەی گەلدان.

خەسڵەتی ئەم تاقمە بەکرێگیراوە خۆی لەوەدا ئەبینێ کاتێک ڕقی پیرۆزی پێشمەرگە گەیشتبێتە ئاستی تەقینەوە، ئەم بنەماڵەیە نەیانتوانیوە بۆ هیچ سات و کاتێک پەی بە ورەی بەرزی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەرن ناچار کەوتونەتە کلکایەتی و خۆفرۆشتن بۆ ئەم دەوڵەتی و ئەو دەوڵەتی دوژمن بە کورد ئەمڕاستیەش لەدوای زنجیرە سەرکەوتنەکانی هێزی پێشمەرگە کوردشتان ئاشکرابوو کە نەتوانن لەبەردەم ورەی پۆلاینی پێشمەرگەداڕابوەستن بۆیە کەوتنە پەلەقاژەی مەرگ و هێنانی دەوڵەتی داگیرکەری تورک بەڵام هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەبڕیارێکی سیاسی هاوپەیمانی دیموکراتی کوردستان بۆ لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی سیاسەتی نێودەوڵەتی و بەرژەوەندی باڵای گەل کە دووڕوی لە جەنگێکی وێرانکاری بەرفراوان تر لە هەندێ ناوچەی ستراتیژی بڕیاری کشانەوەی دا وەنەبێ سەرانی جاش مەسعودیەکان بەهێز و بازووی دۆڕاویان ئەم ناوچانەیان گرتبێ بەڵکو زۆرپڕ شەڕمانە بە پاڵپشتی فڕۆکەی جەنگی تانک و زرێپۆش و سوپای کۆماندۆسی تورک کەوتنە کێومالکردنی ناوچە گوندنشینەکان و بە سوتماک کردنی خاک و ڕەز و باخ و سەروماڵی هاولاتیان و ڕوخانی داروبەردووی گوندەکان و ئاوارەکردنی خەڵکی ناوچەکە.

جەماوەری شۆڕشگێڕ و خۆڕاگری کوردستان

سوپای تورک بەبەرچاوی خەڵکی کوردستان و ڕای گشتی جیهانیەوە کەوتۆتە بۆردومانی سەنگەری هێزی پێشمەرگە و گوندنشینەکان و ئاوارەکردنی خەڵکەکەی بەچەکی قورسی هێشوی ناپاڵم کە لەیاسای نێودەوڵەتیدا قەدەغە کراوە تاقمە خۆفرۆش و کرێگرتەی تورانیەکانیش بێئابڕوانە لاف و گەزافی سەرکەوتنی لێ دەدەن کە بە پاڵپشتی فڕۆکە و تانک و کۆماندۆی تورک ئەنجام ئەدرێ ئەمەش بەڵگەی بێ هێزی و بێ بڕوای و هەڵوەشانی چەکدارە

هەڵخەڵەتاوەکانێتی کە هەرگیز نەیانتوانیوە شەڕی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بکەن. شکاندنی سنوری هەرێمی کوردستان لە هەلو مەرجێکدا تێدەپەڕێ لەلایەن سوپای تورکی داگیرکەرەوە کە بە نەخشەو پیلانێکی داگیرکارانەی تورکی - ئیسرائیلی لەسەردەستی ئەمریکا بەڕێوەدەچێ بە مەبەستی پێکهێنانی پشتێنەیەکی ئەمنی لە باشوری کوردستان و قوبروسێکی تر لە کوردستان دا ئەم داگیرکاریەش سیاسەتی ئەمریکا دەخاتەڕوو کە سیاسەتی بانێکە و دووهەوا پەیڕەودەکاتڕووداو گۆڕانکاریەکان و بەردەوام بوونیئەم سیاسەتەش کە بەڵگەی تەماعکارییە بۆ کوردستان بۆڕای گشتی جیهان و وڵاتانی ئەوروپی و جامیعەی عەرەبی و هەرێمایەتی ئاشکرابوون کە سیاسەتی پاوانکردنی دەسەڵات و تاک جەمسەری ئەمریکایە بەناوی پاراستی مافی مرۆڤ و ئاسایش و گەڕانەوەی ئاشتی بۆ خۆرهەڵاتی ناوەڕاست کە بانگەشەی بۆ دەکات ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بەپێی پەیڕەوکردنی سیاسەتی دوولایەنەی (احتواء المزدوج) کە شکستی خوارد دەیەوێت بەسەری کوردا زیندوی بکاتەوە ئەمڕۆ دەوڵەتی تورکیا دەیەوێت لەبەردەم قەیرانە ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانیدا قوتاری بێ و ڕێگای بەکارهێنانی سەربازی کردۆتە تاکەڕێگەی دەربازبوون لەو تەنگژە سەختەی کە دووچاری بووە بەڵام خۆڕاگری هێزی پێشمەرگەی کوردستان تۆمارکردنی داستانی نەبەردی لەبەردەم سوپا زۆرو زەوەندی تورک و جاش تۆرانیەکان وانەیەکیان بە دوژمن و نۆکەرانیاندا کە تێبگەن ورەی قۆڵاینی پێشمەرگە و جەماوەری شۆڕشگێڕ بە سوپای داگیرکەر و هیچ دەوڵەتێکی دوژمن بەکورد نایەتەدی. گەر ئەمریکاش باڵۆرەی ئاشتی و بەرقەرارکردنی ئاسایش دەدات لە ناوچەکەو کوردستان ئەوا دەبێ هەنگاو بەرەو ئاشتیەکی سەراپاگیر بدات و دەست بەجێ داوای کشانەوەیسوپای داگیرکەری تورک بکات لە هەرێمی کوردستاندا.

پەیامیشمان ئەوەیە کە دەبێ هەڵبژاردنێکی ئازاد بەسەرپەرشتی نەتەوەیەکگرتوەکان(فەڕەنساو بەریتانیاو ئەمریکا) لە کوردستاندا ئەنجام بدرێ و چیترڕێگە نەدرێ وڵاتانی ناوچەکەئاسایشی هەرێمی کوردستان بشێوێنن،

پارتیش بەم کلکایەتی کردنەی هیچ نادوریتەوە و دەبێ مل کەچی خواستەڕەواکانی گەلەکەمان بێت.

*سەری ڕێز و وەفا نەوی دەکەین بۆ هەموو ئەو پێشمەرگە گیان بەختکردوانەی کە سنگی خۆیان کردە قەڵخانی پاراستنی دەستکەوتەکانی گەلەکەمان.

* سەرشۆڕی و ڕووڕەشی بۆ تاقمە بەکرێ گیراوەکەی جاش تۆرانییەکان و دوژمنانی کوردستان.

* سەرکەوتووبێ هێزی پێشمەرگەی هاوپەیمانی دیموکراتی کوردستان، بەرەو بەدیهێنانی ئامانجەڕەواکانی گەلەکەمان

مەکتەبی سیاسی

حزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان

٢٢ی تشرینی دووەمی ١٩٩٧

## بەڵگەنامەی ژمارە (٩)

## بەیان

## جەماوەری ستەم دیدەی کوردستان

ڕاگەیاندنی ئاگربەستی خولی چوارەمی شەڕو پابەندبوونی هەردوو لایەنی بەشەڕ هاتووبە ئاگر بەستەکە، مایەی خۆشحاڵی هەموومانەو بە هەنگاوێکی ئیجابی و سەرەرتای و لەباری دەنرخێنین بۆ گەیشتن بە ئاشتیەکی سەرتاسەری لە کوردستاندا. بەڵام ئاشکرایە ئەم هەنگاوە بەس نیە بۆ چارەسەر کردنی تەنگژەی ناوخۆ، تاقیکردنەوەکانی لەمەوبەریش ئەوە دەسەلمێنێت، هەر بۆیە ئێمە جارێکی تر دوا لە هەردوو لایەن دەکەین هەرچی زوو بگەڕێنەوە بۆ گرتنەبەری ڕێگای گفتوگۆو زیندوکردنەوەی پڕۆسەی ئاشتی بەمەبەستی یەکلایکردنەوەی کێشەکان، کە بۆ هەموو لایەکمان ئاشکرایە بە چەسپاندنی ئاشتی دەتوانرێت گەلەکەمان و ئەزمونەکەی لەبەشمەینەتی و هەڵدێران ڕزگار بکەین.

لەم ماوەیەدا تەنگەژەی نێوان عێراق و UN[٣٨] هەر ڕۆژەی بە بیانویەک سەر هەڵدەداتەوە بۆتە مایەی نیگەرانی و دڵە ڕاوکێی تێکڕای خەڵکی کوردستان و عێراق، بۆیە ئێمە بە مەترسیەوە دەڕوانینە ئەم تەنگەژەیە، چونکە ئەگەری تەقەینەوەی بارودۆخەکەی لێ چاوەڕوان دەکرێت و

[٣٨]ساڵی ١٩٩١، عێراق بە بریاری ٦٨٧ رازی بوو کە خاڵی سەرەکی بریتی بوو لەوەی عێراق دەرگای ئاوەڵا بێت بۆ لیژنەی پشنینی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان. بەردەوام نەتەوە یەکگرتوەکان ئەوەی ڕادەگەیاند کە عێراق دەرکی لەسەر پشت نیە بۆ لیژنەی پشکنین لە چەکی کۆمەڵکوژی. عێراق و نەتەوەیەکگرتوەکان ریکەوتن لە سەر بڕیاری ٩٨٦ کە ناسراوە بە بڕیاری نەوت بەرامبەر خۆراک کە بەهۆیەوە خەڵکی عێراق بە کوردستانەوە لە مەترسی برسێتی ڕزگاریان بوو لە ١٩٩٦. بەڵام پەیوەندی نێوان عێراق و نەتەوە یەکگرتوەکان بەردەوام لەسەر چەکی کۆمەڵکوژ لە گێرمەو کێشەدا بوون. هاوپەیمانان گورزێکی سەربازی لە عێراق وەشاند لە ١٩٩٨ بە ناوی ریوی بیابان کە ئەمە مەترسی دروستکرد لەسەر بڕیاری ٩٨٦و دوبارە گەڕانەوەی عێراق بۆ دۆخی برسێتی. بۆ زانیاری زیاتر لە سەر کاریگەری بریاری ٩٨٦، بروانەنە تیم نبلوک: المصدر السابق، ص١٠٥-١١١.

کاردانەوەیەکی سلبی لەسەر جێبەجێکردنی بڕیاری ٩٨٧[٣٩]ی ناسراو بە نەوت بەرانبەر بەخۆراک دەبێت، کە هیوای گەلی عێراق لە فراوانکردنی و پەلەکردن لە جێبەجێکردنی دایە.

هاوکات لەگەڵ ئەمەدا ڕژێمی بەغداد بەردەوامە لەسەر سیاسەتی بەعەرەبکردن و ڕاگواستنی دانیشتوان ژێر دەسەڵاتی خۆی و دەرکردنیان بۆ ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان، کە ئەمەش درێژە پێدانی سیاسەتی شۆڤێنیانەی خۆیانەو دژ بە مافی مرۆڤەو گۆڕانگاریە لە نەخشەی دیمۆگرافیاداو کێشەو قەیرانەکانی گەلانی عێراق زیاتر قوڵ دەکاتەوە، بۆیە ئێمە دژی ڕادەوەستین و داوای ڕاگرتنی دەکەین.

جەماوەری خۆڕاگری کوردستان

واجارێکی تریش سوپای تورکیا سنوری نێودەڵەتی لە کوردستانی عێراقەوە دەبەزێنێ و درێژە بە لەشکرکێشیەکەی دەدات، کە دەبێتە مایەی ئاڵۆزی زیاتری باری ناوخۆی کوردستان.

ئێمە لەکاتێکدا لەشکرکێشی تورکیا مەحکوم دەکەین و بەنیگەرانیەوە دەڕوانینە پێشێلکاریەکانی سوپای تورکیا و دەستێوەردانی لە کاروباری ناوخۆی هەرێم، لە هەمان کاتیشدا داوا لە (PKK) دەکەین ڕەچاوی بارودۆخی ئاڵۆزو ناسکی ئەمڕۆی کوردستانی عێراق بکات.

سەرکەوتوبێت ویستی ئازادیخوازانەی گەلەکەمان

حیزبی شیوعی کوردستان – عێراق

یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان

پارتی کاری سەربەخۆی کوردستان

بزوتنەوەی میللی کوردستان

بزوتنەوەی دیموکراتی ئاشوری

هەولێر

١٩٩٧/١٢/٧

[٣٩]ئەم بریارە ٩٨٦و لە بەڵگەنامەکەدا بەهەڵە نوسراوەبریاڕی ٩٨٧

## بەڵگەنامەی ژمارە (١٠)
## بەناوی خوای بەخشندەو میهەرەبان

پاش ڕێزو سڵاو

بەڕێزان من وەک هاوڵاتیەکی بێ لایەین و کوردپەروەر حەزەکەم پرۆژەیەکی ئاشتبونەوەو ڕێکەوتن پێشکەش بە هەردوو لایەنی ناکۆک پارتی و یەکێتی بکەم بەهیوای ئەوەی ئاشتییەکی عادیلانە بۆ هەردوولاو سەرجەم کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دابین بکات ئەگەر بۆ فەترەیەکی ئینتقالیش بێت هەر باشە هەتا متمانە ئەگەڕێتەوە بۆ هەردوولاو زەمینە خۆش دەبێ بۆ هەڵبژاردنێکی ئازاد لە سەرتاسەری کوردستاندا. لەڕاستیدا هەتا ئێستا کۆمەڵێک پرۆژە پێشکەش کراوە لە هەموو لایەکەوە بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەکەو نەگەیشتونەتە ئەنجامبەڵام ئەم پرۆژەیەی من زۆر جیاوازە لەوان لەبەر ئەوەی وەک شێوە فدراڵییەک وایە لە بەینی هەردولاداو لە هەمان کاتدا یەک پەرلەمان و یەک حکومەتی ائتلافی مشترک ئەیان بەستێتەوە بە یەکەوە واتە هەر لایەک سەربەخۆیی ئیداری و ئابوری و عەسکەری خۆی پارێزراو ئەبێ لەو ناوچانەیکە لە ژێر دەسەڵاتی خۆیدایەو لایەنەکەی تر بۆی نیە تەداخل لە ئیش و کاری بکات وە ئەم شێوە حوکمەش بەلاتانەوە غەریب نەبێ و لە هەندێ وڵاتانی جیهاندا پەیڕەوی کراوەو ئێمە لێرەدا مەبەستمان ئەوە نییە خوانەخواستە کوردستان دابەش بکەین بەڵام بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستان کە شەڕی ناوخۆی تێدا بەرپا بووە وا ئەخوازێ کە ئەم ڕێگە چارەیە بگرینە بەر بۆ ماوەیەک هەتا زەمینە خۆش دەبێ بۆ چارەسەری کێشەکان و کۆتاییهێنان بە شەڕی ناوخۆو ڕزگارکردنی ئەزمونەکەمان لە شکست و دورخستنەوەی دەوری دەوڵەتە ئیقلیمیەکان لە کوردستان و گەڕانەوەی متمانەی خەڵکی کوردستان بە پەرلەمان و حکومەتی هەرێم. ئەوکاتە پەرلەمانیش دەوری خۆی دەبینێ بۆ کۆکردنەوەی هەموو ئەو دەنگانەی کە لە لایەنەجیاجیاکانی ناو پەرلەمانەوە دەردەچن بۆ ڕاوێژکردن لەسەر ئەو بڕیارە گشتیانەی کە هەموو لایەک

پەسەندی ئەکەن و هەروەها ڕاوێژکردن لەسەر ئەو مەسەلانەی کە چارەنوسی گەلی کورد دیاری دەکەن یاخود خەتەر دروست دەکە لەسەر ئەزمونەکەمان.

هەروەها خۆشتان ئەزانن لە سەرەتای دروستبونی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان لەکاتی (٥٠به٥٠)کەدا ئیدارەی هەولێرو دهۆک درابوو بە پارتی و ئیدارەی سلێمانی و کەرکوکیش درابوو بە یەکێتی، ئێستاش ئەبینین بەپێی ئەو دابەشبوونەی ئێستا هەولێرو دهۆک لەژێر دەسەڵاتی پارتیدایەو سلێمانی و کەرکوکیش لەژێر دەسەڵاتی یەکێتیدایە واتەڕوبەری ئەو خاکەی کە لەژێر دەستی پارتیدایە تەقریبا بەقەدەر ئەو ڕوبەرەیە کە لەژێر دەستی یەکێتیدایە هەروەها لە بارەی چڕی دانیشتووانەوە ئەتوانین بڵێین جیاوازییەکی کەم بەدی ئەکرێ واتە لەبارەی ڕووبەری زەوی و چڕی دانیشتوانەوە (٥٠به٥٠) دابەش بووەو کێشەیەکی وا نییە لە نێوانیاندا تەنها پێویستیان بە پەرلەمان و حکومەتێکی ائتلافی مشترک هەیە کە ئەو دوو ئیدارە جیاوازە ببەستێ بە یەکەوەو یەک مەڵبەندی بڕیار دروست بکات لە کوردستاندا. لە هەمان کاتدا پێشبڕکێیەک دروست ئەکات لە نێوان ئەم دوو لایەنەدا کە لەو ماوەیەدا کامیان خزمەت بە کۆمەڵانی خەڵک دەکەن لە سنوری دەسەڵاتی خۆیاندا کورد واتەنی برامان برایی و کیسەمان جیایی.

بەڕێزان دەقی پرۆژەکە لەم خاڵانەی خوارەوەدا ڕوون کراوەتەوە: -

درێژەدان بە ئاگربەستێکی فعلی لە نێوان هەردوولاداو ڕێکە نەدرێ بە هەندێ لایەنی غەیری یەکێتی و پارتی ئاگربەست پێشێڵ بکات هەر لایەنێئەوەی کرد تاوانبار بکرێ.

بەرەڵاکردنی هەموو دیلەکانی شەڕ لە هەردوولاو ئازادکردنی گیراوە سیاسیەکان کە بەهۆی شەڕی ناوخۆ یان لایەنگیری کردن بۆ یەکێ لەم دوو حزبە گیراون،ئازاد بکرێن.

گەرانەوەی ئاوارەکانی هەولێرو سلێمانی بۆ شاری خۆیان هەرکەسە بۆسەر موڵک و ماڵی خۆی و ئەوی لێی زەوت کراوە بۆی بگەڕێتەوە و ڕێزی لێبگیرێ.

ئەوەش کە ناگەڕێتەوە موڵک و کاڵەکەی ئازاد بکرێ و بخرێتە ژێر تصرفی خاوەنەکەی.

دیاریکردنی سنوری دەسەڵاتی هەرلایەک لەو ناوچانەدا کە ئێستا لەژێر دەستیاندایە، هیچ لایەنێک بۆی نەبێ چەکداری خۆی بە ڕێگەی نامەشروع یان بە دزییەوە ببێرێتە ناوچەی دەسەڵاتی ئەوی ترەوە هەوەها خەڵکانی لایەنگری یەکێ لەو دوولایەنە بۆیان نەبێ چالاکی حزبی و ڕێکخستتی و چەکداری بکات لە سنوری دەسەڵاتی ئەوی تریاندا ئەگەر کردی ئەو لایەنە بۆی هەبێت بەدی بکات و بە شێوەی یاسایی دادگایی بکات بەڵام هەموو کەسێک ئەبێی ئازاد بێ لە بیرو باوەڕداو بۆی هەبێت لایەنگرییەکێ لەم دوو حزبە بکات لە سنوری ئەوی تردا بەمەرجێ چالاکی حزبی و چەکداری نەکات.

هەریەک بەرگری لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی دەکات لەکاتی ڕوبەڕوبوونەوە لەگەڵ هەر هێزێکی داگیرکەرو ناحەزدا لەهەمان کاتدا ئەتوانی مەکتەبێکی عەسکەری مشتر دروست بکرێ بۆ تەنسیق کردن لە نێوانیاندا ئەگەر لایەک لە کاتی ڕوبەڕوبونەوی دوژمن شکستی هێنا لایەکەی تر بتوانێ بە ژمارەیەک چەکداری خۆی یارمەتی بداو دوای تەواوبونی شەڕەکە یەکسەر بگەڕێتەوە سنوری دەسەڵاتی خۆیان بەو مەرجەی ئەو یارمەتیدانە بڕیاری پەرلەمانی لەسەر بێ بە زۆربەی دەنگ.

بە نیسبەت ئەو کەسانەی کە خەڵکی هەولێرن و چەکداری یەکێتین لە سلێمانی ئەتوانن لە کاتی مۆڵەتدا چەکەکانیان لە شوێنی خۆیان تەسلیم بکەن و بە وەرەقەی مۆڵەتی ڕەسمی هێزەکانیان هەروەها بە تەنسیق لەگەڵ (لق)ی پارتی لە سلێمانی کە نوێنەری پارتییە لە سلێمانی وەرەقەش لەوان وەربگرنبۆ سەیطەرەکانی ڕێگا بۆ ئەوەی بتوانن ماوەی مۆڵەتی خۆیان لەناو کەس و کاریان بەسەر بەرن بەهەمان شێوەش ئەوانەی کە چەکداری پارتین لە هەولێرو خەڵکی سلێمانیین بتوانن بە وەرەقەی مۆڵەت ڕەسمی پارتی و مەڵبەند لە هەولێر کە نوێنەری یەکێتییە ماوەی مۆڵەتەکەیان لەناو کەس و کاریان لە سلێمانی بەسەر بەرن.

پێکهێنانی پەرلەمانێکی ائتلافی مشترک لە پارتی و یەکێتی و ئاشوری و لایەنەکانی تر واتە دابەشکردنی ژمارەی پەرلەمانتارەکان بەسەر سێدا لەم سێ

بەشەش بەشێکی پارتی بێ و بەشەکەی تر یەکێتی و بەشی سێهەم لە ئاسوری و لایەنەکانی تر پێکبهێنریو هەروەک جاران سەرۆکی پەرلەمان پارتی بێ و جێگرەکەی یەکێتی بێ.

پێکهێنانی حکومەتێکی ائتلافی مشترک لە پارتی و یەکێتی و ئاشوری و لایەنەکانی تر بەهەمان شێوە دابەشکردنی ژمارەی وەزارەتەکان بەسەر سێدا لەم سێ بەشە ژمارەیەک لە وەزارەتەکان وەزیرەکانی پارتی بن و جێگرەکانی یەکێتی بن ژمارەی دووهەم لە وەزارەتەکان وەزیرەکانی یەکێتی بن و جێگرەکانی پارتی بن ژمارەی سێهەم لە وەزارەتەکان بدرێ بە ئاشوری و لایەنکانی تر بەمەرجێ وەزیرو وەزیرو جێگر لە هەمان حزب بێ بۆ نمونە ئەگر وەزیری وەزارەتێشیوعی بوو ئەبێ جێگرەکەشی هەر شیوعی بێ هەوەها هەر وەکو جاران سەرۆک وەزیران یەکێتی دەبێ و جێگرەکەی پارتی دەبێ. بەڵام خاڵی گرنگ لەم پرۆژەیە ئەوەیە ئەو وەزارەتەی کە وەزیرەکەی پارتیە و جێگرەکەی یەکێتیە وەزیرە پارتییەکە کاروباری وەزارەتەکە ئەبات بەڕێوە لە سنوری دەسەڵاتی پارتیداو وەک وەزیرێکی سەربەخۆ کاردەکات و عەلاقەی بە جێگرەکەیەوە نییە و لەهەمان کاتدا جێگرەکەی کە یەکێتییە کاروباری هەمان وەزارەت ئەبات بەڕیوە لە سنوری دەسەڵاتی یەکتیدا وەک وەزیرێکی سەربەخۆو عەلاقەی بە وەزیرە پارتییەکەوە نییە بەهەمان شێوە ئەگەر وەزیرەکە یەکێتی بوو جێگرەکەی پارتی بوو ئەوە هەریەکەیان لە سنوری دەسەڵاتی حزبەکەیدا وەزارەتی خۆی بە سەربەخۆیی ئەبات بەڕیوە بەڵام ئەو وەزارەتەی کە بەدەست لایەنەکانی غەیری یەکێتی و پارتییەوەیە بۆ نمونە ئەگەر وەزارەتی تەندروستی بدرێ بە حزبی شیوعی ئەوا وەزیرەکەش و جێگرەکەشی لە هەمان حزب دەبێ وەزیری تەندروستی کاروباری وەزارەت لە سنوری پارتی دەبات بەرێوە لە هەمان کاتدا جێگرەکەشی کە شیوعییە وەزارەتی تەندروستی ئەبات بەڕێوە لەسنوری دەسەڵاتی یەکێتیدا بە سەربەخۆیی و هیچ پەیوەندی بە وەزارەتەوە نابێ. یان ئەتوانێ هەر لایەنێ لە سنوری دەسەڵاتی خۆیدا ژمارەیەک وەزارەت بدات بەو حزبانەی لەسنوری خۆیدا نفوسیان هەیە. بەو شێوەیە کوتلەیەکی وەزاری مشترک لە پارتی و لایەنەکانی غەیری یەکێتی لە هەولێر دروست دەبێ جێگری سەرۆکوەزیران کە پارتییە دەوری سەرۆک

وەزیران دەبینێ لە سنوری دەسەڵاتی پارتی دا بۆ بەڕێوەبردنی ئەو کوتلە وەزارییە. بەهەمان شێوە کوتلەیەکی وەزاری مشترک لە یەکێتی ولایەنەکانی تری غەیری پارتی لە سلێمانی دروست دەبێ سەرۆک وەزیران کە یەکێتییە دەوری سەرۆک وەزیران دەبینێ لە سنوری دەسەڵاتی یەکیتیدا بۆ بەڕێوەبردنی ئەو کوتلە وەزاریە هەروەها ئەوانەی کە وەزیرن لە پێناوی وەزارەتەکانیان ئەنوسرێ وەزارەتی فلان بەڵام ئەوانەی جێگری وەزیرن لە بینای وەزارەتەکەیان ئەنوسرێ بریکاری وەزارەتی فلان.

بەنسبەت شوێنی دانیشتنی سەرەک وەزیران و جێگرەکەی ئەتوانرێ بینایەک لە هەولێر تخصیص بکرێ بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کە هەردوو سەرۆک وەزیرو جێگرەکەی تێیدا دابنیشن ئاساییە کە جێگرەکەی کە پارتییە بە بەردەوامی لەو بنایەدا دەوام ئەکات چونکە سنوری دەسەڵاتی خۆیەتی بەڵام سەررۆک وەزیر کە یەکێتییە ئەتوانێ ١٥ رۆژ لەو بینایەدا دەوام بکات لە هەولێر ١٥ رۆژەکەی تری لە سلێمانی دەوام بکات لە بینایەکی تایبەت بە سەرۆکایەتی ئەنجومەی وەزیران بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری وەزارەتەکەی لە سنوری دەسەڵاتی یەکێتیدا یان ئەتوانێ لە سلێمانی دابنیشێ بەردەوام.

گەڕانەوەی تەنها یەک (لق)ی پارتی بۆ ناو شاری سلێمانی بە ژمارەیەکی دیاریکراو لە مەسئول و حیمایە وەک نوێنەرێکی پارتی لە سنوری دەسەڵات یەکێتیدا دوور لە چالاکی حزبی و ڕێکخستن و چەکداری بەهەمان شێوە گەڕانەوەی تەنها یەک (مەلبەند)ی یەکێتی بۆ ناو شاری هەولێر بە هەمان ژمارەی دیاریکراو لە مەسئول و حیمایە وەک نوێنەرێکی یەکێتی لە سنوری دەسەڵاتی پارتیدا دوور لە چالاکی حیزبی و ڕیکخستن و چەکداری.

گەڕاندنەوەی تەنها یەک ئیزاعەو ڕادیۆو تەلەفزیۆنی پارتی بۆ ناو شاری سلێمانی لەبەرامبەر گەڕانەوە یەک ئیزاعەی ڕادیۆو تەلەفزیۆنی یەکێتی بۆناو شاری هەولێر هەردوولا بە ژمارەیەکی دیاریکراو لە چەکدرای سەر بەو لایەنەی کە خاوەن ئیزاعەکەن حیمایە بکرێن و ئەبێ ئەم ئیزاعانە دور بێت لە پڕوپاگەندەو وروژاندنی هەستی خەڵک بە نارەوا.

بەنیسبەت داهات کوردستانەوە سێ ڕێگە چارە دانراوە کامیان بە چاک دەزانن ئەتوانن کاری پێبکەن.

ا. دانانی لیژنەیەک لە برادەرانی یەکێتی لە خاڵی گومرگی ئیبراهیم خلیلدا بۆ دیاریکردنی داهاتی ئەو خاڵە گومرگیەو تحویلکردنی پارەکەی بۆ بانقێکی تایبەتی لە شاری هەولێردا مانگانە لەو داهاتە نسبەتێ بدرێ بە وەزارەتی مالیەی کە لە سنوری دەسەڵاتی یەکێتیدایە کە ئەو نسبەتە ٢٥% کەمتر نەبێ و ٤٠% زیاتر نەبێ کە ئەمە قابیلی وتوێژکردنە لەسەر بۆ دیاریکردنی ئەو نیسبەتە بە مەرجێ صرف بکرێ بۆ موچەی موچەخۆران لە سنوری دەسەڵاتی یەکێتیداو ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکە.

ب. پارتی ئەگەر خاڵی –أ- بە گونجاو نەزانێ ئەتوانێ لەبەرامبەر ئەوەدا مانگانە لە داهاتی ابراهیم خلیل موچەی مامۆستایان و فەرمانبەران تحویل بکات بۆ ئەو وەزارەتە مالیەی کە لە سنوری دەسەڵاتی یەکێتیدایە بۆ دابینکردنی موچەکانیان لە کاتی خۆیدا.

ج. یان دەتوانرێ خاڵی گومرگیەکان لە سەرانسەریکوردستاندا هاوبەش بێ لە برادەرانی یەکێتی و پارتیتحویلکردنی داهاتەکان بۆ بانقی هەرێم لە هەولێرو دابەشکردنی ئەو داهاتە لە نێوان هەردولادا بە نسبەتێکی معقول کە ئەتوانرێ بە مناقەشە دیارییکرێ.

لە کۆتایدا داوا لە بەرێزان مەکتەبی سیاسی هەردولایەن دەکەم کە ڕاو بۆچونی حزبەکانیان لە بارەی ئەم پرۆژەیەوە ئاشکرا بکەن بە نوسراوێ بۆ ئەوەی ئەگەر بیروڕای هەردولایان نزیک بوو لە یەکەو بتوانرێ موعدێ دابنرێ بۆ کۆبونەوە مەکتەبیی سیاسی هەردولا لە جێگەیەک بۆ موناقشەکردنی پرۆژەکەو گەیشتن بە ئەنجامێکی چاک بە پشتیوانی خواو هەوڵیدڵسۆزان وەمن شەخصی خۆم وەک وەسیطێ ئامادەم لە بەینی هەردوولادا هاتوچۆی هەولێرو سلێمانی بکەم بۆ گەیشتن بە ئەنجامێکی چاک.

هاوڵاتی بێلایەن

برهان احمد صالح

فەرمانبەر

لە کارگەی چیمەنتۆی سەرچنار

١٩٩٧/٨/١٩

ڕونکردنەوەیەک

ڕونکردنەوەیەک لە لایەن دانەری پرۆژەکە

بەڕێزان لەوانەیە هەندێ کەس پرسیار بکەن بۆچی لە دابەشکردنی داهاتی ابراهیم خلیلدا جیاوازییەک هەیە واتە لایەک زیاترو ئەوی تر کەمتر لە وەلامدا ئەلێم لەبەر ئەوەی ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی پارتی ئەگەر داهاتی ابراهیم خلیلی لێدەربکەی ئەوا داهاتەکانی تری کەمتر دەبێ لە داهاتی ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی یەکێتی و لە هەمان کاتدا لەوانەشە چڕی دانیشتوان و موچەخۆران کەمێ زیاتر بێ تیایدا بەلام ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی یەکێتی ئاوەدان ترەو مشاریع و معاملی زیاتر تێدایە وەک سەرچاوەی کارەباو چیمەنتۆو هەندێ شتی تر لەبەر ئەوە جیاوازییەکە بۆ ئەوەیە کە تعویضی ئەو فەرقە بکات نەک انحیاز و مجامەلەکردنی لایەک چونکە ئەو کەسەی ناوبژی ئەکات ئەبێ بێلایەنانە بە پێی بەرژەوەندی هەردولا پرۆژە داڕێژێ نەک عاطفیانە بیربکاتەوە. هەروەها ئەوەی لە پرۆژەدا ئەنوسرێ سەنەد نییە بۆ هیچ لایەک بەلکو مناقەشەی لەسەر ئەکرێ لە لایەن هەردوولاوەو قابیلی کەم و زیادکردنە لە هەمان کاتدا لەوانەیە هەندێ حالەتی تیابێ خۆشم پێمخۆش نەبێ بەلام بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستان وا ئەخوازێ و هیچ ڕێگرییەکی ترمان لەبەردەمدا نیە پیابڕۆین بەلام ئەم ڕێگەیە ئەگەر هەندێ کەم و کوڕیشی تیابێ مادام نیەتمان چاکەبی بەرەو ئاشتی و ڕزگارکردنی ئەزمونەکەمان ئەبات من بەڕاستی ئەزانم و شانازی پێوە ئەکەم وە هیوادارم ئەگەر پرۆژەکە سەریگرت و جێبەجێ کرا ئەوا لە داهاتودا هەولی جدی بدەین و هەنگاوی کوردانە بنێین بۆ ڕاستکردنەوی هەندێ حالەتینائاسایی و یەکگرتنەوەی ئیدارەکان بەهۆی هەلبژاردنێکی ئازادەوە و چەسپاندنی ئاشتی و برایەتی لە سەرتاسەری کوردستاندا.

بەڕێزان ڕەنگە هەندێ کەسی تر ئەو پرسیارە بکەن بۆ دوو ئیدارەیی جیاواز هەبێ لە کوردستاندا بۆ یەک ئیدارەی هاوبەش نەبێ.

لەوەلامدا ئەلێم ڕابردووی ئەم چەند سالەی کوردستان بە تایبەتی لە کاتی (٥٠ *٥٠)کەدا ئەوەی سەلماندووە کە دوو لایەنی جیاواز ناتوانن لە یەک ئیدارەی

هاوبەشی وەک یەک بە یەک هاوسەنگی دەسەڵات حوکم بکەن چونکە لە جیهاندا ئەم حاڵەتە بەو شێوەیە پیادە نەکراوەو لای خۆشمان سەلمێنراوە کە جێگری وەزیر ئەبێ بە ڕێگری وەزیرو ئیش و کارەکان لە نێوان هەردوولادا پەنگ ئەخواتەوەو هەر لایەک بۆچونی تایبەتی خۆی هەیە لە بەرژەوندی حزب و شێوەی بەڕیوەبردندا هەتا لە حوکمە هاوبەشی ائتلافیشدا هەمان حاڵەت دوبارە ئەبێتەوە چونکە وەزیرو جێگرەکەی لە دوو لایەنی جیاوازەوە سەرچاوە دەگرێ و سەربەخۆیی تەواویان نابێ لە هەڵسوڕانی کاروبارەکاندا چونکە لەوانیە لایەنی بەرامبەر لە هەندێ حاڵەتدا معارضە بکات لەو کارانەی کە بەدڵی نییە یان لەگەڵ بەرژەوەندییان نەگونجێ ئەمەی سەرەوەش مەبەستم لەو حوکمە ئیئتلافە هاوبەشەیە کە یەک ئیدارەی هاوبەش حوکم بکات.

بەلام ئەو دوو ئیدارە جیاوازەی لە پرۆژەکەدا رێ و شوێنی بۆ دانراوە زۆر واقعیترو گونجاوترە و لە جیهاندا پیادە کراوە چونکە دوو لایەنی جیاواز ئەگەر بیانەوێ بە یەک هاوسەنگی دەسەڵات حوکم بکەن ئەوا ئەبێ لە دوو ڕوبەری جیاوازو دوو ئیدارەی جیاوازدا حوکمبکەن لەژێر سایەی یەک پەرلەمان و یەک حکومەتی ائیتلافی مشترک ئەگەر وانەبێ ئەبێ لایەک ساحەی حوکم چۆڵ بکات بۆ ئەویتریان کە ئەمەش زۆر مەحاڵەو هیچ لایەک ئەو ئامادەییەی تیادا نیە بە هەڵبژاردنێکی ئازاد نەبی کە لایەک دەرچێ بە تەنهاحوکم بکات لە هەمان کاتدا هەڵبژاردن لەم ساتە وەختەدا کە هەردوولا لە حاڵەتی شەڕدان هەر مەحاڵە چونکە هەڵبژاردن ئاشتییەکی پێشوەختی ئەوێ بۆ خۆئامادەکردن و دابینکردنی پێویستیەکانی.

لەگەڵ رێزو سوپاسم بۆ هەموو لایەک و ئەگەر هەڵەیەک لە بۆچونەکانم دا هەبێ ئەوا داوای لێبوردن ئەکەم لەگەڵ رێزدا.

برهان احمد

١٩٩٧/٨/١٩

## بەڵگەنامەی ژمارە (١١)

## یاداشتنامەی ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی شاری سلێمانی [٤٠]

تەنها ئاشتی ئەڵتەرناتیقە بۆ کوردستان

بۆ/سەرجەم جەماوەری کوردستانی بەشەرف

بۆ/بەڕێزان: مام جەلال تاڵەبانی سکرتێری یەکێتی نیشتیمانی کوردستان

کاک مسعود بەرزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان

بەڵگە نەویستە کە بەردەوامی شەڕی خۆکوژی، تەنها قازانجی دوژمنانی تێدایەو زەرەری سەرجەم گەلی کوردستانە.

ئەو شەڕەش دەرەنجامی زۆر خراپی لێ کەوتوەتەوەو کێشەی میللەتەکەمانی لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە توشی پاشەکشە کردووە، وە دەستکەوتەکانی گەلەکەمانی ڕووبەڕووی مەترسیەکی خەتەرناک کردووەتەوە.

لەو ڕوانگەیەوە دەست پێشخەریە ئاشتیخوازەکانی هەردوو لایەنی بەشەڕ هاتوو، هەوڵەکانی حیزبە کوردستانیەکان و هاوڕی عزیز محمد جێی خۆشخاڵیەو بەربەستێکە لەبەردەم هەموو دەست تێوەردانە هەرێمایەتیەکاندا.

هەنگاونانی بەپەلەش بۆ گەڕانەوەی متمانەی نێوان هەردوو حیزب لەسەر ئاستی سەرکردیەتی و ناوەندە حیزبیەکانیان ئەرکی بەپەلەیە بۆ سەرکەوتنی هەنگاونانی ئاشتی.

هەر بۆیە ئێمە لێرەوە داوا لەسەرجەم جەماوەری کوردستان دەکەین لە پێناو ئاشتی و ئاشبونەوەی گشتی ڕیزەکانیان یەک بخەن پشتیوانی لەو هەوڵ و کۆششە ئاشتی خوازانانە بکەن وە تێکۆشانی بۆ بکەن لەم یاداشتنامەیەدا ئەم داواکارییە دەست بە جێیانە دەخەیە بەردەم هەردوو بەڕێزان: کاک مسعود بەرزانی و مام جەلال تاڵەبانی بۆ جێبەجێکرنی:

---

[٤٠] ڕێکخراوە جەماوەرییەکان کە زیاتر بوون لە ١٥ ڕێکخراو، پێکهاتبوون لە کۆمەڵێک لە دەستەو ڕێکخراوەی جیا جیای شاری سلێمانی، کە پێکەوە کۆبونەوەیان دەکردو هەڵوێستیان دەردەبڕی لە بەرامبەر ڕوداوە هەنووکەیەکان. ئەمانە ڕێکخستن و دامەزراوەو پەیڕەوێکی دیاریکراوییان نەبوو. بەڵکو ڕوداوو پێشهاتەکانی ڕۆژ کۆیدەکردنەوە.

دەستبەجێ ڕاگواستن و ڕاوەدونانی لایەنگران و هەوادارانی یەکتری ڕابگیرێ.

سانسۆر لەسەر هاتووچۆکردن هەڵبیگرێ و هاتوچۆکردن ئازاد بکرێت.

زیاتر پشت بە هەوڵە ئاشتی خوازانە ناوخۆییەکان ببەسترێ و سود لە هەوڵە دەرەکیەکان وەربگیرێ.

هیچ لایەنێکی کەی کوردستان نەکرێتە سوتەمەنی بۆ ئاشتی لە کوردستاندا.

جارێکی تر دواکارین جەماوەری کوردستان هەوڵ و کۆششی شێلگیرانەی خۆیان بخەنە گەڕ بۆ سەقامگیر کردنی ئاشتی.

یەکێتی لاوانی دیموکراتی لە کوردستانی عێراق
یەکێتی گشتی قوتابیانی کوردستان – لقی سلێمانی
یەکگرتوی قوتابیانی ئیسلامی کوردستان – لقی سلێمانی
یەکێتی ژنانی کوردستان – لقی سلێمانی
کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان
یەکێتی ئافرەتانی سۆسیالیست – لقی سلێمانی
یەکگرتووی خۆشکانی ئیسلامی – لقی سلێمانی
ئەنجومەنی باڵای جەماوەری سلێمانی
کۆمیتەی خوێندکاران و لاوانی دیموکراسی خواز
بزاڤی خوێندکاران و لاوانی کوردستان – ناوەندی سلێمانی
کۆمیتەی بەرگری لە داخوازیەکانی جەماوەر
یەکێتی پێشەنگای کوردستان – لقی سلێمانی
یەکێتی قوتابیانی ئیسلامی – لقی یەک
کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی حیزبی شیوعی کوردستان
یەکێتی لاوانی تورکمان – عێراق
کۆمەڵەی زیندانە سیاسیەکانی حیزبی شیوعی کوردستان
یەکێتی لاوانی دیموکراتی ئێراق
کۆمەڵەی پاراستنی مافی مناڵان

## بەڵگەنامەی ژمارە (١٢)

## ڕاگەیاندنێکی هاوبەش لەیادی گەردەلولی تۆڵەدا[٤١]

پاش ئەوەی لەسەر بانگێشتی ڕەسمی خیانەتکارانی پارتی لە٣١ی ئابی ١٩٩٦ سوپای ڕژێمی بەعس هەولێری پایتەختی داگیرکردو لەمێژووی گەلی کوردستاندا گەورەترین خیانەت لەئەرشیفی پارتیدا تۆمارکرا، ئەوا هەلومەرجی کوردستان و دەسکەوتە مێژووییەکانی کەوتە بەر مەترسییەکی چارەنوس ساز.

ساڵێک لەمەوبەر و لەئەنجامی تێکچونی هاوسەنگی هێزەکان وەک قۆناغێکی پێویستی سەربازی، تەواو هێزە نیشتیمانیە خاوەن هەڵوێستەکان بەرەو ناوچە ستراتیژیەکان کشانەوە و لەماوەیەکی کەمدا خۆیان ڕێکخستەوەو پاشان لەکەمترین دەرفەتدا بە هەماهەنگی و پشت ئەستور بە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و بە هێزی بەرگری لەدەستکەوتەکانی ڕاپەڕین لەژێر ناوی گەردەلولی تۆڵەدا شارو شارۆچکەکانی کوردستانی لەدوژمان و خائینان پاککردەوە، بەمەش بۆ دۆست و دوژمنان سەلمێنرا کە بزوتنەوەی کوردستان لەهەر هەلومەرجێکدابێ لەتوانایدایە کە بەرگری لەدەستکەوتەکانی خۆی بکاو پیلانە یەک لەدوای یەکەکانیش تێکبشکێنێ. دیارە لەماوەی پاش گەردەلولی تۆڵەشدا زەمینەیەکی نوێ خولقایەوە کە تێیدا خزمەت بە ڕەوشی کوردستان بکرێت و تەواوی کەم و کوری و گیروگرفتە ناوخۆییەکانی کوردستان چارەسەر بکرێت و ئاشتیەکی هەمیشەی تیدا بچەسپێنرێ، کەچی پارتی تەنها لەگەورەبوونی قەیرانەکاندا نەبێت تا ئێستا ملی بۆ ئاشتی و ئیرادەی کۆمەڵانی

---

[٤١] گەردەلولی تۆڵە: لەدوای ڕووداوەکانی ٣١ی ئابی ١٩٩٦ و شکانی (ی.ن.ک) هێزەکانی (ی.ن.ک) و سەرکردایەتیەکەی ڕویانکرە شوێنێک لەسەر سنورنی ئێران بەناوی (قاسمە ڕەش). یەکێتێ لە ڕێگەی وەرگرتنی یارمەتی لە ئێران هێرشی بۆسەر (پ.د.ک) دەست پێکردەوە. (ی.ن.ک) و هاوپەیمانەکانی لە ماوەیەکی کەمدا ناوچەکانی شارباژێڕ پێنجوێن و دەربەندیخان و دوکان و قەراخ و تەواوی ناوچەکانی سلێمانی گیرایەوە. ئەم هێرشەی (ی.ن.ک) بۆ سەر (پ.د.ک) لە سەرەتای تشرینی دووەمی ١٩٩٦ دەستی پێکرد و ناوی لێنرا (گەردەلولی تۆڵە)، مام جەلال: دیداری تەمەن، ئامادەکردنی: سەلاح رەشید،چاپخانەی کارۆ، بەشی دووەم، چاپی سێیەم٢٠١٧، لا٢٥٥-٢٥٦.

خەڵکی کوردستان دانەناوەو بەهۆیەوە ئاڵۆزیەکانی کوردستان درێژەی کێشاوە.

بۆیە لەم یادەدا ئێمەی لایەنە نەتەوەییەکانیش داوا لەکۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و تەواوی هێزە کوردستانیەکان دەکەین کە چاوی خۆیان لەئاست ئەو ڕاستیانە نەنوقێنن و بەیەکیەتیەکی پتەو خۆیان ڕێکخەن بۆ لەگۆڕنانی پیلانەکانی دوژمنان و نۆکەران و خائینان، کە دیارە لەبەرامبەردا سەرکەوتنی ئیرادەی پۆڵاینی گەل و نەتەوە لەتەواوکردنی قۆناغەکانی گەردەلولی تۆڵە بە یەکیەتی ڕیزەکانی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان بەرجەستە دەبێ.

سەروەری بۆ شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کوردستان

نەفرەت لەخیانەت و خۆبەدەستەوەدان

پلاتفۆڕمی نەتەوەی کوردستان P. N. K

حزبی ڕزگاری کوردستان P. R. K [٤٢]

یەکیەتی نەتەوەی دیموکراتی کوردستان - سەرکردایەتی کاتی Y. N. D. K[٤٣]

١٩٩٧/١٠/١٠

---

[٤٢] حزبی ڕزگاری کوردستانK. P. R : ئەم حزبە لە ١٥ئابی١٩٩٣ دامەزراوە، بە سەرۆکایەتی ڕێکار ئەحمەد، هەر بەهۆی شەڕێ ناوخۆ و ململانێی سیاسی لە کوردستان، ئەم حزبە بۆتە دووباڵ: باڵی ڕیکار ئەحمەد، باڵی زید مەحمود. دواتر بەشێکی کادیرانی باڵەکەی ڕێکار ئەحمەدیش چوونە لای باڵی زید مەحمود.لە ساڵی ١٩٩٩ باڵەکەی زید مەحمود لە هەولێر خۆی وەک حزبی ڕزگاری ڕاگەیاند. یەکەم کۆنگرەی لە سەرەتای مانگی کانوونی دووەم/٢٠٠١ بەست، لە کۆنگرە ئەنجومەنێکی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا کە زید مەحمود بووە سکرتێری حزب. محەمەد فاتیح، لا١٧٤.

[٤٣] یەکیەتی نەتەوەی دیموکراتی کوردستان -سەرکردایەتی کاتیYNDK: حیزبێکی باشووری کوردستانە. لەلایەن دکتۆر سیروانەوە لە ساڵی ١٩٩٥ دمەزراوە. دوای کوژرانی دکتۆر سیروان لە شەڕی ناوخۆدا، غەفوور مەخموری بوو بە سکرتێری گشتی. حیزبەکە لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٥ی کوردستاندا و ١ کورسیی بەدەست هێنا لە پەرلەمانی کوردستاندا. مەڵپەڕی یەکیەتی نەتەوەی دیموکراتی کوردستان، (WWW.YNDK.COM

## بەڵگەنامەی ژمارە (١٣)

## بەیاننامەی مەکتەبی سیاسی پارتی پارێزگارانی کوردستان[٤٤]

## لەیادی دووهەمین ساڵڕۆژی کارەساتی کەلەکێن

جەماوەری بەشەڕەفی کوردستان...

خەمخۆرو ئاشتیخوازانی میللەتەکەمان...

پارتی پارێزگارانی کوردستان وەکو حزبێکی سیاسی سەر گۆڕەپانی خەباتی شەڕەف و کوردایەتی لەسەرەتای دروست بوونیدا تاکو ئێستا هەمیشە خەمخۆری جێبەجێکردنی خواست و ویستی خەڵکی بەشەڕەف و کۆڵنەدەری کوردستان بووە.. بە گیانێکی پڕ لەبرایەتی و تەبایی و خۆنەویستی هاتۆتە کۆڕی خەبات و کوردایەتی. بە نەفەسێکی تازەو خۆڕاگرو پشتئەستور بە ئیرادەی توندو پۆلاینی میللەتەکەمان. بە بڕوایەکی تەواو بە حەتمیەتی سەرکەوتنی خواست و ئیرادەی جەماوەر لەئاشتیەکی شەرعی و عادیلانەدا..

بۆیە لەیەکەم ڕۆژی هەڵگیرساندنی شەڕی شوم و دژواری ناوخۆ، حیزبمان بەهەموو هێز و توانایەکیەوە خۆی خستە گەڕ بۆ کوژاندنەوەی ئاگری ئەم دۆزەخە کاولکارەوماڵوێرانیە.

پارتی پارێزگارانی کوردستان یەکێک بوو لەحیزبەکانی ناو لیژنەی هاریکاری کوردستان. کە زۆر بە ڕوون و ئاشکرا دەوری بەرزو جوامێرانەی هەموو لایەنەکانی تیادا دیار بوو.. بەڵێ بەدرێژای ئەو شەڕە جەرگبڕە تاکو ڕۆژی ١٩٩٦/٦/١٦ کە خەڵکی هەژارو بێ دیفاعی گوندی کەلەکێن، بە پیرو ژن و منداڵ و پەککەوتوو خرانە ژێر لافاوی چەکدارەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان.

---

[٤٤] پارتی پارێزگارانی کوردستان: ئەم پارتە لەساڵی ١٩٩١ دامەزراوە و حسین سورچی ئەمینداری گشتی پارتەکە بوو. زۆربەی ئەندامان و لایەنگرانی ئەم پارتە سەر بە عەشیرەتی سورچی بوون و بەشداری پڕۆسەی سیاسی هەرێمی کوردستانیان کردووە. ئەم پارتە تووشی چەندین ململانێنی و دووبەرەکی ناوخۆ هاتووە و تا ڕادەیەکی گەورە لاواز ببوو. محەمەد فاتیح : حزب و ڕێکخراوە سیاسییە عێراقییەکان ، لا ١٧٥-١٧٦.

هێرشی دڕندانەی بە ئاگر و ئاسن، کارێکی کوشندەو تۆقێنەرو نامرۆڤانە بوو. تاوانێک بوو دژ بە ڕاو بیروبۆچونی گشت لایەنە سیاسیەکان دەرحەق بە پاراستنی دەستکەوتەکانی ڕاپەڕین و سەرخستنی پرۆژەکانی ئاشتی لەکوردستاندا کە پارێزگارانیش حزبێک بوو لەو لایەنانە.

کارەساتی کەلەکێن کارێکی ناڕەواو پڕ لەڕوو ڕەشی و شەرمەزاری بوو، بە تایبەت بۆ ئەوانەی کە هەمیشە ئیدیعای کوردایەتی و هەڵگرتنی دروشمی دیموکراتیەت و مافی مرۆڤ و فرەحیزبی دەکەن، پێمان وایە ئاگردانێک بوو بۆ خۆشکردن و جۆشدانی شەڕی ناوخۆ لەوڵاتەکەماندا.

ئێمە لەم یادە دڵتەزێنەدا زۆر بە توندی ڕیسوا و ئیدانەی هەموو کارێکی تۆقێنەرو تیرۆریست و لەشکرکێشی دژ بە میللەتەکەمان دەکەین.

پارتی پارێزگارانی کوردستان لەڕۆژی شەهید کردنی حسەین ئاغای سورچی و هاوڕێکانیدا.. پەرۆشی و پشتگیری خۆی بۆ ویست و خواستی میللەتەکەمان لەئاشتی و برایەتی و تەبایی زۆر بە گەرمی تەئکید دەکاتەوە.

هەروەها خوازیارین کە چیتر کاری کوشتن و گرتن و ڕاوەدوونان و لەشکرکێشی لەناو خاکی کوردستان لەژێر هەر ناوو پاساوێک بێت ئەنجام نەدرێت.

نەفرەت لەکوشتن و گرتن و تیرۆریست و داگیرکەران..

نەمری و سەربەرزی بۆ شەهیدانی کەڵەکین و کوردستان..

هەر سەرکەوتووبێت ئیرادەی گەل لەئاشتی و ئازادی و پاراستنی دەستکەوتەکانی ڕاپەڕین..

پارتی پارێزگارانی کوردستان

سلێمانی ١٩٩٨/٦/١٦

## بەڵگەنامەی ژمارە (١٤)
## لە یادی دوو ساڵەی خیانەتەکەی ٣١ی ئابدا

جەماوەری هەمیشە خۆڕاگری کوردستان

بەیانی (٣١ی ئاب) دووساڵ بەسەر خیانەتە نیشتیمانیەکەی ناسراو بە خیانەتی ٣١ی ئابی ١٩٩٦ تێدەپەڕێ.

دووساڵ لەمەوبەر، لە کاتێکدا کۆبونەوەی ئاشتی لە (لەندەن) لە نێوان یەکێتی و پارتی لە ئارادا بوو، خەڵک و لایەنە سیاسیەکان بە پەرۆشەوە لە چاوەڕوانی چارەسەرێکی سیاسی کێشەکەدابوون، ئا لەو کاتەدا سەرۆکی پارتی لە ڕێگەی نامەیەکی ڕەسمی بۆ دیکتاتۆری بەغدا، هێزەکانی حەرەس جمهوری بە پاڵپشتی سەدان تانک و زرێپۆش بۆ داگیرکردنەوەی شاری هەلێر، پایتەختی کوردستان، بانگێشت کرد.

هێزەکانی ڕژێم بە هاوکاری و چاوساغی چەکدارەکانی پارتی لە پەلاماری هەولێردا، سەرەتا لە چەند لاوە گەمارۆی شاریانداو دواتر کەوتە تۆپبارانێکی دڕندانەو دواجاریش بەهۆی نابەرابەری هێزی پێشمەرگە و هێزەکانی دوژمن و بێ هەڵوێستی حکومەتی ئەمریکا لە ئاست ئەو پەلامارەدا توانیان بۆ شەو هەولێری پایتەختی خۆڕاگری کوردستان داگیربکەن و زەرەو زیانێکی زۆری گیانی و ماڵی لە هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان و هێزە ئۆپۆزسیۆنە عێراقی و خەڵکی بێ دیفاعی شاری هەولێر بگەیەنن، ئەمە وێڕای ئەو زەرەرو زیانە سیاسی و ماددی و مەعنەوییەی کە لەسەرینی ئەو خیانەتەدا بەدەستکەوتەکانی ڕاپەرین و ناوبانگی کورد و ئەزمونەکەی گەیشت، کە تا ئیمڕۆش شوێنەوارە خراپە زیانبەخشەکانی لەنێوخۆو دەرەوەدا نەسڕاوەتەوە.

خەڵکی بەشەرەفی کوردستان

سەرۆکی پارتی بە نیازی چەواشەکردنی ڕای گشتی نێوخۆو دەرەوە و ڕەوای بەخشین بەو هەنگاوەی، تۆپبارانی ئێرانی لەشەڕەکەدا کردە بیانوو لەکاتێکدا هەموو لایەک دەزانن پێشتر لە وەرگرتنەوەی ناوچەکانی چۆمان و

حاجی ئۆمەران و قەسریّ و شەڕەکانی ناوچەی قەلآدیزیّ و دواجاریش لە گرتنی شاری پێنجوێندا، هێزەکانی ئێران لە قازانجی ئەواندا دەخالەتیان کردبوو. ئەمە جگە لەوەی زۆری نەبرد بە بانگێشکردنی ڕەسمی هێزەکانی تورکیا بۆ کوردستان و جاڕدانی شەڕێکی نارەوا دژی بە پارتی کرێکارانی کوردستان (PKK) لە ١٤ی ئایاری ١٩٩٧ دا کە تا ئێستاش ئەو شەڕە لە خزمەتی تورکدا درێژەی هەیە. پارتی لەو بارەوە دەستی کەوتە ڕوو، ماهیەتی نیازی پارتی لەو هەنگاوەدا کە دەیویست لە ڕێگەی هاوکاری مادی و سەربازی ڕژێمی داگیرکەری بەغداوە یەکێتی وهێزە شۆرشگێڕەکانی تر لە گۆڕەپانەکەدا پاکتاو بکات و ئەوسا بە تەنها خۆی حوکمڕانی کوردستان بکا بۆ هەموو لایەک ئاشکرا بوو.

پارتی بەو هەنگاوە خیانەتکارییەی، کە پەڕلەمان و حکومەتی هاوبەشی لەبەین بردو کوردستانی دابەشکرد، کە چی لەماوەی ئەو دووساڵەدا لە ڕێگەی قووتکردنەوەی پەڕلەمان و حکومەتێکی کارتۆنی بە هاشوهوشی خزمەتگوزاری خەڵک...هتد، هەوڵیدا ئەو خیانەتە لە بیری خەڵک و لایەنە سیاسیەکان بباتەوە و خۆشی بێ حسێب وەک بەرزەکی بانان لەو تاوانە گەورەیەدا لێ دەرچێ، بێ ئاگا لەوەی کەی و لە کوێی دنیا، زوو یان درەنگ خیانەت و خیانەتکاران لە سزای گەل و حوکمی مێژوو قوتاریان بووە، ئەوەتا پارتی سەرباری ئەو پشتیوانیە گەورەیەی کە لەو ماوەیەدا هەردوو ڕژێمی بەغداد و ئەنقەرە لێیان کردووە و سەرباری ئەو دەیان ملیار دینارەی کە بە ناهەق دەستیان بەسەردا گرتووە و سەرباری ئەو دیماگۆگیەت و چەواشەکاریەی کە بۆ پاراستنی دەسەلآتی خۆیان لە کوردستان پەنایان بۆ بردووە، کەچی دووچاری گۆشەگیری و قەیرانێکی خەتەرناکی ئەوتۆ بووە کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ هەڕەشە لە وجودی دەکات و نازانێ چۆن و بەچی ڕێگەیەک لێی دەرباز بێ.

کۆمەلآنی خەڵکی کوردستان

حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان هەر لەسەرەتادا بەرچاوڕوونانە هەڵوێستی کوردانە و شۆرشگێڕانەی لە خیانەتی ٣١ی ئابدا وەرگرت و پێشی وابوو کە

مقاوەمەت و خۆڕاگری گەلەکەمان و لایەنەکانی هاوپەیمانی دیموکراتی کوردستان و سۆزو پشتیوانی دونیای دەرەوە لە کێشەکەمان زۆر لەوە گەورەترن کە پارتی بتوانێ لە ڕێگەی هاوکاری و هێنانەوەی دەسەڵاتی بەعس کوردستان کۆنترۆڵ و ئیرادەی گەلی کوردستان سەرکووت بکات. ئەو خیانەتەشی بە ئاسانی بۆ بچێتە سەر. ئەوەتا زۆری نەبرد پێشبینیەکانی حزب بە ڕاست گەڕا. ئومێد دەکەین ئەو قەیرانەی ئەمڕۆ پارتی تێی کەوتووە بۆی ببێتە دەرس و پەندو هەرچی زووە بە دەست بەردان لە هەردوو ڕژێمی بەغدا و ئەنقەرە و وازهێنان بە ئەقڵیەتی دەسەڵاتکردن بە هۆی داگیرکەران و گەڕانەوە بۆ سەنگەری کوردایەتی ڕاستەقینە و ئاشتیەکی عادیلانە خۆی و ئەزمونەکەمان لە هەڵدێری زیاتر دەرباز بکات.

پارتی کە لەو دواییە لە ژێر فشاری تەنگژەکاندا بە قسە ئامادەی تەواوی خۆی بۆ ئاشتیەکی عادیلانە ڕاگەیاندووە، داوای لێ دەکرێ هەرچی زووە ئەگەر ئەو قسانە هەر مانۆڕ و بۆ خۆ دەربازکردن لە قەیراندا نیە.. هەنگاوی جیددی و بەکردەوە بهاوێژێ، لە پێشەوەیاندا :

١-ئازاد کردنی هەموو دیل و گیراوەکان و دیاریکردنی چارەنووسی بزر و نادیارەکان.

٢-ڕێگەدان بە گەڕانەوەی سەرجەم ئاوارەکان.

٣-ئاسایی کردنەوەی بارودۆخی شاری هەولێر و ئاسانکردنی هاتووچۆی هاوڵاتیان لە نێوان شارەکان بۆ دەرەوەی کوردستان.

٤-سەرفکردنی موچەی فەرمانبەران و مامۆستایان و شەهیدان و خانەنشینان و سەرجەم کارمەندانی ناوچەکانی سلێمانی و کەرکوک و کۆیە تا گێڕانەوەی یەکجارەکی ئەو داهاتە بۆ خەزێنەی حکومەتی یەکگرتووی کوردستان.

٥-ملدان بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی ئینتلافی هاوبەش بە بەژداری هێزە سیاسیەکانی ترو زەمینە خۆشکردن بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی دیموکراسی تازە لە کوردستاندا.

٦-دورکەوتنەوەی بە کردەوە لە هاوکاری هەردوو ڕژێمی بەغداد و ئەنقەرە.

٧-یەکخستنی بەکردەوەی هەڵوێستە سیاسیە نیشتیمانیەکان لەبەرامبەر کێشەسەرەکیەکاندا.

مەکتەبی سیاسی

حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان[٤٥]

سلێمانی -٣٠ی ئابی ١٩٩٨

---

[٤٥]حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان:سەرەتای دامەزراندنی ئەم حزبە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو جیابونەوەیەی کە لەناو حزبی سۆسیالیستی کوردستان (حسک) ڕوویدا لە کانونی یەکەمی ١٩٨٥. باڵێک لەو حزبە جیابونەوە بە سەرکردایەتی قادر عەزیز و عبدالخالق زەنگەنە و کۆمەڵە کادیری مام ناوەندی کە نوێنەرایەتی رەوتی چەپیان دەکرد. ئەم باڵە لەسەرەتادا بەناوی (حزبی سۆسیالیستی کوردستان – ڕەوتی شۆڕشگێر) خۆی ڕاگەیاند، دواتر بوو بە حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان.لە بەرواری ٢٤ی نیسانی ١٩٨٨ یەکەم کۆنگرەی خۆی ئەنجامدا لە نزیک ئاکرێ. حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان ئەندامی بەرەی کوردستانی بوو، هەروەها بەشداری لە کۆنگرەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی کردووە. محەمەد فاتیح، ل١٦٦-١٦٧.

## بەڵگەنامەی ژمارە (١٥)

## لەیادی دووساڵەی خیانەتە گەورەکەی(٣١)ی ئابدا

ئەی جەماوەری خۆڕاگری کوردوستان

ئەمڕۆ یادی دووەمین ساڵەی خیانەتی ٣١ی ئابە. دووساڵ لەمەوبەرو لەڕۆژێکی وەک ئەمڕۆدا هەزاران گاردی کۆماری ڕژێمی دیکتاتۆری عێراق بە سەدان تانک و زرێپۆش، لەسەر داوای مەسعود بارزانی، پەلاماری شاری هەولێری قەڵاو منارەو پایتەختی هەرێمی کوردستانیاندا. لەدوای نیوەڕۆی هەمان ڕۆژ ڕادیۆی بەغدا بڵاوی کردەووە ئەم هێرشە لەسەر داوای مەسعود بەرزانی بووە.. خودی مەسعودی زۆڵە کوردیش، پاش چەند ڕۆژێکی کەم ئەم ڕاستیەی سەلماندو لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەی ڕوو زەردداا لە صلاح الدین[٤٦] سوپاسی سوپای کوردوستان کاولکەری صدامی کرد، کە بە هانایەوە هاتوون و ئەو پایتەختەی کە هەرگیز بەخۆی نەئەگیرا بۆیان داگیرکردەوە. لەدوای ڕاپەڕینی پڕشکۆی گەلەکەمانەوە لەسەر دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی بەعسدا، ئەمە یەکەمین جار بوو بە ئاشکرا حزبێکی بەناو کوردستانی، نەک هەر دەستی لەهاوکاری ئەو ڕژێمە هەڵنەگرێ بەڵکو داوای ڕەسمی لەئامڕازە سەرکوتکەرەکەی بکات کە پایتەختە ئازادکراوەکەی بۆ دیل بکاتەوە. ڕەنگە کەسانێکی چەواشەخواز بپرسن و بڵێن: ئەی لەدوای هەمان ڕاپەڕینەوە نەبوو بەرەی کوردستانی[٤٧] دانوستانی لەگەڵ ڕژێمدا[٤٨] کرد؟

---

[٤٦] صلاح الدین (شارۆچکە): ئەم هاوینە هەوارە دەکەوێتە سەر چیای پیرمام، بەرزیەکەی (١٠٩٠) مەترە لەئاستی ڕووی دەریاوە، (٣٢) کیلۆمەتر لە هەولێرەوە دورە، ناوی لە ناوەندە حکومیەکان و بەڵگەنامە ڕەسمەیەکان (مەسیف سەلاحەدین – مصیف صلاح الدین)ە. لەپاش ڕاپەڕینی ١٩٩١، هاوینەهەواری سەلاحەدین بووە مەڵەندێکی سیاسی گرنگ لە کوردستانی عێراقدا. سەدام حسن کۆشکێکی هاوینەی تیادا دروست کردبوو، لە میانی گفتوگۆکانی بەرەی کوردستانی و بەغداد، سەدام ئەو کۆشکەی بەخشی بە مەسعود بارزانی. ئینسکلۆپیدیای هەولێر: بەرگی یەکەم – جوگرافیا، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان، چاپی یەکەم، ٢٠٠٩، ل٢٨٨)

[٤٧] بەرەی کوردستانی : پێکهێنانی ئەم بەرەیە ماوەیەکی زۆری خایاند، گفتوگۆکانی پێکهێنانی لە مانگی ئابی ١٩٨٧ دەستی پێکرد و لە مانگی حوزەیرانی ١٩٨٨ واژۆی کۆتای

ئێمەش لەوڵامدا ئەڵێین بەڵێ، بەڵام: -

یەکەم: ئەوە بڕیاری بەرەیەک بوو کە ئەوسا نوێنەری هەموو گەل بوو، نەک بڕیاری تاکە حزبێک، هۆکەشی ڕوون و ئاشکرا دیار بوو، چونکە ئەوسا چارەنووسی گەل لەمەترسیدا بوو، ئایندەی لەتەمتوماندا بزرو نادیاربوو.

دووەم: ئەو کاتە گەلەکەمان خاوەندی ئەزمونێکی دیموکراسی خۆی نەبوو، هەڵبژاردن ئەنجام نەدرابوو، حکومەتی هەرێمی کوردستان دانەمەزرابوو، دۆستانی دەسەڵاتداری گەلەکەمان پشتگیری و داکۆکی خۆیان بەڕەسمی ڕانەگەیاندبوو.

سێیەم: ئەو دانوستانە بۆ مەبەستی سیاسی بوو، بۆ سەلماندنی مافی ڕەوای گەلەکەمان بوو، بۆ ئەوەبوو گەلانی ئازادیخوازی جیهان لەڕەوایی کێشەکەمان

---

لەسەرکرا. ئەم بەرەیە پێکهاتبوو لە پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، حزبی سۆسیالیستی کوردستان، حزبی گەلی دیموکراتی کوردستان، پارتی سۆسیالیستی کورد (پاسۆک)، حزبی شیوعی عێراق. دواتر هەر یەک لە حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان و بزوتنەوەی دیموکراتی ئاشوری هاتونەتە ناو بەرەکەوە لە بەرواری ١٩٩٠/١١/١. بەرەکە ڕۆڵی گرنگی هەبوو لە ڕاپەڕینی ١٩٩١، دواتر لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی هەرێمی کوردستان تا کاتی هەڵبژاردنی گشتی و دامەزراندی پەرلەمان و حکومەت و دامەزراوە ڕەسمیەکانی کوردستان، ڕۆڵی سەرەکی هەبوو .محەمەد فاتیح ، ل١٦٨.

[٤٨]دانوستان لەگەڵ ڕژێمدا: لە دوای ڕاپەڕین هێزەکانی بەغدا پەلاماری کەرکوک و بادینانیان داو داگیریان کرد، دواتر هەولێر و سلێمانیشی گرتەوە. کورد کەوتە دۆخێکی زۆر نا لەبارەوە خەریک بوو ئەبوو بە گەلێکی ئاوارەی بێ نیشتیمان. لەم هەلومەرجە نالەبارەدا سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی بڕیاریدا؛ گفتوگۆ لەگەڵ ڕژێم بکات. خولی یەکەمی گفتوگۆکان بە بە سەرۆکایەتی مام جەلال بوو. خولی دووەم بە سەرۆکایەتی کاک مەسعود بوو. لەم کاتەدا جەلال تاڵەبانی دەیویست بۆ ڕاوێژ و گفتوگۆ وەفدە بگەڕێتەوە بۆ کورستان، بەڵام مەسعود بارزانی سوربوو کە تا ڕێکەوتنی بەرەی کوردستانی – ڕژێم نەکرێ ناگەڕێنەوە. ئەمەش یەکەم درزی کردە نێو ڕیزەکانی بەرەی کوردستانی و بەتایبەت یەکێتی و پارتی. نەوشیروان مستەفا: کێشەی پارتی و یەکێتی، ئامادەکردنی: لوقمان عەباس، هانکۆ-فینلاند، ١٩٩٥، ل٧-٨.

دڵنیابن و بزانن کە ئێمە گەلێکی ماف خوراوین و دوژمن نکۆڵی لەو مافە ڕەوایەمان ئەکات.

بە پێچەوانەی هەموو ئەوخاڵانەوە لە٣١ی ئابدا تاکە حزبێک نەک بە دانوستان لەسەر مافی گەل، بەڵکو بە بانگێشتکردنی سوپای دوژمنی ڕاستەوخۆی گەلی کوردمان، دوای پتر لەپێنج ساڵ ئەزمونی دیموکراسی و ڕاگەیاندنی داکۆکی زلهێزەکانی جیهان بۆمان، سابیقەیەکی خیانەتکاری بۆخۆی تۆمارکرد کە هەتاهەتایە لەکەیەکی عارە بەسەر ناوچەوانیەوەو لەهەمانکاتدا بووە مایەی پێشخستنی قۆناغەکانی بە ئاکام و ڕووی سوری میللەتی کوردمانی لەبەر چاوی گەلانی جیهاندا زەرد کرد. خیانەتی گەورەی ٣١ی ئاب گەورەترین نوشوستی بوو لەدوای ڕاپەڕینەوە کە بەسەر گەلی کورددا هات، گەورەترین دیاری عاری سەرکەوتن بوو بەسەر کوردا کە مەسعود بارزانی پێشکەشی صدام حسینی کرد، مەگەر هەر عاری ئاشبەتاڵی(٧٥)[٤٩]ی مەسعود و باوکی لەمێژووی گەلەکەماندا، لەم عارە گەورەتر بووبێت. هەر کەسێک ٣١ی ئابی پێ خیانەت نەبێ تاوانبارە بیەوێت یان نەیەوێت بەرپرسیارە لەبەردەم مێژووی گەلەکەیدا.

کۆمەڵانی خەڵکی بەشەڕفی کوردوستان

مەسعود بارزانی پاش خیانەتی گەورەی ٣١ی ئاب کە خۆی هاویشتبووە باوشی صدامەوە، ئیدیعای پاراستی سەروەری خاکی عێراقی دەکردو بە

---

[٤٩] پاش چەند شەڕ و ئاگربەستی کورد و حکومەتەکانی عێراق، لە ١١ی ئازاری ١٩٧٠پەیمانێک بەسترا کە هەموو لایەک پێی ڕازی بوون، ئۆتۆنۆمی بە کورد دراو بڕیاردرا بە پێی ڕێژەییان بەشداری پێ بکرێن لە حکومەتدا، لە ڕێکەوتی ١٩٧٠دا، چوار ساڵ دیاری کرا بۆ جێبەجێ کردنی بەندەکانی، کە ماف و داواکانی کورد بوون لە ئۆتۆنۆمی و پشکیان لە حکومەت، لە ساڵی ١٩٧٥ عێراق ئۆتۆنۆمی تاک لایەنەی ڕاگەیاند، دوبارە شەڕ دەستی پێکرد، شەڕێکی قورس بەڕێوەچوو، بە نهێنی چەند جارێک گفتوگۆ لە نێوان عێراق - ئێران کرا، تا لە ٦ی مارتی ١٩٧٥ لە کۆنفراسی ئۆپیکا ڕێکەوتنی جەزائیر لە نێوان ئەو دوو دەوڵەتە بەسترا کە بە سەرکەوتنی ئێران دادەنرا. ئیدی دوای یەکتربینینی مستەفا بارزانی و محەد ڕەزاشای ئێران، بارزانی بڕیاری کۆتای هاتنی شەڕی دا، کە بە ئاشبەتاڵ یاخود نسکۆ ناسرا. مارتن ڤان برونەسن : ئاغاو شێخ و دەولەت، وەرگێرانی: کوردۆ، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، سلیمانی١٩٩٩، لا ٣٧ بۆ ٤١.

ئاشکرا ڕایدەگەیاند کە چارەسەری کێشەی کورد تەنها لەبەغدایە، ساڵ وەرنەگەڕا لە١٤ی گوڵاندا بانگێشتی لەشکری داگیرکەری تورکی کرد بۆ کوردستان و ئەمجارەیان خۆی هاویشتە باوەشی جەنەڕاڵەکانی تورکەوە، ئیتر نەک هەر سەروەری خاکی عێراقی فەرامۆش کرد بەڵکو کوردستانەکەی خۆسی تەسلیم بە لەشکری تورک کرد. ئەمڕۆ پاش تێپەڕبوونی دووساڵ بەسەر ئەو خیانەتە گەورەیەدا، هەمان مەسعود بارزانی لەکۆنگرە ڕۆژنامەنوسیەکەی پاش ٣١ی ئابداو دوای ڕۆکێت بارانی ئەمریکا بۆسەر باشوری عێراق وتی:(من لەصاروخی ئەمریکا ناترسم)، کەچی ئەمڕۆ بە ئاشکرا ئەڵێ: ئەمریکا بۆ کورد شتی پێیە بەڵام بەغدا هیچی پێ نیە!!! سەرجەم ئەم گێژاوانەی کە ئێستا مەسعودی تێکەوتوون، دەرئەنجامی ئەو هەڵەو کورتبینی و خیانەتانەن. مەسعود بارزانی باجی خیانەتی گەورەی ٣١ی ئاب هەر ئەبێ بداتەوە.

- ڕۆژی سەرفرازی کورد و کوردستان مسۆگەرە
- نەمری بۆ شەهیدانی ٣١ی ئاب
- نەفرەت لەخائینان

پارتی پارێزگارانی کوردستان
مەکتەبی سیاسی
سلێمانی/٣١ی ئابی ١٩٩٨

بە شێخ ئیلیاس و مام مروەت

یەکێتی نیشتمانی کوردستان
مەڵبەندی ڕێکخستنی سلێمانی

ژمارە :
بەروار ٨/ ٤ / ١٩٩٢

بۆ / گشت کۆمیتەکانی سنووری چالاکیمان

بابەت / بەخشننامە

سڵاوی کارو خەبات

بە ناوی نوێنەرانی حیزبەکانی کوردستان حیزبی سۆشیالیستی کوردستان وە حیزبی یەکگرتووی ئیسلامی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان و پارتی پارێزگارانی کوردستان و بزووتنەوەی ڕابەرینی ئیسلامی بە ئامادەبوون و چاودێری و نوێنەرانی جمهوری ئیسلامی ئێران بە مەبەستی ئاشتی و برایەتی وەفدی هەردوولای یەکێتی نیشتمانی کوردستان و بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستان بۆ ڕاگرتنی شەڕو چەسپاندنی ئاشتی لەسەر ئەم خاڵانە پێک هاتن :

١ - ڕاگرتنی دەست بەجێی شەڕو ناکۆکی خویناوی لە هەموو جێگەیەک وە ڕاگەیاندنیش لە هەموو لایەک بە ئاشکرا .
٢ - گێڕانەوەی بارەگاکانی هەردوولا ئاسایی کردنەوە بۆ شوێنەکانی خۆیان لە هەموو شوێنەکان .
٣ - ئیدانە کردنی ئەو شەڕە کە بە زیانی گەلەکەمان و بە قازانجی دوژمنی هاوبەشی گەلەکەمانە .
٤ - پێک هێنانی لیژنەیەکی هاوبەش لە حیزبەکانی سەرەوە وە بە زامنی جمهوری ئیسلامی بۆ ئاسایی کردنەوە و گێڕانەوەی مەقەرات وە سزادانی تاوانبارانی ئەم ڕووداوانەی دوایی هەردولا .
٥ - لیژنەی خالی (٤) هێزەکان لە یەکتر دوور دەخاتەوە بۆ ناو بارەگاکانی پێشووی خۆیان وە لە دەرەوەی شارەکان جێگیر بن و وەزعەکە ئاسای بکرێتەوە وەک پێشوو .
٦ - بارگەکانی هەموو لایەک لەسەر ڕێگاو بانی حیزبەکان نەبێ و بەپێیان ڕەفتار بکەن .
٧ - هەڵەبجە و قائمقامەکەی سەر بە پارێزگای سلێمانی و یاساکانی پارێزگاری ( قانون محافظة ) بە ڕەچاو کردنی بوونی سەرکردایەتی بزووتنەوە لە هەڵەبجە و وەزعی ناوچە بە تەفاهم و ڕای بزووتنەوە لە هەڵەبجەدا بە ڕێزو نظری اعتبار وەربگیرێن . بەپێی ئیتیفاقی پێشووی قایمقام لەگەڵ پارێزگاری سلێمانی .
٨ - گەڕانەوەی هەموو هێزە زیادەکان لە ناوچەکە .
٩ - بزووتنەوە بۆی هەیە لە شوێنەکانی تر لە هەموو ئاسێکدا مافی بەشداری خۆی هەبێت .
١٠ - لیژنەکە دەبێت بەدوو بەشەوە هەر بەشە لە لایەکەوە لە کاتدا هێزەکان هەنگاو دەگێڕنەوە شوێنی ئاسایی خۆیان .
١١ - بەڕێزان مام جەلال و بەڕێز ماموستا مەلا علی لە ماوەی هەفتەیەکدا بۆ جێگیرکردن و قبوڵ کردنەوەی ئەم ڕێکەوتنە کۆ دەبنەوە .

تێبینی : ئەم ڕێکەوتنە لە ڕۆژی ١٩٩٢/٤/٨ لە گوڵەخانە بە ئامادەی بەڕێز کاک محمد حاجی محمود ئیمزا کرا لەگەڵ ئیمزای هەموو لایەنەکان .

ئەرشادو سەرکەوتوو بن

مەڵبەندی ڕێکخستنی سلێمانی

بەڵگەنامەی ژمارە (١)

بەیاننامەی مەکتەبی سایی حزبی سوسیالیستی دیموکراتی کوردستان

بەبونەی ٢١ هەمین ساڵڕۆژی خەبات و تێکۆشان و ١٨ هەمین ساڵ ڕۆژی دا مەزراندنی حزب .

هاوڵاتیانی خوشەویست ...

کەسوکارانی شەهیدە نەمرەکان...

پێشمەرگە نەبەزو ماندو نەناسەکان

٢٣ساڵ لەمەو بەر لەکاتێکدا سەرکردایەتی ١٤ ساڵەی شۆڕشی ئەیلولی کورد لە کوردستانی باشور چوکی دادا وە تەسلیم بە دوژمنانی کورد بون و هەزاران پێشمەرگە یان بڵاوە پێ کردو ئاش بەتاڵیان ڕاگەیاند لە کاتێکدا کەسەرجەم کومەڵانی خەڵکی کوردستان بەماڵ وگیان لە گەڵ شۆڕشی گەلەکەیان بون و سەدا ن و هەزاران قوربانیان لە پێناوی سەرفرازیدا پێشکەش بە گەل و خاک کردبو لەو کاتەدا لەمانگی ١٩٧٥/٣ کە قیادەی ئەو شۆڕشەو بنەماڵەی بارزانی بەزین وتەسلیم بونی خویان بە دوژمنان ڕاگەیاندو بەری ڕەنج و خەباتی ١٤ ساڵەی گەلەکەمانی بە فیرو دا . بەڵێ لەو ڕۆژە شومەدا دوژمنان ئەو هەلەیان قوستەوە و بە تەبعیس و تەرحیل و تەهجیر کردن بە نیاز بون گەلەکەمان لەسەر نەخشەی عیراق بسڕنەوە . لە ئاوەها ڕۆژێکدا پڕ لە ئیشتمان پەروەران و ڕۆشنبیران و شۆڕش گێڕانی گەلەکەمان بە چەند مانگێك دوای ئاش بەتاڵ بە ڕابەرایەتی مامۆستای مەزنی شۆڕش و کوردایەتی (صالح یوسفی) ئەمر ڕێکخراوی بزوتنەوەی سوسیالیستی دیموکراتی کوردستانیان ڕاگەیاند ، بەڵێ دوای ئەوەی کە دوژمن بە پەلەبوو لە سیاسەتی جەوتی خۆی لە تیرۆرو ڕاگواستن و بەعەرەب کردن و سیاسەتەکانی ترێعربی نەدەکرد بۆیە تا لەو کاتەدا کە چەند مانگێك بو نیمچە بەرەی (ی.ن.ك) کە لەسێ ڕێکخراوی شۆڕشگێری بزوتنەوەی سوسیالیستی دیموکراتی کوردستان و کۆمەڵەو هێڵی گشتی پێك هاتبو بڕیاریان دا کەوا خەباتی چەك داری دەست پێ بکەن ولەسەر چیا سەر کەشەکانی کوردستان تەپڵی هەڵساندنەوەیان لێ داو دوژمنانیان لە خەو خەیاڵ و نەخشەی بوچیان وریا کردەوە .

بزوتنەوە لە چواردە ساڵی نیو نیمچە بەرەی (ی.ن.ك) دا سەدان داستانی تومار کردوە و سەدان شەهیدی هاوبەشیان پیش کەش بە گەل و نیشتمان کرد .لە١٩٧٩/٨/٨دا بزوتنەوەی سوسیالیستی سەر بە خۆیی خوی ڕاگەیاند لەگەڵ لیژنەی تەحزیریدا یەکیان گرت و حزبی سوسیالیستی یەکگرتوی کوردستانیان ڕاگەیاند وەلە (ئاباری ١٩٨١ )دا لە کونگرەی یەکەمی حزب وەکو حزبی سوسیالیستی کوردستان دریژەی بە خەباتی خۆی دا ، لە دریژەی خەبات و تیکوشانی خویدا حزبمان (١٤) سەرکردەو سەدان کادری عەسکەری وسیاسی هەزاران پێشمەرگەی کردوتە کوچی قوربانی بۆ گەل و نیشتمان سوسیالیستەکان لە ساڵانی (١٩٧٥ تا ١٩٧٩) لە نیمچە بەرەی (ی.ن.ك)دا لە (١٩٧٩ – ١٩٨٦) لە بەرەکانی جودو جەو قەدو بەرەی (١٩) قول طرابلس دا دەوری سەرەکی وبەرچاوی هەبو بۆ یەکخستنی ڕیزەکانی هیزە شورش گیرەکانی کوردستان و عیراق لە ساڵی ١٩٨٦ دا حزبی سوسیالیست دەست پێشخەری ئاشتبونەوەی گشتی بۆ پێك هینانی بەرەی کوردستانی کە بەریبەرایەتی بەرەی کوردستانی ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ کرا وبەری ڕەنج وخەباتی چەند ساڵەی گەلەکەمان کە حیزبی سوسیالیست هێزێکی گرنگ و ڕابەرێنەری ئەو ڕاپەرینە بور کە بەرهەمی ڕاپەڕین خۆی لە دوو دەست کەوتی میژوی پەرلەمان و حوکمەتی هەرێمدا بینیوە لەکاتێکدا لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەماندا تەزویری زۆر کراو گەورەترین غەدر دەرحەق بە حزبی ئێمە کرا بەڵام حزبی سوسیالیستی دیموکراتی کوردستان بەرژەوەندی گەلی لەسەربەرژەوەندی خۆی داناو پشتیوانی خۆی بۆ حوکمەت و پەرلەمان ڕاگەیاند . مەخابن هیندەی نەخایاند دوای ئەوە هەموو تەئامورانەی کەلەبەك گرتندا خۆی دەر دەخست و دوای ئەوەی

بەڵگەنامەی ژمارە (٢)

...ی له سەرکردایەتی پێشوی ئێمە مەبدەئی بەتاڵیان لێ کرد ئاڵەو کاتەدا گادرە بە ئەمەك و سوسیالیستەکان کە سوکاری شەهیدان دریژەیان بە خەبات وریبازی شەهیدان دابوو . بە فیتی دوژمنانی کورد و خۆفرۆشانی بنەماڵەی بارزانی کە ئێستای حکومەتی هەرێمی ئەو دەمەیان پێنك دەهێنا شەریان بە حزبی سوسیالیست فرۆشت و لە مانگی ۱۹۹۳/۱۲دا پەلاماری سوسیالیستەکانیان دایەکێ بکوژانی احمد فقێ رەش و دکتور خالید وعلی عەسکەری جارێکی تر شەری ئێو خۆیان لە ئێستەوە دەست پێ کرد بۆ خۆ دزینەوە لە خزمەتی ئەو حکومەت و پەرلەمانە دریژەیان بە شەرەکانیان دا تا مانگی ۱۹۹٤/٥ کە لەگەڵ (ی.ن.ك) بەشەر هاتن تا خیانەتی ۳۱ی ئابیان لە گەل و ئیشتیمان کردوە مۆرێکی تری خیانەتیان بە ئێو چەوانی خۆیانەوەدا جارێکی تر حزبی سوسیالیستی دیموکراتی کوردستان کە لە کونگرەی دووەمی خۆی بڕیاری هەمیشەیی وشۆڕش گێڕی خۆی نۆی کردبوە دوای ئەوەی سەنگەری خیانەت و گەل جیا بوە (ح س د ك) بڕیاری وەرگرت وەك هەمیشە لە سەنگەری گەل بێت لە نێو هاوپەیمانی دیموکراتی کوردستان دریژە بەخەباتی خۆی بدات دژی خیانەت ، بەڵێ هێندەی نەخایاند لە ۱٤/ گولانی ۱۹۹۷ دا ئاقمە خیانەت کارەکەی مسعود بارزانی بوە کەوا زەردی بەرلەشکری تورکی شۆفێنی بۆ داگیرکردنی باشوری وڵات و تێك دانی ئەزموونەکەمان و پەلاماردانی پارتی کرێکارانی کوردستان (PKK)بۆیە جارێکی دی کە حزبی سوسیالیستی دیموکراتی کوردستان سەنگەری بەرگری لە گەل و ئیشتمانی هەڵبژارد لەگەل (PKK) بۆ ئەو کولی دوو قۆڵی راگەیاندو سەنگەری دژ لە خیانەت گرت و پێشمەرگەو گەریلا شان بەشان سەنگەری نەتەوەی و ئیشتمانی خۆیان بەهێز کرد .

حزبی سوسیالیستی دیموکراتی کوردستان لە یادی ۲۱ ساڵ هەمیشی خەبات و تێکۆشانی و ۲۱ هەمین ساڵ رۆژی دامەزرانیدا داوا لەسەرجەم هێزە شۆرش گێرەکان دەکات کەوا سەنگەری گەل بەو بەهێز بکەن جی تر رێگە نەدەن بنەماڵەی خۆ فرۆشی بارزانی گاڵتە جاریو بازرگانی بەکێشەی رەوای میللەتەکەمان بکات و جاش حکومەتەکەی و مونەسەسەکەشی کەناوی لێ ناوە (پ.د.ك) رسوا بکەن بەرەو کونگرەی نەتەوەی ونیشتمانی کوردستان هەنگاو هەڵ گرن وبا ئیمەش وەك گەلانی دنیا ئاسایشی نەتەوەیمان پارێزین وئاشتی لەگەل خیانەتدا بەتاوانی نەتەوەیی و نیشتمانی لەقەڵەم دەدەین ئەگەر نەگەڕینەوە سەنگەری بەرەی گەل، جارێکی دی کە لە ساڵ رۆژی دامەزراندنی حزبەکەماندا پەیمان دەدەین کەوا دڵسۆز بە کورد و کوردستان و وەفادار بەخوێنی شەهیدان بین و لەژێر دروشمی ئاشتی ودیموکراسی ومافی مرۆڤ دریژە بەخەباتمان بدەین .

سەری رێزو ئەوازش بۆ شەهیدانی حزب و گەل دادەنەوێنین .

سڵاو بۆ کەس و کاری ئەنفال و کیمیا باران و زیندانە سیاسیەکان دەنێرین و هەر بەم بۆنە شکۆ دارەشەوە پیرۆز بایی لە سەر جەم خەڵکی کوردستان و ئەندامان و لایەنگران و دۆستانمان دەکەین .

بژی گەل . بژی حزبی سوسیالیستی دیموکراتی کوردستان

سەرکەوتن هەر بۆ بەرەی گەلەو روو رەشیش بۆ دوژمنا ن وخۆ فرۆشان

بۆ پێشـــــــــــەوە .

مەکتەبی سیاسی

حزبی سوسیالیستی دیموکراتی کوردستان

۱۹۹۷/۸/۸

Scanned with CamScanner

بەڵگەنامەی ژمارە (۲)

# (بەیاننامە)

جەماوەرێ شەرەفمەندێ کوردستانێ..

یا خویایە کو ملەتێ کوردستانێ ب درێژیا سالەها سالە کەفتیە قادا خەباتێ دژی ستەمکارو دوژمنێن ئازادی و مروڤایەتییێ
ژبۆ رزگارکرنا خەلکێ وێ ژ بن زولم و زۆرداریا دکتاتوریەتێ کو ئەڤە ژی هەقەکێ شەرعی یێ هەر ملەتەکێ خودان خاك و زمان و
دیرۆکە.

شورەش ل دویف شورەشێ ب سەرکێشیا گرگرێن کوردێن ڤی ملەتی هاتینە گێڕان، هەمیان ژی داخوازا ماڤێن رەوا یێن ملەتی
کریە و ب سەدان ژوان سەرکردێن ناقدارو ب هزاران کوردێن ملەتی بووینە شەهیدێن ڤێ رێبازێ و قوربانیێن مەزن هاتینە پێشکێشکرن
پیا کاڤلکرن و دەربەدەریێ و ئەشکەنجەو سێدارەدان و کیمیاباران و ئەنفالکرن.

هەمی جۆرێن دوژمنایەتیێ دژی ملەتی هاتینە ب کارئینان، لێ هیچ هێزەك نەشیایە دەنگێ هەقیێ کپ کەت، چونکە ملەتەکێ
خودان دۆزەو ماڤێ هەی ل سەر خاکا خۆ ب ئازادی بژیت وەکی هەمی ملەتێن جیهانێ.

جەماوەرێ خوراگر..

مەزنترین قوربانی ئەوبوو پشتی خەلکێ کوردستانا عیراقێ ل بهارا ١٩٩١ سەرهلدای و کەفتا زولمێ روخاندی پاشان ب خاس
عام ڤە مولك و مەر و مالاتێ خۆ ل بەر چاڤێت خۆ رەش کری و قەستا توخیبێن تورکیاو ئیرانێ کری پێنجەمەنی هندێ کو ژبن
زورداریا دوژمنی دەرکەڤیت، د ئەنجامدا خەلکێ کوردستانێ بێهنا ئازادیێ هەلکێشای و پەرلەمان هاتە هەلبژارتن و حوکمەتا
هاتە پێکئینان.

ل وی دەمێ کو پێدڤی ل سەر هەمی حزبێت کوردستانی ڤی دەسکەفتێ مەزن بپارێزن و رێزێ ل قوربانیێن ملەتی و خوینا
شەهیدان بگرن، جهێ داخێ یە ژ سالا ١٩٩٤ شەرێ ناڤخۆیی هەلدایە و بوویە ئەگەرێ مایتێکرنا دەولەتێن ئەقلیمی و ئەزموونا
دیموکراسی بەرەف مەترسیەکا مەزن دبەت.. و ل ڤێ داویێ ژی گوندێت ئاڤەدانکری و خەلکێ وێ یێ بێ گونەهـ یێ کەفتیە بەر
پێلێت ڤێ ململانێ و گوند و بازێرێت کوردستانێ ب بەرفلانی دێنە توپبارانکرن و خەلکێ وێ ب ژن و زارۆك ڤە دێنە شەهیدکرن
(بازێرێ ئامێدیێ و قەدش و بامەرنێ و گەلەك گوندێت دی) سەرەرای ڤێ چەندێ ژی رێنگرتن پەیدا بوویە د رێکا هاولاتیێن
و بێ دەسهەلات و د بەر پیا دچیت، ئەم وەك حزبێت کوردستانی ل دەڤەرا بەهدینا نەرازیبوونا خۆ دیار دکەین بەرامبەر ڤان کریارێت
نەرەوا یێت کو PKK یێ رادبیت دژی خەلکێ دەڤەرێ و داخواز دکەین کو ئەڤ کریارە دەملدەست ل دەڤەرێ بێنە راوەستاندن و
ڤان خالێت خوارێ ل بەرچاف بگرن:

١. شەر بێتە راگرتن.
٢. کریارێت حزبێت لەشکەری ژ کوردستانا رزگارکری دوور بێخن.
٣. زڤرین بۆ رێککەفتنێت ل سالێن (١٩٩٢و ١٩٩٣) دناڤبەرا PKKو حوکمەتا هەرێمێ دا هاتینە مۆرکرن هەروەسا رێککەفتنا ل سالا
١٩٩٥ دناڤبەرا PKK و پارتیدا هاتیە مۆرکرن.

و ل دویماهیێ ، بانگەوازیا مە بۆ پارتێن کوردستانی و ب تایبەت هەردوو حزبێن سەرەکی (پارتی دیموکراتی کوردستان و
یەکێتی نیشتمانی کوردستان) ئەوە کو مفای ژ سەربورو ئەزموونێت دەوروبەرو وەلاتێن ئەقلیمی وەرگرن و بزڤرنە زمانێ دانوستاندنێ
ئاشتیبوونەکا نیشتمانی پەیداکەن دا رێك ل ڤان مایتێکرنا بێتە گرتن و خەلکێ کوردستانێ ب ئاشتی و ئەناهی بژیت، ئەها هۆسا دێ
شێین کراسێ دیموکراسیەتێ بکەینە بەرخۆ و رێخۆشکرنەکێ پەیداکەین بۆ هەلبژارتنەکا سەرانسەری، و ملەت ب ئازادی دەنگێ خو
بدەت و شەرعیەت ل کوردستانێ بێتە چەسپاندن.

بژیت ئاشتی .. بژیت ملەت .. نەفرەت ل شەری.

سێ شەمب /١٩٩٧/٨/٢٦

١. حزبا سوسیالیستا دیموکراتا کوردستانێ / لقێ دهۆك.
٢. برایا ئیسلامی ل کوردستانێ / مەلبەندێ پێنج.
٣. حزبا شیوعیا کوردستانێ / لیژنا پارێزگەها دهۆك.
٤. حزب (بیت النهرین) یا دیموکراتی / دهۆك.
٥. یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان / مەلبەندی سێ.
٦. حزبا نیشتمانیا ئاشوری / تڤییبگەها هەرێما کوردستانا عیراقێ

بەڵگەنامەی ژمارە (٣)

## بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

## راگەیاندنی کۆبوونەوەی حزبە کوردستانییەکان

ئاشکرایە لای هەموو لایێک کە ئەمڕۆ باروودۆخی کوردستان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرەو ئاڵۆزی و قووڵبوونەوەی کێشەکان دەچێت، بەتایبەتی دوای دەستێوەردانی وڵاتانی دەورو بەرو هەوڵی لەناوبردنی ئەزموونەکەو پووچەڵکردنەوەی ئەو هەوڵ و چالاکییانەی کە لە ناوەوەو دەرەوەدا لەلایەن حزبەکان و کەسانی نیشتمانپەروەرو خەمخۆرانی گەلەکەمانەوە لە ئارادان. بەڵام ئەوەی جێگەی نیگەرانی گشت لایەنەکانە کە ئێستا کوردستانی تێوە گلاوە لە ئەنجامی بوونی سەربازیی pkk لە کوردستانی عێراقدا مەترسییەکی تەواو دەخاتە سەر ئەم ئەزموونەو دۆزی ڕەوای گەلەکەمان و کوردستان بوێتە شەڕو پێکدادان و ماڵ وێرانکردن و تیاچوونی پرۆسەی ئاشتییەکەمان، کە ڕاستەوخۆ هاوڵاتیانی مەدەنی دەگرێتەوە، کە کەوتوونەتە ژێر باری راونان و کوشتن و ماڵ سووتاندن و دەربەدەر کردن، کە ئەم ڕەفتارانە دژی هەموو داب و نەریتێکی کۆمەڵایەتیمانن و پێشێلکردنی تەواوی مافی مرۆڤن، کە pkk ئەنجامیان دەدات.

بۆیە ئێمە ئەم جۆرە کردارانە مەحکووم دەکەین، هەروەها هەموو هەوڵ و تەقەللایێکی ئاشتیخوازانەی ناوەوەو دەرەوە دەستخۆشی لێدەکەین و چارەکردنی هەموو گیروگرفتەکانمان تەنیا لە ڕێگەی ئاشتبوونەوەییکی سەرانسەری دەبێت.

ئێمە ئامادەیی خۆمان دەردەبڕین لە پێناوی گەیشتن بە ئاشتییێکی عادیلانەی ریشەیی، هەروەها پشتگیریی خۆمان دەردەبڕین بۆ مویادەرەکەی بەڕێز کاک مەسعود بارزانی کە لە ١٠ی ئەیلوولدا دووپاتی کردەوە.

دەبا پێکەوە هەوڵی هەموان لە پێناو سەروەری خاکی کوردستان و پێکەوە ژیانێکی دیموکراتی و فرەلایەنی بدەین.

سەرکەوێ ئیرادەی ئاشتیخوازانەی گەلی کوردستان.

**بەشدارانی کۆبوونەوەکە:**

١- بزوتنەوەی میللی کوردستان
٢- یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان
٣- بزوتنەوەی دیموکراتی ئاشووری
٤- بزوتنەوەی ئیسلامیی کوردستان
٥- حزبی شیوعی کوردستان
٦- پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان

١٩٩٧/٩/١٧

بەڵگەنامەی ژمارە (٤)

ڕاگەیاندنی کۆبوونەوەی حزبە کوردستانییەکان

بە بۆنەی سەرهەڵدانی جەولەیەکی دیکەی شەڕی ناوخۆیی کوردستانەوە کە لە بەرەبەیانی ڕۆژی ٩٦/١٠/١٢ لە زۆربەی شارەکانی ئەمسەر بەرپابوو ، حزبە کوردستانییەکان کە لە هەولێرەوە ناویان هاتوە ، کۆبوونەوەیەکیان ئەنجامدا ، کە درێژەی پێشووتری زنجیرەیەک کۆبوونەوەی گرووپی بەو بۆنەیەوە ، ٤ تایبەتی کۆبوونەوەی ڕۆژی ٩٦/١٠/١١ کە تایبەتی بوو بە سەرنەکەوتنی کۆبوونەوەی هاوبەشی نێوان پارتی و ی.ن.ک کە لە لەندەن بە سەرپەرشتی چاودێرانی ڕێککەوتنی ئەنقەرە ئەنجام درا ، بۆیە لەم کۆبوونەوەیەشدا بە تێروتەسەلی باس لە هەڵوێستەکانی سەرهەڵدانەوەی شەڕ و بێ ئاکام بوونی هەوڵەکانی ئاشتی لە ناوەوە و دەرەوە کە ئومێدی زۆری جەماوەری کوردستانی بێ شوێنگرتنی دابڕو کرا ، لە کۆتاییدا ئامادەبووان ناڕەزایی خۆیان بەرامبەر سەرهەڵدانەوەی جەولەی تازەی شەڕ دەربڕی و ئیدانەیان کرد کە ئەڵقەیەکە لە زنجیرە کارەساتێکی دڵتەزێن لە کوردستاندا ، هەروەها بەرپرسی خۆیان دەربڕی سەبارەت بە پێشێلکارییەکان و دەستتێوەردانی دەوروبەر لە کێشەکەدا و زیاتر ئاڵۆزکردنی گۆڕەپانی کوردستان کە بکرێتە ئەنجامی ماڵوێرانی بەرژەوەندی هێزەکانی تر بێگومان ئەوەش دەبێتە هۆی لە دەستدانی دەستکەوتەکانی گەلەکەمان و کارەساتی ناهەمواری جۆراوجۆر ، ئامادەبووان پێداگرییان لەسەر ئەوە کرد کە بەشداری هێزی دەرەکی کێشەکان بە کاڵا ناکرێتەوە بەڵکو زیاتر بارودۆخەکە ئاڵۆزتر دەبێت و برینەکان قووڵ دەبنەوە بۆیە داوایان کرد کە هەرچی زووترە ئەم شەڕە ڕابگیرێت و بەرژەوەندی باڵای کوردستان لە بەرچاو بگیرێت و پێویستە دوژمنان پەیوەندی بکرێتەوە ستراتیژی بۆ ئەم ئاکامە دابنرێت کە بە یەکەوە گەلەکەمان دەبینێت هەروەها ئامادەیی خۆیان دەربڕی بۆ هەر هەوڵێک کە لە توانادا هەبێت بۆ هێمنکردنەوەی بارودۆخەکە لە کوردستان .

هەولێر
١٩٩٦/١٠/١٤

١- پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان
٢- حزبی شیوعی کوردستان
٣- بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشووری
٤- یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان
٥- بزووتنەوەی میللی کوردستان

بەڵگەنامەی ژمارە (٥)

## ڕوونکردنەوەیەک لە (٥) حزبی کوردستانییەوە

ماوەیەکە لێرەو لەوێ گوێبیست دەبین، کەوا حزبەکانمان لەمەڕ هەندێک دەرەنجامەکانی شەڕی ناوخۆ، کەوتوونەتە ژێر فشاری قسەو باس و لێدوانی ئەملاو ئەولاوە. بە بیانووی هەڵوێست نەگرتن، (یەکێک بەبێ ویژدان لە قەڵەممان دەداتو یەکێکی تریش مبرر بۆ وجودمان ڕەوا نابینێو جەماوەرمان لێهان دەدەن) وەک لە دەزگاکانی ڕاگەیاندندا بڵاوکراوەتەوە. بۆیە بە پێویستمان زانی بۆ زیاتر بەرچاو ڕوونکردنەوەی جەماوەر ئەم ڕوونکردنەوەیە بڵاو بکەینەوە،

١- هەر لە سەرەتای دەست پێکردنی شەڕی ناوخۆوە، ئێمە هەڵوێستی ڕوونو ئاشکرامان هەبووەو بۆ جەماوەری گەلەکەمان روون کردۆتەوە کە ئەم شەڕە بە شەڕێکی ناڕەوا دەزانینو هەمیشە مەحکوممان کردووە، لەبەر ئەوەی بە هیچ شێوەیەک لە بەرژەوەندی گەلەکەمانو ئەزموونەکەیدا نییەو جەماوەری کوردستانیش گەواهیدەری ئەوەن کە هەر لە سەرەتای دەست پێکردنی شەڕەکە، بەردەوام لە هەوڵو کۆششدا بووین بە مەبەستی دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەکی گونجاو بۆ دەرچوون لەو قەیرانە، سەرنەکەوتنی هەوڵە بەردەوامەکانمان بۆ بنەبڕ کردنی یەکجارەکی قەیرانی شەڕی ناوخۆ لە ئەستۆی ئێمەدا نییەو لە بەهای هەڵوێستو هەوڵەکانمان کەم ناکاتەوە.

٢- ئێمە بێلایەن بووین لەو شەڕەو بەردەوام بێلایەنی خۆمان دەپارێزین، چونکە ئەم هەڵوێستە خزمەت بە ئاشتیو بەرژەوەندی باڵای گەلەکەمان دەکاتو بە هیچ جۆرێک نابینە بەشێک لەو شەڕەدا.

٣- هەڵگیرسانەوەی ئەم جەولەیەی تازەی شەڕ لە بەرەبەیانی ڕۆژی ١٩٩٧/١٠/١٣دا کە یەکێتی نیشتمانی کوردستان خۆی ڕایگەیاند، شتێکی چاوەڕوان نەکراو نەبوو بۆ هەموو لایەک، لە ئەنجامی بەرژەوەندی تەسکی حزبایەتیو نەتوانینی سازش کردن بۆ یەکتر، بۆ گۆڕینی حاڵەتی نەشەڕو نەئاشتی بۆ ئاشتبوونەوەیەکی سەرتاسەری لە کوردستاندا، هەروەها دەستێوەردانی دەرەکی کە نایەوێ بارودۆخی هەرێم بەرقەرار بێتو ئەو ئەزموونە سەربکەوێت. بۆیە شەڕو دەستێوەردانی دەرەکی مەحکووم دەکەین.

٤- بۆ هەموو لایەک ئاشکرایە کە کوردستان وڵاتی هەمووانە، بۆ هیچ لایەنێک نییە پاوانخوازی بکاتو هەوڵەکانی ئێمە لە پێناو بەرژەوەندی جەماوەری گەلەکەمانەو تەنها جەماوەر مافی حوکم دانی هەیە لەسەر هەوڵو هەڵوێستەکانمان، چونکە ئێمەی حزبە کوردستانییەکان خاوەن ئەزموونێکی وایـن کە بەس بێت بۆ ئەوەی نەکەوینە ژێر فشاری هیچ لایەنێک، بۆیە هەق نییە هیچ کەسێک ئەو مافە بە خۆی بدات ببێ بە (وصي)و دەم ڕاستمان.

بۆیە داوا لە هەردوو لایەنی بەشەڕ هاتوو دەکەین کە هەرچی زووە کۆتایی بەو شەڕە بهێننو ڕێگای وتووێژ بگرنە بەر بۆ چارەسەرکردنی هەموو کێشەکانو بەرژەوەندی باڵای گەلو نیشتمان بخەنە سەرووی هەموو بەرژەوەندییەکانەوە. ئێمەش جارێکی تر بۆ جەماوەری گەلی کوردستان دووپاتی دەکەینەوە کە سوور دەبین لەسەر هەوڵەکانی ئاشتیو ئاشتبوونەوەیەکی سەرانسەری لە کوردستاندا.

بژی ئاشتی.........نەفرەت لە شەڕ

### ناوی حزبە کوردستانییەکان:

١- حزبی شیوعی کوردستان
٢- پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان
٣- یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان
٤- بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشووری
٥- بزووتنەوەی میللی کوردستان

بەڵگەنامەی ژمارە (٦)

## ڕاگەیاندراوی پێنج حزبە کوردستانییەکە

ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ١٩٩٧/١٠/٢٤ پێنج حزبی کوردستانی کە ناویان لەخوارەوە هاتووە لەسەر ئاستی سکرتێری حزبەکان لەبارەگای بزوتنەوەی دیموکراتی ئاشووری کۆبونەوەیەکیان سازدا ، بەتێروتەسەلی گفتوگۆیان لەمەڕ بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستان کرد و سەرەڕای بێزاری دەربڕینیان بەرامبەر هەڵگیرسانەوەی جەولەی تازەی شەڕ ، جەختیان لەسەر هەرچی زووتر وەستاندنی کرد ، کە بوەتە هۆی دەستێوەردانی زیاتری دەوڵەتە ئیقلیمیەکان ، وێڕای خوێن ڕێژی وماڵوێرانی و کاولکاری زیاتر و ، قوڵبوونەوەی برینەکان و دوورکەوتنەوەی ئەگەری پێکهاتنەوە لەکوردستاندا .

هەروەها باس لە بڕیاری پشتێنەی ئەمنی لەلایەن حکومەتی تورکیا کراو ، بەمەترسیەکی گەورە لەسەر سەروەریی هەرێمی کوردستان و عێراق لەقەڵەم درا کەکاردانەوەی هێجگار ترسناکی دەبێت بۆ دەستێوەردانی دەوڵەتە ئقلیمیەکانی ترو ، کوردستان دەبێتە گۆڕەپانی ململانێی هێزە دەرەکیەکان ، بۆیە ئیدانە و داوای هەڵوەشانەوەی ئەو بڕیارە کراو ، بوونی هێزی سەربازی پەکەکەش لە هەرێمی کوردستان دا بەهۆکارێکی تری ئاڵۆزکردنی بارودۆخەکە زانرا کە بوەتە بیانوی ئەم دەستێوەردانانە .

ئامادەبوان بەنیگەرانیەوە ڕوانیانە شاڵاوی گرتن و ڕاگواستن و دەربەدەرکردن و دەست بەسەراگرتنی ماڵ و موڵکی هاووڵاتیان کە بەجۆرێکی بەرفراوان ئەنجام دەدرێت ، چونکە پێچەوانەی هەموو داب و نەریتێکی کۆمەڵایەتی گەلی کوردستانە و ، پێشێلکاریەکی یاساو مافی مرۆڤە ، جەختیش لەسەر ئەوە کرا کە بەهیچ کلۆجێك نابێت کارەبا و ڕێگای هاتووچۆی هاووڵاتیان و چالاکی بازرگانی و ، کاری ڕێکخراوەو دەزگا خزمەتگوزاریەکان بکرێنە ئامرازێکی شەڕو فشارخستنە سەر یەکتر کە زیان بە بەرژەوەندی گشتی تێکڕای جەماوەر دەگەیەنێت .

سەرکەوتوو بێت ویستی ئاشتیخوازانەی گەل

نەفرەت لەشەڕ

**ناوی حزبە کوردستانیەکان :**

**- بزوتنەوەی میللی کوردستان .**
**- بزوتنەوەی دیموکراتی ئاشووری .**
**- حزبی شیوعی کوردستان .**
**- پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان .**
**- یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان .**

بەڵگەنامەی ژمارە (٧)

## بەیاننامەی مەکتەبی سیاسی حزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان

- جەماوەری خۆڕاگری کوردستان
- هێزو لایەنە شۆڕش گێڕەکانی کوردستان

ڕەوشی ئەمڕۆی کوردستان لەبەردەم پیلانێکی ژەهراوی نۆکەر و داگیرکەرانی دژ بەدەست کەوتەکانی خەڵکی کوردستان بەردەوامەو درێژەی هەیە ، لەبەرامبەریشدا بەرگری و خۆنیداکاری و گیانی بەرخودانی هێزی پێشمەرگەولایەنەکانی هاوپەیمانی دیموکراتی کوردستان لەسەنگەری ڕاستەقینەی گەل و نیشتمان پەروەری دا لەوپەڕی لوتکەی بەهێزی و خۆڕاگری دایەو داستانی ئەبەدی بێ وێنە تۆمار دەکەن لەبەرامبەر هێرشی سوپای داگیرکەری تورك و جاشە تورانیەکانی مەسعودی کرێ گرتەی ئەم دەولەت و ئەو دەولێتی داگیرکەر ، لەنەبەردی یەکێ شۆڕش گێڕانەدا هێزی پێشمەرگەی کوردستان شەری چارەنوسی گەلی کوردستان دەکەن دەولەتی داگیرکەری تورك بەفڕۆکەو ئاتاك و زری پۆش و سوپای کۆماندۆس و بەکارهێنانی چەکی تەکەلۆجیای لۆجستیك بەنۆکەرایەتی جاشەکانی مەسعود ڕۆڵێکی دوژمن کارانە دەگێڕن لەدژی سەنگەرەکانی پێشمەرگەگیان بازەکانی هاوپەیمانی دیموکراتی کوردستان کەحیزبمان لەهەمووبوارە جیاجیاکاندا بۆ بەرگری کردن لەدەست کەوتەکانی گەل ڕۆڵی بەرچاوی خۆی گێڕاوە هەڵبەتە خیانەتی بنەماڵەکە بەردەوام کاری خیانەت و خۆفرۆشیان کردۆتە ئایدۆلۆژیای بنەماڵەکەیان لەمێژوی یەکی ڕەش زیاتر هیچی تر بەدەست ناهێنن ، گەر لاپەرەی ڕەشی جاشە تورانیەکان هەڵدەینەوە ، هەر لەمێژە بۆ دژایەتی کردنی دەست کەوتەکانی گەلەکەمان خستویانەتەگەر ، دوا پیلانی ژەهراوی ئەم بنەماڵەیەش لە ٣١ / ئابی ٩٦ دا بۆ داگیر کردنی هەولێری پایتەختی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەبانگ کێش کردنی سوپا عێراقی دەمامکی ژەهراوی ئەم بنەماڵەیە بۆ تەواوی لایەنەکان و خەڵکی کوردستان کەوتە ڕوو بنەماڵەی خۆفرۆشی بارزانی بەوەشەوە نەوەستان خیانەتێکی تری نیشتمانی ونەتەوەییان تۆمار کرد کەلە ١٤ / گولانی ئەم ساڵدا بەهێنانی لەشکری داگیرکەری تورك بۆ ناو خاکی هەرێمی کوردستان و دژایەتی کردنی هێزە شۆڕش گێڕو نیشتمان پەروەرەکانی هاوپەیمانی دیموکراتی کوردستان کەلەسەنگەری بەرەی گەلدان .

خەسڵەتی ئەم ئاقمە بەکرێ گیراوە خۆی لەوەدا ئەبینی کاتێك ڕقی پیرۆزی پێشمەرگە گەیشتە ئاستی تەقینەوە ، ئەم بنەماڵەیە نەیان توانی بەوە بۆ هیچ سات و کاتێك پەی بەوورەی بەرزی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەرن ناچار کەوتونەتە کلکایەتی و خۆفرۆشتن بۆ ئەم دەولەتی ئەو دەولەتی دوژمن بەکورد ئەم ڕاستیەش لەدوای زنجیرە سەرکەوتنەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئاشکرابو کەنەتوانن لەبەردەم وورەی پۆلاینی پێشمەرگەدا ڕابوەستن بۆیە کەوتنە پەلەقاژەی مەرگ و هێنانی سوپای دەولەتی داگیرکەری تورك بەلام هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەبڕیارێکی سیاسی هاوپەیمانی دیموکراتی کوردستان بۆ لەبەر چاو گرتنی هەلو مەرجی سیاسەتی نێو دەولەتی و بەرژەوەندی باڵای گەل کەدوور بێ لەجەنگێکی وێرانکاری بەرفراوان لەهەندێ ناوچەی ستراتیژی بڕیاری کشانەوەی دا وەنەبێ سەرانی جاش مەسعودیەکان بەهێز و بازوی دۆڕاویان ئەم ناوچانەیان گرتبێ بەڵکو زۆر بێ شەرمانە بەپاڵپشتی فڕۆکەی جەنگی تانك وزرێپۆش و سوپای کۆماندۆی تورك کەوتنە کێژمال کردنی ناوچە گوندنشینەکانی بەسوتاك کردنی خاك و ڕەز و باخ و سەروماڵی هاوولاتان و ڕووخاندنی داروبەردووی گوندەکان و ئاوارە کردنی خەڵکی ناوچەکە .

- جەماوەری شۆڕش و گێڕو خۆڕاگری کوردستان .

سوپای تورك بەبەرچاوی خەڵکی کوردستان و ڕای گشتی جیهانیەوە کەوتنە بۆردومان کردنی سەنگەری هێزی پێشمەرگەو گوندنشینەکانی ئاوارە کردنی خەڵکەکەی بەچەکی قورسی هێشتوی ئاپالم کەلەیاسای نێو دەولەتیدا قەدەغە کراوە ئاقمە خۆفرۆش و کرێ گرتەی تورانیەکانیش بێ ئابڕوانە لاف و گەزافی سەرکەوتنی لێ ئەدەن کەبە پاڵ پشتی فرۆکەو تانك و کۆماندۆی تورك ئەنجام ئەدرێ ئەمەش بەڵگەی بێ هێزی و بێ بڕوای و هەڵو شاندنی چەکدارە مەلیشیاکانیتی کەهەرگیز نەیان توانیوە شەڕی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بکەن شکاندنی سنوری هەرێمی کوردستان لەهەل و مەرجێك دا تێ دەپەڕێ لەلایەن سوپای تورکی داگیرکەرەوە کەبەنەخشەو پیلانێکی داگیرکارانەی تورکی – ئیسرائیلی لەسەر دەستی ئەمریکا بەڕێوە دەچێ بەمەبەستی پێك هێنانی پشتێنەیەکی ئەمنی لەباشوری کوردستان و قوبرسێکی تر لەکوردستان دا ئەم داگیرکاریەش سیاسەتی ئەمریکا دەخاتە ڕوو کەسیاسەتی بانێکەو دوو هەوا پەیڕەو دەکات ڕووداو گۆڕانکاریەکان و بەردەوام بوونی سیاسەتەش کەبەڵگەی ئەماع کاریە بۆ کوردستان بۆڕای گشتی جیهان و ولاتانی ئەورووپی و جامیعەی عەرەبی و هەرێمایەتی ئاشکرابوون کە سیاسەتی پاوان کردنی دەسەلات و تاك

١

بەڵگەنامەی ژمارە (٨)

جەماوەری ئەمریکایە بە ناوی پاراستنی مافی مرۆڤ و ئاسایش و گەڕانەوەی ئاشتی بۆ خۆرهەڵاتی ناوەڕاست کە بانگەشەی بۆ دەکات ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بە پێی پەیڕەو کردنی سیاسەتی دوو لایەنەی (احتواء المزدوج) کە شکستی خوارد دەیەوێ بەسەری کوردا زیندوو بکاتەوە ئەمڕۆ دەوڵەتی تورکیا دەیەوێ لەبەردەم قەیرانە ئابووری سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی دا قوتاری بێ و ڕێگای بەکارهێنانی سەربازی کردۆتە تاکە ڕێگەی دەرباز بوون لەو تەنگژە سەختەی کە دووچاری بووە بەڵام خۆڕاگری هێزی پێشمەرگەی کوردستان تۆمار کردنی داستانی نەبەردی لەبەردەم سوپای زۆر و زەوەندی تورک و جاش تورانیەکان وانەیەکیان بە دووژمن و نۆکەرانیان دا کە تێ بگەن وورەی پۆڵاینی پێشمەرگە و جەماوەری شۆڕش گێڕ بە سوپای داگیرکەری هیچ دەوڵەتێکی دوژمن بە کورد نایەتە دی . گەر ئەمریکاش بالۆرەی ئاشتی و بەرقەرار کردنی ئاسایش دەدات لەناوچەکە و کوردستاندا ئەوا دەبێ هەنگاو بەرەوە ئاشتی بەکی سەراپاگیر بدات و دەست بەجێ داوای کشانەوەی سوپای داگیرکەری تورک بکات لە هەرێمی کوردستاندا .

پێمان وایە ئەوە پێویستە هەڵبژاردنێکی ئازاد بە سەرپەرشتی نەتەوە یەکگرتووەکان ( فەرەنسا و بەریتانیا و ئەمریکا ) لە کوردستاندا ئەنجام بدرێ و چی تر ڕێگە نەدرێ وڵاتانی ناوچەکە ئاسایشی هەرێمی کوردستان بشێوێنن ، پارتیش بەم کلکایەتی کردنەی هیچ نادۆزێتەوە و دەبێ ملکەچی خواستە ڕەواکانی گەلەکەمان بێت .

- سەری ڕێز و وەفا نەوی دەکەین بۆ هەموو ئەو پێشمەرگانەی گیان بەخت کردوانەی کە سەنگی خۆیان کردە قەڵغانی پاراستنی دەستکەوتەکانی گەلەکەمان .
- سوور شۆڕی و ڕووو ڕەشیش بۆ تاقمە بەکرێ گیراوەکەی جاش تورانیەکان و دوژمنانی کوردستان .
- سەرکەوتوو بێ هێزی پێشمەرگەی هاوپەیمانی دیموکراتی کوردستان . بەرەو بەدی هێنانی ئامانجە ڕەواکانی گەلەکەمان .

مەکتەبی سیاسی

حزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان

٢٢/تشرینی دووەمی/١٩٩٢

# بەڵگەنامەی ژمارە (٨)

# بـــەیـان

## جەماوەری ستەمدیدەی کوردستان

راگەیاندنی ئاگربەستی خولی چوارەمی شەڕو پابەندبوونی هەردوو لایەنی بەشەڕ هاتوو بە ئاگربەستەکە، مایەی خۆشحالی هەموو لایەکمانەو بە هەنگاوێکی ئیجابیو سەرەتایەکی لەباری دەزانین بۆ گەیشتن بە ئاشتیەکی سەرتاسەری لە کوردستاندا. بەڵام ئاشکرایە ئەم هەنگاوە بەس نیە بۆ چارەسەرکردنی ئەنگزەی ناوخۆ، تاقیکردنەوەکانی لەمەوبەریش ئەوە دەسەلمێنن. هەر بۆیە ئێمە جارێکی تر داوا لە هەردوولایەن دەکەین کە هەرچی زووە بکەرێنەوە بۆ گرتنەبەری ڕێگای گفتوگۆو زیندووکردنەوەی پرۆسەی ئاشتی بە مەبەستی یەکلا کردنەوەی کێشەکان. کە بۆ هەموو لایەکمان ئاشکرایە بە چەسپاندنی ئاشتی دەتوانرێت گەلەکەمانو ئەزموونەکەی لە بەشەمەینەتیو هەلدێران ڕزگار بکەین.

لەم ماوەیەشدا ئەنگزەی نێوان عێراقو (UN) هەر ڕۆژەی بە بیانوویەک سەر هەلدەداتەوەو بووەتە مایەی نیگەرانیو دلەراوکێی تێکرای گەلی کوردستانو عێراق، بۆیە ئێمە بە مەترسیەوە دەڕوانینە ئەم ئەنگزەیە چونکە ئەگەری ئەقینەوەی بارودۆخەکەی لێ چاوەڕوان دەکرێتو کاردانەوەیەکی سەلبی لەسەر جێبەجێکردنی بڕیاری (٩٨٦)ی ناسراو بە نەوت بەرامبەر بە خۆراک دەبێت کە هیوای گەلی عێراق لە فراوانکردنیو پەلە کردن لە جێبەجێ کردنیدایە.

هاوکات لەگەل ئەمەدا ڕژێمی بەغدا بەردەوامە لە سەر سیاسەتی بە عەرەب کردنو ڕاگواستنی دانیشتوانی ژێر دەسەلاتی خۆیو دەرکردنیان بۆ ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان، کە ئەمەش درێژپێدانی سیاسەتی شۆڤینیانەی خۆیانەو دژ بە مافی مرۆڤەو گۆڕانکاریە لە نەخشەی دیمۆگرافیاو کێشەو قەیرانەکانی گەلانی عێراق زیاتر قووڵ دەکاتەوە، بۆیە ئێمە دژی رادەوەستینو داوای ڕاگرتنی دەکەین.

## جەماوەری خۆراگری کوردستان

وا جارێکی تریش سوپای تورکیا سنووری نێودەوڵەتی لە کوردستانی عێراقەوە دەبەزێنێو درێژە بە لەشکر کێشیەکەی دەدات، کە دەبێتە مایەی ئالۆزی زیاتری باری ناوخۆی کوردستان.

ئێمە لە کاتێکدا لەشکرکێشی تورکیا مەحکووم دەکەینو بە نیگەرانیەوە دەڕوانینە پێشێلکاریەکانی سوپای تورکیاو دەستێوەردانی لە کاروباری ناوخۆی هەرێم، لە هەمان کاتیشدا داوا لە (PKK) دەکەین ڕەچاوی بارودۆخی ئالۆزو ناسکی ئەمڕۆی کوردستانی عێراق بکات.

سەرکەوتوو بێت ویستی ئاشتیخوازانەی گەلەکەمان

١- حزبی شیوعی کوردستان ـ عێراق
٢- یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان
٣- پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان
٤- بزووتنەوەی میللی کوردستان
٥- بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشووری

هـــــــەولێر
١٩٩٧/١٢/٧


بەڵگەنامەی ژمارە (٩)

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

باشی ڕێزدار سڵاو

بەڕێزتان دەزانن وەک هاوڵاتییەکی بێلایەنی کورد بەردەوام هەوڵ دەدەم
پرۆژەیەکی ئاشتی بووژێنەوەو ڕێکەوتن پێشکەش بە هەردوولا دەکەم
ناکۆکی پارتی و یەکێتی بکەم بە هیوای ئەوەی ئاشتییەکی عادیلانە بۆ
هەردوولاو سەرجەم کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دابین بکات. ئەوە
بۆ فەترەیەکی ئینتقالیش بێ هەر باشە هەتا متمانە ئەگەڕێتەوە بۆ
هەردوولاو زەمینە خۆش دەبێ بۆ هەڵبژاردنێکی ئازاد لە سەرتاسەری
کوردستاندا. لە ڕاستیدا هەتا ئێستا کۆمەڵێ پرۆژە پێشکەش کراوە
لە هەردوولایەکەوە بۆ چارەسەری مەسەلەکە ئەگەیشتوونەتە ئەنجام
بەڵام ئەم پرۆژەیەی من زۆر جیاوازە لەوان. لەبەر ئەوەی دەڵێ شێوە
فیدراڵییەک وایە لە بەینی هەردوولادا لە هەمانکاتدا بەڵێ پەرلەمانێک و
یەک حکومەتی ئیئتیلافی مشترک ئەیان بەستێتەوە بەیەکەوە وا تە هەرلایەک
سەربەخۆیە ئیداری و ئابووری و عەسکری خۆی پارێزراو ئەبێ لەو ناوچانەدا
کە لە ژێر دەسەڵاتی خۆی دایەو لایەنەکەی تر بۆی نییە تەدەخول لە کاروباری
بکات. وە ئەم شێوە حوکمەش بە وڵاتانی غەربییە ئەبێ و لە هەندێ وڵاتانی
جیهاندا پیادە کراوەو نەتیجەی باشی داوە مەبەستمان ئەوەیە خوانەخواستە کوردستان
دابەش بکەین بەڵام بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستان کە شەڕی ناوخۆی تیا
بەرپا بووە وا ئەخوازێ کە ئەم ڕێگەچارەیە بگرینە بەر بۆ ماوەیەک. تا
زەمینە خۆش دەبێ بۆ چارەسەری کێشەکان وەکو تایبەت هێنان بە شەڕی ناوخۆو
ڕزگارکردنی ئەزموونەکەمان لە شکست و دوورخستنەوەی دەستی دەوڵەتە
ئیقلیمییەکان لە کوردستان و گەڕانەوەی متمانەی خەڵکی کوردستان بە پەرلەمان و
حکومەت هەروەها. ئەو کاتە پەرلەمانیش دەوری خۆی دەبینێ بە کۆکردنەوەی
هەموو ئەو دەزگایانەی کە لە لایەنە جیاجیاکانی ناو پەرلەمانەوە دەردەچن بۆ

بەڵگەنامەی ژمارە (١٠)



بۆ ڕاوێژکردن لەسەر ئەو بڕیارە گشتیانەی کە هەموو دەوڵەت پەیوەندی
پێوە هەیە وە هەروەها ڕاوێژکردن لەسەر ئەو مەسەلانەی کە چارەنووسی گەلی کورد
دیاری دەکات یا خود هەنگاو دروست دەکات لەسەر ئەزموونەکەمان .
دەبێ وەها کوردستانێک بزانین لەسەر ئەمانە دروست بوونی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی
کوردستان لە کاتی (٥٠×٥٠) کەدا ئیدارەی هەولێر و دهۆک دابەش بوو بە پارتی و
ئیدارەی سلێمانی و کەرکووکیش دابەش بوو بە یەکێتی ئێستاش ئەبینین پەیوەندی ئەو
دابەش بوونە ئێستا هەولێر و دهۆک لەژێر دەسەڵاتی پارتی دایە و سلێمانی و
کەرکووکیش لەژێر دەسەڵاتی یەکێتی دایە واتە ڕووبەری ئەو خاکەی لەژێر دەستی
پارتی دایە تەقریباً یەکسانە بەو ڕووبەرەی کە لەژێر دەستی یەکێتی دایە هەروەها
لە ڕووی ژمارەی دانیشتوانیشەوە ئەتوانین بڵێین جیاوازییەکی کەم بەدی ئەکرێ
واتە لە بارەی ڕووبەری زەوی و ژمارەی دانیشتوانەوە (٥٠×٥٠) دابەش بووە و
کێشەیەکی وای بە لە نێوانیان دا تەنها پەیوەستیان بە پەرلەمان و حکومەتێکی ئیئتلافی
مشترک هەیە کە ئەو دوو ئیدارە جیاوازە پەیوەستی بە یەکەوە یەک مەڵبەندی بڕیار
دروست ئەکات لە کوردستان دا . لە هەمان کاتدا پێشبڕکێیەک دروست
ئەکات لە نێوان ئەم دوو لایەنەدا کە لە ماوەیەدا کامیان زیاتر خزمەت
بکەن ... ئەکات لە سنووری دەسەڵاتی خۆیان دا کورد واتەنی
برایان برام ... کیسەمان جیابێ .
بەڕێزان دەتوانین بەرزترەکەی لەم ماوەیەدا ڕوون کراوەتەوە :-

(١) — دەرئەنجام ئەوانە بە ئاگربەستێکی فیعلی لە نێوان هەردوو لاداو ڕێگە
نەدرێت بە هەندێ لایەنی غەیری یەکێتی و پارتی ئاگربەستەکە تێک بشکێنن
ئەکات هەر لایەنێک ئەوەی کرد تاوان بار بکرێت ،

بەڵگەنامەی ژمارە (١٠)

(٢) – بەرەڵاکردنی هەموو دیلەکانی شەڕ لە هەردوولاوە [illegible]
سیاسیەکان کە بەهۆی شەڕی ناوخۆ یان لەلایەن گرووپەکانی [illegible]
هێزەکان گیراون ئازاد بکرێن .

(٣) – گەڕاندنەوەی ئاوارەکانی هەولێر و سلێمانی بۆ شارەکانی خۆیان [illegible]
بۆ سەر موڵک و ماڵی خۆیان و ئەوەی لێیان زەوت کراوە بۆیان [illegible]
لێ بگیرێ . ئەوەش کە ناگەڕێنەوە موڵک و ماڵەکانیان ئازاد بکرێ [illegible]
تەرزیەی خاوەنەکانی .

(٤) – دیاری کردنی سنووری دەسەڵاتی هەرلایەک لەو ناوچانەدا کە [illegible]
لە ژێر دەستیا نوایە هیچ لایەک بۆی نەبێ چەکداری خۆی بەرەو [illegible]
نامشروعی یان بەدزیەوە بنێرێتە ناوچەی دەسەڵاتی ئەوی [illegible]
هەروەها چەکدارانی لایەنگرانی یەکێ لەو دوولایەنە بۆیان نەبێ چالاکی
هێزیان و ڕێکخستن و چەکداری بکات لە سنووری دەسەڵاتی ئەوی [illegible]
ئەگەر کردی ئەو لایەنە بۆی هەبێ بەتوندی بکات و بە [illegible]
دادگایی بکات بەڵام هەموو کەسێ ئەبێ ئازاد بێ لە بیروباوەڕی و [illegible]
بۆی هەبێ لایەنگری یەکێ لەم دوو هێزە بکات لە سنووری ئەوی تردا بە
مەرجێ چالاکی هێزی و چەکداری نەکات .

(٥) – هەرلایەکێ بەرگری لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی دەکات لەکاتی
ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ هەر هێزێکی داگیرکەر و فاحەزدا لەهەمان کاتدا
ئەتوانن [illegible] کۆمیتەیەکی عەسکەری مشترەک دروست بکرێ لە نێوان پارتی و یەکێتی دا
کە سەر بە وەزارەتی پێشمەرگایەتی بێ بۆ تەنسیق کردن لە نێوانیاندا
ئەگەر لایەکێ لەکاتی ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمندا شکستی هێنا لایەکی تر
بتوانێ بە ژمارەیەکی چەکداری خۆی یارمەتی بدا و دوای ئەوە [illegible]
شەڕەکە بەیەکسەر بگەڕێنەوە سنووری دەسەڵاتی خۆیان بەبێ [illegible] و
ئەو یارمەتی دانە بۆ پارتی بەرلەمانی لە سەر بێ بە زۆرەملێ ؟

بەڵگەنامەی ژمارە (١٠)

(٦) - بەنسبەت ئەو کەسانەی کە خەڵکی هەولێرن و جێگیری یەکێتین لە ناو [illegible]
ئەتوانن لە کاتی مۆڵەتدا جێگاکانیان لە شوێنی خۆیان [illegible]
بە وەرگرتنی مۆڵەتی رەسمی هێزەکانیان هەروەها بە تەنسیق لەگەڵ (لق)ی
پارتی لە سلێمانی کە نوێنەری پارتی بێ لە سلێمانی وەرەقەیش لەوان [illegible]
بۆ سەیطەرەکانی رێگا بۆ ئەوەی بتوانن ماوەی مۆڵەتی خۆیان لە ناو [illegible]
کاریان لە هەولێر بە سەر بەرن بە هەمان شێوە ئەوانەیش کە جێگری پارتین
لە هەولێر خەڵکی سلێمانین بتوانن بە وەرگرتنی مۆڵەتی رەسمی پارتی و
ئەلبەتە لە هەولێر کە نوێنەری یەکێتیە ماوەی مۆڵەتەکەیان لە ناو [illegible]
لە سلێمانی بە سەر بەرن .

(٧) - پێک هێنانی پەرلەمانێکی ئیئتلافی مشترک لە پارتی و یەکێتی و ئاشووری و
لایەنەکانی تر واتە دابەشکردنی ژمارەی پەرلەمانتارەکان بە سەر [illegible]
لەم شێوەیە بەشێکی پارتی بێ و بەشێکی تر یەکێتی و بەشێکی [illegible]
لە ئاشووری و لایەنەکانی تر پێک بهێنرێ و هەروەک جاران سەرۆکی
پەرلەمان پارتی بێ و جێگرەکەی یەکێتی بێ .

(٨) - پێک هێنانی حکومەتێکی ئیئتلافی مشترک لە پارتی و یەکێتی و ئاشووری و
لایەنەکانی تر بە هەمان شێوە دابەشکردنی ژمارەی وەزارەتەکان بە
سەر [illegible] دا لەم [illegible] بە [illegible] ژمارە یەک لە وەزارەتەکان وەزیرەکانی پارتی
بن و جێگرەکانی یەکێتی بن ژمارەی دووهەم لە وەزارەتەکان وەزیرەکانی یەکێتی
بن و جێگرەکانی پارتی بن ژمارەی سێیەم لە وەزارەتەکان بدرێن بە ئاشووری و
لایەنەکانی تر بە مەرجێ وەزیر و جێگر لە هەمان حزب نەبن بۆ نموونە ئەگەر وەزیری
وەزارەتێ شیوعی بوو ئەبێ جێگرەکەیشی هەر شیوعی بێ هەروەها هەروەکو
جاران سەرۆک وەزیران یەکێتی دەبێ و جێگرەکەی پارتی دەبێ .
[illegible] لەم پرۆژەیەدا [illegible] ئەو وەزارەتەی کە وەزیرەکەی پارتییە و
جێگرەکەی یەکێتییە وەزیرە پارتییەکە کاروباری وەزارەتەکەی ئەبات بەڕێوە
لە [illegible] پارتیدا و [illegible] وەزیرێکی سەر بە خۆی کاروباری [illegible]

بەڵگەنامەی ژمارە (١٠)

عەلاقەی بە جێگرەکەوە نیە و لە هەمان کاتدا جێگرەکەی کە یەکێتی [illegible]

هەمان وەزارەت ئەبات بەڕێوە لە سنووری دەسەڵاتی یەکێتی دا [illegible]

وەزیرێکی سەربەخۆ عەلاقەی بە وەزیرە پارتیەکەوە نیە بەڵام [illegible]

ئەگەر وەزیرەکە یەکێتی بوو جێگرەکەی پارتی بوو ئەوە هەر بەو بابە لە سنووری

دەسەڵاتی حیزبەکەیدا وەزارەتی خۆی بە سەربەخۆیی ئەبات بەڕێوە

بەڵام ئەو وەزارەتانەی کە بە دەستە لایەنەکانی غەیری پارتی و یەکێتیەوە یە

بۆ نموونە ئەگەر وەزارەتی تەندروستی بوو بە حزبی شیوعی ئەوا وەزیرەکەشی و

جێگرەکەشی لە هەمان حزب دەبێ وابە وەزیری تەندروستی کاروباری وەزارەتی

لە سنووری پارتی دەبات بەڕێوە لە هەمان کاتدا جێگرەکەشی کە شیوعیە وەزارەتی

تەندروستی ئەبات بەڕێوە لە سنووری دەسەڵاتی یەکێتی دا بە سەربەخۆیی [illegible]

(یان ئەتوانێ هەر لایەنێ لە سنووری دەسەڵاتی خۆیدا ژمارەیە وەزارەتی بداتە بەو حیزبانەی لە سنووری خۆیدا نوێنەریان هەیە)

پەیوەندی بە وەزیرەوە نابێت

بە هەرشێوەیەک کوتلەیەکی وەزاری مشترەک لە پارتی و لایەنەکانی غەیری یەکێتی لە

هەولێر دروست دەبێ جێگری سەرۆک وەزیران کە پارتیە بە دەوری سەرۆک وەزیران

دەبینێ لە سنووری دەسەڵاتی پارتی دا بۆ بەڕێوەبردنی ئەو کوتلە وەزاریە بە

بە هەمان شێوە کوتلەیەکی وەزاری مشترەک لە یەکێتی و لایەنەکانی تری غەیری

پارتی لە سلێمانی دروست دەبێ سەرۆک وەزیران کە یەکێتیە بە دەوری

سەرۆک وەزیران دەبینێ لە سنووری دەسەڵاتی یەکێتی دا بۆ بەڕێوەبردنی .

ئەو کوتلە وەزاریە بە هەروەها ئەو دائیرانەی کە وەزیرن لە بینای وەزارەتەکانیان

ئەنووسن وەزارەتی فلان بەڵام ئەو دائیرانەی کە جێگری وەزیرن لە بینای وەزارەتەکا

ئەنووسن بریکاریەتی وەزارەتی فلان .

بە نسبەت شوێنی دانیشتنی سەرۆک وەزیران و جێگرەکەی ئەتوانرێ بینایەک

لە هەولێر تخصیص بکرێ بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کە هەردوو سەرۆک وەزیر و

جێگرەکەی تیادا دابنیشن تا سایەی بە جێگرەکەی کە پارتیە بە بەردەوامی لەو بینایەدا

دەوام ئەکات چونکە سنووری دەسەڵاتی خۆیەتی بەڵام سەرۆک وەزیر کە یەکێتیە

ئەتوانێ ١٥ ڕۆژ لەو بینایەدا دەوام بکات لە هەولێر ١٥ ڕۆژەکەی تری لە

سلێمانی دەوام بکات لە بینایەکی تایبەت بە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران [illegible]

بەڕێوەبردنی کاروباری وەزارەتەکانی لە سنووری دەسەڵاتی یەکێتی دا [illegible]

لە سلێمانی دانیشتنی بەردەوام

بەڵگەنامەی ژمارە (١٠)

(٩) گەڕانەوەی تەنها یەك ( لق ) ی پارتی بۆ ناو شاری سلێمانی بە تەواوەتی دیاری کراو لە مسؤول و حمایە وەك نوێنەرێکی پارتی لە سنووری دەسەڵاتی یەکێتی دا دوور لە چالاکی هێزبەو ڕێکخستن و چەکداری بە هەمان شێوە گەڕانەوەی تەنها یەك (مەڵبەند)ی یەکێتی بۆ ناو شاری هەولێر بە هەمان ژمارەی دیاری کراو لە مسؤول و حمایە وەك نوێنەرێکی یەکێتی لە سنووری دەسەڵاتی پارتی دا دوور لە چالاکی هێزبەو ڕێکخستن و چەکداری.

(١٠) - گەڕانەوەی تەنها یەك ئیزاعەی رادیۆ تەلەفزیۆنی پارتی بۆ ناو شاری سلێمانی لە بەرامبەردا گەڕانەوەی یەك ئیزاعەی رادیۆ تەلەفزیۆنی یەکێتی بۆ ناو شاری هەولێر هەر دوولا بە ژمارەیەکی دیاری کراو لە چەکداری سەر بەو دوو لایەنە کە خاوەنی ئیزاعەکەن حمایە بکرێن و ئەبێ ئەم ئیزاعانە دوور بێت لە پروپاگەندەی دژ و وروژاندنی هەستی خەڵك بە تایبەتی.

(١١) - بە نسبەت داهاتی کوردستانەوە سێ ڕێگە چارە دانراوە کامیان بە باش دەزانن ئەتوانن کاری پێ بکەن.

أ- دانانی لیژنەیەك لە برادەرانی یەکێتی لە خاڵی گومرگی ئیبراهیم خلیل دا بۆ دیاری کردنی داهاتی ئەو خاڵە گومرگیە و تحویل کردنی پارەکەی بۆ بانقێکی تایبەتی لە شاری هەولێردا مانگانە لەو داهاتە نسبەتی بووەی بە وەزارەتی مالیەی کە لە سنووری دەسەڵاتی یەکێتی دایە ئەگەر نسبەتەکە ٢٥٪ کەمتر نەبێ و ٤٠٪ زیاتر نەبێ کە ئەمە قابیلی وتووێژ کردنە لە سەری بۆ دیاری کردنی ئەو نسبەتە بە مەرجێ صرف بکرێت بۆ موچەی موچەخۆرانی لە سنووری دەسەڵاتی یەکێتی دا و ئاوەدان کردنەوەی ناوچەکە.

بەڵگەنامەی ژمارە (١٠)

ب ـ پارتی ئەگەر خاڵی ـ أ ـ بە گونجاو نەزانێ ئەتوانێ لە بەرامبەر
ئەوەدا مانگانە لە داهاتی ئیبراهیم خەلیل [illegible] مووچەی مامۆستایان و
فەرمانبەران تەحویل بکات بۆ ئەو وەزارەتی ماڵیە کە لە سنووری
دەسەڵاتی یەکێتی دایە بۆ دابین کردنی مووچەکانیان لە کاتی خۆیدا .

ج ـ یان ئەتوانرێ خاڵە گومرگیەکان لە سەرانسەری کوردستاندا هاوبەشانە
لە برادەرانی پارتی و یەکێتی و تەحویل کردنی داهاتەکان . بۆ یا (؟)
لە هەولێر دابەش کردنی ئەو داهاتە لە نێوان هەردوولادا بە
نسبەتێکی معقول کە ئەتوانرێ بە مناقشە دیاری بکرێ .

---

لە کۆتاییدا داوا لە بەڕێزان مەکتەبی سیاسی هەردوو لایەن
دەکەم کە راو بۆچوونی جیدیەکانیان لە بارەی ئەم پرۆژەیەوە ئاشکرا
بکەن بە نووسراوی بۆ ئەوەی ئەگەر بیروڕای هەردوو لایەن نزیک بوو لە
یەکەوە بتوانرێ موعیدێ دابنرێ بۆ کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی هەردوولا
لە جێگەیەک بۆ مناقشە کردنی پرۆژەکەو گەیشتنە بە ئەنجامێکی چاک . بە
پشتیوانی خواو هەوڵی دڵسۆزان وە بە شەخسی خۆم وەک وەسیطێک
ئامادەم لە بەینی هەردوولادا هاتوچۆی هەولێر سلێمانی بکەم بۆ گەیشتن
بە ئەنجامێکی چاک .

هاوڕێی بێلایەن

برهان احمد صالح

فەرمانبەر

لە کارگێڕی جبهەی نیشتمانی سەرخبار

١٩٩٢/٨/١٩

بەڵگەنامەی ژمارە (١٠)

## ڕوونکردنەوەیەک

ڕوونکردنەوەیەک لە لایەن دانەری پڕۆژەکەوە :-

بەڕێزان لەوانەیە هەندێ کەس پرسیار بکەن بۆچی لە دابەشکردنی داهاتی ئیبراهیم خلیل دا جیاوازیەک هەیە واتە لایەک زیاتر و ئەوی تر کەمتر لە وەڵامدا ئەڵێم لە بەرئەوەی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پارتی ئەگەر داهاتی ئیبراهیم خلیلی لێ دەربکەی ئەوا داهاتەکانی تری کەمتر دەبێ لە داهاتی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکێتی و لە هەمان کاتدا لەوانەشە چڕی دانیشتوان و موچەخۆران کەمێ زیاتر بێت تیایدا بەڵام ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکێتی ئاوەدانترە و مشاریع و معامل زیاتر تیادایە وە لە سەرچاوەی کارەبا و چیمەنتۆ و هەندێ شتی تر لە بەرئەوە جیاوازیەک بۆ ئەوە یە کە تعویضی ئەو فەرقە بکات ئەلک أخیار و حجامە لە کوردی لایەک چونکە ئەو کەسەی ناوبژی ئەکات ئەبێ بێ لایەنانە بە پێی بەرژەوەندی هەردوولا پڕۆژە دابڕێژێ نەک عاطفیانە بیربکاتەوە. هەروەها ئەوەی لە پڕۆژەدا ئەنووسرێ سەنەد نیە بۆ هیچ لایەک بەڵکو مناقشەی لەسەر ئەکرێ لە لایەن هەردوولاوە و قابیلی کەم و زیادکردنە لە هەمان کاتدا لەوانەیە هەندێ حاڵەتی تیابێ خۆشم پێم خۆش نەبێ بەڵام بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستان وا ئەخوازێ و هیچ ڕێگەیەکی ترمان لە بەردەمدا نیە پیا بڕۆین بەڵام ئەم ڕێگەیە ئەگەر هەندێ کەموکوڕیشی تیابێ مادام نیەتمان پاک و بە ڕەوەد ئاشتی و ڕزگارکردنی ئەزموونەکەمانە ئەبانە منی بە ڕاستی ئەزانم و شانازی پێوە ئەکەم وە هیوادارم ئەگەر پڕۆژەکە سەری گرت و جێبەجێ کرا ئەوا لە داهاتوودا هەوڵی جدی بدەین و هەنگاوی کوردانە بنێین بۆ ڕاستکردنەوەی هەندێ حاڵەتی نائاسایی و بە ئەگرتنەوەی شێوازەکان بەهێزی هەڵبژاردنێکی ئازادەوە و چەسپاندنی ئاشتی و برایەتی لە سەرتاسەری کوردستاندا .

بەڕێزان ڕەنگە هەندێ کەسانی تر ئەو پرسیارە بکەن بۆ دوو شێوەی جیاواز هەبێ لە کوردستاندا بۆ یەک شێوەی هاوبەش نەبێ .

لە وەڵامدا ئەڵێم ڕابوردوی ئەم چەند ساڵەی کوردستان بەتایبەتی لە کاتی (٥٠-٥٠) کەدا ئەوەی سەلماندووە کە دوو لایەنی جیاواز ناتوانن لە

بەڵگەنامەی ژمارە (١٠)

لە یەک شێوازی هاوبەشی وەک یەک بە یەک هاوسەنگی دەسەڵات
حوکم بکەن چونکە لە جیهاندا ئەم حاڵەتە بەو شێوەیە پیادە نەکراوە و
لای خۆشمان سەلمێنراوە کە جێگری وەزیر ئەبێت بە ڕێگری وەزیر و
پێشی کارەکان لە تێبوونی هەردوولادا یەکێ ئەخوازنەوە و هەر لایەک
بۆچوونی تایبەتی خۆی هەیە لە بەڕێوەبردنی حیزبی و شێوەی بەڕێوەبردندا
هەتا لە حوکمی هاوبەشی ئیئتلافیشدا هەمان حاڵەت دووبارە ئەبینینەوە
چونکە وەزیر و جێگرەکەی لە دوولایەنی جیاوازەوە سەرچاوە دەگرن و
سەربەخۆیی تەواویان نابێ لە هەڵسوڕانی کاروباردا چونکە ئەدانە بە لایەنی
بەرامبەر لە هەندێ حاڵەتدا معارضەی بکات لە کارانەدا کە بە دڵی نییە یاخود
لەگەڵ بەرژەوەندییان ناگونجێ ئەمەی سەرەوەش مەبەستم لەو حوکمە ئیئتلافییە
هاوبەشە نەک بە یەک شێوازی هاوبەشی حوکم بکات.
بەڵام ئەو دوو شێوازە جیاوازەی لە پرۆژەکەدا ڕێگە و شوێنی بۆ دانراوە زۆر
واقیعی تر و گونجاوترە و لە جیهاندا پیادەکراوە چونکە دوولایەنی جیاواز
ئەگەر بیانەوێ یەک بە یەک هاوسەنگی دەسەڵات حوکم بکەن ئەوە ئەبێ لە
دوو ڕووبەری جیاواز و دوو شێوازی جیاوازدا حوکم بکەن لە ژێر سایەی
یەک پەرلەمان و یەک حکومەتی ئیئتلافی مشترک. ئەگەر وا نەبێ ئەبێ لایەک
ساحەی حوکم چۆڵ بکات بۆ ئەوی تریان کە ئەمەش زۆر مەحاڵە و هیچ لایەک
ئەو ئامادەیی یەی تیادا نییە یە هەڵبژاردنێکی ئازاد ئەبێ کە لایەک دەرچێ
بە تەنها حوکم بکات. لە هەمان کاتدا هەڵبژاردن لەم ساتەوەختەدا کە
هەردوولا لە حاڵەتی شەڕدان هەر مەحاڵە چونکە هەڵبژاردن ئاشتییەکی
پێشوەختی ئەوێ بۆ خۆ ئامادەکردن و دابین کردنی پێویستییەکانی
لەگەڵ ڕێز و سوپاسمدا بۆ هەموو لایەک وە ئەگەر
هەڵەیەک لە بۆچوونەکانمدا هەبێ ئەوا داوای لێبووردن
ئەکەم لەگەڵ ڕێزمدا.

بورهان ئەحمەد
١٩٩٧/٨/١٩

بەڵگەنامەی ژمارە (١٠)

## یاداشت نامەی ڕێکخراوە جەماوەریەکانی شاری سلێمانی

تەنها ئاشتی ئەڵتەرناتیڤە بۆ کوردستان

بۆ / سەرجەم جەماوەری کوردستانی بەشەرەف

بۆ / بەڕێزان : مام جەلال تاڵەبانی سکرتێری یەکێتی نیشتمانی کوردستان

کاکە مسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان

بەڵگە نەویستە کە بەردەوامی شەڕی خۆکوژی، تەنها قازانجی دوژمنانی تێدایەو زەرەری سەرجەم گەلی کوردستان.

ئەو شەڕەش دەرەنجامی زۆر خراپی لێ کەوتۆتەوەو کێشەی میللەتەکەمانی لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە توشی پاشەکشە کردوە، وە دەستکەوتەکانی گەلەکەمانی ڕووبەڕوی مەترسیەکی خەتەرناکە کردۆتەوە.

لەو ڕوانگەیەوە دەست پێشخەریە ئاشتیخوازەکانی هەردوو لایەنی بەشەڕ هاتوو و هەوڵەکانی حزبە کوردستانیەکان و هاوڕێ عزیز محمد جێی خۆشحاڵیە وە بەربەستێکە لەبەردەم هەموو دەست تێوەردانە هەرێمایەتیەکان دا.

هەنگاوانی بەپەلەش بۆ گەڕانەوەی متمانەی نێوان هەردوو حزب لەسەر ئاستی سەرکردایەتی و ناوەندە حزبیەکانیان ئەرکی بەپەلەیە بۆ سەرکەوتنی هەنگاوەکانی ئاشتی.

هەربۆیە ئێمە لێرەوە داوا لەسەرجەم جەماوەری کوردستان دەکەین لەپێناو ئاشتی و ئاشتبونەوەی گشتی ڕیزەکانیان یەک بخەن و پشتیوانی لەو هەوڵ و کۆششە ئاشتی خوازانانە بکەن وە تێکۆشانی بۆ بکەن لەم یاداشت نامەیەدا ئەم داواکاریە دەست بەجێیانە دەخەینە بەردەم هەردوو بەڕێزان : کاکە مسعود بارزانی و مام جلال تاڵەبانی بۆ جێبەجێ کردنی :

١ـ دەست بەجێ ڕاگواستن و ڕاوەدوونانی لایەنگران و هەوادارانی یەکوی ڕابگیری.

٢ـ سانسۆر لەسەر هات و چۆکردن هەڵبگیری و هات و چۆکردن ئازاد بکری.

٣ـ زیاتر پشت بە هەوڵە ئاشتی خوازانە ناوخۆییەکان ببەسترێ و سوود لە هەوڵە دەرەکیەکان وەربگیری.

٤ـ هیچ لایەنێکی کەی کوردستان نەکرێتە سوتەمەنی بۆ ئاشتی لە کوردستان دا.

جارێکی تر داواکارین جەماوەری کوردستان هەوڵ و کۆششی شێلگیرانەی خۆیان بخەنە گەڕ بۆ سەقامگیرکردنی ئاشتی.

١ـ یەکێتی لاوانی دیموکراتی لە کوردستانی عیراق.

٢ـ یەکێتی گشتی قوتابیانی کوردستان — لقی سلیمانی .

٣ـ یەکگرتوی قوتابیانی اسلامی کوردستان — لقی سلیمانی.

٤ـ یەکێتی ژنانی کوردستان — لقی سلیمانی.

٥ـ کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان.

٦ـ یەکێتی ئافرەتانی سۆسیالیست — لقی سلیمانی.

٧ـ یەکگرتوی خوشکانی اسلامی کوردستان — لقی سلیمانی.

٨ـ ئەنجومەنی باڵای جەماوەری سلیمانی .

٩ـ کۆمیتەی خوێنکاران و لاوانی دیموکراسیخوازن.

١٠ـ یەکێتی خوێندکاران و لاوانی کوردستان — ناوەندی سلیمانی.

١١ـ کۆمیتەی بەرگری لە داخوازیەکانی جەماوەر.

١٢ـ یەکێتی پیشەنگای کوردستان — لقی سلیمانی.

١٣ـ یەکێتی قوتابیانی اسلامی — لقی یەک.

١٤ـ کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی حزبی شیوعی کوردستان.

١٥ـ یەکێتی لاوانی تورکمان — عیراق.

١٦ـ کۆمەڵەی زیندانە سیاسیەکانی حزبی شیوعی کوردستان.

١٧ـ یەکێتی لاوانی دیموکراتی عیراق.

١٨ـ کۆمەڵەی پاراستنی مافی منالان.

بەڵگەنامەی ژمارە (١١)

# ڕاگەیاندنێکی هاوبەش لە یادی گەردەلولی تۆڵەدا

پاش ئەوەی لەسەر بانگێشتی ڕەسمی خیانەتکارانی پارتی لە ٣١ی ئاب ی١٩٩٦ سوپای ڕژێمی بەعس هەولێری پایتەختی داگیرکردو لە مێژووی گەلی کوردستاندا گەورەترین خیانەت لە ئەرشیفی پارتی دا تۆمارکرا ، ئەوا هەلومەرجی کوردستان و دەسکەوتە مێژووییەکانی کەوتە بەر مەترسی یەکی چارەنوسساز .

سالێك لەمەو بەرو لە ئەنجامی تێکچوونی هاوسەنگی هێزەکان وەك قۆناغێکی پێویستی سوپازی ، تەواوی هێزە نیشتمانییە خاوەن هەلویستەکان بەرەو ناوچە ستراتیژیەکان کشانەوە و لەماوەیەکی کەمدا خۆیان ڕێکخستەوە و پاشان لە کەمترین دەرفەتدا بە هەما هەنگی و پشت ئەستور بە کۆمەلانی خەلکی کوردستان و بە هێزی بەرگری لەدەسکەوتەکانی ڕاپەرین لەژێر ناوی گەردەلولی تۆلەدا شارو شارۆچکەکانی کوردستانیان لە دوژمنان و خائینان پاك کردەوە ، بەمەش بۆ دۆست و دوژمنان سەلمێنرا کە بزوتنەوەی کوردستان لە هەر هەلومەرجێکدا لە توانایدایە کە بەرگری لە دەسکەوتەکانی خۆی بکا و پیلانە یەك لە دوای یەکەکانیش تێکشکێنێ .

دیارە لە ماوەی پاش گەردەلولی تۆلەشدا زەمینەیەکی نوێ خولقایەوە کە تیایدا خزمەت بە ڕەوشی کوردستان بکرێت و تەواوی کەم و کوڕی و گیروگرفتە ناو خۆییەکانی کوردستان چارەسەر بکرێت و ئاشتی یەکی هەمیشەیی تیادا بچەسپێنرێ، کە چی پارتی تەنها لە گەورەبونی قەیرانەکانی دا نەبێت تا ئێستا ملی بۆ ئاشتی و ئیرادەی کۆمەلانی خەلکی کوردستان دانەناوەو بە هێزیەوە ئالۆزییەکانی کوردستان درێژەیان کێشاوە .

بۆیە لەم یادەدا ئێمەی لایەنە نەتەوەییەکانیش داوا لە کۆمەلانی خەلکی کوردستان و تەواوی هێزە کوردستانییەکان دەکەین کە چاوی خۆیان لە ئاست ئەو ڕاستیانە نەنوقێنن و بە یەکیەتیەکی پتەو خۆیان ڕێکخەن بۆ لە گۆڕنانی پیلانەکانی دوژمنان و نۆکەر و خائینان ، کە دیارە لە بەرامبەر دا سەرکەوتنی ئیرادەی پۆلایینی گەل و ئەمەوە لە تەواوکردنی قۆناغەکانی گەردەلولی تۆلە بەیەکیەتی ڕیزەکانی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان بەرجەستە دەبێ .

## سەروەری بۆ شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کوردستان .
## نەفرەت لە خیانەت و خۆ بەدەستەوەدان.

| | | |
|---|---|---|
| پلاتفۆرمی نەتەوەیی کوردستان | حزبی ڕزگاری کوردستان | یەکیەتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان |
| P.N.K | R.P.K | YNDK– سەرکردایەتی کاتی |
| ١٩٩٧/١٠/١٠ | ١٩٩٧/١٠/١٠ | ١٩٩٧/١٠/١٠ |

بەڵگەنامەی ژمارە (١٢)

## بەیاننامەی مەکتەبی سیاسی پارتی پاریزگارانی کوردستان
## لەیادی دووهەمین سالڕۆژی کارەساتی کەلەکێن

**جەماوەری بەشەرەفی کوردستان...**

**خەمخۆرو ئاشتی خوازانی میللەتەکەمان....**

پارتی پارێزگارانی کوردستان وەك حیزبێکی سیاسی سەر گۆرەپانی خەباتی شەرەفو کوردایەتی لەسەرەتای درووست بونیدا تاکو ئێستا هەمیشە خەمخۆری جێبەجێ کردنی خواستو ویستی خەلکی بەشەرەفو کۆلنەدەری کوردستان بووە.. بەکیانێکی پڕ لە برایەتیو تەبایو خۆنەویستی هاتۆتە کۆڕی خەباتو کوردایەتی. بە نەفەسێکی تازەو خۆراگرو پشت ئەستور بە ئیرادەی توندو پۆلاینی میللەتەکەمان. بەبڕوایەکی تەواو بە حەتمیەتی سەرکەوتنی خواستو ئیرادەی جەماوەر لە ئاشتیەکی شەرعیو عادیلانەدا..

بۆیە لەیەکەم ڕۆژی هەلگیرساندنی شەڕی شومو دزواری ناوخۆ، حیزبمان بە هەموو هێزو توانایەکیەوە خۆی خستە گەڕ بۆ کوژاندنەوەی ئاگری ئەم دۆزەخە کاولکەرو مال وێرانیە.

پارتی پارێزگارانی کوردستان یەکێك بوو لە حیزبەکانی ناو لیژنەی هاریکاری کوردستان. کە زۆر بە ڕوونو ئاشکرا دەوری بەرزو جوامێرانەی هەموو لایەنەکانی تیادا دیار بوو.. بەلێ بە درێژایی ئەو شەڕە جەرگ بڕە تاکو ڕۆژی ١٦/ ٦/ ١٩٩٦ کە خەلکی هەژارو بێدیفاعی گوندی کەلەکێن بە پیرو ژنو منالو پەك کەوتوو خرانە ژێر لافاوی چەکدارەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان.

هێرشی دڕندانەی بە ئاگرو ئاسن. کارێکی کوشندەو تۆقێنەرو نامرۆڤانە بوو. تاوانێك بوو دژ بە ڕاو بیرو بۆچوونی گشت لایەنە سیاسیەکان دەرحەق بە پاراستنی دەستکەوتەکانی ڕاپەڕینو سەرخستنی پرۆژەکانی ئاشتی لە کوردستاندا کە پارێزگارانیش حیزبێك بوو لەو لایەنانە.

کارەساتی کەلەکێن کارێکی ناڕەوا پڕ لە ڕوو ڕەشیو شەرمەزاری بوو. بە تایبەتی بۆ ئەوانەی کە هەمیشە ئیدیعای کوردایەتیو هەلگرتنی دروشمی دیموکراتیەتو مافی مرۆڤو فرە حیزبی دەکەن. پێمان وایە ئاگردانێك بوو بۆ خۆش کردنو جۆشدانی شەڕی ناوخۆ لەولاتەکەماندا.

ئێمە لەم یادە دلتەزێنەدا زۆر بە توندی ڕیسواو ئیدانەی هەموو کارێکی تۆقێنەرو تیرۆریستو لەشکر کێشی دژ بە میللەتەکەمان دەکەین.

پارتی پارێزگارانی کوردستان لە ڕۆژی شەهید کردنی حسەین ئاغای سورچیو هاوڕێکانیدا.. پەرۆشیو پشت گیری خۆی بۆ ویستو خواستی میللەتەکەمان لە ئاشتیو برایەتیو تەبایی زۆر بە گەرمی تەئکید دەکاتەوە.

هەروەها خوازیارین کەچیتر کاری کوشتنو گرتنو ڕاوەدونانو لەشکر کێشی لەناو خاکی کوردستان لەژێر هەر ناوو پاساوێك بێت ئەنجام نەدرێت.

**نەفرەت لە کوشتنو گرتنو تیرۆریستو داگیرکەران...**

**ئەمریو سەربەرزی بۆ شەهیدانی کەلەکێنو کوردستان...**

**هەر سەرکەوتوو بێت ئیرادەی گەل لە ئاشتیو ئازادیو پاراستنی دەست کەوتەکانی ڕاپەڕین...**

پارتی پارێزگارانی کوردستان
سلێمانی ١٦/٦/ ١٩٩٨

بەڵگەنامەی ژمارە (١٣)

# لەیادی دوو ساڵەی خیانەتەکەی ٣١ی ئابدا

## جەماوەری هەمیشە خۆراگری کوردستان

بەیانی، (٣١ی ئاب) دووساڵ بەسەر خیانەتە نیشتمانییەکەی ناسراو بەخیانەتی ٣١ی ئابی ١٩٩٦تێدەپەڕێ.

دووساڵ لەمەوبەر، لەکاتێکدا کۆبوونەوەیەکی ئاشتی لە(لەندەن) لەنێوان یەکێتی‌و پارتی لەئارادا بوو، خەڵکو لایەنە سیاسیەکان بەپەرۆشەوە لەچاوەڕوانی چارەسەرێکی سیاسی کێشەکەدا بوون، ئالەو کاتەدا سەرۆکی پارتی لەڕێگەی نامەیەکی رەسمی بۆدیکتاتۆری بەغدا، هێزەکانی حەرەسی جمهوری بەپاڵپشتی سەدان تانکو زرێپۆش بۆ داگیرکردنەوەی شاری هەولێر، پایتەختی کوردستان، بانگهێشت کرد.

هێزەکانی رژێم بەهاوکاری‌و چاوساغی چەکدارەکانی پارتی لەپەلاماردانی هەولێردا، سەرەتا لەچەندین لاوە گەمارۆی شاریانداو دواتر کەوتنە تۆپبارانێکی درندانەو دواجاریش بەهۆی نابەرابەری نێوان هێزی پێشمەرگەو هێزەکانی دوژمن‌و بێ هەڵوێستی حکومەتی ئەمەریکا لەئاست ئەو پەلامارەدا توانیان بۆ شەو هەولێری پایتەختی خۆراگری کوردستان داگیربکەن‌و زەرەرو زیانێکی زۆری گیانی‌و ماڵی لەهێزی پێشمەرگەی کوردستان‌و هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی‌و خەڵکی بێ دیفاعی شاری هەولێر بگەیەنن. ئەمە وێڕای ئەو زەرەرو زیانە سیاسی‌و ماددی‌و مەعنەوییەی کەلەسەرێتی ئەو خیانەتەدا بەدەستکەوتەکانی راپەرین‌و ناوبانگی کوردو لەزموونەکەی گەیشت، کەتا ئیمڕۆش شوێنەوارە خراپ‌و زیانبەخشەکانی لەنێوخۆو دەرەوەدا نەسڕاوەتەوە.

## خەڵکی بەشەرەفی کوردستان

سەرۆکی پارتی بەنیازی چەواشەکردنی رای گشتیی نێوخۆو دەرەوەو رەوایی بەخشین بەو هەنگاوەی تۆپبارانی ئێرانی لەشەرەکەدا کردە بیانوو، لەکاتێکدا هەموو لایەک دەزانن پێشتر لەوەرگرتنەوەی ناوچەکانی چۆمان‌و حاجی ئۆمەران‌و قەسرێ‌و شەرەکانی ناوچەی قەڵادزێ‌و دواجاریش لەگرتنی شاری پێنجوێندا، هێزەکانی ئێران لەقازانجی ئەواندا دەخالەتیان کردبوو. ئەمە جگەلەوەی زۆری نەبرد بەبانگهێشتکردنی رەسمیی هێزەکانی تورکیا بۆ کوردستان‌و جارەدانی شەرێکی نارەوا دژ بەپارتی کرێکارانی کوردستان (PKK) لە (١٤ی ئایاری ١٩٩٧) دا کەتائێستاش ئەو شەرە لەخزمەتی تورکدا درێژەی هەیە. پارتی لەو بارەوە دەستی کەوتەڕوو، ماهیەتی نیازی پارتی لەو هەنگاوەدا کەدەیویست لەڕێگەی هاوکاری ماددی‌و سەربازی رژێمی داگیرکەری بەغداوە یەکێتی‌و هێزە شۆڕشگێڕەکانی تر لەگۆڕەپانەکەدا پاکتاو بکاو ئەوسا بەتەنها خۆی حوکمرانی کوردستان بکا بۆ هەموو لایەک ئاشکرا بوو.

پارتی بەو هەنگاوە خیانەتکارییەی، کەپەرلەمان‌و حکومەتی هاوبەشی لەبەین بردو کوردستانی دابەش کرد، کەچی لەماوەی ئەو دوو ساڵەدا لەڕێگەی قووت کردنەوەی پەرلەمان‌و حکومەتێکی کارتۆنی‌و بەهاش‌وهوشی خزمەتگوزاری خەڵک...هتد، هەوڵیدا ئەو خیانەتە لەبیری خەڵکو لایەنە سیاسیەکان بباتەوەو خۆشی بێ حسێب وەک بەرزەکی پاشان لەو تاوانە گەورەیەدا لێی دەرچێ، بێ ئاگا لەوەی کەی‌و لەکوێی دنیا، زوو یا درەنگ خیانەت‌و خیانەتکاران لەسزای گەل‌و حوکمی مێژوو قورتاریان بووە، ئەوەتا پارتی سەرباری ئەو پشتیوانییە گەورەیەی کەلەو ماوەیەدا هەردوو رژێمی بەغداو ئەنقەرە لێیان کردووەوسەرباری ئەو دەیان ملیار دینارەی کەبەناهەق دەستیان بەسەردا گرتووەو سەرباری ئەو دیماگۆگییەت‌و چەواشەکارییەی کەبۆ پاراستنی دەسەڵاتی خۆیان لەکوردستان پەنایان بۆ بردووە، کەچی دووچاری گۆشەگیری‌و قەیرانێکی خەتەرناکی ئەوتۆ بووە کەڕۆژ لەدوای رۆژ هەرەشە لەوجودی دەکات‌و نازانێ چۆن‌و بەچ رێگایەک لێی دەرباز بێ.

## کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان

حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان کەهەر لەسەرەتاوە بەرچاو روونانە هەڵوێستێکی کوردانەو شۆڕشگێڕانەی لەخیانەتی ٣١ی ئابدا وەرگرت‌و پێشی وابوو کەمقاوەمەت‌و خۆراگری گەلەکەمان‌و لایەنەکانی هاوپەیمانی دیموکراتی کوردستان‌و سۆزو پشتیوانی دونیای دەرەوە لەکێشەکەمان زۆر لەوە گەورەترن کەپارتی بتوانێ لەڕێگەی هاوکاری‌و هێنانەوەی دەسەڵاتی بەعس

بەڵگەنامەی ژمارە (١٤)

کوردستان کۆنترۆڵ و ئیرادەی گەلی کوردستان سەرکووت بکا. ئەو خیانەتەش بەئاسانی بۆ ناچێتە سەر. ئەوەتا زۆری ئەبرد پێشبینیەکانی حزب بەڕاست گەڕا؛ ئومێد دەکەین ئەو قەیرانەی ئێمڕۆ پارتی تێی کەوتووە بۆی ببێتە دەرس و پەند و هەڕەشەی زووە بەدەست بەردان لەهەردوو ڕژێمی بەغداو ئەنقەرەو وازهێنان لەئەنقلیەتی دەسەڵاتکردن بەهۆی داگیرکەران و گەڕانەوە بۆ سەنگەری کوردایەتی ڕاستەقینەو ئاشتیەکی عادیلانە خۆی و ئەزموونەکەمان لەهەڵدێری زیاتر دەرباز بکات.

پارتی کەلەو دواییە لەژێر فشاری ئەنگۆڕەکاندا بەقسە ئامادەیی تەواوی خۆی بۆ ئاشتیەکی عادیلانە ڕاگەیاندووە. داوای لێدەکرێ کەهەڕەشەی زووە لەگەڵەو قسانە هەر مانۆڕو بۆخۆ دەربازکردن لەقەیرانەکەدا نییە هەنگاوی جیددی و بەکردەوە بهاوێژێ. لەپێشەوەیاندا:

١- ئازادکردنی هەموو دیل و گیراوەکان و دیاریکردنی چارەنووسی بزرو ئادیارەکان.

٢- ڕێگەدان بەگەڕانەوەی سەرجەم ئاوارەکان.

٣- ئاسایی کردنەوەی بارودۆخی شاری هەولێرو ئاسانکردنی هاتووچۆی هاوڵاتیان لەنێوان شارەکان و بۆ دەرەوەی کوردستان.

٤- سەرفکردنی مووچەی فەرمانبەران و مامۆستایان و شەهیدان و خانەنشینان و سەرجەم کارمەندانی ناوچەکانی سلێمانی و کەرکوک و کۆیە تاگێڕانەوەی یەکجارەکی ئەو داهاتە بۆ خەزێنەی حکومەتی یەکگرتووی کوردستان.

٥- ملدان بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی ئیئتلافی هاوبەش، بەبەشداری هێزە سیاسیەکانی تر و زەمینە خۆشکردن بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی دیموکراسی تازە لەکوردستاندا.

٦- دووکەوتنەوەی بەکردەوە لەهاوکاری هەردوو ڕژێمی بەغداو ئەنقەرە.

٧- بەگەڕخستنی بەکردەوەی هەڵوێستە سیاسیە نیشتمانییەکان لەبەرامبەر کێشە سەرەکیەکاندا.

مەکتەبی سیاسی

سلێمانی ٣٠ی ئابی ١٩٩٨ — حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان

بەڵگەنامەی ژمارە (١٤)

## لەیادی دوو ساڵەی خیانەتە گەورە کەی ( ٣١ ) ی ئابدا

ئەی جەماوەری خۆڕاگری کوردوستان .

ئەمڕۆ یادی دووەمین ساڵەی خیانەتی گەورەی( ٣١) ی ئابە . دوو ساڵ لەمەوبەر لە ڕۆژێکی وەك ئەمڕۆدا ، هەزاران گاردی کۆماری ڕژێمی دیکتاتۆری عێراق پاڵپشت بە سەدان تانك و زرێپۆش ، لەسەر داوای مسعود بارزانی ، پەلاماری شاری هەولێری قەڵاومنارەو پایتەختی هەرێمی کوردستانیان دا . لەدوای نیوەڕۆی هەمان ڕۆژ ڕادیۆی بەغدا بڵاوی کردەوە کە ئەم هێرشە لەسەر داوای مسعود بارزانی بووە . خودی مسعودی زۆڵە کوردیش ، پاش چەند ڕۆژێکی کەم ئەم ڕاستیەی سەلماندو لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەیی ڕوو زەرد دا لە صلاح الدین سوپاسی سوپای کوردوستان کاولکەری صدامی کرد کە بە هانایەوە هاتوون و ئەو پایتەختەی کە هەرگیز بە خۆی نەئەگیرا بۆیان داگیر کردەوە . لەدوای ڕاپەڕینی پڕ شکۆی گەلەکەمانەوە بەسەر دام و دەزگا سەرکوتکەرەکانی بەعسدا ، ئەمە یەکەمین جار بوو بە ئاشکرا حزبێکی بەناو کوردستانی ، نەك هەر دەست لە هاوکاری ئەو ڕژێمە هەڵنەگرێ بەڵکو داوای ڕەسمی لە ئامرازە سەرکوتکەرەکەی بکات کە پایتەختە ئازاد کراوەکەی بۆ دیل بکاتەوە . ڕەنگە کەسانێکی چەواشەخواز بپرسن و بڵێن : ئەی لەدوای هەمان ڕاپەڕینەوە نەبوو بەرەی کوردستانی دانووستانی لەگەڵ هەمان ڕژێمدا کرد ؟

ئیمەش لەوەڵامدا ئەڵێین : بەڵێ ، بەلام :-

یەکەم : ئەوە بڕیاری بەرەیەك بوو کە ئەو کات نوێنەری هەموو گەل بوو ، نەك بڕیاری تاکە حزبێك .هۆیەکەشی ڕوون و ئاشکرا دیار بوو، چونکە ئەوسا چارەنووسی گەل لە مەترسیدا بوو ، ئاییندەی لەتەمتوماندا بزر و نادیاربوو .

دووەم : ئەو کاتە گەلەکەمان خاوەنی ئەزموونی دیموکراسی خۆی نەبوو ، هەڵبژاردن ئەنجام نەدرا بوو ، حکومەتی هەرێمی کوردوستان دانەمەزرابوو ، دۆستانی دەسەڵاتداری گەلەکەمان پشتگیری و داکۆکی خۆیانیان بەڕەسمی ڕانەگەیاندبوو .

سێیەم : ئەو دانووستانە بۆ مەبەستی سیاسی بوو ، بۆ سەلماندنی مافی ڕەوای گەلەکەمان بوو ، بۆ ئەوە بوو گەلانی ئازادیخوای جیهان.لە ڕەوایی کێشەکەمان دڵنیا بن و بزانن کە ئێمە گەلێکی ماف خوراوین و دوژمن نکوڵ لەو مافە ڕەوایانەمان ئەکات .

بەپێچەوانەی هەموو ئەو خاڵانەوە لە ( ٣١ ) ی ئابدا تاکە .حزبێك نەك بە دانووستان لەسەر مافی گەل ، بەڵکو بە بانگهێشت کردنی سوپای دوژمنی ڕاستەوخۆی گەلی کوردمان ، دوای پتر لە پێنج ساڵ ئەزموونی دیموکراسی و ڕاگەیاندنی داکۆکی زلهێزانی جیهان بۆماز ، سابیقەیەکی خیانەتکاریی بۆ خۆی تۆمار کرد کە هەتا هەتایە لەکەیەکی عارە بەسەر ناوچەوانیەوە و لەهەمان کاتدا بووە مایەی پاشخستنی قۆناغەکانی گەیشتن بە ئاکام و ڕووی سووری میللەتی کوردمانی لەبەر چاوی گەلانی جیهاندا زەرد کرد . خیانەتی

بەڵگەنامەی ژمارە (١٥)

گەورەی ( ٣١ ) ی ئاب گەورەترین نوشوستی بوو لە دوای ڕاپەڕینەوە کە بەسەر گەلی کورد دا هات گەورەترین دیاری عاری سەرکەوتن بوو بەسەر کورد دا کە مسعود بارزانی پێشکەشی صدام حسینی کرد ، مەگەر هەر عاری ئاشبەتاڵەکەی (٧٥ ) ی مسعودو باوکی لە مێژووی گەلەکەماندا ، لەم عارە گەورەتربووبێت . هەر کەسێکیش ( ٣١ ) ی ئابی پێ خیانەت نەبێ تاوانبارە و بیەوێ یان نەیەوێ بەرپرسیارە لەبەردەم مێژووی گەلەکەیدا .

**کۆمەڵانی خەڵکی بەشەرەفی کوردوستان**

مسعود بارزانی پاش خیانەتی گەورەی (٣١ )ی ئاب کە خۆی هاویشتبووە باوەشی صدامەوە ، ئیددیعای پاراستنی سەروەری خاکی عێراقی ئەکردو بە ئاشکرا ڕاینەگەیاند کە چارەسەری کێشەی کورد تەنها لە بەغدایە ، ساڵ وەرنەگەڕاو لە ( ١٤ )ی گوڵاندا بانگهێشتی لەشکری داگیرکەری تورکی کرد بۆ کوردوستان و ئەم جارەیان خۆی هاویشتە باوەشی جەنەراڵەکانی تورکەوە ، ئیتر نەک هەر سەروەری خاکی عێراقی فەرامۆش کرد بەڵکو کوردوستانەکەی خۆیشی تەسلیم بە لەشکری تورک کرد .ئەمڕۆش پاش تێپەڕبوونی دوو ساڵ بەسەر ئەوخیانەتە گەورەیە دا ، هەمان مسعود بارزانی کە لە کۆنگرە ڕۆژنامە نوسیەکەی پاش (٣١ ) ی ئابدا و دوای ڕۆکێت بارانی ئەمریکا بۆ سەر باشووری عێراق ووتی :

( من لە صاروخی ئەمریکا ناترسم ) ، کەچی ئەمڕۆ بە ئاشکرا ئەڵێ : ئەمریکا بۆ کورد شتی پێیە بەڵام بەغدا هیچی پێ نیە !!!! سەرجەم ئەم گێژاوانە کە ئێستا مسعودی تێ کەوتوون دەرئەنجامی ئەو هەڵەو کورت بینی و خیانەتانەن . مسعود بارزانی باجی خیانەتی گەورەی ( ٣١ ) ی ئاب هەر ئەبێ بداتەوە .

- ڕۆژی سەرفرازی کورد و کوردوستان مسۆگەرە .
- ئەمری بۆ شەهیدانی ( ٣١ ) ی ئاب .
- ئەفرەت لە خائینان .

**پارتی پارێزگارانی کوردوستان**
**مەکتەبی سیاسی**
**سلێمانی / ٣١ ی ئابی ١٩٩٨**

بەڵگەنامەی ژمارە (١٥)

# ٢

# ڕێکەوتننامەی واشنتن

# ڕێکەوتننامەی واشنتن

لەسەرەتای نەوەدەکاندا، تەشەنەسەندنی شەڕە ناوخۆییەکان هەڕەشەیەکی گەورەبوو لەسەرئاسایشی مرۆڤایەتی و سیستەمی نێوەوڵەتی. بەجۆرێک ٩٠%ی قوربانیەکانی ئەو شەڕەخەڵکی مەدەنی بێچەک بوو. لە میانی جەنگی ساردا ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کاری لەسەر پاراستنی ئاشتی peacekeeping دەکرد. ئەم پرۆژەیە بۆ یەکەمین جار لە شەڕی میسر لەگەڵ ئیسرائیل و بریتانیاو فەرەنسا لە ١٩٥٦ کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە، کاتێک هێزی خێرای نەتەوە یەکگرتووەکان(UNEF) لەنێوان هەردولا دانراو سەرپەرشتی پاراستنی ئاشتی نێوان ئەو دوولایەنە کرد. هەر ئەم شێوە کارکردنە لە شەڕی ناوخۆی قوبرس و لوبنان لە حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی بیست دوبارە کرایەوە. کۆتایی هاتنی جەنگی سارد، بەتەنها گۆڕان نەبوو لەسیستەمی نێودەوڵەتی، بەڵکو گۆڕان لە ململانێ ناوخۆییەکاندا سەریهەڵدا. شەڕە ناوخۆیەکان دانی بە قەوارەی دەوڵەت نەدەنا. ئیدی لێرەوە باوەڕی بنیاتنانی ئاشتی peacebuilding سەریهەڵدا. لە ١٩٨٩-١٩٩٩، نەتەوە یەکگرتووەکان لەپاڵ یەکێتی ئەوروپا و ناتۆ، سەرپەرشتی ڕێکەوتنامەی ئاشتی کرد لە نامیبیا، نیکاراگوا، ئەنگۆلا، کەمبۆدیا، سلڤادۆر، مۆزەمبیق، لیبریا، ڕواندا، بۆسنە، کرواتیا، گواتیمالا، ڕۆژهەلاتی تەیمور، کۆسۆڤۆ و سیرالیۆن. بنەمای باوەڕی بنیاتنانی ئاشتی بریتی بوو لە بازاڕی ئازاد و گەشەی دیموکراسی[٥٠].

لە کوردستاندا، ڕێکەوتننامەی ئاشتی واشنتن لە ١٧ی ئەیلولی ١٩٩٨، کتوپڕ نەبوو. بەڵکو بەرەنجامی کۆمەڵێک هەوڵی ناوخۆیی بوو بەتایبەت لەلایەن عەزیز محەمەد وەک کەسایەتییەکی بێلایەن لە هەرێمی کوردستان کە ئەنجامەکەی پێکهێنانی (لیژنەی تەنسیق) بوو. ئەم لیژنەیە لەسەرەتای ١٩٩٨ کاری پێکگەیشتنی لایەنە شەڕکەرەکانی لەسەر مێزی گفتووگۆ ئاسانکرد. لە ئاستی

[50] ROLAND PARIS: At War's End, Building Peace After Civil Conflict, © Roland Paris 2004, p 64.

دەرەکیدا ڕێکەوتنامەی ئەنقەرە واژۆ کرا لە ئۆکتۆبەری ١٩٩٦، کە تیایدا ڕۆڵی بەرچاو درا بە تورکیا، کە بەهۆیەوە تورکیا لەبری چاودێری ئاشتی بوو بە لایەنگری شەڕ بە تایبەت لە ١٩٩٧، کاتێک فڕۆکە جەنگیەکانی بەشداری شەڕی ناوخۆیی کوردستانییان کرد. ئەمە کردەوەیە، کارتی چاودێریکردنی پرۆسەی ئاشتی لە دەستی تورکیا دەرهێنا.

خودی ئەمریکا هەر لە سەرەتای شەڕی ناوخۆوە هەوڵی هەبوو لە پێناو ڕاگرتنی شەڕدا. ئەمریکا بوونی لەدانوستانەکانی ئاشتیدا لە پاریس ١٩٩٤، دبلن ١٩٩٤، لەندەن ١٩٩٦، هەبوو. هاوکات شاندی سەربەخۆشی هەبوو بۆ لای لایەنە شەڕکەرەکان، لەوانە هاتنی شاندێ ئەمریکی بە سەرۆکایەتی ڕۆبەرت دویچ لە فەرەمانگەی باکوری ئەفریقا لە کەنداو لە ١٩٩٤. هەروەها سەرپەرشتی کردنی رێکەوتنامەی ئەنقەرە بە سەرکردایەتی رۆبەرت بیلترۆ کە یاریدەدەری سکرتێری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بوو . بەڵام ئەمریکا مکوڕ نەبوو لەسەر بنیاتنانی ئاشتی لە کوردستاندا. نوێنەرایەتی نزمی شاندەکان ڕێژەی پشتگوێخستنی ئەمریکای پیشان دەدا بۆ کێشەکانی کوردستان. ئەمریکا ئەوکاتە دەستی کرد بە جوڵە کە پرۆژە یاسای ڕزگارکردنی عێراق کەوتە سەر ڕێچکەی یاسای لە کۆنگرێسدا، کاتێک ئەمریکا گەیشتە ئەو باوەڕەی کە عێراق هاوکاری نەتەوە یەکگرتووەکان نییە لە لەناوبردنی چەکی کۆمەڵکوژ، لەسەر ئەو بنەمایە کۆنگرێسی ئەمریکا بڕیاری ڕوخانی ڕژێمی سەدام حسینی دەرکرد لە سێپتەمبەری ١٩٩٨[٥١]. لەم سەروبەندەدا دیڤد وێلش جێگری یەکەمی یاریدەدەری وەزیری دەرەوە هاتە کوردستان و پاشان بانگهێشتی سەرکردەی هەردولایەنەکەی کرد و لە واشنتن جەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانی لە وەزارەتی دەروەی ئەمریکا بە ئامادەبونی مالدین ئۆڵبرایت وەزیری دەرەوەی ئەمریکا ڕیکەوتننامەی ئاشتی واشنتنیان ڕاگەیاند لە ئەیلولی ١٩٩٨.

دەقی ڕێکەوتنەکە لە دیباجەیەک و چەند ناونیشانێک پێکهاتووە. کە چەند تەوەرێک باس دەکەن ئەوانیش پابەندبوون بە یەکێتی خاکی عێراق، حکومەتی

---

[٥١] النص الكامل لقانون تحرير العراق١٩٩٨ http://www.betnahrain.net/Arabic/Documents/IL1998.htm

کاتی یەکگرتوو، هەڵبژاردن، دابەشکردنی داهات، کۆبونەوەی بەردەوامی سەرکردەکان.

ئەوەی لەم ڕێکەوتننامەدا نوسرابوو شێوەی ڕێکەوتنەکانی جەنگی ساردی پێوە دیار بوو ئەویش پاراستنی ئاشتیی بوو نەک بنیاتنانی ئاشتی. دیموکراسی لە چوارچێوەی هەڵبژاردندا باس کردبوو هەروەها بازاری ئازادیشی لە چوارچێوەی دابەشکردنی داهاتدا ئاماژەی بۆ کرابوو. ریکەوتنامەی واشنتن لە لایەن ئەمریکاوە سەرپەرشتی جێبەجێکردنکەی نەکرا، بۆیە ئەو وادە و بەروارانە پێشێلکرا کە لە ناو ڕێکەوتننامەکەدا هاتبوو. نەتەوە یەکگرتوەکان وەک لایەنی ئاشتی پارێز ناوی لە ڕێکەوتننامەکەدا نەهاتبوو، ئەمانە وایکرد پێشێلکردنی بڕگەکانی ڕێکەوتنەکە، هیچ لێپرسینەوەیەکی بەدوواوە نەبێت. هەر بۆیە ڕێککەوتنەکە وەک ئاگربڕێک وابوو کە نە دیموکراسی و نە بازاڕی ئازادی لە کوردستاندا نەهێنایە کایەوە. دروست ئەو چەمکە تەواو بوو کە لە کوردستان پێی دەوترا ڕێکەوتننامەی ((نەشەڕ نەئاشتی)).

گرنگترین ئەو باسانەی کە لە بەڵگەنامەکانی ئەم بەشەدا باس دەکرێت ئەمانەی خوارەوەیە:

١- ڕێکەوتننامەکە بە دەستکەوتێکی گرنگ باسدەکرێت. چونکە دوای شکستی چەندین هەوڵی ئاشتی نێوخۆیی و درەکی هاتووە لە لایەن پەرلەمانی کوردستان و حزب و کەسایەتیە کوردستانیەکان، حزبە عێراقیەکان، هەوڵەکانی تورکیاو ئێران و وڵاتانی ئەورپی .

٢- سەرهەڵدانی دەنگێکی ترە لە سیاسەتدا کە حزبەکان داوا لە لایەنە بەشەڕهاتوەکان دەکەن کە بۆ سەرخستنی ڕێکەوتننامەکە، پرس و راوێژو بەشداری پێبکرێن لەپرۆسەی ئاشتیدا.

## بەڵگەنامەی ژمارە (١٦)

## وتەبێژێک بەناوی (م. س)ی حزبی شیوعی کوردستان ڕایگەیاند:

دوای کۆشش و زنجیرە تێکۆشانێکی بێ پسانەوەی گەلەکەمان و هێزە نیشتیمانیەکان و بە تایبەت حزبی شیوعیمان کە تەقەلایەکی زۆری دا لەپێناو ئاشتی دا. سەرکردەی هەردوو حزبە دەسەلاتدارەکە، بە لەبەر چاوگرتنی بەرژەوەندی بالای گەلەکەمان و خواست و داخوازی جەماوەر ڕێککەوتنامەیەکیان لەئەمریکا مۆر کرد. کە جێگای ڕەزامەندی هەموو چین و توێژەکانی خەڵکی ستەملێکراوی کوردستان بوو، بە دەست پێشخەریەکی بوێرانە لەقەڵەم دەدرێ. بەم دەست پێشخەریە جوامێرانەیە کۆتای بە شەڕی ناوخۆیی دەهێندرێ و ڕێگای دامەزراندنی حکومەتێکی هاوبەش دەگرێتەوەو زەمینە بۆ هەڵبژاردنێکی تازەی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان خۆش کرد.

ئەم ڕێککەوتنامەیە کە سەرەتاکەی لەکوردستان لەلایەن حزب و کەسایەتیە نیشتیمان پەروەرە دڵسۆزەکان دەستی پێکرا دڵی جەماوەری خۆش کردو لەڕاستیدا سەرکەوتنێکی گەورەی خواستی جەماوەری ئاشتیخواز و هێزە نیشتیمان پەروەرەکان و سەرکردایەتی هەردوو حزبە هاوپەیمانەکەیە و بەتایبەتی سەرکەوتنی ڕەوتی خەباتی حزبەکەمانە کە لەتاریکترین ڕۆژانی شەڕی نێوخۆیدا، دروشمی ئاشتی و ئاشتبونەوەی نیشتیمانی بەرز دەکردەوەو تێکۆشاوە بۆ جێبەجێکردنی.

ئێمە لەو کاتەی داوا لەجەماوەری گەلەکەمان دەکەین بە گەرمی پشتگیری لەم هەنگاوە مەزنە بکات. بانگ دەکەین بۆ درێژەدان بە تێکۆشانی هەمەجۆری ئاشتیانە لەپێناو جێبەجێکردنی خاڵەکانی ڕێککەوتنامەکەدا بە زوترین کات. بۆ ئەوەی ڕێگا لەنەخشەو پلانەکانی ڕژێمی دیکتاتۆری بەغداو دەوڵەتە هەرێمایەتیەکان ببرینەوە. بە تایبەتی ڕژێمی بەغداد کە لەم ڕۆژانەدا خەریکی ئاژاوەنانەوەیە لەسنورەکانی کوردستانی ئازادکراو، ناو شارەکانیش زۆر بێ ئابڕوانە درێژە بە ڕێبازی بە عەرەبکردن و ڕاگوێزرانی دانیشتوانی کوردو تورکمانی کەرکوک و خانەقین و جەلەولاو مەخمورو دێهاتەکانی ناوچەی شەمامک دەداو نیازی وایە خێڵە عەرەبە دواکەوتوەکان دژی جوتیارە

هەژارەكانی ئەم ناوچەیە هانبدات و وای پیشانبدات كە ململانێیەكە لەنێوان كوردو عەرەبە.

لەو كاتەی كە دەستخۆشی لەهەردوو سەركردە كاك مسعود بارزانی و مام جەلال تاڵەبانی دەكەین، داوا لەهەموو لایەنە كوردستانیەكان و جەماوەری گەلەكەمان دەكەین كە بەوپەڕی توانایان هاوكاری لەگەڵ سەركردایەتی هەردوو حزبی دەسەڵاتدار بكەن بۆ ئەنجامدانی هەموو خاڵەكانی ڕێككەوتنامەكە و بنبڕكردنی شەڕی نێوخۆی هەتا هەتای.

هەروەها بە پێویستی دەزانین داوا لەسەركردایەتی هەردوو حزبەكە بكەین كە بە خێرای ڕێككەوتنامەكە جێبەجێ بكەن و كۆششی گەڕانەوەی تەبای و چارەسەركردنی هەموو گیروگرفتەكان بە گیانێكی بەرپرسانە بكەن. بەم كارەشیان پشتگیری گەلی كوردستان بۆ لایخۆیان ڕادەكێشن و بە كردەوە ئەزمونەكەمان دەچەسپێنن و نەخشە و پیلانی هەموو دوژمن و ناحەزانی كوردستان مایە پووچ دەكەن.

حزبی شیوعی كوردستان كە هەمیشە دژی شەڕی ناوخۆ بووە، هەر لەڕۆژی ئەوەڵەوە دژی وەستاوەتەوەو داوای ڕاگرتن و كۆتای پێهێنانی كردووە. مەسەلەی ئاشتی و هێمنی و ئاسودەی و ئاشتبونەوەی كردووە بە ئاڵقەی ناوەندی لەسیاسەت و تێكۆشانی بێ وچانی خۆی و، پیرۆزبای لەگەلەكەمان و بەڕێزان مام جەلال و كام مەسعود دەكات كە بەپیر خواستی گەلەكەیانەوە هاتن و ئەم ڕێككەوتننامەیان مۆركردن. هەروەها پیرۆزبای لەهەردوو حزبی هاوپەیمان، پارتی دیموكراتی كوردستان و یەكێتی نیشتیمانی كوردستان دەكات و هیوا دەخوازێ بەردەوام بن لەسەر كۆششەكانیان بۆ یەكخستنەوەی كوردستان و پایەداربوونی یەكڕیزی و تەبای و ئاسودەیدا.

با ئەم هەنگاوە بكەینە هاندەرێک بۆ یەكخستنی هەوڵ و كۆششی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی لەپێناو ڕووخاندنی ڕژێمی دیكتاتۆری ڕەگەزپەرستی بەغدا و هێنانە سەر كاری حكومەتێكی دیموكراتی پەرلەمانی فرە حزبیدا كە كوردستانیش لەژێر سایەیدا بە گشت مافە نەتەوەییە ڕەواكانی خۆی شاد ببێ.

هەولێر

١٩٩٨/٩/١٩

## بەڵگەنامەی ژمارە (١٧)

## ڕاگەیاندنی مەکتەبی سیاسی بزوتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان[٥٢]

## سەبارەت بە دانیشتن و ڕێککەوتننامەی ئاشتی نێوان برایانی بەڕێز کاک مەسعود بارزانی و مام جەلال تاڵەبانی

جەماوەری بەشەڕەفی کوردستان ...

حیزب و لایەنە سیاسیەکانی کوردستات ...

لای هەموان ئاشکرایە ماوەی چوار ساڵی شەڕی نێوان برایانی(پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان) وەکو دوولایەنی هاوبەش و یەکسانی(٥٠ بە ٥٠)[٥٣]ی حکومەتی هەرێم بۆ هەموو لایەکی سەلماند

[٥٢]بزوتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان: حزبێکی چەپی کوردییە لە ١٩٩٥/٨/٢٥ دامەزراوە. بنکەی سەرەکییان لە شاری هەولێر بوو. سکرتێری حزبەکە خدر روسیە. لە پەیرەوی حزبەکەدا هاتووە، هێزێکی سیاسی،دیموکراتی، جەماوەری، پێشکەوتنخوازە. لە پێناو بەدیهێنانی مافە ڕەواکانی گەلی کوردستان تێدەکۆشێت. قۆناغ بە قۆناغ تا دەگاتە دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان. بۆ زیاتر زانیاری لەسەر پەیرەوی ناوخۆی ئەو پارتە بروانە پەیڕەوی ناوخۆی بزووتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان. http://ashte.org/index/?p=84

[٥٣]پەنجا بە پەنجا یان فیفتی بە فیفتی یان خۆیان پێیان دەوت (شەراکەت)، ئەو چەمکە بوو چووە فەرهەنگی سیاسی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢ بەدواوە. شەراکەت وەک مەکتەبی سیاسی (پ.د.ک) ڕونی دەکاتەوە، ((دەکاتە پێکهاتن لەسەر سیاسەت و هەڵوێستەکان و ڕێباز و جێبەجێکردنییان. دەکاتە پێکهاتن لەسەر هەموو کاروبار و دانان(تعین) و بەڕێوەبردنی حکومەت و وەزارەتەکان و دایەرە گرنگەکان)). پارتی دیموکراتی کوردستان- عێراق، مەکتەبی سیاسی، ژمارە ٥٣٦، ١٩٩٣/٧/٩. سەلاح ڕەشید لەم بارەیەوە زانیاری زیاتر دەدات و دەڵێت : لە ١٩٩٣/٥/٤دا هەردوو مەکتەبی سیاسی یەکێتی و پارتی کۆبوونەوە و بەئیمزای شەش ئەندامیان ڕێکەوتێکیان مۆرکرد، کە بریتی بوو لە دابەشکردنی دەسەڵاتەکان لە نێوان پارتی و یەکێتیدا لەناو حکومەت و پەڕلەماندا کە؛ هەریەک لە مەسعود بەرزانی و مام جەلال هەمان دەسەڵاتی رابەری هەرێمیان هەبێت تا هەڵبژاردن بۆ ئەو پۆستە دەکرێت، هەمان دەسەڵاتی پەنجا بە پەنجا درا بە سەرۆکی پەڕلەمان و جێگرەکەی و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و جێگرەکەی، دواتر ئەم ڕێکەوتنە شۆڕبوەوە بۆ هەموو پلە و پایەیەکی جکومی و پەڕلەمانی. سەلاح رەشید: شەری ناوخۆی کورد، ناوەندی رۆشنبیری ئەدیبان، چاپی یەکەم ٢٠٢٠، ل٢٩٦.

که بەشەڕ کۆتای بە هیچ کێشەو ناکۆکییەک نایەت و لەئەنجامدا هەر دەبێ بەشەڕهاتووەکان بگەڕێنەوە بۆ زمانی گفتوگۆو لێکتێگەیشتن کە ئەمڕۆ بە هاوچەرخترین شێواز و هۆکاری چارەسەری کێشەکان ناودەبردرێ بە تایبەت لەبارودۆخ و تایبەتمەندی ئەمڕۆی کوردستانیش دا کە بە دوژمن و ناحەز دەورە دراوەو هیچکام لەداگیرکەران ئامادەی دۆستایەتی و دەستی یارمەتی درێژکردن نین بۆ پاراستن و سەرخستنی دەستکەوت و ئەزمونی گەلەکەمان.. بەڵکو بە پێچەوانەوە هەوڵی لەناوبردن و ئاڵۆزکردنی کێشە ناوخۆییەکانمان دەدەن و لەمیدیاکانی خۆیانەوە ڕووی ناشرینی شەڕ و ئاشوبی ئێمەش بە گەلانی جیهان نیشان دەدەن بەو مەبەستەی بۆ میللەتانی بسەلمێنن کە ئێمە شایستەی دەسەڵات گرتنەدەست و خۆبەڕێوبەری نین.

ئەی جەماوەری خۆڕاگر و نیشتیمان پەروەر و ئاشتیخواز:

ئەمڕۆ کورد و کێشەکەی دۆستی زۆری بۆ پەیدا بووە، ئەو ماوەیەی بە شەڕی ناوخۆوە بە فیڕۆ چوو دەکرا کەڵکی لێ وەربگری بۆ پێشخستنی دۆزی کورد.. لەم ماوەیەدا هەوڵی جدیانەی ناوخۆ و دەرەکیش زۆر درا بۆ پێکهێنانەوەی هەردوو لایەنی نیشتیمان پەروەر و خاوەن خەبات.. جەماوەر و دڵسۆزانی گەلەکەشمان بە ئومێدەوە دەیان ڕوانیە ئاکامی دانیشتنەکانی پرۆسەی ئاشتی.. هەر لەسەرەتای خاوبونەوەی بەستەڵەکی شەڕکردن..

بۆیە ڕاگەیاندی پێکهاتنەوەی هەردوولا کە لەئاکامی چاوپێکەوتن و دانیشتنی هەردوو بەڕێز مام جەلال و کاک مەسعود لەڕۆژی ١٦ی ئەم مانگە و ڕۆژانی دوای بە بەشداری و سەرپەرشتی گەورە بەرپرسانی حکومەتی ئەمریکا بەتایبەتس وەزارەتی دەرەوە سازکرا.. بووە مایەی دڵخۆشی جەماوەری ئاشتیخواز و خەڵکی نیشتیمان پەروەر و دۆستانی نزیکی گەلەکەمان.

ئێمە وەک (بزوتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان) بەناوی هەموو ئەندامانی بزوتنەوەکەمان و سەرجەم دۆست و لایەنگرەکانمانەوە پشتگیری و پشتیوانی خۆمان بۆ ئەو ئەنجامە پیرۆزە دەردەبڕین و هیواخوازین کە ببێتە مایەی بنبڕکردنی یەکجارەکی شەڕی ناوخۆ و هەوێنی پتەوکردنی ڕیزەکانمان و پەیوەندی برایانەی سەرجەم حیزب و لایەنە سیاسی و تێکۆشەرەکانی

هەموو کوردستان بێت و ئاشتبونەوەیەکی گشتگیربێ و ئاسایش و ئارامی هەموو گۆشەیەکی کوردستان بگرێتەوە و بەشێوەیەکی ڕاستەقینە و دڵسۆزانە نەخشە بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی بنکە فراوان بکێشرێت کە هەموو لایەنێکی تێدا بەشداربێت چونکە بە بڕوای ئێمە ئەوەش یەکێکە لەو پاڵپشتانەی کە دەبێتە مایەی هەڵنەگیرسانەوەی شەڕی ناوخۆ.

هەر بەو بۆنەیەوە ئێمە وەک(بزوتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان) جەخت دەکەینەوە لەسەر پەیوەندی دۆستانەی خۆمان و هەردوو لایەنی بەڕێز و سەرجەم ئەو لایەنانەی کە ڕۆڵی کاریگەر و دڵسۆزانە دەبینن بۆ چەسپاندنی پرۆسەی ئاشتی و ڕێککەوتنامەکەی.

شایەنی بە بیرهێنانەوەیە (ئاشتی) یەکێکە لە دروشمە سەرەکیەکانی بزوتنەوەکەمان هەر لەسەرەتای دروستبونیەوە تا یەکەم کۆنگرە بە بڕیاری تێکڕای ئەندامانی کۆنگرە ئاشتیمان کردە یەکەم دروشمی سەرەکی بزوتنەوەو لەڕوانگەی سیاسەتی ناوەوەی بزوتنەوەکەمان لەگەڵ ئەو ڕاگەیاندنە یەک دەگرێتەوەو پشتیوانی خۆمان دووپات دەکەینەوە.. دووبارە پیرۆزبای سەرکەوتنی ڕێکەوتنی ئاشتی لەهەموو لایەک دەکەین..

ئاشتی.. ئاشتی تا سەرکەوتن

مەکتەبی سیاسی

بزوتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان

١٩٩٨/٩/١٩

# بەڵگەنامەی ژمارە (١٨)

## وتەبێژێک بە ناوی بیرۆی سیاسی

## پارتی کاری سەربەخۆی کوردستان[٥٤] ڕایگەیاند:

لە١٧ی ئەم مانگەدا، سەرکردەی هەردوولایەنی پەیوەندیدار بە پرۆسەی ئاشتیەوە، بەڕێزان کاک مسعود بارزانی و مام جەلال تاڵەبانی لەواشنتۆنی پایتەختی ئەمریکا، لەدوای زنجیرەیەک کۆبونەوەی هەردوو بەڕێزیان و بەسەرپەرشتی و ئامادەبوونی گەورە لێپرسیراوانی ئیدارەی کۆشکی سپی و وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، بەتایبەت خاتوو مادلین ئۆڵبرایت[٥٥] ڕێککەوتنامەکەیان مۆرکرد، کە ئەمەش دەرەنجامی ئەو هەوڵ و کۆشش و تێکۆشانە نەپساوەی جەماوەری گەلەکەمان و گشت حیزب و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان بوو، لەپێناو ئاشتی و ئاشتبونەوەی نیشتیمانی و هەروا دەرئەنجامی ئەو پرۆسە ئاشتیەیە کە چەند مانگێکە لەکوردستان بەڕێوە دەچێت کە خۆی لەکۆبونەوەکانی لیژنەی تەنسیقی باڵای نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان دەنوێنێ کە کەش و هەوایەکی باشی ڕەخساند بۆ بەیەک گەیشتنی سەرکردەی هەردوو لایەن.

ئێمە وەکو پارتی کاری سەربەخۆی کوردستان هەمیشە دژی شەڕی کورد بە کورد بووین بانگهێشەی ئاشتیمان کردووە و لەم ڕێگا پیرۆزەشدا قوربانیمان داوە لەسۆنگەی ئەمەشەوە دوای چوارەمین جەولەی شەڕ،

---

[٥٤] پارتی کاری سەربەخۆی کوردستان PKSK: ئەم پارتە لە ١٩٩٣/١٠/٢٢ دامەزراوە لە شاری هەولێر. پارتیکی چەپی مارکسییە. وەک لە بەیاننامەی پارتەکەیان هاتووە، پارتێکی چینایەتی نیشتمانییە. ئەم پارتە لە ئەنجامی جیابوونەوەی ژمارەیەک زۆر لە کادیر و ئەندامانی حزبی شیوعی عێراقی دامەزرا، بەڕێبەرایەتی (یوسف حنا) کە ئەندامی سەرکردایەتی پێشووی حزبی شیوعی عێراق بوو. یەکەم کۆنگرەی لە ٢٢ی تشیرینی یەکەمی ١٩٩٣ بەست. دروشمەکانی بریتی بوو لە: سەربەخۆی، دیموکراتی، سۆسیالیزم. ئەم پارتە ڕووبەڕووی ململانێی ناوخۆی بووە و لە ئەنجامدا پارتی کاری ئازادی کوردستان لەمان جیابوونەوە.

[٥٥] مادلین ئۆلبرایت، یەکەمین ژن بوو لە مێژووی ولایەتە یەکگرتووەکانی کە پۆستی وەزیری دەرەوەی لە لایەن بیل کلینتۆن(١٩٩٣-٢٠٠١) پێسپێردرا.، لە ٢٣ی کانوونی دووەمی ١٩٩٧ تاکو ١٩ کانوونی دووەمی ٢٠٠١وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بوو.

لەکۆبونەوەی ئاسای ناوەندی سەرکردایەتی پارتمان PKSK کە لەشوباتی ئەمسالّدا گرێدرا، پێشبینی ئەوەمان دەکرد کە ئەم جەولەیە کە خوێناویترین جەولەی شەڕ بوو، ئاکامیشی هەمدیسان لەکارەسات و مالّوێرانی زیاتر هیچی بە دواوە نەبوو، پێویست بەوە دەکات کە سەرکردایەتی هەردوولا تێخوێندنەوەیەکی تازەیان بۆ شەڕ و کوشتار هەبێت و قەناعەتی هەردوو لایەنیش بەو لایەدا دەشکێتەوە کە کێشەوناکۆکیەکان بە ڕێگای ئاشتی و گفتوگۆ چارەسەر بکرێت.

ئێمە لەڕوانگەی سیاسەتی نەگۆڕی پارتمانەوە سەبارەت بە ئاشتی، ئەو هەنگاوە مەزنەی بەڕێز مام جەلال و کاک مەسعود پیرۆز دەکەین، پشتگیری تەواوی خۆمان بۆ ئەو ڕێککەوتنامەیە ڕادەگەیەنین و شانبەشانی جەماوەر و حیزبە کوردستانیەکان لەپێناو سەرخستن و جێبەجێکردنی خالّەکانی ئەم ڕێککەوتنە خەبات دەکەین و هەرچی لەتواناماندا بێت لەم بوارەدا بەگەڕی دەخەین بۆ بە ئەنجام گەیاندنی خالّەکانی ڕێککەوتنامەکە لەکات و ساتی دیاریکراودا، کە بەهۆیەوە ئاشتی لەکوردستان بەرقەرار دەبێت و نێومالّی کوردان بۆ جارێکی دیکە ڕێکدەخێرتەوە. بەتایبەت لەم ڕۆژگارەدا کە سەرلەنوێ دۆسیەی کورد لەلایەن زلهێزترین دەولّەتەوە کە ئەمریکایە بایەخ و گرنگی تایبەتی پێ دەدرێت، کە ئەمەیان پێویست دەکات، هەموو لایەک لەئاست ئەو وەچەرخانەدا بین و ڕێگاش نەدەین داگیرکەران کە ئەم ڕێککەوتنامەیە هەراسانی کردوون بتوانن درزو کەلێن بخەنە نێو ڕیزەکانمان، بەلّکو پێویستە هەموو لایەکمان بە تایبەت هەردوو لایەنی ڕێککەوتنامەکە، بە گیانێکی شۆڕشگێڕانەو بۆ پیرۆزکردنی بەرژەوەندیی بالاّی نیشتیمانیمان و هۆشیار و ئامادەباشی بنوێنن دژ بە پیلان و نەخشەکانی داگیرکەران.

کوردستان - هەولێر

١٩٩٨/٩/١٩

## بەڵگەنامەی ژمارە (١٩)

## بەیاننامە

دوای هەوڵ وماندوبونێکی زۆری حیزب و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان و کەسیایەتیە ناودارەکانی گەلەکەمان و هەوڵی دۆستان لەدەرەوە. لەم چەند ڕۆژەی ڕابردودا لە ئەمریکا دوای کۆبونەویەکی هاوبەش لە نێوان بەڕێزان کاک مسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیمکراتی کوردستان و مام جەلال تاڵەبانی سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان دا، لەژێر چاودێری وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکادا لە ڕۆژی ١٩٩٨/٩/١٧ توانیان بەسەر ناکۆکیەکانی چەندین ساڵەدا زاڵبن و ڕیکەوتننامەیەکی ئاشتی لەبارەی چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی قەیرانی کوردستانی عێراق مۆربکەن.

ئەم ڕێککەوتننامە گرنگە لەم هەلومەرج و ئاڵۆزەی کوردستان سەرکەوتنێکی بەرچاوە بۆ هەردوو سەرکردەکە و سەرجەم بزاڤی ئازادیخوازی گەلی کوردستان و جەماوەری ستەمدیدەی ئەم وڵاتە بریندارە و لە پێش هەموو لایەکیش سەرکەوتنە بۆ هەوڵەکانی ئاشتیخوازانەی حیزبەکانمان و گشت دڵسۆزانی گەلەکەمان کە هەر لەسەرتای هەڵگیرسانی شەڕی نێوخۆوە تا ئێستا هەمیشە لە تێکۆشانی بێ وچاندا بوینە بۆ کۆتایی هێنان بەو شەڕە کاولکاریە و بەرقەراربوونی ئاشتیەکی هەمیشەیی و ئاسودەی و تەبایی و یەکڕیزی کە چەکی بەهێزی گەلەکەمانە کە بۆ پاراستنی دەستکەوتەکانی ڕاپەڕین و ئەزمونەکەمان کە بە خوێنی هەزاران شەهید و فرمێسکی دایکی جەگەر سوتاوی ئەم گەلە هاتۆتەکایە. لەوکاتەی کە دەستخۆشی لە هەردوولا و جەماوەری گەلەکەمان دەکەن بۆ ئەم دەستکەوتە بایەخدارە بە ئەرکی سەرشانی خۆمانی دەزانین کە داوا لە جەماوەری گەلەکەمان و بزافی نیشتیمانی کوردستان و بە تایبەتی خودی هەردوو حیزبە دەسەلاتدارەکەی کوردستان بکەین بەوپەڕی وریای و لە خۆبوردنەوە هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەم ڕووداوە تازەیە بکەن و ڕێگەنەدەن هیچ نەخشە و پلانێکی دوژمنان و نەیارانی ئاشتی کوردستان بۆ تێکدانی بارودۆخەکە سەرکەوتن بە دەستبهێنن، بۆ ئەم مەبەستەش پێشنیاز دەکەین پشت بە

ڕاوبۆچونی حیزب و لایەن و کەسایەتیە نیشتیمان پەروەرەکان و جەماوەری گەلەکەمان ببەستن بۆ سەرخستنی پرۆسەکە و لێبڕاوانە هەنگاو بهاون بۆ جێبەجێکردنی خاڵەکانی ڕێککەوتننامەکە چونکە جەماوەی گەلەکەمان زۆر بە پەرۆشە بۆ گێڕانەوەی یەکڕیزی و تەبایی و ئاسودەیی بۆ کوردستانی خۆشەویستمان بە زووترین کات.

ئێمە ئەو حیزبانەی کەلە خوارەوە ناومان هاتووە پشتگیری خۆمان ڕادەگەینین و ئامادەی خۆمان دەردەەبڕین بۆ هەر ئەرکێک لە بارەی جێبەجێکردنی ئەو ڕێککەوتنە لە هەموو قۆناغەکان.

بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشووری

یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان

پارتی کاری سەربەخۆی کوردستان

بزوتنەوەی میللی کوردستان

حیزبی شیوعی کوردستان – عێراق

بزووتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان

هەولێر

١٩٩٨/٩/٢٢

## بەڵگەنامەی ژمارە (٢٠)

## ڕێکەوتنی واشنتۆن گەورەترین سەرکەوتنی مێژووی و سیاسیە بۆ کورد لەم سەردەمەدا

جەماوەری بەشەڕەفی کوردستان...

خەڵکی خۆڕاگری گەلی کورد...

دوای تێپەڕبوونی زیاد لە (٤) ساڵ بەسەر شەڕیماڵوێرانەی گەلی کورد کە بووە هۆی لێکەوتنەوەی زیانێکی زۆری ئابوری و تێکچون و لەبەر یەک هەڵوەشانەوەی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان کە دوو دەستکەوتی بە نرخن و بەخوێنی شەهیدە نەمرەکانی کوردستان هاتونەتە بەرهەم، دوای ئەو هەموو زیانەی کە لەمەسەلەی ڕەوای گەلەکەمان کەوت و بووە هۆی دەست تێوەردانی دوژمنانی گەلی کورد لەچارەنوسی میللەتەکەمان.

حیزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان...وەکو حیزبێکی سیاسی بەهۆی شەڕی ناخۆ زەبری ئەو زیانەی لێکەوت و بوو بە لایەنێک لەو شەڕە سەپێنراوە.. ئەگەر چی هەر لەسەرتای دەستپێکردنی شەڕی ناوخۆوە حزب هەڵوێستی ڕوون و ئاشکرابوو لەو شەڕە نەخوازراوەو هەڵوێستی ناوبژی و ئاشتیخوازانەی نیشانداو ڕۆڵی بەرچاو و کاریگەرانەی خۆی هەبوو بۆ ئاشتبونەوە و نەمانی شەڕی ناوخۆ و پاراستنی دەستکەوتەکانی ڕاپەڕین و بەرهەمی خوێنی شەهیدان تاوەکو هەرچی زیاترە خوێنی ڕۆڵەکانمان بەفیڕۆ نەڕوان لەو شەڕە نەگریسە و سەرجەم هەوڵەکانیشمان یەک بخەیەن بۆ بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانمان کە ئێستا مەسەلەی گەلەکەمان وەک دۆزێکی سیاسی لەجیهاندا دانی پێدانراوە، هەروەکو لەماوەی چەند ڕۆژی ڕابردودا پرۆتۆکۆڵی نێوان بەڕێزان مام جەلال سکرتێری گشتی(ی.ن.ک) و کاک مەسعود بارزانی سەرۆکی(پ.د.ک) بە چاودێری خاتوو مادلین ئۆڵبرایت وەزیری دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەواشنتۆن ئیمزا کرا.. ئەوەش هەنگاوێکی مەزنە لەمێژوو خەباتی سیاسی گەلی کوردا، کە مەسەلەکەمانی خستە قۆناغێکی سیاسی و دیبلۆماسی نێودەوڵەتیەوە.. ئەم هەنگاوەش خۆی لەخۆیدا سەلێمنەرە بۆ بەرقەراربوونی مافی گەلەکەمان.

بۆیە هیوادارین بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکانی واشنتۆن بە زوترین کات هەنگاوی کردەیی بۆ بنرێ و ئەو هەنگاوانەش بۆتە مایەی دڵخۆشکەرەی هەموو خەڵکی کوردستان... هەروەها ببێتە هاندەرێک بۆ بەژداربوونی هەموو لایەنەکانی کوردستان و دامەزراندنی حکومەتێکی ئنتیقالی یەکگرتووی سەرتاسەری لەکوردستان بە چاودێری وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا و وڵاتانی دۆست و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان و گەڕانەوەی دەسەڵات بۆ جەماوەری گەلەکەمان بەرەو سەرکەوتنێکی یەکجاریی بە گیانی برایەتی و تەبایی و بەرقەرابوونی ئاشتیەکی سەرتاسەری و یەکجاری و بەدیدێکی نوێخوازانە و خزمەت بە گەل و نیشتیمان بکەین، کار بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ڕوودا و پێشهاتەکان بکەین.

ئێمە وەک حزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان پشتیوانی تەواوی خۆمان بۆ بەرقەرابوونی ئاشتیەکی سەرتاسەری و کۆبونەوەکانی واشنتۆن ڕادەگەیەنین و هیوادارین بە زوترین کات ئاوارەکان بگەڕێنەوە سەر ماڵ و گوزەرانی خۆیان و ماڵی کوردی ئاوەدانبکرێتەوە لەسەر تەرزێکی نوێ و خۆشگوزەرانی بۆ جەماوەری گەلەکەمان مسۆگەر بکەین.

* سڵاو لەڕای پیرۆزی جەماوەری کوردستان

* درود و ستایش بۆ خوێنی شەهیدەکانمان

مەکتەبی سیاسی

حزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان[٥٦]

١٩٩٨/٩/٢٤ – سلێمانی

---

[٥٦] ئەم حزبە لە ئابی ١٩٧٦ دامەزراوە بەناوی بزوتنەوەی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان و لەگەڵ دوو رەوتی دیکە (ی.ن.ک)یان پێکهێناوە. دواتر بە شێوەی پارتێکی سەربەخۆ بەناوی حزبی سۆسیالیستی کوردستان لە ١٩٧٩/٨/٨ خۆی راگەیاندووە. ئەم پارتە بەشداری هەڵبژاردنەکانی ١٩٩٢ی کردو لە دوای ئەوەی دەنگی پێویستیان بەدەست نەهێنا، لە ١٩٩٣ لەگەڵ پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان و پارتی سەربەخۆی دیموکراتی کوردستان(پاسۆک) یەکیان گرت و (پارتی یەکگرتن)یان پێکهێناو دواتر چونە ناو (پ.د.ک). لە ناوەراستی ١٩٩٣ جارێکی تر، ئەم پارتە پێکهاتەوە بەناوی حزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان. بەیاننامەی سیاسی مەکتەبی سیاسی حزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان ١٩٩٧/٨/٨.

## بەڵگەنامەی ژمارە (٢١)
## ڕاگەیاندنی حیزب و لایەنە سیاسیەکان
## دەربارەی ڕێککەوتنامەی واشنتۆن لە١٧ی ئەیلولی ١٩٩٨دا

ئێوارەی ڕۆژی ١٩٩٨/٩/٢٨ حزب و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان لەبارەگای مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان کۆبوینەوە بۆ تاوتوێ کردنی ڕێککەوتننامەی ١٧ی ئەیلولی ١٩٩٨ کە لەواشنتۆن لەلایەن بەڕێزان مام جەلال تاڵەبانی و کاک مەسعود بارزانیەوە مۆر کرا.

بەم بۆنەیەوە پیرۆزبای ئاراستەی سەرکردەی هەردوولایەن و سەرکردایەتی هەردوو حزب کرا و سوپاسی هەموو ئەو دەوڵەت و ڕێکخراوە ناوخۆیی و دەرەکیانە کرا کە ڕۆڵی کاریگەریان لەگەیشتن بە ڕێکەوتنامەی ئاشتی هەبوو.

ئامادەبوانی کۆبونەوەکە لەکەش و هەوایەکی دیموکراتیانەدا بیرو بۆچونی خۆیان لەبارەی ڕێککەوتنامەکەو چۆنیەتی جێبەجێکردنی دەربڕی و ئامادەی خۆیان بۆ هەموو هاوکاری و پشتیوانیەک کە مایەی سەرخستنی ڕێکەوتنەکەبێت نیشاندا. هەوا بە تێکڕای داوای یەکڕیزی لایەنەکانی بزاڤی ڕزگاریخوازی نیشتیمانی گەلی کوردستان و پتەوکردنی بەرەی ناوخۆییان کرد بۆ بەدی هێنانی ئاشتی و ئاشتبونەوەیەکی گشتی کە ئارامی بۆ کوردستان بگێڕێتەوەو ببێتە مایەی ئارامی ئاوچەکە بە گشتی.

لەکۆتایدا کۆبونەوەکە داوای لەکۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و دۆستانی گەلەکەمان کرد کە بەوپەڕی تواناوە پشتگیری لەم هەوڵە ئاشتیخوازییە بکەن بۆ ئەوەی بەسەرخستنی کۆششەکانی ئاشتی و ڕێکخستنەوەی ماڵی شێواوی کورد کۆتای پێ بێت.

١- بزوتنەوەی دیموکراتی ئاشووری
٢- بزوتنەوەی ئیسلامی لەکوردستانی عێراق
٣- پارتی پارێزگارانی کوردستان
٤- حزبی سۆشیالیستی دیموکراتی کوردستان
٥- حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان

٧- حزبی شیوعی کوردستان/عێراق
٨- یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان
٩- بزوتنەوەی ڕاپەڕینی ئیسلامی
١٠- پارتی کاری سەربەخۆی کوردستان
١١- بزوتنەوەی میللی کوردستان
١٢- بزوتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان
١٣- حزبی یەکگرتووی تورکمانی[٥٧]
١٤- حزبی نیشتیمانی تورکمانی - قیادەی مەیدانی
١٥- حرکە الترکمان المستقلین[٥٨]
١٦- پارتی نیشتیمانی تورکمان[٥٩]

---

[٥٧] ئەم حزبە ناوی (حزب الاتحاد الترکمانی-العراق)کە بە تورکمان ئیلی ناسراوە. لە ١٩٩٢/١٠/١٠ لە شاری هەولێر دامەزراوە. خۆی بەدرێژکراوەی ڕێکخستنی تورکمانەکانی عێراق دەزانێت کە پێشتر لە عێراقدا خەباتیان کردووە لە پێناو بەدەستهێنانی مافی نەتەوەیی تورکمان. هاوکات باوەری بە سیستەمی فیدرالی هەیە لە عێراقداو کار لەسەر برایەتی لەگەڵ حزبە کوردستانیەکان دەکات. لە سەرکرد دیارەکانی ئەحمەد کونش و ریاز صاری کەهیە (بیان تاسیسی للحزب الاتحاد الترکمانی-العراق) ٢٠١٠/١٠/١٠

[٥٨] ئەم پارتە پارتێکی نەتەوەیی پارێزەرخوازی تورکمانیە لە ساڵی ١٩٩٤ لە پارێزگای هەولێر لەسەر دەستی تورکمانە نەتەوەییەکان پێکهاتبوو. نشوء المؤسسات الترکمانیة ونموها، ٦حزیران ٢٠١٦، http://www.bizturkmeniz.com/ar/index.php?page=article&id=99949

[٥٩] ئەم حزبە لە ١٩٨٨ لە ئەنقەرەی پایتەختی تورکیا دامەزراوە لەلایەن موزەفەر ئەرسەلان، ریاز صاری کەهیە، ئایدن بیتالی، عزیز قادر. کار و چالاکیەکانی بەشێوەیەکی نهێنی بووە لەناو عێراق تا ١٩٩١ کە بە ئاشکرا خۆی ڕاگەیاند. ئەم حزبە باوڕی وایە کە تورکمان بەشێکن لە نەتەوەی تورک یۆیە پەیوەندیەکی باشیان لەگەڵ تورکیا هەیە. (محەمەد فاتیح، ل١٤٨) نشوء المؤسسات http://www.bizturkmeniz.com/ar/index.php?page=article&id=99949

# وتەبێژێک بەناوی (م. س)ی حزبی شیوعی کوردستان ڕایگەیاند:

دوای کۆشش و زنجیرە تێکۆشانێکی بێ پسانەوەی جەماوەری گەلەکەمان و هێزە نیشتمانییەکان و بە تایبەتی حزبی شیوعیمان کە تەقەلایەکی زۆری دا لە پێناو ئاشتیدا، سەرکردەی هەردوو حزبە دەسەڵاتدارەکە، بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی باڵای گەلەکەمان و خواست و داخوازی جەماوەر ڕێکەوتننامەیەکیان لە ئەمریکا مۆرکرد. کە جێگای ڕەزامەندی هەموو چین و توێژەکانی خەڵکی ستەملێکراوی کوردستان بوو، بە دەست پێشخەرییەکی بوێرانە لە قەڵەم دەدرێ. بەم دەست پێشخەرییە جوامێرانەیە کۆتایی بە شەڕی ناوخۆیی دەهێنرێ و ڕێگای دامەزراندنی حکومەتێکی هاوبەش دەگیرێتەبەر و زەمینە بۆ هەڵبژاردنێکی ئازادی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان خۆش کرد.

ئەم ڕێکەوتننامەیە کە سەرەتاکەی لە کوردستاندا لە لایەن حزب و کەسایەتیە نیشتمان پەروەرە دڵسۆزەکان دەستی پێکرا دڵی جەماوەری خۆش کردو لە ڕاستیدا سەرکەوتنێکی گەورەی خواستی جەماوەری ئاشتیخواز و هێزە نیشتمان پەروەرەکان و سەرکردایەتی هەردوو حزبە هاوپەیمانەکەیە بە تایبەتی سەرکەوتنی ڕەوتی خەباتی حزبەکەمانە کە لە تاریکترین ڕۆژانی شەڕی نێوخۆییدا، دروشمی ئاشتی و ئاشتبوونەوەی نیشتمانی بەرز دەکردەوە و تێکۆشاوە بۆ جێبەجێکردنی.

ئێمە لەو کاتەی داوا لە جەماوەری گەلەکەمان دەکەین بە گەرمی پشتگیری لەم هەنگاوە مەزنەدا بکات. بانگیان دەکەین بۆ درێژەدان بە تێکۆشانی هەمەجۆری ئاشتیانە لە پێناو جێبەجێکردنی خاڵەکانی ڕێکەوتننامەکەدا بە زووترین کات. بۆ ئەوەی ڕێگا لە نەخشەو پیلانەکانی ڕژێمی دیکتاتۆری بەغداو دەوڵەتە هەرێمایەتییەکان بپەرێنەوە، بە تایبەتی ڕژێمی بەغدا کە لەم ڕۆژانەدا خەریکی ئاژاوەنانەوەیە لەسەر سنوورەکانی کوردستانی ئازادکراو، ناو شارەکانیش زۆر بێ ئابڕوانە درێژە بە ڕێبازی بە عەرەب کردن و ڕاگوێزانی دانیشتوانی کوردو تورکمانی کەرکوک و خانەقین و جەلەولاو مەخموور دێهاتەکانی ناوچەی شەماملک دەداو نیازی وایە خێڵە عەرەبە دواکەوتووەکان دژی جووتیارە هەژارەکانی ئەم ناوچەیە هان بداتەو وای پیشان بدات کە ملمڵانێیەکە لە نێوان کوردو عەرەبە.

لەو کاتەی کە دەست خۆشی لە هەردوو سەرکردە کاک مەسعود بارزانی و مام جەلال تاڵەبانی دەکەین، داوا لە هەموو لایەنە کوردستانییەکان و جەماوەری گەلەکەمان دەکەین کە بەوپەڕی توانایان هاوکاری لەگەڵ سەرکردایەتی هەردوو حزبی دەسەڵاتدار بکەن بۆ ئەنجامدانی هەموو خاڵەکانی ڕێکەوتننامەکەو بنبڕکردنی شەڕی نێوخۆیی هەتا هەتایی.

هەروەها بە پێویستی دەزانین داوا لە سەرکردایەتی هەردوو حزبەکە بکەین کە بە خێرایی ڕێکەوتنەکە جێبەجێ بکەن و کۆششی گێڕانەوەی تەبایی و چارەسەرکردنی هەموو گیرو گرفتەکان بە گیانێکی بەرپرسانە بکەن. بەم کارەشیان پشتگیری گەلی کوردستان بۆ لای خۆیان ڕادەکێشن و بە کردەوە ئەزموونەکەمان دەچەسپێنن و نەخشەو پیلانی هەموو دوژمن و ناحەزانی کوردستان مایەپووچ دەکەن.

حزبی شیوعی کوردستان کە هەمیشە دژی شەڕی ناوخۆیی بووەو، هەر لە ڕۆژی هەڵگیرسانی‌یەوە دژی وەستاوەو داوای ڕاگرتنی و کۆتایی پێهێنانی کردووە، مەسەلەی ئاشتی و هێمنی و ئاسوودەیی و ئاشت بوونەوەی کردووە بە ئاڵای ئاوەندی لە سیاسەت و تێکۆشانی بێوچانی خۆی، پیرۆزبایی لە گەلەکەمان و بەڕێزان مام جەلال و کاک مەسعود دەکات کە بە پیر خواستی گەلەکەیانەوە هاتن و ئەم ڕێکەوتننامەیان مۆر کرد. هەروەها پیرۆزبایی لە هەردوو حزبی هاوپەیمان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەکات و هیوا دەخوازێ بەردەوام بن لەسەر کۆششەکانیان بۆ یەکخستنەوەی کوردستان و پایەدار بوونی یەک ڕیزی و تەبایی و ئاسوودەییدا.

با ئەم هەنگاوە بکەینە هاندەرێک بۆ یەکخستنی هەوڵ و کۆششی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی لە پێناو ڕووخاندنی ڕژێمی دیکتاتۆری ڕەگەزپەرستی بەغداو هێنانە سەرکاری حکومەتێکی دیموکراتی پەرلەمانی فرە حزبیدا کە کوردستانیش لەژێر سایەیدا بە گشت مافە نەتەوەییە ڕەواکانی خۆی شاد بێ.

**هەولێر، ٩٩٨/٩/١٩**

بەڵگەنامەی ژمارە (١٦)

راگەیاندنی مەکتەبی سیاسی بزووتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان
سەبارەت بە دانیشتن و ریککەوتننامەی ئاشتی نیوان برایانی بەریز
(کاک مەسعود بارزانی و مام جەلال تالەبانی)

جەماوەری بەشەرەفی کوردستان...
حزب و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان

لای هەمووان ئاشکرایە ماوەی چوار سالی شەری نیوان برایانی (پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکیتی نیشتمانی کوردستان) وەک دوو لایەنی هاوبەش و یەکسانی (٥٠ بە ٥٠)ی حکومەتی هەریم بۆ هەموو لایەکی سەلماند کە بەشەر کۆتایی بە هیچ کیشە و ناکۆکی یەک نایەت و لە ئەنجامدا هەردەبی بەشەرهاتووەکان بگەرینەوە بۆ زمانی گفتوگۆ و لیک تیگەیشتن کە ئەمرۆ بە هاوچەرخ ترین شیواز و هۆکاری چارەسەرکردنی کیشەکان ناودەبردری بەتایبەتی لە باروذۆخی تایبەتمەند و ئالۆزی ئەمرۆی کوردستانیش دا کە بە دوژمن و ناحەز دەور دراوەو هیچ کام لە داگیرکەران ئامادەی دۆستایەتی و دەستی یارمەتی دریژکردن نین بۆ پاراستن و سەرخستنی دەسکەوت و ئەزموونی گەلەکەمان.. بەلکو بەپیچەوانەوە هەولی لەناوبردن و ئالۆزکردنی کیشە ناوخۆییەکانمان دەدەن و لە میدیاکانی خۆیانەوە رووی ناشیرینی شەرو ئاشوبی ئیمەش بە گەلانی جیهان پیشان دەدەن بەو مەبەستەی بۆ میللەتانی بیسەلمینن کە ئیمە شایستەی دەسەلات گرتنەدەست و خۆ بەریوەبردن نین.

ئەی جەماوەری خۆراگر و نیشتمان پەروەر و ئاشتی خواز،

ئەمرۆ کورد و کیشەکەی دۆستی زۆری بۆ پەیدا بووە، ئەو ماوەیەی بە شەری ناوخۆوە بەفیرۆ چوو دەکرا گەلکی لی وەربگیری بۆ پیشخستنی دۆزی کورد.. لەم ماوەیەدا هەولی جدیانەی ناوخۆیی و دەرەکیش زۆر درا بۆ پیکهینانەوەی هەردوو لایەنی نیشتمان پەروەر و خاوەن خەبات.. جەماوەر و دۆستانی گەلەکەشمان بەئومیدەوە دەیان روانیە ئاکامی دانیشتنەکانی پرۆسەی ئاشتی.. هەر لە سەرەتای خاوبوونەوەی بەستەلەکی شەرکردن..

بۆیە راگەیاندنی پیکهینانەوەی هەردوو لا کە لە ئاکامی چاوپیکەوتن و دانیشتنی هەردوو بەریز مام جەلال و کاک مەسعود لە رۆژی ١٦ی ئەم مانگە و رۆژانی دوایی بە بەشداری و سەرەپەرشتی گەورە بەرپرسانی حکومەتی ئەمەریکا بەتایبەتی وەزارەتی دەرەوە ساز کرا، بووە مایەی دلخۆشی جەماوەری ئاشتی خواز و خەلکی نیشتمان پەروەر و دۆستانی نزیکی گەلەکەمان.

ئیمە وەک (بزووتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان) بەناوی هەموو ئەندامانی بزووتنەوەکەمان و سەرجەم دۆست و لایەنگرەکانمانەوە پشتگیری و پشتیوانی خۆمان بۆ ئەو ئەنجامە پیرۆزە دەردەبرین و هیوا خوازین کە ببیتە مایەی بنبرکردنی یەکجارەکی شەری ناوخۆ و هەوینی پتەوکردنی ریزەکانمان و پەیوەندی برایانەی سەرجەم حزب و لایەنە سیاسی و تیکۆشەرەکانی هەموو کوردستان بیت و ئاشت بوونەوەیەکی گشت گیر بۆ ئاسایش و ئارامی هەموو گۆشەیەکی کوردستان بگریتەوەو بەشیوەیەکی راستەقینە و دلسۆزانە ئەخشە بۆ پیکهینانی حکومەتیکی بنکە فراوان بکیشریت کە هەموو لایەنیکی تیدا بەشدار بیت چونکە بە بروای ئیمە ئەوەش یەکیکە لەو پالپشتانەی کە دەبیتە مایەی هەلنەگیرسانەوەی شەری ناوخۆ.

هەر بەو بۆنەیەوە ئیمە وەک (بزووتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان) جەخت دەکەینەوە لەسەر پەیوەندی دۆستانەی خۆمان و هەردوو لایەنی بەریز و سەرجەم ئەو لایەنانەی رۆلی کاریگەر و دلسۆزانە دەبینن بۆ چەسپاندنی پرۆسەی ئاشتی و ریکەوتننامەکەی.

شایانی بە بیرهینانەوەیە (ئاشتی) یەکیکە لە درۆشمە سەرەکیەکانی بزوتنەوەکەمان هەر لە سەرەتای دروست بوونیەوە تا یەکەم کۆنگرە کە بە بریاری تیکرای ئەندامانی کۆنگرە ئاشتیمان کردە یەکەم درۆشمی سەرەکی بزوتنەوە و لە روانگەی سیاسەتی ناوەندی بزوتنەوەکەمان لەگەل ئەو راگەیاندنە یەک دەگرینەوەو پشتیوانی خۆمان دووپات دەکەینەوە... دووبارە پیرۆزبایی ریکەوتنی ئاشتی لە هەموو لایەک دەکەین...

ئاشتی.. ئاشتی تا سەرکەوتن

مەکتەبی سیاسی
بزووتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان
١٩٩٨/٩/١٩

بەڵگەنامەی ژمارە (١٧)

## وتەبێژێك بەناوی بیرۆی سیاسی

## پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان رایگەیاند:

لە١٧ی ئەم مانگەدا، سەرکردەی هەردوو لایەنی پەیوەندیدار بەپرۆسەی ئاشتییەوە، بەڕێزان کاك مسعود بارزانیو مام جلال تاڵەبانی لەواشنتۆنی پایتەختی ئەمریکا، لەدوای زنجیرەیەك کۆبوونەوەی هەردوو بەڕێزیانو بەسەرپەرشتیو ئامادەبوونی گەورە لێپرسراوانی ئیدارەی کۆشکی سپیو وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، بەتایبەت خاتوو مادلین ئۆڵبرایت رێککەوتننامەیەکیان مۆرکرد، کەئەمەش دەرئەنجامی ئەو هەوڵو کۆششو تێکۆشانە ئەپسارەی جەماوەری گەلەکەمانو گشت حزبو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بوو لەپێناو ئاشتیو ئاشتبوونەوەی نیشتمانیو هەروا دەرئەنجامی ئەو پرۆسە ئاشتییە کەچەند مانگێکە لەکوردستان بەڕێوە دەچێت کەخۆی لەکۆبوونەوەکانی لیژنەی تەنسیقی باڵای نێوان پارتی دیموکراتی کوردستانو یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەنوێنێ کە کەشوهەوایەکی باشی رەخساند بۆ بەیەك گەیشتنی سەرکردەی هەردوو لایەن.

ئێمە وەك پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان ئەمیش دژی شەڕی کورد بەکورد بووینو بانگهێشتەی ئاشتیمان کردووەو لەم رێگا پیرۆزەشدا قوربانیمان داوەو لەسەنگەی ئەمەشەوە دوای چوارەمین جەولەی شەڕ، لەکۆبوونەوەی ئاسایی ئاوەندی سەرکردایەتی پارتمان PKSK کەلەشوباتی ئەمساڵدا گرێدرا، پێشبینی ئەوەمان کرد ئەم جەولەیە کەخوێناویترین جەولەی شەڕ بوو، ئاکامێکی هەمدیسان لەکارەساتو ماڵوێرانی زیاتر هیچی بەدواوە نەبوو، پێویست بەوە دەکات کەسەرکردایەتی هەردوو لایەن تێخوێندنەوەیەکی تازەیان بۆ شەڕو کوشتار هەبێتو قەناعەتی هەردوولایەنیش بەو لایەدا دەشکێتەوە کەکێشەو ناکۆکییەکان بەڕێگای ئاشتیو گفتوگۆ چارەسەر بکرێن.

ئێمە لەروانگەی سیاسەتی حزبی پارتەکەمانەوە سەبارەت بەئاشتی، ئەو هەنگاوە مەزنەی بەڕێزان مام جلالو کاك مسعود پیرۆز دەکەینو پشتگیری تەواوی خۆمان بۆ ئەو رێککەوتننامەیە رادەگەیەنینو شان بەشانی جەماوەرو حزبە کوردستانییەکان لەپێناو سەرخستنو جێبەجێ کردنی خاڵەکانی ئەم رێکەوتننامە خەبات دەکەینو هەرچی لەتواناماندا بێت لەم بوارەدا بەگەڕی دەخەین بۆ بەئەنجام گەیاندنی خاڵەکانی رێککەوتننامەکە لەکاتو ساتی دیاریکراویدا، کەبەهۆیەوە ئاشتی لەکوردستان بەرقەرار دەبێتو ئیوماڵی کوردان بۆ جارێکی دیکە رێکدەخرێتەوە. بەتایبەت لەم رۆژگارەدا کەسەرلەنوێ دۆسیەی کورد لەلایەن زلهێزترین دەوڵەتەوە کەئەمەریکایە بایەخو گرنگی تایبەتی پێ دەدرێت، کەئەمەیان پێویست دەکات، هەموو لایەك لەئاست ئەو وەرچەرخانەدا بینو رێگاش نەدەین داگیرکەران کەئەم رێککەوتننامەیە هەراسانی کردوون بتوانن درزو کەلێن بخەنە ئێو ریزەکانمان، بەڵکو پێویستە هەموو لایەکمان بەتایبەت هەردوو لایەنی رێککەوتننامەکە، بەگیانێکی شۆڕشگێڕانەو بۆ پیرۆزکردنی بەرژەوەندی باڵای نیشتمانیمان هوشیارو ئامادەباشی بنوێنن دژ بەپیلانو نەخشەکانی داگیرکەران.

کوردستان - هەولێر

١٩٩٨/٩/١٩

بەڵگەنامەی ژمارە (١٨)

# بەیاننامە

دوای هەوڵ وماندوو بوونێکی زۆری حزب ولایەنە سیاسیەکانی کوردستان وکەسایەتیە ناودارەکانی گەلەکەمان و. هەوڵی دۆستانمان لە دەرەوە. لەم چەند رۆژەی رابردوودا، لە ئەمریکا دوای کۆبوونەوەیەکی هاوبەش لە نێوان بەڕێزان کاک مسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان و مام جەلال تالەبانی سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا لەژێر چاودێری وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە رۆژی ١٧/ ٩/ ١٩٩٨ توانیان بە سەر ناکۆکیەکانی چەندین ساڵەدا زاڵ بین و رێکەوتن نامەیەکی ئاشتی لە بارەی چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی فیدرالی کوردستانی عیراق مۆر بکەن.

ئەم رێکەوتن نامە گرنگە لەم هەل ومەرجەئالوزەی کوردستان سەرکەوتنێکی بەرچاوە بۆ هەر دوو سەرکردەکە و سەرجەم بزافی ئازادیخوازی گەلی کوردستان وجەماوەری ستەمدیدەی ئەم وڵاتە بریندارە ولە پێش هەموو لایەکیش سەرکەوتنە بۆ هەوڵەکانی ئاشتیخوازانەی حزبەکانمان وگشت دڵسۆزانی گەلەکەمان کەهەر لەسەرەتای هەڵگیرسانی شەری نێو خۆوە تا ئێستا هەمیشە لە تێکۆشانی بێ وچاندا بووینە بۆ کۆتایی هێنان بەوشەرە کاولکاریە وبەرقەرار بوونی ئاشتیەکی هەمیشەیی وئاسوودەیی وتەبایی و یەکریزی کە چەکی بەهێزی گەلەکەمانەکە بۆ پاراستنی دەستکەوتەکانی راپەرین وئەزموونەکەمان کە بەخوێنی هەزاران شەهید وفرمێسکی دایکی جگەر سووتاوی ئەم گەلە هاتۆتە کایەوە.

لەو کاتەی کەدەست خۆشی لە هەردوو لاو جەماوەری گەلەکەمان دەکەین بۆ ئەم دەسکەوتە بایەخدارە بە ئەرکی سەرشانی خۆمانی دەزانین کە داوا لە جەماوەری گەلەکەمان وبزافی نیشتمانی کوردستان وبە تایبەتی خودی هەر دوو حزبە دەسەڵاتدارەکەی کوردستان بکەین کە بەوپەڕی وریایی ولە خۆ بووردنەوە هەڵس و کەوت لەگەڵ ئەم رووداوە تازەیە بکەن وریگە نەدەن هیچ نەخشە وپیلانێکی دوژمنان ونەیارانی ئاشتی کوردستان بۆ تێکدانی باروودۆخەکە سەرکەوتن بە دەست بهێنن، بۆ ئەم مەبەستەش پێشنیاز دەکەین پشت بەرا و بۆ چوونی حزب ولایەن وکەسایەتیە نیشتمان پەروەرەکان و جەماوەری گەلەکەمان ببەستن بۆ سەرخستنی پرۆسەکە ولێبراوانە هەنگاو بهاوێن بۆ جێ بە جێ کردنی خاڵەکانی رێککە وتنامەکە چونکە جەماوەری گەلەکەمان زۆر بە پەرۆشە بۆ گێرانەوەی یەکریزی وتەبایی وئاسوودەیی بۆ کوردستانی خۆشەویستمان بەزووترین کات.

ئێمە ئەوحزبانەی کە لە خوارەوە ناومان هاتووە پشتگیری خۆمان رادەگەیێنین وئامادەیی خۆمان دەردەبڕین بۆ هەر ئەرکێك لە بارەی جێ بە جێ کردنی ئەو رێککەوتنە لە هەموو قۆناغەکان.

- بزوتنەوەی دیموکراتی ئاشووری
- یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان
- پارتی کاری سەربەخۆی کوردستان
- بزوتنەوەی میللی کوردستان
- حزبی شیوعی کوردستان ـ عیراق
- بزوتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان

هەولێر

١٩٩٨/٩/٢٢

بەلگەنامەی ژمارە (١٩)

## ڕێککەوتنی واشنتۆن گەورەترین سەرکەوتنی مێژوویی و سیاسییە بۆکورد لەم سەردەمەدا

جەماوەری بەشەرەفی کوردستان ..

خەڵکی خۆراگری گەلی کورد ...

دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە (٤) ساڵ بەسەر شەڕی ماڵوێرانەی گەلی کورد کە بووە هۆی لێکەوتنەوەی زیانێکی زۆری ئابووری و تێکچوون و لەبەریەک هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان کە دوو دەسکەوتی بەنرخن و بەخوێنی شەهیدە نەمرەکانی کوردستان هاتوونەتە بەرهەم ، دوای ئەو هەموو زیانەی کە لە مەسەلەی ڕەوای گەلەکەمان کەوت و بووە هۆی دەست تێوەردانی دوژمنانی گەلی کورد لە چارەنووسی میللەتەکەمان .

حزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان .. وەکو حزبێکی سیاسی بەهۆی شەڕی ناوخۆ زەبری ئەو زیانەی لێکەوت و بوو بە لایەنێک لەو شەڕە سەپێنراوە .. ئەگەرچی هەر لەسەرەتای دەستپێکردنی شەڕی ناوخۆوە حزب هەڵوێستی ڕوون و ئاشکرابوو لەو شەڕە نەخوازراوە و هەڵوێستی ناوبژی و ئاشتی خوازانەی نیشان داو ڕۆڵی بەرچاو وکاریگەرانەی خۆی هەبووە بۆ ئاشت بوونەوەو نەمانی شەڕی ناوخۆو پاراستنی دەسکەوتەکانی ڕاپەڕین و بەرهەمی خوێنی شەهیدان تاوەکو هەرچی زیاترە خوێنی ڕۆڵەکانمان بە فیڕۆ نەڕوات لەو شەڕە نەگریسە و سەرجەم هەوڵەکانیشمان یەک بخەین بۆ بەدەست هێنانی مافە ڕەواکانمان کە ئێستا مەسەلەی گەلەکەمان وەکو دۆزێکی سیاسی لە جیهاندا دانی پیانراوە .

هەروەکو لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابوردوودا پرۆتۆکۆلی نێوان بەڕێزان مام جەلال سکرتێری گشتی (ی.ن.ک) وکاک مەسعود بارزانی سەرۆکی (پ.د.ک) بە چاودێری خاتوو مادلین ئۆڵبرایت وەزیری دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە واشنتۆن ئیمزا کرا .. ئەوەش هەنگاوێکی مەزنە لە مێژوو خەباتی سیاسی گەلی کوردا کە مەسەلەکەمانی خستە قۆناغێکی سیاسی و دیبلۆماسی نێو دەوڵەتییەوە .. ئەم هەنگاوەش خۆی لە خۆیدا سەلمێنەرە بۆ بەرقەراربوونی مافی گەلەکەمان .

بۆیە هیوا داریـن بۆچی بەجێ گەیاندنی بڕیارەکانی واشنتۆن بە زووترین کات هەنگاوی کردەیی بۆ بنرێت و ئەو هەنگاوەش بۆتە مایەی دڵخۆشکەرەی هەموو خەڵکی کوردستان... هەروەها ببێتە هاندەرێک بۆ بەشداربوونی هەموو لایەنەکانی کوردستان و دامەزراندنی حکومەتێکی ئینتقالی یەکگرتووی سەرتاسەری تۆکمە لە خزمەت گەلەکەمان .. هەروەها گۆڕانکاری ئیجابیانە لە یاسای پەرلەمانی کوردستان بۆ زیاتر بەشداربوونی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵ .. پێویستە هەموولا خۆمان ئامادە بکەین بۆ هەڵبژاردنێکی سەرتاسەری لە کوردستان بە چاودێری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو وڵاتانی دۆست و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و گەڕانەوەی دەسەلات بۆ جەماوەری گەلەکەمان بەرەو سەرکەوتنێکی یەکجارەیی بە گیانێکی تەبایی و برایەتی و بەرقەراربوونی ئاشتی یەکی سەرتاسەری و یەکجاری و بە دیدێکی نوێی خوازانەو خزمەت بە گەل و نیشتمان بکەین کار بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ڕووداوو پێشهاتەکان بکەین .

ئێمە وەکو حزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان پشتیوانی تەواوی خۆمان بۆ بەرقەراربوونی ئاشتی یەکی سەرتاسەری و کۆبوونەوەکانی واشنتۆن ڕادەگەیەنین و هیواداریـن بە زووترین کات ئاوارەکان بگەڕێنەوە سەرماڵ و گوزەرانی خۆیان و ماڵی کوردی ئاوەدان بکرێتەوە لەسەر تەرزێکی نوێ و خۆش گوزەرانی بۆ جەماوەری گەلەکەمان مسۆگەر بکەین .

* سڵاو لە رای پیرۆزی جەماوەری کوردستان .
* درودو ستایش بۆ خوێنی شەهیدەکانمان .
* سەرکەوتن بۆ گەل و نیشتمان .
* بژی ئاشتی و تەبایی .
* نەفرەت لە شەڕ .

مەکتەبی سیاسی

حزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان

٢٤/ ١٩٩٨/٩ _ سلێمانی

بەڵگەنامەی ژمارە(٢٠)

## راگەیاندنی حزب و لایەنە سیاسییەکان

### دەربارەی ڕێککەوتننامەی واشنتۆن لە (١٧)ی ئەیلولی ١٩٩٨دا

ئێوارەی ڕۆژی ١٩٩٨/٩/٢٨ حزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان لەبارەگای مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان کۆبوونەوە بۆ تاوتوێکردنی ڕێککەوتننامەی (١٧)ی ئەیلول ١٩٩٨ کە لەواشنتۆن لەلایەن بەڕێزان مام جەلال تاڵەبانی و کاک مەسعود بارزانییەوە مۆرکرا.
بەم بۆنەیەوە پیرۆزبایی ئاراستەی سەرکردەی هەردوو لایەن و سەرکردایەتی هەردوو حزب کراو سوپاسی هەموو ئەو دەوڵەت و ڕێکخراوە ناوخۆیی و دەرەکییانە کرا کە ڕۆڵی کاریگەریان لەگەیشتن بەڕێککەوتننامەی ئاشتی هەبوو.
ئامادەبووانی کۆبوونەوەکە لەکەش و هەوایەکی دیموکراتیانەدا بیروبۆچوونی خۆیان لەبارەی ڕێککەوتننامەکەو چۆنیەتی جێبەجێکردنی دەربڕی و ئامادەیی خۆیان بۆ هەموو هاوکاری و پشتیوانییەک کەمایەی سەرخستنی ڕێککەوتنەکە بێت نیشاندا.
هەروا بەتێکرایی داوای یەکڕیزی لایەنەکانی بزاڤی ڕزگاریخوازی نیشتمانیی گەلی کوردستان و پتەوکردنی بەرەی ناوخۆییان کرد بۆ بەدیهێنانی ئاشتی و ئاشتبوونەوەیەکی گشتی کەئارامی بۆ کوردستان بگێڕێتەوەو ببێتە مایەی ئارامی ناوچەکە بەگشتی.
لەکۆتاییدا کۆبوونەوەکە داوای لەکۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و دۆستانی گەلەکەمان کرد کە بەوپەڕی تواناوە پشتگیری لەم هەوڵە ئاشتیخوازییە بکەن بۆئەوەی بەسەرخستنی کۆششەکانی ئاشتی و ڕێکخستنەوەی ماڵی شێواوی کورد کۆتایی پێ بێت.

١- بزوتنەوەی دیموکراتی ئاشووری.

٢- بزوتنەوەی ئیسلامی لەکوردستانی عیراق.

٣- پارتی پارێزگارانی کوردستان.

٤- حزبی سۆشیالستی دیموکراتی کوردستان.

٥- حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان.

٦- بزوتنەوەی دیموکرا تخوازانی کوردستان.

٧- حزبی شیوعی کوردستان/ عیراق.

٨- یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان.

٩- بزوتنەوەی ڕا پەڕینی ئیسلامی.

١٠- پارتی کاری سەربەخۆی کوردستان.

١١- بزوتنەوەی میللی کوردستان.

١٢- بزوتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان.

١٣- حزبی یەکگرتووی تورکمانی.

١٤- حزبی نیشتمانیی تورکمانی- قیادەی مەیدانی.

١٥- حرکە الترکمان المستقلین.

١٦- پارتی نیشتمانیی تورکمان.

بەڵگەنامەی ژمارە (٢١)

# ٣

# کاری حزبایەتی

# کاری حزبایەتی

حزب، بریتیە لە یەکێتیی و گردبونەوەی چەندین کەس کە خاوەنی ڕێکخستنێکی تایبەتن و نوێنەری بەرژەوندی هێزێکی کۆمەڵایەتی دەکەن و ئامانجیان گەیشتنە بە دەسەڵاتی سیاسی یان دروستکردنی کاریگەریە لەسەر دەسەلات بە بەدەستهێنانی پۆستی گشتی ئەمەش لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە بێت یان بە بێ هەڵبژاردن[٦٠]. ئەرکی حزب لە جیهانی سێدا بریتیە لە شەرعیەتدان بە دەسەڵات و حکومەت لە ڕێگەی بەشداری و نوێنەرایەتی جەماوەرییەوە، هەروەها پەخشکردنی بەرنامەی حزبە لەنێو جەماوەر تا جەماوەر بخاتە ڕیزی حکومەت بە تایبەت لە کاتی کەمی داهات و دەرامەتدا. هاوکات رۆڵێکی تری حزب بریتیە لە پاراستنی چینە باڵاکانی حزبکە لە رێگەی بەکارهێنانی ڕێکخراوەکانی ئافرەتان و لاوان و سەندیکاکان. زۆرینەی حزبەکان لە جیهانی سێیەمدا سود لەئایدۆلۆجیای مارکسی و سەرمایەداری وەردەگرێت، بەڵام لە ناواخندا ئایدۆلۆجیا بەسەر ڕەگەز و ئاین و میللی گەرایی دابەش بوو. پارتە ئاینییەکان بەرگری لە ئاین و پارتی نەتەوەی بەرگری لە ڕەگەز و پارتی میللی (پۆپۆلیستی) لەبری جوراو جۆری نێو کۆمەڵگە، جەخت لەسەر هەماهەنگی نێو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە دەکاتەوە[٦١].

تاک حزبی لەدوای سەربەخۆیی لە جیهانی سێدا باو بوو. حزبی شۆرشگێر بەهۆی تۆمارکردنی مێژووی ڕزگاریخوازی و دەرکردنی داگێرکەر، بەردەوام زۆرینەی دەنگەکانی لە هەڵبژاردندا بەدەست هێناوە. هەرچی حزبەکانی ترە بەهۆی بەشدارنەبوون لە شۆرش کەوتونەتە خانەی گومان و تۆمەتەوە. لەلایەکی تر زۆرداری و ستەمی سەردەمی داگیرکاری بووە بە مۆدێلێکی بۆماوەیی و ماوەتەوە بۆ قۆناغی دوای سەربەخۆیی کە لە دژی فرەیی حزبی

[٦٠] اسامة الغزالي حرب: الاحزاب السياسية في العالم الثالث، دار المعرفة، الكويت، ١٩٨٧، ص٢٠.
[61] B. C. Smith: Understanding Third World Politics Theories of Political Change and Development, Second Edition, PALGRAVE MACMILLAN, 2003. P 139.

و دەنگی نارەزایی بەکارهێنراوە. کلتوری سەرکردایەتی سیاسی ئەو دەنگەی زولاڵتر کردبوو کە ئەو دەستەیە شەرعیەتی حوکمی لایە و بۆ دەنگەکانی تر نییە رەخنە بگرن. دواخاڵ، دەوڵەت و حکومەت لە لایەن تاک حزبەوە کراوە بە بەدیلی گەشەپێدان. واتا ئەوەی گەشەپێدان و نوێگەری دێنێتە کایە لە سیستەمی تاک حزبیدا، رکەبەری حزبی و دیموکراسی نییە بەڵکو حکومەت و دەوڵەتی تاک حزبە[٦٢].

وێرای ئەو بەربەستانە، داگیرکاری کاریگەری گەورەی هەبوو بەسەر ژیانی حزبی. داگیرکەر لە مێژووی خۆیدا، لە پێناو مانەوەی حوکمی خۆی پێداگری لە قۆرخکاری کردووە لە بورای سیاسی و دژی رکەبەری سیاسی بووە. هەر بۆیە کۆمەڵگەی جیهانی داگیرکاری و دوای داگیرکاری، رام کرابوون لەسەر ژیانێک کە دوربێت لە رکەبەری و ململانێ. ئەمەش وایکرد کۆمەڵگە  ئەوەندە مەیلی بۆ ئیدارەی مەرکەزی و یاساو ریساو سیستەم هەبوو، ئەوەندە گرنگی بە  گەشەی دەستوری و کۆمەڵگەی فرە چەشن و رکەبەری سیاسی نەداوە. بۆیە کاتێک سەردەمی داگیرکاری تەواو بوو، بوار بۆ رکەبەری سیاسی فەراهەم نەکرا، بەتایبەت لەلایەن پارتە نەتەوەییە رزگاریخوازیەکان دژایەتی کراوە، بەناوی ئەوەی  رکەبەری، دابەشکاری لە نێو گەلی ستەملێکراودا دێنێتە کایەوەو دژی رەوتی یەکبونی نەتەوەییە[٦٣].

لەرۆژهەلاتی ناوەراست و جیهانی ئیسلامیدا شێوەکە زۆر جیاواز نەبوو. سیستەمی پەرلەمانی ئەزمونێکی قوڵی لەم ناووچەیەدا نەبووە. شورا کە جۆرێک بووە لە دامەزراوەی یاسایی، نەیتوانیبوو رکەبەری درویست بکات و بەڵکو شەرعیەتی بە دەسەڵاتی خەلیفە و  سولتانی بێ رکەبەر دابوو. لە سەردەمی داگیرکارشدا پێناسەی حزب لە رۆژهەڵاتی ناوەراست بریتی بوو لە بەرهەڵستکاری و دژایەتی حوکمی داگیرکەر نەک نوێنەرایەتی لە دامەزراوەی دەستوری و تەشریعیدا. بۆیە حزب لە رۆژهەڵاتی ناوەراست ئەوەندەی کاری

[62] B. C. Smith: P 143-144.

[٦٣] اسامة الغزالي حرب: الحرب الاحزاب السياسيه فى العالم الثالث: ، عالم المعرفة،الكويت، ١٩٨٧، ص٩٧.

بۆ گۆرینی سیستەم کردووە ئەوەندە کاری بۆ نوێنەرایەتی لەناو سیستەم نەکردووە[٦٤].

لە بەشی سێیەمدا ئەو گرفتە دەبینین کە حزب لە کوردستاندا تێی کەوتووە. یەکەمیان بەهۆی نەبونی هەڵبژاردن بۆ دامەزراوەی نوێنەرایەتی، حزب لە کوردستاندا ڕێگەی بەشداری لەبەردەم داخراوەو جگە لە دەرکردنی بەیاننامە هیچ ڕێگەیەکی تری نەبووە بۆ چالاکی. دووەمین لە کوردستاندا سیستەمی تاک حزبی پۆپۆلیستی هەبووە بەجۆرێک دوای ساڵی ١٩٩٦، دوو حزبە گەورەکە سیستەمێکی تایبەت بەخۆیان هەبوو کە باوەڕیان بە دیموکراسی ناحزبی هەبوو. باوەڕیان بە هەمانگی و گونجاندن هەبوو نەک ڕکەبەری و ململانێی حزبی. بۆیە حزبەکان لەم چوارچێوەیەدا بواری کارکردنیان زۆر بەرتەسک بووە. هاوکات حزبی دەسەلاتدار حزبی دوای رژێمی بەعس بوو جگە لەوەی شەرعیەتی لە بزوتنەوەی رزگاریخوازی وەرگرتبوو، هاوکات کلتوری ناوەندێتی و پابەندبوون بە بەرنامەی حزبەوە بەسەریدا زال بوو نەک کلتوری فرەیی و ڕکەبەری.

گرنگترین بابەتەکانی ئەم تەوەرەیە بریتیە لە:

١- پرسی نەشەڕ نەئاشتی. ئەم دەستەواژەیە لە ساڵی ١٩٩٨ بەدواوە لە هەرێمی کوردستان باوو بوو. لایەنە شەڕکەرەکان شەڕیان راگرتبوو بەهۆی هەوڵەکانی عەزیر محمد وەک کەسایەتیەکی  سیاسی بێلایەن، کە ریگەی خۆشکرد تا لایەنەکان گەیشتنە ئەوەی ڕێکەوتنی ئاشتی واژۆ بکەن. بارودۆخەکە شەڕی تێپەڕکردبوو بەڵام پێینەنابووە قۆناغی ئاشتی. گرتن و ڕێگری و خاڵی پشکنینەکان هەر وەک سەردەمی شەڕ بەرێوە دەچوو. حزبەکان بەردەوام هۆشدارییان دەدا کە هەنگاوەکانی ئاشتی سستن. ئەوان شەڕ بە ((مۆتەکە)) ناودەبەن و ئاشتی دادەنێن بە (( تاکە ڕێگا چارە.... بۆ توندوتۆڵکردنی ڕیزەکانی گەلی کوردستان و خۆ ئامادەکرن بۆ پاراستنی ئەزمونی دیموکراتی لەکوردستاندا تا ببێتە پێگەیەکی بەهێز لەپێناو بنیاتنانی

[٦٤]اسامة الغزالی: المصدر السابق،ص٩٩.

عێراقی دیموکراتی فیدڕاڵی))[٦٥]. چاوەروانی کوردستانێکیان دەکرد کە وەک کوردستانی پێش ١٩٩٤/٥/١ بێت کە حکومەت و ئیدارەو ئابوری و ژیانی رۆژانە بۆ هەموو هەرێمەکە وەک یەک بێت و دور بێت لە زۆنگ و ناوچەی زەردو سەوز. چونکە بەو شێوەیە ئومێدی دیموکراسی و هەلبژاردن زیاتر دەبوو، هەلی بەشداری کەمینە زیاتر دەرەخسا. بەڕای حزبەکان ئاشتی ((پێویستیەکی مێژوویەو ئەرکێکی پیرۆزی سیاسی هەردوو لایەنی دەسەڵاتدارە، دەست بەکاربن و پەلەبکەن لەهەنگاونانی بەرەو پێشەوەچونی پرۆسەی ئاشتی واشنتۆن کە ئێستا جەماوەری کوردستان چاوەڕێی جێبەجێ بونیەتی، بۆ ئەوەی دیل و گیراوەکانی شەڕ بە تەواوی ئازاد بکرێت و بارودۆخی شارەکان ئاسای بێتەوە و ئاوارەکان بگەڕێنە سەر جێگە وماڵی خۆیان و داهاتی کوردستان بگەڕێتەوە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان و خۆسازدان بەرەو هەڵبژاردنێکی سەرانسەری بۆ دامەزراندی حکومەتێکی فرەلایەن))[٦٦] . لە لایەکی تر ئاشتی لە هەرێم واتای ئاشتی لە کوردستانی گەورە. بۆیە پرۆسەی ئاشتی کوردی بەرپرسیارێتیە نەک بۆ لایەنەکانی هەرێمی کوردستان بەڵکو بۆ لایەنە کوردیەکانی پارچەکانی تری کوردستان. ئاشتی ((سەرکەوتنێکیشە بۆ تەواوی بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان لەسەرتاسەری کوردستان، بۆیە پێویستە کە(P.K.K)یش هۆکاری ئیجابی بێت بۆ سەرخستنی ئەم پرۆسەیە، بۆ بەرقەرارکردنی ئاشتیەکی هەمیشەی و سەرتاسەری لەکوردستاندا، بە ئامانجی پوچەڵکردنەوەی نەخشەو پیلانی داگیرکەران))[٦٧].

٢- دابەشبوون و یەکگرتنی حزبەکان: لەم بەشەدا دەبینین چۆن حزبەکان دابەشبوون تیایاندا روودەدات. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کارکردنی ئەم حزبانە لە سایەی شەڕدا. لە میانی شەڕدا حزبەکان خۆیان لەگەڵ بارودۆخەکە گونجاندووە. پەیوەندیەکان، بوجە، هەڵوێست، هەمووی لەژێر کاریگەری شەڕدا خۆی رێکخستبوو. حزبە گەورە بەشەڕهاتووەکان بۆ شەرعییەتدان بە

[٦٥] بەڵگەنامەی ژمارە (٢٦)
[٦٦] بەڵگەنامەی ژمارە (٣١)
[٦٧] بەڵگەنامەی ژمارە (٣٣)

شەڕی ناوخۆو فراوانکردنی بەرەی خۆیان و بەدەستهێنانی لایەنگری حزبە بچوکەکان، هاوکاری و کۆمەکیان بۆ حزبە بچوکەکان بە پێی هەڵوێستی لایەنگرییان حەڵاڵ و حەرام دەکرد. بەڵام لە کاتی ئاشتیدا کارکردنی حزبی شێوازەکەی گۆڕاوەو حزبی شەڕکەر پێویستی بۆ حزبی بچوک کەم بووەوە. بۆیە گرفت بۆ حزبی بچوک پەیدابوو، بەمەش دابەشبوون و ناکۆکی لەنێو پارتەکاندا روویدا. هاوکات کۆبونەوەکان برەو دەسێنن لە پێناو یەکگرتن وخۆرێکخستنەوەو دەربازبون لە کارکردنی سەردەمی شەڕ بۆ کارکردن لە سەردەمی ئاشتیدا. بەهانەی یەکگرتنی دوو حزب لەو کاتەدا ئەمەیە کە دەڵێت، ((لەئاکامی درککردن بە بەرپرسیارێتی..... وەلانانی ناکۆکی و چارەسەرکردی ئەو کێشانەی دێنە بەردەم پەلەکانی بزاڤی ڕزگاریخوازیمان بەڕێگەی دیموکراسی و گفتوگۆی دۆستانە و جێبەجێکردنیئەرکەکانمان بۆ بەرەوپێشبردنی دۆزی کوردستان لەهەموو ئاستەکاندا...... لەڕوانگەی پەرۆشیمان بۆ ئەو هەلومەرجەی کە چەپی کوردستان پێیدا تێپەڕدەبێت و ئەو پەرش و بڵاویەی دووچاری لایەنە دیموکرات و چەپەکان هاتووە ))[٦٨].

[٦٨] بەڵگەنامەی ژمارە (٢٥)

## بەڵگەنامەی ژمارە (٢٢)
## ڕاگەیاندنی کۆبوونەوەی سەرکردایەتی (هاوکاری)

ڕۆژانی (١١/٣٠ و ١٢/١)ی ئەمساڵ ١٩٩٧ سەرکردایەتی هاوکاری لەسەر ئاستی مەکتەبی سیاسی لایەنەکانی (حزبی ڕزگاری کوردستان و پلاتفۆڕمی نەتەوەی کوردستان و یەکێتی نەتەوەی دیموکراتی کوردستان -سەرکردایەتی کاتی) کۆبۆوە. کوبوونەوە بە ناردنی سڵاو بۆ گیانی پاکی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری گەلەکەمان و بۆ ڕێزلێنان لە کاروانی خەباتی نەپساوەیان دەستی بە کارەکانی خۆی کرد. ئەوسا دوا گۆڕانکاریەکان و ئاکامی لەسکرکێشی سوپای تورکیا بۆناو خاکی باشوری کوردستان خرایە بەر باس و لێکۆڵینەوە.

کۆبونەوە جارێکی دیکە دووپاتی کردەوە کە پێشێلکردنی سەروەری خاکی وڵاتەکەمان لە لایەن سوپای تورکیاو پێشڕەوییەکانی لەناو خاکی باشورو خۆشکردنی ئاگری شەڕو خۆتێوەگلاندنی، بە توندی ڕیسواوو تاوانبارکردو گەرەکە هەرچی زووترە سوپاکەی لە خاکی وەڵاتەکەمان بکشێتەووە و، دەبێ بە کردەوە وازبهێنێ لە پشتیوانی کردنی پارتی و دوژمنایەتی کردنی گەلی کوردستان، چونکە ئەو سیاسەتەی کە تورکیا پەیڕەوی لێ دەکات، دوژمنایەتیەکی مەزنی بۆ خۆی لەگەڵ باشور دروست کردووە و ئیدی ئەو بەهانەیەی بەناو دیموکراتیەی لە بەرامبەر دەوڵەتانی ئەوروپا و خەونی گەیشتن بە یەکێتی ئەوروپای لەدەست داوە.

هەر لەم پەیوەندیەدا، کۆبونەوە سیاسەتی بەرەی تورکمانی وەبەر رەخنەدا کە ڕاشکاوانە بەرژەوەندی تورک کە دەوڵەتێکی داگیرکەرە دەخەنە بان بەرژەوەندیەکانی گەل و نیشتیمان و، دەیانەێ سیاسەتی پان تۆرانیزم لە کوردستان پەیڕەو بکەن و، بوونەتە بەشێک لە دەزگای سیخوڕی تورکیاو لە خۆیان زلتر دەئاخڤن و هەنگاو هەڵدەگرنەوەو نیازیانە باشوری کوردستان ببێتە (قوبرس)[٦٩] یێکی دیکەو سەرۆکی بەرەکەشیان بکەنە (رەئوف دەنکتاش)، هەر لە

[٦٩]قوبرس دورگەیەکی دەریای سپی ناوەراستە و دانیشتوانەکەی بە ڕەگەز یۆنان و تورکن. عوسمانیەکان بۆ ماوەی سێ سەدە حوکمیان کردووە. بەڵام لە ساڵی ١٨٧٨ دەسبەرداری

سۆنگەی بەرژەوەندیو برایەتی گەلی کوردستان بە پێویست زانرا کە سەنجی ئەو خۆفرۆشانە ڕابکێشێ و داوایان لێ بکرێت کە واز لە کلکایەتی و زێدەڕۆیی بهێنن ئەگینا ڕقی شۆڕشگێڕان گەورەیە و ڕۆژی حساب وەرگتنەوە نزیک دەبێت.

سەبارەت بە بەستنی (کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان[٧٠]) کۆبونەوە تەواوی ئەو هەوڵ و کۆششانەی بە گرنگ نرخاند کە لەو پێناوەدا و بەمەبەستی یەکخستنی ئیرادەی گەلی کوردستان بەڕێوەدەچن و جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە دەبێ بە هەموو شێوەیەک پشتیوانی لەو هەوڵانە بکرێت و بەتەواوی هاوکاری و هاوسەنگی لەگەڵدا بکرێت. هەروەها بە ئەرکی لایەنەکانی ناو (هاوکاری)زانی کە هەموو توانایەک بخەنە گەڕ لە پێناو بەئەنجام گەیاندنی ئەو ئەرکەی کە مێژوو دیاری دەکات و خۆی لە بەستنی کۆنگرەیەکی یەکگرتووی بەهێز و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان، بۆ بە سیاسەتی کردنی کێشەکانی گەل و وڵاتەکەمان و ناساندنی بە نێوەندە بڕیاردەرەکانی جیهانی و، دۆزینەوەی ڕێگە چارەیەک بۆ کێشەکەی دەبینێتەوە.

لە ئاست تەنگژەی ئێستای ڕژێمی عێراق لەگەڵ ئەنجومەنی ئاسایش و دەوڵەتی ئەمریکا، کۆبونەوەی (هاوکاری) نیگەرانی خۆی دیارکردووە و پێی وابوو کە دەبێ ڕژێمی عێراق پابەندی تەواوی بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایش بێ و ڕێگە لە تیمە پشکنەرەکانی چەکە کۆکوژەکانی نەگرێ وئاستەنگ نەخاتە ڕێگەیانەوە تاوەکو ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی لێ نەکەوێتەوەو لەوە زیاتر گەلی عێراق دووچاری مەینەتی و نەهامەتی نەیتەوە. هەروەها کۆبونەوە داوا دەکات کە گەمارۆی ئابوری بەیەکجاری لەسەر عێراق هەڵبگیرێ و گەل لەو قەیران و برسێتیە ڕزگاربکرێت.

---

قوبرس بوون بۆ بریتانیا. لە ساڵی ١٩٦٣ قوبرس سەربەخۆیی وەرگرت، بەڵام ململانێی ڕەگەزی لەنێوان ڕەگەزە جیاوازەکان سەریهەڵداو بە هۆیەوە کۆماری تورکیا دەستوەردانی سەربازی کردو بەشەێک لە دورگەکەی داگیرکرد و پاشان لە ساڵی ١٩٨٣ وەک دەوڵەت جیاواز لە دەوڵەتی قوبرسی خۆی ڕاگەیاند.

[٧٠] لەسەر کۆنگەرەی نەتەوەیی کوردستان، بڕوانە بەشی شازدە.

کۆبوونەوەی هاوکاری داوای لە هەرسێ لایەن کرد کە بۆ سازدانی هێزێکی پێشمەرگەی یەکگرتوو دەست بەکاربن و، زیاتر پەرە بە گەشە و هێزی کردنی ڕێکخستنە نێهنیەکانیان بدەن و، بۆ جۆشدانی بوارەکانی دیکەی خەباتی دیبلۆماسی و جەماوەری و پتەوکردنی پەیوەندی لەگەڵ هێز و لایەنە شۆڕشگێڕیەکانی کوردستان بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانیەتی شۆڕشگێڕانەی نێوان چین و توێژەکانی کۆمەڵ، تێبکۆشن. لەبەرامبەر ئەو هێزانەی کە سیاسەتی دوو ڕووی و بێ هەڵوێستی و چەواشەکاری و لە خشتەبردنی جەماوەر پەیڕەو دەکەن، کۆبونەوە بە ئەرکی (هاوکاری) دەزانێ کە لە ڕاگەیاندندا ڕووی ڕاستەقینەی ئەو هێزانە بۆ کۆمەڵانی هەراوی خەڵکی کوردستان دەربخات و پەردە لە ڕوویاندا هەڵبماڵێ.

لە کۆتایی کۆبونەوە دووپاتی کردەوە (هاوکاری) لە سەنگەری بەرەی گەل و پارێزگاری لە دەستکەوتەکانی ڕاپەڕین قایم ڕادەوەستێ و بەتوندیش سیاسەتی خیانەت و خۆفرۆشتن و کلکایەتی ڕیسوا و شەڕمەزار دەکات و، بە ئەرکی هەموو وڵاتپارێزێکی دەزانێ کە بەرگری لە سەروەری خاک و بەها پیرۆزەکانی مرۆڤایەتی و داکۆکی لە مافی چەوساوەو ڕەنجدەراندا بکات و لە دژی بازرگانی سیاسەت تێ بکۆشێت. هەروها لە پێناو گەیشت بە (کوردستانێکی سەربەخۆو گەلێکی بەختیار) کوبونەوە داوای لە ڕێبوارانی کاروانی خەباتی نەتەوایەتی و چینایەتی کرد لە لێبڕاوانە ڕیزەکانیان یەکبخەن و لە دەوری ئاڵای (هاوکاری)دا کۆببنەوە. هـــــاوکــــــاری

حزبی ڕزگاری کوردستان RPK

پلاتفۆڕمی نەتەوەی کوردستان PNK

یەکێتی نەتەوەی دیموکراتی کوردستان -سەرکردایەتی کاتی YNDK

باشوری کوردستان

سلێمانی

١٩٩٧/٢/٢

# بەڵگەنامەی ژمارە (٢٣)

## داخویان

هێز و لایەنە سیاسیە تێکۆشەرەکانی کوردستان..
کۆمەڵانی هەراوی خەڵک...
کرێکاران... زەحمەتکێشان

ماوەیەکە(بەرەی سەربەخۆی کورد!) دەنگۆیەتی کە گوایە(حزبی ڕزگاری کوردستان R.P.K) چۆنە ناو بەرەکەیانەوە.. ئێمە لەکاتێکدا ئەم هەواڵە بە درۆ دەخەینەوە، لەهەمانکاتدا بەم داخویانە ڕامانی خۆمان دیاردەکەین.

ڕۆژی ١٩٩٧/٨/٢١، چەند کەسێکی نەناسراوو بێ پێشینەی خەبات و تێکۆشان، بەناوی(بەرەی سەربەخۆیی کورد!!) هاتنە سەردانی بارەگای(م.س) و لەگەڵیان دانیشتین، کە خۆیان ناساند؛ ئەوسا کەوتنە باسکردنی مەرامەکانیان و داوایانکرد ئێمەش بەشداریان لەگەڵدا بکەین.. بەڵام چونکە ئەو نەفەرانە بۆ ئێمە نەناسراوو بێ پێشینەی خەبات و سیاسەت بوون، هەروەها توانای کارو لێکدانەوەو ڕامانیان بەرتەسک بوو، ئێمە بە زمانی تایبەت تێمانگەیاندن کە حزبی ڕزگاری کوردستان نایانناسێ و بەگومانیشەوە لێیان دەڕوانێ.. ڕاشکاوانەش پێمان گوتن کە ئامادەنین لەگەڵتاندا لەچوارچێوەی بەرنامەیەکدا کاری هاوبەش بکەین، تەنانەت بۆ پەیوەندی دۆستانەش هێشتا زۆری دەوێ.

ئەو وڵامە ڕاستەی ئێمە، بۆ ئەوان چاوەڕوان نەکراوبوو، بۆیە لەڕوانگەی کۆڵەواری سیاسیانەوە بەدوای دەرفەتدا دەگەڕان تا ژەهری ناحەزی خۆیان بە حزبدا برێژن... ئەوەبوو کەوتنە دنەی ئەو دوو کەسەی کە ماوەیەکە لەحزب دابڕاون و لاملن، خۆشیان باشیان دەناسن و لەلای ئێمە درێغیان نەکرد لەداشکاندنیان، دوای وایان بڵاوکردەوە کە(حزبی ڕزگاری کوردستان)یش چۆتە ناو بازنە چەق بەستەکیانەوە. ئێمە ئەوکات بە پێویستمان نەزانی وەڵامیان بدەینەوە، چونکە وەک گوتراوە(وڵام بۆ نادان بێ دەنگیە)... دواتر بانگی (کاک عبدالکریم کەرکوکی) کارگێڕی یەکەمی (بەرەی سەربەخۆی کورد!!)مان کردووەو ڕای خۆمانمان وەبیرهێنایەوە، ئەویش وای پیشاندا کە

ئاگای لەمەسەلەکە نەبووەو ئەو کات لە(کۆیە) بووە. هەروەها بەڵێنی دا کەچارەی بکات، کەچی لەم ڕۆژانەدا جارێکی دیکە ناوی(حزبی ڕزگاری کوردستان)یان لەمیانەی بەژداربوونی بەرەکەیان دووپات کرایەوە، بۆیە بە پێوستی دەزانین کە بۆ هەموو لایەک خۆیای بکەین کە حزبمان (حزبی ڕزگاری کوردستان) هەرگیز لەو بەرەیەدا!! بەژدار نیەو لەداهاتوشدا ئامادەنیە بەشداریان لەگەدا بکات.

نەفرەت لەدوو ڕوویی و ڕاگەیاندی چەواشەکاری

سەرکەوێ خەبات لەپێناو کوردستانێکی سەربەخۆ و گەلێکی بەختیار

مەکتەبی سیاسی

حزبی ڕزگاریی کوردستان

سلێمانی

١٩٩٧/١٠/٣

## بەڵگەنامەی ژمارە (٢٤)
## شاڵاوی دەرکردنی هاووڵاتیان ڕاگرن !

لەگەڵ دەسپێکی گەڕی ئەم جاری شەڕی خۆبەخۆ، پارتی دیموکراتی کوردستان PDK پەنای بردۆتە بەر شاڵاوێکی بەرفراوانی دەرکردنی خۆوڵاتیان لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی. تا ئێستا هەزاران کەس بە بیانووی لانگری بۆ ئەو هێزانەی کە لەسەنگەری بەرەی گەلدان، لە ماڵ و زێدی خۆیان هەڵکەندراون و ڕەوانەی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی (ی.ن.ک) کراون. ئەم شاڵاوەی پارتی جگە لەوەی کە تەواوی داب و نەریتەکانی کوردەواری و نیشتیمانی و مرۆڤایەتی تێپەڕکردووە، پێشێلکاریەکی ئاشکرای یاسای شارستانی و مافەکانی مرۆڤیشە.

ئێمە لە کاتێکدا بە توندی ئەو سیاسەتەی پارتی مەحکوم و ڕیسوا دەکەین و بە لاوازی کەم توانایی لێکی دەدەینەوە، هەروەها پێمان وایە لەبەردەم ڕای گشتی جیهانی و کۆڕ و کۆمەڵە نێودەوڵەتیەکان ڕەوایەتی کێشەی گەل و نیشتیمانەکەمان لەکەدار و زەرەرمەند دەبێت، لە هەمانکاتدا داوا لە ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکەیت کە گوشار بخەنە سەر پارتی و ناچاری بکەن کە واز لەو سیاسەتە نامرۆڤانەی خۆی بهێنێ.

ئەو سیاسەتەی کە ئەمڕۆ PDK پەیڕەوی لێ دەکات، لە مێژووی دور و نزیکی مرۆڤایەتیدا بێ وێنەیە، چونکە ڕووی نەداوە کە دەسەڵاتدارێک ئاوا لەم شێوەیە خۆوڵاتی و هاوخوێنی خۆی دەرەبەدەرو پەڕاگەندە بکات، سەرانی بارزانی گوایە خۆیان بە سەرۆک و ڕابەری!! میللەتی کورد دەزانن کەچی بێ شەرمانە ژن و منداڵ لە زێدو ماڵی خۆیان دەردەکەن و لاوەکانیان ڕاپێچی زیندان دەکەن، و دەست بەسەر سەروەت و سامانیان دەگرن. بەڵام بێگومان بە ئەنجامدانی ئەم شاڵاوە، خۆیان زیاتر شەرمەزاری مرۆڤایەتی و مێژووی گەلەکەمان دەکەن و بەم تاوانەشیان خەرمانی خیانەتی نەتەوایەتی و نیشتیمانی زۆرتر دەکەن، هەروا بەم سیاسەتەیان سەلماندیان کە باکیان بە کورد و کوردستان نیە و بەتەواوی کەوتونەتە سەنگەری دژ بە گەل و نیشتیمان.

لەم پێوەندیەدا، کوردانە بانگی سەرانی پارتی دەکەین کە بە خۆیاندا بچنەوە و ئاوڕێک لە ڕابردووی خۆیان بدەنەوە و بزانن چی تاوان و کردەوەیەک دژ بە گەلە ستەمدیدەکەمان ئەنجام دەدەن. هەروەها دڵسۆزانە داواکارین دەست بەجێ ئەم شاڵاوە ڕاگرن و چیتر بە بیانووی جۆراوجۆر خۆوڵاتیان لەسەر ماڵ و کاشانی خۆیان تەریوە نەکەن، چونکە ئەو گەلەی کە لە بەهاری ١٩٩١ دا، بە ڕووی زوڵم و ستەم ڕاپەڕی و دەسەڵاتی داگیرکەری ڕامالّی و بواریشی بۆ ئەوانە ڕەخساند کە ئاوارەی کۆتا بکەن و بگەڕێنەوە وڵات، شیاوی ئەوەن کە خزمەتیان بکرێت و پاداشتی چاکەیان بدرێتەوە، نەک بەم شێوەیە دەرەبەدەر بکرێن و بەرهەمی ڕەنجی چەند ساڵەیان لێ زەوت بکرێت.

حزبی ڕزگاری کوردستان RPK

پلاتفۆڕمی نەتەوەی کوردستان PNK[٧١]

یەکێتی نەتەوەی دیموکراتی کوردستان -سەرکردایەتی کاتی YNDK

باشوری کوردستان -سلێمانی

١٩٩٧/١٠/٢٧

[٧١] ئەم حزبە لە ١ی ئازاری ١٩٩٧ دامەزراوە. بۆ زانیاری زیارت لەسەر دامەزاندنی ئەم حزبەو شێوەی کاردنی، بڕوانەک بەڵگەنامەی ژمارە (٣٠)ڕوونکردنەوەیەک لە (کۆمسیۆنی ناوەندی)((پلاتفۆڕمی نەتەوەی کوردستان P.N.K))،

# بەڵگەنامەی ژمارە (٢٥)

## ڕاگەیاندراوی کۆبونەوەی ئاسایی

## ناوەندی سەرکردایەتی پارتی کاری سەربەخۆی کوردستان

لەڕۆژانی(١٢-١٣)ی شوباتی ١٩٩٨دا، ناوەندی سەرکردایەتی پارتی کاری سەربەخۆی کوردستان، کۆبونەوەی ئاسای خۆی بە دەقیقەیەک وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدانی پارتمان و سەرجەم شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کوردستان، دەستی پێکرد.

سەرەتا هاوڕێ ابو حکمت سکرتێری پارتمان ئاماژەی بە گرنگی کۆبونەوەکە کرد، بە تایبەت لەڕۆژگاری ئەمڕۆدا، بە ئامانجی تاوتوێکردنی خاڵەکانی کۆبونەوەکە بۆ گەیشتن بەو دەرئەنجامەی کە خزمەت بە ڕەوتی بەرەو پێش بردنی ڕۆڵی پارتمان و پڕۆسەی ئاشتی بکات.

ئینجا ڕاپۆرتی سیاسی خرایە بەر باس و لێکۆڵینەوەیەکی ورد کە تێیدا ئاماژە بە ڕەوشی ئەمڕۆی کوردستان، دوای چوارەمین جەولەی شەڕ کرا، کە دەرهاویشتەکانی ئەم جەولەیە تێخوێندنەیەکی تازەی لەلایەن هەردوولای پێکناکۆکەوە گەڵاڵەکرد، کە بووە هۆی ئەوەی کەش و هەوایەکی ئەوتۆ بێتە ئارا کە ڕەوشی کوردستان بەو ئاراستەیە بڕوات کە سەرکردایەتی هەردوولا(یەکێتی و پارتی) نامە و پڕۆژەنامەی ئاشتی ئاڵوگۆڕ بکەن، بەمەش سەرەتایەکی باش ڕەخسا بۆ ئەوەی لەڕۆژی ١٩٩٨/٢/١٢ لەشارۆچکەی شەقڵاوەدا وەفدی مەکتەبی سیاسی هەردوولا بە ئامادەبوونی بەڕێز عەزیز محەمەد، کۆبونەوەیەکی هاوبەش ساز بکەن و لەسەر چەند خاڵێک ڕێک بکەون.

هەروا لەڕاپۆرتەکەدا، سەرەڕای بە هەند هەڵسەنگاندنی ئەم هەنگاوانە کە بەرەو ئاشتی هەڵدەهێنرێن، ئاماژە بەوە کرا کە پێویستە هەردولای پەیوەندیدار بە پڕۆسەی ئاشتی زۆر بە وریای و جدیەوە، دور لەبەرژەوەندی تەسکی حیزبایەتی و بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی باڵای نیشتیمانی مامەڵە لەگەڵ ئەم پڕۆسەیەدا بکەن. هەروا وریاییەکی زۆر بنوێنن بەرامبەر ناحەزانی ئاشتی، چ لەنێوان خۆیاندا، یان ئەو لایەنانەی کە ئاشتی لەبەرژەوەندیاندا نیە،

به تایبەت دەوڵەتانی دەوروبەر کە جۆرەها نەخشە و پیلان ساز دەکەن بۆ سەرنەکەوتنی ئەم پرۆسەیە، ئاشکراشە کە لەدوای چوار ساڵ شەڕ، ئەم پرۆسەیە بەبێ گرفت ڕێ ناکات، ئەگەر چەند خاڵێکی (خیلاف)یش لەبۆچونی هەردوولادا هەبێت، بێگومان هەر بە گفتوگۆ و بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی گشتی کوردستان بە دوقۆڵی، یان بە هاوکاری هەموو لایەک، چارەسەریان بۆ بدۆزینەوە.

لەڕاپۆرتەکەدا ئاماژە بەوە کرا، کە سەرخستنی پرۆسەی ئاشتی نەک تەنها بە سود و قازانجی گەلەکەمان لەباشور تەواو دەبێت، بەڵکو سەرکەوتنێکیشە بۆ تەواوی بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان لەسەرتاسەری کوردستان، بۆیە پێویستە کە (P.K.K)یش هۆکاری ئیجابی بێت بۆ سەرخستنی ئەم پرۆسەیە، بۆ بەرقەرارکردنی ئاشتیەکی هەمیشەی و سەرتاسەری لەکوردستاندا، بە ئامانجی پۆچەڵکردنەوەی نەخشەو پیلانی داگیرکەران.

هەروا لەڕاپۆرتەکەدا باس لەچەپی کوردستان کرا کە لەڕەوشی ئەمڕۆی کوردستاندا لەپەرش و بڵاوییەکی هەستپێکراودایە و نەیتوانیوە ڕیزەکانی خۆی ڕێکبخات و ڕۆڵی مێژووی خۆی ببینێ، بۆیە پێویستە بەخۆیدا بچێتەوە و لەم بارە نالەبارەدا دەرباز بێت و واز لەمەسەلەزاتیەکان بهێندرێ و ڕیزەکانی خۆی ڕێکبخات، پارتمانیش بەوپەڕی هەست کردن بە بەرپرسیارێتی، هەموو هەوڵ و توانای خۆی دەخاتە گەڕ و دەستخۆشیش لەهەر هەوڵێکی دڵسۆزانە دەکات کە لەم ڕەوتەدا سەرچاوە بگرێ.

هەروا لەڕاپۆرتەکەدا باس لەکۆچڕەوی ئەم دواییەدا کرا، کە لەکوردستان خەڵکانێکی زۆر بە تایبەت لاوان ڕوویان لەهاندەران کرد و بووە هۆی ئەوەی جارێکی دیکە دۆزی گەلی کوردستان لەئاستی جیهاندا بوروژێنێ، کە بێگومان سەبارەت بە باشوری کوردستان ئەم کۆچڕەوە بەر لەهەموو شتێک دەرئەنجامی ئەو شەڕە نەگریسەیە کە بۆ چوار ساڵ دەچێت یەخەگیری گەلەکەمان بۆتەوە، سەرەڕای خراپی ژیان و گوزەران و تەشەنەکردنی دیاردەی بێکاری، کە هۆی سەرەکی ئەم کۆچکردنەن. بۆیە بەرقەرارکردنی ئاشتی و چاککردنی ژیان و گوزەرانی جەماوەر و نەهێشتنی دیاردەی بێکاری

و چەسپاندنی ئەمن و ئاسایش، باشترین چارەیە بۆ ڕێگەگرتن لەبەردەم دیاردەی کۆچ کردن.

هەوا لەڕاپۆرتەکەدا باس لەو تەنگژە توندو قوڵەی نێوان ڕژێمی عێراق و نەتەوەیەکگرتووەکان، بەتایبەت ئەمریکا کرا، کە پێویست دەکات ئەم تەنگژەیە بە ڕێگای ئاشتی و دیبلۆماسیانە و لەژێر چەتری UNدا چارەسەر بکرێت، نەک بەڕێگای زەبر وەشاندنەوە کە بێگومان لەم کردەوەیەدا تەنها گەلانی عێراق تێیدا زەرەرمەند دەبن، بۆیە پێویستە ڕژێمی عێراقیش لەم بارەیەوە پابەندی بڕیارەکانی UN بێت و لەکاتێکدا ڕای گشتی نێودەوڵەتی لەگەڵ ئەوەدایە عێراق پابەندی جێبەجێکردنی هەموو بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایش بێت، بەمەش گەلانی عێراق لەهێرشی سەربازی دووردەخێتەوەو زەمینەش خۆش دەکات بۆ لابردنی ئابلۆقەی ئابوری کە حەوت ساڵە گەلانی عێراق لەژێر باریدا دەناڵێنن و بوەتە هۆی برسیەتی و چەرمەسەری و سەرهەڵدانی دەیان دیاردەی دزێوی کۆمەڵایەتی.

دوابەدوای ئەوە کۆبونەوەکە تاوتوی ڕاپۆرتەکانی ڕێکخستن و پەیوەندییە نیشتیمانیەکان و ڕاگەیاندنی کردو لایەنە ئیجابیەکان هەڵسەنگێندران و لایەنە سەلبیەکانیش قامکیان خرایە سەرو ڕەخنەیان لێگراو چەندین ڕێنمای و بڕیاریش وەرگیران بەمەبەستی زیاتر گەشەپێدان بەو بوارانە کە بە گشتگیری بتوانن ڕەنگدانەوەی سیاسەتی گشتی پارتمان بن و ڕۆڵی خۆیان لەپاراستی ئەزموونەکەمان بنوێنن.

لەکۆتایشدا بڕیاردرا بە ناوی کۆبونەوەکە نامەیەک ئاراستەی هەردوو مەکتەبی سیاسی (پارتی و یەکێتی) بکرێت، بەبۆنەی بەستنی یەکەم کۆبوونەوەی هاوبەش لەشارۆچکەی شەقڵاوەدا، بەو هیوایەی ئەم کۆبونەوەیە هەنگاوێکی بە کردەوە بێت بۆ سەرخستنی پرۆسەی ئاشتی لەکوردستاندا.

کۆبونەوەی ئاسایی

ناوەندی سەرکردایەتی

پارتی کاری سەربەخۆی کوردستان

کوردستان - هەولێر

١٢ - ١٩٩٨/٢/١٤

## بەلگەنامەی ژمارە (٢٦)

## ڕاگەیاندن

سەر لەبەیانی ڕۆژی ٢٠ی شوباتی ١٩٩٨ سەرکردایەتی بزوتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان کۆبونەوەیەکی نائاسای گرێدا بە مەبەستی لێکۆڵینەوە لەتەنگژەی نێوان عێراق و نەتەوە یەکگرتوەکان و دوایین پڕۆسەی ئاشتی لەکوردستاندا و ئاکامەکانی.

کۆبونەوەکە لەمەڕ ئەم قەیرانە کە بۆ چەندەمین جار و ناوبەناو سەرهەڵدەدات و بەم دواییە گەیشتۆتە لوتکەی یەکلاکردنەوە، بزوتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان ڕێگەچارەی دیبلۆماتی بە چارەسەری گونجاو دەزانێت و پێی وایە بەکارهێنانی هێز کێشەکان ئالۆزتر دەکات و زەمینە بۆ دەستێوەردانی بیانی بۆ ناو خاکی کوردستان خۆش دەکات، هەر بۆیە کۆبونەوەکە جەختی لەسەر هەرچی زیاتری نزیکبوونەوەی نێوان هەموو لایەنە سیاسیەکانی سەر گۆڕەپانی کوردستان کرد بە مەبەستی خۆ ئامادەکرد بۆ هەر گۆڕانکاریەکی کتوپڕ کە دبێتە ئاراوە.

هەروەها کۆبونەوەکە هەڵوەستەیەکی بەرپرسیارانەی کرد سەبارەت بە دانوستانی نێوان هەردوو حیزبی دۆستمان و پشتیوانی خۆی بۆ پڕۆسەی ئاشتی دووپات کردەوەو داوا لەهەردوولاش دەکات کە هەرچی زووترە هەنگاوی بەرپرسانەتر بهاوێژن بۆ کۆتای هێنان بە مۆتەکەی شەڕو بنیڕکردنی سەرجەم کێشەکان و بەرجەستەکردنی ئاشتیەکی هەمیشەی کە تاکە ڕێگا چارەیە بۆ توندوتۆڵکردنی ڕیزەکانی گەلی کوردستان و خۆ ئامادەکرن بۆ پاراستنی ئەزمونی دیموکراتی لەکوردستاندا تا ببێتە پێگەیەکی بەهێز لەپێناو بنیاتنانی عێراقی دیموکراتی فیدڕاڵی.

سەرکردایەتی

بزوتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان

## بەڵگەنامەی ژمارە (٢٧)
## ڕاگەیاندنی کۆتایی کۆبونەوەی کۆمیسیۆنی ناوەندی
## پلاتفۆرمی نەتەوەی کوردستان[٧٢]

دوانیوەڕۆی ڕۆژی هەینی بەرواری ١٩٩٨/٣/٦ کۆمیسیۆنی ناوەندی پلاتفۆڕمی نەتەوەی کوردستان کۆبونەوەیەکی نا ئاسایی بەست. سەرەتا کۆبونەوە بە خولەکێک بێ دەنگی بۆ ڕێزلێنان لە گیانی پاکی شەهیدانی ڕاپەرینی ئازاری ١٩٩١ی گەلەکەمان و تێکڕای شەهیدانی بزاڤی ڕزگاریخوازی نیشتیمانی و نەتەوەکەمان دەستی پێکرد. دواتر کارو چالاکی مانگی ڕابڕدووی کۆمیسۆن خرایە بەر باس و لێکۆڵینەوە. هەروەها جەخت لەسەر چالاکردنی ناوەندە جیاجیاکان و کۆمیسۆنەکانی ئامادەکاری کۆنفرانس و کۆنگرە کرایەوە. نەخشەی بەجێ بۆ کارەکانی ئەم مانگە پەسەند کرا کە مانگێکی پڕ لە یادو بۆنەی مێژووی و نیشتیمانی نەتەوەکەمانە. پاشان چەند کارێکی تایبەتی ناوخۆی P.N.Kی تاوتوێ کردو جەخت لەسەر ئەوە کرایەوە کە هەر کێشەیەک ڕوودات دەبێت بە زمانی عەقڵ و ڕێگە چارەی عەمەلیانەی شیاو چارەسەر بکرێت.

شایانی باسە کۆبونەوە تەئکیدی لەسەر پاراستن و گەشەپێدانی پرۆسەی (هاوکاری) کردەوە و بە دەستکەوتێکی مەزنی واقعی ئەمڕۆی نیستیمانەکەمانی زانی. هەر لەم مەیدانەدا ڕێزی تەواو لە دەستکەوتەکانی ڕاپەرین و خوێنی شەهیدە سەروەرەکان گیرا کە ئەمڕۆ خۆی لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا دەبینێتەوە، بۆیە بەوپەڕی هەست کردن بە مەسئولیەتی شۆڕشگێڕانەوە پەیوەست بوون بە یاساو ڕێساکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە جەختی لەسەر کرا.

---

[٧٢] ئەم حزبە ڕەوتێکی نەتەوەییە لە ١ی ئازاری ١٩٩٧ لە هەولێر دامەزراوە. دواتر لەگەڵ (حزبی ڕزگاری کوردستان) و (یەکیەتی نەتەوەی دیموکراتی کوردستان) (پرۆسەی هاوکاری) پێکهێنا.

کۆبونەوە ئاشتیەکی ڕاستەقینە و سەرتاسەری بەزەروریەتێکی حەیاتی و بنچینەیی زانی بۆ پێکەوە ژیانی ئاسوودەیی و شەڕەفمەندانە، بۆیە P.N.K ئامادەیی تەواوی خۆی دەردەبڕێت بۆ هەر ئەرکێک بکەوێتە ئەستۆی لە پێناوی زەمینە خۆشکردن لەبەدەم پڕۆسەی ئاشتی و بەرەقەرارکردنی لە کوردستاندا. دواتر کۆبوونەوە هاتە سەر تاوتوێکردنی ڕەوشی ناوخۆی کوردستان و ئەقلیم و جیهان، بەتایبەت ئێستا کە ناوچەکە لە ئەگەری گۆڕانکاری بە دووری نیە، بۆیە بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان بەتایبەت لە باشوری کوردستاندا پێویستیەکی حەتمی بە یەکێتی گوتەو کردار هەیە، لە پێناو پاراستنی دەستکەوتەکان و بەدەستهێنانی دەستکەوتی زیاتر لە هەرگۆڕانکاریەکدا کە لە ناوچەکەدا ڕووبدات.

شایانی باسە بە ڕێزگرتن و پشتیوانی لە تێکڕای بزافە ڕزگاریخوازەکانی کوردستان کۆبونەوە دوای (دوو کاتژمێر) بەسەرکەوتووی کۆتای بەکارەکانی خۆی هێنا.

کۆمیسۆنی ناوەندی

پلاتفۆڕمی نەتەوەی کوردستان

١٩٩٨/٣/٦

## بەڵگەنامەی ژمارە (٢٨)

## ڕاگەیاندنی چوارهەمین کۆنفرانسی ناوەندی سلێمانی و کەرکوکی پارتی کاری سەربەخۆی کوردستان

بەمەبەستی خۆ ئامادەکردن بۆ بەستنی کۆنگرەی سێهەمی پارتمان P.K.S.K و هەرچی زیاترە بەگوڕکردنی هێزو تواناکان و هەڵسەنگاندنی کارو چالاکی ڕابردومان و داڕشتنی بەرنامەی ئایندەمان، بە ئامادەبوونی هاوڕێیانی بیرۆی سیاسی و ناوەندی سەرکردایەتی پارتمان، لەبەرواری ١٩٩٨/٨/٢٣دا لەژێر دروشمی (لەپێناو پتەوکردن و فراوانکردنی ڕێکخستنەکانی پارتمان) ناوەندی سلێمانی و کەرکوک چوارهەمین کۆنفرانسی خۆی بەست، سەرەتای کۆنفرانس سەرجەم هاوڕێیان بۆ ڕێزلێنان لەگیانی پاکی شەهیدانی پارتمان و سەرجەم شەهیدانی ڕێگای سەرفرازی گەل و نیشتیمان کۆنفرانسەکە دوای خولەکێک بێدەنگی ڕاوەستان دەستی بە کارەکانی خۆی کرد.

پاش دیاریکردنی دەستەی بەڕێوەبردنی کارەکانی کۆنفرانس ڕاپۆرتی متمانە خوێندرایەوە لەپاشاندا ڕاپۆرتەکانی ئامادەکراو (سیاسی- ڕێکخستن- ڕاگەیاندن- پەیوەندیەکان- دارایی- کاری جەماوەری) خرانە بەر باس و گفتوگۆو لەکەش و هەوایەکی دیموکراسیانە ئاڵوگۆڕی بیرو ڕاکان کراو ڕاپۆرتەکان دەوڵەمەند کران و بڕیاری لەسەر درا.

لەکۆتایدا لەدوو پرۆسەی جیاوازی دیموکراسیدا ئەندامانی نوێی ناوەندی سلێمانی و کەرکوک و نوێنەران بۆ کۆنگرەی سێیەمی پارتمان بە دەنگدانی نهێنی هەڵبژێردران. دوای تەواو بوونی سەرجەم کارەکانی کۆنفرانس هاوڕێیان بە گیانی شۆڕشگێڕانە سوربونی خۆیان بۆ پتەوکردنی ڕیزەکانی ڕێکخستنمان و برەودان بە خەبات لەپێناو وەدیهێنانی ئامانجە چینایەتییە نیشتیمانیەکان دووپات کردەوە.

ناوەندیسلێمانی و کەرکوک

پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان

١٩٩٨/٨/٢٣

## بەلگەنامەی ژمارە (٢٩)
## ڕاگەیاندنی کۆتای کۆنگرەی یەکەمی
## بزوتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان

لەژێر دروشمی (لەپێناو جێبەجێکردنی ئاشتی و دیموکراتی و یەکسانی کۆمەلایەتی و چەسپاندی فیدڕالیزم بۆ کوردستان لەعێراقێکی دیموکراتی فرە حیزبیدا)

مایەی خۆشحالێمانە کۆتای هاتنی کۆنگرەی یەکەمی بزوتنەوەکەمان بە سەرکەوتووی بە خەلکی بەشەڕفی کوردستان و سەرجەم حیزب و ڕێکخراوو لایەنە سیاسیەکانی کوردستان و کەسایەتیە نیشتیمان پەروەرەکان و ئەندام و دۆست و لایەنگرانی بزوتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان ڕابگەیەنین لەڕۆژانی ٢٣ و ١٩٩٨/٨/٢٤ ئەنجامدرا، لەژێر ئەو دروشمەی سەرەوە.

لەیەکەم دانیشتنی کۆنگرەدا ئاهەنگی کردنەوەی کۆنگرەمان بە بەشداری میوانە بەڕێزەکان دەستی پێکرد کە تێیدا نوێنەری بەڕێز کاک مەسعود بەرزانی و نوێنەری زۆربەی حیزب و لایەنە سیاسیە دۆستەکان و نوێنەری دەزگاحوکمی و ئیداریەکان و پێشەوایانی ئاینی بەژدار بوون، سەرەتا کۆنگرە بە چەند ئایەتێک لەقورئانی پیرۆز و دەقیقەیەک ڕاوەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان و وتاری کردنەوەی کۆنگرە دەستی پێکرد. دوا بەدوای ئەو وتارە بروسکەی پیرۆزبای حیزب و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان و عێراق خوێندرانەوە و پاشان ئاهەنگی هونەری بە شادی میوانە بەڕێزەکان دەستی پێکرد، سەرەتا بە سرودە نیشتیمانیەکان و لەکۆتایدا ئاهەنگی بە جۆشی گۆرانی و هەلپەڕکێ بۆ ڕازانەوەی کۆنگرە پێشکەشکردا.

سەرلەبەیانی ڕۆژی دوای بە بەشداری ٧١ ئەندام کە نوێنەرەی ڕێکخستنەکانی بزوتنەوە بوون لەشار و شارۆچکە و ناوچەکانی کوردستان دانیشتنی دووەمی کۆنگرە ئەنجامدرا، سەرەتا ڕاپۆرتی متمانەی کۆنگرەمان خوێندرایەوە و بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا و شەرعیەت درایە کۆنگرە. پاشان ڕاپۆرتی سیاسی کە بۆ کۆنگرەی یەکەم ئامادەکرابوو خوێندرایەوە و دوای لێدوان هەلسەنگاندن و دەولەمەندکردنی لەلایەن کۆنگرەوە پەسەند کرا.

شایانی باسە ڕاپۆرتی سیاسی باسی کێشە سیاسیەکانی ناوخۆو ناوچەکەو چارەسەری کێشە ناوخۆییەکان و ئەرکەکانی بزوتنەوە و لایەنە سیاسیەکانی ناو بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کوردستان و ڕۆڵ و ئەرکی حیزب و ڕێکخراوە چەپەکانی ئەمڕۆ بەپێی هەلومەرجی قۆناغەکە گرتبوە خۆو تێیدا پشتگیری خۆی بۆ ئاشتی و چارەسەری سەرجەم کێشەکان و سیستەمی فیدڕاڵی بۆ ئەم قۆناغە دووپات کردەوە بە دەستنیشانکردن و وردکردنەوەی بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری لەهەموو ئاستەکان.. بە شێوەیەکی گشتی ڕاپۆرتی سیاسی لە (ئاشتی و دیموکراتی و یەکسانی کۆمەڵایەتی)یەوە سەرچاوەی گرتبوو، لەلایەن ئەندامانی کۆنگرەوە بە تێکڕای دەنگ پەسەندکرا. هەر دوای ئەوە ڕاپۆرتی پەیوەندیەکان و ڕاگەیاندن و دارای خوێندرانەوە و دوای تێبینیەکانی ئەندامانی کۆنگرە بە زۆرینەی دەنگ پەسەندکرا.

دوابەدوای ئەوە پەیڕەوی ناوخۆ و ئەرکەکان و پڕۆگرامی بزوتنەوە تاوتوێ کرا و بە وردی باس لەیەکە بە یەکەی بڕگەو خاڵەکان کراو دوای گۆڕانکاری و دەوڵەمەندکردنی بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا.

دوای نیوەڕۆی هەمان ڕۆژ لەسێیەم دانیشتنی کۆنگرەدا پرۆسەی هەڵبژاردنێکی ئازاد بە گیانێکی دیموکراسییانە ئەنجام درا، لەئەنجامدا لەکۆی ١٧ پاڵێوراو(١٠) ئەندام بۆ سەرکردایەتی نوێ هەڵبژێردرا و کۆنگرە متمانەی تەواوی خۆی پێ بەخشین و ئەرکەکانی تەواو بوو.

هەر لەئێوارەی هەمان ڕۆژدا سەرکردایەتی یەکەم کۆبونەوەی خۆی ئەنجامدا و تێیدا سکرتێرو مەکتەبی سیاسی بزوتنەوەی هەڵبژارد، شایانی باسە هاوڕێ مام خدر لەبەر بێ هاوتای بە دەنگدانی ئاشکرا هەڵبژێردرایەوە و متمانەی پێ بەخشرا.

شایانی باسە کۆنگرەی یەکەمی بزوتنەوەکەمان بەرهەمی ماندووبونی سەرجەم ئەندام و کادیرانی تێکۆشەڕ و دڵسۆزی بزوتنەوەکەیە.

لەکاتێکدا سەرکەوتنی کۆنگرە بە تەبای و خۆشحاڵیەوە ڕادەگەیەنین، پیرۆزبای لەهەموو ئەندامان و دۆستانی بزوتنەوەکەمان دەکەین و بە

ئومێدێکی زۆرەوە دەڕوانیە پتەوبوونی پەیوەندی دۆستانەمان لەگەڵ هەموو پارت و ڕێکخراوە سیاسییە تێکۆشەڕ و نیشتیمان پەروەرەکانی کوردستان.
بژی ئاشتی و دیموکراتی.. بەرەو یەکسانی کۆمەڵایەتی

سەرکردایەتی بزوتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان
١٩٩٨/٨/٢٥

## بەڵگەنامەی ژمارە (٣٠)
## ڕوونکردنەوەیەک لە (کۆمسیۆنی ناوەندی)
## ((پلاتفۆڕمی نەتەوەی کوردستان P.N.K))

جەماوەیی بەرێزی کوردستان و ڕای گشتی...

سڵاوی گەرمی تێکۆشان..

لەم ماوەیەی ڕابردوودا سەبارەت بە ((پلاتفۆڕمی نەتەوەیی کوردستان P.N.K)) دوو ڕاگەیانراوی چەواشە بڵاوبووتەوە. یەکەمیان بە ناوی (کۆمسیۆنی سەرپەرشتی P.N.K) لە ١٦ی ئەیلولی ١٩٩٨ کە گوایە (P.N.K) دوای گفتوگۆیەکی ناوخۆی زۆربەی کادیرانی بڕیاریداوە لەسەنگەری (بزوتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان)دا خەبات بکەن!. دووەمیان لە ١٥ی ئەیلولی ١٩٩٨ بەناوی (زۆربەی کادیرانی باڵای P.N.K) کە گوایە لەگەڵ (کۆمەڵەی نەتەوەیی کورد) یەکی گرتووە! ئێمە لە (کۆمسیۆنی ناوەندی P.N.K) سەرەڕای بە درۆخستنەوەی هەردوو ڕاگەیاندنەکە بە پێویستمان زانی بەم ڕوونکردنەوەیە ڕاستیەکان بۆ هەموو لایەک ئاشکرا بکەین. ((P.N.K)) دوای ئەوەی لە ١ی ئازاری ١٩٩٧ بە ڕاگەیاندراوێکی بانگەشەیدا پێکهاتنی خۆی ڕاگەیاند بەمەبەستی کۆبوونەوەی هەرچی زیاتری پەلەی شۆڕشگێڕو کەسایەتیە ڕۆشنبیرو نەتەوەییە ڕادیکاڵەکان. کە لە سایەی دایلۆک و لێک تێگەیشتنی ژیرانە یەکگرتنێکی ئارەزوومەندانەو دیموکراسیانە درووست بکەین. ئەوەبوو لە پلینیۆمی یەکەمی P.N.K دا کۆمەڵێ بڕیار پەسەندکران و پەیڕەو پرۆگرامێک داڕێژرا وە بە شێوەیەکی دیموکراسیانە کۆمەڵێ لە هەڤاڵانی هەڵسوڕا و بۆ (کۆمسیۆنی ناوەندی) هەڵبژێردران وە بڕیار درا تا بەستنی کۆنگرە کار بەم پەیڕەو و پرۆگرامە بکرێت. وە لە پرۆگرامەکەدا ئەوە هاتووە کە پێویستە P.N.K لە ماوەی یەکساڵدا کۆنگرەی یەکەمی خۆی ببەستێ و ببێتە (پارت) یان (ڕێکخراو) وە لە پەیڕەو و پرۆگرامەکەدا هاتووە، کە هەر شێوە یەکگرتن و بڕیاردانێکی چارەنووسساز لە دەسەڵاتی کۆنگرەدایە.

له هەلومەرجێکدا پێکهێنانی خۆی ڕاگەیاند کە کوردستان لە (P.N.K) بارودۆخێکی دژوار و تێک چڕژاودا بوو. لەم بارودۆخەدا تێکۆشەرانی (P.N.K) بە گیانی بەرپرسانە بەرامبەر گەل و نیشتیمان لە خۆبوردوانە بۆ بەدی هێنانی ئاشتی و ئازادی وە هەروەها پێشاندانی هەلۆیستی شۆڕشگێڕانە لە بەرامبەر ڕووداوەکان شان بەشانی هێزە شۆڕشگێڕەکان کەوتە خەبات. وە لەگەڵ دوو لایەنی شۆڕشگێڕ (حزبی ڕزگاری کوردستان) و (یەکیەتی نەتەوەی دیموکراتی کوردستان) سەرکردایەتی کاتی (پرۆسەی هاوکاری) پێکهێنا. لە ماوەی یەکساڵی خەباتی (P.N.K) دا زۆربەی بڕیارەکانی پلینۆمی یەکەم جێبەجێ کران هەر لە ماوەی ئەم ساڵەدا پلینۆمی دووەمیش بەسترا کە تێیدا هەموو کارو چالاکیەکانی ماوەی ڕابردوو هەڵسەنگێنراو نوێنەرانی کۆنگرە دەستنیشان کران کە بە شێوازێکی دیموکراسیانە لەناو ڕێکخستنەکان هەڵبژێردابوون. پلینۆمی دووەم بڕیاریدا مانگی نەورۆز ١٩٩٨ کۆنگرە ببەسرێت وە لەم ڕووەوە تەواوی ئامادەکاریەکانی ڕێکخران وە لەم ڕووەوە حکومەتی هەرێمی کوردستانیش ئاگادارکرا.. بەڵام مخابن لەم هەلومەرجە ناسکەدا بە پێچەوانەی بەرژەوەندی گەل و نیشتیمان (P.N.K) لە چەند لایەکەوە خرایە ژێر گوشارو ئەوە بوو شیرازەی کارەکان و شێوەو جۆری خەبات گۆڕانی بەسەردا هات. لەم هەلومەرجەدا سێ تا چوار لە ئەندامانی ڕێکخراوی ناو شاری سلێمانی، کە نەئەندامی هیچ کام لە پلینۆمەکان بوون وە نەبۆ نوێنەرایەتی کۆنگرە هەڵبژێردربوون وە نە لە هیچ دەزگایەکی حزبی دا بەرپرسیاریان هەبوو، زۆر نەفس نزمانە بەدەر لە هەموو ڕەوشت و بەهایەکی سیاسی و شۆڕشگێڕی خۆیان لە ڕێکخراوەکانی ناو شاری سلێمانی دزیەوە و دەستیان گرت بەسەر بارەگای شاری سلێمانیداو بە پێچەوانەی پەیڕەو و پڕۆگرامی (P.N.K) ماوەیەک تەراتێنی سەربەخۆیان کرد وە لەم ماوەیەی ڕابردوودا دوای تەواوبوونی سەوداو بازاڕی خیانەتیان توشی خول خواردنەوە بوون سەرئەنجام لەسەر فرۆشتنی مومتەلەکاتی ناو بارەگاکە بووەتە موشت و مڕیان و بوونەتە دوو دەستەوەو هەر دەستەیەکیان چوونەتە ناو ڕێکخراوێک لەو دوو ڕێکخراوەی کە لەسەروە باسمان کرد. وە لەوێوە ئەم دوو بەیاننامەیەیان بەرامبەر یەکتری و بەناو مەزادکردنی خەباتی (P.N.K)ە بڵاوکردۆتەوە.

ئێمە بەلەبەر چاوگرتنی بەرژوەندی باڵای گەل و نیشتیمان و سەرەڕای پشتگیری و پشتیوانیمان بۆ پرۆسەی ئاشتی کوردستان. بە هەموو لایەکی ڕادەگەیەنین کەوا (پلاتفۆڕمی نەتەوەی P.N.K) لە سەنگەری شۆڕشگێڕانەی خۆیدا قایم ڕاوەستاوە و تا بەدیهێنانی ئامانجی شەهیدە سەربەرزەکانی درێژە بە خەبات ئەدات وە ئەم دوو بڵاوکراوەو هەموو هەوڵێکی لەم شێوەیە بە توندی ریسواو مەحکوم دەکەین.

وە ڕەخنە خۆشمان ئاراستەی هەردوو ڕێکخراوی ناوبراو دەکەین کە بێ گومان بێ ئاگاداری و ڕێنوێنی ئەوان ئەم بەیاننامانە نەکراونەوە ئەوە لەکاتێکدایە هەردوو ڕێکخراو باش دەزانن کە ئەم دوو سێ خۆبەستەوەدەرانە نە (کۆمسیۆنی گشتی P.N.K) وا! نە (زۆرینەی کادرانی باڵای P.N.K) وە ئەم هەڵوێستە بە پێچەوانەی داب و نەریتی حزبایەتی و بنەماکانی دیموکراسیەتە.

لە کۆتایدا :

سڵاوی دەنێرین بۆ گیانی پاکی شەهیدانی (P.N.K) و سەرجەم شەهیدانی سەرفرازی کوردستان بەڵێن بۆ نەوەستانی کاروانەکەیان بە ئەوان و بنەماڵە سەربەرزەکانیان تازە ئەکەینەوە.

بژی ئیرادە و مەعنەویاتی هەڵسوڕاوانی (P.N.K) لە مەیدانە جۆراوجۆرەکانی خەباتدا.

بەرقەرار بێت ئاشتی و ئارامی لە کوردستاندا.

بێتەدی ئازادی و سەربەخۆی و یەکیەتی کوردستان

کۆمیسیۆنی ناوەندی پلاتفۆڕمی نەتەوەی کوردستان -P.N.K

١٩٩٨/١٠/٢٢

## بەڵگەنامەی ژمارە (٣١)

## هەڵوێستمان دەربارەی ڕەوتی ئەمڕۆی کورد..

لەگێژنەی گۆڕانکاریە سیاسیە تیژڕەوەکانی ئەم دواییەی گۆڕەپانی کوردستان و ئەگەری مەترسی لەدەستدانی دەستکەوتەکانی خەبات و قوربانی بێ شوماری نەتەوە ستەمدیدەکەمان کە خاوەنی دەریایەک خوێن و کێویک قوربانی، ئەوە دەخوازێ کە لەوە زیاتر لەڕێکخستنەوەی ماڵی خۆمان دوانەکەوین بۆ ئەوەی جارێکی تر مێژوو دوبارە نەبێتەوە، پێویست ئەکات شەڕی چاڵدێران و پەیمانی سیڤەر و لۆزان و لەیستۆکەکانی بهێنینەوە یادی خۆمان و لەو غەفڵەتە ئاگاداربببینەوە کە جارێکی تر دوژمن دەیەوێت مێژووی کۆنی کوردستان دوبارە بکاتەوە بۆیە ڕێکایەکی چارەسەرکردنی ڕەوای کێشەی کورد گەڕانەوەی ئاشتی و تەبایی و ئارامیە کە لەڕێگەی پێکهێنانی ئیدارەیەکی هاوبەش و ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی دیموکراتیانە فۆرمەڵە دەکرێت، ئەمەش پێویستە هەوڵبدرێت پڕۆسەی ئاشتی نەکرێتە پڕۆسەی کات بەسەربردن و درێژەدان بە سیاسەتێ کۆنی نەشەڕو نەئاشتی، بەڵکو پێویستیەکی مێژوویەو ئەرکێکی پیرۆزی سیاسی هەردوو لایەنە دەسەڵاتدارە، دەست بەکاربن و پەلەبکەن لەهەنگاونانی بەرەو پێشەوە چونی پڕۆسەی ئاشتی واشنتۆن کە ئێستا جەماوەری کوردستان چاوەڕێی جێبەجێ بونیەتی، بۆ ئەوەی دیل و گیراوەکانی شەڕ بە تەواوی ئازاد بکرێت و بارودۆخی شارەکان ئاسای بێتەوە و ئاوارەکان بگەڕێنە سەر جێگە و ماڵی خۆیان و داهاتی کوردستان بگەڕێتەوە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان و خۆسازدان بەرەو هەڵبژاردنێکی سەرانسەری بۆ دامەزراندی حکومەتێکی فرەلایەنی بۆ ئەوەی ببێتە هیوایەک لەبەردەم گازندەی کوردی بێ ناسنامە..

سلاو بۆ ئاشتی و ڕێکخستنەوەی ماڵی کورد

بەرقەرابێت دیموکراسی و یەکسانی

سەرکردایەتی پارتی یەکسانی کوردستان

١٦/سەرماوەرزی/٢٦٩٨ی کوردی

٧ ی کانونی یەکەمی ١٩٩٨ی زاینی

## بەڵگەنامەی ژمارە (٣٢)

## جەماوەری وڵاتپارێزی کوردستان

## لایەنە سیاسیەکان.. تێکۆشەرانی گەلەکەمان

لەرۆژی (١٩٩٩/٢/١٣)، سەرکردایەتی حیزبمان کۆبونەوەیەکی فراوانی سازکرد، سەرەتا کۆبونەوەکە بە دەقیقەیەک وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدانی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتیمانی دەستی پێکردو پاشان دەستکرا بە هەڵسەنگاندو لێکدانەوەی باری سیاسی ئێستای هەرێمی کوردستان و ناوچەکە.. پاش ئەنجامدانی زنجیرەیەک کۆبونەوەی چڕو پڕ، بە لەبەر چاوگرتنی بەرژەوەندیەکانی گەلەکەمان و تاوتوێ کردنی ئەو هەلومەرجانەی کە گەلەکەمان پێیدا تێ دەپەڕێ، هەروەها بەهەست کرد بە لێپرسراویمان بەرامبەر بە پاراستنی گیانی تەبای و برایەتی هێزە نیشتیمانیەکانی سەر ساحەکە، بە پێویستمان زانی ناوی حیزبمان لە (حیزبی ڕزگاری کوردستان)ەوە بگۆڕین بۆ (بزوتنەوەی ڕزگاری دیموکراتی کوردستان) وە لەژێر ئەو ناوەوە درێژە بە کار و چالاکیەکانمان بدەین.

هەڤاڵان.. ئەندام و لایەنگرانی حزب..

ئێمە لەسەر هەمان بەرنامەی سیاسی و ستراتیجی پێشومان خەبات دەکەین لەدژی هەموو ئەو پیلان و مانۆڕانەی کە لەدژی دەستکەوتەکانی گەلەکەمان بەرێوە دەچن، هەروەها بڕوای تەواومان بە دیالۆگ و ڕاگۆڕینەوە هەیە بۆ دۆزینەوەی ڕێگە چارە بۆ سەرجەم کێشەکان و بەشیاوترین و گونجاوترین ڕێگەی دەزانین.. پشتوانی خۆمان دەردەبڕین بۆ پیادەکردن و بە ئەنجام گەیاندنی هەموو بڕگەکانی ڕێکەوتننامەی ئاشتی واشنتۆن و داوا دەکەین هەرچی زووترە خاڵەکانی جێبەجێ بکرێن و یەکپارچەی باشووی کوردستان بێتەدی.

بژی ئاشتی و تەبای

نەفرەت لەدووبەرەکی

بزوتنەوەی ڕزگاری دیموکراتی کوردستان

سلێمانی ١٦ی شوباتی ١٩٩٩

## بەڵگەنامەی ژمارە (٣٣)

## پیرۆزبێت یەکگرتنی

## (پارتی کاری سەربەخۆی کوردستان و بزوتنەوەی یەکبونی کوردستان)

جەماوەری خۆڕاگری کوردستان..

کرێکاران.. ڕەنجدەران

تێکۆشانی دەیان ساڵە و قوربانیەکانی گەلەکەمان و خۆڕاگری بووە مایەی ڕاپەڕینی یەکرێزی ١٩٩١و کە ئەویش بووە ئەنجامی هەڵبژاردنی پەڕلەمان و پێکهێنانی حکومەتی کوردستان و ڕاگەیاندنی فیدڕالیزم. ئەم هەلومەرجە تازەیە ئاسۆیەکی گەشی لەبەردەم تێکۆشانی گەلی کوردستان و خواستەکانی چین و توێژەکان کردەوە. هێز و لایەنە نەتەوەی و نیشتیمانیەکان و دیموکرات و پێشکەوتوخوازەکان ئەرکی سەر شانیان لەبەدیهێنانی ئاشتی و سەرخستنی پرۆسەکە و پاراستنی دەستکەوتەکانی و قوڵکردنەوەی ئازادیە سیاسیەکان و پاراستنی مافی مرۆڤ و بەدیهێنانی داخوازییەکانی کرێکار و ڕەنجدەران و موچەخۆر و خانەنشینان زیاتر بووە. هەرچەندە تا ئێستا بەشێک لەخاکی داگیرکراوی کوردستانی باشور بەدەست ڕاگواستن و بەعەرەب کردن و زوڵم و چەوساندنەوەی حکومەتی داگیرکەری بەغداد ناڵێنێت.

هاوڕێیان.. ئازادیخوازان

لەئاکامی درککردن بە بەرپرسیارێتی لەبەردەم ئەرکی نیشتیمانی و نەتەوەی کوردستان و تێکۆشان بۆ گەلی کوردستان بە سەربەخۆی و دادی کۆمەڵایەتی و پتەوکردنی پەیوەندی پەیوەندی برایانەی نێوان هەموو لایەنەکانی بەشەکانی کوردستان و وەلانانی ناکۆکی و چارەسەرکردی ئەو کێشانەی دێنە بەردەم پەلەکانی بزاڤی ڕزگاریخوازیمان بەڕێگەی دیموکراسی و گفتوگۆی دۆستانە و جێبەجێکردنی ئەرکەکانمان بۆ بەرەوپێشبردنی دۆزی کوردستان لەهەموو ئاستەکاندا.

لەڕوانگەی پەرۆشیمان بۆ ئەو هەلومەرجەی کە چەپی کوردستان پێیدا تێپەڕدەبێت و ئەو پەرش و بڵاویەی دووچاری لایەنە دیموکرات و چەپەکان هاتووە ئێمە لە (بزوتنەوەی یەکبونی کوردستان و پارتی کاری سەربەخۆی کوردستان) کەوتنە هەوڵ و کۆشش بۆ یەکگرتن و یەکخستنی ڕیزەکانمان تا

خزمەت بەڕەوشی نیشتیمانی و قۆناغە سیاسیەکە بکەین. ئەمەش لەوەوە دەستی پێکرد کە بزوتنەوەی یەکبونی کوردستان لەکۆنگرەی نائاسایی سێیەمی خۆیدا و پارتی کاری سەربەخۆی کوردستانیش لەکۆنگرەی سێیەمیدا بڕیاریان لەسەر لێکنزیکی و هاریکاری و یەکبونی لایەنە چەپ و دیموکراتەکان و یەکگرتنی هەردولاشدا، لەم پێناوەشدا لەماوەی نزیکەی ساڵێکدا دوای گفتوگۆی تێروتەسەل و ڕاگۆڕینەوەو لابردنی کۆسپ و تەگەرەکان و وەلانانی بەرژەوەندی تایبەتی و ڕەچاوکردنی ناسکی قۆناغەکە و خزمەتکردنی ڕەوشی سیاسی، وەکو سەرەتاییێکیش بۆ ڕێکخستنی چەپ و دیموکراتەکانی کوردستان گرنگیدان بە هێنانەدی دروشمەکانمان و خزمەتکردنی کرێکاران و زەحمەتکێشان و ڕۆڵبینی زیاتر لەناو بزاڤی نیشتیمانی کوردستان و پتەوبوونی یەکڕیزی نێوانمان بۆ پاڵپشتی ئەزمونی کوردستان و دەسەلاتی یاساو مافەکانی مرۆڤ و ئازادی سیاسی و دیموکراسیەت، ئەم هەنگاوە پیرۆزەمان بەلەخۆبردووی و دورکەوتنەوە لەبەرچاوتەنگی نا، کە جێگەی خۆشحاڵی هەموو لایەکە.

بێگومان ئەمەش هاندەرێک دەبێت بۆ ئەوەی لەئایندەدا بە بڕوا و متمانەی زۆرترەوە تێکۆشین و درێژە بە ڕێبازی فکری و چینایەتی و نیشتیمانی و نەتەوەی و کۆمەلایەتی خۆمان بەنێوی (پارتی کاری سەربەخۆی کوردستان) بدەین، هەر بەم بۆنەشەوە بانگەشەی جارێکی تری هاریکاری و یەکبونی چەپ و دیموکراتەکانی کوردستان دەکەین. بە ئەزمون دەرکەوت پەڕت و بڵاوی لەبەرژەوەندی هیچ لایەکمان نیە و پێویستە گیانی تەبای و ئاشتی و ئارامی بەدیهێنانی یەکڕیزی پەرە پێبدەین.

-بژی ئاشتی و تەبای

- بێتە دی یەکڕیزی چەپ و دیموکراتەکات

-بژی یەکگرتنی پارتی کاری سەربەخۆی کوردستان و بزوتنەوەی یەکبونی کوردستان

بزووتنەوەی یەکبونی کوردستان

پارتی کاری سەربەخۆی کوردستان

کوردستان – هەولێر

١٩٩٩/١٢/١٠

# ڕاگەیاندنی کۆبوونەوەی سەرکردایەتی ( هاوکاری )

ڕۆژانی (٣٠/١١ و ١/١٢) ی ئەمساڵ ١٩٩٧ سەرکردایەتی (هاوکاری) لەسەر ئاستی مەکتەبی سیاسی لایەنەکانی (حزبی ڕزگاریی کوردستان و پلاتفۆرمی نەتەوەیی کوردستان و یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان سەرکردایەتی کاتی) کۆبۆوە. کۆبوونەوە بە ناردنی سڵاو بۆ گیانی پاکی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری گەلەکەمان و بۆ ڕێزلێنان لە کاروانی خەباتی نەبساوەیان دەستی بە کارەکانی خۆی کرد. ئەوسا دوا گۆڕانکاریەکان و ئاکامی لەشکرکێشی سوپای تورکیا بۆناو خاکی باشووری کوردستان خرایە بەرباس و لێکۆڵینەوە.

کۆبوونەوە جارێکی دیکە دووپاتی کردەوە کە پێشێل کردنی سەروەری خاکی وڵاتەکەمان لەلایەن سوپای تورکیاو پێشمەرگەیەکانی لەنێو خاکی باشوورو خۆشکردنی ئاگری شەڕو خۆ تێوە گلاندنی، بە توندی ڕیسواو ئاوانبارکرد و گەرەکە هەرچی زووترە سوپاکەی لە خاکی وڵاتەکەمان بکشێنەوەو، دەبێ بە کردەوە وازبێنێ لە پشتیوانی کردنی پارتیو دوژمنایەتی کردنی گەلی کوردستان، چونکە ئەو سیاسەتەی کە تورکیا پەیڕەوی لێ دەکات، دوژمنایەتیەکی مەزنی بۆ خۆی لەگەڵ باشوور دروست کردووەو ئیدی ئەو بەهایەی بەناو دیموکراتیەی لە بەرامبەر دەوڵەتانی ئەورووپاو خەونی گەیشتن بە یەکێتی ئەورووپای لە دەست داوە.

هەر لەم پەیوەندییەدا، کۆبوونەوە سیاسەتی بەرەی تورکمانی وەبەر ڕەخنەدا کە ڕاشکاوانە بەرژەوەندی تورک کە دەوڵەتێکی داگیرکەرە دەخەنە بان بەرژەوەندییەکانی گەل و نیشتمان و، دەیانەوێ سیاسەتی پان تۆرانیزم لە کوردستان پەیڕەوبکەن و، بروێنە بەشێک لە دەزگای سیخوڕی تورکیاو لە خۆیان زلتر دەناخفن و هەنگاو هەڵدەگرنەوە نیازیانە باشووری کوردستان بێتە (قوبرس) یێکی دیکەو سەرۆکی بەرەکەشیان بکەنە (ڕەئوف دەنکتاش)، هەر لە سۆنگەی بەرژەوەندیو برایەتی گەلی کوردستان بە پێویست زانرا کە سەرنجی ئەو خۆفرۆشانە ڕابکێشێ‌و داوایان لێ بکرێت کە واز لە کلکایەتیو زیندەڕۆیی بهێنن ئەگینا ڕقی شۆڕشگێران گەورەیەو ڕۆژی حساب وەرگێنەوە نزیک دەبێت.

سەبارەت بە بەستنی (کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان) کۆبوونەوە تەواوی ئەو هەوڵ و کۆششانەی بە گرنگ ئرخاند کە لەو پێناوەداو بە مەبەستی یەکخستنی ئیرادەی گەلی کوردستان بەڕێوە دەچن و جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە دەبێ بە هەموو شێوەیەك پشتیوانی لەو هەوڵانە بکرێت و بە تەواوی هاوکاریو هاوهەنگی لەگەڵدا بکرێت. هەروەها بە ئەرکی لایەنەکانی ناو (هاوکاری) زانی کە هەموو توانایەك تەرخانکەن لە پێناو بە ئەنجام گەیاندنی ئەو ئەرکەی کە مێژوو دیاری دەکات و حزی لە بەستنی کۆنگرەیەکی یەکگرتووی هێزو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان، بۆ بە سیاسەتی کردنی کێشەی گەل و وڵاتەکەمان و ناساندنی بە نێوەندە بڕیاردەرەکانی جیهانیو، دۆزینەوەی ڕێگە چارەیەك بۆ کێشەکەی دەبینێتەوە.

لە ئاست تەنگژەی ئێستای ڕژێمی عێراق لەگەڵ ئەنجومەنی ئاسایش و دەوڵەتی ئەمریکا، کۆبوونەوەی (هاوکاری) نیگەرانی خۆی دیار کردووە پێی وایبوو کە دەبێ ڕژێمی عێراق پابەندی تەواوی بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایش بێ‌و ڕێگە لە تیمە پشکنەرەکانی چەکە کۆکوژەکان نەگرێو ئاستەنگ نەخاتە ڕێگەیانەوە تا وەکو ڕووبەڕووبوونەوەیەی سەربازی لێ نەکەوێتەوەو لەوە زیاتر گەلی عێراق دووچاری مەینەتیو نەهامەتی نەبێتەوە. هەروەها کۆبوونەوە داوا دەکات کە گەمارۆی ئابوری بە یەکجاری لەسەر عێراق هەڵگیرێ‌و گەلی لەو قەیران و برسێتییە ڕزگار بکرێت.

کۆبوونەوەی هاوکاری داوای لە هەر سێ لایەن کرد کە بۆ سازدانی هێزێکی پێشمەرگەی یەکگرتوو دەست بەکاربن و، زیاتر پەرە بە گەشە و بەهێز کردنی ڕێکخستنە نهێنییەکانیان بدەن و، بۆ جۆش دانی بوارەکانی دیکەی خەباتی دیپلۆماسی و

# بەڵگەنامەی ژمارە (٢٢)

جەماوەری و پەیوەندی کردنی پەیوەندی لەگەڵ هێزو لایەنە شۆڕشگێڕەکانی کوردستان بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانیەتی شۆڕشگێڕانەی نێوان چین و توێژەکانی کۆمەڵ، تێبکۆشن.

لەبەرامبەر ئەو هێزانەی کە سیاسەتی دووڕووی‌و بێ هەڵوێستی‌و چەواشەکاری و لە خشتەبردنی جەماوەر پەیڕەو دەکەن، کۆبوونەوە بە ئەرکی (هاوکاری) دەزانێ کە لە راگەیاندندا رووی راستەقینەی ئەو هێزانە بۆ کۆمەڵانی هەراوی خەڵکی کوردستان دەربخات و پەردە لە رویاندا هەڵبماڵێ.

لە کۆتایدا کۆبوونەوە دووپاتی کردەوە (هاوکاری) لە سەنگەری بەرەی گەل و پارێزگاری لە دەسکەوتەکانی راپەڕین قایم راوەستێ‌و بە توندیش سیاسەتی خیانەت و خۆفرۆشتن و کلکایەتی ریسواو شەرمەزار دەکات و، بە ئەرکی هەموو وڵاتپارێزێکی دەزانێ کە بەرگری لە سەروەری خاك و بەها پیرۆزەکانی مرۆڤایەتی‌و داکۆکی لە مافی چەوساوەو زەحمەتکێشاندا بکات و لە دژی بازرگانانی سیاسەت تێ بکۆشێت. هەروەها لە پێناو گەیشتن بە ((کوردستانێکی سەربەخۆو گەلێکی بەختیار)) کۆبوونەوە داوای لە ڕێبوارانی کاروانی خەباتی نەتەوایەتی‌و چینایەتی کرد کە لێبڕاوانە ریزەکانیان بەکخەن و لە دەوری ئاڵای (هاوکاری)دا کۆببنەوە.

## هـــــــــاوکـــــــــاری

| | | |
|---|---|---|
| حیزبی رزگاری کوردستان<br>RPK | پلاتفۆرمی نەتەوەیی کوردستان<br>P.N.K | یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان<br>YNDK سەرکردایەتی کاتی |

باشووری کوردستان

سلێمانی

١٩٩٧/١٢/٢

بەڵگەنامەی ژمارە (٢٢)

سەربەخۆیی | دیموکراسی | دادی کۆمەڵایەتی

حزبی رزگاریی کوردستان
مەکتەبی سیاسی

Rizgary Party of Kurdistan
POLITICAL BUREAU

---

## داخـــۆیـــــان

هێز و لایەنە سیاسیە تێکۆشەرەکانی کوردستان ....

کۆمەڵانی هەراوی خەڵک ........

کرێکاران ..... زەحمەتکێشـــــــان

ماوەیەکە ( بەرەی سەربەخۆیی کورد !! ) دەنگۆیەتی کە گوایە حزبمان [ حزبی رزگاریی کوردستان **R.P.K** ] چۆتە ناو بەرەکەیانەوە ... ئێمە لە کاتێکدا ئەم هەواڵە بە درۆ دەخەینەوە ، لە هەمان کاتدا بەم داخۆیانە رامانی خۆمان دیاردەکەین .

رۆژی ۱۹۹۷/۸/۲۱ ، چەند کەسێکی نەناسراو و بێ پێشینەی خەبات و تێکۆشان ، بە ناوی ( بەرەی سەربەخۆیی کورد !! ) هاتنە سەردانی بارەگای (م.س) و لەگەڵیان دانیشتین ، کە خۆیان ناساند ، ئەوسا کەوتنە باسکردنی مەرامەکانیان و داوایان کرد ئێمەش بەشداریان لەگەڵدا بکەین .. بەڵام چونکە ئەو نەفەرانە بۆ ئێمە نەناسراو و بێ پێشینەی خەبات و سیاسەت بوون ، هەروەها توانای کارو لێکدانەوە و رامانیان بەرتەسک بوو ، ئێمە بە زمانی تایبەت ئێمان گەیاندن کە حزبی رزگاریی کوردستان نایان ناسێ و بە گومانیشەوە لێیان دەڕوانێ ... راشکاوانەش پێمان گوتن کە ئامادەنین لەگەڵتاندا لە چوارچێوەی بەرنامەیەکدا کاری هاوبەش بکەین ، تەنانەت بۆ پێوەندی دۆستانەش هێشتا زۆری دەوێ .

ئەو وەڵامە راستەی ئێمە ، بۆ ئەوان چاوەڕوان نەکراو بوو ، بۆیە لە روانگەی کۆڵەوارێ سیاسیانەیانەوە بە دوای دەرفەت دا دەگەڕان تا ژەهری ناحەزی خۆیان بە حزب دا بڕێژن ... ئەوەبوو کەوتنە دنەی ئەو دوو کەسەی کە ماوەیەکە لە حزب دابڕاون و لاملێن ، خۆشیان باشیان دەناسن و لە لای ئێمەش درێغیان نەکرد لە داشکاندنیان ، دوایی وایان بڵاوکردەوە کە ( حزبی رزگاریی کوردستان ) پێش چۆتەناو بازنە چەق بەستەکەیانەوە . ئێمە ئەو کات بە پێویستمان نەزانی وەڵامیان بدەینەوە ، چونکە وەک گوتراوە ( وەڵام بۆ نادان بێ دەنگییە ) .. دواتر بانگی ( کاک عبدالکریم کەرکوکی) کارگێری یەکەمی ( بەرەی سەربەخۆیی کورد !! )مان کردو رای خۆمانمان وەبیرهێنایەوە ، ئەویش وای پیشان دا کە ئاگای لە مەسەلەکە نەبووەو ئەو کاتە لە ( کۆیە ) بووە . هەروەها بەڵێنی دا کە چارەی بکات ، کەچی لەم رۆژانەدا جارێکی دیکە ناوی ( حزبی رزگاریی کوردستان )یان لە میانەی بەشداربووانی بەرەکەیاندا دووپات کرایەوە ، بۆیە بە پێویستی دەزانین کە بۆ هەموولایەک خۆیای بکەین کە حزبمان ( حزبی رزگاریی کوردستان ) هەرگیز لەو بەرەیەدا !! بەشدار نیەو لە داهاتوشدا ئامادە نیە بەشداریان لەگەڵدا بکات .

نەفرەت لە دوو روویی و راگەیاندنی چەواشەکاری .

سەرکەوێ خەبات لە پێناو کوردستانێکی سەربەخۆ و گەلێکی بەختیار .

بەڵگەنامەی ژمارە (٢٣)

# شاڵاوی دەرکردنی هاووڵاتیان ڕاگرن !

لەگەڵ دەسپێکی گەڕی ئەم جارەی شەڕی خۆبەخۆ، پارتی دیموکراتی کوردستان PDK پەنای بردۆتە بەر شاڵاوێکی بەرفراوانی دەرکردنی خەڵکی هاووڵاتیان لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی. تا ئێستا هەزاران کەس بە بیانووی لایەنگری بۆ ئەو هێزانەی کە لە سەنگەری بەرەی گەلدان، لە ماڵ و زێدی خۆیان هەڵکەندراون و ڕەوانەی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی (ی.ن.ک) کراون. ئەم شاڵاوەی پارتی، جگە لەوەی کە تەواوی داب و نەریتەکانی کوردەواری و نیشتمانی و مرۆڤایەتی تێپەڕ کردووە، پێشێلکارییەکی ئاشکرای یاسای شارستانی و مافەکانی مرۆڤیشە.

ئێمە لە کاتێکدا بە توندی ئەو سیاسەتەی پارتی ڕیسوا و مەحکوم دەکەین و بە لاوازی و کەمتوانایی لێکی دەدەینەوە، هەروەها پێمان وایە لەبەردەم ڕای گشتی جیهانی و کۆڕ و کۆمەڵە نێو دەوڵەتییەکان، ڕەوایەتی کێشەی گەل و نیشتمانەکەمان لەکەدار و زەرەرمەند دەبێت، لە هەمان کاتدا داوا لە ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و لایەنە پەیوەندارەکان دەکەین کە گوشار بخەنە سەر پارتی و ناچاری بکەن کە واز لەو سیاسەتە نامرۆڤییەی خۆی بهێنێ.

ئەو سیاسەتەی کە ئەمڕۆ PDK پەیڕەوی لێ دەکات، لە مێژووی دوور و نزیکی مرۆڤایەتیدا بێ وێنەیە، چونکە ڕوویداوە کە دەسەڵاتدارێک ئاوا بەم شێوەیە هاووڵاتی و هاوخوێنی خۆی دەربەدەر و پەراگەندە بکات، سەرانی سارزانی گوایە خۆیان بە سەرۆک و ڕابەری !! میللەتی کورد دەزانن کە چی بێ شەرمانە ژن و منداڵ لە زێد و ماڵی خۆیان دەردەکەن و لاوەکانیان ڕاپێچی زیندان دەکەن و، دەست بەسەر سەروەت و سامانیان دادەگرن. بەڵام بێگومان بە ئەنجامدانی ئەم شاڵاوە، خۆیان زیاتر شەرمەزاری مرۆڤایەتی و مێژووی گەلەکەمان دەکەن و، بەم تاوانەشیان خەرماني خیانەتی نەتەوایەتی و نیشتمانیان زۆرتر دەکەن، هەروەها بەم سیاسەتەیان سەلماندیان کە باکیان بە کورد و کوردستان نیە و بە تەواوی کەوتونەتە سەنگەری دژ بە گەل و نیشتمان.

لەم پێوەندییەدا، کوردانە بانگی سەرانی پارتی دەکەین کە بە خۆیاندا بچنەوە و ئاوڕێک لە ڕابردووی خۆیان بدەنەوە و بزانن چ تاوان و کردەوەیەک دژ بە گەلە ستەم دیدەکەمان ئەنجام دەدەن. هەروەها دڵسۆزانە داواکارین کە دەست بەجێ ئەم شاڵاوە ڕاگرن و چیتر بە بیانووی جۆراوجۆر هاووڵاتیان لە سەر و ماڵ و کاشانی خۆیان تەریوە نەکەن، چونکە ئەو گەلەی کە لە بەهاری ١٩٩١ دا، بە ڕووی زوڵم و ستەم ڕابەڕی و دەسەڵاتی داگیرکەری ڕاپەڕی و، بواریشی بۆ ئەوان ڕەخساند کە ئاوارەیی کۆتا بکەن و بگەڕێنەوە وڵات، شیاوی ئەوەن کە خزمەتیان بکرێت و پاداشتی چاکەیان بدرێتەوە، نەک بەم شێوەیە دەربەدەر بکرێن و بەرهەمی ڕەنجی چەند ساڵەیان لێ زەوت بکرێت.

| | | |
|---|---|---|
| حزبی ڕزگاریی کوردستان<br>RPK | پلاتفۆرمی نەتەوەیی کوردستان<br>PNK | یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان<br>YNDK – سەرکردایەتی کاتی |

باشووری کوردستان - سلێمانی
١٩٩٧/١٠/٢٧

بەڵگەنامەی ژمارە (٢٤)

## ڕاگەیاندراوی کۆبوونەوەی ئاسایی
## ناوەندی سەرکردایەتی پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان

لەرۆژانی (١٢-١٣)ی شوباتی ١٩٩٨دا، ناوەندی سەرکردایەتی پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان، کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی بەدەقیقەیەک وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدانی پارتمان و سەرجەم شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کوردستان، دەستپێکرد.

سەرەتا هاوڕێ ابو حکمت سکرتێری پارتمان ئاماژەی بەگرنگی کۆبوونەوەکە کرد، بەتایبەت لەم ڕۆژگاری ئەمڕۆدا، بە ئامانجی تاوتوێکردنی خاڵەکانی کۆبوونەوەکە بۆ گەیشتن بەو دەرئەنجامەی کە خزمەت بەرەوتی بەرەو پێش بردنی ڕۆڵی پارتمان و پرۆسەی ئاشتی بکات.

ئینجا ڕاپۆرتی سیاسی خرایە بەر باس و لێکۆڵینەوەیەکی وورد کە تێیدا ئاماژە بە ڕەوشی ئەمڕۆی کوردستان، دوای چوارەمین جەولەی شەڕ کرا، کە دەرهاویشتەکانی ئەم جەولەیە تێڕوانینەوەیەکی تازەی لەلایەن هەردوولای پێکناکۆکەوە گەڵاڵەکرد، کە بووە هۆی ئەوەی کەش و هەوایەکی ئەوتۆ بێتە ئارا کە ڕەوشی کوردستان بەو ئاراستەیە بەرێت کە سەرکردایەتی هەردوولا (یەکێتی و پارتی) نامەو پرۆژەنامەی ئاشتی ئاڵوگۆڕ بکەن، بەمەش سەرەتایەکی باش ڕەخسا بۆ ئەوەی لەرۆژی ١٢/٢/١٩٩٨ لەشارۆچکەی شەقڵاوەدا وەفدی مەکتەبی سیاسی هەردوولا بەئامادەبوونی بەڕێز عەزیز محەممەد، کۆبوونەوەیەکی هاوبەش ساز بکەن و لەسەر چەند خاڵێک ڕێک بکەون.

هەروا لەراپۆرتەکەدا، سەرەڕای بەهەند هەڵسەنگاندنی ئەم هەنگاوانە کە بەرەو ئاشتی هەڵدەهێنرێن، ئاماژەش بەوە کرا کە پێویستە هەردوولای پەیوەندیدار بە پرۆسەی ئاشتی زۆر بەوریایی و جیدیەوە، دوور لەبەرژەوەندی تەسکی حزبایەتی و بەلەبەرچاو گرتنی بەرژەوەندی باڵای نیشتمانی مامەڵە لەگەڵ ئەم پرۆسەیەدا بکەن. هەروا وریاییەکی زۆریش بنوێنن بەرامبەر نەیارانی ئاشتی، چ لەنێو حزبیاندا، یان ئەو لایەنانەی کە ئاشتی لەبەرژەوەندییاندا نییە، بەتایبەت دەوڵەتانی دەوروبەر کە جۆرەها نەخشەو پیلان ساز دەکەن بۆ سەرنەکەوتنی ئەم پرۆسەیە، ئاشکراشە کە دوای چوار ساڵ شەڕ، ئەم پرۆسەیە بەبێ گیروگرفت ڕێ ناکات، ئەگەر چەند خاڵێکی (خیلاف)یش لەنێوانی هەردوولادا هەبێ، پێمانوایە هەر بە گفتوگۆو بەلەبەرچاو گرتنی بەرژەوەندی گشتی کوردستان بەدوور لە توندی، یان بە هاوکاری هەموو لایەک، چارەسەریان بۆ بدۆزرێتەوە.

لەراپۆرتەکەدا ئاماژە بەوە کرا، کە سەرخستنی پرۆسەی ئاشتی نەک تەنیا بەسوود و قازانجی گەلەکەمان لەباشووری ئەولاو دەبێت، بەڵکو سەرکەوتنێکیشە بۆ تەواوی بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان لەسەرتاسەری کوردستاندا، بۆیە پێویستە کە (PKK)یش هۆکارێکی ئیجابی بێت بۆ سەرخستنی ئەم پرۆسەیە، بۆ بەرقەرارکردنی ئاشتییەکی هەمیشەیی و سەرتاسەری لەکوردستاندا، بەئامانجی پووچەڵکردنەوەی نەخشەو پیلانی داگیرکەران.

هەروا لەراپۆرتەکەدا باس لەچەپی کوردستانی کرا کە لەڕەوشی ئەمڕۆی کوردستاندا لەبەرشو بڵاوییەکی هەستپێکراودایە نەیتوانیوە ریزەکانی خۆی ڕێک بخات و ڕۆڵی مێژوویی خۆی ببینێ، بۆیە پێویستە بەخۆیدا بچێتەوە لەم بارە ناڵەبارەدا دەرباز بێتەوە لە مەسەلە زاتییەکان بپێتەوە و ریزەکانی خۆی ڕێک بخات، پارتمانیش بەوپەڕی هەست کردن بەبەرپرسیارێتی، هەموو هەوڵ و توانای خۆی دەخاتە گەڕ و دەستخۆشیش لەهەر هەوڵێکی دڵسۆزانە دەکات کە لەم ڕەوتەدا سەرچاوە بگرێت.

هەروا لەراپۆرتەکەدا باس لە کۆچرەوی ئەم دواییەدا کرا، کە لەکوردستان خەڵکانێکی زۆر بەتایبەت لاوان ڕوویان لەهەندەران کرد و بووە هۆی ئەوەی جارێکی دیکە دۆزی گەلی کوردستان لەسەر ئاستی جیهان بووروژێنێ، کە پێمانوایە

بەڵگەنامەی ژمارە (٢٥)

سەبارەت بە باشووری کوردستان ئەم کۆچڕەوە بەر لەهەموو شتێک دەرئەنجامی ئەو شەڕە ئەگریسەیە کە بۆ چوار ساڵ دەبێت یەخەگیری گەلەکەمان بۆتەوە، سەرەڕای خرایی ژیان و گوزەرانو تەشەنەکردنی دیاردەی بێکاری. کە هۆی سەرەکی ئەم کۆچ کردنەن، بۆیە بەرقەرار کردنی ئاشتیو چاککردنی ژیان و گوزەرانی جەماوەرو نەهێشتنی دیاردەی بێکاریو چەسپاندنی ئەمن و ئاسایش، باشترین چارەیە بۆ ڕێگە گرتن لەبەردەم دیاردەی کۆچ کردن.

هەروا لە ڕاپۆرتەکەدا باس لەو تەنگژە توندو قووڵەی نێوان ڕژێمی عیراق و نەتەوە یەکگرتووەکان، بەتایبەت ئەمریکا کرا، کە پێویست دەکا ئەم تەنگژەیە بەرێگای ئاشتیو دیپلۆماسییانەوە لەژێر چەتری UNدا چارەسەر بکرێت، نەک بەرێگای زەبر وەشاندنەوە، کە بێگومان لەم کردەوەیە تەنیا گەلانی عیراق تێیدا زەرەرمەند دەبن، بۆیە پێویستە ڕژێمی عیراقیش لەم بارەیەوە پابەندی بڕیارەکانی UN بێت و لەکاتێکدا ڕای گشتی نێودەوڵەتی لەگەڵ ئەوەدایە کە عیراق پابەندی جێبەجێ کردنی هەموو بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایش بێت. بەمەش گەلانی عیراق لە هێرشی سەربازی دوور دەخرێتەوەو زەمینەش خۆش دەکات بۆ لابردنی ئابلۆقەی ئابووری کە حەوت ساڵە گەلانی عیراق لەژێر باریدا دەناڵێنن و بووەتە هۆی برسێتیو چەرمەسەری و سەرهەڵدانی دەیان دیاردەی دزێوی کۆمەڵایەتی.

دوایەدوای ئەوە کۆبوونەوەکە تاوتوێی ڕاپۆرتەکانی ڕێکخستنو پەیوەندییە نیشتمانییەکان و ڕاگەیاندنی کردو لایەنە ئیجابییەکان هەڵسەنگێندران و لایەنە سەلبییەکانیش قامکیان خرایە سەرو ڕەخنەیان لێگیراو چەندین ڕێنماییو بڕیاریش وەرگیران بە مەبەستی زیاتر گەشەپێدان بەو بوارانە کەبەگشتگیری بتوانن ڕەنگدانەوەی سیاسەتی گشتی پارتمان بن و ڕۆڵی خۆیان لەپاراستنی ئەزموونەکەمان بنوێنن.

لەکۆتاییدا بڕیاردرا کە بەناوی کۆبوونەوەکە نامەیەک ئاڕاستەی هەردوو مەکتەبی سیاسی (پارتیو یەکێتی) بکرێت، بەبۆنەی بەستنی یەکەم کۆبوونەوەی هاوبەش لە شارۆچکەی شەقڵاوەدا، بەو هیوایەی ئەم کۆبوونەوەیە هەنگاوێکی بەکردەوە بێت بۆ سەرخستنی پرۆسەی ئاشتی لەکوردستاندا.

کوردستان - هەولێر
۱۲-۱۳/۲/۱۹۹۸

کۆبوونەوەی ئاسایی
ناوەندی سەرکردایەتی
پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان

بەڵگەنامەی ژمارە (٢٥)

# ڕاگەیاندن

سەر لە بەیانی ڕۆژی ٢٠ی شوباتی ١٩٩٨ سەرکردایەتی بزووتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان کۆبوونەوەیەکی نائاسایی کرێدا بە مەبەستی لێکۆڵینەوە لە تەنگژەی نێوان عێراق و ئەمەریکاو یەکگرتووەکانو دواین پرۆسەی ئاشتی لە کوردستاندا و ئاکامەکانی.

کۆبوونەوەکە لەسەر ئەم قەیرانە کە بۆ چەندەمین جارەو ناو بە ناو سەر هەڵدەداتو بەم دواییە گەیشتۆتە لووتکەی یەکلاکردنەوە، بزووتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان ڕێگا چارەی دیپلۆماتی بە چارەسەرێکی گونجاو دەزانێتو پێی وایە بەکار هێنانی هێز کێشەکان ئاڵۆزتر دەکاتو زەمینە بۆ دەستێوەردانی بیانی بۆ ناو خاکی کوردستان خۆش دەکات، هەر بۆیە کۆبوونەوەکە جەختی لەسەر هەرچی زیاتری نزیک بوونەوەی نێوان هەموو لایەنە سیاسییەکانی سەر گۆڕەپانی کوردستان کرد بە مەبەستی خۆ ئامادە کردن بۆ هەر گۆڕانکارییەکی کتوپڕ کە دێتە ئاراوە.

هەروەها کۆبوونەوەکە هەڵوەستەیەکی بەرپرسانەی کرد سەبارەت بە دانوستانی نێوان هەردوو حزبی دۆستمانو پشتیوانی خۆی بۆ پرۆسەی ئاشتی دووپات کردەوەو داواش لە هەردوولا دەکات کە هەرچی زووترە هەنگاوی بەرپرسانەتر بهاوێژن بۆ کۆتایی هێنان بە مۆتەکەی شەڕو بنبڕکردنی سەرجەم کێشەکانو بەرجەستە کردنی ئاشتییەکی هەمیشەیی کە تاکە ڕێگا چارەیە بۆ توندوتۆڵ کردنی ڕیزەکانی گەلی کوردستانو خۆ ئامادەکردن بۆ پاراستنی ئەزموونی دیموکراتی لەکوردستاندا تا ببێتە پێگەیەکی بەهێز لە پێناو بنیاتنانی عێراقی دیموکراتی فیدراڵی.

سەرکردایەتی
بزووتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان

بەڵگەنامەی ژمارە (٢٦)

# ڕاگەیاندنی کۆتایی

## کۆبوونەوەی کۆمسیۆنی ناوەندی پلاتفۆڕمی نەتەوەیی کوردستان

دوا نیوەڕۆی ڕۆژی هەینی بەرواری ١٩٩٨/٣/٦ کۆمسیۆنی ناوەندی پلاتفۆڕمی نەتەوەیی کوردستان کۆبوونەوەیەکی ئاسایی بەست. سەرەتا کۆبوونەوە بە خولەکێک بێ دەنگی بۆ ڕێزلێنان لە گیانی پاکی شەهیدانی ڕاپەڕینی ئازاری ١٩٩١ ی گەلەکەمان و تێکڕای شەهیدانی بزاڤی ڕزگاری خوازی نیشتمانی و نەتەوەکەمان دەستی پێ کرد. دواتر کارو چالاکی مانگی ڕابردووی کۆمسیۆن خرایە بەر باس و لێکۆڵینەوە، هەروەها جەخت لەسەر چالاک کردنی ناوەندە جیاجیاکان و کۆمسیۆنەکانی ئامادەکاری کۆنفراس و کۆنگرە کرایەوە. نەخشەی بەجێ بۆ کارەکانی ئەم مانگە پەسەند کرا کە مانگێکی پڕ لە یادو بۆنەی مێژوویی و نیشتمانی نەتەوەکەمانە. پاشان چەند کارێکی تایبەتی ناوخۆی P.N.K تاووتوێ کراو جەخت لەسەر ئەوە کرایەوە کە هەر کێشەیەک ڕوو بدات دەبێت بە زمانی عەقڵ و ڕێگە چارەی عەمەلیانەی شیاو چارەسەر بکرێت.

شایانی باسە کۆبوونەوە تەئکیدی لەسەر پاراستن و گەشە پێدانی پرۆسەی ( **هاوکاری** ) کردەوەو بەدەست کەوتێکی مەزنی واقعی ئەمڕۆی نیشتیمانەکەمانی زانی. هەر لەم میانەدا ڕێزی تەواو لەدەستکەوتەکانی ڕاپەڕین و خوێنی شەهیدە سەروەرەکان گیرا کەئەمڕۆ خۆی لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا دەبینێتەوە. بۆیە بەو پەڕی هەست کردن بەمەسئولیەتی شۆڕشگێڕانەوە پەیوەست بوون بەیاساو ڕێساکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە جەختی لەسەر کرا.

کۆبوونەوە ئاشتی یەکی ڕاستەقینەو سەرتاسەری بەزەروریەتێکی حەیاتی و بنچینەیی زانی بۆ پێکەوە ژیانی ئاسودەیی و شەرەفمەندانە، بۆیە P.N.K ئامادەیی تەواوی خۆی دەردەبڕێت بۆ هەر ئەرکێک بکەوێتە ئەستۆی لە پێناوی زەمینە خۆش کردن لەبەردەم پرۆسەی ئاشتی و بەرقەرار کردنی لە کوردستاندا. دواتر کۆبوونەوە هاتە سەر تاووتوێ کردنی ڕەوشی ناوخۆی کوردستان و ئەقلیم و جیهان، بەتایبەت ئێستا کە ناوچەکە لەئەگەری گۆڕانکاری بەدوور نیە، بۆیە بزاڤی ڕزگاری خوازی گەلەکەمان بەتایبەت لە باشوری کوردستاندا پێویستی یەکی حەتمی بەیەکێتی گوتەو کردار هەیە. لە پێناوی پاراستنی دەستکەوتەکان و بەدەست هێنانی دەستکەوتی زیاتر لەهەر گۆڕانکاری یەکدا کەلەناوچەکەدا ڕوو بدات. شایانی باسە بەڕێز گرتن و پشتیوانی لە تێکڕای بزافە ڕزگاری خوازەکانی کوردستان کۆبوونەوە دوای ( **دوو کاتژمێر** ) بەسەرکەوتویی کۆتایی بەکارەکانی خۆی هێنا.

**کۆمسیۆنی ناوەندی پلاتفۆڕی نەتەوەیی کوردستان**

١٩٩٨/٣/٦

بەڵگەنامەی ژمارە (٢٧)

## ڕاگەیاندنی چوارەمین کۆنفرانسی
## ناوەندی سلێمانی و کەرکوکی پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان

بە مەبەستی خۆئامادەکردن بۆ بەستنی کۆنگرەی سێهەمی پارتمان P.K.S.K و هەرچی زیاترە بە گوڕ خستنی هێز و تواناکان و هەڵسەنگاندنی کارو چالاکی ڕابردومان و داڕشتنی بەرنامەی ئایندەمان ، بە ئامادەبوونی هاوڕێیانی بیرۆی سیاسی و ناوەندی سەرکردایەتی پارتمان ، لە بەرواری ١٩٩٨/٨/٢٢ دا لە ژێر دروشمی ( لە پێناو پتەو کردن و فراوان کردنی ڕێکخستنەکانی پارتمان ) ناوەندی سلێمانی و کەرکوک چوارەمین کۆنفرانسی خۆی بەست ، سەرەتای کۆنفرانس سەرجەم هاوڕێیان بۆ ڕێز لێنان لە گیانی پاکی شەهیدانی پارتمان و سەرجەم شەهیدانی ڕێگای سەرفرازی گەل و نیشتمان کۆنفرانسەکە دوای خولەکێك بێدەنگی ڕاوەستان دەستی بە کارەکانی خۆی کرد .

پاش دیاری کردنی دەستەی بەڕێوەبردنی کارەکانی کۆنفرانس ڕاپۆرتی متمانە خوێندرایەوە لە پاشاندا ڕاپۆرتەکانی ئامادەکراو ( سیاسی - ڕێکخستن ـ ڕاگەیاندن ـ پەیوەندیەکان ـ دارایی ـ کاری جەماوەری ) خرانە بەر باس و گفتوگۆ و لە کەش و هەوایەکی دیموکراسیانە ئاڵوگۆڕی بیر و ڕاکان کرا و ڕاپۆرتەکان دەوڵەمەند کران و بڕیاری لەسەر درا .

لە کۆتاییدا لە دوو پرۆسەی جیاواز ز دیموکراسیدا ئەندامانی نوێی ناوەندی سلێمانی و کەرکوك و نوێنەران بۆ کۆنگرەی سێیەمی پارتمان بە دەنگدانی نهێنی هەڵبژێردران . دوای تەواوبوونی سەرجەم کارەکانی کۆنفرانس هاوڕێیان بە گیانێکی شۆڕشگێڕانە سوور بونی خۆیان بۆ پتەو کردنی ڕیزەکانی ڕێکخستنمان و برەو دان بە خەبات لە پێناو وەدی هێنانی ئامانجە چینایەتی نیشتیمانیەکان دووپات کردەوە

ناوەندی
سلێمانی و کەرکوك
پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان
١٩٩٨/٨/٢٣

بەڵگەنامەی ژمارە (٢٨)

## ڕاگەیاندنی کۆتایی کۆنگرەی یەکەمی بزوتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان

### لەژێر دروشمی ( لەپێناو جێبەجێ کردنی ئاشتی و دیموکراتی و یەکسانی کۆمەڵایەتی و چەسپاندنی فیدرالیزم بۆ کوردستان لەعێراقێکی دیموکراتی فرە حزبیدا )

مایەی خۆشحاڵیمانە کۆتایی هاتنی کۆنگرەی یەکەمی بزوتنەوەکەمان بەسەرکەوتوویی بۆ خەڵکی بەشەرەفی کوردستان وسەرجەم حزب وڕێکخراوو لایەنە سیاسی یەکانی هەموو کوردستان وکەسایەتی یە نیشتمانپەروەرەکان و ئەندام ودۆست و لایەنگرەکانی بزوتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان ڕابگەیەنین کە لە ڕۆژانی 23 و 24 /8/1998 دا ئەنجام درا . لەژێر ئەو دروشمەی سەرەوە

لەیەکەم دانیشتنی کۆنگرەدا ئاهەنگی کردنەوەی کۆنگرەکەمان بەبەشداری میوانە بەڕێزەکان دەستی پێ کرا، کە تێیدا نوێنەری بەڕێز کاک مەسعود بارزانی و نوێنەری زۆربەی حزب و لایەنە سیاسی یە دۆستەکان و نوێنەری دەزگا حکومی و ئیداریەکان و پێشەوایانی ئاینیی بەشداربوون . سەرەتا کۆنگرە بەچەند ئایەتێ لەقورئانی پیرۆزو دەقیقەیەك ڕاوەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان و وتاری کردنەوەی کۆنگرە دەستی پێ کرد ، دوابەدوای ئەوە وتارو بروسکەی پیرۆزبایی حزب و لایەنە سیاسی یەکانی کوردستان و عیراق خوێنرانەوەو پاشان ئاهەنگی هونەری بەشادی میوانە بەڕێزەکان دەستی پێ کرد ، سەرەتا بەسروودە نیشتمانی یەکان ولەدواییدا ئاهەنگی بەجۆشی گۆرانی وهەڵپەرکێ بۆ ڕازاندنەوەی کۆنگرە پێشکەش کرا .

سەرلەبەیانی ڕۆژی دوایی بەبەشداری 71 ئەندام کە نوێنەری ڕێکخستنەکانی بزوتنەوە بوون لە شار و شارۆچکەو ناوچەکانی کوردستان دانیشتنی دووەمی کۆنگرە ئەنجام درا ، سەرەتا ڕاپۆرتی متمانەی کۆنگرەکەمان خوێندرایەوەو پاش . . . نگ پەسەند کراو شەرعیەت درایە کۆنگرە . پاشان ڕاپۆرتی سیاسی کە بۆ کۆنگرەی یەکەم ئامادە کرابوو خوێندرایەوەو دوای لێدوان وهەڵسەنگاندن و دەوڵەمەند کردنی لەلایەن کۆنگرەوە پەسەند کرا . شایانی باسە ڕاپۆرتی سیاسی باسی کێشە سیاسی یەکانی ناوخۆو ناوچەکەو چارەسەری کێشە ناوخۆیی یەکان و ئەرکەکانی بزوتنەوەو لایەنە سیاسی یەکانی ناو بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی نەتەوەیی کوردستان و ڕۆڵ وئەرکی حزب وڕێکخراوە چەپەکانی ئەمڕۆ بەپێی هەل ومەرجی قۆناغەکەی گرتووە خۆ و تێیدا پشتگیری خۆی بۆ ئاشتی وچارەسەری سەرجەم کێشەکان وسیستەمی فیدرالی بۆ ئەم قۆناغە دووپات کردەوە بەدەست نیشان کردن و ورد کردنەوەی بارو دۆخی سیاسی وکۆمەڵایەتی وئابووری لەهەموو ئاستەکان .. بەشێوەیەکی گشتی ڕاپۆرتی سیاسی لە( ئاشتی ودیموکراتی و یەکسانی کۆمەڵایەتی ) بەوە

بەڵگەنامەی ژمارە (٢٩)

سەرچاوەی گرتبوو . لەلایەن ئەندامانی کۆنگرە بەتێکڕای دەنگیەسەند کرا . هەردوای ئەوە راپۆرتی پەیوەندی یەکان وراگەیاندن ودارایی ... خرانەبەردەمی ... ئەندامانی کۆنگرە بەزۆرینەی دەنگیەسەند کرا . دو بەدوای ئەوە پەیڕەوی ناوخۆ ... ئەرکەکان و پرۆگرامی بزووتنەوە تاوتوێ کراو بە وردی باس لە یەکە بەیەکەی برگەو خاڵەکان کراو دوای گۆڕانکاری و دەولەمەند کردنی بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا .

دوای تەواوبوونی ... دانیشتنی کۆنگرەدا پرۆسەی هەڵبژاردنێکی ئازاد بەکەیانێکی دیموکراسی یانە ئەنجام درا ... لە کۆی 17 پاڵێوراو ( 10 ) ئەندام بۆ سەرکردایەتی نوێ هەڵبژێردراو کۆنگرە ... خۆی ... ئەرکەکانی تەواو بوو .

هەر لە ئێوارەی هەمان ڕۆژدا سەرکردایەتی یەکەم کۆبوونەوەی خۆی ئەنجام داو تێیدا سکرتێرو مەکتەبی سیاسی بزووتنەوەی هەڵبژارد ... شایانی باسە هاوڕێ مام خدر لەبەر بێ هاو... بەدەنگدانی ئاشکرا هەڵبژێردرایەوەو متمانەی پێ بەخشرا .

شایانی باسە کۆنگرەی یەکەمی بزووتنەوەکەمان بەرهەمی ماندوو بوونی سەرجەم ئەندام وکادیرانی تێکۆشەرو دڵسۆزی بزووتنەوەکەیە .

لەکاتێکدا سەرکەوتنی کۆنگرە بەتەبایی و خۆشحالی پەوە رادەگەیەنین ، پیرۆزبایی لەهەموو ئەندامان و دۆستانی بزووتنەوەکەمان ... و بەهیوایەکی زۆرەوە دەڕوانینە پتەوبوونی پەیوەندی دۆستانەمان لەگەڵ هەموو پارت و ڕێکخراوە سیاسی یە تێکۆشەرو نیشتمان پەروەرەکانی کوردستان .

بژی ئاشتی ودیموکراسی ... یەکسانی کۆمەلایەتی

سەرکردایەتی بزوتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان

1998/8/25

بەڵگەنامەی ژمارە (٢٩)

# روونكردنەوەیەك لە (كۆمسیۆنی ناوەندی)
## (( پلاتفۆرمی نەتەوەیی كوردستان P.N.K ))

بۆ جەماوەری بەڕێزی كوردستان و رای گشتی ..

سڵاوی گەرمی تێكۆشان..

لەم ماوەیەی رابردوودا سەبارەت بە ((پلاتفۆڕمی نەتەوەیی كوردستان P.N.K) دوو راگەیانراوی چەواشە بڵاوبوونەوە. یەكەمیان بە ناوی (كۆمسیۆنی سەرپەرشتی P.N.K) لە ١٦ی ئەیلولی ١٩٩٨ كە گوایە (P.N.K) دوای گفتوگۆیەكی ناوخۆی زۆربەی كادرانی بڕیاریانداوە لە سەنگەری (بزوتنەوەی دیموكراتی گەل كوردستان)دا خەبات بكەن! دووەمیان لە ١٥ی ئەیلولی ١٩٩٨ بە ناوی (زووربەی كادرانی باڵای P.N.K) كە گوایە لەگەڵ (كۆمەڵەی نەتەوەیی كورد)یەكی گرتووە! ئێمە لە (كۆمسیۆنی ناوەندی P.N.K) سەرەڕای بە درۆخستنەوەی هەردوو راگەیاندنەكە بە پێویستمان زانی بەم روون كردنەوەیە راستیەكان بۆ هەموو لایەك ئاشكرا بكەین ((P.N.K)) دوای ئەوەی لە ١ی ئازاری ١٩٩٧ لە راگەیانراوێكی بانگەشەیی‌دا پێكهاتنی خۆی راگەیاند بە مەبەستی كۆبوونەوەی هەرچی زیاتری پەلە شۆڕشگێڕو كەسایەتیە رۆشنبیرو نەتەوەیی‌یە رادیكاڵەكان. كە لە سایەی دایلۆك و لێك تێگەیشتنی ژیرانە یەك گرتنێكی ئارەزومەندانەو دیموكراسیانە دروست بكەین. ئەوەبوو لە (پلینیۆمی) یەكەمی (P.N.K)دا كۆمەڵێ بڕیار پەسەندكران و پەیڕەو و پرۆگرامێك دارێژرا وە بە شێوازێكی دیموكراسیانە كۆمەڵێ لە هەڤاڵانی هەڵسوڕاو بۆ (كۆمسیۆنی ناوەندی) هەڵبژێردران وە بڕیاردرا تا بەستنی كۆنگرە كار بەم پەیڕەو و پرۆگرامە بكرێت. وە لە پرۆگرامەكەدا ئەوە هاتووە كە پێویستە (P.N.K) لە ماوەی یەكساڵدا كۆنگرەی یەكەمی خۆی ببەستێ‌و ببێتە (پارت) یان (رێكخراو) وە لە پەیڕەوو پرۆگرامەكەدا هاتووە. كە هەر شێوە یەكگرتن و بڕیاردانێكی چارەنووس ساز لە دەسەڵاتی كۆنگرەدایە..

(P.N.K) لە هەلومەرجێكدا پێكهاتنی خۆی راگەیاند كە كوردستان لە بارودۆخێكی دژوارو تێك چڕژاودابوو. لەم بارودۆخەدا تێكۆشەرانی (P.N.K) بە گیانێكی بەرپرسانە بەرامبەر گەل و نیشتمان لەخۆبوردوانە بۆ بەدی‌هێنانی ئاشتی‌و ئازادی وە هەروەها پیشاندانی هەڵوێستی شۆڕشگێڕانە لە بەرامبەر رووداوەكان شان بە شانی هێزە شۆڕشگێڕەكان كەوتە خەبات. وە لەگەڵ دوو لایەنی شۆڕشگێڕ (حزبی رزگاری كوردستان) و (یەكیەتی نەتەوەیی دیموكراتی كوردستان - Y.N.D.K) سەركردایەتی كاتی (پرۆسەی هاوكاری) پێك هێنا. لە ماوەی یەكساڵی خەباتی (P.N.K) دا زۆربەی بڕیارەكانی پلینۆمی یەكەم جێبەجێكران هەر لە ماوەی ئەم ساڵەدا پلینۆمی دووەمیش بەسرا كە تیایدا هەموو كارو چالاكیەكانی ماوەی رابردوو هەڵسەنگێنراو نوێنەرانی كۆنگرە دەست نیشان كران كە بە شێوازێكی دیموكراسیانە لەناو رێكخستنەكان هەڵبژێردرابوون. پلینۆمی دووەم بڕیاری‌دا لە مانگی نەورۆزی ١٩٩٨ كۆنگرە ببەسرێت وە لەم رووەوە تەواوی ئامادەكاریەكانی رێكخران وە لەم رووە حكومەتی هەرێمی كوردستانیش ئاگاداركرا.. بەڵام مخابن لەم هەلومەرجە ناسكەدا بە پێچەوانەی بەرژەوەندی گەل و نیشتمان (P.N.K) لە چەند لایەكەوە خرایە

بەڵگەنامەی ژمارە (٣٠)

ژێرگوشارو ئەوەبوو شێرازەی کارەکان و شێوەو جۆری خەبات گۆڕانی بەسەردا هات. لەم هەلومەرجەدا سێ تا چوار لە ئەندامانی ڕێکخراوی ناو شاری سلێمانی، کە نە ئەندامی هیچ کام لە پلینۆمەکان بوون و وە نە بۆ نوێنەرایەتی کۆنگرە هەڵبژێردرابوون وە نە لە هیچ دەزگایەکی حزبیدا بەرپرسیاریان هەبوو. زۆر ئەفس نزمانە بەدەر لە هەموو ڕەوشت و بەهایەکی سیاسی و شۆڕشگێڕی خۆیان لە ڕێکخراوی ناو شاری سلێمانی دزیەوەو دەستیان گرت بەسەر بارەگای شاری سلێمانیداو بە پێچەوانەی پەیڕەوو پرۆگرامی (P.N.K) ماوەیەک تەراتێنی سەر بە خۆیان کرد وەلەم ماوەی رابوردودا دوای تەواوبوونی سەوداو بازاڕی خیانەتیان توشی خول خواردنەوەبوون سەرئەنجام لەسەر فرۆشتنی مومتەلەکاتی ناو بارەگا کە بووەتە موشت و مڕیان و بوونە دوو دەستە هەر دەستەیان چۆتە ناو ڕێکخراوێک لەو دوو ڕێکخراوەی لە سەرەوە باسمان کردن. وە لەوێوە ئەم دوو بەیاننامەیەیان لە بەرامبەر یەکتریو بەناو مەزادکردنی خەباتی (P.N.K)ە بڵاوکردۆتەوە.

ئێمە بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی باڵای گەل و نیشتمان و سەرەڕای پشتگیریو پشتیوانیمان بۆ پرۆسەی ئاشتی کوردستان. بە هەموو لایەکی ڕادەگەیەنین کەوا (پلاتفۆرمی نەتەوەیی P.N.K) لە سەنگەری شۆڕشگێڕانەی خۆیدا قایم ڕاوەستاوەو تا بەدیهێنانی ئامانجی شەهیدە سەربەرزەکانی درێژە بە خەبات ئەدات وە ئەم دوو بڵاوکراوەو هەموو هەوڵێکی لەم شێوەیە بە توندی ڕسواو مەحکوم دەکەین.

وە ڕەخنەی خۆشمان ئاراستەی هەردوو ڕێکخراوی ناوبراو دەکەین کە بێگومان بێئاگاداریو ڕێنوێنی ئەوان ئەم بەیاننامانە نەکراونەوە ئەوە لە کاتێکدایە هەردووک ڕێکخراو باش دەزانن کە ئەم دوو سێ خۆبەدەستەوەدەرانە نە (کۆمسیۆنی گشتی P.N.K) وا نە (زۆرینەی کادرانی باڵای P.N.K) وە ئەم هەڵوێستە بە پێچەوانەی داب و نەریتی حزبایەتیو بنەماکانی دیموکراسیەتە.

لە کۆتاییدا:

سڵاو دەنێرین بۆ گیانی پاکی شەهیدانی (P.N.K) و سەرجەم شەهیدانی سەرفرازی کوردستان بەڵێن بۆ ئەوەستانی کاروانەکەیان بە ئەوان و بنەماڵە سەربەرزەکانیان تازە ئەکەینەوە.

بژی ئیرادەو مەعنەویاتی هەڵسوڕاوانی (P.N.K) لە مەیدانە جۆراوجۆرەکانی خەباتدا..

بەرقەرار بێت ئاشتیو ئارامی لە کوردستاندا.

بێتەدی ئازادیو سەربەخۆییو یەکیەتی کوردستان.

**کۆمیسۆنی ناوەندی پلاتفۆرمی نەتەوەیی کوردستان - P.N.K**

١٩٩٨/١٠/٢٢

بەڵگەنامەی ژمارە (٣٠)

## هەڵویستمان دەربارەی ڕەوتی ئەمڕۆی کورد ..

لە گێژنەی گۆڕانکاریە سیاسییە تیژڕەوەکانی ئەم دواییەی گۆڕەپانی کوردستان و ئەگەری مەترسی لەدەست دانی دەسکەوتەکانی خەبات و قوربانی بێ شوماری نەتەوە ستەم دیدەکەمان کەخاوەنی دەریایەک خوێن و کێوێک قوربانی، ئەوە دەخوازێ کە لە وە زیاتر لە ڕێک خستنەوەی ماڵی خۆمان دوانەکەوین بۆ ئەوەی جارێکی ترمێژوو دووبارە نەبێتەوە پێویست ئەکات شەری چاڵدێران و پەیمانی سیڤەر و لۆزان و لەیستۆکەکانی دووژمن بهێنینەوە یادی خۆمان و لەوغەفلەتە ئاگاداربیبنەوە کەجارێکی تر دووژمن دەیەوێ مێژووی کۆنی کوردستان دوبارە بکاتەوە بۆیە ڕێگایەکی چارەسەرکردنی ڕەوای کێشەی کورد گەڕانەوەی ئاشتی و تەبایی و ئارامییەکەلە ڕێگەی پێکهێنانی ئیدارەیەکی هاوبەش و ئەنجام دانی هەڵبژاردنێکی دیموکراتیانە فۆرمە لە دەکرێت، ئەمەش پێویستە هەوڵ بدرێت پرۆسەی ئاشتی نەکرێتە پرۆسەی کات بەسەر بردن و درێژە دان بەهەمان سیاسەتی کۆنی نەشەری نەئاشتی، بەڵکو پێویستێکی مێژووییەو ئەرکێکی پیرۆزی سیاسی هەردوولایەنی دەسەڵاتدارە، دەست بەکاربن و پەلە بکەن لە هەنگاو نانی بەرەو پێشەوە چوونی پرۆسەی ئاشتی واشنتۆن کە ئیستا جەماوەری کوردستان چاوەڕوانی جێ بەجێ بوونیەتی، بۆ ئەوەی دیل و گیراوەکانی شەر بەتەواوەتی ئازاد بکرێت و باری دۆخی شارەکان ئاسایی ببێتەوە وئاوارەکان بگەڕێنەوە سەر جێگەوماڵی خۆیان وداهاتی کوردستان بگەڕێتەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان وخۆساز دان بەرەو هەڵبژاردنێکی سەرانسەریی بۆ دامەزراندنی حکومەتێکی فرە لایەنی بۆ ئەوەی ببینە هیوایەک لە بەردەم گازاندەی کوردی بێناسنامە ..

سڵاو بۆ ئاشتی و ڕێک خستنەوەیی ماڵی کورد..

بەر قەرار بێت دیموکراسی و یەکسانی ..

سەرکردایەتی

پارتی یەکسانی کوردستان

١٦/سەرماوەزەی/٢٦٩٨ ی کوردی

٧ی کانونی یەکەمی ١٩٩٨ ی زاینی

بەڵگەنامەی ژمارە (٣١)

جەماوەری وڵات پارێزی کوردستان
لایەنە سیاسییەکان.. تێکۆشەرانی گەلەکەمان

لە رۆژی (١٩٩٩/٢/١٣)، سەرکردایەتی حزبمان کۆبونەوەیەکی فراوانی سازکرد. سەرەتا کۆبوونەوەکە بە دەقیقەیەك وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدانی بزوتنەوەی رزگاریخوازی نیشتمانی دەستی پێ کردو پاشان دەست کرا بە هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەی باری سیاسی ئێستای هەرێمی کوردستان و ناوچەکە.. پاش ئەنجامدانی زنجیرەیەك کۆبوونەوەی چڕو پڕ، بەلەبەر چاو گرتنی بەرژەوەندییەکانی گەلەکەمان و تاو و تویٚ کردنی ئەو هەل و مەرجانەی کە گەلەکەمان پێیدا تێدەپەڕێ، هەروەها بە هەست کردن بە لێپرسراویمان بەرامبەر بە پاراستنی گیانی تەبایی و برایەتی نێوان هێزە نیشتمانییەکانی سەر ساحەکە، بە پێویستمان زانی ناوی حزبمان لە (حزبی رزگاری کوردستان)ەوە بگۆڕین بۆ ( بزوتنەوەی رزگاری دیموکراتی کوردستان) وە لە ژێر ئەو ناوە درێژە بەکارو چالاکییەکانمان دەدەین..

هەڤاڵان.. ئەندام و لایەنگرانی حزب..

ئێمە لەسەر هەمان بەرنامەی سیاسی و ستراتیژی پێشومان خەبات دەکەین لەدژی هەموو ئەو پیلان و مانۆڕانەی کە لە دژی دەست کەوتەکانی گەلەکەمان بەڕێوە دەچن، هەروەها بڕوای تەواومان بە دایەلۆگ و راگۆڕینەوە هەیە بۆ دۆزینەوەی رێگە چارە بۆ سەرجەم کێشەکان و بەشیاوترین و گونجاوترین رێگەی دەزانین.. پشتیوانی خۆمان دەردەبڕین بۆ پیادەکرن و بە ئەنجام گەیاندنی هەموو بڕگەکانی رێکەوتننامەی ئاشتی واشنتۆن و داوا دەکەین هەرچی زووە خاڵەکانی جێبەجێ بکرێن و یەکپارچەیی باشوری کوردستان بێتەوە دی.

بژی ئاشتی و تەبایی
ئەفرەت لە دووبەرەکی

بزووتنەوەی رزگاری دیموکراتی کوردستان
سلێمانی
١٦ی شوباتی ١٩٩٩

بەڵگەنامەی ژمارە (٣٢)

## پیرۆزبێت یەکگرتنی (پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان و بزووتنەوەی یەکبوونی کوردستان) لەپێناو هێنانەکایەی یەکریزی چەپ ودیموکراتیەکانی کوردستاندا

جەماوەری خۆڕاگری کوردستان...

کرێکاران... ڕەنجدەران

تێکۆشانی دەیان ساڵەو قوربانیەکانی گەلەکەمان و خۆڕاگری بووە مایەی ڕاپەڕینی یەکریزی ١٩٩١و کە ئەویش بووە ئەنجامی هەڵبژاردنی پەرلەمان و پێکهێنانی حکومەتی کوردستان و ڕاگەیاندنی فیدراڵیزم. ئەم هەلومەرجە تازەیە ئاسۆیەکی گەشی لەبەردەم تێکۆشانی گەلی کوردستان و خواستەکانی چین و توێژەکان کردەوە. هێزو لایەنە نەتەوەیی و نیشتمانیەکان و دیموکرات و پێشکەوتنخوازەکان ئەرکی سەرشانیان لە بەدیهێنانی ئاشتی و سەرخستنی پرۆسەکەو پاراستنی دەسکەوتەکان و قوڵکردنەوەی ئازادییە سیاسیەکان و پاراستنی مافی مرۆڤ و بەدیهێنانی داخوازییەکانی کرێکاران و ڕەنجدەران و موچەخۆر و خانەنشینان زیاتر بووە. هەرچەندە تا ئێستا بەشێك لە خاکی داگیرکراوی کوردستانی باشوور بەدەست ڕاگواستن و بەعەرەبکردن و زوڵم و چەوسانەوەی حکومەتی داگیرکەری بەغدا دەناڵێنێت.

هاوڕێیان... ئازادیخوازان

لەئاکامی درك کردن بە بەرپرسیەتی لەبەردەم ئەرکی نیشتمانی و نەتەوەیی کوردستان و تێکۆشان بۆ گەیشتنی گەلی کوردستان بەسەربەخۆیی و دادی کۆمەڵایەتی و پتەوکردنی پەیوەندی برایانەی نێوان هەموو لایەنەکانی بەشەکانی کوردستان و وڵاتانی ئاکۆکی و چارەسەری ئەو کێشانەی دێنە بەردەم پەلەکانی بزاڤی ڕزگاریخوازیمان بەرێگەی دیموکراسی و گفتوگۆی دۆستانەو جێبەجێکردنی ئەرکەکانمان بۆ بەرەوپێشەوەبردنی دۆزی کوردستان لەهەموو ئاستەکانیدا.

لەڕوانگەی پەرۆشیمان بۆ ئەو هەلومەرجەی کەچەپی کوردستانی پێیدا تێدەپەڕێت و ئەو پەرش و بڵاویەی دووچاری لایەنە دیموکرات و چەپەکان هاتووە ئێمە لە(**بزووتنەوەی یەکبوونی کوردستان و پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان**) کەوتینە هەوڵ و کۆشش بۆ یەکگرتن و یەکخستنی ڕیزەکانمان تا خزمەت بەرەوشی نیشتمانی و قۆناغە سیاسیەکە بکەین. ئەمەش لەوە دەستی پێکرد کە بزووتنەوەی یەکبوونی کوردستان لە کۆنگرەی نائاسایی سێیەمی خۆیداو پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستانیش لەکۆنگرەی سێیەمیدا بڕیاریان لە سەر لێکنزیکی و هاریکاری و یەکبوونی لایەنە چەپ و دیموکراتیەکان و یەکگرتنی هەردوولاشدا، لەم پێناوەشدا لە ماوەی نزیکەی ساڵێکدا دوای گفتوگۆی تێروتەسەل و ڕاگۆڕینەوەو لابردنی کۆسپ و تەگەرەکان و وڵاتانی بەرژەوەندی تایبەتی و ڕەچاوکردنی ناسکی قۆناغەکەو خزمەتکردنی ڕەوشی سیاسی، وەکو سەرەتایێکیش بۆ ڕێکخستنی چەپ و دیموکراتیەکانی کوردستان و گرنگیدان بەهێنانەدی دروشمەکانمان و خزمەتکردنی کرێکاران و زەحمەتکێشان و ڕۆڵ بینینی زیاتر لەناو بزاڤی نیشتمانی کوردستان و پتەوبوونی یەکریزی نێوانمان بۆ پاڵپشتی ئەزموونی کوردستان و دەسەڵاتی یاساو مافەکانی مرۆڤ و ئازادی سیاسی و دیموکراسیەت. ئەم هەنگاوە پیرۆزەمان بە لەخۆبوردوویی و دوورکەوتنەوە لە بەرچاوتەنگی نا، کە جێگەی خۆشحاڵی هەموو لایەکە.

بێگومان ئەمەش هاندەرێك دەبێت بۆ ئەوەی لە ئایندەدا بە بڕواو متمانەی زۆرترەوە تێکۆشین و درێژە بەڕێبازی فیکری و چینایەتی و نیشتمانی و نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی خۆمان بەناوی (**پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان**) بدەین. هەر بەم بۆنەشەوە بانگەشەی جارێکی تری هاریکاری و یەکبوونی چەپ و دیموکراتیەکانی کوردستانی باشوور دەکەین. بە ئەزموونیش دەرکەوت پەرت و بڵاوی لەبەرژەوەندی هیچ لایەکمان نییەو پێویستە گیانی تەبایی و ئاشتی و ئارامی بەدیهێنانی یەکریزی پەرە پێبدەین.

- بژی ئاشتی و تەبایی.
- بێتەدی یەکریزی چەپ و دیموکراتیەکان.
- بژی یەکگرتنی پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان و بزووتنەوەی یەکبوونی کوردستان.

**کۆمیتەی سەرکردایەتی**
**بزووتنەوەی یەکبوونی کوردستان**
**Yekbûn**

**ناوەندی سەکردایەتی**
**پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان**

کوردستان- هەولێر ١٩٩٩/١٢/١٠

بەڵگەنامەی ژمارە (٣٣)

# ٤

# لایەنە ئیسلامیەکان

# لایەنە ئیسلامیەکان

ئیسلامی سیاسی لە ڕوی چەمکەوە، ئەو بزوتنەوە سیاسیانە دەگرێتەوە کە زانا موسوڵمانەکان سەرکردایەتی دەکەن و بانگەشەی دووبارە بە ئیسلاکردنەوەی کۆمەڵگەی ئیسلامی دەکەن کە لە دیدی ئەوانەوە بە پێی پێویست ئیسلام نین. ئەمانە خاوەنی ڕێکخستنێکی ئاوێتەن لە نێوان سۆفیگەری باو لەگەڵ حزبی سیاسی نوێدا[٧٣].

سەرەتای مێژووی ئیسلامی سیاسی دەگەرێتەوە بۆ دوای جەنگی جیهانی یەکەم، کاتێک دەوڵەتی ئیسلامی عوسمانی هەڵوەشایەوە و ڕوخا، ئیدی ئیسلام و موسوڵمان چونە دەرەوەی بازنەی سیاسەت و ڕۆڵی دەوڵەتی و نێودەوڵەتی. بۆیە موسڵمان لە کۆمەڵگەی ئیسلامیەکاندا، گەڕانی بۆ بیر و باوەڕەو شێوەو چلاکی نوێ دەکرد تا بە سود وەرگرتن لە بارودۆخ، جارێکی تر بێتەکایەی سیاسەتەوە، لە ناوچەیەکدا کە کایەی سیاسەت بە دەوڵەتە نوێکان سپێردرابوو.

لەدوای دووەمین جەنگی جیهانی، گۆرانکاری گەورە ڕویدا لەسەر ئاستی سەرجەم کایە مرۆڤایەتیەکانی وەک سیاسەت و ئابوری و کۆمەڵگەو بیرو هتد.... بیری سیاسی ئیسلامیش بەدەر نەبوو لەو گۆرانانە. لێرەدا قۆناغ دوای قۆناغ گەشەی بیری ئیسلامی سیاسی گەشەسەندنی بەخۆوە بینی کە ئەمانەی لای خوارەوەن:

1. دین ودەوڵەت لەشێوە کۆنەکەی نەتەوایەتیدا: ئەم قۆناغە پەیوەستە بەو ماوەیەی کە بزاوتە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکان بەسەرجەم ڕەوتە جیاوازەکانیەوە، خەباتیان دەکرد لە پێناو دەرکردنی داگیرکەرو

---

[٧٣]محمد ابو رمان: مابعد الاسلام السیاسی مرحلة جدیدة او اوهام ایدولوجیة، مرکز دیراسات الاستراتیجیة، عمان، ٢٠١٨، ص٢٦.

بەدەستهێنانی سەربەخۆیی. نەتەوەو دەوڵەت زیاتر گرنگی پێدەدراو هەر ئەمەش ئامانجی سەرەکی بوو لای سەرکردە ئیسلامیەکان.

2. دوای سەربەخۆیی، قسەکردن بوو لەسەر پەیوەندی نێوان دەوڵەت و ئاین. هەر بۆیە ئیسلام و دەوڵەت بوو بە بەشێک لەگفتوگۆ سیاسیەکان. بیرە زاڵەکە لای باوخوازە کۆنە پارێزەکانی کۆمەڵگە ئەوەبوو کە دەوڵەت بۆ ئەوەی نوێگەری تیایدا زاڵبێت پێویستە عەلمانی بێت. لەبەرامبەردا بیرمەندە ئیسلامیەکان لەو باوەڕەدا بوون کە بۆ بەدیهینانی ئامانجەکانی ئاین، دەوڵەت پێویستە[٧٤].

3. ئاین و شۆرش: ئەم قۆناغە لەدوای بەدەستهێنای سەربەخۆیی دەوڵەت دەستپێدەکات کە سەربەخۆخوازە توندڕەوە نەتەوەییەکان ڕابەڕایەتییان دەکرد. ئەم سەرکردانە، پەیوەندییان دروست کرد لە نێوان ئیسلام وەک ئاین و شۆرش وەک ڕێبازی گۆرانکاری ریشەیی لە دوای داگیرکاری. لەدەستوری میسریدا لە ساڵی ١٩٦٢ ئاین وەک شۆرشی مرۆڤایەتی پێناسە کراو بە بەشێک لە شۆرش لەقەڵەمدرا. ئەمەش ئاینی خستە نێو پرۆسەی مۆدێرنەی دەوڵەتەوە. ڕادیکاڵەکان ئاینیان بە بنەمای سەرەکی دەوڵەت دانەنا، بەڵام بەتەواوەتی بانگەشەی عەلمانیشیان نەکرد. عەبدولرەحمان بەزاز کەسەرکردەیەکی ناسۆنالیستی عەرەبی عێراقی بوو لەسیمینارێک بەناوی ئیسلام و نەتەوایەتی عەرەبی لە ساڵی ١٩٥٢ دەڵێت: هەرچەندە ئیسلام ئاینێکی جیهانییە بەڵام بەتایبەت بۆ عەرەب هاتووە. هەربۆیە نەتەوایەتی و ئاین دوو ئاراستەی دژبەیەک نین، بەڵکو تەواوکەری یەکن.

4. سەردەمی ئیسلامی سیاسی: قۆناغێکی تر لەسەرەتای شەستەکانەوە دەسپێدەکات لەسەردەستی سەید قوتب تیۆریزە کرا. ئەم باسی دین و دەوڵەت ناکات بەڵکو باسی ئەوەدەکات کە ئیسلام ڕێبازێکی گشتگیرە و ئیسلام دەوڵەت و کۆمەڵ و ئیمانە. قوتب هێرشی کردە سەر ئەوەی کە

---

[74] john o. voll :Political Isl am and the State. . in ISLAM AND POLITICS, Oxford University Press 2013, P58

ئیسلام بەشێک بێت لە نەتەوایەتی و لەشۆرش. ئەمەش وەک رەخنەگر و رکەبەرێک بوو بۆ باوخوازەکان و رادیکاڵەکانی جیهانی ئیسلامی. ئەم قۆناغە لە حەفتاکانەوە تا کۆتایی نەوەدەکانی خایاند و دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی کە شەریعەت جێبەجێبکات دەبێتە دروشم بۆ بزوتنەوە ئیسلامیەکان کەدواتر پێیان ووترا ئیسلامی سیاسی. لە جێبەجێکردنی شەریعەتدا دوو ڕەوت دەرکەوتن، ئەویش دەستگرتن بوو بەسەر دەوڵەتدا و لەوێوە جێبەجێکردنی شەریعەت کە لە ئێران و پاکستان و سۆدان ئەم نمونەیە بینرا، ئەوەی دووەمیان لە بەئیسلامکلادنی کۆمەڵگە لەخوار ڕا بۆسەروە بەرنامە ڕێژی دەکرد نمونەکەش لەمالیزیا و لە تونس بینرا. ئەمەش بەشێک بوو لە نوێگەریەی کە سەراپای جیهانی گرتبووەو تەنها تایبەت نەبوو بە پرۆژە ئیسلامیەکان[٧٥].

5. جیهانگیری وگەرانەوە بۆ ئومەت: ئەمە لە سەردەستی محمد خاتەمی لە ١٩٩٧ سەریهەڵدا کە ئەویش لە بری دەوڵەت، باس لە ئومەت دەکات وەک یەکەیەکی ناوەندی بۆ ناسنامەی ئیسلامی. ئەم چەمکە تۆختر دەرکەوت لەدوای ڕوداوەکانی بەهاری عەرەبی، جەمال بەننا لەمبارەیەوە وتی کاتێک چەمکی ئیسلام دین و دەوڵەتە لە لایەن حەسەن بەننای براکەیەوە داهێنرا، بۆ سەدەی بیستبوو، بۆ سەدەی نوێی شتی تری پێویستە. هەروەها بیرمەندێکی تورکی لەمبارەیەوە وتی: هەر چەندە نەتەوایەتی هێشتا لە برەودایە بەڵام بۆ چارەسەری پرسە جیهانیەکان پێویستمان بەچەمکی جیهانی فراوانترە وەک ئومەت نەک نەتەوە. ئیدی لێرەوە گۆڕانێک لە بیری ئیسلامیدا ڕویدا کە لەبری داکۆکی کردن لەمافی ئیسلام لەناو دەوڵەت، داکۆکیکردنە لە ئەرک وفرەیی و مێژوویی لە دەروەی سنوری دەوڵەت کە پێی دەوترێت جیهانی ئیسلامی[٧٦]. نەوەدەکانی جیهانی ئیسلامی دوو ئەزمونی

[75] john o. voll : P58

[٧٦] محمد ابو رمان:المصدر السابق، ص١١.

دیموکراسی جیهانی ئیسلامی بە شکست بۆخۆی تۆمار کرد. یەکەمیان هەڵبژاردنی جەزائیری ساڵی ١٩٩٢ بوو کە بەرەی ئینقازی ئیسلامی زۆرینەی ڕێژەی دەنگدانی بەدەستهێنا بەڵام لە لایەن دەسەڵاتی سەربازی دەوڵەتەوە ڕێگەی لێگرا کە حکومەت پێکبهێنێت و شەڕی نێوان سوپا و ئیسلامیە توندڕەوەکان دەستی پێکرد کە تا ساڵی ١٩٩٩ ژمارەی قوربانیەکان بە ٢٥٠ هەزار کوژارو مەزەندە کرا. ئەزمونی دووەم هەڵبژاردنەکانی ١٩٩٥ی تورکیا بوو کە پارتی ڕەفاە بە سەرکردایەتی ئیسلامیەکان بەرزترین ریژەی دەنگدانی لەنێو حزبەکانی تری پەرلەمان بەدەست هێنا و لە سالی ١٩٩٦ حکومەتی پێکهێناو دوای ساڵێک لە پێکهێنانی حکومەت، لە لایەن سوپای تورکیاوە سەرۆکی حکومەت ناچار کرا دەسبەرداری دەسەڵات ببێت. ئەم دوو ئەزمونە بوون بە دوو نمونە بۆ دیموکراسی جیهانی ئیسلامی لە لایەک و بۆ ئیسلامی سیاسی لە لایەکی تر. بۆیە هەر لەو ماوەیەدا چەمکێکی تر لە ڕۆژئاواوە سەریهەڵدا ئەویش بەناوی دوای ئیسلامی سیاسی یان پۆست ئیسلامی سیاسی، کە بە مانای گۆڕان یان وەرچەرخان بوو لە بیری ئیسلامی سیاسی باودا. بیری ئیسلامی سیاسی باو لەژێر کاریگەری دامەزراوەی دەوڵەت بوو بەڵام خودی ئەم دامەزراوەیە لەدوای تەواوبونی جەنگی سارد کەوتە بەردەم شاڵاوی جیهانگیری و نیولیبرالیزم کە ئەرزشێکی بۆ سنوری دەوڵەت لەڕوی سیاسی و ئابوری و کلتوری نەهێشتەوە. بەدوایدا بیری ئیسلامی سیاسی بە توندڕەو و میانڕەوەوە کەوتە تێپەڕکردنی سنوری دەوڵەت. ئەوەبوو ڕێکخراوی قاعیدە لە ئەفغانستان لە ١٩٩٦ کەوتە کار کە ڕێکخراوێکی ئیسلامی توندڕەوی جیهانی بوو. هاوکات میانڕەوەکان کەوتنە خۆگونجاندنی زیاتر لەگەڵ دیموکراسی و کرانەوە بەڕووی فرەیی.

ڕەوتی ئیسلامی لە کوردستاندا وەک ڕەوتەکانی تری جیهانی ئیسلامی کەوتە ژێر کاریگەری بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی. واتا خۆی بینیەوە لەنێو ئەو پارتە نەتەوەییانەی کە بانگەشەی بیری رزگاریخوازی نەتەوەییان دەکرد. بەڵام بە پەرەسەندنی بیری چەپگەری ڕادیکاڵی نەتەوەیی لە کوردستان بە

تایبەت لە دوای ساڵی ١٩٧٥، پیاوانی ئاینی خۆیان نەدۆزییەوە لەو بۆتەیەدا. بۆیە لە هەشتاکاندا، تان و پۆی ڕەوتی ئیسلامی زیاتر دەرکەوت و لە ١٩٨٧ بزوتنەوەی ئیسلامی لە کوردستانی عێراق سەریهەڵدا وەک پارتێکی کوردی ئیسلامی چەکدار. تا ڕاپەرینی ١٩٩١و هەڵبژاردنی ١٩٩٢ کێشەیەک لە نێوان ئیسلامیەکان و پارتە نەتەوەییەکاندا نەبوو، بەڵام ئەنجامی هەڵبژاردنی ١٩٩٢، جێگەی شۆک بوو بۆ هەردولا. لیستی ئیسلامی کە پێکهاتبوو لە بیروبۆچونە جیاوازەکانی ئیسلامیەکان نزیک بونەوە لە بەربەستی ڕێژەی ٧% کە پێویست بوو بچنە پەرلەمان. ئەو ڕێژەیە بە لای ئیسلامیەکانەوە کەم بوو، بەڵام بەلای پارتە نەتەوەییەکانەوە زۆر بوو. هەر بۆیە لە ١٩٩٣ شەڕی نێوان باڵی چەکداری لیستی ئیسلامی کە بزوتنەوەی ئیسلامی بوو لەگەڵ (ی.ن.ک) سەریهەڵدا و تا ١٩٩٧ بەردەوام بوو.

لە بەڵگەنامەکانی بەشی چوارەمدا ئیسلامیەکان دەبینین لەشەڕ و ئاشتی و پرسی نەتەوەیی و نێو نەتەوەیدا چۆن خۆیان نواندووە:

١- ئیسلامیەکان لە شەڕدا[٧٧]: بەشێکی ئیسلامیەکان لایەنێکی گرنگبوون لەشەڕی ناوخۆ. ئەوان یان تەرەفی سەرەکی بوون یاخود لایەنگری لایەنێک بوون دژی لایەنێکی تر. گوتاری ئیسلامی لەژێر تین و تاوی شەڕدا دەنوسرا. تایبەتمەندی گوتاری ئیسلامی چەکدار لەوکاتەدا ئەوە بوو کە شەڕەکان لەژێرناوی خودا دەکراو ناوچەکانی خۆیان بە ((خاکی ئیسلام)) دەزانی. ((بسم الله الرحمن الرحيم دەزگا پڕو پاگەندە شڕ و شڕە خۆرەکەی تاقمی ...... لەڕێگەی بەکرێ گیراوەکانیان بانگەشەی ئەوە دەکەن کەوا هێزە شڕە خۆرەکانیان گوایە ناوچەی هەڵەبجەی شەهیدیان لە پێشمەرگە نەبەزەکانی بزوتنەوەی ئیسلامی سەندووە)). گوتارە توندەکانی لایەنە شەڕکەرەکان بەئیسلامیەکانیشەوە، پەیوەندە بەدۆخی گرژی کوردستانەوە بوو، کەتیایدا چەک لەبری ئاین و نەتەوە وکۆمەڵگە بیری دەکردەوەو کاری پێدەکرا. بۆیە لایەنەکانی شەڕ زۆر بەباشی بەهاکانی کۆمەلگەیان لەپێناو سەرکەوتنەکانی خۆیان بەکاردەهێنا.

---

[٧٧] بەڵگەنامەی ژمارە (٣٧): بسم اللهالرحمن الرحيم

٢- ئیسلامیەکان و پرسی نەتەوەیی[٧٨]: نەوەدەکانی سەدەی ٢٠، بەزۆری ژمارەی حزب دەناسرێتەوە بەجۆرێک ناسینەوەی ئەم پارتانەو مێژووی دروستبوون و نەمانی حزبەکان کارێکی زەحمەتە. ئەمە بۆ پارتە ئیسلامیەکانیش دروستە. لەمبارەیەوە ناوی چەندین پارت دێتە پێش کەهەڵوێستی بەرچاویان دەرخستووە لەمەڕ پرسەنەتەوەییەکانی وەک شەڕی ناوخۆ و بۆنە نیشتمانییەکان. بزوتنەوەی ئیسلامی نەتەوەیی کورد لەساڵیادی کارەساتی ئەنفالدا دەڵێت:((ئەنفال یەکێکە لەدڕندەترین تاوانەکانی ڕژێمی ڕەگەزپەرستی فاشی بەغدا بەرامبەر نەتەوەی کوردی موسڵمان و هەموو مرۆڤایەتی و کارێکی ناڕەوابوو بەناوی ئاینی پیرۆزی ئیسلامە ئەنجامدرا، بۆ لەناوبردن و قڕکردنی ئەم نەتەوە موسڵمانە)). تێروانینی ئەم حزبە بۆ حزبەکانی تر بریتییە، ((ئێمە لایەنە خەباتگێڕەکانی کوردستان وەک برا ئیسلامیەکان بەگشتی و PUK، PDK، PKK، کۆمۆنیستەکان و سۆسیالیستەکان بەخزمەتکاری نەتەوەی کوردیان دەزانین)). لە چەقی ململانێی ڕەوتەسیاسیەکاندا، هەڵوێستی لەوجۆرە جێگەی تێڕامانە.

٣- ئیسلامی میانڕەو[٧٩]: حزبی شیوعی کوردستان لەسالیادی دامەزراندنی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان وەک حزبێکی میانڕەو بەمشێوەیە وەسفی ئەو حزبە دەکات ((یەکگرتوی ئیسلامی بە شێوەیەکی هاریکاریانەو هێمنانە دەڕوانێتە ڕووداو کێشەکان و هەوڵی چارەسەرکردنیان دەدات دوور لە توندوتیژی. .... پەیوەندی حیزبی ئێمە لەگەڵ یەکگرتووی ئیسلامیدا، چ لەسنوری ئەم پارێزگایە و چ لەسەرانسەری هەرێمی کوردستاندا پەیوەندیەکی دۆستانەو هاوکارانە بووە و لەهەموو بوارێک کە تێیدا کارمان کردبێ ڕا و بۆچونەکان و چارەسەرەکانمان گەلێک لەیەکەوە نزیکبوونە)). ئەم وەسفەی حزبێکی کۆمۆنیستی بۆ حزبێکی ئیسلامی، دەرخەری کرانەوەی ئیسلامیەکان بوو بەڕووی کاری فرەی و کاری سەرو ئایدۆلۆجی کە لە نەوەدەکانەوە لە جیهاندا ڕۆژ دوای ڕۆژ زیاتر پەرەی سەند.

---

[٧٨] بەڵگەنامەی ژمارە (٤٢): بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

[٧٩] بەڵگەنامەی ژمارە (٣٦): پیرۆزبای حیزبی شیوعی بەبۆنەی ساڵیادی دامەزراندی یەکگرتووی ئیسلامیەوە

## بەڵگەنامەی ژمارە (٣٤)

## ڕوونکردنەوەیەک لەمەڵبەندی سلێمانی بزوتنەوەی ئیسلامییەوە[80] سەبارەت بە ڕوداوی شاری هەڵەبجەی شەهید لە١٩٩٦/٣/١٧

جەماوەری بەشەرەف و سەربەرزی شاری سلێمانی خۆشەویست

سڵاوی خوای گەورەتان لێ بێت

گومانی تێدانیە لەگۆڕەپانی کوردستاندا چەندین حیزب و ڕێکخراوی فیکر جیاواز کاری سیاسی ئەنجام دەدەن و ڕۆژانە هەڵسوکەوتیان و شوێنی کاریان لەیەک نزیک دەبنەوەو بەڵگە نەویستە کە هەندێک کێشەو گیروگرفت دروست دەبێ بەڵام دەبێ هەموو لایەکمان بە گیانی مەسئولیەتەوە لەکێشەکان بچنە پێشەوەو قەبارەی قەبارەی خۆی بدەینێ و چارەسەری حەکیمانەی بۆ دابنێین.

لەڕۆژی فیستیڤاڵی هەڵەبجەی شەهیدا[81] لەناو شاری هەڵبجە بۆنەیەک سازدرا لەلایەن برادەرانی حیزبی شیوعیەوە کە تێیدا شانۆگەریەک نمایشکراو

---

[80] بزوتنەوەی ئیسلامیی لەکوردستانی عێراق، بزوتنەوەیەکی سیاسی جیهادیی ئیسلامییە، ساڵی ١٩٨٧ لە لایەن کۆمەڵێک پیاوی ئایینی بە سەرکردایەتی مەلا عوسمان عەبدولعەزیز لە ئێران دامەزراوە. ساڵی ١٩٩٣ و ١٩٩٧ دەکەونە شەڕێکی سەخت و قوسەوە لەگەڵ (ی.ن.ک) و بە ڕێکەوتنامەی تاران کۆتایی دێت. لەگەڵ بزووتنەوەی ڕاپەڕینی ئیسلامیدا کە مەلا سدیق عەبدولعەزیز سەرکردایەتی دەکرد، یەکیان گرت و بزووتنەوەی یەکبوونی ئیسلامییان ڕاگەیاند، بەڵام ئەم یەکبونە زۆری نەخایاند و لە مانگی مایس/٢٠٠١ بزوتنەوە دابەشبوو بۆ بۆ سێ پارت. بزوتنەوەی ئیسلامی لەژێر قەڵەمڕەوی مەلا عەلی عەبدولعەزیز مایەوە، کۆمەڵی ئیسلامی بە سەرکردایەتی عەلی باپیر، ئەنسار ئەلئیسلام بە سەرکردایەتی مەلا کرێکار جیابوونەوە. ڕابەری ئێستای بزوتنەوە شێخ عیرفان عەلی عەبدولعەزیزە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:پەیڕەوی ناوخۆ : https://web.archive.org/web

[81] لە دوای ڕاپەرینەوەو بە دیاری کراوی لە ساڵی ١٩٩٢ بەدواوە، ساڵانە فستیڤاڵی هەڵەبجە ساز دەکرا لە ڕۆژی ١٦ی ئازار لە یادی کیمیابارانی هەڵەبجە بوو. لەو ڕۆژەدا چەندین چالاکی ئەدەبی و هونەری ئەنجام دەدرا. بەڵام بەهۆی گرژییە سیاسیەکانەوە، ساڵ دوای ساڵ فستیڤالەکە بەسەر ڕەوتە جیاوازەکان دابەش دەبوو بە جۆرێک هەر لایەنەو بەپێی بیروبۆچونی خۆی، یادی هەڵەبجەی دەکردەوە. ئەم بەڵگەنامەیەو بەڵگەنامەی ژمارە(٣٥) زیاتر شێوەی بەڕێوەچونی فستیڤاڵی هەڵەبجە لەو ساڵانەدا دەخاتە ڕوو.

هەندێک هێرشی بۆسەر موقەدەساتی میللەتەمان تیابوو کە ئەوە نەئێستا بەڵکو هیچ کاتێک لەبەرژەوەندی میللەتەکەمان نەبووەو نابێ.

بەهەرحاڵ ئەسڵی کێشەکە بەم جۆرە بووە:

چەند چەکدارێکی پارتی لەگەڵ برایەکی ئێمە بەیەکدادێن و لەئەنجامدا چەکدارەکەی پارتی دەستڕێژ دەکاتە ناو خەڵکەکەو ئەو برایەی ئێمە شەهید دەبێت و خێزانی پێشمەرگەیەکمان کە دوگیان بوو بە هەمان شێوە شەهید دەبێ و چەند کەسێکیش لەجەماوەر بەردەکەون.

بەڵام شەوی ١٨-٣/١٩ ڕادیۆو تەلەفیزیۆنی حیزبی شیوعی ئەسڵی ڕووداوەکەیان ئاوەژوو کردۆتەوەو بەهەر مەبەستێک بووەو بڵاویانکردەوە گوایە بزوتنەوەی ئیسلامی تەقەی لەجەماوەر کردووە.. کە ئەمە زۆر لەڕاستیەوە دورەوە پێچەوانەی هەقیقەتی ڕووداوەکەیە بۆیە ئێمە لێرەوە ڕای دەگەیەنین لەسەر دەستی ئێوەی جەماوەردا ئامادەین لیژنەیەکی تەحقیقی دروست بکرێ بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری ڕوداوەکەو ڕەتکردنەوەی هەنێک بوختان کە لەبەیاننامەی حیزبی شیوعیدا هاتووە.

ئیتر بە هیوای تەبایو پێکەوە ژیانو ئاشتی بەو ئومێدەی لولەی هەموو تفەنگەکانمان بکەینە سەر سنگی دوژمنی سەرسەختی گەلەکەمان کە ڕژێمی بەعسی کافرو خوێنڕێژە...

دەبا بۆ دواجار شەڕی ناوخۆ لەکوردستان دا بنەبڕ بکەین.

مەڵبەندی سلێمانی

بزووتنەوەی ئیسلامی لەکوردستان/عێراق

٢٩/شوالی/١٤١٦ ١٩٩٦/٣/١٩

## بەڵگەنامەی ژمارە (٣٥)

## بسم اللەالرحمن الرحیم

## لیژنەی پاراستنی ئاشتی و برایەتی هەڵەبجە

لیژنەکە ڕۆژی ٣/١ لەبارەگای حیزبی شیوعی کۆبونەوەی ئاسای خۆی ئەنجامداو ئەم باسانەی خوارەوەی خستە بەر لێکۆڵینەوە:

هێنانی بەدالەیەکی مایکۆری ٥٠٠ خەتی کە ٢٥٦ خەتی ئێستە کاردەکات بۆ هەڵەبجە لەلایەن یەکێتی نیشتیمانیەوە موتابەعە بکرێ.

هەروەها موتابەعەی محطەی کارەباکە بکرێ کە بڕیاربوو بهێنرێ .

هەروەها باسی دەست بەکارکردنەوەی مەشروعی ئاوەکەی زەڵم - هەڵەبجە کرایەوە و دووبارە متابعە بکرێ.

باسی کێشەی بازگەکان کرا کە هەڵسوکەوتیان چاک بکەن لەگەڵ لایەنە سیاسیەکان و جەماوەر بەگشتی .

تەنکی مشروعی ئاوی زەمەقی فرۆشراوە بەکابرایەک بەناوی (ک. ل) و برایانی بزوتنەوە متابعەی بکەن .

باسی فیستیڤاڵ کرا کە زیاتر جەخت بکرێ لەسەر دروست نەکردنی کێشە و لەژێر شیعارێکدا بێت بۆ دروستکردنی ئاشتی و برایەتی و تەجروبەی ڕابردوو دوبارە نەکرێتەوە.

باسی سەردانێک کرا لەبەڕێزان کاک کۆسرەت ڕەسوڵ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و کاک فەریدون عبدالقادر پارێزگاری سلێمانی لەلایەن لوجنەکەو بەرپرسانی یەکەمی لایەنەکانەوە پاش ڕەزامەندی لایەنەکان و پاشان هەر لایەک وەڵام بداتەوە بە مەڵبەنی ٩ی شارەزوور لەڕێگەی خۆیەوە.

دانیشتنی داهاتوو ٢/١٣ لەبارەگای بزوتنەوەی ڕاپەڕین سعات ٢ی پاش نیوەڕۆ

١٩٩٧/٢/١

ئیمزاکان:

بزوتنەوەی ئیسلامی

یەکێتی نیشتیمانی

حیزبی سۆسیالیست

بزوتنەوەی ڕاپەڕین[٨٢]

یەکگرتووی ئیسلامی

حیزبی شیوعی

[٨٢] بزوتنەوەی ڕاپەرینی ئیسلامی، یان (حرکة النهضة الاسلامیة) کە بەخۆیان دەوت (برا) لەلایەن مەلا صدیق عەبدولعەزیز دامەزرا لە ١٩٩٢. برا یان ناوە باوەکە (نەهزە)، خۆی بە ڕوتێکی سەر بە ئیخوان مسلمین پیشان ئەدا. بۆیە ئەمە وایکردبوو لە ململانێیەکی سیاسی و فکریدابێت لەگەڵ یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان کە ئەوان خۆیان بەنزیکتر دادەنا لە ئیخوان مسلمین. ساڵی ١٩٩٩ چونە پاڵ بزوتنەوەی ئیسلامی و هەڵوەساندنەوەی خۆیان ڕاگەیاند. بڕوانە/ نیاز سەعید علی: دیاردەی ئیسلامی سیاسی و ڕەوتی ئیسلامی سیاسی لە کوردستانی عێراق، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی، ٢٠١٠، ل٩٥.

## بەڵگەنامەی ژمارە (٣٦)

## پیرۆزبای حیزبی شیوعی

## بەبۆنەیساڵیادی دامەزراندی یەکگرتووی ئیسلامیەوە

برایانی مەڵبەندی یەکی یەکگرتووری ئیسلامی

ئامادەبوانی هێژا

ئەم کاتەتان شاد

پێشەکی بە ناوی کۆمیتەی پارێزگای سلێمانی حیزبمان و هاوڕێیانمانەوە، بەگەرمی پیرۆزبای لەسێهەمین ساڵڕۆژی دامەزراندی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، ئەکەین و هیوای سەرکەوتنی بۆ ئەخوازین لەهەوڵ و کۆششە خزمەتگوزاری و ئاشتی خوازەکانیدا.

یەکگرتوی ئیسلامی بە شێوەیەکی هاریکاریانەو هێمنانە دەڕوانێتە ڕووداو کێشەکان و هەوڵی چارەسەرکردنیان دەدات دوور لەتوندوتیژی. واتە ئەو هەولانەی گونجاندووە لەگەڵ پێداویستیەکانی بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستاندا.

پەیوەندی حیزبی ئێمە لەگەڵ یەکگرتووی ئیسلامیدا، چ لەسنوری ئەم پارێزگایەو چ لەسەرانسەری هەرێمی کوردستاندا پەیوەندیەکی دۆستانەو هاوکارانەبووەو لەهەموو بوارێک کە تێیدا کارمانکردبێ ڕاو بۆچونەکان و چارەسەرەکانمان گەلێک لەیەکەوە نزیک بوونە. بەتایبەت ئەوەی پەیوەندی بە بارودۆخی هەرێمی کوردستانەوە هەبووبێ.

ڕۆژگاری ئێستای هەرێم، بنەبڕکردنی هۆکارەکانی شەڕی ناوخۆ، چەسپاندی ئاشتی سەرانسەری لەوڵاتدا، چارەسەرکردنی کێشە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکانی خەڵکی هەژارو برسی و بێکار، ڕێگەگرتن لەپیلان و دەستتێوەردانی نەیارانی ئازادی و سەربەخۆی گەلەکەمان، پێکهێنانەوەی حکومەتێکی یەکگرتووی فرەلایەنی دیموکراتی، پاراستنی مافی مرۆڤ و دیموکراسی سیاسی..هتد، کۆمەڵە داخوازیەکی گرنگ و بەپەلەن و پێویستیان بە هاوکاریو کۆمەکی هەموو دڵسۆزان هەیە. حیزبی ئێمە ئامادەیە بۆ هاوکاریکردن و ئەنجامدانی هەموو جۆرە هەوڵ و کۆششێکی هاوبەش لەپێناو

بەدی هاتنیاندا.. ئەمانە ئەرکی نیشتیمانی و نەتەوەی و مرۆڤانەو ئاینی هەردولامان و هێزە نیشتیمانیەکانی تری وڵاتە.

جێبەجێکردنی ئەو خاڵانەی کە لەکۆبونەوەکانی ئەنقەرەدا لەسەریان پێکهاتن، زەمینەو هەلومەرجی لەبار ئەرەخسێنێ بۆ چەسپانی ئاشتی و پەیداکرنی متمانەو باوڕ بەیەکتری، و ڕێگە خۆشکرد بۆ کۆتای هێنان بەم کەرتکردنەی کوردستانی ئازادکراو. ئەمەش لەپێشی هەر لایەکی ترەوە ئەرکی سەرشانی پارتی و یەکێتییە کە ئەبێ پەلەبکەن لەبەئەنجام گەیاندنیاندا.

دوبارە پیرۆزبایتان لێ ئەکەین و هیوای سەرکەوتنتان بۆ ئەخوازین

ئیتر هەر سەرکەوتوو بەختەوەربن

کۆمیتەی پارێزگای سلێمانی

حیزبی شیوعی کوردستانی عێراق

١٩٩٧/٢/٦

## بەڵگەنامەی ژمارە (٣٧)

## بسم اللەالرحمن الرحيم

دەزگا پڕوپاگەندە شڕو شڕخۆرەکەی تاقمی جەلال لەڕێگەی بەکرێگیراوەکانیان بانگەشەی ئەوە دەکەن کەوا هێزە شڕە خۆرەکانیان گوایە ناوچەی هەڵەبجەی شەهیدیان لەپێشمەرگە نەبەزەکانی بزوتنەوەی ئیسلامی سەندووە.

ئێمە لەکاتێکدا ئەم هەموو درۆو چەواشەکاریەی تاقمی جەلال بە توندی ڕەت دەکەینەوە، سەرنجی جەماوەری کوردستانی خۆشەویست ڕادەکێشین بۆ ئەو هەقیقەتانە خوارەوە:

جەلالیە کورد کوژەکان زۆریان خۆهێناو برد کە بتوانن بستێک لەخاکی ئیسلام بە پێی چەپەڵی خۆیان گڵاو بکەن، بەڵام سوپاس بۆ خوا شێرە کوڕانی ئیسلام تا ئێستا توانیویانە هەموو هێرشە جۆربەجۆرەکانی پڕچەکی تەپڵە سەوزو کورد کوژەکانی جەلال بشکێنن و وەڵامی قەپۆزشکێنیان بدەنەوە، تا ئامادەکردنی ئەم ڕونکردنەوەیە هێزێکی زۆر و بۆر و شڕەخۆری ئەم تاقمە سەرلێشێواوە لەدەریاچەی سیروان لەلایەن پێشمەرگەکانی بزوتنەوەی ئیسلامی ئابڵوقە دراون و داوای خۆ بەدەستدانیان بەردەوامە، ئەگینا وەک سەرانی کاسەلێسەکانیان بە جەهەنم مشرف دەکەین، ئەم ئابڵوقەیەش دوای ئەوەبوو کە لەناوچەی شارەزورو هەورامان شکستێکی ئێکجار گەورەیان بەسەرا هاتووە کە بووە هۆی کوژرانی تاقمێکی زۆر لەجەلالیەکان.. بۆ ڕاستی ئەمەش زیاتر لە٣٠ کەلەشی گەنیویان گەیشتوەتەوە سلێمانی، شایانی باسە سەرانی جەلالی تەرمی کوژراوەکانیان لەخانەوادەکانیان دەشارنەوە، بۆ ئەوەی ورە دابەزیوەکانیان بەرز بکەنەوەو، هەروەها ٢٥ نەفەریان پەڕاگەندە بوونە لەسەر مەرزی (تەوێڵە) خۆیان تەسلیمی کۆماری ئیسلامی ئێران کردووە.

داوا لەدەزگا ڕاگەیاندنەکانی جیهان بە گشتی و ڕاگەیاندنی حیزبە سیاسیەکانی کوردستان بە تایبەتی دەکەن کە بۆ ڕاستی قسەکانی ئێمەو درۆی جەلالیەکان با سەردانی ناوچەکە بکەن و کوژراوەکانی (ی.ن.ک) بەچاوی خۆیان ببینن تاکو بزانن تا ئێستا چۆن ئەو ناوچانە تەنانەت پێی چەتەیەکی

گلاویان نەکوتۆتە سەر، تەنها لاشە بۆگەنەکانیان نەبێ، داواش لەخێرخوازان دەکەین کەوا بێن تەرمەکانیان ببەنەوە.

ئێستا لەبەر ئەوەی شکستێکی لەڕادە بەدەریان هێناوە بۆیە ڕێککەوتنە چەواشەکەیان لەئێزگە بێ سەروبەرەکانیان بڵاو دەکەنەوە.

ئەوەش کاری هەمیشەییانە کاتێک کە ترسی تیاچونیان هەبێت داوای ئاشتی دەکەن (اتفاقی ستراتیجی) مۆر دەکەن، لەهەمان کات هێز کۆدەکەنەوەو ئامادەی دەکەن بۆ هێرشێکی تر.

لەکۆتایدا جەماوەری بەشەرەفی کوردستان ئاگادار دەکەینەوە کە سەرکەوتن هەر بۆ هەقەو شکستیش بۆ جاشە خۆفرۆشەکانی جەلالە.

قیادەی مەیدانی
بزوتنەوەی ئیسلامی
٢/ذی الحجة ١٤١٧ ك
١٩٩٧/٤/٩

وێنەیەک بۆ/
حیزبە کوردستانیەکان لەگەڵ ڕێزدا

## بەڵگەنامەی ژمارە (٣٨)
## نەتەوەی کوردی ستەم لێکراو
## لایەنی ئاینی و رامیاریەکان - نەتەوە پەروەران

بێگومان ئەنفال یەکێکە لەدڕندەترین تاوانەکانی ڕژێمی ڕەگەزپەرستی فاشی بەغدا بەرامبەر نەتەوەی کوردی موسڵمان و هەموو مرۆڤایەتی و کارێکی ناڕەوا بوو بەناوی ئاینی پیرۆزی ئیسلامە ئەنجامدرا، بۆ لەناوبردنو قڕکردنی ئەم نەتەوە موسڵمانە. وە بۆ جیهانی سەلماند ئەو ڕژێمە تا چ ڕادەیەک هەوڵی لەناوبردنی ئەم نەتەوە ستەملێکراوە دەدات نەک هەر مافەکانی پێشێل دەکان بەڵکو گاڵتەش بەوە دەکات کە مافێک هەبێت ناوی(مافی مرۆڤ) بێت. وە لەلایەکی ترەوە سەلماندی کە نەتەوەی کورد نەتەوەیەکی کۆڵنەدەرە. ئەو ڕژێمە کۆنەپەرستەی بەغداد بە کارە گەندەڵیەکانی خۆی وای دەزانی لەناوبردن و بێ سەروشوێن کردنی ١٨٢ هەزار کورد ئەتوانێ کورد سەرکوت بکات و بۆ هەتا هەتایە ناویشیان ڕیشەکێش بکات. بەڵام ئەنجامدانی ئەم تاوانە بڵێسەی شۆرشی لەناو دڵی هەموو کوردێکی خاوەن هەڵوێست و دڵسۆز زیاترو زیندوکردەوەو زیاتر خولیای تۆڵە سەندنەوەیانی کرد لەو تاوانبارانە. بۆیە دەنگمان دەخەینە پاڵ دەنگی نەتەوەی کوردو هەموو پارێزەرانی مافی مرۆڤ و ئاشتیخوازان و ئازادیخوازان و نەتەوە پەروەران با چیتر مرۆڤایەتی ڕسوا نەکرێت، با چیتر ناڵەی ستەملێکراوان بەرز نەبێتەوە. با هەموو بەیەکەوە هەوڵبدەین کێشەی نەتەوەکەمان چارەسەر بکەینوە پشتگیری لەهەموو ئامانجەکانی بکەینوە دورکەوتنەوە لەکێشەی حیزبایەتی و هەوڵدان بۆ برایەتی و دروستکردنی یەک بڕیاری و یەک هەڵوێستی بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی و چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوەکەمان.

سڵاو ڕێزو خۆشەویستی لەگیانی شەهیدانی ئەنفال و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد

مردن و سەرشۆڕی بۆ دوژمنان و خۆفرۆشانی نەتەوەی کورد

السلام علیکم ورحمة الله و برکاته

بزوتنەوەی ئیسلامی نەتەوەی کورد

مەکتەبی سیاسی ١٩٩٩/٤/١٤

## بەڵگەی ژمارە (٣٩)

## بسم الله الرحمن الرحيم

## ڕونکردنەوەیەک[٨٣]

بەڕێزان، ئەندام و پێشمەرگەو کادیرانی بزوتنەوەی ئیسلامی

برایان و خوشکان سڵاوتان لێبێت

بە پێویستم زانی لەم بارودۆخە ناسک و دژوارەی بزوتنەوەکەماندا جارێکیتریش هەڵوێستمان لەسەر کێشەو قەیرانی ئێستای بزوتنەوەی ئیسلامی بخەینەروو بۆ ئەوەی هەرکەسێ بیەوێ دینداری ڕاستەقینە بکات و شوێنکەوتەی قورئان و سوننەت بێ- نەک ناوی بێناوەڕۆک و شتی وەهمی و ڕوالەت- بەرچاوی روون بێت و لەسەر (بصیرە) بێت.

دوبارە خەڵکێکی زۆریش، موسوڵمانی نێو بزوتنەوەو دەرەوەی جوخزی بزوتنەوەش پرسیاریان ئاراستە کردووین و لێشمان دەپرسن، هەڵوێست و بیروڕامان چین (حق) لەچی دەبینین بۆیە دەڵێین:

هەموو لایەک ئاگادارن کە ئێمە هەمیشە هەوڵمان داوەو کارمان بۆ ئەوە کردووە کە چاکترین و شەرعیترین پەیوەندیمان هەبێت لەگەڵ لایەنەکانی کوردستان و دووچاری تێکگیران و شەڕو کێشە نەبین و کێش زیاتر ڕێزمان لێبنێ و تەبایمان لەگەڵ بپارێزێ لەو ڕووەوە دەستمان لەو درێژتر دەبێت.

هاوکات لەگەڵ خاڵی یەکەم هەوڵمان داوە نەهێڵین ببینە پاشکۆی هیچ کەس و گرێ دراوو وابەستەی سیاسەت و ستراتیجی هیچ هێزو لایەنێک نەبین و

---

[٨٣] ئەم ڕونکردنەوەیە لە لایەن عەلی باپیر نوسراوە. عەلی باپیر وەتمان لە ١٩٦١لەدایک بووە، ساڵی (١٩٨٠) لە سلێمانی پۆلی شەشەمی ئامادەیی ئیسلامیی تەواوکردوە، لە ١٩٨٧ چۆتە ناو بزوتنەوەی ئیسلامی و بۆتەئەندامی سەرکردایەتی. لە شەڕی بزوتنەوە و یەکێتی لە ١٩٩٣، سەرپەرشتی بەرەی شەڕی دژ بە یەکێەتی لە (پشدەر) دەکات. لە ساڵێ ٢٠٠١ عەلی بابیر لەگەڵ چەند کەسێکی تر(کۆمەڵی ئیسلامیی لە کوردستانی عێراق) ڕادەگەیەنن. لە دوای پڕۆسەی ئازادی عێراق لە ڕۆژی ٢٠٠٣/٧/١٠ لەلایەن ئەمریکیەکانەوە دەگیرێت و٢٢ مانگ زیندانی دەکرێ. لە ٢٠٠٥/١١/١٢ داو لە یەکەمین کۆنگرەی کۆمەڵی ئیسلامییدا بە ئەمیری کۆمەڵ هەڵبژێردرێ.http://www.alibapir.net/alibapirPages.php?page=biblography

سەربەخۆیی خۆمان و ڕێزو حورمەتی ڕێبازو بەرنامەو دروشمە بەرزەکانمان بپارێزین و نەبەگران نەبەهەرزان بە هیچ بەهایەکیان نەگۆڕینەوە.

ئێمە لەگەڵ (پارتی دیموکراتی کوردستان)دا تا ڕادەیەکی باش و هەتا ئێستاش توانیومانە دۆستایەتی نێوانمان بپارێزین و نەک هەر خوێنمان نەکەوتۆتە بەین بەڵکو هەر لەکاتی شەڕەکانی (ینک) لەگەڵ ئێمەداو هەم لەگەڵ ئەوانیشدا بەکەڵکی یەکتر هاتویین.

وەک هەمووتان دەزانن (ینک) لە مانگی ١٩٩٣/١٢ شەڕێکی سەرتاسەری پێفرۆشتین بەڵام دوای ئاشتبونەوەو (تطبیع)ی ١٩٩٤ لەسەر داوای سەرکردایەتی (ینک) و بەڕاوێژی ژمارەیەکی زۆری ئەندامانی سەرکردایەتی، ئەندامانی بزوتنەوەی ئیسلامی و بە مەبەستی دوبارەنەبونەوەی شەڕ، ماوەی دووسێ ساڵ سەلام و کەلام و جۆرێک پەیوەندیمان بنیاتنا لەسەر داکۆکیکردنی هەمیشەیی یەکریزی بزوتنەوەو ڕێگەنەدان بەوەی (ینک) (سوء الاستفادە) بکات و کە ئەوکات چەند کەسێک بە حەرامیان دەزانی و زۆر بانگەشەی خراپیان بۆ دەکردین لەسەر ئەو پەیوەندییە ئاساییە کە پێمان وایە ئەوکات زۆر بە قازانج بزوتنەوە تەواو بوو. هەتا سەرەنجام (ینک) بە چەند بیانوویەک شەڕی نیسانی ئەمسالی بەسەردا سەپاندین. بەداخەوە ئەوکاتە بەندەو زۆربەی قیادەی بزوتنەوە لێرە نەبووین. هەرچەندە برایانی کۆماری ئیسلامی منیان دڵنیاکرد کە دوای چەند ڕۆژێکی کەم لە شەڕەکەو ڕێکەوتنی (گوڵەخانە[٨٤]) بەهیچ شێوەیەک شەڕ نابێتەوە، بەڵام (ینک) ئیلتزامیان نەکرد بەو وەعدەی بە ئێرانیان دابوو.

دوای ئەوەی چەند کەسێکی بزوتنەوە لەسەر دەستی کۆماری ئیسلامی (اتفاقیە)یەکیان لە تاران لەگەڵ (ینک) ئیمزا کردلە کۆبونەوەی سەرکردایەتیماندا زۆربەی هەرەزۆرمان لێی ناڕازی بوین و ئەوانەی ئیمزاشیان کردبوو پەشیمان بوون. بەلام دوایی هەموولا یەکدەنگ بووین کە نەچینە ناو ئیدارەی (ینک)ەوە، کەچی لەم ڕۆژانەدا بە شێوەیەکی کت و پڕو چاوەڕوان نەکراوخەڵکێکی نێو بزوتنەوە بەبێ بیرکردنەوەیەکی قوڵو وردبینی بە دوو وەزیر چونە ناو کابینەی (ینک)ەوەو هەموو خەڵکی خۆمانو غەیری خۆمانیان سەرسام کرد، کە هەیاران

---

[٨٤] لەبارەی ئەم ڕێکەوتنەوە بڕوانە بەڵگەنامەی ژمارە (١)

خۆ (ینک) هەر ئەو (ینک)ەیە کە جاران ئەوان دەیانگوت سەلام لێکردنیان حەرام و بێ شەرعی و خیانەتە، ئەدی چۆن و بۆچی ئێستا چونەتە نێو ئیدارەی (ینک)و دان پێداهێنانی حکومەت و پیرۆزبایشیان حەلاڵ و موباحە[٨٥]؟هەموو لایەنێکیش ئاگادارن، (ینک)یش باش دەزانن کە لە ئاستی بالایان پێش شەڕ لەگەڵ کردنمان لە مانگی (٤) هاتنە لامان لە شارەزورو گوتیان زۆرمان پێخۆشە و حەز دەکەین کە بەشداری ئیدارەی ئێمەبن هەر لە جێگری سەرۆکوەزیرانەوە.... بەلام ئێمە وتمان ئەمە بە بەرژەوەندی بزوتنەوە نازانین.

ئایا خەڵکێکی بزوتنەوەی ئیسلامی ئاوا سترانیجی خۆی لەدەست بدات و هەر رۆژە شتێک بڵێ و پاشانیش دەستی پیسی خۆی لە خەڵک هەڵسوێ و بڵێ لە ژێر فشاری فلان وفیساردا وام کرد و وام گوت و دەگونجێ ئەمیندار بێت لەسەر ئاین و بەرنامەی خودا؟ ئایا ئەو پاساو مبررانە راستن؟ ئێمە بەرپرسانی ئێرانیمان بینیوەو نەمانبیستووە بڵێن حەتمەن دەبێ وابکەن و وابڵێن ئەی ئەگەر ئەو پاساوانە ڕاستن، بۆچی برایانی ئێرانی کاتی خۆی کە بزوتنەوە چووە نێو ئیدارەی پارتییەوە هیچ زەخت و فشاری نەکرد؟ بەڵێ کۆماری ئیسلامی لەم شەڕەدا ڕۆڵی ڕاگرتنی شەڕو چاودێری ڕێکەوتنەکەی بینیوەلەو ڕووەشەوە سوپاسیان دەکەین.

ئایا بزوتنەوەیەک بە خاترو خوایشتی خەڵکی بمێنێتەوەو هەڵەبجەو خورماڵ[٨٦]..هتد بە منەت بۆمان پارێزراو بن و لەبەرامبەر پاراستنیاندا ئیرادەو سەربەخۆیی لەدەست بدەین، سودیان چییە؟ ئایا نابێ لە پێناو دینداری و پاراستنی سەربەخۆیی و ئیرادەی ئیسلامیانەماندا ئامادەبین دەسبەرداری خاک و نیشتمان و خۆمان و هەموو شتێکمان بین؟ ئایا خەڵکی (مبدئی) هەمیشە

---

[٨٥]لەدوای ڕوداوی ٣١ی ابی ١٩٩٦، لە کوردستاندا دوو حکومەت سەریهەڵدا. بۆ شەرعییەت دان بە حکومەتەکان، لایەنە شەڕکەرەکان پەنایان بۆ کەمینەکان بردو بەشدارییان پێدەکردن. بزوتنەوەی ئیسلامی لە حکومەتی سنوری پارێزگای سلێمانیدا دوو وەزارەتی وەرگرت.

[٨٦]ناوچەی هەڵەبجەو خورماڵ، شوێنی ململانێی خوێناوی نێوان (ی.ن.ک) و ڕەوتە ئیسلامیە چەکدارەکان بوو هەر لە ساڵی ١٩٩٣ تا ٢٠٠٣. تا لە میانی پرۆسەی ڕوخاندنی ڕژێمی بەعس لە ٢٠٠٣، هێزی هاوپەیمانان بۆردومانی بنکەی ئیسلامیەکانی کردو ناوچەکە چووەوە ژێر هەژمونی (ی.ن.ک).

خۆیان و هەرچی هەیان بووە بە قوربانی (مبادیء)ی خۆیان نەکردووە؟ ئایا کەسانێک پێخەمبەر (صلی الله علیه وسلم) و هاوەڵانی بەرێزی سەرمەشقیان بن رەفتارو هەڵوێستی ئاوا لەخۆیان دەوەشێتەوە؟

بەهیوای زیاتر تێگەیشتن و بەرچاو رونی و پابەندبوون بە بنەما شەڕعیەکانەوە

لە پێناوی ڕاستکردنەوەی بزوتنەوەی ئیسلامی و پاراستنی لە پوکانەوەو هەڵداشتن.

عەلی باپیر١٩٩٧/٨/١٣

ئەحمەد ئاوا

## بەڵگەنامەی ژمارە (٤٠)

## بۆ هەموو لایەنە سیاسی و دام و دەزگا حکومیە بەڕێزەکان

## ڕوونکردنەوە

ئاگاداری بەڕێزتان دەکەینەوە کە (ک.ع) ناسراو بە (ک.م) ئێستا بنکەو بارەگای لە ناوچەی چۆمانی شارباژێڕدا کردووەتەوە بەناوی (حیزبی ڕاپەڕین)[٨٧]ەوە هیچ پەیوەندیەکی بە (بزوتنەوەی ڕاپەڕینی ئیسلامی)یەوە نیەو نەبووە، بەڵکو ناوبراو سکرتێری حیزبی ڕاپەڕینی کوردستان بووە.

بۆیە بە پێویستمان زانی ئەم ڕوونکردنەوە بنێرینە خزمەتتان

لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێزدا

بزوتنەوەی ڕاپەڕینی ئیسلامی

مەڵبەندی یەک

١٩٩٧/١٠/١٢

---

[٨٧] ئەم پارتە لە لایەن ئێرانەوە دروستکرابوو ، دواتر (ک.ع) لە ڕوداوێکی تەم و مژدا لە شاری ورمێ گیانی لەدەستدا. ئەم پارتە لەپاڵ پارتی حزب اللەی شۆڕشگێر، تۆمەتباربوون بە غافڵکوژکردنی ئەندام و کادیرەکانی پارتە بەرهەڵستکارە کوردیەکانی ئێران لە ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی بیست. لەبارەی ئەو تۆمەتانەوە بڕوانە: منظمة حقوق الانسان، عدد (١) ١٩٩٥.

## بەڵگەنامەی ژمارە (٤١)

## ڕاگەیەنراوێک لەمەڕ کێشەی نێوان عێراق و نەتەوە یەکگرتووەکان

ماوەیەکە تەنگژەی نێوان عێراقو نەتەوە یەکگرتووەکان ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەرەو ئاڵۆزی دەڕوات، ئەگەری کارەساتێکی ترسناکی لێ چاوەڕوان دەکرێت، ئەگەر بە ئەقڵ و مەنتقێکی هێورەوە مامەڵەی لەگەڵدا نەکرێت.

بۆیە ئێمە لەیەکگرتووی ئیسلامی کوردستان بە مەترسیەوە دەڕوانینە ئاکامەکانی ئەو تەنگژەیەو پێمانوایە کە دەبێ پەنا ببرێتە بەر شێوەی گفتوگۆی هێمنانەو بەکاردبردنی ڕێگای دیبلۆماسی، بەمەبەستی هێورکردنەوەی بارودۆخەکەو گەیشتنە ئاکامێکی لەبارو گونجاو، بۆ نەهێشتنی نەهامەتیەکانی سەر عێراق و لابردنی ئابڵوقەی ئابووری، کە لەگەڵ بەرژەوەندی گەلی عێراق و، داخوازیەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان، لەمەڕ لەنێوبردنی چەکە کۆکوژەکاندا یەک بگرێتەوە.

مەکتەبی سیاسی

یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان

١٩٩٧/١١/١٤

## بەڵگەنامەی ژمارە (٤٢)

## بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

ستایشو گەورەی بۆ خوای پەروەردگار درودو ڕێزی بێ پایان لەگیانی ڕزگارکەری مرۆڤایەتی حەزرەتی پاکی محمد و بنەماڵە و یارانی وە بۆ پەیڕەوکەرانی ئاین لەدونیای مرۆڤایەتیدا.

سوپاسو پێزانین و خۆشەویستی بۆ خەمخۆرانی نەتەوەی کوردی زوڵم لێکراوی ستەم دیدەو بۆ هەموو لایەن و ماف پەروەران لەدونیادا..

بۆ لایەنە ڕامیاری و ئاینیەکانی کوردستان..

بۆ نەتەوەی کوردی بڕوادار..

بەداخو پەژارەیەکی زۆر ناخۆشەوە داهاتووی نەتەوەی کورد بەرەو هەڵدێرێکی سەخت و ناهەموار دەڕوات. وە ڕۆڵەکانی کورد بەرەو لەناوچون و کۆچ کردن و سەرگەردانی دەڕۆن. ئاسایشی نەتەوەییمان بەرەو نەمان دەڕوات لەبەختی دوژمنانی نەتەوەکەمان ئەویش هۆکارەکەی نەبوونی یەکێتی ڕیزەکانی گۆڕەپانی ئەمڕۆی کوردستانە کە خەبات دەکەن. وە ڕێز نەگرتن لەبەرنامەی یەکتر و دروستکردنی پیلان و شەڕو ئاژاوە لەکوردستاندا. ئەمڕۆ ڕۆژی ئەوە نیە لایەنەکان یەکتری تاوانبار بکەن.. ڕۆژی ئەوەیە هەموو یەکگرن بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی نەتەوەی کوردو چارەسەرکردنی کێشەکانی.

بێگومان لێبوردن و خۆشەویستی سەرچاوەی دروستبوونی ئاشتیە، وە ئاشتیش مایەی بەختەوەری نەتەوەکەمانە. با بەویژدانبین لەبیرمان نەچێت ئامانجی نەتەوەی کورد لەبیری تەسکی حیزبایەتی بەهێزترە.

ئێمەی هەڵگرانی دروشمی ئیسلامی و نەتەوەیی هەموو لایەنەکانی کوردستان لەبواری کارکردندا لامان وەک یەکن. چونکە هەرلایەک دەیەوێت خزمەتی نەتەوەی کورد بکات بە بەرنامەی خۆی. وە دژایەتی کردنی بیرو بۆچون لەم ڕۆژگارەدا گەورەترین تاوانە. وە هەر لایەنێک ئەم جۆرە ڕەفتارە بکات زەرەرمەندە بۆ نەتەوەی کورد. دەبێتە هۆی لەناوبردنی ئەزمونەکەمان وە تاوانبارە لەبەردەم خوای گەورەو مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازی نەتەوەی

کورد.. چونکە دوژمنی یەکلایەنیمان نیە لەکوردستاندا دوژمنی هەموو لایەنەکانی گۆڕەپانی کوردستانە بەگشتی. کامیان دەڵێن دڵسۆزی نەتەوەی کوردین کوا بەڵگەی مێژووی.. بەداخەوە پێشەوا قازی محمد، شێخ سەعیدی پیران، مصطفی بەرزانی... کورد نەبوون! ئەی ئێستا بەڕێزان مام جەلال، مسعود بەرزانی، عبدالله ئۆچ ئالان، محمدی حاجی محمود، مەلا عثمان، مەلا سدیق، مامۆستا سلاح الدین. ئایا ئەمانەش هەر خەباتگێڕی ئەم نەتەوەیە نین بە بەرنامەی خۆیان. وە دوژمنانیشمان هەمان دوژمنانی ئەو کاتە نین.

بێ گومان دوژمن بەرژەوەندی خۆی لەگیانی ئەم سەرکردانەو خوێنی ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد لاگرانترو بەنرخترە. ئێمە لایەنە خەبات گێڕەکانی کوردستان وەک برا ئیسلامیەکان بەگشتی و PUK، PDK، PKK، کۆمۆنیستەکان و سۆسیالیستەکان. بە خزمەتکاری نەتەوەی کوردیان دەزانین. بەڵام بەداخەوە یەکبوون نیە وە دوژمن لەهەرلایەک بێت دوژمنە!.. چونکە ئەو لایەنانەی خزمەتکاری نەتەوەی کورد،وە ڕۆڵەی کوردن. کوا مافی نەتەوەی کورد لەهەر چوار پارچەی کوردستان... لەکۆتایدا ستایش و گەورەی بۆ خوای پەروەردگار. سوپاس بۆ ئاشتی پەروەران، سوپاس بۆ هەموو لایەنە تێکۆشەڕەکان کە هەوڵدەدەن بۆ سەقامگیربوونی ئاشتی لەکوردستاندا. نەفرەت لەبراکوژی، بەڵێ بۆ کوردایەتی. نەمری و ڕێز بۆ نەتەوەی کوردو خۆشەویستی و گیانی بەخشین بۆ خاکی کوردستان.

مەکتەبی سیاسی

بزوتنەوەی ئیسلامی نەتەوەی کورد

## بەڵگەنامەی ژمارە (٤٣)

## چەماوەری موسڵمانی کوردستان:

لە١٦/ئازاری١٩٩٨دا دە ساڵ تێدەپەڕێ بەسەر کیمیابارانکردنی شاری ستەملێکراوی هەڵەبجەدا.

ئەو شارەی کە لەمێژە بوو بە چقڵی چاوی دوژمنانی بەهۆی ئیسلام پەروەری و چاونەترسی و ملکەچ نەبوونی بۆ هیچ ناڕەواییەک بۆیە ڕژێمی گەندەڵ جامی غەزەبی خۆی بە دڕندەترین شێوە ڕژاند بەسەریدا، تاوانێکی بێوێنەی بەو کیمیابارانە ئەنجامدا، بەراورد کردنی ئەم تاوانە بە هێرۆشیماو ناکازاکی لەنگە چونکە ئەوان وڵاتێکی دوژمن کیمیابارانی کردن بەڵام هەڵەبجە خاوەن وڵات خۆی تاوانەکەی دەرهەق کرد.

بۆیە خنکانی زیاد لەپێنج هەزار بێ تاوانی هەڵەبجەو ئاوارەبوونی دەیان هەزاری تر لەدانیشتوانی بوبە پەڵەیەکی ڕەشی مێژووی بەنێو چاوی ڕژێمی بەعسەوەو سڕینەوەی هەتا هەتایە مەحاڵە، جگە لەوە سۆزو بەزەییەکی بەرفراوانی لەناو تەواوی گەلانی دنیادا بەرپاکرد. هەرچەندە بە داخەوە هەردوو زلهێزی ئەوکاتە (ئەمریکاو یەکێتی سۆڤیەت)و هاوپەیمانیان بەهۆی سیاسەتە دوو ڕووییە مێژویەکەیانەوە چاویان لەئاستا نوقاندو گوێ خۆیان لێ کەڕ کرد، بەڵام تاوانەکە لەوە مەزنتر بوو کە ئەوان بتوانن بیپۆشن، بۆیە بەقوربانی بوونی هەڵەبجە قۆناغێکی گەورەی کێشەی کوردی بەرەو پێش برد. هەموو دانیشتوانی کوردستان قەرزاری ئەو قوربانیەن.

بەرێزان:

واباوە کە هەموو ساڵێک لە٣/١٦دا یادی ئەم جینایەتە مەزنە بکرێتەوە لەشارەکانی کوردستان و زۆر شارانی تری دنیادا لەو بۆنەیەدا کۆڕو کۆبوونەوەی ماتەمینی بەرفراوان دەبەسترێت، لەڕاستیدا لەبیرنەکردنی ئەو تاوانە پێویستەو دەبێت ببێت بە مایەی پەندو ئامۆژگاری، بەڵام ئایا ماتەمینی و شعرو سرودو وتاری ئاگرین خوێندنەوە شتێک لە نەهامەتیەکانی دانیشتوانی شاری هەڵەبجە سوک دەکات؟ ئایا لەو کۆڕو کۆبونەوانەدا تا ئێستا چ بڕیارێک

دەرچووەو جێ بەجێش کراوە بۆ چارەسەری بەشێک لەگرفتەکانی ئەو شارە ستەمدیدەیە؟

کەلاوە ڕووخاوەکانی هەڵەبجە و بازاڕە شێواوەکەی و ڕێگاوبانی هەڵوەشاوەی شایەتن کە جگە لەوتاری ئاگرین و وادەی بێوادە هیچ شتێکی گەورە بۆ دانیشتوان و شارەکە نەکراوە.

بۆیە داوا دەکەین لەهەموو بەرپرس و سەرکردەکان لەیادی دەساڵەی کیمیابارانی هەڵەبجەدا با قسەو نوسین بگۆڕین بە ئاوەدانکردنەوە ئەو شارەو خزمەت کردنی دانیشتوانی، تەعزیەو ماتەمی دەربڕین هیچ دەردێک دەرمان ناکات، لەجێگەی شیوەنی بێ هودە بۆ مردوو، با لایەک بەلای زیندوەکاندا بکەینەوە ئەمە بەشێکە لەئەمەک و وەفا بۆ هەڵەبجەی خۆڕاگرو بێتاوان بۆ دانیشتوانی ستەمدیدەی ئەوشارە سەربەرزە. لەم بۆنەیەشدا داوا لەپارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان دەکەین ئەم یادە بە هەلێک وەرگرن بۆ زیاتر بەرەو پێشبردنی پرۆژەی ئاشتی، هەڵدانەوەی لاپەڕەیەکی نوێ بۆ ئەوەی دەرفەتی خزمەت کردنی گەل و وڵات زیاتر برەخسێت و گەلەکەشمان هەناسەیەکی حەوانەوە بێتەوە بەبەریدا.

السلام علیکم ورحمه الله

مەکتەبی سیاسی
بزوتنەوەی ڕاپەڕینی ئیسلامی
١٨ ذی العقدة ١٤١٨
١٩٩٨/٣/١٦

## بەڵگەنامەی ژمارە (٤٤)

## ڕاگەیاندنی مەکتەبی سیاسی (برا) بەبۆنەی تیرۆرکردنی (ئایەت الله محمد صاقر صدر[88])

لەکاتێکدا عێراق بە زنجیرەک قەیرانی سیاسیو ئابوریدا دەڕوات، گەلانی عێراق چاوەڕوانی هەناسەدانو پشوویەک دەکەن کەچی سەرەتایەکی تر بۆ کارەسات دروست دەبێتو لەهەل و مەرجێکدا (ئایەت اللەمحمد صادق صدر)و دوو کوڕی لەغافڵەتدا تیرۆر دەکرێت، ئەم ڕووداوە بەڵگەیەکی ترە بەدەست نەیارەکانی عێراقەوە کە بریار بدەن هەوڵەکانیان پێکەوە گرێ بدەن و هەوڵی کۆتایی هێنان بدەن بەکارەسات و لێقەومانەکانی میللەتی عێراق، لەبەر ئەوەی ڕژێمی عێراق بە ئەقڵی دیکتاتۆری و تاغوتییانە بیردەکاتەوە بۆیە ناتوانێت بەرامبەرەکانی بخوێنێتەوەو دان بە مافە ڕەواکانیدا بنێ و بەم شێوەیەش هەوڵی لەناوبردن و تیرۆرکردنیان دەدات و لەو ڕێگەیەشدا سڵ لەهیچ ناکاتەوەو هەر ئەو بیرکردنەوەیەش وای کردووە کە کارەساتەکانی میللەتی عێراق بەردەوام بێت لەباشورو باکوری عێراقدا لەباکوردا (تعریب و ترحیل)و لەباشوردا تیرۆرو تۆقاندن.

ڕاپەڕینی ئیسلامی لەکاتێکدا ئەم کارە مەحکوم دەکات داواش لەئۆپۆزسیۆنی عێراقی دەکات بە هەموو باڵەکانیەوە هەوڵەکانیان بهۆننەوە بۆ ئەوەی سیستەمێکی عادیلانە دروست بکرێت و میللەتی عێراق وەک میللەتانی تری دونیا دەست بە بنیات کردنەوەی شارستانێتێ خۆیان بکەن.

مەکتەبی سیاسی - بزوتنەوەی ڕاپەڕینی ئیسلامی

هەولێر ١٩٩٩/٢/٢٢

---

[88]محەممەد کوڕی محەممەد سادقی کوڕی محەممەد مەهدی، لە ٢٣ ئازاری ساڵی ١٩٤٣ لە ناوچەی کازمیە لەبەغدا لەبنەماڵەیەکی ئایینی لەدایک بووە ، لە ساڵی ١٩٩١ وەکو سەرکردەی ڕاپەڕینی شەعبانییە بەشداری کردووە بەڵام لەلایەن داورودەستەکانی ڕژێمی بەعسەوە دەستگیرکراوە، لە ١٩شوباتی ١٩٩٩ لەگەڵ هەردوو کوڕەکەیدا، موئەمەل و موستەفا کاتێک دەگەڕانەوە بۆ ماڵەکەی خۆیان لە نەجەف تیرۆر دەکرێن. صالح عباس ناصر الطائي: الدور السياسي للسيد محمد محمد صادق االصدر في تاري االعراق المعاصر )١٩٩١-١٩٩٩، مجلة اهل البيت، عدد، ٢٠، ص٤٥٦

بسم الله الرحمن الرحيم

يا أيها الذين آمنوا إن جاءكم فاسق بنبأ فتبينوا ...

ڕوونکردنەوەیەک لە مەڵبەندی سلێمانی بزووتنەوەی ئیسلامی بەرامبەر بەو ڕووداوەی شاری هەڵەبجەی

شەهید لە ١٧/٣/١٩٩٦

جەماوەری بەشەرەف و سەربەرزی شاری سلێمانی خۆشەویست

سڵاوی خوای گەورەتان لێبێت

گومانی تێدا نییە کە لە کوردستاندا چەند حیزب و ڕێکخراوی فیکر جیاوازکاری سیاسی ئەنجام دەدەن و ڕەوانە هەڵسوکەوتیان و شوێنی کاریان لە یەک نزیک دەبێتەوە و بەڵگە نەویستە کە هەندێ کێشە و گیر و گرفت دروست دەبن بەڵام دەبێت هەموولایەکان بەگیانی مەسئولییەتەوە لە کێشەکان بڕواننە پێشەوە و تەبایی خۆی بپارێزن و چارەسەری حەکیمانەی بۆ دابنێین .

لە ڕۆژی ئینتیفاضەی هەڵەبجەی شەهیددا لەناو شاری هەڵەبجەدا بۆنەیەک سازدرا لەلایەن براداەرانی حزبی شیوعیەوە کە تیایدا شانۆگەرییەک نمایش کرا و هەندێ هێزی بۆسەر موقەدەساتی میللەتەکەمان تیابو کە ئەوە لە ئیسلامدا هەرگیز هیچ کاتێ ڕێگەپێدراو نەبووە و نابێت لە میللەتەکەمان دەرەوە نابێت .

بەهەرحاڵ ئەسڵی کێشەکە بەم جۆرە بووە :

چەند چەکدارێکی پارتی لەگەڵ برایەکی ئیمە بەیەکدا دێن و لەئەنجامدا چەکدارەکەی پارتی دەستپێدەکات و خەڵکەکەو ئەو برایەی ئیمە شەهید دەبێت و خێزانی پێشمەرگەیەکمان کە دووگیان بوو بریندار دەبێت و چەند کەسێکیش لە جەماوەر بریندار دەبن .

بەڵام شەوی ١٧/٣ ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی حزبی شیوعی ئەسڵی ڕووداوەکەیان ئاوەژوو کردۆتەوە و بە شێوەیەکی ناڕاست بڵاویان کردەوە و گوایە بزووتنەوەی ئیسلامی تەقەی لە جەماوەر کردووە ... کە ئەمە زۆر لە ڕاستییەوە دوورە وە بەپێی ئەوەی حەقیقەتی ڕووداوەکە بۆیە ئێمە لێرەوە ڕایدەگەیەنین لەبەردەمی جەماوەردا ئامادەین لیژنەیەکی تەحقیق دروست بکرێ بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری ڕووداوەکە و ڕەت کردنەوەی هەندێ ڕوونکردنەوەی ناڕاستی حزبی شیوعی دا هاتووە .

ئێمە لە خوای گەورە ... زیان و ئاشتی بەو ئومێدەی لولەی هەموو تفەنگەکانمان بکەینە سەر سنگی دوژمنی سەرسەختی گەلەکەمان کە ڕژێمی بەعسی کافر و خوێنڕێژە ...

دەبا پێکەوە ... ئاوەدانی کوردستاندا بنەبڕ بکەین .


مەڵبەندی سلێمانی

بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستان / عێراق

٢٩/ شوالی / ١٤١٦

١٠/٣/١٩٩٦

بەڵگەنامەی ژمارە (٣٤)



بەڵگەنامەی ژمارە (٣٥)

برایانی بەڕێزی مەلبەندی یەکێتی یەکگرتووی ئیسلامی
ئامادەبووانی هێژا .
ئەم کاتەتان شاد


بێشک بەناوی کۆمیتەی پارێزگای سلێمانی حزبمان و
هاوڕێیانمانەوە . گەرمترین پیرۆزبایی لە سێیەمین ساڵوەگەڕی
دامەزراندنی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان ئەکەین و هیوای
سەرکەوتنی بۆ ئەخوازین لە هەوڵ و کۆششی فرەگۆزاری
و ئاشتیخوازانەکانی دا .

. یەکگرتووی ئیسلامی بە شێوەیەکی هاریکاریانە
و هێمنانە . ئەڕوانێتە ڕووداو و کێشەکان و هەوڵی چارەسەر
کردنیان ئەدات . دوور لە توندوتیژیی . واتە ئەو
هەوڵانەی گونجاندووە لەگەڵ پێداویستییەکانی بارودۆخی ئەمڕۆی
کوردستان دا .

پەیوەندیی حزبی ئێمە لەگەڵ یەکگرتووی ئیسلامی دا .
چ لە سنووری ئەم پارێزگایە و چ لە سەرانسەری هەرێمی کوردستان دا .
پەیوەندییەکی دۆستانە و هاوکارانە بووە و لە هەر بوارێکدا کە
تیایدا کارمان کردبێ ڕا و بۆچوونەکان و چارەسەرە کاتیەکانی گەلێک
لە یەکترەوە نزیک بوون . بە تایبەتی . ئەوەی کە پەیوەندی
بە بارودۆخی هەرێمی کوردستانەوە هەبوبێ .

ڕۆژگاری ئێستای هەرێم . بنەبڕکردنی هۆکارەکانی
شەڕی ناوخۆ ، چەسپاندنی ئاشتی لە سەرانسەری وڵات دا .
چارەسەرکردنی کێشە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکانی خەڵکی هەژار و
برسی و بێکار . ڕێگرتن لە دەسیسە و پیلان و دەست
تێوەردانی . نەیارانی ئازادی و سەربەخۆیی گەلەکەمان ،
پێکهێنانەوەی حکومەتێکی یەکگرتووی فرەلایەنی
دیموکراتی . پاراستنی مافی مرۆڤ و دیموکراسی سیاسی . هتد

بەگەنامەی ژمارە (٣٦)



- ٢ -

کۆمەڵە داخوازیەکی گرنگ و بەپەلەن و پێویستیان
بە هاوکاری و کۆمەکی ئەوو دڵسۆزانە هەیە. حزبی
ئێمە ئامادەیە بۆ هاریکاری کردن و [illegible] ئەنجام دانی
ئەوو جۆرە ئەرک و کۆششانەی هاوبەشی لە پێناو بەدی
هاتنیان دا... ئەمانە ئەرکی نیشتمانی و نەتەوەیی و مرۆڤانەن و
ئاینیە [illegible] ولاتە.
جێبەجێ کردنی ئەو [illegible] هاڵاڵانەی کە لە کۆبونەوەکانی ئەنقەرەدا
لەسەریان پێک هاتن. زەمینە و هەلومەرجی لەبار ئەرەخسێنێ
بۆ چەسپاندنی ئاشتی و پەیدا کردنی متمانە و باوەڕ بەیەکتری.
و ریگە خۆش ئەکات بۆ کۆتایی هێنان بەم [illegible] دروست کردنەی
کوردستانی ئازاد کراو. ئەمەش لە پێشی ئەوو لایەکی ترەوە
ئەرکی سەرشانی [illegible] پارتی و یەکێتیە. کە ئەبێ پەلە بکەن
لە بە ئەنجام گەیاندنیان دا.
دووبارە پیرۆزباییتان لێ ئەکەین و هیوای سەرکەوتنتان
بۆ ئەخوازین.

[illegible]

پێتر هەر سەرکەوتوو و بەختەوەر بن.

کۆمیتەی پارێزگای
سلێمانی
حزبی شیوعی کوردستانی
عێراق
٦/١/١٩٩٧

بەڵگەنامەی ژمارە (٣٦)

بسم الله الرحمن الرحيم

بزووتنەوەی ئیسلامی لە
کوردستان /عێراق
The Islamic Movement In Kurdistan\Iraq

ژمارە :
بەروار ٢/ذي الحجة/ ١٤١٧ك
٩ / ٤ / ١٩٩٧ ز

بسم الله الرحمن الرحيم

﴿يا أيها الذين آمنوا ان جاءكم فاسق بنبأ فتبينوا ان تصيبوا قوماً بجهالة فتصبحوا على ما فعلتم نادمين﴾

دەزگا پڕوپاگەندە شڕو شڕەخۆرەکەی تاقمی جەلال لە ڕێگای بەکرێگیراوەکانیان بانگەشەی ئەوە دەکەن کەوا ئێوە شڕەخۆرەکانیان گوایە ناوچەی هەڵەبجەی شەهیدیان لە پێشمەرگە نەبەزەکانی بزووتنەوەی ئیسلامی سەندووە.

ئێمە لە کاتێکدا ئەم هەموو درۆ چەواشەکاریەی تاقمی جەلال بە توندی ڕەت دەکەینەوە سەرنجی جەماوەری کوردستانی خۆشەویستیش ڕادەکێشین بۆ ئەو هەقیقەتانەی خوارەوە:

١ـ جەلالیە کوردکوژەکان زۆریان خۆ هێناو برد کە بتوانن بستێک لە خاکی ئیسلام بە پێی چەپەڵی خۆیان گڵاو بکەن بەڵام سوپاس بۆ خوا شێرە کوڕانی ئیسلام تا ئێستا توانیویانە هەموو هێرشە جۆر بە جۆرەکانی بڕچەکی تەپڵە سەوزو کوردکوژەکانی جەلال بشکێنن و وەڵامی نەبڕوزشکێنیان بدەنەوە، تا ئامادەکردنی ئەم ڕوون کردنەوەیە هێزێکی زۆرو بۆرو شڕەخۆری ئەم تاقمە سەر لێشێواوە لە دەرباچەی سیروان لە لایەن پێشمەرگەکانی بزووتنەوەی ئیسلامی ئابڵوقە دراون و داوای خۆ بە دەست دانیان بەردەوامە، ئەگینا وەک سەرانی کاسەلێسەکانیان بە جەهەنەم مشرف دەکەین، ئەم ئابڵوقەیەش دوای ئەوە بوو کە لە ناوچەی شارەزوور و هەورامان شکستێکی ئێجگار گەورەیان بە سەرا هاتووە کە بووە هۆی کوژرانی تاقمێکی زۆر لە جەلالیەکان... بۆ ڕاستی ئەمەش زیاتر لە (٣٠) کەلەشی گەنیویان گەیشتوتەوە سلێمانی، شایانی باسە سەرانی جەلالی تەرمی کوژراوەکانیان لە خاوەنەکانیان دەشارنەوە، بۆ ئەوەی ورە دابەزیوەکانیان بەرز بکەنەوە، هەروەها (٣٥) نەفەریان پەراگەندە بوونە لەسەر مەرزی (تەوێڵە)و خۆیان تەسلیمی کۆماری ئیسلامی ئێران کردووە.

٢ـ داوا لە دەزگا ڕاگەیاندنەکانی جیهان بە گشتی و ڕاگەیاندنی حیزبە سیاسیەکانی کوردستان بە تایبەتی دەکەین کە بۆ ڕاستی قسەکانی ئێمەو درۆی جەلالیەکان بفا سەردانی ناوچەکە بکەن و کوژراوەکانی ی.ن.ک.ا بە چاوی خۆیان ببینن تاکو بزانن تا ئێستا چۆن ئەو ناوچانە تەنانەت پێی چەتەیەکی گڵاویان نەکوتوتە سەر، تەنها لاشە بۆگەنەکانیان نەبێ، داواش لە خێرخوازان دەکەین کەوا بێن تەرمەکانیان ببەنەوە.

ئێستاش لەبەر ئەوەی شکستێکی لە ڕادە بەدەریان هێناوە بۆیە ڕێککەوتنە چەواشەکەیان لە شرگە بێسەرو بەرەکانیان بڵاو دەکەنەوە.

ئەوەش کاری هەمیشەییانە کاتێک کە ترسی تێچوونیان هەبێت داوای ئاشتی دەکەن (انفالی ستراتیجی) مۆر دەکەن، لە هەمان کات هێز کۆدەکەنەوەو ئامادەیان دەکەن بۆ هێرشێکی تر.

لە کۆتاییدا جەماوەری بە شەرەفی کوردستان ئاگادار دەکەینەوە کە سەرکەوتن هەر بۆ هەقەو شکستیش بۆ جاشە خۆفرۆشەکانی جەلالە.

﴿هذا بلاغ للناس و لينذروا به﴾

والسلام عليكم ورحمة الله وبركاته.

قیادەی مەیدانی بزووتنەوەی ئیسلامی
٢/ذي الحجة ١٤١٧ ك
١٩٩٧/٤/٩

وێنەیەک بۆ/
حیزبە کوردستانیەکان لە گەڵ ڕێزماندا.

بەڵگەنامەی ژمارە (٣٧)

(( بسم الله الرحمن الرحيم ))

( فمن اظلم ممن افترى على الله كذبا أو كذب بآيته انه لا يفلح المجرمون )

سورة يونس آية ١٧

نەتەوەی کوردی ستەم لێکراو

لایەنی ئاینی و ڕامیاریەکان - نەتەوە پەروەران

بێگومان ئەنفال یەکێکە لە دڕندەترین تاوانەکانی ڕژێمی ڕەگەزپەرستی فاشیی بەغدا بەرامبەر نەتەوەی کوردی موسڵمان و هەموو مرۆڤایەتی و کارێکی ناڕەوا بوو بەناوی ئاینی پیرۆزی ئیسلامەوە ئەنجام درا ، بۆ لەناوبردن و قڕکردنی ئەم نەتەوەموسڵمانە . وە بۆ جیهانی سەلماند کە ئەو ڕژێمە تاچ ڕادەیەک هەوڵی لەناوبردنی ئەم نەتەوە ستەم لێکراوە دەدات نەک هەر مافەکانی پێشێل دەکات بەڵکو گاڵتەش بەوە دەکات کە مافێک هەبێت ناوی ( مافی مرۆڤ ) بێت . وە لە لایەکی ترەوە سەلماندی کە نەتەوەی کورد نەتەوەیەکی کۆڵنەدەرە . ئەو ڕژێمە کۆنەپەرستەی بەغدا بەکارە گەندەڵییەکانی خۆی وای دەزانی لەناوبرن و بێسەرو شوێن کردنی ( ١٨٢ ) هەزار کورد ئەتوانێت کورد سەرکوت بکات بۆ هەتا هەتایە ناوبان ڕیشەکێش بکات . بەڵام ئەنجامدانی ئەم تاوانە بڵێسەی شۆڕشی لەناو دڵی هەموو کوردێکی خاوەن هەڵوێست و دڵسۆز زیاتر زیندوو کردەوە و زیاتر خولیای تۆڵە سەندنەوەیانی کرد لەو تاوانبارانە . بۆیە دەنگمان دەخەینە پاڵ دەنگی نەتەوەی کورد و هەموو پارێزەرانی مافی مرۆڤ و ئاشتی خوازان و ئازادیخوازان و نەتەوە پەروەران با چیتر مرۆڤایەتی ڕسوا نەکرێت ، باچیتر نالەی ستەم لێکراوان بەرز نەبێتەوە . با هەموو بەیەکەوە هەوڵ بدەین کێشەی نەتەوەکەمان چارەسەر بکەین وە پشتگیری لە هەموو ئامانجەکانی بکەین با هەوڵ بدەین ئاشتی سەرتاسەری لە کوردستاندا بەرقەراربێت وە دوور کەوتنەوە لە کێشەی حزبایەتی و هەوڵ دان بۆ برایەتی و دروستکردنی یەک بڕیاری و یەک هەڵوێستی بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی و چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوەکەمان .

سڵاو ڕێز و خۆشەویستی لە گیانی شەهیدانی ئەنفال و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد

مردن و سەرشۆڕی بۆ دوژمنان و خۆفرۆشانی نەتەوەی کورد

السلام عليكم و رحمه الله و بركاته

**بزووتنەوەی ئیسلامی نەتەوەیی کورد**

**مەکتەبی سیاسی**

١٤ - ٤ - ١٩٩٩

بەڵگەنامەی ژمارە (٣٨)

بسم الله الرحمن الرحیم

ڕوونکردنەوەیەک

[illegible]

[illegible]

[illegible]

١. [illegible]

٢. [illegible]

٣. ئێمە لەگەڵ (پارتی دیموکراتی کوردستان)دا [illegible]


[illegible]

٤. وەک هەمووتان دەزانن (یەکێتی) لە مانگی ١٢/١٩٩٣ شەڕێکی سەرتاسەری [illegible]

[illegible] (تطبیع) [illegible] ١٩٩٦ [illegible]

[illegible]

بەڵگەنامەی ژمارە (٣٩)



بەڵگەنامەی ژمارە (٣٩)

بسم الله الرحمن الرحيم

ان اقيموا الدين ولا تتفرقوا فيه

بزوتنەوەی ڕاپەرینی ئیسلامی
مەلبەندی یەك

ژمارە: ث
مێژوو: ١٩٩٧-١٠-١٢

بۆ/ هەموو لایەنە سیاسی و دەزگاحکومی یە بەڕێزەکان

بابەت/ ڕوون کردنەوە

السلام علیکم ورحمة الله

ئاگاداری بەڕێزتان دەکەینەوە کە (ک ع د ل ں ) ناسراو بە (ک' ) ئێستا بنکەو بارەگای لە ناوچەکانی جژمانی شارباژێڕدا کردووەتەوە بە ناوی (حزبی ڕاپەرینەوە هیچ پەیوەند یەکی بە (بزوتنەوەی ڕاپەرینی ئیسلامی ) یەوە نی یەو نەبووە بەلکو ناوبراو سکرتێری حزبی ڕاپەرینی کوردستان بووە .

بۆیە بەپێویستمانزانی ئەم ڕوون کردنەوەیە بنێرینە خزمەتتان .
لەگەڵ ئەوپەری ڕێزماندا .

لێنوسراو

بەڵگەنامەی ژمارە (٤٠)

بسم الله الرحمن الرحيم

یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان
مەکتەبی سیاسی

الاتحاد الاسلامي في كوردستان
المكتب السياسي

KURDISTAN ISLAMIC UNION

## راگەیەنراوێك لەمەڕ كێشەی نێوان عێراق و نەتەوە یەكگرتووەكان

ماوەیەكە تەنگژەی نێوان عێراق و نەتەوە یەكگرتووەكان رۆژ لەدوای رۆژ بەرەو ئاڵۆزی زیاتر دەڕوات و، ئەگەری كارەساتێكی ترسناكی لێ چاوەڕوان دەكرێت، ئەگەر بەعەقڵ و مەنتیقێكی هێورەوە مامەڵەی لەگەڵدا نەكرێت.

بۆیە ئێمە لە یەكگرتووی ئیسلامیی كوردستان زۆر بەمەترسییەوە دەڕوانینە ئاكامەكانی ئەو تەنگژەیەو، پێمان وایە كە دەبێ پەنابرێتە بەر شێوەی گفتوگۆی هێمنانەو، بەكاربردنی رێگای دیبلۆماسی، بەمەبەستی هێوركردنەوەی باردۆخەكەو، گەیشتنە ئاكامێكی لەبارو گونجاو، بۆ نەهێشتنی ئەهامەتییەكانی سەر عێراق و لابردنی ئابڵوقەی ئابووریی، كە لەگەڵ بەرژەوەندی گەلی عێراق و، داخوازییەكانی نەتەوە یەكگرتووەكان، لەمەڕ لەنێوبردنی چەكە كۆكوژەكاندا یەك بگرێتەوە.

مەكتەبی سیاسی
یەكگرتووی ئیسلامیی كوردستان
١٩٩٧/١١/١٤

بەڵگەنامەی ژمارە (٤١)

## بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

ستایش و گەورەیی بۆ خوای پەروەردگار درووبو رۆژی بڕیاپان لەگیانی رزگارکەری مرۆڤایەتی حەزرەتی پاکی محمد (د.خ)و لەبنەماڵـەو یارانی وە بۆ پەیڕەوکەرانی ئایین لەدوونیای مرۆڤایەتیدا.

سوپاس و پێزانین و خۆشەویستی بۆ خەمخۆرانی نەتەوەی کوردی زوڵم لێکراوی ستەم دیدەو بۆ هەموو لایـەن و ماڤپـەروەران لەدوونیادا..

بۆ لایەنە رامیاریو ئایینیەکانی کوردستان...

بۆ نەتەوەی کوردی بروادار..

بەداخ و پەژارەیەکی زۆر ناخۆشەوە داهاتووی نەتەوەی کورد بەرەو هـەڵدێرێکی سـەختو ناهـەموار دەڕوات. وە رۆڵـەکانی کورد بـەرەو لەناوچوون و کۆچ کردن و سەرگەردانی دەڕۆن، وەئاسایشی نەتـەوەییمان بـەرەو نـەمان دەڕوات لەبـەخشی دوژمنانی نەتەوەکـەمان ئـەویش هۆکارەکەی نەبوونی یەکێتی ریزەکانی گۆڕەپانی ئەمڕۆی کوردستانە کەخەبات دەکەن. وەڕێـز نـەگرتن لەبەرنامـەی یـەکترو دروسـتکردنی پیلان و شەڕو ئاژاوە لەکوردستاندا. ئەمڕۆ رۆژی ئەوە نییە لایەنەکان یەکتری تاوانبار بکەن.. رۆژی ئەوەیە هەموو یەکگرن بۆ بـەدیهێنانی ئامانجەکانی نەتەوەی کورد وە چارەسەرکردنی کێشەکانی.

بێگومان لێبوردن و خۆشەویستی سەرچاوەی دروستبوونی ئاشتییە، وە ئاشتیش مایەی بەختـەوەری نەتەوەکەمانـە. بابـەویژدانبین لەبیرمان نەچێت ئامانجی نەتەوەی کورد لەبیری تەسکی حزبایەتی بەهێزترە.

ئێمەی هەڵگرانی دروشمی ئیسلامی و نەتەوەیی هەموو لایەنەکانی کوردستان لەبواری کـارکردندا لامـان وەك یـەکن. چونکـە هـەر لایـەك دەیەوێت خزمەتی نەتەوەی کورد بکات بە بەرنامەکەی خۆی، وە دژایەتی کردنی بیروبۆچوون لەم رۆژەدا گەورەترین تاوانە. وە هەر لایەنێك ئەم جۆرە رەفتارە بکات زەرەرمەندە بۆ نەتەوەی کورد. دەبێتە هۆی لەناوبردنی ئەزموونەکـەمان وە تاوانبـارە لەبـەردەم خـوای گـەورەو مێژووی خەباتی رزگاریخوازی نەتەوەی کورد... چونکە دوژمنی یەکلایەنیمان نییە لەکوردسـتاندا دوژمنی هـەموو لایەنـەکانی گۆڕەپـانی کوردستانە بەگشتی. کامیان دەڵێت دڵسۆزی نەتەوەی کوردین گوا بەڵگەی مێژووی.. بەداخەوە پێشەوا قازی محمد، شێخ سەعیدی پیران، مسطفی بەرزانی.. کورد نەبوون! . ئەی ئێستا بەرێزان مام جەلال، مەسعود بارزانی، عبدالله ئۆج ئالان، محمدی حاجی محمود، مەلا عثمان، مەلا صدیق، مامۆستا صلاح‌الدین. ئایا ئەمانەیش هەر خەبات گێڕی ئەم نەتەوەیە نین بەبەرنامەی خۆیان. وە دوژمنانیشمان هەر دوژمنانی ئەو کاتەنین.

بێگومان دووژمن بەرژەوەندی خۆی لەگیانی ئەم سەرکردانەو لەخوێنی رۆڵەکانی نەتەوەی کورد لاگرانترو بەنرخترە. ئێمە هەموو لایەنە خەباتگێڕەکانی کوردستان وەك برا ئیسلامیەکان بەگشتیو PUK، PDK، PKK، کۆمەنیستەکان و سۆسیالیستەکان. بەخزمـەتکاری نەتەوەی کوردیان دەزانین. بەڵام بەداخەوە یەك بوون نییە وەدووژمن لەهەر لایەك بێت دوژمنە!.. چونکە ئەولایەنانە خزمەتکاری نەتەوەی کوردن، وە رۆڵەی کوردن. گوا ماڵ نەتەوەی کورد لەهەر چوارپارچەی کوردستان.. لەکۆتاییدا ستایش و گەورەیی بۆخوای پـەروەردگار. سوپاس بۆ ئاشتی پەروەران. سوپاس بۆ هەموو لایەنە تێکۆشەرەکان کە هەوڵ دەدەن بۆ سەقامگیربوونی ئاشتی لەکوردستاندا. نەفرەت لەبراکوژی. بەڵێ بۆ کوردایەتی. نەمری و رێز بۆ نەتەوەی کوردو خۆشەویستی و گیانبەخشین بۆ خاکی کوردستان.

مەکتەبی سیاسی

بزووتنەوەی ئیسلامی نەتەوەی کورد

بەڵگەنامەی ژمارە (٤٢)

بسم الله الرحمن الرحيم

## جەماوەری موسڵمانی کوردستان:

لە١٦/ئازاری ١٩٨٨دا دەساڵ تێدەپەڕێت بەسەر کیمیا بارانی شاری ستەملێکراوی هەڵەبجەدا.
ئەو شارەی کەلەمێژ بوو بوو؛ بەچڵی چاوی دوژمنانی بەهۆی ئیسلامپەروەری و چاو نەترسی و ملکەچی نەبونی بۆ هیچ ناڕەواییەک بۆیە ڕژێمی گەندەڵ جامی غەزەبی خۆی بەدڕندەترین شێوە ڕژاند بەسەریدا، تاوانێکی بێ وێنەی بەو کیمیا بارانە ئەنجامدا، بەراورد کردنی ئەو تاوانە بەهێرۆشیماو ناکازاکی لەنگە چونکە ئەوان وڵاتێکی دوژمنی کیمیابارانی کردن بەڵام هەڵەبجە خاوەنی وڵات خۆی تاوانەی‌کەی دەرهەق کرد.
بۆیە خەڵکانی زیاتر لەپێنج هەزار بێ تاوانی هەڵەبجەو ئاوارەبونی دەیان هەزاری تر لەدانیشتوانی بو بەڵەکەیەکی ڕەشی مێژووی بەنێو چاوی ڕژێمی بەعسەوەو سڕینەوەی هەتاهەتایە مەحاڵە، جگە لەوەسۆزو بەزەییەکی بەرفراوانی لەناو تەواوی گەلانی دنیادا بەرپاکرد، هەر چەندە بەداخەوە هەردوو دەوڵەتی زلهێزی ئەوکاتە (ئەمەریکاو یەکێتی سۆڤیەت)و هاوپەیمانانیان بەهۆی سیاسەتە دوو ڕووییە مێژووییە کەیانەوە چاویان لەئاستانوقاندو گوێی خۆیان لێ‌کەڕ کرد بەڵام تاوانەکە لەوە مەزنتر بوو ئەوان بتوانن بیپۆشن، بۆیە بەقوربانی بونی هەڵەبجە قۆناغێکی گەورەی کێشەی کوردی بەرەو پێش برد. هەموو دانیشتوانی کوردستان قەرزاری ئەو قوربانیەن.
بەڕێزان:
وابوە کەهەموو ساڵێک لە ٣/١٦دا یادی ئەم جینایەتە مەزنە بکرێتەوە لەشارەکانی کوردستانو زۆر شارانی تری دنیادا لەو بۆنەیەدا کۆڕو کۆبوونەوەی ماتەمینی بەرفراوان دەبەسترێت، لەراستیدا لەبیرنەکردنی ئەو تاوانە پێویستەو دەبێت ببێت بەمایەی پەند و ئامۆژگاری، بەڵام ئایا ماتەمی و شیعرو سروودو وتاری ئاگرین خوێندنەوە شتێک لەنەهامەتی دانیشتوانی شاری هەڵەبجە سوک دەکات؟ ئایا لەو کۆڕو کۆبوونەوانەدا تائێستا چ بڕیارێک دەرچووەو جێ بەجێش کراوە بۆ چارەسەری بەشێک لەگرفتەکانی ئەو شارە ستەمدیدەیە؟
ئایا بەقوربانی بونی هەڵەبجە کێشەی کوردی بەجیهان ناساندنی سیاسی و سەرکردەکانی کورد چیان بۆ هەڵەبجەو کەس و کاری قوربانیەکان کردوە؟
کەلاوە ڕوخاوەکانی هەڵەبجەو بازارە شێواوەکەی و ڕێگاو بانی هەڵوەشاوەی شایەتن کەجگە لەوتاری ئاگرین و وادەی بێ وادە هیچ شتێکی گەورە بە دانیشتوانو شارەکە نەکراوە.
بۆیە داوا دەکەین لەهەموو بەرپرسەکەو سەرکردەکان لەیادی دەساڵەی کیمیا بارانی هەڵەبجەدا باقسەو نوسین بگۆڕین بەئاوەدان کردنەوەی ئەو شارەو خزمەت کردنی دانیشتوانی تەعزیەو ماتەمی دەربڕین هیچ دەردێک دەرمان ناکات، لەجێگەی شیوەنی بێ هودە بۆ مردووەکان باڵایەک بەلای زیندووەکاندا بکەینەوە ئەمەبەشێکە لەئەمەکو وەفاداری بۆ هەڵەبجەی خۆراگرو بێ تاوان بۆ دانیشتوانی ستەمدیدەی ئەوشارە سەر بەرزە لەم بۆنە یەشدا داوا لەپارتی دیموکراتی کوردستانو یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەکەین ئەم یادە بەهەلێک وەرگرن بۆ زیاتر بەرەو پێش بردنی پرۆژەی ئاشتی هەڵدانەوەی لاپەڕەیەکی نوێ بۆ ئەوەی دەرفەتی خزمەت کردنی گەل و وڵات زیاتر بڕەخسێنن و گەلەکەشمان هەناسەیەکی حەوانەوە بێتەوە بەبەریدا.

السلام عليكم ورحمە الله

مەکتەبی سیاسی
بزووتنەوەی ڕاپەڕینی ئیسلامی
١٨ذی العقدة ١٤١٨
١٩٨٨/٣/١٦

بەڵگەنامەی ژمارە (٤٣)

بسم الله الرحمن الرحيم

**ڕاگەیاندنی مەکتەبی سیاسی (برا) بەبۆنەی تیرۆر کردنی (ئایەت الله محمد صادق صدر)**

لەکاتێکدا عێراق بەزنجیرەیەك قەیرانی سیاسی و ئابووریدا دەڕوات، گەلانی عێراق چاوەڕوانی هەناسەدان و پشوویەك دەکەن کەچی سەرەتایەکی تر بۆ کارەسات دروست دەبێت و لە هەل و مەرجێکدا (**ئایەت الله محمد صادق صدر**) و دوو کوڕی لەغەفڵەتدا تیرۆر دەکرێن، ئەم ڕووداوە بەڵگەیەکی ترە بەدەست نەیارەکانی عێراقەوە کە بڕیار بدەن هەوڵەکانیان پێکەوە گرێ بدەن و هەوڵی کۆتایی هێنان بدەن بەکارەسات و لێقەومانەکانی میللەتی عێراق، لەبەر ئەوەی ڕژێمی عێراق بەعەقڵی دیکتاتۆری و طاغوتیانە بیر دەکاتەوە بۆیە ناتوانێت بەرامبەرەکانی بخوێنێتەوە و دان بەمافە ڕەواکانیدا بنێت و بەم شێوەیەش هەوڵی لەناو بردن و تیرۆر کردنیان دەدات و لەو ڕێگەیەشدا سڵ لەهیچ ناکاتەوە و هەر ئەو بیرکردنەوەیەش وای کردوە کە کارەساتەکانی میللەتی عێراق بەردەوام بێت لە باشوورو باکوری عێراق دا لە باکوردا (**تعریب و ترحیل**) و لەباشووردا تیرۆر و تۆقاندن.

ڕاپەڕینی ئیسلامی لە کاتێکدا ئەم کارە مەحکوم دەکات داواش لە ئۆپۆزیسیۆنی عێراق دەکات بەهەموو باڵەکانیەوە هەوڵەکانیان بهۆنەوە بۆئەوەی سیستەمێکی عادیلانە دروست بکرێت و میللەتی عێراق وەك میللەتانی تری دونیا دەست بە بنیات کردنەوەی شارستانێتی خۆیان بکەن .

**مەکتەبی سیاسی**
**بزوتنەوەی ڕاپەڕینی ئیسلامی**
**هەولێر ١٩٩٩/٢/٢٢**

بەڵگەنامەی ژمارە (٤٤)

# ٥

# حزبی كۆمۆنیستی كرێكاری عێراق

# حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق

عێراق و ئێران گەڵێک ڕایەڵی جوگرافی و مێژووی و مەزهەبی و نەتەوەیی پیکەوەی گرێ داون، بەڵام بە بەهێزبووتی ڕەوتی چپگەری لە دوای دووەمین جەنگی جیهانییەوە، بیری کۆمۆنیستی بوو بە ڕایەڵەیەکی دیکەی عێراق و ئێران. ئێران داڵدەی بەرهەڵستکارانی عێراقی دەدا، عێراقیش بە هەمام شێوە ئەو کارەی دەکرد. یەک لەو گروپانەی کە عێراق داڵدەی دابوون چەپە شیوعیەکان بوون. شیوعی ئێرانی بە حوکمی نزیکی جوگرافیای ئێران لە یەکێتی سۆڤیەت، زیاتر شارەزاو ئاگاداری ئەدەبیاتی کۆمۆنیستی بوون. بۆیە ئەمان بونە سەرچاوەی بیرو زانیاری بۆ ئەو کەسانەی کە سەرسامی کۆمۆنیزم بوون لە عێراقدا. لە لایەکی دی کۆمۆنیستە ئێرانیەکان لە حەفتاکادا هاوڕای چەپی کورد بوون کە کۆمەلگەی کوردی پێگەیەکی لەبارە بۆ مارکسیەتی ماوی کە پشتی بە کۆمەلگەی جوتیاری دەبەست لە کارو بەرنامەدا.

بە سەرهەڵدانی شۆڕشی شۆرشی ئێران لە ١٩٧٩ مارکسی شۆڕشگێری یان کۆمۆنیزمی کرێکاری سەریهەڵدا لە ئێران لەسەر دەستی مەنسور حکمەت کە ڕەخنەی لە سەرجەم ڕێبازە مارکسیەکانی پێشخۆیگرت بە تایبەت ڕیبازی مارکسی سۆڤیەتی و چینی و ترۆتسکی[٨٩]. مەنسور حکمەت لە رۆژهەڵاتی کوردستانەوەو لەریزی کۆمەڵەی شۆرشگێرانی زەحمەتکێشانی کوردستان (کۆمەڵە) دەستی بە پراکتیکردنی کۆمۆنیزمی کرێکاری کرد. دواتر حکمەت حزبی کۆمۆنیستی ئێرانی دامەزراند لە ١٩٨٣ کە بریتی بوو لە یەکگرتنی ڕەوت و حزبە چەپەکانی ئێران بە کۆمەڵەشەوە. هەر لێرەوە جارێکی تر چەپی ئێرانی کاریگەری لەسەر چەپی باشوری کوردستان دانا هەم لە شاخ و هەم لەشار. لە شاخ کاریگەریەکە دروست بوو بەهۆی پەیوەندی فکری و جفاکی نێوان کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و کۆمەڵەی ئێران. لە شار گەنجەکان کەوتنە

---

[٨٩]فارس محمود: بصدد الارضية السياسية والاجتماعية لتأسيس الحزبhttps://www.ssrcaw.org/ar/show.art.asp?aid=685582#null!

ژێر کاریگەری ڕادیۆ و ڕاگەیاندنی ئەو کادرانەی حزبی کۆمۆنیستی ئیران کە لە لایەن عێراقەوە و لە کوردستاندا دالّدە درابوون[٩٠].

کۆمۆنیستەکانی باشوری کوردستان لە کۆمەڵەی ڕەنجدەران زیاتر دورکەوتنەوە بە تایبەت لە دوای گفتوگۆی (ی.ن.ک) و بەعس لە ١٩٨٣. ئەمانە زۆرینەیان گەڕانەوە ناو شارەکان و لێرەوە گروپی فکری ڕەخنەگرانە سەریهەڵدا. لە شار بەناوی ئاڵای شۆرش و لە شارەکانی هەولێرو سلێمانی و کەرکوک و دهۆک گرووپ دروست بوو کە بەهێزترینیان ڕەوتی کۆمۆنیست بوو، ئینجا بەرزە، کرێکارانی کۆمۆنیست، پڕۆلیتاریای کۆمۆنیست، ئۆکتۆبەر، دەستەی پێشەڕوانی پڕۆلیتاریا، ٣١ی ئازار کە تا ڕاپەرینی ئازاری ١٩٩١ بە شێوەی جیاجیا لە یەکتر، کاریان دەکرد[٩١].

خاڵی وەرچەرخانی دەرکەوتنی کۆمۆنیستەکان لە مەیدانی کوردستان، ڕاپەڕینی ١٩٩١ی کوردستان بوو. لە ڕاپەرینەکەدا شوراکانیان دروست کرد لە ژێر کاریگەری ئەزمونی کۆمۆنیستە ئێرانیەکان کە لە شۆرشی ١٩٧٩ لە ئێران ئەم شێوازەی کارکردنیان پیادە کردبوو . شوراکان گردبونەوەی جەماوەری ناو شارەکان بوو بە تایبەت لە شاری سلێمانی و هەولێردا دژی کادرە بەعسیە چەکداریەکان چالاکییان نواند. دواتر بەهۆی کۆڕەوی بەهاری ١٩٩١ لە کوردستان و چونیان بۆ سنورەکان، کاریگەری هەبوو لەسەر یەکتربینین و گردبونەوەو یەکترناسینی یەکتر[٩٢].

کۆمۆنیستەکان بەهۆی نەبونی حزبەوە، بەشدارییان لە هەڵبژاردنەکانی ١٩٩٢ نەکرد، دوای هەڵبژاردنیش لە گێژاوی تیۆریا و گروپە جیاوازەکان دەسوڕانەوە، بەڵام لە لایەکی تر هەر کەس و گروپێک بە شێوەی تایبەتی خۆی کەوتە سەر شێوەی کارکردنی شوراکان بەتایبەت لە نێو کرێکاری کارگەکان، ئافرەتان، ئاوارەکان بە ناوی یەکێتی بێکاران و ڕێکخراوی ئافرەتان و شورای

[٩٠]رزگار عقراوي: الشيوعيه العمالية، الحكمتي, الى اين؟
https://ssrcaw.org/ar/show.art.asp?aid=313670#null

[٩١]سالار ڕەشید: مێژوویەک لە یادەوەریدا: دیدار سەبارەت بە مێژووی چەپ و کۆمۆنیزمی نوێ لە کوردستاندا، دەزگای چاپ و پەخشی سەدەم سلێمانی،٢٠١٥ ، ل٣٠٨.

[٩٢]فارس محمود: المصدر السابق.

ئاوارەکان و شورای کارگەکان. ئەمانە ڕۆڵی بەرچاوییان هەبوو لە بزوتنە جەماوەرییەکاندا و لە نێو خەڵکیشدا زیاتر بە ڕەوتی کۆمۆنیست دەناسران[٩٣].

لە رووی ڕیکخستنەوە کۆمۆنیستەکان، خاوەنی یەکێتیەکی ڕێکخستنی تەواوی کۆمۆنیستی نەبوون بەڵام زۆرینەیان لە ڕۆژنامەی (بۆ پێشەوە) یان (الی الامام) نوسین و وتارییان بڵاو دەکردەوە. کاتیک حزبی کۆمۆنیستی ئێران (کۆمەڵە) دابەشبونی تێکەوت لە ١٩٩١، حیکمەت لە کۆمەڵە جیابونەوەی ڕاگەیاندو لە ١٩٩٢ حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێرانی دامەزراند. لایەنگرەکانی حیکمەت لە هەرێمی کوردستان کەوتنە تاوتوێی دامەزراندنی حزب لەژێر کاریگەری حکمەت.

گروپە کۆمۆنیستیەکان لە کۆمەڵگەی ئێرانی و عێراقی و کوردیدا بەوە جیادەکرێنەوە کە هێندەی توانای دابەشبونیان هەیە هێندە توانی یەکگرتن و مۆڵبونییان نیە. کەمجار دوو کۆمۆنیست لە دوای گفتوگۆیەکی تێروتەسەل، دەگەنە یەک ڕێکەوتن لەسەر یەک بۆچون و یەک هەڵوێست. هەر ئەمە وایکرد کاتێک مەنسور حکمەت لە وتارەکانی لە گۆڤاری ئینتەرناسیونالیستی ئێرانی لە ژمارەکانی ٤ ، هی ساڵی ١٩٩٢، ١٩٩٣، دوو وتاری نوسی (ئەرکەکانمان بەرامبەر بە چەپی عێراقی) هەروەها بەناوی (کۆمۆنیستی کرێکاری لە عێراق پێویستیان بە حزبە)، گروپە کۆمۆنیستەکان کەوتنە ڕکەبەرییەکی زۆر لەسەر پۆست و پلە و پێگە لەو حزبەدا و هەر گروپێک خۆی بە کۆمۆنیست تر دەزانی لە گروپ و کەسەکانی تر. لێرەوە حیکمەت  لە تەموزی ١٩٩٣ گروپە جیاوازەکانی کۆمۆنیستی لە کوردستان کۆکردەوە بۆ دامەزراندنی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق و بە بێ کۆنگرە، دە سەرکردەی هەڵبژارد بۆ سەرکردایەتی حزبەکە. ئەمەش لەو ڕوانگەیەوە بوو کە لە ڕێگەی پرۆسەی هەڵبژاردن و کۆنگرەوە ئەستەمە کۆمۆنیستەکان لە دەوری حزبێکی سەرتاسەری لە کوردستان و عێراق کۆبونەوە. ئەو زۆر بە ئاشکرا ڕایگەیاند کە مەرج نیە حزب لەڕێگەی کۆنگرەوە دابمەزرێت. زۆرینەی کۆمۆنیستەکانیش ئەو کارەی حکمەتیان لاپەسەند بوو. ئامانجی حیکمەتیش لە دامەزراندنی

---

[٩٣]ئاسۆ کەمال: کۆمۆنیزمی نوێ، سلێمانی، ٢٠٢٠، ل٢٩٩.

حزبەکە ئەوەبوو بارودۆخی کوردستانی بەهەل دەزانی بۆ دروستکردنی حزبێکی کۆمۆنیستی کرێکاری بۆ گرتنە دەستی دەسەلأت لە کوردستاندا، خۆ ئەگەر ئەو هەلە نەقۆستنەوە ئەوا هێزە بۆرجوازەکان ئەو کارە دەکەن[٩٤].

لە روی فکریەوە، کۆمۆنیستەکان دەروێشی مەنسور حکمەت بوون کە بیروراکانی لەسەر رەخنەگرتن دارِشتبوو لە کۆمۆنیستی سۆڤیەتی و چینی. ئەو خۆی تەنها بە بیرمەندێکی کۆمۆنیستی هەژمار نەدەکرد بەڵکو خۆی بە کەسێکی کردەیی دەزانی بۆ پراکتیکردنی تیۆریا کۆمۆنیستیەکانی[٩٥].

کۆمۆنیستەکانی کوردستان پێشبرِکێیان لەسەر وەرگێرانی تێزەکانی حکمەت دەکرد و لەدوای مارکس و ئەنگلسەوە بە کەسی سێیەمی کۆمۆنیستیان لە قەڵەم دەدا و جیاواز لە شپرزەیی و سەرلێشێواوی رِەوتی چەپ لە جیهان لەدوای هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤیەت، کۆمۆنیستەکانی ئێران و کوردستان لە دەوری حکمەت کۆبونەوە. خودی مەنسور حکمەت بە حوکمی ئەوەی لە هەشتاکاندا پێش ئەوەی بچێتە بریتانیا، لە کوردستاندا ژیا بوو، شارەزایی تەواوی هەبوو لەسەر دۆخی سیاسی و حزبی کوردی لە کوردستاندا.

ئەو بابەتانەی کۆمۆنیزمەکان گرنگیان پێدەدا بریتی بوو لە رەخنە لە ناسیۆنالیزمی کوردی، پرسی ئافرەت، پرسی کرێکار. دروشمەکەیان بریتی بوو لە ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری، کە جیای دەکردنەوە لە رِەوتە چەپەکانی دی کە لە دروشمەکانیان باسی حکومەتی دیموکراتی دەکرد[٩٦]. بەرنامەی حزبەکە هەر لەلایەن حکمەتەوە نوسرابوو لەژێر دروشمی (ژیانێکی باشتر) کە لە ساڵی ١٩٩٤ بۆ حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێرانی نوسیبوو. دواتر لە کۆنگرەی ١٩٩٨ی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق کتومت کردی بەپەیرِەوی حزبەکەی خۆی[٩٧].

---

[٩٤]فارس محمود: المصدر السابق.

[٩٥]ئاسۆ کەمال: سەرچاوەی پێشوو: ل٢٩٥.

[٩٦]سالار رِشید: سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠٩.

[٩٧]رزگار عقراوی: المصدر السابق.

ئەم حزبە لە دوای دوو حزبە سەرەکیەکەی کوردستان، خۆی بە هێزی سێیەمی کوردستان دەزانی، هەروەها لە هەڵوێستەکانی ڕاشکاو بوو، بەڵام ئەوەی گرفت بوو کە نەیتوانی ببێتە هێزی کاریگەر لە کوردستاندا، چونکە کێشەیەکی بەردەوامی هەبوو کە ململانێی فکری و حزبی ناوخۆیی بوو. سەرکردەکانیان زۆرینەی لە دەرەوەی وڵات بوون، پاشکۆی گوێرایەڵی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران بوون[98]. مەنسور حکمەت کەسی بێڕکەبەر بوو لە داڕشتنی بەرنامەو سیاسەتی ئەو حزبە کە ڕەخنەگرتن لە حکمەت ئەنجامەکەی دەرکردن، یان دورخستنەوە، یان دەستلەکارکێشانەوە بوو. بەڵام گورزی کەمەرشکێن کە بەر ئەو حزبە کەوت، ڕوبەڕوبونەوەی چەکداری بوو لەگەڵ (ی.ن.ک). هۆکارەکەشی پەیوەندی ئەم حزبە بوو لەگەڵ حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران و هاوکاریکردنیان بوو بۆ هاتوچۆی نهێنی لە نێوان ئێران و عێراق، ئەمەش جێگەی ناڕەزایی دەوڵەتی ئێران بوو، هەربۆیە حزبەکەی توشی ڕوبەڕوبونەوەی چەکداری کرد لەگەڵ (ی.ن.ک)دا لە ساڵی ٢٠٠٠ کە بووە هۆی کوژرانی شەش ئەندامی ئەو حزبە. بەڵام حکمەت خۆی هۆکارێکی تر باس دەکات و دەڵێت: ((بە بڕوای من بەو شێوازەوە کە ئێمە لە کوردستانی عێراقدا هەلدەسوڕاین و بەو ئاراستەیەوە کە گرتبومانە بەر، درەنگ یان زوو دەبوو ئەو پەلامارەی یەکێتی و پاشەکشەی حزب ببینین. کۆمۆنیزم لەو جۆرە کۆمەڵگەیانەدا (کە سەرکوتگەری و ڕژێمی کۆنەپەرست تیایدا زاڵە) یان دەبێت دەبێت سەرکەوێ یان شکستی پێدەهێنن. یان دەبێت پێشڕەوەوی بکات یا پاشەکشەی پێدەکەن))[99]. لێرەوە حکمەت باوەڕی وابوو کە دۆخێکی باش لە کوردستاندا هەبوو لە ١٩٩١-٢٠٠٠ وە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری دەیتوانی دەسەڵات وەربگرێ، چونکە ئەو دەسەڵاتەی نەگرتە دەست، تێکشکا[100]. خودی ئەم ئەو بۆچونە دەمانگەیەنێتە ئەو ڕایەی کە حکمەت بە کۆمەڵێک کادیری ژمارە کەم لە دۆخی شەڕی ناوخۆو نەبونی هەڵبژاردن لە کوردستاندا ویستویەتی

---

[98] رزگار عقراوی: المصدر السابق.

[99] ئاسۆ کەمال: سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠٣.

[100] ئاسۆ کەمال: سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠٥.

دەسەڵات وەربگرێت لە دوو حزبی خاوەن بنکەی جەماوەری ڕێکخراوی چەکدار، خودی ئەم بیرکردنەوەیە کۆمۆنیستە شۆڕشگێڕەکانی توشی بێ هیوایی و شکست کرد. هەر بۆیە فارس مەحمود سەرکردەی باڵای ئەو حزبە و کەسی نزیک لە حیکمەت، لەبارەی شکستی کۆمۆنیزم لە کوردستان ڕای وایە، کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق و کوردستان بەرەنجامی گۆرانە سیاسی و فکریەکان بوو نەک بزوتنەوەیەکی سیاسی کۆمەڵایەتی[١٠١].

دەتوانین لە بەڵگەنامەکانەوە ئەو پرسانە دیاریبکەین کە حزبی کۆمۆنیست گرنگی پێداون:

١- کرێکارو کاسبکار. ((ماوەی چەند ڕۆژێکە دەسەڵاتدارانی شاری سلێمانی (لەژێر بیانووی جوانکردنی شاردا) هێرشێکی بەرفراوانیان کردۆتە سەر دەست فرۆشان و بەم کارەشیان بونەتە مایەی نانبڕینی هەزاران خێزانی دەستتەنگ و زەحمەتکێش..... ئەگەر بیانووی دەسەڵاتداران بۆ هێرشەکانیان جوانکردن و پاراستنی سیمای مەدەنی شارە، بەڵام چی لەدیاردەی بێکاری ناشرین ترو دزێوترە کە بەربینی بە کۆمەڵگا گرتووە))[١٠٢].

٢- بەکارێهنانی منداڵان لە شەڕدا[١٠٣]. ((چەکدارکردنی هەر کەسێکی خوارتر لە تەمەنی ١٦ ساڵ جەریمەیەکە بە هەقی ئینسانەکان و بە توندی مەحکومی دەکەین، هەر بەم پێیە دەبێت PKK دەست بەجێ ئەو کەسانەی کە تەمەنیان لە خوار ١٦ ساڵەوەیە ئازاد بکات)). ئەمە یەکێک بوو لەو پرسانەی کە حزبی کۆمۆنیست وروژاندی و پێشرەوی خەڵکی دەکرد دژی بەکارهێنانی منداڵان لە جەنگدا. لەو کاتەدا (پ.ک.ک) لە شەڕێکی سەختدا بوو لەگەڵ تورکیادا. بۆ قەرەبوکردنەوەی هێزی مرۆیی، پەنای بردبووە بەر بەکارهێنانی نەوجەوان و بردنیان بۆ نێو بەرەکانی جەنگ کە ئەمەش نارەزایەتی کۆمەڵایەتی لێکەوتبووەوە .

---

[١٠١] فارس محمود: المصدر السابق.

[١٠٢] بەڵگەنامەی ژمارە(٤٦): پشتیوانی لەنارەزایەتی و داخوازیەکانی دەستفرۆشان دەکەین

[١٠٣] بەڵگەنامەی ژمارە (٤٨)پەلکێشکردنی منداڵان بۆ بەرەکانی شەڕ نیشانەی کۆنەپەرستی و ئیفلاسی سیاسیە!

٣- تیرۆری مەدەنی[١٠٤]: یەکێک لەو دیاردانەی کە لە شەڕی ناوخۆدا سەریهەڵدا بریتی بوو لە دیاردەی تیرۆر و توندوتیژی دژ بە خەڵک و لایەنی مەدەنی. حزبی کۆمۆنیست، تەنها ئیدانەی کارەکەی نەدەکرد، بەڵکو پەنجەی تاوانی بۆ لایەنی تۆمەتبار دریژ دەکرد و بەراشکاوانە بەشێکی ئەم کردەوانەی دەدایە پاڵ ئیسلامیە توندرەوەکان ((بژی خەبات لەدژی تیرۆریزمی ئیسلامی))، هاوکات ئەوی تری دەخستە پاڵ دەسەلات، ((ئەم جۆرە کارانە..... واقیعەتی سەرگەردانی و بێ قانونی کوردستانە)). ئەم پەیامە بەردەوام لە رادیۆی حزبی کۆمۆنیست پەخشدەکرا. هەربۆیە حزبەکە چ لایەنە ئیسلامیەکان و چ لایەنە شەڕکەراکانی قاڵس و نیگەران کردبوو. ئەوەبوو لە هەولێر، دوو ئەندامی بالای حزبەکە تیرۆر کران . لە روبوروبونەوەیەکی چەکداریشدا لە نزیک رادیۆی حزبەکە لە سلێمانی، شەش ئەندامییان کوژرا.

٤- ریفراندۆم: هەرچەندە حزبی کۆمۆنیست خۆی بە حزبێکی عێراقی نیونەتەوەیی دەزانی، بەلام بەهۆی بێهیوابونی ئەو حزبە لە چارەنوسێکی سەقامگیر و مرۆڤدۆستی بۆ عێراق، جیاواز لە حزبەکانی تری کوردستان کە داوی رێگەچارەی ئاشتی نێوان عێراق و نەتەوەیەکگرتووەکانی دەکرد، حزبی کۆمۆنیست راگەیاندنێک بلاودەکاتەوە بەناوی ((ڕێگەچارەی فەوری حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق بۆ وەزعیەتی ئێستای کوردستان))[١٠٥]، کە لەوێدا باسی جیابونەوەی یەکجاری هەرێمەکە دەکات لە دەوڵەتی عێراقی لە رێگەی ریفراندۆمەوە. ((حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق لەهەلومەرجی ئێستاداو لەوجودی دەسەلاتی شۆڤێنیستی ڕژێمی بەعس، لەو ریفراندۆمەدا خەڵک بانگەواز دەکات دەنگ بدەن بە جیابونەوەی کوردستان و دامەزراندی دەوڵەتێکی سەربەخۆ)).

[١٠٤] بەڵگەنامەی ژمارە (٤٧): ئاشکرابوونی هەوڵێکی تیرۆرستی لە دژی ڕابەرانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق

[١٠٥] بەڵگەنامەی ژمارە (٦٠):ڕێگەچارەی فەوری حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق بۆ وەزعیەتی ئێستای کوردستان

## بەڵگەنامەی ژمارە (٤٥)

## کۆمۆنیزمی کرێکارییە یان پۆلیسە؟!

هەروەک ساڵانی ڕابردوو بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی کرێکاریەوە - یەکی ئایار (ڕێکخراوی بێکاران لە کوردستان) بەیاننامەیەکی دەرکرد، بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی بەشێکی بەیاننامەی ناوبراو، گروپێک لە هەڵسوڕاوان خۆیان دەگەیننە مەراسیمی مەلعەبەکە لە لایەن حیزبی بەناو کۆمۆنیزمی کرێکاریەوە سازدرابوو.

بەگەیشتی هاوڕێیانی ڕێکخراو، لەبەردەم دەرگای چونە ژوورەوەدا لەگەڵ پۆلیسەکانی (مەنسور حیکمەت[١٠٦]) بەرەوڕووی سانسۆر دەبنەوە، لەدوای بێنەو بەرەیەکی زۆر بە بیانوی ئەوەی گوایە فەوزا دەخوڵقێنێ ناهێڵن بەیاننامەکە دابەشبکرێ!!

قووتکردنەوەی بیانوویەکی زەعیف و بەعس ئاسایانەی لەو جۆرە لەبەردەم ڕێکخراوێکی بێکاریدا بۆ خۆی نەک پێشێلکردنی ئازادی و بیروڕا دەربڕین دەگەیەنێ، بەڵکو فەزیحەیەکە تەنها قابیل و شیاوی حزبۆکەیەکی بەناو پەروەردەیەکی وایە، کەخەریکی سەودا و مامەڵەی ژێر بەژێر کردنە لەگەڵ پارتی و یەکێتیدا.

ئەگەر حزبێکی بەناو کۆمۆنیستی و کرێکاری لەیەکی ئایاردا پرکێشی بکات و کاری ئیرهابی ئەنجام بدات، ئەوا دەبێ لەلایەن جەماوەری بێکار و کرێکار و ئازادیخوازانەوەرسواو مەحکوم بکرێ.

بژی ئازادی بیروڕا دەربڕین

سەرشۆڕی بۆ قیناع پۆشان

ڕێکخراوی بێکاران - سلەیمانی

١٩٩٧/٥/٢

---

[١٠٦] مەنصور حکمەت یان ژوبین ڕازانی بیرمەند و سەرکردەیەکی مارکسی ڕادیکاڵی ڕەوتی کۆمۆنیستی کرێکاری جیهانی بوو. لە ١٩٥١ لە تاران لەدایک بووە. لە حەفتاکانی سەدەی بیست، لە زانکۆی شیراز و پاشان لەندەن ئابوری خوێندووە. لەدوای شۆرشی ئیسلامی ئێران ژیانی سیاسی دەست پێدەکات و دەچێتە کوردستان و لەگەڵ کۆمەڵەی شۆرشگێرانی زەحمەتکێشانی کوردستان پەیوەندی فکریو چالاکی گرێ دەدات . ئینجا پارتی کۆمۆنیستی کرێکاری لە ١٩٨٣ دامەزراند. دواتر چۆتە بەریتانیا و لە ٢٠٠٢ مردووە.
Haleh Afshar: Mansoor HekmatHumanitarian Marxist frustrated in his dreams for Iran.
https://www.theguardian.com/news/2002/jul/20/guardianobituaries.iran

## بەڵگەنامەی ژمارە(٤٦)

## پشتیوانی لەناڕەزایەتی و داخوازیەکانی دەستفرۆشان[١٠٧] دەکەین

ماوەی چەند ڕۆژێکە دەسەڵاتدارانی شاری سلێمانی (لەژێر بیانووی جوانکردنی شاردا) هێرشێکی بەرفراوانیان کردۆتە سەر دەست فرۆشان و بەم کارەشیان بونەتە مایەی نانبڕینی هەزاران خێزانی دەستتەنگ و زەحمەتکێش، کە ئەمەش درێژەی هەمان ئەو هێرش و سوکایەتی پێکردن و شکاندنی کەلوپەلی دەستفرۆشان و باج و سەرانە سەندنانەیە کە بە درێژایی چەندساڵی ڕابردوو بەڕێوەیان بردووە.

ئەگەر بیانووی دەسەڵاتداران بۆ هێرشەکانیان جوانکردن و پاراستنی سیمای مەدەنی شارە، بەڵام چی لەدیاردەی بێکاری ناشرین ترو دزێوترە کە بەربینی بە کۆمەڵگا گرتووەو دەسەڵاتداران نەک هەر خۆیان لەقەرەی چارەسەرکردنی نادەن بەڵکو ئامادەش نین کە کۆتای بەم دیاردەیە بێنن؟! چی لەوە دزێوترە کە بۆ جوانکردنی شار ڕەونەقی سفرەی دەیان هەزار خێزان نەهێڵی و چارەنوسیان ڕەوانەی نادیاری بکەی؟!

دەستفرۆشانی دەستتەنگ و زەحمەتکێش

ئێمە شاهیدی بێزاری و ناڕەزایەتی بەرهەقی چەند ساڵەی ئێوەین، وە ئاگاداری مقاوەتی سەرسەختانەی ڕۆژانەی ئێوەی دژ بەو هێرش و سوکایەتیانەی کە پێتان دەرکرێ، بەڵام پەرش و بڵاوی ڕیزەکانی ئێوەو دروستکردنی ئەنجومەنەکان لەسەرو ئیرادەو ویستی ئێوەوە هەمیشە دەستی دەسەڵاتدارانی ئاوەڵاکردووە کە بە ئاسانی هێرش بکەنە سەرتان و سوکایەتی بە ژیان و گوزەران و شەخسیەت و حورمەتی ئینسانیتان بکەن.

هەر بۆیە ئێمە کۆمیتەی محەلی سلێمانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق پشتیوانی جدی خۆمان بۆ ناڕەزای و داخوازیەکانتان ڕادەگەیەنین و

---

[١٠٧] دەستفرۆشەکان لە کوردستاندا ئەو کەسانەن کە شوێنی گەڕۆکیان لەناو شەقام و بازارەکاندا هەبووە. لە نەوەدەکانی سەدەی بیست شوێنکاری دەسفرۆشەکان بەشێوەی سەرەکی لەشاری سلێمانی لە بەردەم مزگەوتی گەورەی سلێمانیدا بوو، لەشاری هەولێر لە شێخ الله بوو.

هاوکارت سەرنجتان بۆ زیاتر یەکگرتوکردنی ڕیزەکانتان و حەرەکەتی یەکدەستتان ڕادەکێشین و بانگەوازتان دەکەین ڕەسمیەت بە هەیئەتی نوێنەرانی واقعی و جێ متمانەی خۆتان بدەن و لەدەوری کۆببنەوەو خۆتان ڕێکخراو بکەن. ئەوە تەنها هێزی یەکگرتوو ڕێکخراوی ئێوەیە کە دەتوانی بەربەهێرشی دەسەڵات بگرێ و پاروی ڕفێندراوی دەمی منداڵەکانتان بسەنێتەوە.

خەڵکی ناڕازی و ئاشتیخوازی سلێمانی

ئێوە هەمووتان شاهیدی ئەوەن کە دەستفرۆشان ئەو خەڵکانەن کە لەتاو بێکاری و نەبوونی ملیان بە دەست فرۆشی داوەو هەل و مەرجێکی قورس و تاقەتپڕوکێن و لەناو بازاڕو لەسەرجادەکان بۆ دەبین کردنی ژیانی خۆیان و خێزانەکانیان بەسەردەبەن.

ئەگەر دەسەڵاتداران بوجەیان بۆ جوانکردنی شار دیاریکردووە، ئەوا دەبێ بوجەش بۆ دابینکردنی بازاڕو شوێنی گونجاو لەناوبازاڕدا بۆ دەستفرۆشان دیاری بکەن و نەبنە مایەی نان بڕینی خەڵکی، هەر بۆیە پشتیوانی ئێوە لەدەست فرۆشان و داخوازیەکانیان بە هەر شێوازێک کە لەتواناتاندایە نیشانەی وەستانەوەی ئێوەیە لەبەرامبەر سیاسەتی برسیکردن و هێز نواندن و نانبڕینی خەڵکی.

کۆمیتەی محللی سلێمانی

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق

١٩٩٧/٧/١٠

## بەڵگەنامەی ژمارە (٤٧)
## ئاشکرابوونی هەوڵێکی تیرۆرستی لە دژی
## ڕابەرانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق

لە ڕۆژی ١٩٩٧/٤/٣٠ دا، ئاسایشی سلێمانی- بەشی لێکۆڵینەوەی تاوان، ئاگاداری کردین کە هاوڕێیان (ناسک احمدو ڕێبوار احمد[١٠٨]) لە ڕۆژی ١٩٩٧/٥/٤ ئامادەبن بۆ لێکۆڵینەوە. پاش پەیوەندی کردنمان بە ئاسایشی سلێمانیەوە پێیان ڕاگەیاندن کە کەسانێکی سەر بە بزوتنەوەی ئیسلامی هاتوون بۆ تیرۆرکردنی ناسک احمدو ڕێبوار احمدو هەندێ ئەفرادی تریشو دوو کەسیان لێ دەستگیرکراوە لە لایەن ئاسایشەوە.

سەباری لێکۆڵینەوەی ئاسایش، ئێمەش داوامان کرد کە لەگەڵ دەستگیرکراوەکاندا لێکۆڵینەوە بکەین. سەرەنجام بۆمان دەرکەوت کە تۆڕێکی تیرۆرستی سەر بە بزوتنەوەی ئیسلامی بە مەبەستی زەربەدان لە حیزبی ئێمە لە هەوڵی پەیداکردنی زانیاری بوون لەسەر جێگاو شوێنی چەند هاوڕێی ڕابەری ئێمە هەروەها جێگاو شوێنی دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی بۆ پێشەوە، کە ئەم کارە لەژێر سەرپەرشتی کەسێک بووە بە ناوی ((ر م گ)) ناسراو بە (ی)و یەکێک لە لێپرسیراوانی بزوتنەوە. دادگای تاوانی سلێمانی لە ڕۆژی ١٩٩٧/٨/٦ دا تەئکیدی لەسەرواقعی بوونی ئەم هەوڵە تیرۆرستیە کردو بڕیاری حوکمی بەسەر یەکێک لە دوو دەستگیرکراوەدا کە ئیعترافی لەسەر بەژداربوونی خۆی کردبوو لەو هەوڵە تیرۆرستیەدا، دەرکردو ئەوی تریشیانی ئازاد کرد، بەڵام هێشتا لەسەر شەبەکەی تیرۆرو تاوانباری ئەسڵی دەستگیر نەکراوە.

---

[١٠٨] ڕێبوار ئەحمەد، لە ساڵی ١٩٦٣ لە کەرکوک لە دایک بووە، لە ساڵی ١٩٩٣ یەکێک بووە لە ١٠ کەسە دامەزرێنەرەکەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق و تا ١٩٩٧ وەک ئەندامی مەکتەبی سیاسی کاریکردووە. لە ساڵی ١٩٩٧ بووە بە سکرتێری کۆمیتە ناوەندی حزب، و ساڵی ١٩٩٨ بووە بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران تا ساڵی٢٠٠٤. ساڵی ٢٠٠٢ لەگەڵ گۆڕینی ئارایشی رابەری حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق وەک لیدەری حزب هەڵبژێردراوە. . (سالار رەشید : مێژوویەک لە یادەوەریدا، ل٢١٥)

خەڵکی کوردستان شاهیدی ئەوەن کە ئێمە دەیان جار لە ڕاگەیاندنەکانماندا باسی تیرۆریزمی ڕەوتە ئیسلامیەکانمان کردووەو ئەوەمان ڕاگەیاندووە کە ئەم ڕەوتە ئیسلامیانە هیچ پەیامێکی ئینسانیان بۆ خەڵکی کوردستان پێ نیە بەغەیری جەهلو خورافە و دژایەتیکردنی ئازادی و یەکسانی ئینسانەکان و دژایەتی کوێرو قین لە دلآنەی کۆمۆنیزم و کۆمۆنیستەکان نەبێ! ئەوەمان ڕاگەیاندووە کە لەگەڵ ڕەوتی مۆدێرنیزم و پێشکەوتوخوازی کۆمەڵگادا نایەنەوەو دژی هەموو جۆرە تروسکاییەکی ئازادی و مەدەنیەتن لە کۆمەڵگای کوردستاندا. تەجروبەی ئەم چەند ساڵەی ژیانی سیاسی کوردستان ئەم قسانەی ئێمە سەلماندووە و ئێستاش لە هۆڵەکانی دادگای سلێمانیەوە تەئکید لە هەقانەتی ئەم بۆ چونانەی ئێمە دەکرێت. دەبێ ئەم بڕیارەی دادگای سلێمانی سەبارەت بە ئیدانەکردنی ئەو تیرۆریستانە بەهۆی هەوڵی تیرۆرستان لە دژی کادیرانی حیزبی ئێمەو کەسانی ئازادیخواز وەکو ئیدانەی تیرۆریزمی ئەم ڕەوتە ئیسلامیە سەیربکرێت. بەڵام هەر ئەوانەی کە ئەم لێکۆڵینەوەیان ئەنجامدا دەستی ئەم هێزە دەگرن بۆ بەشداریکردن لە (حکومەت)ە کەیاندا!! ئایا ئەمە ڕەسمەیتدان نیە بە سیاسەتی تیرۆرو دژایەتی کردنی ئازادی سیاسی !؟

ئێمە هەمیشە ئەوەمان ڕاگەیاندووە کە ئەو هێزو حیزب و لایەنانەی لەمەیدانی ململانێی سیاسیدا ئیفلاس دەکەن پەنا دەبەنە بەر تیرۆرو بە تەئکید ئەم هەوڵەی بزوتنەوەی ئیسلامی لە دژی حیزبی ئێمە ئیسپاتی ئیفلاسی سیاسی و کۆمەلآیەتیان دەکات لە بەرامبەر کۆمۆنیزم و حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری و ڕەوتی متمدنی کۆمەڵگادا، تیرۆریزمیش تەجروبەیەکی شکست خواردووی ئەم ڕەوتە ئیسلامیانەیە. ئێمە داوا لە سەرجەم هێزو حیزب و لایەنە سیاسی و جەماوەریەکان و تەواوی خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان دەکەین کە ئەم هەوڵە تیرۆرستیە لە بەڕامبەر حیزبی ئێمە لە بەرامبەر ئازادیخوازی و ئازادی سیاسیدا ئیدانەو مەحکوم بکەن. لەهەمان کاتدا ڕایدەگەیەنن کە دەبێ تاوانباری ئەسڵی دەستگیر بکرێت و لەگەڵ ئەو هێزەدا کە لەپشتی ئەم شەبەکە تیرۆرستیەوە وەستاوە دادگایی جەماوەری بکرێت.

کۆمیتەی ڕابەری ڕێکخراوی کوردستا- حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق

١٩٩٧/٨/١٠

## بەڵگەنامەی ژمارە (٤٨)
## پەلکێشکردنی منداڵان بۆ بەرەکانی شەڕ
## نیشانەی کۆنەپەرستی و ئیفلاسی سیاسیە!

کرێکاران، خەڵکی زەحمەتکێش و ئازادیخواز
حیزب و لایەنە سیاسی و ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی کوردستان

ڕۆژی ١٩٩٧/٨/٧، پارتی کرێکارانی کوردستان PKK – نوێنەرایەتی باشوور، ڕاگەیاندنێکی غەیرە سیاسی و پڕ تۆمەت و کینەتۆزی بڵاوکردەوە، ئەم ڕاگەیاندنە بە ڕواڵەت لە دژی دەوڵەتی تورکیاو پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق خۆی دەنوێنێ و بانگەزای خەڵک دەکات بۆ بەژداری شەڕێ PKK لەگەڵ پارتیدا. بەڵام سەرنجدانێکی کورتی ڕاگەیاندنەکە ئەو ڕاستیە ئاشکرا دەکات کە ئامانجی سەرەکی PKK لەم ڕاگەیاندنە دوژمنایەتی کردنی هیستریانەیە لەگەڵ حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق و هەڵڕشتنی کۆمەڵێک قسەو تۆمەتی بێ ناوەڕۆک و ڕەزیلیانەیە کە تەنها مەگەر لە ئەقڵی نوسەرانیدا جێگەی بێتەوە، چ شتێ لەوە بێ شەرمانەترە کە لەباوەشی دەوڵەتانی کۆنەپەرستی ناوچەکەوە، تۆمەتی جاسوسی بدرێتە پاڵ حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق کە تاکە هێزێکە لە ناوچەکەدا سەربەخۆی تەواوی هەیە تەنهاو تەنها پشتی بە جەماوەری بەرینی کرێکارو خەڵکی زەحمەتکێش بەستووەو لێی بڕوانە دژی دەخالەتی گشت دەوڵەتانی کۆنەپەرستی ناوچەکە وەستاوەو شێلگیرانە دیفاعی لەماف و حورمەتی خەڵکی کوردستان کرتووە.

خەڵکی کوردستان شایەتی لەسەر هەڵوێستی بێ پێچوپەنای کۆمۆنستی حزبی ئێمە دەدەن  لەبەرامبەر هەر ڕووداوو هەر حیزبوو لایەنێک کە دژی خەڵکی کوردستان و بەرژەوەندیەکانی دەجوڵێتەوەو لەسەر خوێنی خەڵکی کوردستان و یاریکردن بە چارەنوسی ئەم خەڵکە، ئاشی سیاسەتی خۆیان دەگێڕن و جۆرەها تاوان و جەریمە لە دژی ئەم خەڵکە ئەنجام دەدەن. خودی PKK یەکێکە لەو هێزانەی کە بە ئاشکرا پشتی داوە بە دەوڵەتانی کۆنە

پەرستی ناوچەکەوە، لەوانە جمهوری کۆنەپەرستی ئیسلامی ئێران و ڕژێمی دڕندەو فاشیستی بەعس.

خەڵکی کوردستان ئەو ڕاستیە باش دەزانن کە هەڵوێستی سیاسی PKK نان بە نرخی ڕۆژ خواردنە. PKK لە لایەکەوە هیچ سڵ لەوە ناکاتەوە کە ئینکاری لە هەموو مافەکانی خەڵکی کوردستان بکان لە پێناو دانیشتن لە گۆشەی گەرمی دەوڵەتانی ناوچەکە، لە لایەکی تریشەوە هەر نازناوێک بە شانوباڵای یەکێک لە دوو حزبە دەسەڵاتدارەکەی کوردستانی عێراقدا هەڵیداوە. تەنها ساڵێک لەمەوبەر بوو کە سەرانی PKK لە یۆبیلێ زێڕێنی پارتیدا دەست لەسەر سنگ ڕاوەستابوون و ستایشی دەوری (ولاتپارێزی)ی پارتیان دەکردو تا چەند مانگێک لە مەوبەر لەژێر فشاری ئەوەدا بوون کە بۆ هەڵوێست لە ڕووداوی ٣١ ئاب وەرناگرن. ئەمڕۆش لە ئیدریسی بەدلیسیەوە پێیا دێنە خوارەوە و لەناوبردنی پارتی بە مەرجی ڕزگاری خەڵکی کوردستان دەزانن و هەوڵدەدەن بە ستایش کردنی یەکێتی جێ پێی خۆیان لە کوردستانی عێراق قایم بکەن.

بەڵام قینلەدڵی و هیستریای ئەم جارەی PKK بەرامبەر بە حیزبی ئێمە، لە لایەک نیگەرانی ئەوان لە دەورو نەخش و جێگا و ڕێگای کۆمۆنیزمی کرێکاری و حیزبەکەی نیشان دەداو لە لایەکی ترەوە هیستریای ئیفلاسی PKKیە بەرامبەر هەڵوێستی مەسئولانەی حیزبەکەی ئێمە لە دژی ڕاپێچ منالان بۆ نێو مەعسکرو جەبهەکانی شەڕ. حیزبی ئێمە وەکو حیزبێکی مەسئول لە بەرامبەر کۆمەڵگای کوردستاندا، ئەم جەریمەیەی کە PKK، لەژێر ناوی (خەبات بۆ ڕزگاری هەر چوار پارچەی کوردستان) لە دژی منالان بەڕێوەی دەبا و فەزای ترس و خۆفی بەسەر شارەکانی کوردستانی عێرقدا زاڵ کردووە، ڕیسوا کرد.

ڕاگەیاندنەکەی PKK خۆی بەر لە هەر شتێک ئیعترافی ئەوانە بەوەی کە ئەو منالانە لە لایەن ئەوانە ڕاپێچ و چەکدار کراون، ئەمەش ئەو تاوانە گەورەیەیە کە حیزبی ئێمە هەرگیز لە بەرامبەریدا بێ دەنگ نابێت. لە ڕاستیدا

ئەو لاوانی (شەرڤان[١٠٩])ەی کە PKK هەراو هوریای بۆ دەکات، زۆرێکیان ئەو منداڵە ١٢–١٣ ساڵانەن کە نەک چەکدارکردنیان، بەڵکو نزیکرنەوەیان لە معسکر تاوانێکی گەورەیە. ئێمە جگە لەقسەو شایەتی کەسوکاری ئەم منالانە هەموو بەڵگەیەکی پێویستمان لە بەردەستدایە کە ئەم ڕاستیە دەسەلمێنێ.

ئەوەی کە PKK بە هاتوهاواری شەڕ لە دژی تورکیاو پارتی و ڕزگارکردنی هەر چوار پارچەی کوردستان دەیەوێت ئەم تاوانە پاساوبدات، نەک هەر ناتوانێت هیچ شەرعیەتێک بۆ ئەم جەریمەیە بەدەست بهێنێ، بەڵکو لەڕاستیدا دەست دەبات بۆ بەهایەکی پوچ و سوواو کە هەمیشە هێزە کۆنەپەرستەکان بۆ پاساودانی جەریمەکانی خۆیان پەنایان بۆ بردووە. گومان لەوەدانیە کە حیزبێک منالانی ١٢-١٣ ساڵ فریوبدات و بیانکات بە خۆراکی شەڕو (شۆڕش)ەکەی، ناتوانێت بە هیچ شێوەیەک جێگای ئومێد بێت بۆ خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان.

PKK وەکو حیزبێکی ناسیونالسیتی کورد نەک هەر تۆزقالێک پەیوەندی بە خەباتکردنەوە نیە بۆ کۆتایی هێنان بە ستەمی میللی لەسەر خەڵکی کوردستانی تورکیا، چ جای بگات بە هەرچوار پارچەی کورستان، بەڵکو خودی PKK بە سیاسەتی کۆنەپەرستانەی دەستی دەوڵەتی فاشیسیتی تورکیا بۆ خولقاندنی کارەسات لە دژی خەڵکی کوردستانی تورکیا ئاوەڵا کردووەو خۆی بوەتە بەشێک لەهۆکاری ئەو کارەساتەی کە دەوڵەتی فاشیستی تورکیا لەدژی خەڵکی کوردستانی ئەوێ بەڕێوەی دەبات، تەنانەت لە کوردستانی عێراقدا بووەتەوە لایەنێکی ئەو شەڕو کێشمەکێشە کۆنەپەرستانەیەی کە خەڵکی کوردستانی هەراسان و سەرگەردان کردووە. هەموو شەڕو کوشتاری PKK لەگەڵ دەوڵەتی فاشیستی تورکیا هەر لە پێناو ناچارکردنی ئەم دەوڵەتەیە بە گفتوگۆیەک بۆ پچڕینی چمکێک لەدەسەڵات و وەرگرتنی ئیمتیازێک بۆ خۆی

---

[١٠٩] شەرڤان وشەیەکی کوردی کرمانجیە بە واتایی شەڕکەر یان سەرباز دێت. بزوتنەوەی چەکداری لە رۆژهەلات و باشور وشەی (پێشمەرگە) بۆ ئەندامانی هێزە چەکدارەکانییان بەکار دەهێنن، لە بەرامبەردا لە باکوری کوردستان و رۆژئاوا وشەی (گەڕیلا) یان (شەڕڤان) بەکاردێت. لەگەڵ دەستپێکردنی شۆڕشی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان لە ساڵی ٢٠١٢ وشەی شەڕڤان زیاتر کەوتەبەرچاو و بووە جێی بایەخ.

لەژێر ناوی حوکمیزاتی یان فیدڕالیزم بۆ خەڵکی کوردستان، ئەمە ئامانجێکە کە PKK لە زمانی سەرۆکەکەیەوە چەندین جار بۆ حوکمەتە کۆنەپەرستەیەک لەدوای یەکەکانی تورکیای ڕاگەیاندووەو بە سەدویەک زمان لە میدیاکانەوە پەیامی بۆ لێداون.

PKK بە سیاسەتی پەلکێش کردنی منداڵان بۆ معسکرات و بەرەکانی شەڕ دەیەوێت خۆی لە بنبەستی سیاسی و سەربازی ڕزگار بکات بەم سیاسەتە دژی ئینسانیە و بەهەر نرخێک بووە ڕێگەیەک بۆ هێز کۆکردنەوە پەیدا بکات. ئێمە جارێکیتریش بە ڕاشکاوی ڕایدەگەینین کە چەکدارکردنی هەر کەسێکی خوارتر لە تەمەنی ١٦ ساڵ جەریمەیەکە بە هەقی ئینسانەکان و بە توندی مەحکومی دەکەین، هەر بەم پێیە دەبێت PKK دەست بەجێ ئەو کەسانەی کە تەمەنیان لە خوار ١٦ ساڵەوەیە ئازاد بکات. ئێمە بە هەموو تواناکانەوە لە ڕێزی پێشەوەی نارەزایەتی کەس و کاری منداڵەکان و خەڵکی ئازادیخوازی کوردستاندا بۆ ئازادکرنی ئەو منداڵانە تێدەکۆشین. لەهەمان کاتدا داوا لە دەسەڵاتدارانی کوردستان دەکەین بەرامبەر بە تاوانی چەکدارکردنی مناڵان مەسئولیەتی خۆیان نیشانبدەن و بۆ ئازادکرنیان هەنگاوی دەست بەجێ و پێویست هەڵگرن. هەروەها دەسەڵاتداران مەسئولن بەرامبەر بەم جەریمەیەو دەبێ پێشی پێبگرن. لە هەمانکاتدا بانگەوازی گشت ئەو هێزە سیاسی و ڕێکخراوە جەماوەریانە دەکەین کە خۆیان بەمەسئول دەزانن لەبەرانبەر چارەنوسی کۆمەڵ و ژیانی خەڵک، کە لە دژی جەریمەی چەکدارکردنی مناڵان بۆ دەنگ نەبن و هەڵوێست وەرگرن و هاوشان لەگەڵ حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق بۆ ئازادکرنی ئەو مناڵانە تێبکۆشن.

جەماوەری ئازادیخوازی کوردستان

ئێوە بە چاوی خۆتان دەبینن کە مناڵەکانتان ڕاپێچی معسکرو بەرەکانی شەڕ دەکرێن و جەستەی ناسکیان دەکرێتە سوتەمەنی و خۆراکی شەڕی کۆنەپەرستانەی نێوان هێزە ناسیۆنالیستەکات. ئێوە ساڵانێکی دوورو درێژە دەبینن کە ئەم هێزە ناسیۆنالیستانە، لەوانەش PKK، یاری بە چارەنوس و خواست و ویستی ئێوە دەکەن بۆ کۆتایی هێنان بە ستەمی میللی، ئێوە دەبینن کە هەرڕۆژە بە پەلکێشکردنی دەوڵەتێکی کۆنەپەرستی ناوچەکە ئیرادەو

حورمەتی ئێوە لەلایەن ئەم هێزانەوە پێشێل دەکرێت، هەموو ئەمانە ڕاستی و دروستی ئەو بۆچونەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق دەسەلمێنن کە هەمیشە پێی لەسەر ئەوە داگرتووە کە ڕزگاربوون لە ستەمی میللی و سەرگەردانی سیاسی ئێستا بەندە بە خۆجیاکردنەوەی خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان لە بزوتنەوەی ناسیۆنالیستی و چۆڵکردنی پشتی حیزبەکانی و کۆبونەوە لە دەوری خواستی جیابوونەوەی کوردستان و پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆو سکۆلارو مۆدێرنی غەیرە قەومی لە کوردستانی عێراق.

کۆمیتەی ڕابەریی ڕێکخراوی کوردستان
حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق
١٩٩٧/٨/١١

## بەڵگەنامەی ژمارە (٤٩)

## دەبێ سوپای تورکیا لەکوردستانی عێراق بچێتە دەرەوە

جەماوەری کرێکارو زەحمەتکێش

خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان

ماوەیەکە دەوڵەتی ناسیۆنال فاشیستی تورکیا دەیەوێ پشتێنەیەکی ئەمنی لەناو خاکی کوردستانی عێراقدا بە بیانوی پاراستی سنورەکانی لەهێرشی چەکدارەکانی پ.ک.ک لەناو کوردستانی عێراقدا دروست بکات. ئەم سیاسەتەی دەوڵەتی تورکیا لەسەرەتاوە ڕووبەڕووی ئیعترازێکی نێونەتەوەی فراوان بووەوەو خودی دەوڵەتی عێراق و وڵاتە عەرەبیەکان بە توندی ئیدانەی ئەم سیاسەتە تورکیایان کرد.

بەڵام ئێستاو پاش دوومانگ لەدەخالەتی عەسکەری و تواجدی بەردەوامی تورکیا لەکوردستانی عێراقداو دەرگیربوونی هێزەکانی تورکیا بە هاوکاری هێزەکانی پارتی لەگەڵ پ.ک.ک دا، کە ئەویش بۆتە لایەنێکی شەڕی ناوخۆو لەبەرەی بەرامبەر پارتیدا وەستاوەتەوە، لەپاڵ فشارەکانی ئەمریکا بۆسەر خاکی عێراق و پێویستی چالاکردنەوەی دەخالەتی ئەمریکا لەناوچەکەدا تورکیا خۆی لەمەوقعیەتێکی لەباردا دەبنێتەوە بۆ دامەزراندی ئەم پشتێنەیە.

خەڵکی کوردستان دەزان کە حەوت ساڵە لەلایەن UNوە، کە بۆتە ئەداتێکی ساغکردنەوەی بەرژەوەندیە جیاوازەکانی دەوڵەتە سەرمایەداریە گەورەکانی جیهان، لەژێر ناوی (ناوچەی ئارام[١١٠])و پاراستنی خەڵکی کوردستان لەدەستدرێژی ڕژێمی بەعس، کوردستانیان کردۆتە ناوچەیەکی بێ ناسنامەی

---

[١١٠] ناوچەی ئارام یانSafe Haven بیرۆکەیەک بوو لە لایەن سەرۆک وەزیرانی بریتانیا جۆن مەیجەر پێشنیارکرا بۆ پاراستنی کوردەکان لە توندووتیژی رژیمی بەعس لە عێراق. ئەم بیرۆکەیە لەلایەن هاوپەیمانان  بە سەرکردایەتی ئەمریکا خرایە بواری جێەجێکردن لە نیسانی ١٩٩١، کاتێک فرۆکە سەربازیەکانیان  ئاسمانی پارێزگاکانی پارێزگای سلێمانی و هەولێرو دهۆکی دابڕی لە عێراق و لە زەمینیشدا هێزی پێشمەرگە بەرەو ڕووی رژێمی بەعس وەستابوو، بەمەش ئەو پارێزگایانە یەکەیەکی سیاسییان پێکهێنا کە بە هەرێمی کوردستان ناسرا. رواء محمد علی: سیاسة التدخل الامریکی فی شمال العراق، رساله ماجستیر، کلیة العلوم السیاسیة، جامعه بغداد، ١٩٩٨، ص١٢٣.

نێودەوڵەتی و خەڵکی کوردستانیشیان لەئاوارەی و چاوەڕوانیدا ڕاگرتووە. لەجەرگەی ئەم هەلومەرجەدا هەر ماوەیەک دەوڵەتی تورکیا بە بیانوی شوێنکەوتنی پ.ک.ک وە پەلاماری کوردستانی عێراقیان داوەو خەڵکی ناوچە سنوریەکانی توشی ئاوارەی و مەئسات کردۆتەوەو سەدان کەسیان لێ کردونەتە قوربانی هێرشی تۆپ و تانک و فڕۆکە جەنگیەکانیان. ئێستا لەم هەلومەرجە ئاڵۆزەدا ڕژێمی فاشیستی تورک دەیەوێت بەهەمان دەستوری لوبنان پشتێنەیەکی ئەمنی بۆخۆی لەکوردستانی عێراقدا دروست بکات و وەزعیەتی شەڕو کوشتاری بەردەوام و هەموو ڕۆژە بەسەر خەڵکی کوردستانەوە ڕەسمیەت پێ بداو ئەم ناوچەیە بکاتە مەیدانی شەڕو جەنگی خۆی لەگەڵ پ.ک.ک دا.

دەوڵەتی بۆرژواو ناسیۆنالیستی تورکیا، لەم سیاسەتەیدا بەدوای ئەوەوەیە کە سەرنجی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشی تورکیا ڕەوانە دەرەوەی سنورەکان بکات و لەڕێگەی لەشکرکێشی و تەدەخولاتی عەسکەریەوە بەدەستهێنانی موقعیەتێکی سیاسیو عەسکەری لەناوچەکەدا وەلاَم بە پێداویستی سیاسیو ئابوریەکانی سەرمایەداری تورکیا بداتەوەو ئەمەش لەسەر حیسابی ژیان و ئاسایش و ئیرادەی خەڵکی کوردستانی عێراق دەباتە پێشەوە.

ئێمە، ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق، بەتوندی ئیدانە ئەم سیاسەتە دژە بە شەڕو قازانج پەرستانەیەی دەوڵەتی بۆرژوا ناسیۆنالیستی تورکیا دەکەین و داوا دەکەین بە زوترین کات هێزە سەربازیەکانی خۆی لەکوردستانی عێراق بکشێنێتەوە و ئیحترام بۆ ئیرادەی خەڵکی کوردستان دابنێ. لەهەمانکاتدا UN مەسئول دەکەین کە تورکیا ناچاربکات هێزەکانی لەکوردستان بباتە دەرەوەو ئیدانەی بکات و زەرەو زیانەکانی خەڵکی کوردستان قەرەبووو بکاتەوە.

بانگەوازی خەڵکی کوردستان و تەواوی ڕێکخراوە جەماوەری و ڕادیکاڵەکان و حیزب و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان و عێراق دەکەین کە لەبەرامبەر ئەم سیاسەتە دەستدرێژیکارانەو ئیرهابیانەی دەوڵەتی تورکیا بێ دەنگ نەبن و بەهەموو جۆرێک کە بۆیان دەکرێت بۆ شکستهێنانی تێ بکۆشن.

هەروەها بانگەوازی ئەحزاب و ڕێکخراوە سیاسی و چەپەکانی تورکیاو نەقابەو ڕێکخراوە کرێکاریەکانی تورکیاو جیهان دەکەین کە ئەم سیاسەتە دەوڵەتی بۆرژوا ناسیۆنالیستی تورکیا ئیدانە بکەن و دیفاع لەئیرادەی خەڵکی کوردستانی عێراق بکەن.

بژی ئیرادەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستان

بژی هاوپشتی نێونەتەوەی کرێکاری

بڕوخێ سیاسەتی دژی بەشەڕی پشتێنەی ئەمنی دەوڵەتی تورکیا.

کۆمیتەی ڕابەری ڕێکخراوی کوردستان

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق

١٩٩٧/١٠/٢٤

## بەڵگەنامەی ژمارە (٥٠)

## ڕاگەیاندنی مەکتەبی سیاسی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق:

### سەبارەت بە ئابلۆقەدانی چەکدارانەی ڕادیۆی دەنگی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق

### لەلایەن هێزەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانەوە

ئەمڕۆ چوارشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٧/١٠/١٥ کاتژمێر ١٠،٣٠ی پاش نیوەڕۆ بەشێک لەهێزە چەکدارەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بەمەبەستی داخستنی ڕادیۆی حیزبمان دەستیان دایە ئابلۆقەدانی چەکدارانەی بنکەی ڕادیۆ لەشاری سلێمانی.

شایەنی باسە ئەم کارەی هێزە چەکدارەکانی یەکێتی نیشتیمانی بۆسەر ڕادیۆی حیزبمان، هەنگاوێکی سەرکوتکەرانەیە کە لەسەرەتای هەڵگیرسانەوەی شەڕی نێوان ی.ن.ک و پ.د.ک دا بۆسەر ئازادی هەڵسوڕانی سیاسی ئەحزاب لەکوردستاندا دەستی پێکردووە.

شەڕی ناوخۆی ئەمجارەی حیزبەکانی کوردایەتی وێڕای ئەوەی خەڵکی کوردستانی خستۆتە نێو ئاگری کوشتن و کوشتارێکی ترەوەو هەرچی زیاتر تێکدانی ئەمن و ئاسایشی ژیانی ڕۆژانەی جەماوەری بەرینتر کردۆتەوە، ئازادی هەڵسوڕانی سیاسی ئەحزاب و، ئازادی ڕاگەیاندن و بیروڕای کردۆتە پاداشتێک بۆ ساتو سەودای لەگەڵ دەوڵەت و هێزە کۆنەپەرستەکانی ناوچەکە.

ئەمڕۆ ڕادیۆی دەنگی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق تەنها بەو هۆیەوە دەکەوێتە بەردەم مەترسی چەکدارانی یەکێتی و هەڕەشەی داخستنی دەدرێت کە دەنگی دیفاع لەئازادی سیاسی و مافەکانی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشە، ڕادیۆکە کە هەمیشە بۆ ئاشناکردنی خەڵکی کوردستان بە مافەکانیان و بۆ دیفاع لەژنان و منداڵان و لاوان و کرێکاران و هەر دەنگێکی ئازادیخواز لەبەرامبەر حیزبە دەسەڵاتدارەکان و کۆنەپەستاندا لەخەباتی ڕاشکاوانەو چاونەترسانەدا بووەو هەیە.

ئێمە لێرەدا وێڕای مەحکوم کردنی ئەم هەنگاوەی یەکێتی نیشتیمانی و داواکردنی کشانەوەی دەستبەجێی چەکدارەکانی بۆ سەر بنکەی ڕادیۆی

حیزبمان، ڕادەگەیەنین کە هانگاوێکی لەم جۆرە کارێکی سەرکوتکەرانەیە لەدژی حیزبی ئێمەو سەرجەم خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشی کوردستان، بێگومان ئەمەش دەبێتە مایەی نارەزایەتی و تورەیی جەماوەرو هەر هێزێکی ئازادیخوازی تر.

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق بە هێزی خۆیو پشت بەستوو بە جەماوەری کرێکارو زەحمەتکێش و سەرجەم ئازادیخوازانی کوردستان، ئامادەی تەواوی هەیە بۆ وەڵامدانەوەو پوچەڵکردنەوەی ئەم جۆرە ڕەفتارانەو لەم نێوەشدا ئاکامەکانی هەر ڕووداوێکی نەخوازراو کە بێتە پێش، ڕاستەخۆ لەئەستۆی یەکێتی نیشتیمانی دایە.

مەکتەبی سیاسی
حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق
١٥ی ئۆکتۆبەری ١٩٩٧

## بەڵگەنامەی ژمارە (٥١)

## تیرۆرو ئیرهاب ئاکامی ئیفلاسی کۆنەپەرستانە

خەڵکی ناڕازی و ئازادیخوازی شاری سلێمانی

هەروەک ئاگادارن ڕۆژی ١٩٩٧/١٢/٢٨ کاتژمێر ٦،٣٠ی سەر لەئێوارە لەناو جەرگەی شاردا (سینەما دڵشاد[١١١]) تەقێندرایەوە، ئەم تەقینەوەیەش بەشێکە لەو زنجیرە کارە تیرۆریست و ئیرهابییەی کە لەیەک مانگی ڕابردودا بەشێوەیەکی منزم و نەخشە بۆ کێشراو لەشاری سلێمانی و دەوروبەریدا ئەنجام دراون، لەوانەش تەقاندنەوەی مەڵبەندی لاوانی میدیا[١١٢]، تەقەکردن لەچەند کادیرێکی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەشەقامی سالم، تیرۆرکردنی چەند کادرێکی هەمان حیزب لەکۆیە، تیرۆرکردنی کارمەندێکی دادگای سلێمانی بە ناوی (خ)، تیرۆرکردنی چەند کەسێکی ترو فڕێدانی تەرمەکانیان لەوانەش تیرۆرکردنی منداڵکی ١٢ ساڵ بەناوی (د ح خ)...

ئەم حەملەیە لەکاری تیرۆرستی و ئیرهابی دژ بە خەڵکی مەدەنی و ئازادیخوازی کوردستان پەیامێکی ڕەشترو خەتەرێکی جدی بزوتنەوە کۆنەپەرستە بۆرژوازیەکانی کوردستانە کە دەیانەوێت بە دژایەتی کردنی سادەترین مافی فەردی و مەدەنی ئینسانەکان و بە زاڵکردنی فەزای ترس و تۆقاندن، سیاسەتەکانیان بەسەر ژیانی خەڵک و کۆمەڵگەدا بسەپێنن. ئەوەی کە دەستی کۆنەپەرستانی ئاوەڵا کردووە ئەم جۆرە کارانە ئەنجام بدەن، واقیعەتی سەرگەردانی و بێ قانونی کوردستانە، تا بە کەڵکوەرگرتن لەم وەزعیەتە کۆمەڵگا نوقمی کۆنەپەرستی و دواکەوتووی بکەن.

---

[١١١] سینەما دڵشاد لەساڵی (١٩٦٥) لە شەقامی کاوەی شاری سلێمانی و لەسەر رووبەری (١٢٥٨م٢) دەست بەدروستکردنی کراوەو لە رۆژی ١٩٦٨/١١/١١دا کراوەتەوە. خاوەندارێتی دەگەڕێتەوە بۆ بنەماڵەی حاجی قاسم و بەڵێندەری جێبەجێکار وەستا قادر رەسوڵ مەحمود بووە https://www.kurdipedia.org/default.aspx?q=20130331153452791 62&ampIng=18.

[١١٢] مەڵبەندی لاوانی میدیا سەر بەڕێکخراوی TDCیە، (TDC) لە ڕووی مادیەوە پاڵپشتی ئەم مەڵبەندانەیە و لە زۆر شوێنی کوردستاندا هەبووە. ئەم ڕێکخراوە لە چەند وڵاتێکی تر هەیە. ئامانجی ئەم مەڵبەندانە لایەنی پەروەردەیی و چالاکی هەمەچەشنەی ڕۆشنبیریە. بڕوانە:بەڵگەنامەی ژمارە (٩٧).

خەڵکی متەمەدن و ئازادیخواز

لای هەموان ئاشکرایە کە ڕەوتی مەدەنیەت و ڕادیکالیزمی کۆمەڵگای کوردستان بزوتتەوەیەکی پایەدارو بەهێزی ئەوتۆیە کە ئەم هەوڵە ڕەزیلانەی کۆنەپەرستان ناتوانێ پێشی پێ بگرێ. ئێمە ویڕای مەحکوم کردنی ئەم جۆرە کارانە دەسەڵاتداران بە بەرپرسیار دەزانین بەرامبەر پاراستنی ژیان و ئەمنیەتی خەڵک دا. هاوکات بانگەوازتان دەکەین کە دەنگی ناڕەزایەتیتان لەدژی تیرۆر ئیرهاب لەکوردستان دا بهێننە مەیدان و ئەنجام دەرانی لەدادگای ئاشکرای جەماوەری خۆتان دا دادگای بکەن، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق لەم نێوەدا سەنگەری ئەم بزوتنەوەو خواستە بەرهەقەی ئێوەیە بۆ بەرقەرارکدرنی کۆمەڵگایەکی مەدەنی لەکوردستاندا.

مەرگ بۆ کۆنەپەرستی

بژی بزوتنەوەی ئازادیخوازانەی خەڵکی کوردستان

کۆمیتەی محەلی سلێمانی

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق

١٩٩٧/١٢/٣٠

## بەڵگەنامەی ژمارە (٥٢)

## بەياننامەی كۆتايی هاتنی كۆنگرەی يەكەمی

## حيزبی كۆمۆنيستی كرێكاری عێراق

كۆنگرەی يەكەمی حيزبی كۆمۆنيستی كرێكاری عێراق، لەسەرەتای مانگی شوباتی ١٩٩٨ دا لەكوردستانی عێراق بەرپا كرا. پێشتر لەپلنيۆمی شەشەمی كۆميتەی ناوەنديدا نەخشەی ئامادەكاری كۆنگرە كە لەلايەن مەكتەبی سياسييەوە بەڕێوە برابوو، لێكدانەوەو هەڵسەنگاندی لەسەركراو سەرجەم ئيقدامات و لايەنەكانی پەسەندكران و بڕياردرا كە كۆنگرە لەكاتی دياريكراوی خۆيدا ببەسترێ.

كۆنگرە بە ئامادەبوونی نزيكەی ١٠٠ كەس لەنوێنەران و ميوانەكان بەرپاكرا. لەلايەن ڕێكخستنەكانی حيزبەوە، نوێنەرانی ڕێكخستنەكانی كۆميتەی ناوەڕاست و جنوبی عێراق و نوێنەری ڕێكخراوی كوردستان لەشارو ناوچەكانی كوردستان و نوێنەرانی ڕێكخراوی ناوەندی حيزبو نوێنەرانی ڕێكخراوی دەرەوەی وڵات، لەوڵاتانی ئەوروپاو ئەمريكاو كەنەداو ئوستراليا و توركيا، ئامادەبوون. هەوەها كاديرانێك لەحيزبی كۆمۆنيستی كرێكاری ئێران و نوێنەرانی ڕێكخراوە كرێكاری و جەماوەريەكان و كادرانێك لەڕيزەكانی ڕێكخستنی حيزبەوە، كە وەک ميوان دەعوەت كرابوون، بەژداری كۆنگرەيان كرد.

كۆنگرە سەرەتا بە سرودی ئينتەرناسيۆنال و دەقيقەيەک بێ دەنگی بۆ ڕێزگرتن لەيادی گيانبەختكردووانی ڕێگای سۆسياليزم و ڕزگاری چينی كرێكار، دەستی پێكرد. يەكەمين بەندی دەستور جەلسەكانی كۆنگرە گوێگرتن لەڕاپۆرتی هەڵبژاردنی نوێنەرانی كۆنگرە بوو. دوای هەڵسەنگاندی ئەم ڕاپۆرتە، كۆنگرە شەرعييەتيدا بە نوێنەرانی بەشە جياجياكانی تەشكيلات و كۆنگرە ڕەسميەتی وەرگرت.

بە دوای ئەمەدا ((هەيئەتی رئاسی كۆنگرە)) هەڵبژێردراو ئايننامەو دەستور جلسەی كۆنگرە پەسەند كرا.

پاشان وتاری افتتاحیەی کۆنگرە پێشکەش بە ئامادەبوان کرا. لەو وتارەدا پێ لەسەر دەستکەوت و پێشڕەوییەکانی چەند ساڵی ڕابردووی حیزب داگیراو ئاماژە بۆ جێگاو ڕێگایی سیاسیو کۆمەڵایەتی حیزب کرا، کە وەکو دیاردەیەکی ئازیزی ئەم کۆمەڵگایە، بەتایبەت لەکوردستاندا دەرکەوتووەو بۆتە سەنگەری دیفاع لەئاوات و ئامانج و مافەکانی جەماوەری کرێکارو زەحمەتکێش و حورمەتی ژنان و لاوان و منالان. هەروەها پەنجەی تاکید لەسەر بایەخ و گرنگی کۆنگرەی یەکەم دانرا کە دەتوانێ ئامادەیی و توانای حیزب بباتە ئاستێکی بەرزترو لەجەرگەی بارودۆخی حەساس و پڕ لەکێشمەکێشی ئێستادا، ئاسۆو ئایندەیەکی ڕووناک و پڕشنگدا بخاتە بەردەم کۆمەڵگای عێراق.

بەدوای وتاری افتتاحیدا پەیامی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران و ڕێکخراوە جەماوەریەکان و ئەو پەیامانەی لەلایەن هاوڕێیان و دۆستانی حیزبەوە ئاراستەی کۆنگرە کرابوون، خوێنرانەوە.

پاش ڕاپۆرتی سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی و مەسئولی ئۆرگانەکانی تری حیزب بۆ کۆنگرە، درایە بەرباس و لێکۆڵینەوە.

لەبەندێکی دیکەی دەستور جلسەکاندا، کۆنگرە چووە سەر باسی بەرنامەی حیزب و دوای گفتوگۆی هەمەلایەنە لەسەر گرنگی بەرنامە، بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری (دنیایەکی باشتر)، وەکو بەرنامەیەکی هەمەلایەنە بۆ شۆڕشی کرێکاری و بەرپاکردنی کۆمەڵگای کۆمۆنیستی و لەهەمان کاتدا وەکو بەرنامەیەک بۆ پێکهێنانی هەر ئاڵوگۆڕێک بۆ باشترکردنی ژیانو گوزەرانی خەڵک لەئێستادا، لەکولیەتیدا پەسەند کرا.

وە لەباسی حیزب و دەسەڵاتی سیاسی لەعێراقدا، کۆنگرە پێی لەسەر ئەوە داگرت کە عێراق بە هەلومەرجێکی سیاسی حەساسدا تێپەڕدەبێت. ئەم هەلومەرجە سیاسیە کە لەسەر بناغەی ئاڵوگۆری ڕەوتی سیاسی دوای جەنگی خلیج هاتۆتە کایەوەو لەهەناویدا کێشمەکێشمی هێزەکان و بەدیلەکان لەسەر دەسەڵاتی سیاسی بەڕێوەیە، فرسەتێکی لەبار ڕەخساوە بۆ پێشڕەوی و پەرەگرتنی حیزبی ئێمە. بەتایبەت کە سەرجەم بەدیل و ڕەوتە بۆرژوازیەکان گیرۆدەی ئەزمەو بێ ئاسۆی و جگە لەقولکردنەوە کێشەو نەهامەتیەکانی

ژیانی خەڵک، هیچ وڵام و ڕێگەچارەیەکی دیکەیان پێنیە. بەڵام حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق بە وەڵامی ڕۆشنی بۆ سەرجەم کێشەکانی ئەم کۆمەڵگایەو بە ڕابردویەکی خەباتکارانەو پڕ لەشانازیەوە، هەروەها بە جێگاو ڕێگایەکی سیاسی و کۆمەڵایەتیەوە کە لێی بەهرەمەندە، دەتوانێ لەجەرگەی ئەم هەلومەرجەدا، جەماوەری کرێکاری و خەڵکی مەحروم بەرەو گرتنەدەستی دەسەڵاتی سیاسی لەعێراقدا، ڕابەڕایەتی و ڕێکخراو بکات و هەلومەرج بە قازانجی ئەوان بشکێنێتەوە.

لەبەشێکی دیکەدا کۆنگرە چووە سەرباسی ستراتیژی حیزب لەکوردستان. لەم بەشەدا باسی نەفرەت و بێزاری خەڵکی کوردستان لەڕژێمی فاشیستی بەعس و ئاکامی مەینەتباری سیاسەتەکانی ئەمریکاو دەرەوەو کارکردنی ئەحزابی ناسیۆنالیستی کورد کرا، کە کوردستانیان گۆڕیوە بە ئۆرگانێکی گەورەی ئاوارەیی. هەروەها پێ لەسەر ئەوە داگیرا کە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق دەبێ هەموو هێزو توانای خۆی بەگەڕ بخات بۆ بوژانەوەی ئومێدی خەڵکی کوردستان و گێڕانەوەی بڕوا بە خۆبوون و، لەدوری سیاسەتی ڕۆشن و ڕزگاری بەخشی کۆمۆنیستی بیانهێنێتە مەیدان بۆ دیاریکردنی چارەنوسی خۆیان و کۆتایی هێنان بە بارودۆخی ناهەمواری ئێستا، لەکۆتای ئەم باسەدا بەڵگەنامەی ستراتیجی ئێمە لەکوردستان لەلایەن کۆنگرەوە پەسەند کرا.

لەباسی حیزب و دنیای عەرەبدا، تیشکخرایە سەر ئەوەی کە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق چ بەهۆی زمانی هاوبەش و چ بەهۆی مەسائیلی هاوبەشی دنیای عەرەبەوە، دەتوانێ لەئاستی دنیای عەرەبدا، کاریگەریەکی گرنگی هەبێت و بەرنامەو بیروباوڕو سیاسەتی کۆمۆنیستی خۆی پەرەپێبدات و دەور بگێڕێ لەشکڵ پێدان و بەهێزکردنی بزوتنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاری لەدنیای عەرەبدا. پاش قسەو باسی تێرو تەسەل لەسەر ئەم مەسەلەیە، نەخشەو ئیقداماتە دەست بەجێکانی حیزب دیاریکراو خرانە دەستوری کاری حیزبەوە.

لەبەندێکی تری دەستور جلسەکانی کۆنگرەدا، بەڵگەنامەی ((بنەما ڕێکخراوەییەکانی حیزب)) درایە بەرباس و پاش قسەوباسی هەمەلایەنە لەسەر

پەیوەندی و مەوازنەی سیاسی و ڕێکخراوەییەکانی حیزب و پێداگرتن لەسەر سوننەتە حیزبی و کۆمۆنیستیەکان، بەڵگەنامەی ((بنەما ڕێکخراوەییەکانی حیزب)) پەسەندکرا.

لەبەندی بڕیارو بەرنامەو پەیانەکاندا، کۆنگرە چەند بڕیارێکی گرنگی پەسەندکرد بۆ بردنە پێشەوەی سیاسەت و نەخشەکانی خۆی، هەروەها چەند پەیامێکی ئاراستەکرد، کە بریتی بوون لەمانە:

پەیام بە زیندانیانی سیاسی

پەیام بە چینی کرێکاری عێراق

پەیام بە خەڵکی کوردستان

پەیام بە ژنانی عێراق

پەیام بە لاوان

پەیام بە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران

پەیام بە کەس و کاری هاوڕێیانی گیان بەخت کردوو

بەندی کۆتای دەستور جلسەکانی کۆنگرە، هەڵبژاردنی کۆمیتەی ناوەندی بوو، کە ١٩ کەس وەکو ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و ٧ کەس وەک ئەندامی ئیحتیاتی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردران.

بەم جۆرە کۆنگرە دوای چوار ڕۆژ لەکاری چڕو پەڕ لەنێو فەزای پڕ لەشۆڕو شەوقی ئامادەبواندا، بەوتاری خیتامی و پاشان سرودی ئینتەرناسیۆنال کۆتایی بە کارەکانی هێنا.

بژی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق

بژی ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری

کۆمیتەی ناوەندی

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق

شوباتی ١٩٩٨

## بەڵگەنامەی ژمارە (٥٣)

## ڕاگەیاندنی کۆتایی پلنیۆمی حەوتەمی

## کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق

لەڕێکەوتی ١٩٩٨/٢/٨دا، کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق بە ئامادەبوونی زۆربەی ئەندامانی، پلنیۆمی حەوتەمی بەست. ئەم پلنیۆمە کە یەکەمین کۆبونەوەی فراوانی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی یەکەمی حیزب بوو، باسەکانی خۆی تایبەت کرد بە جێبەجێکردنی ئەو بڕیارو هەنگاوانەی کە لەڕاستای عملی کردنەوەی باس و جیهەتە سیاسی و پەسەندکراوەکانی کۆنگرەدا خرابوونە دەستوری کۆمیتەی ناوەندیەوە.

هاوکات پلنیۆم بە شێوەیەکی هەمەلایەنە ئەوزاعی تازەی سیاسی عێراق و کێشەی ئەمریکاو ڕژێمی بەعسی دایە بەر باس و لێکۆڵینەوەو لەم بارەیەوە نەخشەو سیاسەتەکانی حیزبی دیاریکرد. وە هەر لەم چوارچێوەیەشدا قسەو باس لەسەر ئەوزاعی سیاسی کوردستان و ڕێگاچارەی حیزب بۆ کۆتایی هاتنی یەکجاری شەڕ کراو، لەم بارەیەوە بەڵگەنامەیەکی پەسەندکرد.

بەندێکی تری دەستور جلسەی پلنیۆم کار دابەشکردنی نێوخۆی کۆمیتەی ناوەندیو هەڵبژاردنی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی و جێگرەکەی بوو. پلنیۆم هاوڕێیان (طاهر حسن، سامان کریم، مؤید احمد، ڕێبوار احمد، خەسرەو سایە، امجد غفور، ناسک احمد، شاپور عبدالقادر، محسن کریم)ی وەک ئەندامانیئەسڵی مەکتەبی سیاسی و هاوڕێیان (ئاسۆ کمال، عبداللەمحمود، ئاوات سعید، فارس محمود)ی وەک ئەندامی ئیحتیاتی مەکتەبی سیاسی هەڵبژارد. هەروەها بە تێکڕای دەنگی هاوڕێیان (ڕێبوار احمد)وەک سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی و (امجد غفور) وەک جێگری سکرتێرو نوێنەری حیزب لەدەرەوەی وڵات هەڵبژێردران.

کۆمیتەی ناوەندی

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق

١٩٩٨/٢/١٠

## بەڵگەنامەی ژمارە (٥٤)
## ڕاگەیاندنێک لە کۆمیتەی محلی سلێمانی
## حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراقەوە، سەبارەت بە ڕووداوەکانی ١٩٩٨/٢/٢٧

جەماوەری ئازادیخوازو متمدنی شاری سلێمانی

هەروەکو ئاگادارن ڕۆژی ٢/٢٧ کاتژمێر ١٠و٢ دەقیقەی پاش نیوەڕۆ بۆ جەرێکی تر سینەما دلشاد تەقێندرایەوە و سەرەڕای پشێوی و نائارامی لەناو بازاڕدا (سێ کەس) بیریندار بوون. هاوکات لەهەمان ڕۆژدا لەگەڕەکی حاجیاوا مەلایەکی سەر بە ڕەوتە ئیسلامیەکان چەند کەسێکی ئیسلامی دواکەوتوو قین لە دڵ بەرامبەر بە خەڵکی هان دەداتو دوای نوێژی جومعە بە شێوەیەکی وەحشیانە هێرش دەکەنە سەر گازینۆیەکی سەتەلایت و دووکانێکی دوو گوڵی دەست، وە پەلاماری خاوەنەکەی دەدەنو کەلوپەلەکانیان دەشکێنو فەرهودی دەکەن.

ئاشکرایە ڕەوتە ئیسلامیەکان لە دونیاو ناوچەکەدا نوقمی بێ ئاسۆیو بنبەستی سیاسیو کۆمەڵایەتین و دەیانەوێت بەم شێوەیە پەیامی گەندەڵی چاخی بەردن بدەن بەڕووی کۆمەڵگا و خەڵکی ئازادیخوازو مۆدێرنی ئەم سەردەمەدا. هەر بۆیە ڕەوتە ئیسلامیەکان بە بزوتنەوەیە ئیرهابی و دژی بەشەڕی ناسراون. کارو کردەوەکانی ئەم ڕەوتە ئیسلامیانە ئەم هەقیقەتەیان سەلماندووە، ئەوەتا لە جەزائیر شەوانە خەڵک سەردەبڕن لە فەلەستین و میسر و وڵاتانی تردا سەرگەرمی کاری تیرۆرستی و ئیرهابین لە ئەفغانستانیش کۆمەڵگایان نوقمی زوخاوی شەڕو وێرانکاریو ئاوارەی کردۆتەوە... هتد. لە کوردستانیش ڕەوتە ئیسلامیەکان دەیانەوێت (لەژێر ناوی دژایەتی فەسادو بەرەڵایی دا لەکاتێکدا خۆیان سەراپا نوقمی ڕەوشتی نائینسانی و نۆکەرایەتی و ئینسان کوژن) بە دژایەتی کردنی سادەترین مافی ئینسانیو خواستو ئارەزوەکانی ئینسانی ئەم سەردەمە کۆنەپەرستی سیاسی بەسەر کۆمەڵگای کوردستاندا بسەپێنن و بیکەنە

جەنگڵستان و بەدەردی جەزائیر[١١٣] و ئەفغانستانی[١١٤] بەرن. بەڵام هاوکان لە چەند ساڵی ڕابردودا بزوتنەوەی ڕادیکالیز مو حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق لە کوردستاندا دەستی ئەم ڕەوتە ئیسلامیانەی بۆ تیرۆرو ئیرهاب کۆتا کردووەو لە ساڵی ١٩٩٥ دا وەڵامی ددانشکێنی بەهەوڵە تیرۆرستیەکانی ئەم ڕەوتە ئیسلامیانە داوەتەوە.

ئەمڕۆش حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق لە ریزی پێشەوەی خەباتی خەڵکی ئازادیخوازو متمدنی کوردستاندا ڕاوەستاوە بۆ ڕسواکردن و دەست کۆتاکردنی ئەم ڕەوتە ئیسلامیانەو ڕێگا نادات جارێکی تر بۆ ئینسان کوشتنو کاری ئیرهابی سەر لە کونەکەی خۆیان بێننە دەروە. وە هاوکات بانگەوازتان دەکەین لە دژی ئەم ڕەوتە کۆنەپەرستانەو کارو کردەوە ئیرهابیەکانیان بێنە مەیدانو ئەنجام دەرانی ئەم کارانە دەستگیر بکەنو لە دادگای جەماوەری خۆتاندا بە سزایان بگەیەنن. ڕێگا نەدەن ئەم دەستەو تاقمە نۆکەرو کۆنەپەرستانە کۆمەڵگای مەدەنی کوردستان لەکەدار بکەنو دەبێ چالاکیو هەڵسوڕانیان لە کوردستاندا قەدەغە بکرێت.

---

[١١٣] ڕەوتی ئیسلامی لە دوای خۆپیشاندانەکانی ١٩٨٨ گەشەی بەرچاوی بەخۆوە بینی لە جەزائیردا. سەرۆکی ولات هەمواری دەستوری کردەوەو ڕێگەی بە هەڵبژاردن دا. لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکاندا بەرەی ئینقازی ئیسلامی سەرکەوتنی بەدەست هێنا لە ١٩٩٠. دواتر لە ساڵی ١٩٩١ هەڵبژاردنی حزبەکان ئەنجامدراو جارێکی تر بەرەی ئینقاز زۆرینەی دەنگەکانی بۆخۆی چنییەوە. ئەنجامی هەڵبژاردنەکان لە لایەن سوپاوە ڕەتکرایەوە، ئەمە دەرگای توندوتیژی کردەوە لەنێوان سوپاو رەوتی توندڕەوەی ئیسلامی کردەوە کە تا ساڵی ١٩٩٩، زیاتر لە ٢٥٠ هەزار هاوڵاتی بوونە قوربانی، الحرب الأهلية الجزائرية.https://www.marefa.org

[١١٤] ئەفغانسان لە لایەنیەکێتی سۆڤیەتەوە داگیرکرا لە ١٩٧٩-١٩٨٩. بە پاشەکشەی سوپای سۆڤیەت، لایەنە جیاوازە ئیسلامیەکان بالادەست بوون لە ئەفغانسان کە لەنێو خۆیاندا کەوتنە ناکۆکی و دواتر پەلیکێشا بۆ شەڕی ناوخۆ کە تا ساڵی ٢٠٠١ بەردەوام بوو. لەسایەی ئەم شەڕەدا ئەفغانستان کەوتە ڕەوشێکی کاولکاری توندوتیژەوە کە کۆمەڵگەی ئەفغانی خستە دۆخێکی دواکەوتووی لەسەرجەم کایەکانی ژییان. الحرب الأهلية الأفغانية، https://www.marefa.org

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق هەمیشە لە خەباتدایە لە دژی ئیرهابو تیرۆریزمی ئیسلامیو بۆ بەرگریکردن لە کۆمەڵگای مەدەنی کوردستانو مافە فەردیو مەدەنیەکانی هەڵکی کوردستان.

مەرگ بۆ ئیرهابو تیرۆریزمی ئیسلامی

بژی ئیرادەی خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان

کۆمیتەی محللی سلێمانی

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق

١٩٩٨/٢/٢٨

## بەڵگەنامەی ژمارە (٥٥)

## ڕاگەیاندنی مەکتەبی سیاسی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق

### سەبارەت بە کارەساتی تیرۆری هاوڕێیان (شاپور عبدالقادر - ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزب)و (قابیل عادل - ئەندامی کۆمیتەی ڕابەری ڕێکخراوی کوردستان) لەشاری هەولێر!

کرێکاران

خەڵکی ئازادیخواز

حیزبو لایەنە سیاسیەکان و ڕێکخراوە جەماوەریەکان و لایەنگرانی ئازادی سیاسیو مافەکانی ئینسان!

سعات (١٠)ی سەرلەبەیانی ئەمرۆ (١٩٩٨/٤/١٨) لەکاتێکدا وەفدێکی حیزبمان بەسەرۆکایەتی هاوڕێ (شاپور عبدالقادر) سەردانی بنکەی یەکێتی بێکارانی[١١٥] کرد، لەشاری هەولێر، هاوڕێیان (شاپور عبدالقادر- ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزب وە هاوڕێ قابیل عادل- ئەندامی کۆمیتەی ڕابەری ڕێکخراوی کوردستان و ئەندامی کۆمیتەی محەلی شاری هەولێری حیزبمان) کەوتنە بەر هێرشێکی موجریمانەی دەستەیەک تیرۆرست و گیانیان لەدەست دا. ئەنجامدانی کارێکی تیرۆرستی بەم شێوەیە لەنێو جەرگەی شاری هەولێردا ڕاستەوخۆ مسئولیەتی دەکەوێتە سەر شانی دەسەلاتداران و حاکمانێک کە لەو شارەدا ئیدعای ئاسایش و وجودی ئازادی هەڵسوڕانی سیاسی دەکەن.

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق لەبەرامبەر ئەم کردەوە وەحشیانەو ڕەزیلانەیەدا بێ دەنگ نابێ و کرێکاران و خەڵکی ئازادیخواز دڵنیادەکات

---

[١١٥] ڕێکخراوی بێکاران لە کوردستان، یەکێک بوو لە ڕێکخراوە کۆمۆنیستیە جەماوەرییەکانی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو. لە ١٩٩٢/٦/٣٠ یەکێتی بێکارانی هەولێر دروست ئەبێت و دواتر لە ١٩٩٢/١١/٦ یەکێتی بێکارانی سلێمانی دروست دەبێت. ئەم دوو ڕێکخراوە لە ١٩٩٣/١/٦ یەکدەگرن و ڕێکخراوی بێکارانی کوردستان دروست دەکەن. شاپور عبدالقادر و قابیل عادل دوو لە ڕابەرانی ئەم ڕێکخراوە بوون. (سالار ڕەشید: مێژوویەک لە یادەوەریدا، ل ٤١٥ بۆ ٤٢٥) ..HTTP://WWW.HKKURDISTAN.ORG/

تاوانکارانی ئەم جەریمەیە بە سزای خۆیان دەگەن و لەبەرامبەر ئەو لایەنانەشا کە لەپشتسەری ئەم تاوانەوە ڕاوەستاوە، هەڵوێستی بەکردەوە دەگرێتەبەر.

تیرۆری هاوڕێیان (شاپور عبدالقادر وقابیل عادل) تەنها تەقەلایەکی زەبونانەی دوژمنانی کۆمۆنیزم و چینی کرێکار نیە کە لەدژی حیزبی ئێمە ئەنجام درابێ، بەڵکو کردەیەکی ڕەزیلانەیە بەرامبەر خەبات و تێکۆشانی گشت مەحرومان و ستەمکێشان و ئازادیخوازانی ئەم کۆمەڵگایە، کە ئەمە تیرۆری ڕابەرانی کرێکارانی کارگەی نەسیج و جگەرەو ڕابەرایەتی هەزاران ئینسانی ئاوارەو خەڵکی ئازادیخوازو ژنانی ستەمدیدەیە. تیرۆری ڕابەرانی کرێکاری و کۆمۆنیستی هەمیشە لەلایەن هێزە بۆرژوازی و کۆنەپەرستەکانەوە ڕێگایەک بووە بۆ بەرگرتن بە بزوتنەوەی چینی کرێکارو ناڕەزایەتی مەحرومانی کۆمەڵ. کۆنەپەرستان لەکاتێکدا دەبینن حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق وەکو پێشەنگی خەباتی کرێکاران و خەڵکی ستەمدیدەی ئەم کۆمەڵگایە خۆی نیشانداوەو جەسورانە پارێزگاری لەمافەکانی ئەوان و ئازادی سیاسی و حورمەتی ئینسانی ژنان و منالان دەکات، بۆیە بە پەنابردنە بەر ئەم شێوازە ڕەزیلانەیە تەقەلایەکی بێ ئاکام دەکەن بۆ بەرگرتن بە خەبات و تێکۆشانی مەحرومانی کۆمەڵ و حیزبمان.

ئێمە بانگەوازی هەموو خەڵکی ئازادیخواز و حیزب و ڕێکخراوە جەماوەریەکان و لایەنگرانی ئازادی سیاسی و مافەکانی ئینسان دەکەین، کە لەبەرامبەر ئەم کارە تیرۆرستیەدا دەنگی ناڕەزایەتی هەڵبڕنو بەتوندی ڕسواو مەحکومی بکەن.

مەکتەبی سیاسی

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق

١٩٩٨/٤/١٨

## بەڵگەی ژمارە (٥٦)

## بڕوخێت دیموکراسیەت

بە هەموو جۆرەکانییەوە

پەرلەمانیەت، فاشیەت، دکتاتۆریەت، لیبرالیەت، سۆسیالیستی......

...لە گروپی خەباتی پڕۆلیتارییەوە.....بۆ

سەرجەم هاوڕێیانی پڕۆلیتەری

دکتاتۆریەتی بۆرجوازیەت

تەنیاو تەنیا یەک هەڵوێستی بەکردەوە کۆتای ئەکات

دکتاتۆریەتی پڕۆلیتاریا

هاوڕێیان!

گروپەکەمان وەک هەموو گروپ و ڕێکخراوێکی کۆمۆنیستی ترو وەک بەشێکی دانەبڕاو لە بزوتنەوەی شۆڕشگێڕی پڕۆلیتاری جیهان بەردەوام ئەوە دڵنیائەکاتەوە و توند دەستی پێوەگرتووە، وەک هێڵێکی نەگۆڕی خەباتی چینەکەمان هەر لە سەرهەڵدانییەوە، کە ناکۆکی نێوان شۆڕشی پڕۆلیتاریاو دەسەڵاتی سەرمایەداری هەمان ناکۆکی نێوان کۆمۆنیزم و دیموکراسیەتە، سەرکەتنی هەر لایەکیان تێکشکانی ئەوی تریانە.

دیموکراسیەت نەفۆرمێکەو نەتایبەتیشە بەم یان بەو ((قۆناغی)) بەرەو پێشکەوتنی ئەم کۆمەڵگایە، بەڵکو هەمیشە وەک دکتاتۆریەت سەرمایەخۆی نواندووەو خۆی ئەنوێنێ. ئەم خاسیەتەش بەستراوە بە سروشتی نێوان کالاو بەهەمهێنان و وەک پێویستی لەیەک دانەبڕاو و مەرجی بوونی ئەم کۆمەڵگایە.

بەم پێیەش ئەم کۆمەڵگا دیموکراسییەی ئەمڕۆی سەرمایەی دەسەڵاتدار هیچ نیە جگە لە دکتاتۆریەتی یاسای بەرهەمهێنان و کالاو دنیای کار...لەسەر مرۆفی چەوساوە کە لە بوونی پرۆلیتاریادا خۆی بەرجەستە کردووە. هەربۆیەش لەناوبردنی ئەو دەسەڵاتەی ئەم سەروەرە دژبە مرۆڤایەتیەی دیموکراسیەت تەنیا بە دەسەڵاتکردنی پڕۆلیتاریا و شۆڕشەکەی دێتە بەرهەم، ئەو شۆڕشەش لە مێژوودا ئەو ئەرکە بێهاوتایە ئەنجام ئەدات هیچ نابێت جگە لە کردارێکی کتومی دکتاتۆریەتی پڕۆلیتاریا دژ بە دکتاتۆریەتی سەرمایە.

هەر لێرەشەوە ئەوە ڕۆشتنە هەرکاتێک پڕۆلیتاریا هەوڵیدابێت خۆی وەک بەرژەوەندی شۆڕشگێڕانەو ئینەترناسیۆنالیستانە، وەک چین، وەک حزبی کۆمۆنیستی جیهانی، وەک یەکێتییەکی تێکدەرانەی دیموکراسیەت و شارستانیەتی (کۆیلەیەتی) سەرمایە خۆی ڕێکبخات بۆرجوازەکان هەوڵی دژایەتی و لێدان و شێواندن و شاردنەوەو کپکردنی ئەدەن.....

لیستەی شێواندن و ناوەڕۆک تێکدەرانەی بۆرجوازەکانیش بۆ ڕێبازو تێکۆشانی پڕۆلیتاریا هەرگیز تەواو نابێت. هەموو بەشەکانی دەوڵەتە هەر لە کەنیسەو مزگەوت و پارتەکانی بۆرجوازی و قوتابخانەو تا کارگەو ژیانی ڕۆژانەو سوپاو سەنگەری جەنگەکانی چەکی تیرۆری ملکەچی کرێکارانییان خستۆتەکار و بەردەوام بە هەزارانمان لە نەخۆشخانەکان و مردووخانەکان و بازاڕی کارو بێکاریدا لە سەروەرێتی دیموکراسیەتدا بەهەموو جۆرەکانیوە ڕیز دەکەن لەپێناو دەوڵەمەندی و پایەدارکردنی سەرمایەی جیهانیدا.

جا!! هاوڕێیان،

ئەمڕۆ لەم ناوچەیەدا وە لەسەربڵندکردنەوەی جارێکی ترو بەردەوامیەتی خەبات و تێکۆشانی پڕۆلیتاریدا وەک باقی شوێنەکانی ترو لە هەوڵێکی شۆڕشگێڕانەوەی یەکگرتنەوەو خۆکۆکردنەوەی هەوڵە شۆڕشگێڕیەکانی پڕۆلیتاریادا شێواندن و ناوەڕۆکتێکدەرانەی بۆرجوازەکان بۆ ڕێبازو تێکۆشانی پڕۆلیتاریا لە سایەی دروشمی هەرەبەرزیاندا: کۆمۆنیزم شکستی هێنا، بژی دیموکراسیەت، هەوڵێکی بێ ووچانە!!!

ئەوەشی لێرەدا گرنگە ئاماژەدان و پەنجەخستنە سەر و دەم ڕووتێکردنە، بەلای ئێمەوە ئەو بەشەی بۆرجوازیەت نییە کە لە بەرامبەرو ڕووبوڕوو، مێژوویەکی ئاشکرای هەیە، لەبەرامبەر خەبات و تێکۆشانی بزوتنەوەکەماندا ئاشکرایانە ڕاوەستاوەو هەموو چەکێکی دژایەتی کردنی بەدەستەوە گرتووە. بەڵکو ئەو بەشە هاوبەشەی بۆرجوازیەتە لە ناوچەکەدا، کە بە ناوی کۆمۆنیزم و بزوتنەوەی کۆمۆنیزمییەوە، دژی کۆمۆنیزم و بزوتنەوەی کۆمۆنیسدتی هەڵدەسوڕا،، لەسەرو هەموشییانەوە ((حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق - ئێران)).

چۆن؟!!

ئەم کۆمەڵگایە هەر هۆیەکانی لەناوبردنی خۆی بەرهەم ناهێنێ، بەڵکو بە پێچەوانەوە بەڵکو بە پێچەوانەوە هۆیەکانی نوێکردنەوەی بەردەوامی خۆشی بەدەست ئەهێنێ لە هەمان کاتدا، ئەوەش بەبەرگری ئەم کۆمەڵگایەیە بۆ خۆپاراستن و لەناوچوون.

مێژووش سەلماندی سەرەڕای هەموو هۆیە بەرگریلێکەرانەی ئەم کۆمەڵگایە، یەکێک لە هەرە هۆیە کاریگەرییەکانی بەرگری ئەم کۆمەڵگەیە بۆ خۆپاراستن لە لەناوچوون ئەو هێزو ئایدۆلۆژیانەیە کە لەناو کرێکاراندا بنکەی خۆی داکوتاوە، بەواتایەکی تر بە رێکخستنی هێزوو ئایدۆلۆژیایی بۆرجوازی بە ناوە کرێکاران و بزوتنەوەی کرێکاریەوە، دژی کرێکاران و بزوتنەوەی کرێکاری. سەرمایەداریش هەمیشە هەولێداوە هێزی کرێکاران خۆیان بخاتە کار بۆ خزمەتی بەرگری لە کۆمەڵگاکەی.

بۆیە هیچ جێگەی سەرسوڕمان نییە لە باڵادەستی دیموکراسیەتدا، واتا تیرۆری سەرمایەدا، دژی بزوتنەوەی شۆڕشگێرانەی پڕۆلیتاریا ئەو بەشە هاوبەشی بۆرجوازیەت کە بەناوی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕی پرۆلیتاریا، وەک ماکسیزم و لینینیزم و ترۆتسککیزم و لۆکسۆمبۆرگیزم و ماویزم ..هتد پێشەنگی تیرۆربێت دژی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕی پڕۆلیتاریا.

ئەم تەوژمە بۆرجوازیانەش بە ناوی بزوتنەوەی پڕۆلیتارییەوە و هەر بەدوای یەکداو وەک پڕکردنەوەی ناتەواویەکانی یەکتر و هەر هەموش پێکەوە بۆ گەیاندنی شێواندن و تێکدانی خاڵ بە خاڵی پرۆگرامی شۆڕش بە دوا پلەی وەک ئەرکی مێژوویی و مەرجی بونیان هەروەک مێژوو سەلماندی هۆیەکی کاریگەری بەرگری ئەم کۆمەڵگەیە بووە بۆ خۆپاراستن لە لەناوچوون.

ئەوەتا خاڵێک کە هەموو ئەو تەوژمە بۆرجوازانە تیایدا هاوبەشن شێواندن تێکدانی یەکێکە لە خاڵە بنەڕەتیەکانی پرۆگرامی شۆڕش، کە ئەویش مەسەلەی پڕۆلیتاریاو دیموکراتیەتە. بەلای پرۆلیتاریاوەو بە سروشتی مێژوویی بونییەوە خەباتەکەی لە پێناو بەرژەوەندییە چینایەتیەکانیدا خەباتەو لە درێژایی مێژووشیدا هەر خەبات بووە دژی دیموکراسیەت...بەڵام بەلای ئەم تەوژمە بۆرجوازیانەوە خەباتی پڕۆلیتاریا خەباتی دیموکراسیەتی (کرێکارانە) دژی دیموکرسیەتی بۆرجوازی.

جا!!

وەرن سەیرکەن چۆن((حزبی کۆمۆنیستی کرێکارانی عێراق -ئێران)) بەشێکی هەرگیز دانەبڕاوە لەو مێژووە چەواشەکاری و تێکدەرانەیەی ئەو هێزو ئایدۆلۆژییە بۆرجوازییە کە بەناوی بزوتنەوەی شۆڕشگێرییەوە گەورەترین بەرەی بەرگریکردنیان لەناوچونی ئەم کۆمەڵگایە، کۆمەڵگەی سەرمایەداری پێکهێناوە لەبەرامبەر بزوتنەوەی شۆڕشگێرانەی پڕۆلیتاریادا.

ئەم پارتە هەر لە سەرەتای دروست بونییەوە وەک هەموو هاوشێوەکانی تری لە مێژوودا، دژی خەباتی شۆڕشگێڕانەی کرێکاران و لەژێر دروشمی پڕ بە پێستیاندا —ئیسلاحخوازی- دیموکراسیەتی (کرێکارانە)ی وەک دروشمێک بەرز ڕاگرت و بە هەموو شێوەو شێوازێک کە بۆی کرابێ هەوڵی دیموکراسی کردنی خەباتی کرێکارانی داوەو ئەدات. هیچ کاتێکیش ئەم پارتە ئەوەی جێنەهێشتووە کە هاوشێوەکانی پێشخۆییی و ئەمرۆ پیایان وتوین و پێمان دەڵێن:

پێمان ئەڵێن ژیانتان چاکەن! کام ژیانە باش بکەین!! ئەو ژیانەی هەموو ڕۆژوو سەعاتێک بە بۆمباو ئاگرو ئاسنی تواوە  هەڕەشەی ئیبادەی بە کۆمەڵمان لێدەکەن!!

پێمان ئەڵێن دیموکراسیەت بپارێزن بەرگری لێبکەن، لەژێر دروشمی شەکاوەی —ئازادی بێ قەید و شەڕتی سیاسی- دا. دیموکراسیەت نوێ بکەنەوەو پێش بخەن لە ژێر سایەی —دەوڵەتی غەیرە مەزهەبی و غەیرە قەومی- دا. کام دیموکراسیەت بپارێزین، کام دیموکراسیەت نوێ بکەینەوەو پێش بخەین کە هەموو کاژێرو چرکەیەک لە سایەی حوکمی کۆیلەیەتی خۆمان درێژئەکەینەوە؟!!

پێمان ئەڵێن، سەربەستی و یەکسانی و دادپەروەری بپارێزن و مودافیعانی سەرسەختیان بن، کام سەربەستی و یەکسانی و دادپەروەری کە هەموو درێژایی ژیانمانی کردۆتە کاڵایەکی ئاڵوگۆڕپێکەر لە بازراڕداو هەموو ڕۆژێکیش لە بەرمبەر بەرزبونەوەی نرخی شتە مردووەکاندا نرخی ئینسانی ئێمە دێتە خوارەوە.

بڕوخێ دیموکراسیەت بڕوخێ دادو یەکسانی

هەر بۆیەش لە دیاریکردنی ماهیەتی مێژوویی ئەم پارتەوە وەک پارتێکی دیموکراسی، چ وەک هەڵسوکەوتی- بە کردەوەیی و چ لە تەرویج کردنیدا، بۆ بەهێزکردنی گیانی دیموکراسی لە بزوتنەوەکەمانداو دژی.. بەچاوپۆشین لە هەموو هەڵەو کەم و کوڕی و چەواشەیییەکی ((شاپور و قابیل)) بە خۆشباوەڕییانەوە بەوەی تەواوی پارتەکەیان ئەنجامی ئەدات کۆششێکی کۆمۆنیستییە نەک دژە کۆمۆنیستی...ئێمە ئەو پارتەو سەرجەم پارت و هێزە بۆرجوازەکان بەهەموو باڵەکانیەوە تاوانبارئەکەین لە تیرۆرکردنیاندا.

بەلای ئێمەوە بکوژانی کۆمۆنیستەکان، دژە کۆمۆنیزم، ناسیۆنالیستەکانن، مەزهەبیەکانن، دیموکراسی خوازەکانن، نیشتمانپەروەرەکانن، ئاشتی خوازەکانن....هتد. جا ئیتر لە دەرەوەی بزوتنەوەکەمان بن یاخود لە ناویدا.

ئێوەش ((حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق –ئێران)) ڕاستی ((حزبی دیموکراسی نەتەوەیی نیشتمانی عێراق –ئێران)) گەر لە ئاستێکی مێژوویدا ئەو توانایەتان بەدەست هێنابێ لەناو بزوتنەوەکەماندا و بەناوی بزوتنەوەکەمانەوە بزوتنەوەی کۆمۆنیزم لەم ناوچەیەی خەباتیدا، مەرامەکانتان بەرنە پێشەوە، ئەوە هیچ لەوە کەم یان زیاد ناکات کە ئێوە دژە کۆمۆنیزمن و بەشێکی دانەبڕاون لە هێزو ئایدۆلۆژیای بۆرجوازی جیهانی، ئەو مێژووەش تەواو ئەکەن کە (حشع) نەیتوانی لەوە زیاتر سەریبخات دژی بزوتنەوەی کۆمۆنیزمی لە عێراقدا، بەشەکەی تری ئێرانیتان بەهەمان شێوە(تودە) و (کۆمەڵە) تەواوئەکات .

بژی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا

بژی کۆمۆنیزم

بڕوخێ دیموکراسیەت بە هەموو جۆرەکانییەوە

بژی حزبی کۆمۆنیستی جیهانی

گروپی خەباتی پرۆلیتاریا

مانگی ١٩٩٨/٤

## به‌ڵگه‌نامه‌ی ژماره (٥٧)

## ڕاگه‌یاندنی کۆبوونه‌وه‌ی هاوبه‌شیوه‌فدی سه‌رکردایه‌تی

## پارتی دیموکراتی کوردستان و حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق

کاتژمێر(٥)ی ئێواره‌ی ڕۆژی ١٩٩٨/٥/٥وه‌فدی سه‌رکردایه‌تی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق و پارتی دیموکراتی کوردستان به‌ یه‌که‌وه کۆبونه‌وه.

له‌دانیشتنێکدا که زیاتر له‌سه‌عاتێکی خایاند هه‌ردوولا تاکیدیان له‌م خاڵانه‌ی خواره‌وه کرد:

١- ئیدانه‌کردتی تیرۆری هاوڕێیان (شاپور عبدالقادر، قابیل عادل)و ئیدانه‌کردنی کاری تیرۆرستی به‌گشتی و ڕێگه‌گرتن له‌هه‌موو کارو هه‌ڵوێستێکی تیرۆرستانه که دژ به هه‌ر که‌سو لایه‌نێک بکرێت.

٢- تاکید له‌سه‌ر چالاکی و ئازادی سیاسی له‌سه‌رانسه‌ری کوردستان کرایه‌وه.

شایه‌نی باسه پارتی دیموکراتی کوردستان به جدیه‌ته‌وه کار ده‌کات بۆ دۆزینه‌وه‌ی تاوانبارانی ئه‌و کاره تیرۆرستیه‌ی ئه‌نجامدراو تسلیم کردنیان به دادگا تا به سزای خۆیان بگه‌ن.

وێڕای ئه‌م خاڵانه باس له‌چۆنێتی په‌ره‌دان به په‌یوه‌ندی دوو قۆڵی هه‌ردوولا له‌سه‌ر بنه‌مای پاراستنی به‌رژه‌وه‌ندی بالای خه‌ڵکی کوردستان کرا.

## بەڵگەنامەی ژمارە(٥٨)

## (س)ش بووە قوربانی فەرهەنگی دواکەوتووانە و پیاوسالاری

## ژنان و پیاوانی یەکسانیخواز و ناڕازی بە چەوسانەوەی ژنان

ئێوە لە کورستان ڕۆژانە هەواڵی تیرۆرکردنی ژنان دەبیستن، هەواڵی خۆسوتاندن و کوشتن، سوکایەتی و لێدان لە ژنان و پێشێلکردنی کەرامەت و حورمەتیان دەبیستن، ئێوە هێشتا شاهیدی ئەوەن کە بیرکردنەوە و فەرهەنگی دواکەوتو و عەشایەری کە ئیلهامی لەدین و شەریعەتەوە وەرگرتووە، چەندین ژن دەکەنە قوربانی و سوتەمەنی.

دواین قوربانی کە هەر ئینسانێکی خاوەن ویژدان و ئیحساسی ئینسانی ئەهەژێنێ، هەواڵی کوشتنی کەسێکە بە ناوی (س.س) کە تەمەنی ٢٦ ساڵە.

ئەم کچە دوای ئەوەی کە فشارێکی زۆری لەکەس و کاریەوە بۆ هێنراوە، باری دەرونی تێکچووە و دوای ئەوەی لە نەخۆشخانە کەوتووە، چەند جارێک لەماڵەوە هەڵهاتووە، دواجار چۆتە دەربەندیخان تا خۆی بخاتە ئاوەکەوە بەڵام ئاسایش پێی زانیووە و گەیاندویانەتە بارەگای یەکێتی ژنان بۆ پاراستنی، بەڵام بەداخەوە لەناو بارەگاکە بە لەچکەکەی خۆی خنکاندووە.

(س)ش وەک هەموو ئەو ژنانەی نەیان ئەویست مل بۆ ژیانێکی پڕ ستەم و پلە دووی بدەن و ئەیانویست بە ئارەزو و مەیلی خۆیان ژیان بکەن، ئەیانویست ئازاد بن، شەخسیەت و کەرامەتیان پارێزراوبێت، بوە قوربانی فەرهەنگی پیاو سالاری و دواکەوتوو دەستیچووە ئازیزترین شتێک کە ژیانە و بەدەستی خۆی بۆ هەتاهەتایە زیندوێتی لەخۆی سەندەوە، مردنی پێ باشتربوو وەکو لە قبوڵکردنی ئیهانە و سوکایەتی و لێدان و چەوساندنەوە.

ژنانی ستەم لێکراو و ناڕازی

خۆکوشتن و خۆسوتان چارەسەری کێشەکانتان ناکات، وەرن لەجێگەی ئەوە یاساکان بسوتێنن کە پشتیوانی لەئێوە ناکات، عورف و عادات و فەرهەنگی مەزهەبی و پیاوسالاری بسوتێنن کە ڕێکای خۆشکردووە بۆ ئەم تاوانە ئەمەش بە هاتنە مەیدانی هەموو ژنێکی ناڕازی دەبێت کە ڕۆژانە

دەوەستێتوە بەرامبەر ئەم دواکەوتوی و بێ مافییانەدا چ لەناو خێزان، لەسەرکار، کۆمەڵگەدا.

خەباتی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریش هاوجوتە لەگەڵ ئیرادە و خەبات و تێکۆشانی ئێوەدا، وە هەمیشە سەرسەختانە لە دژی ئەو بێ مافیە ڕاوەستاوەتەوە و دیفاع لەمافی ڕەوای ژنان بەشێکی بەرچاوە لەهەڵسوڕانی ئەم حیزبە بووە.

حزبی کۆمۆنیستی کرێکارانی عێراق ئامادەیە کە هەرژنێک لە ژێر هەڕەشەی کوشتن و لێدان و سوکایەتیدایە، پارێزگاری لێ بکات و ژیانی ڕزگار بکات، ئێوەش تەنها ئەم ڕێگایە و ئەم سەنگەرەتان لەبەردەست دایە.

بمرێ فەرهەنگی پیاوسالاری و دواکەوتوو
بژی خەباتی یەکسانی خوازانەی ژنان و پیاوان

کۆمیتەی محلی سلێمانی
حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق
١٩٩٨/٨/٣٠

## بەڵگەنامەی ژمارە (٥٩)

## دەبێت PKK دەست لە چەکدارکردنی مناڵان هەڵگرێ..!

جەماوەری ئازادیخوازی کوردستان

دووساڵ زیاترە دیاردەی منداڵ دیارنەمانی مناڵان و چەکدار کردنیان لەلایەن PKKوە وەک تراژیدیایەکی تر چووە پاڵ هەموو ئەو مەینەتی و بێ مافیانەی کە خەڵکی کوردستان بە دەستیەوە دەناڵێنن. دوو ساڵ زیارترە بەشێک لە دایکان و باوکانی ئەم شارەو شارەکانی تری کوردستان غەمی ونبوون و چەکدارکردنی منداڵەکانیان هەراسانی کردوون و ماندووی دەستی گەڕان و هەوڵپرسی گێڕانەوەی مناڵەکانیانن.

ساڵێک لەمەوپێش بە شێکی زۆر لەخێزانی ئەو مناڵانە هاتنەدەنگ و ڕوویان لە بارەگاکانی ئێمە کردو داوای پشتیوانیان لێکردین و ئێمەش چ لەئاستی ناوخۆو چ لەئاستی دەرەوەدا پشتیوانیمان لە ناڕەزایەتی و خواستەکانیان کرد و لەو ماوەیەدا توانیمان بە هەوڵ و کۆشیشی ئێمە و کەسوکاری منداڵەکان و خەڵکی ئازادیخواز پاشەکشە بەم سیاسەتەی PKK بکەین، و (پەکەکە) ناچاربکەین کە ژمارەیەک زۆر لەمناڵانی خوار ١٥ ساڵ ئازاد بکات و ڕێککەوتنێکی لەو بارییەوە لەگەڵ حیزبی ئێمەدا مۆرکرد کە پابەندبونی خۆی بە چەکدارنەکردنی مناڵانی خوار ١٨ ساڵەوە ڕاگەیاند.

بەڵام ماوەیەکە PKK بێ گوێدانە هیچ پرەنسیپێکی ئینسانی جارێکی تر دەستی داوەتەوە پەلکێش کردنی مناڵانی خوار ١٦ ساڵ و ڕەوانەی سەربازگەو بارەگاکانی خۆیانی دەکەن و لەژیانێکی قورسدا ڕایان دەگرێ و بە تدریبی قورس و بارکێشان و بردنیان بۆ بەرەکانی شەڕ چرۆی ناسکی ئەو منداڵە بچوکانە هەڵدەوەرێنێ.

ئەم کردەوەی PKK هیچی لەوە کەمتر نیە کە ئیسلامیەکان مێشکی ناسکی مناڵان بە خورافەو ئاگرو ئاسنی جەهەنم تێکدەدەن و شعورو احساسی ئینسانیان لێدەسڕنەوە!؟ چی لەوە کەمترە کە باندی مافیایی و ئینسان کوژ لە وڵاتانی بەڕازیل و ئەرجەنتین بازرگانی بە منداڵان و لەشیانەوە دەکەن، ئەو

جۆرە ڕەفتارانە تاوانێکی گەورەیەو تەنیا لە لایەنێک دەوەشێتەوە کە ئەوەی بۆی گرنگ نەبێت ئینسانیەتە.

خەڵکی کوردستان هەروا ئاسان ئەم تاوانە دەرهەق بە منداڵان لە PKK قبوڵ ناکەن، ناتوانن ئەوە قبوڵ بکەن کە بەبەرچاوی خۆیانەوە جگەرگۆشەکانیان لێ زەوتبکرێ و دەسەڵاتدارانیش هیچ مەسئولیەتێک لەخۆ نیشاننەدەن. خەڵکی کوردستان زۆر لەوە ئازادیخواترو مەدەنی ترە کە قبوڵ بکەن منداڵەکانیان پەلکێشی کورەی شەڕ بکرێت و لە ئازارو نائارامیدا بژین، ئەوان خوێندن و شوێنی حەوانەوەو یاری و خۆشیان بۆ منداڵەکانیان دەوێت، نەک چەک و سەربازگەو شەڕ پێ کردن.

ئێستاش ژمارەیەکی زۆر لەو خێزانانە بۆ پشتیوانی لە خواستی گێڕانەوەی منداڵەکانیان ڕوویان لە بارەگایی ئێمە کردووەتەوەو تورەی و بێزاریان لەم سیاسەتەی PKK گەیشتوتەوە ئەو پەڕێ.

دایکان.. باوکانی ناڕازی و وەدەنگ هاتوو..!

لە هەموو قانون و عورفێکی نێودەوڵەتیدا چەکدارکردنی منداڵانی خوار ١٦ساڵ قەدەغەیەو تاوانێکی دژی ئینسانیە، هەر بۆیە ئێوە لەهەوڵ و تێکۆشانتاندا بۆ گێڕانەوەی مناڵەکانتان بە تەنیا نین و ئێمە لەپشتانین، ئێمە ناتوانین تاوانی چەکدارکردنی منداڵان قبوڵ بکەین و لێی بێدەنگ بین، ئێمە خواستی گەڕانەوەی ئەو مناڵانەی خوار ١٦ ساڵن بە خواستێکی ئینسانی و بەرهەق دەزانین و بەهەموو توانایەکەوە دیفاعی لێ دەکەن، خواستی کۆتایی هێنان بە ژیانی دەستبەسەری و نەبینینی کەسوکاری ئەو کەسانەش کە سەرو ١٦ ساڵن بە خواستێکی ئینسانی دەزانین و پشتیوانی لێ دەکەن.

ناڕەزایەتی و خواستی ئێوە لەپشتیوانی خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان بەهرەمەندەو بە هێزو ئیرادەی دەستەجەمعیتان هەرچی زیاتر پتەوتر ڕابگرن، بە شێوازی جۆراوجۆر ناڕەزایەتی خۆتان نیشانبدەن تا دەسەڵاتداران بۆ جێبەجێکردنی خواستەکانتان ناچار بکەن و دەستی PKK کۆتا بکەن کە چیتر درێژە بەم سیاسەتە دژی ئینسانیە نەدات. تاچی تر منداڵانی ئەم شارە لەترس و دڵە ڕاوکێدا نەبێ، لەدەشت و کێوی چۆڵ و لەبەر ڕێژنەی گولەدا نەبێ، تا چیتر هیچ دایک و باوکێکی ئەم شارە لە سۆزی ئامێزگرتنی جگەرگۆشەکانیان

بێبەش نەبن و بێئارام نەبن و ئیسراحەتیان لەبەر هەڵنەگیرێ. دڵنیاش بن خەڵکی شەریف و ئازادی خوازی ئەم شارەو شارەکانی تریش دڵیان لەگەڵ دڵێ ئێوەیەو هاوبەشی خەم و ناڕەزایەتی ئێوەن و لە پشتی ئێوەوە دەوەستن.

کۆمیتەی محلی سلێمانی
حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق
١٩٩٨/٩/٣

## بەڵگەنامەی ژمارە (٦٠)

## ڕێگەچارەی فەوری حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق

## بۆ وەزعیەتی ئێستای کوردستان

ڕژێمی بەعس نەک تەنها لەکوردستان بەڵکو لەهەموو عێراقدا هیچ شەرعیەتێکی نیەو دەبێ لەگۆڕ بنرێ، ئەم ڕژێمە ڕژێمی تاوانی سەدان هەزار کوژراو بریندارو دیلی جەنگی کۆنەپەرستانەیە، ڕژێمی زیندانی و ئەشکەنجەو ئیعدامی بەکۆمەڵی دەیان هەزار کەسە، ڕژێمی کیمیابارانی هەڵەبجەو ناوچەکانی کوردستانە، ڕژێمی ئەنفال و دەربەدەری و ئاوارەی و ملهوڕی و سەرکوتە، هەرجۆرە سازشو بەندو بەستنو سیاسەتێک کە دەستی ئەم ڕژێمە بۆ کوردستان ڕادەکێشێ بە توندی مەحکومەو دەبێ لەگەڵ نەفرەت و بێزاری و نارەزایەتی بەرینی جەماوەر بەرەوڕوو بێتەوە.

ڕێگا چارەی فەوری چارەسەری کێشەی کوردو ڕزگارکردنی کوردستان لەو سەرگەردانیەی کە ئێستا تێی کەوتووە، بەرپاکردنی دەست بەجێی ریفراندۆمێکە لەژێر چاودێری مەرجەعێکی ڕەسمی نێودەوڵەتیدا. ڕیفراندۆمێک کە تێیدا خەڵکی کوردستان دور لەهەر فشارو زەختێک، بتوانن ڕاستەوخۆ ڕای خۆیان سەبارەت بە دواڕۆژی سیاسی کوردستان دەرببڕن. حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق لەهەلومەرجی ئێستاداو لەوجودی دەسەڵاتی شۆڤێنیستی ڕژێمی بەعس، لەو ریفراندۆمەدا خەڵک بانگەواز دەکات دەنگ بدەن بە جیابونەوەی کوردستان و دامەزراندی دەوڵەتێکی سەربەخۆ. لەئێستادا ئەمە تاکە ڕێگە چارەیەکی گونجاوە کە خەڵکی کوردستان لەسەرگەردانی دەردێنێ و کۆتایی بە سستەمی میللی و کوشت و کوشتاری شۆڤینیستی بەعس دێنێ.

ساتو سەوداو مفاوەزاتی هەر هێزێکی سیاسی لەسەروی خەڵکەوە لەسەر دواڕۆژی کوردستان لەگەڵ ڕژێمی دیکتاتۆری بەعسدا، بە هیچ جۆرێک شەرعیەتی نیەو مەحکومە. تەنها نوێنەرانی ڕاستەوخۆو هەڵبژێردراوی خەڵک دەتوانن لەچۆنیەتی پەیوەندی کوردستان لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزی و دەوڵەتانی تر بڕیابدات. دەبێ ئەحزاب و ڕێکخراو و ناوەندە جیهانیەکان و

بزوتنەوە و شەخسیاتی ئازادیخوازی دنیا، بانگەواز بکرێن بۆ پشتوانی لەخەڵکی کوردستان و بکرێنە هێزێکی فشار بەسەر UNەوە بۆ داسەپاندنی خواستی بەرپاکردنی ڕیفراندۆم لەکوردستاندا.

کۆمەڵگای کوردستان کۆمەڵگایەکی مەدەنیەو جێگای سونەت و قەوانینی کۆنەپەرستی دینی تیا نابێتەوە، دەبێ دەستی دین و تاقمە تیرۆرست و ئیرهابیە ئیسلامیەکان لەسەر ژیانی خەڵکو دەخالەت لەکاروباری کۆمەڵگای کوردستان کورت بکرێتەوەو ناوەندو بنکەی تیرۆرستانەیان کۆبکرێتەوەو هەڵپیچرین. ئەمە تاقە زەمانەتێکە بۆ بەرگرتن لەگۆڕینی کوردستان بە ئەفغانستان و جەزائیرو ئێرانێکی تر، کرێکاران و ژنان و لاوان و هەموو خەڵکی ئازادیخوازو علمانی و ئەحزابی سیاسی و بۆ هەڵپێچانی باندە تیرۆریست و ئیرهابیە ئیسلامیەکان و کورتکردنەوەی دەستی تاوانکارەیان، ئەرکیانە هەموو هەوڵێکی خۆیان بخەنەگەڕ.

دەبێ سەرجەم مافە مەدەنی و کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانی خەڵک لەکوردستان بە ڕەسمی بناسرێن، دەبێ ئازادی بێ قەیدو شەرتی هەڵسورانی سیاسی بۆ هەموو خەڵک و هەموو هێزێکی سیاسی لەکوردستاندا زامن بکرێ و حزبە چەکدارەکان و هێزە سیاسیەکان پابەند بکرێن بەم مافە سەرەتاییەی خەڵک.

بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا دەبێ لەهەموو ڕویەکەوە ئیدارەی کۆمەڵ بسپێردرێت بە نوێنەرانی هەڵبژێردراوی خەڵک. بەشێوەیەک کە هیچ حیزب و تاقمێکی سیاسی و چەکدار نەتوانێ حاکمییەتی خۆی بەسەر خەڵکدا داسەپێنێ.

دەخالەتی سیاسی و عەسکەری ئەمریکاو دەوڵەتانی کۆنەپەرستی ناوچەکە لەعێراق و کوردستان مەحکومەو دەبێ کۆتایی پێ بێت.

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق، لەپێناو بە کردەوە دەرهێنانی فەوری ئەم خواستانەو بەرپاکردنی ڕیفراندۆمێک[١١٦] لەکوردستاندا لێبڕاوانە چ لەئاستی

[١١٦] یەکێک لەو لایەنانەی کە بانگەشەی ڕیفراندۆم یان گشتپرسییان کرد لە هەرێمی کوردستان، حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری بوو، ئەمەش لەژێر کاریگەری نوسینەکانی مەنسور حیکمەت بوو. مەنسور حیکمەت لە وتارێکیدا کە لە رۆژنامەی ئینترناسیونالی پارتی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێراندا لە حوزەیرانی ١٩٩٥ بڵاوی کردەوە، بانگەشەی راپرسی دەکات

ناوخۆ چ لەئاستی دەرەوەدا، خەباتی خۆی ئاراستەدەکات و لەهەمامکاتدا ئەم ڕێگا چارەیەو ئەم خواستانەی سەرەوە دەخاتە بەردەم هەر حیزب و لایەنێک و هەر شەخصێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی کە تێ دەکۆشێت بۆ دەربازکردنی خەڵکی کوردستان لەم هەلومەرجە. هەروەها لەسەر بناغەی ئەو خاڵانەی سەرەوەو هەرکام لەم خاڵانە، ئامادەی هەرجۆرە هاوکاری و کارێکی هاوبەشە لەگەڵیاندا.

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق، کرێکاران و هەموو خەڵکی کوردستان بانگەواز دەکات کە بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان بە دەستی خۆیان، ئیرادەی سەربەخۆو شۆڕشگێڕانەیان بهێننە مەیدان و لەدەوری ئەم ڕێگا چارەیەو حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق کۆببنەوە.....

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق

ئابی ١٩٩٨

---

لە هەرێمی کوردستان لە پێناو دامەزراندمی دەوڵەتێک لە کوردستان کە خۆشگوزەرانی و یەکسانی تێیدا بەدیبێت. ئەم پێشنیارەی لە پلنیۆمی سێیەمی پارتی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێراندا خستۆتە ڕوو کە تیایدا دوو ئەندامی پارتی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق ئامادەبوون. دواتر حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لەژێر تین و تاوی ئەو وتارەدا، باگەشەی ڕیفراندۆمی لە هەرێمی کوردستاندا کردو لەو پێناوەشدا ڕێپێوانانیان کرد. بۆ زیاتر زانیاری، بڕوانە دەقی وتارەکەی مەنسور حیکمەت، دفاعا عن مطلب أستقلال كردستان العراق - طرح أولي للبحث، الحوار المتمدن، https://www.m.ahewar.org/s.asp?aid=15126&r=0.

## بەڵگەنامەی ژمارە (٦١)

## ڕاگەیاندنێک لەکۆمیتەی سلێمانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراقەوە

شەوی ١٢ لەسەر ١٩٩٨/١٢/١٣ کاتژمێر ٩،٣٠ لەناوچەی خەلەکان نارنجۆکێک فڕێ ئەدرێتە ناو گازینۆیەکی سەتەلایتەوە لەئەنجامدا زیاتر لە١٨ کەس بریندار دەبنو ژمارەیەکیان برینەکانیان سەختە.

دیارە ئەمە یەکەمجار نیە شوێنە مەدەنی و گشتیەکان و سەتەلایتەکان دەتەقێندرێتەوە، خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان بە ڕۆشنی ئەوە دەزانن کە کارێکی دژی ئینسانی و ڕەزیلانەی لەم جۆرە لەکێ دەوەشێتەوە! تەقاندنەوەی گازینۆی خەلەکان لەدرێژەی تەقاندنەوەی سینەما دڵشادو هۆڵی لاوانی میدیاو سەتەلایتی حاجیاوادایە کە ڕەوتە ئیسلامیەکان کە چاویان بە دنیای پێشکەوتن و مەدەنیەت هەڵنایات بەم تاوانانە هەڵدەستن.

کوشتنو تیرۆرکردنی ژنان و کەسانی مەدەنی و ئازادیخواز و تەقاندنەوەی شەمەندەنەفەرو شوێنە گشتی و مەدەنیەکان کالآیەکە تەنها بە بالآی ڕەوتە ئیسلامیەکان دەبڕێ کە ڕۆژانە تاوانی وەحشیانە لەجەزائیرو ئەفغانستان و... دەخوڵقێنن.

ئێمە ئەم کارە ئیرهابی و دژی بەشەڕیە بە توندی مەحکوم دەکەین و ڕایدەگەیەنین دەبێ ئەنجامدەرانی ئەم جەریمە سزابدرێن و لەهەر جۆرە کارێکی لەم چەشنە دەست کۆتا بکرێن. خەڵکی ئازادیخوازو متمدنی شاری سلێمانی و دەوروبەری بانگەواز دەکەین بۆ ڕووبەڕوو وەستانەوەی ئەم جۆرە کارە دزێوو وەحشیانەیە، هێزی جەماوەری ئازادیخواز دەتوانێ کۆتایی بە ئیرهابیەتی ئەم تاقمە کۆنەپەرستانە بهێنێ.

مردن بۆ تیرۆریزمی ئیسلامی

کۆمیتەی سلێمانی

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق

١٩٩٨/١٢/١٥

## بەڵگەنامەی ژمارە (٦٢)

## ڕووداوی (مزگەوتی بێخود)[١١٧] دڕندەی ئیسلامیەکانی نمایش کرد

ڕۆژی ١٩٩٩/٤/٦ کارەساتێکی دڵتەزێن لەمزگەوتی بێخود لەگەڕەکی خەبات ڕوویدا. کۆمەڵێک کەسی سەر بە تاقمە ئیسلامیەکان بە دارو بەرد بەربوونە گیانی چوار ژن و منداڵێک کە بۆ نارەزایەتی نواندن بەرامبەر بە فەتوای کوشتنی یەکێک لەو ژنانە بە ناوی (ش.ن)وە لەلایەن ئیسلامیەکانەوە، هاتبونە مزگەوتەکە کە لانکەیەکی هەڵسوڕان و چالاکی ئیسلامیەکانە.

بەپێی ئەو ئاگاداریەی کە لەکەسوکاری (ش)وە پێمان گەیشتووە، (ش) بە هۆی کارەساتێکەوە ژێری خۆی لەدەست داوەو ئیسلامیەکانیش فەتوای کوشتنیان داوە. کاتێک دایک و سێ خوشکی (ش) ئەم هەواڵەیان پێ دەگات زۆر نارەحەت دەبن و دەچنە سەر مزگەوتی ئەو گەڕەکە تا ئەو کتێب و نوسراوە ئیسلامیانەی ئەم جۆرە فتوایانەیان تێدایە بدڕێنن، بەڵام دەکەونە بەر پەلاماری وەحشیانەی چەند کەسێکی سەر بە تاقمە ئیسلامیەکان تا ئەوکاتەی ئاسایش دەگاتە شوێنی ڕووداوەکەو ئەوانیش لەجیاتی هاوکاریکردنیان، زیندانیان دەکەن و ئیهانەیان پێ دەکەن. ئەم وەزعیەتە بە جۆرێک کاری کردۆتە سەر خوشکەکانی (ش) کە ترسی کوشتنی خوشکەکەیان زیاتر بەرجەستە بووە بۆیە بەهیچ جۆرێک لێ دورناکەونەوە.

خەڵکی شاری سلێمانی کارنامەی ڕەشی ئیسلامیەکانیان لا ڕۆشنە کە بە ئاشکرا دیفاعیان لەو یاسایانە کردووە کە شەرعیەتی بە کوشتنی ژنان داوە بە بیانوی ناموسپەرستی و تا ئێستاش هەزاران ژن بەپێی ئەم یاسای کۆنەپەرستە ئیسلامیانەی ئەحوالی شخصی کوشتار کراون و ئەوەندەش خۆیان بۆیانکرابێت سڵیان لەئەنجامدامی تاوانی کوشتنی ژنان نەکردۆتەوە. بەڵام ئەمجارەیان زیاتر پێ درێژ دەکەن و بە بیانوی ئەوەی ژنێک ژێری خۆی لەدەست داوە فتوای کوشتنی دەردەکەن!

---

[١١٧] ئەم مزگەوتە دەکەوێتە گەڕەکی خەباتی شاری سلێمانیەوە، لە ساڵی ١٩٩٨ لەلایەن ڕێکخراوی ڕابیتەی ئیسلامی کورد، دروستکراوە. http://diplomaticmagazine.net/politics/2044

هیچ بزوتنەوەیەکی سیاسی و دەستەو گروپێک بەقەدەر ئیسلامی سیاسی و دەستەو تاقمە ئیسلامیەکان کارنامەی ڕەشی نیە لەژن کوشتن و دیفاع لەکوشتنی ژناندا. ژنێک کە پێویستی بە چاودێری پزیشکی هەیەو بەپێی سەرەتایترین بەهای ئینسانی دەبێ لەلایەن کۆمەڵگەوە دەستی هاوکاری و یارمەتی و کۆمەکی بۆ درێژ بکرێت، ئەمان شمشێر لەسەر ملی دادەنێن! ببینن کە چەندە ئەم تاقم و دەستە بەکرێگیراوە ئیسلامیانە دژی ژن و دژی ئینسان و هەموو بەهایەکی سەرەتای ئینسانین! ئەم نمونەیە بۆ هەر ئینسانێک کە شانازی بە ئینسانیەتی خۆیەوە بکات بەسە بۆ ئەوەی نەفرەت لەو دەستەو تاقمە ئیسلامیانەو کارو کردەوە دژە بەشەڕیەکانیان بکات و خەباتی خۆی بۆ کورتکردنەوە دەستی دەخالەتیان لەژیانی خەڵک و ژناندا جۆش بدات. تەنها ڕێگاش لەبەردەم خەڵکی ئازادیخوازو یەکسانیخواز و متمدندا قەدەغەکردنی چالاکی تیرۆرستانەی ئەم دەستەو تاقمانەیە.

بژی خەبات لەدژی تیرۆریزمی ئیسلامی

کۆمیتەی سلێمانی

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق

١٩٩٩/٤/٩

## بەڵگەنامەی ژمارە (٦٣)

## وتەبێژێک لە جیاتی سکرتاریەتی کۆمیتەی ناوەندی

## حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق

## لەوەڵام بەڕاگەیاندنی ئاسایشی گشتی هەرێمئەم لێدوانەی دا:

لە ژمارە (٢٠٨١)یرۆژنامەی کوردستانی نوێیرۆژی ٢٠٠٠/٢/٢٣، ڕوونکردنەوەیەکی ئاسایشی گشتی هەرێمی لەبەرامبەر بەیاننامەیەکی سکرتاریەتی کۆمیتەی ناوەندی حزبماندا بڵاوکردەوە، ئێمە بە پێویستمان زانی لەوەڵامی ئەوڕوونکردنەوەی ئاسایشی گشتی هەرێم، ئەمڕوونکردنەوەبۆڕای گشتی و خەڵکی کوردستان بڵاوبکەینەوە، بەتایبەت کەڕوونکردنەوەکەی ئاسایشی گشتی هەرێم جگە لە تۆمەت لێدان بەرامبەر حزبی ئێمە، کۆمەڵێکڕاستیڕۆشنی هەڵگێڕاوەتەوە:

١- ڕوونکردنەوەکەی ئاسایشی گشتی هەرێم پێناچێت هەوڵێک بێت بۆ بەدواداچوون و وڵامدانەوەی ئەو پێشێلکاریانەی کە دەزگای ئاسایشی لە بەرامبەر ئازادی هەڵسوڕانی سیاسی و هەڵسوڕانی حزبی ئێمە و ڕێکخراوە کرێکاری و جەماوەریە پێشکەوتنخوازەکاندا لەم ماوەیەدا دەستی بۆ بردووە، بەڵکوڕوونکردنەوەکەی ئاسایشی گشتی هەرێم لە درێژەی هەڵسوکەوتەکەیدایە کە ماوەیەکە لە بەرامبەر حزبی ئێمە بەڕێخراوە، ئەمەش لە ئاکامی ئەو هەڵوێستەوە سەرچاوە دەگرێ کە حزبی ئێمە لە هەڵبژاردنی شارەوانیەکاندا خۆی نیشاندا و ئیمزای مەحزەری هەڵبژاردنەکانی نەکرد و ئەو پێشێلکاریانەی کە لە هەڵبژاردنەکەدا ڕوویدا بوو خستیە بەرچاوی جەماوەری خەڵکی کوردستان. بۆیە ئاسایشی گشتی لەڕوونکردنەوەکەیدا پەنای بردۆتە بەر بەکارهێنانی کۆمەڵێک عیباراتی وەک (پێیان عەیب بوو مەحزەرەکە ئیمزابکەن، ناوی زل و دێی وێران)، تاکو بەم عیباراتانە کە دورن لە فەرهەنگی مۆدێرنی سیاسی و دیالۆگەوە هەڵوێستە ڕاشکاوەکانی حزبی ئێمە لە هەڵبژادنی شارەوانیەکاندا لەکەدار بکەن .

ئاشکرایە هەر لەسەرەتای هەڵبژاردنی شارەوانیەکانەوە ئێمە ڕامانگەیاند کە بەژداری لەم پرۆسەیەدا دەکەین ئەویش بەو دەلیلەی کە فرسەتێکە بۆ دەخالەتی

خەڵک لە چارەنووسی خۆیاندا و ئێمە هەوڵدەدەین ئەم فرسەتە هەرچی زیاتر بە قازانجی خەڵک و دەخالەتی خەڵک بشکێنینەوە، هەر لەمڕوانگەیەوە وەختێک قەوارەیەکی زۆرمان لەو پێشێلکاریانە بینی کە لە دژی ئازادی بەڕێوەچوونی پرۆسەی هەڵبژاردنەکە گیرایەبەر و کاریگەری لەسەر ئەنجامی ڕاستەقینەی دەنگەکان دەکات، ئێمە لەم بارەیەوە هەڵوێستی ڕۆشنی خۆمان ڕاگەیاند. دەزگای ئاسایش دەتوانێ بگەڕێتەوە بۆ ئەو یاداشتنامانەی کە حزبی ئێمە و بەشێک تریش لە ئەحزابەکان چ لەکاتی دەنگداندا و چ بەرلەدەنگدان خستومانەتە بەردەم لیژنەی باڵای هەڵبژاردنەکانەوە.

٢- کێ یاسا مەدەنیەکان و ئازادی و دیموکراسی خراپ بەکاردەهێنێ؟! دەزگای ئاسایشی گشتی هەرێم بەدوای هەڵوێستی ئێمە لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان، بە بەهانەی جۆراوجۆرەوە هەوڵی داوە ئازادی هەڵسوڕانی ئێمە و ڕێکخراوە جەماوەریەکان بەتەرسک بکاتەوە؟ ئەگینا کێ هەیە نەزانێ کەیەکێتی کرێکارانی بیناسازی و سەنتەری چاودێری بەساڵاچوان و (الاتحاد العام اللنازحین) ماوەیەکی زۆر دەبێت هەڵسوڕان و چالاکیان هەیە تەنانەت بەشێکیان نزیک بەساڵێکە هەڵسوڕانیان هەیە و خەڵکی کوردستان بەیاننامەو چالاکیەکانی ئەمرێکخراوانەی بینیوە، بەڵام بۆچی هێرشی ئاسایش بۆسەریەکێتی کرێکارانی بیناسازی و سەنتەری چاودێری بەساڵاچوان و هەڵسوڕاوانی الاتحاد العام اللنازحین ڕاستەوخۆ دوابەدوای هەڵوێستی ئێمە لە هەڵبژاردندا دەستی پێکرد. ئایا دیموکراسی و ئازادی ئەو پێوانەی هەیە بۆ حزبی دەسەڵاتدار کە مخالفی خۆی تا ئەو جێگەیە تەحەمول بکات کە هەڵوێست نەنوێنن پێچەوانەی هەڵوێستەکانی ئەوان بێت؟ ئایا یاسا مەدەنی و شارستاینەکان،ڕێگەی دیالۆگ و خستنەڕووی هەڵوێستەکانە بۆ بەردەمڕای جەماوەر،یاخود ڕێگەی چونە سەر ماڵان و دەستگیرکردنی بێ پێشینە و بەرتەسک کردنەوەی ئازادی هەڵسوڕانی سیاسیە؟ بەداخەوە ئێوە ئەو ڕێگەیەتان هەڵبژارد کە هەڵسوڕاوانی سیاسی لەخەوی شیریندا و بەبەرچاوی منداڵ و ژنی سکپڕەوە لەماڵ دەرکێشن و ئەرشیف و کەلوپەلی شەخسیان بەسەریەکدا تێک و پێک بدەن و دەستیان بەسەردا بگرن.

٣- ئاسایشی گشتی هەرێم بۆ پاساوی کردەوەکانی خۆی باس لە بوجەیەک دەکات کە حزبی ئێمە وەری دەگرێت و دەڵێت (هەرچەندە ئەمانە لە لایەن حکومەتی و (ی.ن.ک)ەوە یارمەتی مانگانە وەردەگرن بۆ بەرێوەچوونی کارەکانیان) بۆ ئەم خاڵەش پێویستە چەندڕاستیەک بۆڕای گشتی خەڵکی کوردستان بخەینەڕوو:

بەڵێ ئێمە مانگانە بڕی (٥٠) هەزار دینار لە بودجەی حکومەتی هەرێم وەردەگرین، ئێمە چەند جار ڕووبە خەڵک بە ئاشکرا بڕی ئەم بودجەیەو تەنانەت چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەم بودجەیەشمان لە پڕۆژەی خزمەتگوزاری و ئینسانیدا بۆ خەڵکی کوردستان ڕوونکردۆتەوە. وەرگرتنی ئەم بودجەیەش بەپێی یاسای (الاحزاب)ە کە هەموو حزبێکی قانونی دەگرێتەوە. بەڵام پێویستە حکومەتی هەرێم ئەوە ڕۆشن بکاتەوە ئایا دانی ئەم بودجەیە بەشەرتی ئەوەیە کە ئەحزابەکان بیروڕای مخالفی خۆیان بشارنەوە و سەریان کز بکەن! بۆ حزبی ئێمە بڕیارنەبووە وەرگرتنی ئەم بودجەیە لە حکومەتی هەرێم بکاتە ئەوەی کاروکردەوەی ناشارستانی هیچ دەزگایەک و هیچ حزبێک چاوپۆشی لێ بکەین و ڕاستیەکان لە خەڵک بشارینەوە! دواتریش دەپرسین باسی بودجەی حزبی ئێمە چ پەیوەندیەکی بە دەستگیردنی هەڵسوڕاوانی سیاسی و کردەوەکانی ئاسایشەوە هەیە. ئەگەر ئاسایشی هەرێم پەیڕەوی لەیاسایەک دەکات کە خۆی بەشێکە لێی، ئەوا دەبووایە فەزڵ بە ئێمە نەفرۆشێ و دانی بودجەش هەقی قانوونی خۆمانە و دروست وایە ئەوانیشرێز لەم هەقە بگرن.

٤- ئاسایشی گشتی هەرێم بۆ پاساوی دەستگیرکردنی کادیرانی حزبی ئێمە و هەڵسوڕاوانی نێوڕێکخراوە جەماوەریەکان دەڵێ: ئەوڕێکخراوانە مەرجی یاساییان نیە! بەڵام ئەمە هیچ هەقیانەتێکی تێدا نیە. ئاسایشی گشتی هەرێم پێدەچێت بێ خەبەربێت لە هەموو ئەو داوایانەی کە تا ئێستابە شێوەیەکی قانونی و بەمەرجی قانونیەوە خراوەتە بەردەم وەزارەتی ناوخۆ! بەڵام بۆ دەبێت ئاسایشی گشتی بەوە نارەحەتبێت کە کەسانێک هەن بۆ دابینکردنی پاروە نانێک بۆ خەڵکی ئاوارەی عەرەب کە هیچ کەس خۆی بە بەرپرس لە دابینکردنی ژیانیان نەزانیووە، تێبکۆشن و ڕێکخراوی خۆیان پێکبهێنن! ئایا پێشکەشکردنی کاری ئینسانی و خزمەتگوزاری کردەیەکی نایاسابیە؟ ئایا دروستکردنی

سەرپەنایەک بۆ بەسالاچوان و ئاوارە عەرەبەکان، کارێکی ناقانوونیە! ڕاستیەکەی ئەوەیە کە (الاتحاد العام اللناحين و يەکێتی کرێکارانی بیناسازی) دوو ڕێکخراوی قانونین، نزیک بەساڵێک دەبێت هەڵسوڕان دەکەن بەشێوەیەکی قانونی داوای خۆیان پێشکەشی وەزارەتی ناوخۆ کردووە و هەموو مستلزەماتێکی قانونیشیان پێشکەش کردووە و دوای چەندین جار دانیشتن لەگەڵ ڕاوێژکاری یاسایی وەزارەتی ناوخۆدا، کەچی تا ئێستا هیچ وڵامێکی ڕەسمیان پێ نەدراوەتەوە، ئەمە لە کاتێکدایە کە ئاسایشی گشتی هەرێم باش دەزانێت کە بەپێییاسای ژمارە (١٨ی ١٩٩٣) کە لە لایەن پەرلەمانەوە دەرچووە، هەر ڕێکخراوێک دوای تێپەربوونی ٤٥ ڕۆژ بەسەر داوای مۆڵەت وەرگرتن، وەڵامنەدانەوەی لەلایەن وەزارەتی ناوخۆوە ئەوا بەڕەسمی دەناسرێت.

٥- ئاسایشی گشتی هەرێم لەڕونکردنەوەکەیدا بەشێوەیەکی نامەسئولانە بە هاوڕێیانی زیندانی ئێمە (سامی حسين، يوسف محمد، سلام محمد) دەڵێت: ئەمانە چەند گومانێکی تریشیان لێ دەکرێت کە نامانەوێت باسیان لێوە بکەین! ئێمە دەڵێین: هاوڕێیانی ئێمە سەر بەحزبێکن کە سەریان بە هیچیەک لەدەوڵەتە کۆنەپەرست و دوژمنی خەڵکی کوردستانەوە نیە، حزبی ئەوان لە باوەشی هیچ سیاسەتێکی دەرەکیدا گەورە نەبووە و ترسیان لە درکاندنی هیچ گومان و ڕاستیەک نیە، ئەوان خۆیان خەباتکاری ڕێگەی ڕاستی وتنن بۆ خەڵک. بەڵام گەر ئاسایشی گشتی هەرێم باس لە گومانی خۆی دەکات دەبێت ئەو تۆمەتانە بسەلمێنێت. ئەگەر نا ئەوا بەپێوانەی خودییاساکانی حکومەتەکەی لەبەردەم دادگا دەبێ سزای خۆی وەرگرێت.

٦- ئاسایشی گشتی هەرێم، لە ڕونکردنەوەکەیدا حزبی ئێمە بە( حزبۆکە) ناودەبات و ڕێکخراوە جەماوەریەکانیش بە ژمارەی پەنجەکانی دەست پێوانەدەکات! ئەمەش هەمان مەنتقی سەردار و ژێردەستەیە، مەنتقێک کە دورە لە ژیانی شاری و خەریکە بە خۆ زل کردن و بچوککردنی مخالفی خۆی پێوانەی دیموکراسی و ئازادی ئەکات، ئەم پێوانەیەش ناتوانێت تەعبیرێک بێت لەهەقانیەتی هیچ حزبێک، خەڵکی کوردستان باش دەزانن لە دنیای ئەمڕۆدا چەندین ئەحزابی گەورە و گران هەن و حزبۆکەش نین بەڵام بەقەد قورسای خۆیان دەرد و مەینەتی و ناهەقیان لە بەرامبەر خەڵکی ژێر دەسەڵاتی خۆیان

پیادەکردووە، ئێمە شانازی بەخۆمانەوە دەکەین بەو هۆیەوە کە هەین و جەریئانە لە دیفاع لە خواست بەرژەوەندیەکانی خەڵکدا لە مەیداندایین و ڕاستیەکانیشمان بۆ خەڵکی ئاشکرا کردووە، لە کۆتایشدا ماوەتەوە ئەوە بڵێین بەڕێوبەرایەتی ئاسایشێک کە دەخالەتی لە کاروباری ئەم ناوچەیە هەیە، چۆنە وا بێ ئاگایە لە ژمارەی دەنگی حزبەکان لە هەڵبژاردنی شارەوانیەکاندا، چۆنە وا ڕێگە بەخۆی دەدات کە ٢٢٨ دەنگی کەسانی تر بەسەر حزبی ئێمەدا بسەپێنن لە کاتێکدا ئێمە کاندیدی سەرۆکی شارەوانیمان نەبووە و ئەمەشمان بە خەڵک ڕاگەیاندووە، ئەگەر مەسەلەکە تەنها هەڵبەستنی ناڕاستی نەبێت بۆ ئەوەی مەنتقی خۆ زلکردن و بچوکردنەوەی مخالف پیادە بکات. ئەگەر بەڕێوبەرایەتی ئاسایشی گشتی و جەماوەری خەڵکی کوردستان دەیانەوێت هەڵوێستی مەسئولانەی ئێمە بزانن، ئەوا ئێمە ئامادەین تەواوی یاداشتەکان و ئیدیعایەک کە بوومانە لەبەردەم لیژنەیەکی جەماوەری و حزبی بێلایەندا بخەینە ڕوو، تا ئەوان دادوەری خۆیان لەسەرڕاستی و دروستی هەڵوێستەکان بدەن، بەپێچەوانەی ئەمەوە هەر قسە و قسەلۆکێک نیشانی ناڕاستی و ووتنی ناهەقییە لەبەرامبەر حزبی ئێمەدا و دڵنیاشین ئەنجامێکی لە نێو خەڵکی ئازادیخواز و هوشیاری کوردستاندا لێ ناچندرێتەوە.

٢٠٠٠/٢/٢٣

## بەڵگەنامەی ژمارە (٦٤)

## ڕاگەیاندی مەکتەبی سیاسی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق

### سەبارەت بە زیندانیکردنی هاوڕێیان: (عمار شریف، فهد ناصر، یوسف محمد)

### لەلایەن ئاسایشی

### یەکێتی نیشتیمانی کوردستانەوە

عمار شریف ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و ئەندامی کۆمیتەی ناوەڕاست و خواروی حیزب و سەرنوسەری ڕۆژنامەی (النضال الشيوعي)و یەکێک لەڕابەرانی (الاتحاد العام للنازحين[118])و فهد ناصر ئەندامی کۆمیتەی ناوەڕاست و حیزبو سکرتێری (الاتحاد العام للنازحين)و یوسف محمد ئەندامی کۆمیتەی ناوەڕاست و خواری حیزب و بەڕێوبەری نوسینی ڕۆژنامەی (الشيوعية العمالية[119]).

ئەم سێ هاوڕێیە هەڵسوڕاوان و ڕابەڕانی بزوتنەوەی کرێکاری و سۆسیالیستی و کەسایەتی ناسراوی بزوتنەوەی ئازادیخوازی دژی ڕژێمی بەعسن و سالآنێکی زۆر لەناوچەکانی ناوەڕاستو خوارەوی عێراق، بەهۆی کارو چالاکی و خەباتیانەوە لەژێر دەسەڵاتی ڕژێمی بەعس کەوتنە بەر ڕاونان و چەند ساڵیشە لەکوردستان خەریکی درێژەدانن بە خەباتی خۆیان. ئەم هاوڕێیانە دڵسۆزو خۆشەویستی کۆمەڵێکی زۆر لەپەنابەرانی ئاوارەی عەرەبن و کە لەدەستی ڕژێمی بەعس هەڵهاتوون و ڕویان لەشارەکانی کوردستان کردووە.

---

[118] ئەم ڕیکخراوە ناوی (الاتحاد العام المنازحين فى كردستان/ العراق) لە ١٩٩٧/٧/٢٢ دامەزراوە لە لایەن کۆمەڵێک ئاوارەی شارەکانی باشوری عێراق کە ١٦ ئەندام بوون و سەرجەمییان بە ڕەگەز عەرەب بوون. سکرتێری ڕێکخراوەکە فەهد ناسر بوو. ئەم ڕێکخراوە سەر بە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراقی بوو. محمد طالب، نتئب سكرتير الاتحاد العام للنازحين فى كردستان/ العراق، ٢٠٠٠/٣/١

[119] ئەم ڕۆژنامەیە بە زمانی عەرەبی دەردەچوو کە زمانحاڵی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق بوو. لە نیسانی ١٩٩٤ یەکەم ژمارەی دەرچووەو تا ساڵی ٢٠١٢ بەردەوام بووە. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: مؤيد احمد : جريدة -الشيوعية العمالية - في سطور كلمة وتقرير لرئيس تحريرها، https://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=301884.

ڕۆژی ٢٠٠٠/٢/١٦ دوو مەفرەزەی ئاسایشی سلێمانی دەچنە سەر ماڵی ئەم هاوڕێیانەو بەبێ هیچ دەلیلێک دەکەونە ئیهانەپێکردن و لەبەرچاوی خێزان و منداڵەکانیانەوە دەستگیریان دەکەن و دوای بردنی کەلوپەلی شەخصی و خێزانیان ڕاپێچ دەدرێن بەرەو زیندانەکانی ئاسایش. دواتریش دەزگای ئاسایشی یەکێتی نیشتیمانی بۆ پاساودانی کاری نایاسایی خۆی دەستی دایە پڕوپاگەندەی دور لەڕاستی هەڵبەستنی تۆمەت و تەنانەت هەڵخراندی کەسانێکی گومان لێکراو لەنێو ئاوارە عەرەبەکاندا. ئێمە تا ئێستا بەوپەڕی خۆڕاگری و هەستکردن بە مەسئولیەتەوە هەوڵمانداوەو بەرپرسیارانی یەکێتی نیشتیمانی، لەوانە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی ناوخۆو دەزگای ئاسایشمان ئاگادار کردوەتەوەو داوای پاراستنی ئازادی هەڵسوڕانی سیاسی و ئازادکردنی ئەو هاوڕێیانەمان لێ کردووەن، بەڵام بە داخەوە ئەوە ١٢ ڕۆژ تێپەڕ دەبێت بەسەر زیندانی کردنی ئەم هاوڕێیانەداو تا ئێستاش لەلایەن ئاسایشی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانەوە هیچ هەنگاوێک بۆ ئازادکردنیان نەنراوە، تەنانەت دەزگای ئاسایش و خودی یەکێتی نیشتیمانی نەیتوانیوە هیچ بەڵگەیەک بۆ ئەم کردەوەیە نیشان بدەن.

ئێمە لەکاتێکدا نیگەرانی توندمان لەبەرامبەر کردەوەکانی دەزگای ئاسایش دەردەبڕین، ئاگاداریان دەکەینەوە لەپاراستنی شەخصیەتی سیاسی و حورمەتی ئینسانی ئەم هاوڕێیانەمان لەزینداندا. لەهەمانکاتدا بەوپەڕی ناڕەزایەتیەوە کردەوەی دەستگیرکردن و زیندانی سێ کەسی خەباتکاری ڕێگای ئازادی و مافی ئینسانی مەحکوم دەکەین و داوادەکەین دەستبەجێ و بەبێ قەیدوشەڕت ئازادبکرێن.

ئێمە داوا لەیەکێتی نیشتیمانی کوردستان دەکەین، کە خۆی بە لایەنگری ئازادی و دیموکراسی دەناسێنێ، بەر بە پێشێلکردنی ئازادی هەڵسوڕانی سیاسی و مافە فەردی و مەدەنیەکانی خەڵکی، کە لەلایەن دەزگاکانی سەربەخۆیانەوە ئەنجام دەدرێن، بگرن. ئێمە بە مافی خۆمانی دەزانین کە تا ئازادکردنی هاوڕێیان (عمار شریف، فهد ناصر، یوسف محمد) ڕەوشی سیاسی و گونجاوی خۆمان پەرەپێبدەین.

ئێمە داوا لەسەرجەم حیزب و لایەنی سیاسی و ڕێکخراوە جەماوەریەکان و کەسایەتی پێشکەوتوخوازو ئازادیخواز دەکەین، بۆ دیفاع لەئازادی هەڵسوڕانی سیاسی هەڵوێست بگرن و بە کردەوە هەنگاو هەڵبگرن.

مەکتەبی سیاسی
حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق
٢٠٠٠/٢/٢٩

## بەڵگەنامەی ژمارە (٦٥)

## بەیاننامەی مەکتەبی سیاسی سەبارەت بە:

## تەعدیلی یاساکانی ئەحوالی شەخصی عێراق[١٢٠]

## لەلایەن یەکێتی نیشتیمانی کوردستانەوە

ڕۆژی ٢٠٠٠/٥/١٤ دەسەڵاتداران لەسێمانی بە پێی بڕیاری ژمارە ٦٢ ڕۆژی ٤/٢٩ تەعدیلی چەند بەند لەقانونی ژمارە ١٨٨ی ساڵی ١٩٥٩ی ئەحوالی شخصی عێراقییان ڕاگەیاند. ئەم تەعدیلاتەی دەسەڵاتداران ڕاستەوخۆ ئاکامی خەبات و فشارێکی گەورەی کۆمەڵایەتی بزوتنەوەی ژنان و حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراقە کە بەدێژای چەند ساڵی ڕابردوو بۆ بەرگرتن بە تیرۆری ژنان و گۆڕینی یاسانی احوالی شخصی عێراق لەمەیداندا بووە. دەسەڵاتداران بەم تەعدیلاتەیان لەیاساکاندا دەیانەوێت خۆیان دەربازبکەن لەداخوازی هەڵوەشانەوەی سەرتاپای یاسایەک کە پاشماوەکانی ڕژێمی بەعسەو سەرچاوە بەڕێوەبردنی گەورەترین بێ مافی و سەرکوت و ژێردەستەی ئینسانی ژنە لەکۆمەڵگای ئەمرۆداو هۆیەکە بۆ پەرەدان بە کوشتنی ژنان بە بیانوی شەرەف پارێزیەوە.

ئەم تەعدیلەی یاساکانی احوالی شخصی عێراقی ناتوانێ جێگای دڵخوازو پشتیوانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق و بزوتنەوەی ژنان و ڕێکخراوەکانی و هەر ئینسانێکی ئازادیخوازو یەکسانیخواز بێت، چونکە:

١- ئەم تەعدیلاتە لەچوارچێوەی هەمان یاسای ڕژێمی بەعسدایەو هەمان ئەم یاسایانە بەسەر ژنان و خەڵکی کوردستاندا دەهێڵێتەوە، لەکاتێکدا کە ڕژێمی بەعس و یاساکانی هیچ شەرعیەتێکیان لەکوردستان نەماوەو خەڵکی کوردستان بە کردەوە لەڕاپەڕینی ئازاری ٩١ دا ئەم حوکمەیان بەسەر سەرجەم دەسەڵات و قانونەکانی ڕژێمدا داوە.

---

[١٢٠] بڕوانە دەقی یاساکە و هەموارکردنەوەکانی، قانون الاحوال الشخصية لعام ١٩٥٩ قانون الأحوال الشخصية رقم "١٨٨ "لسنة "١٩٥٩ " وتعديلاته،
https://www.refworld.org/cgibin/texis/vtx/rwmain/opendocpdf.pdf?reldoc=y&docid=5c76654f4

٢- ئەم تەعدیلاتە نەیتوانیە پشت لەشەڕیعەتی ئیسلامی و ئەو پێوانە کۆنەپەرستانەیە بکات کە بەسەر یاساکاندا زاڵەو ڕاستەوخۆ دەستی ئیسلام بۆ تەدەخولکردن لەژیانی شەخسی و کۆمەڵایەتی ژناندا ئاوەڵا دەهێڵێتەوە.

٣- ئەم تەعدیلاتە هیچ یەک لەخواستە مەدەنی و شەخصیەکانی ژنان بە پێوانەی کۆمەڵگای هاوچەرخ بۆ ژنان بەدی نەهێناوەو هێشتا هەلاوردنی جنسی لەزەواج و جیابوونەوەو میرات و چەند ژنەیی..و بەقازانجی پیاوان و پیاوسالاری هێشتۆتەوە.

٤- ئەم تەعدیلاتە هیچ ڕاپرسیەکی بزوتنەوەو ڕێکخراوەکانی ژنان و خەڵکی بۆوەرنەگیراوەو تەنانەت وەڵامی هیچ یەک لەداخوازیەکانی ژنان و بەدیلێک کە ناوەندی هاوبەشی ڕێکخراوەکانی ژنان ئەمساڵ لە٨ی مارسدا خستویانەتە بەردەم دەسەڵاتداران، نەداوەتەوە.

بەپێی ئەم حوکمانە ئێمە وەکو حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق ئەم تەعدیلاتەی یاسای ئەحوالی شەخصی عێراق ڕەت دەکەینەوەو پێچەوانە ئازادی و مافە شەخصی و مەدەنیەکانی ژنانی کوردستان دەزانین، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق خوازیاری هەڵوەشانەوەی سەرتاپای یاساکانی احوالی شخصی عێراقی و جێگرتنەوەیەتی بە قانونێک کە ئازادی و یەکسانی هەمەلایەنی ژن و پیاو بەڕەسمی بناسێنێت. حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق بانگەوازی ڕێکخراوەکانی ژنان و سەرجەم خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان بەگشتی و ژنان بە تایبەتی دەکات بۆ پەرەدان بە خەباتیان تا هەڵوەشانەوەی تەواوی یاساکانی ئەحوالی شخصی عێراق و جێگیرکردنی یاسایەکی ئینسانی و ئازادیخواز لەکۆمەڵگادا.

مەکتەبی سیاسی

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق

٢٠٠٠/٥/١٥

## بەڵگەنامەی ژمارە (٦٦)

## ڕاگەیاندنێک سەبارەت بە هێرشی هێزەکانی ئاسایش

### بۆ سەر حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق

دوای توندبونەوەی کێشمەکێشی سیاسی نێوان یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق، ڕووبەڕووبونەوە نێوان ئەم دوو لایەنە کێشایە پێکدادان و شەڕی خوێناوی و، پاش گەمارۆدانی بنکەو بارەگاکانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق و گرتن و ڕاوەدونانی ئەندامەکانی، لەڕۆژی ٢٠٠٠/٧/١٤ هێزەکانی ئاسایش کەوتنە تەقەکردن لەئەندامانی حیزبی ناوبراو لەکارەساتێکی دڵتەزێندا ٦ ئەندامی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری گیانیان لەدەست داو چەند ئەندامێکی تریان لێ بریندار بوو[١٢١].

ئەم هێرشەی هێزەکانی ئاسایش لەژێر ناوی بردنە دەرەوەی بارەگای حیزبەکانداو لەپێناو دابینکردنی ئاسایشی ناوشارو هاوڵاتیان و لەڕاستای جێبەجێکردنی بڕیاری شارەوانی سلێمانیدا ئەنجامدرا، کە لەڕاستیدا بەپێچەوانەوە، ئەم هەنگاوە ئاسایشی لەناوشاردا خستە ژێر پێوە و نائارامیەکی دروستکرد کە چەند ساڵێک بوو سلێمانی حاڵێکی وای بەخۆیەوە نەدیبوو.

---

[١٢١] پەیوەندیەکانی کۆمۆنیست و یەکێتی زۆرخراپ بوو، مام جەلال دەچێتە دەرەوەی ولات و نەوشیروان لە جێگەی خۆی دادەنێت، نەوشیروان توندی کرد لە کۆمۆنستەکان و ئەوانیش توندڕەوبوون، کۆمۆنیستەکان ئابلۆقەدران و ئاو و کارەبا و تەلەفونیان لێبڕا و ڕادیۆکەشیان پێ داخرا، بارەکە خراپتر بوو کار لە کارترازا، تەقە دەستی پێکرد و کران بە ئامانجی تەقەکەرانی ئاسایش کە بە فەرمانی نەوشیروان لە ٢٠٠٠/٧/١٤دا تەقەیانکرد، پێنج کەس لە کۆمۆنیستەکان کوژران بەناوەکانی (هاوڕی لەتیف، هاوار محەمەد، عبدالباسد موحسین، ئومێد نگین، محەمەد مستەفا). لەگەڵ یەکێک لە ئەندامانی ئاسایش. لەدوای ڕووداوەکە ڕێگە لە کۆمۆنیستەکان گیرا بەشێوەیەکی ئاسایی و بەپێی دابونەریتی کۆمەڵایەتی تەرمی کوژراوەکان بەخاک بسپێرن و پرسەیان بۆ دابنێن. (بەهائەدین نوری: پرسی کورد و ئەزموونی کوردستان، چاپخانەی زانا، سلێمانی ٢٠١٨، ل ١٢٦)

ئەم هێرشە بۆ سەر بنکەو بارەگاکانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری، هێرشێکی زەق و دیاربوو بۆ سەر ئازادی هەڵسوڕانی سیاسی و پێشێلکاریەک بوو بەرامبەر بە مافی مرۆڤ، هەروەها ئەو بیانویەی کە بریتیە لەبردنە دەرەوەی بنکەو بارەگای حیزبەکان بۆ دەرەوەی شار، کە خۆی لەخۆیدا پاساوێکە بۆ سەپاندنی کەشو هەوایەکی سەرکوت بەسەر شارداو ئاماژەیەکیشە بۆ نەمانی ئەو نیمچە ئازادی و دیموکراسیە کە لەم دەڤەرەدا هەیەو، لەهەمانکاتدا خستنە ژێر پرسیاری هەموو ئیدیعاکانی (ی.ن.ک)ە لەمەڕ ئازادی و دیموکراسی لەژێر دەسەڵاتەکەیدا، چونکە ناکرێ ئازادی سیاسی و دیموکراسییەت بوونی هەبێت بەبێ بونی بارەگای سیاسی (نەک سەربازی) حیزب و ڕێکخراوە سیاسی و جەماوەری و پیشەییە جۆراوجۆرەکان لەناو شارداو هەڵسوڕانیان بە شێوەیەکی ئازادانە، ئەوا ئەو بەهانەیەو چۆڵ نەکردنی بارەگاکان لەلایەن (ح.ک.ک.ع)ەوەو پاش ئاگادارکردنی، هیچ پاساوێک نیە بۆ ڕوودانی ئەو تراژیدیا خوێناویە، لەکاتێکدا دەکرا ئەو کێشەیە لەڕێگایەکی شارستانی و دایەلۆگەوە چارەسەر بکرایە.

ئێمە لەکاتێکدا بە توندی ئیدانەی ئەم هێرشە دەکەین و پێمانوایە ئەم جۆرە کارانە خزمەت بە هیچ لایەک ناکات جگە لەدوژمنام و بەرەی کۆنەپەرستی، چونکە ئەزموونی چەند ساڵەی شەڕی ناوخۆ بەڕۆشنی ئەمواقیعەتەی سەلماندووە کە کێ سوود لەم هەل و مەرجانەوەردەگرێت.... هەر بۆیە دەڵێین:

هەقوایە هەموو حیزب و لایەنە سیاسی و ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەیی و کەسایەتی و ڕۆشنبیرو نوسەرو ئەدیبە پێشکەوتوو ئازادیخوازەکانە بەشێوازێکی شارستانیانە هەڵوێست وەربگرن و بە شێوازی جۆراوجۆر ناڕەزایەتی دەرببڕن.. کە تەنیا بەو جۆرە دەکرێت بەر بە پێشێلکردنی ئازادی سیاسی بگرین و هەر ئەوەش گرەنتییە بۆ دووبارە نەبونەوەی تراژیدیایەکی تر..

بژی ئازادی هەڵسووڕانی سیاسی

ناوەندی ڕابەرایەتی

کۆمەڵەی شۆڕشگێڕانی کۆمۆنیست

٢٠٠٠/٧/١٦

## بەڵگەنامەی ژمارە (٦٧)
## ڕێکەوتننامەی تاران[١٢٢]
## دژی خواست و بەرژەوەندی خەڵکی کوردستانە !

ڕۆژی ٢٠٠٢/٢/١٧ لە کۆبونەوەیەکدا لەنێوا سەرکردایەتی یەکێتی نیشتیمانی و کۆمەڵی ئیسلامی کە سەر بە جمهوری ئێسلامی ئێرانە و بەسەرپەرشتی نوێنەری جمهوری ئیسلامی ئێران، ڕێککەوتننامەی تارانی ساڵی١٩٩٧ کە لە نێوانیەکێتی و بزوتنەوەی ئیسلامی جاراندا مۆرکرابوو، دووبارە مۆڕکرایەوە! ئەم ڕێککەوتنامەیە بەهۆی لێکترازان و پارچەپارچە بوونی بزوتنەوەی ئیسلامیەوە بە عەمەلی هەڵوەشابووەوە.

دوای ڕووداوی خێڵی حەمە[١٢٣]و خرۆشانی جەماوەری شارو شارۆچکەکانی کوردستان دژی تاقمە ئیسلامیەکان لە مانگی ئۆکتۆبەریڕابردوودا، ئیتر هیچ بوارێک بۆئەمڕێککەوتنە نامایەوە. خەڵکی کوردستان خوازیاری هەڵپێچانی دوکانی دەستەو تاقمە تیرۆرستە ئیسلامیەکان و یاساو عورف و بنەما کۆنەپەرستەکانی ئیسلامی سیاسی بوون، خوازیاری ئەوە بوون کە ژیانێکی سکۆلار و مۆدێرن و دوور لە دەخالەتی دین لە کاروباری سیاسی و کۆمەلایەتی، بژین.

---

[١٢٢] ئەم رێکەوتنامەیە لە ٢٠٠١/١١/١٥ لە تاران مۆرکراوە کە چوار واژۆی لەسەرە کە لەسەروە واژۆی نوێنەری کۆماری ئیسلامی ئێران، فەرماندەی نەصر سەرتیب رەزا سیف اللهی. سەرۆکی شاندی (ی.ن.ک) کۆسرەت رسول عەلی. رابەری بزوتنەوەی ئیسلامی کوردستانی عێراق شێخ علی عبدالعزیز، رابەری کۆمەڵی ئیسلامی کوردستانی عێراق، شێخ محەمەد بەرزنجی.لایەنەکان لەسەر ئەوە ڕێکدەکەون کە هەموو پێکەوە کار بکەن لە پێناو لەناوبردن و کپکردنی چالاکی و پێگەی (جند الاسلام).

[١٢٣]گوندی خێڵی حەمە دەکەوێتە ناوجەرگەی دەشتی شارەزوور نزیکەی ١٠ کیلۆمەتر لەباکووری خۆرهەلاتی هەڵەبجەی شەهیدەوە دوورە، ئێوارەی رۆژی ٢٠٠١/٩/٢٣ ، گروپێکی جوندلئیسلام پەلاماری هێزێکی (ی.ن.ک)یان لەگوندی خێڵی حەمە داو هێرشەکە بەسوودی جوندلئیسلام شکایەوە، لەئەنجامدا دەستیان بەسەر گوندەکەدا گرت، و ٤٢ پێشمەرگەی یەکێتیان بەدیل گرت و هەموویان کوشتن و تەرمەکانییان بە شێوێندراوی گەڕێنرایەوە سلێمانی http://knwe.org/direje.aspx?besh=witar&cor=3&jimare=4145

بەڵام یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بە پێچەوانەی خواست و داوای خەڵکی کوردستانەوە سەرەتا کەوتە پاکوپیس کردنی ئیسلامیەکان لەبەر خاتری بەرژەوەندی خۆی لەگەڵ جمهوری ئیسلامیدا، کە پشتیوانی سیاسی و سەربازی و لۆجستیکی ئەم تاقمە تیرۆرستانەیە، و دووبارە پەلی کێشکردنەوە بۆناو ماڵ و حاڵی خەڵک و دەستی کردووە بە ئیمتیاز پێدانەوەیان. سەرەتا مەلا عبدالعزیز بووە میوانی خوانی سەرکردایەتی یەکێتی و ئێستاش جەماعەتی تاقمی مەلا باپیر و تەنانەت سەرکردایەتی یەکێتی لەوەش سڵی نەکردەوە کە لەگەڵ هەمان تاقمی (جند الاسلام)ی پێشوو (پشتیوانانی ئیسلام[١٢٤] )ی ئێستا بە سەرۆکایەتی تیرۆرستی ناسراو مەلا کرێکار[١٢٥]ڕێکەوتن مۆر بکات !.

پەلکێشکردنەوەی ئەم تاقمە ئیسلامیانە بۆناو شوێنی کارو ژیانی خەڵک، مانای ژیانەوەی تیرۆریزمی ئیسلامیە، مانای بوژانەوەی تێزابڕشتن بە قاچ و

---

[١٢٤] جوندلئیسلام ڕێکخراوێکی سەلەفی جیهادی بوو، لە (٢٠٠١/٩/١) هێزی دووی سۆرانی سەر بە بزووتنەوەی یەکبوونی ئیسلامیی هەڵوەشایەوە لەگەڵ سەلەفییە جیهادییەکان بە ڕێبەرایەتی (ئەبو عەبدوڵای شافیعی) دروستکرا، هەر لەگەڵ ڕاگەیاندنی ڕێکخراوەکە، لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی کوردستان کەوتنە شەڕەوە، دوای چەند مانگێک لەکار، لە (٢٠٠١/١٢/١٠) مەلا کرێکار هاتە ناو ئەم گروپە و ناوەکەی گۆڕا بۆ (پشتیوانانی ئیسلام لە کوردستان)، چارەنووسی ئەم ڕێکخراوە کەوتە بەر هێرشی هێزەکانی ئەمریکا لە (٢٠٠٣)، کۆتایی بەم ڕێکخراوە هێنا. .ئدریس سیوەیلی: ڕیشەو مێژووی سەرهەڵدانی سەلەفیەت لە هەرێمی کوردستان، دیبلۆماتیک مەگەزین، ٢٠١٩، http://diplomaticmagazine.net/politics/1685

[١٢٥] نجم الدين فەرەج ئەحمەدە، ناسراوە بە مەلا کرێکار، لە ساڵی ١٩٥٦ لە شاری سلێمانی لە دایکبووە، لە ساڵی ١٩٨٢ووڵاتی ئێران نیشتەجێ دەبێت و دواتر ڕوودەکاتە پاکستان و دواتر و پەیوەندی دەکات بە بزوتنەوەی ئیسلامی، لە ساڵی ١٩٨٩ بۆتە ئەندامی شورای بزوتنەوەی ئیسلامی، لەساڵی ١٩٩٤ خەتی ئیصلاح دادەمەزرێنێت لەناو بزوتنەوەی ئیسلامی. لە ٢٠٠١/١٢/١٠ باڵی ئیصلاحی مەلا کرێکارو جندالئیسلام یەکیان گرت و پشتیوانانی ئیسلام(ئەنصار الئیسلام)یان دروستکرد. لە ٢٠٠٢/٩/٦ دەگەڕێتەوە ووڵاتی ئێران بەمەبەستی بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی ئەنصار بەڵام ئێرانییەکان دەستگیری دەکەن تەسلیم بە ووڵاتی هۆڵەندای دەکەن، دواتریش تەسلیمی وڵاتی نەرویجی دەکەن، و هەتا ئێستا دەستبەسەرە لە ئەوروپا. https://www.krekar.co/About

دەستی ژنان و کچانی مۆدێرن پۆشە، مانای جورئەتدانەوەیە بە ئیسلامیەکان بۆ ئیسلامکردنی کەشوهەوای مۆدێرنی کۆمەڵگا و پەخشکردنەوە فتوای تیرۆرو کوشتنی ڕۆشنبیران و ئازادیخوازان و کۆمۆنیستەکان و ژنانی یەکسانیخواز! مانای دەستگیرۆکردنی ئەم دەستەو تاقمە تیرۆرستە ئیسلامیانەیە کە دوای ڕووداوی (١١)ی ئەیلول و (٢٣)ی ئەیلول جورئەتی سەربەزکردنەوەیان نەمابوو، لە ترسی ڕۆشنای مۆدێرنیزم و ئازادیخوازی و پێشکەوتنخوازی کۆمەڵگای کوردستان خۆیان بەرەو تاریکی شاخەکان و ژێر باڵی ئاغاکەیان، جمهوری تیرۆرستی ئیسلامی ئێران، لەسەر سنورەکان دەکشایەوە یان لەناو شارەکاندا وەک تاوانبارێکی سزادراو پەشیمانیان لەڕابردووی خۆیان نیشاندەدا !.

ئێستا ئیتر یەکێتی نیشتیمانی لە هەموو کارو کردەوەی تیرۆرستانەو دژی ئینسانی ئەم تاقمانە بەرپرسیارەو ڕاستەوخۆ دەبێتە شەڕیکە تاوانی ئەوان! دوای ئەو ئاڵوگۆڕانەی لەئاستی دنیاو ناوچەکەو کوردستانی عێراقیش ڕووبەڕووی ئیسلامی سیاسی و تیرۆریزمی ئیسلامی بۆتەوە ئیتر هیچ پاساوێک نامێنێتەوە بۆ موجامەلە کردنیان، ئەم سیاسەتەی یەکێتی ڕاستەوخۆ دژبە بەرژەوەندی و خواستی خەڵکی سکۆلارو ئازادیخوازی کوردستانەو دەبێ ڕووبەڕووی نارەزایەتی فراوانی جەماوەرو ڕۆشنبیران و ئازادیخوازان و ژنانی یەکسانیخوازو لایەنگرانی مۆدێرنیزم و پێشکەوتنخوازان بێتەوە. دەبێ ڕیزەکانی یەکێتی، ئەوانەیان کە لە تیرۆریزمی ئیسلامی پڕن، لایەنگری مۆدێرنیزم و ژیانێکی پێشکەوتوو و هاوچەخن ئەم سازشکاریەی سەرکرایەتیەکەیان قبوڵ نەکەن! هەروەکو خەڵک لە مانگی ئۆکتۆبەردا ڕایانگەیاند :

کوردستان جێگای تیرۆرستانی ئیسلامی تێدا نابێتەوە !

کۆمیتەی ڕابەری - ڕێکخراوی کوردستان

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق

٢٠٠٢/٢/١٩

# کۆمۆنیزمی کرێکاری یە یان پۆلیسە ؟!

هەروەک ساڵانی ڕابردوو بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی کرێکارەوە ـ یەکی ئایار ، ( ڕێکخراوی بێکاران لە کوردستان ) بەیاننامەیەکی دەرکرد بوو . بە مەبەستی بڵاوکردنـەوەی بەشێکی بەیاننامەی ناوبراو ، گرووپێ لە هەڵسووڕاوان خۆیان دەگەیەننە مەراسیمی مەلعەب کە لە لایەن حیزبی بە ناو گۆکۆمۆنیزمی کرێکاری یەوە سازدرا بوو .

بە گەیشتنی هاوڕێیانی ڕێکخراو ، لەبەردەم دەرگای چوونە ژوورەوەدا لەگەڵ پۆلیسەکانی ( مەنسووری حیکمەتیـار ) بەرەو ڕووی سانسۆر دەبنەوە ، لە دوای بێنە و بەرەیەکی زۆر بە بیانووی ئەوەی گوایە فەوزا دەخوڵقێنن ناهێڵن بەیاننامەکە دابەش بکرێ !!؟

قووت کردنەوەی بیانوویەکی زەعیف و بەعس ئاسا یانەی لەو جۆرە لەبەردەم ڕێکخراوەیەکی بێکاری دا بۆ خۆی نەک پێشێل کردنی ئازادی بیروڕا دەربڕین دەگەیەنێ ، بەڵکو فەزیحەیەکە تەنها قابیل و شیاوی حیزبۆکەیەکی بە ناز پەروەردەی وایە ، کە خەریکی سەودا و مامەڵەی ژێر بە ژێر کردنە لەگەڵ پارتی و یەکێتی دا !!

گەر حیزبێکی بەناو کرێکاری و کۆمۆنیست لە یەکی ئایاردا ڕێ لێگرتنی بێکار و کاری ئیرهابی ئەنجام بدات ، ئەوا دەبێ لە لایەن جەماوەری بێکار و کرێکار و ئازادیخوازانەوە ڕیسوا و مەحکوم بکرێ .

بژی ئازادی بیروڕا دەربڕین

سەرشۆڕی بۆ قینا ئەپۆشان

**ڕێکخراوی بێکاران**

١٩٩٢/٥/٢

سلێمانی

[illegible]

بەڵگەنامەی ژمارە (٤٥)

# پشتیوانی لە نارەزایەتی و داخوازیەکانی دەستفرۆشان دەکەین

ماوەی چەند رۆژێکە دەسەلاتدارانی شاری سلێمانی (لە ژێر بیانوی جوان کردنی شاردا) هێرشێکی بەرفراوانیان کردۆتە سەر دەست فرۆشان و بەم کارەشیان بوونەتە مایەی نان برینی هەزاران خێزانی دەست تەنگ و زەحمەتکێش، کە ئەمەش لە درێژەی هەمان ئەو هێرش و سوکایەتی پێکردن و شکاندنی کەل و پەلی دەستفرۆشان و باج و سەرانە سەندندایە کە بە درێژایی چەند سالی رابردوو بەرێوەیان بردووە.

ئەگەر بیانووی دەسەلاتداران بۆ هێرشەکانیان جوانکردن و پاراستنی سیمای مەدەنیەتی شارە، بەلام چی لە دیاردەی بێکاری ناشرینتر و دزێوترە کە بەرینی بەکۆمەلگا گرتووە و دەسەلاتداران نەک هەر خۆیان لە قەرەی چارەسەرکردنی نادەن بەلکو ئامادەش نین کە کۆتایی بەم دیاردەیە بهێنن؟! چی لەوە دزێوترە کە بۆ جوانکردنی شار رەونەقی سفرەی دەیان هەزار خێزان ئەهێلی و چارەنووسیان رەوانەی نادیاری بکەی؟!

**دەستفرۆشانی دەست تەنگ و زەحمەتکێش!**

ئێمە شاهیدی بێزاری و نارەزایەتی بەرحەقی چەند سالەی ئێوەین، وە ئاگاداری مقاومەتی سەرسەختانەی رۆژانەی ئێوەین دژ بەو هێرش و سوکایەتیانەی کە پێتان دەکرێ، بەلام پەرش و بلاوی ریزەکانی ئێوە و دروست کردنی ئەنجومەنەکان لە سەروو ئیرادە و ویستی ئێوەوە هەمیشە دەستی دەسەلاتدارانی ئاوەلاکردووە کە بە ئاسانی هێرش بکەنە سەرتان و سوکایەتی بە ژیان و گوزەران و شەخصیەت و حورمەتی ئینسانیتان بکەن.

هەر بۆیە ئێمە کۆمیتەی محلی سلێمانی حزبی کۆمونیستی کرێکاری عێراق پشتیوانی جدی خومان بۆ نارەزایەتی و داخوازیەکانتان رادەگەیەنین و هاوکات سەرنجتان بۆ زیاتر یەکگرتووکردنی ریزەکانتان و حەرەکەتی یەک دەستتان رادەکێشین و بانگەوازتان دەکەین رەسمیەت بە هەیئەتی نوێنەرانی واقعی و جێمتمانەی خۆتان بدەن و لە دەوری کۆببنەوە و خۆتان رێکخراو بکەن. ئەوە تەنها هێزی یەکگرتوو رێکخراوی ئێوەیە کە دەتوانێ بەربەرهێرشی دەسەلاتداران بگرێ و پاروی رفێندراوی دەمی مندالەکانتان بسەنێتەوە.

**خەلکی ئازادی و ئازادیخوازی شاری سلێمانی**

ئێوە هەمووتان شاهیدی ئەوەن کە دەست فرۆشان ئەو خەلکانەن کە لە ناو بێکاری و نەبوونی ملیان بە دەست فرۆشی داوە و هەل ومەرجێکی قورس و تاقەت پرووکێن لە ناو بازار و لەسەرجادەکان بۆ دابین کردنی ژیانی خۆیان و خێزالەکانیان بەسەردەبەن.

ئەگەر دەسەلاتداران بودجەیان بۆ جوانکردنی شار دیاری کردووە، ئەوا دەبێ بودجەش بۆ دابین کردنی بازار و شوێنی گونجاو لە ناو بازاردا بۆ دەست فرۆشان دیاری بکەن و نەبنە مایەی نان برینی خەلکی، هەر بۆیە پشتیوانی ئێوە لە دەست فرۆشان و داخوازیەکانیان بە هەر شێوازێک کە لە توانادایە نیشانەی رەستانەوەی ئێوەیە لە بەرامبەر سیاسەتی برسی کردن و هێز نواندن و نان برینی خەلکی.

کۆمیتەی محلی سلێمانی
حزبی کۆمونیستی کرێکاری عێراق
١٩٩٧/٦/١٠

بەڵگەنامەی ژمارە (٤٦)

# ئاشکرا بوونی هەوڵێکی تیرۆریستی لە دژی ڕابەرانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق

لە ڕۆژی ١٩٩٧/٤/٣٠ دا، ئاسایشی سلێمانی-بەشی لێکۆڵینەوەی تاوان ، ئاگاداری کردین کە هاوڕێیان (ئاسك احمد و ڕێبوار احمد) ڕۆژی ١٩٩٧/٥/٤ ئامادەبن بۆ لێکۆڵینەوە. پاش پەیوەندی‌کردنمان بە ئاسایشی سلێمانی‌یەوە، پێیان ڕاگەیاندین کە کەسانێکی سەر بە بزوتنەوەی ئیسلامی هاتوون بۆ تیرۆری ئاسك احمد و ڕێبوار احمد و هەندێ ئەفرادی تریش و دوو کەسیان لێ دەستگیر کراوە لە لایەن ئاسایشەوە.

سەرباری لێکۆڵینەوەی ئاسایش، ئێمەش داوامان کرد کە لە گەڵ دەستگیرکراوەکاندا لێکۆڵینەوە بکەین. سەرەنجام بۆمان دەرکەوت کە تۆڕێکی تیرۆریستی سەر بە بزوتنەوەی ئیسلامی بە مەبەستی زەربە دان لە حیزبی ئێمە لە هەوڵی پەیدا کردنی زانیاری بوون لە سەر جێگاو شوێنی چەند هاوڕێکانی ڕابەری ئێمە هەروەها جێگاو شوێنی دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی بۆیێشەوە، کە ئەم کارە لە ژێر سەرپەرشتی کەسێك دا بوە بە ناوی (ز مه گ ) ناسراو بە ( ) و یەکێك لە ئیبرسراوانی بزوتنەوە.

دادگای تاوانی سلێمانی لە ڕۆژی ١٩٩٧/٨/٦ دا تەئکیدی لە سەر واقعی‌بوونی ئەم هەوڵە تیرۆریستی‌یە کردو بڕیاری حوکمی بە سەر یەکێك لەو دوو دەستگیرکراوەدا کە ئیعترافی لە سەر بەشداربوونی خۆی کردبوو لەو هەوڵە تیرۆریستی‌یەدا، دەرکرد و ئەوی تریشیانی ئازاد کرد ، بەڵام هێشتا سەر شەبەکەی تیرۆرو تاوانباری ئەسلی دەستگیر نەکراوە.

خەڵکی کوردستان شاهیدی ئەوەن کە ئێمە دەیان جار لە ڕاگەیاندنەکانماندا باسمان لە تیرۆریزمی ڕەوتە ئیسلامیەکان کردووە و ئەوەمان ڕاگەیاندوە کە ئەم ڕەوتە ئیسلامی‌یانە هیچ پەیامێکی ئینسانی‌یان بۆ خەڵکی کوردستان پێ نی‌یە بە غەیری جەهل و خورافەو دژایەتی کردنی ئازادی و یەکسانی ئینسانەکان و دژایەتی کوێر و قین لە دڵانەی کۆمۆنیزم و کۆمۆنیستەکان نەبێ! ئەوەمان ڕاگەیاندوە کە لە گەڵ ڕەوتی مۆدێرنیزم و پێشکەوتنخوازی کۆمەڵگادا نایەنەوە و دژی هەموو جۆرە تروسکایی‌یەکی ئازادی و مەدەنیەتن لە کۆمەڵگای کوردستاندا. تەجروبەی ئەم چەند ساڵەی ژیانی سیاسی کوردستان ئەم قسانەی ئێمەی سەلماندوەو ئێستاش لە هۆڵەکانی دادگای سلێمانی‌یەوە تەئکید لە حەقانیەتی ئەم بۆچونانەی ئێمە دەکرێت.

دەبێ ئەم بڕیارەی دادگای سلێمانی سەبارەت بە ئیدانە کردنی ئەو تیرۆریستانە بە هۆی هەوڵی تیرۆریستیان لە دژی کادیرانی حیزبی ئێمە و کەسانی ئازادیخواز وەکو ئیدانەی تیرۆریزمی ئەم ڕەوتە ئیسلامی‌یە سەیری بکرێت. بەڵام هەر ئەوانەی کە ئەم لێکۆڵینەوەیان ئەنجام دا دەستی ئەم هێزە دەگرن بۆ بەشداری کردن لە (حکومەت)ە کەیاندا! ئایا ئەمە ڕەسمیەت دان نی‌یە بە سیاسەتی تیرۆرو دژایەتی کردنی ئازادی سیاسی ؟!.

ئێمە ، هەمیشە ئەوەمان ڕاگەیاندوە کە ئەو هێزو حیزب و لایەنانەی لە مەیدانی ململانێی سیاسیدا ئیفلاس دەکەن پەنادەبەنە بەر تیرۆرو بە تەئکید ئەم هەوڵەی بزوتنەوەی ئیسلامی لە دژی حیزبی ئێمە ئیسپاتی ئیفلاسی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌یان دەکات لە بەرامبەر کۆمۆنیزم و حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری و ڕەوتی مەدەنی کۆمەڵگادا ، تیرۆریزمیش تەجروبەیەکی شکست خواردوی ئەم ڕەوتە ئیسلامی‌یانەیە.

ئێمە داوا لە سەرجەم هێزو حیزب و لایەنە سیاسی‌و جەماوەری‌یەکان و تەواوی خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان دەکەین کە ئەم هەوڵە تیرۆریستی‌یە لە بەرامبەر حیزبی ئێمە لە بەرامبەر ئازادیخوازی و ئازادی سیاسیدا ئیدانەو مەحکوم بکەن. لە هەمان کاتدا رایدەگەیەنین کە دەبێ تاوانباری ئەسلی دەستگیر بکرێت و لە گەڵ ئەو هێزەدا کەلەپشتی ئەم شەبەکە تیرۆریستەوە وەستاوە دادگایی جەماوەری بکرێت.

**کۆمیتەی ڕابەری ڕێکخراوی کوردستانی**

**حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق**

**١٩٩٧/٨/١٠**

بەڵگەنامەی ژمارە (٤٧)

# پەلکێش کردنی منداڵان بۆ بەرەکانی شەڕ
# نیشانەی کۆنەپەرستی‌و ئیفلاسی سیاسی یە!

کرێکاران، خەلکی زە حمەتکێش‌و ئازادیخواز!
حیزب‌و لایەنە سیاسی‌و رێکخراوە جەماوەرییەکانی کوردستان!

ڕۆژی ۱۹۹۷/۸/۷ ، پارتی کرێکارانی کوردستان PKK - نوێنەرایەتی باشوور، ڕاگەیاندنێکی غەیرە سیاسی‌و پڕتۆمەت‌و کینەتۆزی بلاوکردەوە. ئەم ڕاگەیاندنە بە ڕواڵەت لە دژی دەوڵەتی تورکیاو پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق خۆی دەنوێنێ‌و بانگەوازی خەلک دەکات بۆ بەشداری کردن لە شەڕی PKK لەگەڵ پارتیدا. بەلام سەرنج دانێکی کورتی ڕاگەیاندنەکە ئەو ڕاستییە ئاشکرا دەکات کە ئامانجی سەرەکی PKK لەم ڕاگەیاندنە دوژمنایەتی کردنی هیستریکانەیە لەگەڵ حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق‌و هەڵبەستنی کۆمەڵێک قسەو تۆمەتی بێناوەڕۆک‌و ڕەزیلانەیە کە تەنها مەگەر لە عەقلی نووسەرانیدا جێگای بێتەوە. چ شتێک لەوە بێشەرمانە تر کە لە باوەشی دەوڵەتانی کۆنەپەرستی ناوچەکەوە، تۆمەتی جاسوسی بدرێتە پاڵ حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق کە تاکە هێزێکە لە ناوچەکەدا سەربەخۆیی تەواوی هەیەو تەنهاو بە تەنها پشتی بە جەماوەری بەرینی کرێکارو خەلکی زە حمەتکێش بەستووەو لێبڕاوانە دژی دەخالەتی گشت دەوڵەتانی کۆنەپەرستی ناوچەکە ڕاوەستاوەو شێلگیرانە دیفاعی لە مافو حورمەتی خەلکی کوردستان کردووە.

خەڵکی کوردستان شایەتی لەسەر هەڵوێستی بێپێچ‌و پەناو ڕاشکاوانەو کۆمۆنیستی حیزبی ئێمە دەدەن لە بەرامبەر هەر ڕووداوو هەر حیزب‌و لایەنێک کە لەدژی خەڵکی کوردستان‌و بەرژەوەندییەکانی دەجولێتەوەولەسەر خوێنی خەڵکی کوردستان‌و یاری کردن بە چارەنووسی ئەم خەڵکە ئاشی سیاسەتی خۆیان دەگێڕن‌و جۆرەها تاوان‌و جەریمە لەدژی ئەم خەلکە ئەنجام دەدەن. خودی PKK یەکێکە لەو هێزانەی کە بەئاشکرا پشتی داوە بە دەوڵەتانی کۆنەپەرستی ناوچەکەوە، لەوانە جمهوری کونەپەرستی ئیسلامی ئێران‌و ڕژێمی درندەو فاشستی بەعس.

خەڵکی کوردستان ئەو ڕاستییە چاک دەزانن کە هەڵوێستی سیاسی PKK نان بەنرخی ڕۆژ خواردنە. PKK لەلایەکەوە هیچ سڵ لەوە ناکاتەوە کە ئینکاری لە هەموو مافەکانی خەڵکی کوردستان بکات لەپێناو دانیشتن لە کۆشی گەرمی دەوڵـەتانی ناوچەکە، لەلایەکی تریشەوە هەرتاوناتاوێک بە شارو بالای یەکێک لە دوو حیزبە دەسەلاتدارەکەی کوردستانی عێراقدا هەڵنی داوە. تەنها ساڵێک لەمەوبەر بوو کە سەرانی PKK لە یۆبیلی زێڕینی پارتیدا دەست لەسەر سینگ ڕاوەستا بوون‌و ستایشی دەوری "وەلاتپارێزی"ی پارتییان دەکردوتا چەند مانگ لەمەوبەر لەژێر فشاری ئەوەدا بوون کە بۆ هەڵوێست لە ڕووداوی ۳۱ی ئاب وەرناگرن. ئەمڕۆش لە ئیدریسی بەدلیسییەوە پێیا دینە خوارەوەو لەناوبردنی پارتی بە مەرجی ڕزگاری خەڵکی کوردستان دەزانن‌و هەوڵ ئەدەن بە ستایش کردنی یەکێتی جێ‌پێی خۆیان لە کوردستانی عێراق قایم بکەن.

بەڵام ئێمە لە دڵی‌و هیستریای ئەم جارەی PKK بەرامبەر بە حیزبی ئێمە، لە لایەکەوە نیگەرانی ئەوان لە دەورو نەخش‌و جێگاوڕێگای کۆمۆنیزمی کرێکاری‌و حیزبەکەی نیشان دەداو لەلایەکی تریشەوە هیستریای ئیفلاسی PKK یە لە بەرامبەر هەڵوێستی مەسئولانەی حیزبی ئێمە لە دژی ڕاپێچ کردنی منداڵان بۆ نێو مەعسکرو جبهەکانی شەڕ. حیزبی ئێمە وەکو حیزبێکی مەسئول لەبەرامبەر کۆمەڵگای کوردستاندا، ئەم جەریمەیەی کە PKK ، لە ژێر ناوی "خەبات بۆ ڕزگاری هەر چوار پارچەی کوردستان" لە دژی منداڵان بەڕێوە ی دەباو فەزای ترس‌و خۆفی بەسەر شارەکانی کوردستانی عێراقدا زاڵ کردووە، ڕیسوا کرد.

ڕاگەیاندنەکەی PKK خۆی بەر لە هەر شتێک ئیعترافی ئەوانە بەوەی کە ئەو منداڵانە لەلایەن ئەوانەوە ڕاپێچ و چەکدار کراون. ئەمەش ئەو تاوانە گەورەیەیە کە هەرگیز حیزبی ئێمە لە بەرامبەریدا بێدەنگ نابێت. لە ڕاستیدا ئەو لاوانی "شەرڤان"ەی کە PKK هەراو هوریای بۆ دەکات، زۆربەیان ئەو منداڵە ۱۲_۱۳ ساڵانەن کە نەک چەکدار کردنیان بەڵکو نزیک کردنەوەیان لە مەعسکرات تاوانێکی گەورەیە. ئێمە جگە لە قسەو شایەتی کەس‌و کاری ئەم منداڵانە هەموو بەڵگەیەکی پێویستمان لە بەردەست دایە کە ئەم ڕاستییە دەسەڵمێنن.

بەڵگەنامەی ژمارە (٤٨)

ئەوەی کە PKK بە هاتو هاواری شەڕ لە دژی تورکیاو پارتیو ڕزگار کردنی "چوار پارچەکەی کوردستان" دەیەوێ ئەم تاوانە پاساو بدات، نەک هەر ناتوانێ هیچ شەرعیەتێک بۆ ئەم جەریمەیە بەدەست بهێنێ، بەڵکو لەڕاستیدا دەست دەبات بۆ بەهانەیەکی پوچ‌وسوواو کە هەمیشە هێزە کۆنەپەرستەکان بۆ پاساودانی جەریمەکانی خۆیان پەنایان بۆ بردووە. گومان لەوەدا نیە کە حیزبێک منداڵانی ١٢_١٣ ساڵ فریو بدات وبیان کات بە خۆراکی شەڕو "شۆڕش"ەکەی، ناتوانێت بە هیچ شێوەیەک جێگای ئومێد بێت بۆ خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان.

PKK وەکو حیزبێکی ناسیونالیستی کورد نەک هەر ئۆرقالێڕا پەیوەندی بە خەبات کردنەوە نیە بۆ کۆتایی هێنان بە ستەمی میللی لەسەر خەڵکی کوردستانی تورکیا، ج جای ئەوەی بگات بە "چوار پارچەکەی کوردستان"، بەڵکو خودی PKK بە سیاسەتی کۆنەپەرستانەی دەستی دەوڵەتی فاشیستی تورکیای بۆ خولقاندنی کارەسات لە دژی خەڵکی کوردستانی تورکیا ئاوەڵا کردووەو خۆی بووەتە بەشێک لە هۆکاری ئەو کارەساتانەی کە دەوڵەتی فاشیستی تورکیا لەدژی خەڵکی کوردستانی ئەوی بەرپاوەی دەبات. تەنانەت لە کوردستانی عێراقیشدا بووەتە لایەنێکی ئەو شەڕو کێشمەکێشە کۆنەپەرستانەیەی کە خەڵکی کوردستانی هەراسانو سەرگەردان کردووە. هەموو شەڕو کوشتاری PKK ش لەگەڵ دەوڵەتی فاشیستی تورکیا هە رلە پێناو ناچار کردنی ئەم دەوڵەتەیە بە گفتوگۆیەک بۆ بچڕینی چمکێک لە دەسەڵاتو وەرگرتنی ئیمتیازاتێک بۆ خۆی لەژێر ناوی حوکمی زاتی یان فیدرالیزم بۆ خەڵکی کوردستان. ئەمە ئامانجێکە کە PKK لە زمانی سەرۆکەکەیەوە چەندین جار بۆ حکومەتە کۆنەپەرستە یەک لەدوای یەکەکانی تورکیای ڕاگەیاندووەو بە سەدو یەک زمان لە میدیاکانەوە پەیامی بۆ لێداون.

PKK بە سیاسەتی پەلکێش کردنی منداڵان بۆ مەسکراتو بەرەکانی شەڕ، دەیەوێ خۆی لە بنبەستی سیاسیو سەربازیی ڕزگار بکاتو بەم سیاسەتە دژی ئینسانیەو بەهەر نرخێک بووە ڕێگایەک بۆ هێز کۆکردنەوە پەیدا بکات. ئێمە جارێکی تریش بەڕاشکاوی ڕایدەگەیەنین کە چەکدار کردنی هەر کەسێکی خوارتر لە تەمەنی ١٦ ساڵ جەریمەیەکە بە حەقی ئینسانەکانو بە توندی مەحکومی دەکەین. هەر بەم بۆنەیە دەبێ PKK دەست بەجێ ئەو کەسانەی کە تەمەنیان لە خوار ١٦ ساڵەوەیە ئازاد بکات. ئێمە بە هەموو توانامانەوە لە ڕیزی پێشەوەی ناڕەزایەتی کەسو کاری منداڵەکانو خەڵکی ئازادیخوازی کوردستاندا بۆ ئازاد کردنی ئەو منداڵانە تێ دەکۆشین. لە هەمان کاتدا داوا لە دەسەڵاتدارانی کوردستان دەکەین کە بەرامبەر بە تاوانی چەکدار کردنی منداڵ ئێ مسئولیت لە خۆیان نیشان بدەنو بۆ ئازاد کردنیان هەنگاوی دەستبەجێو پێویست هەڵگرن. هەروەها دەسەڵاتداران مسئولن لە بەرامبەر ئەم جەریمەیەو دەبێ پێشی پێ بگرن. لە هەمان کاتدا بانگەوازی گشت ئەو هێزە سیاسیو ڕێکخراوە جەماوەرییانە دەکەین کە خۆیان بە مسئول دەزانن لە بەرانبەر چارەنووسی کۆمەڵو ژیانی خەڵک، کە لە دژی جەریمەی چەکدار کردنی منداڵان بێ دەنگ نەبنو هەڵوێست وەرگرنو هاوشان لەگەڵ حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق بۆ ئازاد کردنی ئەو منداڵانە تێبکۆشن.

جەماوەری ئازادیخوازی کوردستان!

ئێوە بەچاوی خۆتان دەبینن کە منداڵەکانتان ڕاپێچی مەسکراتو بەرەکانی شەڕ دەکرێنو جەستەی ناسکیان دەکرێتە سووتەمەنیو خۆراکی شەڕی کۆنەپەرستانەی نێوان هێزە ناسیونالیستەکان. ئێوە ساڵانێکی دوورو درێژە دەبینن کە ئەم هێزە ناسیۆنالیستانە، لەوانەش PKK ، یاری بە چارەنووسو خواستو ویستی ئێوەوە دەکەن بۆ کۆتایی هێنان بە ستەمی میللی، ئێوە دەبینن کە هەر ڕۆژە بە پەلکێش کردنی دەوڵەتێکی کۆنەپەرستی ناوچەکە ئیرادەو حورمەتی ئێوە لەلایەن ئەم هێزانەوە پێشێل دەکرێت؛ هەموو ئەمانە ڕاستیو دروستی ئەو بۆچوونەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق دەسەلمێنن کە هەمیشە پێی لەسەر ئەوە داگرتووە، کە ڕزگار بوون لە ستەمی میللیو سەرگەردانی سیاسی ئێستا بەندە بە خۆ جیا کردنەوەی خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان لە بزوتنەوەی ناسیونالیستیو چۆڵکردنی پشتی حیزبەکانیو کۆبوونەوە لە دەوری خواستی جیابوونەوەی کوردستانو پێک هێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆو سکۆلارو مۆدێرنی غەیرە قەومی لە کوردستانی عێراق.

کۆمیتەی ڕابەریی ڕێکخراوی کوردستانی
حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق
١٩٩٧/٨/١١

بەڵگەنامەی ژمارە (٤٨)

# دەبێ سوپای تورکیا لەکوردستانی عێراق بچێتە دەرەوە!

جەماوەری کرێکارو زەحمەتکێش!

خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان!

ماوەیەکە دەوڵەتی ناسیۆنال فاشیستی تورکیا دەیەوێ پشتێنەیەکی ئەمنی لەناو کوردستانی عێراقدا بەبیانووی پاراستنی سنوورەکانی لەهێرشی چەکدارانەی پ.ک.ک لەناو کوردستانی عێراقدا دروست بکات. ئەم سیاسەتەی دەوڵەتی تورکیا لەسەرەتاوە رووبەڕووی ئیعترازێکی نێودەوڵەتی فراوان بووەوەو خودی دەوڵەتی عێراقو وڵاتە عەرەبییەکان بەتوندی ئیدانەی ئەم سیاسەتەی تورکیایان کرد.

بەڵام ئێستاو پاش نزیکەی دوو مانگ لە دەخالەتی عەسکەریو تواجدی بەردەوامی تورکیا لە کوردستانی عێراقداو دەرگیربوونی هێزەکانی تورکیا بەهاوکاری هێزەکانی پارتی لەگەڵ پ.ک.ک دا، کە ئەویش بۆتە لایەنێکی شەڕی ناوخۆو لەبەرەی بەرامبەر پارتیدا وەستاوەتەوە، لەپاڵ فشارەکانی ئەمریکادا بۆسەر عێراقو پێویستی چالاککردنەوەی دەخالەتی ئەمریکا لە ناوچەکەدا تورکیا خۆی لە موقعیەتێکی لەبارتردا دەبینێتەوە بۆ دامەزراندنی ئەم پشتێنەیە.

خەڵکی کوردستان دەزانن کە حەوت ساڵە لەلایەن UN ـەوە، کە بۆتە ئەداتێکی ساغکردنەوەی بەرژەوەندییە جیاوازەکانی دەوڵەتە سەرمایەدارییە گەورەکانی جیهان، لەژێر ناوی "ناوچەی ئارام"و پاراستنی خەڵکی کوردستان لە دەستدرێژی ڕژێمی بەعس، کوردستانیان کردۆتە ناوچەیەکی بێناسنامەی نێو دەوڵەتیو خەڵکی کوردستانیشیان لەئاوارەییو چاوەڕوانیدا ڕاگرتووە. لەجەرگەی ئەم هەلومەرجەدا هەرماوەیەک دەوڵەتی تورکیا بەبیانووی شوێنکەوتنی پ.ک.ک ـەوە پەلاماری کوردستانی عێراقی داوەو خەڵکی ناوچە سنوورییەکانی تووشی ئاوارەییو مەئسات کردووەو سەدان کەسیان لێکردوونەتە قوربانی هێرشی ئۆتۆ ئاتلاو فڕۆکە جەنگییەکانیان.
ئێستاش لەم هەلومەرجە ئاڵۆزەدا ڕژێمی فاشیستی تورکیا دەیەوێ بەهەمان دەستووری لوبنان پشتێنەیەکی ئەمنی بۆخۆی لە کوردستانی عێراقدا دروست بکاتو وەزعیەتی شەڕو کوشتاری بەردەوامو هەموو ڕۆژە بەسەر خەڵکی کوردستانەوە ڕەسمیەت پێ بداو ئەم ناوچانە بکاتە مەیدانی شەڕو جەنگی خۆی لەگەڵ پ.ک.ک دا.

دەوڵەتی بۆرژوا ناسیۆنالیستی تورکیا، لەم سیاسەتەیدا بەدوای ئەوەوەیە کە سەرنجی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشی تورکیا ڕەوانەی دەرەوەی سنوورەکان بکاتو لەرێگەی لەشکرکێشیو ئەدەخولاتی عەسکەرییەوەو بەدەستهێنانی موقعیەتێکی سیاسیو عەسکەری لەناوچەکەدا وەڵام بە پێداویستییە سیاسیو ئابوورییەکانی سەرمایەداری تورکیا بداتەوەو ئەمەش لەسەر حیسابی ژیانو ئاسایشو ئیرادەی خەڵکی کوردستانی عێراق دەیانە پێشەوە.

ئێمە، ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق، بەتوندی ئیدانەی ئەم سیاسەتە دژی بەشەرییو قازانج پەرستانەیەی دەوڵەتی بۆرژوا ناسیۆنالیستی تورکیا دەکەینو داوا دەکەین بەزووترین کات هێزە سەربازییەکانی خۆی لەکوردستانی عێراق بکێشێتەوەو ئیحترام بۆ ئیرادەی خەڵکی کوردستان دابنێت. لەهەمان کاتدا UN مەسئول دەکەین کە تورکیا ناچار بکات هێزەکانی لەکوردستان بباتە دەرەوەو ئیدانەی بکاتو زەرەرو زیانەکانی خەڵکی کوردستان قەرەبوو بکاتەوە.

بانگەوازی خەڵکی کوردستانو تەواوی ڕێکخراوە جەماوەرییو رادیکاڵەکانو حیزبو لایەنە سیاسییەکانی کوردستانو عێراق دەکەین کەلەبەرامبەر ئەم سیاسەتە دەستدرێژکارانەو ئیرهابییانەی دەوڵەتی تورکیا بێدەنگ نەبنو بەهەموو جۆرێک کە بۆیان دەکرێت بۆ بەشکستهێنانی تێبکۆشن. هەروەها بانگەوازی ئەحزابو ڕێکخراوە سیاسیو چەپەکانی تورکیاو نەقابەو ڕێکخراوە کرێکارییەکانی تورکیاو جیهان دەکەین کە ئەم سیاسەتەی دەوڵەتی بۆرژوا ناسیۆنالیستی تورکیا ئیدانە بکەنو دیفاع لە ئیرادەی خەڵکی کوردستانی عێراق بکەن.

بژی ئیرادەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستان!

بژی هاوپشتی نێونەتەوەیی کرێکاری!

بڕوخێ سیاسەتی دژی بەشەری پشتێنەی ئەمنی دەوڵەتی تورکیا!

*کۆمیتەی ڕابەریی ڕێکخراوی کوردستانی*
*حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق*
١٩٩٧/١٠/٢٣

بەڵگەنامەی ژمارە (٤٩)

**ڕاگەیاندنی مەکتەبی سیاسی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق**
**سەبارەت بە ئابلوقەدانی چەکدارانەی ڕادیۆی دەنگی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق**
**لەلایەن هێزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە**

ئەمڕۆ چوارشەممە ڕێکەوتی ١٥/١٠ی ١٩٩٧ کاتژمێر ١٠,٣٠ی پاش نیوەڕۆ بەشێك لە هێزە چەکدارەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەمەبەستی داخستنی ڕادیۆی حیزبمان دەستیان دایە ئابلۆقەدانی چەکدارانەی بنکەی ڕادیۆ لەشاری سلێمانی.

شایانی باسە ئەم کارەی هێزە چەکدارەکانی یەکێتی نیشتمانی بۆسەر ڕادیۆی حیزبمان، هەنگاوێکی سەرکوتگەرانەیە کەلەسەرەتای هەڵگیرسانەوەی شەڕی نێوان ی.ن.کەو پ.د.کدا بۆسەر ئازادی هەڵسووڕانی سیاسی ئەحزاب لەکوردستاندا دەستی پێکردووە. شەڕی ناوخۆی ئەمجارەی حیزبەکانی کوردایەتی وێڕای ئەوەی خەڵکی کوردستانی خستۆتە نێو ئاگری کوشتو کوشتارێکی ترەوە هەرچی زیاتر تێکدانی ئەمنو ئاسایشی ژیانی ڕۆژانەی جەماوەری بەربنتر کردۆتەوە، ئازادی هەڵسووڕانی سیاسی ئەحزابو، ئازادی ڕاگەیاندنو بیروڕای کردۆتە پاداشتێك بۆ ساتو سەودا لەگەڵ دەوڵەتو هێزە کۆنەپەرستەکانی ناوچەکە.

ئەمڕۆ ڕادیۆی دەنگی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق تەنها بەو هۆیەوە دەکەوێتە بەردەم هێرشی چەکدارانەی یەکێتیو هەڕەشەی داخستنی دەدرێت کە دەنگی دیفاع لە ئازادی سیاسیو مافەکانی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشە. ڕادیۆیەکە کە هەمیشە بۆ ئاشناکردنی خەڵکی کوردستان بە مافەکانیانو بۆ دیفاع لە ژنانو منداڵانو لاوانو کرێکارانو هەر دەنگێکی ئازادیخواز لەبەرامبەر حیزبە دەسەڵاتدارەکانو کۆنەپەرستاندا لەخەباتی ڕاشکاوانەو چاونەترسانەدا بووەو هەیە.

ئێمە لێرەدا وێڕای مەحکوم کردنی ئەم هەنگاوەی یەکێتی نیشتمانیو داواکردنی کشانەوەی دەستبەجێی چەکدارەکانی بۆ سەر بنکەی ڕادیۆی حیزبمان، ڕادەگەیەنین کە هەنگاوێکی لەم جۆرە کارێکی سەرکوتگەرانەیە لەدژی حیزبی ئێمەو سەرجەم خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشی کوردستان، بێگومان ئەمەش دەبێتە مایەی ناڕەزایەتیو تووڕەیی جەماوەرو هەر هێزێکی ئازادیخوازی تر.

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق بە هێزی خۆیو پشت بەستوو بەجەماوەری کرێکارو زەحمەتکێشو سەرجەم ئازادیخوازانی کوردستان، ئامادەیی تەواوی هەیە بۆ وەڵامدانەوەو پووچەڵکردنەوەی ئەم جۆرە ڕەفتارانەو لەمێژوەشدا ئاکامەکانی هەر ڕووداوێکی نەخوازراو کەبێتە پێش، ڕاستەوخۆ لە ئەستۆی یەکێتی نیشتمانی دایە.

*مەکتەبی سیاسی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق*
**١٥ی ئۆکتۆبەری ١٩٩٧**

بەڵگەنامە ژمارە (٥٠)

## تیرۆرو تیرهاب ناکامی ئیفلاسی سیاسی کۆنه په رستانه

**خه ڵکی ئازاری و ئازادیخوازی شاری سلێمانی**

هەروەک ئاگادارن رۆژی ١٩٩٧/١٢/٢٨ کاتژمێری ٦،٣٠ ی سەر لە ئێوارە لەناوجەرگەی شاردا (سینەما دڵشاد) تەقێنرایەوە. ئەم تەقینەوەیەش بەشێکە لەو زنجیرە کارە تیرۆریست و ئیرهابیانەی کە لەیەک مانگی رابردوودا بەشێوەیەکی منظم و نەخشە بۆ کێشراو لە شاری سلێمانی و دەوروبەری دا ئەنجام دراون. لەوانەش تەقاندنەوەی مەڵبەندی لاوانی میدیا، تەقە کردن لە چەند کادرێکی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە شەقامی سالم، تیرۆر کردنی چەند کادرێکی هەمان حیزب لەرێگای کۆیە، تیرۆر کردنی ئافرەتێکی کارمەندی دادگای سلێمانی بەناوی (خەبات)، تیرۆر کردنی چەند کەسێکی تر و فڕێ دانی تەرمەکانیان لەوانەش تیرۆر کردنی منداڵێکی ١٢ ساڵ بەناوی (د ـ ـ . ـ .)...

ئەم حەملەیە لە کاری تیرۆریستی و ئیرهابی دژ بە خەڵکی مەدەنی و ئازادیخوازی کوردستان پەیامێکی رەش ترو خەتەرێکی جدی بزوتنەوە کۆنە پەرستە بۆرژوازیەکانی کوردستانە کە دەیانەوێت بە دژایەتی کردنی سادەترین مافی فەردی و مەدەنی ئینسانەکان و بەزاڵ کردنی فەزای ترس و تۆقاندن، سیاسەتەکانیان بەسەر ژیانی خەڵکی و کۆمەڵگادا بسەپێنن. ئەوەی کە دەستی کۆنە پەرستانی ئاوەڵا کردووە ئەم جۆرە کارانە ئەنجام بدەن واقعیەتی سەرگەردانی و بێ قانونی کوردستانە، تا بەکەڵک وەرگرتن لەم وەزعیەتە کۆمەڵگا نوقمی کۆنەپەرستی و دواکەو ووبی بکەن.

**خه ڵکی مته مه دن و ئازادیخواز**

لای هەمووان ئاشکرایە کە رەوتی مەدەنیەت و رادیکالیزمی کۆمەڵگای کوردستان بزوتنەوەیەکی پایەدار و بەهێزی ئەوتۆیە کە ئەم هەوڵە رەزیلانەیەی کۆنەپەرستان ناتوانێ پێشی پێ بگرێ. ئێمە وێڕای مەحکوم کردنی ئەم جۆرە کارانە دەسەڵاتداران بە بەرپرسیار دەزانین لەبەرامبەر پاراستنی ژیان و ئەمنیەتی خەڵک دا. هاوکات بانگەوازتان دەکەین کە دەنگی ناڕەزایەتیتان لە دژی تیرۆرو ئیرهاب لە کوردستان دا بهێننە مەیدان و ئەنجام دەرانی لە دادگای ئاشکرای جەماوەری خۆتان دا دادگایی کەن. حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراقیش لەم ئێوەدا سەنگەری ئەم بزووتنەوەو خواستە بەرهەقەی ئێوەیە بۆ بەرقەرار کردنی کۆمەڵگایەکی مەدەنی لە کوردستان دا.

**مه رگ بۆ تیرۆرو کۆنه په رستی**

**بژی بزوتنه وه ی ئازادیخوازانه ی خه ڵکی کوردستان**

**کۆمیتەی محلی سلێمانی**

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق**

١٩٩٧/١٢/٣٠

بەڵگەنامەی ژمارە (٥١)

# بەیاننامەی کۆتایی هاتنی کۆنگرەی یەکەمی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق

کۆنگرەی یەکەمی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق، لەسەرەتای مانگی شوباتی ١٩٩٨دا لەکوردستانی عێراق بەرپا کرا. پێشتر لە پلێنۆمی شەشەمی کۆمیتەی ناوەندیدا ئەخشەی ئامادەکاری کۆنگرە کە لەلایەن مەکتەبی سیاسییەوە بەڕێوەبرابوو، لێکدانەوەو هەڵسەنگاندنی لەسەر کراو سەرجەم ئیقدامات و لایەنەکانی پەسەند کران و بڕیار درا کە کۆنگرە لەکاتی دیاری کراوی خۆیدا ببەسترێ.

کۆنگرە بەئامادەبوونی نزیکەی (١٠٠) کەس لە نوێنەران و میوانەکان بەرپاکرا. لەلایەن ڕێکخستنەکانی حیزبەوە، نوێنەرانی ڕێکخستنەکانی کۆمیتەی ناوەڕاست و جنوبی عێراق و نوێنەرانی ڕێکخراوی کوردستان لەشار و ناوچەکانی کوردستان و نوێنەرانی ڕێکخراوی ناوەندی حیزب و نوێنەرانی ڕێکخراوی دەرەوەی وڵات، لە وڵاتانی ئەوروپایی و ئەمریکاو کەنەداو ئوسترالیاو تورکیا، ئامادە بوون. هەروەها کادرانێک لە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران و نوێنەرانی ڕێکخراوە کرێکاری و جەماوەرییەکان و کادرانێک لە ڕیزەکانی ڕێکخستنی حیزبەوە، کە وەکو میوان دەعوەت کرابوون، بەشداری کۆنگرەیان کرد.

کۆنگرە سەرەتا بەسروودی ئەنتەرناسیۆنال و دەقیقەیەک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لەیادی گیانبەختکردووانی ڕێگای سۆسیالیزم و ڕزگاری چینی کرێکار، دەستی پێکرد. یەکەمین بەندی دەستور جلسەکانی کۆنگرە گوێگرتن لە ڕاپۆرتی هەڵبژاردنی نوێنەرانی کۆنگرە بوو. دوای هەڵسەنگاندنی ئەم ڕاپۆرتە، کۆنگرە شەرعییەتی دا بەنوێنەرانی بەشە جیاجیاکانی تەشکیلات و کۆنگرە ڕەسمییەتی وەرگرت.

بەدوای ئەمەدا ((هەیئەتی رئاسی کۆنگرە)) هەڵبژێردراو ئاییننامەو دەستور جلسەی کۆنگرە پەسەند کرا.

پاشان وتاری افتتاحیەی کۆنگرە پێشکەش بەئامادەبووان کرا. لەو وتارەدا پێ لەسەر دەستکەوت و پێشڕەوییەکانی چەند ساڵی ڕابردووی حیزب داگیراو ئاماژە بۆ جێگاو ڕێگای سیاسی و کۆمەڵایەتی حیزب کرا، کەوەکو دیاردەیەکی ئازیزی ئەم کۆمەڵگایە، بەتایبەت لەکوردستاندا دەرکەوتووەو بووەتە سەنگەری دیفاع لە ئاوات و ئامانج و مافەکانی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش و حورمەتی ژنان و لاوان و منداڵان. هەروەها پەنجەی تاکید لەسەر بایەخ و گرنگی کۆنگرەی یەکەم دانرا کە دەتوانێ ئامادەیی و توانای حیزب بباتە ئاستێکی بەرزتر و لەجەرگەی بارودۆخی حەساس و پڕلەکێشمەکێشی ئێستادا، ئاسۆ و ئایندەیەکی ڕووناک و پرشنگدار بخاتە بەردەم کۆمەڵگای عێراق.

بەدوای وتاری افتتاحیەدا پەیامی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران و ڕێکخراوە جەماوەرییەکان و ئەو پەیامانەی کە لەلایەن هاوڕێیان و دۆستانی حیزبەوە ئاراستەی کۆنگرە کرابوون، خوێنرانەوە.

پاشان ڕاپۆرتی سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی و مەسئولی ئۆرگانەکانی تری حیزب بۆ کۆنگرە، درایە بەرباس و لێکۆڵینەوە.

لە بەندێکی دیکەی دەستور جلسەکاندا، کۆنگرە چووە سەرباسی بەرنامەی حیزب و دوای گفتوگۆی هەمەلایەنە لەسەر گرنگی بەرنامە، بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی (دنیایەکی باشتر)، وەکو بەرنامەیەکی هەمەلایەنە بۆ شۆڕشی کرێکاری و بەرپاکردنی کۆمەڵگای کۆمۆنیستی و لە هەمان کاتدا وەکو بەرنامەیەک بۆ پێکهێنانی هەر ئاڵوگۆڕێک بۆ باشتر کردنی ژیان و گوزەرانی خەڵک لەئێستادا، لەکۆلیەتیدا پەسەند کرا.

وە لەباسی حیزب و دەسەڵاتی سیاسی لە عێراقدا، کۆنگرە پێی لەسەر ئەوە داگرت کە عێراق بە هەلومەرجێکی سیاسی حەساسدا تێپەڕ دەبێت. ئەم هەلومەرجە سیاسییە کەلەسەر بناغەی ئاڵوگۆڕی ڕەوەندی سیاسی دوای جەنگی خەلیج هاتووەتە کایەوەو لەهەناویدا کێشمەکێشی هێزەکان و بەدیلەکان لەسەر دەسەڵاتی سیاسی بەڕێوەیە، فرسەتێکی لەباری ڕەخساندووە بۆ پێشڕەوی و پەرەگرتنی حیزبی ئێمە. بەتایبەت کە سەرجەم بەدیل و ڕەوتە بۆرژوازییەکان گیرۆدەی ئەزمەو بێئاسۆیین و جگە لە قووڵکردنەوەی کێشەو ئەعامەتییەکانی ژیانی خەڵک، هیچ وەڵام و ڕێگاچارەیەکی دیکەیان پێنییە. بەڵام حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق بەوەڵامی ڕۆشنی بۆ سەرجەم کێشەکانی ئەم کۆمەڵگایەو

بەڵگەنامەی ژمارە (٥٢)

بەرابردوویەتی بانکارانەو پەرلەمانتارییەوە، هەروەها بەجێگاو ڕێگایەکی سیاسیی و کۆمەڵایەتییەوە کە لێی بەهرەمەندە، دەتوانن لەچەرگەی ئەم هەلومەرجەدا، جەماوەری کرێکاران و خەڵکی مەحروم بەرەو گرتنە دەستی دەسەڵاتی سیاسی لە عێراقدا، ڕابەرایەتی و ڕێکخراو بکات و هەلومەرج بەقازانجی ئەوان بشکێنێتەوە.

لەبەشێکی دیکەدا کۆنگرە چووە سەرباسی ستراتیژی حیزب لە کوردستان. لەم بەشەدا باسی ئەفرەت و بێزاری خەڵکی کوردستان لە ڕژێمی فاشیستی بەعس و ئاکامی مەینەتباری سیاسەتەکانی ئەمریکا و دەور و کارکردی ئەحزابی ناسیۆنالیستی کورد کرا، کە کوردستانیان گۆڕیووە بە ئۆردووگایەکی گەورەی ئاوارەیی. هەروەها پێ لەسەر ئەوە داگیرا کە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق دەبێ هەموو هێزوتوانای خۆی بەگەڕ بخات بۆ بووژاندنەوەی ئومێدی خەڵکی کوردستان و گێڕانەوەی باوەڕ بەخۆبوون و، لەدەوری سیاسەتی ڕۆشن و ڕزگاری بەخشی کۆمۆنیستی بیانهێنێتە مەیدان بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان و کۆتایی هێنان بەبارودۆخی ناهەمواری ئێستا. لەکۆتایی ئەم باسەدا بەڵگەنامەی ستراتیژی ئێمە لەکوردستان لەلایەن کۆنگرەوە پەسەند کرا.

لەباسی حیزب و دنیای عەرەبدا، تیشک خرایە سەرئەوەی کە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق چ بەهۆی زمانی هاوبەش و چ بەهۆی مەسائیلی هاوبەشی دنیای عەرەبەوە، دەتوانن لەئاستی دنیای عەرەبدا، کاریگەرییەکی گرنگی هەبێت و بەرنامەو بیروباوەڕ و سیاسەتی کۆمۆنیستی خۆی بەرە پێبدات و دەور بگێڕێ لەشکڵ پێدان و بەهێزکردنی بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاری لەدنیای عەرەبدا. پاش قسەوباسی تێروتەسەل لەسەر ئەم مەسەلەیە، نەخشەو ئیقداماتە دەستبەجێکانی حیزب دیاریکراو خرانە دەستووری کاری حیزبەوە.

لە بەندێکی تری دەستور جلسەکانی کۆنگرەدا، بەڵگەنامەی ((بنەما ڕێکخراوەییەکانی حیزب)) درایە بەرباس و پاش قسەوباسی هەمەلایەنە لەسەر پەیوەندی و مەوازینە سیاسیی و ڕێکخراوەییەکانی حیزب و پێداگرتن لەسەر سوونەتە حیزبی و کۆمۆنیستییەکان، بەڵگەنامەی ((بنەما ڕێکخراوەییەکانی حیزب)) پەسەند کرا.

لەبەندی بڕیارو بڕیارنامەو پەیامەکاندا، کۆنگرە چەندین بڕیاری گرنگی پەسەند کرد بۆ بردنەپێشەوەی سیاسەت و نەخشەکانی خۆی، هەروەها چەند پەیامی ئاراستە کرد، کە بریتی بوون لەمانە:

پەیام بەزیندانیانی سیاسی
پەیام بەچینی کرێکاری عێراق
پەیام بە خەڵکی کوردستان
پەیام بە ژنانی عێراق
پەیام بە لاوان
پەیام بە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران
پەیام بە کەس وکاری هاوڕێیانی گیانبەخت کردوو

بەندی کۆتایی دەستوور جلسەکانی کۆنگرە، هەڵبژاردنی کۆمیتەی ناوەندی بوو، کە (١٩) کەس وەکو ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و (٧) کەس وەکو ئەندامانی ئیحتیاتی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردران.

بەمجۆرە کۆنگرە دوای چوار ڕۆژ لەکاری چڕوپڕ و لەنێو فەزای پڕلەشۆڕوشەوقی ئامادەبووانداو، بەوتاری ختامی و پاشان سروودی ئەنتەرناسیونال کۆتایی بەکارەکانی خۆی هێنا.

بژی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق!

بژی ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری!

کۆمیتەی ناوەندی
حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق
شوباتی ١٩٩٨

بەڵگەنامەی ژمارە (٥٢)

## ڕاگەیاندنی کۆتایی پلینۆمی حەوتەمی
## کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق

لە ڕێکەوتی ٨-٢-١٩٩٨دا، کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق بەئامادەبوونی زۆربەی ئەندامانی، پلینۆمی حەوتەمی خۆی بەست. ئەم پلینۆمە کە یەکەمین کۆبوونەوەی فراوانی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی یەکەمی حیزب بوو، باسەکانی خۆی تایبەت کرد بە جێبەجێ کردنی ئەو بڕیارو هەنگاوانەی کەلەڕاستای عەملی کردنەوەی باس و جیهەتە سیاسی و پەسەندکراوەکانی کۆنگرەدا خرابوونە دەستووری کۆمیتەی ناوەندییەوە.

هاوکات پلینۆم بە شێوەیەکی هەمەلایەنە ئەوزاعی تازەی سیاسی عێراق وکێشەی ئەمریکاو ڕژێمی بەعسی دایەبەرباس ولێکۆڵینەوەو لەم بارەیەوە ئەخشەو سیاسەتەکانی حیزبی دیاریکرد. وە هەر لەم چوارچێوەیەشدا قسەوباس لەسەر ئەوزاعی سیاسی کوردستان وڕێگاچارەی حیزب بۆکۆتایی هاتنی یەکجاری شەڕ کراو، لەم بارەیەوە بەڵگەنامەیەکی پەسەندکرد.

بەشێکی تری دەستور جلسەی پلینۆم کاردابەشکردنی نێوخۆی کۆمیتەی ناوەندیو هەڵبژاردنی ئەندامانی مەکتەبی سیاسیو سکرتێری کۆمیتەی ناوەندیو جێگرەکەی بوو. پلینۆم هاوڕێیان (طاهر حسن، سامان کریم، مؤید أحمد، ڕێبوار أحمد، خەسرەو سایە، أمجد غفور، ئاسك أحمد، شاپور عبدالقادر، محسن کریم)ی وەك ئەندامانی ئەسڵیی مەکتەبی سیاسیو هاوڕێیان (ئاسۆ کمال، عبدالله محمود، ئاوات سعید، فارس محمود)ی وەك ئەندامانی ئیحتیاتی مەکتەبی سیاسی هەڵبژارد. هەروەها بەتێکڕای دەنگ هاوڕێیان (ڕێبوار أحمد) وەك سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی و (أمجد غفور) وەك جێگری سکرتێرو نوێنەری حیزب لەدەرەوەی وڵات هەڵبژێردران.

کۆمیتەی ناوەندی
حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق
١٠-٢-١٩٩٨

بەڵگەنامەی ژمارە (٥٣)

## ڕاگەیاندنێک لە کۆمیتەی محەلی سلێمانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراقەوە
## سەبارەت بە ڕووداوەکانی ۱۹۹۸/۲/۲۷ی شاری سلێمانی

جەماوەری ئازادی خوازو متمدنی شاری سلێمانی

هەروەکو ئاگادارن ڕۆژی ۲/۲۷ کات ژمێر ۱۰و۲ دەقیقەی پاش نیوەڕۆ بۆ جارێکی تر سینەما دڵشاد تەقینرایەوەو سەرەڕای پشێوی و نائارامی لەناو بازاردا (سێ کەس) بریندار بوون. هاوکات لەهەمان ڕۆژدا لەگەڕەکی حاجیاوا مەلایەکی سەر بەڕەوتە ئیسلامیەکان چەند کەسێکی ئیسلامی دواکەوتوو ڤین لەدڵ بەرامبەر بەخەڵک هان دەدات و دوای نوێژی جومعە بەشێوەیەکی وەحشیانە هێرش دەکەنە سەر گازینۆیەکی سەتەلایت و دووکانێکی دووگوڵی دەست، وەپەلاماری خاوەنەکەی دەدەن و کەل و پەلەکانیان دەشکێنن و تەرهوردی دەکەن.

ئاشکرایە ڕەوتە ئیسلامیەکان لەدنیار ناوچەکەدا نوقمی بێ ئاسۆیی بێ بەستی سیاسی و کۆمەڵایەتین و دەیانەوێ بەم شێوەیە پەیامی گەندەڵی چاخی بەردین بدەن بەڕووی کۆمەڵگاو خەڵکی ئازادی خوازو مۆدێرنی ئەم سەردەمەدا. هەربۆیە ڕەوتە ئیسلامیەکان بەبزوتنەوەیەکی تیرۆریستی و دژی بەشەری ناسراون. کارو کردەوەکانی ئەم ڕەوتە ئیسلامیانە ئەم حەقیقەتەیان سەلماندوە، ئەوەتا لەجەزائیر شەوانە خەڵکی سەر دەبڕن لەفەلەستین و میسرو وڵاتانی تردا سەرگەرمی کاری تیرۆریستی و تیرهابین لەئەفغانستانیش کۆمەڵگایان نوقمی زوخاوی شەڕو وێرانکاری و ئاوارەیی کردۆتەوە..هتد. لەکوردستانیش ڕەوتە ئیسلامیەکان دەیانەوێ (المزیر ناوی دژایەتی فەسادو بەرەڵایی دا لەکاتێکدا خۆیان سەراپا نوقمی ڕەوشتی نائینسانی و نۆکەرایەتی و ئینسان کوژین) بەدژایەتی کردنی سادەترین مافی ئینسانی و خواست و ئارەزووەکانی ئینسانی ئەم سەردەمە کۆنە پەرستی سیاسی بەسەر کۆمەڵگای کوردستاندا بسەپێنن و بیکەنە جەنگەڵستان و بەدەردی جەزائیرو ئەفغانستانیانی بەرن. بەڵام هاوکات لەچەند ساڵی ڕابردودا بزوتنەوەی ڕادیکالیزم و حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق لەکوردستاندا دەستی ئەم ڕەوتە ئیسلامیانەی بۆ تیرۆرو ئیرهاب کۆتا کردووەو لەساڵی ۱۹۹۵دا وەڵامی ددان شکێنی بەهەوڵە تیرۆریستیەکانی ئەم ڕەوتە ئیسلامیانە داوەتەوە.

ئەمڕۆش حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق لەڕیزی پێشەوەی خەباتی خەڵکی ئازادی خوازو متمدنی کوردستاندا ڕاوەستاوە بۆ ڕسوا کردن و دەست کۆتا کردنی ئەم ڕەوتە ئیسلامیانەو ڕێگا نادات جارێکی تر بۆ ئینسان کوشتن و کاری ئیرهابی سەر لەکونەکانی خۆیان بهێننە دەرەوە. وەهاوکات بانگەوازتان دەکەین لەدژی ئەم ڕەوتە کۆنە پەرستانەو کارو کردەوە ئیرهابیەکانیان بێنە مەیدان و ئەنجام دەرانی ئەم کارانە دەستگیربکەن و لەدادگای جەماوەری خۆتاندا بەسزایان بگەیەنن، ڕێگا مەدەن ئەم دەستەو تاقمە نۆکەرو کۆنە پەرستانە کۆمەڵگای مەدەنی کوردستان لەکەدار بکەن و دەبێ چالاکی و هەڵسوڕانیان لەکوردستاندا قەدەغە بکرێت.

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق هەمیشە لەخەبات دایە لەدژی ئیرهاب و تیرۆریزمی ئیسلامی و بۆ بەرگری کردن لەکۆمەڵگای مەدەنی کوردستان و مافە فەردی و مەدەنیەکانی خەڵکی کوردستان.

مەرگ بۆ ئیرهاب و تیرۆریزمی ئیسلامی

بژی ئیرادەی خەڵکی ئازادی خوازی کوردستان

۱۹۹۸/۲/۲۸

بەڵگەنامەی ژمارە (٥٤)

## راگەیاندنی مەکتەبی سیاسی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق
## سەبارەت بە کارەساتی تیرۆری هاورێیان
## (شاپور عبد القادر - ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزب) و
## (قابیل عادل - ئەندامی کۆمیتەی رابەری ڕێکخراوی کوردستان)
## لە شـــاری هـەولێـــر!

کرێکاران!
خەڵکی ئازادیخواز!
حیزب و لایەنە سیاسییەکان وڕێکخراوە جەماوەرییەکان و لایەنگرانی ئازادی سیاسی و مافەکانی ئینسان!

سەعات (١٠)ی سەر لە بەیانی ئەمڕۆ (١٩٩٨/٤/١٨) لە کاتێکدا وەفدێکی حزبمان بە سەرۆکایەتی هاوڕێ (شپور عبد القادر) سەردانی بنکەی یەکێتی بێکاران ی کرد . لە شاری هەولێر هاورێیان (شپور عبدالقادر - ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزب وە هاوڕێ قـبیل عـادل ئەندامی کۆمیتەی رابەری ڕێکخراوی کوردستان و ئەندامی کۆمیتەی مەحەلی شاری هەولێری حیزبمان) کەوتنە بەر هێرشێکی موجریمانەی دەستەیەك تیرۆریست و گیانیان لە دەستدا. ئەنجامدانی کارێکی تیرۆرستی بەم شێوەیە لە نێو جەرگەی شاری هەولێردا ڕاستەوخۆ مسئولیەتەکەی دەکەوێتە سەر شانی دەسەڵاتداران و حاکمانێك کە لەو شارەدا ئیدعای ئاسایش و وجودی ئازادی هەڵسورانی سیاسی دەکەن .

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق لە بەرامبەر ئەم کردەوە وەحشیانە و ڕەزیلانەیەدا بێ دەنگ نابێ وکرێکاران و خەڵکی ئازادیخواز دڵنیا دەکات، تاوانکارانی ئەم جەریمەیە بە سزای خۆیان دەگەن و لە بەرامبەر ئەو لایەنانەشدا کە لە پشت سەری ئەم تاوانەوە ڕاوەستاوە ، هەڵوێستی بە کردەوە دەگرێتە بەر.

تیرۆری هاورێیان (شپور عبدالقادر و قبیل عادل) تەنها تەقەلایەکی زەبونانەی دوژمنانی کۆمۆنیزم و جنبشی کرێکار نییە کە لە دژی حیزبی ئێمە ئەنجام درا بێ ، بەڵکو کردەوەیەکی ڕەزیلانەیە لە بەرامبەر خەبات و تێکۆشانی گشت مەحرومان و ستەمکێشان و ئازادیخوازانی ئەم کۆمەڵگایە . کە ئەمە تیرۆری رابەرانی کرێکارانی کارگەی نەسیج و جگەرە و رابەرانی هەزاران ئینسانی ئاوارەو خەڵکی ئازادیخوازو ژنانی ستەمدیدەیە ، تیرۆری ڕابەرانی کرێکاری و کۆمۆنیستی هەمیشە لە لایەن هێزە بۆرژوازی و کۆنەپەرستەکانەوە ڕێگایەك بووە بۆ بەرگرتن بە بزووتنەوەی جنبشی کرێکارو ناڕەزایەتی مەحرومانی کۆمەڵ . کۆنەپەرستان لە کاتێکدا کە دەبینن حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق وەکو پێشەنگی خەباتی کرێکاران و خەڵکی ستەمدیدەی ئەم کۆمەڵگایە خۆی نیشان داوە و جەسورانە پارێزگاری لە مافەکانی ئەوان و ئازادی سیاسی و حورمەتی ئینسانی ژنان و منداڵان دەکات ، بۆیە پەنا بردنە بەر ئەم شێوازە ڕەزیلانەیە تەقەلایەکی بێ ئاکام دەکەن بۆ بەرگرتن بە خەبات و تێکۆشانی مەحرومانی کۆمەڵ و حیزبمان .

ئێمە بانگەوازی هەموو خەڵکی ئازادیخواز و حیزب و ڕێکخراوە جەماوەریەکان و لایەنگرانی ئازادی سیاسی و مافەکانی ئینسان دەکەین . کە لە بەرامبەر ئەم کارە تیرۆریستیەدا دەنگی ناڕەزایەتی هەڵبڕن و بە توندی رسوا و مەحکومی بکەن .

١٩٩٨/٤/١٨

بەڵگەنامەی ژمارە (٥٥)

بەرەو پێشت دیموکراسییەت

بەهەموو جۆرەکانییەوە.....

بەرلەمانییەت و ناهێیت و دکتاتۆرییەت و لیبیرالییەت و زەمبالەسەی ....... هتد.

... لەگروپی خەباتی پرۆلیتاریاوە.... بۆ

سەرجەم هاوڕێیانی پرۆلیتەری.

دکتاتۆریەتی بۆرجوازییەت

لە دنیادا دنیا یەک هەڵوێستی ... و کۆتایی ئەگات

دکتاتۆریەتی [illegible]

هاوڕێیان!

گروپەکەمان وەک هەموو گروپ و ڕێکخراوێکی دیکەی کۆمۆنیستی تر و وەک بەشێکی دانەبڕاو لەبزووتنەوەی شۆڕشگێڕی پرۆلیتاریای جیهان بەبەردەوام ... ئەوە دڵنیایە کە ئەوەتوند دەستی پێوەگرتووە وەک هێڵێکی تەگۆڕی خەباتی چینەکەمان ... سەرهەڵدانەوەکە تەنها کۆکی نێوان شۆڕشی پرۆلیتاریا و دەسەڵاتی سەرمایەیە ... ان تاکۆکی نێوان کۆمۆنیزم و دیموکراسییە ئەوە سەرکەوتنی هەرلایەکیان دیکەکانی ... تریانە.

دیموکراسییەتیش تەواو پێکەو ئە دایەتییە بەم بان ... فۆرمانی" بەرەوپێشکەوتنی ئەم کۆمەڵگایە بەڵکو هەمیشە وەک دکتاتۆریەتی سەرمایە خۆی ... واندووە و خۆی تەنۆێنی ئەم خاسیەتەی بەستراوە بەسروشتی نێوان کاڵا و بەرهەمهێنانی دیموکراسیەتەوە وەک پێویستی لەیەک دانەبڕاو و مەرجی بوونی ئەم کۆمەڵگایە.

بەم پێیەش ئەم کۆمەڵگا دیموکراسییەی ئەمڕۆی سەرمایەی ... دەسەڵاتدارێتی نیی بە جگە لە دکتاتۆریەتی ... بەرهەم هێنان و کاڵا و دنیای کار... لەسەر سروشتی چەوساوە کە ئەبوونی پرۆلیتاریا داخۆی بەرجەستە کردووە هەروەها لەداوبردنی ئەو دەسەڵاتەدا ئەم سەروەرە ... بەسروشتی دیموکراسییەت دە تەنیا بە دەسەڵاتدارکردنی پرۆلیتاریا و شۆڕشەکەی دێتە بەرهەم ... شۆڕشەش کە لە مێژوودا ئەوتەرکەبێ هاتوودا بەتەنیام ئەدات هیچ نابێت جگە لە کردارێکی کۆمۆنیستی دکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا دژ بە دکتاتۆریەتی سەرمایە.

هەرلێرەدا ئەوە ڕۆشنە هەرکاتێک پرۆلیتاریا هەوڵی دابێت خۆی وەک بەرژەوەندی شۆڕشگێڕانەو ئینتەرناسیونالیستانە وەک چین وەک حیزبی کۆمۆنیستی جیهانی وەک یەکێتی یەکی دیکەدەرانەی دیموکراسییەت و عارستانیەتی (کۆیلەیەتی) سەرمایەی ئەمڕۆی ڕێکخەات بۆرجوازەکان هەوڵی سزا بەدەستی و لێدان و هێواندن و هێنانەوە و کپ کردنی ئەدەن....

لەبەرەی هێواندن و ناوەڕۆکە دیکەدەرانەی بۆرجوازەکانیش بۆ ڕێبازو دیکۆمانی پرۆلیتاریا هەرگیز تەواو نابێت. هەموو بەشەکانی دەوڵەت هەر لە کەنیسەو ... مزگەوت و پارتەکانی بۆرجوازی و لوتبەعانەوە دا کارگەو ئیدارەی ... سوپاو سەنگەری جەنگەکان ... دیرۆری ... کردنی کرێکارانیان هێزەکارو بەردەوام بە هەزارانیان لە نەخۆشخانەکان و ... وبازاڕی کارو بێکاریدا لەسەروەرێتی دیموکراسییەتدا بەهەموو جۆرەکانیەوە ... دەکەن لە پێناوی دەوڵەمەندی و پایەدار کردنی سەرمایەی جیهانیدا.

ها!! هاوڕێیان.

لێرە لەم ناوچەیەدا و لەسەرپەلندکردنەوەی جارێکی تر بەردەوامیەتی خەبات و ... پرۆلیتاریادا وەک باڵی ... ئەوڵێکی شۆڕشگێڕانەی یەکگرتنەوە و کۆکردنەوەی هەوڵە شۆڕشگێڕیەکانی پرۆلیتاریادا هێواندن و ناوەڕۆکە دیکەدەرانەی بۆرجوازەکان بۆ ڕێبازو

بەڵگەنامەی ژمارە (٥٦)

دیکتاتۆری پرۆلیتاریا ولەمابەینی قۆناغی هەرەبەرزیاندا ـ کۆمۆنیزم هەنگی هێنابـــــــــزی دیموکراسیەت ، هەوڵێکی بێ ووچانە !!!

ئەوەش لێرەدا گرنگی ئاماژەکردن و پەنجەخستنەسەرە و دەم ڕوونی کردنەوەبەلای ئێمەوە ئەویەکەی بورجوازیەت نی یە کەلەبەرامبەرداو ڕووبەڕوومێژوویەکی ئاشکرای هەیەلەبەرامبەر خەبات و دیکتاتۆری بزووتنەوەکەماندا ئاشکرایانە ڕاوەستاوەو هەموو چەکێکی دژایەتی کردنی بەدەستەوە گرتووە . بەڵکو ئەوبەشەماوەیەی بۆرجوازیەتە لەناوچەکەدا ، کەبەناوی کۆمۆنیزم و بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی بەوەدژی کۆمۆنیزم و بزووتنەوەی کۆمۆنیستی هەڵدەچوری ، لەمەڕوو هەموویشیانەوە (( حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق ـ ئێران )) ..

چۆن ؟!!

ئەم کۆمەڵگایە هەر هۆیەکانی لەناوبردنی خۆی بەرهەم ناهێنێ بەڵکو بەپێچەوانەوە هۆیەکانی نوێ کردنەوەی بەردەوامی خۆی بەدەست ئەهێنێ لەهەمان کاتدا هۆی ئەمەش بەرگری ئەم کۆمەڵگایەیە بۆخۆپاراستن لە لەناوچوون .

مێژووش سەلماندی ، ڕەزای هەموو هۆیە بەرگرییە ئێکەرەکانی ئەم کۆمەڵگایەوە یەکێکە لەهەرە هۆیە کاریگەرەکانی بەرگری ئەم کۆمەڵگایە بۆ خۆپاراستن لە لەناوچوون ئەوەمێژوو تا بەتۆلۆژیانەیە کەلەناو کرێکاران دا بەنکەی خۆی داکوتاوە ، بەواتایەکی تر بەری هەستی مێژوو تا بەتۆلۆژیایی بورجوازی بەناوی کرێکاران و بزووتنەوەی کرێکاری بەوەدژی کرێکاران و بزووتنەوەی کرێکاری سەرمایەداری یەدیش هەمیشە هەوڵی داوە هێزی کرێکاران خۆیان بخاتە کار بۆ خزمەتی بەرگری لەکۆمەڵگاکەی .

پێویستیش هیچ جێگای سەرسوورمان نی یە لەبالادەستی دیموکراسیەتدا مواتادیرۆری سەرمایەدادژی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی پرۆلیتاریا ئەو بەشە ماوەیەی بۆرجوازیەت ئەبەناوی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی پرۆلیتاریاوەک ـ مارکسیزم و لینینیزم و ترۆتسکیزم و لوکسومبورگیزم و ماویزم ..هەید پەیەنگی دیرۆر : بێت دژی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی پرۆلیتاریا .

ئەم ئەوزمە بۆرجوازیانەش بەناوی بزووتنەوەی پرۆلیتاریاوە و هەریەکەوای یەکداو وەک پـــــــر کردنەوەی ناتەواوی یەکانی یەکتری و هەر هەمووش پێکەوە بۆگەیاندنی هێواندن و دیکدانی حاڵ بە حاڵی پرۆگرامی شۆڕش بەدواپلەی وەک ئەرکی مێژوویی و مەرجی بوونیان هەروەک مێژوو سەلماندی هۆیەکی کاریگەری بەرگری ئەم کۆمەڵگایە بووە بۆ خۆپاراستن لە لەناوچوون .

ئەوەدا حاڵێک کەهەموو ئەوزمە بورجوایانە تێیدا ناویەمن چەیواندن و دیکدانی یەکێکە لەحاڵـــە بنەڕەتی یەکانی پرۆگرامی شۆڕش ، کەئەویش مەسەلەی پرۆلیتاریاو دیموکراسیەتە ـ بەلای پرۆلیتاریاوە و لەسەرەتای مێژوویی بونی بەوەمەبادەکەی لەپێناو بەرژەوەندی یە چینایەتی یەکانی دامەبانە و لەدرێژایی مێژووشدا هەرخەبات بووە دژی دیموکراسیەت ....بەلام بەلای ئەم ئەوزمە بۆرجوازیانەوە مەبانی پرۆلیتاریا مەبانی دیموکراسیەتی (کرێکاران) دژی دیموکراسیەتی بۆرجوازی .

چما !!

وەرن سەیرکەن چۆن حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق ـ ئێران بەشێکی هەرگیزدانەبڕاوە لـــــەو مێژووە چەواشەکاری و دیکەرانەیەی ئەو هێزو ئایدیۆلۆژی یە بۆرجوازی یەکەبەناوی بزووتنـــەوەی شۆڕشگێڕی یەوە گەورەترین بەرەی بەرگری کردنیان لە لەناوچوونی ئەم کۆمەڵگایە ، کۆمەڵگـــــــای سەرمایەداری پێک هێناوە لەبەرامبەر بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی پرۆلیتاریادا .

ئەم پارتە هەر لەسەرەتای دروست بونی یەوە و وەک هەموو هاوڕێکانی تری لەمێژوودا دژی مەبانی شۆڕشگێڕانەی کرێکاران و لەوێتر دروەمی پەرەپەیدابوندا ـ ئیلاج خوازی ـ دیموکراسیەتی (کرێکارانە)

بەڵگەنامەی ژمارە (٥٦)

## ڕاگەیاندنی کۆبوونەوەی هاوبەشی وەفدی سەرکردایەتی

## پارتی دیموکراتی کوردستان و حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق

کات ژمێر (٥)ی ئێوارەی ڕۆژی ١٩٩٨/٥/٥ وەفدی سەرکردایەتی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق و پارتی دیموکراتی کوردستان بەیەکەوە کۆبوونەوە.

لە دانیشتنێکدا کە زیاتر لە سەعاتێکی خایاند هەردوولا تاکیدیان لەم خالانەی خوارەوە کرد.

١- ئیدانە کردنی تیرۆری هاوڕێیان (شاپورعبدالقادر و قابیل عادل) و ئیدانە کردنی کاری تیرۆریستی بەگشتی و ڕێگەگرتن لە هەموو کارو هەڵوێستێکی تیرۆریستانە کە دژ بەهەر کەس و لایەنێک بکرێت.

٢- تاکید لە سەر چالاکی و ئازادی سیاسی لەسەرانسەری کوردستاندا کرایەوە. شایەنی باسە پارتی دیموکراتی کوردستان بە جدیەتەوە کار دەکات بۆ دۆزینەوەی تاوانبارانی ئەو کارە تیرۆریستیەی ئەنجام درا، و تسلیم کردنیان بە دادگا تا بەسزای خۆیان بگەن.

وێڕای ئەم خالانە باس لە چۆنێتی پەرەدان بە پەیوەندی دوو قۆلی هەردوولا لەسەر بنەمای پاراستنی بەرژەوەندی بالای خەلکی کوردستان کرا.

بەڵگەنامەی ژمارە (٥٧)

## "س..." ش بووە قوربانی فەرهەنگی دواکەوتوانەو پیاوسالاری!

### ژنان و پیاوانی یەکسانی خواز و نارازی بە چەوسانەوەی ژنان !

ئێوە لە کوردستاندا رۆژانە هەواڵی تیرۆر کردنی ژنان دەبیستن، هەواڵی خۆسوتاندن و کوشتن، سوکایەتی و لێدان لە ژنان و پێشێل کردنی کەرامەت و حورمەتیان دەبیستن. ئێوە هێشتا شاهیدی ئەوەن کە بیرکردنەوەو فەرهەنگی دواکەوتو و عەشایری کە ئیلهامی لە دین و شەریعەتەوە وەرگرتووە، چەندین ژن دەکەنە قوربانی و سووتەمەنی.

دوایین قوربانی کە هەر ئینسانێکی خاوەن ویژدان و ئیحساسی ئینسانی دەهەژێنێ، هەواڵی خۆکوشتنی کەسێکە بە ناوی " س... " کە تەمەنی نزیکەی ٢٦ ساڵە.

ئەم کچە دوای ئەوەی کە فشارێکی زۆری لە کەس وکاریەوە بۆ هێنراوە، باری دەروونی تێکچووە و دوای ئەوەی کە لە نەخۆشخانە کەوتووە، چەند جارێک لە ماڵەوە هەڵاتووە دواجار چۆتە دەربەندیخان تاکو خۆی بخاتە ناوەکەوە بەلام ئاسایش پێ ی زانیوە و گەیاندوویانە تە بارەگای یەکێتی ژنان بۆ پاراستنی، بەلام بەداخەوە لە ناو بارەگەکەدا بە لەچکەکەی خۆی خنکاندوە.

"س..."ش وەک هەموو ئەو ژنانەی کە ئەیانەویست ...ل بە ژیانێکی پڕستەم و پلەدوویی بدەن و ئەیانویست بە ئارەزو و مەیلی خۆیان ژیان بکەن، ئەیانویست ئازاد بن، شەخصیەت و کەرامەتیان پارێزراو بێ، بووە قوربانی فەرهەنگی پیاو سالاری و دواکەوتو و دەستی چووە ئازیزترین شتێك کە ژیانەو بە دەستی خۆی بۆ
هەتا هەتایی زیندووێتی لە خۆی سەندوەو مردنی پێ باشتر بوو وەك لە قبوڵ کردنی ئیهانەو سوکایەتی و لێدان و چەوساندنەوە.

**ژنانی ستەم لێ چوو، نارازی !**

خۆکوشتن و خۆسوتاندن چارەسەری کێشەکانتان ناکات، وەرن لە جیگەی ئەوە یاساکان بسوتێنین کە پشتیوانی لە ئەوە ناکات، عرف و عادات و فەرهەنگی مەزهەبی و پیاوسالاری بسوتێنین کە رێگاخۆشکەرە بۆ ئەم ئازارانە ئەمەش بەهاتنە مەیدانی هەموو ژنێکی نارازی دەبێت کە رۆژانە دەوەستێتەوە بەرامبەر ئەم دواکەوتوویی و بێ ماڵ، باتەدا چ لە ناو خێزان، لە سەر کار، کۆمەڵگادا.

خەباتی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکارییش هاوچونە لە گەڵ ئێوەدو خەبات و تێکۆشانی ئێوەدا وە هەمیشە سەرسەختانە لە دژی ئەو بێ مافیانە را وەستاوە ئەوە و ... لە ماف رەوای ژنان بەشێکی بەرچاوی هەلسوڕانی ئەم حیزبە بووە.

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق ئامادەیە کە هەر ژنێك لە ... هەرەشەی کوشتن و لێ دان و سوکایەتیدایە پارێزگاری لێ بکات و ژیانی رزگار بکات ئێوەش تەنها ئەم رێگەیەو ئەم سەنگەرەتان لە بەردەم دایە.

بمری فەرهەنگی پیاوسالاری و دواکەوتو.

بژی خەباتی یەکسانی خوازانەی ژنان و پیاوان.

کومیتەی محلی سلیمانی

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ی عێراق

١٩٩٨/٨/٣٠

بەڵگەنامەی ژمارە (٥٨)

## دەبێ PKK دەست لە چەکدار کردنی منالان هەڵگرێ ... !

**جەماوەری ئازادیخوازی شاری سلێمانی ... !**

دووساڵ زیاترە دیاردەی دیار نەمانی منالان و چەکدار کردنیان لەلایەن PKK وە وەك تراژیدیایەکی تر چووەتە پاڵ هەموو ئەو مەینەتی و بێ مافیانەی کەخەڵکی کوردستان بەدەستیەوە دەناڵێنن. دووساڵ زیاترە بەشێك لەدایکان و باوکانی ئەم شارەو شارەکانی تری کوردستان غەمی وون بوون و چەکدارکردنی منداڵەکانیان هەراسانی کردوون و ماندووی دەستی گەڕان و هەواڵ پرسی گێڕانەوەی منالەکانیان.

سالێك لەمەوبەر بەشێکی زۆر لەخێزانی ئەو منالانە هاتنەدەنگ و ڕوویان لەبارەگاکانی ئێمە کردو داوای پشتیوانیان لێ کردین و ئێمەش ج لەئاستی ناوخۆ ج لەئاستی دەرەوەدا پشتیوانیمان لە نارەزایەتی و خواستەکانیان کردو لەو ماوەیەدا توانیمان بەهەوڵ و کۆششی ئێمەو کەس و کاری منالەکان و خەڵکی ئازادیخواز پاشەکشە بەم سیاسەتەی PKK بکەین ، و (پەکەکە) ناچار بکەین کە ژمارەیەکی زۆر لە منالانی خوار (١٥) ساڵ ئازاد بکاتو ڕێکەوتننێکیشی لەو بارەیەوە لەگەڵ حزبی ئێمەدا مۆرکرد کە پابەند بوونی خۆی بەچەکدار نەکردنی منالانی خوار (١٥) ساڵەوە ڕاگەیاند.

بەلام ماوەیەکە PKK بێ گوێ دانە هیچ پرەنسیپێکی ئینسانی جارێکی تر دەستی داوەتەوە پەل کێش کردنی منالانی خوار (١٦) ساڵ و ڕەوانەی سەربازگەو بارەگاکانی خۆیان دەکەن و لە ژیانێکی قورس دا ڕایان دەگرێ و بە تدریبی قورس و بارکێشان و بردنیان بۆ بەرەکانی شەڕ چرۆی ئاسکی ئەو ئینسانە بچوکانە هەڵدەوەرێنێ.

ئەم کردەوەیەی PKK چی لەوە کەمترە کە ئیسلامیەکان مێشکی ئاسکی منالان بە خورافەو ئاگرو ئاسنی جەهەننەم تێك دەدەن و شعورو احساسی ئینسانیان لێ دەسرنەوە ؟! چی لەوە کەمترە کەباندی مافیایی و ئینسان کوژ لە وولاتانی بەرازیل و ئەرجەنتین بازرگانی بەمنالان و لەشیانەوە دەکەن ، ئەم جۆرە ڕەفتارانە تاوانێکی گەورەیە و تەنیا لە لایەنێك دەوەشێتەوە کەئەوەی بۆی گرنگ نەبێت ئینسانیەتە .

خەڵکی کوردستان هەروا ئاسان ئەم تاوانە دەرهەق بە منالان لە PKK قبوڵ ناکەن ، ناتوانن ئەوە قبوڵ بکەن کە بە بەرچاوی خۆیانەوجگەر گۆشەکانیان لێ زەوت بکرێتو دەسەلاتدارانیش هیچ مەسئولیەتێك لەخۆ نیشان نەدەن. خەڵکی کوردستان زۆر لەوە ئازادیخوازو مەدەنی ترە کە قبوڵ بکەن منالەکانیان پەلکێشی گوورەی شەڕ بکرێت و لە ئازارو نائارامیدا بژین ، ئەوان خوێندن و شوێنی حەوانەوەو یاری و خۆشیان بۆ منالەکانیان دەوێ ، نەك چەك وسەربازگەو شەڕ پێ کردن .

ئێستاش ژمارەیەکی زۆر لەوخێزانانە بۆ پشتیوانی لە خواستی گێڕانەوەی منالەکانیان ڕوویان لەبارەگای ئێمە کردووەتەوەو تووڕەییو بێزار یان لەم سیاسەتەی PKK گەیشتۆتە ئەو پەڕی .

**دایکان ... باوکانی نارازیو وەدەنگ هاتوو ....!**

لەهەموو قانون و عورفێکی نێودەوڵەتیدا چەکدارکردنی منالانی خوار (١٦) ساڵ قەدەغەیەو تاوانێکی دژی ئینسانیە، هەر بۆیە ئێوە لەهەوڵ و تێکۆشانتان دا بۆ گێڕانەوەی منالەکانتان بەتەنیا نین و ئێمە لەپشتانین ، ئێمە ناتوانین تاوانی چەکدارکردنی منالان قبوڵ بکەین و لێی بێ دەنگ بین. ئێمە خواستی گەڕانەوەی ئەو منالانەی خوار (١٦) ساڵ بەخواستێکی ئینسانیو بەرهەق دەزانین و بەهەموو توانایەکەوە دیفاعی لێ دەکەین ، خواستی کۆتایی هێنان بە

بەڵگەنامەی ژمارە(٥٩)

ڕێگا چارەی فەوری حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق

## بۆ وەزعیەتی ئێستای کوردستان

● ڕژێمی بەعس نەک تەنها لە کوردستان بەڵکو لە هەموو عیراقدا هیچ شەرعیەتێکی نی یە و دەبی لەگۆڕ بنرێ. ئەم ڕژێمە ڕژێمی تاوانی سەدان هەزار کوژراو و بریندار و ئاوارەی جەنگی کۆنەپەرستانەیە، ڕژێمی زیندانی و ئەشکەنجە و ئیعدامی بە کۆمەڵی دەیان هەزار کەسە، ڕژێمی کیمیاباران هەڵەبجە و ناوچەکانی کوردستانە، ڕژێمی ئەنفال و دەربەدەری و ئاوارەیی و ملهوڕی و سەرکوتە. هەر جۆرە سازش و بەندو بەست و سیاسەتێک کە دەستی ئەم ڕژێمە بۆ کوردستان ڕادەکێشێ بە توندی مەحکومە و دەبێ لەگەڵ نفرەت و بێزاری و نارەزایەتی بەرینی جەماوەر بەرەوڕوو بێتەوە.

● ڕێگا چارەی فەوری چارەسەرکردنی کێشەی کورد و ڕزگار کردنی کوردستان لەو سەرگەردانیەی کە ئێستا تێی کەوتووە، بەرپاکردنی دەست بەجێی ڕیفراندۆمێکە لە ژێر چاودێری مەرجەعێکی ڕەسمیی نێودەوڵەتیدا. ڕیفراندۆمێک کە تیایدا خەڵکی کوردستان بە دوور لە هەر فشار و زەمتێک، بتوانن ڕاستەوخۆ ڕای خۆیان سەبارەت بە دواڕۆژی سیاسی کوردستان دەربڕن. حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق لە هەل و مەرجی ئێستادا و بە وجودی دەسەڵاتی شۆفینیستی ڕژێمی بەعس، لەو ڕیفراندۆمەدا خەڵک بانگەواز دەکات دەنگ بدەن بە جیابوونەوەی کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ. لە ئێستادا ئەمە تاکە ڕێگا چارەیەکی گونجاوە کە خەڵکی کوردستان لە سەرگەردانی دەردێنێ وکۆتایی بە ستەمی میللی و کوشت و کوشتاری شۆڤینیستی بەعس دەهێنێ.

● سات و سەوداو مفاوەزاتی هەر هێزێکی سیاسی لە دەرەوەی خەڵکەوە لەسەر دواڕۆژی کوردستان لەگەڵ ڕژێمی دیکتاتۆری بەعس دا، بە هیچ جۆرێک شەرعیەتی نییە و مەحکومە. تەنیا نوێنەرانی ڕاستەوخۆو هەڵبژێردراوی خەڵک دەتوانن لە سەر چۆنیەتی پەیوەندی کوردستان لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزی و دەوڵەتانی تر بڕیار بدات. دەبێ ئەحزاب و ڕێکخراوەو ناوەندە جیهانیەکان و بزووتنەوەو شەخصیاتی ئازادیخوازی دنیا، بانگەواز بکرێن بۆ پشتیوانی لە خەڵکی کوردستان و بکرێنە هێزێکی فشار بەسەر UN ەوە بۆ داسەپاندنی ئیراستی بەرپاکردنی ڕیفراندۆم لە کوردستاندا.

● کوردستان کۆمەڵگایەکی مەدەنییەو جێگای سوننەت و تەوانینی کۆنەپەرستی دینی تیا نابێتەوە، دەبێ دەستی دین و تاقمە تیرۆریست و ئیرهابیە ئیسلامییەکان لە سەر ژیانی خەڵک و دەخالەت لە کاروباری کۆمەڵگای کوردستان کورت بکرێتەوە و ناوەندو بنکەی تیرۆریستانەیان کۆبکرێتەوە هەڵبپچڕێن. ئەمە تاقە زەمانەتێکە بۆ بەرگرتن لە کۆڕینی کوردستان بە ئەفغانستان و جەزائیر و ئێرانیکی تر. کرێکاران و ژنان ولاوان و هەموو خەڵکی ئازادیخواز و عیلمانی و ئەحزابی سیاسی بۆ هەڵپێچانی باندە تیرۆریست و ئیرهابیە ئیسلامییەکان و کورت کردنەوەی دەستی ئاوانکارانەیان ئەرکیانە هەموو هەولێکی خۆیان بخەنەگەڕ.

● دەبێ سەرجەم مافە مەدەنی وکۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی خەڵک لە کوردستاندا بە ڕەسمی بناسرێن، دەبێ ئازادی بێ قەیدو شەرتی هەڵسووڕانی سیاسی بۆهەموو خەڵک و هەموو هێزێکی سیاسی لە کوردستاندا زامن بکرێ و حزبە چەکدارەکان وهێزە سیاسییەکان پابەند بکرێن بەم مافە سەرەتاییەی خەڵک.

● بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا دەبێ لە هەموو ڕوویەکەوە ئیدارەی کۆمەڵ بسپێردرێت بە نوێنەرانی هەڵبژێردراوی خەڵک بەشێوەیەک کە هیچ حزب و تاقمێکی سیاسی و چەکدار نەتوانن حاکمییەتی خۆی بەسەر خەڵکدا داسەپێنێ.

● دەخاڵەتی سیاسی و عەسکەریی ئەمریکاو دەوڵەتانی کۆنەپەرستی ناوچەکە لە عێراق و کوردستان مەحکومە و دەبێ کۆتایی پێ بێت.

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق،لەپێناو بە کردەوە دەرهێنانی فەوری ئەم خواستانە و بەرپاکردنی ڕیفراندۆمێک لە کوردستاندا لێبڕاوانە چ لە ئاستی ناوخۆو چ لە دەرەوەدا، خەباتی خۆی ئاراستە دەکا و لە هەمان کاتدا ئەم ڕێگاچارەیە و ئەم خواستانەی سەرەوە دەخاتە بەردەم هەر حزب و لایەنێک و هەر شەخصیاتێکی سیاسیو کۆمەڵایەتی کە تێدەکۆشێت بۆ دەربازکردنی خەڵکی کوردستان لەم هەل ومەرجە. هەروەها لە سەر بناغەی ئەو خاڵانەی سەرەوەو هەرکام لەم خاڵانە، ئامادەی هەرجۆرە هاوکاری و کارێکی هاوبەشە لەگەڵیاندا.

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق، کرێکاران و هەموو خەڵکی کوردستان بانگەواز دەکات کە بۆ دیاریکردنی چارەنوسی خۆیان بەدەستی خۆیان، ئیرادەی سەربەخۆ و شۆڕشگێڕانەیان بهێننە مەیدان وله دەوری ئەم ڕێگا چارەیەو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق کۆببنەوە.

١٩٩٨

بەڵگەنامەی ژمارە (٦٠)

## ڕاگەیاندنێک لەکۆمیتەی سلێمانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراقەوە

شەوی ١٢لەسەر١٣/١٢/١٩٩٨ کاتژمێر ٩,٣٠ لە ناوچەی خەلەکان نارنجۆکێک فڕێ ئەدرێتە ناو گازینۆیەکی سەتەلایتەوە لە ئەنجامدا زیاتر لە ١٨کەس بریندار دەبن و ژمارەیەکیان برینەکانیان سەختە.

دیارە ئەمە یەکەمجار نییە کە شوێنە مەدەنیو گشتییەکان و سەتەلایتەکان دەتەقێنرێنەوە، خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان بە ڕۆشنی ئەوە دەزانن کە کارێکی دژی ئینسانیو ڕەزیلانەی لەمجۆرە لە کێ دەوەشێتەوە! تەقاندنەوەی گازینۆی خەلەکان لە درێژەی تەقاندنەوەی سینەما دڵشاد و هۆڵی لاوانی میدیاو سەتەلایتی حاجیاوادایە کە ڕەوتە کۆنەپەرستە ئیسلامییەکان کە چاویان بە دنیای پێشکەوتن و مەدەنیەت هەڵنایەت بەم تاوانانە هەڵدەستن.

کوشتن و تیرۆرکردنی ژنان و کەسانی مەدەنیو ئازادیخوازو تەقاندنەوەی شەمەندەفەرو شوێنە گشتیو مەدەنییەکان کالآیەکە تەنها بەباڵای ڕەوتە ئیسلامییەکان دەبڕێ کە ڕۆژانە تاوانی وەحشیانە لە جەزائیرو ئەفغانستان و... دەخولقێنن.

ئێمە ئەم کارە ئیرهابیو دژی بەشەرییە بە توندی مەحکووم دەکەین و ڕادەگەیەنین دەبێ ئەنجامدەرانی ئەم جەریمەیە سزا بدرێن و لە هەر جۆرە کارێکی لەم چەشنە دەست کۆتا بکرێن. خەڵکی ئازادیخواز و متمدنی شاری سلێمانیو دەوروبەری بانگەواز دەکەین بۆ ڕووبەڕوو وەستانەوەی ئەم جۆرە کارە دزێوو وەحشیانەیە، هێزی جەماوەری ئازادیخواز ئەتوانێ کۆتایی بە ئیرهابیەتی ئەم تاقمە کۆنەپەرستانە بهێنێ.

مردن بۆ تیرۆریزمی ئیسلامی

١٥/١٢/١٩٩٨

بەڵگەنامەی ژمارە (٦١)

## ڕووداوی "مزگەوتی بێخود" دڕندەیی ئیسلامی‌یەکانی نمایش کرد!

ڕۆژی ١٩٩٩/٤/٦ کارەساتێکی دڵتەزێن "لەمزگەوتی بێخود" لە گەڕەکی خەبات ڕووی دا. کۆمەڵێك کەسی سەر بەتاقمە ئیسلامیەکان بەدارو بەرد بەربوونە گیانی چوار ژن و منداڵێك کە بۆ ناڕەزایەتی نواندن بەرامبەر بەفتوای کوشتنی یەکێك لەو ژنانە بەناوی (ش ) وە لەلایەن ئیسلامیەکانەوە، هاتبوونە مزگەوتەکە کە لانکەیەکی هەڵسوڕان و چالاکی ئیسلامیەکانە.

بەپێی ئەو ئاگاداری‌یەی کە لەکەسوکاری ش بەوە پێمان گەیشتووە، ش ، بەهۆی کارەساتێکەوە ژێری خۆی لەدەست داوەو ئیسلامی‌یەکانیش فتوای کوشتنیان داوە. کاتێك دایك و سێ خوشکی ش یە ئەم هەواڵەیان پێ دەگات زۆر نارەحەت دەبن و دەچنە سەر مزگەوتی ئەو گەڕەکە تا ئەو کتێب و نوسراوە ئیسلامی‌یانەی ئەم جۆرە فتوایانەیان تێدایە بدڕێنن، بەڵام دەکەونە بەر پەلاماری وەحشیانەی چەند کەسێکی سەر بەتاقمە ئیسلامی‌یەکان تا ئەوکاتەی ئاسایش دەگاتە شوێنی ڕووداوەکە و ئەوانیش لەجیاتی هاوکاری کردنیان، زیندانیان دەکەن و ئیهانەیان پێ دەکەن. ئەم وەزعیەتە بەجۆرێك کاری کردۆتە سەر خوشکەکانی ش کە ترسی کوشتنی خوشکەکەیان زیاتر لا بەرجەستە بووە بۆیە بەهیچ جۆرێك لێی دوور ناکەونەوە.

خەڵکی شاری سلێمانی کارنامەی ڕەشی ئیسلامیەکانیان لا ڕۆشنە کە بەئاشکرا دیفاعیان لەو یاسایانە کردووە کە شەرعیەتی بەکوشتنی ژنان داوە بەبیانووی ناموس پەرستی و تا ئێستا هەزاران ژن بەپێی ئەم یاسا کۆنەپەرستە ئیسلامی‌یانەی ئەحوال شەخصی کوشتار کراون و ئەوەندەش خۆیان بۆیان کرابێت سڵیان لەئەنجامدانی تاوانی کوشتنی ژنان نەکردۆتەوە. بەڵام ئەم جارەیان زیاتر پێ درێژ دەکەن و بەبیانوی ئەوەی ژنێك ژێری خۆی لەدەست داوە فتوای کوشتنی دەردەکەن!

هیچ بزوتنەوەیەکی سیاسی و دەستەو گروپێك بەقەدەر ئیسلامی سیاسی و دەستەو تاقمە ئیسلامی‌یەکان کارنامەی ڕەشی نی‌یە لەژن کوشتن و دیفاع لەکوشتنی ژنان دا. ژنێك کە پێویستی بەچاودێری پزیشکی هەیەو بەپێی سەرەتایی ترین بەهای ئینسانی دەبێ لەلایەن کۆمەڵگاوە دەستی یارمەتی و هاوکاری و کۆمەکی بۆ درێژ بکرێت، ئەمان شمشێر لەسەر ملی دادەنێن! ببینن کەچەندە ئەم تاقم و دەستە بە کرێ گیراوە ئیسلامی‌یانە دژی ژن و دژی ئینسان و هەموو بەهایەکی سەرەتایی ئینسانین! ئەم نموونەیە بۆ هەر ئینسانێك کەشانازی بەئینسانیەتی خۆیەوە بکات بەسە بۆ ئەوەی نەفرەت لەو دەستەو تاقمە ئیسلامی‌یانەو کارو کردەوە دژی بەشەریەکانیان بکات و خەباتی خۆی بۆ کورت کردنەوەی دەستی دەخاڵەتیان لەژیانی خەڵك و ژنان دا جۆش بدات. تەنها ڕێگاش لەبەردەم خەڵکی ئازادیخوازو یەکسانیخوازو متمدندا قەدەغەکردنی چالاکی تیرۆرستانەی ئەم دەستەو تاقمانەیە.

بڕۆی خەبات لەدژی تیرۆریزمی ئیسلامی!

**کۆمیتەی سلێمانی**
**حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق**
**١٩٩٩/٤/٩**

بەڵگەنامەی ژمارە (٦٢)

## ووته بێژێك لە جیاتی سكرتاریەتی كۆمیتەی ناوەندی حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی عێراق لەوەلام بە ڕاگەیاندنی ئاسایشی گشتی هەرێم ئەم لێدوانەی دا :

ژمارە ( ۲۰۸۱ )ی ڕۆژنامەی كوردستانی نوێی ڕۆژی ۲۲/۲/۲۰۰۰، ڕوونكردنەوەیەكی ئاسایشی گشتی هەرێمی لەبەرامبەر بەیاننامەیەكی سكرتاریەتی كۆمیتەی ناوەندی حیزبماندا بڵاوكردەوە، ئێمە بە پێویستمان زانی لە وەڵامی ئەو ڕوونكردنەوەی ئاسایشی گشتی هەرێم، ئەم ڕوونكردنەوەیە بۆ ڕای گشتی خەڵكی كوردستان بڵاوبكەینەوە، بەتایبەتی كە ڕوونكردنەوەكەی ئاسایشی گشتی هەرێم جگە لە تۆمەت لێدان بەرامبەر بە حیزبی ئێمە، كۆمەڵێك ڕاستیی ڕۆشنی هەڵگێڕاوەتەوە:

۱- ڕوونكردنەوەكەی ئاسایشی گشتی هەرێم پێناچێت هەوڵێك بێت بۆ بە دواچوون و وەڵامدانەوەی ئەو پێشێلكاریانەی كە دەزگای ئاسایش لە بەرامبەر ئازادی هەڵسوڕانی سیاسی و هەڵسوڕاوانی حیزبی ئێمە و ڕێكخراوە كرێكاری و جەماوەرییە پێشكەوتنخوازەكاندا لەم ماوەیەدا دەستی بۆ بردووە، بەڵكو ڕوونكردنەوەكەی ئاسایشی گشتی هەرێم لە درێژەی هەڵسوكەوتێكدایە كە ماوەیەكە لەبەرامبەر حیزبی ئێمەدا بەڕێ خراوە، ئەمەش لە ئاكامی ئەو هەڵوێستەوە سەرچاوە دەگرێ كە حیزبی ئێمە لە هەڵبژاردنی شارەوانییەكاندا لە خۆی نیشاندا و ئیمزای مەحزەری هەڵبژاردنەكانی نەكرد و ئەو پێشێلكاریانەی كە لەپرۆسەی هەڵبژاردنەكەدا ڕوویدابوو خستیە بەرچاوی جەماوەری خەڵكی كوردستان. هەربۆیە ئاسایشی گشتی هەرێم لە ڕوونكردنەوەكەیدا پەنای بردۆتە بەر بەكارهێنانی كۆمەڵێك عیباراتی وەك ( پێیان عەیب بوو مەحزەرەكە ئیمزا بكەن، ناوی زڵ و دژی وێران )، تاكو بەم عیباراتانە كە دوورن لە فەرهەنگی مۆدێرنی سیاسی و دیالۆگەوە هەڵوێستە ڕاشكاوەكانی حیزبی ئێمە لە هەڵبژاردنی شارەوانییەكاندا لەكەدار بكەن.

ئاشكرایە هەر لەسەرەتا هەڵبژاردنی شارەوانییەكانەوە ئێمە ڕامانگەیاند كە بەشداری لەم پرۆسەیەدا دەكەین ئەویش بەو دەلیلەی كە فرسەتێكە بۆ دەخالەتی خەڵك لە چارەنووسی خۆیاندا و ئێمە هەوڵدەدەین ئەم فرسەتە هەرچی زیاتر بە قازانجی خەڵك و دەخالەتی خەڵك بشكێنینەوە، هەرلەم ڕوانگەیەوە وەختێك ئەوارەیەكی زۆرمان لەو پێشێلكاریانە بینی كە ئەدەژی ئازادی بەڕێوەچوونی پرۆسەی هەڵبژاردنەكە گیرابەوە كاریگەری لەسەر ئەنجامی ڕاستەقینەی دەنگەكان دانا، ئێمە لەم بارەیەوە هەڵوێستی ڕۆشنی خۆمان ڕاگەیاند. دەزگای ئاسایش دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ ئەو یاداشتنامانەی كە حیزبی ئێمە بەشێكی تریش لە ئەحزابەكان چ لەكاتی دەنگدان و چ پەرلەدەنگدان خستومانەتە بەردەم لیژنەی باڵای هەڵبژاردنەكانەوە.

۲- كێ یاسا مەدەنییەكان و ئازادی و دیموكراسی خراپ بەكار دەهێنێ؟! دەزگای ئاسایشی گشتی هەرێم بەدوای هەڵوێستی ئێمە لە ئەنجامی هەڵبژاردنەكان، بەبەهانەی جۆراوجۆرەوە هەوڵی داوە ئازادی هەڵسوڕانی ئێمە و ڕێكخراوە جەماوەرییەكان بەرتەسك بكاتەوە! ئەگینا كێ هەیە نەزانێ كە یەكێتی كرێكارانی بیناسازی و سەنتەری چاودێری بەساڵاچووان و الاتحاد العام للنازحین ماوەیەكی زۆر دەبێت هەڵسوڕان و چالاكییان هەیە و تەنانەت بەشێكیان نزیكە بەساڵێكە هەڵسوڕانیان هەیە و خەڵكی كوردستان بەیاننامە و چالاكییەكانی ئەم ڕێكخراوانەی بینیوە، بەڵام بۆچی هێرشی ئاسایش بۆ سەر یەكێتی كرێكارانی بیناسازی و سەنتەری چاودێری بەساڵاچووان و هەڵسوڕاوانی الاتحاد العام للنازحین ڕاستەوخۆ دوابەدوای هەڵوێستی ئێمە لە هەڵبژاردنەكاندا دەستی پێ كرد.ئایا دیموكراسی و ئازادی ئەو پێوانەیەی هەیە بۆ حیزبی دەسەڵاتدار كە مخالفینی خۆی تا ئەو جێگەیە تەحەمول بكات كە هەڵوێستێك نەنوێنن پێچەوانەی هەڵوێستەكانی ئەوان بێت؟ ئایا یاسا مەدەنی و شارستانییەكان، ڕێگەی دیالۆگ و خستنەڕووی هەڵوێستەكانە بۆ بەردەم ڕای جەماوەر، یاخود ڕێگەی چوونە سەر ماڵان و دەستگیركردنی بێ پێشینەو بەرتەسك كردنەوەی ئازادی هەڵسوڕانی سیاسییە؟ بەداخەوە ئێوە ئەو ڕێگەیەتان هەڵبژارد كە هەڵسوڕاوانی سیاسی لە خەوی شیریندا و بەبەرچاوی منداڵ و ژنی سك پڕەوە لە ماڵ دەركێشن و ئەرشیف و كەل و پەلی شەخسیان بەسەر یەكدا تێك و پێك بدەن و دەستیان بەسەردا بگرن.

۳- ئاسایشی گشتی هەرێم بۆ پاساوی كردەوەكانی خۆی باس لە بودجەیەك دەكات كە حیزبی ئێمە وەری دەگرێت و دەڵێت ( هەرچەندە ئەمانە لەلایەن حكومەت و ی.ن.ك ەوە یارمەتی مانگانە وەردەگرن بۆ بەڕێوەچوونی كارەكانیان ) بۆ ئەم خاڵەش پێویستە چەند ڕاستییەك بۆ ڕای گشتی خەڵكی كوردستان بخەینە ڕوو:

بەڵێ، ئێمە مانگانە بڕی ( ۵۰ ) هەزار دینار لە بودجەی حكومەتی هەرێم وەردەگرین، ئێمە چەندین جار ڕوو بە خەڵك بە ئاشكرا بڕی ئەم بودجەیەو تەنانەت چۆنیەتی بەكارهێنانی ئەم بودجەیەشمان لە پرۆژەی خزمەتگوزاری و ئینسانیدا بۆ خەڵكی كوردستان ڕوون كردۆتەوە. وەرگرتنی ئەم بودجەیەش بە پێی یاسای ( الاحزاب )ە كە هەموو حیزبێكی قانونی دەیگرێتەوە. بەڵام پێویستە حكومەتی هەرێم ئەوە ڕۆشن بكاتەوە كە ئایا دانی ئەم بودجەیە بەشەرتی ئەوەیە كە ئەحزابەكان بجووڵێن مخالفی خۆیان بشارنەوە و سەریان كزبكەن! بۆ حیزبی ئێمە بڕیار نەبووە وەرگرتنی ئەم بودجەیە لە حكومەتی هەرێم بكاتە ئەوەی كاروكردەوەی ناشارستانی هیچ

بەڵگەنامەی ژمارە (٦٣)

دەزگایەدا و هیچ حیزبێك چاوپۆشی لێ بکەین و ڕاستییەکان لە خەڵك بشارینەوە! دواتریش دەپرسین باسی بودجەی حیزبی ئێمە چ پەیوەندییەکی بە دەستگیرکردنی هەڵسوڕاوانی سیاسی و کردەوەکانی ئاسایشەوە هەیە. ئەگەر ئاسایشی هەرێم پەیڕەوی لە یاسایەك دەکات کە خۆی بەشێکە لێی، ئەوا دەبوایە فەزڵ بەئێمە نەفرۆشن و دانی بودجەش هەڵەیەکی قانوونی خۆمانەو دروست وایە ئەوانیش ڕێز لەم هەقە بگرن.

٤- ئاسایشی گشتی هەرێم بۆ پاساوکردنی دەستگیرکردنی کادرانی حیزبی ئێمەو هەڵسوڕاوانی نێو ڕێکخراوە جەماوەرییەکان دەڵێ: ئەو ڕێکخراوانە مەرجی یاساییان نییە! بەلام ئەمە هیچ هەقانییەتێکی تێدا نییە. ئاسایشی گشتی هەرێم پێدەچێ بێخەبەر بێت لە هەموو ئەو داوایانەی کە تا ئێستا بە شێوەیەکی قانوونی و بەمەرجی قانوونییەوە خراوەتە بەردەم وەزارەتی ناوخۆ! بەلام ئایا بۆ دەبێت ئاسایشی گشتی بەوە ناڕەحەت بێت کە کەسانێك هەن بۆ دابین کردنی پارووە نانێك بۆ خەڵکی ئاوارەی عەرەب کە هیچ کەس خۆی بەبەرپرس لە دابین کردنی ژیانیان نەزانیوە، تێ بکۆشن و ڕێکخراوی خۆیان پێك بهێنن! ئایا پێشکەشکردنی کاری ئینسانی و خزمەتگوزاری کردەوەیەکی نایاساییە! ئایا دروست کردنی سەرپەنایەك بۆ بەساڵاچوان و ئاوارە عەرەبەکان، کارێکی ناقانوونییە! ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ( الاتحاد العام للنازحين و یەکێتی کرێکارانی بیناسازی ) دوو ڕێکخراوی قانوونین، نزیك بە ساڵێك دەبێت هەڵسوڕان دەکەن و بە شێوەیەکی قانونی داواکاری خۆیان پێشکەش بە وەزارەتی ناوخۆ کردووەو هەموو مستلزماتێکی قانوونیشیان پێشکەش کردوووەو دوای چەندین جار دانیشتن لەگەڵ ڕاوێژکاری یاسایی وەزارەتی ناوخۆدا، کەچی تا ئێستا هیچ وەلامێکی ڕەسمییان پێ نەدراوەتەوە، ئەمە لە کاتێکدایە کە ئاسایشی گشتی هەرێم باش دەزانێت کە بە پێی یاسای ژمارە( ١٨ی ساڵی ١٩٩٣ ) کەلەلایەن پەرلەمانەوە دەرچووە، هەر ڕێکخراوێك پاش تێپەڕبوونی ٤٥ ڕۆژ بەسەر داوای مۆڵەت وەرگرتن و وەلام نەدانەوەی ڕەسمی لەلایەن وەزارەتی ناوخۆوە ئەوا بە ڕەسمی دەناسرێت.

٥- ئاسایشی گشتی هەرێم لە ڕوونکردنەوەکەیدا بە شێوەیەکی نامەسئولانە بە هاوڕێیانی زیندانی ئێمە ( سامی حسین، یوسف محمد، سلام محمد) دەڵێت: ئەمانە چەند گومانێکی تریشیان لێ دەکرێت کە ئامانەوێت باسیان لێوە بکەین! ئێمە دەڵێین: هاوڕێیانی ئێمە سەربە حیزبێکن کە سەریان بە هیچ یەك لە دەوڵەتانی کۆنەپەرست و دوژمنی خەڵکی کوردستانەوە نییە، حیزبی ئەوان لە باوەشی هیچ سیاسەتێکی دەرەکیدا گەورە نەبووەو ترسیان لە درکاندنی هیچ گومان و ڕاستییەك نییە، ئەوان خۆیان خەباتکاری ڕێگەی ڕاستی ووتنن بۆ خەڵك. بەلام ئەگەر ئاسایشی هەرێم باس لە گومانی خۆی دەکات دەبێت ئەو تۆمەتانە بسەلمێنێت. ئەگەر نا ئەوا بە پێوانەی خودی یاساکانی حکومەتەکەی لەبەردەم دادگادایەو دەبێ سزای خۆی وەربگرێت.

٦- ئاسایشی گشتی هەرێم، لە ڕوونکردنەکەیدا حیزبی ئێمە بە "حیزبۆکە" ناودەبات و ڕێکخراوە جەماوەرییەکانیش بە ژمارەی پەنجەکانی دەست پێوانە دەکات! ئەمەش هەمان مەنتقی سەردارو ژێردەستەیە، مەنتقێك کە دوورە لە ژیانی شاری و خەریکە بە خۆ زل کردن و بچوك کردنی مخالفینی خۆی پێوانەی دیموکراسی و ئازادی دەکات، ئەم پێوانەیەش ناتوانێت تعبیرێك بێت لە هەقانیەتی هیچ حیزبێك. خەڵکی کوردستان باش دەزانن کە لە دنیای ئەمڕۆدا چەندین ئەحزابی گەورەو گران هەن و حیزبۆکەش نین بەلام بەقەد قورسایی خۆیان دەردو مەینەتی و ناهەقییان لەبەرامبەر خەڵکی ژێر دەسەلاتی خۆیاندا پیادە کردووە. ئێمە شانازی بە خۆمانەوە دەکەین بەو هۆیەوەی کە هەین و جەریئانە لە دیفاع لە خواست و بەرژەوەندییەکانی خەڵکدا لە مەیداندایین و ڕاستییەکانیشمان بۆ خەڵکی ئاشکرا کردووە. لە کۆتاییشدا ماوەتەوە ئەوە بڵێین بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشێك کە دەخالەتی لە کاروباری ئەم ناوچەیە هەیە، چۆنە وا بێ ئاگایە لە ژمارەی دەنگی حیزبەکان لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکاندا، چۆنە وا ڕێگە بەخۆی دەدات کە ٢٢٨ دەنگی کەسانی تر بەسەر حیزبی ئێمەدا بسەپێنێ لە کاتێکدا ئێمە کاندیدی سەرۆکی شارەوانیمان نەبووەو ئەمەشمان بەخەڵکی ڕا گەیاندووە، ئەگەر مەسەلەکە تەنها هەڵبەستنی ناڕاستی نەبێت بۆ ئەوەی مەنتقی خۆزل کردن و بچوك کردنەوەی مخالف پیادەبکات. ئەگەر بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی و جەماوەری خەڵکی کوردستان دەیانەوێت هەڵوێستی مەسئولانەی ئێمە بزانن. ئەوا ئێمە ئامادەین تەواوی یاداشتەکان و ئیدعایەك کە بوومانە لەبەردەم لیژنەیەکی جەماوەری و حیزبی بێلایەندا بخەینە ڕوو، تا ئەوان داوەری خۆیان لەسەر ڕاستی و دروستی هەڵوێستەکان بدەن، بە پێچەوانەی ئەمەوە هەر قسەو قسەڵۆکێك نیشانەی نا ڕاستی و ووتنی ناهەقییە لە بەرامبەر حیزبی ئێمەداو دڵنیاشین ئەنجامێکی لە نێو خەڵکی ئازادیخوازو هوشیاری کوردستاندا لێ ناچنرێتەوە.

٢٠٠٠/٢/٢٢

ئ

بەڵگەنامەی ژمارە (٦٣)

**راگەیاندنی مەکتەبی سیاسی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عیراق سەبارەت بە زیندانی کردنی هاوڕێیان: (عمار شریف، فهد ناصر، یوسف محمد) لەلایەن ئاسایشی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە.**

عمار شریف ئەندامی کومیتەی ناوەندی و ئەندامی کومیتەی ناوەراست و خواروی حزب وسەرنوسەری رۆژنامەی "التضال الشیوعي" و یەکێك لەرابەرانی "الاتحاد العام للنازحین" و فهد ناصر ئەندامی کومیتەی ناوەراست و خوارووی حیزب و سکرتێری "الاتحاد العام للنازحین" و یوسف محمد ئەندامی کومیتەی ناوەراست و خوارووی حزب و بەڕێوەبەری نوسینی رۆژنامەی "الشیوعیة العمالیة".

ئەم سێ هاوڕێیە لە هەلسوراوان و رابەرانی بزوتنەوەی کرێکاری و سۆسیالیستیو کەسایەتیناسراوی بزوتنەوەی ئازادیخوازی دژی رژێمی بەعسن و سالانێکی زور لەناوچەکانی ناوەراست و خواروی عیراق، بەهوی کارو چالاکی و خەباتیانەوە لەژێر دەسەلاتی رژێمی بەعس کەوتنە بەر راونان و چەند ساڵێشە لەکوردستان خەریکی درێژەدانن بەخەباتی خۆیان. ئەم هاوڕێیانە دڵسوز و خوشەویستی کومەڵێکی زۆر لە پەنابەرانی ئاوارەی عەرەبن کەلەدەستی رژێمی بەعس هەڵهاتوون و رویان لەشارەکانی کوردستان کردووە.

روژی ٢٠٠٠/٢/١٦ دوو مەفرەزەی ئاسایشی سلێمانی دەچنە سەرماڵی ئەم هاوڕێیانەو بەبێ هیچ دەلیلیك دەکەونە ئیهانەپێکردن و بەبەرچاوی خێزان و منالەکانیانەوە دەستگیریان دەکەن ودوای بردنی کەلوپەل شەخصی و خێزانیان راپێچ دەدرین بەرەو زیندانەکانی ئاسایش. ودواتریش دەزگای ئاسایشی یەکێتی نیشتمانی بۆپاساودانی کاری نایاسایی خۆی دەستی دایە پروپاگەندەی دوور لەراستی و هەڵبەستنی تومەت و تەنانەت هەلخراندنی کەسانێکی گومان لێکراو لەنیو ئاوارە عەرەبەکاندا. ئێمە ئائیستا بەوپەری خوراگری و هەستکردن بەمەسئولیەتەوە هەوڵماندارە وبەرپرسیارانی یەکێتی نیشتمانی، لەوانە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی ناوخو و دەزگاکانی ئاسایشمان ئاگادارکردوتەوە و داوای پاراستنی ئازادی هەلسورانی سیاسی و ئازادکردنی ئەو هاوڕێیانەمان لێکردون، بەلام بەداخەوە ئەوە ١٢ رۆژ تێپەر دەبێ بەسەر زیندانی کردنی ئەم هاوڕێیانەدا و تائیستاش لەلایەن یەکیتی نیشتمانی کوردستانەوە هیچ هەنگاوێك بۆ ئازادکردنیان نەنراوە، وتەنانەت دەزگای ئاسایش و خودی یەکیتی نیشتمانی نەیتوانیوە هیچ بەلگەیەك بۆ ئەم کردەوەیە نیشان بدەن.

ئێمە لەکاتێکدا کە نیگەرانی توندمان لە بەرامبەر کردەوەکانی دەزگای ئاسایش دەردەبرین، ئاگاداریان دەکەینەوە لەپاراستنی شەخسیەتی سیاسی و حورمەتی ئینسانی ئەم هاوریانەمان لە زیندانا. لەهەمانکاتدا بەو پەری نارەزایەتیەوە کردەوەی دەستگیرکردن و زیندانی سێکەسی خەباتکاری ریگای ئازادی و مافی ئینسانی مەحکوم دەکەین و داوادەکەین دەست بەجی و بەبی قەید و شەرت ئازادبکرین.

ئێمە داوا لەیەکێتی نیشتمانی کوردستان دەکەین، کەخوی بەلایەنگری ئازادی و دیموکراسی دەناسێنێ، بەر بەپێشلکردنی ئازادی هەڵسورانی سیاسی و مافە فەردی ومەدەنیەکانی خەڵکی، کەلەلایەن دەزگاکانی سەربەخویانەوە ئەنجام دەدرین، بگرن. ئێمە بەمافی خومانی دەزانین کەتائازاد کردنی هاوڕێیان (عمار شریف و فهد ناصر و یوسف محمد) رەوشی سیاسی وگونجاوی خومان پەرەپێبدەین.

ئێمە داوا لەسەرجەم حزب و لایەنی سیاسی و رێکخراوە جەماوەرییەکان و کەسایەتی پێشکەوتووخواز و ئازادیخواز دەکەین، بۆ دیفاع لەئازادی هەڵسورانی سیاسی هەڵوێست بگرن و بەکردەوە هەنگاو هەڵبگرن.

**مەکتەبی سیاسی**

**حیزبی کومونیستی کریکاری عیراق**

٢٠٠٠/٢/٢٩

بەڵگەنامەی ژمارە (٦٤)

**بەیاننامەی مەکتەبی سیاسی سەبارەت بە :**

# " تەعدیلی یاساکانی ئەحوالی شەخصی عێراقی"
# لەلایەن یەکیتی نیشتمانی کوردستانەوە.

ڕۆژی ٢٠٠٠/٥/١٤ دەسەلاتداران لەشاری سلێمانی بەپێی بڕیاری ژمارە ٦٢ڕۆژی ٤/٢٩ تەعدیلی چەند بەند لەقانوونی ژمارە ١٨٨ی ساڵی ١٩٥٩ ی ئەحوال شخصی عێراقییان ڕاگەیاند. ئەم تەعدیلاتەی دەسەلاتداران ڕاستەوخۆ ئاکامی خەبات وفشارێکی گەورەی کۆمەلایەتی بزوتنەوەی ژنان و حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراقە کە بەدرێژایی چەند ساڵ ڕابردوو بۆ بەرگرتن بەتیرۆری ژنان و گۆڕینی یاساکانی ئەحوال شەخصی عێراقی لەمەیداندابووە. دەسەلاتداران بەم تەعدیلاتەیان لەیاساکاندا دەیانەوێت خۆیان دەربازبکەن لە داخوازی هەڵوەشاندنەوەی سەرتاپای یاسایەک کە پاشماوەکانی ڕژێمی بەعسەو سەرچاوەی بەرێوەچوونی گەورەترین بێمافی و سەرکوت و ژێردەستەیی ئینسانی ژنە لەکۆمەڵگای ئەمڕۆدا و هۆیەکە بۆ پەرەدان بەکوشتنی ژنان بەبیانوی شەرەف پارێزییەوە.

ئەم تەعدیلەی یاساکانی ئەحوال شخصی عێراقی ناتوانی جێگای دڵخواز و پشتیوانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق و بزوتنەوەی ژنان و ڕێکخراوەکانی و هەرئینسانێکی ئازادیخواز و یەکسانی خواز بێت چونکە:

١/ئەم تەعدیلاتە لەچوارچێوەی هەمان یاسای ڕژێمی بەعسدایەو هەمان ئەم یاسایانە بەسەر ژنان وخەڵکی کوردستاندا دەهێلێتەوە، لەکاتێکدا کەڕژێمی بەعس و یاساکانی هیچ شەرعیەتێکیان لەکوردستاندا نەماوە و خەڵکی کوردستان بەکردەوە لەڕاپەرینی ئازاری ٩١ دا ئەم حوکمەیان بەسەر سەرجەم دەسەلات و قانوونەکانی ڕژێمدا داوە.

٢/ ئەم تەعدیلاتە نەیتوانیوە پشت لەشەریعەتی ئیسلامی و ئەو پێوانە کۆنەپەرستانەیە بکات کەبەسەر یاساکاندا زاڵە و ڕاستەوخۆ دەستی ئیسلام بۆ تەدەخولکردن لەژیانی شەخصی و کۆمەلایەتی ژناندا ئاوەلا دەهێلێتەوە.

٣/ ئەم تەعدیلاتانە هیچ یەک لە خواستە مەدەنی و شەخصییەکانی ژنانی بەپێوانەی کۆمەڵگای هاوچەرخ بۆ ژنان بەدی نەهیناوە، و هێشتا هەلاواردنی جنسی لە زەواج و جیابوونەوە و میرات و چەند ژنەیی .. وبەقازانجی پیاوان وپیاوسالاری هێشتۆتەوە.

٤/ ئەم تەعدیلاتە هیچ ڕاپرسییەکی بزوتنەوە و ڕێکخراوەکانی ژنان وخەڵکی بۆ وەرنەگیراوە، وتەنانەت وەلامی هیچ یەک لەداخوازییەکانی ژنان و بەدیلێک کەناوەندی هاوبەشی ڕێکخراوەکانی ژنان ئەمساڵ لە ٨ی مارسدا خستوویانەتە بەردەم دەسەلاتداران، نەداوەتەوە .

بەپێی ئەم حوکمانە ئێمە وەکو حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق ئەم تەعدیلاتەی یاسای ئەحوال شەخصی عێراقی ڕەت دەکەینەوە و بەپێچەوانەی ئازادی و مافە شخصی و مەدەنییەکانی ژنانی کوردستانی دەزانین ، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق خوازیاری هەڵوەشانەوەی سەرتاپای یاساکانی ئەحوالشەخصی عیراقیو جێگرتنەوەیەتی بەقانونێک کە ئازادی و یەکسانی هەمەلایەنەی ژن و پیاو بەڕەسمی بناسێنێت . حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق بانگەوازی ڕێکخراوەکانی ژنان وسەرجەم خەڵکی ئازادی خوازی کوردستان بەگشتی و ژنان بەتایبەتی دەکات بۆ پەرەدان بەخەباتیان تا هەڵوەشانەوەی تەواوی یاساکانی ئەحوال شخصی عێراقیو جێگیرکردنی یاسایەکی ئینسانی و یەکسانیخواز لەکۆمەڵگادا.

مەکتەبی سیاسی

حیزبی کۆمونیستی کریکاری عیراق

٢٠٠٠/٥/١٥

بەڵگەنامەی ژمارە (٦٥)

## راگەیاندنێک سەبارەت بەهێرشی هێزەکانی ئاسایش بۆ سەر حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق

دوای توندبوونەوەی کێشمەکێشی سیاسی لەنێوان "یەکێتی نیشتمانی کوردستان"و "حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق"دا، روبەروبوونەوەی نێوان ئەم دوو لایەنە کێشایە پێکدادانو شەڕی خوێناوی، پاش گەمارۆدانی بنکەو بارەگاکانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراقو گرتنو راوەدونانی ئەندامەکانی، لەڕۆژی ١٤/ ٧/ ٢٠٠٠ هێزەکانی ئاسایش کەوتنە تەقەکردن لە ئەندامانی حیزبی ناوبراوو لەکارەساتێکی دڵتەزێندا (٦) ئەندامی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری گیانیان لەدەستداو چەند ئەندامێکی تریان لێ بریندار بوو.

ئەم هێرشەی هێزەکانی ئاسایش لەژێر ناوی بردنە دەرەوەی بارەگای حیزبەکانداو لەپێناوی دابینکردنی ئاسایشی ناوشارو هاوڵاتیانو لەڕاستای جێبەجێکردنی بڕیاری شارەوانی سلێمانیدا ئەنجام درا، کەلەڕاستیدا بەپێچەوانەوە، ئەم هەنگاوە ئاسایشی لەناو شاردا خستە ژێر پێوەو نائارامی‌یەکی دروستکرد کەچەند ساڵێک بوو سلێمانی حاڵی وای بەخۆیەوە نەدیبوو.

ئەم هێرشە بۆ سەر بنکەو بارەگاکانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری، هێرشێکی زەقو دیار بوو بۆ سەر ئازادی هەڵسووڕانی سیاسیو پێشێلکاری‌یەک بوو بەرامبەر بەمافی مرۆڤ، هەروەها ئەو بیانووەی کەبریتی‌یە لەبردنە دەرەوەی بنکەو بارەگای حیزبەکان بۆ دەرەوەی شار، کەخۆی لەخۆیدا پاساوێکە بۆ سەپاندنی کەش‌وهەوایەکی سەرکوت بەسەر شارداو ئاماژەیەکیشە بۆ نەمانی ئەو نیمچە ئازادی‌و دیموکراسی‌یە کەلەم دەڤەرەدا هەیەو، لەهەمان کاتیشدا خستنە ژێر پرسیاری هەموو ئیدیعاکانی (ی. ن. ک)ە لەمەڕ ئازادی‌و دیموکراسی لەژێر دەسەڵاتەکەیدا، چونکە ناکرێت ئازادی سیاسی‌و دیموکراسیەت بوونی هەبێت بەبێ بوونی بارەگای سیاسی (نەک سەربازی) حیزب‌و رێکخراوە سیاسی‌و جەماوەری‌و پیشەیی‌یە جۆراوجۆرەکان لەناو شارداو هەڵسوڕانیان بەشێوەیەکی ئازادانە، ئەوا ئەو بەهانەیەو چۆڵ نەکردنی بارەگاکان لەلایەن (حککع)ەوەو پاش ئاگادارکردنی، هیچ پاساوێک نی‌یە بۆ ڕوودانی ئەو تراژیدیا خوێناوی‌یە، لەکاتێکدا دەکرا ئەو کێشەیە لەڕێگایەکی شارستانی‌و دایەلۆگەوە چارەسەر بکرایە.

ئێمە لەکاتێکدا بەتووندی ئیدانەی ئەم هێرشە دەکەین‌و پێمان وایە ئەم جۆرە کارانە خزمەت بەهیچ لایەک ناکات جگە لەدوژمنان‌و بەرەی کۆنەپەرستی، چونکە ئەزموونی چەند ساڵەی شەڕی ناوخۆ بەڕۆشنی ئەم واقیعیەتەی سەلماندووە کە کێ سوود لەم هەل‌ومەرجانە وەردەگرێت......... هەربۆیە دەڵێین :-

هەق وایە هەموو حیزب‌و لایەنە سیاسی‌و رێکخراوە جەماوەری‌و پیشەیی‌و کەسایەتی‌و رۆشنبیرو نووسەرو ئەدیبە پێشکەوتوو ئازادیخوازەکانە بەشێوازێکی شارستانیانە هەڵوێست وەربگرن‌و بەشێوازی جۆراوجۆر نارەزایەتی دەربڕن.. کەتەنیا بەو جۆرە دەکرێت بەر بە پێشێلکردنی ئازادی سیاسی بگرین‌و هەر ئەوەش گەرەنتی‌یە بۆ دووبارە نەبوونەوەی تراژیدیایەکی تر...

بژی ئازادی هەڵسووڕانی سیاسی

ناوەندی رابەرایەتی

کۆمەڵەی شۆڕشگێرانی کۆمۆنیست

٢٠٠٠/٧/١٦

بەڵگەنامەی ژمارە (٦٦)

# ڕێکەوتنامەی تاران

## دژی خواست و بەرژەوەندی خەڵکی کوردستانە!

ڕۆژی ٢٠٠٢/٢/١٧ لە کۆبوونەوەیەکدا لەنێوان سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی و کۆمەڵی ئیسلامی کە سەر بە جمهوری ئیسلامی ئێرانەو بەسەرپەرشتی نوێنەری جمهوری ئیسلامی ئێران، ڕێکەوتنامەی تارانی ساڵی١٩٩٧ کە لە نێوان یەکێتی و بزووتنەوەی ئیسلامی جاراندا مۆرکرابوو، دوبارە مۆرکرایەوە! ئەم ڕێکەوتنامەیە بەهۆی لێکترازان و پارچەپارچە بوونی بزووتنەوەی ئیسلامییەوە بە عەمەل هەڵوەشابووەوە.

دوای ڕووداوی خێلی حەمەو خرۆشانی جەماوەری شاروشارۆچکەکانی کوردستان دژی تاقمەئیسلامیەکان لە مانگی ئۆکتۆبەری ڕابردوودا، ئیتر هیچ بواریك بۆئەم ڕێکەوتنە نەمایەوە. خەلکی کوردستان خوازیاری هەلپێچانی دوکانی دەستەو تاقمە تیرۆریستە ئیسلامیەکان و یاساو عورف و بنەما کۆنەپەرستانەکانی ئیسلامی سیاسی بوون، خوازیاری ئەوە بوون کەژیانێکی سکولار و مۆدێرن و دوور لە دەخالەتی دین لە کاروباری سیاسی و کۆمەلایەتیان، بژین!

بەلام یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە پێچەوانەی خواست و داوای خەلکی کوردستانەوە سەرەتا کەوتە پاکوپیس کردنی ئیسلامیەکان لەبەرخاتری بەرژەوەندیەکانی خۆی لەگەڵ جمهوری ئیسلامیدا، کە پشتیوانی سیاسی و سەربازی و لۆجستیکی ئەم تاقمە تیرۆریستانەیە، و دووبارە پەل کیشکردنەوە بۆ ناومالوحالی خەلك و دەستی کردەوە بە ئیمتیاز پێدانەوەیان. سەرەتا مەلا علی عبدالعزیز بووە میوانی خوانی سەرکردایەتی یەکێتی و ئێستاش جەماعەتی تاقمی مەلا باپیر و تەنانەت سەرکردایەتی یەکێتی لەوەش سلی نەکردەوە کە لەگەڵ هەمان تاقمی(جندالاسلام)ی پێشوو و(پشتیوانانی ئیسلام)ی ئێستا بە سەرۆکایەتی تیرۆریستی ناسراو مەلاکریکار ڕێکەوتن مۆر بکات!

پەلکێشانەوەی ئەم تاقمە ئیسلامیانە بۆناو شوێنی کار و ژیانی خەلك، مانای ژیاندنەوەی تیرۆریزمی ئیسلامییە، مانای بۆژاندنەوەی تیزاب ڕشتن بە قاچودەستی ژنان و کچانی مۆدێرن پۆشە، مانای جورئەتدانەوەیە بە ئیسلامیەکان بۆ ئیسلامیکردنی کەشوهەوای مۆدێرنی کۆمەلگا و پەخشکردنەوەی فتوای تیرۆر و کوشتنی ڕۆشنبیران و ئازادیخوازان و کۆمۆنیستەکان و ژنانی یەکسانیخواز! مانای دەستگیرۆکردنی ئەم دەستەو تاقمە تیرۆریستە ئیسلامیانەیە کە دوای ڕووداوی (١١)ی ئەیلول و (٢٣)ی ئەیلول جورئەتی سەربەرزکردنەوەیان نەمابوو: لەترسی ڕۆشنایی مۆدێرنیزم و ئازادیخوازی و پێشکەوتنخوازی کۆمەلگای کوردستان خۆیان بەرەو تاریکی شاخەکان و ژێر باڵی ئاغاکەیان، جمهوری تیرۆریستی ئیسلامی ئێران، لەسەرسنورەکان دەکێشایەوە یان لەناو شارەکاندا وەکو تاوانبارێکی سزادراو پەشیمانییان لە ڕابردووی خۆیان نیشان دەدا!

ئێستا ئیتر یەکێتی نیشتمانی لە هەموو کاروکردەوەی تیرۆریستانەو دژی ئینسانی ئەم تاقمانە بەرپرسیارە و ڕاستەوخۆ دەبێتە شەریکە تاوانی ئەوان! دوای ئەو ئالوگۆرانەی لەئاستی دنیاو ناوچەکەو کوردستانی عیراقیش ڕووبەرووی ئیسلامی سیاسی و تیرۆریزمی ئیسلامی بۆتەوە ئیتر هیچ پاساوێك نامێنیتەوە بۆ موجامەلەکردنیان! ئەم سیاسەتەی یەکێتی ڕاستەوخۆ دژ بە بەرژەوەندی و خواستی خەلکی سکولار و ئازادیخوازی کوردستانەو دەبێ ڕووبەرووی نارەزایەتی فراوانی جەماوەرو ڕۆشنبیران و ئازادیخوازان و ژنانی یەکسانیخواز و لایەنگرانی مۆدێرنیزم و پێشکەوتنخوازی بێتەوە. دەبێ ڕیزەکانی یەکێتی، ئەوانەیان کە لەتیرۆریزمی ئیسلامی پڕن، لایەنگری مۆدێرنیزم و ژیانێکی پێشکەوتوو و هاوچەرخن ئەم سازشکاریەی سەرکردایەتیەکەیان قبول نەکەن! هەروەکو خەلك لە مانگی ئۆکتۆبەردا رایان گەیاند:

**کوردستان جێگای تیرۆریستانی ئیسلامی تێدا نابێتەوە!**

کۆمیتەی ڕابەری

ڕێکخراوی کوردستانی

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق

١٩-٢-٢٠٠٢

بەڵگەنامەی ژمارە (٦٧)

# ٦

# حزبی شیوعی کوردستان

# حزبی شیوعی کوردستان

حزبی شیوعی کوردستان: ئەم حزبە درێژکراوەی حزبی شیوعی عێراقیە لە کوردستاندا. مێژووی حزبی شیوعی عێراقی لەگەڵ پەرەسەندنەکانی دەوڵەتی عێراقیدا دوانەی یەکترن، بەتایبەت لەدوای بەدەستهێنانی سەربەخۆیی لە عێراقدا لەساڵی ١٩٣٢، حزبی شیوعی دەچێتە ناو چەقی قەیرانە مێژوویەکانی عێراق کە بریتی بوو لە سەربەخۆیی، نەتەوایەتی، پرسی کورد. بەدەر لە هەڵوێستە سیاسیەکانی ئەو حزبە کە هۆکاری سەرەکی ئاوابونی خۆری بەرفراوانی جەماوەرەکەی بوو، بەڵام ئەم حزبە نەک هەر قامکی لەسەر هەریەک لەو پرسانە دانا بەڵکو جەدەلێکی دیالیکتیکی لە نێوان ئەو حزبە لە لایەک و سەربەخۆی سیاسی و بیری نەتەوایەتی و پرسی کورد دروست کرد لە مێژووی عێراقدا. هەر بۆیە حزبی شیوعی لە عێراقدا تەنها مێژوویەکی سیاسی تۆمار نەکردووە، بەڵکو پشکی شێری مێژووی حزب و ڕۆشنبیری و چەپگەرایی و گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی لە عێراق بۆخۆی دەبات.

لە ڕوی سەربەخۆییەوە، کاتێک عێراق سەربەخۆیی بەدەستهێنا لە ساڵی ١٩٣٢، لای تاک بەتاکی عێراقیەکان ڕوون و ئاشکرا دیار بوو کە ئەو سەربەخۆییە ڕاستەقینە نیە و ساختەیە و بەریتانیەکان بڕیاری سیاسیان لە عێراق بەدەستە. ئالێرەدا کۆمەڵێک کەس کەبانگی مارکسییان لە دەرەوەی عێراق بە شێوەی بەرزو نزم بەرگوێ کەتبوو بە تایبەت لە شارەکانی بەغداد و ناسریە و بەسرە، لە ١٩٣٤ لیژنەی قەلاچۆکردنی داگیرکەر و وەبەرهێنان (لجنة مكافحة الاستعمار والاستثمار)یان ڕاگەیاندو دواتر ناوەکەی گۆڕدرا بۆ حزبی شیوعی عێراقی لە ١٩٣٥[١٢٦]. تایبەتمەندی ئەم حزبە هەر لە ناوەکەی ڕا دیار بوو کە وەک پەرچەکرداری داگیرگەر دامەزرا نەک وەک بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی چینایەتی. هەر بۆیە پرسی داگیرکاری چارەنوسی ئەو حزبەی دیاریکرد.

---

[١٢٦] فارس خطاب: نشأةالأحزابالسياسيةاليساريةالكبرىبالعراق.. رؤيةتاريخية، "عربي ٢١"/https://arabi21.com/story/1289941

سالآنی چل و پەنجاکان، سالانی بالآدەستی ئەو حزبە بوو لە عێراقدا. ئەمەش لەبەر دوو هۆکار، یەکەمیان شکستی ڕەوتی نەتەوەیی و پارتە لیبرالیەکان و سیستەمی پاشایەتی بوو لە دەربازکردنی عێراق لە ژێر سایەی هەژمونی بەریتانی بە تایبەت لە دوای سەرنەکەوتنی کودەتاکەی ڕەشید عالی گەیلانی لە ١٩٤١ کە وایکرد جەماوەری عێراقی ڕوو بنێ لە حزبی شیوعی کە بە ئاشکرا دژایەتی داگیرکەری دەکرد. ئەمە کەمینە نەتەوەیی و ئاینیەکانیشی گرتەوە (وەک کورد و مەسیحی و جولەکە) کە لەدەست بێدادی سیاسی و کۆمەلآیەتیەوە گرفتار بوون لە عێراقدا. هەر بۆیە کاتێک پێکهاتەی سەرکردایەتی ئەو حزبە دەبینین لە سالآنی پەنجاکان، کرێکارو جوتیار تێیدا کەمینەیەو، زۆرینەی سەرکردایەتی چینی ناوەندو نەوەی بۆرجوازەکانە. ٢٨%ی کرێکار، ١٥%جوتیار ، ٣٢%خانەدان، ٤٧%چینی ناوەند[١٢٧].بە واتایەکی تر حزبی شیوعی عێراقی بوو بە حزبێکی بەرهەلستکاری جەماوەری سیاسی فرەیی نەک حزبێکی تایبەت بە چینی کرێکار و جوتیار و زەحمەتکێش.

هۆکارێکی تری جەماوەری بوونی ئەو حزبە، توانا و و دلسۆزی یوسف سەلمان ناسراو بە فەهد بوو (١٩٠١-١٩٤٩). فەهد ئاشوریەکی مەسیحی بوو. پەیامنێری رۆژنامەی (البلاد) و رۆژنامەی (الاهالی) بوو کە بەهۆیە دەرگای بەڕوی ڕەوتی چەپ و جیهانی دەروە پەیدا کرد. لە ڕیگەی کاری پەیامنێرییەوە چۆتە شام و لوبنان و فەلەستین و کوەیت و میرنشینەکانی کەنداو کە چالاکوانە چەپەکانی لوبنانی و فەلەستینیەکانی ناسیوەو پەیوەندی لەگەل دروست کردوون. هەروەها لە ناوخۆشدا  زیاتر گەڕان و بەدواداچونی کرد لەناو کۆمەلگەی عێراقی. هەر لە ڕێگەی کاری رۆژنامەنوسیەوە توانایەکی باشی پەیداکرد لە نوسینی وتارەکانی لە رۆژنامەکان کە ئەمەش هاوکاری باشی کرد لە داڕشتنی پەڕەو پرۆگرامی حزبی شیوعی و دواتر سەروتاری رۆژنامەو بلآوکراوەکانی حزبەکەدا. فەهد  لە ڕێگە دکتۆر تۆما کە پەیامنێری کۆمنترۆن بووە لە ئەهوازو پەیوەندی بە کونسولی سۆڤیەتیەوە هەبوو توانی کورسی خوێندان لە مۆسکۆ بەدەستبهێنێت و ئەمەش هەلێکی باشی بۆ ڕەخساند کە لە

---

[١٢٧]موریسعایق: ازمةالیسارالعربي، الحوارالمتمدن -العدد: ١١٢٠ - ٢٠٠٥ / ٢ / ٢٥ -

نزیکەوە ئەزمونی فکری و پراکتیکی کۆمۆنیزمی سۆڤیەتی ببینێت لە ١٩٣٥-١٩٣٧ هەروەها توانی خوێندنی زانکۆیی بەسەرکەوتووی تەواو بکات و هەر لەوێش بەشداری کۆنگرەی حەوتەمی کۆمینترۆن بکات کە کۆبونەوەی حزبە شیوعیەکانی جیهان بوو. دواتر سەردانی ئەوروپای رۆژئاوای کردو لەنزیکەوە بیرو چالاکی جەماوەری چەپی فەرەنسا و بەلجیکای بینی لە سایەی سیستەمی دیموکراسی ئەوروپیدا. لە ساڵی ١٩٣٨ گەڕایەوە بۆ عێراق و حزبی شیوعی عێراقی بەدەست و پەنجەی خۆی ئاوا کردەوە پاش ئەوەی توشی کێشەی ناوخۆی و هەڵمەتی دەستگیرکردنی ئەندامەکانی بوو بوو لە لایەن دەوڵەتەوە. فەهد دوو کاری سەرەکی کرد بۆ حزبی شیوعی یەکەمین کار بریتی بوو لە کۆکردنەوەی کەسایەتی و ڕەوتە شیوعیەکان لە چوارچێوەی حزبدا ئەمەش بەهۆی تایبەتمەندی کەسێتی بەهێزی فەهد بوو کە خۆیی دەبینیەوە لەوەی کە کەسێکی چالاکوانی حزبی و جەماوەری بوو، بیری مارکسی لینینی لە دەستی یەکەوە وەرگرتبوو، جگە لە توانای تەواوەتی بەسەر زمانی عرەبی، زمانی کلدانی و روسی و ئنگلیزی دەزانی، هاوکات دەربرینی گوفتاری باوەڕپێهێنەر بوو، نەسرەوتنی بەردەوامی و گەڕان بە شارو گوندی ناوەڕاست و باشوری عێراق، پەیوەندی فراوانی لەگەڵ شیوعیەکانی شام و ئێران و سۆڤیەت و ئەوروپا بۆ پەیدا بوو. هەموو ئەمانە وایکرد سەرجەم شیوعیەکان لە عێراقدا کۆبکاتەوەو یەک ئاراستەی بکات و بناغەیەکی بەتینی بۆ حزبەکە داڕشت کە دوای نەمانی خۆی، حزبەکە بە شێوەی کۆنکرێتی ڕەچاوی بیروباوەڕەکانی فەهدی دەکرد[١٢٨].

کاری دوومەی فەهد بۆ حزبی شیوعی ئەوە بوو حزبەکەی لە قۆزاخەی رێکخستنی نهێنیەوە گواستەوە بۆ نێو شەقام و جەماوەرو بە کۆمەڵگەی عێراقی ناساند. ئەو حزبە لە سیەکاندا تەناها بەشێوەیەکی بەرتەسک لە سنوری بەغداد و بەسرە قەتیس بوو، بەڵام رێکخستن و هەڵسوڕاندنی خۆپیشاندانەکان بەتایبەت لە ١٩٤٦، تیایدا زیاتر لە ٣ هەزار کەس لە بەغداد هاتنە سەر شەقام بە دروشمی دیموکراسی و ئازادی پشگیری فەلەستینیەکان. لەبەرامبەردا پۆلیس

[١٢٨] کەریم زەند: حیزبی شیوعیی عێراقی ١٩٣٤، دەستنوس، ل ١-٢.

تەقەی لێکردن و چەندین کەس بریندار بوو هەروەها کەسێکیش کوژرا، ئەمە وایکرد خەباتی ئەو حزبە لە سنوری کاری ڕێکخست هەنگاو بەرەو خۆناساندنی جەماوەری ببات.

شیوعیەکان بونە هەرەشەی سەرەکی بۆسەر سیستەمی حوکمڕانی عێراقی، حکومەتە عێراقیەکان بەهجەت عەتیە کە بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتی عێراق بوو رایگەیاند کە باوەری شیوعی هێندە گەشەی سەندووە بەجۆرێک ٥٠%ی لاوانی شارە گەورەکانی بۆ خۆی ڕاکێشاوە[١٢٩]. بۆیە نوری سەعید وەک سەرۆک وەزیران لە پەرلەمان ڕایگەیاند کە هەتا دوا هەناسەی کاردەکات لە پێناو لەناوبردنی شیوعیەکان لە وڵاتدا. ئیدی حکومەت هەر لە ١٩٤٧وە هەڵمەتی دەستگیرکردنی ئەندامانی حزبی شیوعی لە عێراقدا دەستی پێکردو لە نێویشیاندا فەهد دەستگیر کراو لە ١٤ی شوباتی ١٩٤٩ لە سێدارە درا. هەرچەندە بە مردنی فەهد، کێشەی ڕێخستن و جیاوازی کارکردن لە نێو حزبەکەدا دروست بوو، بەڵام لە ئاستی جەماوەریدا، قوربانیدانی فەهد بە گیانی خۆی بۆ حزب، ئاستی جەماوەری حزبی شیوعی گەیاندە ترۆپک لە پەنجاکاندا. لەلایەکی دی بە لەسێدارەدانی فەهد، پەڕەڕەیەکی خوێناوی لە مێژووی عێراق تۆمار کرا کە دواتر بوو بە فاکتەری توندوتیژی و تۆڵە سەندنەوەو کارو کاردانەوە لە نێوان شیوعیەکان و نەتەوەیی و لاینگرانی سیستەمی پاشایەتی بە تایبەت لە دوای هاتنەکایەی سیستەمی کۆماری لە ١٩٥٨.

لە ساڵی ١٩٥٢، بەهادین نوری وەک سکرتێری نوێی ئەو حزبە گۆڕانکاری لە پەیڕەوی حزب کرد بەناوی گەلاڵەنامەی باسم (میثاق باسم) کە نەک ئاماژەیک بوو بۆ گۆڕینی چارەنوسی حزب، بەڵکو هێمایەکیش بوو بۆگۆڕانکاری لە چارەنوسی عراقدا. حزبی شیوعی لەبری چارەسەری دیموکراسی، باسی لە پێویستی ڕوخانی ڕژێمی پاشایەتی عێراقی کرد. هاوکات داوای مافی چارەنوس بۆ کورد لە عێراقدا کرد. ئەم دوو پرسە داهاتوی عێراق و حزبی شیوعی گۆری. لەژێر تین و تاوی ئەم بیرەدا. سالی ١٩٥٨ ئەفسەرە ئازادەکان بە

---

[١٢٩] حنا بطاطو: العراق، الحزب الشیوعی ، الکتاب الاثانی، ترجمە عفیف الرزاز، مؤسسة الابحاث العربیة،، ص١١٩.

سەرکردایەتی عەبدول کەریم قاسم، کودەتایان ئەنجامداو سیستەمی پاشایەتی نەماو بەمەش عێراق بەناو بوو بە کۆماری و لە ڕاستیشدا ڕووی کردە سیستەمی سەربازی تاکڕەوی. هاوکات لە دەستوری عێراقیدا و لە مادەی ٢، دانینا بە هاوبەشی عەرەب و کورد لە عێراقدا. بەمەش داواکاری کورد لە عێراق بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان بوو بە داوایەکی دەستوری و لەسەر ئەو بنەمایە شەڕو ئاشتی کورد و بەغداد تا ئێستا درێژەی هەیە[١٣٠]. ئیدی لێرەوە حزبی شیوعی نەریتی حزبایەتی لە عێراقدا گۆڕی لە بەشداری سیاسی بۆ گۆڕینی سیستەمی حوکمڕانی کە ئەمە زیانێکی گەورەی بە فرەیی و سیستەمی دیموکراسی لە عێراقدا گەیاند.

بە دیوێکی تر بە ڕوخانی رژێمی پاشایەتی، ئەرکی حزبی شیوعی بەرەو تەواوو بوون برد، چونکە ئامانجی ئەو حزبە هەر لە ساڵی ١٩٣٤، بریتی بوو لە دەرکردنی داگیرکەر، ئیدی بە روخانی سیستەمی پاشایەتی، داگیرکەری بریتانی لە عێراقدا خۆری ئاوابوو. لێرەوە ئامانجی جەماوەری حزبی شیوعی هاتەدی، هەربۆیە ڕەوتی نەتەوەیی شۆڕشگێر ڕۆژ دوای رۆژ پەرەی سەند، لەبەرامبەردا جەماوەری حزبی شیوعی ڕویانکردە حزبە نەتەوەی و پاشان ئاینیەکان.

ئەفسەرە نەتەوەییە توندڕەوەکان لە ساڵی ١٩٦٣ حوکمی عێراقیان گرتە دەست کە ڕقی توندی دژ بە شیوعی تیاندا پەنگی خوارد بوو. هەر زوو شیوعیەکان خزێنرانە خانەی تۆمەتەوە لە عێراقداو بە لەمپەری بەردەم دەولەتی نەتەوەیی ئەژمار کران. هەر لە سکرتێری حزب کە سەلام عادل بوو تا کادیرە ناوەندیەکانیان کەوتنە بەردەم شاڵاوی ڕەشبگێری و ئەشکەنجەدان و پەتی سێدارە.

ئەم بارودۆخە بەردەوام بوو تاساڵی ١٩٧٣، کاتێک حزبەکە لەگەڵ حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی بەرەی نیشتمانی (الجبهه الوطنية)ی پێکهێنا کە لەروی ئایدۆلۆجیە بریتی بوو لە بردنی عێراق لە ژێر سەرکردایەتی سەدام حسیندا بەرێگەی پێشکەوتنی ناسەرمایەداری بەرەو سۆشیالیزم. بەلام لە ڕاستیدا

[١٣٠] بهاء الدين نوري: مذكرات، سبتمبر,٢٠١٦،http://bahadeen.com/?p=415.

سازشی حزبی شیوعی بوو بەرامبەر پرۆژەی نەتەوەیی کە بڕستی حزبی شیوعی لە کۆمەڵگەی عێراقی نەهیشت بەتایبەت کاتێک شیوعیەکان لەپاڵ سوپادا چونە بەرەکانی جەنگ لە دژی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی لە ١٩٧٤، ئیدی ڕەوتی شیوعی لە عێراقدا لە ڕوتێکی چەپی جەماوەری و خاوەن پرۆژەی یەکسانی کۆمەڵایەتی هەنگاوی بەرەو ڕەوتێکی دەستەبژێری نەتەوەیی نا[١٣١].

بەهاری پەیوەندیەکانی نێوان بەعس و شیوعی لە ١٩٧٨ کۆتایی هات و جارێکی تر شیوعیەکان چونە ناو خانەی تۆمەتی نەتەوەییەکانەوە. حزبی شیوعی بەناچاری پەنای بردە بەر خەباتی چەکداری لە دژی بەعس لە چیاکانی کوردستانەوە. بەمەش پەڕەیەکی قۆناغی سێەم لە تەمەنی حزبی شیوعی لەدوای پرسی سەربەخۆیی و پرسی دەوڵەتی نەتەوەیی دەستی پێکرد کە قۆناغی تێوەگلان بوو لە کێشە ناوخۆییەکانی پرسی کوردی.

کادیرە شیوعیە کوردەکان چالاکانە بەشداری خەباتی ئەو حزبەیان کرد. بەهادین نوری و حمید  عوسمان و کریم ئەحمەد و  عەزیز الحاج و عەزیز محەمەد، سەرکردایەتی سێ یەکی تەمەنی ئەو حزبەیان کردووە. چالاکی ئەم کادیرانە هۆکار بوو بۆ ئەوەی لە یەکەمین کۆنگرەی حزبدا لە ١٩٤٥ بریار لەسەر پێکهێنانی لقی کوردی (الفرع الكوردی)  بدرێت کە دواتر ناونرا (فرع كردستان)، بەسەرکردایەتی  شەریف عوسمان ڕەنگەڕەزانی. زیاتر لەوە، ڕێگە درا بە لقی کوردی کە لە چوارچێوەی پرۆگرامی حزبی شیوعی عێراقیدا، پەیڕەوو پرۆگرامی تایبەت بەخۆی هەبێت. فەهد لە ڕاپۆرتی کۆنگرەی ١٩٤٥ ڕایگەیاند کە ((ئێمە برا کوردەکانمان ئاگادار دەکەینەوە کە پرسی نیشتمانی ئەوان بەستراوەتەوە بە پرسی ڕزگاریخوازی عێراقەوەو ئازادی کورد لە عیراقدا لە ڕێگەی بەڵێنە داگیرکاریە نهێنیەکانەوە سەرچاوە ناگرێت بەڵکو بە خەباتی هاوبەشیان لەگەڵ عەرەب لە پێناو تەواوکردنی سەربەخۆیی عێراق دەبێت))[١٣٢].

---

[١٣١] خالد حسين سلطان: صعود وسقوط الحزب الشيوعي العراقي، الراى اليوم، / https://www.raialyoum.com/index.php

[١٣٢] شەمال عادل سليم: بين قيادة شيوعية مترهلة ومتأمرين ...الضربة الغادرة في فرصة السطوع ٢، البديل العراقى، http://www.albadeeliraq.com/ar/node/2086

شیوعیە کوردەکان نەیاندەتوانی هەستی نەتەوایەتی خۆیان بشارنەوە لەناو حزبدا. هەر لە سەرەتای چلەکانەوە کەوتنە بگرەو بەردە لەگەڵ فەهد لەسەر پێکهاتەیەکی کوردی لە ناو حزبدا. بەڵام عەرەبەکان نەیاندەتوانی ئەو بیرۆکەیە پەسەند یان ڕەت بکەنەوە بەتەواوەتی. نەیاندەتوانی پەسەندی بکەن چونکە بەپێی باوەڕی لینینی نابێت دوو حزبی شیوعی لە وڵاتێکدا هەبێت هاوکات نەیاندەتوانی ڕەتی بکەنەوە چونکە کادیرە کوردەکان لە پلەو پایەی بەهێزدا بوون لەناو حزبدا. کەریم ئەحمەد سەرەتای بیرۆکەی حزبێک بە ناوی حزبی شیوعی کوردستان دەگەڕێنێتەوە بۆ وتوێژی خۆی لەگەڵ سەلام عادل کە سکرتێری حزب بووە لە (١٩٥٣-١٩٦٣) و عادل بە ئەحمەدی وتووە: ((ئەم بۆچونە پێدەگات و خۆی دەسەپێنێت لەگەڵ گەشەی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی کوردستاندا)). ئیدی لقی کوردی ناوەکەی گۆردرا بۆ ((ڕێکخراوی هەرێمی کوردستان)) (منظمة اقليم كوردستان للحزب الشيوعى العراقى))و لە حوزەیرانی ١٩٦٩دا یەکەمین کۆنفرانسی خۆیبەست. هەر لێرەوە وشەی ((هەرێم، اقليم)) هاتە نێو فەرهەنگی سیاسی کوردستان و دواتر کوردستانی باشور ناوەکەی بوو بە هەرێمی کوردستان لە١٩٩٢ .

لەدوای هەڵوشاندنەوەی ڕێکەوتنی نێوان بەعس و حزبی شیوعی، شیوعیەکان خۆیان دایە پاڵ شاخەکانی کوردستان و دەستیان دایە چەک لە دژی رژێمی بەعس. چونی حزبی شیوعی بۆ کورستان، بە خۆشی خۆیان بێت یاخود بە فشاری لایەنە کوردیەکان، ئەو حزبەی لە کێشەی حزبە سیاسیە کوردیەکان تێوە گلاند. ئەوە بوو توشی شکستێکی چەکداری سەخت بووەوە کاتێک (ی.ن.ک) لە گوندی پشتئاشان دەستیان بەسەر بنکەی سەرەکی ئەو حزبە گرت و زیاتر لە ٦٠ چەکدار و ئەندامیان کوژران. ئەم ڕوداوە هێزی چەکداری لەبەر ئەو حزبە بڕی و ئیتر لە حزبێکی عێراقی سەرتاسەری، بچوک بوو بۆ حزبێکی بچوکی چاو لە سیاسەتی حزبە کوردیەکان لە کوردستاندا. ئەوەی ئەو حزبەی هێندەی تر بچوک کردەوە، قەیرانی پیرۆسترۆیکا و هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی

سۆڤیەت بوو لە ١٩٩١، هەروەها هەڵبژاردنەکانی ١٩٩٢ی هەرێمی کوردستان بوو کە نایانتوانی کورسی پەرلەمانی لە هەڵبژاردنەکان مسۆگەر بکەن[١٣٣].

لە تەموزی ١٩٩٢ ڕێکخراوی هەرێمی کوردستان لە هەولێر دووەمین کۆنفرانسی خۆی بەست بە ئامادەبونی ١٠٦ ئەندام. لە بارودۆخێکی پڕ کێشەو ململانێدا لە نێوان لایەنگرانی دڵسۆز بۆ حزبی شیوعی عێراقی بە سەرکردایەتی عزیز محەمەد لە بەرامبەر لایەنگرانی سەربەخۆی و جیابونەوەی تەواوەتی لە حزبی شیوعی عێراقی بە سەرکردایەتی یوسف حنا (ئەبو حکمەت) کە سەرپەرشتی ڕێکخستنەکانی هەولێری دەکرد. ئەمانەی دوایی حزبی شیوعی عێراقییان بە نەیاری پرسی کورد دادەناو بە (عێراقچێتی)ناویان بردن و ئەنجامی کۆنفرانسەکە بە قازانجی سەربەخۆ خوازەکان کۆتایی هات. بەڵام سەرکردایەتی حزبی شیوعی عێراقی بەتایبەت عەزیر محەمەد، ئەنجامەکانی کۆنفراسی ١٩٩٢ی ڕەتکردەوەو بانگەشەکەرانی (حزبی شیوع کودستانی- سەربەخۆ) بە چالاکی کوتلەبازی و بەرتەسکی بیری نەتەوەیی لەقڵەمدا.

جارێکی تر لە ئازای ١٩٩٣ کۆنفرانسی نوێ بەسترایەوە تیایدا سەرجەم باڵە ناکۆکەکان هاتنەوە پێکەوە بەشداری کۆنفرانسیان کرد. سەربەخۆخوازان داکۆکیان لە ئەنجامی کۆنفرانسی پێشوو کردەوە بەڵام لایەنگرانی حزبی شیوعی عێراقی داکۆکیان لە هاوبەشیو هەماهەنگی لەگەڵ حزبی شیوعی عێراقی کردەوە. هەربۆیە ٥٧ نوێنەر هۆڵی کۆنفرانسیان بەجێهێشت و بێبەشداری ئەو گروپە حزبی شیوعی کوردستان–عراق ڕاگەیەنرا. سەربەخۆخوازەکانیش چونە دەرەوەی کۆنفرانس و بیانامەیەکیان بڵاوکردەوە بەناوی (حزبی شیوعی سەربەخۆ نەک پاشکۆ)، خۆیان ڕێکخست لەژێر ناوی پارتی کاری سەربەخۆی کوردستان PKSKلە ١٩٩٣/١٠/٢٢[١٣٤].

---

[١٣٣] خالد حسين سلطان: صعود وسقوط الحزب الشيوعي العراقي، الراى اليوم، / https://www.raialyoum.com/index.php

[١٣٤] شەمال عادل سليم: بين قيادة شيوعية مترهلة ومتأمرين ...الضربة الغادرة في فرصة السطوع (٣)، البديل العراقى http://www.albadeeliraq.com/ar/node/2144

هەر لەو ساڵەدا کۆنگرەی پێنجەمی حزبی شیوعی عێراقی گرێدراو عەزیز محمد دوای ٢٦ ساڵ دەستی لە سکرتێری حزبی شیوعی عێراقی کشاندەوەو لەبری ئەو حەمید مەجید موسا بوو بە سکرتێر کە بە خوێندکاری عەزیز محمد ناودەبرێت لە لایەنگری کاری تەوافقی و خۆگونجاندن، نەک هەڵوێستی سەربەخۆخوازانەی حزب. هەر بۆیە حزبی شیوعی عێراقی لە ئامادەیی عەزیز محەمەدا بوو بە پاشکۆی سیاسەتی حزبی شیوعی کوردستان نەک بە پێچەوانەوە[١٣٥].

مۆریس عایق قەیرانی ڕەوتی چەپ و حزبی شیوعیە عەرەبیەکانی لە چەند خاڵێکدا کورت کردۆتەوە کە زۆر گونجاوە بۆ حزبی شیوعی عێراقی و حزبی شیوعی کوردستان کە ئەمانەی خوارەوەیە:

پاشکۆیەتی حزبە شیوعیەکان بۆ سۆڤیەت کە سۆڤیەتیان کردبوو بە ڤاتیکانی بیری مارکسی لینینی. بە جۆرێک حزبە شیوعیەکان خۆیان کردبوو بە قسەکەر بەناوی سیاسەتی دەرەوەی سۆڤیەت و دورکەوتبونەوە لە هەڵسەنگاندن و تێگەیشتنی واقعی کۆمەڵگەکەی خۆیان. باوەڕی دۆگمایی: ڕێبازی مارکسی لە ڕێبازێکی فەلسەفی بۆ درککردن بە واقع و وەک ڕێبازێک بۆ هەڵسەنگاندنی مێژوو، گۆڕا بوو بە باوەڕێکی ووشک و بیرێکی فەلسەفی بۆ بەهانە هێنانەوە. بە واتایەکی تر دەقە مارکسیەکان بوون بە دقی ئاینی لاهوتی بە جۆرێک چووە پاڵ ریزبەندی ئاینەکان بەڵام خراپتر کە نە خوای هەبوو نەڕۆژی دوایی. ڕۆژئاواگەری: سۆسیالیزم بە هەموو شێوەکانیەوە پرۆژەیەکی ڕۆژئاوایی بوو. گواستنەوەی ئەم پرۆژەیە بۆ واقعی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی بە بێ گۆڕانکاری و دەستکاری، وایکرد حزبە شیوعیەکان لە جیهانێکی تر دەژیان نەک لە جیهانی خۆیان.

شمولی و گشتگیری: ئامادەنەبوونی دیموکراسی لە ناو حزبداو دەسەڵاتی رەهای سەرکردەی باڵا بەسەر حزبداو برینی ڕەگی وتوێژو و ڕای جیا کە دوری خستنەوە لە فرەیی و دیموکراسی، حزبی بەرەو دامەزراوەیەکی دکتاتۆری برد بە بێ ئەوەی بەرگەی ڕەخنەی ناوخۆیی بگرێت[١٣٦].

---

[١٣٥] خالد حسين سلطان: صعود وسقوط الحزب الشيوعي العراقي، الراى اليوم، / https://www.raialyoum.com/index.php

[١٣٦] موريس عايق: ازمةاليسارالعربي، الحوارالمتمدن،https://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=32382

## بەڵگەنامەی ژمارە( ٦٨)

## بەیاننامەی حزبی شیوعی عێراق

### بۆرای گشتی عێراق و عەرەب و جیهان

### میری نەخشەی کاولکردنی وڵاتەکەمان دەکێشێ

پاش ئەوەی هێزەکانی سوپا و ئەمن ناچاربوون لە پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆک بکشێنەوە، حکومەت دەستی کردووە بە جێبەجێکردنی نەخشەی نانەوەی پێشوی و بێ ئارامی لەکوردستاندا بەتایبەتی و لە عێراقدا بە گشتی، ئەویش بەوەی کە ئیدارە میریە مەدەنیەکانی بکشێنێتەوە، هەوڵی ئەوەدەداتبەتەماع خستەپێش و هەڕەشە و فریودانەوە، فشار بخاتە سەر فەرمانبەرو کارگوزارانی دەزگا میریەکان و خێزانە فێرکارەکانی زانکۆ و قوتابخانە ناوەندی و سەرەتاییەکانی پارێزگاکان بۆ ئەوەی بگوێزنەوە بۆ دەرەوەی ناوچەی ئۆتۆنۆمی. لەم دواییەشدا هانی قوتابیە عەرەبەکانی زانکۆی صەلاحەددینی پارێزگای هەولێری داوە کە بگوێزنەوە بۆ زانکۆکانی تر لە بەغداو لە موصل.

لەپاڵ ئەمانەشدا، بەپێی ئەو هەواڵانەی دزەدەکەن، ئەم جۆرە بڕیارانە پارێزگاکانی باشوری وڵاتیشیان گرتۆتەوە، لەهەمانکاتدارژێم دەسەڵاتی خۆی لە بەغداو لە هەندێ پارێزگای تردا بەهێزدەکات و، کۆسپیش دەخاتە بەردەم هاتوچۆی هاوڵاتیان و گواستنەوەی خۆراک و سوتەمەنی بۆ ناوچەی ئۆتۆنۆمی.

میری لە کاتێکدا ئەم هەڵوێستەی گرتەبەر کە نەیتوانی دەسەڵاتی بچەسپێنی و لەسەرڕێبازی سەرکوتکاریی خۆی بەردەوام بێت و پاش ئەوەی لە دەزگا ئەمنیەکانی بێ هیوا بووبوو، و بۆیڕوون ببوەوە کە کەسانی ناو سوپا ئامادەنین شەڕێکی شۆڤینیانەی نوێ دژ بە گەلی کوردستان و هێزەکانی بەرەی کوردستانی ئەنجام بدەن، و ڕژێم وای لێهاتبوو کە بە هۆی بارودۆخی بەردەوامی هەستانەوەی جەماوەرو ئاووهەوای ئازادی لە ناوچەکەداو قوڵتربوونی قەیران و کەنارگیریيڕژێم و قینی جەماوەر لێی، لە مانەوەی هێزە سوپاییەکانی لە کوردستان دەترسا.

ئەو هۆکارانەی پاڵیان بەڕژێمەوەنا ئەم کارە ئەنجام بدات، لە جەماوەرو لە بەرەی کوردستانی و لایەنەکانی شاراوە نیەو لە بنەڕەتدا دۆڕانی سیاسی سەریرڕژێم و ڕێبازە شۆڤینیەکەی و بێ توانایی و تەپینی هێزە ئەمنیەکانی دەگەیەنێت.

ئامانجی ئەم مانۆڕە نوێیە وەدەست هێنانی کات و گرد کردنەوەی وزە و توانایە بۆ پەلاماردانەوە لە داهاتوویەکی گونجاودا. ڕژێمی دەسەڵاتدار دەیەوێت لەڕێی سزادانیجەماوەرەوە بەڕاگرتنی کاروباریڕۆژانەی هاوڵاتیان و پەکخستنی کارە خزمەتگوزارییە مەدەنیەکان و ئیفلیج کردنی ژیانی ئابوری و پاشان سەپاندنی گەمارۆی ئابوریەوە، حاڵەتی بێزاری گشتی و هیوا بڕاوی و پشێوی بخوڵقێنێ و فشار بخاتە سەربەرەی کوردستانی تا ناچاربێت لەبەردەم مەرجەکانیرڕژێمدا چۆک دادات.

حکومەت لە پێناوی مانەوەی خۆیدا هەموو چەکێکی تاقی دەکاتەوە، و هەروەک جاران سڵ لەوە ناکاتەوە کە تاوانی نوێ دەرهەق بە گەلەکەمان ئەنجام بدات. بەڵام لەڕاستیدا بەم کردەوەیەی بەڵگەی نوێی پەککەوتەیی و داخورانی دەسەڵاتی و هەرەس هێنانی و وەلا چوونی حەتمی دەدات بەدەستەوە، گەلەکەیشمان بە عەرەب و کورد و کەمە نەتەوەیەکانییەوە سوورە لەسەر وەلانانی.

حزبی شیوعی عێراق باوڕی پتەوە بەوەی کە جەماوەر بەهێزو بازووییەکگرتووی دەتوانێ ئەم پلانەیرڕژێم پووچەڵ بکاتەوە، و بڕوای بەوە هەیە کە فەرمانبەرو کارگوزارانی دەزگا میریەکانو خێزانە فێرکارەکان، کەڕۆڵەی گەلەکەمانن، لە جێی کاری خۆیاندا دەمێننەوەو خزمەتی برا هاوڵاتیەکانیان دەکەن و موڵک و سامانی گەلەکەمان دەپارێزن.

حزبمان داوا لە بەری کوردستانی و لایەنەکان دەکات، لەم بارودۆخە ناسکەدا، بە ئەرکی سەرشانیان هەستن و بچنە ژێر باری مەسئولیەتیان و، دەست پێشخەری بکەن لە گرتنە بەریرێوشوێنی کاریگەری ئەوتۆ کە سەروەرییاسای و ئاسایش و ئارامی دابین بکات و هەموان کار بۆ

مسۆگەرکردنی بەشداری هاوڵاتیان لە بەڕێوەبردنی کاروباری خۆیان، لەڕووی دەربڕینی خواستی ئازادیان بە هەڵبژاردنی نوێنەرانیان بۆ ئەنجومەنی پارێزگاکان.

حزبمان لە کاتێکدا ئەمڕاستیانە دەخاتە بەردەمڕای گشتی عەرەب و جیهان، بە گەرمی داوا لە سکرتێری گشتی نەتەوەیەکگرتوەکان دەکات لەم بارە مەترسیدارە بکۆڵێتەوە و چارەسەری بکاو بیخاتە بەردەم ئەنجومەنی ئاسایش تا ئەوانیش بڕیار دەرکەن بۆ تاوان بارکردنی ئەم کردەوانەیڕژێم و دابینکردنی ژیانێکی ئاسودە بۆ گەلەکەمان. هەروەها حزبمان بە گەرمی داوا لە حکومەتانی دونیا، بە تایبەت حکومەتی وڵاتە دراوسێکانو لە گشت ڕێکخراوە مرۆییەکان دەکات،یارمەتی ماددی و بارچاو پێشکەش بە جەماوەری گەلەکەمان بکەن و لەو نەخشەو پیلانەڕزگاریان بکەن کە دیکتاتۆری کۆنەپەرست دژی ناونەتەوە.

حزبی شیوعی عێراق

٣ی تشرینی دووەمی ١٩٩١

## بەڵگەنامەی ژمارە (٦٩)

## نامەیەکی ناوخۆیی

## هاوڕێیانی بەڕێز لەکۆمیتەی پارێزگاکان

سڵاوێکی هاوڕێیانەی گەرم

هاوپێچ لەگەڵ ئەو نامە ناوخۆییەی لە١٩/٥دا بۆ بەڕێزتان ناردمان سەبارەت بە بەستنی کۆنفرانسی پارێزگاکان لەژێر سەردێری(لەپێناو سەرکەوتنی کۆنفرانسەکان و پتەوکردنی دیموکراسیدا) فەرمون لەگەڵ هەندێک دەستکاری کە مەکتەبی سیاسی لەژمارەیەک بڕگەدا کردووەنی:

بڕگەی شەشەم لەنامە ناوخۆییەکەدا کە تێیدا هاتووە ((کۆنفرانسی ڕێکخراوە بنچینەییەکان بەڕێژەی ١ نوێنەر بۆ ٢٠ ئەندامی ڕێکخراوە بنچینەییەکە، نوێنەر بۆ کۆنفرانسی پارێزگا هەڵدەبژێرن)) ئەمەی بۆ زیاد دەکرێ: (ئەم ڕێژەیە ڕێکخراوە بچوکەکان ناگرێتەوە، وەکو ڕێکخراوی دهۆک، لەوێ ڕێژەکە ١ نوێنەرە بۆ هەر ١٠ ئەندامی ڕێکخراوە بنچینەییەکە))

٢- کۆمیتەی پارێزگا مافی ئەوەی هەیە یەک نوێنەر لەهەر لیژنەیەکی تایبەتمەند، کە لیژنەکە خۆی هەڵی دەبژێرێ، بۆ کۆنفرانسی پارێزگا بانگ بکا.

٣- کۆمیتەی پارێزگا مافی ئەوەی هەیە هەندێ لەو هاوڕێ لاوانەی هەڵبژێردراون بۆ لیژنەکانی ڕێکخراوە بنچینەییەکان، بانگ بکات بۆ بەژداری لەکۆنفرانسی پارێزگادا، تا بەهرەمەند بن لەگفتوگۆکان، بەڵام مافی ئەوەیان نەبێت لەهیچ پرۆسەی دەنگدانێکدا دەنگ بدەن، هەروەها نابێ بگۆڕدرێن بۆ نوێنەری تەواو.

٤- بڕگەی حەوتەم بەم جۆرە چاک بکرێ و ببێتە (هەموو پرۆسەی هەڵبژاردنەکان لەکۆنفرانسی پارێزگاکاندا بە دەنگدانی نهێنی ڕاستەوخۆ دەکرێ و پێویستە پاڵێوراوەکە زۆربەی ڕەها وەدەست بهێنێ و سێ گێم ئەو پرۆسەیە دەکرێت. بۆ چارەسەرکردنی هەر کەم و کوڕیەکیش لەژمارەی نوێنەراندا بۆ کۆنفرانسی پارێزگاکان، کۆمیتەی ناوەندی ئیجرائاتی پێویست دەکات.

م.س حشک

١٩٩٦/٨/١٧

## بەڵگەنامەی ژمارە (٧٠)

## چالاکیەکانی لیژنەی پەیوەندی هەولێر

ڕوداوەکانی ١٩٩٦/٨/٣١ کاری لەڕەوتی پەیوەندیکردن و کۆبونەوەی دووقۆڵی و هاوبەشی حزبە کوردستانیەکان کرد، بێگومان لیژنەی پەیوەندی نیشتمانی پارێزگای هەولێری حزبیشمان دور نەبوو لەم کارتێکردنە، بەڵام لەم دواییەدا چەند چالاکیەکمان لەبواری پەیوەندی نیشتمانی نواندووە، وا لەخوارەوە پوختەی چالاکیەکان دەخەینەڕوو:

کۆبونەوەی هاوبەش لەگەڵ لقی هەولێری بزوتنەوەی دیموکراتی ئاشوری لەبەرواری ١٩٩٧/٢/٢٢ لەبارەگای ئەوان لەعێنکاوە ئەنجام درا:

تاکید لەگرنگی پەیوەندی دووقۆڵی ئەم دوو لایەنە کرایەوەو جەخت لەسەر ئەوە کرا کە پێویستە لەو بارودۆخە زۆر لەیەکتر نزیک بین و هەنگاوی بە کردەوە لەم بوارە باوییێن. هەردوولا مەترسی قۆناغی ئێستاو ئامادەباشی لەشکری (پدک و ینک)مان هەڵسەنگاندو لەکۆبونەوەکە ڕایەک گەڵاڵە بووە لەسەری ڕێککەوتین، ئەویش نوسینی یاداشتنامەیەک بۆ (م.س) هەردوولا تاکو لەگەڵ حیزبە کوردستانیەکانی تر، هەوڵبدەن بۆ پەیوەندیکردن بە دەوڵەتانی چاودێری ڕێککەوتنی ئەنقەرە تاکو جەخت لەسەر (پدک و ینک) بکەن بۆ خاوکردنەوەی دۆخەکەو پەلەکردن لەخاڵەکانی ڕێکەوتنی ئەنقەرە.

کۆبونەوەیەکی هاوبەش لەگەڵ مەڵبەندی هەولێری یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لەبەرواری ١٩٩٧/٢/٢٥ لەبارەگای ئەوان لەهەولێر تاکید لەسەر گرنگی پەیوەندی هەردوولایەن کرا.

مەترسی قۆناغی ئێستا و ئامادەباشی (پدک و ینک) و شەڕفرۆشتن کرا.

هەمان پێشنیارمان خستەڕوویان کە لەگەڵ برادەرانی بزوتنەوەی دیموکراتی ئاشووری باسمان کردبوو، دیاربوو ڕازی بوون لەسەری و دوو یاداشتنامە ئاراستەی (م.س)ی هەردوولا کرا.

تاکیدی لەسەر پڕۆگرامی خۆیان دەکرد وەکو حزبێکی ئیسلامی.

پرسیاریان لەمەڕ بارگرژی ڕاگەیاندنی ئێمە و پارتی کرد.

هەست دەکەین بە گەرمی پێشوازی لە پەیوەندیکردنمان دەکەن.

سەردانێک بۆ بارەگای حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەبەرواری ١٩٩٧/٣/١ لەهەولێر

لەلایەن کاک تەیمور پێشوازی کراین

نیگەرانی خۆیان دەربارەی دۆخی ئێستای کوردستان دەربڕی

بێزاری خۆیان لەکاری تیرۆرستی دەربڕی کە لەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکێتی دەرهەق بە هەڤاڵان و لایەنگرانیان ئەنجام دەدرێت.

نیگەرانن لەهاوکاری نهێنی(ینک) لەگەڵ اطلاعاتی ئێرانی دەربارەی ئەم مەسەلەیە.

زانیاریان هەبوو کە اطلاعاتی پیرانشهر سەردانی هەڵەبجەی کردووە.

بریاریان داوە ئەگەر ئێران بێتە ناوخاکی کوردستان بۆ ڕاونانی ئەوان، ئەوا بەرگری چەکداری لەخۆیان دەکەن.

خۆشحاڵن بەو پەیوەندیە پتەوەی لەنێوان ئێمە و ئەوان هەیە.

گوتیان ئێمە پەیوەندیمان لەگەڵ بەغدا هەیە بەڵام جەختی لێ ناکەین بۆ ئەنجامدانی کاری وا کە لەبەرژەوەندی ڕژێمی بەغدا بێت وە ئێمەش قبوڵی ناکەین ئەگەر بەغدا داوامان لێ بکات، بەڵام بەداخەوە (پدک و ینک) لەو مەسەلەیە ویستیان زۆر لاوازە.

کۆبونەوەیەکی دووقۆڵی لەگەڵ P.K.K لەبارەگای ئەوان لەبەرواری ١٩٩٧/٣/٢

هەردوولامان ڕێکەوتین لەسەر گرنگی پتەوکرنی پەیوەندیمان و بەرەوپێشبردنی و ئەنجامدانی کاری هاوبەش لەسەر ئاستی بنکەی حزبیش، لەبەر نزیکیمان لەیەکتر لەبارەی ئایدیۆلۆجی و پێویستی قۆناغی ئێستای ئەزمونەکەمانە، زۆر گەرم بوون لەپتەوکردنی پەیوەندیەکانمان و ئامادەی خۆیان نیشاندا یارمەتی حزبمان بدەن لەهەموو بوارێک.

دەربارەی پڕوپاگەندەی ڕفاندنی مندالان لەلایەن ئەوانەوە گوتیان: ئێمە حزبێکی تێکۆشەڕین، هیچ کەسێک بەبێ ویستی خۆی لە ڕیزی خۆمان قبوڵ ناکەین، ئێمە حزبێکین خەباتمان لە کوردستانی باکورە، بەڵام خەبات لە پارچەکانی تری کوردستانیش بە ئەرکی خۆمان دەزانین بۆیە خەڵکی پارچەکانی تری کوردستانیش لە ڕیزەکانی خۆمان قبوڵ دەکەین.

لەبەرواری ١٩٩٧/٣/٣ (P.K.K) پەیوەندیان پێوەکردین کە فەرهاد ئۆج ئالان دەیەوێت چاوی پێمان بکەوێت، بۆ ئێوارە لەبارەگای ئەوان کۆبوینەوەیەکی ترمان لەگەڵ ئەنجامدان

لەدرێژی قسەکانی فەرهاد اوجلان نیشانەی بە چەند باسێک کرد

دووپاتی پتەوکردنی پەیوەندیەکانی کردەوە

داکۆکی لەیەکخستنی خەڵکی کوردستانی عێراق لەڕیزەکانی خۆیان دەکرد

دەیگوت (پدک و ینک) زۆر بە بەرتەسکی سەیری مەسەلەکان دەکەن

دەیگوت ئێمە خەباتمان کوردستانی باکورە، بەڵام ڕێگا بە پدک و ینک نادەین ئەم ئەزمونەی ئێستا تێک بدەن.

پێویستە بە یەک چاو سەیری بەغدا و تاران نەکرێت.

تاوەکو ٨/٣١ دەگوترا هەردوولا گوناهبارن ڕاستەیەکی تێدا بوو، بەڵام دوای ئەم بەروارە شتەکان گۆڕان، ئێمە و پارتی وەکو یەک تاوانبار نین!

نووسینەکەی هـ کەریم کە شەڕەکەی بە شەڕێکی اقلیمی لەقەڵەم دەدات غەدرێکە لەئێمە دەکرێت.

لەولامدا گوتمان:

ئێمە پەیوەندیمان بە هیچ دەوڵەتێک نیە.

ئێمە بێ لایەنی خۆمان لەشەڕی ناوخۆ دەپارێزین.

دەربارەی وتوویژ هەڵویستمان ئاشکرایە

لەو قۆناغە هەوڵمان لەپێناو ئاشتبونەوەی گشتیە

بەژداریمان لەحوکم بەژداریەکی ڕەمزیەو بۆ دورخستنەوەی پارتیە لەڕژێم و بۆ ئاشت بوونەوەی گشتیە و بەبێ بەرنامەیەکی داڕێژراو بەژداریمان لەحوکم کرد وە هۆکاری تریش هەیە کە نامانەوێت ئەزموونی ساڵی ١٩٧٨ دەرهەق بە حزبمان دوبارە ببێتەوە

تێبینیمان لەسەر ڕێکەوتنی ئەنقەرە هەیە بەڵام سەرجەم بە ڕێکەوتنێکی باشی لەقەڵەم دەدەین.

پێمان وایە دەوڵەتە هەرێمایەتیەکان جێگادەستیان بە ڕووت و ئاشکرای دیارە لەسەر شەڕی ناوخۆ.

## بەڵگەنامەی ژمارە (٧١)

## برایانی بەڕێز لەسەرکردایەتی پارتی کرێکارانی کوردستان

بیرەوەری دامەزراندنی (١٩) ساڵەی حزبە تێکۆشەرەکەتان بە دەرفەت دەزانین بۆ پێشکەش کردنی گەرمترین پیرۆزبای وە هیوا دەخوازین هەمیشە سەرکەوتوبن لەخەباتدا بۆ وەدەسهێنانی مافە ڕەواکانی گەلی کوردستانمان لەهەرێمی باکوردا.

بەم بۆنەیەوە پشتگیری و هاوکاری خۆمان دوپات دەکەینەوە لەخەباتی گەلەکەمان لەهەموو پارچەکانی کوردستاندا وە خەباتی پارتی کرێکاران بۆ بەدیهێنانی مافە ڕەواکانی گەلی کوردستانی تورکیا.

لەم هەل و مەرجە ئاڵۆزەدا بە پێویستی دەزانین هەموو لایەکمان لەبزاڤی ئازادیخوازی گەلی کوردستان ڕێز لەبیرو بۆچونی بەلەجیاوازەکان بگرین و وەخۆمان لەهەموو کارو کردەوەیەک دور بخەینەوە کە زیان بە خەباتی پارچەکانی کە دەگەیەنێ وە دەبێ ئەزموونی کوردستانی باشور بە هەموو لایەکمان پارێزگاری لێ بکەین.

لەگەڵ ڕێزماندا...

مەکتەبی سیاسی

حیزبی شیوعی کوردستان – عێراق

## بەڵگەنامەی ژمارە (٧٢)

## لەچالاکیەکانی لیژنەی پەیوەندیەکانی سلێمانی ٣/٦ تا ٥/٥ ی ١٩٩٨

## ئەم چالاکیانە ئەنجام دراوە: -

٣/١٧ بەژداری کرا لەئاهەنگی ڕۆشنبیری جەماوەر بە بۆنەی یادی دە ساڵەی شەهیدانی هەڵەبجە.. بروسکەی حزبمان پێشکەش کرا..

٣/١٨ سەر لەبەیانی ئامادی کردنەوەی پێشانگاو چالاکیەکانی قوتابخانەی پێشڕەوبووین..

٣/٦ هاوڕێیانی پەیوەندیەکانی قەرەداغ (وەستا صلاح، مامۆستا عمر، برهان) سەردانی بەڕێوبەری ناحیە (بەڕێز کمال ئەشرەف قارەمان)یان داو، تەوەری باسەکان: -

پەیوەندی نێوان هەردوولائەو گیروگرفتانەی لەناوچەکە دروست دەبێ بە تایبەت کێشەی زەویدارو جوتیاران... بە پشت بەستن بە یاسا و دوورکەوتنەوە لەکاری فەردی ئاوەدانکردنەوە قەرداغ و کێشەی ئاو و کارەبا هەندێ باسی تر بۆ بەهێزکردنی پەیوەندی هەردوولا بە مەبەستی باشکردنی خزمەتگوزاری لەناوچەکە

لەڕۆژی ٣/١٠ هاوڕێیانی پەیوەندیەکانی قەرەداغ سەردانی بەڕێز بەڕێوبەری ئاسایشی قەرەداغیان کرد... تەوەری باسەکانی نێوان هەردوولا: -

چارەسەرکردنی کێشەکان لەڕێگای یاساوە

لەگەڵ دابین کردنی ئاسایش و بەرقەرابوونی لەناوچەکە ئازادی سیایش هەبێت.

کێشەی دڕاندنی پۆستەرەکانی حزبمان و ئافرەتان و ژنان... و لێپرسینەوە و لێکۆڵینەوە لەسەری. بەڕێز بەڕێوبەری ئاسایش بەگەرمەوە گوێی بۆ پێشنیارەکان گرت، سوپاسی پێشبینیەکانی کرد بە هاوکاری کردنیان.

٣/١٨ پێشوازی کرا لەهاولاتیەکی کوردستانی ئێران بەناوی (جهانگیری هاشمی) بە سیفەتی تێکۆشەڕێکی ڕێگای ڕزگاری چینی کرێکاری و زەحمەتکێشان بە مەبەستی داکۆکی کردن لەمافی مرۆڤ.. لەووتەیەکدا وتی کە لەیادی کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجەدا... من بە ڕێپێوان لەپێناوی

چەسپاندنی ئاشتیدا ئەم ڕێپێوانە ئەکەم و دەچمە هەولێریش.. یەکەم شوێن لەهەڵەبجەوە هاتومەتە ئێرە... و داخوازی پێشکەش بە UN و مافی مرۆڤ و حزبەکان کردووە..

ڕۆژی ٣/٢٨ نوێنەرمان بەژداری یەکەمین کۆنفرانسی خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی کرد.. کە بریتی بوو لەدوو بروسکەی بەڕێز مام جەلال و حزب و لایەنەکان، دیراسەکردنی بەرنامە و پەیڕەوی ناوخۆی ڕێکخراوەکە.

لە٣/٢٨ سێی پاش نیوەڕۆ ئامادەی ئاهەنگی چوارساڵەی دامەزراندنی حزبی بزوتنەوەی دیموکراسیخوازان بوین و تێیدا بروسکەی حزب خوێندرایەوە

هاوڕێیان پێشوازیان کرد لەوەفدی سەندیکای کارمەندانی تەندروستی (دەستەی دامەزرێنەر)، تەوەری باسەکان: -

چۆنیەتی دەستبەکار بوونی

داواکردنی نوێنەر لێمان

خۆئامادەکردن بۆ هەڵبژاردن

ئامادەبوون لەیادی شەهید بوونی (محمد باقر الحكيم) لەسلێمانی.

سەردانی پێشانگای (ئاشتی و شارستانیەتی) لەهۆڵی مۆزەخانە لەبەرواری ٤/١٤.

٤/١٤ لەگەڵ هاوڕێیانماندا، هاوڕێیانی لیژنەی پەیوەندیەکانی کەرکوک سەردانی پێشانگای (قوتابخانەی ئاوارەکانی کەرکوک)یان کرد لەیادکردنەوەی ڕۆژی ئەنفال

٤/١٩ بەژداریم لەناشتنی تەرمی هەردوو شەهیدی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری(شاپور و قابیل) دا کرد.

ڕۆژی ٤/٢٠ ووەفدی کۆمیتەی حزبمان و کەرکوک بەژداریان لەپرسەی هەردوو شەهید شاپور عبدالقادر و قابیل عادل دا کرد لەهۆڵی ژووری بازرگانی و مزگەوتی حاجی حسن.

٤/١٤ سەردانی مەکتەبی ناوەندی کاروباری و باری کۆمەڵایەتیان کرد بۆ پیرۆزبای لە بەڕێز بەکری حاجی سەفەر وەکو لێپرسراوی ئەو دەزگایە

کاتژمێر ١٠ی سەر لەبەیانی ٤/٢٨.. وەفدێکی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان - مەڵبەندی سلێمانی کە پێکهاتبوون لەبەرێزان(کاک عمر سید علی، شێخ محمد،

معتصم، دلێر) سەردانی بارەگای حزبمانیان کرد و لەلایەن هاوڕێیانی لیژنەی پەیوەندیەکانی حزبەوە بەگەرمی پێشوازیان لێکرا. شایەنی باسە هاوڕێ مەلا حەسەن و مامۆستا علی بەژداری کۆبونەوەکەیان کرد، تەوەری باسەکان بریتی بوون لە: -

بەهێزکردنی پەیوەندی هەردولا و بەپێویست زانرا کە زوو زوو ئەم کۆبونەوانە ئەنجام بدرێت.

بەدرێژی باس لەباردۆخی کوردستان و ناوچەکە کرا.

گۆڕینەوەی بیروڕاو هاوتاکردنی هەوڵەکان دژ بە تیرۆرو کاری توندڕەوی.

مەسەلەی پڕۆسەی و ئاشتی و هەوڵی هاوڕێ عزیز محمد.. و کاری جەماوەری

دانیشتەکانی هەردوولا (ینک، پدک)و ئاکامەکانی و بەجێهێنانی مەسەلەهەنوکەیەکان و چارەسەرکردنیان (کۆتای بەشەڕی هەردوولا و اعلام، بەربونی حەپسەکان، هاتوچۆکردن و کارەبا و خزمەتگوزاری و بەجێهێنانی بڕیاری ٩٨٦).

ڕۆژی ٤/٣٠ هاوڕێیانمان لەئاهەنگی کرێکارانی کارگەی جلوبەرگی سلێمانی ئامادەبوون.. و بروسکەی حزب خوێنرایەوە.

لەیەکی ئایاردا هاوڕێیان لەزرگوێز ئامادەی ئاهەنگی هاوڕێیانی کۆمەڵەی کرد کە بەو بۆنەیەوە گێڕرا.

هەر لەیەکی ئایاردا هاوڕێیان ئامادەی ئاهەنگی ئایاریانکرد لەهۆڵی ڕاپەرین لەلایەن سەندیکای کرێکارانی کوردستان سازدرابوو.

لەکۆتای مانگی چواردا لەسێ کۆبونەوەی هاوبەشی حزبەکان(کۆمۆنیستی کرێکاری، سۆسیالیست، یەکێتی نیشتیمانی، زەحمەتکێشان، حزبی کاردا) کرد لەبارەگای حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق. بە مەبەستی پێ هەڵسان بەڕێڕەو دژی تیرۆر، شایانی باسە ئێمە لەگەڵیان پێکنەهاتین لەسەر ئەوەی کە بەناوی حزبەکانەوە پێی هەڵنەسین بەڵکو بەناوی ڕێکخراوە جەماوەریەکانەوە بێت.

ڕۆژی ٥/٥ هاوڕێیانمان بەژداری کردنەوەی پێشانگای کۆمەڵی هونەرمەندانی بووین تایبەت بە ئەنفال کرابۆوە.
هاوڕێ م. مجید ئامادەی ئاهەنگی یادی پەنجا ساڵەی یەکێتی قوتاییانی گشتی عێراق بوو لەهۆڵی ئازادی.
شایانی باسە کە هاوڕێیانی لیژنەی پەیوەندیەکانی حزبمان بەژداری زۆری پرسەو سەردانی کەسایەتیەکانی شاریان کردووە.
* ئەم بەژداریانە هاوڕێیانی لیژنەی پەیوەندیەکانی کۆمیتەی پارێزگا بریتی بوون لەهاوڕێیان (صحبی مهدی، ئازاد حمدی، عثمان کریم، م.مجید، عەتا) کە بەپێی پێویستی لەو سەردانانە بەشداریان کردووە.

## بەڵگەنامەی ژمارە (٧٣)
## نامەیەکی ناوخۆی

بۆ هەموو لیژنە حزبیەکان

سڵاوی هاوڕێیانەتان لێبێت....

کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی کوردستان -عێراق، کۆبونەوەیەکی تایبەت بە بواری ڕێکخستن و چالاکی ڕێکخراوە حزبیەکانی لەم ماوەیەی دواییدا بەست، هەوا خشتەی کارەکان و پڕۆژەی نامەیەکی ناوخۆی سەبارەت بە خۆسازدان بۆ کۆنگرەی دووەمی حشکی بە خۆوە گرت.

لەبواری ڕێکخستندا، دەستە سەرکردایەتیەکانی حزب بەپێی ڕێنماییەکانی حزبمان کە لە کۆبونەوەیەکانی(ک.ن) بڕیاریان لەسەر درابوو، چالاکیەکانی خۆیان ئەنجام داوە. هەروا ئەو دەستە سەرکردایەتیە توانیان کارەکانیان بەرنامە بکەن بەپێی پلان و ڕێنماییە ناوەندیەکانی ڕێکخستن. هەروا کۆبونەوەکانیان ڕێکوپێک بوون و چەندین کۆبونەوەی چلۆنایەتی لە بواری ڕێکخستن و جەماوەری و گرنگیدان بە کارکردن لەناو ئافرەتاندا ئەنجام داوە، هەروا ڕاپۆرت لەم بوارانەدا پێشکەش کراوە. لە پارێزگاکانیش چەندین کۆبونەوەی فراوان بۆ هەمان مەبەست بەستراوە. هەروا شێوازی ئیشرافاتی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ بەپێی خشتەیەکی داڕێژراو چاکسازی تێداکراو، چاودێری حزبی لەسەر زۆربەی ڕێکخراوەکان زیادکراو لە ڕووی پەیڕەوکردنی پرەنسیپە ناوخۆییەکان لە ژیانی حزبدا هەست پێ دەکرێت لە بواری چارەسەرکردنی گرفت و سلبیات کە دێنە ڕێگای هەندێک دەستەو کەم بوونی ئامادەنەبوون لە زۆربەی دەستە حزبیەکانداو هەروا چاکبونێک بەدی دەکرێت لە بەستنی کۆبونەوە ڕۆشنبیریەکان کە بەپێی خشتەیەک لە لایەن لیژنەی پارێزگاکانەوە داڕێژراوە، پەیڕەودەکرێت. هەروا لە هەندێک پارێزگادا خولی حزبی کورت ئەنجام دراوە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی سیاسی و فکری و ڕێکخستنی هاوڕێیان، کۆبونەووکەی (ک.ن) بە دڵخۆشیەوە تێبینی ئەو هەوڵە چاکانەی دەستە حزبیەکانی کرد، بۆ پەیداکردنی دۆست و پێکهێنانی بازنەی دۆستان بۆیان و بەستنی کۆبونەوەی ڕێکوپێک لەگەڵیاندا و پاڵاوتنی دۆستان هەر لەم بازنانەوە.

هەروا بەدواداچونی دابەشکردنی ڕۆژنامە دەکرێت و تێبینی پێشکەوتنێک لە بواری زیادبوونی دابەشکردنی دەبینرێ. هەروا چارەسەری پەیوەندیە تاکەکەسیەکان کراوە و دەستە حزبیەکان هەوڵێکی بەردەوامیان داوە لە پێناو پێشخستنی شێوازی کۆکردنەوەی ئابونەو پیتاک و پێشکەشکردنی خشتەکانی دارایی لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا، بەڵام هێشتا بە ئاستی پێویست نەگەشتووە، چونکە هێشتا داهاتی (الوارد) ئابونە و پیتاک ناکاتە ڕێژەی ٨٪ی مەسروفات، واتە بەڕێژەیەکی سەرەکی پشت بە داهاتی حزب دەبەسترێت. هەروا لە بواری کاری جەماوەریدا، چاکبونێک بەدی دەکرێت لە کاری تایبەتمەندیەکان و ئەو هاوڕێیانەی لە بواری دیموکراتی و پیشەیدا کاردەکەن، کە کۆبونەوەی تایبەت دەبەسترێت و بەدواداچونی چالاکیەکانیان و ڕۆڵیان لە بڵاوکردنەوەی سیاسەتی حزبدا دەرکرێت.

هەروا لە ئاستی کوردستاندا چەندین کۆنفرانس لە بواری کرێکاری و جوتیاری و مامۆستایان ئەنجام دراوە، کە نوێنەری پارێزگاکان ئاماد رەبوون و گفتوگۆی تێر و تەسەل لەسەر ڕۆشنای ڕاپۆرتەکان لە کۆنفرانسدا کراو چەندین بڕیار و ڕێنمایی دەرکران و بڵاوکرانەوە بەسەر ڕێکخراوەکاندا. هەروا لە کۆبونەوەی (ک.ن) لە دوای گفتوگۆ لەسەر ڕێکخست، بە دڵخۆشیەوە تێبینی ئەوە کرا کە ڕێکخراوە حزبیەکان لە بارودۆخێکی نیمەچە ئاسوودەیدا کاردەکەن و دەستیان بە جوڵەی چالاکانە کردووە لە ناو جەماوەردا لە بواری جۆراوجۆری سیاسی و ڕاگەیاندن و پیشەیی و هەروا بەڵگەی ڕوون هەیە لەسەر ئەم مەسەلەیە، لەوانە:

١-چەندین کۆڕی جۆراوجۆر لە ناوچەکانی کوردستان ئەنجامدراوە و ژمارەیەکی بەرچاوی جەماوەر ئامادەبوون تیایدا و سیاسەتی حزب پشتگیری لێ کراوە.

٢-ئاهەنگەکانی بە بۆنەی جۆراوجۆر ئەنجامدراون، جەماوەرێکی زۆر بەژداری تێدا کردوون.

٣-هەڵمەتی ئەم داواییەی کۆکردنەوەی ئیمزا لە پێناو سەقامگیربوونی ئاشتی لە کوردستاندا، ڕاستی سیاسەتی حزبمانی لەم بواردا دەرخست، لەڕێگای ئەو کۆکردنەوەو پشتگیریە چڕوپڕە، سیاسەتی حزبمان لە لایەن جەماوەرەوە پەسەندکرا.

٤-لە بواری چالاکیە جوتیاریەکاندا، هاوڕێیانمان ڕۆڵی دیارو بەرچاویان هەبووە لە سەرخستن و چارەسەرکردنی گیرگرفتەکانی جەماوەری جووتیاراندا.

٥-پێشکەوتنێکی بەرچاو لە بواری لاوان و قوتابیاندا بەدی دەکرێت، لەڕێگای پێکهێنانی تیپی وەرزشی و هونەری و جوڵەو چالاکی قوتابیبان بە تایبەت لە زانکۆی سەلاحەددین دا. هەروا بەژداری کردن لە پالاکیە کۆمەلایەتی و سیاسیەکاندا.

سەرەڕای ئەم سەرکەوتنانەی ئاماژەی پێکرا، بەلام ڕێکخراوە حزبیەکان هەندێک تەگەرەو گرفت دێتە ڕێگەیان کە پێویستیان بە چارەسەرکردن هەیە.

* گرنگترین هۆکارەکانی کە دەبنە هۆی دروستبوونی گرفتەکان لە حزبدا، لاوازی کادیری ناوەندییە لە ڕووی ژمارەو ئەزمونەوە، بەهۆی دوربوونی ژمارەیەکی بەرچاوی کادیرە کۆنەکان لەبەر هۆکاری جۆراوجۆر، هەروەها پیادەکردنی چارەسەرێکی چەوت لە هەڵبژاردن و دیاریکردنی کادیر، کە بۆتە هۆی داکەوتن و گەشەنەکردنی توانستی ئەم کادیرانە، لەوانە:

آ-لاوازی ئاستی فکری، بەهۆی گرنگی نەدات بە بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری.

ب-چەسپاندنی پێوەری چەوت لە بارودۆخی دەگمەندا کە نەمانتوانیوە لێیان ڕزگاربین، وەک پەیڕەوکردنی شێوازی مەکتەبی لە ڕاپەڕاندنی بڕیارەکاندا و تەنها دەرکردنی ڕێنمایی.

ج-لاوازی پەیوەندی کادیرانی حزب بە جەماوەرەوە، کە دەکرێت بڵێین لە هەندێک ڕێکخراودا هەر نیە، بۆیە ئەم کادیرە کۆسپ دێتە ڕێی لە تێگەیشتنی مەزاجی جەماوەر و نەفسیەتی خەڵک، هەروا دەبێت ئاماژە بۆ هێزی حزب بکەین

کە تەنها بە زۆری ئەندامانی حزب نیە، بەڵکو بەستراوە بە هۆشیاری فیکری و تێگەیشتنی سیاسی و چالاکی ئەندامەکانی و نزیکیان لە جەماوەرەوە، بۆیە دەکرێت کادیر پەروەردە بکرێت بەسەر گرنگیدان بەخۆی بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی فکری و دۆزینەوەی شێوازی نوێ بۆ چۆنیەتی تێکەڵبونی لەگەڵ جەماوەر.

* هێشتا شانە حزبیەکان پێویستیان بە چاککردنی کارەکانیان هەیە لە بواری پەیوەندی کردن بە جەماوەرەوە، هەریەکێک دەبێ بڕیاری گونجاو وەربگرێت لە بواری کارکردنی خۆیدا و دیراسەکردنی داخوازیەکانی جەماوەرو داڕشتنی بەرنامە بۆ چۆنیەتی هاندانی جەماوەر بۆ داواکردنی داخوازیەکانی خۆی.

* شانەی پاڵێوراوان پێویستی بە گرنگی پێدانی زیاتر هەیەو هەروا دەستنیشانکردنی کەسانی لێهاتوو بۆ سەرکردایەتی کردنیان و داڕشتنی بەرنامەی تایبەت بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی فکری و سیاسی و ڕێکخستنی هاوڕێیان و پێشکەشکردنی ڕاپۆرتی مانگانە دەربارەی چالاکیەکانیان بۆ دەستەکانی سەرکردایەتی. هەروەها پەیداکردنی توانستێکی فیکری باش و ڕونکردنەوەی ڕێبازی حزب و گرنگی دان بە جیاوازی نێوان ڕێبازی ئێمەو بۆچونەکانی ئەو ڕەوتانەی کە پڕوپاگەندەی چەپ دەکەن، کەوا بانگەشە بۆ مارکسیزم دەکەن و لە ناوەڕۆکیشدا شێواندنیەتی.

* دەکرێت سوود لە هاوڕێ خاوەن ئەزمون و ناسراوەکان لە ناوخەڵکدا وەربگیرێت لە هەوڵدان بۆ پەیداکردنی دۆستی نوێ و پاڵاوتنیان بۆ ڕێکخراوە حزبیەکان بە پێی بەرنامە و ڕێنمایەکانی حزب.

* گرنگیدان بە پاڵاوتنی لاوان، بەتایبەتی لە بواری کرێکاران و ئافرەتان و قوتابیان دا.

* کارکردن بۆ پێکهێنانی دەستەی چالاک لە بواری کرێکاراندا بۆ پەروەردەکردنی کادیری کرێکاری کە لە یاسا کرێکاریەکان و شێوازەکانی کارکردنی سەندیکایی بزانێت و هەروا گرنگیدان بە داخوازیەکانی کرێکاران و برەودان بە کارکردن لە نێو کرێکاری کارگە و پڕۆژە گەورەکان دا و هەوڵدان

بۆ کارکردن لە نێو کرێکارانی خزمەتگوزاری و داڕشتنی بەرنامەی پێویست بۆ ئەم مەبەستە.

*گرنگیدان بە ناوچە گوندنشینەکان، کە جەماوەری حزبی تێدایەو حزبمان لەوێدا ناسراوە و میللەتی هەیە بۆ پەروەردەکردنی کادیر لە نێوانیانداو ڕێنمایکردنیان بۆ پێکهێنانی چەند پێگەیەک لە گوندەکانی دراوسێیاندا.

* دەستنیشانکردنی ناوچە لادێییەکان و کۆمەڵگاو ئۆردوگاو قەزاو ناحیەو کارگەو قوتابخانەکان ئەوانەی کە ڕێکخراوی حزبمانی تێدا نیەو داڕشتنی بەرنامەی کردەی بۆ چۆنیەتی گەیشتن بەم جێگایانە و پەیوەندی کردن بە کەسەکان و زانینی داخوازیەکان و گرفتەکانیان، هەروا کارکردن بۆ پەیداکردنی حزبی و دۆست لەوێ دا و گواستەوەیان بۆ ڕێکخراوە حزبیەکان، ئەم کارەش پێویستی بە بەردەوامی بەدواداچوون هەیە.

* بەهێزکردنی دەستە حزبیەکانی قوتابیان بە کادیری ڕۆشنبیرو گواستنەوەی قوتاییان بۆ ئەم دەستەیەو گرنگی دان بە چالاکیەکانی قوتاییان لە ڕووی داخوازیەکانیانەوە.

* گرنگیدانی زیاتر بە چالاکی دیموکراتی و پیشەیی لە قەزاکان و هەروا گرنگی زیاتر بە بەدواداچوونی چالاکی شیوعیەکان لە بواری کاری دیموکراتی و پیشەی دا.

تێبینی/جەخت لەسەر دیراسەکردنی ئەم بەرنامەیە دەکەینەوە لە هەموو لیژنە حزبیەکانداو هەروا ئاماژە بکرێت بەم دیراسەکردنە لە کۆنفرانسەکاندا.

کۆمیتەی ناوەندی
حزبی شیوعی کوردستان –عێراق
کۆتای ئایاری ١٩٩٨

## بەڵگەنامەی ژمارە (٧٤)

## ڕاگەیاندنی هەشتەمین کۆنفرانسی ڕێکخراوەکانی پارێزگای سلێمانی

## حزبی شیوعی کوردستان – عێراق

لەژێر دروشمی (لەپێناو پتەکردنی ڕێکخستنەکانی حزب و فراوانکردنی پێگە جەماوەریەکەیدا) و لەکەشوهەوایەکی هاوڕێیانە و پڕ لەحەماسدا بە چاودێری هاوڕێ (کەریم احمد) سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی کوردستان و بە ئامادەبوونی ئەندامانی هەردوو مەکتەبی سیاسی حزبی شیوعی عێراق و حزبی شیوعی کوردستان و سکرتێری لیژنەی چاودێری ناوەندی حزبی شیوعی کوردستان بە بەژداری نوێنەرە هەڵبژێردراوەکانی سەرجەم ڕێکخراوەکانی پارێزگا لەڕۆژانی ٢٣ و ٢٤ی تەمموزی ١٩٩٨دا کۆنفرانسی خۆیان سازکرد.

سەرەتای کۆنفرانسەکە تێکڕای هاوڕێیان بۆ ڕێزلێنان لەو هاوڕێ گیان بەختکردوانەی کە لەنێوان هەردوو کۆنفرانسا ڕیزەکانیان جێهێشتین و ماڵ ئاواییان لێکردین و ئاڵایان دایە دەست ئەوانەی دوای خۆیان و بۆ ڕێزلێنان لەسەرجەم شەهیدانی ڕێگای گەل و نیشتیمان، کۆنفرانسەکە پاش خولەکێک بێ دەنگی و ڕاوەستان دەستی بە کارەکانی کرد.

لەماوەی دوو ڕۆژدا بە پێی بەرنامەیەکی دارێژراو و پەسەند کراو لەلایەن کۆنفرانسەوە و لەکەش و هەوایەکی هاوڕێیانەدا، کە دیموکراسیەت و گوێگرتن لەبیروڕای بەرامبەر بەتەواوی پەیڕەو کرا، هەر هاوڕێیەک بە ئازادانە گوزارشتی لەبیروڕای خۆی کردو هەموو ئەو ڕاپۆرتانەی کە ئامادەکرابوون بۆ کۆنفرانیش هەر لەڕاپۆرتی (سیاسی و جەماوەری و ڕاگەیاندن و پێشمەرگایەتی و فکری و ڕێکخستن و دارایی) و تێکڕای بەڵگەکان بە چاوی ڕەخنەگرانە دەوڵەمەند کران. هەروەها بە پەرۆشەوە لەپرۆسەی ئاشتی و داکۆکردن لەبەرژەوەندیە جۆر بە جۆرەکانی پارێزگا و گەلەکەمان کۆڵیەوە.

لەمیانی ئەم دوو ڕۆژەی کۆنفرانسدا، هەڵوەستەیەکی لەسەر چالاکیەکانی ساڵ و نیوی ڕابردوو کردووە لەپێناو پێشخستنی کاری ئایندەی

ڕێکخراوەکانی حزب لەسنوری پارێزگای سلێمانی دا سەرجەم بوارە جیا جیاکانی کاری حزبی هەڵسەنگاند و، دواتر بڕیاریان لەسەر دا.

لەدوا تەوەرەدا کۆنفرانسەکە لەکەشوهەوایەکی دیموکراسیانەدا ئەندامانی نوێی کۆمیتەی پارێزگا و نوێنەران بۆ دووەمین کۆنگرەی حزبی شیوعی کوردستان لەدوو پرۆسەی جیاوازدا هەڵبژارد.

لەکۆتایدا بە گیانی هاوڕێیانی پڕ لەئومێدو هیواوە بە ئایندەی حزب و بزووتنەوەی ڕەوای گەلەکەمان، بە ووتەیەکی هاوڕێ (کەریم احمد) سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی و بە سرودی نێو نەتەوەی چینی کرێکار کۆتای بە کۆنفرانسەکە هێنرا.

ڕاگەیاندنی هەشتەمین کۆنفرانسی ڕێکخراوەکان
پارێزگای سلێمانی حزبی شیوعی کوردستان
٢٣ و ٢٤/تەمموز/١٩٩٨

## بەڵگەنامەی ژمارە (٧٥)
## بۆ/هەموو ڕێکخراوەکانی سنوری کۆمیتەی پارێزگای سلێمانی
## تایبەت

سڵاوێکی گەرم...
تکایە ئەم نامەیەی بۆ ((عبداللەئۆجەلان)) لەهەموو شانەکاندا دیراسە بکرێت.
لەگەڵ ڕێزماندا...

کۆمیتەی پارێزگای سلێمانی
حـزبی شیوعـــی کوردستان
١٩٩٨/٩/١٥

برای بەڕێزم عەبدوڵلا ئۆجەلان
سڵاوێکی گەرم

هەلومەرجی زۆر ئاڵۆزبووی ناو بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتیمانی گەلی کوردستان، هانیدام و وایلێکردم کە بە پێویستی بزانم ئەم نامەیەتان ئاراستە بکەم و قسە لەسەر چەند بابەتێک بکەم لەگەڵتان.

بەڕێزتان دەزانن کە زیاتر لەسەدەیەکە گەلی کوردستان لەپێناو ڕزگاریی نیشتیمانی خۆی و بۆ پێکهێنانی قەوارەیەکی سیاسی سەربەخۆ تێدەکۆشێ و لەو کاروانەدا شێوازە جۆراوجۆرەکانی خەباتی پیادەکردووە و قوربانی لەئەژمار نەهاتووی پێشکەش کردووە.. بەڵام ئەو کۆسپ و تەگەرانەی هاتونەتەڕێی تا ئێستا نەیان هێشتووە بەو ئامانجە پیرۆزەی بگات. ئەو کۆسپانەش دوو ڕەهەندیان هەبووە. یەکێکیان هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی، ئەوی دیکەیان لەناو خودی بزوتنەوەکەدا بووە. بەمەشیان بەرپرسێتی سەرنەکەوتنی شۆڕش و ڕابوونە نیشتیمانیەکانی گەلەکەمان چ لەسەر ئاستی هەموو کوردستان، چ لەسەر ئاستی هەریەک لەهەرێمەکانی کوردستانی بەشکراو دەکەوێتە ئەستۆی سەرکردایەتی ناو بزوتنەوەکەمان.

بەلایەکی دیکەشیدا بەرژەوەندیەکانی دەوڵەتە هەرێمایەتیەکان و سیاسەتە شۆڤێنیەکانیان بەرامبەر گەلی کورد و، بەرژەوەندیەکانی وڵاتانی ئیمپریالی کە لەچوارچێوەی ململانێکردن لەسەر دابەشکردنی بازاڕ و ناوچەی دەسەڵات

لەجیهاندا هەڵدەسوڕێ، وایان کرد کوردستان بەش بەش بکەن و هەر پارچەیەکی بلکێنن بە یەکێک لەدەوڵەتە دراوسێکانەوە. ئەم دەستدرێژی و تاوانەش کە لەدوای هەڵوەشاندنەوەی پەیمانی سیڤەر کراو بەرهەمی پەیمانی لۆزان بوو، چەند ئەوەندەی تر چارەنووسی دۆزی کوردستانی ئاڵۆزترکردن. هەروەها ئەو بەش بەش بوونە کە هیچ ئیرادەیەکی گەلی کوردی تێدا نەبووە و بە تەواوەتیش پێچەوانەو دژی ئەو ئیرادەیە بووە، لەگەڵ ڕۆژگارو مێژوودا تایبەتمەندێتی بۆ هەر یەک لەو پارچانە دروست بوو، ئەو تایبەتمەندێتیانەش گرێ دراون بە ڕەهەندە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیە جیاوازەکانی هەر یەک لەو دەوڵەتانەی کە پارچەکانی کوردستانیان پێوە لکێنراوە.

گەلی کوردستان لەوڵاتدانەوەی ئەو تاوانەدا لەباشوری کوردستان و باکورو ڕۆژهەڵاتیدا شۆڕشی بەرپاکرد. دەوڵەتە شۆڤینیەکان بە هەموو شێوازو کەرەستە سیاسی و سەربازی و کلتوریەکان، زۆر دڕندانە پەلاماری ئەو شۆڕشانە و گەلەکەمانیان داوە، بەڵام هەرگیز نەیانتوانیوە لەناوی ببەن، بەڵکو لەدوای هەر شکستیەک، شۆڕشێکی نوێ ڕویانداو تەقیوەتەوە.

لەکوردستانی عێراقدا شۆڕشی گەلەکەمان زنجیرەیەکی ئەڵقە یەک لەدوای یەک بوو گەرچی پیلانە شومەکەی ١٩٧٥یش گورزێکی جەرگ بڕی تێسرەواند، بەڵام هەر زوو بە زوو گەلەکەمان لەهەڵگیرسانەوەی شۆڕشدا وڵامی ئەو پیلانەی دایەوە لەڕاپەرینە شکۆدارەکەی ١٩٩١ دا گەیاندە ترۆپک و کوردستانی عێراقی لەدامودەزگا و دەسەڵاتی ڕژێمی دیکتاتۆری پاکژکردەوە. هەروەها لەکوردستانی ئێراندا و لەدوای شۆڕشی ئێران کە ڕژێمی شاهانشاهی لەناوبرد، حکومەتی نوێ کە حکومەتی کۆماری ئیسلامی ئێرانە، بەهەمان شێوەی ڕژێمەکەی پێش خۆی مافەکانی گەلی کوردی پێشێلکردو بە توندی لەبزوتنەوەی دیموکڕاسی و نەتەوەیی و ڕزگاریخوازی نیشتیمانی گەلی کوردیدا.

لەکوردستانی تورکیاشدا، لەساڵانی حەفتاکاندا گەلەکەمان توانی بکەوێتە سەر پێ و مەیدانی ململانێ لەگەڵ ڕژێمی عەسکەرتاری تورکیا بکاتەوە و پارت و ڕێکخراوی سیاسی پێک بهێنێت، کە یەکێک لەوانە حزبی ئێوە (پ.ک.ک)

بوو کە شۆڕشی چەکداری لەپێناو بەدیهێنانی ئامانج و خواستە ڕەواکانی گەلی کوردمان لەتورکیادا ڕاگەیاند.

لەو بەسەرکردنەوە مێژوویە خێرایەدا،مەبەستم ئەوەیە کە تیشک بخەمە سەر ئەوەی کە سەرهەڵدان و بزاڤی بزووتنەوە ڕزگاریخوازیە نیشتیمانیەکەمان لەهەموو پارچەکانی کوردستان لەهەمان ئاست و نەسەقەدا نەبووە، بەڵکو فاکتەری بەشبەشکردنی کوردستان وای کردووە کە بە پێی تایبەتمەندی هەر یەک لەپارچەکانی کوردستان ئاست و شێوازی خەبات و تێڕوانین بۆ ڕێگەچارەکان و ڕادەی ئەو داخوازیانەی کراونەتە دروشم لەپارچەیەکەوە بۆ پارچەیەکی دیکە جیاوازبن. بێگومان هەر لەئاقاری ئەو جیاوازیانەشدا لەهەر یەک لەو پارچانەدا، پارت و ڕێکخراوی سیاسی و سەرکردایەتی سیاسی تایبەت بە خۆیان دروست بووەو، شێوازی خەبات و کۆکردنەوەی ئەو هێزانە لەبەرەی هاوپەیمانێتیدا یان لەهاریکاری و کاری هاوبەشی سیاسی و سەربازی دا بەپێی تایبەتمەندیەکانی خۆیان دیار کردووە. دەرئەنجامیش ئەو حاڵەتە وای لەهەمووومان خواستووە و تا هەنوکەش وامان لێ دەخوازن کە بە وردی لەم تایبەتمەندیانە بکۆڵینەوە، لانی کەم لەپێناو ئەوەدا کە بگەینە تێگەیشتن و هەڵوێستی هاوبەش و هەماهەنگ بۆ تەنسیق کردن لەکارو چالاکیەکانماندا بەجۆرێک کە جموجۆڵ و شێوازەکانی خەباتمان یەکتر بڕ نەبن بەڵکو تەواوکەری یەکتربن.

بەڵام زۆر بەداخەوە تا هەنوکە جدیانە و بەشێوەیەکی دەستەجەمعی لەلایەن باڵە جیاجیاکانەوە بارودۆخی بزوتنەوەکەمان دیراسە و شی نەکراوەتەوە، ئەوەش بە پلەی یەکەم بە هۆی ئەو ململانێ بێ هودە و پاساو بۆ نەهێنراوانە بووە کە لەنێوان باڵەکانی بزوتنەوەکەماندا لەسەر ئاستی هەر هەرێمێک و لەسەر ئاستی هەموو کوردستانیش هەبووە و هەیە.

برای بەڕێزم...

خۆتان دەزانن کە ئەو دەوڵەتانەی پارچەکانی کوردستانی پێوە لکێنراوە بە هیچ جۆرێک هاوسۆز نین لەگەڵ گەلەکەماندا و چاویان بە مافە ڕەواکانمان هەڵنایەت و ئامادەنین بە هیچ جۆرێ چارەسەری عادیلانە و مرۆڤایەتیانەی کێشەکەمان لەگەڵدا بکەن و تەنانەت ڕازی نین کەمترین مافمان هەبێ.

مێژوو بۆ هەموومانی سەلماندووە کە ئەو دەوڵەتانە دەربارەی هەموو شتێ ناکۆکن و ململانێ و کێشمەکێشمی بەردەوام لەنێوانیاندا هەیە، تەنها دەربارەی مەسەلەی کورد نەبێ، ئا لەمەیاندا لەپێناو سەرکوتکردنی ئیرادەو ئامانجەکانی کوردو هێشتنەوەی پارچە پارچەی کوردستان و چەوساندنەوەی نەتەوەییماندا کۆک و تەبان.

بەڕێزتان سەرنجتان دابوو کە هەر لەسەرەتای ڕاپەڕینە شکۆدارەکەی ١٩٩١ی گەلەکەمان لەباشووری کوردستاندا و دوای ئەوەی بەرەی کوردستانی بەڕێوەبردنی هەرێمی کوردستانی عێراقی گرتە دەست و پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئەنجامداو حکومەتی بۆ هەرێم پێکهێنا، ئەو دەوڵەتانە بەردەوام بەیەکەوە کۆ دەبوونەوە و هاریکاری یەکتریان دەکردو پیلانی هاوبەشیان بۆ لەناوبردنی ئەم ئەزموونەو لەباربردنی داڕشت، بەڵام لەو ساتەوە کە شەڕی ناوخۆی نێوان ینک و پدک دەستی پێکرد، ئیتر کۆبونەوەکانی ئەوانیش کۆتای هات.. بۆچی؟ چونکە ئەوەی ویستیان ڕوویدا و هاتەدی.. ئەوی دەبوایە بە هێزی سەربازی و موخابەراتی و تابوری پێنجەمی خۆیان و بە خەرجی و پارەی خۆیان بیکەن، کورد خۆی کردی و بەهۆی شەڕی ناوخۆوە و بەدەستی خۆمان ئەزمونەکەمان بۆ ئەوان دەکوژین.. بەوەنەش نەوەستان، بەڵکو لەپێناو ڕێگەگرتن لەئەگەری ئاسایی بوونەوەی بارودۆخەکەی ناو کوردستانی عێراق و پێکهاتنەوەی ئاشتیانەی لایەنە ناکۆکەکان، ئەوان، هەر یەکەیان کەوتنە پاڵپشتی و کۆمەککردنی لایەک لەلاکانی شەڕەکە و وایان لێکردن کە ناچاربن بەوەی هانایان بۆ ببەن و دەرئەنجام هەموو لایەنەکانی شەڕی ناوخۆی کوردستان هەم لاواز و بێ هێز بکەن، هەم بیانبەستەوە بە دەزگای سیاسەت و نەخشەکانی خۆیانەوە و ئاکام ئەم ئەزموونە لەناو ببەن.

دابەشبوونی کوردستانی عێراقیش بۆ دوو ئیدارە یەکێکە لەئاکامەکانی پیلانی ئەو دەوڵەتە هەرێمایەتیانە. کەواتە ئایا هانابردن بۆ هەریەکێک لەو دەوڵەتانە و داواکردنی کۆمەک لێیان و چوونە ناو هاوکێشەی ململانێ هەرێمایەتیەکانەوە و یاریکردن لەو مەیدانەدا، لەبەرژەوەندی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتیمانی گەلەکەمانە؟ ئاخۆ کە ئەوان ئەو کۆمەک و یارمەتیانە

پێشکەش بە لایەنە کوردیە ناکۆکەکان دەکەن لەبەر خاتری چاوی کاڵی کوردو بەرژەوەندی کوردستانە و ڕێگەخۆشکردنە بۆ گەیشتن بە ئامانجە نەتەوەیی و نیشتیمانینەکانمان؟ ئاخۆ لەبەرژەوەندی خودی ئەو حزبانەدایە؟ ئاخۆ سەربەخۆی سیاسی و فکری و ئایندەییان بۆ دەهێڵێتەوە؟ من لەوڵامی هەموو ئەو پرسیارانەدا دەڵێم، بێگومان نەخێر..

ئا لەم ڕووەوە دەمەوێت سەرنجی بەرێزتان بۆ ڕێککەوتنە دوو قۆڵیەکەی نێوان حزبمان و حزبتان ڕاکێشمەوە کە بەرهەمی چەند کۆبونەوەیەکی نێوانمان بوو.. ئێمە لەوێدا زۆر ڕاشکاوانە و بەئاشکرا سەربارەت بە سیاسەت و پیلانی دەوڵەتە هەرێمایەتیەکان و ئەو دەرئەنجامانە قسەمان کردووە.

ئێمە و ئێوە لەڕێککەوتنەکەماندا ئەوەمان دووپات کردوەتەوە کە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان لەهەر هەرێمێکی کوردستاندا تایبەتمەندێتی خۆی هەیە و پێویستە لەبەر چاو بگیرێ و هاوکاری و کۆمەک بکرێ لەلایەن بزوتنەوەی هەرێمەکانی ترەوە.

ئێمە لەوێ گوتومانە سەرکەوتنی بزوتنەوەکەمان لەهەر پارچەیەک لەپارچەکانی کوردستان، سەرکەوتنی هەموو ئەوانی دیکەشە وە دوژمنانیشمان ئەو ڕاستیە دەزانن بۆیە دەیانەوێ و کار بۆ لەناوبردنی ئەو سەرکەوتنانە دەکەن.

ئەی ئەوە ئێمە و ئێوە نەبوین لەو ڕێککەوتنامەیەدا ئەوەمان دووپات کردەوە کە بەرکارهێنانی چەک و توندوتیژی بۆ چارەسەرکردنی ئەو ناکۆکیانەی لەنێوان حزبە کوردستانیەکان دروست دەبێت حەرام بکەین؟

ئەی ئەوەمان دووپات نەکردەوە کاری هاوبەش دەکەین لەپێناو ئاشتبونەوەی نێوان پ.د.ک - و ی.ن.ک؟

ئەی جەختمان لەسەر ئەوە نەکرد هەوڵی جدی بدەین بۆ پێکهێنانی بەرەی کوردستانی لەهەر پارچەیەکی کوردستاندا و هەماهەنگی و تەنسیق لەنێوان ئەو بەرانەدا بکەین و ڕاگەیاندن و گوتاری سیاسیمان لەسەر ئاستی جیهان و دەرەوە یەک بخەین؟

ئەی ئەوەمان دووپات نەکردەوە کە هەر پارچەیەک بارودۆخی تێکۆشانی تایبەتی خۆی هەیە و حزب و ڕێکخراوەکانی خۆی و شێوازو دروشم و

هەنگاوەکانی تێکۆشانی خۆی دیاری دەکات و، سەپاندنی شێوازێکی دیاریکراو یان چەند دروشمێکی دیاریکراو زیان بە یەکە یەکەی بزوتنەوەکەمان دەگەیەنێ لەهەر پارچەیەکدا و دەرئەنجام زیان بەسەرجەم بزوتنەوەی گەلی کوردستان دەگەیەنێ و دەبێتە کۆسپ لەبەردەم هاریکاری و هاوخەباتی باڵەکان؟

ئێمە ڕەوای تێکۆشانی گەلی کوردمان لەباکوری کورستان و بەرەنگار بوونەوە و دژایەتیکردنی سیاسەتە شۆڤینیەکانی ڕژێمی عەسکەرتاری تورکیامان سەلماندووەو جەختمان لەسەر ئەوە کردووە کە پێویستە لەئاستە جیاجیاکاندا کۆمەک و هاوکاری بکرێ و کەناڵە جۆراوجۆرەکان بۆ زیاتر بزواندنی جەماوەریانەی ئەو تێکۆشانە بەکاربهێنرێ و بەڵام لەڕێککەوتنەکەی نێوانماندا ئەوەشمان دووپات کردەوە کە بوونی چەکدارانەی ئێوە لەهەرێمی کوردستانی عێراقدا، و جموجۆڵە سەربازیەکانتان لێرەوە لەدژی هێزەکانی تورکیا، زیان بە بزوتنەوەکەمان دەگەیەنێ لەکوردستانی عێراقدا و بەهانە دەداتە دەسەڵاتدارانی تورکیا کە لەشکرکێشی بکاتە خاکمانەوە و دەست لەکاروبارمان وەربدات و ڕەوشی مەسەلەکان ئاڵۆزتر بکات و مەیدانی شەڕە ناوخۆییەکەمان فراوانتر و بەگرێ و گۆڵەتر بکات. هاوکات ئەوەمان دووپات کردەوە کە هەموو پارچەکانی کوردستان مەیدانی کاری سیاسی و ڕاگەیاندنی هەموو حزبە کوردستانیەکانە و پێویستە لەم ڕووەوە ئەو مەیدانە برەوی پێ بدرێ و پێش بخرێ.

ئێمە و ئێوە سەبارەت بە هەموو ئەو پرەنسیپانە ڕێککەوتین، بەڵام بەداخەوە هیچ یەک لەو خاڵانە جێبەجێ نەکران و لەزۆربەشیاندا بەپێچەوانەیانەوە کارکراوە.

ئێوە لەکاتێکدا کە هاریکاریتان نەکردین بۆ کۆتای هاتنی شەڕی نێوان پارتی و یەکێتی، هاتن بەبێ هیچ پاساوێک خۆتان کردە توخمێک لەو شەڕەداو ئەوەندەی تر ئاڵۆزتان کردو ڕەهەندێک و مەیدانێکی فراوانترتان پێ بەخشی، کە دەرئەنجام چارەسەرکردنەکەیشی قورسترو سەختر بوو بەگوێرەی هێزە ئاشتیخوازەکانی گەلەکەمان.

سەربارى ئەوە، ئەوەتا لەسەرەتاى ساڵى ١٩٩٨ەوە پرۆسەى ئاشتى و ئاشتبونەوە لەكوردستانى عێراقدا دەستى پێكردووە و كۆمەڵێ هەنگاوى بۆ پێشەوە ناوە و سەرەڕاى کەم و کوڕى و ڕەوکردنى خاويشى، ئێمە گەلى كوردستانى عێراق و هێزە ئاشتيخوازەكان گەشبينين پێى و كۆششى بەردەوام و نەپساوە دەكەين بۆ درێژە پێدانى و بەتوندى پشتگيرى ئەو پرۆسەيە دەكەين تاسەر بكەوێ. كەچى لەوكاتەدا ئێوە شەڕى خۆتان لەسەر خاكى كوردستانى عێراق لەگەڵ پارتى ديموكراتى كوردستاندا توندتر كردۆتەوە و لێرەولەوێش لێدوانى ڕۆژنامەوانى ئەوتۆ دەدەن كە پێچەوانەى سادەترين پرەنسيپەكانى بزووتنەوەى ڕزگاريخوازى نيشتيمانى گەلەكەمان و هەموو ئەو خاڵانەيە كە هەردوولامان لەبارەيانەوە ڕێككەوتين.

ئێوە لەكاتێكدا ئاگربەستى يەكلايە لەگەڵ هێزى سەربازى توركيادا ڕادەگەيەنن و داواى چارەسەرى ئاشتيانە دەكەن لەرێى گفتوگۆوە، كەچى شەڕى ئێرەتان، شەڕى كوردو كورد توندوتيژ دەكەن و تەنانەت سنورى شەڕ بەرامبەر هێزەكانى پارتى دەبەزێنن، بەرەو شەڕكردن لەگەڵ خەڵكى بێ ديفاعى كوردستانى عێراقدا. ئەو هەواڵانەى لەسەرچاوە باوڕ پێكراوەكانمانەوە پێمان دەگەن زوور دڵتەزێن و جەرگبڕن كە هێزە چەكدارەكانى حزبى ئێوە ناوچە شاخاويەكانى ئێرەو ڕێگاكانى هاتوچۆى هاوڵاتيان و نزيك لەوەڕگاو كێڵگە كشتوكاڵيەكان مين ڕێژ دەكەن، بيرى ئاوەكان دەتەقێننەوە ، ڕێگاى هاموشۆ لەهاوڵاتيە گوندنشينەكان دەبڕن و قەدەغە دەكەن، و چەندين گونديان سوتاندووە و خەڵكى ئێمە گلەى و گازندەتان لێ دەكەن سەبارەت بە منداڵەكانيان كە گوايە لەلايەن ئێوەوە ڕفێنراون... هتد.

لەسەروى هەموو ئەوانەشەوە گەورەترين مەترسى و زيان لێكەوتن لەوەوە دروست دەبێت كە حزبە كوردستانيەكان لەچوارچێوەى ناكۆكيە ناوخۆييەكەى نێوانياندا، بكەونە ئەو ڕايەڵە تێكچڕژاوەكانى ململانێى دەوڵەتە هەرێمەيەتيەكانەوە و پێيان وابێ دەتوانن يارى بە كارتە جياجياكانى ئەو وازييە هەرێمايەتيە بكەن سودى لێ وەربگرن. بەڵام ئێمە و مێژووش ئەو حەقيقەتەى سەلماندووە، كە ئەوە ياريكردنە بە ئاگر و دەرئەنجام ئەو حزبە تێيدا دەسوتێ و زيانى كوشندەش بە بزوتنەوەكەمان دەگەيەنێ، جا نەخاسمە

ئەگەر توخمەکانی ئەو ململانێ هەرێمایەتیە هەر هەموویان دوژمنانی ناسراو و سەرسەختی گەلی کوردستان و مافەڕەواکانی بن، ئەوا زیان و دەرئەنجامەکانی زۆر مەترسیدار و کوشندەتر دەبێ. ڕێک بە پێچەوانە ئەوەشەوە، ئێمەی باڵە جیاجیاکانی ناو بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتیمانی، پێویستمان بەوەیە بەرژەوەندی توندوتۆڵ لەگەڵ هێزە نیشتیمانی و پێشکەوتوخواز و دیموکراسیخوازەکانی ناو ئەو دەوڵەتانە ببەستین کە پارچەکانی کوردستانی پێوە لکێنراوەو ڕیزی دۆستانمان و لایەنگرانی مەسەلەدیموکراسییەکەمان زیاترو پتەوتر بکەین و بە ئاراستەی دیموکراتیزەکردنی ناوەندی حوکمڕانی و گۆڕانکاری دیموکراسیانە ببزوێنین و خۆشمان بەژداری لەپرۆسەی ئەو گۆڕانکاریەدا بکەین، چونکە دەرئەنجام لەسایەی سستمێکی دیموکراسیدا دەتوانی مافە ڕەواکانی خۆمان ئاشتیانە بەدەست بهێنین.

ڕێزدار کاک عەبدوڵلا ئۆجەلان

لەو کاتەدا کە سەرەتای تەنگژەی نێوان ئێوە و پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، حزبی شیوعیمان ئایندە ئاڵۆزەکانی ئەو تەنگژەیەی دەبینی و دەخوێندەوە، بۆیە دەستپێشخەریمان کردو بەگیانی هەست کردن بە لێپرسیراوێتی لەبەرامبەر چارەنووسی گەلی کوردستانمان، هەوڵماندا ناکۆکیەکانی نێوانتان لەڕێی وتووێژو گفتوگۆی برایانەوە چارەسەر بکەین و سنوری کۆتای بۆ ئەو شەڕە سەرەتاییەی نێوانتان دابنێین و نەیەڵین قوڵتر ببێتەوە. لەو پێناوەدا پرۆژەی ئاشتبونەوەمان پێشکەش کردن و سەرەتا بەڕێزتان پێشوازیتات لێکرد، بەڵام کە دانیشتین و پرۆژەکەمان داڕشت و کردمانە کۆمەڵە خاڵێکی بەرنامەیی، رەتتان کردەوە.

ئێستاش کە سەیری تابلۆکە دەکەین، تێکچڕژان و ئاڵۆزیەکی زۆری تێدا دەبینین و چەندین دەستی دوژمنکاریش ڕەنگی خۆیانی تێدا دەرێژن و ئێوەش بەشێک لەبەرپرسیارێتی دروست بوونی ئەو حاڵەتەتان دەکەوێتە ئەستۆ، بەڵام هێشتا لەو بڕوایەداین کە بوار ماوە بۆ دۆزینەوەی ڕێگای ئاشتی و لەیەکتر گەیشتن و ئاشتبونەوەی کوردستانی.

برای بەڕێزم... دەوڵەتە ئیقلیمیەکان، بەبێ ئەوەی ناویان بهێنم، دەیانەوێ ئاراستەی شەڕی ئێوە لەگەڵ هێزەکانی تورکیا شۆڤێنی، بگۆڕن بەرەو جەنگی نێوان ئێوە و پارتی دیموکراتی کوردستان، واتە جەنگی کورد و کورد. دەرئەنجامیش دەیانەوێت کۆشش و تواناکانی کورد لەجیاتی ئەوەی بۆ بەرەوپێشبردنی کاروانی بزوتنەوەکەی بەکار بهێنرێ، لەدژی یەکتر و لەناوخۆماندا بەفیڕۆ بدرێ و مەترسی گەلی کورد و بزوتتەوە شۆڕشگێڕیەکەی لەخۆیان دور بخەنەوە.

هەر لەم ڕووەوە دەمەوێت سەرنجتان بۆ ئەوە ڕابکێشم کە هەر ئێستا دەوڵەتە ئیقلیمیەکان بەگشتی و زۆر بە تایبەتیش تورکیا بەو شەڕەی نێوان ئێوە و پارتی زۆر شادمان و خۆشحاڵن و هەیانە تەماشای دەکات و هەشیانە ئاگرەکە خۆشتر دەکات و تین و تاوی زیاتری دەداتێ..

بۆیە دەپرسم، کە ئەمە حاڵەتەکەبێ... چ سوودێک لەم کارەساتە چاوەڕوان دەکەن؟.

برای ڕێزدارم... سەرکەوتنی ئەزمونی کوردستانی عێراق و چەسپاندنی کۆڵەگەکانی، سەرکەوتنە بۆ هەموو پارچەکانی دیکەی کوردستان و لەپێش هەمووشیانە بۆ باکوری کوردستان... شکستی ئەمیان.. شکستیە بۆ هەموو ئەوانی دیکەش.. سەرکەوتنی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان و چارەسەر کردنی مەسەلەی کورد لەباکوری کوردستان بەسەر جەستەی شکاوو کوژراوی باشوری کوردستاندا تێناپەڕێت.. بەڵکو سەرکەوتنی هەردووکیان ئاوێتەی یەکترن و لەمانەوە و بەهێزبوونی بزوتنەوەی هەردووکیاندا دێتە دی.

برای ئازیزم...

لەبەرامبەر ئەو ڕاستیانەو لەهەست کردن بە بەرپرسیارێتی تاکە کەسیم و حزبیم بەرامبەر چارەنوسی گەلەکەم و بزوتنەوە ڕەواکەی کە حزبی شیوعی کوردستان باڵێکی سەرەکیە تێیدا، بەپێویستم زانی ڕاستەوخۆ ئەم نامەیەتان بۆ بنوسم و زانیاری ئەوەتان بخەمە بەردەست کە پیلانێکی ئیقلیمی گەورە لەدژی گەلەکەمان داڕێژراوە و کاری بۆ دەکرێ و ئەگەر هەمووومان واز لەبەرژەوەندیە حزبیە تەسکەکانمان نەهێنین و دەست پێشخەری نەکەین بۆ

هەرچی زووتر چارەسەرکردنی کێشە و ناکۆکیە ناوخۆییەکانمان لەڕێی ووتووێژو گفتوگۆی برایانەوە، ئەوا بەدەستی خۆمان کەرەستەو ئامرازەکانی سەرکەوتنی ئەو پیلانە دەدەینە دەست دوژمنانمان.

هەروەها لەهەمان پێگەی هەست بە بەرپرسیاریتیم بەرامبەر سەرکەوتنی پرۆسەی ئاشتی و ئاشتبونەوەی نێوان پارتی و یەکێتی کە لەحزبی شیوعی کوردستان کردوومانەتە ئەڵقەی ناوەندی سیاسەت و کۆششی حزبمان، دیسان بە پێویستم زانی لەم نامەیەدا ئەوە دووپات بکەمەوە کە ئاشتبونەوەی نێوان ئێوە و پارتیش هەمان بایەخی هەیە لەلای ئێمەو هەموو دڵسۆزان و ئاشتیخوازانی گەلەکەمان، و یەک ئەوی دیکە تەواو دەکات و کۆڵگەو پشتیوان دەبن بۆ یەکتر، بۆیە جارێکی دیکەش بانگێشتان دەکەم و هانتان دەدەم کە بەو ئاراستەیەدا کار بکەن.

برای بەرێزم

تکام وایە ئەم نامەیەم بە وردی بخوێننەوە و دوور لەسۆزی هەڵچوون، دوور لەکاریگەریتی هەواڵە ڕۆژانەییەکانی شەڕی نێوان خۆتان و پارتی، بە عەقڵیەتی نیشتیمانپەروەرو شۆڕشگێڕو کوردپەروەرێک کە خەبات لەپێناو مافە ئینسانیەکانی دیموکراسیەکانی گەلەکەی دەکات، دیراسەی بکەن و هەنگاوی پێویست بۆ تەرجەمەکردنی واقعییانەی بنێن.

هەر بژین

براتان کەریم ئەحمەد[١٣٧] - سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی

حزبی شیوعی کوردستان

هەولێر سەرەتای ئەیلولی ١٩٩٨

---

[١٣٧] کەریم ئەحمەد: لە ساڵی ١٩٢٢ لەدایک بووە. لە سەرکردە باڵاکانی حزبی شیوعی عێراقی بووە. ساڵی ١٩٥٣-١٩٥٥ سکرتێری حزبی شیوعی عێراقی بووە. لە ڕوداوی شەڕی پشتئاشان لە ئایاری ١٩٨٣، لە لایەن شیوعیەکانەوە تۆمەتبار دەکرێت بەوەی کە لە کاتی شکستدا ڕێکەوتنی لەگەڵ (ی.ن.ک) کردووە. لەگەڵ عەزیز محمد دوانەیەکی سیاسی و سەرکردایەتی باڵا بوون لە حزبدا. ساڵی ١٩٩٣ بوو بە یەکەمین سکرتێری حزبی شیوعی کوردستان. امیر امین: حول موقف كريم احمد عند أسره في أحداث بشتاشان..! الحوار المتمدن، https://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=637223

## بەڵگەنامەی ژمارە (٧٦)

### ڕاگەیاندی کۆتایی کۆنگرەی دووەمی حزبی شیوعی کوردستان – عێراق

لەژێر دورشمی ((ئاشتی، دیموکراتی، داکۆکی کردن لەبەرژەوەندی زەحمەتکێشان، فیدراڵی)). لەڕۆژی ٧-١٠ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٨ لەهاوینە هەوارە خنجیلانەکەی شەقلاوەدا، دووەمین کۆنگرەی حزبی شیوعی کوردستان- عێراق، بە ئامادەبوونی نوێنەرە هەڵبژێردراوەکانی گشت ڕێکخراوەکانی حزب لەکوردستان و دەرەوەی وڵاتدا، بە بەشداری سکرتێرو چەند ئەندامێکی سەرکردایەتی حزبی شیوعی عێراق بەسترا.

لەم چوار ڕۆژەدا ئەندامانی کۆنگرە لەکەش و هەوایەکی ئازادو دیموکراتیانەدا، بە تێرو تەسەلی ڕاپۆرتەکانی سیاسی- فیکری و ڕێکخستن و لیژنە تایبەتەکان و هەردوو بەڵگەنامەی بەرنامەو پەیڕەوی ناوخۆی و ڕاپۆرتی لیژنەی چاودێری ناوەندی خرانە بەر باس و لێکۆڵینەوەو هاوڕێیان بیروبۆچونی خۆیانیان لەسەر دەربڕی.

لەمیانەی دیراسەکردنی ئەم ڕاپۆرتانەدا بە گیانێکی بەپرسانە هەلومەرج و گۆڕانکاریەکانی سەر گۆڕەپانی کوردستان و عێراق و ناوچەکەو جیهان تاوتوێ کران و بەبیروڕای جۆراوجۆر دەوڵەمەند کران، و بە قوڵی لەسەر مەسەلەی چەسپاندنی ئاشتی و ئاشتبونەوەی گشتی هەڵوێستە کراو بە ئەرکی سەرشانی ڕێکخراوەکانی حزب دانرا کە تێبکۆشن بۆ جێبەجێکردنی خاڵە ئاشکراکراوەکانی ڕێکەوتنامەی واشنتۆن لە١٧ی ئەیلولی ١٩٩٨ دا.

لەم دۆخە چارەنوس سازەدا، بە چاک زانرا کە پەرە بە خەباتی جەماوەری لەپێناو ئاشتیدا بدرێ، بۆ بنبڕکدنی هۆکارەکانی شەڕی نێوخۆی و نەهێشتنی ئاسەوارەکانی و هێنانەدی ئاسوودەی و یەکڕیزیداو بە هەماهەنگی لەگەڵ مەسەلەی ئاشتیدا، کۆنگرە بایەخێکی تایبەتی بە گیروگرفتی جەماوەری چەوساوەی گەلەکەمان و باری ناهەمواری ژیان و گوزەرانی خەڵکی داو جارێکی دیکەش پێی لەسەر لابردنی گەمارۆی ئابوری و جێبەجێکردنی بڕیاری ٩٨٦ و پەرەسەندنەکانی و پەلەکردن لەسەر ڕاپەڕاندنی قۆناغە نوێیەکانیدا

گرتەوەو جەختی لەسەر قوڵکردنەوەی دیموکراسی و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و سەروەری یاسا و داخوازیە ڕەواکانی کرێکاران و جوتیاران کردەوە.

لەچوارچێوەی گفتوگۆکانی کۆنگرەدا ئاماژە بە ڕێبازە شۆڤێنیە بەردەوامەکەی ڕژێمی دیکتاتۆری بەغدا کرایەوە کە درێژەدانە بە سیاسەتی بە عەرەبکردن و ڕاگواستنی دانیشتوانی ناوچەکانی کەرکوک و گەرمیان و خانەقین و مەخمور لەم ڕوانگەیەوە کۆنگرە بانگەشەی جەماوەر و گشت هێزە نیشتیمانیەکانی کوردستان دەکات، کە بەرپەچی ئەم سیاسەتە و تێکڕای هەڵوێستەکانی دیکەی ڕژێم بدەنەوە بە تایبەت لەبارەی درێژەدان بە مەینەتیەکانی گەلەکەمان و سوربوونی لەسەر وروژاندنەوەی قەیرانێکی نوێ لەگەڵ ئەنجومەنی ئاسایشتی نێودەوڵەتی دا. داواش لەڕای گشتی دیموکراتی جیهان دەکات کە زیاتر کارو کردەوەکانی ڕژێم ڕیسوا بکەن و، پشتگیری لەمافە ڕەواکانی گەلی کوردمان بکەن، ئەم ڕژێمە ناچار بکەن کە بڕیاری ٦٨٨ جێبەجێ بکات.

لەدوا بەرنامەی کاری کۆنگرەدا، وێڕای دەوڵەمەند کردنی ڕاپۆرتەکان و پەسەندکردنی کۆمەڵە بڕیار و ڕاسپاردە و سڵاونامەیەک و خوێندنەوەی چەندین بروسکەی پیرۆزبای کە لەلایەن هێزە نیشتیمانیەکان و ڕێکخراوە دیموکراتیەکان و بنەماڵەی شەهیدان و کۆمەڵە ڕێکخراوێکی حزبی - لەکەشوهەوایەکی دیموکراتیانەو لەڕێگای پەیڕەوکردنی نوێترین پرنسیپەکانی هەڵبژاردن، کۆمیتەی ناوەندی نوێی حزب هەڵبژێردرایەوە، ئەمەو کۆنگرە بە سرودی ئەنتەرناسیۆنالیزم و چەپڵە ڕێزانی ئەندامانی کۆنگرەو لەجەوێکی پڕ حەماسیدا، سەرکەوتوانە کۆتای بە کارەکانی خۆی هێنا.

دووەمین کۆنگرەی

حزبی شیوعی کوردستان – عێراق

## بەڵگەنامەی ژمارە (٧٧)

## بۆ خێزانی تێکۆشەری ناسراو همزە عبداللە[١٣٨]

کۆچی دوای تێکۆشەری ناسراوی گەلەکەمان و کەسایەتی ناودار لەسەرتاسەری کوردستان و عێراقدا، و دۆستی زۆر نزیک و دێرینی حزبمان مامۆستا همزە عبداللەلەناخەوە هەموومانی هەژاند.

ئێمە لەوکاتەی پرسەی گەرمی خۆمان ئاراستەی ئێوەو هەموو ڕۆڵەکانی گەلەستەملێکراوەکەمان دەکەین، ئەوپەڕی خەم وپەژارەی خۆمان لەئاست ئەم کۆستە گەورەیە دەردەبڕین و هەرگیز تێکۆشانی ئەم کەڵە پیاوە لەیاد ناکەین، کە هەموو ژیانی خۆی لەپێناو کێشەی ڕەوای گەلەکەی خۆی و بەرژەوەندی سەرجەم چەوساوەکان تەرخان کرد، سەربەرزانە تا دواهەناسەی سەری بۆ هیچ دیکتاتۆرێک و زۆردارێک دانەنواندوە، کەلەپورێکی دەوڵەمەندی بۆ هەموو ئەو خەباتگێرانە بەجێ هێشت کە ئامادەن قوربانی بە گیانی خۆیان بدەن لەپێناو کێشەی ڕەوای گەل و نیشتیمانەکەیان.

هەزاران سڵاو لەگیانی پاکی مامۆستای نەمرو مرۆڤ دۆست همزە عبداللە

م.س حزبی شیوعی کوردستان

١٩٩٨/١٢/١٣

---

[١٣٨] هەمزە عەبدوڵڵا کوردۆ لە ١٩١٥ لە گوندی ڕاژان لەڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دایک بووە. بەهۆی شەڕی عوسمانی و ڕوسەوە، بنەماڵەکەی ڕوییانکردۆتە زاخۆ. بۆ خوێندنی کۆلیجی ماف چۆتە بەغدادو لەێ تێکەڵی ڕێکخستنەکانی حزبی شیوعی بووە. هەر بەو هۆیەوە لە ساڵی ١٩٣٨ ڕەگەزنامەی عێراقی لێدەسەندنەوەو بەهۆیەوە چەندین جار کێشەی یاسایی بۆ دروست بووە. لە ساڵی ١٩٤٣ دەچێتە مهاباد. بەناوی نوێنەرایەتی کوردی باشورەوە، پەیوەندی بە ئەفسەرو بەرپرسەکانی سۆڤیەت کردووە بۆ هاریکاریکردنی باشوری کوردستان. لەگەڵ مەلا مستەفای بارزانیدا کارەکتەری سەرەکی دامەزراندن و پەیڕەودارشتنی پارتی دیموکراتی کورد- عیراق بووە لە ١٩٤٦. هەر لەو ساڵەدا بووە بە یەکەمین سکرتێری ئەو حزبە. لە سەر دڵسۆزی بۆ حزبی شیوعیە لە ساڵی ١٩٥٩ لە (پ.د.ک) دەرکراوە. لە ١٩٩٨ کۆچی دوایی کردووە. سدیق ساڵح سەرپۆتێکی ژیاننامەی هەمزە عەبدوڵڵا. https://www.khaktv.net/profile-detail.aspx?jimare=2040

## بەڵگەنامەی ژمارە(٧٨)

## خولاسەی ڕاپۆرتی مانگی کانوونی دووەم ١٩٩٩

پرسەکان:

١/٤ پرسە لە قەزازەکان

١/٨ خێزانی هاورڕێ هیوا/ بورزای هاوڕێ صبحی

١/١٥ مامۆستا انوەر

١/١٨ طە عبداللە خوشکەزای هاوڕێ عەومەر

١/٢١ خێزانی کاک حمە صەلح

٢٢ = خزمی هاوڕێ سامان

باوکی رەئوفی هونەرمەند

١/٣١ پرسەی بۆتان جلال

٢) سەردانەکان:

١/٦ سەردانی لقی سلێمانی سۆشیالست

٧= ماڵی هاوڕێ حەمەی لیمو

٧= هاوڕێ علی قادر

١٣= سەردانی مدیری مرور

٢١= کاک جبار فرمان

٢٦= مەڵبەندی لانەی منداڵان

٣١= سەردانی کاک کۆسرەت

٣١= = کۆمۆنیستی کرێکاری

٣) بەشداریکردن:

١/١ کۆرەکەی دکتۆر فوئاد بابان

١/٨ لادانی پەردە لەسەر پەیکەری حەسیب قەرەداخی

= ناشتنی تەرمی خێزانی هاورێ هیوا

١/١١ ئاهەنگی کردنەوەی مەڵبەندی تەوار ( ئافرەتە دەرون نەخۆشەکان)

١/١٢ یادی ٧ ساڵەیرۆژنامەی کوردستانی نوێ

١/١٧ ناشتنی تەرمی برای هاورێ ئازاد مخابر

٤) پێشوازی:

١/٧ پێشوازی لە وەفدێکی لقی سلێمانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کرا. داوای پشتگیری اعلامیان ئەکرد سەبارەتبە هەڵوێست بەرانبەر اسلامیەکان و کێشەی(حجاب).

١/١٥ لەگەڵ هاورێیانی کەرکوک چوینە پێشوازی وەفدەکەی ئەمریکا کە هاتبون بۆ ناوچەکە لە دوکان.

١/١٦ پێشوازی کرا لە وەفدێکیرەسمی حکومەتی هۆڵەندا – سەبارەت بەکێشەی کۆچ کردنی کوردەکان بۆ هەندەران بە دوورو درێژی باسی هۆکارەکانی ئەو کۆچکردنە کرا هەروەها باس لە سەرکوتکردنی سیاسی کرا بەرانبەر بە حزبی ئێمەو ناوی شەهیدەکانمان دا پێیان.

١/١٨ پێشوازی کرا لە هاووڵاتیان (رەسمی/ حزبی/ میللی) کرا بە بۆنەی جەژنی رەمەزانەوە.

١/٢٥ پێشوازی لە وەفدێکی رەسمی جمهوری ئیسلامی کرا، هاتوون دەعوەتیان کردووین بۆ بەشداری کردن لە یادی شۆرشی ایراندا

## بەڵگەنامەی ژمارە (٧٩)

### حزبی شیوعی کوردستان - عێراق
### مەکتەبی سیاسی
### لیژنەی پەیوەندیەکانی ناوەندی

پڕۆژەی بەرنامەی کاری لیژنەکانی پەیوەندی

کار و چالاکیەکانی پەیوەندیەکان، بەلایەنێکی گرنگی سەرجەم چالاکیەکانی حزب دادەنرێت، لەڕووی پەیوەندیکردن بە هێزو حزب و ڕێکخراوە جۆراوجۆرەکانەوە، هەروەها لەگەڵ حزب و ڕێکخراوە کوردستانیەکان لەبەشەکانی دیکەی کوردستاندا.

حزبمان لەم بوارەدا سەرکەوتنێکی باشی وەدەستهێناوە، بەڵام ئەوە ناگەیەنێت کە ئێمە توانیومانە لەئاستی پێویستدا کاربکەین، بۆیە دەکرێت هەوڵی پێشخستن و بەدواداچون و چەسپاندنی زیاتری بدرێت و پێگەکانی حزب بەهێزبکرێن. هەروەها زیاتر سیاسەت و هەڵوێست و بۆچوونەکانی خۆی لەخەڵکی بگەیەنێت. سەرەڕای ئاڵۆزی و لەرزۆکی بارودۆخی سیاسی، هاوڕێیانمان لەپەیوەندیەکانی ناوەندو پارێزگاکاندا بەبەردەوامی برەو بە چالاکیەکانیان دەدەن. لەوانە: مەسەلەی ئاشتبونەوەی نیشتیمانی کوردستان و چەسپاندی ئاشتی و قێزەونکردنی شەڕ و پاراستنی بێ لایەنی حزبمان و بەرەنگاربوونەوەی هەر پێشنیاریەک و بەرگریکردن لەبەرژەوەندیەکانی جەماوەر و ڕێزگرتن لەمافەکانی مرۆڤ و ڕاوەستان لەدژی دابەشکردنی کوردستان بۆ ناوچەکانی دەسەڵات و ڕەدکردنەوەی هەر کردەوەیەک کە ناوبانگی گەلەکەمان و مەسەلەڕەواکەی تێک بدات، بەکارە سەرەکیەکانی سیاسەتی پەیوەندیەکانمان لەگەڵ لایەنەکانی دیکەدا دەژمێردرێن.

ئاشتبونەوەی ناوخۆی لەم مانگانەی پێشیندا جێگای دڵخۆشی بوو، بەڵام لەم دواییانەدا، تەقینەوەی جەولەی چوارەمی شەڕەکە، کە لەجەولەکانی دیکە ترسناکترو دڕندانەتر بوو، هەروا سیمای دەست تێوەردانی ئاشکرا (لەلایەن تورکیا) و بە نهێنی (لەلایەن ئێران)ی بە خۆوە گرت، بە چاودێری و

تەماشاکەریتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و بەریتانیا، هەروا بە پەرەسەندنی چالاکیە ویرانکاریەکانی دیکتاتۆری شۆڤینی.

لەم ماوەیەی دوایدا، چالاکی پەیوەندیەکانی حزبمان سیمای دەستپێشخەری و جموجۆڵکردن بۆ کۆکردنەوەی هێزەکان لەپێناو ئاشتی و ئاشتبونەوە و وەستانی شەڕ، بەخۆوە گرت. لەوانە بەستنی زنجیرەیەک لەکۆبونەوە لەگەڵ حزبەکانی دیکەدا بۆ دیراسەکردنی بارودۆخەکەو ڕوداوە تازەکانی.

لەبەر ئەوەی قۆناغی ئێستامان لەناسکترین و ئاڵۆزترین قۆناغ دەژمێردرێت لەدوای ڕاپەرینی ئاداری ١٩٩١، بۆیە ئەرکەکانمان بە پێی ئەم پێوەرانە و لەم قۆناغەدا، گرانترو زیاتر دەبێت لە قۆناغەکانی پێشووتردا، کە دەکرێت دیاربکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە، ئەرکی لیژنەی پەیوەندیەکانە کە لەم خاڵانەوە دەست بەکاربێت:

کارکردن لەبواری پەیوەندیەکان، بەرەچاوکردنی سیاسەتی حزبمان بەشێوەیەکی گشتی.

٢- پارێزگاریکردنی بێلایەنێتی حزبمان لەشەڕی ناوخۆو قێزەونکردنی شەڕو نەفرەت لێکردنی.

٣- هێشتنەوەی باشترین پەیوەندی لەگەڵ هەردوولایەنی شەڕ(پ.د.ک، ی.ن.ک)، هەوا کارکردن بۆ کاریگەری ئیجابی لەسەر هەردوکیان، بۆ ئەوەی متمانە(ثقە) لەنێوانیان بگەڕێتەوە، لەگەڵ پارێزگاریکردنی سەربەخۆیی و بێ لایەنی حزبمان.

٤- وردبینی و ئاگاداری پێویستە لەپەیوەندیەکانمان لەگەڵ لایەنەکان و هەرواکێش نەکردنمان بە هیچ شێوەیەک بۆ حەزەکانی هەندێکیان.

٥- هەر لەسەرتای بەرپابوونی شەڕەوە، هەڵوێستمان ڕوون و ئاشکرایەو دەربڕاوە کەئێمە دژی شەڕی کوردی- کوردین، چونکە ئێمە دەزانین کە پیلانێکی گەورە لەگۆڕێدایە لەلایەن چەند لایەنێک بۆ تێکشانی دەستکەوتەکانی گەلەکەمان. هەروا لەپەیوەندیمان لەگەڵ لایەنەکان دەکرێت ئەم ڕاستیە دووپات بکەینەوە، تا ئەوانیش نەبنە ئامێرێک بۆ پیادەکردنی ئەم پیلانە. ئێمە جاران و ئێستاش هەر کارمان کردووە بە جدی پەرۆشیەوە بۆ چارەسەری ئەم قەیرانە لەناوخۆوەو لەڕێگای حزبە کوردستانیەکان و کەسایەتیە کۆمەڵایەتیەکانەوە،

ئەوەش دورخستنەوەی هەوڵە دەرەکیەکان ناگەیەنێت، بەڵکو ئێمە لەو باوڕەداین کە هەوڵە نێودەوڵەتیەکان گرنگن و کاریگەرن، بەڵام بەداخەوە هیچ لایەنێکی شەڕکەر نەیتوانیوە بەکاری بهێنێت بۆ بەرژەوەندی گەلەکەمان، لەبەر پابەندبونی تەنها بە بەرژەوەندیە تەسکە حزبیەکانی خۆی.

٦- دەربارەی حزب و کۆمەڵەکانی دیکەی کە لەهەردوو ناوچەی دەسەلاتی حزبەکان هەن، ئێمە لەسەر زەمینەی سیاسی و فکری حزبمانەوە کار لەگەڵ هەموان دەکەین، بەمەرجی پاراستنی سیاسەتی حزبمان کە لەلایەن هەموانەوە ناسراوە، لەپێناو ئاشتبونەوەی نیشتیمانی. لێرەدا زۆر پێویستە کە ڕەخنەی بنیاتنەرانە بەرامبەر هەر کارێک کە دەبێتە ڕێگر لەپرۆسەی ئاشتی و قوڵکردنەوەی قەیرانەکە، پیادە بکرێت.

٧- بەهێزکردنی پەیوەندیەکانمان لەگەڵ ڕێکخراوە سەندیکای و جەماوەری و کەسایەتیە کاریگەرەکان، و سودوەرگرتن لەم پەیوەندیانە بۆ وەدەستهێنانی پشتگیری مەعنەوی بۆ کارەکانمان، هەروەها لەگەڵ ڕێکخراوە مرۆی و خێرخوازەکان لەکوردستاندا کاردەکەین.

٨- پێویستە بە شێوەیەکی ڕێکوپێک، ڕاپۆرتی تێروتەسەل بە ناوەند بدرێت، دەربارەی پەیوەندیەکان و زانیاری لەسەر حزبە سیاسیەکان و هەروەها ئەو ڕاپۆرتانەی کە سودیان لێ وەردەگیرێت بۆ بواری پەیوەندیەکان و دەوڵەمەند کردنی(پەیامی پەیوەندیەکان) تا بتوانین لەسیاسەت و هەڵوێستی حزبمان دەرببڕین، بەجۆرێک کە هاوڕێیانمان سودی لێ وەرگرن.

٩- دەکرێت لەچالاکیەکانی پەیوەندیەکانماندا، ئەوە بزانین کە قەیرانەکە قوڵە و لەسەر هەموو بوارەکان ژیان لەکوردستاندا ڕەنگی داوەتەوە و ناکرێت بە چاو تروکانێک چارەسەر بکرێت، بەڵکو پێویستی بە کارکردنی جدی و بەردەوام و سەبر و نەفەسێکی درێژ هەیە.

١٠- لەئەنجامدانی کارەکانمان لەسەر ئاستی ناوەندو پارێزگاکاندا، دەکرێت ئەوە لەبیر نەکرێت کە ئێمە بوونمان لەناوچەکانی هەردوو دەسەلاتدا هەیە.

١١- با سەردانەکانمان لەهیچەوە دروست نەکەین و دورکەوینەوە لەدیدارە ناگرنگ و ناپێویستەکان، هەروا لەسەردانەکانمان تەرکیز لەسەر لایەنێک نەکەین و لایەنێکی دیکە فەرمۆش بکەین.

١٢- دەربارەی هەوڵەکانی ڕژێم بۆ دورخستنەوەی لایەنەکان لەیەکتر، والەئێمە دەخوازێت کە پەیوەندیکردن بە ڕژێم ڕیسوا بکەین و وەبیر خەڵکی بهێنینەوە کە ئەم ڕژێمە جێگای بڕوا نیەو دەستوەردانەکانی لەکاروباری کوردستان، تەنها زەرەرمەندی دەگەیەنێتە ئەزمونەکەمان.

١٣- ڕیسواکردن و رەدکرنەوەی دەست تێوەردانەکانی وڵاتانی هەرێمایەتی لەکاروبارمان و پێداگرتن لەسەر ئەوەی کە هەرچەندە قەیرانەکان بەردەوام بێت و ئاشتبونەوە دوربێت ئەوەندە دەستدرێژیەکان بەردەوام و توندتر دەبن، چونکە بە بۆچونی ئێمە وڵاتانی هەرێمایەتی هەڵوێستی دوژمن کارانەیان بەرامبەر ئەزمونەکەمان هەیە و هەوڵی ڕوخاندنی دەدەن.

١٤- ئەو هاوڕێیانەی لەبواری پەیوەندیەکاندا کار دەکەن، پێویستە لەسەریان کە بەدواداچونەوەی بارودۆخی سیاسی و ئاڵۆزیەکان و ناسکیەکەی بکەن، و هەڵوێست و سیاسەتی حزبمان ڕەچاو بکەن، بەتایبەت کە دیدارو تصریح دەدەن بۆ دەزگا جۆربەجۆرەکانی ڕاگەیاندن.

١٥- پەیوەندیەکانمان لەگەڵ (حدکا) و (PKK) و هەندێک لەحزبە بەرهەڵستکارە ئێرانیەکان باشە و بەهێزە، دەربارەی (PKK) دەمانەوێ و کاردەکەین بۆ ئەوەی پەیوەندیەکانمان لەگەڵیان باش و برایانە بێت، هەوا مەسەلەی گەلی کورد لەکوردستانی تورکیا بە مەسەلەی خۆمان دەزانین، دەکرێ بۆیان ڕوون بکرێتەوە کە بارودۆخی کوردستانی عێراق ئاڵۆزەو بەرگەی ئاڵۆزبوونی زیاتر ناگرێت، ئێمە پێشترو ئێستاش لەو باوڕەداین کە مەیدانی تەواوی تێکۆشانی (PKK) کوردستانی تورکیایە و لەو پێوەدانگەو تێگەیشتنەوە هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا دەکەین، ئێمە لەگەڵ هەبونی سیاسی و ڕاگەیاندنی (PKK)ەین لەکوردستانی عێراقدا.

شایانی باسە کە هاوڕێیانمان لەهەندەران ڕۆڵی کاریگەرو بەرچاویان هەیە، هەروەک حزبەکانی دیکە، لەبواری چالاکی نواندن و بوارەکانی کە پەیوەندیان بە کوردستان و دواڕۆژی کورد بەگشتی هەیە.

١٦- ئێمە لاریمان نیە لەسود وەرگرتن لەهەموو بوارەکانی ڕاگەیاندی جیهانی، بە مەرجێک بەکار بهێندرێت بۆ بەهێزکردنی بۆچونەکانمان و بگونجێت لەگەڵ سیاسەتمان بەپێی بارودۆخی کوردستان و بەرگریکردنمان

لەبەرژەوەندیەکانی جەماوەرو هەروا بە تنسیق کردن لەگەڵ سەرکردایەتی حزب لەناو کوردستاندا.

١٧- کاری پەیوەندیەکان تەنها کاری هاوڕێیانی لیژنەی پەیوەندیەکان نیە، بەڵکو کاری هەموو ئەندامانی حزبە، کە هەوڵبدات لەلایەن خۆیەوە کە پەیوەندی بە بنکەی حزبەکانەوە بکات و پەیوەندی لەگەڵیان لەئاستی جۆراوجۆر دروست بکات و بتوانێت لەم ڕێگایەوە سیاسەت و بۆچەنەکانی حزبیان بۆ ڕوون بکاتەوە و کاریگەری ئیجابی لەسەریان هەبێت.

بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر لەم ڕووەوە، دەکرێت لەئاستی شانەکان و لەکۆبونەوەکانیاندا خاڵێکی تایبەت بە چۆنیەتی پەیوەندیکردن و هەستان بەم ئەرکە باس بکرێت.

١٨- لەسەر هەر هاوڕێیەکی لێپرسراوی پەیوەندیەکان لەئاستی جۆراوجۆردا پێویستە کە محازەرەی تایبەت بۆ هاوڕێیان ئامادەبکات، تا ئەرکەکانی پەیوەندیەکان لەلایان ڕوون بێت.

پەیوەندییەکانی ناوەندی

حزبی شیوعی کوردستان - عێراق

## بەڵگەنامەی ژمارە (٨٠)

## هەندێ هەواڵ لەناو ڕژێمەوە

سەرچاوەکانمان لە شارو ناوچەو دێهاتەکانی ژێر دەسەڵاتی ڕژێم کۆمەڵە هەواڵێکیان بۆ ناردووین لەبارەی جموجۆڵی ڕژێمەوە، بە پێویستمان زانی پێتانی ڕابگەینین:-

دیارە پلانێکی دوژمنکارانەی دارشتووە بۆ پەلاماردانی کوردستانی ئازادکراوە بە تایبەت ناوچەی گەرمیان.

کورتەی پلانەکە ئەوەیە کە فرقەی زریپۆشی سێیەم و هێزەکانی بەناو صلاح الدین لەچوار قۆڵەوە شانبەشانی کفری هێرش بکەت تا دەگاتە ناوچەی خاڵەکانی بەیەککگەیشتی لیوای پیادەی (٥٠٤) هێرشەکە لەوکاتەوە دەست پێ دەکات کە فەرمان لەسەرەوە بێت. هێرشەکە تا قوڵای ٢٠کم درێژەی دەبێت.

٢- ڕۆژی ١٩٩٩/١١/١٧ یاریدەدەری فەیلەقی دووەم (عبداللەابراهیم) و فەرماندەی حەرەکاتی فەیلەق (سبعان کامل خلف) و فەرماندەی بەتالیۆنەکانی دووەم و سێیەم و چوارەم، سەردانی کەرتەکانی لقەکانی ئەو بەتالیۆنەیان کردو داوایان لیکردن کە وریابن و پێیان ڕاگەیاندن کە بە فەرمانی وەزارەتی بەرگری دەلێ مەشقی سەرتاسەری دەستپێبکەن.

٣- لەبەرواری ١٩٩٩/١١/١٦ هەندێ هێزی تاقمی (مجاهدینی خەلق[١٣٩])ی خۆفرۆش لەدوای هێڵەکانی هێزە سەربازیەکانی ڕژێم لەناوچەکانی بەیەک گەیشتنی مۆڵ دراون، بڵاوکرانەوە.

---

[١٣٩] سازمانی مجاهدین خلق ایران، لەساڵی ١٩٦٥ دامەزرا وەک ڕیکخراوێکی مارکسی بە ئامانجی روخانی رژێمی شاهەنشایی ئێران. لەمیانی هاتنەسەرکاری رژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران، ئەو ڕێکخراوە کەوتە ناکۆکی لەگەڵ رژێمەکەو لەدژی رژێمەکە چەکیان هەڵگرت لەساڵی ١٩٨١و بەو هۆیەوە بە هەزاران کەس لە هەردولا کوژراون کە تەنها ساڵی ١٩٨١-١٩٨٢ بە ١٢ هەزار کەس دەخەملێنرێت. بەهۆی کردەوەکانیانەوە ئەمریکاو ئەوروپا لە نەوەدەکانی سەدەی بیست، خستونیەتیە لیستی تیرۆرەوە. ئەم ڕێکخراوە بنکەی سەرەکی لە عێراقدا بوو لە کەمپی ئەشرەف بەڵام لەدوای روخانی رژێمی سەدام حسین، توشی چەندین پەلاماردان بوونەوە لە لایەن حکومەتی عێراق و گروپە چەکدارەکانەوە. هەربۆیە لە ڕێگەی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بنکەی خۆیان گواستوە ئەلبانیا. ئەم ڕێکخراوە رۆڵی گرنگی بینی لە

٤- لەناوەڕاستی مانگی ت٢/٩٩، چەند کۆبونەوەیەکی نائاسایی لەسەرکردایەتی فەیلەقی دوو سازدران بە بەشداری چەند بەپرسێکی دیکە لەسەرکردایەتی ئاسایشی سوپاو چەند ئەفسەرێک لەحەرەکاتی فەیلەق لەئیشرافی فەرماندەی هێزی مغاویری فەیلەق، لەم کۆبونەوانە مەسەلەی پێکهێنانی هێزی بەرپەچ دانەوەی خێرا باسکراو دووپات لەسەر چەند خاڵێکی سەربازی کرایەوە.

٥- ئەو هێزانەی لەناوچەکە ئامادەکراون بۆ بەرگری یا بۆ هێرش بردن. بە گشت چەکی قورس پڕچەک کراون وەکو، تۆپی دژە ئاسمانی، تۆپی هاوەنی جۆری BMG و تانک زریێ پۆش و ژمارەیەکی زۆر لەڕەشاشی دەستیەوە. وە بریاردراوە پشتگیری ئەم هێزانە بکرێ بە هەموو جۆرێ بۆ ئەوەی بتوانن داکۆکی لەو خاڵانە بکەن کە پێیان سپێردراوە. هەروەها بڕیار دراوە هێزێکی هاوبەش پێکەوە بنرێ بۆ هەمان مەبەست.

٦- لە٢٠/١١/١٩٩٩ ژمارەیەکی زۆری هێزەکانی ڕژێم لەسەر هەردوو قەراخی شەقامی نێوان کەرکوک- دوزخورماتوو بڵاوبوتەوە، ئەم هێزانەی ڕژێم چەکی سوک و BKCیان پێ بوو. لەگەڵ RBG، هەندێ سەربازیش جیهازی لاستیکیان لەسەر پشت هەڵگرتبوو و چەند ئۆتۆمبیلی سەربازیش بە شەقامەکە هاتوچۆیان دەکرد و لەڕۆژانی ٢١، ٢٢، ٢٣ هێزەکانی ڕژێم جموجوڵەی زۆریان هەبوو لەسەر هەمان شەقام بە چەکی قورسیشەوە دەسوڕانەوە و لەسعات (چوار و نیوی) ڕۆژی ٢٣/١١/٩٩ ڕژێم هێزێکی زۆری لەچەند خاڵێک لەسەر هەمان شەقام دابەزاند.

ک/ڕێکخستنی ناوەندی

٧/١٢/١٩٩٩

---

ئاشکراکردنی بەرنامەی ئەتۆمی ئێران. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر دامەزراندنی ئەم ڕێکخراوە بڕوانە: أ.م.د. احمد شاكر العلاق: منظمة مجاهدين خلق (مجاهدي الشعب) ودورها السياسي في ايران ١٩٦٥ – ١٩٧٥م المركز الديمقراطى العربى، ٢٩نوفمبر ٢٠١٩، ص٧٩.

## بەڵگەنامەی ژمارە (٨١)

## ڕاپۆرتی چالاکیەکانی لیژنەی پەیوەندیەکان

## یەکەم: ڕاپۆرت دەربارەی کێشەی نێوان (ینک)و (بزوتنەوەی ئیسلامی)

سەرەتا دەوری ئێمە تەنها هەواڵ پرسین بوو، بەمەبەستی حاڵی بوون لەکێشەو بۆچونی هەرولایان، چونکە هەرچەندە لەهەڵەبجەی شەهید هاوڕێیانمان بەژداربوون لەناوبژی دا، بەڵام لەدوای ٤/٨ کە ڕێکەوتننامەکەیان لە(گوڵەخانە) مۆرکردو تا پرسوڕا بە بزوتنەوە نەکرا ئێمە بانگنەکراین بۆ بەژداریکردن لەو ناوبژیەدا، لەئاستی بەرزدا. ئەوەبوو کاکە حەمەی حاجی مەحمود تەلەفونی کرد بوو، گوایە ئێمە دەورمان نیە لەو کاری خێرەدا. ڕۆژانی ٩-٤/١٠ پەیوەندی لەگەڵ پارێزگارو مەڵبەندی یەک کرا بۆ هەمان مەبەست، ڕۆژی ٤/١١ لەگەڵ وەفدەکە بەشداریمانکردو چوین بۆ (سەراوی سبحان ئاغا[١٤٠]). دوای وتووێژ لەگەڵ کاک جبار فرمان و تێگەیشتنی وەزعی عەسکەری چوین بەرەو هەڵەبجەی شەهید دوای مشتومڕێکی زۆر پێکهاتن لەسەر: -

گەڕانەوەی هێزەکانی مەڵبەندی هەردولا

بەردانی دیل و گیراوەکان

گەڕاندوەی هێزەکان بۆ شوێنی کۆنی خۆیان

ئەو ڕۆژە چەکدارێکی بزوتنەوە، گوللەیەکی (ار.بی.جی) نا بە هاوڕێیانمان و حسکەوە بەڵام نەتەقی ئەگینا کارەساتێکی ئەقەوماند.

ڕۆژی ٤/١٢ بزوتنەوە ڕایانگەیاند کە دیلیان بەرداوە، بەڵام ئەگەر یەکێتی هەموو دیلەکانیان بەرنەدات، ئەوان کەسی تر بەرنادەن، برادەرانی یەکێتی وتیان ئێمە ئامادەین ئەو ڕێکەوتننامەیە بە تەواوی جێبەجێ بکەین.

ڕۆژی ٤/١٣ جارێکی تر پەیوەندی بە کاک فریدون عبدالقادرەوە کرا تا بزانین کێشەکە گەیشتە کوێ.

---

[١٤٠] سەراوی سوبحان ئاغا، یان سەراوی خواروو، گوندێکە سەر بە قەزای سەید سادقەو سەیرانگەیەکی دەشتی شارەزوورە.

ڕۆژی ٤/٢٠ جارێکی لەگەڵ وەفدەکە سەردانی هەڵەبجەی شەهید کرا بەڵام ئەنجامی نەبوو. هەر ئەوڕۆ ٤/٢٠ لەپارێزگار کۆبونەوە کرا لەگەڵ کاک فریدون، دەربارەی کێشەکە تەنها ئاڵوگۆڕی بیرو ڕابوو.

ڕۆژی ٤/٢١ هەواڵمان زانی کە بزوتنەوە دەستیان بە ڕماندی بیناکەی ناوچەی یەکێتی نیشتیمانی کردووە لەهەڵەبجەی شەهید.

شەوی ٢١-٤/٢٢ هەواڵمانزانی کە (م. س)ی یەکێتی کۆبۆتەوە بۆ بڕیاردانی هەڵوێستێک سەبارەت بە کێشەکە، پرسیارمان کرد، وتیان تا پێمان بکرێ شەڕ ناکەین.. ئەگەر ئەوان خاڵەکانی ڕێکەوتنەکە جێبەجێ نەکەن ئەوا خراپیان پێ دەکەین.

ڕۆژی ٤/٢٤ کاتژمێر١٠:٣٠ وەفدەکە چوینەوە بۆ هەڵەبجەی شەهید... بزوتنەوە داوای کۆبونەوە ئەکەن لەئێران. بەڵام یەکێتی ئەوە قبوڵ ناکات، هەر سورە لەسەر ڕێککەوتنەکەی ٨ی نیسان لەگوڵەخانە.

بارودۆخەکە هەر گرژە، لەشکرکاری بەردەوامە، ئێران خۆی هاویشتۆتە کێشەکەوە، دوا هەواڵی ڕۆژی ٤/٢٥ ئەڵێ: مەلا عەلی ڕۆژی ٢٥ی مانگ ئەچێ بۆ ئێران و لەگەڵ مام جەلال کۆ ئەبنەوە.

دووەم: کێشەی (گ)

دوای کوشتنی ٣ گەنج لەبنەماڵەی هاوڕێ (ف گ) کە یەکێکیان پ.م خۆمان بوو. لەلایەن بەرەی (گ)، خێڵی (ع)، بە ناهەق، خەڵکی سەر بەم لایەنە گوندو زەرعاتەکانی خۆیان چۆڵکردوەو بەرەی ئەولایش ڕێگە نادەن کە هیچ فەلاحێک بچێتە ئەو ناوە.

بەپێی ئەو ڕێککەوتنەی چەند ڕۆژێک دوای ڕوداوەکە، بە ئامادەبوونی نوێنەری حیزبەکان مۆرکرا، ئەبێ بکوژەکان تەسلیم بە دادگا بکرێن، ئەوسا خاڵەکانی تر قسەیان لەسەر بکرێ.

بۆ ئەم مەسەلەیە چەند جارێک سەردانی ماڵی هاوڕێ (ف گ)و (ح ڕ)ی برای کرا.. هەروەها لەزۆر بوارەوە پەیوەندی لەگەڵ یەکێتی نیشتیمانی و سۆسیالیستەوە کرا تەنانەت لەگەڵ هەردوو بەڕێز مام جەلال و کاکە حەمە باس کرا، بنەماڵەکە خۆیان چاویان بە مام جەلال کەوت.. هەتا ئەوە بوو دوان لەبکوژەکان دەستگیرکران و تەوقیفکران، (..............)

ڕۆژی ٤/١٢ ئەم مەسەلەیە لەگەڵ کاک فریدون و لەگەڵ سۆشیالیست چەند بارە کرایەوە.. بەڵێندرا کە ئەو بکوژە تەسلیم بکەن، هەروەها پێکهاتن کە لیژنەیەک بڕوان بۆ شارەزوور تا لەنزیکەوە هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکە بدەن، ئەوە بوو ڕۆژی ٤/٢١ نوێنەری خۆمان و یەکێتی نیشتیمانی لەگەڵ (م ئ) چوون بۆ ماڵی (ح ڕ)و مەسەلەکە ماوەی ٣ سەعات قسەی لەسەرکرا، لەکۆتایدا قەرارەکە بەم جۆرە بوو:

تا ڕۆژی شەممەی ڕێککەوتی ٤/٢٦ معامەلەی پێویست بۆ محاکەمە کردنی قاتیلەکان ساز بکرێ و لەگەڵ یەکەم دانیشتنی مەحکەمەدا، ڕێگە بدرێ بەگەڕانەوە فەلاحەکان بۆسەر زەرعاتەکانیان، تا ئێستا کێشەکە لەجێی خۆیەتیی و مەترسی تەقینەوەی لێ ئەکرێ..

سێیەم:وردە کێشە

هاوڕێ (ڕ.ش)

زەوی خۆی هەیە لەگوندی (د) کاتی خۆی زەمانی حکومەتی یەکگرتوی هەرێم بریاردرا ئەو زەویەی پێ بدرێتەوە، بەڵام دوای گەڕانەوەی ئاغاکان بۆ ناوچەکەو دوای لێدانی بزوتنەوەی جوتیارەکان، هەروەها پاش گەڕانەوەی دەسەڵاتی یەکێتی نیشتیمانی بۆ قەڵادزەی، قائممەقام بە فشاری ئاغاکان ڕێگە نادات کە هاوڕێ زەویەکانی زەرع بکات. چەندجارێک لەیەکێتی جوتیاران هەوڵدرا کە یارمەتی بدرێ هەروەها لەدائیرەی زەراعە، بەڵام قائممەقام ئەڵێ: بە موافەقەتی پارێزگار نەبێت هیچ بڕیارێک جێبەجێ ناکەم.

ڕۆژی ٤/١٢ ئەم کێشەیە لەگەڵ کاک فریدون باسکرا، بەڵێنیدا کە لەمەسەکە بکۆڵێتەوە لەگەڵ نوێنەری حیزبمان. تا ئێستا چارەسەر نەکراوە ئێمەش بەردەوامین، متابعەی ئەکەین.

کێشەی بکوژەکانی هاوڕێ شەهید (ئ)

یەکێ لەو بکوژانە کە ١٥ ساڵ حوکم درابوو بە بیانوی کردنی بەشێت، بەڕەڵاکروە لەلایەن مەحکەمەی (احداث)ەوە، باوکی شەهید (ئ) هاتەلامان و لەڕێگەی یاساوە هەوڵمان بۆ داوە کە ئەو کابرایە دەستگیر بکرێتەوە، چونکە کاتی خۆی نێردراوە بۆ فەحص، دەرکەوت هیچی نییە. هەروەها تەمەنی

گەورەیەو بە ساختە بچوکراوەتەوە، مەسەلەکەمان وروژاندو متابعەی بەردەوامە.

کێشەی هونەرمەندان

بڕیاروابوو کە یەکێتی هونەرمەندان شانۆگەریەک لەهۆڵی زانکۆ پێشکەش بکەن و بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک ئەو هۆڵەیان قۆرغ کردبوو، بەڵام کارەکەیان دواکەوتووە لەبەر ئەوەی زانکۆ بۆ چالاکی هونەری خۆیان هۆڵەکەیان بەکارهێناوە. لەسەر ئەمە کێشە لەنێوان هونەرمەندان و زانکۆدا دروست بوو، تەلەفیزیونی ئازادی چاوپێکەوتنی لەگەڵ ژمارەیەک هونەرمەندا کرد کە زۆر هێرشیان کردە سەر زانکۆو خەتاباریان کرد، بەمە سەرۆکی زانکۆ زویر بوو، چونکە ئەبوایە چاوپێکەوتن لەگەڵ هەردولا بکرایە...

ڕۆژی ٤/١٣ سەرۆکی زانکۆ پەیوەندی لەگەڵ کردین و گلەی کرد کێشەکەمان سازکردو تلفیزیون چاوپێکەوتنی لەگەڵ ئەوانیش سازکردو کۆتایی هات.

چوارەم: پەیوەندی سیاسی

بەشداریمانکرد لەڤیستیڤاڵی زانکۆدا

ڕۆژی ٤/٢ سەردانی عمری سید علی، عماد، دکتۆر جلال شفیق کرا، دەربارەی نوسینو ناردنی بروسکەی پیرۆزبای بە بۆنەی ڤیستیڤاڵی زانکۆوە.

پێشوازی لەبرایانی یەکگرتوی ئیسلامی کرا بە بۆنەی یادی (٣) ساڵەی دامەزراندی حیزبەوە

٤/٧ پەیوەندی لەگەڵ سۆسیالیت و یەکگرتو کرا سەبارەت بە کێشەی یەکێتی و بزوتنەوە.

وەفدێکی حیزبمان سەردانی ڕێکخراوی مناڵپارێزی کرد بەمەبەستی پەیوەندی بەستن و هاریکاری کردنەوە..

٤/٢٠ سەردانی مەکتەبی سیاسی حیزبی زەحمەتێکشان کرا تەنها بۆ دیدەنی...

پێنجەم: چالاکی تر

نامە بۆ ٣٠ دۆست و هاوڵاتی نوسراوە بۆ یارمەتی دان و ڕاپەراندنی کارەکانیان

٢٢ پەیوەندی بە کەسان و دامودەزگا جۆربەجۆرەکانەوە کراوە بۆ ڕاپەڕاندنی ئیش و کاری خۆمان و هاوڕێیان.

پێنج نەخۆش نێراوە بۆ خەستەخانەکان و لای دکتۆرەکان هەوڵی یارمەتیدانیان کراوە.

پەیوەندی بە ئاسایشەوە کرا بۆ بەردانی هاوڕێیان و دۆستانی حیزب و ناسیاو خزمانەوەو زۆربەیان جێبەجێ کراوە.

سەردانی ئەم کەسو شوێنانە کراوە:

قوتابخانەکەی ئاوارەکان

اکرەم عزەت نجیب کۆچی دوای دایکی

سەرقەبران و پرسەی نجم الدین حاجی رەشید

ڕێکخراوی خاچی سور لەسلێمانی ٤/٩

پەناگیرەکان لەبەردەم بارەگای نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ دادگایی کردنی سەدام ٤/١٤

سەردانی ڕادیۆی ئازادی بۆ پیرۆزبایی ٤/٢٢

بەژداری کراوە لەیادی ٩٩ ساڵڕۆژی ڕۆژنامەگەری کوردیدا ٤/٢٤

ڕۆژی ٤/٢٥ سەردانی دکتۆر وەرزیر شاڵی کرا بە بۆنەی هاتنەوەی

پەیوەندی کرا لەڕێکخراوی. WHO. WFP. MAG. TDCوتیان خۆمان وڵامی چاوپێکەوتنتان بۆ دائەنێین.

## بەڵگەنامەی ژمارە (٨٢)
## هاوڵاتیانی خۆشەویست

ئێمەی حزبی شیوعی کوردستان کە بەشداری دەکەین لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی شارەوانیەکانی[١٤١] ئەم ناوچانەی کوردستاندا. بەشداریەکە بۆ بردنە پێشەوەو چەسپاندنی پرۆسەی دیموکراسی، هەوڵیش دەدەین بەپێی توانا نوێنەرمان سەربخەین بۆ ئەو ئەنجومەنە. لەپێش هەموو شتێکیشەوە مەبەستمان خزمەتکردنی بەرژەوەندیەرەواکانی دانیشتوانی بەرێزیشارو شارۆچکەکانە. بەڵێنیش دەدەین کە بەوپەڕی دڵسۆزیەوە بەهاوکاری هەموو لایەنەکانی تر کۆشش بکەین بۆ جێبەجێکردن و بەئەنجام گەیاندنی ئەم ئەرکانەی خوارەوە:

هەموو شارەوانیەکان بەتەواوی سەربەخۆبن لە هەڵسوڕانی کارەکانیاندا و دەست لە کاروباریان وەرنەدرێ.

٢- بوجە و داهاتی تایبەتی خۆیان هەبێت و خۆیان خاوەن بڕیاربن لە خەرجکردنیدا.

٣- داهاتی گەراجەکان و نەقڵیاتەکان بخرێتەوە ژێر دەستی شارەوانیەکان.

٤- پڕۆژەی ئاوی خواردنەوە و ئاوەڕۆ بگەڕێتەوە ژێر دەستی شارەوانیەکان.

٥- هەرچی شوێن و بوار و بینایەکی گەشتو گوزار هەیە لە سنوری هەر شارەوانیەکدا بدرێتەوە بەو شارەوانیە.

٦- هەر شارەوانیەک هێزی تایبەتی بۆ پێکبهێندرێت بۆ پاراستنی ئاسایش لەو شارەدا، بەتایبەت پارێزگاریکردنی بازاڕ و گەڕەکەکان بەشەو.

---

[١٤١] ڕۆژی ٣ی شوباتی ٢٠٠٠، لە سنوری پارێزگای سلێمانی و قەزاکانی، هەڵبژاردنی شارەوانی ئەنجامدرا کە سەرجەم پارتەکانی سنوری سلێمانی بەشدارییان تێدا کرد و (ی.ن.ک) سەرجەم سەرۆکایەتی شارەوانەکانی بەدەست هێنا، تەنها شارەوانی هەڵەبجە نەبێت کە بزوتنەوەی ئیسلامی بەدەستی هێنا لەگەڵ شارەوانی سەیدسادق کە یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان بەدەستی هێنا.

٧- بایەخدان بە کرێکارانی شارەوانیەکان لەڕووی (جل و بەرگ، پێڵاو، دەستکێش، چاویلکە)، هەروەها پێدانی دەرماڵەی تایبەتی.

٨- دابینکردنی زەوییان شوقە بۆ کارمەندان و کرێکارانی شارەوانیەکان.

٩- پەرەدان بە دروستکردنی خانووی ستونی (باڵەخانە) لە بریی خانووی تاک.

١٠- بایەخدان بە پاک و خاوێنی لەناو شارەکاندا و پاراستنی ژینگە و شاردنەوە و سوتاندنی زبڵ و پاشەڕۆکەکان و دورخستنەوەیان لەشار و شارۆچکەکان.

١١- دوورخستەوە و خاوێنڕاگرتنی شوێنیڕاگرتن و فرۆشتن و بەخێوکردنی ئاژەڵ، هەروەها دورخستنەوەی قەسابەکان.

١٢- کۆکردنەوەو یەکخستنی بەنزینخانەکان و دروستکردنی چەند بەنزینخانەیەکی سەرەکی لە شوێنی گونجاودا.

١٣- دروستکردنی بازاڕ و هۆڵ و شانۆ و گەرماوی میللی لە شار و شارۆچکەکاندا.

١٤- دەستگیرۆی هەژار و لێقەوماو و بێکارەکان، کردنەوەی شوێنی تایبەت بۆ پیرو پەککەوتەکان.

١٥- بایەخدان بەیاریگاو چادرگای لاوانو قوتابیان و کردنەوەی یاریگای هاوچەرخ لە شارەکاندا و یارمەتیدانی تیپە وەرزشیەکان.

١٦- کردنەوەی لقی شارەوانی لە گەڕەکە گەورەکاندا.

١٧- زیندوکردنەوەی تەواوی پڕۆژە کۆنەکەی پاکژکردنەوەی ئاوەڕۆی سلێمانی.

١٨- تەواوکردنی پڕۆژەی قیرتاو و چیمەنتۆ ڕێژکردنی شەقام و کۆڵانەکانی شارو شارۆچکەکان.

١٩- دارشتنی نەخشەی نوێی بۆ شاری سلێمانی و پەرەپێدانی شەقامە سەرەکیەکان و کردنەوەی شەقامی نوێ.

٢٠- بایەخدان بە باخچەکان و ڕواندنی درەخت لەناو شارەکان و دەوروبەریاندا.

٢١- ڕێکخستەوەی بازاڕەکان و خاوێنکردنەوەیان و دابینکردنی شوێنی شیاو بۆ عەرەبانەو دەست فرۆشەکان.

٢٢- دامەزراندنی دەستەیەکی گواستنەوەو هاتوچۆ لەناو شاری سلێمانیدا بۆ دەوروبەری شار، بەهەمان شێوەش لە شارە گەورەکانی تردا.

٢٣- دامەزراندنی شارەوانی لەهەر گوندێکداکە ژمارەی دانیشتوانی لە هەزار کەس زیاتر بێت.

٢٤- بایەخدان بە ئاوەدانکردنەوەی ئەو شار و شارۆچکانەی کە لەسەردەمی دەسەڵاتیرژێمدا وێرانکراون.

٢٥- گەیاندنی خزمەتگوزاریەکان بە گەڕەکە نوێکان و گەڕەگە هەژار نشینەکانی دەوروبەری شارەکان.

حزبی شیوعی کوردستان -عێراق

٢٠٠٠/١/١٥

بەیاننامەی حزبی شیوعی عیراق
بۆ رای گشتی عیراق و عەرەب و جیهان

## میری نەخشەی کاول کردنی ولاتەکەمان دەکێشێ

پاش ئەوەی هێزەکانی سوپاو ئەمن ناچار بوون لە پارێزگاکانی هەولێرو سلێمانیو دهۆک بکشێنەوە ، حکومەت دەستی کردوە بە جێبەجێ کردنی نەخشەی نانەوەی پشێوی و بێ ئارامی لە کوردستاندا بە تایبەتی و لە عیراقدا بە گشتی . ئەویش بەوەی کە ئیدارە میری یە مەدەنییەکانی بکشێنەوەو ، هەوڵی ئەوە ئەدات کە لە رێی ئەمباع خستنە پێش و هەرەشەو فرمودانەوە ، فشار بخاتە سەر فەرمانبەرو کارگوزارانی دەزگا میرییەکان و هێزانە فێر- کارەکانی زانکۆو قوتابخانە ناوەندی و ئامادەییەکانی پارێزگاکان بۆ ئەوەی بگوێزنەوە بۆ دەرەوەی ناوچەی ئۆتۆنۆمی . لەم دواییەشدا هانی قوتابییە عەرەبەکانی زانکۆی سەلاحەددینی پارێزگای هەولێری داوە کە بگوێزنەوە بۆ زانکۆکانی تر لە بەغدا و لە موصل . لە پاڵ ئەمانەشدا ، بەپێی ئەو هەواڵانەی دزە دەکەن ، ئەم جۆرە بڕیارانە پارێزگاکانی باشووری ولاتیشیان گرتوەتەوە . لە هەمان کاتدا رژێم دەسەلاتی خۆی لە بەغداو لە هەندێ پارێزگای تردا بەهێز دەکات و ، کۆسپ دەخاتە بەردەم هاتوچۆی هاوولاتیان و گواستنەوەی خۆراک و سووتەمەنی بۆ ناوچەی ئۆتۆنۆمی .

میری لە کاتێکدا ئەم هەڵوێستەی گرتوە بەر کە نەیتوانی دەسەلاتی بەجەستەیی و لەسەر رێسازی سەرکوت کاری خۆی بەردەوام بێت و پاش ئەوەی لە دەزگا ئەمنییەکانی بێ هیوا بووبوو و ، بۆی روون بووەوە کە کەسانی ناو سوپا ئامادە نین شەڕێکی شۆفێنیانەی نوێ دژ بە گەلی کوردمان و هێزەکانی بەرەی کوردستانی ئەنجام بدەن و ، رژێم وای لێ هاتبوو کە بە هۆی ناڕەزایی بەردەوامی هەستانەوەی جەماوەرو ئاوو هەوای ئازادی لە ناوچەکەداو قووڵتر بوونی قەیران و کەنار گیری رژێم و قینی جەماوەر لێی ، لە مانەوەی هێزە سوپاییەکانی لە کوردستاندا دەترسا .

ئەو هۆکارانەی پاڵیان بە رژێمەوە نا ئەم کارە ئەنجام بدات ، لە جەماوەرو لە بەرەی کوردستانی و لایەنەکانی، شاراوە نییەو ، لە بنەڕەتدا دژایەتی سیاسی سەری رژێم و رێبازە شۆفێنییەکەی و بێ توانایی و ئەبڕینی هێزە ئەمنییەکانی دەگەیەنێت .

ئامانجی ئەم مانۆڕە نوێیە وەدەست هێنانی کات و گرد کردنەوەی وزەو توانایە بۆ پەلاماردانەوە لە داهاتوویەکی گونجاودا . رژێمی دەسەلاتدار دەیەوێ لە رێی سزادانی جەماوەر بە راگرتنی کاروباری رۆژانەی هاوولاتیان و پەکخستنی کارە خزمەتگوزارییە مەدەنییەکان و تێکشکاندنی کردنی ژیانی ئابووری و پاشان سەپاندنی گەماروی ئابووری یەوە ، حاڵەتی بێزاری گشتی و هیوا براوی و پشێوی بڵاوبکاتەوە و فشار بخاتە سەر بەرەی کوردستانی تا ناچار بێت لە بەردەم مەرجەکانی رژێمدا چۆک دادات .

حکومەت لە پێناوی مانەوەی خۆیدا هەموو چەکێکی تاقی دەکاتەوەو ، هەروەک جاران ، بیر لەوە ناکاتەوە کە تاوانی نوێ دەرحەق بە گەلەکەمان ئەنجام بدات . بەلام لە راستیدا ئەم کردەوەیەی بەڵگەی نوێی پەککەوتەیی و داخورانی دەسەلاتی و هەرەس هێنانی و وەلا چوونی حەتمیی دەدات بەدەستەوەو ، گەلەکەشمان بە عەرەب و کوردو کەمە نەتەوەییەکانی بەوە سوورە لەسەر وەلانانی .

بەڵگەنامەی ژمارە (٦٨)

— ٢ —

حزبی شیوعی عیراقمان ، باوەری بتەوە بەوەی کە جەماوەری بەڕێزو بازووی یەکگرتووی دەتوانی ئەم پیلانەی ڕژێم پووچەڵ بکاتەوە، بڕوای بەوە هەیە کە فەرمانبەرو کارگوزارانی دەزگا میرییەکان و خێزانە فێرکارەکان ، کە ڕۆڵەی گەلەکەمانن ، لە جێی کاری خۆیاندا دەمێننەوەو خزمەتی برا هاووڵاتییەکانیان دەکەن و مولک و سامانی گەلەکەمان دەپارێزن .

حزبمان داوا لە بەرەی کوردستانی و لایەنەکانی دەکات ، لەم بارودۆخە ناسکەدا، بە ئەرکی سەر شانیان هەستن و بچنە ژێر باری مەسئولیەتیانەوە، دەست پێشخەری بکەن لە گرتنەبەری ڕێو شوێنی کاریگەری ئەوتۆ کە سەروەری یاساو ئاسایش و ئارامی دابین بکات و بەپەلە کار بکەن بۆ مسۆگەر کردنی بەشداری هاووڵاتیان لە بەڕێوەبردنی کاروباری خۆیان ، لەڕێی دەربڕینی خواستی ئازادیان بە هەڵبژاردنی نوێنەرانیان بۆ ئەنجومەنی پارێزگاکان .

حزبمان لە کاتێکدا ئەم ڕاستییانە دەخاتە بەردەم ڕای گشتی عەرەبی جیهان ، بە گەرمی داوا لە سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکات لەم بارە مەترسی دارە بکۆڵێتەوەو چارەسەری بکاو بیخاتە بەردەم ئەنجومەنی ئاسایش تا ئەوانیش بڕیار دەرکەن بۆ تاوانبار کردنی ئەم کردەوانەی ڕژێم و دابین کردنی ژیانێکی ئاسوودە بۆ گەلەکەمان، هەروا حزبمان بەگەرمی داوا لە حکومەتەکانی دونیا، بەتایبەتی حکومەتی وڵاتە دراوسێکانەوە، لە گشت ڕێکخراوە مرۆییەکان دەکات یارمەتی ماددی و بەرچاو پێشکەش بە جەماوەری گەلەکەمان بکەن و لەو نەخشەو پیلانە ڕزگارمان بکەن کە دیکتاتۆری کۆنەپەرست بۆی ناوەتەوە .

٢ ی تشرینی دووەمی ١٩٩١

حزبی شیوعی عیراق

- - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - -

بەڵگەنامەی ژمارە (٦٨)

## نامەیەكی ناوخۆیی

**هاوڕێیانی بەڕێز لەكۆمیتەی پارێزگاكان**

سلاوێكی هاوڕێیانەی گەرم

هاوپێچ لەگەڵ ئەو نامە ناوخۆیی‌یەی لە ٥/٩دا بۆ بەڕێزتان ناردمان سەبارەت بە بەستنی كونفرانسی پارێزگاكان لەژێر سەردێڕی (لەپێناو سەركەوتنی كونفرانسەكانو پتەوبوونی دیموكراسیدا) فەرموون لەگەڵ هەندێ دەستكاری كە مەكتەبی سیاسی لە ژمارەیەك بڕگەدا كردوونی:

١- بڕگەی شەشەم لەنامە ناوخۆییەكەدا كە تێیدا هاتوە: «كۆنفرانسی ڕێكخراوە بنچینەییەكان بەڕێژەی ١ نوێنەر بۆ هەر ٢٠ ئەندامی ڕێكخراوە بنچینەیی‌یەكە، نوێنەر بۆ كۆنفرانسی پارێزگا هەلدەبژێرن»، ئەمەی بۆ زیاد دەكرێ:

« ئەم ڕێژەیە ڕێكخراوە بچووكەكان ناگرێتەوە، وەك ڕێكخراوی دهۆك، لەوێ ڕێژەكە ١ نوێنەرە بۆ هەر ١٠ ئەندامی ڕێكخراوە بنچینەیی‌یەكە».

ئەم دەستكاریە بەو مەبەستەیە كە ژمارەیەكی گونجاو بەشداری كۆنفرانسی پارێزگا بكەن.

٢- كۆمیتەی پارێزگا مافی ئەوەی هەیە یەك نوێنەر لەهەر لیژنەیەكی تایبەتمەند، كە لیژنەكە خۆی هەڵی دەبژێرێ، بۆ كۆنفرانسی پارێزگا بانگ بكا.

٣- كۆمیتەی پارێزگا مافی ئەوەی هەیە هەندێ لەو هاوڕێ لاوانەی هەلبژێردراون بۆ لیژنەكانی ڕێكخراوە بنچینەیی‌یەكان، بانگ بكا بۆ بەشداری لەكۆنفرانسی پارێزگادا، تایبەتمەند بن لەگفتوگۆكان، بەلام مافی ئەوەیان نەبێ لەهیچ پرۆسەی دەنگدانێكدا دەنگ بدەن، هەروەها نابێ بكۆردرێن بە نوێنەری تەواو.

٤- بڕگەی حەوتەم بەم جۆرە چاك بكرێ‌و بیێتە: « هەموو پرۆسەی هەلبژاردنەكان لەكۆنفرانسی پارێزگاكاندا بە دەنگدانی نهێنی ڕاستەوخۆ دەكرێن‌و پێویستە پاڵێوراوەكە زۆربەی ڕەها وەدەست بهێنێ‌و سێ گێم ئەم پرۆسەیە دەكرێ. بۆ چارەسەركردنی هەر كەمو كوریەكیش لەژمارەی نوێنەراندا بۆ كۆنفرانسی پارێزگاكان ، كۆمیتەی ناوەندی ئیجراتاتی پێویست دەكات.

م.س حشك
١٩٩٦/٨/١٧

بەڵگەنامەی ژمارە (٦٩)

هەواڵەکانی لیژنەی پەیوەندی لە وڵاتدا :

رووداوەکانی ٣١ / ٨ / ١٩٩٦ کە لە رێگەی پەیوەندی کردن و کۆبوونەوەی دوو قۆڵی و هاوبەشی حزبە کوردستانییەکان کرد، بێگومان لیژنەی پەیوەندی نیشتمانی بارەگای هەولێری حزبیشمان دوور نەبوو لەم کارتێکردنە، بەڵام لەم دواییەدا چەند هەواڵێکمان لە بوارەکانی پەیوەندی نیشتمانی [illegible] وە لە خوارەوە پوختەی هەواڵەکانتان دەخەینە روو :

کۆبوونەوەیەکی هاوبەش لەگەڵ لقی هەولێری یەکێتی نیشتمانی دیموکراتی ئاشوری لە بەرواری ٢٢/٢/١٩٩٧ لە بارەگای ئێمەدا لە عەینکاوە ئەنجام درا:

- تەئکید لە گرنگی پەیوەندی دوو قۆڵی ئەم دوو لایەنە کرایەوە، وە [illegible] لەسەر [illegible] کرا. کە پێویستە [illegible] هەنگاو [illegible] ئەم بوارە [illegible].
- هەردوولا [illegible] قۆناغی [illegible] ئامادەباشی [illegible] (پارک ونیک) [illegible] گەلانی [illegible] (٢) [illegible] هەردوولا [illegible] پەیوەندی کردن بە دەوڵەتانی [illegible] (پارک ونیک) [illegible] بۆ [illegible]
- کۆبوونەوەیەکی هاوبەش لەگەڵ [illegible] کوردستان لە بەرواری [illegible] / ١٩٩٧ لە بارەگای ئێمەدا [illegible] تەئکید لەسەر [illegible] هەردوولایەن کرا.

بەڵگەنامەی ژمارە (٧٠)

- مەترسی حزبەکانی ئێستا و ئامادەباشی (ئیرک ویلک) وشەڕ پڕۆژەش کرا
- هەمان پێشنیاریان هێنایەوە روویان کە لەگەڵ برادەرانی بزووتنەوەی
دیموکراتی ئاشتی باسمان کرد بوو مەبەستیان بەرپرسانی بوونی لەبەرەیت و
دووریان داستنانەوە ئامادەیە (م.م.س) لە هەردوولا کرا.
- تاکید لەسەر پشتیوانی پشتگرانی حزبیان دەکرد و تکوو حزبێکی ئەلای.
- پرسیاریان لەسەر بارگرژی راگەیاندنت ئێمە و پارتی کرد.
- هەست دەکەین بەگەرمی پێشوازی لە پەیوەندی کردنمان دەکەن.
- روانێک بۆ بارەگای حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران
لە بەرواری ١/٢/١٩٩٧ لە هەولێر
- لەلایەن کاک تەیمور پێشوازی کرای
- نیگەرانی خۆیان دەربارەی دۆخی ئێستای کوردستان دەربڕی
- بێزاری خۆیان لە کاری تیرۆریستی دەربڕی کە لە ناوچەکانی ژێر
دەسەڵاتی یەکێتی دەرهەق بە هەڤاڵان و لایەنگریان ئەنجام دەدرێت.
- نیگەرانن لە هاوکاری [illegible] (سێنک) لەگەڵ اطلاعاتی ئێران دەربارەی
ئەم مەسەلەیە.
- ئاشکرایان هەبوو کە اطلاعاتی ئێران [illegible] هەولێری کردووە
- بڕیاریان داوە ئەگەر ئێران [illegible] کوردستان [illegible]
ئەوان ئەوا بەرگری [illegible] دەکەن
- خۆشحاڵن بەو پەیوەندییە [illegible] ئێمە [illegible] هەیە.
- گوتیان ئێمە پەیوەندیمان لەگەڵ بەغدا هەیە بەڵام [illegible]
بۆ ئەنجامدانی کاری وا کە لە بەرژەوەندی [illegible] بەغدا [illegible]
[illegible] قبوڵ ناکەین ئەگەر بەغدا داوامان لێ بکات بەڵام
[illegible] (ئیرک ویلک) [illegible] دەستیان زۆر لاوازە.

بەڵگەنامەی ژمارە (٧٠)

کۆبوونەوەیەکی دووقۆڵی لەگەڵ P.K.K لە بارەگاکانی ئەوان
لە بەرواری ٥/٢/١٩٩٧

- هەردوولامان ڕێککەوتین لەسەر گرنگی پتەوکردنی پەیوەندییەکان و بەرەوپێشبردنی [illegible] کاری هاوبەش لەسەر بناغەی [illegible]. لەبەر [illegible] بەرژەوەندی گشتی [illegible]. [illegible] لەم پێشکەوتنی پەیوەندییەکان [illegible] پارێزگاری حزبەکان بەدەست لەم هەموو بوارێک.

- دەربارەی [illegible] پڕۆپاگەندەی [illegible] لە لایەن [illegible] گوتیان: ئێمە حزبێکی [illegible] لە [illegible] خۆمان قبووڵ ناکەین ئێمە حزبێکین [illegible] کوردستان [illegible] بەڵام [illegible] لە پارچەکانی تری کوردستان [illegible] بۆیە [illegible] پارچەکانی تری کوردستانیش لە [illegible] خۆمان قبووڵ دەکەین.

- لە بەرواری ٢/٢/١٩٩٧ (P.K.K) پەیوەندییان [illegible] کە [illegible] دەیانویست [illegible] ئەوان کۆبوونەوە [illegible] لەگەڵیان [illegible] [illegible] لە لایەن ئەوانەوە [illegible]

- [illegible]

- دووپاتی [illegible] کردنی پەیوەندییەکانیان کردەوە.

- داکۆکی [illegible] کوردستانی عێراق [illegible] دەکرد.

- دەیگوت ([illegible]) [illegible]

- دەیگوت ئێمە [illegible] کوردستان [illegible] بەڵام [illegible] ئەم [illegible]

بەڵگەنامەی ژمارە (٧٠)

- پێویستە ئەلتەرناتیڤی (بدیل) ی دۆخی ئێستا دروست [illegible] بێت ،
چونکە (ئیراک و ئینگلیز) شکستیان هێنا لە حوکمڕانی کوردستان .

- دەیگوت : پێویستە حزبی شیوعی کێشەکان زیاتر باسی بکات و شێوەی
نەفرەتی بداتێ لە باسکردنی دا .

- بەپێی سیاسەتی حزبمان باروودۆخی ئێستامان بۆ شۆڕش خۆش کردووە و
ڕاو بۆچوونی حزبمان خستە ڕوو .

- ڕوداوێک بۆ مەڵبەندی ـ ٢ ـ ی سنیل لە بەرواری
لە کۆیسنجق .

- تاکید لە گرنگی دوو ولایەنە کرا ، بەتایبەتی کە حالی ستراتیژی
هاوبەشمان هەیە لە ئەنتوانادا . وەکو ڕووخاندنی ڕژێم
عیراق حفتی و ئەو داعنە ترە دوان وەوەتیان !

- ئێمە هەرگیز تەجزیئەی پارتی قبوڵ ناکەین .

- ڕێکەوتنی ئەنقەرە هەرچەندە بێبەشمان لە بەرهەمە ، بەڵام
بەرامبەر ڕێکەوتنی ستیقەرە نەگرتی

- ئێمە ئێستا باسی ڕووخانی ڕژێم ناکەین ، بەڵام کاری لەسەر دەکەین .


- ئەگەر ئیدار بریطانیا ، مەجبووریان لەسەر مەسەلەی ئاشتی و هاوکاری
ئێمە و عەرەب و ئێران و عیراق دەکەن

- ئێمە لە ٨٠٪ ی چەکەکانمان ئێران کڕیوە .

- ئەو پارتیەی کە ئێران بە ئێمەی داوە ناکاتە ١/٢ ی پارەی
ئەوان بۆ پارتی .

- بەشداربوونی لە حکومەت هەڵگرانی بە جەنەی ئێمەیە .

بەڵگەنامەی ژمارە (٧٠)


- پێویستە بەپێی ئەو سەرچاوانە غەدر و هەڵەمان نەکرێت.
- تاوەکو ٢١/٨ کە دەگوترا هەردوولا گرنگ هەبوون ڕاستییەکی تێدا بوو، بەڵام دوای ئەم بەروارە شتەکان گۆڕان. ئێمەو پارتی وەکو یەک تاوانبار نین!
- نووسینەکەی ه. کەریم کە شەڕەکەی بە شەڕی ئەقلیمی لەقەڵەم دەدات غەدرێکە لە ئێمە دەکرێت.
لەوەڵامدا گوتمان:
- ئێمە پەیوەندیمان بە هیچ دەوڵەتێک نییە.
- ئێمە بێلایەنی خۆمان لە شەڕی ناوخۆ دەپارێزین.
- دەربارەی وتووێژ هەڵوێستمان ئاشکرایە.
- لەو قۆناغە هەوڵمان لە پێناو ئاشتبوونەوەی گشتییە.
- بەشداریمان لە حوکم بە شێوەیەکی پەرەزانە و بۆ دوورخستنەوەی پارتییە لە شەڕ و بۆ ئاشتبوونەوەی گشتییە، وە بەپێی بەرنامەیەکی دانراو بەشداریمان لە حوکم کرد وە هاوکاری زیاترمان... کە ناتوانێت ئەو دەورەی ساڵی ١٩٧٨
- وە ئێمە ئەگەر سیاسەتی تاکڕەوی...
- تێبینیمان لەسەر ڕێکەوتنی ئاشتی هەیە، بەڵام سەرەڕای ئەمە ڕێکەوتنێکی باشە و ئیحترامی دەکەین
- پەیمان دەدەین دەوڵەت هەرچیانە... کە ئاشکرای دیارە لەسەر شەڕی ناوخۆ.

بەڵگەنامەی ژمارە (٧٠)

برایانی بەڕێز لە سەرکردایەتی پارتی کرێکارانی کوردستان

بیرەوەری دامەزراندنی ( ١٩ ) ساڵەی حزبە تێکۆشەرەکەتان بە دەرفەت دەزانین بۆ پیشکەش کردنی گەرم ترین پیرۆزبایی وە هیوادەخوازین هەمیشە سەرکەوتوبن لە خەبات- دا بۆ وەدەس هێنانی مافە ڕەواکانی گەلی کوردستانمان لە هەرێمی باکوردا .

بەم بۆنەیەوە پشتگیری و هاوکاری خۆمان دووپات دەکەینەوە لە خەباتی گەلەکەمان لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا وە خەباتی پارتی کرێکاران بۆ بەدیهێنانی مافە ڕەواکانی گەلی کوردستانی تورکیا .

لەم هەل و مەرجە ئاڵۆزەدا بە پێویستی دەزانین هەموو لایەکمان لە پێناوی ئازادی خوازی گەلی کوردستان ڕێز لە بیرو بۆچوونی مەسەلە جیاوازەکانی بگرین وە خۆمان لە هەموو کارو کردەوەیەک دوور بخەینەوە کە زیان بە خەباتی پارچەکانی کە دەگەیەنی وە دەبێ ئەزموونی کوردستانی باشوور بە هەموو لایەکمان پارێزگاری لێ بکەین .

لەگەڵ ڕێزماندا ....

مەکتەبی سیاسی

حزبی شیوعی کوردستان - عێراق

بەڵگەنامەی ژمارە (٧١)

١/

لە چالاکی یەکانی لیژنەی پەیوەندی یەکانی سلێمانی ٣/٦ .. تا ٥/٥

ئەم چالاکیانە ئەنجام دراوە :-

+ ٣/١٧ بەشداری کرا لە ئاهەنگی رۆشنبیری جەماوەر بە بۆنەی یادی دەساڵەی شەهیدانی هەڵەبجە .. بروسکەی حزبمان پێشکەش کرا ..

+ ٣/١٨ سەر لە بەیانی ئامادەی کردنەوەی پێشانگاو چالاکیەکانی قوتابیانی نەوەی پێشەوە بووین ..

+ لە ٣/٦ هاوڕێیانی پەیوەندی یەکانی قەرەداغ (وەستا صلاح ، ماموستا عمر ، برهان) سەردانی بەڕێوەبەری ناحیە (بەڕێز کمال ئەشرەف عارەمانی) یان داو ، ئەمەی باسەکانیان :-

– پەیوەندی نێوان هەردوولا ..

– ئەو ولگیرو گرفتانەی لە ناوچەکە دروست دەبێ بە تایبەتی کێشەی زەوی داروجوتیاران .. بە پشت بەستن بە یاساو دوورکەوتنەوە لە لایەنی خەڵکی

– ئاوەدان کردنەوەی قەرەداغ و کێشەی ئاو و کارەبا

– هەنگاو باشی تر بۆ بەهێزکردنی پەیوەندی هەردوولا بە مەبەستی باش کردنی خزمەت گوزاری لە ناوچەکە .

+ لە رۆژی ٣/١٠ هاوڕێیانی پەیوەندی یەکانی قەرەداغ سەردانی بەڕێز بەڕێوەبەری ئاسایشی قەرەداغیان کرد .. ئەوەی باسەکانی نێوان هەردوولا :-

– چارەسەر کردنی کێشەکان لە ڕێگای یاساییەوە .

– لەگەڵ لێدانی کردنی ئاسایش و بەرقەرار بوونی لە ناوچەکە ئازادی سیاسی هەبێت .

– کێشەی دانانی پۆستەرەکانی حزبمان و کافوتان و ژنان .. و لێپرسینەوەو لێکۆڵینەوە لە سەری .

بەڵگەنامەی ژمارە (٧٢)

٤

بەرتی بەڕێوەبەری ئاسایش بەگەرمیەوە گوێی بۆ پێشنیارەکان گرت

سوپاسی پێشبینیەکانی کرد بە هاوکاری کردنیان

+ لە ٢/١٨ پێشوازی کرا لە هاوڵاتی یەکی کوردستانی ئێران بە ناوی (جەلال ئەکبەری هاشمی) بە سەفەری ئێکۆشە ئێک ڕێگای زۆر کاری چینی کردنیاندا و زۆر حەز ئەکەیشان بە پەیوەستی داکۆکی کردن لە مافی مرۆڤ -- لە دوایدا یەکێکی کە لە یادی کارەساتی کیمیاوی بارانی هەڵەبجە دا .. من بە ڕێزەوان لە پێناوی چەسپاندنی ئاشتیدا ئەم ڕێنیشوانە ئەکەم و دەچم هەولێریش .. بەڵام ئەشوێن لە هەڵەبجەوە دەروە هاتوومە ئێرە .. وداخوازی پێشکەش بە ٨٨٦ وەمافی مرۆڤ و حزبەکان کردووە.

+ ڕۆژی ٢/٢٨ نوێنەرەکان بە سەرداری یەکەمین کۆنفرانسی خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی کرد .. کە بریتی بوو لە دوو بڕوسکەی بەڕێزمام جەلال و حزب و لایەنەکان.

© داخم کردن بەرنامەو بە پەروەی ناوخۆی ڕێکخراوەکە.

+ لە ٢/٢٨ سەعات پاش نیوەڕۆ ئامادەی ئاهەنگی چوارساڵەی دامەزراندنی حزبی بزووتنەوەی دیموکراتی خوازان بوودین وتێبید بڕوسکەی حزب خوێندرایەوە.

+ هاوڕێیان پێشوازیان کرد لە وەفدێکی ئەندامانی کارمەندەکانی بنەڕەتی (دەستەی دامەزرێنەر) ئەوەی پاسەکان :-

- چۆنیەتی دەستەبەکار بوون.
- داواکردنی نوێنەر لێمان.
- خۆ ئامادەکردن بۆ هەڵبژاردن.

+ ئامادەبوون لە یادی شەهید بوونی (محمد باقر الحکیم) لە سلێمانی -

+ سەردانی پێشانگای (ئاشتی وشارستانیەتی) لە هۆڵی هۆزەخانە لە بەرواری ٤/١٤ -

بەڵگەنامەی ژمارە (٧٢)

٣

+ ٤/١٤ لەگەڵ هاوڕێیانماندا هاوڕێیانی لیژنەی پەیوەندییەکانی کەرکوک سەردانی پێشانگای (فوتۆگرافی ئاوارەکانی کەرکوک)یان کرد لە یادکردنەوەی ڕۆژی ئەنفال

+ ٤/١٩ بەشداریمان لە ئاشتی ئەرکی هەردوو جەمسەری حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری (شاپور و قابیل) داکرد .

+ لە ڕۆژی ٤/٢٠ وەفدی کۆمیتەی حزبمان لە کەرکوک بەشدارییان لە پرسەی هەردوو شەهید شاپور عبدالقادر و قابیل عادل دا کرد لە هۆڵی ژووری بازرگانی و مزگەوتی حاجی حسن .

+ ٤/١٤ سەردانی مەکتەبی ناوەندی کاروباری و باری ئافرەتمان کرد بۆ پیرۆزبایی لە بەڕێز بەکری حاجی سەفەر وەک لێپرسراوی ئەو دەزگایە .

+ کاتژمێر ١٠ ی سەر لە بەیانی ٤/٢٨ وەفدێکی یەکێتی نیشتمانی کوردستان - مەڵبەندی سلێمانی کە پێکهاتبوون لە بەڕێزان (کاک عمر سید علی ، شێخ محمد ، معتصم ، دلێر) سەردانی بارەگای حزبمانیان کرد و لەلایەن هاوڕێیانی لیژنەی پەیوەندییەکانی حزبمانەوە بە گەرمی پێشوازییان لێکرا . شایانی باسە هاوڕێ مەلا حەسەن و حافظ ستاعلی بەشداری کۆبوونەوەکەیان کرد . ئەو مەسەلانەی باسکرانیان بریتی بوون لە :

- بەهێزکردنی پەیوەندی هەردوولا و پێویستە زیاتر لە جاران ئەم کۆبوونەوانە ئەنجام بدرێت .

- بەدرێژی باس لە بارودۆخی کوردستان و ناوچەکە .

- گۆڕینەوەی بیروڕا و هاوکاریکردنی هەموولایەکان دژ بە تیرۆر و کاری تیرۆریستی .

- مەسەلەی پرۆسەی ئاشتی و هەوڵەکان و هەوڵی هاوڕێ عزیز محمد ، و کاری چالاکی .

- دانیشتنەکانی هەردوولا (ئیلک ، پدك) و ئاکامەکانی و هێنانی مەسەلە لە هەڵوێستەکان و چارەسەرکردنیان (کۆتایی بە شەڕی هەردوولا و ... ، بە ڕێوە بردن ... ، هاوکاری کردن و کارەبا و خزمەتگوزاری و جێبەجێ هێنانی بڕیاری ٩٨٦)

بەڵگەنامەی ژمارە (٧٢)

٤

+ ڕۆژی ٢٠/٤ هاوڕێیانمان لە ئاهەنگی کۆتایی ساڵی لارێکەی جل و بەرگی سلێمانی ئامادە بوون، و بروسکەی حزب خوێنرایەوە.

+ لە یەکی ئاپاردا هاوڕێیان لە زەرگوێز ئامادەی ئاهەنگی هاوڕێیانی کۆمەڵەی کورد کەبە وبۆنەیەوە گێڕدرا.

+ هەر لە یەکی ئاپاردا هاوڕێیان ئامادەی ئاهەنگی ئاپاریان کرد لە هۆڵی پایەرین لەلایەن سەندیکای کرێکارانی کوردستان سازکرابوو.

+ لە کۆتایی مانگی چواردا لە سێ کۆبوونەوەی هاوبەشی حزبەکان (کۆمۆنیستی کرێکاری، سۆسیالیست، یەکێتی نیشتمانی، زەحمەتکێشان، وحزبی کاردا) کرد لە بارەی کاری حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق. بەهەبوونی پاش هەستان بەرێگرەو دژی تیرۆر - شایانی باسە ئێمە لەلایان تێک نەهاتین لەسەر ئەوەی لە بەناوی حزبەکانەوە بێ ی هەڵسەنگێنی بە تێکۆ بەناوی ئاگراو و جەماوەری کانەوە بێت.

+ ڕۆژی ١٥/٥ هاوڕێیانمان بەشداری کردنەوەی پێشانگای کۆمەڵی هونەر ڕەمەزان بوون تایبەت بە ئەنفال کرابووەوە.

+ هاوڕێ م. مجید ئامادەی ئاهەنگی یادی پەنجا ساڵەی یەکێتی قوتابیانی گشتی عیراق بوو لە هۆڵی ئازادی.

+ شایانی باسە کە هاوڕێیانی لێژنەی پەیوەندییەکان جەژنیان بەشداری زۆری بووە و سەردانی کە جیاوتییەکانی شاریان کردووە.

• ئەم بەشداریانە هاوڕێیانی لێژنەی پەیوەندییەکانی کۆمیتەی پارێزگا بەڕێوە بوونا لە هاوڕێیان (صبحی مهدی، ئازاد حەمەدی، عثمان کریم، م. مجید، عەتا) (لەسەر پێی پێویست لەو سەردانانە بەشداریان کردووە).

بەڵگەنامەی ژمار (٧٢)

لە هەموو لیژنە حزبیەکانەوە دیراسە بکرێ

**نامەیەکی ناوخۆیی**

گۆڤاری ناوداری

١٩٩٨

---

**بۆ هەموو لیژنە حزبیەکان**

**سڵاوی هاوڕێیانەتان لێ بێت.......**

کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی کوردستان - عیراق، کۆبوونەوەیەکی تایبەت بە بواری ڕێکخستن و چالاکی ڕێکخراوە حزبیەکانی لەم ماوەیەی دواییدا بەست، هەروا خشتەی کارەکان و، پڕۆژەی نامەیەکی ناوخۆیی سەبارەت بە خواستەکان بۆ کۆنگرەی دووەمی حشک بە خۆوە گرت.

لە بواری ڕێکخستندا، دەستە سەرکردایەتیەکانی حزب بە پێی ڕێنماییەکانی حزبمان کە لە کۆبوونەوەکانی (ک. ن) بڕیاریان لەسەر درابوو، چالاکیەکانی خۆیان ئەنجام داوە.

هەروا ئەو دەستە سەرکردایەتیانە توانیان کارەکانیان بەرنامە بکەن بە پێی پلان و ڕێنماییە ناوەندیەکانی ڕێکخستن. هەروا کۆبوونەوەکانیان ڕێک و پێک بوون و چەندین کۆبوونەوەی چڕتایەتی لە بوارەکانی ڕێکخستن و جەماوەری و گرنگیدان بە کارکردن لەناو ئافرەتاندا ئەنجام داوە، هەروا ڕاپۆرت لەم بوارانەدا پێشکەش کراوە. لە پارێزگاکانیش چەندین کۆبوونەوەی فراوان بۆ هەمان مەبەست بەستراوە. هەروا شێوازی ئیشی ئاقاتی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بە پێی خشتەیەکی داڕێژراو چاکسازی تێدا کراو، چاودێری حزبی لەسەر زۆربەی ڕێکخراوەکان زیاد کراو لەڕووی پەیڕەوکردنی پرنسیپە ناوخۆییەکان لە ژیانی حزبدا هەست بە باش بوونێک دەکرێت.

هەروا لە دەستە حزبیەکاندا تا ڕادەیەکی باش کارەکان دابەش کراوە و پێش کەوتنێک هەست پێدەکرێت لە بواری چارەسەرکردنی گرفت و سلبیات کە دێنە ڕێگای هەندێک دەستە و کەمبوونی ئامادە نەبوون لە زۆربەی دەستە حزبیەکاندا و هەروا چاکبوونێک بەدی دەکرێت لە بەستنی کۆبوونەوە ڕۆشنبیریەکان کە بە پێی خشتەیەک لە لایەن لیژنەی پارێزگاکانەوە داڕێژراوە پەیڕەو دەکرێت. هەروا لە هەندێک پارێزگادا خولی حزبی کورت ئەنجام دراوە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی سیاسی و فیکری و ڕێکخستنی هاوڕێیان. کۆبوونەوەکەی (ک. ن) بە دڵخۆشیەوە تێبینی ئەو هەوڵە چاکانەی دەستە حزبیەکانی کرد. بۆ پەیداکردنی دۆست و پێکهێنانی بازنەی دۆستان بۆیان و بەستنی کۆبوونەوەی ڕێک و پێک لە گەڵیاندا و پلاوتنی دۆستان هەر لەم بازنانەوە. هەروا بەدواداچوونی دابەشکردنی ڕۆژنامە دەکرێت و تێبینی پێشکەوتنێک لە بواری زیادبوونی دابەشکردنی دەبینرێ. هەروا چارەسەری پەیوەندیە ئاگەکەسیەکان کراوە و دەستە حزبیەکان هەوڵێکی بەردەوامیان داوە لە پێناو پێشخستنی شێوازی کۆکردنەوەی ئابوونە و پیتاک و پێشکەش کردنی خشتەکانی داراییش لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا، بەڵام هێشتا بە ئاستی پێویست نەگەیشتووە، چونکە هێشتا داهاتی (الوارد) ئابوونە و پیتاک ناگاتە ڕێژەی ٨٠٪ی مەسروفات، واتە بە ڕێژەیەکی سەرەکی پشت بە داهاتی حزب دەبەسترێت.

هەروا لە بواری کاری جەماوەریدا، چاکبوونێک بەدی دەکرێت لە کاری تایبەتمەندیەکان و ئەو هاوڕێیانەی لە بواری دیموکراتی و پیشەییدا کار دەکەن، کە کۆبوونەوەی تایبەت دەبەسترێت و بەدواداچوونی چالاکیەکانیان و ڕۆڵیان لە بڵاوکردنەوەی سیاسەتی حزبدا، دەکرێت. هەروەها لە ئاستی کوردستاندا چەندین کۆنفرانس لە بواری کرێکاری و جووتیاری و مامۆستایان ئەنجام دراوە، کە نوێنەری پارێزگاکان ئامادە بوون و گفتوگۆی تێروتەسەل لەسەر ڕۆشنایی ڕاپۆرتەکان لە کۆنفرانسدا کراو چەندین بڕیار و ڕێنمایی دەرکران و بڵاوکرانەوە بەسەر ڕێکخراوەکاندا.

هەروا لە کۆبوونەوەی (ک. ن) لە دوای گفتوگۆ لەسەر ڕێکخستن، بە دڵخۆشیەوە تێبینی ئەوەکرا کە ڕێکخراوە حزبیەکان لە بارودۆخێکی نیمچە ئاسوودەدا کار دەکەن و دەستیان بە جووڵەی چالاکانە کردووە لە ناو جەماوەردا لە بواری جۆراوجۆری سیاسی و ڕاگەیاندن و پیشەیی و هەروا بەڵگەی ڕوون هەیە لەسەر ئەم مەسەلەیە، لەوانە:

١- چەندین کۆڕی جۆراوجۆر لە ناوچەکانی کوردستاندا ئەنجام دراو و ژمارەیەکی بەرچاوی جەماوەر ئامادە بووە تیایاندا و سیاسەتی حزب پشتگیری لێ کراوە.

٢- ئاهەنگەکانی بە بۆنەی جۆراوجۆر ئەنجام دراون، جەماوەرێکی زۆر بەشداری تێدا کردووە.

٣- هەڵمەتی ئەم دواییەی کۆکردنەوەی ئیمزا لە پێناو سەقامگیربوونی ئاشتی لە کوردستاندا، ڕاستی سیاسەتی حزبمانی لەم بوارەدا دەرخست، لە ڕێگای ئەو کۆکردنەوە و پشتگیریە چڕوپڕە، سیاسەتی حزبمان لە لایەن جەماوەرەوە پەسند کرا.

٤- لە بواری چالاکیە جووتیاریەکاندا، هاوڕێیانمان ڕۆڵی دیار و ئاشکرایان هەبووە لە سەرخستن و چارەسەرکردنی کێرو گرفتەکانی جەماوەری جووتیاراندا.

٥- پێشکەوتنێکی بەرچاو لە بواری لاوان و قوتابیاندا بەدی دەکرێت، لە ڕێگای پێکهێنانی تیپی وەرزشی و هونەری و جووڵەو چالاکی قوتابیان بە تایبەتی لە زانکۆی سەلاحەددیندا. هەروا بەشداری کردنیان لە چالاکیە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکاندا.

بەڵگەنامەی ژمارە (٧٣)

سەرەڕای ئەم سەرکەوتنانەی ئاماژەمان بۆ کرا، بەڵام ڕێکخراوە حزبیەکان هەندێک تەگەرەو گرفت دێنە ڕێگایان کە پێویستیان بە چارەسەرکردن هەیە.

• گرنگترین هۆکارەکانی کەدەبنە هۆی دروستبوونی گرفتەکان لە حزب دا، لاوازی کادیری ناوەندیە لەڕووی ژمارەو ئەزموونەوە، بە هۆی دووربوونی ژمارەیەکی بەرچاوی کادیرە کۆنەکان لەبەر هۆی جۆراوجۆر، هەروەها پێداوکردنی چارەسەریەکی جەوت لە هەڵبژاردن و دیاریکردنی کادیر، کە بۆتە هۆی دواکەوتن و کەشەنەکردنی توانستی ئەم کادیرانە، لەوانە:

١ - لاوازی ئاستی فیکری، بە هۆی گرنگی نەدان بە بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری.

ب- چەسپاندنی پێوەری جەوت لە بارودۆخی دەگمەندا کە ئەمانتوانیوە لێیان ڕزگار ببین، وەک پەیڕەوکردنی شێوازی مەکتەبی لە ڕاپەڕاندنی بڕیارەکان داو تەنها دەرکردنی ڕێنمایی.

ج - لاوازی پەیوەندی کادیری حزب بە جەماوەرەوە، کە دەکرێت بڵێین لە هەندێک ڕێکخراودا هەر نییە، بۆیە ئەم کادیرە کۆسپ دێنە ڕێی لە تێگەیشتنی مەزاجی جەماوەرو نەفسیەتی خەڵک، هەروا دەبێت ئاماژە بۆ هێزی حزب بکەین کە تەنها بە زۆری ژمارەی ئەندامان نییە، بەڵکو بەستراوە بە هۆشیاری فیکری و تێگەیشتنی سیاسی و چالاکی ئەندامەکانی و نزیکیان لە جەماوەرەوە، بۆیە دەکرێت کادیر پەروەردە بکرێت لەسەر گرنگی دان بەخۆی بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی فیکری و دۆزینەوەی شێوازی نوێ بۆ چۆنیەتی تێکەڵبوونی لەگەڵ جەماوەر.

• هێشتا شانە حزبیەکان پێویستیان بە چاککردنی کارەکانیان هەیە لە بواری پەیوەندی کردن بە جەماوەرەوە، هەر یەکێک دەبێ بڕیاری گونجاو وەرگرێت لە بواری کارکردنی خۆی داو دیراسەکردنی داخوازیەکانی جەماوەرو داڕشتنی بەرنامە بۆ چۆنیەتی هاندانی جەماوەر بۆ داواکردنی داخوازیەکانی خۆی.

• شانەی پاڵێوراوان پێویستی بەگرنگی پێدانی زیاتر هەیەو هەروا دەستنیشان کردنی کەسانی لێهاتوو بۆ سەرکردایەتی کردنیان و داڕشتنی بەرنامەی تایبەت بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی فیکری و سیاسی و ڕێکخستنی هاوڕێیان و پێشکەشکردنی ڕاپۆرتی مانگانە دەربارەی چالاکیەکانیان بۆ دەستەکانی سەرکردایەتی. هەروا پەیداکردنی توانستێکی فیکری باش و ڕوونکردنەوەی ڕێبازی حزب و گرنگی دان بە جیاوازی نێوان ڕێبازی ئێمەو بۆچوونەکانی ئەو ڕەوتانەی کە پروپاگەندەی چەپ دەکەن، کەوا بانگەشە بە مارکسیزم دەکەن و لە ناوەڕۆکیشدا شێوانتنیەتی.

• دەکرێت سوود لە هاوڕێ خاوەن ئەزموون و ناسراوەکان لەناو خەڵکدا وەربگیرێت لە هەوڵدان بۆ پەیداکردنی دۆستی نوێ و پاڵاوتنیان بۆ ڕێکخراوە حزبیەکان بە پێی بەرنامەو ڕێنماییەکانی حزب.

• گرنگیدان بە پاڵاوتنی لاوان، بە تایبەتی لە بواری کرێکاران و ئافرەتان و قوتابیان دا.

• کارکردن بۆ پێکهێنانی دەستەی چالاک لە بواری کرێکاران دا بۆ پەروەردەکردنی کادیری کرێکاری وا کە لە پاسا کرێکاریەکان و شێوازەکانی کارکردنی سەندیکایی بزانێت و هەروا گرنگی دان بە داخوازیەکانی کرێکاران و بردوەوان بە کارکردن لە نێو کرێکاری کارگەو پرۆژە گەورەکان داو هەوڵدان بۆ کارکردن لە نێو کرێکارانی خزمەتگوزاری و داڕشتنی بەرنامەی پێویست بۆ ئەم مەبەستە.

• گرنگیدان بە ناوچە گوندنشینەکان، کە جەماوەری حزبی تێدایەو حزبمان لەوێدا ناسراوەو مێژووی هەیە بۆ پەروەردەکردنی کادیر لە نێوانیانداو ڕێنمایی کردنیان بۆ پێکهێنانی چەند بنکەیەک لە گوندەکانی دەوروبەریاندا.

• دەستنیشانکردنی ناوچە لادێییەکان و کۆمەڵگاو ئۆردوگاو قەزاو ناحیەو کارگەو قوتابخانەکان ئەوانەی کە ڕێکخراوی حزبمانی تێدا نییەو داڕشتنی بەرنامەی کردەیی بۆ چۆنیەتی گەیشتن بەم جێگایانەو پەیوەندیکردن بە کەسەکان و زانینی داخوازیەکان و گرفتەکانیان، هەروا کارکردن بۆ پەیداکردنی حزبی و دۆست لەوێداو گواستنەوەیان بۆ ڕێکخراوە حزبیەکان، ئەم کارەش پێویستی بە بەردەوامی و بەدواداچوون هەیە.

• بەهێزکردنی دەستە حزبیەکانی قوتابیان بە کادیری ڕۆشنبیرو گواستنەوەی قوتابیان بۆ ئەم دەستەیەو گرنگی دان بە چالاکیەکانی قوتابیان لەڕووی داخوازیەکانیانەوە.

• گرنگیدانی زیاتر بە چالاکی دیموکراتی و پیشەیی لە قەزاکان و هەروا گرنگی زیاتر بە بەدواداچوونی چالاکی شیوعیەکان لە بواری کاری دیموکراتی و پیشەییدا.

***تێبینی/ جەخت لەسەر دیراسەکردنی ئەم نامەیە دەکەینەوە لە هەموو لیژنە حزبیەکانداو هەروا ئاماژە بکرێت بەم دیراسەکردنە لە کۆنفرانسەکاندا.***

کۆمیتەی ناوەندی
حزبی شیوعی کوردستان - عێراق

بەڵگەنامەی ژمارە (٧٣)

# ڕاگەیاندنی هەشتەمین کۆنفرانسی ڕێکخراوەکانی پارێزگاری سلێمانی
# حزبی شیوعی کوردستان - عیراق

لە ژێر دروشمی (لە پێناو پتەو کردنی ڕێکخستنەکانی حزب و فراوان کردنی پێگە جەماوەریەکەی دا) و لە کەش و هەوایەکی هاوڕێیانە و پڕ لە حەماس دا و بە چاودێری هاوڕێ (کریم أحمد) سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی کوردستان و بە ئامادە بوونی ئەندامانی هەردوو مەکتەبی سیاسی حزبی شیوعی عیراق و حزبی شیوعی کوردستان و سکرتێری لیژنەی چاودێری ناوەندی حزبی شیوعی کوردستان و بە بەشداری نوێنەرە هەڵبژێر دراوەکانی سەرجەم ڕێکخراوەکانی پارێزگا لە ڕۆژانی ٢٣ و ٢٤ ی تەمموزی ١٩٩٨ دا کۆنفرانسی خۆیان ساز کرد.

سەرەتای کۆنفرانسەکە تێکڕای هاوڕێیان بۆ ڕێز لێنان لەو هاوڕێ گیان بەخت کردوانەی کە لە نێوان هەردوو کۆنفرانسا ڕیزەکانیان جێهێشتین و ماڵ ئاواییان لێ کردین و ئاڵاکەیان دایە دەست ئەوەی دوای خۆیان، و بۆ ڕێز لێنان لە سەرجەم شەهیدانی ڕێگای گەل و نیشتمان، کۆنفرانسەکە پاش خولەکێك بێ دەنگی و ڕاوەستان دەستی بەکارەکانی کرد.

لە ماوەی دوو ڕۆژدا و بە پێی بەرنامەیەکی داڕێژراو و پەسەند کراو لەلایەن کۆنفرانسەوە و لە کەش و هەوایەکی هاوڕێیانەدا، کە دیموکراسیەت و گوێ گرتن لە بیر و ڕای بەرامبەر بە تەواوی پەیڕەو کرا، هەر هاوڕێیەك بە ئازادانە گوزارشتی لە بیر و ڕای خۆی کرد و هەموو ئەو ڕاپۆرتانەی کە ئامادە کرابوون بۆ کۆنفرانس هەر لە ڕاپۆرتی (سیاسی و جەماوەری و ڕاگەیاندن و پێشمەرگایەتی و فیکری و ڕێکخستن و دارایی) و تێکڕای بەڵگەنامەکان بە چاوی ڕەخنە گرانە دەوڵەمەند کران. هەروەها بە بەرۆشەوە لە پرۆسەی ئاشتی و داکۆکی کردن لە بەرژەوەندیە جۆر بەجۆرەکانی پارێزگا و گەلەکەمان کۆڵیەوە.

لە میانەی ئەم دوو ڕۆژەی کۆنفرانس دا، هەڵوەستەیەکی لە سەر چالاکیەکانی ساڵ و نیوی ڕابردوو کردو لە پێناو پێشخستنی کاری ئایندەی ڕێکخراوەکانی حزب لە سنووری پارێزگای سلێمانی دا سەرجەم بوارە جیا جیاکانی کاری حزبی هەڵسەنگاند و، دواتر بڕیاریان لەسەر دا.

لە دوا تەوەرە دا کۆنفرانسەکە لەکەش و هەوایەکی دیموکراسیانەدا ئەندامانی نوێی کۆمیتەی پارێزگا و نوێنەران بۆ دووەمین کۆنگرەی حزبی شیوعی کوردستان لە دوو پرۆسەی جیاواز دا هەڵبژارد.

لەکۆتایی دا بە گیانێکی هاوڕێیانەی پڕ لە ئومێد و هیواوە بە ئایندەی حزب و بزووتنەوەی ڕەوای گەلەکەمان، بە وتەیەکی هاوڕێ (کەریم أحمد) سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی و بە سرووودی نێو نەتەوەیی چینی کرێکار کۆتایی بە کۆنفرانسەکە هێنرا..

ڕاگەیاندنی هەشتەمین کۆنفرانسی ڕێکخراوەکانی
پارێزگای سلێمانی حزبی شیوعی کوردستان

٢٣ و ٢٤ /تەمموز/١٩٩٨

بەڵگەنامەی ژمارە (٧٤)

بۆ/هەموو ڕێکخراوەکانی سنووری کۆمیتەی پارێزگای سلێمانی

**تایبەت**

سڵاوێکی گەرم ......

تکایە ئەم نامەیەی بۆ ((عبداللە ئۆجەلان)) لە هەموو شـــانەکان دا دیراسە بکرێت .

لەگەڵ ڕێزماندا.....

کۆمیتەی پارێزگای سلێمانی
حزبی شیوعی کوردستان
١٩٩٨/٩/١٥

بەڵگەنامەی ژمارە (٧٥)

## برای بەڕێزم عەبدوڵڵا ئۆجەلان

سڵاوێکی گەرم

هەلومەرجی زۆر ئاڵۆزبووی ناو بزووتنەوەی رزگاریخوازی نیشتمانیی گەلی کوردستان، هانی دام و وای لێکردم کە بەپێویستی بزانم ئەم نامەیەتان ئاراستە بکەمو قسە لەسەر چەند بابەتێک بکەم لەگەڵتان.

بەڕێزتان دەزانن کەزیاتر لە سەدەیەکە گەلی کوردستان لەپێناو رزگاریی نیشتمانی خۆیو بۆ پێکهێنانی قەوارەیەکی سیاسی سەربەخۆ تێدەکۆشێو لەو کاروانەدا شێوازە جۆراوجۆرەکانی خەباتی پیادەکردووەو قوربانی لەئەژمار نەهاتووی پێشکەش کردووە.. بەڵام ئەو کۆششو تەگەرانەی هاتوونەتە رێی تا ئێستا نەیانهێشتووە بەو ئامانجە پیرۆزانەی بگات. ئەو کۆسپانەش دوو رەهەندییان هەبووە. یەکێکیان هەرێمایەتیو نێودەوڵەتی. ئەو دیکەیان لەناو خودی بزووتنەوەکەدا بووە، بەهەمشیان بەرپرسێتی سەرنەکەوتنی شۆڕشو رابوونە نیشتمانییەکانی گەلەکەمان چ لەسەر ئاستی هەموو کوردستان، چ لەسەر ئاستی هەریەک لەهەرێمەکانی کوردستانی بەش بەشکراو دەکەوێتە ئەستۆی سەرکردایەتییەکانی ناو بزووتنەوەکەمان.

بەلایەکەی دیکەشدا بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتە هەرێمایەتییەکانو سیاسەتە شۆڤینییەکانیان بەرامبەر گەلی کوردو، بەرژەوەندییەکانی وڵاتانی ئیمپریالی کە لەچوارچێوەی ململانێ کردن لەسەر دابەشکردنی بازارو ناوچەی دەسەڵات لە جیهاندا هەڵدەسووڕێ، وایان کرد کوردستان بەش بەش بکەنو هەر پارچەیەکی بلکێنن بەیەکێک لەدەوڵەتە دراوسێکانەوە. ئەم دەستدرێژیو تاوانەش کەدوای هەڵوەشاندنەوەی پەیمانی سیڤەر کراو بەرهەمی پەیمانی لۆزان بوو، چەند ئەوەندەی تر چارەسەرکردنی دۆزی کوردستانی ئاڵۆزتر کرد. هەروەها ئەو بەش بەش بوونە کە هیچ ئیرادەیەکی گەلی کوردی تێدا نەبووەو بە تەواوەتیش پێچەوانەو دژی ئەو ئیرادەیە بووە، لەگەڵ رۆژگارو مێژوودا تایبەتمەندێتی بۆ هەر یەک لەو پارچانە دروست کردووەو، ئەو تایبەتمەندێتییانەش گرێ دراون بە رەهەندە سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتییە جیاوازەکانی هەر یەک لەو دەوڵەتانەی پارچەکانی کوردستانیان پێوە لکێنراوە.

گەلی کوردستان لە وەڵامدانەوەی ئەو تاوانەدا لە باشووری کوردستانو باکوورو رۆژهەڵاتیدا شۆڕشی بەرپا کردووە، دەوڵەتە شۆڤینییەکانیش بە هەموو شێوازو کەرەستە سیاسیو سەربازیو کلتوورییەکان، زۆر دڕندانە پەلاماری ئەو شۆڕشانەو گەلەکەمانیان داوە. بەڵام هەرگیز نەیانتوانیوە لەناوی بەرن، بەڵکو لە دوای هەرشکستییەک، شۆڕشێکی نوێ بەرووباندا تەقیوەتەوە.

لە کوردستانی عێراقدا شۆڕشی گەلەکەمان زنجیرەیەکی ئەڵقە یەک لەدوای یەک بووەو گەرچی پیلانە شومەکەی ۱۹۷۵یش گورزێکی جەرگبڕی تێسرەواند، بەڵام هەر زوو بەزوو گەلەکەمان لە هەڵگیرسانەوەی شۆڕشدا وەڵامی ئەو پیلانەی دایەوە لە راپەڕینە شکۆدارەکەی ۱۹۹۱دا گەیاندییە ترۆپکو کوردستانی عێراقی لە داوو دەزگاو دەسەڵاتی رژێمی دیکتاتۆری پاکژ کردەوە. هەروەها لە کوردستانی ئێراندا، لە دوای شۆڕشی ئێران کە رژێمی شاهنشاهی لەناو برد حکومەتی نوێ کە حکومەتی کۆماری ئیسلامی ئێرانە، بە هەمان شێوەی رژێمەکەی پێش خۆی مافەکانی گەلی کوردی پێشێلکردو بەتوندی لەبزووتنەوەی دیموکراسیو نەتەوەییو رزگاریخوازی نیشتمانی گەلی کوردیدا.

لەکوردستانی تورکیاشدا، لە ساڵانی حەفتادا گەلەکەمان توانی بکەوێتەوە سەرپێو مەیدانی ملمڵانێ لەگەڵ رژێمی عەسکەرتاری تورکیا بکاتەوەو پارتو رێکخراوی سیاسی پێکبهێنێت، کەیەکێک لەوان حزبی ئێوە «پ.ک.ک»ە بوو کە شۆڕشی چەکداری لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجو خواستە رەواکانی گەلی کوردمان لەتورکیادا راگەیاند.

ئەو بەسەر کردنەوە مێژووییە خێرایەدا، مەبەستم ئەوەیە کەتیشک بخەمەوە سەرئەوەی کەسەرهەڵدانو بزاڤی بزووتنەوە رزگاریخوازییە نیشتمانییەکەمان لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا لە هەمان ئاستو ئەسەقدا نەبووە، بەڵکو فاکتەری بەش بەش کردنی کوردستان وای کردووە کەبەپێی تایبەتمەندێتی هەریەک لەپارچەکانی کوردستان ئاستو شێوازی خەباتو تێروانین بۆ رێگەچارەکانو راددەی ئەو داخوازییانەی کراونەتە دروشم لە پارچەیەکەوە بۆ پارچەیەکی دیکە جیاوازبن. بێگومان هەر لەئاکاری ئەو جیاوازییانەشدا لە هەر یەکێک لەو پارچانەدا، پارتو رێکخراوی سیاسیو سەرکردایەتی سیاسی تایبەت بەخۆیان دروست بووەو، شێوازی خەباتو کۆکردنەوەی ئەو هێزانە لەبەرەی هاوپەیمانێتیدا یان لەهاریکاریو کاری هاوبەشی سەربازیو سیاسیدا بەپێی تایبەتمەندییەکانی خۆیان دیاری کردووە. دەرەنجامیش ئەوحاڵەتانە وای لە هەموومان خواستووەو تا هەنووکەش وامان لێ دەخوازن کە بەوردی لەم تایبەتمەندێتییانە بکۆڵینەوە، لانی کەم لەپێناو ئەوەدا کەبگەینە تێگەیشتنو هەڵوێستی هاوبەشو هەماهەنگ بۆ تەنسیق کردن لە کارو چالاکییەکاناندا بە جۆرێک کە جموجۆڵو شێوازەکانی خەباتمان یەکتری نەبڕن بەڵکو تەواو کەری یەکترین.

بەڵگەنامەی ژمارە (٧٥)

بەڵام زۆر بەداخەوە کە تا هەنووکە جدییانەو بەشێوەیەکی دەستەجەمعی لەلایەن باڵە جیاجیاکانەوە پارودۆخی بزووتنەوەکەمان دیراسەو شی نەکراوەتەوە، ئەوەش بەپلەی یەکەم بە هۆی ئەو ململانێ بێ هودەو پاساو بۆ نەهێنراوانەوە بووە کە لە نێوان باڵەکانی بزووتنەوەکەماندا لەسەر ئاستی هەر هەرێمێکو لەسەرئاستی هەموو کوردستانیش هەبووەو هەیە.

**برای بەڕێزم...**

خۆتان دەزانن کەئەو دەوڵەتانەی پارچەکانی کوردستانیان پێوە لکێنراوە بە هیچ جۆرێ هاو سۆزێن لەگەڵ گەلەکەماندا و چاویان بەمافە ڕەواکانمان هەڵنایەت و ئامادەنین بە هیچ جۆرێ چارەسەری عادیلانەو سوڵایەتییانەی کێشەکەمان لەگەڵدا بکەن و تەنانەت ڕازی نین کەمترین مافمان هەبێ.

مێژوو بۆ هەمووانی سەلماندووە کە ئەو دەوڵەتانە دەربارەی هەموو شتێ ناکۆکن و ململانێو کێشەکێشی بەردەوام لە نێوانیاندا هەیە، تەنها دەربارەی مەسەلەی کورد نەبێ، تا لەمەیاندا لە پێناو سەرکوتکردنی ئیرادەو ئامانجەکانی کوردو هێشتنەوەی پارچە پارچەیی کوردستان و چەوساندنەوەی نەتەوەییماندا کۆکو تەبان.

بەڕێزتان سەرنجتان دابوو کە هەر لەسەرەتای ڕاپەڕینە شکۆدارەکەی ١٩٩١ی گەلەکەمان لەباشووری کوردستاندا و دوای ئەوەی بەرێوەبردنی هەرێمی کوردستانی عێراقی گرتە دەست و پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئەنجامداو حکومەتێکی بۆ هەرێم پێکهێنا ئەو دەوڵەتانە بەردەوام پێکەوە کۆدەبوونەوەو هاریکاری یەکتریان دەکرد و پیلانی هاوبەشیان بۆ لە ناو بردنی ئەم ئەزموونەو لەباربردنی دادەڕشت، بەڵام لەوساتەوە کە شەڕی ناوخۆیی نێوان پدک و ینک دەستی پێکرد، ئیتر کۆبوونەوەکانی ئەوانیش کۆتایی هات... بۆچی؟ چونکە ئەوی ویستیان ڕوویداو هاتەدی.. ئەوی دەبوایە بەهێزی سەربازی و مرخابەراتی و ئابووری پێنجەمی خۆیان و بە خەرجی و پارەی خۆیان بیکەن، کورد خۆی کردی و بەهۆی شەڕی ناوخۆوە بە دەستی خۆمان ئەزموونەکەمان بۆ ئەوان دەکوژین.. بەوەندەش نەوەستان، بەڵکو لەپێناو ڕێگەگرتن لە ئەگەری ئاسایی بوونەوەی پارودۆخەکەی ناو کوردستانی عێراق و پێکهاتنەوەی ئاشتییانەی لایەنە ناکۆکەکان، ئەوان، هەریەکەیان کەوتە پاڵپشتی و کۆمەک کردنی لایەک لەلایەنەکانی شەڕەکەو وایان لێ کردن کە ناچارین بەوەی هانایان بۆ ببەن و دەرەنجام هەموو لایەنەکانی شەڕی ناوخۆیی کوردستان هەم لاوازو بێ هێز بکەن، هەم بیانبەستنەوە بە دەزگای سیاسەت و نەخشەکانی خۆیانەوەو ئاکام ئەم ئەزموونە لەناو ببەن.

دابەش بوونی کوردستانی عێراقیش بۆ دوو ئیدارە یەکێکە لە ئاکامەکانی پیلانی ئەو دەوڵەتە هەرێمایەتییانە. کەواتە ئایا هانا بردن بۆ هەر یەکێک لەو دەوڵەتانەو داواکردنی کۆمەک لێیان و چوونە ناو هاوکێشەی ململانێ هەرێمایەتییەکانەوەو یاریکردن لەو مەیدانەدا، لە بەرژەوەندی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی گەلەکەمانە؟ ئاخۆ کە ئەوان ئەو کۆمەک و یارمەتییانە پێشکەش بە لایەنەکوردییە ناکۆکەکان دەکەن لەبەرخاتری چاوی کاڵی کوردو بەرژەوەندی کوردستانەو ڕێگە خۆش کردنە بۆ گەیشتن بەئامانجە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانمان؟ ئاخۆ لە بەرژەوەندی خودی ئەو حزبانەدایە؟ ئاخۆ سەربەخۆیی سیاسی و فیکری و ئایندەیان بۆ دەهێڵێتەوە؟ من لەوەڵامی هەموو ئەو پرسیارانەدا دەڵێم، بێگومان نەخێر...

تا لەم ڕووەوە دەمەوێ سەرنجی بەڕێزتان بۆ ڕێککەوتنە دوو قۆڵییەکەی نێوان حزبەکەو حزبتان ڕابکێشمەوە کە بەرهەمی چەند کۆبوونەوەیەکی نێوانمان بوو.. ئێمە لەوێدا زۆر ڕاشکاوانەو بەئاشکرا سەبارەت بە سیاسەت و پیلانەکانی دەوڵەتە هەرێمایەتییەکان و ئەو دەرەنجامانە قسەمان کردووە.

ئێمەو ئێوە لەو ڕێککەوتنەدا ئەوەمان دووپات کردۆتەوە کە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان لە هەر هەرێمێکی کوردستاندا تایبەتمەندێتی خۆی هەیەو پێویستە لەبەرچاو بگیرێ و هاوکاری و کۆمەک بکرێ لەلایەن بزووتنەوەی هەرێمەکانی ترەوە.

ئێمە لەوێ گوتوومانە سەرکەوتنی بزووتنەوەکەمان لە هەر پارچەیەک لەپارچەکانی کوردستان، سەرکەوتنی هەموو ئەوانی دیکەشەوە دوژمنانیشمان ئەو ڕاستییە دەزانن بۆیە دەیانەوێ و کار بۆ لەناو بردنی ئەو سەرکەوتنانە دەکەن.

ئەی ئەوە ئێمەو ئێوە نەبووین لەو ڕێککەوتنامەیەدا ئەوەمان دووپات کردەوە کە بەکار هێنانی چەکو توندوتیژی بۆ چارەسەرکردنی ئەو ناکۆکییانەی لە نێوان حزبە کوردستانییەکاندا دروست دەبێ حەرام بکەین؟

ئەی ئەوەمان دووپات نەکردەوە کەکاری هاوبەش بکەین لەپێناو ئاشتبوونەوەی نێوان پ.د.ک.و ی.ن.ک.؟

ئەی جەختمان لەسەرئەوە نەکرد کە هەوڵی جدی بدەین بۆ پێکهێنانی بەرەی کوردستانی لە هەرپارچەیەکی کوردستاندا و هەماهەنگی و تەنسیق لە نێوان ئەو بەرانەدا بکەین و ڕاگەیاندن و گوتاری سیاسیمان لەسەر ئاستی جیهان و دەرەوە یەک بخەین؟

ئەی ئەوەمان دووپات نەکردەوە کە هەر پارچەیەک پارودۆخی تێکۆشانی تایبەتی خۆی هەیەو حزب و ڕێکخراوەکانی خۆی و شێوازو دروشم و هەنگاوەکانی تێکۆشانی خۆی دیاری دەکات، سەپاندنی شێوازێکی دیاریکراو یان چەند دروشمێکی دیاریکراو زیان بە یەکە

٢

بەڵگەنامەی ژمارە (٧٥)

یەکەی بزووتنەوەکەمان دەگەیەنن لە هەرپارچەیەکدا و دەرەجام زیان بە سەرجەم بزووتنەوەی گەلی کوردستان دەگەیەنن و دەبنە کۆسپ لەبەردەم هاریکاری و هاوخەباتی باڵەکان؟.

ئێمە رەوایی تێکۆشانی گەلی کوردمان لە باکووری کوردستان و بەرەنگاربوونەوەی دژایەتی کردنی سیاسەتە شۆڤێنییەکانی رژێمی عەسکەرتاری تورکیامان سەلماندووە و جەختمان لەسەر ئەوە کردووە کە پێویستە لە ئاستە جیاجیاکاندا کەمکەر هاوکاری بکرێن و کەناڵە جۆراجۆرەکان بۆ زیاتر بزواندنی جەماوەرییانەی ئەو تێکۆشانە بەکار بهێنرێن و بەڵام لە رێککەوتنەکەی ئیرافاندا ئەوەشمان دووپات کردووە کە بوونی چەکدارانەی ئێوە لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا و ، جموجۆڵە سەربازییەکانتان لەوێوە لەدژی هێزەکانی تورکیا ، زیان بە بزووتنەوەکەمان دەگەیەنن لە کوردستانی عێراقدا و ، بەهانە دەداتە دەسەڵاتدارانی تورکیا کە لەشکرکێشی بکاتە خاکمانەوە و دەست لەکاروبارمان وەربدات و رەوشی مەسەلەکەمان ئاڵۆزتر بکات و مەیدانی شەڕە ناوخۆییەکەمان فراوانتر بەکرێ و کۆڵەتر بکات. هاوکات ئەوەمان دووپات کردووە کە هەموو پارچەکانی کوردستان مەیدانی کاری سیاسی و راگەیاندنی هەموو حزبە کوردستانییەکانە و پێویستە لەم رووەوە ئەو مەیدانە بەرووی یەن بدرێن و پێش بخرێن.

ئێمەو ئێوە سەبارەت بەهەموو ئەو پرنسیپانە رێککەوتین، بەڵام بەداخەوە هیچ یەکێک لەو خاڵانە جێبەجێ نەکراو لە زۆربەشیاندا بەپێچەوانەیانەوە کارکراوە.

ئێوە لە کاتێکدا کە هاریکاریتان نەکردین بۆ کۆتایی هاتنی شەڕی نێوان پارتی و یەکێتی ، هاتن بەبێ هیچ پاساوێک خۆتان کردە توخمێک لەو شەڕەداو ئەوەندەی تر ئاڵۆزتان کرد و رەهەندێکو مەیدانێکی فراوانترتان پێ بەخشی ، کە دەرەجام چارەسەرکردنەکەیشی قورستر و سەختتر بوو بەگوێرەی هێزە ئاشتیخوازەکانی گەلەکەمان.

سەرباری ئەوە ، ئەوەتا لە سەرەتای ساڵی ١٩٩٨ەوە پرۆسەی ئاشتی و ئاشتبوونەوە لەکوردستانی عێراقدا دەستی پێ کردووە و کۆمەڵێک هەنگاوی بۆ پێشەوە ناوە و سەرەڕای کەم و کورتی و رەوکردنی خاوێنی ، ئێمە ، گەلی کوردستانی عێراق و هێزە ئاشتیخوازەکانی گەشبینن پێی و کۆششی بەردەوامی ئەهساوە دەکەین بۆ درێژەپێدانی و ، بەتوندی پشتگیری ئەو پرۆسەیە دەکەین تا سەر بکەوێ. کەچی لەو کاتەدا ئێوە شەڕی خۆتان لەسەرخاکی کوردستانی عێراق لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستاندا توندتر کردۆتەوە و ئێوە لەوێش لێدوانی رۆژنامەوانی ئەوتۆ دەدەن کە پێچەوانەی سادەترین پرنسیپەکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی نیشتمانی گەلەکەمان و هەمووئەو خاڵانەیە کە هەردوولامان لە بارەیانەوە رێککەوتین.

ئێوە لەکاتێکدا ئاگربەستی یەکلایەنە لەگەڵ هێزی سەربازیی تورکیادا رادەگەیەنن و داوای چارەسەری ئاشتییانە دەکەن لەوێی گفتوگۆوە، کەچی شەڕی ئێرەتان ، شەڕی کورد و کورد توندوتیژتر دەکەن و تەنانەت سنووری شەڕ بەرامبەر هێزە چەکدارەکانی پارتی دەبەزێنن، بەرەو شەڕ کردن لەگەڵ خەڵکی بێ دیفاعی کوردستانی عێراقدا. ئەو هەواڵانەی لە سەرچاوە باوەڕ پێکراوەکانەوە پێمان دەگەن زۆر دڵتەزێنن و جەرگبڕن کەهێزە چەکدارەکانی حزبی ئێوە ناوچە شاخاوییەکانی ئێرە و رێگاکانی هاتوچۆی هاوڵاتیانو نزیک لەوەرگاو کێڵگە کشتوکاڵییەکان مینڕێژ دەکەن و ، بیری ئاوەکان دەتەقێننەوە ، رێگای هاتوچۆ لە هاووڵاتیە گوندنشینەکان دەبڕن قەدەغە دەکەن و ، چەندین گوندیان سووتاندووە و خەڵکی ئێمە گلەیی و گازاندەتان لێ دەکەن سەبارەت بە منداڵەکانیان کە گوایە لەلایەن ئێوەوە رفێنراون ... هتد.

لەسەرروو هەموو ئەوانەشەوە ، گەورەترین مەترسی و زیان لێکەوتنەوە لەوەوە دروست دەبێ کەحزبەکوردستانییەکان لەچوارچێوەی ناکۆکییە ناوخۆییەکانی نێوانیاندا ، بکەونە ناو رایەڵە تێکچڕاوەکانی ململانێی دەوڵەتە هەرێمایەتییەکانەوە و پێیان وابێ دەتوانن یاری بە کارتە جیاجیاکانی ئەو وڵاتانەوە هەرێمایەتییە بکەن سوودی لێ وەربگرن. بەڵای ئێمەوە مێژووش ئەو حەقیقەتەی سەلماندووە ، کە ئەوە یاری کردنە بە ئاگر و دەرەنجام ئەو حزبەی تێیدا دەسووتێ و زیانی گوشندەش بە بزووتنەوەکەمان دەگەیەنن. جا ئەخاسمە ئەگەر توخمەکانی ئەو ململانێ هەرێمایەتییە هەر هەموویان دوژمنانی ناسراو و سەرسەختی گەلی کوردستان و مافە رەواکانی بن، ئەوا زیان و دەرئەنجامەکانی زۆر مەترسیدارتر و کوشندەتر دەبن. رێک بەپێچەوانەی ئەوەشەوە ، ئێمەی باڵە جیاجیاکانی ناو بزووتنەوەی رزگاریخوازی نیشتمانی ، پێویستیمان بەوەیە پەیوەندی توندوتۆڵ لەگەڵ هێزە نیشتمانی و پێشکەوتنخوازو دیموکراسیخوازەکانی ناو ئەو دەوڵەتانە ببەستین کە پارچەکانی کوردستانیان پێوە لکێنراوە و ریزی دۆستانمان و لایەنگرانی مەسەلە دیموکراسییەکەمان زیاتر و پتەوتر بکەین و بەئاراستەی دیموکراتیزە کردنی ناوەندی حوکمڕانی و گۆڕانکاری دیموکراسییانە بیبزوێنین و خۆشمان بەشداری لە پرۆسەی ئەوگۆڕانکارییەدا بکەین ، چونکە دەرەنجام لەسایەی سیستەمێکی دیموکراتیدا دەتوانین مافە رەواکانی خۆمان ئاشتییانە بەدەست بهێنین.

**رێزدار کاک عەبدوڵڵا ئۆجەلان**

لەوکاتەدا کە سەرەتای تەنگژەی نێوان ئێوەو پارتی دیموکراتی کوردستان بوو حزبی شیوعیمان ئاپندە ئاڵۆزەکانی ئەو تەنگژەیەی



بەڵگەنامەی ژمارە (٧٥)

دەبینیو دەخوێنینەوە، بۆیە دەستپێشخەریمان کردو بەگیانی هەستکردن بە لێپرسراوێتی لەبەرامبەر چارەنووسی گەلی کوردستانمان، هەوڵماندا ناکۆکییەکانی نێوانتان لەرێی وتووێژو گفتوگۆی برایانەوە چارەسەر بکەینو سنووری کۆتایی بۆ ئەو شەڕە سەرەتاییەی نێوانتان دابنێینو نەهێڵین قوڵتر ببێتەوە. لەو پێناوەدا پرۆژەی ئاشتبوونەوەمان پێشکەش کردو سەرەتا بەڕێزتان پێشوازیتان لێ کرد، بەڵام کە دانیشتینو پرۆژەکەمان دارشتو کردمانە کۆمەڵە خاڵێکی بەرنامەیی، رەتتان کردەوە.

ئێستاش کە سەیری تابلۆکە دەکەین، تێکچڕاو ئاڵۆزییەکی زۆری تێدا دەبینینو چەندین دەستی دوژمنکاریش رەنگی خۆیانی تێدا دەرێژنو ئێوەش بەشێک لە بەرپرسیارێتی دروست بوونی ئەو حاڵەتەتان دەکەوێتە ئەستۆ، بەڵام هێشتا لەو بڕوایەدایین کە بوار ماوە بۆ دۆزینەوەی رێگای ئاشتیو لەیەکتر گەیشتنو ئاشتبوونەوەی کوردستانی.

**برای بەڕێزم...** دەوڵەتە ئیقلیمییەکان، بێ ئەوەی ناویان بهێنم، دەیانەوێ ئاراستەی جەنگی ئێوە لەگەڵ هێزەکانی تورکیای شۆڤێنی، بگۆڕن بەرەو جەنگێ لەنێوان ئێوەو پارتی دیموکراتی کوردستاندا. واتە جەنگی کوردو کورد. دەرەنجامیش دەیانەوێ کۆششو تواناکانی کورد لە جیاتی ئەوەی بۆ بەرەو پێشەوە بردنی کاروانی بزووتنەوەکەی بەکار بهێنرێ، لەدژی یەکترو لەناو خۆماندا بەفیرۆ بدرێو مەترسی گەلی کوردو بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەکەی لە خۆیان دوور بخەنەوە.

هەر لەم رووەوە دەمەوێ سەرنجتان بۆ ئەوە راکێشم کە هەرئێستا دەوڵەتە ئیقلیمییەکان بەگشتیو زۆر بە تایبەتیش تورکیا بەو شەڕەی نێوان ئێوەو پارتی زۆر شادمانو خۆشحاڵنو هەیانە تەماشای دەکاتو هەشیانە ئاگرەکە خۆشتر دەکاتو ئێمەو ئاوی زیاتری دەداتێ.

بۆیە دەپرسم، کەئەمە حاڵەتەکە بێ... چ سوودێک لەم کارەساتە چاوەڕوان دەکەن؟!

**برای رێزدارم..** سەرکەوتنی ئەزموونی کوردستانی عێراقو چەسپاندنی کۆڵەکەکانی، سەرکەوتنە بۆ هەموو پارچەکانی دیکەی کوردستانو لەپێش هەمووشیانەوە بۆ باکووری کوردستان.. شکستی ئەمیان.. شکستییە بۆ هەموو ئەوانی دیکەش.. سەرکەوتنی بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلەکەمانو چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد لەباکووری کوردستان بەسەر جەستەی شکاوو کوژراوی باشووری کوردستاندا تێناپەڕێت.. بەڵکو سەرکەوتنی هەردووکیان ئاوێتەی یەکترنو لەمانەوەو بەهێزبوونی بزووتنەوەی هەردووکیاندا دێتەدی.

**برای ئازیزم...**

لە بەرامبەر ئەم راستیانەو لە هەست کردنم بە بەرپرسیارێتی تاکەکەسیو حزبیم بەرامبەر چارەنووسی گەلەکەمو بزووتنەوە رەواکەی کە حزبی شیوعی کوردستان باڵێکی سەرەکییە تێیدا، بە پێویستم زانی راستەوخۆ ئەم نامەیەتان بۆ بنووسمو زانیاری ئەوەتان بخەمە بەردەست کە پیلانێکی ئیقلیمی گەورە لەدژی گەلەکەمان دارێژراوە کاری بۆ دەکرێو، ئەگەر هەموومان واز لە بەرژەوەندییە حزبییە تەسکەکانمان نەهێنینو دەستپێشخەری نەکەین بۆ هەرچی زووتر چارەسەرکردنی کێشەو ناکۆکییە ناوخۆییەکانمان لەرێی وتووێژو گفتوگۆی برایانەوە، ئەوا بەدەستی خۆمان کەرەستەو ئامرازەکانی سەرکەوتنی ئەو پیلانە دەدەینە دەست دوژمنانمان.

هەروەها لە هەمان پێگەی هەست بە بەرپرسیارێتیم بەرامبەر سەرکەوتنی پرۆسەی ئاشتیو ئاشتبوونەوەی نێوان پارتیو یەکێتی کە لە حزبی شیوعی کوردستاندا کردوومانەتە ئەڵقەی ناوەندی سیاسەتو کۆششی حزبمان، دیسانەوە بە پێویستم زانی لەم نامەیەدا ئەوە دووپات بکەمەوە کە ئاشتبوونەوەی نێوان ئێوەو پارتیش هەمان بایەخی هەیە لەلای ئێمەو هەموو دڵسۆزانو ئاشتیخوازانی گەلەکەمانو یەک ئەوی دیکە تەواو دەکاتو کۆڵەکەو پشتیوان دەبن بۆ یەکتر، بۆیە جارێکی دیکەش بانگەشەتان دەکەمو هانتان دەدەم کە بەو ئاراستەیەدا کار بکەن.

**برای بەڕێزم**

تکام وایە ئەم نامەیەم بەوردی بخوێننەوەو دوور لەسۆزی هەڵچوو، دوور لەکاریگەرێتی هەواڵە رۆژانەییەکانی شەڕی نێوان خۆتانو پارتی، بەعەقڵییەتی نیشتمانپەروەرو شۆڕشگێڕو کوردپەروەرێک کەخەبات لە پێناو مافە نیشتمانیو دیموکراسییەکانی گەلەکەیدا دەکات، دیراسەی بکەنو هەنگاوی پێویست بۆ تەرجەمەکردنی واقعیانەی بنێن.

**هەر بژین**

**براتان کەریم ئەحمەد- سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی**

**حزبی شیوعی کوردستان**

**هەولێر سەرەتای ئەیلوولی ١٩٩٨**

بەڵگەنامەی ژمارە (٧٥)

## ڕاگەیاندنی کۆتایی کۆنگرەی دووەمی
## حزبی شیوعی کوردستان- عێراق

لەژێر دروشمی «ئاشتی، دیموکراتی، داکۆکی‌کردن لە بەرژەوەندی زەحمەتکێشان، فیدرالی»‌دا. لە ڕۆژانی ٧- ١٠ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٨ لە هاوینە هەوارە خنجیلانەکەی شەقڵاوەدا، دووەمین کۆنگرەی حزبی شیوعی کوردستان- عێراق، بەئامادەبوونی نوێنەرە هەڵبژێردراوەکانی گشت ڕێکخراوەکانی حزب لە کوردستان‌و دەرەوەی وڵاتدا، بە بەشداری سکرتێرو چەند ئەندامێکی سەرکردایەتی حزبی شیوعی عێراق بەسترا.

لەم چوار ڕۆژەدا ئەندامانی کۆنگرە لە کەش‌و هەوایێکی ئازادو دیموکراتیانەدا، بەتێروتەسەلی ڕاپۆرتەکانی سیاسی- فیکری‌و ڕێکخستن‌و لیژنە تایبەتمەندیەکان‌و هەر دوو بەڵگەنامەی پەیڕەوی ناوخۆیی‌و ڕاپۆرتی لیژنەی چاودێری ناوەندی خرانە بەرباس‌و لێکۆڵینەوەو هاوڕێیان بیرو بۆچوونی خۆیانیان لەسەر دەربڕی.

لەمیانەی دیراسەکردنی ئەم ڕاپۆرتانەدا بەگیانێکی بەرپرسانە هەل‌و مەرج‌و گۆڕانکاریەکانی سەر گۆڕەپانی کوردستان‌و عێراق‌و ناوچەکەو جیهان تاوتوێ کران‌و بە بیروڕای جۆراوجۆر دەوڵەمەند کران‌و، بە قوولی لەسەر مەسەلەی چەسپاندنی ئاشتی‌و ئاشتبوونەوەی گشتی هەڵوێستە کراو بە ئەرکی سەرشانی ڕێکخراوەکانی حزب دانرا کە تێبکۆشن بۆ جێبەجێ‌کردنی خاڵە ئاشکراکراوەکانی ڕێکەوتننامەی واشنتۆن لە ١٧/ ئەیلولی /١٩٩٨دا.

لەم بارودۆخە چارەنووس سازەدا، بەچاک زانرا کە پەرە بە خەباتی جەماوەری لەپێناو ئاشتی‌دا بدرێ، بۆ بنبڕکردنی هۆکارەکانی شەڕی ناوخۆیی‌و نەهێشتنی ئاسەوارەکانی‌و هێنانەدی ئاسوودەیی‌و یەکریزی‌داو، بە هەماهەنگی لەگەڵ مەسەلەی ئاشتی‌دا، کۆنگرە بایەخێکی تایبەتی بەگیروگرفتی جەماوەری چەوساوەی گەلەکەمان‌و باری ناهەمواری ژیان‌و گوزەرانی خەڵکی‌داو جارێکی دیکەش پێی لەسەر لابردنی گەمارۆی ئابووری‌و جێبەجێ‌کردنی بڕیاری ٩٨٦و پەرەسەندنەکانی‌و پەلەکردن لەسەر ڕاپەڕاندنی تۆڕاغە نوێیەکانی‌دا گرتەوەو جەختی لەسەر تۆوڵکردنەوەی دیموکراسی‌و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ‌و سەروەری یاساو داخوازیە ڕەواکانی کرێکاران‌و جووتیاران کردەوە.

لەچوارچێوەی گفتوگۆیەکانی کۆنگرەدا ئاماژە بە ڕێبازە شۆڤێنیە بەردەوامەکەی ڕژێمی دیکتاتۆری بەغدا کرایەوە کە درێژە دانە بە سیاسەتی بە عەرەب‌کردن‌و ڕاگواستنی دانیشتوانی ناوچەکانی کەرکوک‌و گەرمیان‌و خانەقین‌و مەخمور لەم ڕوانگەیەوە کۆنگرە بانگەشەی جەماوەرو گشت هێزە نیشتمانیەکانی کوردستان دەکات، کە بەربەرچی ئەم سیاسەتەو تێکڕای هەڵوێستەکانی دیکەی ڕژێم بدەنەوە بەتایبەتی لەبارەی درێژەدان بە مەینەتیەکانی گەلەکەمان‌و سووربوونی لەسەر وروژاندنەوەی قەیرانێکی نوێ لەگەڵ ئەنجومەنی ئاسایشی نێو دەوڵەتی‌دا. داواش لەڕای گشتی دیموکراتی جیهان دەکات کە زیاتر کاروکردەوەکانی ڕژێم ڕیسوا بکەن‌و، پشتگیری لەمافەڕەواکانی گەلی کوردستانمان بکەن، ئەم ڕژێمە ناچار بکەن کە بڕیاری ٦٨٨ جێبەجێ بکات.

لەدوا بەرنامەی کاری کۆنگرەدا، وێڕای دەوڵەمەندکردنی ڕاپۆرتەکان‌و پەسندکردنی کۆمەڵە بڕیارو ڕاسپاردەو سڵاونامەیەک‌و خوێندنەوەی چەندین بروسکەی پیرۆزبایی کە لەلایەن هێزە نیشتمانیەکان‌و ڕێکخراوە دیموکراتیەکان‌و بنەماڵەی شەهیدان‌و کۆمەڵە ڕێکخراوێکی حزبی- لە کەش‌و هەوایەکی دیموکراتیانەو لە ڕێگای پەیڕەوکردنی نوێترین پرنسیپەکانی هەڵبژاردن کۆمیتەی ناوەندی نوێی حزب هەڵبژێردرایەوە ئەمەو کۆنگرە بەسرودی ئەنتەرناسیونالیزم‌و چەپڵەڕێزانی ئەندامانی کۆنگرەو لە جەوێکی پڕ حەماسیدا، سەر کەوتوانە کۆتایی بەکارەکانی خۆی هێنا.

**دووەمین کۆنگرەی**

**حزبی شیوعی کوردستان- عێراق**

بەڵگەنامەی ژمارە (٧٦)

**بۆ خێزانی تێکۆشەری ناسراو همزە عبداللە**

کۆچی دوایی تێکۆشەری ناسراوی گەلەکەمان و کەسایەتی ناودار لە سەرتاسەری کوردستان و عێراقدا و، دۆستی زۆر نزیك و دێرینی حزبمان مامۆستا همزە عبداللە لەناخەوە هەموومانی هەژان.

ئێمە لەو کاتەی پرسەی گەرمی خۆمان ئاراستەی ئێوە و هەموو رۆڵەکانی گەلەستەم لێکراوەکەمان دەکەین ئەوپەڕی خەم و پەژارەی خۆمان لە ئاست ئەم کۆستە گەورەیە دەربەبڕین و هەرگیز تێکۆشانی ئەم کەڵەپیاوە لەیادناکەین، کە هەموو ژیانی خۆی لە پێناو کێشەی ڕەوای گەلەکەی خۆی و بەرژەوەندی سەرجەم چەوساوەکان تەرخان کرد، سەربەرزانە تا دوا هەناسەی سەری بۆ هیچ دیکتاتۆرێك و زۆردارێك وا نەنواندوە، کەلەپورێکی دەوڵەمەندی بۆ هەموو ئەو خەبات گێڕانە بەجێ هێشت کە ئامادەن قوربانی بە گیانی خۆیان بدەن لە پێناو کێشەی ڕەوای گەل و نیشتمانەکەیان.

هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی مامۆستای نەمر و مرۆڤ دۆست همزە عبداللە.

م.س حزبی شیوعی کوردستان

١٩٩٨/١٢/١٣

بەڵگەنامەی ژمارە (٧٧)

خولاسەی راپورتی مانگی کانونی دووەم ۱۹۹۹

١) پرسەکان :/

١/٤ پرسە لە ئەزازەکان

١/٨ خیزانی هاوڕێ حیوا / پورزای هاوڕێ صبحی

١/١٥ ماموستا انوەر

١/١٨ = = عبداللە خوشکەزای هاوڕێ عومەر

١/٢١ خیزانی کاک حمە صالح

=/٢٢ خزمی هاوڕێ سامان

باوکی رەوءفی هونەرمەند

١/٣١ پرسەی بوتان حلال

٢) سەرداتەکان

١/٦ سەردانی لقی سلیمانی سوشیالیست

٧ = مالی هاوڕێ حەمەی لیمو

٧ = هاوڕێ علی قادر

=/١٢ سەردانی مدیری مرور

٢١= کاک جبار فرمان

٢٦= مەلبەندی لانەی مندالان

٣١= سەردانی کاک کوسرەت

٣١= = کومەنیستی کریکاری

٣) بەشداری کردن

٥/١ کورەکەی دکتور فوءاد بابان

١/٨ لاوانی پەردە لەسەر پەیکەری حبیب قەرەداغی

= ناشتنی تەرمی خیزانی هاوڕێ حیوا

١/١١ ئاهەنگی کردنەوەی مەلبەندی تەوار ( تلە فرەقە دەرون ئەخوینەکان)٠

١/١٢ یادی ٧ سالەی روزنامەی کوردستانی نوی

١/١٧ ناشتنی تەرمی برای هاوڕێ ئازادی مجابیر

پیشوازی / ١/٧ پیشوازی لە وەفدیکی لقی سلیمانی حزبی کومنیستی کریکاری کرا ٠ داوای بەشتگیری
اعلامیان ئەکرد سەبارەت بە هەلویست بەرانبەر اسلامیەکان و کیشەی ( حماپا) ٠

١/١٥ لە گەل هاوڕیانی کرکوک جوشە پیشوازی وەفدەکەی ئەمریکا کە هاتبوون بوتا وحەکەلەدوکا ...

١/١٦ پیشوازی کرا لە وەفدیکی رەسمی حکومەتی هولەندا - سەبارەت بە کیشەی کوچ کردنی

بەڵگەنامەی ژمار (٧٨)

## حزبی شیوعی کوردستان ـ عیراق
## مەکتەبی سیاسی
## لیژنەی پەیوەندییەکانی ناوەندی

### پرۆژەی بەرنامەی کاری لیژنەکانی پەیوەندی

کارو چالاکییەکانی پەیوەندییەکان، بە لایەنێکی گرنگی سەرجەمی چالاکییەکانی حزب دادەنرێت، لەرووی پەیوەندیکردن بە هێزو حزبو رێکخراوە جۆراوجۆرەکانەوە، هەروا لەگەڵ حزبو رێکخراوە کوردستانییەکان لە بەشەکانی دیکەی کوردستاندا.

حزبمان لەم بوارەدا سەرکەوتنێکی باشی وەدەستهێناوە، بەڵام ئەوە ناگەیەنێت کە ئێمە توانیومانە لە ئاستی پێویستدا کاربکەین، بۆیە دەکرێت هەوڵی پێشخستن و بەدواداچوون و چەسپاندنی زیاتری بدرێت، تا پێگەکانی حزب بەهێز بکرێن، هەروا زیاتر سیاسەت و هەڵوێست و بۆچوونەکانی خۆی لە خەڵکی بگەیەنێت. سەرەڕای ئاڵۆزی و لەرزۆکی بارودۆخی سیاسی، هاوڕێیانمان لە پەیوەندییەکانی ناوەندو پارێزگاکاندا بە بەردەوامی برەو بە چالاکییەکانیان دەدەن، لەوانە، مەسەلەی ئاشتبوونەوەی نیشتمانی کوردستانی و چەسپاندنی ئاشتی و قێزەونکردنی شەڕو پاراستنی بێلایەنی حزبمان و بەرەنگاربوونەوەی هەر پێشێلکارییەک و بەرگریکردن لە بەرژەوەندییەکانی جەماوەر و رێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و راوەستان لە دژی دابەشکردنی کوردستان بۆ ناوچەکانی دەسەڵات و رەدکردنەوەی هەر کردەوەیەک کە ناوبانگی گەلەکەمان و مەسەلە رەواکەی تێک بدات، بەکارە سەرەکییەکانی سیاسەتی پەیوەندییەکانمان لەگەڵ لایەنەکانی دیکەدا دەژمێردرێت.

ئاشتبوونەوەی ناوخۆیی لەم مانگانەی پێشیندا جێگای دڵخۆشی بوو، بەڵام لەم دواییەدا، تەقینەوەی جەولەی چوارەمی شەڕەکە، کە لە جەولەکانی دیکە ترسناکترو درندانەتر بوو، هەروا سیمای دەستێوەردانی ئاشکرا (لە لایەن تورکیا)و بە نهێنی (لە لایەن ئێران)ی بە خۆوە گرت، بە چاودێری و تەماشەکەرێتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو بەریتانیا، هەروا بە پەرەسەندنی چالاکیە وێرانکاریەکانی دیکتاتۆری شۆڤینی.

لەم ماوەیەی دواییدا، چالاکی پەیوەندییەکانی حزبمان سیمای دەست پێشخەری و جموجۆڵکردن بۆ کۆکردنەوەی هێزەکان لە پێناو ئاشتی و ئاشتبوونەوەو وەستاندنی شەڕ، بە خۆوە گرت، لەوانە بەستنی زنجیرەیەک لە کۆبوونەوە لەگەڵ حزبەکانی دیکەدا بۆ دیراسەکردنی بارودۆخەکەو رووداوە تازەکانی.

لەبەر ئەوەی قۆناغی ئێستامان، بە ناسکترین و ئاڵۆزترین قۆناغ دەژمێردرێت لە دوای راپەڕینی ئاداری/١٩٩١، بۆیە ئەرکەکانمان [illegible] ئەم پێوەرانەو لەم قۆناغەدا، گرانترو زیاتر دەبێت لە قۆناغەکانی پێشووتردا، کە دەکرێت دیار بکرێن بەم [illegible] خوارەوە، ئەرکی لیژنەی پەیوەندییەکانە کە لەم خاڵانەوە دەست پەکارین:

١- کارکردن [illegible] پەیوەندییەکان، بەرەچاوکردنی سیاسەتی حزبمان بە شێوەیەکی گشتی.

٢- پارێزگاری [illegible] بێلایەنێتی حزبمان لە شەڕی ناوخۆو قێزەونکردنی شەڕو نەفرەت لێکردنی.

٣- هێشتنەوەو باشترین پەیوەندی لەگەڵ هەردوو لایەنی شەڕ(پدک، ینک)، هەروا کارکردن بۆ کاریگەری ئیجابی لەسەر هەردووکیان، بۆ ئەوەی متمانە (ثقة) لە نێوانیان بگەڕێتەوە، لەگەڵ پارێزگاری کردنی سەربەخۆیی و بێلایەنی حزبمان.

٤- وردبینی و ئاگاداری پێویستە لە پەیوەندییەکانمان لەگەڵ لایەنەکان، و هەروا گێژ نەکردنمان بە هیچ شێوەیەک بۆ حەزەکانی هەندێکیان.

٥- هەر لە سەرەتای بەرپابوونی شەڕەوە، هەڵوێستمان روون و ئاشکرایەو دەربڕاوە کە ئێمە دژی شەڕی کوردی ـ کوردین، چونکە ئێمە دەزانین کە پیلانێکی گەورە لە گۆڕێدایە لە لایەن چەند لایەنێک بۆ تێکشکاندنی دەستکەوتەکانی گەلەکەمان. هەروا لە پەیوەندیمان لەگەڵ لایەنەکان دەکرێت ئەم راستییە دووپات بکەینەوە، تا ئەوانیش نەبنە ئامێرێک بۆ پیادەکردنی ئەم پیلانە. ئێمە جاران و ئێستاش هەر کارمان کردووە بە جددی و بەرۆشییەوە بۆ چارەسەری ئەم قەیرانە لە ناوخۆوەو لە رێگای حزبە کوردستانی و کەسایەتییە کۆمەڵایەتییەکانەوە، ئەوەش دوورخستنەوەی هەوڵە دەرەکییەکان ناگەیەنێت، بەڵکو ئێمە لەو باوەڕەدا این کە هەوڵە نێودەوڵەتییەکان گرنگن و کاریگەرن، بەڵام بە داخەوە هیچ لایەنێکی شەڕکەر نەیتوانیوە بە کاری بهێنێت بۆ بەرژەوەندی گەلەکەمان، لەبەر پابەندبوونی تەنها بە بەرژەوەندییە تەسکە حزبیەکانی خۆی.

٦- دەربارەی حزب و کۆمەڵەکانی دیکەی کە لە هەردوو ناوچەی دەسەڵاتی حزبەکان هەن ـ ئێمە لەسەر زەمینەی سیاسی و فیکری حزبمانەوە کار لەگەڵ هەموان دەکەین، بە مەرجی پاراستنی سیاسەتی حزبمان کە لە لایەن هەموانەوە ناسراوە، لە پێناو ئاشتبوونەوەی نیشتمانی. لێرەدا زۆر پێویستە کە رەخنەی بنیاتنەرانە بەرامبەر هەر کارێک کە دەبێتە رێگر لە پرۆسەی ئاشتی و قووڵکردنەوەی قەیرانەکە، پیادە بکرێت.

بەڵگەنامەی ژمارە (٧٩)

٧- بەهێز کردنی پەیوەندیمان لەگەڵ ڕێکخراوە سەندیکایی و جەماوەری و کەسایەتیە کاریگەرەکان و سوود وەرگرتن لەم پەیوەندیانە بۆ وەدەستهێنانی پشتگیری مەعنەوی بۆ کارەکانمان، هەروا لەگەڵ ڕێکخراوە مرۆیی و خێرخوازەکان کە لە کوردستاندا کاردەکەن.

٨- پێویستە بە شێوەیەکی ڕێک و پێک ڕاپۆرتی تێروتەسەل بە ناوەند بدرێت، دەربارەی پەیوەندیەکان و زانیاری لەسەر حزبە سیاسیەکان و هەروەها ئەو ڕاپۆرتانەی کە سوودیان لێ وەردەگیرێت بۆ بواری پەیوەندیەکان و دەوڵەمەندکردنی (پەیامی پەیوەندیەکان) تا بتوانێت لە سیاسەت و هەڵوێستی حزبمان دەرببڕێت. بە جۆرێک کە هاوڕێیانمان سوودی لێ وەرگرن.

٩- دەکرێت لە چالاکیەکانی پەیوەندیەکانماندا، ئەوە بزانین کە قەیرانەکە قووڵەو لەسەر هەموو بوارەکانی ژیان لە کوردستاندا ڕەنگی داوەتەوەو ناکرێت بە چاوتروکانێک چارەسەر بکرێت، بەڵکو پێویستی بە کارکردنی جددی و بەردەوام و سەبر و نەفەسێکی درێژ هەیە.

١٠- لە ئەنجامدانی کارەکانمان لە ئاستی ناوەند و پارێزگاکاندا، دەکرێت ئەوە لەبیر نەکرێت کە ئێمە بوونمان لە ناوچەکانی هەردوو دەسەڵاتدا هەیە.

١١- با سەردانەکانمان لە هیچەوە دروست نەکەین و دووربکەوینەوە لە دیدارە ناگرنگ و ناپێویستەکان، هەروا لە سەردانەکانمان تەرکیز لەسەر لایەنێک نەکەین و لایەنێکی دیکە فەرامۆش بکەین.

١٢- دەربارەی هەوڵەکانی ڕژێم بۆ دوورخستنەوەی لایەنەکان لە یەکتر، وا لە ئێمە دەخوازێت کە پەیوەندیکردن بە ڕژێم ڕیسوا بکەین و وەبیر خەڵکی بهێنینەوە کە ئەم ڕژێمە جێگای متمانە نییەو دەستێوەردانەکانی لە کاروباری کوردستان، تەنها زەرەرمەندی دەکەیەنێتە ئەزموونەکەمان.

١٣- ڕیسواکردن و ڕەدکردنەوەی دەستێوەردانەکانی وڵاتانی هەرێمایەتی لە کاروبارمان و پێداگرتن لەسەر ئەوەی کە هەرچەندە قەیرانەکە بەردەوام بێت و ئاشتبوونەوە دووربێت ئەوەندە دەست درێژیەکان بەردەوام و توندتر دەبن، چونکە بە بۆچوونی ئێمە وڵاتانی هەرێمایەتی هەڵوێستێکی دوژمنکارانەیان بەرامبەر ئەزموونەکەمان هەیەو هەوڵی ڕووخاندنی دەدەن.

١٤- ئەو هاوڕێیانەی لەبواری پەیوەندیەکاندا کار دەکەن، پێویستە لەسەریان کە بەدواداچوونەوەی بارودۆخی سیاسی و ئاڵۆزیەکانی و ئاسکیەکی بکەن و هەڵوێست و سیاسەتی حزبمان ڕەچاو بکەن، بە تایبەتی کە دیدار و تصریح دەدەن بۆ دەزگا جۆراوجۆرەکانی ڕاگەیاندن.

١٥- پەیوەندیەکانمان لەگەڵ (حدک) و (PKK) و هەندێک لە حزبە بەرهەڵستکارە ئێرانیەکان باشەو بەهێزە، دەربارەی (PKK) دەمانەوێت و کاردەکەین بۆ ئەوەی پەیوەندیەکانمان لەگەڵیان باش و برایانە بێت، هەروا مەسەلەی گەلی کورد لە کوردستانی تورکیادا بە مەسەلەی خۆمانی دەزانین. دەکرێت بۆیان ڕوون بکرێتەوە کە باروودۆخی کوردستانی عێراق لە بنەڕەتدا ئاڵۆزەو بەرگەی ئاڵۆزکردنی زیاتر ناگرێت. ئێمە پێشتر و ئێستاش لەو باوەڕەداین کە مەیدانی ئەوانی تێکۆشانی (PKK) کوردستانی تورکیایەو لەو پێوەندیەو تێکەیشتنەوە هەڵس و کەوتیان لەگەڵدا دەکەین و ئێمە لەگەڵ هەبوونی سیاسی و ڕاگەیاندنی (PKK)داین لە کوردستانی عێراقدا.

شایانی باس کردنە کە هاوڕێیانمان لە هەندەران ڕۆڵێکی کاریگەرو بەرچاویان هەیە، هەروەک حزبەکانی دیکە، لە بواری چالاکی نواندن و بوارەکانی کە پەیوەندیان بە کوردستان و دۆزی کورد بە گشتی هەیە.

١٦- ئێمە لاریمان نییە لە سوود وەرگرتن لە هەموو بوارەکانی ڕاگەیاندنی جیهانی، بە مەرجێک بەکار بهێنرێت بۆ بەهێزکردنی بۆچوونەکانمان و بگونجێن لەگەڵ سیاسەتمان بە پێی باروودۆخی کوردستان و بەرگری کردنمان لە بەرژەوەندیەکانی جەماوەرو هەروا بە تەنسیق کردن لەگەڵ سەرکردایەتی حزب لە ناو کوردستاندا.

١٧- کاری پەیوەندیەکان تەنها کاری هاوڕێیانی لیژنەی پەیوەندیەکان نییە، بەڵکو کاری هەموو ئەندامێکی حزبە، کە هەوڵ بدات لەلایەن خۆیەوە پەیوەندی بە بنکەی حزبەکانەوە بکات و پەیوەندی لەگەڵیان لە ئاستی جۆراوجۆر دروست بکات و بتوانێت لەم ڕێگایەوە سیاسەت و بۆچوونەکانی حزبیان بۆ ڕوون بکاتەوەو کاریگەری ئیجابی لەسەریان هەبێت.

بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر لەم ڕووەوە، دەکرێت لە ئاستی شانەکان و لە کۆبوونەوەکانیاندا خاڵێکی تایبەت بە چۆنیەتی پەیوەندیکردن و هەستان بەم ئەرکە باس بکرێت.

١٨- لەسەر هەر هاوڕێیەکی لێپرسراوی پەیوەندیەکان لە ئاستی جۆراوجۆردا پێویستە کە محازەرەی تایبەت بۆ هاوڕێیان ئامادە بکات، تا ئەرکەکانی پەیوەندیەکان لە لایان ڕوون بێت.

پەیوەندیەکانی ناوەندی
حزبی شیوعی کوردستان ـــ عێراق

بەڵگەنامەی ژمارە (٧٩)

## هەندێ هەواڵ لە ناو رژێمەوە

سەرچاوەکانمان لە شارو ناوچە دێهاتیەکانی ژێر دەستەڵاتی رژێم کۆمەڵە هەواڵێکیان بۆ ناردوین لە بارەی جموجوڵی رژێمەوە بە پێویستمان زانی پێتانی ڕابگەیێنین :-

١- دیارە رژێم پلانێکی دوژمنکارانەی داڕشتوە بۆ پەلامار دانی کوردستانی ئازاد کراوە بە تایبەتی لە ناوچەی گەرمیان .

کورتەی پلانەکە ئەوەیە کە فرقەی ززی پۆشی سێیەم و هێزەکانی بە ناو صلاح الدین لە چوار قوڵەوە شان بە شانی کفری هێرش بکەن تا دەگاتە ناوچەی خاڵەکانی بە یەک گەیشتنی لیوای پیادەی (٥٠٤) هێرشەکە لەو کاتەوە دەست پێ دەکات کە فەرمان لە سەرەوە بێت . هێرشەکە تا قوڵایی (٢٠) کم درێژەی دەبێت .

٢- رۆژی ١٩٩٩/١١/١٧ یاریدەدەری فەیلەقی دووەم ( عبدالله ابراهیم ) و فەرماندەی حرکاتی فەیلەق ( سبعان کامل خلف ) و فەرماندەی بە تالیۆنەکانی دووەم و سێیەم و چوارەم. سەردانی کەرتەکانی لقەکانی ئەو بەتالیۆنانەیان کردو داوایان لێ کردن کە وریابن و پێیان ڕاگەیاندن کە بەفەرمانی وەزارەتی بەرگری دەبێ مەشقی سەرتاسەری دەست پێ بکەن.

٣- لە بەرواری ١٩٩٩/١١/١٦ هەندێ هێزی تاقمی ( مجاهدینی خەلق )ی خۆ فرۆش لە دوای هێڵەکانی هێزە سەربازیەکانی رژێم کە لە ناوچەکانی بە یەک گەیشتنی مول دراون بڵاو کرانەوە .

٤- لە ناوەڕستی مانگی ٩٩/٢. چەند کۆبوونەوەیەکی نا ئاسایی لە سەرکردایەتی فەیلەقی دوو ساز دران بە بەشداری چەند بەرپرسێکی دیکە لە سەرکردایەتی ئاسایشی سویاو چەند ئەفسەرێک لە حرکاتی فەیلەق بە ئیشرافی فەرماندەی هێزی معاویری فەیلەق . لەم کۆبوونەوانە مەسەلەی پێکهێنانی هێزی بەرپەرچ دانەوەی خێرا باس کراو دوویات لەسەر چەند خاڵێکی سەربازی کرایەوە .

٥- ئەو هێزانە لەم ناوچەیە ئامادەکراون بۆ بەرگری یا بۆ هێرش بردن . بە گشت چەکی قورس پرچەک کراون وەکو . تۆپی دژە ئەمانی ، تۆپی هاوەنی جۆری BMG و تانک ززی پۆش و ژمارەیەکی زۆر لە رەشاشی دەستیەوە .

وە بڕیار دراوە پشتگیری ئەم هێزانە بکرێ بە هەموو جۆری بۆ ئەوەی بتوانن داکۆکی لەو خاڵانە بکەن کە پێیان سپێراوە .

هەروەها بڕیار دراوە هێزێکی هاوبەش پێکەوە بنرێ بۆ هەمان مەبەست .

٦- لە ١٩٩٩/١١/٢٠ ژمارەیەکی زۆری هێزەکانی رژێم لەسەر هەردوو قەراخی شەقامی نێوان کەرکوک - دوزخورماتو بڵاو ببونەوە . ئەم هێزانەی رژێم چەکی سووک و BKC یان پێ بوو. لە گەڵ RBG ، هەندێ سەربازیش جیهازی لاسکیان لەسەر پشت هەڵگرتبو و چەند ئۆتۆمبیلێکی سەربازیش بە سەر شەقامەکە هاتوچۆیان دەکردو لە رۆژانی ٢١،٢٢،٢٣ هێزەکانی رژێم جموجوڵەی زۆریان هەبوو لەسەر هەمان شەقام بە چەکی قورسیشەوە دەسوڕانەوە و لە سەعات ( چوارو نیوی ) رۆژی ٩٩/١١/٢٣ رژێم هێزێکی زۆری لە چەند خاڵێک لە سەر هەمان شەقام دایەزاند .

ک / رێکخستنی ناوەندی

١٩٩٩/١٢/٧

بەڵگەنامەی ژمارە (٨٠)

(( راپۆرتی چالاکیەکانی لیژنەی پەیوەندیەکان ))

١) راپورت دەربارەی کێشەی نێوان ( یەنك ) و(بزوتنەوەی ئیسلامی ) .

سەرەتا دەوری ئێمە . تەنها هەواڵ پرسین بوو ، بە مەبەستی حاڵی بوون لە کێشەکەو پێچوونی هەردوو لایان . چونکە هەرچەندە لە هەڵەبجەی شەهید هاوڕێیانمان بەشدار بوون لە ناو بژی کردن دا . بەڵام لە دوای ٨ / ٤ ـ کە ڕێکەوتن نامەکەیان لە ( گوڵە خانە ) مۆرکرد و تا پرس و را بە بزوتنەوە نەکرا ئێمە بانگ نەکراین بۆ بەشداری کردن لەو ناو پڕیەدا . لە ئاستی بەرزتردا .. ئەوە بو کاکە حەمەی حاجی محمود تلفونی کرد بوو ، گوا بە ئێمە دەورمانی بە لەو کاری خێرەدا . رۆژانی ٩ ـ ١٠ / ٤ پەیوەندی لەگەڵ پارێزگا رو مەڵبەندی یەك کرا بۆ هەمان مەبەست . رۆژی ١١ / ٤ لەگەڵ وەفدەکە بەشداریمان کرد و چووین بۆ ( سەراوی سبحان ئاغا ) . دوای وتو ویژ لەگەڵ کاك جبار فرمان و تێگەیشتنی وەزعی عەسکەری چووین بەرەو هەڵەبجەی شەهید دوای مشت و مڕێکی زۆر پێك هاتن لە سەر :ـ
١) گەڕاندنەوەی هێزەکانی مەڵبەندی هەردوو لا .
٢) بەردانی دیل و گیراوەکان .
٣) گەڕاندنەوەی هێزەکانی بۆ شوێنی کۆنی خۆیان .

ئەو رۆژە چەکدارێکی بزوتنەوە . گوللەیەکی ( ئەر . بی . جی ) نا بە هاورێیانمان و حسکەوە بەڵام نەتەقی ئەگینا کارەساتێکی تەقە ومائد .

رۆژی ٤/١٢ بزوتنەوە رایان گەیاند کە دیلیان بەرداوە ، بەڵام ئەگەر یەکێتی هەموو دیلەکانیان بەر نەدەن . ئەوان کەسی تر بەرنادەن . برادەرانی یەکێتی وتیان :- ئێمە ئامادەین ئەو ڕێکەوتن نامەیە بە تەواوی جێ بە جێ بکەین .

رۆژی ١٣ / ٤ جارێکی تر پەیوەندی بە کاك فریدون عبدالقادر /ەوە کرا تا بزانین کێشەکە گەیشتەکوێ .
رۆژی ٤/٢٠ جارێکی تر لەگەڵ وەفدەکە سەردانی هەڵەبجەی شەهید کرا بەڵام ئەنجامی نەبوو .
هەر ئەمرۆ ٤/٢٠ لە پارێزگا کۆبونەوە کرا لەگەڵ کاك فریدون . دەربارەی کێشەکە تەنها تاڵ و گۆری بیرو را بوو .

رۆژی ٢١ /٤ هەواڵمان زانی کە بزوتنەوە دەستیان بە رماندنی بیناکەی ناوچەی یەکێتی نیشتمانی کردوە لە هەڵەبجەی شەهید .

شەوی ٢١/٢٣ ٤ هەواڵمان زانی کە ( م . س ) ی یەکێتی کۆبۆتەوە بۆ بڕیاردانی هەڵوێستێك سەبارەت بە کێشەکە . پرسیارمان کرد . وتیان تا پیمان بکرێ شەر ناکەین .. ئەگەر ئەوان خاڵەکانی ڕێکەوتنەکە جێ بە جێ نەکەن ئەوا خراپیان پێ ئەکەین .
رۆژی ٢٤ /٤ کاتژمێر ٣٠/ ١٠ وەفدەکە چوینەوە بۆ هەڵەبجەی شەهید .. بزوتنەوە داوای کۆبونەوە ئەکەن لە ئێران واتە لە سەر دەستی ئێران . بەڵام یەکێتی ئەوە قبول ناکات . هەر سورە لە سەر ڕێکەوتنەکەی ٨ / ی نیسان لە گوڵە خانە .

بارو دۆخەکە هەر گرژە لەشکرکاری بەردەوامە ئێران خۆی هاویشتۆتە کێشەکەوە دوا هەواڵی رۆژی ٤/٢٥ ئەڵێ : مەلا علی رۆژی ٢٥/ ئەچێ بۆ ئێران و لەگەڵ مام جلال کۆئەبێتەوە .

دوەم :/
کێشەی گ . . . ن

دوای کوشتنی ( ٣ ) گەنج لە بنەماڵەی ه . . . ج گ . ی کە یەکێتیان ب . م ی خۆمان بوو . لە لایەن بەرەی گ . . . . . . ەوە خێڵی ع . ە . بە ناهەق .

بەڵگەنامەی ژمارە (٨١)

خەڵكی سەر بەم لایەنە گوندو زەرعاتەكانی خۆیان چۆل كردوە و بەرەی ئەو لایش ڕێگە نادەن كە هیچ فەلاحێك بچێتەوە ئەو ناوە ٠

بە پێ ی ئەو ڕێكەوتنەی كە چەند ڕۆژێك دوای ڕودا وەكە ٠ بە ئامادە بوونی نوێنەری حزبەكان مور كرا ٠ ئەبێ بكوژەكان تسلیم بە دادگا بكرێن ٠ ئەوسا خاڵەكانی تر قسەیان لە سەر بكرێ ٠

بۆ ئەم مەبەستە چەند جارێك سەردانی ماڵی هاوڕێ ... ێلی و حاجی ... ی كرا ٠٠

هەروەها لە زۆر بوارەوە پەیوەندی لە گەڵ یەكێتی نیشتمانی و سوشیالیستەوە كرا تەنانەت لە گەڵ هەردوو بەڕێز مام جلال و كاكە حەمە باسكرا ٠ بنەماڵەكە خۆیان چاویان بە مام جلال كەوت ٠٠ هەتا ئەوەبوو دوان لە بكوژەكان دەستگیر كران و توقیف كران ٠ بەڵام بكوژی سێهەم لە لای ك ... مایەوە٠

ڕۆژی ١٢ / ٤ ئەم مەسەلەیە لە گەڵ كاك فەریدون و لە گەڵ سوشیالیستچەند بارە كرایەوە بەڵێن درا كە ئەو بكوژە تسلیم بكەن ٠ هەروەها پێك هاتن كە لیژنەیەك بروات بۆ شارەزور تا لە نزیكەوە هەوڵی چارەسەری كێشەكە بدەن ٠ ئەوە بو ڕۆژی ٢١ / ٤ نوێنەری خۆمان و یەكێتی نیشتمانی لە گەڵ ... ی چون بۆ ماڵی ... و مەسەلەكە ماوەی ( ٣ ) سەعات قسەی لە سەر لە كۆتایی قەرارەكە بەم جۆرە بوو :-

تا ڕۆژی ئەممەی ڕێكەوتی ٢٦ / ٤ معامەلەی پێویست بۆ محاكمەكردنی قاتلەكان ساز بكرێ و لە گەڵ یەكەم دانیشتنی مەحكەمەدا ٠ ڕێگە بدرێ بە گەڕانەوەی فەلاحەكان بۆ سەر زەرعاتەكانیان تا ئیش كێشەكە لە جێ ی خۆیەتی و مەترسی تەقینەوەی لێ ئەكرێ ٠٠

سێ هەم /:

وردە كێشە

١) هاوڕێ ... ی قەڵادزە ٠ زەوی خۆی هەیە لە گوندی ( د ... ) كاتی خۆی زەمانی حكومەتی یەكگرتوی هەرێم بڕیار درا ئەو زەویەی پێ بدرێتەوە ٠ بەڵام دوای گەڕانەوەی ئاغاكان بۆ ناوچەكە دوای لێدانی بزوتنەوەی جوتیارەكان هەروەها پاش گەڕانەوەی دەسەڵاتی یەكێتی نیشتمانی بۆ قەڵادزە ی قائمقام بە فشاری ئاغاكان ڕێگە نادات كە هاوڕێ زەویەكانی زەرع بكات ٠

چەند جارێك لە یەكێتی جوتیاران هەوڵ درا كە یارمەتی بدرێ هەروەها لە دائرەی زراعە ٠ بەڵام قائمقام ئەڵێ :- بە موافقەتی پارێزگار ئەبێ هیچ بڕیارێك جێ بەجێ ناكەم ٠

ڕۆژی ١٢ / ٤ ئەم كێشەیە لە گەڵ كاك فریدون باسكرا ٠ بەڵێنی دا كە لەمەسەلەكە بكۆڵێتەوە لە گەڵ نوێنەری حزبمان ٠ تا ئێستا چارەسەر ئەكراوە ئێمەیش بەردەوامین ە متابعەی ئەكەین

٢) كێشەی بكوژەكانی هاوڕێ شەهی... م ٠

یەكێ لەو بكوژانە كە ( ١٥ ) ساڵ حوكم درابوو بە بیانوی كردنی بە شێت بەرەڵا كراوە لە لایەن مەحكەمەی ( احداث ) ەوە باوكی شەهید ئ ... هاتە لامان لە ڕێگەی یاساوە هەوڵمان بۆ داوە كە ئەو كابرایە دەستگیر بكرێتەوە ٠ چونكە كاتی خۆی نێردرا بۆ فحص ٠ دەركەوت هیچی تی یە هەروەها تەمەنی گەورەبەو بە ساختە بچوك كراوە ئەوە ە مەسەلەكەمان ورووژاندەوە و متابعەی بەردەوامە ٠

٣) كێشەی هونەرمەندان :-

بەڵگەنامەی ژمارە (٨١)

لەسەر ئەمە کێشە لە نێوان هونەرمەندان و زانکودا دروست بوو • تلفزیونی ئازادی چاوپێکەوتنی لە گەڵ ژمارەیەك لە هونەرمەندان کرد کە زۆر هێرشیان کردە سەر زانکۆ و هەتا داوایان کرد بەمە سەرۆکی زانکۆ زوێر بوو • چونکە ئەبوایە چاوپێکەوتن لە گەڵ هەردولا بکرایە ••

ڕۆژی ١٣ / ٤ سەرۆکی زانکۆ پەیوەندی لە گەڵ کردین و گلەیی کرد کێشەکەمان ساز کردو تلفزیون چاوپێکەوتنی لە گەڵ ئەوا نیش کردو کۆتایی هات •

چــــوارەم /:

پەیوەندی سیاسی

١) بەشداریمان کرد لە فیستڤاڵی زانکۆدا •

٢) ڕۆژی ٢ / ٤ سەردانی بەڕێزان عمری سید علی • عماد • دکتور جلال عفیف کرا • دەربارەی نوسین و ناردنی بروسکەی پیرۆزبایی بە بۆنەی فیستڤاڵی زانکۆوە •

٣) پێشوازی لە برایانی یەکگرتوی ئیسلامی کرا بە بۆنەی یادی (١٣) ساڵەی دامەزراندنی حزبەوە ٤/٣ •

٤) ٧ / ٤ پەیوەندی لە گەڵ سۆشیالست و یەکگرتو کرا سەبارەت بە کێشەی یەکێتی و بزوتنەوە •

٥) وەفدێکی حزبمان سەردانی ڕێکخراوی منداڵ پارێزی کرد بە مەبەستی پەیوەندی بەستن و هاریکاری کردنەوە

٦) ٢٠ / ٤ سەردانی مەکتەبی سیاسی حزبی زەحمەتکێشان کرا تەنها بۆ دیدەنی •••

پێنجـــــەم /:

چالاکی تر

١) نامە بۆ (٢٠) دۆست و هاوڵاتی نوسراوە بۆ یارمەتی دان و ڕاپەڕاندنی کارەکانیان •

٢) (٢٢) جار پەیوەندی بە کەسان و دام دەزگا جۆربەجۆرەکانەوە کراوە بۆ ڕاپەڕاندنی ئیش و کاری خۆمان و هاوڕێیانمان •

٣) پێنج نەخۆش نێردراوە بۆ خەستەخانەکان و لای دکتورەکان هەوڵی یارمەتیدانیان کراوە •

٤) پەیوەندی بە ئاسایشەوە کراوە بۆ بەردانی هاوڕێیان و دۆستانی حزب و ئاسیاو و خزمانەوە و زۆربەیان جێ بە جێ کراون •

٥) سەردانی ئەم کەس و شوێنانە کراوە •

١) قوتابخانەی ئاوارەکان ٢) اکرم عزت نجیب کوچی دوایی دایکی •

٣) سەرقەبران و پرسەی نجم الدین حاجی رشید .

٤) ڕێکخراوی خاچی سور لە سلێمانی ٩ / ٤ •

٥) پەناگیرەکان لە بەردەم بارەگای نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ ئاگادار کردنی سەدام ٤/١٤ •

٦) سەردانی ڕادیوی ئازادی بۆ پیرۆزبایی ٢٢/ ٤ •

٧) بەشداری کراوە لە یادی (٩٩) ساڵڕۆژی ڕۆژنامەگەری کوردیدا ٤/٢٤ •

٨) ڕۆژی ٢٥/ ٤ سەردانی دکتور وەزیر عالی کرا بە بۆنەی هاتنەوەی •

٩) پەیوەندی کرا بە ڕێکخراوی

WHO . W F P . M. A.G . T.D.C

وتیان خۆمان وەڵامی چاوپێکەوتنتان بۆ دائەنێین •

بەڵگەنامەی ژمارە (٨١)

## هاوڵاتیانی خۆشەویست:

ئێمەی حزبی شیوعی کوردستان کە بەشداری دەکەین لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی شارەوانییەکانی ئەم ناوچەیەی کوردستاندا، بەشدارییەکە بۆ بردنە پێشەوەو چەسپاندنی پرۆسەی دیموکراسی. هەوڵیش دەدەین بەپێی توانا نوێنەرمان سەربخەین بۆ ئەو ئەنجومەنە. لەپێش هەموو شتێکەوە مەبەستمان خزمەت کردنی بەرژەوەندییە رەواکانی دانیشتوانی بەرێزی شارو شارۆچکەکانە بەڵێنیش دەدەین کە بەو پەڕی دڵسۆزییەوە بەهاوکاری هەموو لایەنەکانی تر کۆشش بکەین بۆ جێبەجێ کردن و بەئەنجام گەیاندنی ئەم ئەرکانەی خوارەوە:

١- هەموو شارەوانییەکان بەتەواوی سەربەخۆ بن لە هەڵسوڕانی کارەکانیانداو دەست لە کاروباریان وەرنەدرێ.

٢- بودجەو داهاتی تایبەتی خۆیان هەبێ و خۆیان خاوەن بڕیار بن لە خەرج کردنی دا.

٣- داهاتی گەراجەکان و نەقلیاتەکان بخرێتەوە ژێر دەستی شارەوانییەکان.

٤- پرۆژەی ئاوی خواردنەوەو ئاوەڕۆ بگەڕێتەوە ژێردەستی شارەوانییەکان.

٥- هەرچی شوێن و بوارو بینایەکی گەشت و گوزار هەیە لە سنووری هەر شارەوانییەکدا بدرێتەوە بەو شارەوانییە.

٦- هەر شارەوانییەک هێزێکی تایبەتی بۆ پێک بهێنرێت بۆ پاراستنی ئاسایش لەو شارەدا، بەتایبەتی پارێزگاری کردنی بازاڕو گەڕەکەکان بەشەو.

٧- بایەخدان بەکرێکارانی شارەوانییەکان لەڕووی (جل و بەرگ، پێڵاو، دەستکێش، چاویلکە)، هەروەها پێدانی دەرماڵەی تایبەتی.

٨- دابین کردنی زەوی یان شوقە بۆ کارمەندان و کرێکارانی شارەوانییەکان.

٩- بەرەدان بەدروست کردنی خانووی ستوونی (باڵەخانە) لە بریتی خانووی تاک.

١٠- بایەخدان بە پاک و خاوێنی لەناو شارەکانداو پاراستنی ژینگەو شاردنەوەو سوتاندنی زبڵ و پاشەڕۆکەکان و دوورخستنەوەیان لەشارو شارۆچکەکان.

١١- دوور خستنەوەو خاوێن راگرتنی شوێنی راگرتن و فرۆشتن و بەخێوکردنی ئاژەڵ، هەروەها دوورخستنەوەی قەسابخانەکان.

١٢- کۆکردنەوەو یەکخستنی بەنزینخانەکان و دروست کردنی چەند بەنزینخانەیەکی سەرەکی لە شوێنی گونجاودا.

١٣- دروست کردنی بازاڕو هۆڵ و شانۆو گەرماوی میللی لە شارو شارۆچکەکاندا.

١٤- دەستگیرۆیی هەژارو لێقەوماو و بێکارەکان و کردنەوەی شوێنی تایبەتی بۆ پیرو پەککەوتەکان.

١٥- بایەخدان بەپارکاو جادەگای لاوان و فوتابیان و کردنەوەی پارکای هاوجەرخ لە شارەکانداو پارەمەتیدانی تیپە وەرزشییەکان.

١٦- کردنەوەی لقی شارەوانی لە گەڕەکە گەورەکاندا.

١٧- زیندوکردنەوەو تەواوکردنی پرۆژەکۆنەکەی پاکژکردنەوەی ئاوەڕۆی سلێمانی.

١٨- تەواوکردنی پرۆژەی قیرتاوو جیمەنتۆ رێژکردنی شەقام و کۆڵانەکانی شارو شارۆچکەکان.

١٩- دارشتنی نەخشەیەکی نوێ بۆ شاری سلێمانی و پەرەپێدانی شەقامە سەرەکییەکان و کردنەوەی شەقامی نوێ.

٢٠- بایەخدان بەباخچەکان و رواندنی درەخت لەناو شارەکان و دەوروبەریاندا.

٢١- رێکخستنەوەی بازاڕەکان و خاوێن کردنەوەیان و دابین کردنی شوێنی شیاو بۆ عارەبانەو دەست فرۆشەکان.

٢٢- دامەزراندنی دەسگایەکی گواستنەوەو هاتووچۆ لەناو شاری سلێمانیدا بۆ دەوروبەری شار ، بەهەمان شێوەش لەشارە گەورەکانی تردا.

٢٣- دامەزراندنی شارەوانی لەهەر گوندێکدا ژمارەی دانیشتوانی لە هەزار کەس زیاتر بێت.

٢٤- بایەخدان بە ئاوەدان کردنەوەی ئەو شارو شارۆچکانەی کە لەسەردەمی دەسەڵاتی رژێمدا وێران کراون.

٢٥- گەیاندنی خزمەتگوزارییەکان بە گەڕەکە نوێکان و گەڕەکە هەژار نشینەکانی دەوروبەری شارەکان.

حزبی شیوعی کوردستان- عێراق

٢٠٠٠/١/١٥

بەڵگەنامەی ژمارە (٨٢)

# ٧

# بزوتنەوەی دیموکراتخوازان

# بزوتنەوەی دیموکراتخوازان

بزوتنەوەی دیموکراتخوازان پارتێکی تایبەت بوو بە بەهادین نوری. بەهادین لە سەرکردە باڵاکانی حزبی شیوعی بوو، هاوکات ڕەخنەگرێکی بەردەوامی حزبەکە بوو، هەر ئەمە بوو هۆکاری دەرکردنی لە حزبی شیوعی و دامەزراندنی حزبیکی تایبەت بە خۆی. حەنا بەتاتو لە وەسفی بەهادین نوری دەڵێت: ((سەرپێکەوتنی حزب پێش سەرکوتکاریەکانی ١٩٥١، بە ڕوون و ئاشکرایی دەگەڕێتەوە بۆ لاوێکی کوردی، هێمن، گوفتار شیرین، کە بەهادین نوریە، کوری پیاوێکی ئاینی و خاوەن موڵک بوو لە یەکێک لە مزگەوتەکانی سلێمانی. لە لایەنی ئافرەتەوە، نزیک بوو لە سەرکردەی خێڵەکی ناسراو شێخ مەحمود، هاوکات بەهادین نوری فەهد نەبوو، ئەزمونی شۆڕشگێری کەم بوو، لە ڕوی تیۆریەوە زانیاری کەم بوو، هەستەکانی سادە بوو، خۆشەویستی بۆ کورد و باوەری بە داهاتوی شیوعیەت جێگای مشت و مڕ نەبوو، تایبەتمەندی دیاری، خۆڕاگری و ئازایەتی بوو لە ساتی ئاستەنگدا. زۆر لە بارەی ژیانی کەسێتیەوە زانراو نیە، بەپێی گێڕانەوەی خۆی لە گوندی دالوجە لە ناوچەی قەرەداغ لە ١٩٢٧ لەدایک بووە. لەنامەی خۆی بۆ خێزانەکەی مادلین کە ئەندامی حزب بووە و هاوڕێی زیندانی بووە لە ١٩٥٤ دەڵێت: تا تەمەنی دوازدە ساڵی هیچ قوتابخانەیەکی نەبینیوە جگە لە قوتابخانەی دارستانی گابەرد و لوتکە بڵندەکان و دۆڵە ترسناکەکان کە بەرازە کێوی تیا دەژیا. لە ١٩٣٩ لەگەڵ باوکیا ڕویانکردۆتە سلێمانی کە شاری کۆبونەوەی کوردە ناڕازیەکان و سەنتەری بیری ڕادیکاڵی بوو. لە قوتابخانە لەسەردەستی مامۆستاکەی حەمە لاو، هەستی شیوعیەتی لاپەیدا بووە و گریمانە ئیسلامیەکانی کە لە منداڵیەوە پێی گۆشکرابوو، پەرش و بڵاوە پێکرد. لە ١٩٤٤ پەیوەندی بە حزبی شیوعیەوە کردووە، دوای چوار ساڵ پەیوەندی بە شانەکانەوە کردووە. بەڵام فشارە بەردەوامەکانی پۆلیس کە بێبەزەیی بوو بەرامبەر کادرەکان، هەروەها هەڵگەرانەوەی پیاوە یەکەمینەکانی شیوعی، ڕێگەی بۆ بەهادین خۆشکرد ببێتە بەرپرسی لیژنەی محەلی حزب لە سلێمانی. دوو مانگی نەبرد کە هێشتا تەمەنی

بیست و دوو ساڵ بوو خۆی بینیەوە لە لوتکەی سەرکردایەتی حزب و.... لە ئەیلولی ١٩٤٩ تا شوباتی ١٩٥٣ بە بێ ڕکەبەر سکرتێری حزب بوو[١٤٢].

بەهادین لە (١٩٥٣-١٩٥٨) لە زینداندا بوو، دوای هاتنەسەر کاری قاسم، لە زیندان ئازاد کراوە. دواتر بەناوی خوێندنەوە نێردراوە بۆ مۆسکۆ لە ١٩٦٠، بەڵام لە ڕاستیدا ناردنی بۆ مۆسکۆ بۆ دورخستنەوەی بووە لە حزب لە پای ئەو ڕەخنانەی کە لە سەرکردایەتی حزبی گرتووە. هەر لەوێی دەستی تۆمەتی بۆ درێژ کراوە کە گروپی لە ناو حزب دژی سیاسەتی حزب دروست کردووە.

دوای کودەتا ١٩٦٣، سەرکردایەتی شیوعیەکان لە عێراقدا کەوتە بەردەم گرتن و لەسێدارەدان بەسکرتێری گشتی حزبەکە سەلام عادل، هەر بۆیە کادیرە باڵاکانی حزب لە دەرەوە، سەرکردایەتیەکی نوێ هەڵدەبژێرن و بەهادین نوری دەبێتەوە ئەندامی لیژنەی ناوەندی و عەزیر محەمەد دەبێتە سکرتێری گشتی و پرۆگرامێکی نوێی کارکردن دادەڕێژن. و پاشان بۆ ئاڵوگۆرکردنی سەرکرایەتی دەرەوە بە سەرکردایەتی ناخۆی عێراق، ئەوانەی دەرەوە بەهادینیشیان لەگەڵدا بێت، گەرانەوە عێراق لە ١٩٦٤. بەهادین دوای چەند مانگ لە گەڕانەوە، بۆی دەرکەوت کە ئەو بەرنامەی کارەی کە لیژنەی ناوەندی بڕیاری لەسەرداوە دوررە لە ڕاستی کۆمەڵگەی عێراقی، بۆیە سەرلەنوێ بەرنامەیەکی نوێ دادەڕێژێت و دەنگی سەرکردایەتی بۆ بەدەست دەهێنێت و بەرنامەکەی بەهادین پەسەند دەکرێت بە تایبەت لە سەر پرسی بەرزکردنەوەی دروشمی ڕوخاندنی ڕژێمی نوێ یاخود نا، هەروەها حزبی شیوعی بە تەنێ پشگیری سۆشیالیزم دەکات یاخود لایەنی تر هەیەو ئەوانیش دەتوانرێت هاوکاری حزب بن لەو پرسەدا. بە کۆی دەنگ بڕیار درا کە حزب پشگیری حکومەتی نیشتمانی لایەنەکان بکات نەک ڕوخانی رژێم و هەروها پێویستە حزب پشگیری هەر لایەنێک بکات کە سیاسەتی سۆشیالیزمی هەیە.

کاتێک حزبی شیوعی بە سەرکردایەتی عەزیز محەمەد لایەنگری ڕێکەوتن بوو لەگەل حزبی بەعس لەژێر ناوی (بەرەی نیشتمانی و نەتەوەیی

---

[١٤٢] حنا بطاطو: العراق، الحزب الشیوعی، ترجمة: عفیف الرزاز، الکتاب الثانی، بروت، الطبعه الثانیة، ١٩٩٦ ص ٣٢٢.

پێشکەوتنخواز) لە ١٩٧٣، بەهادین و زیاتر لە نیوەی ئەندامانی لیژنەی ناوەندی دژی ڕێکەوتنەکە بوو، بەڵام دوای دوو کۆبونەوە ڕێکەوتنەکە دەنگی پێویستی بەدەستهێناو چووە بواری جێبەجێکردنەوە. کە ئامانجی ئایدۆلۆجی حزب لەو ڕێکەوتنە بریتی بوو لە پەسەندکردنی سەرکردایەتی بەعس لە عێراقدا کە دەوڵەت بە پرۆسیەکی ناسەرمایەداری ببات بەرەو عێراقێکی سۆسیالیستی.

کاتێک شەڕی نێوان بەعس و کورد سەریهەڵدا لەسەر یاسای ئۆتۆنۆمی لە ١٩٧٤، حزبی شیوعی بە حوکمی هەبونی ڕێکەوتن لەگەڵ بەعسدا، لەبەرەی بەعس بوو. بەهادین سەرکردایەتی ڕێکخستنی گروپە چەکدارەکانی حزبی شیوعی دەکرد کە لەگەڵ سوپای عێراقی، لەیەک بەرە لە دژی پێشمەرگە لە هەولێر و سلێمانی دەجەنگان. ئەو گەواهیدەری ئەوە بوو کە چۆن هەڵوێستی حزبی شیوعی لە شەڕی کورد و بەعس، پێگەی جەماوەری حزبی شیوعی لە کوردستاندا لاوز کرد. بەڕای بەهادین، بەشداریکردنی حزبی شیوعی لە شەڕی کورد -بەعس، لەلایەک بەهۆی هاوپەیمانێتیەوە بوو لەگەڵ بەعس، لەلایەکی تر بەهۆی ڕادەستکردنی پرسی کوردی عێراق بوو لە لایەن (پ.د.ک) بە شای ئێران و ئەمریکا و ئیسرائیل.

کاتێک ئاشبەتاڵی کورد لە بەرەکانی جەنگ ڕویداو چەکی پێشمەرگە ڕادەستی بەعس کرا، سەرکردایەتی ڕێکخستنی هەرێمی کوردستانی حزبی شیوعی لە نێویشیاندا بەهادین ڕێکەوتن لەسەر ئەوەی کە پشگیری مافی نەتەوەیی کورد بکەن و هەڵوێست وەربگرن لەبەرامبەر بەعس، تا سەرکەوتنەکانی بەرامبەر بە کورد هەراشتری نەکات لە تەواوی عێراقدا. بۆیە ڕێکخستنی هەرێمی کوردستان داوای ڕەزامەندی لیژنەی مەرکەزی حزبیان کرد بۆ کڕینی چەکی هەڕاجکراوی کورد لەبازاڕەکانی هەولێر و سلێمانی. لیژنەی مەرکەزی داوای ڕێکخستنی هەرێمی کوردستانی ڕەتکردەوە و سەرکەوتنەکانی بەعسی بە سەرکەوتنی حزبی شیوعی ئەژمار کرد. نەک هەر ئەوە، بەڵکو سەرجەم چەکی چەکدارە شیوعەیکانیشی ڕادەستی سوپا کرد کە لەشەڕ و ئاشبەتاڵدا دەستیان کەوتبوو. بۆیە بەهادین لە پای بێدەنگی حزب لە سیاسەتی پاکتاوی ڕەگەزی بەعس دژ بە کوردو بێباکی حزب لەوەی کە دوای

کورد نۆبەی سەرکوتکاری شیوعیەکان دێت، لێرەدا سەرکۆنەی خۆی دەکات کە لەو کاتەدا دەستبەرداری ئەندامێتی حزبی شیوعی نەبوو.
بەعس لە ئایاری ١٩٧٨دا دەستی کرد بە هەڵمەتی لە سێدارەدانی شیوعیەکان بەناوی پاکتاوکردنی سوپا لە ڕێکخستنی حزبی، ئەوە بوو ٣١ ئەندامی شیوعی لەسێدارەدا. لێرەوە پەیوەندی شیوعی و بەعس تێکچوو، ڕێکەوتنی نێوانیان هەڵوەشایەوە. بەهادین بیرۆکەی دروستکردنی شانەی چەکداری بۆ پەیدا بوو. بۆ ئەم مەبەستە ڕوو دەکاتە سۆڤیەت و لەوێ عەزیز محەمەدی بینی و ڕەزامەندی ئەو وەردەگرێ و ئەویش بڕی ٢٠ هەزار دۆلاری دەداتێ بۆ کارەکەی. هەروەها بەهۆی ڕێکخستنەکانی پارتی لە ئەوروپا، هاوکاری دەبن بۆ گەڕانەوە بۆ کوردستان لە ئازاری ١٩٧٩ و دەسپێکردنی چالاکی چەکداری شیوعی لە کوردستاندا. هەر لەو ماوەیەشدا هەواڵی دەستگیرکردنی ژنی دووەمی عایدە یاسین لایەن بەعسەوە دەبیستێت و بۆ هەتا هەتا نایبینێتەوە.
ئەحمەد بانی خێڵانی وەک سەرپەرشتیاری یەکەم شانەی چەکداری چووە خڕی ناوزەنگ و لە لایەن تاڵەبانیەوە هاوکاری کارەکەی کرابوو. بەهادین و ئەحمەد دەتوانن سود لە شۆرشی ئێران ببینن و لە ناوچەکانی مهاباد و بانە چەندین پارچە چەکیان دەستکەوت و هاوکار بوو بۆ کەوتنە سەرپێی شانە چەکدارەکان و دەستەی سەرکردایەتیان ناونا (هەندرێن).
بەهادین ڕودەکاتە بەیروت و لەوێ ڕۆڵی دەبێت لە دروستکردنی شانەی چەکداری لە شیوعیەکانی شام و پاشان بە ڕێگەی بادیناندا کادیر و چەک و چەکداری شیوعی بۆ خڕی ناوزەنگ دەگوازنەوە. دواتر لە ناوەراستی ١٩٨٠ دەگەرێتەوە کوردستان و بە دیاریکراوی لە گوندی بێتوش نزیک ناوزەنگ بنکەیەکی نوێ بۆ چەکدارەکانی شیوعی بنیات دەنێت کە خۆیان لە ٤٠ چەکدار دەدەن و ئینجا هەر لەوێ ئێزگەی ئەو حزبە دادەمەزرێنن بەناوی دەنگی گەلی عێراق.
بەهادین خۆی شاهیدی دروستکردنی کاری بەرەی نێو حزبە عێراقیەکان بووە لە کوردستان و دەرەوەی کوردستان بەناوی (بەرەی نیشتمانی نەتەوەی دیموکراتی (جوقد) و بەرەی نیشتمانی نەتەوەیی (جود) کە لە ڕواڵەتدا ئامانجی

کاری پێکەوەیی بووە بەرامبەر رژێمی عێراقی، بەڵام لە ناوەڕۆکدا بریتی بووە لەپلانی تایبەتی هەریەک لە (ی.ن.ک) و (پ.د.ک) بۆ پەراوێزخستنی یەکدی. سەرەنجام ئەو دوو پارتە، حزبەکانی ناو بەرەکانیان بۆ ئامانجی خۆیان بەکارهێنا بەتایبەتیش حزبی شیوعی عێراقی.

حزبی شیوعی کە لە ئەنجامی توندوتیژی بەعس، گۆڕپانی ناو شارەکانی عێراقی چۆڵ کردبوو بەڵام لە شاخەکانی کوردستان لە ململانێی ناوخۆی حزبی کوردی ئاڵۆزکا. لە سەرەتای ١٩٨٢ بنکەی سەربازی و سیاسی حزب لە ناوزەنگەو دەچێتە پشتاشان کە ناوچەیەکی گونجاو بوو بۆ بەرگری، بەڵام بۆ پاشەکشێ زۆر سەخت بوو. سەرکردایەتی حزبی شیوعی لەدوای ١٩٧٩، هەر جارەو لە شارێکی ئەوروپا کۆدەبونەوە، بەڵام لە ١٩٨٢ بڕیاریاندا بەیەکجاری بێنەوە کوردستان و لە پشتاشان گیرسانەوە. لە کۆبونەوەی لیژنەی مەرکەزی حزبدا، بریار درا کە هێزی چەکداری حزبەکە بەسەر سێ ناوچە دابەش بکرێت، بادینان کە تۆما تۆماس سەرپەرشتی دەکرد. هەولێر، یوسف حنا و سلێمانی و کەرکوک بەهادین نورری.

بەهادین لە ناوچەی شارباژێر بینەری شەڕەکانی نێوان (ی.ن.ک) لە لایەک و (پ.د.ک) و (ح.س.ک) بووە کە چەند هەرزەو خوێناوی بووە بەڵام دان بەوەدا دەنێت کە سەرکردایەتی حزب پشتیوانی هەڵوێستەکانی (پ.د.ک) و جود بوو نەک لەسیاسەت بەڵکو لە شەڕیشدا. بەهادین دەڵێت ((پارتی و حسک هیچ ئامادەییان نەنواند کاتێک داوای کۆکردنەوەی چەند سەد چەکدارێکمان کرد بۆ شەر دژی دەسەڵات بەڵام ئامادە بوون تەواوی هێزەکەیان تەرخان بکەن بۆ شەر دژی یەکێتی. من ئێستاش باوەڕم وایە کە بەرپرسی یەکەم لە شەری ناوخۆ لەو ماوەیەدا دەکەوێتە ئەستۆی یەکێتی کە پارتی وەک دوژمنی ژمارە یەکی خۆی دەبینی.... بەڵام ئەمە هیچ لە بەرپرسیارێتی حزبەکانی تر کەم ناکاتەوە بە سەرکردایەتی شیوعیەوە، لە کارەساتی شەڕی ناوخۆ)). هەر بۆیە بەهادین لە ١٧ی نیسانی ١٩٨٣، وەک سەرپەرشتی هێزی سەربازی سلێمانی و کەرکوک لە گوندی حاجی مامەند لە شارباژێر، نوسراوێک ئاراستەی سەرکردایەتی حزبەکەی دەکات، کە بەشداریکردنی شەر لە قازانجی حزب و کورد و عێراق نیە، هاوکات حزبی شیوعی پێداویستی مادی وەک چەک و

مرۆیی وەک چەکداری نیە لە دژی (ی.ن.ک)، بۆیە بەشداری شەر، وەک خۆکوژی وایە. بەڵام حزبەکەی وەڵامی نەداوەتەوەو لەسەر ڕای خۆی سور بووە کە پێویستە (ی.ن.ک) تەمیٚ بکرێت. (ی.ن.ک) توانی خۆی بخاتە نێو بۆچونە جیاوازەکانی حزبی شیوعی و هێزەکەی بەهادینی لە هێزی سەرکردایەتی بە تەواوی دابڕی.

بەهادین خۆی و چەکدارەکانی لە ڕێگەی شارباژێر بۆ قەرەداغ بوون، کاتێک گوێبیستی داگیرکردنی بنکەی سەرکردایەتیان لە پشتاشان بڵاو دبێتەوە لەلایەن (ی.ن.ک). بەمە بەهادین و هێزەکەی ناتوانن بەهیچ جۆرێک هاریکاری حزبی شیوعی ببن. هەر بۆیە ئەم هۆکارە لەپاڵ ڕەخنە بەردەوامەکانی لە سەرکردایەتی حزب، دەبێتە هۆی دەرکردنی بەهادین لە حزبی شیوعی و مافی ئەندامێتی ئەو حزبەی لێوەردەگرنەوە لەساڵی ١٩٨٤.

زیانەکانی شکستی پشتاشان لەڕوی مادی و مرۆییەوە بریتی بوو لە کوژرانی زیاتر لە ٦٠ کادری پێشکەوتوی حزب، تێکشکانی ئیستگەو دەزگای ڕاگەیاندن بە تەواوەتی، لەدەستدانی چەک و تەفەمەنی سوک و ناوەند، تالانکردنی پارەو ئازوقەی حزب و ئەندامەکان. خاپوربونی سەرجەم بنکە و شوێنی سەرکردایەتی کە لەو ماوەیەدا دروست کرابوون. بەڵام لەڕووی مەعنەویەوە کارەسات بوو بۆ حزب، چونکە حزبی شیوعی لە قۆناغی بوژاندنەوە بوو، خاوەنی ١٥٠٠ چەکدار بوو کە دەیویست بەهۆیەوە پێگەی خۆی لە کوردستان و عێراقدا توندوتۆڵ بکات، بەڵام بە شکستی پشتاشان، ئاوات و خواستی حزبەکەی بەرەو پوکانەوە برد.

بەهادین دوای ئەوەی لە حزب دەردەکرێت، دەچێتەوە گوندی تەکیٚ لە قەرەداغ و تیادا دەمێنێتەوە تا پرۆسەی ئەنفال. لە دوای ڕاپەرین رۆژنامەیەک دەردکات بەناوی (دیموکراسی) و لە ١٩٩٤ (بزوتنەوەی دیموکراتخوازان) دادەمەزرێنێت[١٤٣].

شازاد ئەنوەر وەک کەسێکی دەستەلەکارترازاوی ناو بزوتنەوەی دیموکراتخوازان لە بارەی کەسایەتی بەهادین نوسیویەتی: مامۆستا بەهادین

---

١٤٣. بهاء الدين نوري: مذكرات http://bahadeen.com/?p=415

بەجۆرێک ڕای خۆی دەسەپاند ڕێزی بۆ هیچ مرۆڤێکی بەرامبەر دانەدەنا، تەنانەت ئەگەر بەرامبەرەکەی ١٠٠% بۆچونەکەی ڕاستی بوایە، هاوکات کەسێکی خۆبەزلزان و شەڕخواز و پڕ لە قینی خۆی، لەو هێمنی و ئەم قسەکردنەی حەشارداوەو وای دەردەخا کە مرۆڤێکی هێمن و دیموکراتخوازە لەکاتێکدا نەک من، هەموو مێژووی مامۆستا ئەوە دەسەلمێنێ گەلێک توندو تیژ بووە لەگەڵ نەیارەکانی و لە هەموو بیرەوەریەکانیدا دانی خێرو چاکەی بە تاکە کەسێک لە سەرکردەو هاوڕێکانی نەدەنا، دەردەکەوێ بەردەوام کێشەی لەگەڵ سەرکردایەتی حزبی شیوعی عێراق لەسەر دەسەلات بووەو هیچی تر))[١٤٤].

بەهادین خۆی لە نامەیەکدا بۆ سکرتێری حزبی شیوعی نوسیوە لە ١٩٨٤، لە وەسفی خۆیدا نوسیویەتی: ((من متمانەم بە شیوعیەت هەر ماوە بەلام متمانەم بەو کەسانە نەماوە کە سەلماندویانە توانای ئەوەیان نییە لە سەرەوەی بزوتنەوەی شیوعی ئەم وڵاتە بن..... خەڵکێک هەیە من دائەنێن بە پیاوێکی سەرسەخت و تاکڕەو و وشک و ئایدۆلۆجی و چەپێکی توندڕە...هتد. بەلام نزیک چل ساڵ کارکردن لە ڕیزی حزب و بزوتنەوەی سیاسی زۆر شتی فێرکردووم....من ئێستا گەنجێکی سەرەڕۆ نیم و بەدوای ئەستەمدا ناگەڕێم و ڕووم لە پۆست و مەقام نیە. من کەسێکم هەموو ژیانم بۆ پرسی شیوعیەت تەرخان کردووە، هیچ شتێکیش من ناجوڵێنێ جکە پەرۆشی نەبێت بۆ بەرژەوەندی حزب و بزوتنەوەی شۆڕشگێڕی. من بە درێژایی ژیانم دیسپلینە حزبیەکان و سیستەمەکانیم پیرۆز ڕاگرتووە، بەلام ئارامگرتن سنوری هەیە))[١٤٥].

بەشی حەوتەم، تەرخانکراوە بۆ بزوتنەوەی دیموکراتخوازان. لەگەڵ ئەوەی ئەم پارتە ناوێکی زۆر دیار نییە لە کوردستان بەلام دەتوانیین وەک نمونەیەک وەریبگرین تا ڕێژەی گرفتاری کەمینەیەکی سیاسمان بۆ دەربکەوێت لەو کاتەدا. لە گرنگترین وێستگەکانی ئەم حزبە لەوکاتەدا بریتیە:

---

[١٤٤] شازاد ئەنوەر: نامەیەکی کراوە لەڕێی مامۆستا بەهادین نوری، بۆ سەرکردایەت هاوپەیمانی کوردستان، سلێمانی، ١٩٩٨/٢/٢٥.

[١٤٥] بهاء الدين نوري: المصدر السابق.

1. هەڵوێستی لایەنگیری: ئەم پارتە لە شەڕدا بێ پەردە دەبێتە لایەنگری (ی.ن.ک). هاوکات لایەنی بەرامبەر دەخاتە بەردەم دادگای مێژوو کە دەستپێشخەری ئاشتی ڕەت دەکاتەوە. لەم بارەیەوە باوەڕیان وایە: ((ئەگەر ئامادە نەبن بۆ وتووێژ و چارەسەری ئاشتیانەی کێشەکان و ملکەچ کردنی بەرژەوەندی تەسکی حیزبایەتی بۆ بەرژەوەندی بەرزی نەتەوەیی..... ئەوە دەکەونە ژێر بەرپرسیارییەکی مێژوویی بەرامبەر گەل و نیشتیمان))[١٤٦].
2. دووکەرتبوونی حزب: شەڕی ناوخۆ بێلایەنی ئەستەم کردبوو. شەڕ چۆن ترسی لەسەر تاک دروست کردبوو ئاوەهاش لەسەر حزبەکان ئەو ترسە هەبوو. لە بەڵگەنامەی ژمارە (٨٦) بەناوی ((ڕونکردنەوەیەک بۆ گشت جەماوەری کوردستان و حیزب و ڕێکخراوە کوردستانیەکان))، بەیاننامەی حزبەکە لە شاری هەولێر بە ڕوونی ئاماژە بە کاریگەری شەڕی ناوخۆ دەدات لەسەر دابڕان و بەش بەش بوونییان.
3. پرسی وەرزش: بەڵگەنامەی ژمارە (٨٧)، (٨٨) بریتیە لە نامەی سکرتێری گشتی بزوتنەوەی دیمکراتخوازان بۆ لیژنەی ئۆڵۆمپی کوردستان، کە لەوێدا گرفتەکانی بەردەم وەرزش لەو ماوەیەدا دەخاتە ڕوو. بەتایبەت چۆن حزب دەست لە کاری وەرزش وەردەدەن لە کوردستاندا. ((وەرزش بەشێوازی کار و کرداری بیروکراتیانە و ڕەوشتی پۆلیسیانە گەشە ناکات..... ئەوە هەڵەیە کە دەزگا وەرزشیە شەرعیەکان بە ئارەزووی تاکە شەخسێ یان لیژنەیەک مۆڵەتیان پێ بدرێ یان نەدرێ. ڕێڕەوی ڕاست ئەوەیە کە یاسا پێوەربێت و هەر یانەیەک مەرجی یاسای تێدایە مۆڵەتی پێبدرێ و مەرجی تێدانیە مۆڵەتی پێ نەدرێتێ یان مۆڵەتەکەی (ئەگەر زووتر پێدرابێ) لێبسەندرێتەوە))[١٤٧].

---

[١٤٦] بەڵگەنامەی ژمارە (٨٣): نامەیەک لە کۆمیتەی باڵای بزوتنەوەی دیموکراسیخوازانەوە
[١٤٧] بەڵگەنامەی ژمارە (٨٨): بەڕێزان سەرۆک و ئەندامانی لیژنەی ئۆڵۆمپی

## بەڵگەنامەی ژمارە (٨٣)

## نامەیەک لە کۆمیتەی باڵای بزوتنەوەی دیموکراسیخوازانەوە

بەڕێز سەرۆکی پ.د.ک

بەڕێزان ئەندامانی مەکتەبی سیاسی پ.د ک

ئێمەی دیموکراسیخوازان کە هەمیشە تینوی ئاشتی و برایەتی و تەبابی بووین لە نێو ئەم وڵاتە ستەمدیدەیەدا بە خۆشحاڵیەوە نامەی بەڕێز سکرتێری گشتی ی.ن.ک مان خوێندەوە کە لە ١٩٩٨/١٢/٣١دا ئاراستەی بەڕێزتانکراوە. ئەم نامەیە هیوایەکی تازەی بۆ هاوڵاتیان دروست کرد چونکە -ئەگەر بە چاوێکی بێلانەنانە سەیری بکرێ- ناوەڕۆکەکەی پرۆژەیەکی لەبارە بۆ دەستپێکردنی وتووێژ و هەوڵی چارەسەرکردنی ئاشتیانەی کێشەکانی ئەمرۆی هەرێم. لەم پرۆژەیەدا کۆمەڵێ بیروبۆچون و پێشنیاری ڕون و ئاشکرا لەلایەن مام جەلالەوە خراوەتە بەردەمتان ئەگەر جێبەجێ بکرێ مەسەلەی ئاشتبونەوەی گشتی هەنگاوێکی کۆنکریتی زۆر گەورەیە دەچێتە پێشەوە .

ئێمە لەوە غافڵ نین کە کێشەی نێوان ی.ن.ک-پ.د.ک ڕەگو ڕیشەی مێژووی-سیاسی-حیزبی و شەخسی قوڵی هەیە کە زۆر ئاڵۆزی کردووە و متمانەی لە نێوان هەردوولادا نەهێشتووە. بەڵام نابێ لەو ڕاستەیەش غافڵ بین کە نامەی ئاماژەبۆکراو دەرگای ئاوەلە کردووە بۆ دەسپێکردنی قۆناخێکی نوێ لەپەیوەندی نێوان هەردوولا بەرەو چارەسەری گرفتەکان .

ئەگەر کاربەدەستانی هەرێم گوێ لە دەنگی جەماوەری کوردستان بگرن، دەبێ ڕێگەی ئاشتبونەوە بگرن، چونکە گومان لەوەدا نیە کە هەست و خواست و داخوازی ئەو جەماوەرە لە ئاشتی و تەبایی و برایەتیدا خۆی دەنوێنێ، ئەزموونی سەخت و تاڵی دەیەها ساڵی ڕابردوو، بە تایبەت ئەزموونی ئەم ساڵانەش پاش ڕاپەڕینەکەی ١٩٩١، سەرجەمی خەڵکی کوردستانی قەناعەت پێکرد کە شەڕی نێوخۆ لەگەڵ بەرژەوەندی بەرزی نەتەوەیدا ناگونجێ و باشترین ڕێگە بۆ چارەسەری کێشەی ئەم شەڕە تەنها ڕێگەی وتووێژی ئاشتیانەیە لەسەر بناغەیەکی دیموکراسیانە و شارستانیانە .

لەبەر ئەوە ئێمەی دیموکراسیخوازان دەستخۆشی گەرممان لەنامەکەی مام جەلال کرد و بە هەنگاوێکی عەمەلی و جدیمان دانا بەرەو چارەسەری ئاشتیانەی کێشەکانی هەرێم. ئێمە دەزانین کە ئەم نامەیە ڕێککەوتن نیە، بەڵام پێشنیاری یەکێ لە دوولایەنە سەرەکیەکەی هەرێمە بۆ دەسپێکرنی وتووێژ لە پێناوی ڕێکەوتندا. ئاشکرایە کە ئەم ڕێکەوتنەش لەسەر دەستی تاکە لایەنێ جێبەجێ ناکرێ، بەڵکو دەبێ هەردوولا بچن بە پیریەوە.

لەبەر ئەوە کۆمیتەی باڵای بزوتنەوەی دیموکراسیخوازان داوا لە سەرۆک و سەرکردایەتی پ.د.ک دەکات کە هەڵوێستی جدی و ئاشکرا لە نامەی سکرتێری ی.ن.ک وەربگرن و وڵامێکی ئیجابی بدەنەوە، بەشێوەیەکی وەها کە ڕای گشتی هەرێم و دەرەوەی هەرێم لێی حاڵیبن، داوایان لێدەکەین، بەوتە و بە کردار، ئامادەی خۆیان بۆ وتوێژی دوقۆڵی و فرەلایەن دەببڕن و بە گورجی هێندێ هەنگاوی کونکرێتی دولایەنە بنرێ -وەکو بەردانی بەند و دیل و گێڕانەوە و تەعویزی خەڵکی دەرکراو و، ئازادی هاتوچۆ لەسەرانسەری هەرێمدا و ئازادی فرۆشتن و بڵاوکردنەوەی چاپەمەنی هەردولا و .. هتد .

ئێمە داوا لە هەموو حیزب و ڕێخراوە نیشتیمان پەروەرەکانی کوردستان دەکەین، داوا لە ڕای گشتی نێو هەرێم و هەموو عێراق دەکەین، داوا لە ڕای گشتی جیهان و بە تایبەتی ئەمریکا و بەریتانیا و هەموو ئەوروپا دەکەین، کە نفوز و توانای خۆیان بەکاربێنن بۆ چارەسەری کێشەی ئەم وڵاتە ستەمدیدەیە، بۆ گوشارخستنە سەر هەر لایەنێ کە نایەت بەدەم بانگەوازی ئاشتی و ئاشتبونەوەوە.

ئێمە بێ پێچ و پەنا بە سەرۆک و سەرکردایەتی پ.د.ک دەڵێین کە ئەگەر نەیەن بەدەم بانگەوازی ئاشتبونەوە و ئاشتیەوە، ئەگەر هەڵوێستێکی ئیجابی وەرنەگرن بەرامبەر دەست پێشخەریکەی مام جەلال، ئەکەر ئامادە نەبن بۆ وتووێژ و چارەسەری ئاشتیانەی کێشەکان و ملکەچ کردنی بەرژەوەندی تەسکی حیزبایەتی بۆ بەرژەوەندی بەرزی نەتەوەی .. ئەوە دەکەونە ژێر بەرپرسیارییەکی مێژوویی بەرامبەر گەل و نیشتیمان.

ئەو کاتەش ئەرکی هەموو حیزب و لایەنێکی نیشتیمانپەروەری هەرێم و هەموو کوردێکی دڵسۆز و هەموو ڕای گشتی جیهان دەبێ کە بە ئاشکرا و

بەتوندی ئیدانەی هەڵوێستی سەرکردایەتی پ.د.ک بکات و گوناهی درێژە پێدانی شەڕی نێوخۆی هەرێم بخانە ئەستۆی پارتی .

هیوادارین بە گیانێکی بابەتیانە برایانی پ د ک بێن بە پیر نامەکەوە و بەرژەوەندی گشتی هەرێم بخرێتە سەروو بەرژەوەندی تەسکی حیزبیەوە .

لە چاوەڕوانی وڵامدا ڕێزمان لێ قبوڵ بکەن ...

بزووتنەوەی دیموکراسیخوازان
کۆمیتەی باڵا
١٩٩٨/١/١٤
کوردستانی عێراق

# بەڵگەنامەی ژمارە (٨٤)
# ڕاگەیاندنی کۆمیتەی باڵای
# بزوتنەوەی دیموکراسیخوازان

لە١٩٩٨/٤/٢٥دا کۆمیتەی باڵای بزوتنەوەی دیموکراسیخوازان کۆبووە وە بۆ لێدوان لەدۆخی سیاسی وڵات و لەهەندێ کاروباری نێوخۆی حیزب.

کۆبونەوەکە پێشوازی گەرمی لەوتوویژی نێوان هەردوو لایەنی دەسەڵاتداری هەرێم، بە هاوبەشی مامۆستا عزیز محمد[١٤٨] کرد، بە هیوا و بەسۆزەوە چاوەڕوانی سەرکەوتنی ئەم وتووێژە بووین، لەپێناو ئاشتبونەوەی گشتی و ئامادەکردنی زەمینەیەکی لەبار بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی ئیتیلافی هەرێم و بە ئەنجام گەیاندنی هەڵبژاردنێکی پەڕلەمانی نوێ، بەڵام سەد مەخابن لەماوەی چوار مانگی ڕابردودا هیچ پێشکەوتنێکی بەرو چارەسەری ئاشتیانە بەدەست نەهێنا و مەترسی تازەبونەوەی ئاڵۆزیش لەئارادایودە.

بەنێوەی بەرژەوەندی بەرزی گەل و نیشتیمانەوە ئێمە داوا لەسەرکردایەتی ی.ن.ک – پ.د.ک و هەموو حیزب و لایەن و کەسایەتی نیشتیمانپەروەر دەکەین کە بەهەموو توانای خۆیان هەوڵی سەرخستنی پڕۆژەی ئاشتبونەوە و چەسپاندنی ئەزمونی دیموکراسی و فیدڕاڵی بدەن و تارمای شەڕی نێوخۆی چیدی ئاسمانی ئەم وڵاتە ستەمدیدەیە نەگرێتەوە.

ئاشتبونەوەی گشتی و پاراستنی یەکپارچەی هەرێم، بە شێوازێکی ئاشتیانەو شارستانیانە، ئەرکی هەرە گرنگی هەموو دڵسۆزێکە، بەڵام ئەگەر

---

[١٤٨] عەزیز محەمەد عەبدوڵا: لە ساڵی ١٩٢٤ لە گوندی بیرکۆتی سەر بە پارێزگای هەولێر لەدایک بووە، لە سەرەتای ساڵانی ١٩٤٠ ڕووی کردوەتەوە هەولێر و پەیوەندی بە حزبی هیواوە کردووە، لە ساڵی ١٩٤٥ پەیوەندی بە حزبی شیوعیەوە کردووە، لەساڵانی ١٩٤٨ تا سەرکەوتنی شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ لە زیندانەکانی ڕژێمی پاشایی عێراقدا زیندانی کراوە، لە ئەیلولی ١٩٥٨ بووە بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و لە تەمموزی ١٩٥٩ بووە بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی، لە ساڵی ١٩٦٤ بە سکرتێری حزبی شیوعی هەڵبژێردراوە و تا ساڵی ١٩٩٣ لە پۆستی سکرتێری حزب ماوەتەوە، یەکێکە لەو کەسایەتیە شیوعیانەی کە خەڵاتی لینینی وەرگرتووە، لە ٢٠١٧/٥/٣١ لە هەولێر کۆچی دوای کردووە. (سەروەر عەبدالرحمان: حزبی شیوعی عێراق و مەسەلەی کورد، ل٨٠)

شەڕو خوێنڕشتن ببێتە ڕێگەی یەکگرتنەوەی هەردوو پارچەکە، ئەوا هەموو کێشەو نەهامەتیەکان ئاڵۆزتر دەکات و کارەساتی گەورەتر دێتەپێش، ئێمە دەزانین کە واقعی دابەشبونی ئەمڕۆی هەرێم واقعێکی تاڵ و سەختە... بەڵام پەنا بردنە بەر شەڕو خوێنڕشتن تاڵترو سەخترەو زیانیشی گەلێک زێترە، لەبەر ئەوە مانەوەی دووپارچە و دوو ئیدارەی لێکجیاو پێکەوە ژیانی هەردولا، لەقۆناغی ئێستەدا کەم زیانترە. ئێمە داوای پێکەوە ژیانی هەردوو ئیدارەی هەرێم دەکەین، بەو هیوایەی کەلەئایندەدا دۆخێکی لەبارتر بێتە ئارا بۆ یەکگرتنەوەی ئاشتیانە. تا ئەوکاتەش با مونافەسەی نێوان هەردوولا لەبواری پەرەپێدانی دیموکراسی و خزمەتگوزاری بێ، بۆ نەهێشتنی تیرۆر و داپلۆسینی سیاسی و وەگەڕخستنی هەموو توانا بۆ جێبەجێکردنی بڕیاری ٦٨٨ی UN.

کۆبونەوەی کۆمیتەی باڵا لەمەڕ پێوەندی و ئاڵۆزی نێوان ڕژێمی عێراق لەلایەک و UN و ئەمریکا و دەوڵەتانی دی لایەکی دیکەوە وەستاوە.. سەرجەمی مێژووی ئەم ڕژێمە ئەو ڕاستیە نیشاندەدا کە سەدام هەمیشە سەرچاوەی کێشەی شەڕ و برسێتی و نەهامەتی بووە و هەتا ئەویش مابێ نە کوردستان و نە گەلانی عێراق لەشەڕو نەهامەتی جۆراوجۆر ڕزگار نابن، چارەسەری بنەڕەتی کێشەکان تەنها لەڕێگەی لابردنی سەدامەوە ئەنجام دەگرێ. بەم چەشنە عێراق لەئابلۆقەی ئابوری و لەتیمە پشکنەرەکان ڕزگار دەبێ و ئاشتی و ئارامی تێدا بەرقەرار دەبێ.

ئەزمونی ساڵێ دەریخست کە جێبەجێکردنی بڕیاری ٩٨٦ - نەوت بە ئازوقە - زۆر پێویست و بەکەڵک بوو، هاوڵاتیانی لەکێشەیەکی پڕ مەترسی ڕزگارکرد. ئێمە خوازیاری بەردەوام بوونی ئەم کارەین و بەشێوەیەکی باشی دەبینین بۆ سوککردنی باری ئابلۆقە لەسەر شانی جەماوەر، بەڵام ئەمڕۆ پێویستە هەندێ گۆڕانکاری بکرێ لەچۆنیەتی دابەشکردنی ئەو بڕە ئازوقەیەدا کە بەگوێرەی ٩٨٦ دەدرێ بۆ ئەوەی کڕینی گەنمی جوتیارەکانی خۆمان بخرێتە بەرنامەی ئەو بڕیارەو حساب بۆ پارەی گۆشت و جلوبەرگیش بۆ هاوڵاتیان بکرێ.

دەبێ هەموو کەسێکی هۆشمەندو دڵسۆزی گەل و نیشتیمان لەو ڕاستیە بگات کە دوژمنانی کورد، چ بە بەغدا بن چ لەئەنکەرە یان هەر لایەکی دی، درێغیان نەکردووەو نایکەن بۆ سەرکوتی خەباتی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان،

بۆ لەکیس دانی ئەم هەلە مێژووییە کە لەئەنجامی جەنگی کوێت و ڕاپەرینی ١٩٩١دا هاتە پێش.. ئەو دوژمنانەش -بەتایبەتی لەبەغدادو لەئەنکەرە- بۆ هەوڵی جێبەجێکردنی پیلانی خۆیان، کەڵکیان لەهیچ شتێ وەرنەگرتووە، هێندەی کەڵکیان لەهەڵەو سیاسەتی چەوتی هەندێ حیزب و لایەن و دەسەڵاتداری خودی ئەم هەرێمە گرتووە، زۆر بەداخەوە لەم حەوت ساڵەی ڕابردوودا میللەتەکەمان زۆری لەم هەلە مێژووییەی لەکیس چووەو کەمی ماوە، ئەگەر چارەیەکی جدی دڵسۆزانە نەدۆزینەوە ئەم کەمەش دەفەوتێ و وڵاتەکەمان ڕووبەڕووی کارەساتی گەورەتر دەبێتەوە.

دەبا هەموو هێز و توانای ئەم هەرێمە بخەینەگەڕ بۆ پاراستنی دەستکەوتەکانی خەبات و قوربانی درێژخایەنی گەل، بۆ سەرخستنی ئەزموونی دیموکراسی و فیدراڵی، بۆ ئاوەدانکردنەوەی کوردستان و پەرەپێدانی خزمەتگوزاری.

با ئەقڵ و مەنتق بچێتە جێگەی چەک و ململانێی خوێناوی بۆ چارەسەری کێشەکان.

کۆبونەوەی باڵا باسی هەندێ کاروباری نێوخۆی (ب.د)ی کرد و بڕیاری پێویستی وەرگرت بۆ چارەسەری مەسەلەکان.

بزوتنەوەی دیموکراسیخوازان
کۆمیتەی باڵا
١٩٩٨/٤/٢٥

## بەڵگەنامەی ژمارە(٨٥)

## ڕونکردنەوەیەک

## بۆ حیزب و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان

سڵاوێکی شۆڕشگێڕانە ..

بە پێویستمان زانی کە ئاگادارتان بکەینەوە دەربارەی هاوڕێ ( خ.س. ش) ئەندامی لیژنەی مەرکەزی بزوتنەوەکەمان بوو، لەبەر بەرژەوەندی بزوتنەوەکەمان و پەرلەمان و حکومەتی هەرێم دەرمانکرد لەڕیزی بزوتنەوەکەکان لە بەرواری ١٩٩٨/٥/٩.

لەم ڕوانگەیەوە بە باشمانزانی ئیشارەتی پێ بدەین بۆ بەڕێزتان کە هیچ پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی بەڕێزی بە بزووتنەوەکەمان نەماوە. بۆیە ئێمە هیچ شێوەیەک بەرپرس نین لە هیچ جۆرە جموجوڵێکی سیاسی و حیزبایەتی ناوبراو .

لەگەڵ ڕێزدا

مەکتەبی سیاسی

بزووتنەوەی دیموکراسیخوازانی کوردستان

هەولێر ١٩٩٨/٥/٩

## بەڵگەنامەی ژمارە (٨٦)

## ڕونکردنەوەیەک بۆ گشت جەماوەری کوردستان و حیزب و ڕێکخراوە کوردستانیەکان و کەسایەتیە نیشتیمانپەروەرەکانی کوردستان

ئێمە ئەندامانی سەردایەتی (ب.د.ک) بزوتنەوەی دیموکراسی کوردستان بە تێکڕا لەگەڵ لادانی سکرتێری بزووتنەوەکەمانین لە حیزب کە (م. ا. ع)ە بەهۆی ئەو کردارە چەوت و تێکدەرانەی کە پەیڕەوی دەکات دژی گشت ئەندامانی حیزبەکەمان، هەر لەسەرتای دروستبوونی بزوتنەوەکەمان بەر لەوەی لەگەڵ مامۆستا بهاءالدین نوری یەک بگرین لە ١٩٩٤/١/١ دا .

دوای یەکگرتنیش هەر هەمان دەوریان هەبوو لەگەڵ (ع. ش) دۆستی دژی برادەرانی هەولێر بوون. هەر وەک لە کۆبونەوەی بەرینی سلێمانی ڕەنگی دایەوە کە لە ١٩٩٤/١١/٢٥ گرێدرا و سەرکردایەتی تێیدا هەڵبژێردرا کە لە ١٢ ئەندام پێکهاتبوو، بە دانپێدانانی خودی (مامۆستا بهاءالدین نوری) بە پتەوی ڕێکخراوەکەمان و نەبوونی ڕێکخراو لە سلێمانی دەست بەکاربوو بۆ تێکدانی پشتی ئەوانەی گرت کە تێکدەربوون، و ئەو پەیوەندیە توندوتۆڵەی هەمانبوو لەگەڵ حیزبەکانی هەولێر ئەوەشیان لێ تێکداین، وە ئێمە لە هەولێر ئاگاداری بهاءالدین نوریمان کرد لەسەر پەیوەندی (ا. ع) بە ئەمنەوە بەڵام ئەوان یانی بهاءالدین نوری و برادەرانی سەرکردایەتی مەسەلەکەسان پشت گوێ خست هەرچەندە ٢ نامەیان لە لایەن حیزبی شیوعیەوە لەسەر پەیوەندی ناوبراو بە ئەمنەوە. وە هەر بە ئەندامی سەرکردایەتی هێشتیانەوە، لەجیاتی دورخستەوە و لێپرسینەوە لەگەڵیدا.

دوای ڕوداوەکانی ٣١ی ئاب و گەڕانەوەی پارتی کرێکارانی کوردستان لەبۆ هەولێر و دورخستنەوەی (ی.ن.ک) و ڕۆشتنی مامۆستا بهاءالدین لەگەڵیان بەرەو سنور ئێمە پەیوەندیمان لەگەڵیان پچڕا و لە ١٩٩٦/١٠/٣ سەردانی بارەگای (م.س) پارتمان کردوو لە مەسیف لەگەڵیان دانیشتنمان کرد و هەڵوێستی خۆمان دەربڕی لە پارێزگاریکردن لە پەڕلەمان و حکومەتی هەرێم. وە ئێمە هەوڵماندا برادەرانی سلێمانی ببینین و هەڵوێستیان بزانین، بۆ ئەم مەبەستە برادەرێکمان چوو بۆ سلێمانی بەڵام ئەو کات بهاءالدین نوری لە تاران

بوو وە بڕیار بوو ١٩٩٧/٢/٢٨ بۆ جاری دووەم سەردانیان بکەین بەڵام دوای ئەوەی دەرکەوت کە برادەرانی سلێمانی دووجار پەیوەندیان بە هەندێ برادەری هەولێر کردووە و یارمەتیشیان داون جگە لە ٤ برادەری سەرکردایەتی کە دواجار ٢ ئەندامی سەرکردایەتی ماینەوە، دوای ئەوەی کە حیزبەکەمان دروستکردەوە و ڕێکخستنەکانمان کۆکردەوە و سەرکردایەتی نوێمان هەڵبژارد لە ٨ ئەندام، دوای ئەوەی کە لە ٢/٢٢ بەیانێکمان دەرکرد و ڕامانگەیاند کە هیچ پەیوەندیەکمان بە بهاءالدین نوریەوە نەماوە، وەک حیزبێکی سەربەخۆ دەستمان بە کاری سیاسی کرد لە ٢/٢٣ بۆ جاری دووەم سەردانی پەیوەندیەکانی پارتیمان کرد و داوامان لێکردن کە بەپێی یاسای حیزبەکان هاوکاریمان بکەن و یارمەتیمان بدەن و ئەوانیش ئامادەی خۆیان نیشاندا و بەفعلی هەندێ یارمەتیان بۆ دیاری کردین، چونکە ئێمە لە ١٩٩٤/١١/٢٩دا مۆڵەتی یاساییمان وەرگرتبو لە حکومەتی هەرێمی کوردستان .

بەڵام ئەوەی جێگەی نیگەرانیە لەلایەن گشت ئەندامانی حیزبەکەمان، کردارە چەوت و نالەبارەکانی سکرتێرەکەمانە بە شێویەکی ناڕەوا و فەردیانە ئەنجامیان دەدا دژ بە کادیرە دڵسۆزەکانی حیزب، بەتایبەتی هاوڕێیانی کە لەسەرەتاوە لەگەڵیدا بوونە و کردەوەکانی ئەو لە تەواوی دەزانن و بۆیان ڕوون بۆتەوە هەر وەک لە پێشەوە ئاماژەمان پێکردووە، بەردەوامە لەسەر کارە تێکدەرەکانی.

بەمەبەستی ڕێگا گرتن لە کارە دزێوەکانی و پاراستنی یەکێتی ڕیزەکانی حیزب و بەرژەوەندی باڵای گەلەکەمان بەهەموانی ڕادەکەیەنین کە (م. ا ع) سکرتێری بزوتنەوەی دیموکراسخوازی کوردستان نیە و، لە دەرچوونی ئەم ڕوونکردنەوەیە، پەیوەندی بە بزووتنەوەکەمان نەماوە و لە ڕەفتارەکانی ئەو، بزوتنەوەکەمان بەرپرسیار نیە.

- دەبا پتەوتربێ یەک ڕیزی ئەندامانی حیزبەکەمان لەپێناو زیاتر خزمەتکردنی گەلە ستەمدیدەکەمان.- بەرقەرار بێ ئاشتی و دیموکراسی لە سایەی پەرلەمان و حکومەتی هەرێم.

جیهانگیر ابراهیم ڕەش عمر بکر صوفی خدر شێخانی

ئەندامی لیژنەی مەرکەزیئەندامی لیژنەی مەرکەزی ئەندامی ( م . س ) و جێگری سکرتێر.

بزوتنەوەی دیموکراسیخوازانی کوردستان

هەولێر

١٠/ مایسی/١٩٩٨

## بەڵگەنامەی ژمارە (٨٧)
## بەڕێز سکرتێری گشتی ی ن ک
## بەڕێز سەرەک وەزیرانی هەرێم

ب/ سکاڵا لەلیژنەی ئۆلۆمپی

لەحوزەیرانی ١٩٩٧دا کۆمەڵی لەوەزشکارانی سلێمانی داوای مۆڵەتی یاسایانەیەکیان لەوەزارەتی ناوخۆکرد بە ناوی(یانەی وەزشی بابان). هەموو مەرجێکی یاسایی لەداواکەیان هەبوو. یاسای جمعیات ژماری ١٨ ساڵی ١٩٩٣ دەڵێت(في حالة عدم البت في الطلب رغم مضى المدة المذكورة في فقرة(١) اعلاه(شهر واحد) يعتبر موافقا عليه بحكم القانون). بەم شێوەیە بەپێی یاسا پاش مانگێ لەتۆمارکردنی داوەکەی مۆڵەت پێدراو بوو. بەڵام وەزارەتی نێوخۆ دانی بەم مۆڵەتەدا نەنا گویا دەبێ لیژنەی ئۆلۆمپی، کە خۆی هێشتا مۆڵەتی ڕەسمی پێ نەدرابوو، موافەقەی نەکردووە. سەرۆکی لیژنە ئۆلۆمپی بەڕێز مەلا بەختیار پێیلەسەر ئەوە داگرت کە نابێ مۆڵەت بەم یانەیە بدرێت چونکە دەیەوێت ژمارەی یانەکانی سلێمانی کەم بکاتەوە. ئەمە لەکاتێکدایە کە دەبێت بە گوێرەی یاسای ژمارە ١٨ بجولێ نەک بە ئارەزووی خۆی ژمارەی یانەکان دیاری بکات. لەلایەکی دیکەشەوە ئەگەر ژمارەی یانەکانی پێزۆربێ ئەوە چونکە گەلێ لەبەرپرسانی ی ن ک هەر کەسەو یانەیەکی دامەزراندووە، بەبێ ئەوەی مەلا بەختیار ڕێ لەکەسیان بگرێ. لەماوەی ساڵێکیشدا کە مەلا بەختیار دروشمی کەمکردنەوەی یانەکانی هەڵگرتووە نەیتوانیوە یەک یانەش کەم بکاتەوە، بەڵکو مۆڵەتی داوە بە یانەی شورتە و بەمجۆرە ژمارەکەی زیاد کردووە. پاش ئەوەی مافی یاسایی یانەی بابان ٨-٩ مانگ پێشێلکرا دەستەی بەڕێوبەرایەتی یانە، لەکۆنگرەیەکی شەرعیدا هەڵبژێردراوە، شکاتی لەدادگا تۆمارکرد دژ بە وەزارەتی ناوخۆو ڕۆژی دادگایکردن دیاریکرا. ئەمە وەزارەتی ناچارکرد کە بەرامبەر کشانەوەی ئەم شکاتە لەدادگا، ڕۆژی ٩٩٨/٣/٩ مۆڵەتی ڕەسمی بدات بە یانەکە. بەڵام لەڕۆژی ٩٩٨/٤/٢، بەبێ هیچ بەڵگەیەکی یاسایی، وەزیری ناوخۆ بەڕێز(عمر عبدالله) بە فەرمانی ژمارە (١٠٨٠٢/١٨) لەبەرواری(٩٩٨/٤/٢) مۆڵەتی یانەی ئیلغاکرد بەو بیانوویەی کە ڕەزامەندی لیژنەی ئۆلۆمپی لەسەر وەرنەگیراوەو بەناهەق ئینزارێکی

مستشاری قانونی وەزیریش کرا گوایە گوناهی ئەو بووە کە ڕۆژی ۹۹۸/۹/۳ مۆڵەت بەیانەکە دراوە. هەموو هەوڵ و کۆششێکیش بۆ وەرگتنەوەی مۆڵەت بێ هودە بوو. مەلا بەختیار سور بوو لەسەر پێشێلکردنی یاسای جمعیات ژمارە(۱۸) کە خۆیشی لە۱۹۹۳ دا وەکو ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستان دەنگی بۆ دابوو.

بەڕێزان...پاش هەوڵدانی ساڵێکی ڕەبەق بۆ مۆڵەت وەرگرتن و پاش پێشێلکردنی یاسا بە درێژایی ساڵێک لەلایەن لیژنەی ئۆلۆمپی و وەزارەتی نێوخۆوە، ناچار بووم ئەم یاداشتە بخەمە بەردەمتان و بە هەموانی ڕابگەیەنم کە غەرەزی شەخسی هۆکاری ئەم هەڵوێستەی مەلا بەختیارە بەرامبەر بەم یانەیە کە منیش ئەندامێکی دەستەی دامەزرێنەری بووم. جێگەی داخە پیاوێکی وەک وەزیری نێوخۆیش، لەباتەی مومارەسەی سەلاحیەتی یاسای خۆی، ڕێگە بە سەرۆکی لیژنەی ئۆلۆمپی دا کە لەشوێن غەرەزێکی شەخسی یاسا پێشێل کات. ئەم هەڵوێستەی لیژنەی ئۆلۆمپی بەرامبەر یانەی وەرزشی بابان نەلەگەڵ یاساو پرەنسیپی دیموکراسی دەگونجێ و نەلەگەڵ بەرژەوەندی بزوتنەوەی وەرزشی لەوڵاتەکەماندا. چونکە وەرزش بە شێوازی کارو کرداری بیروکراتیانەو ڕەوشتی پۆلیسیانە گەشە ناکات. لەبەر ئەوە خوازیارم لەبەڕێزتان فەرمان دەرکەن:

۱- بە مامەڵەیەکی یاسای وەرزشدۆستانە بەرانبەر یانەی وەرزشی بابان لەسلێمانی

۲- پێکهێنانی لیژنەیەکی بێلایەن بۆ لێکۆڵینەوە لەهەڵوێست و کرداری لیژنەی ئۆلۆمپی کە نایاسایی بووە بەرانبەر یانەی ناوبراو.

۳- چاوخشانەوە بەبنیاتی خودی لیژنەی ئۆلۆمپی دا بۆ ئەوەی کەسانی نا شایستەی بگۆڕدرێن بەکەسانی شایستەو یاساپەروەر.

لەچاوەڕوانی وڵامدا ڕێزم لێ قبوڵ بکەن.

بەهادین نووری

ئەندامی یانەی وەرزشی بابان

سلێمانی

۱۹۹۸/٦/۲۰

## بەڵگەنامەی ژمارە (٨٨)

## بەڕێزان سەرۆک و ئەندامانی لیژنەی ئۆڵۆمپی

سڵاوی گەرمی برایانە

پاش خوێندنەوەی نامەی کاک م.ب (مەلا بەختیار) کە لە وڵامی نامەیەکی مندا ناردوویەتی بۆ بەڕێزان مام جەلال و کاک کۆسرەت، بە پێویستم زانی ئەم نامەیە بۆ بەڕێزتان بنێرم

بەرێز م.ب لە نامەکەیدا داوای لیژنەیەکی بێلایەنی کردووە بۆ لێکۆڵینەوە تا ئیسپات بێ کە من زانیاریم سەبارەت بە کاروباری وەرزشی نیە. پێویست بە لیژنەی وەها نیە. من پسپۆری کاروباری وەرزشی نیم. تەنها وەکو شەترنجزانی من چومەتە نێو دامەزراندنی یانە و م.ب خۆی یاری شەترنجی زۆر لەگەڵ کردووم.

بەڵام لە کاروباری یاسایی زانیاریم هەیە وەک سیاسی و ڕۆشنبیر، دوو ساڵ بە دەرس یاسام خوێندووە، لێدوانیشم لەگەڵ مەلا بەختیار لە پەلەی یەکەمدا سروشتی یاسای لە خۆگرتووە. من م.ب بەوە تۆمەتبار دەکەم، لە بواری وەرزشدا یاسا و دادوەری و پرنسیپی دیموکراسی پێشێل کردووە.

دەبێ ئەوەش بوترێ کە من هیچ کێشەیەکم لەگەڵ ئەندامانی لیژنەی ئۆڵۆمپیدا نیە، مەگەر تەنها گلەیی ئەوەیان لێ بکەم کە ڕای ئاشکرای خۆیان سەبارەت بە هەندێ کاری م.ب دەرنابڕن. هێندەی پێوەندی بە منەوە هەبێ هیچ کێشەیەکی شەخسیم لەگەڵ کاک م.ب نیە، بەڵام پێم وایە ئەو لە کۆڕێکی هاوینی ٩٩٧وە بە ناهەق لەمن زویرەو یانەی بابانیش باجی ئەمەی داوە.

ڕێگەم بدەن لێرەدا چەند خاڵێک بخەمەڕوو: - بۆچی هەر لەسەرەتای داوای مۆڵەت بۆ یانەی بابان، لە هاوینی ١٩٩٧وە، م.ب دژی مۆڵەت پێدان وەستا؟

-بۆچی یەکەم ئیشی م.ب پاش ئەوەی خۆی مۆڵەتی وەرگرت، هەڵوەشانەوەی مۆڵەتی یانەی بابان بوو کە مۆڵەتی شەرعی هەبوو، یەکەم کۆنگرەی خۆی بەستبوو، دەستەی بەرێوبەرێتی لە کۆنگرەدا هەڵبژارد بوو؟

-م.ب هێندە بەپەلە بوو بۆ هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەتی یانەی بابان کە بڕیاری هەڵوەشانەوەی دەرکرد بەر لەوەی پرۆژەیاسای ئۆڵۆمپی ببێتە یاسا بە شێوەیەکی ئوسوڵی، یانەی بابان لە تەمووزی ٩٩٧وە بە پێی یاسای ژمارە

(١٨)ی ساڵی ٩٣ بۆتە خاوەنی مۆڵەتی شەرعی و دەبوو وەکو هەموو یانە کۆنەکانی دی مامەڵەی لەگەڵ بکرایە، ئەکەر تەنها باس لەو مۆڵەتە بکرێ کە ١٩٩٨/٣/٩ دراوە بە یانەی بابان خۆ یاسای لیژنەی ئۆلۆمپی لە ١٩٩٨/٣/١٧دا لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێدا بۆ یەکەمجار بڵاوکراوەتەوە، ئوسووڵی فیقهی هەموو جیهانیش ئەوەیە کە هیچ پڕۆژەیەکی یاسا نابێ بە یاسا هەتا لە ڕۆژنامەی ڕەسمیدا بڵاونەبێتەوە، کەواتە م.ب هیچ مافێکی یاسایی نیە بۆ هەڵوەشانەوەی مۆڵەتی یانەی بابان.

-دەبێ بەراوردێکیش لە نێوان دوو باسادا بکەین، یاسای ژمارە ١٨ی ساڵی ١٩٩٣ کە پەرلەمان دایڕشتووە و یاسای لیژنەی ئۆلۆمپی ١٩٩٨ کە م.ب سەرپەرشتی داڕشتنی کردووە. لە یەکەمدا مۆڵەت پێدانی یانە جێ نەهێڵدراوە بۆ ئارەزووی وەزیری نێوخۆ، بەڵکو سەپێندراوە بەسەر وەزیردا کە لە ماوەی یەک مانگدا وڵام بداتەوە بە ئا یان نا، ئەکەر لەو مانگەدا وڵامی نەدایەوە ئەوە یانەکە بە حوکمی یاسا دەبێتە خاوەن مۆڵەت. ئەگەر بە (( نا )) وڵام درایەوە ئەوە مافی دەبێ پەنا بۆ دادگا ببات و چارەنووسی مۆڵەت پێدانی دەکەوێتە دەستی دادگا.

بەڵام لە یاساکە م.ب دا شتی وەها باس نەکراوە. لە نامەکەیدا بۆ بەڕێزان مام جەلال وکاک کۆسترەت دەڵێ: لەم یاسایەشدا تەواوی دەسەڵاتی یاسای سەبارەت بە وەرزش دراوەتە دەست لیژنەی ئۆلۆمپی بۆ مۆڵەتدان یان نەدانی یانەکان. بەم شێوەیە م.ب هیچ مافێکی نەداوە بەو کەسانەی دەیانەوێت یانە دابمەزرێنن، نەدەتوانن لە ماوەیەکی دیاریکراودا چاوەڕێی وەڵام بن، نەپەنا بە دادگا ببەن دژ بە لیژنەی ئۆلۆمپی (تەواوی دەسەڵات) لە دەستی خۆیدایە و کەسی دی مافی هیچی نیە. جا ئەگەر ئەمە حزبایەتی تەسک و پێشێلی مافی مرۆڤ نەبێت ئەی کامەیە؟

-بەڕێز م.ب بیرۆکەیەکی ناشارستانی و نادیموکراتی بۆ خۆی داڕشتووەو کردوویەتیە بنەمای کاری وەرزشی بۆ خۆی. ئەویش ئەوەیە کە دەبێ خۆی ژمارەی یانەکان دیاری بکات، دەبێ کەمیانکاتەوە تا ئەو ڕادەیەی خۆی دەیەوێت. بە پێی یاسای لیژنەی ئۆلۆمپی و بەگوێرەی نامەکەی م.ب ئاشکرایە کە (تەواوەی دەسەڵات) بۆ مۆڵەت دان و نەدانی یانە خراوەتە دەستی ئاسنینی لیژنەی ئۆلۆمپی.

ئەم بیرۆکەیە لە بنەڕەتەوە هەڵەیە و لە قاڵبدانی بزاڤی وەرزشە لەسەر بنەمای حزبایەتی تەسک و مەنەپۆلیگۆڕەپانی وەرزش و دەزگا وەرزشیەکان. ئەم بیرۆکەیە ئازادی ڕێکخستن لە بزاڤی وەرزشدا دەکاتە قوربانی بیرۆکراسی و ئارەزووی تاکەکەسی. ئەوە هەڵەیەکە دەزگا وەرزشیە شەرعیەکان بە ئارەزووی تاکە شەخسێ یان لیژنەیەک مۆڵەتیان پێ بدرێ یان نەدرێ. ڕێڕەوی ڕاست ئەوەیە کە یاسا پێوەربێت و هەر یانەیەک مەرجی یاسای تێدایە مۆڵەتی پێبدرێ و مەرجی تێدانیە مۆڵەتی پێ نەدرێتێ یان مۆڵەتەکەی (ئەگەر زووتر پێدرابێ) لێبسەندرێتەوە. هیچ گومانیش لەوەدا نیە کە خودی بزاڤی وەرزش، بەبێ لە قاڵبدانی بیروکراسیانە، لەگەڵ گەشەکردنیدا وەرزشکاری بە توانا دەخوڵقێنێ و یانەی درەجە یەک دێنێتە پێش و هەر ئەو یانەیانەش دەمێنن کە شایستەی مانەوەن، ئەوانەش کە بێ کەڵکن خۆیان بۆ ناگیرێ لەبەر ڕەشەبای زەماندا.

ململانێی هەمیشەیی وەرزشکاران بە یانە و تیپ و دەزگا جیاجیاکانیەوە، لە لایەک و پەیدابوونی نەوەی نوێ لە بزاڤی وەرزشدا لە لایەکی دیکەوە، بە مسۆگەری ڕەش و سپی لە یەک جیا دەکاتەوەو پاک و پیس لە نێو وەرزشکاراندا دەکات. بەڵام ئەوەی لەژێر تاسیری بیرۆکەهەڵەکەی م.ب دا دێتە دێ ئەوەیە کە یانەیەکی بە تواناو کارامەی وەک یانەی بابان لە مۆڵەتی ڕەسمی بێبەش دەکرێ لە کاتێکدا کە چەندین یانەی کەم تواناو ناشایستە مۆڵەتی ڕەسمیان خستۆتە گیرفان و حیسابیان بۆ دەکرێ چونکە لەلایەم م.ب یان بەرپرسێکی دیکەوە پێشتگیریان لێ دەکرێت.

جگە لە مانەش ئەوە لە مانگی شەشی ١٩٩٧وە م.ب دروشمی کەمکردنەوەی یانەکانی سلێمانی هەڵگرتووە، کەچی یەک یانەشی بۆ کەمنەکراوەتەوە، بەڵکو زیادیان کردووە. ئەو کەمکردنەوەی یانەکانی گەرمیانیش کە لە نامەکەیدا بۆ مام جەلال و کاک کۆسرەت باسی کردووە، ئێمە دەپرسین بۆ ناو و جێگەی ئەو دوو یانەیەی نەنوسی کە دەڵێ تێکەڵ کراوون ؟ ئێستەش سورین لەسەر ئەوەی ناویان ببات، ئەگینە.... ؟ سەبارەت بەوەش لە قاهیرە تەنها دەیانە هەیەو بەس، ئێمە ئەوکاتە باوڕ دەکەین کە ئاماری ڕەسمی بێنێ و سەرچاوەکەشی بوترێ، وە گەر نا بەسەر خۆیدا دەشکێتەوە.

-من پرسیارێ ئاراستەی هەموو ئەندامانی لیژنەی ئۆلۆمپی دەکەم: ئاخر بۆ چی و بە چی هەقێ مۆڵەتدان بە یانەی بابان (یان هەر یانەیەکی دی) ڕەفز دەکرێ لە کاتێکدا کە هەموو مەرجێکی یاسایی تێدایەو وەرزشکارانیشی مێژوویەکی ڕوون پڕشنگداریان هەیە؟ سۆشیال دیموکرات، کاک م.ب، دانی بە لیبرالیەتدا ناوە لە ژیانی فکری و سیاسی و ڕێکخراوەیی کۆمەڵگەدا.. ئەی تۆ چۆن دان بە لیبرالیەتەدا نانێیت تەنانەت لە بزاڤی وەرزشیشدا؟ چۆن سەرکردایەتی حزبەکەت ئەمەی لە تۆ قبووڵ کردووە ؟

-کاک م.ب توانجی لە نامەکەدا گرتۆتە من چونکە پاش زێدەتر لە پەنجا ساڵ خەباتی سیاسی تازە دەیەوێت بە هۆی دامەزراندنی یانەیەکەوە چەند لاوێک لە دەوری بزوتنەوەی دیموکراسیخوازان کۆبکەمەوە، بەم قسەیەدا وا دەردەکەوێت کە م.ب دژ بە مۆڵەتپێدانی یانەی بابان وەستاوە نەوەک ئەم مۆڵەتە ببێتە هۆکاری کۆبونەوەی تاقمێ لە لاوان لە دەوری بزوتنەوەی دیموکراسیخوازان. ئەمەش شتێکی عاجباتی نیە بۆ یەکێ کە خۆی بیری لە مەنەپۆلی گۆڕەپانی سیاسی و کۆمەڵایەتی کردبێتەوە -وەک پێشتر ئاماژەم بۆ کرد، من لاریم لەوە نیە کە دەمەوێت بە شێوەیەکی شارستانیانە لاوان لە دەوری حیزبەکەم کۆبکەنەوە. خۆ ئەگەر ئەمە بە عەیب بژمێردرێ ئەوە لە پلەی یەکەمدا عەیبەکە بەسەر ی.ن.ک دا دەشکێتەوە، چونکە بەشی هەرە زۆری یانەکان بە دەستپێشخەری و سەرپەرشتی ئەندامانی سەرکردایەتی و کادیرانی ی.ن.ک دامەزرێنراوون و بەڕێوەدەچن. پێم وانیە ئەو کەسانە لەنێو یەکێتی نیشتیمانیدا زۆرن کە پشتگیری لەم بۆچونەی م.ب دەکەن.

لە کۆتاییدا پێشنیاری برایانەم بۆ کاک م.ب ئەوەیە کە چاوێ بە بیرو بۆچون و کارو کرداری خۆیدا بخشێنێتەوەو لە لیژنەی ئۆلۆمپی و کاروباری وەرزش بکشێتەوە چونکە ئاشکرا بوو کە سەری لێ دەرناکات.

لەگەڵ ڕێز و سوپاسم..

براتان

بەهادین نوری

٧ی ئابی ١٩٩٨

سلێمانی–کوردستانی عیراق

## بەڵگەنامەی ژمارە (٨٩)
## ڕاگەیاندنی کۆبونەوەی کۆمیتەی باڵای
## بزوتنەوەی دیموکراسیخوازانی کوردستان

لەڕۆژانی ٢-٢٠٠٠/٣/٣ کۆمیتەی باڵای ب.د (بزوتنەوەی دیموکراسیخوازی کوردستان) کۆبونەوەی ئاسای خۆی سازکرد بۆ لێدوانی ئەم ٣ خاڵەی خوارەوە:

١- تازە لەدۆخی سیاسیدا.

٢- دەربارەی هەڵبژاردنی شارەوانیەکان.

٣- کاروباری نێوخۆی بزووتنەوەی دیموکراسیخوازی - ڕێخستن.

لەباسی بارودۆخی سیاسیدا ڕەچاودەکرێ کە لەسەرەتای ١٩٩٨وە گۆڕەپانی هەرێم شەڕی بەخۆوە نەدیوە. ئەمە دیاردەیەکی دڵخۆشکەر و گرنگە، ئەگەر چی هیچ هەنگاوێ بە ئەنجام نەگەیندراوە بۆ جێبەجێکردنی ڕێکەوتننامەی واشنتۆن و ئەو فاکتەرانەی بوونەتە هۆی شەڕی نێوخۆ هێشتا هەن و مەترسی شەڕ لەئایندەدا هەر لەگۆڕدایە.

سەبارەت بە وەزعی ئۆپۆسیزیۆنی عێراق، لەدوای کۆبونەوەکەی نیویورکەوە، هیچی نوێ ڕەچاوناکرێ و پێناچێ چاوەڕوانی هیچ گۆڕانکاریەکی گرنگ لەهێزی ئۆپۆزسیۆندا بکرێ هەتا ئەوکاتەی کە ڕێخراوو هێزە ڕادیکاڵ و دیموکراتەکانی نێوخودی وڵات سەرکەون بۆ خۆڕێکخستەنەوە و بوژاندنەوەو هاوکاری لەگەڵ یەکدی.

لەم دواییەدا لەکوردستانی باکور هێندێ ڕووداوی گرنگی بەخۆوە دی لەبواری خەباتی ڕزگاریخوازی گەلدا، بەیان و هەڵوێستی تازەی کۆنگرەی حەوتەمی پ.ک.ک کە لەسەر ١٨٠ پلەهێڵی سیاسی ئەو حیزبەی پێ وەچەرخێنرا، ئێمە بەچاوی ڕێزو شانازیەوە دەڕوانینە خەباتی قارەمانانە و قوربانی بێ شوماری تێکۆشەڕانی پ.ک.ک و میللەتی کوردی باکور لەساڵانی سەختی ڕابردودا و هیوادارین کە پ.ک.ک زاڵبێ بەسەر ئەو کۆسپ و کێشە توندانەدا کە ئەمڕۆ ڕووبەڕووی بۆتەوە.

کۆبوونەوەی کۆمیتەی باڵا لەهەڵبژاردنی شارەوانیەکان دواو بە هەنگاوێکی گرنگی دانا بەرەو دیموکراتیزەی ژیانی کۆمەڵگە، لەم ڕووەوە کۆبونەوە ئەو

بەڵگەنامەی مەکتەبی سیاسی پەسەند کرد بە ئەدرەسی(بۆچونی بزووتنەوەی دیموکراسیخوازی کوردستان) بیروبۆچوونی(ب. د) دەربارەی هەڵبژاردنەکە ڕوونکردەوە و داوای هەڵبژاردنێکی لەم چەشنەی لەبەشەکەی دیکەش کرد، وەکو داوای ئامادەکردنی پێداویستی هەڵبژاردنی پەڕلەمانی هەرێمی کرد.

بەشی زۆری کاتی کۆبونەوەی کۆمیتەی باڵا تەرخان کرا بۆ پێداچونەوەی کاروباری ڕیخستن و نرخاندنی چالاکیەکانی کۆمیتە جیاجیاکان، بە مەکتەبی سیاسی و خودی کۆمیتەی باڵا و لیژنە و دەزگا حیزبیە ناوەندیەکان هەتا چالاکی کۆمیتە حیزبیەکانی نزمتریش، دەست خرایە سەر کۆمەڵێ کەمووکوڕی و ناتەواوی و باس لەپێشنیارانە کرا کە چارەسەریان تێدا دەبینرێ، تاکیدی ئەوە کرا کە دەبێ ب.د بەردەوام بێت لەخەباتدا بۆ گێڕانەوەی ڕێزو ستایش بۆ حیزبایەتی، دوور لەو دیاردە دزێوو پۆخڵەواتانەی کە کەوتونەتە نێو ژیانی سیاسی و حیزبایەتی لەوڵاتدا.

کۆمیتەی باڵای
بزوتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان
٢٠٠٠/٣/٤

## نامەیەك لەكومیتەی باڵای بزووتنەوەی دیموكراسیخوازانەوە

بەریز سەروكی پ.د.ك

بەریزان ئەندامانی مەكتەبی سیاسی پ.د.ك

ئیمەی دیموكراسیخوازان كە هەمیشە تینووی ئاشتی و برایەتی و تەبایی بووین لە نیو ئەم وڵاتە ستەمدیدەیەدا بە خوشحاڵییەوە نامەی بەریز سكرتیری گشتی ی.ن.ك مان خویندەوە كە لە ۱۹۹۲/۱۲/۳۱ دا ئاراستەی بەریزتان كراوە. ئەم نامەیە هیوایەكی تازەی بو هاووڵاتیان دروست كرد چونكە ـ ئەگەر بە چاویكی بیلایەنانە سەیر بكری ـ ناوەروكەكەی پروژەیەكی لەبارە بو دەسپیكردنی وتو ویژ و هەوڵی چارەسەریكی ئاشتیانەی كیشەكانی ئەمروی هەریم. لەم پروژەیەدا كومەڵی بیرو بوچوونو پیشنیاری روون و ئاشكرا لەلایەن مام جەلالەوە خراوەتە بەردەمتان كە ئەگەر جیبەجی بكرین مەسەلەی ئاشتبوونەوەی گشتی هەنگاویكی كونكریتی زور گەورە دەچیتە پیشەوە.

ئیمە لەوە غافل نین كە كیشەی نیوان پ.د.ك ـ ی.ن.ك رەگ و ریشەیەكی میژوویی ـ سیاسی ـ حیزبی و شەخسی قووڵی هەیە كە زور ئاڵوزی كردووە و متمانەی لە نیوان هەردولایەندا نەهیشتووە. بەڵام نابی لەو راستییەش غافل بین كە نامەی ئاماژە بوكراو دەرگای ئاوەڵە كردووە بو دەسپیكردنی قوناغیكی نوی لە پیوەندی نیوان هەردولا بەرەو چارەسەری گرفتەكان.

ئەگەر كاربەدەستانی هەریم گوی لە دەنگی جەماوەری كوردستان بگرن دەبی ریگەی ئاشتبوونەوە بگرن چونكە هیچ گومانی لەوەدا نییە كە هەست وخواست و داخوازی ئەو جەماوەرە لە ئاشتی و تەبایی و برایەتیدا خوی دەنوینی. ئەزموونی سەخت و تاڵی دەیەها ساڵی رابردوو، بەتایبەتی ئەزموونی ئەم ساڵانەی پاش راپەرینەكەی ۱۹۹۱، سەرجەمی خەڵكی كوردستانی قەناعەت پی كرد كە شەری نیوخو لەگەڵ بەرژەوەندی بەرزی نەتەوەیی ناگونجی و باشترین ریگە بو چارەسەری كیشەی ئەم شەرە تەنها ریگەی وتو ویژی ئاشتیانەیە لەسەر بناغەیەكی دیموكراسیانە و شارستانیانە.

لەبەر ئەوە ئیمەی دیموكراسیخوازان دەستخوشی گەرممان لە نامەكەی مام جەلال كرد و بە هەنگاویكی عەمەلی و جدیمان دانا بەرەو چارەسەری ئاشتیانەی كیشەكانی هەریم. ئیمە دەزانین كە ئەم نامەیە ریكەوتن نییە بەڵام پیشنیاری یەكی لە دولایەنە سەرەكییەكەی هەریم بو دەسپیكردنی وتو ویژ لە پیناوی ریكەوتندا، ئاشكرایە كە ئەم ریكەوتنەش لە سەر دەستی تاكە لایەنی جیبەجی ناكری، بەڵكو دەبی هەردولا بچن بە پیریەوە.

لەبەر ئەوە كومیتەی باڵای بزووتنەوەی دیموكراسیخوازان داوا لە سەروك و سەركردایەتی پ.د.ك دەكات كە هەڵویستیكی جدی و ئاشكرا لە نامەی سكرتیری گشتی ی.ن.ك وەربگرن و وەڵامیكی شیجابی بدەنەوە، بەشیوەیەكی وەها كەرای گشتی هەریم و دەرەوەی هەریم لیی حاڵی بن. داوایان لیدەكەین كە، بە وتە و بە كردار، ئامادەیی خویان بو وتو ویژی دو قولی و فرە لایەنە دەربرن و بە گورجی هیندی هەنگاوی كونكریتی دولایەنە بنین ـ وەكو بەردانی بەند و دیل و گیرانەوەی تەمویزی خەڵكی دەركراو و، ئازادی هاتو و چو لە سەرانسەری هەریمدا و ئازادی فروشتن و بڵاو كردنەوەی چاپەمەنی هەردولا و... هتد.

ئیمە داوا لە هەموو حیزب و ریكخراوە نیشتمانپەروەرەكانی كوردستان دەكەین، داوا لەرای گشتی نیو هەریم و هەموو عیراق دەكەین، داوا لە رای گشتی جیهان و بەتایبەتی لە دەوڵەتانی ئەمریكا و بەریتانیا و هەموو ئەوروپا دەكەین، كە نفوز و توانای خویان بەكار بینن بو چارەسەری كیشەی ئەم وڵاتە ستەمدیدەیە، بو گوشار خستنە سەر هەر لایەنی كە نایەت بە دەم بانگەوازی ئاشتی و ئاشتبوونەوەوە.

ئیمە بی پیچو پەنا بە سەروك و سەركردایەتی پ.د.ك دەڵیین كە ئەگەر نەیەن بە دەم بانگەوازی ئاشتبوونەوە و ئاشتییەوە، ئەگەر هەڵویستیكی شیجابی وەرنەگرن بەرانبەر دەسپیشكەرییەكەی مام جەلال، ئەگەر ئامادە نەبن بو وتو ویژ و چارەسەری ئاشتیانەی كیشەكان و ملكەچ كردنی بەرژەوەندی تەسكی حیزبایەتی بو بەرژەوەندی بەرزی نەتەوەیی.. ئەوە دەكەونە ژیر بەرپرسیارییەكی میژوویی بەرانبەر گەل و نیشتمان.

بەڵگەنامەی ژمارە (۸۳)

ئەو کاتەش ئەرکی هەموو حیزب و لایەنیکی نیشتمانپەروەری هەریم و هەموو کوردیکی دلسوز و هەموو رای گشتی جیهان دەبی کە بە ئاشکرا و بە توندی شیدانەی هیل و هەلویستی سەرکردایەتی پ د ک بکات و گوناهی دریژە پیدانی شەری نیوخوی هەریم بخاتە ئەستوی پارتی .

هیواداریین بە گیانیکی بابەتیانە برایانی پ د ک بین بە پیر نامەکەمانەوە و بەرژەوەندی گشتی هەریم بخرینە سەروو بەرژەوەندی تەسکی حیزبی یەوە .

لە چاوەروانی وەلامدا ریزمان لی قبوول بکەن ....

بزووتنەوەی دیموکراتیخوازان
D.M
کومیتەی باڵا
١٩٩٨/١/١٤

بەڵگەنامەی ژمارە (٨٣)

# ڕاگەیاندنی کۆمیتەی باڵای

# بزووتنەوەی دیموکراسیخوازان

لە ٢٥/٤/١٩٩٨دا کۆمیتەی باڵای بزووتنەوەی دیموکراسیخوازان کۆبووەوە بۆ لێکۆڵینەوە لە دۆخی سیاسی وڵات و لە هێندێ کاروباری ناوخۆی حیزب.

کۆبوونەوەکە پێشوازی گەرمی لەدەستپێکی وتووێژی نێوان هەردوو لایەنی دەسەڵاتداری هەرێم بەهاوبەشی مامۆستا عەزیز محمد، کرد. بەهیوا و بە سۆزەوە چاوەڕوانی سەرکەوتنی ئەم وتووێژە بووین، لە پێناوی ئاشتبوونەوەی گشتی و ئامادەکردنی زەمینە بەکی لەبار بۆ پێکهێنانی حکوومەتێکی ئیئتلافی هەرێم و بە ئەنجام گەیاندنی هەڵبژاردنێکی پەرلەمانی نوێ. بەڵام بەداخەوە لە ماوەی چوار مانگی ڕابردوودا هیچ پێشکەوتنێکی بەرچاو و چارەسەری ئاشتیانە بەدەست نەهێنراوە و مەترسی ئاوارەبوونەوەی ئاڵۆزیش لە ئارادایە.

بە بێزاری بەرژەوەندی بەرزی گەل و نیشتمانەوە ئێمە داوا لە سەرکردایەتی ی.ن.ک. پ.د.ک و هەموو حیزب و لایەن و کەسایەتی نیشتمانپەروەر دەکەین کە بە هەموو توانای خۆیان هەوڵی سەرخستنی پرۆسەی ئاشتبوونەوە و چەسپاندنی ئەزموونی دیموکراسی و فیدراڵی بدەن و تارمایی شەڕی ناوخۆ جارێکی تر ئاسمانی ئەم وڵاتە ستەمدیدەیە نەگرێتەوە.

ئاشتبوونەوەی گشتی و پاراستنی بەکارهێنانی هەرێم، بە شێوازێکی ئاشتیانە و شارستانیانە، ئەرکی هەرە گرنگی هەموو دڵسۆزێکە. بەڵام ئەگەر شەڕ و خوێن ڕشتن ببێتە ڕێگەی یەکگرتنەوەی هەردوو پارچەکە ئەوە هەموو کێشە و نەهامەتییەکان ئاڵۆزتر دەکات و کارەساتی گەورەتر دێنێتە پێش. ئێمە دەزانین کە واقیعی دابەش بوونی ئەمڕۆی هەرێم واقیعێکی تاڵ و سەختە.. بەڵام پەنا بردن بە شەڕ و خوێن ڕشتن تاڵتر و سەختتر و زیانیشی گەلێ زیاترە. لەبەر ئەوە مانەوەی دوو پارچە و دوو ئیدارەی لێکترجیاو پێکەوە ژیانی هەردوو لا، لە قۆناغی ئێستەدا، کەم زیانترە. ئێمە داوای پێکەوە ژیانی هەردوو ئیدارەی هەرێم دەکەین، بەو هیوایە کە لە داهاتوودا دۆخێکی لەبارتر بێتە ئارا بۆ یەکگرتنەوەی ئاشتیانە. تا ئەو کاتەش با مونافەسەی نێوان هەردوو لا لە بواری پەرەپێدانی دیموکراسی و خزمەتگوزاریدا بێ. بۆ نەهێشتنی ئیرۆ و دابڵۆسینی سیاسی و وەگەرخستنی هەموو توانا بۆ جێبەجێکردنی بڕیاری ٩٨٦ی U N.

کۆبوونەوەی کۆمیتەی باڵا لەسەر پەیوەندی و ئاڵۆزی نێوان ڕژێمی عیراق لەلایەک و U N و ئەمریکاو دەوڵەتانی دی لەلایەکی دیکەوە وەستا. سەرچەمی مێژووی ئەم ڕژێمە ئەو ڕاستییە نیشان دەدات کە سەدام هەمیشە سەرچاوەی کێشەی شەڕ و بریسێتی و نەهامەتی بووە و هەتا ئەویش مابێ نە کوردستان و نە گەلانی عیراق لە شەڕ و نەهامەتی جۆراوجۆر ڕزگار نابن. چارەسەری بنەڕەتی کێشەکان تەنیا لە ڕێگەی لابردنی سەدامەوە بەئەنجام دەگەیەنرێ. بەم چەشنە عیراق لە ئابلوقەی ئابووری و لە تیمە پشکنەرەکان ڕزگار دەبێ و ئاشتی و ئارامی تێدا بەرقەرار دەبێ.

ئەزموونی ساڵێ دەریخست کە جێبەجێکردنی بڕیاری ٩٨٦ـ نەوت بە ئازووقە ـ زۆر پێویست و بەکەڵک بوو. هاووڵاتیانی لە کێشەیەکی پڕ لە مەترسی ڕزگار کرد. ئێمە خوازیاری بەردەوام بوونی ئەم کارە بین و بە شێوەیەکی باشتر دەبینین بۆ سووک کردنی باری ئابلوقە لەسەر شانی جەماوەر. بەڵام ئەمرۆ پێویستە هێندێ گۆڕانکاری بکرێ لە چۆنیەتی دابەش کردنی ئەو بڕە ئازووقەدا کە بەگوێرەی ٩٨٦ دەدرێ. بۆ ئەوەی کرێی گەنمی جوتیارەکانی خۆمان بخرێتە بەرنامەی ئەو بڕیارە و حساب بۆ پارەی گۆشت و جل و بەرگیش بۆ هاووڵاتیان بکرێ.

دەبێ هەموو کەسێکی هۆشمەند و دڵسۆزی گەل و نیشتمان لەو ڕاستییە بگات کە دوژمنانی گەلی کورد، چ لە بەغدا بێ چ لە ئەنقەرە یان هەر لایەکی دی، دڕندەیان نەکردووە و نایکەن بۆ سەرکوت کردنی خەباتی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان. بۆ لە کیسدانی ئەم هەلە مێژووییە کە لە ئەنجامی جەنگی کوێت و ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١دا هاتە پێش.. ئەو دوژمنانەش.. بەتایبەتی لە بەغداد و لە ئەنقەرە.. بۆ هەوڵی جێبەجێکردنی پیلانی خۆیان، کەڵکیان لە هیچ شتێ وەرنەگرتووە هێندەی کەڵکیان لە هەڵە و سیاسەتی چەوتی هێندێ حیزب و لایەن و دەسەڵاتدارانی خودی ئەم هەرێمە وەرگرتووە. زۆر بەداخەوە لەم حەوت ساڵەی ڕابردوودا میللەتەکەمان زۆری لەم هەڵە مێژووییە لەکیس چووە و کەمی ماوە. ئەگەر چارەیەکی جدی دڵسۆزانە نەدۆزرێتەوە ئەم کەمەش دەفەوتێ و وڵاتەکەمان ڕوو بەڕووی کارەساتی گەورەتر دەبێتەوە.

دەبا هەموو هێز و توانای ئەم هەرێمە بخرێتە گەڕ بۆ پاراستنی دەسکەوتەکانی خەبات و قوربانی دڕێژ خایەنی گەل، بۆ سەرخستنی ئەزموونی دیموکراسی و فیدراڵی، بۆ ئاوەدان کردنەوەی کوردستان و پەرەپێدانی خزمەتگوزاری.

با عەقل و مەنتیق بچێتە جێگەی چەک و ململانی خوێناوی بۆ چارەسەری کێشەکان.

• • •

کۆبوونەوەی کۆمیتەی باڵا باسی هێندێ کاروباری ناوخۆی (ب.د.) ی کرد و بڕیاری پێویستی وەرگرت بۆ چارەی مەسەلەکان.

٢٥ / ٤ / ١٩٩٨

بزووتنەوەی دیموکراسیخوازان
کۆمیتەی باڵا

بەڵگەنامەی ژمارە (٨٤)

# ڕوونکردنەوەیەك

## حزب و لایەنە سیاسییەكانی كوردستان

سڵاوێكی خۆر شێوانە...

بەپێویستمان زانی كەئاگادارتان بكەینەوە دەربارەی هاوڕێ (خـ سـ شـ ) ئەندامی لیژنەی مەركەزی بزووتنەوەكەمان بوو، لەبەر بەرژەوەندیی بزووتنەوەكەمان و پەرلەمان و حكومەتی هەرێم دەرمان كرد، لەریزی بزووتنەوەكەمان لەبەرواری ٩/٥/١٩٩٨.

هەر لەم ڕوانگەیەوە بەباشمان زانی ئیشارەتی پێبدەین بۆ بەڕێزتان كەهیچ پەیوەندیەكی ڕاستەوخۆ، ناڕاستەوخۆی بەڕێزی بزووتنەوەكەمان نەماوە. بۆیە ئێمە بەهیچ شێوەیەك بەرپرس نین لەهیچ جۆرە جموجۆڵێكی سیاسی و حزبایەتی ناوبراو.

لەگەڵ ڕێزماندا...

مەكتەبی سیاسی
بزووتنەوەی دیموكراسیخوازانی كوردستان
هەولێر ٩/٥/١٩٩٨

بەڵگەنامەی ژمارە (٨٥)

روون کردنەوەیەك بۆ گشت جەماوەری کوردستان و حزب و ڕێکخراوە کوردستانیەکان و کەسایەتیە نیشتمانپەروەرەکانی کوردستان

********************************

ئێمەی ئەندامانی سەرکردایەتی (ب . د . ك) بزووتنەوەی دیموکراسیخوازانی کوردستان بە تێکڕا لە گەڵ لادانی سکرتێری بزووتنەوەکەمانین لە حزبەکە (ماموستا ا. م ) ە بە هۆی ئەو کردارە چەوت و تێکدەرانەی کە پەیرەوی دەکات دژی گشت ئەندامانی حزبەکەمان هەر لە سەرەتای دروست بوونی بزووتنەوەکەمان بەر لەوەی لەگەڵ ماموستا بهاء الدین نوری یەك بگرین لە ١/١١/١٩٩٤ دا .

دوای یەکگرتنیش هەر هەمان دەوریان هەبوو لەگەڵ ... ش دۆستی دژی برادەرانی هەولێر بوون . هەروەك لە کۆبوونەوەی بەرینی سلێمانی ڕەتگی دایەوە کە لە ٥/١١/١٩٩٤ گرێدراو سەرکردایەتی تیدا هەڵبژێردرا کە لە (١٢) ئەندام پێك هاتبوو . بەدان پێدانانی خودی (ماموستا بهاء الدین نوری) بە پەتەوی ڕێکخراوەکەمان و نەبوونی ڕێکخراو لە سلێمانی دەست بەکار بوو بۆ تێکدانی پشتی ئەوانەی گرت کە تێکدەر بوون . ئەو و پەیوەندیە توند و تۆڵەی هەمان بوو لەگەڵ حزبە کوردستانیەکان لە هەولێر ئەوەشیان لێ تێکدان . دوو ئێمە لە هەولێر ئاگاداری بهاء الدین نوریمان کرد لەسەر پەیوەندی (ا م ) بە ئەمنەوە بەڵام ئەوان پاشی بهاء الدین و برادەرانی سەرکردایەتی مەسەلەکەیان پشت گوێ خست هەرچەندە (٢) دوو نامەیان لە لایەن حزبی شیوعیەوە بۆ گەیشتبوو لەسەر پەیوەندی ناوبراو بە ئەمنەوە . وە هەر بە ئەندامی سەرکردایەتی هێشتیانەوە لەجیاتی دوور خستنەوە و لێپرسینەوە لەگەڵیدا .

دوای ڕووداوەکانی ٣١/ی ئاب و گەڕانەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان لەبۆ هەولێر و دوور خستنەوەی (ی . ن . ك) بەرەو سنور و ڕۆیشتنی بە ماموستا بهاء الدین نوری لەگەڵیان بەرەو سنور ئێمە پەیوەندیمان لەگەڵیاندا پچڕاو لە ٣/١٠/١٩٩٦ سەردانی بارەگای (م . س) پارتیمان کردوو لەمەسیف لەگەڵیان دانیشتنمان کرد و هەڵوێستی خۆمان دەربڕی لە پاریزگاری کردن لە پەرلەمان و حکومەتی هەرێم . وە ئێمە هەوڵماندا برادەرانی سلێمانی ببینین و هەڵوێستیان بزانین . بۆ ئەم مەبەستە برادەرێکمان چوو بۆ سلێمانی بەڵام ئەو کات بهاء الدین نوری لە تاران بوو وە بڕیار بوو لە ٨/ ٦/ ٩٦ بۆ جاری دووەم سەردانیان بکەین بەڵام دوای ئەوەی دەرکەوت کە برادەرانی سلێمانی دوو جار پەیوەندیان بە هەندێ برادەری هەولێر کردووە و پارەیان پێیان داوە جگە لە (٤) چوار برادەری سەرکردایەتی کە دوا جار (٢) دوو ئەندامی سەرکردایەتی مانەوە دوای ئەوەی حزبەکەمان دروست کردەوە و ڕێکخستنەکانمان کۆ کردەوە و سەرکردایەتیەکی نوێمان هەڵبژارد لە (٨) ئەندام دوای ئەوەی کە لە ٢٦/ ٢ بەیاننێکمان دەرکرد و ڕامان گەیاند کە هیچ پەیوەندیەکمان بە بهاء الدین نوری نەماوە وەك حزبێکی سەربەخۆ دەستمان بە کاری سیاسی کردەوە . لە ٣/ ٢ بۆ جاری دووەم سەردانی پەیوەندیەکانی پارتیمان کرد و داوامان لێ کردن کە بەپێی یاسای حزبەکان هاوکاریمان بکەن و پارەیان بدەن و ئەوانیش ئامادەیی خۆیان نیشان دا بەڵام هەتا ئێستا پارەیان بۆ دیاری نەکردووین . چونکە ئێمە لە ٦/١١/١٩٩٤ دا مۆڵەتی یاساییمان وەرگرتبوو لە حکومەتی هەرێمی کوردستان .

بەڵگەنامەی ژمارە (٨٦)

بەڵام ئەوەی جێگای نیگەرانییە لەلایەن گشت ئەندامانی حیزبەکەمان کردارە چەوت و ناڵەبارەکانی سکرتێرەکەمانە کە بەشێوەیەکی ناڕەوا و فەردیانە ئەنجامیان دەدا دژ بەکادیرە دڵسۆزەکانی حیزب بەتایبەتی هاوڕێیانی کە لەسەرەتا لەگەڵیدا بوونە و کردەوەکانی ئەو بەتەواوی ئەزانن و بۆیان روون بۆتەوە هەروەك لە پێشەوە ئاماژەمان پێکردووە . بەردەوامە لەسەر کارە تێکدەرەکانی .

بەمەبەستی رێگا گرتن لە کارە دزێوەکانی و پاراستنی یەکێتی ریزەکانی حیزب و بەرژەوەندی باڵای گەلەکەمان بەهەموانی رادەگەیەنین کەماموستا ا  ع  سکرتێری بزووتنەوەی دیموکراسیخوازانی کوردستانەوە نییە و ئەلە دەرچوونی ئەم روونکردنەوەیە پەیوەندی بە بزووتنەوەکەمان نەماوە و لە رەفتارەکانی ئەو بزووتنەوەکەمان بەرپرسیار نییە .

— دەبا پتەوتر بێ یەك ریزی ئەندامانی حیزبەکەمان لە پێناو زیاتر خزمەت کردنی گەلە ستەمدیدەکەمان .
— بەرقەرار بێ ئاشتی و دیموکراسی لەسایەی پەرلەمان و حکومەتی هەرێم .

جیهانگیر ابراهیم رەش — ئەندامی لیژنەی مەرکەزی
عمر بکر صوفی — ئەندامی لیژنەی مەرکەزی
خدر شیخانی — ئەندامی (م . س ) و جیگری سکرتیر

بزووتنەوەی دیموکراسیخوازانی کوردستان
هەولیر / ١٠ / مایس / ١٩٩٨

بەڵگەنامەی ژمارە (٨٦)

بەڕێز سکرتێری گشتی ی ن ك

بەڕێز سەرۆك وەزیرانی هەرێم

ب / سکالا لە لیژنەی ئۆلۆمپی

لە حوزەیرانی ۹۹۷دا کۆمەڵێ لە وەرزشکارانی سلێمانی داوای مۆڵەتی یاسایی یانەیەکیان لە وەزارەتی ناوخۆ کرد بە ناوی (یانەی وەرزشی بابان) • هەموو مەرجێکی یاسایی لە داواکەیاندا هەبوو • یاسای جمعیات ژمارە ۱۸ ساڵی ۹۹۲ دەڵێ: (في حالة عدم البت في الطلب رغم مضي المدة المذكورة في الفقرة(۱) اعلاه (شهر واحد) يعتبر الطلب موافقاً عليه بحكم القانون) • بەم شێوەیە یانە بەپێی یاسا پاش مانگێ لە تۆمار کردنی داواکەی مۆڵەت پێ دراو بوو • بەڵام وەزارەتی ناوخۆ دانی بەم مۆڵەتەدا نەنا گوایا دەبێ لیژنەی ئۆلۆمپی، کە خۆی هێشتا مۆڵەتی رەسمی پێ نەدرابوو، موافقەی نەکردووە، سەرۆکی لیژنەی ئۆلۆمپیش بەڕێز مەلا بەختیار پێی لەسەر ئەوە داگرت کە نابێ مۆڵەت بەم یانەیە بدرێ چونکە دەبێتە زیادبوونی ژمارەی یانەکانی سلێمانی کەم کاتەوە • ئەمە لە کاتێکدا کە دەبێ بە گوێرەی یاسای ژمارە ۱۸ بجووڵێ نەك بە ئارەزووی خۆی ژمارەی یانەکان دیاری بکات • لە لایەکی دیکەشەوە ئەگەر ژمارەی یانەکانی پێ زۆر بێ ئەوە چونکە گەلێ لە بەرپرسانی ی ن ك هەر کەسەو یانەیەکی دامەزراندووە، بێ ئەوەی مەلا بەختیار رێگە لە کەسیان بگرێ • لە ماوەی ساڵێکیشدا کە مەلا بەختیار دروشمی کەم کردنەوەی یانەکانی هەڵگرتووە نەیتوانیوە یەك یانەش کەم کاتەوە، بەڵکو مۆڵەتی داوە بە یانەی شۆڕشە و بەم جۆرە ژمارەکەی زیاد کردووە •

پاش ئەوەی مافی یاسایی یانەی بابان بۆ ماوەی ۸-۹ مانگ پێشێل کرا دەستەی بەڕێوەبەرایەتی یانە، کە لە کۆنگرەیەکی شەرعیدا هەڵبژێردراوە، شکاتی لە دادگادا تۆمار کرد دژ بە وەزارەتی ناوخۆ و رۆژی دادگا کردن دیاری کرا • ئەمە وەزارەتی ناچار کرد کە، بەرانبەر کێشانەوەی ئەم شکاتە لە دادگا، رۆژی ۹۹۸/۳/۹ مۆڵەتنامەی رەسمی بدات بە یانەکە • بەڵام لە رۆژی ۹۹۸/٤/۲، بەبێ هیچ بەڵگەیەکی یاسایی، وەزیری ناوخۆ بەڕێز (عمر عبدالله) بە فەرمانی ژمارە (۱۰۸۰۲/۱۸) بە رواری (۹۸/٤/۲) مۆڵەتی یانەی ئیلغا کرد بەو بیانووەوە کە رەزامەندی لیژنەی ئۆلۆمپی لەسەر وەرنەگیراوە و بە ناهەق شێوازێکی مستشاری قانونی وەزیریش کرا گوایا گوناهی ئەو بووە کە رۆژی ۹۹۸/۳/۹ مۆڵەت بە یانەکە دراوە • هەموو هەوڵ و کۆششێکیش بۆ وەرگرتنەوەی مۆڵەت بێ هوودە بوو • مەلا بەختیار سوور بوو لەسەر پێشێل کردنی یاسای جمعیات ژمارە (۱۸) کە خۆیشی لە ۹۹۲دا وەکو ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستان دەنگی بۆ دابوو •

بەڕێزان !

پاش هەوڵدانی ساڵێکی رەبەق بۆ مۆڵەت وەرگرتن و پاش پێشێل کردنی یاسا بەدرێژایی ساڵێك لە لایەن لیژنەی ئۆلۆمپی و وەزارەتی ناوخۆوە، ناچار بووم ئەم یاداشتە بخەمە بەردەمتان و بە هیوای رابگەیەنم کە لە رەزی ئەخسی هۆکاری ئەم هەڵوێستەی مەلا بەختیارە بەرانبەر بەم یانەیە کە منیش ئەندامێکی دامەزرێنەری بووم • جگەی داخە کە پیاوێکی وەکو وەزیری ناوخۆیش، لە باتی مومارەسەی سەلاحیەتی یاسایی خۆی، رێگەی بە سەرۆکی لیژنەی ئۆلۆمپی دا کە لە شوێن غەرەزێکی شەخسی یاسا پێشێل کات •

ئەم هەڵوێستەی لیژنەی ئۆلۆمپی بەرانبەر یانەی وەرزشی بابان نە لەگەڵ یاساو پرنسیپی دیموکراسی دەگونجێ و نە لەگەڵ بەرژەوەندی بووژانەوەی وەرزش لە وڵاتەکەماندا • چونکە وەرزش بە شێوازی کار و کرداری بیروکراتیانە و رەوشتی پۆلیسیانە گەشە ناکات • لەبەر ئەوە خوازیارم لە بەڕێزتان فەرمان دەرکەن :

۱- بە دامەزراندنەوەی یاسایی وەرزشدۆستانە بەرانبەر یانەی وەرزشی بابان لە سلێمانی •

۲- پێکهێنانی لیژنەیەکی بێلایەن بۆ لێکۆڵینەوە لە هەڵوێست و کرداری لیژنەی ئۆلۆمپی دا

بەڵگەنامەی ژمارە (۸۷)

کە نا یاسایی بووە بەرانبەر یانەی ناوبراو.

٣- چاو خشاندنەوە بە بنیاتی خودی لیژنەی ئۆلۆمپی دا بۆ ئەوەی کەسانی ناشایستەی بگۆڕدرێن بە کەسانی شایستە و یاسا پەروەر.

لە چاوەڕوانی وەڵامدا ڕێزم لێ قبوول بکەن....

سلێمانی
٢٠/٦/١٩٩٨

ئەندامی یانەی وەرزشی بابان
بەهادین نووری

---

وێنە بۆ بەڕێزان:

- وەزیری ناوخۆ.
- وەزیری داد.
- سەرۆکی دادگاکان.
- نەقابەی پارێزەران.
- دەستەی بەڕێوەبەرایەتی هەموو یانە وەرزشیەکان.
- سەرکردایەتی حیزبە سیاسیەکان.
- دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە ناوەوە و لە دەرەوەی هەرێم.

بەڵگەنامەی ژمارە (٨٧)

بەڕێزان سەرۆك و ئەندامانی لیژنەی ئۆلۆمپی

سڵاوی گەرمی برایانە

پاش خوێندنەوەی نامەکەی کاك م.پ (مەلا بەختیار) کە لەوەڵامی نامەیەکی مندا ناردوویەتی بۆ بەڕێزان مام جەلال و کاك کوسرەت، بەپێویستم زانی ئەم نامەیە بۆ بەڕێزتان بنێرم.

بەڕێز م.پ لە نامەکەیدا داوای لیژنەیەکی بێلایەنی کردووە بۆ لێکۆڵینەوە تا ئیسبات بێ کە من زانیاریم سەبارەت بە کاروباری وەرزش نییە. پێویست بە لیژنەی وەها نییە. من پسپۆڕی کاروباری وەرزش نیم. تەنها وەکو ئەترنج زانی چوومەتە نێو دامەزرێنەرانی یانەو م.پ خۆی باری ئەترنجی زۆر لەگەڵ کردووم.

بەڵام لە کاروباری یاسایی زانیاریم هەیە وەك سیاسی و رۆشنبیر. دوو ساڵیش بەدەرس یاسام خوێندووە. لێدوانیشم لەگەڵ م.پ لە پلەی یەکەمدا سروشتێکی یاسایی لەخۆ گرتووە. من م.پ بەوە تۆمەتبار دەکەم کە، لە بواری وەرزشدا، یاساو دادەوەری و پرنسیپی دیموکراسی پێشێل کردووە.

دەبێ ئەوەش بوترێ کە من هیچ کێشەیەکم لەگەڵ ئەندامانی لیژنەی ئۆلۆمپی نییە، مەگەر تەنها گلەیی ئەوەیان لێ بکەم کەرای ئاشکرای خۆیان سەبارەت بە هێندێ کاری م.پ دەرنابڕن. هێندەی پێوەندی بە منەوە هەبێ هیچ کێشەیەکی شەخسیم لەگەڵ کاك م.پ یش نییە. بەڵام پێم وایە ئەو لە کۆڕێکی هاوینی ٩٩٧ وە بە ناهەق لە من زویرەو یانەی بابانیش باجی ئەمەی داوە.

رێگەم بدەن لێرەدا چەند خاڵێ بخەمە روو:

- بۆچی هەر لەسەرەتای داوای مۆڵەت بۆ یانەی بابان، لە هاوینی ٩٩٧ وە، م.پ دژی ئەم مۆڵەت پێدانەوەستا؟

- بۆچی یەکەم شتی م.پ، پاش ئەوەی خۆی مۆڵەتی وەرگرت، هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەتی یانەی بابان بوو کە مۆڵەتی شەرعی هەبوو، یەکەم کۆنگرەی خۆی بەستبوو، دەستەی بەڕێوەبەرێتی لە کۆنگرەدا هەڵبژارد بوو؟

- م.پ هێندە پەلەی بوو بۆ هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەتی یانەی بابان کە بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی دەرکرد [illegible] ٩٩٧ و [illegible] یاسای ژمارە (١٨)ی ساڵی ٩٣ بۆتە خاوەن مۆڵەتی شەرعی و دەبوو وەکو هەموو یانە کۆنەکانی دی مامەڵەی لەگەڵ بکرایە. ئەگەر تەنها باس لەو مۆڵەتەش بکرێ کە ٩٨/٢/٩ دراوە بە یانەی بابان خۆ یاسای لیژنەی ئۆلۆمپی لە ٩٨/٢/١٧ دا لە رۆژنامەی کوردستانی نوێدا بۆ یەکەم جار بڵاو کراوەتەوە. شوسوولی فیقهی هەموو جیهانیش ئەوەیە کە هیچ بڕۆژەیەکی یاسا نابێ بە یاسا هەتا لە رۆژنامەی رەسمیدا بڵاو نەبێتەوە. کەواتە م.پ هیچ مافێکی یاسایی نیە بۆ هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەتی یانەی بابان.

- دەبێ بەراوردێکیش لەنێوان دوو یاسادا بکەین. یاسای ژمارە (١٨) ساڵی ٩٣ کە پەرلەمان دایڕشتووەو یاسای لیژنەی ئۆلۆمپی ٩٨ کە م.پ سەرپەرشتی دارشتنی کردووە. لە یەکەمدا مۆڵەت پێدانی یانە جێنە هێڵراوە بۆ شارەزووی وەزیری نێوخۆ، بەڵکو سەپێنراوە بەسەر وەزیردا کە لە ماوەی یەك مانگدا وەڵام بداتەوە بە ئا یان بە نا. ئەگەر لەو مانگەدا وەڵامی نەدایەوە ئەوە یانەکە بەحوکمی یاسا دەبێتە خاوەن مۆڵەت. ئەگەر بە "نا" وەڵام درایەوە ئەوە مافی دەبێ پەنا بەدادگا ببات و چارەنووسی مۆڵەت پێدانی دەکەوێتە دەستی دادگا.

بەڵام لە یاساکەی م.پ دا شتی وەها باس نەکراوە. لە نامەکەیدا بۆ بەڕێزان مام جەلال و کاك کوسرەت دەڵێ: "لەم یاسایەشدا تەواوی دەسەڵاتی یاسایی سەبارەت بە وەرزش دراوەتە دەست لیژنەی ئۆلۆمپی بۆ مۆڵەت دان یان نەدانی یانەکان". بەم شێوەیە م.پ هیچ مافێکی نەداوە بەو کەسانەی دەیانەوێ یانە دامەزرێنن، نە دەتوانن لە ماوەیەکی دیاریکراودا چاوەڕوانی وەڵام بن و نە پەنا بە دادگا ببەن دژ بە لیژنەی ئۆلۆمپی. "تەواوی دەسەڵات" لە دەستی خۆیدایە و کەسی دی مافی هیچی نییە. جا ئەگەر ئەمە حیزبایەتی تەسك و پێشێل کردنی مافی مرۆڤ نەبێ ئەی کامەیە؟

- بەڕێز م.پ بیرۆکەیەکی نا شارستانی و نا دیموکراتی بۆ خۆی دارشتووە و کردوویەتە بنەمای کاروباری وەرزش بۆ خۆی. ئەویش ئەوەیە کە دەبێ خۆی ژمارەی یانەکان دیاری بکات، دەبێ کەمیان کاتەوە تا ئەو رادەیە کەخۆی دەیەوێ. بەپێی یاسای لیژنەی ئۆلۆمپی و بەگوێرەی نامەکەی م.پ ئاشکرایە کە "تەواوی دەسەڵات" بۆ مۆڵەت دان و نەدانی یانە خراوە دەستی ئاستینی لیژنەی ئۆلۆمپی.

ئەم بیرۆکەیە لە بنەڕەتەوە هەڵەیەو لە قاڵبدانی زاتی وەرزشە لە سەر بنەمای حیزبایەتی تەسك و مەنەپۆلی گێڕەیانی وەرزش و دەزگا وەرزشییەکان. ئەم بیرۆکەیە ئازادی رێخستن لە بواری وەرزشدا

بەڵگەنامەی ژمارە (٨٨)

دەکات بەقوربانی بیروکراسی و ئارەزووی تاکەکەسێ · ئەوە هەڵەیە کە دەزگا وەرزشی بە ئەرکی بەکەسان
بەئارەزووی تاکە شەخسی یان لیژنەیەک مۆڵەتیان پێ بدرێ یان نەدرێ · ڕێرەوی ڕاست ئەوەیە کە یاسا پێوەرێ بێ
هەر یانەیەک مەرجی یاسایی تێدابە مۆڵەتی پێ بدرێ و مەرجیشی تێدا نیە مۆڵەتی نەدرێتێ یان مۆڵەتەکەی
(ئەگەر زووتر پێی درابێ) لێ بسەندرێتەوە · هیچ گومانێکیش لەوەدا نیە کە خودی بزاڤی وەرزش · بەبێ لە
قالبدانی بیروکراسیانە، لەگەڵ گەشەکردنیدا وەرزشکاری بەتوانا دەخولقێنێ و یانەی دەرەجە یەک دێتە
پێش و هەر ئەو یانەیانەش دەمێنن کە شایستەی مانەوەن · ئەوانەش کەبێ کەڵکن خۆیان بۆناگیرێ
لەبەر ڕەشەبای زەماندا ·

ململانێی هەمیشەیی وەرزشکاران بەیانی و تیپ و دەزگا جیا جیاکانیانەوە، لە لایەک و پەیدا بوونی
نەوەی نوێ لە بزاڤی وەرزشدا، لە لایەکی دیکەوە، بەمسۆگەری ڕەش و سپی لە یەکتر جیا دەکاتەوە و پالاوتنی لە
نێو وەرزشکاراندا دەکات · بەڵام ئەوی لەژێر تەئسیری بیروکەی هەڵەکەی م ب دا دێتە دی ئەوەیە کەیانەیەکی
بەتوانا و کارامەی وەکو یانەی بابان لە مۆڵەتی ڕەسمی بێبەش دەکرێ لە کاتێکدا کە چەندین یانەی
کەمتوانا و نا شایستە مۆڵەتی ڕەسمییان خستۆتە گیرفان و حسابیان بۆ دەکرێ چونکە لە لایەن م ب یان
بەرپرسێکی دیکەوە پشتگیریان لێ دەکرێ ·

جگە لەمانەش ئەوە لە مانگی شەشی ۹۹۷ وە م ب دروشمی کەم کردنەوەی یانەکانی سلێمانی هەڵگرتووە،
کەچی یەک یانەشی بۆ کەم نەکراوەتەوە، بەڵکو زیادیان کردووە · ئەو کەم کردنەوەی یانەکانی گەرمیانیش
کە لە نامەکەیدا بۆ مام جەلال و کاک کوسرەت باسی کردووە، ئێمە دەپرسین بۆ ناو و جێگەی ئەو دوو یانەی
نەنووسی کە دەڵێ تێکەڵ کراوون؟ ئێمەش سوورین لەسەر ئەوە کە ناویان بنێت، ئەگینە ۰۰۰ ؟ سەبارەت
بەوەش لە قاهیرە تەنها دە یانە هەیە و بەس، ئێمە ئەو کاتە باوەڕ دەکەین کە ئاماری ڕەسمی بێنێ و
سەرچاوەکەیشی بووترێ · وەگەر نا بەسەر خۆیدا دەشکێتەوە ·

- من پرسیارێ ئاراستەی هەموو ئەندامانی لیژنەی ئۆلۆمپی دەکەم: ئاخر بۆچی و بەچ هەقێ مۆڵەتدان بە
یانەی بابان (یان هەر یانەیەکی دی) ڕەفز دەکرێ لە کاتێکدا کە هەموو مەرجێکی یاسایی تێدایەو وەرزشکارانیشی
مێژوویەکی روون و پرشنگداریان هەیە؟ سۆشیال دیموکرات، کاک م ب، دانی بە لیبرالیەتدا ناوە لە ژیانی
فکری و سیاسی و ڕێکخراوەیی کۆمەڵگەدا ·· ئەی چۆن تۆ دانی بەو لیبرالیەتەدا نانێیت تەنانەت لە بزاڤی
وەرزشیشدا ؟ چۆن سەرکردایەتی حیزبەکەت ئەمەی لە تۆ قبوول کردووە ؟

- کاک م ب توانجی لە نامەکەیدا گرتۆتە من چونکە پاش زیاتر لە ۵۰ ساڵ خەباتی سیاسی تازە دەمەوێ
بەهۆی دامەزراندنی یانەیەکەوە چەند لاوێ لەدەوری بزووتنەوەی دیموکراسیخوازان کۆبکەمەوە · بەم
قسەیەدا وا دەردەکەوێ کە م ب دژ بەمۆڵەت پێدانی یانەی بابان وەستاوە وەک ئەم مۆڵەتە ببێتە هۆکاری
کۆبوونەوەی تاقمێ لە لاوان لە دەوری بزووتنەوەی دیموکراسیخوازان · ئەمەش شتێکی عاجباتی نیە بۆ بەکەسێ
کەخۆی بیری لە مەنەبڕلی گۆڕەپانی سیاسی و کۆمەڵایەتی کردبێتەوە ـ وەکو پێشتر ئاماژەم بۆ کرد · من لاریم
لەوە نیە کە دەمەوێ بە شێوەیەکی شارستانیانە لاوان لە دەوری حیزبەکەم کۆبکەمەوە · خۆ ئەگەر ئەمە
بە عەیب بژمێردرێ ئەوە لە پلەی یەکەمدا عەیبەکە بەسەر ی ن ک دا دەشکێتەوە چونکە بەشی هەرە زۆری
یانەکان بەدەستپێشکەری و سەرپەرشتی ئەندامانی سەرکردایەتی و کادرانی ی ن ک دامەزرێنراوون و بەڕێوەدەچن ·
پێم وانیە ئەو کەسانە لەنێو یەکێتی نیشتمانیدا زۆر بن کە پشتگیری لەم بۆچوونەی م ب دەکەن ·

لە کۆتاییدا پێشنیاری برایانەم بۆ کاک م ب ئەوەیە کە چاوێ بەبیرو بۆچوون و کارو کرداری خۆیدا
بخشێنێتەوە و لە لیژنەی ئۆلۆمپی و کاروباری وەرزش بکشێتەوە چونکە ئاشکرا بوو کە سەری لێ دەر ناکات ·

لەگەڵ ڕێز و سوپاسم ··

بەڵگەنامەی ژمارە (٨٨)

## راگەیاندنی کۆبوونەوەی کۆمیتەی باڵای بزووتنەوەی دیموکراسیخوازانی کوردستان

لە رۆژانی ٢ ـ ٢٠٠٠/٣/٣ کۆمیتەی باڵای ب د ( بزووتنەوەی دیموکراسیخوازانی کوردستان) کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی ساز کرد بۆ لێدوانی ئەم ٣ خاڵەی خوارەوە :

١ـ تازە لە دۆخی سیاسیدا .

٢ـ دەربارەی هەڵبژاردنی شارەوانیەکان .

٣ـ کاروباری نێوخۆی ب د ـ ریکخستن .

لە باسی دۆخی سیاسیدا رەچاو دەکرێ کە لەسەرەتای ٩٩٨ وە گۆرەپانی هەریم شەری بەخۆوە نەدیوە . ئەمە دیاردەیەکی دڵخۆشکەر و گرنگە ، ئەگەر چی هیچ هەنگاوێ بە ئەنجام نەگەیەندراوە بۆ جێبەجی کردنی ریکەوتنامەی واشنتون و ئەو فاکتەرانەی بوون بەهۆی شەری نێوخۆ هێشتا هەن و مەترسی شەر لە ئاییندەدا هەر لە گۆرِدایە .

سەبارەت بە وەزعی ئۆپوزسیونی عیراقی ، لەدوای کۆبوونەوەکەی نیویورکەوە ، هیچی نوێ رەچاو ناکرێ و پێناچێ چاوەروانی هیچ گورانکاریەکی گرنك لە هێزی ئوپوزسیوندا بکرێ هەتا ئەو کاتە کە ریخراو و هێزە رادیکاڵ و دیموکراتەکانی نێوخۆی وڵات سەرکەوون بۆ خۆ ریکخستنەوە و بووژاندنەوە و هاوکاری لەگەڵ یەکدی .

لەم دواییەدا کوردستانی باکوور هێندێ رووداوی گرنگی بەخۆوە دی لە بواری خەباتی رزگاریخوای گەلدا ـ بەیان و هەڵوێستی تازەی کۆنگرەی حەوتەمی پ ك ك کە لەسەر ١٨٠ پلە هێڵی سیاسی ئەو حیزبەی پێ وەرچەرخێنرا. ئێمە بە چاوی رێز و شانازیەوە دەروانینە خەباتی قارەمانانە و قوربانی بێ ژمارەی تێکۆشەرانی پ ك ك و میللەتی کوردی باکوور لە ساڵانی سەختی رابوردوویدا و هیوادارین کە پ ك ك زاڵ بێ بەسەر ئەو کۆسپ و کێشە توندانەیدا کە ئەمرۆ رووبەرووی بۆتەوە .

کۆبوونەوەی کۆمیتەی باڵا لە هەڵبژاردنی شارەوانیەکان دوا و بە هەنگاوێکی گرنگی دانا بەرەو دیموکراتیزەی ژیانی کۆمەڵگە. لەم رووەوە کۆبوونەوە ئەو بەڵگەنامەی مەکتەبی سیاسی پەسەند کرد کە بە ئەدرەسی (بۆچوونی بزووتنەوەی دیموکراسیخوازانی کوردستان) بیروبۆچوونی (ب د)ی دەربارەی هەڵبژاردنەکە روون کردەوە و داوای هەڵبژاردنێکی لەم چەشنەی لە بەشەکەی دیکەش کرد ، وەکو داوای ئامادەکردنی پێداویستی هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەریمی کرد .

بەشی زۆری کاتی کۆبوونەوەی کۆمیتەی باڵا تەرخان کرا بۆ پێداچوونەوەی کاروباری ریکخستن و نرخاندنی چالاکیەکانی کۆمیتە جیاجیاکان ، بە مەکتەبی سیاسی و خودی کۆمیتەی باڵا و لیژنە و دەزگا حیزبیە ناوەندیەکان هەتا چالاکی کۆمیتە حیزبیەکانی نزمتریش . دەست خرایە سەر کۆمەڵێ کەم و کوری و ناتەواوی و باس لەو پێشنیازانە کرا کە چارەسەریان تیدا دەبینرێ . تاکیدی ئەوە کرا کەدەبێ ب د بەردەوام بێ لە خەباتدا بۆ گێرانەوەی رێز و ستایش بۆ حیزبایەتی ، دوور لەو دیاردە دزیو و پۆخڵەواتانەی کە کەوتوونەتە نێو ژیانی سیاسی و حیزبایەتی لە وڵاتدا .

کۆمیتەی باڵای<br>بزووتنەوەی دیموکراسیخوازانی کوردستان<br>٢٠٠٠/٣/٤

بەڵگەنامەی ژمارە (٨٩)

# ٨

# تیرۆر و توندوتیژی

# تیرۆرو توندوتیژی

کوردستان لە نەوەدەکانی سەدەی بیست بە قۆناغێکی توندوتیژی سیاسیدا گوزەری کرد. ئەم توندوتیژیە دوو جۆر بوو، یەکەمیان توندوتیژی سیاسی فەرمی و دووەمیان توندوتیژی سیاسی نافەرمی بوو. هەرچەندە قوربانیەکان لەنێو پیاواندا زیاتر بوو، بەڵام ئەم توندوتیژیە ژمارەیەکی بەرچاوی لە ژن و منداڵی کردە قوربانی کە بە پێچەوانەی پیاو، هیچ بەرژوەندی و قازانجێکی دیاریکراویان لەم دیاردەیەدا نەبوو. لە سەرەتای ئەم بەشەدا باس لە توندوتیژی سیاسی فەرمی و نافەرمی دەکەین.

توندوتیژی سیاسی بریتیە لە بەکارهێنای هێز لە لایەن گروپێکی دیاریکراو بە مەبەستی بەدیهێنانی ئامانجێکی سیاسی. ئەم دیاردەیە لە کوردستان پەیوەندی بە هەڵوەشاندنەوی دەوڵەتی عێراقی هەبوو کە لە ڕاپەڕینەکانی باشور تا باکوری عێراق لە ١٩٩١ دەستی پێکردو تا ٢٠٠٣ی خایاند. لە کاتێکدا و لەم ماوەیەدا سیستەمی دەوڵەتی مەرکەزی گشتگیری تاکڕەو لە ناوەڕاست و باشوری عێراق ململانێی لەگەڵ مانەوە دەکرد، بەڵام لە کوردستاندا قەیرانی دروستکردنی سیستەمێکی سیاسی هەبووکە خوازیار بوو لەیەک کاتدا، کۆمەڵگەی کوردستان و دەوڵەتی عێراق و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، پەسەندی بکەن. حزبە سیاسیەکانی کوردستان نەیانتوانی پرۆسەی بنیاتنانی سیستەمی دیموکراسی فدراڵی بە سەلامەتی بگەیەننە کەناری ئاشتی، هەر بۆیە ئەمە هۆکاری سەرەکی توندوتیژی بوو لە کوردستان، کە دوو جۆر بوو:

یەکەم، توندوتیژی سیاسی فەرمی: بریتی بوو لەو توندوتیژیەی کە لەلایەن دەسەڵاتەوە ئەنجام دەدرێ بەمەستی مانەوەی لە دەسەڵات و پاراستنی بەرژوەندیەکانی حزب. بۆ گەیشتن بەم ئامانجە، چەندین شێوەی توندوتیژی بەکاردێت کە بریتیە لە، زیندانی سیاسی، بەکارهێنانی دەزگا ئەمنیەکان لەدژی خاوەن بیروڕای سیاسی، دیاردەی غافڵکوژی. بەڵگەنامەکانی ژمارە(١٠٠، ٩٦، ٩٠) دەرخەری ئەو راستیەن کە حزبە دەسەڵاتدارەکان لە کوردستاندا تۆمەتبارکراون بە ئەنجامدانی توندوتیژی سیاسی فەرمی .

دووەم، توندو تیژی نافەرمی: بریتیە لە توندوتیژی بەکارهاتوو کە لەلایەن هاوڵاتیان یان گروپێکی کۆمەڵگە لەدژی دەسەڵات ئەنجامدەدریت وەک فاکتەری فشار لەسەر شێوازی حوکمکردن بۆ ئەوەی لەو ڕێگەیەوە دەسەڵات وەڵامی داواکاریەکەیان بداتەوە. ئەم جۆرە توونددوتیژیە چەند جۆرێکی هەیە کە ئەمانەن: توندوتیژی شۆڕشگێڕی، هەڵگەڕانەوە، کودەتا، نانەوەی پەشێوی، تیرۆر، غافڵکوژی. لە کوردستاندا توندوتیژی سیاسی نافەرمی لەلایەن حزب و گروپ و کەسانێکی ناڕازی لە کوردستاندا ئەنجامدرا بۆ ئەوەی فشاری سیاسی لەسەر دەسەڵات دروست بکەن و بگەن بە ئامانجەکانیان. بەڵگەنامەکانی ژمار (٩١، ٩٣، ٩٥،٩٧، ١٠٤، ١٠٦، ١٠٨) سەلمێنەری ئەم ڕاستییەن.

سێ ڕاڤە بۆ توندوتیژی سیاسی لە کوردستان هەیە. یەکەمیان ڕاڤەی سیاسیە، ئەوی تر ڕاڤەی داگیرکاریە، دوا ڕاڤەش ڕاڤەی دەروونیە.

ڕاڤەی سیاسی بۆ دیاردەی توندوتیژی  پشت دەبەستێت بە چەند هۆکارێک. یەکەمیان هۆکاری شەرعیەتە. بەو مانایەی کە دەسەڵاتی سیاسی لەسەر بنەمایەکی ناشەرعی دروست بووە. دووەمین، قەیرانی بەشداری سیاسەیە کە بەواتای نەبوونی ئامراز و دیسپلین بۆ ئاڵوگۆر و دەستاودەستکردنی دەسەڵات. سێیەمین نەبونی دەسەڵاتی سەرتاپاگیر، کە قەڵەمڕەوی حوکمڕانی لە تەواوی ناوچەی جوگرافی ئەو دەسەڵاتە بەرکار بکات[١٤٩].

شەرعیەتی حوکمداری لە هەرێمی کوردستان، بە تایبەت لە دوای ١٩٩٦وە پشتی بە سەرکەوتن و ئەنجامەکانی شەڕی ناوخۆ بەستبوو نەک بە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان. لە ساڵی ١٩٩٢ هەڵبژاردن بۆ پەرلەمان و حکومەت ئەنجامدرا و بڕیار بوو کە لە ١٩٩٦ دوبارە هەڵبژاردن ئەنجام بدرێتەوە. بەڵام تا ساڵی ٢٠٠٥ هەڵبژاردن ئەنجام نەدراو ئەو دەسەڵاتەی کە هەبوو لە ڕێگەی دیموکراسی نا،

---

[١٤٩] هناء قيصران: العنف السياسي وأزمة بناء الدولة الوطنية في افريقيا: مجلة أكاديمي العلوم السياسية - املجلد ٠٦، العدد ٠٢ (٢٠٢٠).

[١٤٩]انيا لومبا ١٧٣ في نظرية الاستعمار وما بعد الاستعمار الادبية، ترجمة: محمد عبدالغنى غنوم، دار الحوار، ٢٠٠٧، ٢١٠-٢١٢.

بەڵکو لەرێگەیەکی نامەشروعەوە خۆی سەپاندبوو کە ئەویش شەڕی ناوخۆ بوو. هاوڵاتی و گروپە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵ متمانەیان لەدەستدابوو بە شەرعیەتی دامودەزگای سیاسی و پرۆسەی سیاسی و دەرکەوت کە دەسەلات لەسەر بنەمای سەپاندنی چەکدارانەی ناشەرعی ڕێ دەکات. بۆیە حزب و گروپەکانی تر، وەک چاولێکەری لە حزبە گەورەکان و بۆ داکۆکیکردن لە مافەکانی، ڕێگەی تایبەت بەخۆیان گرتە بەر کە دوور بوو لە ڕێکارە یاساییە شەرعەیەکان. هەندێک لەو ڕێگە تایبەتیانە دەچووە خانەی توندوتیژی سیاسیەوە وەک کوشتن و زیندانی و دەستگیرکردن و چەکدارکردن.

دەسەڵاتی سەرتاپاگیر لە هەرێمی کوردستان بوونی نەبوو، هەرێمی کوردستان دابەشکرابوو بەسەر دوو حزبی سیاسیدا، کە هەریەکەو بۆخۆی حکومەتێکی تیادا بنیات نابوو کەڕێگەی نەدەدا هیچ لایەن و گروپێکی تر بەشدار بکات لە دروستکردنی بڕیاری ئەو ناوچەیەدا. لە ناو ئەم دوو ناوچەیە، گروپە ناڕازیەکان بە خورتی و پشت بەستن بە هێزی چەکداری، پارچەیەک زەویان بۆ خۆیان دابڕی بوو، بەجۆرێک لە سنوری دەسەڵاتی (ی.ن.ک)، ئیسلامیە چەکدارەکان زەویەکی قەیەغەیان بۆ خۆیان تەرخان کرد، هەروەها لە سنوری دەسەڵای (پ.د.ک)دا ناوچەیک هەبوو بەدەست (پ.ک.ک) کە دانی نەدەنا یاساو ڕێساکانی حکومەتەکەی (پ.د.ک). بەمەش چوار دەسەڵات لە کوردستاندا هەبوو کە هەریەکەیان شێوەی حوکمرانیان لەوی تر جیاواز بوو. بۆیە کوردستان بەگشتی بەردەوام روبەڕوو بوو لەگەڵ شەری ناوخۆ و توندوتیژی نێوان پارچەو لەتە زەویەکان، هاوکات لە هەر لەتێکی هەرێمەکە، توندوتیژی سیاسی ئەنجامدەدرا دژ بە لایەنگری لەتە زەویەکانی تر.

ڕاڤەیەکی تر، ڕاڤەی داگیرکاریە بۆ توندوتیژی سیاسی. توندوتیژی پشتی بە ئەو کلتورە بۆماوەییە دەبەست کە تێیدا دەوڵەتی عێراق وەک داگیرکەری کوردستان دەردەکەێت. داگیرکاری بەشدار دەبێت لە توندوتیژیەکانی پرۆسەی دوای داگیرکاری بەتایبەت توندوتیژی دژ بە ژنان. ئانیا لۆمبا وەک توێژەرێکی بواری داگیرکاری و دوای داگیرکاری، بەڵگەکان دەخاتە ڕوو، کە پرۆسەی داگیرکردن و خەبات لە دژی داگیرکەر، پرۆسەیەکی پیاوانەیە. پیاوەکانی

داگیرکارو پیاوەکانی خەباتگێر لە دژی داگیرکاری، ئەگەرچی لە ململانێیەکی توندا بوون لە دژی یەکتر، بەڵام هەردوکیان کۆکبوون لەسەر سەپاندنی دەسەڵات و ڕامکردنی ژن، بە شێوەیەک لەگەڵ زەویی و نەتەوەدا، ژن گەمەی پێکراوە. لە کاتێکدا پیاوان دەکران بە باوکی نەتەوەو نەتەوایەتی، ژنان دەکران بە کێڵگەی بەرهەمهێنانی نەوە بۆ قوربانیدان لە پێناو زەوی و نەتەوە. لە بریتانیا جیمسی یەکەم(١٦٠٣-١٦٢٥)، ووتی: بەپێی یاسای سروشتی، پاشا باوکێکی سروشتیەبۆ هەموو شوێنکەوتوانی. لە تورکیا و هندستان، کەمال ئەتاتورک وگاندی، نازناوی باوکی نەتەوەیان هەبوو. ئەرکی باوکیش بریتەیە لە سەرپەرشتی خێزان و کۆکردنەوەی خێزان لە سنوری دەسەڵاتی خۆیدا بە بێ بونی ڕکەبەر. بەمەش ژن لە سنوری دەسەڵاتی باوکدا بوو. بەڵام هاوکات، ژن هێمای نیشتمان و ئازادی و قوربانیدان بوو. پەیکەری ئازادی لە ئەمریکا ژنە. ژن لە بیری نەتەوەیدا بریتیە لە کێڵگەی بەرهەمهێنانی نەوە بۆ بەرگری و قوربانیدان لە پێناو زەوی کە تیایدا باوکی نەتەوە دەسەڵاتی بێ ڕکەبەرە. ئەم شێوەی بیرکردنەوە بە درێژای پرۆسەی داگیرکاری لە سەرەتای سەدەی شازدەوە تا کۆتایهاتنی داگیرکاری لە ناوەراستی سەدەی بیست بەردەوام بووە. لەدوای بەدەستهێنای سەربەخۆی، پیاوان بەرهەمی کێڵگەی نەتەوەییان چنیەوەو ژنان هەر لە ریزی قوربانیداندا بوون. بۆیە ژن لەداگیرکاری و لە سەربەخۆیدا هەستی بە ئازادی نەکرد. لێرەوە ژنان لە جیهانی سێدا لە لە دوای سەربەخۆیی دەستیانکرد بە خەبات لە پێناو سەربەخۆیی و ئازادی خۆیان، بەڵام هەرکاتێک چالاکیەکانیان کاریگەر بووبێت، ئەوا پیاوان وەک ئافرەتی سپی پێستی ئەوروپی چواندویانن کە ماڵ و مێردەکی پشت گوێ دەخات و لە دەسەڵاتی خێزانی پیاوسالاری هەڵدێت، کە ئەمەش سزای بەدوادا دەهات[١٥٠].

ئەم تێروانینەی لۆمبا، بۆ کوردستان گونجاوە. ئەرکی پیاو لە خەباتی کوردایەتی بریتی بوو لە پارێزگاریکردنی نیشتمان و شەرەف. واتە زەوی و ژن. لە خەباتی کوردایەتی ئەم دوو پرسە بۆ پیاوی کورد گرنگ بوو

[١٥٠] انیا لومبا : في نظرية الاستعمار وما بعد الاستعمار الادبية، ترجمة: محمد عبدالغنی غنوم، دار الحوار، ٢٠٠٧، ١٧٦-١٧٧

هەردوکیشیان لە ڕوانگەی بەرژەوەندی پیاوانەوە دەبینرا، ئەویش بریتیە بوو لە نیشتمان و زەوییەکی ئازاد، کە بە ئازادی و بێ ترسی بێگانەی عەرەب لەسەری بژی. هەروەها شەرەفێکی پاریزراو کە ژن بوو، بەو مانایەی ژن تەرخانبێت بۆ بەختەوەری  و خۆشکردنی ژیانی پیاوانە. کاتێک ڕاپەڕینی ١٩٩١ ڕویدان پیاوی کورد نیشتمان و شەرەفی دەستگیر بوو، بەڵام ژنان لە دۆخی وەستاوی خۆیان مانەوە کە ئەویش مانەوە بوو لە خانەی سەرپەرشتیاری پیاوانە بە بێ ئەوەی بەشدار بێت لە بڕیاری سیاسدا.

سەرباری ئەوە، ژنان گۆڕانکاری لە ئەرکەکەشیان ڕویدا. لە بری خستنەوەی نەوە بۆ بەرگری لە نیشتیمان، ئەرکیان بوو بە خستنەوەی نەوە بۆ بەرگری لە بەرژەوەندی حزبی پیاوەکان کە سەرسەختانە لەشەڕی ناوخۆدا دژی یەک دەجەنگان. بۆیە ئەگەر گوتاری کوردایەتی هێزی دابووە بەر ژن کە باوکایەتی و سەرپەرشتیاری پیاو پەسەند بکات، گوتاری شەڕی ناوخۆ، تاقەت پڕوکێن بوو بۆ ژن. بۆ ژن دەرکەوت، کە نیشتمان و شەڕەف، حەزی پیاوی کورد تێر ناکات و زیاتر لەوە، پارە و دەسەڵاتی سیاسیشی گەرەکە، کە ژن بۆ جارێکی تر تیایدا بێبەشە. لێرەوە و لە میانی شەڕی ناوخۆ و لەدوای کلۆربوونی بیری پیاوانە بۆ نەتەوە و نیشتمان و ئازادی، چالاکی ژنانە لە هەرێمی کوردستان زیادی کرد. بەد بەختانە، بە چالاکبونی ژنان، توندوتیژی دژی ژنان زیادی کرد، کە ڕێکخراوەکانی بواری ژنان، ژمارە قوربانیەکانی توندوتیژی دژ بە ژن لەدوای ڕاپەڕینی ١٩٩١وە تا ٢٠٠٠ بە (٥٠٠٠) ژن لەقەڵەمدابوو (بەڵگەنامەی ژمارە ١٢٧). هەرچەندە بەڵگەی پێویست نییە لەسەر ڕاست و دروستی ئەو ژمارە زۆرە، بەڵام ڕاگەیاندنی ژمارەی (٥٠٠٠) لەماوەی نۆ ساڵی دوای داگیرکاری و بەدەستهێنانی سەربەخۆیی، بەڵگەی زۆری توندوتیژی بوو دژ بە ژنان لە کوردستاندا کە ئازادی و سیاسەت و شەڕو بازرگانی و کۆچ و سێکس و ئاین و ....هتد بۆ پیاو فەراهەم بوو، بەڵام بۆ ژن هەموو ئەمانە قەدەغە بوو. هەر بۆیە ژنان کاتێک عەودالی هەر پرسێکی ناو کۆمەڵگە دەبوون، لە بەرامبەردا ڕوبەڕووی پیاوێک دەبوونەوە کە ڕۆژانێک خەباتی لەدژی داگیرکاری و لە

پێناوی ئازادی کردبوو. بەڵگەنامەکانی ژمارە (٩٨، ١٠٣،١٠٤،١٠٥،١٠٦) بەڵگەیە لەسەر توندوتیژی دژ بە ژنان.

دوا ڕاڤە بۆ توندوتیژی سیاسی بریتیە لە ڕاڤەی دەرونی. کۆمەڵگەی دوای ڕاپەڕین لە کوردستاندا، لە ڕووی دەرونیەوە بە تراومای کلتوریدا تێپەڕی کرد. تراومای کلتوری دیاردەیەکی نەرێنیە کە لە ئەنجامی گورزێکی کاریگەر دروست کە لە مێژوودا بەر کۆمەڵگە کەوتووەو تیایدا کۆمەڵگە دەخاتە ترسێکی بەردەوام لە دوبارەبونەوەی ئەو گورزە لە داهاتووداو هەر ئەو ترسە کارێگەری لەسەر هەڵسوکەوتی تاک و کۆمەڵگە دروست دەکات. نمونەی تراومای کلتوری لە جیهاندا، کۆمەڵگەی جولەکەیە کە لە ئەنجامی سیاسەتی ڕەگەزپەرستی نازیەکانی ئەڵمانیا، شەش ملیۆن جولەکە بەناوی هۆلۆکۆست لە دووەمین جەنگی جیهانی لەناوبران. ئەم ڕوداوە جولەکەی توشی ترسێکی بەردەوام کردووە بە جۆرێک وایکردووە کە خۆیان پیادەی ڕەگەزپەرستی بکەنەوە لە دەوڵەتی ئیسرائیلدا. هەروەها پۆڵندیەکان لە ڕوداوی کایتن، زیاتر لە ٢٢ هەزار ئەفسەر و رۆشنبیر لەسەر دەستی سوپاری سوری سۆڤیەت ڕەشەکوژکران لە ١٩٤٠. دوبارەبونەوەی کایتن، وایکردووە پۆڵندیەکان لەترسێکی بەردەوامدا بژین لەبەرامبەر سیاسیەکانی مۆسکۆ. هەروەها رەشپێستەکانی ئەمریکا بەهۆی توندوتیژی سپی پێستەکانەوە، توشی تراومای کلتوری بوون کە ڕۆژانە لەگەڵ ترسی سپی پێستەکان دەژین کە وایکردووە ڕێژەی تاوان لەناو ڕەشپێستەکان زیارت بێت بە بەراورد بە رەگەزەکانی تر[١٥١].

ڕوداوەکانی ساڵی هەشتاکان لە کوردستان، کە بریتی بوو لە شەڕی ناوخۆی حزبە کوردیەکان و ڕوداوی ئەنفال و کیمیابارنی ١٩٨٨ لە کوردستان، کۆمەڵگەی کوردی خستە دۆخی تروامای کلتوری، بەجۆرێک ترسی بەردەوام لە

151 K. M. Fierke :Bewitched by the Past: Social Memory, Trauma and International Relations IN, Duncan Bell: Memory, Trauma and World Politics. P121-122 .Ron Eyerman: Cultural Trauma Slavery and the formation of African American identity, PUBLISHED BY CAMBRIDGE UNIVERSITY PRESS 2003, P3, P23.

حزب و گروپێکی کوردی و ترسی بەردەوام لە بەعس، وایکردبوو کە هەمان هەڵسوکەوتی توندوتیژی هەشتاکان، لە نەوەدەکاندا لە کوردستاندا بەرهەم بهێنرێتەوە. بۆنمونە ڕاپێچکردنی بە کۆمەڵی منداڵ بۆ شوێنێکی نادیار (بەڵگەنامەی ژمارە(٩١،٩٣)، تیرۆرکردنی سیاسی (بەڵگەنامەی ژمارە ٩٠، ١٠٧)، زیندانیکردن (بەڵگەنامەی ژمارە ١٠٢)، تەقاندنەوەی شوێنی چالاکی مەدەنی (بەڵگەنامەی ژمارە ٩٧، ٩٩) تێکدانی ڕێگەوبانەکان (بەڵگەنامەی ١٠٨)، بەڵگەی ئەوەن کە ڕوداوە مێژوویەکانی هەشتاکان ترسی بەردەوامی لە کۆمەڵگە دروست کردبوو، بە جۆرێک ئەو ترسە هەمان ڕەفتاری بەرهەم هێناوەتەوە کە کۆمەڵگە لە پێشودا لای لێکردۆتەوە.

بەگشتی گرنگترین جۆرەکانی توندوتیژی و تیرۆر بەپێی بەڵگەنامەکان ئەمانەی خوارەوە بوون:

1. ژنان: لەناو خەڵکانی مەدەنیدا، پشکی گەورەی قوربانیەکانیان لە میانی جەنگی ناوخۆدا بەرکەوتووە. ژنان لە کۆمەڵگەدا جگە لە تۆمەتی سیاسی، تۆمەتی شەڕەفیان دەدرایە پاڵ و هۆکارێکی تربوو بۆ کەوتنەبەردەم شالاوی توندوتیژی لە هەرێمەکەدا. ((ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتانداو لە هەموو منظمة دەولی و ئینسان دۆستەکان دەکات کۆمەک بە (ل) بکەن و ئەم وەحشیگەری و ڕەفتار حەیوانیەی کە لە کوردستان دژ بەژنان دەکرێ لەلایەن بیروڕای گشتی جیهانی ڕسوا بکەن))[١٥٢].
2. خوێندکاران: مەیدانی پێشەوە لە شەڕی ناوخۆدا، پێشمەرگەی لێبوو. مەیدانی پشتەوە، ناوەندی خوێنکاران بوو. خوێندنگەو زانکۆکان ململانێی توندی تیادا بەڕیوەدەچوو. حزبەکان جۆش و خرۆشی گەنجانیان قۆستبووەوە تا ئەو ململانییە توندتر بکەن[١٥٣].

---

[١٥٢] بەڵگەنامەی ژمارە (٩٨): وەرن بەهانای (ل)کانەوە!

[١٥٣] بەڵگەنامەی ژمارە (١٠٠) یاداشتنامەیە

3. مندالان. ئاگری جەنگ پێویستی بەخوێنی نوێ بوو. لەم نێوندەشدا لایەن هەندێک لە حزبە شەڕکەرەکان بارودۆخی خراپی ئابوریی و جۆشدانی هەستی نەتەوایەتیان قۆستبووەوە بۆ چەکدارکردنی مندالآن و نەوجەوانان. ((ماوەیەکە لە کوردستان دیاردەی دیارنەمان و ونبوونی مندالآن بەشێوەیەکی بەرچاو سەریهەڵداوەو لەزیادبوندایەو بەمجۆرە دڵەڕاوکێو نائەمنی شارو شارۆچکەکانی گرتوەتەوەو خەمی دیارنەمانی مندالآن دڵەخورپەی خستۆتە دڵی خێزانەکانەوە کەئەمەش چۆتەپاڵ ئەو هەموو موسیبەتانەی کە لەماوەی ئەم چەندساڵەد ابەسەر شانی خەڵکەوە بووەو وێڕای برسێتی و نەبوونی و هەژاری و نەخۆشی و بێدەرمانی و پاش چەند ساڵێک لە بەخێوکردنی مندالآن بە کولەمەرگی، هێشتا ترس و نیگەرانی لە دیارنەمانی مندالآن یەخەی ئەم خێزانە هەژارانەی گرتووە))[١٥٤].

4. توندوتیژی سیاسی: سیاسەت قۆرخکرابوو بۆ لایەنە باڵادەستەکان و رەخنەگرتن لەو سیاسەتە، گرتن و ئەشکەنجەو تیرۆری بەدوادا دەهات. ((لە کوردستانیش لەو ناوچانەی لەژێر دەسەڵاتی (پارتی)، هەمان سیاسەتی شاڵاوی گرتن و تۆقاندن بە تۆمەتی سیاسی بوون بەردەوامە و بەبێ جیاوازی ئەبو غرێبێکی تر لە (ئاکرێ) دا دروستبووە))[١٥٥]. ((لەم ڕۆژانەشدا (ی.ن.ک) هەڕەشی کوشتنی لە نووسەران: محەمەد فەریق حەسەن، ڕەئووف حەسەن، حەمە کەریم عارف، حەمید ڕیبوار، فوئاد محەمەد ئەمین، سەدرەدین عارف و ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی کرد، دوای ئەو هەڕەشەیە لە ١٩٩٧/١١/٤دا لە سلێمانی نارنجۆکێک فڕیدرایە ماڵی محەمەد فەریق حەسەنی چیرۆک نوسەوە))[١٥٦]، ((ئەی خاوەن قەڵەمی ئازادو ڕۆشنفکرانی گەلەکەمان وا ئەمجارە دوژمنانی ئازادی و مرۆڤایەتی

---

[١٥٤] بەڵگەنامەی ژمارە (٩١): پشتیوانی لە کەسوکاری منداڵە وون بووەکانی سلێمانی

[١٥٥] بەڵگەنامەی ژمارە (٩٢): بەیاننامەی ناڕەزای سەبارەت بە هەڵمەتیئیعدام کردنی زیندانە سیاسیەکانی ئەبو غرێب

[١٥٦] بەڵگەنامەی ژمارە (٩٦): شاڵاوی تۆقاندن ڕابگرن.

بەدەستی لەرزۆک و نامەردانەیان ویستیان مامۆستای بەڕێز (سوهیب امین قادر) تیرۆر بکەن بە دەمانچەی بێدەنگ وەک تێکۆشەر (فەرهاد فەرەج)یان شەهید کرد))[١٥٧].

5. ناوچە سنوریەکان. ناوچە سنوریەکان زەوییەکی خۆرایی و بەلاش بوو بۆ پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لەلایەن سوپای تورکیا و ئێران کە گرنگترینیی کوشتنی هاولاتی مەدەنی و سوتاندنی ڕەزو باخی جوتیاران و وێرانکردنی پردو ڕێگاوبانەکان بوو. ئەوەی ئەم دیاردەیەشی برەو پێدابوو، شەڕی حزبەکان بوو لە نێو شار و قولایی هەرێمی کوردستاندا و سپاردنی ناوچە سنوریەکانی هەرێمەکە بوو بە سوپای تورکیا و ئێران کە بەناوی راوەدونانی بەرهەڵستکاران، سیاسەتی زەوی سوتاویان لە ناوچە سنوریەکان پەیرەو دەکرد. لەم بارەیەوە ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان بەوردی چاودێری رەوشی پێشێلکاریەکانی شەڕی ناوخۆ و لەشکرکێشیەکانی دەکرد و راپۆرتی لەم بارەیوە بڵاودەکردەوە. ((پاش دەستپێکردنەوە خولی ئەمجارەی شەڕو بەئاشکرا پەلکێش کردن و چاوساغی سوپای فاشت و کورد کوژی تورک و ڕەشتنی کینەو داخی شۆڤینیانەی کاربەدەستانی کۆنەپەرست و مرۆڤ کوژی تورک، وەک پیشەی هەمیشەی داگیرکەرانمان و بەبەرچاوی دنیاوە دڕندانە بۆردومانکردنی گوندو شارۆچکەو خەڵکی بێ چەک و دەرەتانی کورد بە بۆمبای قەدەغەکراوی ناپاڵم وهێشووی و پێشێلکردنی سەروەری خاکی کوردستان و دروستکردنی پشتێنەی ئارام و گوێنەدانە هیچ دابونەریتێکی دراوسێیەتی و ئاینی و مرۆڤایەتی))[١٥٨].

---

[١٥٧]بەڵگەنامەی (١٠٧): کۆمەڵاتی خەڵکی کوردستانی تێکۆشەر

[١٥٨]بەڵگەنامەی ژمارە (٩٤): باهەموومان لە پێناو بەفیرۆنەدانی خەبات و قوربانی کورد

## بەڵگەنامەی ژمارە (٩٠)

## یاداشتنامەیە

لە کۆمیتەی هاریکاری ڕێکخراوەکانی خوێندکاران و لاوانی کوردستان
بۆ بەڕێزان/
ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ( UN)
کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سور
ڕێکخراوی یونسکۆ
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی خوێندنی باڵا
لایەنە سیاسیەکان
ڕێکخراوە پیشەیی و جەماوەری دیموکراتیەکان
سڵاوی زانست...

لەشەی ٢٠/١٩ی ئەم مانگە لە شاری هەولێر دەستێکی تیرۆرستی پارتی بە چاوساغی یەکێتی ڕوزەردی قوتابیان هەڵیان کوتاوەتە سەر ماڵی خوێندکارو وەرزشکار (وەلی سیامێر فتح الله) کە خوێندکاری کۆلێژی پەروەردەی وەرزشیە، پاش دەرهێنانی لە ماڵ بەشێوەیەکی دڕندانە تیرۆریان کرد.

ئێمە وەک کۆمیتەی هاریکاری پرسەو سەرەخۆشی لە خۆمان و کەسوکاری شەهید دەکەین لەهەمان کاتدا بە توندی نارەزایی خۆمان دەرەبڕین بەرامبەر بەم کارە کە دژ بە هەموو یاسا نێودەوڵەتی و مافی مرۆڤن. داواکارین لە بەڕێزتان دژ بەم کارە تیرۆرستیە بوەستن و چیتر ڕێگە نەدەن کە خوێندکار و لاوانمان ببنە قوربانی دەزگا تیرۆرستیەکانی پارتی.

یەکێتی خوێندکار و لاوانی زەحمەتکێشانی کوردستان
یەکێتی خوێندکار و لاوانی سۆسیالیستی دیمکراتی کوردستان
یەکێتی خوێندکاران و لاوانی سەربەخۆی کوردستان
کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان

١٩٩٧/٧/٢٤
سلێمانی

## بەڵگەنامەی ژمارە (٩١)

## پشتیوانی لە کەسوکاری منداڵە وون بووەکانی سلێمانی

ماوەیەکە لە کوردستان دیاردەی دیارنەمان و وونبوونی منداڵان بە شێوەیەکی بەرچاو سەری هەڵداوە و لەزیادبوندایە و بەم جۆرە دڵەڕاوکێ و نائەمنی شارو شارۆچکەکانی گرتوەتەوەو خەمی دیارنەمانی منداڵان دڵەخورپەی خستۆتە دڵی خێزانەکانەوە کەئەمەش چۆتەپاڵ ئەو هەموو موسیبەتانەی کە لەماوەی ئەم چەند ساڵەدا بەسەر شانی خەڵکەوەبووەو وێڕای برسێتی و نەبوونی و هەژاری و نەخۆشی و بێ دەرمانی و پاش چەند ساڵێک لە بەخێوکردنی منداڵان بە کولەمەرگی، هێشتا ترس و نیگەرانی لە دیارنەمانی منداڵان یەخەی ئەم خێزانە هەژارانەی گرتووە.

بەپێی ڕاگەیەندراوێک لە لایەن کەسوکاری منداڵەکانەوە بە بەرواری ١٩٩٧/٧/١٩ بەدەستمان گەیشتووە بەپێی قسەی ئەو خێزانانە منداڵەکانیان لەلای (PKK)ن و مامەڵەیەکی نا ئینسانی قورسیان لەگەڵدا ئەکرێ لە معسکرەکانیاندا.

ئەو سیاسەتەی (PKK) گرتویەتیە بەر لەگەڵ هیچ پێوانەیەکی ئینسانی دا نایەتەوە کە کاری منداڵان و بەزۆر سیاسەت پێ کردن و چەکدارکردنیان و بازرگانی پێوەکردنیان قەدەغە ئەکات، بەڵام (PKK) گیانی ناسکی ئەم منداڵانە ئەکاتە قوربانی سیاسەتەکانی خۆی.

ئێمە ئەم ڕیکخراوانەی لای خوارەوە ئەم سیاسەتە بە توندی ڕەت ئەکەینەوەو ڕایدەگەیەنین کە منداڵان نابێ بە هیچ جۆرێک بخرێنە ژێر باری سیاسەت و چەکداربوونەوەو ئەبێ (PKK) دەست لەم سیاسەتە هەڵبگرێ و بە زووترین کات ئەو منداڵانەی کە لەخوار شانزەساڵیەوەن بێ قەیدوشەرت بگەڕێنرێنەوە لای خێزەکانیان و هەرکەس کە لەسەرو ئەو تەمەنەوەیە ئەبێ ئازادانەو بە ئیرادەی خۆی هەر حزبێک و سیاسەتەکەی هەڵەبژرێ نەک بە زۆر یان بەهۆی استغلالکردنی وەزعی بژێوی و نەبونییەوە.

هاوکاتیش پشتیوانی خۆمان لە داوای ئەو خێزانانە دەرەبڕین و بە شێوازی جۆراوجۆر کار بۆ داواکەیان ئەکەین.

ئیمزاکان:
یەکێتی بێکاران لە کوردستان
ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان
ڕێکخراوی مامۆستایان لە کوردستان
ڕێکخراوی کرێکاران و کارمەندانی تەندروستی
شورای کرێکارانی ئەلبسە

١٩٩٧/٨/١

وێنەیەک بۆ: - UN
ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی
ڕێکخراوی فریاگوزاری و خێرخوازەکان
ڕێکخراوە و اتحادیە کرێکاریەکان لە دەرەوەی وڵات
حزب و لایەنە سیاسیەکان
دەزگاکانی ڕاگەیاندن

## بەڵگەنامەی ژمارە (٩٢)
## بەیاننامەی نارەزای سەبارەت بە هەڵمەتی ئیعدام کردنی زیندانە سیاسیەکانی ئەبو غرێب[١٥٩]

دوابەدوای ڕاپەرینی خەڵکی ستەمدیدەی کوردستان و ئازادکردنی زۆربەی ناوچەکانی کوردستان، شاڵاوی گرتن و ئیعدامکردن بە تۆمەتی سیاسی لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە، بەردەوام بووە لەسەر پیادەکردنی سیاسەتی شۆڤینیانەی خۆی بەتایبەت لەو ناوچانەی کە لەژێردەسەڵاتی خۆیدا بووە، بێ گوێدانە هیچ فشارێک و ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ.

دوابەدوای ڕیسوابوونی ڕژێمی بەغداد لە مەحفەلی نێودەوڵەتی و کەوتنە ژێر چەندین بڕیاری نێودەوڵەتی سەبارەت بە پێشێلکاری دەرهەق بە گەلانی عێراق بەگشتی و گەلی کوردستانیش بە تایبەت لە مانەش بڕیاری (٦٨٨) و چەندین بڕیاری تر. هەرچەندە فشاری ئۆپۆزسیۆنی عێراقی و کوردستانی بەتایبەت بەردەوام بوونە بۆ سلکردنەوەی ئەم ڕژێمە، بەڵام خیانەتکارییە مێژوویەکەی ٣١ی ئاب و بێ دەنگ بوونی نەتەوەیەکگرتووەکان لەئاست گەڕانەوەی ڕژێمی عێراق بۆ ناوچەکانی کوردستان و لاوازی ئۆپۆزسیۆنی عێراق، جارێکی تر دەرفەتی پیادەکردنی سیاسەتی گرتن و ئیعدام کردنی زیاتر لە ٦٥٠ کەس بە نهێنی و ٢٥٠ کەسیش بەئاشکرا و هەندێکیان دوای سەپاندنی بڕیاری زیندانی بەسەریاندا و لەبەشی (احکام خاصە) پاشان بەرەو بەشی ئیعدام کردن براون و بە کۆمەڵ لەسێدارە دراون، ئەم تاوانەش یەکێکە لەو تاوانە وەحشیەتگەرانەی ڕژێمی دیکتاتۆری بەغداد .

هاوکات لەگەڵ ئەم تاوانەشدا لە کوردستانیش لەو ناوچانەی لە ژێر دەسەڵاتی (پارتی) هەمان سیاسەتی شاڵاوی گرتن و تۆقاندت بە تۆمەتی

---

[١٥٩] زیندانی ئەبووغرێب: ئێستا پێی دەوترێ زیندانی ناوەندی بەغدا، زیندانێکی ترسناک بوو لەسەردەمی سەدام حوسێن، زۆربەی ئەو کەسانەی دەبرانە ئەوێ تۆمەتباری سیاسی بوون، زیندانەکە ناوبانگی هەبووە لە ئەشکەنجەدانی بەندکراوەکان بەجۆرەها ئەشکەنجە، ئەو زیندانە نزیکە لە شاری ئەبوو غرێب کە ٣٢ کم لە بەغدای پایتەختی عێراق doورە.

سیاسی بوون بەردەوامە و بەبێ جیاوازی ئەبوغرێبێکی تر لە (ئاکرێ) دا دروست بووە .

بۆیە داواکارین لە ڕای گشتی جیهان بە تایبەت ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و نەتەوەیەکگرتووەکان (UN) کە فشاری زیاتر بخەنە سەر ڕژێمی بەغداو سنورێک بۆ ئەم وەحشیەتگەریە دابنێن و ئێمەش وەکو ئەم ڕێکخراوانەی لە خوارەوە ناومان هاتووە بە توندی ڕیسواو مەحکومی دەکەین .

بڕوخێ دیکتاتۆریەت ..

بژی ئازادی سیاسی ..

دەستەی زیندانە سیاسیەکانی کوردستان -کۆمیتەی باڵا

یەکێتی خوێندکار و لاوانی زەحمەتکێشان -لقی سلێمانی

١٩٩٧/٨/٨

## بەڵگەنامەی ژمارە (٩٣)

## بانگەوازێک بۆ جەماوەری شاری سلێمانی

جەماوەری بەشەرف و ئازادی خوازی شاری سلێمانی هەروەکو ئاگادارن چەند مانگێکە PKK لەشاری سلێمانی بە شێوەیەکی بەربلاو دەستی داوەتە فریودان و چەکدارکردنی منالان و وە هەتا ئێستا سەدان منالیان لەشاری سلێمانی و دەوروبەری بۆ ناو بارەگاو شەرگەکانی خۆیان راپێچ کردووەو هاوکاتیش رێگا بە بینین و هەواڵپرسین و مۆڵەت دانی منداڵەکانمان نادەن و لە ژێر فشارو هەرەشەو ترسدا دەستیان بەسەر منداڵەکانماندا گرتووە. ئێمە کەسوکاری ئەم مندالانەی خوارەوە هەتا ئێستا سەرجەم دەزگاکانی حکومەتی هەرێم و دەسەلاتدارانی شاری سلێمانیمان ئاگادارکردوەتەوە کە فشار بخەنە سەر PKK و منداڵەکانمان ئازاد بکەن. بەلام بەداخەوە تائێستا دەسەلاتداران بە کردەوە هیچیان بۆ نەکردوین و رۆژانەش هەتادێت PKK خەریکی درێژەدانە بە فریودانی و رفاندنی منالان و تەنانەت بەبەرچاوی دەسەلاتدارانەوە عصابەکانی PKK ئیهانەمان پێ دەکەن و هەرەشەمان لێدەکەن کە چیتر سۆراغی منالەکانمان نەکەین. بۆ نمونە رۆژی ١٩٩٧/٨/٦ عصابەیەکی PKK بە ناوی (ب.ت) لە هەڵەبجەی تازە دایکی (ر.ف.ع) دەداتە بەر شەق و توشی نەزیف دەبێت و منداڵێکی کۆرپەی لە باوش دەکەوێتە خوارەوەو دەبورێتەوەو پاش هەفتەیەک چاک دەبێتەوە، هاوکاتیش سێ عصابەیە تری PKK بەناوی (ج،ب،ر) رۆژی ١٩٩٧/٨/٧ چونەتە سەر ماڵی (ش.ع) و (پ.ع) سەرەرای سوکایەتیەکی زۆر هەرەشەیان لێکردوون کە هیچ هەوڵێکی تر نەدەن بۆ منداڵەکانیان، لەهەمانکاتدا PKK سوکایەتی و هەرەشە لەو حیزب و لایەنانە دەکات کە پشتیوانیمان لێ دەکەن.

خەڵکی ئازادیخوازی سلێمانی ئەمرۆ منداڵەکانی ئێمە وەزعێکی زۆر خراپ بەسەردەبەن و هاواری گریان و زریکەیان لە سەربازگەکانی (PKK)دا ویژدانی هەموو ئینسانێکی بەشەرف رادەچەڵەکێنێ و هەتا ئێستا لە ژێر رەحمەتی گولە بارانی شەردا راگیراون و ماونەتەوە. ئێمە بۆ ئەوەی سەلامەتی و ژیانی منداڵەکانمان بپارێزین و پێیان شاد بینەوەو بۆ ئەوەی

منداڵەکانی ئێوەش بەم دەردە نەبرێت وەرن بەڕیزی ئێمەوە پەیوەست بن و پشتیوانیمان لێبکەن بۆ هەرکاتێک و ناڕەزاییەک کە ئێمە لەپێناو منداڵەکانمان دەستی دەدەینێ، ئێمە پێویستمان بە هاودەنگی و هاودڵی و پشتیوانی ئێوەیە، تەنها هێزی یەکگرتووی هەمووومان دەتوانێ دەسەڵاتداران ناچار بکات کە منداڵەکانمان بۆ بگێڕنەوەو دەستی (PKK)ش کۆتا بکات کە جارێکی تر منداڵان نەکەنە سوتەمەنی شەڕەکانی خۆیان چەکداریان بکەن.

کەس و کاری منداڵە ڕفێندراوەکانی شاری سلێمانی

١٩٩٧/٨/١٥

ساڵی لەدایکبون و ناوی منداڵەکان:

١٩٨٥: ک ع م، غ ع ن، س م م، پ م ر.

١٩٨٤: ە م، ش م م، ز ا ع، ب ع ح.

١٩٨٣: ش ج ر، ئ، ح، ا، ب م س، ک، ی م، ە ف ع، ر م، ە، م ا، م ق م، م ا م.

١٩٨٢: ی ح ش، ق و ا، س ع خ، ل ص ا، ە ر ح، پ ب ا، ک اک ئ ج م، ف ح ا.

١٩٨١: ئ م ن، ن ع ر، ط م ک، ە ع ح، ئ ح ا، ب ا ا، ح ع ح، ب ن ر، ن ع ع، ش ع ا، ڕ ف ر، ی ع ر، ز ع خ، ک ح ا، س م م، س ح ع، ر م م، ک ع ە، ز ح م، ت ج ح، ە ح ع،

١٩٨٠: د م ر، ئ مم م ا ر، ب ع ح، ک ک ر، ن ا ا، ط ع ع ، د ح ک ر، ئ ج ا، ئ ق م، ت ب ر ا.

١٩٧٩: ی ن ع، د ع، س ر م، ف م ع، س ع ر.

١٩٧٨:ا ا ن

١٩٧٥: ن م ع، ئ ا م

١٩٧٤: ئ ع ص

## بەڵگەنامەی ژمارە (٩٤)

## باهەمووومان لە پێناو بەفیڕۆنەدانی خەبات و قوربانی کورد و لەدەست نەچوونی ئەم ئەزمونەی گەلەکەمان خەبات بکەین

ئەی خەڵکی جوامێرو خۆڕاگری گەلی کوردستان.. ئەی جەماوەری ڕەشوڕووت و بێنازو پرس پێنەکراوی ئەم کوردە خێرنەدیوە..

ئاشکرایە، شەڕی شوم وماڵی کوردو وێرانکەری ناوخۆی کوردستان، ڕەوشی کوردو دەزگا کارگێڕیەکانی کوردستانی خستۆتە بنبەستێکی سەختەوەو گورزێکی پشتشکێنی وای لەگەلەکەمان سرەواندوە کە خەریکە ئەزمونەکەی بەرەو هەڵدێر ببات و جەڵەوی کار لەدەستی کورددا نەمێنێت و بەرژەوەندی نیشتیمانی و نەتەوەییمانی گەیاندۆتە بارودۆخێکی ترسناک و دوژمنانی سەرەکی و داگیرکەرانی کوردستانی بیر بردوینەتەوە، بەتایبەتی پاش دەستپێکردنەوە خولی ئەمجارەی شەڕو بەئاشکرا پەلکێشکردن و چاوساغی سوپای فاشت و کورد کوژی تورک و ڕەشتنی کینەو داخی شۆڤینیانەی کاربەدەستانی کۆنەپەرست و مرۆڤ کوژی تورک، وەک پیشەی هەمیشەی داگیرکەرانمان و بەبەرچاوی دنیاوە دڕندانە بۆردومانکردنی گوندو شارۆچکەو خەڵکی بێچەک و دەرەتانی کورد بە بۆمبای قەدەغەکراوی ناپاڵم و هێشووی و پێشێلکردنی سەروەری خاکی کوردستان و دروستکردنی پشتێنەی ئارام و گوێنەدانە هیچ دابونەریتێکی دراوسێیەتی و ئاینی و مرۆڤایەتی و، هەر ئەو شەڕە شومەی ناوخۆش بووەهۆی سازش و سازشکاری و پەنابردنە بەر داگیرکەران و سەرباری ئەوەش وەک درێژەی پێشێلکاریەکانی مافی هەر لەسەرەتاوە زەوتکراوەی مرۆڤی کورد لە لایەن کورد خۆیەوە، کەوتونەتە داگیرکردن و ڕاگواستن و ماڵ بەخەڵکی چۆڵکردن و ئاوارەکردنی کوردو گرتن و ڕاوەدونانی هەوادارانی یەکترو زۆر ڕەفتاری نامرۆڤانەی تر کە کارێکی نەک قێزەونەو بۆتە شوێنی ناڕەزای و بێزاری و ئەوەندەیتر بێ متمانەیی کۆمەلانی خەڵک و هەموو دڵسۆزان و خەمخۆرانی دوارۆژی گەلەکەمان، کە ڕیکخراوەکەمان هەمیشە ئەو لایەنە ماف پێشێلکراوانەی بە نوسراوی تایبەت و ئاگانامەو بەیانی گشتی، لەمەترسی ئەو

کارە ناپەسەندانە ئاگادارکردۆتەوە وەک ئەو دوونامە تایبەتەیە کە لەبەرواری ١٩٩٧/١٠/١٥ بۆ بەڕێز مام جەلال تاڵەبانی/سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و لەبەرواری ١٩٩٧/١٠/٣٠ بۆ بەڕێز کاک مسعود بارزانی/سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانمان نوسی و هەرچەندە سودیشی نەبووبێ و گوێی بایەخ سڵەمینەوەی بۆش نەکرابێ، بۆیە دڵسۆزانە داوا دەکەین:

کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەنجومەنی ئاسایش دەوری کاریگەرو دادوەرانەی خۆیان ببین و چیتر سیاسەتی دژە مرۆڤی (بان و چەند هەوا) لەگەڵ کورد بەکار نەهێنن و گوشار بخەنە سەر تورکیا بۆ وەستاندنی پێشێلکاری و دەستریژیە نامۆڤەییەکانی لە باکورو باشوری کوردستاندا، بەتایبەتی سنور بەزاندن و بەدرندانەترین شێوە بۆردومان کردنی گوندو شارۆچکەو خەڵکی بێچەکی کوردستان و دەست تێوەردانی نارەوای کێشەی ناوخۆی باشوری کوردستان، بوەستێنێت و چیتر بەنزین بەئاگردا نەکات و ئاڵۆزتری نەکات.

ئەوەندەی بەکورد خۆی دەکرێت، بەزوترین کات کێشەی شەڕو ماڵوێرانکەری ناوخۆیی، بەرەو چارەسەرێکی ئاشتیانە و بنەڕەتی ببرێت، تاوەکو ئەوەندەی تر قەبەترو ئاڵۆزتر نەبێت و ئەم ئەزموونە مەزنە بە خوێن و دەست کەوتووە لەدەست گەلەکەمان نەچێت.

بەزووترین کات شالاوی نا مرۆڤانەی ئاوارەکردن و لەماڵ دەرکرن و ڕاوەدونانی کوردو هەموو جۆرە چەوساندنەوەو ئازاردانێک ڕابگیرێت.

لیژنەی سلێمانی ڕیکخراوی مافی مرۆڤ لە کوردستان
١٩٩٧/١١/١

## **بەڵگەنامەی ژمارە(٩٥)**

## **یاداشتنامەیەک سەربارەت  بە تیرۆرکردنی ( ص.ع.ن)**

بۆ/دەزگاکا و لایەنە بەرپرسەکان

هاولاتی (ص.ع.ن) کە خەڵکی شاری سلێمانیەو ڕەگەزنامەی بەریتانی هەیە لە ١٩٩٧/٨/١٤ گەڕاوەتەوە سلێمانی هەر لەدوای گەڕانەوەی لەڕۆژی ٩/١٤ لەماڵی باوکی تەقەی لێکراو بریندارکراوە، لەدوای ئەم ڕووداوە لە پاش گەڕانەوەی هاوسەرەکەی لە دەرەوە (ک.م.د)، لەشەوی ١٩٩٧/١٠/١٣ لەکاتێکدا بەیاوەری هاوسەرەکەی لەماڵی برای مێردەکەی گەڕاونەتەوە لە بارودۆخێکی نادیار ناوبراو کوژراوە.

ئێمە ئەم ڕیکخراوەکانەی خوارەوە ناومان هاتووە، ناڕەزایی خۆمان دەربڕین و هەموو جۆرە تیرۆرێک دژی ژنان لەژێر هەر بیانویەک مەحکوم دەکەین و داوادەکەن:

لێکۆڵینەوەیەکی تێرو تەسەل و عادیلانە لە هەموو لایەنەکانی ئەم تاوانە بکرێت.

ئەوانەی تاوانبارن بە کوشتنی ناوبراو بە هیچ بیانوویەک ئازاد نەکرێن تاکو بکوژی (ص.ع.ن) ئاشکرا دەبێت.

یەکێتی ژنانی کوردستان

یەکێتی ئافرەتانی زەحمەتکێشان

سەربەخۆی ئافرەتان

کۆمەڵەی ئافرەتان

سەنتەری ڕاگەیاندنی ژنان

ئافرەتانی سۆسیالست

خانمانی سەربەخۆ

یەکگرتویی خۆشکانی ئیسلامی

سلێمانی

١٩٩٧/١١/٦

خاتوو (ص.ع.ن)

ساڵی ١٩٦٠ لەگەڕەکی چوارباخی سلێمانی لە دایک بووە

خوێدنی سەرەتای ناوەندی و خانەی مامۆستایانی لە سلێمانی تەواو کردووە و لە ١٩٨٢/١١/١ لە قەرەداغ بۆتە مامۆستا.

لەساڵی ١٩٨٤ بەشێوەی پەنابەری دەگاتە بەریتانیا

یەکێک بوو لەکادیرە هەرە دڵسۆزەکانی کۆمەڵگەی کورد لە لەندەن

ئەندامی دەستەی (ڕۆژنامە و گۆڤاری هەتاوو هەنگاو) بووە لە لەندەن کە سەرنوسەرەکەی کەمال میراودەلیە

مامۆستایەکی خۆبەخش بووە لە قوتابخانەی (هەڵەبجە) لە لەندەن

وەک (مترجم)ێکی خۆبەخش کاری کردووە بۆ ئەو کوردانەی پەنابەربوون لە لەندەن

پاش ڕاپەڕین چەند جارێک بۆ دیدەنی هاتوەتەوە بۆ کوردستان و دەستی هاوکاری بۆ نەداران و خەڵکی لێقەوماو درێژکردوە، لە ژیانی دورە وڵاتیدا توانیویەتی کۆلێژی بیناسازی بە هاوسەرەکەی تەواو بکات و پاشان پلەی (ماجستێر) لەهەمان بواردا.

هاوەڵ و قوتاییەکانی لە لەندەن لەبارەی (ص.ع.ن) دەڵێن (ص.ع.ن) دایکمان بوو... هیچ کاتێک ووشەی (نەء)ی لانەبوو، بە دڵفراوانیەوە وەڵامی هەموو داخوازیەکانی دەدایەوەو هەوڵی چارەسەری دەدان، هەرکەسێک ڕۆژێک لە ڕۆژان سەردانی نوسینگەی ئەوی بکردایە، زمانی شیرینی ئەوی هەڵگرتووە)

لە شەوی ١٣-١٩٩٧/١٠/١٣ لە جادە شەستیەکەی سلێمانی لەکاتێکدا لەئوتومبیلەکەیاندا لەگەڵ هاوسەرەکەی (ک.د)یدا دەبێ، لەدوای بەزۆر دابەزاندنی!! لەلایەن چەند دەستێکی ڕەشی تیرۆستیەوە دەدرێتە بەر گولەو تیرۆر دەکرێ، بەڵام هاوسەرەکەی لەم کارە تیرۆرستیەدا قوتار دەبێت؟؟

لەسەر داوای (وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا)و شەخسی (فرانک بیکر) بەرپرسی کاروباری ڕۆژهەڵات کە لەم تاوانە بکۆڵدرێتەوەو تاوانباران دەستنیشان بکرێت

لەگەڵ ئەمەدا چەندەها کەسایەتی کوردی و بیانی و پارتە سیاسیەکان و ڕێکخراوە جەماوەریەکان هەمان داوایان هەیە لەدەرەوە و ناوەوەی کوردستاندا!!

ڕێکخراوەکان بەهاوکاری بنەماڵەی شەهید کۆڕی ماتەم بۆ گیانی پاکیزەی خاتوو (ص.ع.ن) دەگێڕێن

شوێن: هۆڵی ڕۆشنبیری سلێمانی

کات: ٥,٢٤ی عەسر

ڕۆژ: ١٩٩٧/١١/٢٤ دووشەمە

## بەڵگەنامەی ژمارە (٩٦)
## شاڵاوی تۆقاندن ڕابگرن

لەوای ڕاپەڕینەکەی بەهاری ١٩٩١ یەکێتی نیشتیمانی کوردستان دەستی داوەتە تیرۆرکردنی ڕوناکبیرانی کورد. (ئەبووبەکر عەلی، عەلی بۆسکانی، د.محەمەد قەرەداخی، د.ئازاد محەمەد ئەحمەد و ئەندازیار شێرزاد محەمەد) بەشێک لە قوربانیەکانی ئەو سیاسەتە دڕندانەیە.

لەم ڕۆژانەشدا (ی.ن.ک) هەڕەشی کوشتنی لە نووسەران: محەمەد فەریق حەسەن، ڕەئووف حەسەن، حەمە کەریم عارف، حەمید ڕیبوار، فوئاد محەمەد ئەمین، سەدرەدین عارف و ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی کرد، دوای ئەو هەڕەشەیە لە ١٩٩٧/١١/٤دا لە سلێمانی نارنجۆکێک فڕیدرایە ماڵی محەمەد فەریق حەسەنی چیرۆکنوسەوە.

ئێمە بەتوندی نارەزای خۆمان بەرامبەر بە تیرۆرو سەرکوتکردنی ڕووناکبیران دەردەبڕین و داوا لە خێرخوازان دەکەین، یەکێتی نیشتمانی کوردستان ناچار بکەن ژیانی ئەو نووسەرە هەڕەشەلێکراوانە بپارێزێ.

کۆمەڵەی ڕووناکبیرانی کورد لە ئەمریکا و کەنەدا - ٢٠ . ١١. ١٩٩٧

د.ئیبراهیم عەزیز، ئەندازیار ئازاد کەمال، جەمال بەختیار، ئەندازیار حەسەن جاف، دەسکۆ شێروانی، سرور جەبار زەنگەنە، سەفین سندی، سۆران کوردی، ئەندازیار ستار شەریف، سەردار باراوی، سەعد مامەند، د.عادل حوسنی، عبدلقادر محەمەدئەمین، ئەندازیار عومەر شەفیق هەمەوەند، عەلی شاڵی، مەحموود تۆفیق خەزنەدار، مەسعود بەرزنجی، وریا جاف، ئەندازیار وەلید کەریم سەعید، هیوا فەرەج، هاوار کاکەیی و یاسین بەرواری.

## بەڵگەنامەی ژمارە (٩٧)

## بەیاننامەی نارەزایی

کۆمەڵانەی خەڵکی کوردستان....

بێگومان مەڵبەندی لاوانی میدیا سەر بەڕێکخراوی TDCیە وە ئەم ڕێکخراوە لە چەند وڵاتێکی تردا لەم جۆرە مەڵبەندانەی هەیە. بەشێوەیەکی سەرەکی ئامانجی ئەم مەڵبەندانە لایەنی پەروەردەیی و چالاکی هەمەچەشنەی ڕۆشنبیریە. وە ئەم ڕاستیە دووبارە ئەکەینەوە کە بەڕێوەچوونی چالاکی و کاروباری پەروەردەی و ڕۆشنبیری پەیوەندی بە خەونی لاوان خۆیانەوە هەیەو لەئێستادا تەنها شوێنێکی سەربەخۆیە کە دوورە لەپیشەی حیزبایەتی و دینیەوە، وە (TDC) بە تەنها لە ڕووی مادیەوە پاڵپشتی ئەم مەڵبەندانەیە کە لە زۆر شوێنی تری کوردستاندا هەیە بێگومان وەک چالاکیەکانی کە ئەم سەنتەرانە پێیهەڵئەستن گوزارشت لە خەونی گەنجان خۆیان دەکات. خاڵێکی تری زۆر گرنگ کە ڕوونی بکەینەوە ئەوەیە کە مەڵبەنی لاوانی میدایا و هەموو مەڵبەندەکانی تریش هەمیشە دەرگاکانی واڵایە و بەڕیوەچوونی کاروباری بەشێوەیەکی ئاشکرایە و هیچ نهێنیەک لەم مەڵبەندانەدا نیە، بەڵام بە حوکمی ئەوەی ئەم مەڵبەندە مەڵبەندێکی بێلایەن و سەربەخۆیە ئەوا دەبێتە قوربانی ئەو ململانێ و کێشمە کێشەمە ناشەرعیەی کە لە کوردستاندا هەیە، بۆیە لە بەرواری ١٩٩٧/١٢/١٧ تی ئێن تی یەکی تەوقیدکراو لە ناو مەڵبەندی لاوانی میدیادا کە دەکەوێتە ناو شاری سلێمانیەوە دانراوە، لە کاتژمێر (٦)ی ئێوارە تەقیەوە و زیانی مادی بەدوادا هات، بەڵام خۆش بەختانە زیانی گیانی بەدواوە نەبوو.

ئێمە ئەم کارەی دژ بە میدیا بە کارێکی تیرۆرسیتی و تۆقاندن دەستنیشان دەکەین و بە هەڕەشەیەکی گەورەی دەزانین بۆ سەر خەونی لاوان، لە لایەکی تریشەوە (میدیا) بۆ خۆی باوڕی بەئازاری هەیە بۆ هەرکەس دەیەوێت ڕەخنەی ئاراستەبکات ئەوا دەرگاکانی واڵایە، بەڵام ئەو کارە بۆخۆی کارێکی ناشارستانیەو هێرشە بۆسەر کەسان و شوێنی سەربەخۆو بیروڕای ئازادی و خەونی گەنجەکان.

بۆیە داوا لە بەرپرسانی شاری سلێمانی حکومەتی هەرێم دەکەین کە چی تر ڕیگە بە تیرۆرستان نەدەن و دەستی ئەو تاوانە تیرۆرستیەش دیاری بکەن، ئەگەر نا ئەوا ئایندەیەکی ڕەش و خوێناوی چاوەڕێی خەونی هەموان دەکات.

مەڵبەندی لاوانی میدیا

سلێمانی ١٩٩٧/١٢/١٩

وێنەیەک بۆ:

ڕێکخراوی TDC

ئەنجومەنی وەزیران

وەزارەتی ناوخۆ/(هەموو دەزگاکانی ئاسایش و پۆلیس)

پارێزگاری سلێمانی

هەموو لایەنە سیاسیەکان

نەتەوە یەکگرتوەکان UN

خاچی سوری نێودەوڵەتی

مافی مرۆڤ

هەموو دەزگاکانی ڕاگەیاندن/(بڵاوکراوە - تەلەفیزیۆن - ڕادیۆ)

## بەڵگەنامەی ژمارە (٩٨)

## وەرن بەهانای (ل)کانەوە!

بەپێی ڕاپۆرتێک کە بە ئێمە گەیشتووە، ژنێک بە ناوی (ل) ساڵێک لەمەو پێش بە ئیتیهامی ناموسی دەگیرێت و بۆ ماوەی ساڵێک لەزیندانی شاری سلێمانی زیندانی دەکرێت، بەڵام ئەم ژنە پاش تەواوکردنی حوکمەکەی لەترسی هەڕەشی کوشتن نەیوێرا زیندان بەجێبهێڵێ و چەند مانگێک هەر لەزیندان دەمێنێتەوە، ئێستا ئەم ژنە ستەملێکراوە ئازاد بووە، بەڵام لەترسی هەڕەشەی کوشتن خۆی شاردۆتەوە و چاوەڕێ ئەوە دەکات یارمەتی بدرێت و لەدەستریژی و هەڕەشەی کوشتن بپارێزرێت.

بەهیوای ئەوەشە دەستی بە منداڵەکەی بگاتەوە.

ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان لە کوردستان وێڕای پشتیوانی و هەوڵدان بۆ یارمەتیدانی ئەم ئینسانە، کە دواکەوتووی و کۆنەپەرستی ژیانی لێتاڵ کردووە، بانگەوازی هەموو ئەو هێزە سیاسی و ئینسانە ئازادیخوازانە دەکات کە خوازیاری بەرابەری و حورمەتی ئینسانن، کە بە دڵسۆزی ئینسانیەوە بە دەنگی (ل) بچن و دیفاعی لێبکەن.

دیفاع لە (ل) دیفاعە لە ئینسانیەت و کۆمەڵگەی ئینسانی و نەفرەت لە کۆنەپەرستی و دواکەوتوو.

دیفاع لە (ل)، دژایەتیە لەهەرچەشنە قانون و بیروڕاو کردەیەکی دژ بە ژن، وە دەربڕینی بێزاریە لەو سونەت و دابونەریتانەی کە کۆمەڵگا بۆ ژن و پیاو دابەش دەکات و نایەکسانی لەنێوان ئینسانەکان دەسەلمێنێت.

ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان داوا لە هەموو منظمە دەولی و ئینسان دۆستەکان دەکات کۆمەک بە (ل) بکەن و ئەم وەحشیگەری و ڕەفتار حیوانیەی کە لە کوردستان دژ بە ژنان دەکرێ لەلایە بیروڕای گشتی جیهانی ڕسوا بکەن.

ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان بە هەموو توانایەوە تێدەکۆشێ بۆ کۆتایی هێنان بەم وەزعە شەرمهێنەرە و هەموو ژنان و پیاوانی ئازادی خوازی کوردستان بۆ پشتگیری لەم تێکۆشانەو دەربڕینی دەنگی بێزاریان لەم وەزعە بۆ دیفاع لە کۆمەڵێکی ئازاد وئینسانی و بەرابەری بانگەواز دەکات.

**ڕێکخراویسەربەخۆیئافرەتان - ١٩٩٨/٣/٢**

## بەڵگەنامەی ژمارە (٩٩)

## بەیاننامەی ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان سەبارەت بە تەقاندنەوەی نوسینگەی (یەکسانی) لە شاری سلێمانی

ژنانی ستەمکێش

جەماوەری ئازادی خوازی کوردستان

حیزب و لایەنە سیاسی و جەماوەریەکان

سعات ٩ی دوێنێ شەو، ڕێکەوتی ١٩-٢٠ی نیسانی ١٩٩٨، دەستێکی ئیرهابی بە شێوەیەکی زۆر ترسنۆکانەو بە دانانی کیلۆیەک TNT لە سەربانی بنکەی بڵاوکراوەی (یەکسانی) ئەم بنکەیەی تەقاندەوە، ئەم کارە تیرۆستیە هیچ زیانێکی گیانی بەدواوە نەبوو بەڵام بنکەکەی تێکداوەو زەرەرو زیانی مادی بە ڕێکخراوی سەربەخۆوماڵەکانی ئەو کۆڵانەی گەڕەکی کانێسکان گەیاندووە.

جەماوەری ئازادیخواز

هەموو ئاگاداری ئەوەن کە ماوەیەکە تیرۆرو تۆقاندن و تەقاندنەوە، باڵی بەسەر ئەم کۆمەڵگەیەدا کێشاوەو ڕۆژانە ئەم تاوانە ڕەزیلانە لێرەولەوێ ڕوودەدەن، لە ماوەی ئەم چەند مانگەدا مەڵبەندی لاوانی میدیاو سینەما دڵشادو چەند گازینۆیەکی سەتەلایت لەشاری سلێمانی و مەڵبەندی تاڤان لە قەراغ و تیرۆری چەند ژن و تیرۆری دوو کەس لە ڕابەرانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق، لەشاری هەولێر ئەنجام دران. بەشێکی ئەم جەریمانە ڕاستەوخۆ لەلایەن مەلایانی کۆنەپەرست لە مزگەوتەکان و دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ڕەوتە ئیرهابیە ئیسلامیەکانەوە بانگەواز و فتوای بۆ دراوە. تەقاندنەوەی بنکەی یەکسانیش هەر درێژەی هەمان حەملەی ئیرهابی ئیسلامیەکانە.

ئێستا ئیتر ئەم ئینسان کوژانە تەقەڵای ئەوە دەکەن کە جەوی ترس و تۆقاندن بەسەر هەموو کۆمەڵگەدا زاڵبکەن و بیکەن بە وەڵامی هەر کەسێک کە دەنگی ناڕازی خۆی هەڵبڕێ و داوای مافە ئینسانیەکانی بکات و ئاوات بە دنیایەکی شایستە بە ئینسان و مۆدێرن و عیلمانی بخوازێ.

لەهیچ کەس شاراوە نیە کە لەم ماوانەی دوایدا ئەم ڕەوتە ئیسلامیە کۆنەپەرستانە دوای ڕیسواو ناکام مانەوە لە ئاستێکی بەرینی کۆمەڵایەتیدا ئەفکارو سونەت و کاری ئیرهابیان کەوتە بەر نەفرەت و بێزاری خەڵکی کوردستان وە دوای ئەوەی لە مەیدانی کێشمەکێشمی سیاسی و ڕاشکاوی

کۆمەلایەتیدا دوچاری ئیفلاسی و ناکامی بوون، ئینجا لە مزگەوتەکانەوە وەکو پیشەی هەموو کاتیان دەستیان دایە هاتوهاوار و شینوشەپۆڕو هاوکات لەگەڵ ئەوەدا بۆ تحریکی احساسی دواکەوتوانە، بانگەشەی ئیرهاب و تەقاندنەوەو تیرۆریان بڵاوکردەوە.

لەم ماوەیەی ڕابردودا لەچەند مزگەوتێکی شارەکانی هەولێرو سلێمانی ئەم بانگەوازانە بڵاوکراونەتەوە، گومان لەوەدا نیە کە ئەم ئسلوبەی ئەوان نەک هەر نیشانەی قودرەتیان نیە بەڵکو نیشانەی گەورەترین ئیفلاسی ئەوانە، ئەوان کە ڕسوای خۆیان دەبینن و ئاسۆی شکست و تیاچونیان چاوی کوێر کردوون و ناتوانن لە ڕێگەی خەباتی سیاسی و جەماوەریەوە ئەم ئیفلاسی و ناکامیە بەرپێ بگرن، ئینجا پەنا دەبەنە بەر ئەم ئسلوبە زەبونانەیە.

تیرۆرکردنی هەڵپەرستانەی هاوڕێیان (شاپۆر عبدالقادر و قابیل عادل) و تەقاندنەوەی بنکەی (یەکسانی)و مەڵبەندو سینەماو سەتەلایتەکان ڕاستی ئەم مەسەلەیە دەسەلمێنێ. ئێمە لە کاتێکدا بە ڕاشکاوی ئەوە ڕادەگەیەنین کە لەم جەریمەو تاوانە چەپەڵانە خۆشنابین و وەڵامی شایستەی پێ دەدەینەوە لەهەمان کاتدا بانگەوازی ئێوە دەکەین کە لەدژی ئەم دەستە و تاقمانە دەنگی نارەزایەتیتان هەڵبڕن و تاوانەکانیان مەحکوم و ڕیسوا بکەن، ئەمانە کە کۆمەڵێک دەستەو تاقمی ئیرهابین و پابەندی هیچ پێوانەیەکی سیاسی و مەدەنی نابن و تەنیا لە ڕێگەی تیرۆرو تۆقاندنەوە پەلەقاژەی بێ ئاکامی خۆیان دەکەن، دەبێ بنکەو بارەگاکانیان دابخرێت و وەکو ئەوەی لە زۆر جێگەی تری دنیا بینبن هەڵسوڕانی تیرۆرستانەیان قەدەغە بکەین. ئەمە خواستێکە کە دەبێ سەرجەم خەڵکی ئازادیخواز بۆی بێنە مەیدان و لە پێش هەموو شتێکدا ڕووبەڕووی دەسەڵاتدارانی بکەنەوە. لەهەمان کاتدا ئێمە ڕوودەکەینە دەسەڵاتدارانی شارەکانی کوردستان و مەسئولیان دەکەین لە هەڵوێست وەرگرتنی سیاسی و بە کردەوە بەرانبەر بەم جەریمانە داوادەکەین بە زوترین کات ئەو دەستەو تاقمانە دەستگیرو دادگاییی بکەن و سزای خۆیان وەربگرنەوە.

ڕیسوا و مەرگ بۆ تیرۆریزم و کۆنە پەرستان
بژی بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان

ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان
١٩٩٨/٤/١٩

## بەڵگەنامەی ژمارە (١٠٠)

## یاداشتنامە

بۆ بەڕێزان:

ئەمنسیتی ئینتەرناسیۆنال

مافی مرۆڤ لە پەڕلەمانی ئەوروپا

ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لە کوردستان

وەک ئاگادارن سەرئەنجامی نالەباری بارودۆخی سیاسی و بەردەوامی شەڕی ناوخۆو دەستتێوەردانی دوژمنان لە کاروباری کوردستان، دیاردەی تیرۆر بەشێوەیەکی فراوان یەخەگیری خەڵکی ئازادو دیموکراتخوازی کوردستان بۆتەوەو بە سەدان تیرۆری سیاسی و هەزاران تیرۆری کۆمەڵاتی و دەیان تیرۆریی فەرهەنگی لەم وڵاتە ئەنجامدراوە. تیرۆریش هەر ئیمڕۆ لەسەر ئاستی هەموو دنیا بۆتە دیاردەیەک کە هەڕەشەی جدی لە پێشکەوتنی مرۆڤایەتی دەکات و دیارترین پێشێلکاریە بەرامبەر بە مافەکانی مرۆڤ، بەتایبەتی لەو وڵاتانەی کە دەستەو تاقمە تیرۆرستیەکان توانای هەڵسوڕانیان پەیداکردووە، بۆیە مەسەلەی هەستکردن بە مەترسی تیرۆرو هەوڵ بۆ ڕیگاگرتن لە تیرۆر، ئەمڕۆ بۆتە ئەرکی تەواوی مرۆڤایەتی پێشکەوتوخوازو وڵات و دەزگاو ڕێکخراوە جەماوەری و دیموکراتی و دەوڵەتەکانی جیهان. ئێمەش وەک ئەو حیزبانەی لە خوارەوە ئیمزامان کردووە لە شاری سلێمانی لە ڕۆژی ١٩٩٨/٥/٧ بە ئەنجامدانی چالاکیەکی جەماوەری هەڵساین بە ڕسواو مەحکوم کردنی هەرچی کاری تیرۆرە لە کوردستان داواش لە ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ دەکەین چ لە ناوخۆو چ لە جیهان گوێبیستی دەنگی نارەزای دژ بە تیرۆری خەڵکی کوردستان و هاوڕای ئێمە تیرۆرکاری ڕسواو تاوانبار بکەن.

لەگەڵ ڕێزماندا

ناوی حیزبەکان:

حیزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان – لقی سلێمانی

پارتی کاری سەربەخۆی کوردستان – ناوەندی سلێمانی و کەرکوک

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق – کۆمیتەی محەلی سلێمانی

حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان – لقی سلێمانی کەرکوک
وێنەیەک بۆ/
هەموو حیزب و لایەنە سیاسیەکان
ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکان
سەرجەم دەزگاکانی ڕاگەیاندن

## بەڵگەنامەی ژمارە (١٠١)
## بەیاننامەیەک
## بەبۆنەی ڕۆژی جیهانی منداڵانەوە

هەموو ساڵێ لەڕۆژی یەکەمی مانگی حوزەیراندا، سەرەتاسەری جیهان پێشوازی لەڕۆژی جیهانی مناڵان دەکەن بەم پێشوازیەش ئەو مافانە دووپات دەکرێنەوە کە نەتەوە یەکگرتووەکان لەبەڵگەنامەیەکی نێودەوڵەتیدا بۆ منداڵان بریاری لەسەر داون، بەڵام لەسەر ئەرزی واقع کەمترین و سەرەتایترینی ئەو مافانە لەهیچ جێیەکی ئەم جیهانە پانوبەرینە جێبەجێ نەکراو سەرژمێریەکانی ئەو مناڵانەی کاردەکەن و لەسەر شەقامەکان منداڵێتی خۆیان دەفرۆشت و لەکوچە و کۆلانە گەندەڵبووەکان فێری دزێتی و لاساری و چەتەیی و چەندەها جۆر کارو کردەوەی نامرۆڤانە دەکرێن، ژمارەی ئەو مناڵانەی کەوتونەتە تۆڕی مافیاکانەوە و قاچاخچێتی سێکس و موخەدەراتیان پێ دەکەن. ژمارەی ئەو منداڵانەی لەبرسا دەمرن، نەخۆشیە کوشندەکان گیانیان درویێنە دەکات، کەمخۆراکی و بەدخۆراکی هەڕەشە لەگیانیان دەکات. ژمارەی ئەو منداڵانەی لەشەڕە ناوخۆی و ئیقلیمی و مەزهەبی و ئەوانی دیکەدا دەکوژرێن، هەتیو دەبن، سەرنگوم دەبن، ڕادەگوێزرێن تادێ ڕوو لەزۆرتر بوونە.

ئەم سەرژمێریانە، ڕاستی ئەو جیهانە نیشان دەدەن کە سەرمایەداری پێشکەشی مرۆڤایەتی کردووەو ئالەو جیهانە پڕ مەینەتەدا، دیاریکردنی ڕۆژێک بۆ منداڵان خۆی بۆخۆی نیشانەیەکی مژدەبەخشە، لانی کەم بۆ ئەوەی بکرێتە بۆنەیەک سەرلەنوێ ئەو ڕاستیانە دوپاتبکرێنەوە کە جیهانێک ئەم هەموو ستەم و جیاوازی و چەوساندنەوانەی تێدابێت، دەبێت هەمووومان، ئەوانەی بۆ جیهانێکی ڕازاوە و جوان و مرۆییانە تێدەکۆشین، بڕیاری خەبات و نەسرەوتنمان چەندپات بکەینەوە ئێمەش لێرە لەکوردستاندا پێویستە بۆنەیەکی وا بقۆزینەوە بۆ ئەوەی خەم و پەژارەو ئازارەکانی منداڵانی خۆمان ئاوێتەی منداڵانی جیهان بکەین و، خەبات و ئاواتی ئایندەیشمان بخەینە پاڵ ئاوات و خەباتی هەموو خێرخوازانی دنیا، تا بتوانین وەکو یەک هێزی فشاربەری سەرتاسەری لەڕووی مەینەتی و هۆکارەکانی بوەستینەوەو داوا لەنەتەوە

یەکگرتوەکان بکەین،میکانیزمەکانی چاودێری کردنی جێبەجێکردنی بریارەکانی خۆی سەبارەت بە مافەکانی منداڵان و گوزەران و ژیان و خوێندن و ئامرازەکانی پێگەیشتن و نەشونووما و یاریکردن و پاراستنی تەندروستی و دورخستنەوەیان لەمەیدانی کار پێکردن بەهێزترو کاریگەرتر بکات.

سەبارەت بەخۆشمان، وەکو کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان، وێڕای جەژنە پیرۆزە لەجگەر گۆشەکانمان بەم بۆنە پیرۆزەوە، هەروەها وێڕای هەموو ئەو مەبدەئانەی لەسەرەوە جەختمان لەسەر کردن، دەمانەوێ ئەوە بڵێین، کە چاک کردنی ژیانی دایکان و دابینکردنی مافەکانیان ئەڵقەیەکی گرێدراوە لەپرۆسەی پاراستن و زامنکردنی مافەکانی منداڵان و لێیان جودا ناکرێتەوە، بۆیە دەمانەوێت لەم بۆنەیەدا ئەوەش دوپات بکەینەوە کە پێویستە مافەکانی دایکان و ئافرەتان بەگشتی لەکوردستان مسۆگەر بکرێت، تا ئەوانیش بتوانن ڕۆڵی ئیجابی خۆیان بۆ پاراستن و پەروەردەکردنی منداڵان بگێڕن.

جگە لەوانەش بێگومانین لەوەی کە تەنها لەسایەی ئاشتی و ئاسودەیدا منداڵان دەتوان بەخۆشی و شادی بژین و درێژە بە خوێندن بدەن و لەمەترسییەکانی هەتیوبوون و ڕاگواستن و لەخوێندنبڕان و چونەسەر شەقام و کاری لادەرانە دوربخرێنەوە، بۆیە هیواداربن بە خاترانەی منداڵانی کوردستانی بریندار، شەڕی ناوخۆی بەیەکجاری کۆتای پێبهێنرێت و پرۆسەی ئاشتی سەرکەوتوانە جێبەجێ بکرێ.

پیرۆزبای لەمنداڵان لەجگەرگۆشە خۆشەویستەکانمان دەکەین

لیژنەی باڵا

کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان

١٩٩٨/٦/١

## بەڵگەنامەی ژمارە (١٠٢)

## (ن)ی ((٨ ساڵ زیندانی))مان ئازاد کرد!!

جەماوەرەی ئازادیخوازی کوردستانە

ژنانی دڵ پڕ لەهیوا و ستەمدیدە

ئەم ژنەی کە لەسەروە وێنەکەی دەبینن، ناوی (ن.ڕ.ا)ە و تەمەنی ٤١ ساڵە. ئەم ژنە دەستی بۆ هیچ ماڵێک درێژ نەکردووە! پیلانی بۆ تیرۆرکردنی هیچ کەسێک دانەڕشتووە! ئیهانەت و سوکایەتی بە شەخصیەتی هیچ کەسێک نەکردووە! جاسوسی بۆ هیچ دامودەزگایەکی موخابەراتی هیچ دەوڵەتێکی کۆنەپەرستی نەکردووەو نزیکەی ٨ ساڵە لەحەمامێکی ماڵی باوکیدا بەبێ هیچ دادگاییەک زیندانی کراوە!!

تاوانی (ن) تەنها ئەوەیە کاتێک ساڵی ١٩٩٠ لەمێردەکەی جیادەبێتەوە و دەیەوێت مل بە فشاری ماڵی باوکی نەدا و لەگەڵ منداڵەکانیدا کە ٤ کوڕ و ٣ کچن، بەیەکەوە بە سەربەخۆ بژین، بەم تاوانە گەورەیە ماڵی باوکی لەشارۆچکەی (ک) مەحکوم بە زیندانکردنی دەکەن لەحەمامی ماڵەکەیاندا، کە تەنیا پەیوەندی بە دنیای دەرەوە لەڕێگەی پەنجەرەی بچوکی حەمامەکەوە دەبێت.

سەنتەری پارێزگاری ژنان لەکوردستان، لەو کاتەوەی لێرە و لەوێ هەواڵی (ن) بیستووە هەمیشە لەفکری داڕشتنی نەخشەیەکی گونجاو بوو بۆ ڕزگارکردنی، ئەوەبوو خۆشبەختانە لەڕۆژی ١٩٩٨/١١/٩ بە هاوکاری هێزی چەکداری حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق و ئاسایشی (ک) توانرا (ن) لەدەستی فەرهەنگ و ئەخلاق پیسی پیاوسالاری باوک و براکەی ئازاد بکات و بیگەیێنێتە ژێر چەتری سەنتەرو ژیانی بپارێزێ.

ژنان و پیاوانی ئازادیخواز و یەکسانیخواز

حزب و لایەنە سیاسی و ڕێکخراوە جەماوەریەکان، ئەی ئەو ئینسانانەی کە نەفرەت لەفەرهەنگ و ئەخلاقی پیسی پیاو سالاری و کۆنەپەرستانە دەکەن!

ڕێکخراوەکانی ژنان لەدنیا!

کوردستان بەهۆی فەرهەنگی پیسی پیاوسالاری و دەسەڵاتی شەرع و دینەوە، خۆی زیندانێکی گەورەیەو ڕۆژانە جەلادانی قامچی بەدەست ئاوات و ئارەزووەکانی ژنان دەدەنە بەر قامچی و هیوا ئاڵەکانیان لەژێر پۆستاڵی پیاو سالاری و فەرهەنگی داڕزیوی کۆنەپەرستانەدا ورد دەکەن، دەنگ هەڵبڕن، بازووی ناڕەزایەتی و تورەیتان بۆ ڕووخانی دیواری داڕزیوی ئەو زیندانە هەڵماڵن، بۆ هەڵپێچانی ئەم جەنگڵستانە، پشتیوانی لەخەبات و تێکۆشان بکەن.

ژیانی کۆیلایەتی و ئەسارەت و بێ حورمەتی ئێستاتان قبوڵ مەکەن، بەرامبەر بە سەپاندنی قانون و یاسا و ئەخلاقیاتی ژەنگ گرتووی سەدە تاریکەکان ناڕەزایەتی دەربڕن.

سەنتەری پارێزگاری ژنان لەکوردستان بۆ دیفاع لەشەخصیەت و کەرامەتی ئێوە دروست بووە. بۆ دیفاع لەماف و ئارەزووە ئینسانیەکانی ئێوە پێکهاتووە و خەبات ئەکات، بۆ پاراستنی هیواو ئومێدە بەرهەق و بێ ئەملاو ئەولاکانی ئێوە پێکهاتووە، چەتری پاراستی گیان و شەخصیەتی مافەکانی ئێوەیە، لەهەرشوێنێک سوکایەتیتان پێدەکرێ، مافتان زیندە بەچاڵ دەکرێت، لێتان دەدرێ، هەڕەشەتان لێ دەکرێ و چاوترسێنتان دەکەن، پەیوەندی بە سەنتەری پارێزگاری ژنانەوە بکەن، دڵنیابن بزوتنەوەی عەزیمەتی کۆمەڵایەتی ئێمە هێندە پڕ قودرەتە، دەتوانێ مستی ددان شکێن لەدەمی کۆنەپەرستی و ئەخلاقیاتی داڕزیوی سەدەکانی ناوەڕاست بدات.

مەرگ بۆ فەرهەنگی پیسی پیاوسالاری و ئەخلاقی کۆنەپەرستانە.

بژی یەکسانی هەمەلایەنەی ژنان و پیاوان

سەنتەری پارێزگاری ژنان لەکوردستان

١٩٩٨/١١/١٢

## بەڵگەنامەی ژمارە (١٠٣)

## بەیاننامەی نارەزایەتی لە دژی ئیهانەکردن بە ژنانی ناوچەی بۆسکێن

تازەترین جەریمەی دژی ئیسانی کە دەرنجامی بزواندنی احساساتی پیاو سالاری زیندوڕاگرتنی عەقیدەی دینی و مەزهەبی، بیروباوڕە مۆمیاکراوەکانی سەردەمی جاهیلیەتە، ئەمرۆ لە ناوچەی بۆسکێن کە سانێکی فریودراو بەم بیرو باوڕە کۆنەپەرستانەیە لە ڕۆژی ١٦–١٩٩٧/٣/١٧ دا، وەحشی ئاسا وەک ئەوەی قەسابی و کەلاکردنی گیانی ئینسان کاری ڕۆتینی ڕۆژانەیان بێت و دەستیان ڕاهاتبێت لەگەڵ ئەم کارەدا، بەردەبنە گیانی ژنێک بە ناوی (ک.خ.ح) و لوتی دەبڕن..؟! لە ژێر ناوی ئەخلاق و پارێزگاریکردن لە ناموسی دابونەریتی دواکەوتوو باوی کۆمەڵگەدا. هەر لەوێ لەسەر جادە فڕێ دەدەن هەتا خەڵک دەیگەیەنێتە نەخۆشخانەی سلێمانی.

ئەم ڕووداوە یەکێکە لە دژی ئینسانترین و تاوانێک کە دڵی هەر ئیسانێکی شەرەفمەندو ڕزگاریخوازی بەشەرەف و پێشکەوتنخواز ڕادەچەڵە کێنێ، ئەو ئینسانانەی کە دەیانەوێت حەزو ئارەزووەکانی خۆیان بە ئازادانە پیادە بکەن، ئەو ئینسانانەی دەیانەوێت ڕەوتی کۆمەڵگە بەرەو پێش ببەن، ئەو ئینسانانەی دەیانەوێت بە تەکاملی ئەقڵ و تواناییان ببنە مەیدانی ژیان، ئەو ئینسانانەی یەک زەرە دڵەخورپە دەکەن بۆ یەکسانی ژن و پیاوو یەکسانی ئینسانەکان، ئەو ئینسانانەی پارێزگاری لەدەستکەوتەکانی بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان دەکەن، ئەو ئینسانانەی بەرانبەر هەر بیروباوڕێکی کۆنەپەرستانەو فەرهەنگی دواکەوتووی کۆمەڵگەدا ڕادەوەستن، ئەو ئینسانانەی دنیایەکی ئاسودەترو دوور لەستەم و چەوسانەوەو نایەکسانی دەخوازن، تەواوی ئەم ئینسانانەی سەرسامن بە بیستنی ئەو تاوانە قێزەونە.

هەرکەس تاوانی ئەم جەریمەیە بێنێتە پێش چاو دڕندەیەکی نینۆک شەیتانی چاو پڕ لە خوێنی کە کەڵبەکانی بۆ کەلاکردنی نێچیرەکانی درێژ کردبێتەوە دێتە بەرچاو لە واقعیشدا ئەم جانەوەرانەن بەسەر گیان و گوزەرانی خەڵکەوە

و حوکم دەسەڵات بە دەستن و دەخالەت لە تەواوی ژیانی شەخسی ئینسان دەکەن.

ژنان ئەمڕۆ لە کوردستان لە سایەی حوکم و دەسەڵاتی ئەحزابی قەومی و دینیدا ئەمە یەکەمین و دواین تاوان نیە لە بەرانبەرایان ئەنجام دەدرێت و هەموو ماف و ئەخلاق و شعورێکی ئینسانی پێشێل دەکریَ، ڕۆژانە ژنان بە شێوازی جۆراوجۆر ئیهانەت و سوکایەتیان پێدەکرێت و ستەمیان لێدەچێت. دەست تێوەردانی ژیانی شەخسی و تایبەتی و پێشێل کردنی مافە مەدەنی و فەردیەکانی ژنان و فێرکردنیان وەک ئینسانی لە دوو بەکاربردنیان وەک کاڵایەک بۆتە فەرهەنگی باوی کۆمەڵگاو یاساو دەوڵەتیش رەسمیەت دەدات بەم هەموو نایەکسانی و تاوانباران دەست ئاوەڵاتر دەکات بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە دژی ئینسانیە.

ژنان و پیاونی یەکسانیخواز: -

بۆ ئەوەی چیتر خواست و ئارەزووەکانتان بە نیازی دڵی خۆتان پیادەبکەن بۆ ئەوەی هیچ کەس نەتوانێت تەداخول لە کاری شەخسی و تایبەتیدا بکات، بۆ ئەوەی فەرهەنگی دواکەوتووی کۆمەڵگا وەلا بنرێت و ئیهانەت و سوکایەتی بە حورمەت و کەرامەتان نەکرێت، بۆ ئەوەی وەک یەکەیەکی چالاکی کۆمەڵگا بتوانن تواناکانی فکرو گەشەی جسمی و ڕووحی و قودەرەتی خەلاقانەتان بکەنە خزمەتی کۆمەڵگاوە، وەرنە مەیدان لەبەرامبەر هەر ستەم و چەوسانەوەیەک کە لەسەرتانە ئەم تاوانەو هەر تاوانێکی تری لەم چەشنە مەحکوم بکەن، نارەزاییەتیەکانتان بە هەر شکڵ و شێوازێک بۆتان دەکرێت لەبەرامبەر ئەم کارەدا دەر ببڕن، فشار بۆ دەسەڵاتداران و دادگا بهێنرێت کە تاوان بارانی ئەم جەریمە لە دادگای ئاشکرادا دادگای بکەن و بە سزای توندیان بگەیەنن.

ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان

١٩٩٩/٤/١

## بەڵگەنامەی ژمارە (١٠٤)
## خەڵکی ئازادیخواز با چی تر ڕێگا نەدەین
## دیاردەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان و لاوان و منداڵان ببێ بە سیمای داسەپاوی کۆمەڵگەکەمان

ئەوەی جێگەی نیگەرانیە لەمیانەی ئەو زنجیرە تیرۆرو ڕەشەکوژیەی کە ڕۆژانە لێرەولەوێ دژ بە ئافرەتان پیادە دەکرێت، وا چەند جارێک منداڵانی شارەکانی گرتووەتەوە. ئەو منداڵەی کە لەئەنجامی نەبوونی بایەخ و پەروەردەیەکی گونجاو لەلایەن خێزان و لایەنە پەروەردەیەکانی ترو دەوڵەتەوە ڕژاونەتە سەر شەقام و کوچە و کۆڵانەکان لەپێناو ململانێی سەختی ژیاندا دەستی ناسک و بازووە لاوازەکانیان خستۆتە بازاڕی هەڕاج کردنی فرۆشتنی کارەوە کە لەم ڕێگەیەوە زۆر جار ئەم بەشمەینەتانە دەکەونە بۆسەی کەسانی بێویژدان و نەفسنزم، لەپێناو دابینکردنی بەرژەوەندیەکانیان و دامرکاندنەوەی ئارەزووی جنسی و وەحشی گەرانەی خۆیان و منالان قەسابی دەکەن. ئەوەتا منداڵێکی بۆیاخچی تەمەن ١٢ ساڵ بە ناوی (ئ.ا) کە دانیشتوی گەڕەکی (ش)ە، لەڕێکەوتی ١٩٩٩/٤/١١ لاشەکەی بە سەربڕدراوی فڕێدراوەتە گۆڕستانی (ش).بێگومان (ئ) یەکەم منداڵ و دوا منداڵ نابێت.

با ئیتر دەست لەئەژنۆ نەوەستین، ترس و دڵە ڕاوکی دەرونی دایکان و باوکان دانەگرێ.

با ئیتر هەموو جارێک نەیەن و چەپکەگوڵ لەسەر گۆڕی منداڵانی سەربڕدراو وەک (ئ) و چەندەها منداڵی تر دابنێین.با کاربکەین بۆ هەتا هەتایە قەلاچۆی سەربڕینی منالان و ئەو دوای تیرۆرە وەحشی گەرانەکانی تر بکەین.

لێرەوە داوا لەدەزگا بەپرسەکان دەکەین، کە بەوردی لەم تاوانە بکۆڵنەوەو تاوانبارانی ڕاستەقینە لەدادگایەکی ئاشکرا بەسزا بگەیەنرێن، ئارامی و دڵنیای بکەنە جێگای دڵ پڕ لەخورپەو ترسی دایکانی تری ئەم شارەو هەموو کوردستان.

درود و سلاو لەگیانی پەپولەئاسای (ئ.ا) و سەرجەم قوربانیانی ڕەشەکوژی

ڕێکخراوەکان: -

- کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان
- یەکێتی لاوانی دیموکرات لەکوردستانی عێراق لقی سلێمانی
- یەکێتی گشتی قوتابیانی کوردستان لقی سلێمانی
- کۆمەڵەی نەوجەوانانی کوردستان لقی سلێمانی
- دەستەی نوسەرانی گۆشەی ئافرەتان و بەرنامەی جیهانی ئافرەت، لەڕاگەیاندنی حزبی شوعی کوردستان

١٩٩٩/٤/١٣

## بەڵگەنامەی ژمارە (١٠٥)
## بکوژانی (م) و (ت) دەبێ ئاشکرا بکرێن!

جەماوەی ئازادی خواز و یەکسانی خوازی کوردستان

(ت.ل.ر) بۆ ماوەی دوو ساڵ لەگەڵ هاوسەرەکەیداو دوور لەچاوی کەسوکاری کە ناڕازیبوون بە هەڵبژاردنی هاوسەرو لەخێزانێکی ژیکەڵەدا دەژیان، کەسوکاری (ت) لەدوای هەوڵێکی زۆر (ت)و هاوسەرەکەیان دۆزیەوە، لەیەکەمین فرسەتدا هاوسەری (ت)یان لە ڕێککەوتی ٩-١٩٩٩/٣/١٠ کوشت و تەرمەکەیان لە جادە شەستیەکی سلێمانی فڕێدا، (ت) بۆ دەربازکردنی گیانی خۆی و منداڵەکەی خۆی گەیاندبووە ئاسایشی سلێمانی، کەسوکاری (ت) بەچەند شێوەیەک هەوڵیاندا کچەکەیان بگێڕنەوە بۆ لای خۆیان، سەرەنجام توانیان دوای مۆرکردنی کەفالەتی گیان وماڵیی، (ت) وەرگرنەوە لەو کاتەوە تا ئێستا (ت)و منداڵەکەی بێ سەروشوێنن، نەک هەر هیچ هەوڵێک لە سەلامەتی گیانیان نیە بەڵکو هەموو ئەو هەواڵانەی کە بە ئێمە گەیشتووە ئەوە دەرەخات کە منداڵەکەی (ت) فڕێدراوەو (ت)خۆشی کوژراوە.

(م.ع) کارمەندی ئاوو ئاوەڕۆی سلێمانی لەڕۆژی ١٩٩٩/١/١٣ فڕێندراو دوای چوار ڕۆژ لەدیارنەمانی، تەرەمەکەی بە شێوێندراوی لەنزیک معەسکەر سەرداوی سلێمانی دۆزرایەوە، بەتۆمەتی ئەنجامدانی ئەم تاوانە کەسێک بە ناوی (س.م) لەلایەن پۆلیسی سلێمانیەوە دەستگیرکرا، ئەوکات ئێمە ناوەندی هاوبەشی ڕێکخراوەکان ڕاگەیاندنێکمان لەسەر ئەم تاوانە بڵاوکردەوە، شایەنی باسە ڕۆژی دادگایکردن لەبەردەم دادگای سلێمانیدا چەند کەسێکی چەکدار تەقەیان لە برایەکی (م) کردو بەسەختی بیرنداریان کرد، ڕۆژی ١٩٩٩/٥/١١(س.م) لە دادگای سلێمانی بەرائەتی وەرگرت و ئازادکرا!!

جەماوەری ئازادیخواز:

ئەم تاوانە بەربەریانەو هەزاران تاوانی تر کە لەچەند ساڵی ڕابردودا بەهەقی ژنان و ئافرەتانی کوردستان کراون هەموویان بەپێی دابونەریتی کۆنەپەرستانەو قانونەکانی عێراقی ئەنجامدراون و لەڕوانگەی ئەم قانونەوە ئەم کوشتنانە تاوان نین و شەرعیەتیان هەیە! ئێمە ناوەندی هاوبەش لە ٨ی

مارسی ئەمساڵدا نارەزای خۆمان دژی بەند بە بەندی ئەم قانونانە هێنایە مەیدان و داوای هەڵوەشاندنەوەی دەستبەجێمان کرد.

ئێمە وەک ناوەندی هاوبەشی ڕێکخراوەکان، دوای ئەو هەموو بەڵێن و پشتیوانیانەی کە لەلایەن دەسەڵات و کەسانی ئازادیخوازو یەکسانیخوازەوە بوونە پاڵپشتی خەبات و خواستی ئێمە، بەڵام ئەوەتا ئەو تاوانەنە دوای ئەو بەڵێنانە ئەنجامدراون، هەربۆیە ڕای دەگەینین پێش هەرشتێک دەبێت ئەو قانونانەی کە شەرعیەتیان بەم تاوانانە دەدات هەڵبوەشێتەوە، هەروەها داوادەکەین کە تاوانبارانی ئەم دوو تاوانە دادگای ئاشکرای جەماوەری بکرێن و مەلەفەکانیان ئاشکرابکرێت، کە هەر ئێستا خەڵکی کوردستان دەیان پرسیارو قسەی لەسەریان هەیە!

مەرگ بۆ تیرۆری ژنان!

ناوەندی هاوبەشی ڕێکخراوەکان[١٦٠]

١٩٩٩/٥/٢٠

---

[١٦٠] لەماوەی ساڵەکانی ١٩٩٦–١٩٩٩ ژمارەیەکی زۆر لە ڕێکخراوەکانی ژنان لە کوردستان کۆمیتەیەک دروست دەکەن بۆ کاری هاوبەش و دواتر دەبێت بە ناوەندی هاوبەشی ڕیکخراوەکانی ژنان لە کوردستان.ئەم ناوەندە چەندین کاروچالاکی ئەنجام دەدات، یەکێک لە چالاکیەکان لە ساڵی ١٩٩٩–٢٠٠٠ ئەنجامدانی چالاکی فرەچەشن بوو بۆ ئاڵوگۆڕی یاساکانی باری کەسێتیی کە گەورەترین دەسکەوتی ئەم کارانە دەرکردنی بڕیاری ژمارە ٥٩یە کە کوشتنی ژنان بە بەهانەی شەرەف، وەک کوشتنی ئەنقەست دەناسینێت.

## بەڵگەنامەی ژمارە (١٠٦)

## خۆتان مەسوتێنن

ژنانی ستەمکێش و ناڕازی

جەماوەری ئاوادیخوازی کوردستان

ئێمە سەدبار وتمان، ئازادی ژنان پێوەرە بۆ ئازادی کۆمەڵگەیەک کە جەهەنمێک بێت بۆ ژنان و کوشتنی ژن کاری هەمە ڕۆژەی بکوژانی ژنان بێت و کومەڵگەیەک کە ژن تیایدا ناچار بە خۆسوتان بێت. قایل بوون بە ژیان لەم کۆمەڵگەیەدا شەڕم و خەجاڵەتیە، کۆمەڵگەیەکی ئاوا دوورە لەهەر پێوەرێکی ئینسانیەوە.

جەماوەری ئازادیخواز

وەرن لەگەڵمان و ببیستن با چەند وێنە و نمونەیەکتان بۆ باس بکەین! سەیری ئەم چەند سیناریۆ ڕەشە و ئەم چەند ڕۆژە لەژیانی چەند ژنێک بکەین!

هێشتا هەواڵی کوشتنی (ت) و (م) لەنێو خەڵکدا گەرم بوو کە (ز.س) لەگەڕەکی ز لەشاری سلێمانی، لەڕۆژی ١٩٩٩/٥/٢٣ پاش ئەوەی کە هاوسەرەکەی بە ناوی (هـ‍ح)ەوە سوکایەتی زۆری پێدەکات و لێیدەدات، هەروەها بە شێوەیەکی وەحشیانە لەمنداڵەکانی دەدات، شقارتە دەداتە دەستی (ز) بۆ ئەوەی خۆی بسوتێنێ، بەم شێوەیە کڵپەی ئاگر لەجەستەی (ز) بەرز دەبێتەوە.

(ش.ع) کە قوتابی پۆلی یەکەمی ناوەندیەو تەمەنی ١٣ ساڵانە و شەوی ٢٠-١٩٩٩/٥/٣١ لەناو ڕەفتاری پیاوسالارانە و سوکایەتی زۆری براکەی پێی. ئاگر بەردەداتە جەستەی خۆی!

(ج.ع) تەمەن ٢٢ ساڵ، منداڵەکەی تەمەنی ١٠ مانگە، ڕۆژی ١٩٩٩/٥/١٥ لەئۆردوگای بنەسڵاوە لەشاری هەولێر، لەکاتێکدا کە دەچێت بۆ نەخۆشخانە لەڕێگا دەفرێندرێن و دوای دوو ڕۆژ لاشەی گولەبارانکراوەی دەدۆزرێتەوە!

جەماوەری ئازادیخواز

سەیرکەن پیاوسالاری، نایەکسانی نێوان ژن و پیاو، چ جەهەنمێکی بۆ ژیانی و ژنان و گشت ئینسانەکان دروستکردووە، مەگەر ئەوە پیاوسالاری و

سوکایەتی و ئیهانەی لەڕادەبەدەر بە ژنان نیە، کە ئەو ژنانەی ناچارکردووە پەنا ببەنە بەر سوتاندنی جەستەی خۆیان، مەگەر ئەوە پیاوسالاری نیە ژنانی والێکردووە لەژیانی خۆیان بێزاربن، تا ئەو ڕادەیەی کڵپەی ئاگر بەردەنە جەستەی خۆیان، مەگەر ئەوە پیاو سالاری و دەمارگیری ئەخلاق و یاسا کۆنەپەرستانەکان نیە کە دەستی پیاوان و خێزانەکانی ئاوەڵاکردووە کە هاوسەرو خوشک و دایکی خۆیان بەردەنە بەر دەستدرێژی گولەو حوکمی مەرگ بدەن بەسەریاندا، پیاو سالاری سونەتێکی گەندەڵ و پیسە، فڕێی بدەن، پیاوسالاری و نایەکسانی نێوان ژن و پیاو بۆتە هۆی خولْقاندنی هەزارەها تاوان و کارەسات، بۆتە مایەی تەواوبونی ژیانتان و تۆوی خۆشەویستی نێوانیانی لەبەین بردووە، بۆیە دەستی لێهەڵگرن و ئەو بەرگە پیسە فڕێ بدەن، بێگومان ئەو ڕاستیەش دەبێت لای ژنانی ناڕازیش ڕۆشنبێت کە خۆسوتاندن هەرگیز ڕێگە چارە نیە بۆ چارەسەر کردنی کێشەکانتان، بەڵکو خەبات بۆ گۆڕینی ئەم وەزعیەتە تەنها ڕێگەیە بۆ ڕزگاریان.

ئێمە ژنانی ناڕازی بانگەواز دەکەین کە بێن و کێشەکانتان بێنن بۆ لای ئێمە، کە قەڵغانێکی بەهێزو دیفاع کەری بێ ئەملاو ئەولای ئێوەین. چارەسەر لەڕووبەڕووبونەوەی پیاو سالاری و وەزعیەتی پڕ لەچەوساندنەوەی ژنان دایە، وەرن لەگەڵمان با پێکەوە قۆڵی خەباتی لێ هەڵماڵین.

جەماوەری ئازادی خواز

تەواوی ئەو تاوانانەی کە دەرهەق بە ژنان ئەنجام دەدرێت و ئەو جەهەنمەی کە بۆ ژنان دروستکراوە و تێیدا ژنان دەسوتێنرێن و ناچار بە خۆسوتاندن دەکرێن، بەپێی قانونەکانی احوال شخصی عێراقی دەچێتە پێشەوە، ئەو قانونەی کە هیچ مافێکی بۆ ژنان بە ڕەسمی نەناسیوە، بۆیە ئێمە داواکارین دەست بەجێ ئەم قانونە هەڵبوەشێنرێنەوە و فڕێ بدرێن، بەدیلی ئێمە بۆ ئەو قانونە حازر و ئامادەیە، یاسای یەکسانی ژن و پیاو دەبێ جێگەی یاسای کۆنەپەرستی احوال شخصی بگرێتەوە.

بمرێ پیاوسالاری و کوشتنی ژنان

بژی یەکسانی ژنان و پیاوان

ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان ١٩٩٩/٦/٢

## بەڵگەنامەی (١٠٧)

## کۆمەڵاتی خەڵکی کوردستانی تێکۆشەر

ئەی خاوەن قەڵەمی ئازادو ڕۆشنفکرانی گەلەکەمان وا ئەمجارە دوژمنانی ئازادی و مرۆڤایەتی بەدەستی لەرزۆک و نامەردانەیان ویستیان مامۆستای بەڕێز(سوهیب امین قادر) تیرۆر بکەن بە دەمارنچەی بێ دەنگ وەک تێکۆشەر(فەرهاد فەرەج[١٦١])یان شەهید کرد.. وە هەوڵی تیرۆرکردنی چەند خەڵکی تریان داوە بۆ کپ کردنەوەی بیروباوڕیان، ئەوەی ڕاستی بێت ئەمە لەکاتێکدا ئەکرێت کە هەموو لەهەوڵی ئەوەداین بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەک بۆ پێکەوە ژیان و هاوخەباتی و خزمەتکردنی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، وەکو هاوپەیمانی دیموکراتی کوردستان هەمیشە هەوڵی ئەوە دەدەیت کە پێکەوە باشترین ڕێگا بگرینە بەر بۆ خزمەتی خەڵکی کوردستان و بۆ شتیوانی لەحکومەتی هەرێمی کوردستان، وە ڕێزگرتن لەبیروباوڕ، وە هەمیشە دژی کاری تیرۆرستی و پیاوکوژی بوین و ئەبین، وە نامانەوێت ئەم ئازادیە کە بەخوێنی شەهیدان بەدەستمان هێناوە تێکدەران و سەرلێشوان لێمان تێک بدەن، وە ئەو دەستە چەپەڵەی دەیەوێ فکرو ئازادی لەمێشکی خەڵکی دەبهێنێ، لەئایندەیەکی نزیکدا دەرئەکەوێت و ڕسوا ئەکرێن ئەکەونە بەر رقوکینەی ئەم شارە زیندووەو تێکۆشەرانی، هەر لێرەشەوە بە ناوی هاوپەیمانی دیموکراتی کوردستانەوە بەڵێن تازە ئەکەینەوە بۆ میللەتەکەمان. کە ئەم سەنگەرە بەهێزە بەهێزتر بکەین وە تیرۆریزم و ئاغاکانیان مەحکەمە بکەین لەهەر جێگەیەک بن، وە داوامان لەکۆمەڵانی خەڵکی کوردستانەکە هاوکاریمان بکەن بۆ دۆزینەوەیان ئەوانەی بەم کارە نامەردانەیە هەڵدەستن بۆ ئەوەی بدرێتە

---

[١٦١] فەرهاد فەرەج: لەدایکبوی ساڵی ١٩٦٦ سلێمانیە، کادیرێکی جەماوەری و مەیدانی خەباتی چینایەتی بووە، ماوەیەک جێگری سەرۆکی ڕێکخراوی بێکارانی سلێمانی بوو، دواتر لەساڵی ١٩٩٥ بووە سەرۆکی ڕێکخراوی بێکارانی کوردستان لە سلێمانی. لە دوای ڕاپەرینەوە لەگەڵ جەند هاورێیەکی سەرپەرشتی ڕێکخستنیکیان دەکرد بەناوی (ڕێکخراوی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕانی کۆمۆنیستی)، لە ئێوارەی لە ١٩٩٩/١٠/١٧لەلایەن دوو چەکدارەوە لەبەردەگای ماڵی خۆی تیرۆر کرا. https://www.kurdistanpost.nu/?mod=news&id=81380

دادگاو مەحکەمە بکرێن، با ئەو قاتڵ و بکوژانە بزانن کەس لەدەست ڕق و هێزی میللەت ڕزگاری نابێت، وە ئاشکرا دەبن و دەبنە جێگای نەعلەت بوون.

دەبا هەموو بێکەوە لەگەڵ لایەنە دڵسۆزەکانی میللەتەکەمان هەوڵی ڕاستەقینە بدەین بۆ دۆزینەوەیان، ڕیزەکانمان لەجاران باشتر بەهێز بکەین دژی قاتل و تیرۆرستان.

سەرکەوێ بیری ئازادی و کوردایەتی و قەڵەمی ڕەسەن، ڕسوابن دەستی قاتل و پیاوکوژان، سەرکەوتوبێت ئیرادەی گەل.

هاوپەیمانی دیموکراتی کوردستان

١٩٩٩/١٢/١٢

# بەڵگەنامەی ژمارە (١٠٨)
# تاوانەکانی PKK تاوانبار دەکەین

جەماوەری گەلی کوردستان !

ڕێکخراوەکان جەماوەری و پیشەییەکان و ئافرەتانی کوردستان !

گومانی تێدانیە کە پێی ئەو غەدرە مێژوویەی کە لە گەلی کورد کراوە، هەردەم ناحەزان و نەیاران ویستویانە گوومناوو شوێن بزری بکەن و ناسنامەی نەتەوەی کاڵ بکەنەوە، بۆیە دوای ئیفلیج بوونی زمانی دایەلۆگ و مێزی گفتوگۆ، پەنای بردۆتە بەڕ شۆڕش و شاخ، هەلبەتە لەو ڕێڕەو ئامانجەشدا سەدان قوربانی داوەو توشی دەیان کارەساتی جەرگبڕ بووەتەوەو تەنانەت سیاسەتی قڕکردن و جینۆساید کردنیان دەرهەق بەم نەتەوە ئاشتیخوازە پیادە کردووە.

تا ئەوەی لە ئاکام دەرئەنجامی شۆڕش و ڕاپەڕین و بزاڤەکانی گەلی کورد و پربوونی جامی سەبری جەماوەری کوردستان ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ی لێکەوتەوە، کە زۆربەی ناوچەکانی ئەم پارچەیەی کوردستان ئازادکراو خەونی لە مێژینەی گەلی کورد لە پەڕلەمان و حکومەتی کوردستان هاتەدی و بوین بە خاوەن پەڕلەمان و حکومەت،کە بەری ڕەنج و خوێنی ڕۆڵەکانی ئەم گەلەیە.

لێرەشەوە ئەو دەستکەوتە مێژوویە بووبە خەتەرێکی ترسناک لەبەردەم دوژمنان و ناحەزانی کورد، بۆیە کەوتنە پلان و پشێوی نانەوە بۆ لە باربردنی ئەم تاقیکردنەوە مەزنە، لە کاتێک ئەم دەستکەوتە مێژوویە پشتگیریەکی تەواوی زۆربەی وڵاتە زلنێزەکان و جیهانی دەستەبەر کردووەو دەنگی ئازادیخوازانە و مەزڵومیەتی گەلی کورد گەیشتۆتە نێو هەموو سوچێکی ئەم گێتییە، دۆستانی کورد لە سەرجەم دنیادا بە پەرۆشەوە دەڕواننە ئەم ئەزموونە.

جێگای داخە حزبێکی وەک پارتی کرێکارانی کوردستان (PKK) بە بێ دووربینی و هیچ واقع بینیەک لە ئاست ئەم هەلومەرجەدا، بە ڕێنمایی دوژمنان سەنگەری ڕاستەقینەی خۆی جێهێشتووە و شەڕێکی ناعادیلانەی خستە ناوچەکەوە، بەتایبەت دوای ئەنجامدانی کۆمەڵە کارێکی تەخریبی کە هەرگیز

لەگەڵ ڕەوتی ئەمڕۆی جیهان و مرۆڤایەتی ناگونجێ و بگرە لە گشتدنیادا مەحکوم دەرکرێ و دژی دەوەستن، وەک مین ڕێژکردنی ڕێگاو بانی هاتووچۆی شارۆچکەو گوندەکان، کە تێیدا خەڵکێکی بێ دیفاع دەبنە قوربانی، دواتریش دزین و بردنی مەڕ و ماڵات و سامانی جوتیاران، هەر بەوەشەوە نەوەستاون کەوتونەتە وێزەی گوندەکان و سوتاندنیان و دواتریش گوشتنی هاوڵاتیانی بێ دیفاع، لە کاتێکدا کە دڵسۆزانی کورد و کێشەکەی ئەم گوندانەیان ئاوەدان کردۆتەوە و هاوڵاتیانیشی خەریکی کاری خۆیانن. بەڵێ پار ساڵ جگە لە سوتاندنی گوندەکانی (دێزو وەرتێ) پەلاماری برا تورکمان و ئاشوریەکانیشیانداو ڕۆژانە دژی جەماوەری گەلەکەمان کاری تیرۆرستیان بە ناوی چالاکی سەربازی بەڕێوە برد وەک بڵێی پەندیان لە ڕابردوو وەرنەگرتبێ و چەند ڕۆژ بەر لە ئێستا بێ هەست کردن بە هیچ بەرپرسیاریەتییەک و بێ دەرک کردن بە مەرگەساتی مرۆڤی کورد لە گوندی (بازێ) چوار مێردمنداڵیان بە دڕندەترین شێوە شەهید کرد، لە کاتێکدا ئەم جۆرە کارانە لەخانەی ئیرهابیدا نەبێ لە هیچ خانەیەکی تردا جێگیر نابن. کوشتنی چوار مێرد منداڵی بێ دیفاع ئەگەر تیرۆر نەبێ چیە ؟

بۆیە ئێمە بە توندی هەموو کارێکی ئیرهابی و تەهریبی و تیرۆرستی لە سەرەتاسەری جیهان بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی مەحکوم دەکەین و دژی دەوەستین و داواکارین هەرچی زووە P.K.K دەست لەو کارانە هەڵبگرێت و چیتر شەڕبە خەڵکی بێ دیفاعی کوردستان نەفرۆشێ و کوردستانی عێراق بە جێبهێڵێ و واز لە دژایەتی کردنی ئەم ئەزموونە بهێنێ.

یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان

یەکێتی قوتابیان و لاوانی بێت نەهرێن

هاوبەندی خوێندکارو لاوانی دیموکراتی کوردستان

یەکێتی قوتابیانی تورکمانی عێراق

یەکێتی خوێندەڤانانی نەتەوەی کوردستان

هاوبەندی قوتابیان و لاوانی میللی کوردستان

یەکێتی پێشەنگانی کوردستان

یەکێتی خوێندکار و لاوانی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان

یەکێتی قوتابیان و لاوانی ئاشووری

یەکێتی قوتابیانی کوردستان

## یاداشتنامەیەک

**لە کۆمیتەی هاریکاری ڕێکخراوەکانی خوێندکاران و لاوانی کوردستان**

بۆ بەڕێزان /

* ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان (UN).
* کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سور.
* ڕێکخراوی یونسکۆ.
* سەرۆکایەتی ئەنجومەنی خوێندنی باڵا.
* لایەنە سیاسییەکان.
* ڕێکخراوە پیشەیی و جەماوەری دیموکراتییەکان.

**سڵاوی ڕاستەقینە** ....

شەوی ٢٠،١٩ ی ئەم مانگە لە شاری هەولێر دەستێکی تیرۆریستی پارتی و بە چاوساغی یەکێتی ڕووزەردی قوتابیان هەڵیان کوتاوەتە سەر ماڵی خوێندکارو وەرزشکار ( **وەلی سیامەند فتح اللە** ) کە خوێندکاری کۆلیژی پەروەردەی وەرزشییە. پاش دەرهێنانی لە ماڵ بەشێوەیەکی دڕندانە تیرۆریان کرد.

ئێمە وەک کۆمیتەی هاریکاری پرسەو سەرەخۆشی لە خێزان و کەس و کاری شەهید دەکەین لە هەمان کاتدا بە توندی ناڕەزایی خۆمان دەردەبڕین بەرامبەر بەم کارە کە دژ بە هەموو یاساکانی نێودەوڵەتی و مافەکانی مرۆڤە . داواکارین لە بەڕێزتان دژ بەم کارە تیرۆریستییە بوەستن و چیتر ڕێگە نەدەن کە خوێندکارو لاوانمان ببنە قوربانی دەزگا تیرۆریستییەکانی پارتی.

* یەکێتی خوێندکارو لاوانی زەحمەتکێشانی کوردستان.
* یەکێتی خوێندکارو لاوانی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان.
* یەکێتی خوێندکاران و لاوانی سەربەخۆیی کوردستان.
* کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان.

١٩٩٧/٧/٢٤

**سلێمانی**

یەکێتی ئافرەتانی کوردستان

## بەڵگەنامەی ژمارە (٩٠)

# پشتیوانی لەکەس و کاری منداڵە وون بووەکانی شاری سلێمانی

ماوەیەکە لەکوردستاندا دیاردەی دیارنەمان و وون بوونی منداڵان بەشێوەیەکی بەرچاو سەری هەڵداوەو لەزیادبووندایە و بەمجۆرە دڵە راوکێ و نائەمنی شارو شارۆچکەکانی گرتۆتەوەو خەمی دیارنەمانی منداڵان دڵە خورپەی خستۆتە دڵی خێزانەکانەوە کەئەمەش چۆتە پاڵ هەموو ئەو موسیبەتانەی کەلەماوەی ئەم چەند ساڵەدا بەسەر شانی خەڵکەوە بووەو وێڕای برسێتی و نەبوونی و هەژاری و نەخۆشی و بێدەرمانی و پاش چەند ساڵ بەخێوکردنی منداڵان بەکوڵە مەرگی ، هێشتا ترس و نیگەرانی لەدیارنەمانی منداڵان یەخەی ئەم خێزانە هەژارانەی گرتووە،

بەپێی راگەیاندنێک کەلەلایەن کەس وکاری منداڵەکانەوە بەبەرواری ١٩٩٧/٧/١٩ بەدەستمان گەیشتووەو بەپێی قسەی ئەو خێزانانە منداڵەکانیان لەلای (pkk)ن و مامەڵەیەکی نائینسانی وتوورسیان لەگەڵ دا ئەکرێ لەمعسکرەکانیاندا.

ئەم سیاسەتەی کە (pkk) گرتویەتیەبەر لەگەڵ هیچ پێوانەیەکی ئینسانی‌دا نایەتەوە کەکاری منداڵان و بەزۆر سیاسەت پێکردن و چەکدارکردنیان و بازرگانی پێوەکردنیان قەدەغە ئەکات، بەڵام (pkk) گیانی ناسکی ئەم منداڵانە ئەکاتە قوربانی سیاسەتەکانی خۆی.

ئێمە ئەم رێکخراوانەی لای خوارەوە ئەم سیاسەتە بەتوندی رەت ئەکەینەوەو رایدەگەیەنین کەمنداڵان نابێ بەهیچ جۆرێک بخرێنە ژێر باری سیاسەت و چەکدار بوونەوەو ئەبێ (pkk) دەست لەم سیاسەتەی هەڵبگرێ و بەزووترین کات ئەو منداڵانەی کەلەخوار شانزە ساڵی‌یەوەن بێ قەیدو شەرت بگەڕێنرێنەوە لای خێزانەکانیان و هەر کەسێکیش کەلەسەرو ئەو تەمەنەوەیە ئەبێ ئازادانەو بەئیرادەی خۆی هەر حیزبێک و سیاسەتەکەی هەڵبژێرێ نەک بەزۆر یان بەهۆی ئستغلال کردنی وەزعی بژێوی و نەبوونی‌یەوە.

هاوکاتیش پشتیوانی خۆمان لەداوای ئەو خێزانانە دەربەبڕین و بەشێوازی جۆراوجۆر کار بۆ داواکەیان ئەکەین.

**ئیمزاکان :-**

**-یەکێتی بێکاران لەکوردستان**

**-رێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان**

**-رێکخراوی مامۆستایان لەکوردستان**

**-رێکخراوی کرێکاران و کارمەندانی تەندروستی**

**-شورای کرێکارانی البسە**

**١٩٩٧/٨/١**

**وێنەی بۆ/**

**-UN**

**-رێکخراوی لێبوردنی نێو دەوڵەتی**

**-رێکخراوە فریاگوزاری و خێرخوازەکان**

**- رێکخراوو ئتحادیەکرێکاریەکان لەدەرەوەی وولات**

**-حیزب و لایەنە سیاسیەکان**

**-دەزگاکانی راگەیاندن**

بەڵگەنامەی ژمارە (٩١)

# بەیاننامەی نارەزایەتی سەبارەت بە هەڵمەتی ئیعدام کردنی زیندانە سیاسیەکانی ئەبو غرێب

دوابەدوای راپەرینی خەلکی ستەمدیدەی کوردستان و ئازاد کردنی زۆربەی ناوچەکانی کوردستان، شالاوی گرتن و ئیعدام کردن بە تۆمەتی سیاسی لە لایەن رژێمی بەعسەوە، بەردەوام بووە لەسەر پیادە کردنی سیاسەتی شۆڤینیانەی خۆی بە تایبەت لەو ناوچانەی کە لە ژێر دەسەلاتی خۆیدا بووە، بێ گوێ دانە هیچ فشارێک و رێز گرتن لە مافەکانی مرۆڤ.

دوابەدوای ریسوا بوونی رژێمی بەغدا لە مەحفەلی نێو دەولەتیو کەوتنە ژێر چەندین بریاری نێو دەولەتی سەبارەت بە پێشێل کاری دەرهەق بە گەلانی عیراق بە گشتیو گەلی کوردستانیش بە تایبەت لەمانەش بریاری (٦٨٨) و چەندین بریاری تر. هەرچەندە فشاری ئۆپۆزسیۆنی عیراقی و کوردستانی بە تایبەت بەردەوام بوونە بۆ سل کردنەوەی ئەم رژێمە، بەلام خیانەتکاریەیە مێژوویەکەی (٣١) ی ئاب وبێ دەنگ بوونی نەتەوەیەکگرتوەکان لە ئاست گەرانەوەی رژێمی عیراق بۆ ناوچەکانی کوردستان و لاوازی ئۆپۆزسیۆنی عیراق، جارێکی تر دەرفەتی پیادەکردنی سیاسەتی گرتن و ئیعدام کردنی بۆ رەخساند، ئێستاش وا لەبەر چاوی هەموو گەلانی عیراق و کوردستان دەستی کردووە بە شالاوی ئیعدام کردنی زیاتر لە (٦٥٠) کەس بە نهێنی و (٢٥٠) کەسیش بە ئاشکراو هەندێکیان دوای سەپاندنی بریاری زیندانی بە سەریانداو لە دەشی (احكام خاصة) پاشان بەرەو بەشی ئیعدام کردن براون و بە کۆمەل لە سێدارە دراون. ئەم تاوانەش یەکێکە لەو تاوانە وەحشیەت گەرانەی رژێمی دیکتاتۆری بەغدا.

هاوکات لەگەل ئەم تاوانانەشدا لە کوردستانیش لەو ناوچانەی لەژێر دەسەلاتی (پارتی) هەمان سیاسەتی شالاوی گرتن و ترقاندن بە تۆمەتی سیاسی بوون بەردەوامەو بەبێ جیاوازی لەبو غرێبێکی تر لە (ئاکری) دا دروست بووە.

بۆیە داواکارین لە رای گشتی جیهان بە تایبەت رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و نەتەوە یەکگرتوەکان (UN) کە فشاری زیاتر بخەنە سەر رژێمی بەغداو سنورێک بۆ ئەم وەحشیەت گەریە دابنێن و ئێمەش وەکو ئەم رێکخراوانەی لە خوارەوە ناومان هاتووە بە توندی رسواو مەحکومی دەکەین.

بروخێ دیکتاتۆریەت

بژی ئازادی سیاسی

دەستەی زیندانە سیاسیەکانی کوردستان
کۆمیتەی بالا

یەکێتی خوێندکارو لاوانی زەحمەتکێشان
لقی سلێمانی
١٩٩٧/٨/٨

بەڵگەنامەی ژمارە (٩٢)

بەیاننامەیەک بۆ جەماوەری شاری سلێمانی

جەماوەری بەشەرەف و ئازادی خوازی شاری سلێمانی هەروەکو ئاگادارن چەند مانگێکە (P.K.K) لەشاری سلێمانی بەشێوەیەکی بەربڵاو دەستی داوەتە فڕیودان و چەکدار کردنی منداڵان و وەهەتا ئێستا سەدان منداڵیان لە شاری سلێمانی و دەوروبەری بۆ ناو بارەگا و شەڕگەکانی خۆیان ڕاپێچ کردووە و هاوکاتیش ڕێگا بە بینین و هەواڵ پرسین و مۆڵەت دانی منداڵەکانمان نادەن و لەژێر فشاری هەڕەشە و ترس دا دەستیان بەسەر منداڵەکانمان دا گرتووە. ئێمە کەس و کاری ئەم منداڵانەی خوارەوە هەتا ئێستا سەرجەم دەزگاکانی حکومەتی هەرێم و دەسەڵاتدارانی شاری سلێمانی مان ئاگادار کردۆتەوە کە فشار بخەنە سەر (P.K.K) و منداڵەکانمان ئازاد بکەن، بەڵام بە داخەوە هەتا ئێستا دەسەڵاتداران بە کردەوە هیچ کارێکیان بۆ نەکردووین و ڕۆژانەش هەتا دێت (P.K.K) هەوڵێکی درێژە دانە بە فڕیودان و ڕفاندنی منداڵان و تەنانەت بەبەرچاوی دەسەڵات دارانەوە عصابەکانی (P.K.K) تیهانەمان پێ دەکەن و هەڕەشەمان لێ دەکەن کە چیتر سۆراخی منداڵەکانمان نەکەین. بۆ نموونە ڕۆژی ١٩٩٧/٨/٦ عصابەیەکی (P.K.K) بەناوی (بە[illegible]) لە هەڵەبجەی تازە دایکی ڕەنج (ف[illegible]م) دەداتە بەرشەق و بووشی تەزیف دەبێت و منداڵێکی کۆرپەی لەبارەش دەکەوێتە خوارەوە و دەبورێتەوە پاش هەفتەیەک چاک دەبێتەوە هاوکاتیش سێ عصابەی تری (P.K.K) بەناوی (ج[illegible] بە[illegible] پ[illegible]) ڕۆژی ١٩٩٧/٨/٧ چوونەتە سەر ماڵی (ش[illegible] عب[illegible] و پە[illegible] ع[illegible]) سەرەرای سوکایەتیەکی زۆر هەڕەشەیان لێکردووین کە هیچ هەوڵێکی تر نەدەین بۆ منداڵەکانیان لەهەمان کات دا (P.K.K) سوکایەتی و هەڕەشە لەو حیزب و لایەنە دەکات کە پشتیوانی مان لێدەکەن.

خەڵکی ئازادی خوازی شاری سلێمانی ئەمڕۆ منداڵەکانی ئێمە وەزعێکی زۆر خراپ بەسەر دەبەن و هاواری گریان و زریکەیان لەسەربازگەکانی (P.K.K) دا ویژدانی هەموو ئینسانێکی بەشەرەف رادەچڵەکێنن و هەتا ئێستاش لەژێر رەحمەتی گوللەبارانی شەڕدا راگیراون و ماونەتەوە. ئێمە بۆئەوەی سەلامەتی و ژیانی منداڵەکانمان بپارێزین و پێیان شاد ببینەوە و بۆ ئەوەی منداڵەکانی ئێوەش بەم دەردە نەبرێن وەرن بە ڕیزی ئێمەوە پەیوەست بن و پشتیوانی مان لێبکەن بۆ هەر کاتێک و ناڕەزاییەک کەئێمە لەپێناوی منداڵەکانمان دا دەستی دەدەینێ، ئێمە پێویستمان بە هاوڕەنگی و هاودڵی و پشتیوانی ئێوەیە. تەنها هێزی یەکگرتووی هەموومان دەتوانێ دەسەڵاتداران ناچار بکات کە منداڵەکانمان بۆ بگێڕنەوە و دەستی (P.K.K)ش کۆتا بکات کە جارێکی تر منداڵان نەکەنە سووتەمەنی شەڕەکانی خۆیان چەکداریان بکەن.

کەس و کاری منداڵە ڕفێنراوەکانی شاری سلێمانی

١٩٩٧/٨/١٥

بەڵگەنامەی ژمارە (٩٣)

با هەموومان لە پێناوی بەفیڕۆ نەدانی خەبات و قوربانی کورد و
لە دەست نەچوونی ئەم ئەزموونەی گەلەکەماندا خەبات بکەین ..

ئەی خەڵکی جوامێر و خۆڕاگری کوردستان ..
ئەی جەماوەری ڕەش و ڕووت و بێناز و پەرسپێنەکراوی ئەم کوردە خێر نەدیوە ..

ئاشکرایە ، شەڕی شووم و ماڵی کورد وێرانکەری ناوخۆی کوردستان ، ڕەوشی کورد و دەزگا کارگێڕییەکانی کوردستانی خستۆتە بنبەستێکی سەختەوە و گورزێکی پشتشکێنی وای لە گەلەکەمان سرەواندووە کە خەریکە ئەزموونەکەی بەرەو هەڵدێر ببات و جڵەوی کار لەدەست کورددا نەمێنێ و بەرژەوەندیی نیشتمانی و نەتەوەییمانی گەیاندۆتە بارودۆخێکی ترسناک و دوژمنانی سەرەکی و داگیرکەرانی کوردستانی بیر بردووینەتەوە ، بە تایبەتی پاش دەستپێکردنەوەی خولی ئەمجارەی شەڕ و بە ئاشکرا پەلکێشکردن و چاو ساغی ئەوپای فاشست و کورد کوژی تورک و پشتی کینەو داخی شۆڤێنیانەی کاربەدەستانی کۆنەپەرست و مرۆڤکوژی تورک ، وەك پیشەی هەمیشەیی داگیرکەرانمان و بە بەرچاوی دنیاوە دڕندانە بۆردوومان کردنی گوند و شارۆچکەو خەڵکی بێ چەك و دەرەتانی کورد بە بۆمبای قەدەغەکراوی ناپاڵم و هێرشی و پێشێل کردنی سەروەریی خاکی کوردستان و دروستکردنی پشتێنەی ئارام و گوێ نەدانە هیچ داب و نەریتێکی دراوسێیەتی و ئاینی و مرۆڤایەتی و ، هەر ئەو شەڕە شوومەی ناوخۆیش بووە هۆی سازش و سازشکاری و پەنا بردنە بەر داگیرکەران و سەرباری ئەوەش وەك درێژەی پێشێلکارییەکانی مافی هەر لە سەرەتاوە زەوتکراوی مرۆڤی کورد لە لایەن کورد خۆیەوە ، کەوتوونەتە دەرکردن و ڕاگواستن و ماڵ بە خەڵکی چۆڵ کردن و ئاوارەکردنی کورد و گرتن و ڕاوەدوونانی هەوادارانی یەکتر و زۆر ڕەفتاری نا مرۆڤانەی تر کە کارێکی نەنگ و قێزەونەو بۆتە شوێن ناڕەزایی و بێزاری و ئەوەندەی تر بێ متمانەیی کۆمەڵانی خەڵك و هەموو دڵسۆزان و خەمخۆرانی دوا ڕۆژی گەلەکەمان ، کە ڕێکخراوەکەمان هەمیشە ئەو لایەنە ماف پێشێلکەرانەی بە نووسراوی تایبەت و ئاگانامەو بەیانی گشتی ، لە مەترسی ئەو کارە ناپەسندانە ئاگادار کردۆتەوە وەك ئەو دوو نامە تایبەتیەی کە لە بەرواری ٥/١٠/١٩٩٧ دا بۆ بەڕێز مام جەلال تاڵەبانی ـ سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و لە بەرواری ٣٠/١٠/١٩٩٧ دا ، بۆ بەڕێز کاك مسعود بارزانی ـ سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان مان نوسیوە هەرچەندە سوودیشی نەبووبێ و گوێی بایەخ و سەلمێنەوەی بۆ شل نەکرابێ ، بۆیە دڵسۆزانە داوا ئەکەین :

١ـ کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەنجومەنی ئاسایش دەوری کاریگەری دادوەرانەی خۆیان ببینن و چیتر سیاسەتی دژە مرۆڤی ( یان و چەند هەوا ) لە گەڵ کورد بەکار نەهێنن و گوشار بخەنە سەر تورکیا بۆ وەستاندنی هەموو پێشێلکاری و دەستدرێژییە نا مرۆڤەکانی لە باکوور و باشووری کوردستاندا ، بە تایبەتی سنوور بەزاندن و بە دڕندانەترین شێوە بۆردوومان کردنی گوند و شارۆچکەو خەڵکی بێ چەکی کوردستان و دەستێوەردانی ناڕەوای کێشەی ناوخۆی باشووری کوردستان ، بوەستێنێت و ، چیتر بەنزین بە ئاگردا نەکات و ئاڵۆزتری نەکات .

بەڵگەنامەی ژمارە (٩٤)

٢- ئەوەندەی بە کورد خۆی ئەکرێت ، بەزووترین کات کێشەی شەڕی ماڵوێرانکەری ناوخۆ بەسەرەو چارەسەرێکی ئاشتیانەو بنەڕەتی ببرێت ، تاکو ئەوەندەی تر قەبەترو ئاڵۆزتر نەبێت و ئەم ئەزموونە مەزنە بە خوێن دەستکەوتووە لەدەست گەلەکەمان نەچێت .

٣- بە زووترین کات شاڵاوی نا مرۆڤانەی ئاوارەکردن و لە ماڵ دەرکردن و ڕاوەدوونانی کوردو هەموو جۆرە چەوساندنەوە و ئازاردانێک ڕابگیرێت .

لیژنەی سلێمانی
ڕێکخراوی مافی مرۆڤ لە کوردستان
١٩٩٢/١١/١

KURDISTAN HUMAN RIGHTS ORGANIZATION (K.H.R.O.)

بەڵگەنامەی ژمارە (٩٤)

**یاداشت نامەیەک سەبارەت بە تیرۆرکردنی (ص ع ا ی)**

**بۆ / دەزگاو لایەنە بەرپرسەکان**

هاوولاتی (ص ع نا) کە خەلکی شاری سلێمانی، رەگەزنامەی بەریتانی هەیە لە ١٤ / ٨/ ٩٧ گەڕاوەتەوە سلێمانی هەر لەدوای گەڕانەوەی لە رۆژی ١٤ / ٩ لە مالی باوکی تەقەی لێکراوەو بریندار کراوە، دوای ئەم ڕووداوە لەپاش گەڕانەوەی هاوسەرەکەی لە دەرەوە (ک ع د)، لە شەوی ١٣ / ١٠ / ٩٧ لە کاتێکدا بە یاوەری هاوسەرەکەی لە مالی برای مێردەکەی گەڕاونەتەوە لە بارو دۆخێکی نادیار ناوبراو کوژراوە.

ئێمە ئەم رێکخراوانەی کە لە خوارەوە ناومان هاتووە، نارەزایی خۆمان دەردەبڕین و هەموو جۆرە تیرۆرێک دژی ژنان لەژێر هەر بروبیانویەک مەحکوم دەکەین و داوادەکەین :

١ـ لێکۆلینەوەیەکی تێرو تەسەل و عادیلانە لە هەموو لایەنەکانی ئەم تاوانە بکرێت.

٢ـ ئەوانەی تاوانبارن بە کوشتنی ناوبراو بە هیچ بیانویەک ئازاد نەکرێن تاکو بکوژی (ص ع د) ئاشکرا دەبێت.

ـ یەکێتی ژنانی کوردستان

ـ یەکێتی ئافرەتانی زەحمەتکێشان

ـ سەربەخۆی ئافرەتان

ـ کۆمەلەی ئافرەتان

ـ سەنتەری راگەیاندنی ژنان

ـ ئافرەتانی سۆسیالیست

ـ خانمانی سەربەخۆ

ـ یەکگرتووی خوشکانی ئیسلامی

سلێمانی

٦ / ١١ /١٩٩٧

بەڵگەنامەی ژمارە (٩٥)



خان لەگەڵ منداڵانی قوتابخانەی هەڵەبجە

**خاتوو ((ص ع نا))**

- ساڵی ١٩٦٠ لەگەڕەکی (چوارباخ)ی سلێمانی لە دایک بووە.
- خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و خانەی مامۆستایانی لە سلێمانی تەواو کردووە و لە ١ / ١١ / ١٩٨٢ لە قەرەداغ بۆتە مامۆستا.
- ساڵی ١٩٨٤ بە شێوەی پەنابەری دەگاتە لەندەن.
- یەکێک بووە لە کادرە هەرە دڵسۆزەکانی کۆمەڵگای کورد لە لەندەن.
- ئەندامی دەستەی ((ڕۆژنامەو گۆڤاری هەتاو وهەنگاو)) بووە لە لەندەن کە سەرنوسەرەکەی کمال میراودەلیە.
- مامۆستایەکی خۆبەخش بووە لە قوتابخانەی ((هەڵەبجە)) لە لەندەن.
- وەک (مترجم) یکی خۆبەخش کاری کردووە بۆ ئەو کوردانەی پەنابەربوون لە لەندەن.
- پاش ڕاپەڕین چەند جارێک بە دیدەنی هاتۆتەوە بۆ کوردستان و دەستی هاوکاری بۆ نەداران و خەڵکی لێقەوماو درێژ کردووە.
لە ژیانی دوورە وڵاتیدا توانیوەتی کۆلێژی بیناسازی بە هاوسەرەکەی تەواو بکات پاشان پلەی (ماجستێر) لەهەمان بواردا.
هاوەڵ و قوتابیەکانی لە لەندەن دەربارەی سوبە خان دەڵێن ((سوبە خان دایکمان بوو، خوشکمان بوو.... هیچ کاتێک ڕوشەی (نە)ی لانەبوو، بە دڵفراوانیەوە وەڵامی هەموو داخوازیەکی دەدایەوەو هەوڵی چارەسەری دەدان، هەر کەسێک ڕۆژێک لە ڕۆژان سەری لە نووسینگەکەی دابێت زمانی شوێنی ئەوی هەڵگرتووە...))
- لەشەوی ١٤.١٣/ ١٠/ ١٩٩٧ لە جادە شەستیەکەی سلێمانی، لە کاتێکدا لە ئوتومبیلەکەیاندا لەگەڵ هاوسەرەکەی (کمال درەیی)بدا دەبێ، لەدوای بە زۆر دابەزاندنی !! لە لایەن چەند دەستێکی ڕەشی تیرۆریستەوە دەدرێتە بەر گوللەو شەهید دەکرێ، بەڵام هاوسەرەکەی لەم کارە تیرۆریستیە قوورتار دەبێ؟؟...
- لەسەر داوای ((وەزارەتی دەرەوەی بەریطانیا)) و شەخسی ((فرانک بیگر)) بەرپرسی کاروباری ڕۆژهەڵات کە لەم تاوانە بکۆڵرێتەوە و تاوان باران دەست نیشان بکرێت.
- لەگەڵ ئەمەدا چەندەها کەسایەتی کوردی و بیانی و پارتە سیاسیەکان و ڕێکخراوە جەماوەریەکان هەمان داوایان هەیە لە دەرەوەو ناوەوەی کوردستاندا!!
پاڕاوەی ڕانیەکان بە هاوکاری بنەماڵەی شەهید کۆڕی ماتەم بۆ گیانی پاکیزەی خاتوو ((ص ع لا)) دەگێرن.

شوێن : هۆڵی ڕۆشنبیری سلێمانی
کات : ٢،٤٥ ی عەسر
ڕۆژ : ٢٤ / ١١ / ١٩٩٧ دووشەمە

بەڵگەنامەی ژمارە (٩٥)

# شاڵاوی تۆقاندن رابگرن !

لە دوای راپەڕینەکەی بەهاری (1991)ەوە یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەستی داوەتە تیرۆرکردنی رووناکبیرانی کورد . ( ئەبووبەکر عەلی ، عەلی بزسکانی ، د . محەمەد قەرەداخی ، د . ئازاد محەمەد ئەحمەد و ئەندازیار شێرزاد محەمەد ، ) بەشێکن لە قوربانییەکانی ئەو سیاسەتە دڕندانەیە .

لەم رۆژانەیشدا ( ی . ن . ک ) هەڕەشەی کوشتنی لە نووسەران : محەمەد فەریق حەسەن ، رەئووف حەسەن ، حەمەکەریم عارف ، حەمید رێبوار ، فوئاد محەمەد ئەمین ، سەدرەدین عارف و ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی کرد . دوای ئەو هەڕەشەیە لە 4ی 11ی 1997دا لە سلێمانی نارنجۆکێک فڕێدرایە ماڵی محەمەد فەریق حەسەنی چیرۆکنووسەوە .

ئێمە بە توندی ناڕەزایی خۆمان بەرامبەر بە تیرۆر و سەرکوتکردنی رووناکبیران دەردەبڕین و داوا لە خێرخوازان دەکەین ، یەکێتی نیشتمانی کوردستان ناچاربکەن ژیانی ئەو نووسەرە هەڕەشەلێکراوانە بپارێزێ .

کۆمەڵی رووناکبیری کورد لە ئەمریکا و کەنەدا

1997.11.20

د . ئیبراهیم عەزیز ، ئەندازیار ئازاد کەمال ، جەمال بەختیار ، ئەندازیار حەسەن جاف ، دەسکۆ شیروانی ، سرور جەبار زەنگەنە ، ساقین سندی ، سۆزان کوردی ، ئەندازیار ستار شەریف ، سەردار باراوی ، سەعد مامەند ، د . عادل حوسنی ، عەبدولقادر محەمەدئەمین ، ئەندازیار عومەر شەفیق محەمەدوەند ، عالی شالی ، مەحمود توفیق خەزنەدار ، مەسعود بەرزنجی ، ڤیرا جاف ، ئەندازیار وەلید کەریم محەمەد ، د . هیوا فەروخ ، هاوار کاکەیی و یاسین بەرواری .

بە وێنەیەک بۆ کوردستانی نوێ ،

بەڵگەنامەی ژمارە (٩٦)

(( بەیاننامەی نارەزایی ))

## کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان ..........

بێ گومان مەڵبەندی لاوانی میدیا سەر بە ڕێکخراوی TDC یە وە ئەم ڕێکخراوە لە چەند وڵاتێکی تردا لەم جۆرە مەڵبەندانەی هەیە . بەشێوەیەکی سەرەکی ئامانجی ئەم مەڵبەندانە لایەنی پەروەردەیی وچالاکی هەمەچەشنەی ڕۆشنبیریە . وەئەم ڕاستیە دووپارە ئەکەینەوە کە بەڕێوەچوونی چالاکی و کاروباری پەروەردەیی و ڕۆشنبیری پەیوەندی بە خەونی لاوان خۆیانەوە هەیەو لە تێیدا تەنها شوێنێکی سەربەخۆیە کە دوورە لە پیشەی حیزبایەتی و دینیەوە . وە ( TDC ) بە تەنها لە ڕووی مادیەوە پاڵپشتی ئەم مەڵبەندانەیە کە لە زۆر شوێنی تری کوردستاندا هەیە بێ گومان وەک چالاکیەکانی کە ئەم سەنتەرانە ئەیکەن هەڵەستن گوزارشت لە خەونی گەنجەکان خۆیان دەکات . خاڵێکی تری زۆر گرنگ کە ڕوونی بکەینەوە ئەوەیە کە مەڵبەندی لاوانی میدیا وە هەموو مەڵبەندەکانی تریش هەمیشە دەرگاکانی واڵایە وە بەڕێوەچوونی کاروباری بەشێوەیەکی ئاشکرایە وهیچ نهێنیەک لەم مەڵبەندانەدا نییە ، بەڵام بەحوکمی ئەوەی ئەم مەڵبەندە مەڵبەندێکی بێ لایەن و سەربەخۆیە ئەوا دەبێتە قوربانی ئەو ململانێ و کێشمەکێشمە ناشەرعیەی کە لە کوردستاندا هەیە ، بۆیە لە بەرواری ١٧ / ١٢ / ١٩٩٧ تی ئێن تی یەکی ئەوقیت کراو لە ناو مەڵبەندی لاوانی میدیادا کە دەکەوێتە ناوشاری سلێمانیەوە دانراوە . لە کاتژمێر ( ٦ ) ی ئێوارە تەقیەوە ، زیانی مادی بەدوادا هات بەڵام خۆش بەختانە زیانی گیانی بەدواوە نەبوو .

ئێمە ئەم کارەی دژ بە میدیا بە کارێکی تیرۆریستی و تۆقاندن دەست نیشان دەکەین و بە هەڕەشەیەکی گەورەی دەزانین بۆ سەر خەونی لاوان . وە لە لایەکی تریشەوە ( میدیا ) بۆ خۆی باوەڕی بە ئازادی هەیە بۆیە هەر کەس دەیەوێت ڕەخنەی ئاراستە بکات ئەوا دەرگاکانی واڵایە ، بەڵام ئەو کارە بۆ خۆی کارێکی ناشارستانی یەو هێرشە بۆ سەر کەسان و شوێنی سەربەخۆو بیر و ڕای ئازاد و خەونی گەنجەکان .

بۆیە داوا لە بەرپرسانی شاری سلێمانی و حکومەتی هەرێم دەکەین کە چی تر ڕێگە بە تیرۆریستان نەدەن و دەستی ئەو تاوانە تیرۆریستیە بەشداری بکەن ، ئەگەرنا ئەوا ئایندەیەکی ڕەش و خویناوی چاوەڕێی خەونی هەمووان دەکات .

مەڵبەندی لاوانی میدیا
سلێمانی ١٩ / ١٢ / ١٩٩٧

وێنەیەک بۆ :
١– ڕێکخراوی T.D.C
٢ – ئەنجومەنی وەزیران
٣– وەزارەتی ناوخۆ / ( هەموو دەزگاکانی ئاسایش و پۆلیس )
٤– پارێزگاری سلێمانی
٥– هەموو لایەنە سیاسیەکان
٦– نەتەوە یەکگرتووەکان UN
٧ – خاچی سووری نێو دەوڵەتی
٨– مافی مرۆڤ
٩– هەموو دەزگاکانی ڕاگەیاندن / ( بڵاوکراوە – تەلەفزیۆن – ڕادیۆ )

بەڵگەنامەی ژمارە (٩٧)

# وەرن بە هەسانسسای (لە ) کانەوە !

بەپێی راپۆرتێك كە بە ئێمە گەیشتووە ، ژنێك بەناوی : سالێك لەمەوپێش بە ئیتهامی نامووسی دەگیرێ و بۆ ماوەی سالێك لە زیندانی شاری سلێمانی زیندانی دەكرێ. بەلام ئەم ژنە پاش تەواو كردنی حوكمەكەی لە ترسی هەرەشەی كوشتن نەیوێراوە زیندان بەجێ بێلێ و چەند مانگێك هەر لە زیندان دەمێنێتەوە. ئێستا ئەم ژنە ستەم لێكراوە ئازاد بووە ، بەلام لە ترسی هەرەشەی كوشتن خۆی شاردۆتەوەو چاوەڕێی ئەوە دەكا یارمەتی بدرێ لە دەستدرێژی و هەرەشەی كوشتن بپارێزرێت.

بەهیوای ئەوەشە دەستی بە منداڵەكەی بگاتەوە.

رێكخراوی سەربەخۆی ئافرەتان لە كوردستان وێڕای پشتیوانی و هەوڵدان بۆ یارمەتی دانی ئەم ئینسانە ، كە دواكەوتوویی و كۆنەپەرستی ژیانی لێ تاڵ و رەش كردووە ، بانگەوازی هەموو لەو هێزە سیاسی و لەو ئینسانە ئازادیخوازانە دەكات كە خوازیاری بەرابەری و حورمەتی ئینسانین ، كە بە دڵسۆزی ئینسانیەوە بە دەنگی ئیمەوە بچن و دیفاعی لێبكەن.

دیفاع لە ، دیفاعە لە ئینسان و كۆمەڵگای ئینسانی و نەفرەتە لە كۆنەپەرستی و دواكەوتوویی.

دیفاع لە كان ، دژایەتیە لەگەڵ هەر چەشنە قانون و بیرو را و كردەوەیەكی دژ بە ژن وە دەربڕینی بێزاریە لەو سونەت و داب و نەریتانە كە كۆمەڵگا بۆ ژن و پیاو دایەش دەكات و نایەكسانی لە نێوان ئینسانەكاندا دەسەلمێنێ.

رێكخراوی سەربەخۆی ئافرەتان داوا لە هەموو منظمە دولی و ئینساندۆستەكان دەكا كە كۆمەك بە لە بكەن و ئەم وەحشیگەری و رەفتار حیوانیەی كە لە كوردستان دژ بە ژنان دەكرێ لەلای بیروڕای گشتی جیهانی رسوا بكەن.

رێكخراوی سەربەخۆی ئافرەتان بە هەموو توانایەوە تێدەكۆشێ بۆ كۆتایی هێنان بەم وەزعە شەرمهێنەرەو هەموو ژنان و پیاوانی ئازادیخوازی كوردستان بۆ پشتگیریی لەم تێكۆشانە و دەربڕینی دەنگی بێزاریان لەم وەزعەو بۆ دیفاع لە كۆمەڵێكی ئازاد و ئینسانی و بەرابەر بانگەواز دەكات.

رێكخراوی سەربەخۆی ئافرەتان
١٩٩٨/٣/٢٨

بەڵگەنامەی ژمارە (٩٨)

## بەیاننامەی ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان سەبارەت بە تەقاندنەوەی نوسینگەی (یەکسانی) لە شاری سلێمانی !

ژنانی ستەمکێش!
جەماوەری ئازادیخوازی کوردستان!
حیزب و لایەنە سیاسی و جەماوەرییەکان!

سەعات ٩ی دوێنێ شەو، ڕێکەوتی ١٩–٢٠ی نیسانی ١٩٩٨، دەستێکی تیرۆریستی، بە شێوەیەکی زۆر ترسنۆکانەو بە دانانی کیلۆیەک TNT لە سەربانی بنکەی بڵاوکراوەی (یەکسانی) ئەم بنکەیەی تەقاندەوە، ئەم کارە تیرۆریستییە هیچ زیانێکی گیانی بە دواوە نەبوو بەڵام بنکەکەی تێکداوەو زەرەرو زیانی مادی بە ڕێکخراوی سەربەخۆو ماڵەکانی ئەو کۆڵانەی گەڕەکی کانێسکان گەیاندوە.

**جەماوەری ئازادیخوازو نارازی کوردستان!**

هەموو ئاگاداری ئەوەن کە ماوەیەکە تیرۆرو تۆقاندن و تەقاندنەوە، باڵی بەسەر ئەم کۆمەڵگایەدا کێشاوەو ڕۆژانە ئەم ئاوانە ڕەزیلانەیە لێرەو لەوێ ڕوودەدەن، لە ماوەی ئەم چەند مانگەدا مەڵبەندی لاوانی سیحاو سینەما دڵشادو چەند گازینۆیەکی سەتەلایت لە شاری سلێمانیو مەڵبەندی تافان لە قەرەداغ و تیرۆری چەند ژن و تیرۆری دوو کەس لە ڕابەرانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق ، لە شاری هەولێر، ئەنجام دران. بەشێک لەم جەریمانە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەلایەن مەلایانی کۆنەپەرست لە مزگەوتەکانو دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ڕەوتە تیرۆرییە ئیسلامییەکانەوە بانگەوازو فتوای بۆ دراوە. تەقاندنەوەی بنکەی یەکسانیش هەر لە درێژەی هەمان حەملەی تیرۆریی ئیسلامییەکاندایە.

ئێستا ئیتر ئەم ئینسان کوژانە تەقەلای ئەوە دەکەن کە جەوی ترس و تۆقاندن بەسەر هەموو کۆمەڵگادا زاڵ بکەن و بیکەن بە وەڵامی هەر کەسێک کە دەنگی ئازادیخوازی خۆی هەڵبڕێو داوای مافی ئینسانییەکانی بکات و ئاوات بە دنیایەکی شایستە بە ئینسان و مودێرن و عیلمانی بخوازێ.

لە هیچ کەس شاراوە نییە کە لەم ماوانەی دواییدا ئەم ڕەوتە ئیسلامییە کۆنەپەرستانە دوای ڕیسواو ناکام مانەوە لە ئاستێکی بەرینی کۆمەڵایەتیدا ئەفکارو سوننەت و کارکردی تیرهایان کەوتە بەر نەفرەت و بێزاری خەڵکی کوردستان، وە دوای ئەوەی لە مەیدانی کێشمەکێشی سیاسیو ڕاشکاوی کۆمەڵایەتیدا دووچاری ئفلاسیو ناکامی بوون، ئینجا لە مزگەوتەکانەوە وەکو پیشەی هەموو کاتیان دەستیان دایە هات و

بەڵگەنامەی ژمارە (٩٩)

هاوارو شین و شەپۆرو هاوکات لەگەڵ ئەوەدا بۆ تحریکی احساساتی دواکەوتوانە، بانگەشەی ئیرهاب و تەقاندنەوەو تیرۆریان بڵاو کردەوە.

لەم ماوانەی رابردوودا لە چەندین مزگەوتی شارەکانی هەولێرو سلێمانی ئەم بانگەوازانە بڵاوکراونەتەوە، گومان لەوەدا نییە کە ئەم ئسلوبەی ئەوان نەك هەر نیشانەی قودرەتیان نییە بەڵکو نیشانەی گەورەترین ئیفلاسی ئەوانە، ئەوان کە ڕیسوایی خۆیان دەبینن و ئاسۆی شکست و ئیاچوونیان چاوی کوێر کردوون و ناتوانن لە ڕێگەی خەباتی سیاسیو جەماوەریەوە ئەم ئیفلاسی و ناکامییە بەرێ بگرن، ئینجا پەنا دەبەنە بەر ئەم ئسلوبە زەبونانەیە.

تیرۆر کردنی هەل پەرستانەی هاوڕێمان (شاپۆر عبدالقادر، قایل عادل) و تەقاندنەوەی بنکەی (یەکسانی)و مەڵبەندو سینەماو سەتەلایتەکان راستی ئەم مەسەلەیە دەسەلمێنێ. ئێمە لە کاتێکدا بە راشکاوی ئەوە رادەگەیەنین کە ئەم جەریمەو تاوانە جەپەلانە خۆش نابین و وەلامی شایستەی پێ دەدەینەوە، لە هەمان کاتدا بانگەوازی ئێوە دەکەین کە لە دژی ئەم دەستەو تاقمانە دەنگی نارەزایەتیتان هەڵبڕن و تاوانەکانیان محکوم و ڕیسوا بکەن، ئەمانە کە کۆمەڵێك دەستەو تاقمی ئیرهابین و پابەندی هیچ پێوانەیەکی سیاسیو مەدەنی نابن و تەنها لە ڕێگەی تیرۆرو تۆقاندنەوە پەلەقاژەی بێ ناکامی خۆیان دەکەن، دەبێ بنکەو بارەگاکانیان دابخریو وەکو ئەوەی لە زۆر جێگەی تری دنیا بیبینین هەڵسوڕانی تیرۆرستیانەیان قەدەغە بکەین. ئەمە خواستێکە کە دەبێ سەرجەم خەڵکی ئازادیخواز بۆی بێنە مەیدان و لە پێش هەموو شتێکدا رووبەرووی دەسەڵاتدارانی بکەنەوە. لە هەمان کاتدا ئێمە روو دەکەینە دەسەڵاتدارانی شارەکانی کوردستان و مەسئولیان دەکەین لە هەڵوێست وەرگرتنی سیاسیو بە کردەوە بەرانبەر بەم جەریمانە داوادەکەین بە زووترین کات ئەم دەستەو تاقمانە دەستگیرو دادگایی بکەن و سزای خۆیان وەربگرنەوە.

**ڕیسواو مەرگ بۆ تیرۆریزم و کۆنەپەرستان.**

**بژی بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان.**

**ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان**

**١٩٩٨/٤/١٩**

بەڵگەنامەی ژمارە (٩٩)

# یاداشتنامە

**بۆ بەڕێزان /**

- ئەمنستی ئەنتەر ناسیونال.
- مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی ئەوروپا.
- ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لە کوردستان.

وەک ئاگادارن سەرەنجامی ناڵەباری بارودۆخی سیاسیو بەردەوامی شەڕی ناوخۆو دەست تێوەردانی دوژمنان لە کاروباری کوردستان، دیاردەی تیرۆر بە شێوەیەکی فراوان یەخەگیری خەڵکی ئازادیو دیموکراتیخوازی کوردستان بۆتەوەو بە سەدان تیرۆری سیاسیو هەزاران تیرۆری کۆمەڵایەتیو دەیان تیرۆری فەرهەنگی لەم وڵاتە ئەنجام دراوە. تیرۆریش هەر ئێمرۆ لەسەر ئاستی هەموو دونیا بۆتە دیاردەیەک کە هەڕەشەی جددی لە پێشکەوتنی مرۆڤایەتی دەکات و دیارترین پێشێل کاریە بەرامبەر بە مافەکانی مرۆڤ بە تایبەتی لەو وڵاتانەی کە دەستەو تاقمە تیرۆرستەکان توانای هەڵسوڕانیان پەیداکردووە، بۆیە مەسەلەی هەست کردن بە مەترسی تیرۆرو هەوڵ بۆ ڕێگا گرتن لە تیرۆر، ئەمرۆ بۆتە ئەرکی تەواوی مرۆڤایەتی پێشکەوتنخوازو وڵات و دەزگاو ڕێکخراوە جەماوەریو دیموکراتیو دەوڵەتیەکانی جیهان. ئێمەش وەک ئەو حیزبانەی لە خوارەوە ئیمزامان کردووە، لە شاری سلێمانی ڕۆژی ٧/٥/١٩٩٨ بەئەنجام دانی چالاکییەکی جەماوەری هەڵستاین بە ڕیسواو مەحکوم کردنی هەرچی کاری تیرۆرە لە کوردستان داواش لە ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ دەکەین چ لە ناوخۆو چ لە جیهان گوێ بیستی دەنگی نارەزایی دژ بە تیرۆری خەڵکی کوردستان بن و هاوڕای ئێمە تیرۆرکاری ڕیسواو تاوانبار بکەن.

لەگەڵ ڕێزمان..

**ناوی حیزبەکان:**

١- حیزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان - لقی سلێمانی.

٢- پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان - ناوەندی سلێمانیو کەرکوک.

٣- حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق - کۆمیتەی محەلی سلێمانی.

٤- حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان - لقی سلێمانی کەرکوک.

**وێنەیەک بۆ /**

- هەموو حیزب و لایەنە سیاسیەکان.
- ڕێکخراوە جەماوەریو پیشەییەکان.
- سەرجەم دەزگاکانی ڕاگەیاندن.

بەڵگەنامەی ژمارە (١٠٠)

# بەیاننامەیەک
# بەبۆنەی ڕۆژی جیهانی منداڵانەوە

هەموو ساڵێ لە ڕۆژی یەکەمی مانگی حوزەیراندا، سەرتاسەری جیهان پێشوازی لە ڕۆژی جیهانیی منداڵان دەکەن، بەم پێشوازییەش ئەو مافانە دووپات دەکرێتەوە کە نەتەوە یەکگرتووەکان لە بەڵگەنامەیەکی نێودەوڵەتیدا بۆ منداڵان بڕیاری لەسەر داون، بەڵام لەسەر ئەرزی واقیع کەمترین و سەرەتایی ترینی ئەو مافانە لە هیچ جێیەکی ئەم دنیا پانو بەرینە جێبەجێ نەکراوەو سەرژمێرییەکانی ئەو منداڵانەی کار دەکەنو لەسەر شەقامەکان منداڵێتی خۆیان دەفرۆشنو لە کوچەو کۆڵانە گەندەڵ بووەکاندا فێری دزێتیو لاساریو چەتەیی و چەندەها جۆر کارو کردەوەی نامرۆییانە دەکرێن، ژمارەی ئەو منداڵانەی کەوتوونەتە تۆڕی مافیاکانەوەو قاچاخچێتی سێکسو موخەدەراتیان پێ دەکەن. ژمارەی ئەو منداڵانەی لە برسا دەمرن، نەخۆشییە کوشندەکان گیانیان درێتە دەکات، کەمخۆراکیو بەدخۆراکی هەڕەشە لەژیانیان دەکات. ژمارەی ئەو منداڵانەی لە شەڕە ناوخۆییو ئیقلیمیو مەزهەبیو ئەوانی دیکەدا دەکوژرێن، هەتیو دەبن، سەرنگوم دەبن، ڕادەگوێزرێن تا دێ روو لە زۆرتر بوونە.

ئەم سەرژمێرییانە، ڕاستی ئەو جیهانە نیشان دەدەن کە سەرمایەداری بە دیاری پێشکەشی مرۆڤایەتی کردووەو تا لەو جیهانە پڕ مەینەتەدا، دیاریکردنی ڕۆژێک بۆ منداڵان خۆی بۆ خۆی نیشانەیەکی مژدە بەخشە. لانی کەم بۆ ئەوەی بکرێتە بۆنەیەک سەرلەنوێ ئەو ڕاستیانە دووپات بکرێنەوە کە جیهانێک ئەم هەموو ستەمو جیاوازیو چەوساندنەوانەی تێدا بێت دەبێت هەموومان، ئەوانەی بۆ جیهانێکی ڕازاوەو جوانو مرۆییانە تێدەکۆشێن، بڕیاری خەباتو ئەسرەوتنمان چەندپات بکەینەوە. ئێمەش لێرە لە کوردستاندا پێویستە بۆنەییەکی وا بقۆزینەوە بۆ ئەوەی خەمو پەژارەو ئازارەکانی منداڵانی خۆمان ئاوێتەی منداڵانی جیهان بکەینو، خەباتو ئاواتی ئایندەییشمان بخەینە پاڵ ئاواتو خەباتی هەموو خێرخوازانی دونیا تابتوانین وەک یەک هێزی فشار بەری سەرتاسەری لە ڕووی مەینەتیو هۆکارەکانی بوەستینەوەو داوا لە نەتەوەیەکگرتووەکان بکەین میکانیزمەکانی چاودێری کردنی جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی خۆی سەبارەت بە مافەکانی منداڵانو گوزەرانو ژیانو خوێندنو ئامرازەکانی پێگەیشتنو نەشو نوماو یاری کردنو پاراستنی تەندروستیو دوورخستنەوەیان لە مەیدانی کار پێکردن بەهێزو کاریگەرتر بکات.

سەبارەت بە خۆشمان، وەک کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان، وێڕای جەژنە پیرۆزە لە جگەرگۆشەکانمان بەم بۆنە پیرۆزەوە، هەروەها وێڕای هەموو ئەو مەبدەئانەی لە سەرەوە جەختمان لەسەر کردن، دەمانەوێ ئەوە بڵێین، کە چاککردنی ژیانی، دایکانو داببینکردنی مافەکانیان ئەڵقەیەکی گرێدراوە لە پرۆسەی پاراستنو زامن کردنی مافی منداڵانو لێیان جوداناکرێتەوە، بۆیە دەمانەوێ لەم بۆنەیەدا ئەوەش دووپات بکەینەوە کە پێویستە مافەکانی دایکانو ئافرەتان بە گشتی لەکوردستاندا مسۆگەر بکرێن، تا ئەوانیش بتوانن ڕۆڵی ئیجابی خۆیان بۆ پاراستنو پەروەردە کردنی منداڵان بگێڕن.

جگە لەوانەش بێگومانین لەوەی کە تەنها لە سایەی ئاشتیو ئاسوودەییدا منداڵان دەتوانن بە خۆشیو شادی بژینو درێژە بە خوێندن بدەنو لە مەترسییەکانی هەتیو بوونو ڕاگواستنو لە خوێندن برانو چوونە سەر شەقامو کاری لادەرانە دوور بخرێنەوە، بۆیە هیواداریین بە خاترانەی منداڵانی کوردستانی بڕیندار شەڕی ناوخۆ بە یەکجارەکی کۆتایی پێبهێنرێتو پرۆسەی ئاشتی سەرکەوتووانە جێبەجێ بکرێ.

**پیرۆزبایی لە منداڵان لە جگەرگۆشە خۆشەویستەکانمان دەکەین.**

لیژنەی باڵای
کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان
١٩٩٨/٦/١

بەڵگەنامەی ژمارە (١٠١)

# نـ ((٨ ساڵ زیندانی)) مان ئازاد کرد!!



***جەماوەری ئازادیخوازی کوردستان !***

***ژنانی دڵ پڕلە هیواو ستەمدیدە !***

ئەم ژنەی کە لە سەرەوە وێنەکەی دەبینن، ناوی (ڤ پ ا )ە و تەمەنی (٤١) ساڵە. ئەم ژنە دەستی بۆ ماڵی هیچ کەسێك درێژ نەکردوە! پیلانی بۆ تیرۆر کردنی هیچ کەسێك دانەڕشتووە ! ئیهانەت و سوکایەتی بە شەخسیەتی هیچ کەسێك نەکردووە ! جاسوسی بۆ هیچ دام ودەزگایەکی موخابەراتی هیچ دەوڵەتێکی کۆنە پەرست نەکردووەو نزیکەی (٨) ساڵە لە حەمامێکی ماڵی باوکی دا بەبێ هیچ دادگاییەك زیندان کراوە !!

تاوانی(ڤ .) تەنها ئەوەیە کاتێك ساڵی (١٩٩٠) لە مێردەکەی جیادەبێتەوە دەیەوێ مل بە فشاری ماڵی باوکی نەداو لە گەڵ منداڵەکانیدا کە (٤) کوڕو (٣) کچن سەربەخۆ پێکەوە بژین، بەم تاوانە گەورەیە ماڵی باوکی لە شارۆچکەی مەحکوم بە زیندانی کردنی دەکەن لە حەمامی ماڵەکەیاندا، کە تەنها پەیوەندی بە دنیای دەرەوە لە ڕێگەی پەنجەرەی بچوکی حەمامەکەوە دەبێت .

سەنتەری پارێزگاری ژنان لە کوردستان، لەو کاتەوەی ئێرەو لەوێ هەواڵی (ڤ )یان بیستبوو، هەمیشە لە فکری داڕشتنی نەخشەیەکی گونجاو بوو بۆ ئازاد کردنی، ئەوە بوو خۆش بەختانە ڕۆژی ١٩٩٨/١١/٩ بە هاوکاری هێزی چەکداری حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق و ئاسایشی ی توانرا ( ڤ ) لە دەستی فەرهەنگ و ئەخلاقیاتی پیسی پیاو سالاری باوك و براکەی ئازاد بکات و بیگەێنێتە ژێر چەتری سەنتەرو ژیانی بپارێزێ .

***ژنان و پیاوانی ئازادیخوازو یەکسانی خواز !***

***حزب ولایەنە سیاسی و ڕێکخراوە جەماوەریەکان، ئەی ئەو ئینسانانەی کە نەفرەت لە فەرهەنگ و ئەخلاقیاتی پیسی پیاو سالاری و کۆنەپەرستانە دەکەن !***

***ڕێکخراوەکانی ژنان لە دنیا !***

کوردستان بە هۆی فەرهەنگی پیسی پیاو سالاری و دەسەڵاتی شەرع و دینەوە، خۆی زندانێکی گەورەیەو ڕۆژانە جەلادانی قامچی بەدەست، ئاوات و ئارەزووەکانی ژنان دەدەنە بەر قامچی و هیوا ئاڵەکانیان لە ژێر پۆستاڵی پیاو سالاری و فەرهەنگی داڕزیوی کۆنەپەرستانەدا، ورد دەکەن، دەنگ هەڵبڕن، بازووی ئازایەتی و تورەییتان بۆ ڕوخاندنی دیواری داڕزیوی ئەم زندانە ڕەقەڵاتە، بۆ هەڵبێچانی ئەم جەنگەڵستانە پشتیوانی لە خەبات و تێکۆشانمان بکەن.

ژیانی کۆیلەیەتی و ئەسارەت و بێحورمەتی ئێستاتان قبوڵ مەکەن، بەرامبەر بە داسەپاندنی قانون و یاساو ئەخلاقیاتی ژەنگ گرتوی سەدە تاریکەکان ناڕەزایەتی دەربڕن.

سەنتەری پارێزگاری ژنان لە کوردستان بۆ دیفاع لە شەخسیەت و کەرامەتی ئێوە دروست بووە، بۆ دیفاع لە ماف و ئارەزووە ئینسانیەکانی ئێوە پێك هاتووەو خەبات ئەکات، بۆ پاراستنی هیواو ئومێدە بەرهەق و بێ ئەملاو ئەولاکانی ئێوە پێك هاتووە، چەتری پاراستنی گیان و شەخسیەتی مافەکانی ئێوەیە، لە هەر شوێنێك سوکایەتیتان پێ دەکرێ، مافەکانتان زیندە بە چاڵ دەکرێ، لێتان دەدرێ، هەڕەشەتان لێ دەکرێ و چاوترسێنتان دەکەن، پەیوەندی بە (( سەنتەری پارێزگاری ژنان))ەوە بکەن، دڵنیابن بزوتنەوەی عەزیمی کۆمەڵایەتی ئێمە هێندە پڕ قودرەتە، دەتوانێ مستی ددان شکێن لە دەمی کۆنە پەرستیوئەخلاقیاتی داڕزیوی سەدەکانی ناوەڕاست بدات

***مەرگ بۆ فەرهەنگی پیسی پیاو سالاری و ئەخلاقیاتی کۆنە پەرستانە .***

***بژی یەکسانی هەمەلایەنەی ژنان و پیاوان .***

**سەنتەری پارێزگاری ژنان لە کوردستان**

**١٩٩٨/١١/١٢**

**ناونیشان :- سلێمانی / بەرانان / ژ.ت ( ٢٨٤٨٥ )**

بەڵگەنامەی ژمارە (١٠٢)

ـــــــــ (( بەیاننامەی نارەزایەتی لە دژی ئیهانە کردن بە ژنانی )) ـــــــــ

ناوچــەی بوسکیــن

ـــــــــــــــــــــــ

تازەترین جەریمەی دژی انسانی کە بەرئەنجامی بزواندنی احساساتی پیاوسالاری زیندوو راگرتنی عقیدەی دینی و مذهبی بیروباوەرە موچاکلراوەکانی سەردەمی جاهیلییەتە • ئەمرو لەناوچەی بوسکیــن کەسانیکی فری و دراو بەم بیروباوەرە کونەپەرستانەیە لە روژی ١٦ـ١٧/٣/١٩٩٧ دا وەحشی ئاسـا وەك دەوەی قصابی و کەلاك کردنی گیانی ئینسان کاری رەزیتی و روزانەیان بیت و دەستیان راهاتبی لەگەل ئەم کارەدا • بەردەبنە گیانی ژنیك بە ناوی ( [illegible] ) و لوتی دەبرن !؟ !؟ ! لەژیر ناوی ئەخلاق و پاریزگاری کردن لە ناموسی ذ ابروپیـــەریتی دواکەوتوو و باوی کومەلگادا • هەر لەوی لەسەر جادە فریی دەدەن هەتا خەلك دەیگەیەننە نەخوشخانەی سلیمانی •

ئەم رووداوە یەکیکە لە دژی انسانترین تاوانیك کە دلی هەر انسانیکی شەرافەتمەندو رزگاری خوازی بەشەر بیشکەوتن خواز رادەچلەکینی • ئەو انسانانەی کە دەیانەویت حەزوو ئارەزووەکانی خویان بە آزادانە بیادە بکەن • ئەو انسانانەی دەیانەویت رەوتی کومەلگا بەرەو بیش بەرن • ئەو انسانانەی دەیانەویت بەتەکامولی عـەقل و توانایان بینە میدانی ژیان • ئەو انسانانەی کە یەك زەرەدلە خرپە دەکەن بو یەکسانی ژن و بیاو و یەکسانی انسانەکان • ئەو انسانانەی پاریزگاری لە دەستکەوتەکانی بزووتنەوەی یەکسانی خوازانی ژنان دەکەن • ئەو انسانانەی کە لەبەرابەر هەر بیروباوەریکی کونەپەرستانەو فەرهەنگی دواکەوتووی کومەلگادا رادەوەستن • ئەو انسانانەی دنیایەکی ئاسودە ترو دوور لە ستەمو چەوسانەوەو تا یەکسانی دەخوازن ••• تەواوی ئەم انسانانە سەرسامن بە بیستنی ئەو تاوانە قیزەونیە ••

هەرکەس تاوانباران ئەم جەریمەیە بیبینیتە بیش چـاو • دڕندەیەکی نیوك شەیتانی جاویو لە خەیـنـی کە کەلبەکانی بو کەلاکردنی نیچیرەکانی دریژ کردبیتەوە دیتە بەرچـاو • لەواقیعیشدا ئەم چانەوەرانەن بەسەر ژیان و گوزەرانی خەلکەوەن حوکم و دەسەلات بەدەستن و دەخالەت لە تەواوی ژیانی شەخصی انسان دەکەن •

ژنان ئەمرو لە کوردستان لە سایەی حوکم و دەسەلاتی ئەحزابی قەومی و دینی دا ئەمە یەکەمین و دواین تاوانیك نیە لە بەرابەریاندا ئەنجام دەدریت و هەموو ماف و احساس و عیشیوویکی انسانییە بیشیـل دەکری • روزانە ژنان بەشیوازی جوراوجور اهانەت و سووکایەتییان بی دەکریت و ستەمیان لی دەچیت • دەس تیوەردانی ژیانی شخصی و تایبەتی و بیشیل کردنی مافە هەرەمنی فەردییەکانی ژنان و فیرکردنیان وەك انسانی لە دوو بەکاربردنیان وەك کالایەك بووەتە فەرهەنگی باوی کومەلگاو یاساو دەولەتیش رەسمیەت دەدات بە هەموو ئەم نایەکسانیەو تاوان باران دەس ئاوەلاتر دەکات بو ئەنجام دانی ئەم کارە دژی انسانیانە • ژنان و بیاوانی یەکسانی خواز •••

بوئەوەی جیی تر خواست و ئارەزووەکانتان بە نیازی دلی خوتان بیادە بکەن بو ئەوەی هیچ کەس نەتوانیت تەداخول لە کاری شخصی و تایبەتیتاندا بکات • بو ئەوەی فەرهەنگی دواکەوتووی کومەلگا وەلا بنریت و ئیهانە ت و سووکایەتی بە حورمەت و کەرامەتتان نەکریت • بو ئەوەی وەك یەکەیەکی چالاکی کومەلگا بتوانن توانایەکانی فکری گەشەی جسمی و روحی و خودرەتی خەلاقانەتان بخەنە خزمەت کومەلگاوە وەرنە مەیـدان لەبەرابەر هەر ستەم و چەوسانەوەیەك کەلەسەرتانەو ئەم تاوانەو هەر تاوانیکی تری لەم جەشنە مەحکوم بکەن نارەزایەتییەکانتان بە هەر شکل و شیوازیك بوتان دەکریت لە بەرانبەر ئەم کارەدا دەربرن • فشـار بو دەسەلات داران و دادگا بهینن کە تاوان بارانی ئەم جەریمەیە لە دادگای ئاشکرادا دادگایی بکەن و بەسزای توندیان بگەیەنن •

ریکخراوی سەربەخوی ئافرەتان

١٩٩٧/٤/١

بەڵگەنامەی ژمارە (١٠٣)

## خەڵکانی ئازادیخواز

## با چیتر ڕێگا نەدەین دیاریدەی توندو تیژی دژ بە ئافرەتان و لاوان و منداڵان ببێ بە سیمایی داسەپاوی کۆمەڵگاکەمان



ئەوەی جێگای نیگەرانییە لە میانەی ئەو زنجیرە تیرۆر و ڕەشە کوژییەی کە ڕۆژانە لێرەو لەوێ دژ بە ئافرەتان پیادەدەکرێ. وا چەند جارێکە منداڵانی شارەکەمانی گرتۆتەوە. ئەو منداڵەی کە لە ئەنجامی نەبوونی بایەخ و پەروەردەیەکی گونجا و لەلایەن خێزان و لایەنە پەروەردەیەکانی ترو دەوڵەتەوە ڕژاونەتە سەر شەقام و کوچە و کۆڵانەکان لە پێنا و ململانیەی سەختی ژیاندا دەستی ئاسک و بازوە لاوازەکانیان خستۆتە بازاڕی هەراج کردنی فرۆشتنی کارەوە کە لەم ڕێگەیەوە زۆر جار ئەم بەش مەینەتانە دەکەونە بۆسەی کەسانی بێویژدان و نەفس نەزم. لە پێناو دابین کردنی بەرژەوەندیەکانیان و دامرکاندنەوەی ئارەزووە جنسی و، وەحشی گەرانیەکەی خۆیان دا.

منداڵان قەسابی دەکەن ئەوەتا منداڵێکی بۆیاخچی تەمەن ١٢ ساڵ بە ناوی (ئا ) کە دانیشتوی گەڕەکی یە. لە ڕێکەوتی ١٩٩٩/٤/١١ لاشەکەی بەسەر بڕاوی فڕێ دراوەتە، گۆڕستانی بین.

بێ گومان (ئا ) یەکەم منداڵ و دوا منداڵ نابێت.

با ئیتر دەست لە ئەژنۆ نەوەستین ترس و دڵە ڕاوکێ دڵ و دەروونی دایکان و باوکان دانەگرێ.

با ئیتر هەموو جارێ نەیەن و چەپکە گوڵ لەسەر گۆڕی منداڵانی سەر بڕاوو وەک ئا و چەندەها منداڵی تر دابنێین.

با کار بکەین و بۆ هەتا هەتایە قەڵاچۆی سەربڕینی منداڵان و ئەو دوای تیرۆرە وەحشی گەرانەکانی تر بکەین.

لێرە داوا لە دەزگا بەرپرسەکان دەکەین، کەبەوردی لەم تاوانە بکۆڵنەوەو تاوانبارانی ڕاستە قینە لە دادگایەکی ئاشکرا بە سزا بگەیێنن و ئارامی و دڵنیایی بخەنە جێگەی دڵ پڕ لە خورپەو ترسی دایکانی تری ئەم شارەو هەموو کوردستان.

درودو سڵاو لە گیانی پەپولە ئاسای ئا ، ئ و سەرجەم قوربانیانی ڕەشە کوژی.

١٩٩٩/٤/١٣

<u>ڕێکخراوەکان:-</u>

- کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان.
- یەکێتی لاوانی دیموکراتی لە کوردستانی عێراق لقی سلێمانی.
- یەکێتی گشتی قوتابیانی کوردستان لقی سلێمانی.
- کۆمەڵەی نەوجەوانانی کوردستان لقی سلێمانی

بەڵگەنامەی ژمارە (١٠٤)

# بکوژانی م و ت دەبێ ئاشکرا بکرێن!

جەماوەری ئازادیخوازو یەکسانی خوازی کوردستان!

(تر د ر ) بۆ ماوەی دوو ساڵ لەگەڵ هاوسەرەکەی داو دوور لەچاوی کەس و کاری کە ناڕازی بوون بە هەڵبژاردنی هاوسەرو لە خێزانێکی ژێکەڵەدا ئەژیان، کەس و کاری تریفە لەدوای هەوڵێکی زۆر تریفەو هاوسەرەکەیان دۆزیەوە، لەیەکەمین فرسەتدا هاوسەرەکەی ت یان لە ڕێکەوتی ١٩٩٩/٣/١٠١٩ کوشت و تەرمەکەیان لە جادەی شەستییەکەی سلێمانی فڕێ دا، ت بۆ دەربازکردنی گیانی خۆی و منداڵەکەی خۆی گەیاندبوە ئاسایشی سلێمانی کەس و کاری ت بەچەندین شێوە هەوڵیان دا کچەکەیان بگێڕنەوە بۆ لای خۆیان سەرەنجام توانیان دوای مۆرکردنی کەفالەتی گیانی و ماڵ، ت وەریبگرنەوە لەو کاتەوە تاکو ئێستا ت ەر منداڵەکەی بێ سەرو شوێنن نەک هەر هیچ هەواڵێک لەسەلامەتی گیانیان نییە بەڵکو هەموو ئەو هەواڵانەی کە بە ئێمە گەیشتووە ئەوە دەردەخات کە منداڵەکەی فڕێ دراوەو تر خۆشی کوژراوە.

(م ) کارمەندی ناو ئارەزۆی سلێمانی لە ڕۆژی ١٩٩٩/١/١٣ فڕێندرا دوای چوار ڕۆژ لەدیارنەمانی، تەرمەکەی بەشێوێندراوی لە نزیک معسکر ساردای سلێمانی دۆزرایەوە، بەتۆمەتی ئەنجام دانی ئەم تاوانە کەسێک بەناوی (سـ م ) لەلایەن پۆلیسی سلێمانییەوە دەستگیر کرا، ئەو کات ئێمە ناوەندی هاوبەشی ڕێکخراوەکان ڕاگەیاندنێکمان لەسەر ئەم تاوانە بڵاوکردەوە، شایەنی باسە ڕۆژی دادگایی کردن لەبەردەم دادگای سلێمانی دا چەند کەسێکی چەکدار تەقەیان لەبرایەکی م . کردو بەسەختی بریندااریان کرد، ڕۆژی ١٩٩٩/٥/١١ سـ م لەدادگای سلێمانی بەرائەتی وەرگرت و ئازاد کرا!!!

جەماوەری ئازادیخواز!

ئەم تاوانە بەربەریانەیەو هەزاران تاوانی تر کە لەچەند ساڵی ڕابردوودا بەحەقی ژنان و ئافرەتانی کوردستان کراون هەموویان بەپێی داب و نەریتی کۆنەپەرستانەو قانونەکانی عێراقی ئەنجام دراون و لەڕوانگەی ئەم قانونانەوە ئەم کوشتنانە تاوان نین و شەرعیەتیان هەیە! ئێمە ناوەندی هاوبەش لە ٨ی مارسی ئەمساڵدا ناڕەزایەتی خۆمان لەدژی بەند بەبەندی ئەم قانونانە هێنایە مەیدان و داوای هەڵوەشاندنەوەی دەست بەجێیمان کرد.

ئێمە وەک ناوەندی هاوبەشی ڕێکخراوەکان، دوای ئەو هەموو بەڵێن و پشتیوانیانەی کە لەلایەن دەسەڵات و کەسانی ئازادیخوازو یەکسانی خوازەوە بوونە پاڵپشتی خەبات و خواستی ئێمە، بەڵام ئەوەتا ئەو تاوانانە دوای ئەو بەڵێنانە ئەنجام دراون! هەربۆیە ئێمە ڕای دەگەیەنین پێش هەر شتێک دەبێت ئەو قانونانەی کەشەرعیەت بەم تاوانانە دەدات هەڵ وەشێتەوە، هەروەها داوا دەکەین کە تاوانبارانی ئەم دوو تاوانە دادگایی ئاشکرای جەماوەری بکرێن و مەلەفەکانیان ئاشکرا بکرێت، کە هەر ئێستا خەڵکی کوردستان دەیان پرسیارو قسەی لەسەریان هەیە!

**مەرگ بۆ تیرۆری ژنان !**

ناوەندی هاوبەشی ڕێکخراوەکان

١٩٩٩/٥/٢٠

بەڵگەنامەی ژمارە (١٠٥)

## خۆتان مەسوتێنن!:

**ژنانی ستەمکێش و نارازی!**

**جەماوەری ئازادیخوازی کوردستان!**

ئێمە سەدبار وتمان، ئازادی ژنان پێوەرە بۆ ئازادی کۆمەڵگە کۆمەڵگەیەک کە چەمەنەمێک بێت بۆ ژنان و کوشتنی ژن کاری هەمە ڕۆژەی بکوژانی ژنان بێت و کۆمەڵگەیەک کە ژن تیایدا ناچار بە خۆسوتاندنی ببێت، قایل بوون بە ژیان لەم کۆمەڵگەیەدا شەرم و خەجاڵەتی یە! کۆمەڵگەیەکی ئاوا دوورە لە هەر پێوانەیەکی ئینسانی یەوە!

**جەماوەری ئازادیخواز!**

وەرن لەگەڵمان و ببیستن با چەند وێنەو نمونەتان بۆ باس بکەین! سەیری ئەم چەند سیناریۆ ڕەشەو ئەم چەند ڕۆژە لەژیانی چەند ژنێک بکەن!

هێشتا هەواڵەکانی کوشتنی ...ی ...و ... هەر لەنێو خەڵکی دا گەرم بوو کە ... لە گەڕەکی ...ی شاری سلێمانی، ڕۆژی ۱۹۹۹/٥/۲۳ پاش ئەوەی کە هاوسەرەکەی بەناوی (هـ... د)ەوە سوکایەتیەکی زۆری پێ دەکات و لێی دەدات، هەروەها بەشێوەیەکی وەحشیانە لە منداڵەکانی دەداو شقارتە بەداتە دەستی ... بۆ ئەوەی خۆی بسوتێنێ، بەم شێوەیە کڵپەی ئاگر لە جەستەی زارا بەرز دەبێتەوە.

(شـ... عە...) کە قوتابی پۆلی یەکەمی ناوەندی تەمەنی ۱۳ ساڵانە شەوی ۱۹۹۹/٥/۳۱\۳۰ لەناو ڕەفتاری پیاوسالارانەو سوکایەتی زۆری براکەی پێی، ئاگر بەردەداتە جەستەی خۆی!

ج... عـ... تەمەن ۲۲ ساڵ منداڵەکەی تەمەنی ۱۰ مانگانە، ڕۆژی ۱۹۹۹/٥/۱٥ لە ...ی شاری هەولێر، لەکاتێکدا کە دەچن بۆ نەخۆشخانە لە ڕێگا دەفڕێندرێن و دووای دوو ڕۆژ لاشەی کولە باران کراوی دەدۆزرێتەوە!

**جەماوەری ئازادیخواز!**

سەیرکەن، پیاو سالاری جیاوازی و نایەکسانی نێوان ژن و پیاو، چ جەهەنەمێکی بۆ ژیانی ژنان و گشت ئینسانەکان دروست کردووە! مەگەر ئەوە پیاو سالاری و ئیهانەو سوکایەتی لەرادەبەدەر بە ژنان نی یە کە ئەو ژنانەی ناچار کردووە بەوەی پەنا ببەنە بەر سوتاندنی جەستەی خۆیان! مەگەر ئەوە پیاو سالاری نی یە کە ژنانی وا لێ کردووە، لەژیانی خۆیان بێزاربین، تا ئەو ڕادەیەی کڵپەی ئاگر بەردەنە جەستەی خۆیان! مەگەر ئەوە پیاو سالاری و دەمارگیری ئەخلاقی و یاسا کۆنەپەرستانەکان نی یە کە دەستی پیاوان و خێزانەکانی ئاوەڵا کردووە کە هاوسەرو خوشک و دایکی خۆیان بەردەنە بەر دەستڕێژی گوللەو حوکمی مەرگ بدەن بەسەریانا! پیاو سالاری سونەتێکی گەندەڵ و پیسە، فڕێی دەن! پیاو سالاری و نایەکسانی نێوان ژن وپیاو، بۆتە مایەی خوڵقاندنی هەزارەها تاوان و کارەسات، بۆتەمایەی تەواوبوونی ژیانتان و تۆوی خۆشەویستی نێوانتانی لەبەین بردووە! بۆیە دەستی لێ هەڵبگرن و ئەو بەرگە پیسە فڕێ بدەن! بێگومان، ئەو ڕاستیەش دەبێ لای ژنانی نارازیش ڕۆشن بێت کە خۆسوتاندن هەرگیز ڕێگە چارەنی یە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان، بەڵکو خەبات بۆ گۆڕینی ئەم وەزعیەتە تەنها ڕێگەیە بۆ ڕزگاریان!

ئێمە ژنانی نارازی بانگەواز دەکەین کە بێن و کێشەکانتان بێنن بۆ لای ئێمە، کە قەڵغانێکی بەهێزو دیفاع کەری بێ ئەملاو ئەولای ئێوەین. چارەسەر لە ڕووبەڕووبوونەوەی پیاو سالاری و وەزعیەتی پڕ لەچەوساندنەوەی ژنان دایە، وەرن لەگەڵمان با پێکەوە قۆڵی خەباتی لێ هەڵماڵین!

**جەماوەری ئازادیخواز!**

تەواوی ئەو تاوانانەی کە دەرهەق بەژنان ئەنجام دەدرێت و ئەو جەهەنەمەی کە بۆ ژنان دروستکراوە تیایدا ژنان دەسوتێنرێن و ناچار بە خۆسوتاندن دەکرێن، بەپێی قانونەکانی ئەحوال شخصی عێراقی دەچێتە پێشەوە، ئەو قانونەی کە هیچ مافێکی بۆ ژنان بەڕەسمی نەناسیوە، بۆیە ئێمە داواکارین دەستبەجێ ئەم قانونانە هەڵوەشێنرێنەوەو فڕێ بدرێن، بەدیلی ئێمە بۆ ئەم قانونانە حازرو ئامادیە، یاسای یەکسانی ژن و پیاو دەبێ جێگەی یاسای کۆنەپەرستی ئەحوال شخصی بگرێتەوە!

**بمرێ پیاو سالاری و کوشتنی ژنان!**

**بژی یەکسانی ژنان و پیاوان!**

**ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان**

۱۹۹۹/٦/۲

بەڵگەنامەی ژمارە (۱۰٦)

کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی تێکۆشەر ....

ئەی خاوەن قەڵەمی ئازادو ڕۆشنفکرانی گەلەکەمان وا ئەمجارە دوژمنانی ئازادیو مرۆڤایەتی بەدەستی لەرزۆك و نامەردانەیان ویستیان مامۆستای بەڕێز ( سوهیب أمین قادر ) تیرۆر بکەن و بەدەمانچەی بێ دەنگ وەك چۆن تێکۆشەر ( فەرهاد فرج) یان شەهید کرد ..... وە هەوڵی تیرۆرکردنی چەندین خەڵکی تریان داوە بۆ کپ کردنەوەی بیروباوەڕیان، ئەوەی ڕاستی بێت ئەمە لە کاتێکدا ئەکرێت کە هەموو لە هەوڵی ئەوەداین بۆ دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەك بۆ پێکەوەژیان و هاوخەباتی و خزمەت کردنی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، وەك هاوپەیمانی دیموکراتی کوردستان هەمیشە هەوڵی ئەوە ئەدەین کە پێکەوە باشترین ڕێگا بگرینە بەر بۆ خزمەتی خەڵکی کوردستان و بۆ پشتیوانی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، وە ڕێزگرتن لە بیروباوەڕ، وە هەمیشە دژی کاری تیرۆرستی و پیاوکوژی بوین و ئەبین، وەنامانەوێ ئەم ئازادیە کەبە خوێنی شەهیدان بەدەستمان هێناوە تێکدەران و سەر لێشێواوان لێمان تێك بدەن، وە ئەو دەستە چەپەڵەی ئەیەوێ فیکرو ئازادی لە مێشکی خەڵکی دەربهێنێ لە ئایندەی نزیکدا دەرئەکەون و ڕیسوا ئەکرێن ئەکەونە بەر ڕق و کینەی ئەم شارە زیندووەو تێکۆشەرانی، هەر لێرەشەوە بەناوی هاوپەیمانی دیموکراتی کوردستانەوە بەڵێن تازە ئەکەینەوە بۆ میللەتەکەمان کە ئەم سەنگەرە بەهێزە بەهێز تر بکەین وە تیرۆریزم و ئاغاکانیان مەحکەمە بکەین لە هەرجێگایەك بن، وە داوامان لە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە کە هاوکاریمان بکەن بۆ دۆزینەوەیان ئەوانەی بەم کارە نامەردانەیە هەڵدەستن بۆ ئەوەی بدرێنە دادگاو مەحکەمە بکرێن، با ئەو قاتل و پیاوکوژانە بزانن کەس لەدەست ڕق و هێزی میللەت ڕزگاری نابێت، وە ئاشکرا دەبن و دەبنە جێگای ئەعلەت بوون .

دەبا هەموومان پێکەوە لەگەڵ هەموو لایەنە دڵسۆزەکانی میللەتەکەمان هەوڵی ڕاستەقینە بدەین بۆ دۆزینەوەیان، ڕیزەکانمان لە جاران باشتر بەهێز بکەین دژی قاتل و تیرۆرستان .

سەرکەوێت بیری ئازادو کوردایەتی و قەڵەمی ڕەسەن، ڕسوا بێت دەستی قاتل و پیاوکوژان، سەرکەوتوو بێت ئیرادەی گەل .

هاوپەیمانی دیموکراتی کوردستان

١٩٩٩/١٢/١٢

بەڵگەنامەی ژمارە (١٠٧)

# تاوانەکانی P.K.K تاوانبار دەکەین

جەماوەری گەلی کوردستان!

ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکان و ئافرەتانی کوردستان!

گومانی تێدا نییە کە بە پێی ئەو غەدرە مێژووییەی لە گەلی کورد کراوە، هەردەم ناحەزان و نەیارانی ویستوویانە کوم ناو و شوێن بزری بکەن و ناسنامەی نەتەوەیی کاڵ بکەنەوە، بۆیە دووای نیفلیج بوونی زمانی دایەلۆگ و مێزی گفتوگۆ پەنای بردۆتە بەر شۆڕش و شاخ. هەڵبەتە لەو ڕێڕەوو ئامانجەشدا سەدان قوربانی داوە و تووشی دەیان کارەساتی جەرگ بڕ بووەتەوە و تەنانەت سیاسەتی قڕ کردن و جینو ساید کردنیان دەرهەق بەم نەتەوە ئاشتیخوازە پیادە کردووە.

تا ئەوەی لە ئاکام و دەر ئەنجامی شۆڕش و ڕاپەڕین و بزافەکانی گەلی کورد و پڕ بوونی جامی سەبری جەماوەری کوردستان ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ی لێکەوتەوە کە زۆربەی ناوچەکانی ئەم پارچەیەی کوردستان ئازاد کراو خەونی لە مێژینەی گەلی کورد لە پەرلەمان و حکومەتی کوردستان، هاتە دی و بوین بە خاوەن پەرلەمان و حکومەت، کە بەری ڕەنج و خوێنی ڕۆڵەکانی ئەم گەلەیە.

لێرەشەوە ئەو دەسکەوتە مێژووییە بوو بە خەتەرێکی ترسناک، لە بەردەم دوژمنان و ناحەزانی کورد. بۆیە کەوتنە پیلان و بشێوی نانەوە بۆ لە بار بردنی ئەم تاقیکردنەوە مەزنە، لە کاتێکدا ئەم دەستکەوتە مێژووییە پشتگیرییەکی تەواوی زۆربەی وڵاتە زلهێزەکان و جیهانی دەستەبەر کردووە و دەنگی ئاشتیخوازانە و مەزلومیەتی گەلی کورد، گەیشتۆتە نێو هەموو سووچێکی ئەم گێتی یە، دۆستانی کورد لە سەرجەم دنیادا بە پەرۆشەوە دەڕواننە ئەم ئەزموونە.

جێگای داخە کە حزبێکی وەکو پارتی کرێکارانی کوردستان ( P.K.K ) بە بێ دووربینی و هیچ واقیع بینیەک لە ئاست ئەم هەل و مەرجەدا، بە ڕێنمایی دوژمنان سەنگەری ڕاستەقینەی خۆی جێ هێشتووە و شەڕێکی ناعادیلانەی خستە ناوچەکەوە. بە تایبەتی دوای ئەنجامدانی کۆمەڵە کارێکی تەخریبی کە هەرگیز لەگەڵ ڕەوتی ئەمڕۆی جیهان و مرۆڤایەتیدا ناگونجێ و بگرە لە گشت دنیادا مەحکوم دەکرێ و دژی دەوەستن، وەک مین ڕێژ کردنی ڕێگاو بانی هاتووچۆی شارۆچکە و گوندەکان، کە تیایدا خەڵکێکی بێ دیفاع دەبنە قوربانی، دواتریش دزین و بردنی مەڕ و ماڵات و سامانی جوتیاران، هەر بەرمشەوە نەوەستاون کەوتونەتە ویزەی گوندەکان و سوتاندنیان و دواتریش کوشتنی هاولاتیانی بێ دیفاع، لە کاتێکدا کە دڵسۆزانی کورد و کێشەکەی ئەم گوندانەیان ئاوەدان کردۆتەوە و هاولاتیانیشی خەریکی کاری خۆیانن. بەڵێ پارساڵ جگە لە سوتاندنی گوندەکانی ( دێز و وەرتێ ) پەلاماری برا تورکمان و ئاشوورییەکانیشیاندا و ڕۆژانە دژی جەماوەی گەلەکەمان کاری تیرۆریستیان بە ناوی چالاکی سەربازی بەرێوە برد. وەک بڵێی پەندیان لە ساڵانی ڕابردوو وەرنەگرتبێ و چەند ڕۆژ بەر لە ئێستا بێ هەست کردن بە هیچ بەرپرسیارێتییەک و بێ دەرک کردن بە مەرگەساتی مرۆڤی کورد لە گوندی ( بازێ ) چوار مێرد منداڵیان بە درندەترین شێوە شەهید کرد، لە کاتێکدا ئەم جۆرە کارانە لە خانەی ئیرهابدا نەبێ ،لە هیچ خانەیەکی تردا جێگر نابن. کوشتنی چوارمێرد منداڵی بێ دیفاع ئەگەر تیرۆر نەبێ چی یە؟

بەڵگەنامەی ژمارە (١٠٨)

بۆیە ئێمە بە توندی هەموو کارێکی ئیرهابی و تەخریبی و تیرۆریستی لە سەرتاسەری جیهان بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی مەحکوم دەکەین و دژی دەوەستین و داواکارین هەرچی زووە P.K.K دەست لەو کارانە هەڵبگرێت و چیتر شەڕ بە خەڵکی بێ دیفاعی کوردستان نەفرۆشێ و کوردستانی عێراق بە جێی بهێڵێ و واز لە دژایەتی کردنی ئەم ئەزموونە بهێنێ.

یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان

یەکێتی قوتابیان و لاوانی بێت نەهرێن

هاوبەندی خوێندکار و لاوانی دیموکراتی کوردستان

یەکێتی قوتابیانی تورکمانی عێراق

یەکێتی خوێندەڤانانی نەتەوەیی کوردستان

هاوبەندی قوتابیان و لاوانی میللی کوردستان

یەکێتی پیشەسازانی کوردستان

یەکێتی خوێندکار و لاوانی سوسیالیستی دیموکراتی کوردستان

یەکێتی قوتابیان و لاوانی ئاشووری

یەکێتی قوتابیانی کوردستان

یەکێتی ئافرەتانی کوردستان

# بەڵگەنامەی ژمارە (١٠٨)

# ٩

# چالاکیی ڕێکخراوەیی وجەماوەری

# چالاکیی ڕێکخراوەیی وجەماوەری

باسکردن لە کۆمەڵگەی مەدەنی لە هەر کۆمەڵگەیەکدا بەندە بە مێژووی کۆمەڵگەی مەدەنی، هەروەها دەوڵەت و دەسەلات، دواجار دیموکراسی لەو کۆمەڵگەیە. هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەوەی مێژوویەکی کورتی هەیە، هاوکات ئەگەر پێوانەی بکەیت بە دەوڵەت و دەسەلاتێکی سەربەخۆ، ئەوا کورت دەهێنێت، جگە لەوە دیموکراسی لەم هەرێمە هاوشێوەی ناوچەکانی دەوروپشتیەتی، نوقمی گرفتە. بەلام لەگەڵ هەموو ئەمانەدا، کۆمەڵگەی مەدەنی لە هەرێمی کوردستاندا دیاردەیەکە کە جێگەی وەستان و توێژینەوەیە.

بۆ باسکردن لەم بابەتە، تیشک دەخەینە سەر مێژووی کۆمەڵگەی مەدەنی، پەیوەندی بە دەوڵەتەوە، لەو پێشەکیەوە، باس لە چەمکەکە دەکەین. دواتر نمونەی جیهانی عەرەبی وەردەگرین، وەک کۆمەڵگەیەکی نزیک لە ئێمەو هەڵگری ناوی کۆمەڵگەی مەدەنی بەلام بارگاوی بە سیاسەتی گروپی فەرمانڕەوا، هەروەها لەسەر مێژووی کۆمەڵگەی مەدەنی دێنە گۆو ئنجا لەبەر رۆشنایی ئەم باس و خواستەوە، ڕامانێک لە بەڵگەنامەکان دەکەین.

مێژووی کۆمەڵگەی مەدەنی، تەریبە بە مێژووی سەرهەلدانی دەوڵەتی نەتەوەیی لە ئەوروپا. لە ئەنجامی سەرهەڵدانی بیری دیموکراسی و گەشەی چینی بۆرجوازی وەک بەدیلێک بۆ ستەمکاری دەستەو گروپێکی بچوکی کۆمەڵگە، پێبەپێی ئەم گۆڕانە، کۆمەڵگەی مەدەنی هاتە مەیدان. بەلام پاشەکشەیەک لە کۆتایی سەدەی هەژدە لە کۆمەڵگەی مەدەنی کەوتە بەرچاو. دەوڵەی نەتەوەیی لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە ڕا، گرنگی زیاتری بە شۆڕشی پیشەسازیدا و تا ناوەڕاستی سەدەی بیستەم، پیشەسازی و دەوڵەتی نەتەوەیی پێکەوە کەوتنەکار، کە بەرەنجامەکەی بریتیی بوو لە سازکردنی دوو جەنگی جیهانی کە تیایدا زیاتر لە ١٠٠ ملیۆن کەس بونە قوربانی. دوای دووەمین جەنگی جیهانی، لێرەوە جارێکی تر کۆمەڵگەی مەدەنی هاتەوە گۆڕێ و کۆمەڵگەی مەدەنی وەک بوارێک بۆ خەباتی سیاسی دژ بە زۆرداری خۆی نواند هەروەها وەک بەرامبەرێک بۆ دەوڵەت دانرا کە دەتوانێت ڕفتاری سیاسی ڕژێمی

خۆسەپێن بگۆرێت[١٦٢]. دەوڵەتەکان لە جەنگدا بەشێوەیەک مرۆڤ و کۆمەڵگەیان ڕوخاند، کە تەنها بە پارەو پلانی دەوڵەت سەرپێ نەدەکەوتەوە، بۆیە کۆمەڵگەی مەدەنی وەک پێویستیەک سەریهەڵدا کە لەلایەک بەشدار بوو لە بنیاتنانەوە لە لایەکی تر ڕێگر بوو لە کارەساتی جەنگ، بۆیە ڕێکەوت نەبوو کە چەمکی ڕێکخراوە ناحکومیەکان وەک ئامرازێکی سەرەکی کۆمەڵگەی مەدەنی، بۆ یەکەمین جار لە ساڵی ١٩٤٥ بەکار هات لە لایەن نەتەوە یەکگرتوەکانەوە[١٦٣].

بە سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی ساڵی حەفتاکان، بیری ئابوری و پیاوانی بازاڕ، دەوڵەتیان خستە سەر ئەو ڕایەی کە لە پێناو بوژاندنەوەو گەشەپێدانی سەرمایە، پێویستە دەوڵەت دەسبەرداری چاودێری کۆمەڵایەتی و هێزی سەندیکای کرێکاری بێت تا تێچونی دەوڵەت کەم بێتەوە. بەم هۆیەوە سەندیکاو هێزە کۆمەڵایەتیەکان پشگیری مادی دەوڵەتیان کەمی کرد، بەڵام نەیوەستاندن، بەڵکو کۆمەڵگەی مەدەنی بەهێزتر کرد و زیاتر خۆژێنی و کاریگەری زیاتر کرد[١٦٤]. بە ڕوخانی بلۆکی رۆژهەڵاتی سۆسیالیستی  و سەرەتای جیهانگیری، هێز هاتەوە وەبەر ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ئەمەش تەنها لەڕوی داراییەوە نا کە زیاتر پشتیان بە خۆیان بەست، بەڵکو لەڕوی چالاکییەوە کە سنوری دەوڵەتیان تێپەڕ کرد، هاوکات پایەکانی دەسەڵاتیان گۆڕی، بە جۆرێک دەسەڵاتی باو لەپێشودا لەسەر بنەمای دەسەڵاتی یاسادانان و دەسەڵاتی جێبەجێکردن و دەسەڵاتی دادوەری بەن بوو، بەڵام کۆمپانیای نێودەڵەتی و ڕاگەیاندن و کۆمەڵگەی مەدەنی، بوون بە پایەکانی تری دەسەڵات لە جیهاندا[١٦٥]. لەم نێوەندەدا و لە سایەی جیهانگیریدا، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی زیاتر بوون بە بەشدار لە دروستکردنی بڕیاری دەوڵەت، کە لە بری گرنگیدان

---

[١٦٢] اسماعیل میهوبی، امینة بوعفان: فعالیاه المنظمات غیر حکومیة بالمجتمع المدنی وتاثیرهاعلی التنمیة الاجتماعیة، ص ٨٠٢.

[١٦٣] بەختیار عبدالله کریم:ڕاپەڕین وەک دەروازەیەک بۆ سەرهەڵدانی ڕێکخراوە ناحکومەیکان لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا ١٩٩١-٢٠١٥. ل٣٢٠.

[164] Benjamin J. Lough , The Evolution of International Volunteering, The International Volunteer Service Exchange  Conference, Beijing, China ١٢-١٣ ، October 2015, P .٣

[١٦٥] اسماعیل میهوبی، امینة بوعفان: المصدر السابق، ص ٨٠٤.

بەگەشەپێدانی ئابوری و پیشەسازی، بیری زیاتری بەلای گەشەپێدانی مرۆییدا ڕۆیشت و لە ئاستی نێودەوڵەتیش زیاتر بەشدار بوو لە پێناو تێکەڵکردن و هاوبەشیکردنی جیهانی پێشکەوتوو لەگەڵ جیهانی سێیەمدا[١٦٦]. هەربۆیە لەسایەی جیهانگیریدا چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنی جیهانی سەریهەڵدا، کە پێناسەکرا بە بواری بیر و نەریت و تۆڕ و ئەو کەسانەی کە لەدەروەی سنوری خێزان و بازار و دەوڵەتن و لە دەرەوەی سنوری کۆمەڵگە و دەزگا نیشتمانی و باوەڕی ناوخۆیین[١٦٧]. ئیدی بیرمەندانی بواری زانستە مرۆییەکان، ئەم دیاردەیان بە شۆرشی ڕیکخراوەیی جیهانی Global Association Revolution ناوبرد بەجۆرێک ژمارەی ڕێکخراوە ناحکومیەکان، ڕێژەی کاریگەریی دەرخستن. لە سەرەتای سەدەی ٢١ تەنها لە ولایەتە یەکگرتوەکان ٢٠ ملیۆن و لە هندستان ١٠ ملیۆن ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی هەبووە. لە ساڵی ١٩٩٩ تەنها لە شاری پاریسدا، ١١٠٢ ێکخراو هەبوو، لە عێراقدا، لە ساڵی ٢٠١١، ژمارەیان ١٢٦٣ ڕێکخراو بوو. لە هەرێمی کوردستانیش ٦٠٠ ڕیکخراوو بوو. لە ئاستی نێودەوڵەتیش، ریکخراوی ناحکوی نێودەوڵەتی گەیشتە ٣٥ هەزار ڕێکخراو [١٦٨].

سەربوردی مێژوویی کۆمەڵگەی مەدەنی، پەلکێشمان دەکات بۆ تیشکخستنە سەر ئەو بەریەککەوتنەی کە لە نێوان کۆمەڵگەی مەدەنی و دەوڵەت هەیە، کە تێکەڵەیەکە لە پەیوەندی دژ و هاوپەیمانی و ڕکەبەری و پاشکۆیەتی کە فەیلەسوفەکان بە شێوەی جیاواز ڕاڤەیان بۆ کردووە. هۆبز باوەڕی وایە ئەرکی دەوڵەت بریتیە لە کودەتا بەسەر کۆمەڵگەی سروشتی نا ئارام و جێگرتنەوەی بە کۆمەڵگەی مەدەنی کە لەگەڵ دەوڵەتدا ڕێ بکات و بنەمای ئەو دەولەتە بیت بێت. جۆن لۆک و ئەمانویل کانت پێیان وایە کە کۆمەڵگەی مەدەنی دۆخێکی سروشتیە، ئەرکی دەوڵەت کودەتا نیە بەسەریدا، بەڵکو پاراستن و پێشخستنی ئەو دۆخەیە. هیگڵوای بۆچووە دەوڵەت تەواوکەری کۆمەڵگەی مەدەنیە بەڵام دەوڵەت کۆمەڵگەی مەدەنی تێپەڕ کردووەو سەرپەرشتی دەکات و

166 Benjamin J. Lough , P.٣

١٦٧ اسماعیل میهوبی، امینة بوعفان: المصدر السابق، ص ٨٠٥.

١٦٨ بەختیار عبدالله کریم: سەرچاوەی پێشوو، ل٣٢١.

ئەو (واتە دەوڵەت) ڕەهەندی ئەخلاقی و گشتی بە کۆمەڵگەی مەدەنی دەدات. جۆن ستیوار دمیل لەم بارەیەوە دەڵێت، پێویستە کۆمەڵگەی مەدەنی تەواو لە دەوڵەت سەربەخۆ بێت و ئەرکی تەنها کارکردن نیە بۆ سنوردارکردنی دەسەڵاتی دەوڵەت، بەڵکو سنوردانانە بۆ زۆرینە لە بەرامبەر کەمینەی تاک و کەمینەی ئاینی و ڕەگەزی[١٦٩].

لەم ڕاڤانەی سەروە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە کۆمەڵگەی مەدەنی بوارێکی سەربەخۆ نیەو سەرپێ ناکەوێت و تەواو نابێت بە بێ بوونی دەوڵەت. دەوڵەت پەیوەندی بە کۆمەڵگەی مەدنی هەیەو بە پێچەوانەوە کۆمەڵگەی مەدەنی پەیوەندی بە دەوڵەتەوە هەیە. ئەرکی دەوڵەت دامەزراندنی کۆمەڵگەی مەدەنیە، لە بەرامبەردا کۆمەڵگەی مەدەنی جێ پێی خۆی قایم ناکات بە بێ بوونی دەوڵەت کە گرنگی دەدات بە ڕێکخستنی کاروباری ناوخۆی و دەرەکی کۆمەڵگە لەرێگەی دامودەزگاکانیەوە. واتا پەیوەندیەکەیان پەیوەندیەکی تەواوکاریە و دابەشکردنی ڕۆڵە.

مەبەست لە ڕۆڵی کۆمەڵگەی مەدەنی، ناوەندگیریە لە نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگەدا. ئەم ڕۆڵە دەگۆڕێت لەنێوان کۆمەڵگەیەک بۆ کۆمەڵگەیەکی تر بە پێی سروشتی سیستەمی حوکمڕانی و کەسێتی سەرۆکی حوکمڕان هەروەها بەپێی بواری ئازادی و سەربەخۆیی. تا سەربەخۆ بێت و دوربێ لە دەسوەردانی دەوڵەت، ئەوا کاریگەر تر دەبێت هەم لەسەر دەسەڵات و هەم لەسەر کۆمەڵگە.[١٧٠]

ئەرکێکی تری کۆمەڵگەی مەدەنی بریتە لە نێوەندگیری لە نێوان دەوڵەت و تاک. کۆمەڵگەی مەدەنی تاک دەپارێزێ لە توندوتیژی دەوڵەت و دەوڵەتیش دەپارێزێ لەتوندوتیژی سیاسی. کۆمەڵگەی مەدەنی تاک و دەستەبژی دەسەڵات نوێ دەکاتەوەو ناهێڵێت لە سنوری گروپێکدا چەق ببەستێت، بەجۆرێک هەمیشە بەدیل و جێگرەوە پێشکەش دەکات کە تیایدا تاک بە ویستی خۆی دەخزێتە ناو

[١٦٩] ولید العیفه، جدلیة العلاقة بین الدولة والمجتمع المدنی فی عصر العولمة، مجله الباحث للدراسات الاكادیمیة، مجلد، ٦، عدد ١، ٢٠١٩، ص٨٠٧.

[١٧٠] مرزوق عنتره: اشكالیة علاقة الدولة بالمجتع المدنی فی المنطقة العربیة، جامعة محمد بوظیاف - المسیلة، ص٣٦.

کۆمەڵگەوە  نەک لەڕێگەی پەیوەندی باوی خوێن کە تاک بە ناچاری پابەندی کۆمەڵگە بکات[171].لەئێستادا و لە سایەی جیهانگیریدا، دەوڵەت ئەرکی قورستر بووە و لە یەک کاتدا ڕووبەرووی دوو جۆر کۆمەڵگەی مەدەنی بۆتەوە، یەکەمیان کۆمەڵگەی مەدەنی ناوخۆییە کە گرنگی بە پرسە ناوخۆیەکانی دەوڵەت دەدات، ئەوی تر کۆمەڵگەی مەدەنی نێودەوڵەتییە کە گرنگی بە پرسەکانی ئەودیو سنور دەدات. بۆیە کۆمەڵگەی مەدەنی کاریگەرتر بووەو ئازادتر بووەو لەبەکارهێنانی لەلایەن دەوڵەت زیاتر دورکەوتۆتەوە.

لێرەوە دەگەینە پێناسەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی. کۆمەڵگەی مەدەنی بریتیە لە کۆمەڵێک ڕێکخراوی کۆمەلایەتی کە خاوەنی سەربەخۆیی خۆیانن و نێوەندگیرن لە نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگەدا. بەڕای محمد عابد جابری کۆمەڵگەی مەدەنی پێش هەموو شتێک پەیوەندی بە کۆمەڵگەی شارەکانەوەیە کە خەڵک بە پێی خواسی خۆیان دروستی دەکەن و پاشان گەر حەزبکەن پاشەکشەی لێدەکەنن، ئەمەش بە پێچەوانەی دامەزراوەی خێڵەکی گوندنشینی کە دامەزراوەکانی سورشتین و تاک بێ ویستی خۆی تیایدا خۆی دەبینێتەوەو ناشتوانێت پاشەشەی لێبکات[172]. پێناسەیەکی تر بۆ کۆمەڵگەی مەدەنی ئەوەیە: کۆمەڵێک ڕێکخراو و کۆمەڵەو ڕێکخستنە، کە هاوڵاتی لە سنوری ئەوانەدا خەبات دەکات لەپێناو بەرژەوەندی گشتی لەبواری ئابوری و کۆمەڵایەتی و مەدەنی[173]. یاخود کۆمەڵگەی مەدەنی ڕێکخستنێکی خۆبەخۆی نا سودمەندە کە ئامانجی گەیشتن نیە بە دەسەڵات، بەڵکو کەرتێکی سێیەمە لە پاڵ کەرتی گشتی حکومی و کەرتی. یان کۆمەڵگەی مەدەنی بریتیە لە کەناڵی بەیەکگەیاندنی خێزان وەک سادەترین ڕێکخستنی کۆمەڵ بە دەوڵەتەوە وەک بەرپرسی یەکەم لە دروستکردنی بڕیار. گرنگترین سەرچاوەی شەرعیەتی دەوڵەت بریتیە لە بەدەستهێنای ڕزامەندی کۆمەڵگەو

---

[171] مرزوق عنترە: اشكالية علاقة الدولة بالمجتع المدنى فى المنطقة العربية، جامعة محمد بوظياف - المسيلة، ص٥٤.

[172] مرزوق عنترە: المصدر السابق، ص٤٢.

[173] وليد العيفە: المصدر السابق، ص٨٠٧.

ملدانی خۆبەخۆیی خەڵک بۆ دەسەلآت، کە لەم بوارەدا کۆمەڵگەی مەدەنی ڕۆڵ دەبینێت[١٧٤].

ئامرازی دەستی کۆمەڵگەی مەدنی بریتیە لە ڕێکخراوە ناحکومیەکان. ڕێکخراوی ناحکومی دامەزراوەیەکی قازانج نەویستە لە دەرەوەی پێکهاتەو دامەزراوەی دەوڵەت، لە ئاکامی ڕێکەوتنی ئارەزوومەندانەی نێوان چەند هاولآتیەک یان چەند دامەزراوەو دەستەیەکی ناحکومی هاوئامانج دادەمەزرێت بە مەبەستی ئەنجامدانی خزمەتکردنی هاولآتیان و کارکردن بۆ پەرژەوەندی گشتی. بەوەش لە سەندیکاو ڕیکخراوە پیشەیەکان جیادەکرێتەوە کە بەرنامەی کارکردن و چالاکیەکانی سنوری ئەندامەکانی توێژو گروپێک تێدەپەڕێنێت[١٧٥]. یان ڕێکخراوی ناحکومی پێناسە دەکرێن بە پێشکەشکردنی خزمەتگوزراری، کاتێک کە دەوڵەت هەژارە لەڕووی کات و داهاتەوە. نەتەوە یەکگرتوەکان پێناسەی دەکات بە کۆمەڵێک ڕێکخراو کە گرنگی بە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری دەدەن بۆ تاک یان کۆمەڵگە، یان توێژێک کە پێویستی بە خزمەتکردنە لەبوارەکانی گەشەپێدان و ڕوداوی کتوپڕو دوبارە بنیاتنانەوەو تەندروستی و فێربوون و ڕۆشنبیری[١٧٦]. ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی چالاکترن لە دەوڵەت و لە بازار بە گەیشتن بە هەژارو پەراوێزخراوو توێژەکان، بە تێچونێکی کەم، چالاکیەکی زۆرتر، پەیوەندی باشتر لەگەڵ خەڵک دروست دەکات[١٧٧].

جیهانی عەربی وەک ناوچەیەکی نزیک لە هەرێمی کوردستان خاوەنی کێشەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیە. لە جیهانی عەرەبیدا کۆمەڵگەی مەدەنی تەمەنی کورتەو مێژویەکی دێرینی نیە. ئەو هۆکارانەی وایکرد ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی لە جیهانی عەرەبیدا بێتە کایەوە، سیاسەتی ئابوری دەوڵەتی عەرەبی بوو لەهەشتاکان، کە گرنگیدان بوو بە سیاسەتی ئازادی ئابوری و کەمکردنەوەی ڕۆڵی ناوەندی دەوڵەت لە بازاڕدا. هەروەها زۆربونی ژمارەی دانیشتوان، دواتر، ڕۆڵی دامەزرازە نێودەوڵەتیەکان بەتایبەت بۆ گەڕان بەدوای

---

[١٧٤] اسماعيل ميهوبي: المصدر السابق، ص ٨٠٢.

[١٧٥] بەختیار عبدالله کریم، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٢١.

[١٧٦] مرزوق عنترە: المصدر السابق، ، ص٤٦.

[١٧٧] اسماعيل ميهوبي، امينة بوعفان: المصدر السابق، ص ٨٠٤.

خەڵکی تر جگە لە حکومەت بۆ کارکردن لە جیهانی عەربیدا، بواری چالاکبونی کۆمەڵگەی مەدەنی هێنایە کایە. گرنگترین ئەو بوارانەی ڕێکخراوی مەدەنی لە نیشتمانی عەرەبی کاری تێدا کردوە بریتی بوون لە: فێرکردن، لەناوبردنی هەژاری[١٧٨].

لەگەڵ ئەوەی ناوی کۆمەڵگەی مەدەنی کەوتە بەرچاوی کۆمەڵگە، بەڵام لەبری چارەسەر، بوو بە بەشێک لە کێشەکان بە جۆرێک کۆمەڵگەی مەدەنی بوو بە ڕوتوشێک بۆ سیستەمی سیاسی و بۆ دەرخستنی ڕووی دیموکراسیخوازانەی دەوڵەتە عەرەبیەکان تا دەستیەک لە حوکمڕانیدا بمێننەوەو بەردەوام بن. محمد عابد جابری دەڵێت: دەوڵەت خۆی کۆمەڵێک دامەزراوی داناوە کە پێویستی پێیەتی، خۆی هاوکاری دەکات و ئاراستەی دەکات و هێزو دەسەڵاتی پێدەبەخشێت. ئەم دەوڵەتە کۆمەڵگەی مەدەنی قوت دەدات و بوارێکی بۆ ناهێڵێتەوە  بۆ ڕۆڵبینین لە دەرەوەی دەوڵەت. بورهان غلیون لەم بارەیەوە دەڵێیت: دەوڵەت بووە بە دامەزراوەیەکی تایبەت، کە کاری بووە بە سەپادنی باڵادەستی تەواوەتی بەسەر کۆمەڵگە لە پێناو دەستەبژێرێکی فەرمانڕەوا نەک لە پێناو بەرژەوەندی گشتی. هەر جوڵەیەک یان ئاماژەیک کە لەکۆمەڵگەی مەدەنیەوە دەردەچێت، دەوڵەت وەک بەرهەڵستکاری سیاسی دەیبینێت و لە دژی پرۆژەی دەوڵەتی دەزانێت  و بە هەرەشەی ڕاستەوخۆی دەبینێت لە دژی نەتەوەو شۆرش. بۆیە نەبونی پەیوەندیەکی دروست لەنێوان دەوڵەت و کۆمەڵگەی مەدەنی وابەستەی کێشەی بونیادی دەوڵەتە. ئەم دەوڵەتە، بونیادەکەی تەواو نەبووەو ناتەواوە، دام و دەزگاکانی لاوازە، دەوڵەت وابەستەی یەک کەس یان یەک فەرمانڕەوا بووە، هەروەها سروشتی زۆرداری باڵی بەسەر دەزگای دەوڵەت کێشاوە. کۆمەلگەی مەدەنیش پێناگات و ڕۆڵنابینێت لە دەوڵەتێکی دیموکراسیدا نەبێت کەنەبونی ئەم دیموکراسیەتە لە دەوڵەتی عەرەبیدا، بۆتە هۆی ئەوەی کە کۆمەڵگەی مەدەنی ڕۆڵی خزمەتکاری دەسەڵات ببینێت نەک بەرگریکاری گەل. جابری دەڵێت: دیموکراسیەت لە تایبەتمەندی کۆمەڵگەی مەدەنیە، ئەو کۆمەڵگەیەی مرۆڤ تیایدا هاوڵاتیە و ئەندامە لە ریزی

---

[١٧٨] اسماعیل میهوبی، امینة بوعفان: المصدر السابق، ص ٨٠٥.

گروپێکی مرۆیی کە ژیانی خۆیان ڕێکخستوە لە ڕێگەی دامەزراوەی دیموکراسی کە ماف و ئەرکی هەموانی ڕێکخستوەو حاکم تیایدا نوێنەری تەواوی کۆمەڵە و بە ڕەزامەندی هەموو کۆمەڵ، نەک نوێنەری گروپ و خێڵێکی بەهێزی پارەو چەک بێت[١٧٩].

بە تێڕوانین لە جیهانی ڕۆژئاواو جیهانی عەرەبی، دەتوانین بگەینە ئەو ڕاستیەی کە مەرجی بونی کۆمەڵگەی مەدەنی بریتیە لە دەوڵەت و دیموکراسی. کۆمەڵگەی مەدەنی لە کۆمەڵگەیکدا کە خاوەنی پرۆژەی دەوڵەت و دەسەلات نەبێت، بونی نیە، هاوکات ئەگەر ئەو کۆمەڵگەیە دیموکراسی تیایدا بەرقەرار نەبێت، ئەوا کۆمەڵگەی مەدەنی وەک فەرمانگەیەکی حکومی رۆڵ دەبینێت نەک وەک دەسەلاتێکی سەربەخۆ.

لە هەرێمی کوردستاندا، هەرچەندە دەوڵەت نەبوو، بەلام دەسەلاتێک هەبوو کە ناوی هەرێمی کوردستان بوو. ئەم دەسەلاتە، لەسەرەتاوە خاوەنی پرۆژەیەکی خۆبەخۆبوو، بەلام بە دەسپێکردنی شەڕی ناوخۆ لە ١٩٩٤، ئەم پرۆژەیە بوو بە پرۆژەی حزبی. پرۆژەی حزبیش لە چوارچێوەی تاک حزب و سەرکردەی بالا خولی دەخوارد. بۆیە کۆمەڵگەی مەدەنی ڕۆڵی کەم بوو چونکە نەپرۆژەی دەوڵەتداری هەبوو نە دیموکراسی هەبوو.

کۆمەڵگەی مەدەنی لە هەرێمی کوردستان لەژێر کاریگەری دەرەکی و ناوخۆیدا گەورە بوو. کاریگەری دەرەکی بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکان بوو کە لانی کەم پشگیریەکی مادی گەورەی بۆ کۆمەڵگەی مەدەنی دروست کرد. هەرچی کاریگەری ناوخۆیی بوو، ئەو بارودۆخە سیاسیە بوو کە تایبەتمەندی بە کۆمەڵگەی مەدەنی لە کوردستان بەخشی کە لێکچونێکی تێدایە لەگەڵ کۆمەڵگەی مەدەنی لە نیشتمانی عەرەبی.

بڕیاری ٦٨٨ی نەتەوە یەکگرتووەکان، پاڵنەری سەرەکی بوو بۆ دروست بوونی چەندین ڕێگخراو کە ئەرکیان یارمەتیدان و فریاگوزاری مرۆیی و ئاوەدانکردنەوەی ناچە داڕماوەکانی کوردستان بوو، لەوانە کۆمەڵەی ئاوەدانکردنەوەو گەشەپێدانی کوردستان KURDS پرۆژەی گوندە بچوکەکانی

---

[١٧٩] مرزوق عنترە: المصدر السابق، ص٥٣

زاخۆ ZSVP. کۆمەڵەی هەرەوەزی و ئاوەدانکردنەوەی کوردستان CORK کە لە ١٩٩١-١٩٩٢ دامەزران، هەروەها کۆمەڵەی ڕۆژ بۆ خزمەتکردنی هاندیکاپ، ڕێکخراوی ئاوەدانکردنەوە، فێرکردن و تەندروستی REACHلە ١٩٩٥[١٨٠]. کاتێک بڕیاری ٩٨٦ی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٩٦ درا کە ناسرا بوو بە بڕیاری نەوت بەرامبەر خۆراک، وای لە ڕێکخراوەکان کرد هەنگاوێک لە کاری فریاگوزاری دوربکەونەوە و زیاتر بە پیر گەشەپێدانی مرۆیی بڕۆن لە کوردستاندا. ئەوە بوو چەندین ڕێکخراو دروست بوو بۆ داکۆکیکردن لە مافی ژنان و مرۆڤ و پاراستنی ژینگە و گرنگیدان بە گەنج و لاو.

بەڵام کۆمەڵگەی مەدەنی لە کوردستان کەوتە ژێر باری دۆخی سیاسی لە کوردستان، کە دۆخێکی حزبی توندوتیژ بوو. لە ڕووی یاساییەوە، لە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان ساڵی ١٩٩٣ بڕیاری ژمارە ١٨ی دەرکرد کە تایبەت بوو بە دامەزراندنی ڕێکخراوە ناحکومەیەکان، بەڵام چونکە حزبەکان لەململانێی وەدەستخستنی پارە و پێگەدا بوون، خویاندایە دامەزراندنی ڕێکخراوی مەدەنی، کە لە کۆمپانیای بەڵێندەری نزیک بوو بۆ کۆکۆدنەوەی ئەو پارانەی کە بە لێشاو لە ڕۆژئاواوە ڕوویاندەکردە کوردستان و حزبەکان لە ڕێگەی ڕێکخراوەکانیانەوە لە لایەک سودی مادیان دەبینی و لە لایەکی تر بەکاریان دەهێنا وەک بانگەشەیەک بۆ پەیداکردنی ئەندام و لایەنگر.

بە دەستپێکردنی شەری ناوخۆ و جودابونەوەی جوگرافیا و حکومەتی دوو حزبەکە لە یەکتر، هەریەک لەو دوو حزبە لە سنوری خۆیدا دەسەڵاتی تاک حزبی و سەرکردەی باڵای پەیڕو دەکرد، بۆیە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی چون بەرەو چەقی بازنەی بەرژەوەندیەکانی حزب و دورکەوتنەوە لە داکۆیکردن و بەرگریکردن لە مافی گشتی. هەر یەک لەو دوو حزبە لای خۆیانەوە دوو یاسای جیاوازی دەرکرد بۆ لەقاڵبدانی کۆمەڵگەی مەدەنی بە پێی بەرژەوەندی پێگەو دەسەڵاتی خۆی کە یاسای کە یەکەمیان بڕیاری ٢٩٧ی سەرۆکایەت هەرێمی کوردستان بوو لە ١٩٩٩ بۆ ڕێکخراوەکانی ناوچەی سەوز، ئەوی تر یاسایژمارە ١٥ی ساڵی ٢٠٠١ ی پەرلەمانی کوردستان بوو بۆ ڕێکخراوەکانی

---

[١٨٠] بەختیار عبدالله کریم، سەرچاوەی پێشوو،ل٣٢٢.

ناوچەی زەرد. لێرەوە لە کوردستاندا دوو یاسا بۆ یەک هەرێم بەرکار بوو، کە بە ڕوونی ڕێکخراوەکانی دابەشکرد و لە پێگەو پایەی کۆمەڵگەی مەدەنی کەمکردەوە لەوەدا کە لەبری سەرقاڵبوون بە داکۆکی لەمافی گشتی، سنوری چالاکیەکانی کەم بووەوە لە ناوچەیەکی جوگرافی بەرتەسک لە چوارچێوەی بۆچونی گروپێکی بچوکی خاوەن دەسەڵات.

سەرباری ئەو کێشانە، چالاکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بەتەواوی ڕادەستی ئەو دۆخە سیاسیە نەبوون.

ساڵی ١٩٩١، کۆمەڵەی ڕۆژ بۆ خزمەتکردنی هاندیکاپ دامەزرا. ڕێکخراوی مافی مرۆف لە کوردستان لە ساڵڕۆژی جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ یەکەم کۆنگرەی خۆی بەست لە ١٩٩٢، هەروەها ڕێکخراوی ئاوەدانکردنەوە و فێرکردن و تەندروستی کۆمەڵ REACH لە ١٩٩٥ دامەزرا. بەتایبەت دوای ئەوەی ساڵی ١٩٩٦، ڕێکخراوە ئەمریکیەکان یان ئەوانەی پشگیری مادیان لە ئەمریکاوە بەدەست دەگەیشت، لە کوردستان کشانەوە بەهۆی ڕوداوی ٣١ی ئابی ١٩٩٦، بەشێک لە کارمەندانی ئەو ڕێکخراوانە، دەستیانکرد بە دروستکردنی ڕێکخراوی سەربەخۆ، کە توانیان سود لەو پەراوێزەی دیموکراسیە وەربگرن کە لە کوردستاندا هەبوو. بۆیە دەبینین، ڕێکخراوی داکۆکیکار لە مافی گشتی دامەزرا، وەک مەڵبەندی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی خانزاد ١٩٩٦، سەنتەری ڕاگەیاندن و ڕوناکبیری ژنان ١٩٩٧، ڕێکخراوی پەرەپێدانی دیموکراسی ١٩٩٩، پەیمانگەی کوردستان بۆ هەڵبژاردن ٢٠٠٢[١٨١].

بەڵگەنامەکانی بەشی نۆیەم باس لە چالاکی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەکات، کە گرنگی بەپرسی ژنان و منداڵان و زیندانی سیاسی و جوتیاران و خانەنشینان و پێشێلکردنی سنوری هەرێمی کوردستان و خوێندکاران، پرۆسەی ئاشتی دەکات، لە پاڵیشیدا، هەندیک پرسی تایبەتی تێدایە کە چۆتە خانەی داکۆکی لە مافی گشتی. لە گرنگترین ئەو پرسانەی کە ڕێکخراوەکان لەم بەڵگەنامانەدا گرنگییان پیداوە ئەمانەی خوارەوەن:

---

[١٨١] بەختیار عبدالله کریم، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٢١.

1. یاسای باری کەسێتی: ڕێکخراوەکانی ئافرەتان، لەبەرئەنجامی هەڵمەتی تیرۆرکردنی ژناندا، سەرسەختانە داکۆکیان لە گۆرینی یاسای باری کەسێتی کرد. ((لە بڕیاری ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩ی یاسای سزادانی عێراقی لەمادەکانی ١٣٠ – ١٣٢- ٤٠٩، کە لەژێر پاراستنی شەڕەفدا ڕێگەیداوە به کوشتنی ژنان، کە ئەمەش ڕێگە خۆشدەکات بۆ پیاوان ژنان تیرۆر بکەن و بەهانەش بۆ تیرۆرکردنەکە بهێننەوە لەژێر پەردەی پاراستنی شەڕەف و ناموسدا، پیادەکردنی ئەم یاسایە لەکوردستان و بەتایبەت دوای ڕاپەڕین دەیان ئافرەتی توشی تیرۆرو تۆقاندن کردۆتەوە))[١٨٢]. لەسنوری ئیدارەی سلێمانیدا و ((دوای چالاکیەکی ناوەندی هاوبەشی ڕێکخراوەکانی ژنان و بڵاوکردنەوەو خستنەڕووی بەدیلی خۆمان لە جێگەی قانوونە داڕزیوەکەی احوال شخصی عێراقی، سەرەنجام بەشێک لە دەسەڵاتدارانی کوردستان ناچاربوون کە لە ڕۆژی ٢٠٠٠/٤/١٢ داخوازی ئێمە بۆ بە قانوونی کردنی تاوانی کوشتنی ژنان لە ژێر ناوی ناموس پەرستی و (غسل العار)دا وەک (تاوان)ی قورس پەسەند بکەن))[١٨٣].
2. پرسی منداڵ لە کوردستان: ڕێکخراوی ئافرەتانی کوردستان، لە ساڵیادی جاڕنامەی مافی منداڵ پەنجە دەخاتە سەر پێشێلکردنی مافی منداڵ لە کوردستان بە تایبەت لە سایەی لێکەوتەکانی شەڕی ناوخۆداو ڕایدەگەیەنن، ((لەکوردستان لەسایەی شەڕی ناوخۆو دەسەڵاتداران، منالان لەجیاتی فێرکردن و پەروەردەکردنیان بۆ ئەوەی گەشەی ڕووحی و جسمی بکەن و ببنە مرۆڤی بنیاد نەری سبەینێ، ڕەوانەی بازاڕی بێ ڕەحمی کاری هەرزان دەکرێن و باری دەرونی خراپ و لادان لەڕەوشت و سواڵکردن و دەستەمۆی

[١٨٢] بەڵگەنامەی ژمارە (١٢٨): بڕیاری ژمارە (٥٩)ی سەرۆکایەتی
[١٨٣] بەڵگەنامەی ژمارە (١٢٧): دوای کوشتنی ٥٠٠٠ ژن

چەوسانەوە جیاجیاکانی بازاڕی ناعەدالەتی کۆمەڵگاو لەهەموو پێداویستیەکی ژیانی مناڵیان بێ بەشن))[١٨٤].

3. سیاسەتی بەعس. ڕێکخراوەکان چاودێری سیاسەتی توندوتیژی حکومەتی عێراقییان لەو کاتەدا دەکرد کە بریتی بوو لە راگواستن و هەڵمەتی لە سێدارانی بەرهەڵستکاران. بۆیە هەوڵیان دەدا کە رژێمی بەعس لە دادگایەکی نێودەوڵەتی دادگایی بکرێت. کۆمەڵێک ڕێکخراو لە بلاوکراوەکانیاندا رایاندەگەیاند، ((ڕێکخراوی UN لە کوردستان حیزب و لایەن و ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکان.. وەک ئاگادارن ڕۆژی ١٠/٥/١٩٩٧ەوە جارێکیتر ڕژێمی فاشیستی بەعس دەستیکردووە بە ڕاگواستنێکی بەرفراوانی دانیشتوانی کوردی شاری کەرکوک و دەوروبەری کەبەپێی هەواڵەکان زیاتر لە (دوو هەزار) ماڵ بەر ئەم حەملەیە کەوتون، کە هاوکات لەگەڵ ڕاگواستنی خانوبەرەو مومتەلەکاتیان حیجزکراوە، هەقی بایەعی و کۆبۆنی خواردنی بڕیاری ٩٨٦ یان لێسەندراوەتەوە، وڕەوانەی شارەکانی سلێمانی وهەولێر وبەشێکی تریشیان ڕەوانەی شاری ڕومادیە کراون))[١٨٥]. هەروەها ((ئاگادارن کە ڕژێمی بەعس چەند مانگێکە دەستیداوەتە هێرشێکی بەرفراوانی ئیعدامکردنی زیندانیانی سیاسی ولە ماوەیەدا زیاترلە (٢٥٠ ) کەسی مخالفینی سیاسی خۆی ئیعدام کردووەو دواترینیان (٦) کەسن کەلاشەکانیان لە زیندانی ئەبووغریب دانراوە))[١٨٦]، هەر بۆیە (( هەوڵدان بۆ دادگایکردنی دیکتاتۆری عێراق (صدام حسین) و سەرانی ڕژێمەکەی لەمساتە وەختەدا، کارێکی یاسایی و ڕەوایە بەرامبەر تاوانبارێکی وەها کەئەتواندرێت بووترێت نمونەی لەمێژوودا کەمە))[١٨٧].

---

[١٨٤] بەڵگەنامەی ژمارە (١١٠): دایکان..باوکان خوازیارانی دونیایەکی پڕ لەئاسودەی بۆ مناڵان

[١٨٥] بەڵگەنامەی ژمارە (١١٣): ڕژێمی بەعس دەبێت دەست لەسیاسەتی ڕاگواستن هەڵگرێ

[١٨٦] بەڵگەنامەی ژمارە (١٢٢): بەڕێز: سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان

[١٨٧] بەڵگەنامەی ژمارە (١٢٢): بەڕێز: سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان

4. پێشێلکردنی سەروەری کوردستان: ڕێکخراوەکان زۆر بە گرنگی لەم پرسەیان پێچاوەتەوەو سەرنجی دەسەڵاتیان بۆ ڕاکێشاوە کاتێک ئێران و تورکیا بە ڕوون و ئاشکرا پێشێلی سنوریان دەکرد و لە بەرامبەردا دەسەڵاتە حزبەیەکان ئەم پرسەیان پشتگوێ دەخست. بەڵگەنامەی ژمارە (١١٦) بریتیە لە یاداشتی حەوت ڕێکخراو لە بارەی کردەوەی تیرۆرستی ئێران لە هەرێمی کوردستانداو نوسراوە: ((نابێ کەمتەرخەمی بگاتە ئەو ئاستەی سیخوڕان لەبەرگی واجبی ڕەسمی و لە خاڵی واجبی ڕەسمیەوە کارە دزێوەکانین ئەنجامبدەن))[١٨٨].

5. دواکەوتنی موچە و دەرماڵە. یەکێک لەوپرسانەی کە ڕێکخراوەکان داکۆکییان لێدەکرد دواکەوتنی موچە و دەرماڵە بوو لە دامەزراوە حکومیەکاندا کە کێشەیەکی شێرپەنجەیی حکومەتی هەرێم بوو. ئەم تێکستانە دەرخەری راستی دواکەوتنی موچەن لەوکاتەدا. ((ماوەی زیاتر لە (٩) مانگە ئێمە موچەی مانگانەمان وەرنەگرتووە، سەرەڕای پیری و پەککەوتەیی، ڕۆژانە لەبەردەم دائیرەی تقاعدیدا چاوەڕوانی موچەکانمان بووین لەکاتێکدا ئەرکی حکومەتی هەرێمی کوردستانە مەسئولیەت لەبەرامبەر موچەی مانگانەی ئێمەدا بەکردەوە نیشانبدات، ئێمە چەند جارێک دەزگاکانی حکومەتی هەرێمان لەم کێشەیە ئاگادارکردوەتەوە، بەڵام بەداخەوە تائێستا وڵامتان لەم کێشەی ئێمە نەداوەتەوە))[١٨٩]. ((ئەمە بۆ یەکەم جار نیە کە (ی.گ.ق.ک) کێشەی نەدانی دەرماڵەی دیاریکرا لەکاتی خۆیدا بەقوتابیانی خوێندنی باڵا لە زانکۆو پەیمانگاکان بخاتە پێش چاوی بەرپرسان))[١٩٠].

6. کێڵگەکانی مین و لێکەوتەکانی: یەکێک لەو ڕێکخراوە چالاکانە کۆمەڵەی ئامۆژگاری مین (MAG) / باکوری عێراق بوو کەلە ٦ی ئابی ١٩٩٢

[١٨٨] بەڵگەنامەی ژمارە (١١٨): جەماوەری نیشتیمان پەروەر و بەشەرەفی خەڵکی کوردستان خەمخۆرانی ئازادی گەلان و مافی مرۆڤ لە جیهان

[١٨٩] بەڵگەنامەی ژمارە (١١٨): یاداشتنامە

[١٩٠] بەڵگەنامەی ژمارە (١٢٦): تاکەی کێشەی دانی دەرماڵەی قوتابیان بێ چارسەرکردن دەمێنێتەوە

هاتۆتە کوردستان. گرنگترین چالاکییان بریتی بوو لە بەرنامەی ئاگادارکردنەوە لە مین، مین هەڵگرتنەوە، نیشانە دانان، ڕوپێوکردنی کێڵگی مین، لەناوبردنی تەقەمەنی. لەماوەی ١٩٩٣-٢٠٠٠ توانیویانە ٥٢٠،٠٦٧ کم دوجا ڕوبەری زەوی پاکبکەنەوەو ٢٤٤،١٢٠ تەقەمەنی لەماو ببەن[١٩١]. دواتر لە سەرەتای ساڵانی ٢٠٠٠ دا چەند ڕێکخراوێکی خۆماڵی سەریهەڵدا لەوانە ڕێکخراوی کۆما (ڕێکخراوی کوردستان بۆ هۆشیاری لە مین) لە ٢٠٠١، ڕێکخراوی پیرمام لە ٢٠٠١ و ڕێکخراوی باواجی لە ٢٠٠٣[١٩٢].

7. هەڵبژاردنی خوێندکاران: یەکێک لەو دیاردانەی باو بوو لە دوای ساڵی ١٩٩٦، بریتی بوو لە هەڵبژاردنی خوێندکاران لە زانکۆ و پەیمانگا و هەندێکجار لە قوتابخانەکانیشدا. ئەم پرۆسەیە بۆیە ئەنجام دەدرا تا هەریەک لەو دوو حزبە ئەوە نیشان بدەن کە لە سایەی ئەو دەسەڵاتەدا، دیموکراسی هەیە. سەرجەم ڕێکخراوە خوێندکاریەکان بۆیان هەبوو بەشداری هەڵبژاردنی خوێندکاران بکەن لە ناوچەی سەوزدا جگە لە یەکێتی قوتابیانی کوردستان نەبێت. هاوکات سەرجەم ڕێکخراوانی خوێندکاران بۆیان هەبوو بەشداری هەڵبژاردن بکەن، لە ناوچەی زەرد جگە لە کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان نەبێت. لە سنوری ناوچەی سەوزدا هەڵبژارنەکان پێی دەوترا هەڵبژاردنی ((خوێندکاران)) و هەمیشە کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان بە زۆرینەی ڕەهایان دەهێنا و لە سنوری  ناوچەی زەردا هەڵبژاردنەکان پێیدەوترا هەڵبژاردنی ((قوتابیان)) و بەردەوام یەکێتی قوتابیانی کوردستان براوە بوون. لە بەڵگەنامەی ژمارە (١٢٤) باس یەکێتی خوێندکارو لاوانی سۆسیالیستی دیموکراتی کودستان کە سەر بە حزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان بوو لەبارەی هەڵبژاردنەکانی خوێندکاران لە سنوری ناوچەی سەوزدا نوسیویەتی:

[١٩١] ڕێکخراوی ئێم ئەی جی، ڕاپۆرتی مانگانە، ٢٠٠٠/٧/١١

[١٩٢] بەختیار عەبدالله کریم: سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٢٥.

((ئەو ڕاگەیاندنەی کە لە بەرواری ١٩٩٩/١/١٨ بڵاوکراوەتەوە بەناوی (لیژنەی باڵای ڕێکخراوەکان بۆ چاودێری هەڵبژاردن) دوورە لە ڕاستیەوە و لە لایەن کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستانەوە بڵاوکراوەتەوە وە هیچ ڕێکخراوێکی بەژداربوو لە لیژنەی باڵا ئامادە نەبوو بەو شێوەیە بڵاوبکرێتەوە))[١٩٣].

8. پرسی جوتیاران: بەڵگەنامەکانی ئەم بەشە، پرسێکی سەرەکی دەخاتە ڕوو کە دەسوەردانی حزبە لە دەستگرتن بەسەر ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بە تایبەت ڕێکخراوە جوتیاریەکان. لە بەڵگەنامەی ژمارە (١٢٠) باس لە دەسوەردانی حزبی دەکەن لە (بزوتنەوەی جوتیارانی کوردستان)و نوسراوە: ((نەمانتوانی نە لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکێتی کە لە بنچینەدا دژی بزوتنەوەی سیاسی جوتیارانەو نە لەژێر دەسەڵاتی پارتی کە تەنها پشتی ئەو برادەرانە دەگرێ، لە کاری سیاسی و ڕێکخراوەیی ئاسای خۆمان بەردەوام بین بۆ ڕاستیش ئەوە بوو کە لە هەردوو ناوچەکە لە هەولێرو بیتوێن و سلێمانی کادیرانمان گیران وکەوتنە بەر شاڵاوی هەڕەشەو چاو لێسورکردنەوە)). هەروەها لە بەڵگەنامەی ژمارە (١٢١) کە بەناوی (١١٠) جوتیارەوە نوسراوە بۆ چارەسەری کێشەی (٧٠٠) دۆنم زەوی لە نێوان جوتیار و (مەلاکەکان) کە خۆیان بە خاوەنی زەویەکان دەزانن. ئەوەی جێگەی سەرنجە لەم بەڵگەنامەیەدا، ئەو جوتیارانە (یەکێتی جوتیارانی کوردستان) تۆمەتبار دەکەن کە لەبری داکۆکی لە مافی جوتیار، داکۆکیکارە لە مافی (مەلاکەکان) و دەسەڵات[١٩٤]. ئەمەش ئەو ڕاستیە دەسەلمێنێت کە سەندیکاو کۆمەڵەی داکۆکیکار لە توێژەکان هەندێکیان لە پەراوێزو هەندێکی تریان وابەستەی حزب بوون بە تەواوەتی.

---

[١٩٣] بەڵگەنامەی ژمارە (١٢٤): ڕونکردنەوەیەک لە مەکتەبی سکرتاریەتییەکێتی خوێندکارو لاوانی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستانسەبارەت بە هەڵبژاردنی زانکۆ و پەیمانگاکان

[١٩٤] بەڵگەنامەی ژمارە (١٢١): هاوارنامەیەک لە جوتیارانی دووستەپەوە.

## بەڵگەنامەی ژمارە (١٠٩)

## بەیاننامەی دامەزراندنی

## ڕێکخراوی خاتونانی یەکسانی کوردستان

ئەی کوردینە:

ئێمەی خاتونانی کە نیوەی کۆمەڵگەین و چاوگ و گەنجینەی بەرهەمهێنەری ڕۆڵەی بە توانای نەتەوەی کوردین لەگەڵ سەرهەڵدانی مێژوو توانیومانە ڕۆڵی خۆمان ببینین لە خزمەتکردنی نەتەوەکەماندا. لە ئاشتیدا لەدایک بووین و لە شەڕدا قەڵغان و فاکتەرێکی سەرەکی پێویست بووین بۆ هەنگاونانی مەیدانی شان بە شانی ڕۆڵەکانی نەوەی کورد. گەلێ ناودارمان کەوتنە سەر کاغەز وەک (خاتوو خانزاد[١٩٥] و حەپسە خانی نەقیب[١٩٦] و زەکیە ئەلکان[١٩٧]...)

---

[١٩٥]خانزاد میری سۆران کچی شاقول بەگی سولەیمان بەگی میر سەید بەگی سۆرانە لە سالەکانی ناوەراست سەدەی ١٦ لە دایکبووە لە کۆتایی هەمان سەدە ١٥٩٧زمالئاوایی لە ژیان کردووە. کوژرانی سلێمان بەگی برای خاتون هۆکار بووە بۆ گرتنەدەست بۆ دروست بوونی هەستی تۆلکردنەوە لە بکوژەکەی، لەشکری نادر. بۆ زانیاری زیارت بروانە سەعدی عوسمان هەروتی: خانزادی سۆران ئەدەبی زارەکی لە دووتویژینەوەی میژوویدا، هەولیرن ئەکادیمیای کوردی، ٢٠١٨.

[١٩٦] کچی مەعروف بەرزنجی نەوەی کاک ئەحمەدی شێخو ئامۆزای شێخ مەحمودی مەلیکی کوردستانو هاوسەری شێخ قادری حەفید؛ لە ساڵی ١٨٩١دا لە شاری سلێمانی لەدایک بووە. لە ١٩٣٠/٦/٢٨ یەکەمین کۆمەڵەی ژنان بەناوی (کۆمەڵەی ئافرەتانی کورد) بە سەرۆکایەتی حەپسەخانی نەقیب دامەزراوە، لە ساڵی ١٩٣٠، نامەی بۆ ڕێکخراوی (عصبه الامم) لە "جنێف" نووسی و داوای مافی چارەنووسی کوردی کرد. خوێندنگەی نەهێشتنی خوێندەواری کردەوە بۆ ژنان لەسەر ئەرکی خۆی. لە ١٢ی نیسانی ١٩٥٣کۆچیدوایی کردووە

[١٩٧]زەکیە ئالکان لە ساڵی ١٩٧٠ لە دایک بووە، خوێندکاری کۆلێژی پزیشکی زانکۆی دیجلە بوو لە شاری ئامەدی باکوری کوردستان لە دەخوێنێت لەوێ دەبێتە لایەنگری (پ.ک.ک) لە رۆژی نەورۆزی (٢١ی ئاداری١٩٩٠) لە ناوچەی سوری ئامەد بە سوتاندنی جەستەی خۆی ئاگری نەورۆزی هەڵگیرساند کە تا ئەوکات لە تورکیا قەدەغەبوو. لە سەیرانگەی سەرچنار پەیکەرێکی بۆ داتاشراوە. دۆسیە هابیر: ئەو ژنانەی بە ئاگری بەرخۆدانی نەورۆز بەیەکگەیشتن. http://www.jinhaber1.com/so/Dossiers/content/view/644

له پێناو درێژەدان بە خەباتی بزاڤی ڕزگاری نەتەوەی کورد بە ئەرکێکی پیرۆزی پڕاکتیکی دەزانین بۆ ئەم مەبەستە پیرۆزەو دوای چەند دانیشتن و کۆبونەوەیەکی یەک لە دوای یەک لە ڕۆژانی (٩-١٠-١١/٤/١٩٩٧) بە ئامادەبوونی سکرتێرو ئەندامانی سەرکردایەتی فاکسیۆنی یەکسانی کوردستان ڕێککەوتی (١٢/٤/١٩٩٧) بڕیاری دامەزراندنی (ڕێکخراوی خاتونانی یەکسانی کوردستانمان) دا...

بۆ ئەوەی لەم ڕوانگەیەوە بتوانین ڕۆڵی خۆمان ببینین وەک سەنگەرێکی بەرگری لە دیاریکردنی مافی چارەنوسی خۆمان و نەتەوە ستەمدیدەکەمان لە پاراستنی هەستی نەتەوایەتیمان و بنبڕکردنی دیاردەی شۆفێنیزم و پاوەنخوازی و بازرگانانی سیاسی و بکوژانی کورد بە نەمانی شەڕی کوردکوژی و چەسپاندنی ئاشتی سەرتاسەی لە کوردستاندا، پابەند بوونی گشت لایەنە سیاسیەکانی سەر گۆڕەپانی باشوری کوردستان بە بڕگەکانی ڕێککەوتننامەی ئەنقەڕە...

بانگێشتی هەموو خاتونانی کوردستان دەکەین کە ڕۆڵی خۆیان ببین بە پەیوەندی کردن بە ڕێکخراوەکەمانەوە بۆ ئەوەی یەک هێزی ڕێکخراوبین بۆ داکۆکی کردن لە مافی خاتوونانداو فشار بخەینە سەر تیرۆرستان و ئەوانەی کە ئەبنە هۆی شێواندنی ئابرووی خاتونان

سەربەخۆی بێت کوردستان..

بەرقەرابێت دیموکراسی...

ڕێکخراویخاتوونانی یەکسانی کوردستان

١٤/٣/١٩٩٧

## بەڵگەنامەی ژمارە (١١٠)

## دایکان..باوکان خوازیارانی دونیایەکی پڕ لەئاسودەی بۆ منالآن

هەموو ساڵێک لەیەکی حوزەیراندا[١٩٨]، جیهان ڕۆژێکی ئێجگار گرنگ بەسەر دەکەنەوە، ئەویش ڕۆژی جیهانی منالآنە، سەرجەم دامودەزگا تەبلیغاتیەکانی دنیا خەریکی ئەم ڕۆژەی مرۆڤە تازە چرۆکردووەکانە... هەراو هوریایان گۆی زەوی داگرتووە.

لەکاتێکدا ژیان و گوزەرانی منالآن لەم جیهانەدا... جگە لەمەینەتی و دڵە ڕاوکێ و دونیای تاریک و ترس و دوور لەهەموو سیمایەکی ڕاستەقینەی یاری و گەمەو زەردەخەنەی منالّیدا دەژین.

منالآن ڕوبەڕوی دورکەوتنەوە لەقوتابخانە و خوێندن و کاری تاقەت پڕوکێنیان پێ دەکرێت و لەزۆر شوێنی ئەم دنیایەدا لەلایەن تۆڕی ئامادەکراوەوە، بازرگانی جنسیان پێدەکرێ و دەدزرێن و پەروەردەیان دەکەن بۆ کاری تیرۆرستی و مافیایی، ئەم دیاردانە، ئامارەکانی ئەم وڵاتە خۆشیان دەی سەلمێنن.

وە لەعێراق و کوردستانیشدا، لەژێر کاریگەری خراپی گەمارۆی ئابوری و ڕەفتاری فاشیانەی ڕێژێمی بەعسدا، منالآن بێ نان و دەرمانن و لەسۆزی دایک و باوکیان بێ بەشن.

بەتایبەت لەکوردستان لەسایەی شەڕی ناوخۆو دەسەلآتداران، منالآن لەجیاتی فێرکردن و پەروەردەکردنیان بۆ ئەوەی گەشەی ڕووحی و جسمی بکەن و ببنە مرۆڤی بنیاد نەری سبەینێ، ڕەوانەی بازاڕی بێ ڕەحمی کاری هەرزان دەکرێن و باری دەرونی خراپ و لادان لەڕەوشت و سواڵکردن و

---

[١٩٨] ئەنجومەنی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ٢٠ی تشرینی دووەمی ١٩٥٤ بڕیاردرا لەسەر ڕۆژی جیهانی مندالآن درا. لە ساڵی ١٩٨٩ بڕیار لەسەر ڕێکەوتنی مافی مندالآن درا. اليوم العالمي للطفل٢٠ تشرين الثاني.-https://www.un.org/ar/observances/world-childrens

دەستەمۆی چەوسانەوە جیاجیاکانی بازاڕی نا عەدالەتی کۆمەڵگاو لەهەموو پێداویستیەکی ژیانی منالًیان بێ بەشن.

هەر بۆیە لەم ڕۆژەدا، لەڕێگەی بانگەشەکردنی هەموو مرۆڤێکی بە تەنگەوە هاتوو بۆ دابینکردنی ژیانێکی ئاسوودە بۆ منالآن خەبات بکەین بۆ پێدانی مافی ژیان و یاری و دورکەوتنەوەیان لەهەموو کاریگەریە خراپەکانی کۆمەڵگاو شەڕی ناوخۆو چەوساندنەوەی نەفس نزمان.

هەر لەبەر ڕۆشنای ئەم ڕاستیەدا پیرۆزبایی لەجگەر گۆشەکانمان و دایک و باوکیان دەکەین.

دەبا کاری جدی بکەین بۆ ئاسودەیی و بەختەوەری منالآنی ئەمڕۆ بۆ ئەوەی نەوەی سەرکەوتووی دواڕۆژبن.

کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان
لقی کەرکوک/سلێمانی
١٩٩٧/٣/٣١

## بەڵگەنامەی ژمارە (١١١)

## بۆ: هەموو کارمەندانی ناوخۆیی (ئێم ئەی جی) لەباکوری عێراق

## لە: جۆن هامفریز - ەوە/ بەرێوبەری پێشووی پڕۆگرامی (ئێم ئەی جی) لەباکوری عێراق

بەروار: ١٣ نیسان ١٩٩٧

بابەت: سڵاو ڕێز

هاوڕێیانی ئازیز..

ئەوە بوو بە پتر لەمانگێک کە من سلێمانیم جێهێشت و گەڕامەوە بەریتانیا بە نیازی خۆسازدان بۆ وەرگرتنی پۆستی نوێ کە ئەویش (بەرێوبەری پڕۆگرامی ئێم ئەی جی)ە لەلاوس.

لەڕۆژی ٢٥ی مارت گەیشتمە (ڤینتیان) کە دەکاتە پایتەختی لاوس، لەو وەختەوە هەموو هەوڵێکی من ئەوەیە کە دڵنیابم لەوەی بەرنامەکانی (ئێم ئەی جی) لێرەش سەرکەوتوو دەبێت. ئێرەش وەکو کوردستان وایە، بە ملیۆنان مین و تەقەمەنی دەنێو شاخەکان و گوندەکاندا بڵاون کە دەبنە مایەی کارەسات و تیاچوونی مەڕ و ماڵات، سەرەڕای ئەوەی کە خەڵک دەبێ واز لەزەوی زارەکان بێنن و هیچ خێرێکی لێ نەبینن لەماوەی ئەم سێ ساڵەی داویدا (ئێم ئەی جی) تەنها لەیەک ناوچەدا کاری کردووە، بەڵام وا خەریکە چالاکیەکان فراوانتر بکات و ناوچەی دووەم هەڵدەبژێرێ، هەندێ ڕێکخراوی تر هەن وەکو (ئێم ئەی جی) کاردەکەن و ئەو شوێنانەیان هەڵبژاردووە کە کێشە و گرفتی لوغمی هەیە... لەوانەش (NPA) و(HI) ، هەرچەندە من هەنوکە سەرقاڵی ئەو ئیشە تازەیەی خۆمم، بەڵام من هاوڕێیانی خۆمم لەباکوری عێراق لەبیر نەکردووە، ئەوانە کە لەپڕۆگرامی (ئێم ئەی جی) دا هاوکارم بوون، جا چ کارمەندی بیانی بن و چ کوردی، من بەردەوام پەیوەندیم لەگەڵ (ئێم ئەی جی) ماوە لەئینگلتەرە تا ئاگاداری بۆپێشەوەچوونی بەرنامەکانی ئێوەبم، هەروەها بەردەوام گوێ لەڕادیۆ دەگرم، هەموو شەوێک تا گوێم لەهەواڵی تازەبێ سەبارەت بە کوردستان، زۆربەی کات لەخەیاڵم دان، بیرم دەکەوێتەوە کە چۆن بەیەکەوە کارمان دەکرد و ئەو چەند مانگە ناخۆش و دژوارەی ساڵی ١٩٩٦مان بەیەکەوە تێپەڕکرد. من لە(ئێم ئەی جی/ئینگلتەرە) بیستم کە بەڕێوبەری (ئێم

ئەی جی)، (لوی ماکگرا) لەهەفتەی ئایندەدا دێتە کوردستان، من دڵنیام کەوا ئەم سەردانەی ئەو دەبێتە مایەی یارمەتی و پشتگیری بەرنامەکانی ئێوە لەلایەن بەخشکەرانی باروبوی مادی، ئەوەش وادەکات کە (ئێم ئەی جی) لەسەر کارە باشەکانی خۆی لەو ناوچەدا بڕەو پێ بدات. من سڵاوی گەرمی خۆمم بۆ هەموو کارمەدانی ئێوە دەنێرم، چ بیانی و چ کورد، هیوادارم کە ڕۆژێک لەڕۆژان لەکوردستان دا چاومان بەیەک بکەوێتەوە..

لەگەڵ ڕێز و نەوازشمدا

جۆن JOHN

## به‌ڵگه‌نامه‌ی ژماره (١١٢)
## له‌ساڵڕۆژی زیندانی کردنم دا
## عه‌باس شوان

١/ئایار/١٩٩٧

سلیمانی

یه‌کی ئایاری نێو زیندان

به پێچه‌وانه‌ی ئه‌و ئسول و پرنسیپانه‌ی له‌به‌رنامه‌یاندا هاتووه و بروایان پێی هه‌یه، ده‌زگای ئاسایشی (ی.ن.ک) له‌سه‌ر بڵاوکردنه‌وه و ناڕه‌زایه‌تی نواندن به ووشه و نوسراو، له‌ڕۆژی ١٩٩٦/٤/٢٤ بۆ ماوه‌ی دوانزه ڕۆژ له‌زیندان توندیان کردم.

ئه‌و ناهه‌قی و پێشێلیه له‌کاتێکدا بوو که بزوتنه‌وه‌ی کرێکاری و پشتیوانیه سیاسیه جۆراوجۆره‌کانی له‌خۆئاماده‌کردن بوون بۆ پێشوازی و ڕێزگرتن له‌ڕۆژی پڕ شکۆی جیهانی کرێکار - یه‌کی ئایار.

داخم ناچێ له‌ڕازاندنه‌وه‌ی دارو دیواری سه‌نته‌ری شار به پۆسته‌ر و دروشمی سوور هیچ ده‌ورێکم نه‌بینی. له‌نێو دیواره‌کانی زینداندا خه‌ریبوو دیقم ده‌کرد، خه‌م و ترسی ئه‌وه‌م بوو هاوڕێیان ئه‌و کارانه‌ی که بڕیار بوو بکرێ بێ من بۆیان ئه‌نجام نه‌درابێ.

بۆ قه‌ره‌بوو کردنه‌وه‌ی بێبه‌ش بوون له‌شادی و خۆشی ڕۆژی جه‌ژنی ئایار، ڕۆژی ٣٠ی نیسان ده‌مودووی هاوزیندانیانم له‌سه‌ر ئاهه‌نگ گێڕان تاقی دردەوه، زۆریان پێ خۆش بوو، هه‌ر ئه‌و ڕۆژه‌یش (مام جه‌لال تاڵه‌بانی) به‌و بۆنه‌یه‌وه له‌که‌ناڵه‌کانی ڕاگه‌یاندنه‌وه قسه‌ی کرد.

نیوه‌ی ڕۆژی یه‌کی ئایار بیست که‌س له‌نووسه‌ران و هاوڕێیان هاتنه سه‌ردانم، له‌ژووری به‌رێوبه‌ری سجن چاوم پێیان که‌وت،

نوسه‌رێکیان پرسی: عه‌زێتیان نه‌دای؟

وتم: نه‌خێر، به‌ڵام وا هه‌شت ڕۆژه ناوده‌نێی چی؟ له‌سه‌ر کاری ته‌جه‌سوس، کوشتن، ڕاووڕوت، دزی نه‌گیراوم. شوکر سه‌ربه‌رزم له‌پێناو مه‌سه‌له‌یه‌کی گشتیدایه، له‌سه‌ر معارزبوون، له‌سه‌ر هه‌وڵدان بۆ ژیانێکی ئینسانیانه‌و باشتر

گیراوم. هەر لەو مواجەیەدا بۆم دەرکەوت شوێنی چۆڵی منیان پڕکردۆتەوەکە جێیان هێشتم وەک ئسوڵ پارەیان خستە گیرفانمەوە، هەمان ڕۆژ سعات ٦ی ئێوارە لەو پارەیە بۆ ١٤ زیندانیەکەی هۆڵەکەمان ساردی و جگەرەم کڕی، دابەشکرا بەسەریاندا.

پاش پیرۆزبای و تەقە لەگەڵ یەکە یەکەیاندا، لەبارەی مێژووی ڕۆژی یەکی ئایارو دەوری کۆمۆنیستان لەتەسبیت کردنی ئەو ڕۆژە وەک پشووی ڕەسمی لەوڵاتانی دنیا قسەم بۆ کردن. جەژنی ئایارم لەگەڵ جەژنە دینی و قەومیەکاندە بەراورد کرد، ئایارم بە شای جەژنان ناوبرد.

دوای ئەوە هاتمە سەر گەمارۆی ئیمپریالیستان، چەند نمونەیەکی زیندوم لەسەر وەزعی فەلاکەت باری خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش بە بەراورد لەگەڵ ژیانی ناو سجندا بۆ باس کردن، بەتایبەت خۆیانم وەک قوربانی ئەو هەلومەرجە سەختە بە نمونە هێنایەوە. هەروەها نامەسئول بوونی هەردوو حزبی حاکم کە چۆن بە هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ و بێ لیاقەتی نواندن لەئیدارەکردندا بۆتە مایەی مەینەتی و ڕۆژ ڕەشی زیاتر بۆ خەڵکی.

لەدرێژەی قسەکانم دا باسی باشتر بوونی وەزعی نێو سجنم لەچاو ساڵانی پێشوتردا بۆ کردن، گێڕامەوە بۆ ئەو فشارەی کە لەلایەن جەماوەری ناڕازی ڕێکخراوە مرۆڤ دۆستەکانی جیهانەوە دەکرێ، خێرو سەدەقە نیە، تەشویقی ئەوەم کردن کە نابێ لەبەرامبەر هەر زەخت و زۆرێک بێ دەنگ بن.

ئینجا چومە سەر نرخاندنی وەسیلەی کاریگەی مانگرتن و ئەو یەک دوو مانگرتنەی کە بەر لەچەند ڕۆژ، بە هۆی غەدروغرور ڕویاندابوو، ئیدارە سجن لەبەرامبەر یەکگرتووی و یەک دەنگی سجنەکاندا ملی شۆڕ کرد ئاماژەم بە دێرێکی مدیری سجنەکە کرد کە ووتبوی: نەڵێن لەژێر زەختدا داواکاریەکانمان بۆ جێبەجێ کردوون.

لەکۆتای قسەکانم دا هاتمە سەر قسەکانی مام جەلال کە بە بۆنەی یەکی ئایارەوە پێشکەشی کرد، بۆخۆی هاتە پای قسەکردن لەبۆنەیەکی وادا، لەخۆشیدا نیە بەڵکو ئەوە سەردانە لەبەردی ئەلحەدی ئەو فشارەیکە بزوتنەوەی کرێکاری لەدوای ڕاپەرینەوە خوڵقاندویەتی- هەرچەندە بزوتنەوەکە لاوازیشە.

ئیتر سێ لەزیندانیان تەشویق بوون هەر یەکە لەلای خۆیەوە دەستی کرد بە دابەشکردنی ڕێواس، گوڵەبەڕۆژە، نوقڵ.

بۆ ماوەی سعاتێ بە هەڵپەڕکێ و گۆرانی خۆش و شاد ئاهەنگەکەمان کۆتای پێ هێنا. هەر وەک بریار بوو پەیامی پیرۆزبایشمان نووسی و نارد بۆ هەر ٥ هۆڵەکەی تر. بۆ ڕۆژی دوای ئەوانیش بە نامە وەڵامی پیرۆزبیاییەکەیان داینەوە. هەروەک سجنەکان باسیان کرد ئەوە یەکەم جار بوو مەراسیمی یەکی ئایار لەنێو زیندانی ئاسایش دا بەرگوزار بکرێ.

نوسەر و ڕۆژنامەنووس

ع. ش

## **بەڵگەنامەی ژمارە (١١٣)**

## **ڕژێمی بەعس دەبێت دەست لەسیاسەتی ڕاگواستن هەڵبگرێ**

خەڵکی ئازادی خوازی کوردستان

ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لەکوردستان و جیهان

ڕێکخراوی UN لەکوردستان

حیزب و لایەن و ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکان..

وەک ئاگادارن ڕۆژی ١٩٩٧/٥/١٠ەوە جارێکی تر ڕژێمی فاشیستی بەعس دەستیکردووە بەڕاگواستنێکی بەرفراوانی دانیشتوانی کوردی شاری کەرکوک و دەوروبەری کە بە پێی هەواڵەکان زیاتر لە(دوو هەزار) ماڵ بەر ئەم حەملەیە کەوتون، کە هاوکات لەگەڵ ڕاگواستنی خانوبەرە و مومتەلەکاتیان حیجز کراوە، هەقی بایەعی و کۆبۆنی خواردنی بڕیاری ٩٨٦یان لێ سەندراوەتەوە، و ڕەوانەی شارەکانی سلێمانی و هەولێرو بەشێکی تریشیان ڕەوانەی شاری ڕومادیە کراون.

ئاشکرایە لەماوەی دەسەلاتداری ڕژێمی فاشیستی بەعسدا خەڵکی کورد بە ئینسانی دەرەجە دوو حیسابیان بۆ کراوەو، بەردەوام لە ژێر فشاری ڕاگواستن و پێشێلکردنی سەرەتایترین مافی ئینسانیدا ڕاگیراون، تەنانەت لەمعامەلاتی ڕەسمی کڕین و فرۆشتنی خانووبەرەوە هەتا کڕین و فرۆشتنی سەیارە حەحروم کراون. هەتا بتوانێ لەم ڕێگایەوە درێژە بە زوڵمی قەومی بدات و درزوکەلێن لەنێوان خەڵکی کورد و عەرەب دروست بکات و ئینسانەکان لەهەویەی قەومیەوە لەبەرامبەر یەکتردا ڕابگرێ.

هەر بۆیە ئێمە ئەم کارە دژە ئینسانیە بە توندی مەحکوم دەکەین و بە پێشێل کردنی سەرەتایترین مافی ئینسانی کە (ئازادی نیشتەجێ بوون)ە لەقەڵەم دەدەین، وە بانگەوازی خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان دەکەین کە دەنگی ناڕەزایەتیان لەبەرامبەر ئەم کارە دژە ئینسانیە بەرز بکەنەوە و، بە شێوازی جۆراوجۆر دەزگاکانی UN لەکوردستان ئاگاداربکەنەوە، هەتا UN فشار بخاتە سەر ڕژێمی بەعس بۆ دەست هەڵگرتن لەسیاسەتی ڕاگواستن و ئەم کارە دژە ئینسانیە و گەڕانەوەی دەست بەجێی ئاوارەکان بۆ جێگا و

ڕێگای خۆیان و بژاردنی خەسارەتیان. هاوکاتیش داواکارین هەر ئێستا حیزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان و ڕێکخراوی UN لەکوردستان بەپەلە جێگاو ڕێگای گونجاوو ئازووقەی پێویست بۆ ئاوارەکان دابین بکەن. هەروەها هەتا ئەو کاتەش کە ئاوارەکان لەکوردستاندا دەمێننەوە کۆبۆنی خواردنی بڕیاری ٩٦٨ یان بۆ دابین بکەن.

بانگەوازی سەرجەم ئاوارەکان دەکەین لەدژی ئەم سیاسەتی ڕاگواستنە بێنە مەیدان و لەدەوری کۆمەڵەی ئاوارەکان کۆببنەوە کە لەچەند ساڵی ڕابردودا داکۆکی لەخواست و داواکاریەکانی ئاوارەکان کردووە و لەمەیداندا بووە.

مەرگ بۆ سیاسەتی ڕاگواستنی ڕژێمی بەعس
بژی ئازادی نیشتەجێبوون

کۆمەڵەی ئاوارەکانی کوردستان - سلێمانی
١٩٩٧/٥/١٥

## بەڵگەنامەی ژمارە (١١٤)

## ڕوونکردنەوەیەک

جەماوەری کوردستان
حیزب و لایەنە سیاسیەکان – ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکان
خەڵکانی نیشتیمان پەروەر

وەک ئاگادارن ڕژێمی ڕەگەزپەرستی تورکیا سەروەری خاکی کوردستانی عێراقی پێشێل کردووە و بە دەیان هەزار جەندرمەی و تانک و زرێپۆش بەچەکی قورس هاتونەتە سەر گەلەکەمان. لە ئاستی ئەم پێشێل کارییەدا ئێمە کۆمەڵێ هاونیشتیمان بۆ بێزاری دەربڕین بڕیارماندا لەبەردەم (UN) مانبگرین لە خواردن کە لە ١٢ هاوڵاتی پێکهاتووین، لە ڕۆژی ١٩٩٧/٥/١٩ کاتژمێر ٣ی پاش نیوەڕۆ دەستمان کرد بە مانگرتن هەر پاش یەک کاتژمێر دەزگای ئاسایشی سلێمانی هاتنە سەرمان بۆ لێکۆڵینەوە، پاشان لە کاتژمێر ٥ی ئێوارە چەند سەیارەکەی  ئاسایشی سلێمانی کە لە چەند مەفرەوەیەکی چەکدار پێکهاتبوون داوایان لە مانگرتوان کرد مانگرتنەکە بشکێنن و بە بیانووی بارودۆخی نالەباری شارەکەمان. پاشان بە شێوازێکی تۆقێنەرانە دەستیان کرد بە ئیهانە کردن و لێکردنەوە و دڕاندنی دروشمەکان وە پاشان ڕووخاندنی خێمەکە بەسەر مانگرتواندا و بردنی بۆ دائیرەی ئاسایش لەگەڵ دروشمەکاندا.

هەر بەمەوە نەوەستان ئەمجارەیان لە ژێر گوشاری هێز مانگرتوویەکیان هێنایە دەرەوەی کۆمەڵەکە، پاشانیش ئەو جەماوەرەی هاتبون بۆ پشتیگیری مانگرتوان داوایان لێ کردین کە شوێنەکە جێ بهێڵێن.

بەداخەوە ئەم جۆرە کردارانەی ئەم دەزگایە، یارمەتی دەرە بۆ درێژە پێدانی دەست درێژیکەرانی کوردستان ئەم دەزگایە لەم ڕەفتارەیدا بە پێچەوانەی ئازادی سیاسی و دیموکراسییە کە لە پاش ڕاپەڕینەوە بە خوێنی هەزاران ڕۆڵەی کوردستان هاتە دی کە ئێستا لە پێناو بەرژەوەندی تەسکی حزبایەتی بە فیڕۆی دەدری.

بۆیە داوا دەکەین ریکە نەدرێ بەم دەزکایە دەست درێژی بکاتە سەر نیشتیمان پەروەران و جەماوەری بێ دیفاع، داواتان لێ ئەکەین نارەزایی خۆتا دەربڕن.

مانگرتوانی سلێمانی
١٩٩٧/٥/٢٠

## بەڵگەنامەی ژمارە (١١٥)
## بۆ بەڕێز/کریستیان گێسنر ڕێکخەری کاروباری UN لە سلێمانی
## بابەت/یاداشتنامە

پاش سڵاو...

بێگومان ئاگادارن کە ڕژێمی بەعس چەند مانگێکە دەستی داوەتە هێرشێکی بەرفراوانی ئیعدام کردنی زیندانیانی سیاسی سیاسی و لەم ماوەیەدا زیاتر لە (٢٥٠ ) کەسی مخالفینی سیاسی خۆی ئیعدام کردووە و دواترینیان (٦) کەسن کە لاشەکانیان لە زیندانی ئەبوو غریب دانراوە.

ئەم سیاسەتە ڕژێم لەگەڵ هیچ پێوانەیەکی ئینسانیدا نایەتەوە و پێشێلکردنی تەواوی مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤە لە عێراقدا، لە سەروییانەوە مافی ئازادی بیروڕا دەربڕین. ئەم ڕژێمە ئێستاش بە ئیدامەدانی ئەم هێرشەی ئیعدام کردنی زیندانیانی سیاسی هەڕەشە لە ژیانی سەدان ئینسان دەکات کە مخالفی ئەم ڕژێمەن.بۆیە ئێمە سەرنجتان بۆ ئەم مەترسیە گەورەیە ڕادەکێشین و داواتان لێ دەکەین کە وەک ڕێکخراوێکی نێونەتەوەی مەسئولیەتی جیدی نیشان بدەن تاکو ژیان و گیانی زیندانیانی سیاسی لە عێراقدا پارێزراوبێت و فشار بخەنە سەر ئەم ڕژێمە بۆ ئەوەی دەست بە جێ ئیعدام کردنی زیندانیانی سیاسی ڕابگرێت و ئازادیان بکات، لەم ڕووەوە داوا دەکەین هەیئەتێکی لێکۆڵینەوە بۆ ئەم مەبەستە بگەیینە زیندانەکانی ئەبوغرێب و لە زیندانە نهێنیەکان بکۆڵنەوە و زیندانانی سیاسی بەسەر بکەنەوە و پێش بەم هێرشە بگرن. هیوادارین ئقدامی جدی و مەسئولانە بکەن لەم بارێیەوە.

لەگەڵ سوپاس و ڕیزماندا

جەمال موحسین: لە جیاتی، سکرتێری کۆمیتەی محەلی سلێمانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق

عەطا احمد: لە جیاتی کۆمیتەی پارێزگای سلێمانی حیزبی شیوعی کوردستان

عبدالرحم غريب احمد: له جياتی، یەکێتی لاوانی دیموکراتی عێراق
شیرین عبدالله: له جیاتی، ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان
اکرم عبدالله: له جیاتی، یەکێتی بێکاران له کوردستان
نجیبه محمود: له جیاتی، کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان
چیمەن حەمه ڕەفیق: له جیاتی، شورای کرێکارانی البسه
هیوا تۆفیق، له جیاتی، یەکێتی گشتی قوتابیانی کوردستان
شەهلا لطیف: له جیاتی، ڕێکخراوی کرێکاران و کارمەندانی تەندروستی
فەرەیدون حسین: له جیاتی، دەستەی زیندانه سیاسیەکانی کوردستان
سەرگوڵ احمد: له جیاتی ڕێکخراوی مامۆستایان له کوردستان
عثمان سعید: له جیاتی، یەکێتی لاوانی دیموکراتی له کوردستانی عێراق
١٩٩٧/٨/١٨

## بەڵگەنامەی ژمارە (١١٦)

## جەماوەری نیشتیمان پەروەر و بەشەرەفی خەڵکی کوردستان

## خەمخۆرانی ئازادی گەلان و مافی مرۆڤ لە جیهان

لەکاتێکدا گەلانی جیهان و کۆڕ و کۆمەڵی نێودەوڵەتی سەرقاڵی پێشوازی کردنی یادی داڕشتنی ڕاگەیەندراوی جیهانی مافی مرۆڤ بوون، دەزگا تیرۆرستیەکانی ڕژێمی کۆنە پەرستی ئێران تەنها ڕێگەی شایستەی خۆیان هەڵبژارد بۆ یادکرنەوەی لەو بۆنە جیهانیە، ئەویش پلانی تیرۆرکردنی خەباتگێرانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران (حدکا) بوو لە قووڵای خاکی کورستانی عێراق.

ئەوە بوو سەر لەبەیانی ڕۆژی ١٩٩٧/١٢/٨ تاوانی پڕ شەرمەزاری تیرۆرکردنی خەباتگێڕان (مەنسور فەتاحی، سەید مەنسور ناسری، ابو بکر اسماعیل زادە، رفعت حسینی و یدالله شیرین سخن)یان ئەنجامدا.

مایەی نیگەرانی و بێزاریە ئەم تاوەنە دڕندانەیە، هەروەک لە ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسی (حدکا) باسکراوە شکستی بۆسەی یەکەم لە نزیک شارۆچکەی دوکان و دەستگیرکردنی ئۆتۆمبیلێکی تیرۆرستان و بڕێکی زۆر لە بەڵگەنامەو ناسنامەی تیرۆستان... بەداخەوە، بۆسەی دووەم، لە خاڵی بازگەی دەروازەی ڕەسمی شاری کۆیە بووا! ئەو شوێنە نەدەبوو نەدەکرا تەنانەت جێی گومانی قوربانیەکان ببێت.

ئێمە لە کاتێکدا پرسە و سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی هاوڕێیان و کەسوکاری شەهیدان دەکەین و ئەم تاوانە ترسنۆک و چەپەڵە بەتوندی ڕیسوا دەکەین، دوپاتی دەکەینوە کە نابێ کەمتەرخەمی بگاتە ئەو ئاستەی سیخوڕان لەبەرگی واجبی ڕەسمی و لە خاڵی واجبی ڕەسمیەوە کارە دزێوەکانین ئەنجامبدەن، دەنگمان دەخەینە پاڵ ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسی (حدکا) بۆ داوای لێکۆڵێنەوە و ڕوونکردنەوە لە دەزگا ئیداریە بەرپرسەکان.

ڕیسوا و شەرمەزارتر بێت ڕژێمی کۆنە پەرستی ئێران

بەرز و بڵندتر بێت باڵای شەهیدانی ئەم تاوانە نوێیە.

کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان

یەکێتی لاوانی دیموکراتی لە کوردستانی عێراق
کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی حزبی شیوعی کوردستان – عێراق
یەکێتی لاوانی دیموکراتی عێراق
یەکێتی گشتی قوتابیان لە کۆماری عێراق
بزوتنەوەی کرێکارانی دیموکرات لە کۆماری عێراق
یەکێتی گشتی ئافرەتانی کوردستان لقی سلێمانی
١٩٩٧/١٢/١٢

# بەڵگەنامەی ژمارە (١١٧)
## بەیاننامەی ناڕەزای دژی شکاندنی پەیکەری حەزرەتی نالی/لە شارەزوور

ڕەبی مووی لێ بێ زمانی پەنجەکانی هەڵوەرێ
هەرکەسێ گوڵشەن بە دەردی گوڵخەنی دۆزەخ بەرێ

لەدوای تەمەنێک لەغوربەت و ئاوارایی شاعیری گەورە ((حەزرەتی نالی))، ئێمە یەکێتی هونەرمەندانی یەکگرتووی کوردستان گوڵی وەفامان ڕاخست بۆ پەیکەرەکەی، هەوڵماندا بە سۆزەوە بگەڕێتەوە باوەشی شارەزوور، بە ماندوی ئەندامانی یەکێتی هونەرمەندانی یەکگرتووی کودرستان (لیژنەی قەزای شارەزور و پەیکەرساز بەختیار هەڵەبجەی) و لەسەر ئەرکی (قائیمقامی قەزای شارەزوور) پەیکەرەکە بە ئەنجام گەیەنرا و لە ڕۆژی پەردە لادان لەسەری کە ئارەقەی ماندووبونمان سڕی، هاوارمان کرد کە خەڵکی شەروەزوور تەمی غەریبی سەر حەزرەت بڕەوێننەوە و پاسەوانی بن لە دەست درێژی دوژمنان.

بەڵام بەداخەوە سەد مخابن.. ئەو حەزرەتی نالیەی کە عوسمانیەکان نەیانتوانی لە نوێژی ببەن، وا ئەمڕۆ لە کەشو هەوای ئێستادا ئەوانەی ڕۆژێ بە خەمێکی خەڵکەوە ماندوو نەبوون و ئاگایان لە شارستانیەت نیە لە تاریکی شەوی ١-١٩٩٨/٦/٢ دەست درێژیان کردە سەر پەیکەرەکەی حەزرەتی نالی و دەست نوێژیان شکاند و دەمووچاویان شکاند و پەنجەکانی کە ڕووباری شعر بوو هەڵیان وەراند.

ئێمە بێگومانین ئەو دەستە چەپەڵانەی بەو کارە هەڵساون لە پشتیانەوە ئەقڵی ڕزیوو کاری خراپ وەستاوە بۆیە ئێمە (یەکێتی هونەرمەندانی یەکگرتووی کوردستان) ناڕەزای دەردەبڕێن بەرامبەر بەو کارە و هەموو کارێکی نەشیاوی لەو جۆرە مەحکوم دەکەین، هەر کەس ئەنجامی بدات دژی هونەرمەندان و کارە هونەریەکانیان.

بەڕێزەوە داواکارین لە دەزگا بەرپرسەکانی سنوری پارێزگای سلێمانی و قەزای شارەزوور بە هانای پەیکەرەکەوە بچون و لە جاران شکۆدارتر چاکی

بکەن، بەڵکو شەمشەمە کوێرەکان بە تیشکی پەیکەری نالی کوێرتربن، خوازیارین ئەو دەستە چەپەڵانەی بەو کارە هەڵساون بدۆزرێنەوە و کاری یاساییان لەتەکدا بکرێت، چونکە ئەوانە ئەیانەوێت ئەم وڵاتە ناشیرن بکەن وەک و ڕەفتارە دزێوەکانیان.

نەفرەت لە دوژمانی هونەر و شارستانیەت
نەفرەت لەوانەی بونە هۆی زامدارکردنی پەیکەرە شکۆدارەکەی نالی مەزن
نەفرەت لە دوژمنانی میلەتی کورد
بژی ئاشتی و ئازادی و دیموکراسی و مافی گەل

یەکێتی هونەرمەندانی یەکگرتوی کوردستان
لقی سلێمانی
١٩٩٨/٦/٦

## بەڵگەنامەی ژمارە (١١٨)

## یاداشتنامە

## بۆ/بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان

بەڕێز پارێزگاری سلێمانی

ماوی زیاتر لە (٩) مانگە ئێمە موچەی مانگانەمان وەرنەگرتووە، سەرەڕای پیری و پەککەوتەی، ڕۆژانە لە بەردەم دائیرەی تقالعدیدا چاوەڕوانی موچەکانمان بووین لەکاتێکدا ئەرکی حکومەتی هەرێمی کوردستانە مەسئولیەت لەبەرامبەر موچەی مانگانەی ئێمەدا بە کردەوە نیشانبدات، ئێمە چەند جارێک دەزگاکانی حکومەتی هەرێمان لەم کێشەیە ئاگادارکردوەتەوە، بەڵام بەداخەوە تا ئێستا وڵامتان لەم کێشەی ئێمە نەداوەتەوە.

هەر بۆیە ئێمە خانەنشیانی شاری سلێمانی لەم ڕێپێوانە جەماوەریەدا داواکارین:

موچەی ئەو نۆ مانگەی وەرمان نەگرتووە بۆمان بگەڕێننەوە، لەمەودوا موچەکانمان لە کاتی خۆیدا بدرێت.

بڕێ ئەو خۆراکەی لە لایەن مانگی سوری عێراقیەوە بۆ خانەنشینان تەرخانکراوە بە خانەنشینان بدرێت.

نوێنەران ڕاستەقیەنەی خانەنشینان بە ڕەسمی بناسرێت.

ئیکرامیەی شرطەی خانەنشینان ئەوەی ماوە ئەمری صەرف بکرێت.

خانەنشینانی شاری سلێمانی

١٩٩٨/٦/١٠

وێنەیەک بۆ:

حیزب و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان

ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکان

سەرجەم دەزگا ڕاگەیاندنەکان

## بەڵگەنامەی ژمارە (١١٩)
## بروسکەی پشتگیری
## لە بانگەوازەکەی ئەنجومەنی وەزیران

بەپەرۆشێکی زۆرەوە

ئەنجومەنی باڵای جەماوەری پارێزگای سلێمانی، جەماوەری گەلەکەمان ئاگادار دەکاتەوە کەوا هەمیشە بە تەنگ مەسەلەی ئاشتی گەلەکەمانەوە بووەو لەو پێناوەشدا بە بەردەوامی بەدوای هەوڵ و هەنگاوەکانی ئاشتی نێوخۆییەوە بوین، دابینکردنی ئاشتیەکی واقیعی سەرتاسەری و دادپەروەرانە (عادیلانە) هەمیشە خواست و هیوایەکی مەزنمان بووە. ئێستاش دوای گۆڕانکاریەکانی ئەم دواییە، کە بەنامەی ئاشتی بەڕێز مام جەلال دەستی پێکردو پڕۆسەیەکی ئاشتی تێروتەسەلیلێ کەوتوەوە و دواجار لەیادی ٧مین ساڵەیڕاپەرینی گەلەکەماندا، جارێکی تر کۆبونەوەی ئەنجومەنی وەزیران لەڕۆژی ١٩٩٨/٣/١١ بانگەوازی گونجاو و لێبڕاوانەی بۆ زیاتر پێشکەوتن و بەکردنی بوونی ئەو هەواڵ و هەنگاوانەی ئاشتی نێوان (ی.ن.ک) و (پ.د.ک) خستۆتە بەردەم، کە تێیدا پێشنیاری بەیەکگەیشتنی بەڕێزان (مام جەلال) و (کاک مسعود) دەکات، لەسەر مەزاری پیرۆزی شەهیدانی هەڵەبجە، ئەو جێگایەی کە بۆتەڕەمزێکی کارەستباری گەلەکەمان نەک هەر لەسەر ئاستی نیشتیمانی بەڵکو لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش، دەبا هەروەکو چۆن ئێستا هەوڵێکی نێودەوڵەتی وەک لیژنەی لەناوبردنی چەکە کۆکوژیەکانی عێراق (یونسکۆم) هەیە بۆبەتەواوی لەناوبردنی ئەو چەکەکارەستبارانەی کە پێشتر هەڵەبجەی پێ شەهیدکرا، وە هەوڵێکی جیهانی هەیە بۆ ئیدانەکردنی ئەو تاوانە گەورانە، دابا ئێمەش وەکو بە پیرەوەچونێکی دڵسۆزانەو لێبڕاوانەی ئەو داوایەی ئەنجومەنیوەزیران، با لەو جێگە پیرۆزەدا خێوەتی هەقیقی ئاشتی هەڵبدەین بە بەیەک گەیشتنی هەردوو بەڕێزیان کە هیوا و ئاواتی گەورەی جەماوەری گەلەکەمانە،یادی دڵتەزێن و جەرگبڕی هەڵەبجەی شەهید، بە هەڵفڕینی کۆترە سپیە جوانەکانی ئاشتی کوردان، لەو جێگە پیرۆزەدا وەرگێڕین و سیمای نەنگی ئەو کارەساتە بە تارای زیوینی ئاشتی داپۆشین و بڕازێنینەوە و نەفرەت لەشەڕ و وێرانکاری و

جینۆساید بکەین، مەزاری پیرۆزی شەهیدانی کیمیاوی هەڵەبجە بکەینە دەروازەی پیرۆزی ئاشتی کوردان و بەبەدیهێنانی ئاشتیەکیڕاستەقینە و جەوهەریانە، زامە قوڵەکانی ئەو کارەساتە سارێژ بکەین، وەفاداریڕاستەقینە بە قوربانیانی ئەو کارەساتە و سەرجەمڕووداوو کارەساتەکانی تر بدەینەوە.

داوا دەکەین لە هەموو لایەنەکانی بەرپرس لە سەرخستنی هەوڵەکانی ئاشتی کە بەشێوەیەکی دڵسۆزانە وەڵامی ئەم بانگەوازەی ئەنجومەنی وەزیران بدەنەووە..

هەر کەرکەوتووبن

ئەنجومەنی باڵای جەماوری
پارێزگای سلێمانی

وێنەیەک بۆ:

١- هەردوو بەڕێز مام جەلال و کاک مەسعود
٢- بەڕێز کاک عەزیز محمد
٣- ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان
٤- بەڕێزان هەموو حزبەکانی کوردستان
٥- هەموو کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بۆ مەبەستی بڵاوکردنەوە.

## بەڵگەنامەی ژمارە (١٢٠)

## ڕونکردنەوەیەک

## لە بزوتنەوەی جوتیارانی کوردستانەوە

لە دوای ڕاپەرین، لە دایکبونی بزوتنەوەی جوتیاران وەک پێویستیەکی بابەتی خۆی هێنایە گۆڕپانی سیاسیەوە، ئەوەبوو یەکەمین کۆنفرانسی خۆی لە ١/٢٩ تا ١٩٩٥/٢/١ لە گوندی گەرمکان-پشدەر ڕاگەیاند. لەبەر ئەوەی بزوتنەوەی جوتیاران لە نێو هەناوی ئەم واقیعەی کوردستان خۆڕسکیانە لە دایک بوو، بە خەبات و گڕوتینی هەزاران جوتیاری سەر بە حزبی جیا جیا هاتە کایەوە، سەرەتا وەک بەرەیەکی جوتیاری کەسانی خاوەن بیروڕای جۆراوجۆر تێکەوت، بە مەبەستی ئەوەی ئەوەی هەموولا پێکەوە بەرگری لە خواست و بەرژەوەندیەکانی جوتیاران بکەن. کۆنفرانسی یەکەم ویستی سنورێک بۆ ئەو مەبەستە دابنێت و ڕێکخراوەکە بەرەو سەربەخۆی سیاسی تایبەت بە خەباتی جوتیاران ئاراستە بکات و لە ڕاکێش و داکێشی حزبایەتی ڕزگاری ببێت. بەڵام مخابن زۆر پیلان لەسەر سەرنەگرتنی ئەو ئاواتەی جوتیاران ڕێکخراو ناوەڕۆکی هەقخوازانەی ئەو جوڵانەوەیە بەلاڕێدا برا، ئەویش بەهۆی بوونی کەسانێک لە نێو سەرکردایەتی و ڕێکخستنەکانی ئەو بزوتنەوەیە کە لە ئاست کێشەو ململانێ سیاسی و ئەزمونی پڕ تاڵ و تفتی خەباتی چینایەتی دا نەبوون و پتر دڵسۆزی خۆیان بۆ حزبەکانیان نیشان دا نەک ڕێکخراوی نوێی جوتیاران و پاش ماوەیەک لەگەڵ یەکەم هەوراز و نشێووە بەرەو سێبەر و بازنەی سیاسەتی حزبە دێرینەکانیان گەڕانەوە.

بەر لە هەموان ڕەوتێکی توندوتیژی خۆسەپێنەر کەوتە کار بۆ پاڵنانی بزوتنەوەکە-زۆردارانە-بەرەو سەنگەری (( پەکەکە)) بۆ نمونە بێ بڕیاری سەرکردایەتی دەوراتیان لە بنکەکانی ئەواندا سازدا و ڕۆژنامەی (وڵات)یان دەگەیاندە هەموو ماڵە جوتیارێک و چەند ئەندامێکی سەرکردایەتی لەگەڵ خۆیان ژمارەیەک کادیریشیان ڕەوانەی بنکەی دەوراتی (گارا) کردو سوربوون لەسەر ئیمزاکردنی (بەرەی سەربەخۆ بوون) بە هەموو مەرج و خواستەکانی ئەوانەوە.

پاشان (یەکێتی نیشتیمانی) فشاری هێنا و کەوتە ناوزڕاندن و دژایەتی بزوتنەوەکەو پشتیوانی کردنی هەمان ئەو ڕەوتەی پێشوو بە جۆرێک ئەو ڕۆژەی -١٩٩٥/٨/٣٠-هێرشی کردە سەر بزوتنەوەی جوتیاران و بەدیل گیرانی کۆمەڵێک ئەندامی سەرکردایەتی و شەهید کردنی سەرکردەی قارەمان (مامۆستا ئەمین) و بەدواگەڕانی ئەوانی دیکە. ئەو برادەرانە بە ئازادی لە ڕانیەو قەڵادزێ دەهاتن و دەچوون و پەلامارەکە شمولی ڕەوانی نەکردا هەر ڕۆژێک دوای لێدانەکە چونە هەولێرو ئیجازەی ڕەسمی ژمارە (٨٩٧ لە ١٩٩٥/٨/٣١ بە مۆڵەتی ٧٥) لە وەزارەتی ڕۆشنبیری بە ئیمزای بەڕێز (جەمال عەبدول) بۆ ڕۆژنامەی (پاڵە)ی تایبەت بە خۆیان کە لە ژمارە (٥)ەوە دەستیان پێکرد، وەرگرت. لە جیاتی دژی ئاغاو لێدانەکەی یەکێتی بۆستنەوە، کەوتنە دژایەتی خودی بزوتنەوەکەو هەڵبەستنی تۆمەتی (پاراستنی پارتی) بەسەر ئەندامانی سەرکردایەتیدا. بڕوانە لاپەڕە ٤ی ڕۆژنامەی پاڵە ژمارە ٦ی ئەوان.

لەوکاتەدا (ناوەندی کاری بزوتنەوەی جوتیاران) کە بە پلینیۆمێک لەو بارودۆخە ترسناک و ناسکەدا هاتبوە کایەوەو بۆشایی کار و چالاکیەکانی بزوتنەوەکەی پڕکردەوە و کەوتە هەوڵی بەردانی ئەو برادەرە زیندانیانە. جێگەی شانازیە کە دوای هەوڵ و فشارێکی زۆری دۆستان بە تایبەت بەڕێز (قادر عەزیز) (( سکرتێری حزبی زەحمەتکێشان )) تواندرا زیندانیەکان ئازاد بکرێت و بزوتنەوەکە بەردەوام بێت و لەدەست نەدرێت.

هەروا (یەکێتی) دوبارە بەدیلێکی تری لە بیتوێن و پشتدەر بەناوی (دەستەی کادیران) قیت کردەوە و ئەوانیش چەند ژمارەیەک (پاڵە)ی خۆیان دەرکردو کەوتنە هەڕەشەو هێرش بۆسەر بزوتنەوەکەو هەروا بە هەمانشێوە بە (پیاوی پارتی) لە قەڵەمیان دەداین.

لەولاوەش هەر دوابەدوای کۆنفرانس کۆمەڵێ جوتیاری بەناو پارتی کە زۆربەیان خەڵکی پشدەر بوون، بێ ئاگاداری و ڕەزامەندی کۆمیتەی ناوەندی کەوتنە دەرکردنی بەیاننامە بە ناوی (بارەگاکانی باڵەکایەتی بزووتنەوەی جوتیاران) چەند جارێک لەگەڵیان دانیشتین کە ئەو کارو ڕەفتارانە خزمەت ناکات و ناکرێ هەر کەسێ یان کۆمەڵێک بڵێن جوتیارین و بەیانێک بەناوی بزوتنەوەی جوتیارانەوە دەربکات، ئەگەر ئەم حاڵەتە بەر لە کۆنفرانس بەردەوام بووبێت،

ئەوە دوای کۆنفرانس و بەرنامەدانان و هەڵبژاردنی کۆمیتەی ناوەند ڕاست و ڕەوان نیە، ئەگەر وەکو جوتیاریش دژی چەوسانەوەی ئاغایەتی دەری بکەن کارێکی باشە، نەک بەناوی بزوتنەوەی جوتیاران، چونکە بوەتە ڕێکخراو بەڵام بەداخەوە بێ سوود بوو !!.

لەوەش سەیرتر ئەوە بوو ئەوانەی بزوتنەوەکەیان بەرەو (پەکەکە) و (یەکێتی) ڕاکێشا، ئەمجارە کە فەشەلیان هێنا پەڕینەوە بەرەولای پارتی و لەگەڵ (بارەگاکانی باڵەکایەتی) یەکیان گرتەوە و یەکسە هەر خۆیان (سەرکردایەتی کاتی -بزوتنەوەی جوتیارانیان) ڕاگەیاند و بەردەوام بوون لەسەر دەرکردنی پاڵە لەو ژمارە (٧)ەی کە لە هەولێر لێی ڕاوەستابوو، دەستیان پێکردەوە.

دوای گۆڕانکاریەکانی گۆڕاپانی براکوژی کوردستان و جێگیربوونی پارتی لە هەولێر، ئەوانیش پتر پێیان داگرت و سووربوون لەسەر بەزۆر کۆنتڕۆڵکردن و ڕاکێشانی بزوتنەوەکە بۆ ئەولایەی ئەوان دەیانەوێ و دووبارە ئیجازەیەکی دیکەیان بۆ هەمان (پاڵە) بە ژمارە (٦٣٧ لە ١٩٩٧/٣/١٢ بە مۆڵەتی ١٩) لەلایەن بەڕێز وەزیری ڕۆشنبیری (فەلەکەدین کاکەیی) وەرگرت و بەڕەسمی ڕێگەی کارکردنیان پێ درا.

هەندێ هەوڵدرا کە هەمووﻻ پێکەوە ئیش بکەن و ئینشیقاق کە لە کۆنفرانسی یەکەمدا حەرام کراوە ڕوونەدات، تەنها مەرجێکی ئێمە وێرای قبوڵکردنی هەموو شێوازێکی گونجاوی دۆستایەتی و خەبات (پاراستنی سەربەخۆی سیاسی و ڕێکخراوەیی بزوتنەوەکەبوو) کە قوربانی و باجێکی زۆرمان لە پێناویدا داوەو دەیدەین بۆ ئەوەی ئەم ئەزموونە توشی شکستی و نائومێدی نەبێت، بەڵام ئەو برادەرانە نەیانتوانی هیچ وەعد و پەیمانێک لەو بارەیەوە بدەن و لەسەر پسولەی سوێندخواردن و خاڵەکانی سەربەخۆیی ستراتیژییەتی بزوتنەوەکە مۆر بکەن.

ئینجا بە ناچاری لە ژێر بارودۆخی پڕ توندوتیژی شەڕی حزبایەتی و پێشێلی مافەکانی مرۆڤ و نەبوونی دیموکراسیەتی سیاسی لە سەردەمەکانی براکوژی ئەم چەند ساڵەدا. لە کاتێکدا کە باوڕمان بەم شەڕە ماڵ وێرانیە نەبووەو نیە و خۆمان بۆ ناوچەیەکی تایبەتی ئەو دوو حزبە یەکلا نەکردەوە نەشمان ویستووە جوتیاری زەحمەتکێش بکەینە سوتەمەنی شەڕێکی ناڕەواو دژ بە بەرژەوەندی باڵای گەلەکەمان.

لەبەر ئەم هۆیەنە نەمانتوانی نە لە ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی یەکێتی کە لە بنچینەدا دژی بزوتنەوەی سیاسی جوتیارانەو نە لەژێر دەسەلاتی پارتی کە تەنها پشتی ئەو برادەرانە دەگرێ، لە کاری سیاسی و رێکخراوەیی ئاسای خۆمان بەردەوام بین بۆ راستیش ئەوە بوو کە لە هەردوو ناوچەکە لە هەولێرو بیتوێن و سلێمانی کادیرانمان گیران وکەوتنە بەر شالاوی هەرەشەو چاو لێسورکردنەوە. بۆیە لە بارودۆخێکی بێ سەروبەرو تێکچودا کە تەرو وشکی پێکەوە دەسوتاندو هیچ پێوان و سنورێک بۆ تاوان و کاری نانیشتیمانی و ناکوردایەتی لە ئارادا نەمابوو، مرۆڤی کورد ببووە بێ نرخترین شت و نزمترین ئاستی رێز و کەسایەتی کوردایەتی.

بەڵێ لەوکاتەدا بە باشمان زانی تا ئەو بارە نا ئاساییە تێ دەپەرێ بێ دەنگی لە شتەکان بکەین، بەلام لە ١٩٩٨/١١/٦ ئەو برادەرانە کۆنفرانسی خۆیان بەست و گەیشتە سەر پچرانی یەکجاری و راگەیاندنی ئینشیقاق، ناچاربووین وەک بەرپرسیاری هەر ئەندامێکی ئەو بزوتنەوەیە بۆ مێژوو، بۆ رایگشتی، بۆ سەرجەم جوتیارانی کوردستان، بێینە وەلام و ئەم روونکردنەوەیە بلاو بکەینەوە.

شایانی باسە لە سەرجەمی (١٥) ئەندامی سەرکردایەتی و یەدەگ تەنها (٣) ئەندام بەشداری لەگەڵدا کردوون، لەکاتێکدا بەرنامە و دەستوری ناوخۆیی بزوتنەوەکە لە لاپەرە ١٠ دا دەڵێ:-خاڵی ((٦)): ( کۆنفرانس لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و جێگرەکان و کادیرە پێشکەوتووەکان و نوێنەرانی هەڵبژێردراوی رێکخستنەکان پێکدێت ).

خاڵی ((٧)) : ( لەسەر داوای ٣/٢ی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی لە باری نائاساییدا کۆنفرانس دەبەسترێ ).

خاڵی ((٨)) : ( تەنها کۆنفرانس مافی دەرکردنی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی هەیە جگە لە حاڵەتی خیانەتکاری نەبێت).

ئەو برایانە بێ بەدەستهێنانی شەرعیەت و زۆرینەی رای ئەندامانی بزوتنەوەکە بریاری کۆنفرانسیان داوە وخەڵکانی دەرەوەی بزوتنەوەکەشیان هێناوەتە ناو کۆنفرانس.

کارێکی هەرە باش کردبێتیان گۆڕینی ناوی خۆیانە بۆ (بزوتنەوەی جوتیاران و چەوساوانی کوردستان) تا یەکجاری جیا بکرێتەووە و ئەو تێکەڵاویە لەو شێوە خەباتەدا نەمێنێ، سەرباری هەموو ئەو شتانەش هیوادارین ئەو برادەرانە بتوانن خزمەتی جوتیاران و چەوساوانی کوردستان بکەن. ئێمەش لە ڕوانگەی باوڕبوون بە ئازادی سیاسی و ڕادەربڕین هەقی هەموو کەس و گرووپ و هێزێک بە ڕەوا دەبینین. گرنگ ئەوەیە هەرچی کێشەی ناوخۆی هێزەکان بە (ناکۆکی لاوەکی) بژمێردرێن و تێکڕا لە هەمبەر دوژمنان بوەستن و خزمەتی دۆزی ڕزگاریخوازی میللەتەکەمان و چینی چەوساوەی جوتیاران و ڕەنجدەرانی کوردستان بکەین.

بمرێ چەوسانەوە و ئاغایەتی

بژی خەباتی چینایەتی

بزوتنەوەی جوتیارانی کوردستان

١٩٩٨/١١/١٣

## بەڵگەنامەی ژمارە (١٢١)

## هاوارنامەیەک لە جوتیارانی دووستەپەوە

بۆ/بەڕێز کاک مەسعود بارزانی

بەرێز مام جەلال تاڵەبانی

بەڕێز مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان

بەڕێز مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان

بەرێزان مەکتەبی سیاسی و سەرجەم حزب و ڕێکخراوە سیاسی و جەماوەری و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لە کوردستان

وێڕای سڵاو و ڕێزمان

ئێمەی جوتیارانی گوندی دووستەپەی سەر بەناحیەی عەنکاوە لە پارێزگای هەولێر، ژمارەمان (١١٠) جوتیارە و (٤٦)مان زەوی کشتوکاڵیمان لەبەردەستدایە و کاتی خۆی بە پێی یاسای ژمارە (١٧٧)ی ساڵی ١٩٧٠ و یاسای ژمارە (٩٠)ی ساڵی ١٩٧٥ بە دوو یەکەی دابەشکردن؛ (٢٣) جوتیارمان (عقد)ی (٥٠) دۆنم زەوی و (٢٣)ی ترمان (عقد)ی (٣٠) دۆنمان بەسەردا دابەشکراوە. (٦٤) جوتیاریشمان موستەهەقن و یەک دۆنم زەویشیان بەدەستەوە نیە. کۆی ڕووبەری زەویەکانمان (٢٠١٠) دۆنمە.

دوای ڕاگواستن و کاولکردنی گوندەکەمان لە ساڵی ١٩٨٧ لەلایەن ڕژێمیەوە، ڕووبەری (٧٠٠) دۆنم لە زەوییەکانی ئێمەیان وەک قەرەبووکردنەوە (تعویض)ێک دایە چەند مەلاکێکی گوندی شێوەڕەشی سەر بە ناحیەی خەبات، گوایە زەوی ئەو مەلاکانە کەوتوەتە بەر ئۆردوگای زۆرە ملێی کەورگۆسک، هەرچەندە لەسەردەمی ڕژێمیش ئەو بڕیارە بە تەواوی جێبەجێ نەکرا.

دوای ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ ئێمەش وەکو تێکڕای جوتیارانی کوردستان و لەبەر ڕۆشنایی بڕیاری ئاوەدانکردنەوەی کوردستان و ڕێنمای ژمارە (٥٢)ی ساڵی ١٩٩٢ کە لەلایەن بەرەی کوردستانی ڕاگەیەندراو هەموو بڕیارەکانی سەردەمی ڕاگواستن و ئەنفال و کاولکردنی کوردستانی تێدا هەڵوەشێندرابۆوە ئێمەش گەڕاینەوە گوندەکەمان، بەڵام هەرزوو لەسەردەمی بەرەی کوردستاندا ئەو مەلاکە دەسەڵاتدارانە (١٠) جوتیارمانیان بۆ ماوەی سێ شەو و سێ ڕۆژ لە

بەندیخانەی شەقڵاوە زیندانی کرد. لەسەردەمی پەنجا بە پەنجاش ماوەیەک کێشەکەمان کپ بۆوە، کەچی هێندەی نەخایاند جارێکی تر ئەو مەلاکانە لەسەردەمی دەسەڵاتداریتی (یەکێتی) لە هەولێر کەوتەوەخۆ و (٢) جار بەگرتنیان داینەوەو هەرجارەی بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک، لەسەردەمی کابینەی سێیەمیشدا ئەوە (٧) حەوتەمین جارە زیندانیمان دەکەنەوە لەپەنای یاسا سوکایەتیمان پێوەدەکەن. ئێستاش وابریارە (٦) جوتیارە گیراوەکەیان هەر یەکەو بە کەفالەتی ١٥ هەزار دینار تا ڕۆژی دادگایکردن ئازاد کرد، کەچی لە ١٩٩٨/١١/١٨ جارێکی تر (٢) جوتیاریان لێ دەستگیر کردنیەوەو (٤) جوتیاری دیکەش فەرمانی گرتنیان بۆ دەرچووە، تەنها لەبەر ئەوەی ئامادەنین ملکەچی بڕیارێکی نەگونجاوو نایەکسانی جێبەجێنەکراوی سەردەمی ڕژێم بین، کەئێستا دەسەڵاتدارانی هەولێر لەسایەی حکومەتی هەرێمدا دەیانەێت بەسەرماندا بسەپێنن و جێبەجێی بکەن.

پوختەی کێشەکەمان لەوەدایە کە قایمقامی قەزای ناوەندی هەلێر کە بۆ خۆی هاوچین و هاوخەمی دڵسۆزی مەلاکاکانە بەزۆری زۆرداری دەیەوێ ڕووبەری (٧٠٠) دۆنم زەویمان لێ زەوتبکات، هەرچەندە ئێستا بەشێکی مەلاکەکان داوای ٣٦٠ دۆنم دەکەن چونکە بەشەکەی تری مەلاکەکان کە لەناو لایەنێکی دیکەن کاتی خۆی بە زۆری زۆرداری و بەبێ یاسایی ڕووبەری (٣٤٠) دۆنمیان بۆ دەست نیشانکراوە، کە هیچ یەکێک لەو مەلاکانە خەڵکی گوندەکەی ئێمە نین و لەڕووی ئیدارییەوەش سەر بە ناحیەیەکی دیکەن و لە سنوری ناحیەکەی خۆیاندا بە هەزاران دۆنم زەوی کشتوکاڵی دەوڵەت هەیەو ئێستا لە ژێر دەستی گەورە بەرپرسەکان دایە و کەس ناوێرێ بەلایدا بچێت.

بۆ زانیاری زیاتریش ئەو (٧٠٠) دۆنم زەویەی ئێمە (٢٨) خانووبەرە و (١١) بیرە ئاوی تێدایە کە چەندین ساڵە خۆمان دروستمان کردوون، هەروەها وەکو پێشتریش ئاماژەمان پێکرد کە، ٦٤ جوتیاری موستەهەق لە گوندەکەماندا هەیە، جا ئەگەر زەوی زیادە لە گوندەکەی ئێمەدا هەیە؛ بۆچی دەسەڵاتداران بەسەر جوتیارە موستەهەقەکانی خۆماندا دابەشی ناکەن -تۆبڵێی یاسا ڕێگە بەوە نەدات-!؟؟. جگە لەوەش هەموو لایەک لەوە دڵنیان کە جێبەجێکردنی ئەو بڕیارەو

داگیرکردنی ئەو زەویانە دەبێتە هۆی خوڵقاندنی کێشەیەکی ترسناک و هیچ دورنیە ئاکامی خراپی لێ بکەوێتەوە!!

دواجاریش ڕۆژی شەمە ڕێکەوتی ١٩٩٨/١١/٢١ هێزێکی گەورە کە پێکهاتبوو لە قایمقامی قەزای ناوەندی هەولێرو بەڕێوبەری پۆلیسی قەزاو هەردوو بەڕێوبەری ناحیەو لقی کشتوکاڵی عەنکاوەو ڕێکخراوی شەمامکی پارتی دیموکراتی کوردستان و نوێنەری ناشەڕعی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی جوتیارانی کوردستان کە خودی عبداللە کەریم شاکر بوو، بەشێوەیەکی ناڕەوا پەلاماری گوندەکەمانیانداو کەوتنە پشکنینی ژمارەیەک لە ماڵەکانمان و هەڕەشەو سوکایەتی کردن بە ژن و منداڵەکانمانەوە تا یەکێک لە گەورە بەرپرسەکانی ئەو هێزە زەبەلاحە بە ئافرەتەکانمانی وتبوو ئەگەر پیاوەکانتان ئامادە نەبن ئەوا ئێوە لە جیاتی ئەوان سجن دەکەین!!. ئەمە لە کاتێکدایە کە هەندێ دەزگاکانی حکومەتی هەرێم بۆ مەلاک و ئاغاو دەرەبەگە چەوسێنەرەکان لەسەر پشتەو پێشوازیان لێ دەکرێ، جگە لەوەش دەزگا پەیوەندیدارەکان و مەلاکەکان لە ڕێگەی کۆنە بەڕێوبەرێکی سەردەمی ڕژێم کە کاتی خۆیشی چەپەڵترین ڕۆڵی هەبووە لە خوڵقاندنی ئەم کێشەیەو ئێستا دەیەوێ بە ناوی یاساوە بڕی (٢٥) ملیۆن دینارمان لەسەر بکاتە ماڵ و پیشکەشی مەلاکەکانی بکا، ئەمە جگە لە کۆمەڵێک کاری سەیرو سەمەرەی تر کە لەژێر پەردەی یاساوە پێمان کراوە و دەیکەن !!

جا دوای ئەوەی هیچ دەرگایەک نەما لێی نەدەین و چ ڕێگایەکیش نەما نەیگرینە بەر بۆ چارەسەر کردنی کێشەکەمان، هەتا لە ڕێگای یاداشنامەیەکەوە پەنامان بردە بەر خودی کاک (مەسعود بارزانی)یش کەچی هەر سودی نەبوو، کەسیش ئاوڕی لێ نەداینەوە، بۆیە وا ئەم هاوارنامەیەمان ئاراستەی هەموو لایەک دەکەین، بەو ئومێدەی هەر کەس و لایەنە و بەپێی توانای خۆی بەدەنگمانەوە بێن و ئەو بەڵایەمان لە کۆڵ بکەنەوە، بەر لەوەی کارەسات ڕوویدا!! هەر لەم هاوارنامەیەدا ڕوو لە پەرلەمانی کوردستان و حکومەتی هەرێم دەکەین و دەڵێین، بەڕێشی کێ ڕەوایە چارەنووسی (١١٠) خێزانی جوتیاری بەش مەینەت دەکەنە قوربانی ویست و هەوەسی چەند مەلاکێک، ئێمە لێرەدا ئەو

بەرپرسیارێتیە مێژووییە دەخەینە ئەستۆی هەموو لایەکتان و تکاتان لێ دەکەین بەدەنگمانەوە وەرن.

هاوکاری و پشتگیریتان نیشانەی دڵسۆزی و وەفادارییە بۆ خوێنی شەهیدان و دەستکەوتەکانی ڕاپەرین

لەگەڵ ڕێزی دووبارەمان

جوتیارانی
گوندی دووستەپە/عەنکاوە
کەرتی ٢٤
١٩٩٨/١١/٢٢

## بەڵگەنامەی ژمارە (١٢٢)

## بەڕێز: سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان

ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان
لیژنەی مافی مرۆڤی سەر بە ڕیکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان
ڕێکخراوی لێبوردنی گشتی نێودەوڵەتی
دادگای نێودەوڵەتی لە لاهای
بەڕێزان:

هەوڵدان بۆ دادگای کردنی دیکتاتۆری عێراق (صدام حسین) و سەرانی ڕژێمەکەی لەم ساتەوەختەدا. کارێکی یاسایی و ڕەوایە بەرامبەر تاوانبارێکی وەها کە ئەتواندرێت بووترێت نمونەی لە مێژوودا کەمە. چونکە تەنها ڕژێمێک و تاکە دیکتاتۆرێکە لە جیهاندا کە گەلی کوردستان باشور بە گوشندەترین گاز و چەکێک بۆردومانکردووە و ١٨٢ هەزار کوردی ئەنفال و (٨) هەزار بارزانی بێ سەروشوێن کردووە، ڕەفتاری فاشیانەی دژی ژن و منداڵ و ژینگە و لەسێدارەدانی نایاسایی و ئاوارەکرنی خەڵک و سوتانی نزیکەی (٥٠٠٠) گوند و شار و چارۆچکە لە کوردستان و چاندنی کوردستان بە مین کرداری ئەو ڕژێمە تاوانبارەیە وە بەزاندنی هێڵی (٣٦)لە ٣١ی ئاب دا وەڵام دانەوەی بنکەی چەکوشی ئامادە کە پێچەوانەی یاساکانی نەتەوە یەکگرتوەکان بوو. ئەم ڕژێمە تەنیا بە کوردستانەوە نەوەستاوە تاوانەکانی بەرامبەر بە گەلی عێراق کە بە وشک کردنی وەلکاوەکان و ژەهراویکردنی جگە لەو هەموو تاوانەی دەرهەق بە ئۆپۆزسیۆنی عێراقی کردوویەتی گەواهی ڕاستیەکی تری دزێوی تاوانبارانەیە.

گەر کۆمەڵەی نێودەوڵەتی بەڵگەی پێویست بێ کیمیابارانی کردنی هەڵەبجە و بادینان و ناوچەکانی تری کوردستان زیندوترین بەڵگەن. نەهامەتیەکانی گەلانی عێراق لە ئابڵوقەی ئابووری و برسێتی و تەنها ئەنجامی سیاسەتەکانی ڕژێمی دیکتاتۆرییە.

جا بۆیە وەک داواکارییەکی گەلی کوردستان و عێراق کە صدام حسین و سەرانی ڕژێمەکەی بە تاوانباری جەنگ و تاوانبار بەرامبەر مرۆڤایەتی و سروشت بدرێـە دادگا وە بڕیاری ٦٨٨ لە عێراقدا جێبەجێ کرێ.

یەکێنی لاوانی دیموکراتی لە کوردستانی عێراق

یەکێتی گشتی قوتابیانی کوردستان – عێراق

کۆمەڵەی پاراستنی مافی منالآنی کوردستان

ڕێکخراوی خانمانی سەربەخۆی کوردستان

ڕیکخراوی بێکاران لە کوردستان

ئەنجومەنی بالآی جەماوەری پارێزگای سلێمانی

کۆمەڵەی منالە هەتیوەکانی کوردستان

کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان

یەکێتی سەندیکاکانی کرێکارانی کوردستان

یەکێتی هونەرمەندانی یەکگرتووی کوردستان

گەلەری زامۆ

یەکێتی ئافرەتانی سۆسیالیست

کۆمەڵەی پاراسایکۆلۆجی

یەکێتی ئافرەتانی زەحمەتکێشانی کوردستان

کۆمەڵەی خوێندکارانی بزوتنەوەی دیموکراسیخوازان

کۆمیتەی بەرگری لە داخوازیەکانی جەماوەر

کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان

یەکێتی ئافرەتانی بزوتنەوەی دیموکراسی خوازان

بزافی خوێندکاران و لاوان

یەکێتی خوێنکار و لاوانی سۆسیالیستی دیموکرات

دەستەی زیندانە سیاسیەکانی کوردستان

یەکێتی لاوانی دیموکراتی عێراق

یەکێتی گشتی قوتابیان لە کۆماری عێراق

یەکێتی ژنانی کوردستان

کۆمەڵی لە هەڵسوڕاوانی بزوتنەوەی شورای

یەکێتی جوتیارانی کوردستان
یەکێتی ئازادی ژنانی کوردستان
یەکێتی بێکاران لە کوردستان
سەنتەری دیالۆگی کورد
گۆڤاری ئەدەبی کرێکاری
یەکێتی مامۆستایانی کوردستان - لقی سلێمانی

## بەڵگەنامەی ژمارە(١٢٣)

## یاداشتنامە

## بۆ / نوێنەری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان (UN) لە سلێمانی

ئەوە بۆ چوار ساڵ دەبێت زیاتر لە (٨٠٠٠)هەزار ژن و منداڵ و پیر و پەککەوتەی باکوری کوردستانمان[١٩٩] لە ژێر فشاری ڕژێمی فاشست و داگیرکەری تورکیادا لەسەر خاک و زێدی باب و باپیرانی خۆیان هەڵکەندراون و پەنایان بۆ گەلی خۆیان لە باشوری کوردستان هێناوە و وەکو پەنابەری سیاسی لەژێر سەرپەرشتی ڕێکخراوی (UN) دا ژیانیان بەهەر شێوەیەک بێت بردۆتە سەر وە پاش چەند جار ڕاگواستنیان لە جێگەیەکەوە بۆ جێگەیەکی تر دواتر لە کامپی نەینەوادا جێگیربوون .

ئێستاش UN کە ئەرکی چاودێری کردن و پاراستنی خەڵکەکەیان کەوتبۆ ئەستۆ ئەوە بۆ ماوەی ٧ ڕۆژە کامپەکەیان جێهێشتووە و خەڵکی پەنابەریان ڕووبەڕووی هەرەشە و مەترسی لەناوبردن و سەرما و برسێتی کردۆتەوە.

ئێستاش خەڵکی پەنابەر بە هەست کردن بەو مەترسیەی کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە کامپەکەیان جێهێشتووە لە نزیک خاڵێکی پشکنینی ڕژێمی عێراقدا گیرساونەتەوە و ڕژێمی عێراقیش ڕێگەیان نادات بچنە سنوری دەسەڵاتیەوە .

ئێستاش خەڵکی پەنابەر لە ڕەوشێکی ژیانی دوور لە مرۆڤایەتیدا ژیان دەکەن و ڕۆژانە بەهۆی سەرما و برسێتی و نەخۆشی و دیزانتری و مەلاریا و کارەساتی لوغم ژن و منداڵ گیان لەدەست ئەدەن و کەسێک ئاوڕیان لێ ناداتەوە و بە هانایانەوە ناچێت .

---

[١٩٩] لەئەنجامی شەڕی نێوان سوپای تورکیاو (پ.ک.ک) لە ساڵانی ١٩٩٣-١٩٩٤ کوردی بەشێک لە گوندەکانی باکوری کوردستان ئاوارەی هەرێمی کوردستان بوون و لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە لە ناوچەی ئەتروش لە باشوری پارێزگای دهۆک، نیشتەجێبوون. بەڵام بەهۆی دروستبونی کێشە لە نێوان ئاوارەی کەمپەکەو بەرپرسانی ئیدارەی ناوچەکە، چەندین جار ئالوگۆڕ بەشوێنەکەیان کرا تا لە ساڵی ١٩٩٩ چونە سنوری دەسەڵاتی حکومەتی عێراق و لە قەزای مەخمور نیشتەجێکران و تا ئێستاش لەو کەمپەدا نیشتەجێن.

کردستان العراق: قیود على تنقل اللاجئين https://www.hrw.org/ar/news/2019/11/27/336037

جا ئێمەی کە لە خوارەوە ناومان هاتووە بڕیارماندا کە دەست بە مانگرت لە خواردن بکەین تا ڕێکخراوی UN بە ئەرکی مرۆڤانەی خۆی هەڵسێت و ئاوڕ لەو خەڵکە لێقەوماوە بداتەوە، هەر بۆیە چەند داواکاریەک دەخەینە پێش چاوی بەڕێزتان بۆ جێبەجێکردنیان. وە ئێمە لە مانگرتنی خۆمان بەردەوام دەبین تا جێبەجێکرنی ئەو داواکارییانە :

١- ڕێکخراوی UN دەستنیشانی شوێنی نیشتەجێبوون بۆ خەڵکی پەنابەر بکات لە جێیەکی دوور لە دەسەڵاتو فشاری داگیرکەری تورک و دارو دەستەکانیان .

٢- ڕێکخراوی UN ئەرکی چاودێریکردن و پاراستنی خەڵکەکە بخاتە ئەستۆی خۆی لە هەر مەترسی و هەڕەشەیەک کە ڕووبەروویان دەبێتەوە .

٣- ڕێکخراوی UN هەموو پێداویستیەکی خواردن و داو دەرمان بۆ خەڵکی پەنابەر پەیدا و ئامادە بکات .

٤- بەپێچەوانەوە ڕێکخراوی UN بەرپرسیارە لە دەمی داهاتوو لە هەر کارەساتێک کە ڕووبەڕووی ئەو خەڵکە پەنابەرە دەبێتەوە .

ناوەکان :

١- ڕاستی عەلی

٢- عادل عزیز

٣- عدنان امین

٤- کارزان عبدالله

٥- عەلی معروف

٦- احمد محمود

٧- سیروان عوسمان

٨- دکتۆر بەکر مجید

٩- وەهاب

١٠- درەخشان

## بەڵگەنامەی ژمارە (١٢٤)
## ڕونکردنەوەیەک لە مەکتەبی سکرتاریەتی
## یەکێتی خوێندکارو لاوانی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان
## سەبارەت بە هەڵبژاردنی زانکۆ و پەیمانگاکان

خوێندکارانی ئازیز....

مامۆستایانی بەڕێز...

جەماوەری بەشرەفی کوردستان :-

وەکو ڕوون ئاشکرایە پرۆسەی هەڵبژاردن لە زانکۆ و پەیمانگاکاندا لە بەرواری ١٠-١٩٩٩/١/١٣ بە ئاکام گەیشت و وێڕای دەست تێوەردان و فشارخستنە سەر خوێندکاران لە لایەن هەندێ ڕاگری پەیمانگاو مامۆستایانەوە هەروەها بەکارهێنانی وانەکان و ڕاسب بوون و دەرکردن لە بەشی ناوخۆی وەک چەکێکی کوشندە دژ بە خوێندکاران بەکارهێنرا، تا دەنگ بدەن بەو کەسانەی کە خۆیان دەستنیشانیان کردووە، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا پێشێلکردنی دیموکراتیەو دوورە لە بەرەوەپێش بردنی ڕەوتی زانست لە کوردستاندا، جێگەی سەرنجە ئەوانە مامۆستایان خۆیان خەریک کرد بە پرۆسەی هەڵبژاردنی خوێندکارانەوە، ڕێکخراوە خوێندکاری و قوتابیەکان بەو شێوەیە ماندونەبوون کە ئەمە جگە لەوەی دوورە لە پیشەی مامۆستاوەو دیاردەیەکی ناشارستانی و نادیموکراتیە، بۆیە ئێمە وەک خوێندکارانی سۆسیالیست بە پێویستی دەزانین ڕوونکردنەوەیەک سەبارەت بەو ڕاگەیاندنە کە لە بەرواری ١٩٩٩/١/١٨ بڵاوکراوەتەوە لە لایەن کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستانەوە بە ناوی (لیژنەی باڵای ڕێکخراوەکان بۆ چاودێری هەڵبژاردن)..بخەینە بەر دیدەی سەرجەم خوێندکاران و مامۆستایانی کوردستان تا لە نزیکەوە ئاگاداری ڕاستییەکان بن بۆیە سەرنجتان بۆ ئەم خاڵانە ڕادەکێشین :-

١-ئەو ڕاگەیاندنەی کە لە بەرواری ١٩٩٩/١/١٨ بڵاوکراوەتەوە بەناوی (لیژنەی باڵای ڕێکخراوەکان بۆ چاودێری هەڵبژاردن) دوورە لە ڕاستیەوە و

لەلایەن کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستانەوە بڵاوکراوەتەوە وە هیچ ڕێکخراوێکی بەژداربوو لە لیژنەی باڵا ئامادە نەبوو بەو شێوەیە بڵاوبکرێتەوە.

٢-بەپێی ئەو بەرنامەیەی کە لەلایەن ڕێکخراوەکانەوە داڕێژراوە لە ١٩٩٩/١/٤ بڕیار درا کە هیچ ڕێکخراوێک بۆی نیە بەتەنها ئەنجامی هەڵبژاردن بڵاوبکاتەوە لەبەر ئەوەی ڕاستیەکان دەشێوێنرێت.

٣-لە ئەنجامی پاشەکشەی ڕێکخراوەکانی بەژداربوو لە لیژنەی باڵای هەڵبژاردن مافی کەسانی بێلایەن پێشێل کراوەو خراوەتە سەر لیستی کۆمەڵەی خوێندکاران کە ئەمەش دژی بنەما دیموکرانیەکانە.

٤-ئێمە وەکو خوێندکارانی سۆسیالیست بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ڕاستەیەکان ئەنجامەکانی هەڵبژاردن بە شێوەیەکی ڕاست و دروست دەخەینە بەر دیدەنی خوێندکاران کە بەم شێوەیەی لای خوارەوەیە:

| ناوی ڕێکخراوەکان | ڕێژەی سەدی | نوێنەر |
|---|---|---|
| کۆمەڵەیخوێندکارانی کوردستان | ٨٣،٦٨ | ٢٠٥ |
| یەکگرتوی قوتابیانی ئیسلامی کوردستان | ١١،٨٣ | ٢٩ |
| یەکێتی خوێندکاران و لاوانی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان | ٢،٤٥ | ٦ |
| یەکێتی خوێندکاران و لاوانی زەحمەتکێشانی کوردستان | ٢،٠٤ | ٥ |

مەکتەبی سکرتاریەتی

یەکتێتی خوێندکار و لاوانی سۆسیالیستی دیموکراتی کورستان

١٩٩٩/١/٢٤

سلێمانی

## بەڵگەنامەی ژمارە (١٢٥)
## لەشاری هەولێر جۆرێک لەبەردە باران کردنی ژنان پەیڕەو دەکرێت!

جەماوەری ئازادیخوازی کوردستان
ژنانی ناڕازی و ستەمکێش

هەفتەی ڕابردوو ١٩٩٩/٥/٢٩ لەشاری هەولێر لەساحەی ریمان[٢٠٠]، ژنێک تەنها بەهۆیەوەی جلوبەرگی مەدەنی و، نادڵخوازی دەمارگیرە ئیسلامیە کۆنە پەرستەکانی پۆشیوە، بە فیتی ئەوان و لەناوجەرگەی شاردا درایە بەر توێکڵە شوتی و تەماتەی ڕزیوو و ئیهانەو سوکایەتی و بێحورمەتیەکی زۆریان بەو ئینسانە ژنە کرد، کە ئەم ڕەفتارە خۆی جۆرێکە لەبەرد بارانکردنی ژنان!

لەماوی ڕابردوو ئەمە یەکەم جار نیە ژنان بە هۆی پۆشینی جل و بەرگی مەدەنیەوە بەر شاڵاوی لەم جۆرە بکەون.. ئەوەی لەچەند ڕۆژی ڕابردودا ژنێک لەساحەی ڕیمان بەو شێوەیەی پێکرا تەنها یەک نمونەیە لەسەدان نمونەی تر کە ژنان لەکوردستان ڕووبەڕووی دەبنەوە.

شایەنی باسە تەواوی ئەم جەریمانەو ئەم ڕەفتارانە لەشاری هەولێر بە بەرچاوی پارتی دیموکراتی کوردستان و دەزگا بەرپرسەکانەوە ڕوودەدەن، ئەو دەزگایانەی کە خەڵکی ناڕازی ئەو شارە بە پێچەوانەی بڕیارەکانی پارتی جوڵانەوە دەستبەجێ لەبەرامبەریاندا کاردانەوەی فەوری نیشان دەدەن!

پارتی تا ئێستا لەئاست ئەم ڕەفتارانە بەرامبەر ژنان لەناو جەرگەی شارو هێرش بردنە سەریان لەلایەن کەسانی ئیسلامی کۆنەپەرستەوە، بێدەنگ ماوەتەوەو هیچ جۆرە ئیقدامی نەکردووە بۆ بەرگرتن بەم کارە دزێوانە. ئەم هەڵوێستەی پارتی خۆی دەست واڵاکردنی کەسانی ئیسلامی کۆنەپەرستە

---

[٢٠٠] لە شاری هەولێر گۆرەپانی سەیارەی نەفەرهەڵگر پێی دەوترێ ساحەی ڕیمان. ئەمەش بەناوی ئەو سەیارە بارهەڵگرانەوە ناونرابوون کە لە جۆری ڕێم بوون. حکومەتی عێراقی لە سەرەتای ساڵی هەشتاکانەوە لە وڵاتی میسری کڕی بوو. دوو جۆری هەبوون قەبارەی بچوک کە ٢٤ کەسی بار دەکرد. قەبارەی گەورە کە ٤٢ کەسی بار دەکرد.

لەبەرامبەر ژنان و فەزاخۆشکردنە بۆ هێرش کردنی زیاتر بۆ سەر ماف و ئازادیەکانی ژنان.

بەردەباران کردنی ژنان لەناو جەرگەی شاری هەولێردا، هەر هەمان بەردە بارانکردنی ژنانە کە ئاخوندەکان و جمهوری ئیسلامی لەئێران لەبەرامبەر ژناندا دەستی بۆ دەبەن، هەر هەمان حوکمی تالیبانی ئەفغانستانە کە هەموو جۆرە ئازادیەکی لەمەملەکەتەدا نەک بۆ ژنان بەڵکو بۆ کیژۆڵە نۆ ساڵەکان نە نێشتوەتەوە.

ئێمە ساڵی پار کە بنکەی ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان لەلایەن پارتیەوە داخراو ئیجازەی ڕێکخراوەکە ڕەفزکرایەوە و ئەمساڵ کە بڵاوکراوەی (یەکسانی) لەهەولێر بە ڕەسمی قەدەغەکرا، سەرجەم جەماوەری کوردستانمان لەوە ئاگادارکردەوە کە عەقڵیەتی ئەم کارە بەرتەسک کردنەوەی ئازادی مافە مەدەنیەکانی ژنانەو وتمان ئەوان دەیانەوێت لەقەدەغەکردنی هەڵسوڕانی ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان لەهەولێر، ئازادی و مافەکانی ژنان قەدەغە بکەن، واتە ئەوەی ئێستا دەستی بۆ دەبرێ.

جەماوەری ئازادیخواز، سەرجەم ئەحزاب و ڕێکخراوە جەماوەریەکان

ڕێکخراوەکانی ژنان لەکوردستان

بانگەوازی ئێمە ئەوەیە کە بۆ دیفاع لەمافەکانی ژنان لەکوردستان دەنگ هەڵبڕن و ئەم تاوانە ئاشکرایە دەرهەق بە ژنان مەحکوم بکەن و هەڵوێست لەئاستیدا دەربڕن. هەروەها بانگەوازی سەرجەم ئازادیخوازان و لایەنگرانی مافەکانی ژنان و ڕێکخراوە جەماوەری و لایەنە سیاسیەکان لەئاستی هەموو دنیادا دەکەین کە لەئاست بەردبارانکردنی ژنان و ئەم دەستدرێژیە ئاشکرایە بۆ سەر مافەکانیان بێ دەنگ نەبن و داوای ڕوونکردنەوە و هەڵوێستس پارتی دیموکراتی کوردستان بکەن و پشتیوانی لەمافەکانی ژنان لەکوردستان بکەن.

بژی یەکسانی هەمەلایەنەی ژن و پیاو

بمرێ کۆنە پەرستی و بێ مافی ژنان

ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان

١٩٩٩/٦/٤

# بەڵگەنامەی ژمارە (١٢٦)

## تاکەی کێشەی دانی دەرماڵەی قوتابیان بێ چارسەرکردن دەمێنێتەوە

قوتابیانی هێژا
خوێنکارانی خۆشەویست...

ئەمە بۆ یەکەم جار نیە کە (ی.گ.ق.ک) کێشەی نەدانی دەرماڵەی دیاریکرا لە کاتی خۆیدا بە قوتابیانی خوێندنی باڵا لە زانکۆو پەیمانگاکان بخاتە پێش چاوی بەرپرسان و بەشێوازی جۆراوجۆر هەوڵی چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە دەدات، بەڵام بێ ئەنجام بوو. ئێمە سەرجەم ئەو هەوڵانەی کە دامان بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە ڕێگا چارەیەکی گونجاومان دەرخست و تەنانەت پێش دەستپێکردنی ساڵی خوێندنی ١٩٩٩ – ٢٠٠٠ لە ڕێگەی چەندین وتارو بەیاننامە پێشبینی ڕوودانی ئەم کێشەیەمان کردو داوای چارەسەری پێش کاتمان کرد بەڵام هەمووی بێ سود بوو.

بۆیە لە دەرئەنجامی ئەم هەوڵانە بۆمان دەرکەوت کە بەرپرسان گوێ لە داواکاری و کێشەی قوتابیان لەدەرەوەی ڕێکخراوی خوێندکاری سەر بە لایەنی دەسەڵات ناگرن و تەنانەت پشت گوێ دەخەن. قوتابیان پێویستە خۆیان هەوڵی جدی بدەن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان.

بە شیاوی دەزانین کە ڕەخنەی خۆمان ئاراستەی نوێنەرایەتی خوێندکارانی زانکۆو پەیمانگاکان بکەین کە بەهیچ شێوەیک جدیانە هەوڵی چارەسەرکردنی ئەم کێشەیەیان نەداوە، تەنانەت ئەم کێشە گرنگە لەناو سەرجەم ئەو بڵاوکراوانەی کە بە ناوی قوتابیان و خوێندکارانی زانکۆ پەیمانگاکان دەردەچێت، چ بە شێوەی وتار یان سکاڵا بوونی نیە.

بۆ ئێمە وەک (ی.گ.ق.ک) پشتگیری و دەستخۆشی خۆمان لەسەرجەم ئەو هەوڵانە دەکەین کە قوتابیان خۆیان دەیدەن بۆ خستنە ڕووی ئەم کێشەیە بە شێوازە مەدەنیەکان و ئێمە داوا لە قوتابیان دەکەین کە ڕاستەخۆ بە هۆشیاریەوە داوای مافە ڕەواکانیان بکەن و خۆیان بۆ بەدەستخست و پاراستنی مافە سەرەتاییەکانیان چالاکی بنوێنن و بەڵێن بە سەرجەم قوتابیان دەدەین کە (ی.گ.ق.ک) هەردەم لە ڕیزی پێشەوەی قوتابیان بێت و داکۆکی کەر و پاڵپشتی ڕاستەقینەی داواکاریە ڕەواکانی قوتابیان بێت.

یەکێتی گشتی قوتابیانی کوردستان - لقی سلێمانی
٢٠٠٠/٣/٧

# بەڵگەنامەی ژمارە (١٢٧)
# دوای کوشتنی ٥٠٠٠ ژن
# دەسەڵاداران بڕیاری کوشتنی ژنان (تاوانە) یان پەسەندکرد!!

ژنانی ناڕازی و دڵپڕ لەهیوای کوردستان

دوای زیاد لە نۆ ساڵ خەبات و تێکۆشان و لە مەیدان ڕاوەستانی ئێمەی ژنان و یەکسانی خوازان لە دژی کوشتی ژنان و فەرهەنگی پیسی پیاوسالاری و قانونی داڕزیوی کۆنەپەرستانەو حوکمی شەریعەت و دین، دوای کوژانەوەی مۆمی تەمەنی زیاتر لە ٥٠٠٠ ژن لە گیانبازی و ڕووبەڕووبوونەی بزوتنەوەی ئێمە لەگەڵ کۆنەپەرستان و پارێزەرانی دنیای کۆن و نایەکساندا، دوای تەحەمول کردنی لێشاوی پڕوپاگەندەی پڕوپوچ و ژەهراوی و هەزاران ناوو ناتۆرەی بێ بناغەو کۆنەپەرستانە، دوای بڵاوکردنەوەی سەدان هەزار بەیاننامەو بڵاوکراوەی ڕۆژنامەو گرتنی سەدان کۆڕو سیمینارو ڕێپێوان و خۆپیشاندان و دوای گەیاندنی هاوارو داخوازیە ئینسانیەکانی ژنانی کوردستان بە ناوەندی سیاسەت لەدونیاداو ڕاکێشانی پشتیوانی نێونەتەوەی ژنان و یەکسانیخوازانی جیهانی بۆ پارێزگاری لەخواست و بزوتنەوەی هەق خوازانەی ئێمە، دوای چالاکیەکی ناوەندی هاوبەشی ڕێکخراوەکانی ژنان و بڵاوکردنەوەو خستنەڕووی بەدیلی خۆمان لە جێگەی قانوونە داڕزیوەکەی احوال شخصی عێراقی، سەرەنجام بەشێک لە دەسەڵاتدارانی کوردستان ناچاربوون کە لە ڕۆژی ٢٠٠٠/٤/١٢ داخوازی ئێمە بۆ بە قانوونی کردنی تاوانی کوشتنی ژنان لە ژێر ناوی ناموس پەرستی و (غسل العار)دا وەک (تاوان)ی قورس پەسەند بکەن.

هەرچەندە ئەم سەرکەوتنە بە قیمەتیدانی قوربانی ئێجگار سەنگین بەدەست هات، بەڵام سەرەنجام سەرکەوتوانە لەم کێشمەکێشمە هاتینەدەر، لەمبارەیەوە پیرۆزبای گەرم لە تەواوی ژنانی کوردستان و ناوەندەی هاوبەشی ڕێکخراوەکانی ژنان و هەموو یەکسانیخوازان دەکەین، سەد خۆزگە ئێستا (م.س.و) هەزاران قوربانی ترمان لەگەڵ بوایە.

ئەم واقیعە لە لایەکەوە مستێکی قایمی لە دەمی هەموو ئەو حیزب و لایەن و کۆنەپەرستانەدا کە سالآنێکە ورێنە بۆ بێئیرادەی و زەعیفیەتی ژن دەکەن، لە لایەکی تریشەوە لەهەمیشە زیاتر ئەو ڕاستیەی سەلماند کە ژنان و بزوتنەوەکەیان بەشێکی بنەڕەتن لە هێزی بزوێنەرو ئالوگۆڕهێنەری کۆمەڵگاو کاری گەورەیان لەدەست دێت و دەتوانن خواستەکانیان بەسەر دەسەڵاتداراندا بسەپێنن و دەستێک بن لەو دوودەستەی کە دەرگاری دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی ئینسانی بەڕووی کۆمەڵگەدا دەخاتە سەرپشت.

ژنانی ناڕازی و ڕێکخراوەکانی ژنان

کێشمەکێشم و ململانێ هێشتا تەواو نەبووە، ئەم سەرکەوتنە یەکەمین هەنگاوە لە ڕێگای خەبات بۆ بەدەستهێنانی دنیای ئازادو شایستە بە شەخسیەت و کەرامەتی ئینسانی ئێمەدا، دەبێت ڕیزەکانمان هەرچی بە هێزترو فراوانتر بکەین، دەبێت کۆڕی خەباتمان گەرمتر ڕابگرین. هێزی لەمەیدان ڕاوەستاوی ئێمە زەمانەتی بەڕێوەبردن و خۆنەدزینەوەی دەسەڵاتداران لە بڕیارە دەکات، ئێمەو هێزی ئێمە دەبێت نەک هەر چاودێربێت بەسەر جێبەجێکردنی بەپەلە لەم بڕیارەدا، بەڵکو دەبێت و دەکرێت هەتا هەڵوەشانەوەی قانونەکانی احوال شخصی عێراقی و جێگرتنەوە بە بەدیلی ئینسانی پێشنیاری ئێمە درێژەی پێ بدەین، ئێمە وێڕای دەستخۆشانە لە دەرکردنی ئەم بڕیارە، هاوکات ڕایدەگەیەنین کە لەسەر داوای خۆمان بۆ هەڵوەشانەوەی تەواوی قانونەکانی احوال شخصی عێراقی سوورین و لە خەباتدا دەبین، دڵنیاین سبەینێ هی ئێمە دەبێت.

بژی بزوتنەوەی یەکسانی خوازی کوردستان

مەرگ بۆ قانونەکانی احوالی شخصی عێراقی

ڕێکخراوەی سەربەخۆی ئافرەتان

٢٠٠٠/٤/٢١

## بەڵگەنامەی ژمارە (١٢٨)
## بڕیاری ژمارە (٥٩)ی سەرۆکایەتی
## هەرێمی کوردستان هەنگاوێکی هاوچەرخە

گومان لەوەدا نیە، کۆمەڵگەی کوردەواری هەروەکو کۆمەڵگە دواکەوتوەکان بێ بەزەییانە ئافرەتانی دیلی کلتور و دابوو نەریتە دواکەوتو و باوەکانی خۆی کردووە، زۆرکات بوارەکانی ژیانی کۆمەڵ تێکەڵ بە گۆڕانکاریەکان بووە. بەڵام بەردەوام ئافرەتان لەژێر باری ناهەمواری و ستەمی کۆمەڵایەتیداناڵاندویانە، کە ئەمەش لەهەموو قۆناغ و سەردەمێکیشدا بە شێوازی جۆراوجۆر دووبارە بووەتەوە، تەنانەت لەم سەردەمەشدا کە بانگەشەی دیمەکراسیەت و مافەکانی مرۆڤ و کۆمەڵگەی مەدەنی دەکرێ.

هەمیشە لەجیاتی بیرکردنەوە بۆ چارەسەر لەکێشە و دەستەبەرکردنی مافە ڕەواکانی ئافرەتان، کەچی بە پێچەوانەوە هەموو هەنگاوێک بەو مەبەستە ڕووبەڕووی گرفت بوەتەوەو کراوەتە قوربانی دابونەریت و خواستی خێڵ و تێڕوانینە ڕەهاو بیرە کۆنەپارێزەکان.

یاساکان وا داڕێژراون، کە بە ئاشکرا ئافرەتانی کردوەتە پاشکۆی پیاوان، کە تەنانەت مافە سەرەتاییەکانیشی تیا فەرامۆش کراوە، کە ئەویش یاسای احوال شخصی و یاسای سزادانی عێراقییە کە ئێستا لەکوردستانیش کاری پێدەکرێت.

لەبڕیاری ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩ی یاسای سزادانی عێراقی لەمادەکانی ١٣٠–١٣٢-٤٠٩، کە لەژێر پاراستنی شەرەفدا ڕێگەی داوە بە تیرۆرکردنی ئافرەتان، کە ئەمەش ڕێگە خۆشدەکات بۆ پیاوان ژنان تیرۆر بکەن و بەهانەش بۆ تیرۆرکردنەکە بهێننەوە لەژێر پەردەی پاراستنی شەرەف و ناموسدا، پیادەکردنی ئەم یاسایەش لەکوردستان و بەتایبەت دوای ڕاپەڕین دەیان ئافرەتی توشی تیرۆرو تۆقاندن کردۆتەوە.

لەکاتێکدا کە لەلایەن سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانەوە بڕیاری پوچەڵکردنەوە ئەو مادانەی سەرەوە درا، جێگەی دەستخۆشیەو لەهەمانکاتدا بەری ڕەنجی تێکۆشانی بەردەوام و بێدەنگ نەبوونی ڕێکخراوەکانی ئافرەتان

و ژنانەو، بەرهەمی ئەو سەدان کۆڕو سیمینارو ڕێپێوان و چالاکیانەیە کە ڕێکخراوەکان بە هاوبەشی سازیانداوە.

ئێمە وەکو کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان پێشوازی و دەستخۆشی لەم هەنگاوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان دەکەین و بە هەنگاوێکی مێژووی دادەنێین و هیوادارین ئەمە یەکەم هەنگاو نەبێت بۆ گۆڕینی یاسای (احوال شخصی) بە یاسایەکی یەکسانیخوازو مرۆڤانە، هەر بەم بۆنەیەشەوە پیرۆزبای خۆمان و گشت ڕێکخراوەکانی ئافرەتان و ژنان و سەرجەم ئافرەتانی کوردستان و یەکسانیخواز دەکەین.

سەرکەوتوبێت هەوڵ و کۆششی ئافرەتان

لەپێناو هێنانەدی مافە ڕەواکانیاندا.

کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان

بەیاننامەی دامەزراندنی / ڕێکخراوی خاتوونانی یەکێتی کوردستان.

ئەی کوردینە:

ئێمەی خاتوونانی کۆمەڵەی کۆمەڵێن و جاووگوکەنجینەی بەرهەم هێنەری ڕۆژانەی بە بەتوانای نەتەوەی کورد بین لەگەڵ سەرهەڵدانی مێژووی، توانیومانە ڕۆڵی خۆمان ببینین لەخزمەت کردنی نەتەوەکەماندا لەئاشتیدا دابڵەبووین لەخەبەرداقەڵغان و فاکتەرێکی سەرەکی پێویست بووین بۆهەنگاونانی مەیدانی شانبەشانی پیاوەکانی نەتەوەی کورد. گەلێ ناودارمان کەوتەسەر کاغەز وەک (خاتوو خانزاد و حەپسەخانی نەقیب و زەکیەخان...) لەبیچاوی درێژەدان بەخەباتی بزاتی ڕزگاری نەتەوەیی کورد بەشەرکێکی بەرزی بزاتێکی ئەزانین بۆئەم مەبەستە پیرۆزە دوای چەند دانیشتن و کۆبوونەوەیەکی یەک لە دوای یەک لە ڕۆژانی (٩-١٠-١١ / ٤ / ١٩٩٧) بەئامادەبوونی سکرتێرو ئەندامانی سەرکردایەتی فاکسیۆنی یەکێتی کوردستان ڕێکەوتی (١٢-٤-١٩٩٧) بڕیاری دامەزراندنی (ڕێکخراوی خاتوونانی یەکێتی کوردستانمان) دا...

بۆ ئەوەی لەم ڕوانگەیەوە بتوانین ڕۆڵی خۆمان ببینین وەک سەنگەرێکی بەرگری لە دیاری کردنی مافی چارەنووسی خۆمان و نەتەوە ستەم دیدەکەمان لە پاراستنی مافی نەتەوایەتیمان و بەرکردنی دیاردەی شۆڤێنیزم و پاوەن خوازی و بازرگانانی سیاسی و یەکوژانی کورد و بەتەمانی شەڕی کوردکوژی چەسپاندنی ئاشتی سەرتاسەری لە کوردستاندا پابەند بوونی گشت لایەنە سیاسیەکانی سەرگۆڕەپانی باشووری کوردستان بەبڕگەکانی ڕێک کەوتننامەی ئەنقەرە...

بانگێشەی هەموو خاتوونانی کوردستان دەکەین کە ڕۆڵی خۆیان ببینن بە پەیوەندی کردنیان بە ڕێکخراوەکەمانەوە بۆئەوەی بەیەک هێزی ڕێکخراو بین بۆ داکۆکی کردن لە مافی خاتووناندا و فشار بخەینە سەر تیرۆریستان و ئەوانەی کە ئەبنە هۆی شێواندنی ئابرووی خاتوونان..

سەربەرز بێت کوردستان...

بەرقەرار بێت دیموکراسی...

ڕێکخراوی

خاتوونانی یەکێتی کوردستان

١٤/ ٤/ ١٩٩٧

بەڵگەنامەی ژمارە (١٠٩)

# پیرۆز بێت ڕۆژی جەژنی جیهانی منداڵان

## دایکان .... باوکان خوازیارانی دونیایەکی پڕ لە ئاسوودەیی بۆ منداڵان

هەموو ساڵێك لە یەکی حوزەیران دا ، جیهان ڕۆژێکی ئێجگار گرنگ بەسەر دەکەنەوە ئەویش ڕۆژی جیهانی منداڵانە ، سەرجەم دام و دەزگا ئەهلیانیەکانی دنیا خەریکی ئەم ڕۆژەی مرۆڤە تازە چرۆ کردووەکانە .. هەراو هوریایان گۆی زەوی داگرتووە .

لە کاتێك دا ژیان و گوزەرانی منداڵان لەم جیهانەدا ... جگە لە مەینەتی و دڵە ڕاوکێ و دونیای تاریکی و ترس و دوور لە هەموو سیمایەکی ڕاستەقینەی یاری و گەمەو زەردەخەنەی منالیدا دەژین .

منداڵان ڕوویەڕووی دوورکەوتنەوە لە قوتابخانەو خوێندن و کاری تاقەت پڕوکێنیان پێ دەکرێت و لە زۆر شوێنی ئەم دنیایەدا لەلایەن تۆڕی ئامادەکراوەوە ، بازرگانی جنسیان پێ دەکرێت و دەدزرێن و پەروەردەیان دەکەن بۆ کاری تیرۆریستی و مافیایی ، ئەم دیاردانە ، ئامارەکانی ئەم وڵاتە خۆشیان ئەمە دەسەلمێنن .

وە لە عێراق و کوردستانیش دا ، لەژێر کاریگەری خراپی گەمارۆی ئابووری و ڕەفتاری فاشیانەی ڕژێمی بەعسدا ، منداڵان بێ نان و دەرمان و لە سۆزی دایك و باوکایەتی بێ بەشن .

بەتایبەت لە کوردستانیش ، لەسایەی شەڕی ناوخۆو دەسەڵات داران دا ، منداڵان لە جیاتی فێرکردن و پەروەردەکردنیان بۆ ئەوەی گەشەی ڕۆحی و جسمی بکەن و ببنە مرۆڤی بەبیات نەری سبەینێ ، ڕەوانەی بازاڕی بێ ڕەحمی کاری هەرزان دەکرێن و باری دەروونی خراپ و لادان لە ڕەوشت و سواڵ کردن و دەستەموی چەوسانەوە جیاجیاکانی بازاڕی ناعەدالەتی کۆمەڵگان و لە هەموو پێداویستی یەکی ژیانی منداڵیان بێ بەشن .

هەر بۆیە لە م ڕۆژەدا .لە ڕێگای بانگەشەکردنی هەموو مرۆڤێکی بە ئەنگەوەهاتوو بۆ دابین کردنی ژیانێکی ئاسوودە بۆ منداڵان خەبات بکەین بۆ پێدانی مافی ژیان و یاری و دوورکەوتنەوەیان لە هەموو کاریگەرییە خراپەکانی کۆمەڵگاو شەڕی ناوخۆ و چەوساندنەوەی نەفس تۆمان .

هەر لە بەر ڕۆشنایی ئەم ڕاستیانەدا پیرۆزبایی لە جگەر گۆشەکانمان و لە دایك و باوکانیان دەکەین .

دەبا کاری جدی بکەین بۆ ئاسوودەیی و بەختەوەری منداڵانی ئەمڕۆ بۆ ئەوەی ئەوەی سەرکەوتووی دوارۆژبن .

کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان ـ عێراق

لقی کەرکووک / سلێمانی

١٩٩٧/٥/٣١

بەڵگەنامەی ژمارە (١١٠)

## نامە

بۆ : هەموو کارمەندانی ناوخۆیی (ئێم ئەی جی) لە باکووری عێراق

لە : جۆن هامەرسیز -موە / بەڕێوەبەری پێشووی پرۆگرامی (ئێم ئەی جی) لە باکووری عێراق

بەروار : ١٢ نیسان ١٩٩٧

بابەت : سڵاو و ڕێز

هاوڕێیانی ئازیز..

ئەوە بوو بە پێنج لە مانگێك کە من سلێمانیم بەجێ هێشت و گەڕامەوە بەریتانیا بە نیازی خۆ سازدان بۆ وەرگرتنی پۆستێکی نوێ کە ئەویش (بەڕێوەبەری پرۆگرامی ئێم ئەی جی) لە لاوس.

لە ڕۆژی (٢٥)ی مارت گەیشتمە (ڤیێنتیان) کە دەکاتە پایتەختی لاوس، لەو وەختەوە هەموو هەوڵێکی من ئەوەیە کە دڵنیا بم لەوەی بەرنامەکانی (ئێم ئەی جی) لێرەشدا سەرکەوتوو دەبێت. لێرەش وەکو کوردستان وایە، بە ملیۆنها مین و تەقەمەنی دەبینو شاخەکان و گوندەکاندا بڵاون کە دەبنە مایەی کارەسات و تیاچوونی مەڕومالات. سەرەڕای ئەوەی کە خەڵکی دەبێ واز لە زەوی و زارەکانیان بێنن و هیچ جێیەکی لێ نەبێت لە ماوەی ئەم سێ ساڵەی دواییدا (ئێم ئەی جی) تەنها لە یەك ناوچەدا کاری کردووە، بەڵام وا خەریکە چالاکییەکانی فراوانتر بکات و ناوچەی دووەم هەڵبژێرن. هەندێ ڕێکخراوی تر هەن وەکو (ئێم ئەی جی) کار دەکەن و ئەو شوێنانەیان هەڵبژاردووە کە کێشەو گرفتی لۆجستی هەیە. ئەوانەش (*NPA*) و (*HI*).

هەرچەندە من هەموو کە سەرقاڵی ئەو پیشە تازەیەی خۆمم، بەڵام من هاوڕێیانی خۆم لە باکووری عێراق لە بیر نەکردووە، ئەوانەی کە لە پرۆگرامەکانی (ئێم ئەی جی) داهاوکارم بوون. جا چ کارمەندی بیانی بن وەچ کوردی. من بەردەوام پەیوەندیم لەگەڵ (ئێم ئەی جی) ماوە لە ئینگلتەرە تا ئاگاداری بۆ پێشەوە چوونی بەرنامەکانی ئێوە بم. هەروەها بەردەوام گوێ لە ڕادیۆ دەگرم، هەمووشەوێك تا گوێم لە هەواڵی تازە بێ سەبارەت بە کوردستان، زۆربەی کات لە خەیاڵمدان، بیرم دەکەوێتەوە کە چۆن پێکەوە کارمان دەکرد و ئەو چەند مانگە ناخۆش و دژوارەی ساڵی (١٩٩٦) مان پێکەوە تێپەڕ کرد.

من لە (ئێم ئەی جی/ئینگلتەرە) بیستم کە بەڕێوەبەری (ئێم ئەی جی) (لوی ماکگرا) لە هەفتەی ئایندەدا دێتە کوردستان. من دڵنیام کەوا ئەم سەردانەی ئەو دەبێتە مایەی پارمەتی و پشتگیری بەرنامەکانی ئێوە لە لایەن بەخشکەرانیا، و بەڕووی ماددی، ئەوەش وادەکات کە (ئێم ئەی جی) لەسەر کارە باشەکانی خۆی لەو ناوچەیەدا بەردەوام بێت. من سڵاوی گەرمی خۆم بۆ هەموو کارمەندانی ئێوە دەنێرم، چ بیانی وەچ کورد، هیوادارم کە ڕۆژێك لە ڕۆژان لە کوردستاندا چاومان بەیەك بکەوێتەوە..

لەگەڵ ڕێز و نەوازشمدا

جۆن **John**

بەڵگەنامەی ژمارە (١١١)

بەسەرهاتی زیندانی کردنم دا

عەباس شوان
١ / ئایار / ١٩٦٣
سلێمانی

# یەکی ئایاری نێو زیندان

بەپێچەوانەی ئەو ئسوول و پرنسیپانەی لە بەرنامەیانا هاتووە و بڕوایان پێیان هەیە ، دەزگای ئاسایشی (ح.ش.ع.ل) لە سەر بیروبڕوام، و ئازادیخوازی مۆڵەتی بە ووشە و نووسراو ، لە رۆژی ٢١/٤/١٩٦٣ بۆ ماوەی (١٢) دوازدە رۆژ لە زیندان تووندیان کردم .

ئەو ئازادی و پرنسیپانە لە کاتێکدا بوو کە بزووتنەوەی کرێکاران و پشتیوانە سیاسییەکانیان و جووتیاران لە خۆ ئامادەکردندا بوون بۆ پێشوازی و ڕێزگرتن لە رۆژی پیرۆزی جەژنی کرێکاران - یەکی ئایار .

دەم ناچێتە لە رادانەوەی دەوروبەری سەنتەری شار و بۆتەر و دروشمی سووری لێی دەوروبەریم نەبینی . لە نێو دیوارەکانی زیندانا خەڵک بە دیقەتی دەکرد . هەموو ترسی لەدەم بوو هاوڕێیانی ئەو کاتەی بیار بوو بگرن بە پێی توانایان ئەنجام ئەدرا .

بۆ ئەوەبوو کردەوەی پیرۆز بوون لە شادی و خۆشی رۆژی جەژنی ئایار ، رۆژی (٣٠) سی نیسان ، دەوری هاوڕێیانیان لەسەر ئاهەنگ گێڕان ئاگادار کردەوە ، رۆژێکی پڕ خۆشی بوو . هەر ئەو رۆژەبیش (مام عبدوڵ ناڵەبای) بەو بۆنەیەوە لە کوناڵەکانی راگوێزانەوە . قسەی بۆ کرد .


شێوە رۆژی رۆژی یەکی ئایار بیست کەس لە زیندانیان و هاوڕێیانی هاتنە سەردانم . لە دەوری چوارچێوەی سێ چاوم پێیان کەوت . خۆسەرکێشانەیەکی پرسی : بە زیندانی ئەزانی ؟

وتم : نەخێر ، بەڵام ئەوا هەشت رۆژە ئاودەنێیی چی ؟ لەسەر کاری تەجەسوس ، گۆشتی ، داودەرمان ، دەزمیان ئەگێڕام . سوپاس بۆ هەموو لایەک ، لەسەر هەست بوونی ، لەسەر هەڵوێستی بۆ زیاتر بیناسە و باشتر ئەگێڕام .

هەر لەو ماوەیەدا بۆم دەرکەوت ئەوانەی خۆی سیاسی بیرکراوە کە جێیان هێشتم وەک ئسوول بارەیان بە تەنگیانەوە . هەمان رۆژ ، سەعات (٦) ی ئێوارە بەو بارەیە بۆ (١٤) زیندانییەکەی هاوڕێکانم سەرەوە و هەڵگەڕام ، دواتر پێیان وت .

دوای پیرۆزبایی و ئەوەی لەگەڵ یەک یەکیانا ، لە بارەی مێژووی رۆژی یەکی ئایار و دەوری کۆمۆنیستان لە دەستپێکردنی ئەو رۆژە وەک بەشووری لە وڵاتانی دنیا قسەم بۆ کردن . جەژنی

بەڵگەنامەی ژمارە (١١٢)



بەڵگەنامەی ژمارە (١١٢)

# ڕژێمی بەعس دەبێت دەست لە سیاسەتی ڕاگواستن هەڵ بگرێ

خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان {

ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لە کوردستان و جیهان {

ڕێکخراوی (UN) لە کوردستان {

حیزب و لایەن و ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکان {

وەکو ئاگادارن لە ڕۆژی ١٩٩٧/٥/١٠ەوە بۆ جارێکیتر ڕژێمی فاشستی بەعس دەستی کردووە بە ڕاگواستنێکی بەرفراوانی دانیشتوانی کوردی شاری کەرکوک و دەوروبەری کە بە پێی هەواڵەکان زیاتر لە (دوو هەزار) ماڵ بەر ئەم حەملەیە کەوتوون، کە هاوکات لەگەڵ ڕاگواستنیاندا خانووبەرە و موەمەلەکانیان حجز کراوە، هەقی بابەعی و کۆبۆنی خواردنی بڕیاری (٩٨٦)یان لێ سەنراوەتەوە، و ڕەوانەی شارەکانی سلێمانی و هەولێرو بەشێکیتریشیان ڕەوانەی شاری ڕومادیە کراون.

ئاشکرایە لە ماوەی دەسەڵاتداریتی ڕژێمی فاشستی بەعسدا خەڵکی کورد بە ئینسانی دەرەجە دوو حسابیان بۆ کراوە و، بەردەوام لە ژێر فشاری ڕاگواستن و پێشێل کردنی سەرەتاییترین مافی ئینسانیدا ڕاگیراون، تەنانەت لە معامەلاتی ڕەسمی کڕین و فرۆشتنی خانووبەرە و هەتا دەگاتە کڕین و فرۆشتنی سەیارە مەحروم کراون. هەتا بتوانێ لەم ڕێگایەوە درێژە بە زوڵمی قەومی بدات و درز و کەلێن لە نێوان خەڵکی کورد و عەرەبدا دروست بکات و ئینسانەکان بە هەویەی قەومییەوە لە بەرامبەر یەکودا ڕابگرێ.

هەر بۆیە ئێمە ئەم کارە دژەئینسانییە بە توندی مەحکوم دەکەین و بە پێشێل کردنی سەرەتاییترین مافی ئینسانی کە (ئازادی نیشتەجێبوون)ە لەقەڵەم دەدەین. وە بانگەوازی خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان دەکەین کە دەنگی ناڕەزایەتییان لە بەرامبەر ئەم کارە دژەئینسانییەدا بەرزبکەنەوە و، بە شێوازی جۆراوجۆر دەزگاکانی (UN) لە کوردستان ئاگادار بکەنەوە هەتا (UN) فشار بخاتە سەر ڕژێمی بەعس بۆ دەست هەڵگرتن لە سیاسەتی ڕاگواستن و ئەم کارە دژەئینسانییانە و گەڕانەوەی دەست بەجێی ئاوارەکان بۆ جێگا و ڕێگای خۆیان و بژاردنی خەسارەیان. هاوکاتیش داواکارین هەر ئێستا حیزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان و ڕێکخراوی (UN) لە کوردستان بەپەلە جێگاورێگای گونجاو و ئازووقەی پێویست بۆئاوارەکان دابین بکەن. هەروەها هەتا ئەو کاتەش کە ئاوارەکان لە کوردستاندا دەمێنەوە کۆبۆنی خواردنی بڕیاری (٩٨٦)یان بۆ دابین بکەن.

بانگەوازی سەرجەم ئاوارەکان دەکەین لە دژی ئەم سیاسەتی ڕاگواستنە بێنە مەیدان و لە دەوری کۆمەڵەی ئاوارەکان کۆبینەوە کە لە چەند ساڵی ڕابردوودا داکۆکی لە خواست و داواکارییەکانی ئاوارەکان کردووە و لە مەیداندا بووە.

**مەرگ بۆ سیاسەتی ڕاگواستنی ڕژێمی بەعس.**

**بژی ئازادی نیشتەجێبوون.**

**کۆمەڵەی ئاوارەکانی کوردستان - سلێمانی**

١٩٩٧/٥/١٥

بەڵگەنامەی ژمارە (١١٣)

## ڕوون کردنەوەیەک

جەماوەری کوردستان

حزب و لایەنە سیاسییەکان -ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکان

خەڵکانی نیشتمان پەروەر

وەک ئاگادارن ڕژێمی ڕەگەزپەرستی تورکیا سەروەری خاکی کوردستانی عێراقی پێشێل کردووەو بە دەیان هەزار جەندرمەو تانک و زرێپۆش بە چەکی قورس هاتوونەتە سەر گەلەکەمان، لە ئاستی ئەم پێشێلکاریەدا ئێمە کۆمەڵی هاونیشتمانی بۆ بێزاری دەربڕین بڕیارمان دا لەبەردەم ( UN ) مان بگرین لە خواردن و کە لە ١٢ هاوڵاتی پێک هاتبووین لەڕۆژی ١٩/٥/١٩٩٧ کات ژمێر ٣ ی پاش نیوەڕۆ دەستمان کرد بە مان گرتن هەر پاش یەک کاتژمێر دەزگای ئاسایشی سلێمانی هاتنە سەرمان بۆ لێکۆڵینەوە، پاشان لە کاتژمێر ٥ی ئێوارە چەند سەیارەیەکی ئاسایشی سلێمانی کە لە چەند مەفرەزەیەکی چەکدار پێک هاتبوون داوایان لە مانگرتووان کرد کە مانگرتنەکە بشکێنن و بە بیانووی بارودۆخی نالەباری شارەکەمان، پاشان بە شێوازێکی تۆقێنەرانە دەستیان کرد بە ئیهانە کردن و لێکردنەوەو دڕاندنی دروشمەکان وە پاشان ڕوخاندنی خێمەکە بەسەر مانگرتواندا و بردنی بۆ بلنیرەی ئاسایش لەگەڵ دروشمەکاندا.

هەر بەمەوە نەوەستان ئەمجارەیان لەژێر گوشاری هێز مانگرتووەکیان هێنایە دەرەوەی کۆمەڵەکە.پاشانیش ئەو جەماوەرەی هاتبوون بۆ پشتگیری مانگرتووان داوایان لێ کردن شوێنەکە جێ بهێڵن.

بە داخەوە ئەم جۆرە کردارانەی ئەم دەزگایە، بارمەتی دەرە بۆ درێژە پێدانی دەست درێژی کەرانی کوردستان ئەم دەزگایە لەم ڕەفتارەیدا بە پێچەوانەی ئازادی سیاسی و دیموکراسی یە کە لە پاش ڕاپەڕینەوە بەخوێنی هەزاران ڕۆڵەی کوردستان هاتە دی کە ئێستا لە پێناو بەرژەوەندی تەسکی حزبایەتی بە فیڕۆ دەدری.

بۆیە داوا دەکەین چیتر ڕێگە نەدری بەم دەزگایە دەست درێژی بکاتە سەر نیشتمان پەروەران و جەماوەری بێ دیفاع. داواتان لێ ئەکەین ئارە رایی خۆتان دەربڕن.

مانگرتوانی سلێمانی

١٩٩٧/٥/٢٠

بەڵگەنامەی ژمارە (١٤)

بۆبەڕێز / **کریستیان گینسنر ڕێکخەری کاروباری (UN) لە سلێمانی**

**بابەت/ یاداشت نامە.**

**پاش سڵاو....**

بێ گومان ئاگادارن کە ڕژێمی بەعس چەند مانگێکە دەستی داوەتە هێرشێکی بەر فراوانی ئیعدام کردنی زیندانیانی سیاسی و لەم ماوە یەدا زیاتر لە (٢٥٠) کەسی مخالفینی سیاسی خۆی ئیعدام کردووە و دواتریشیان (٦) کەسن کە لاشەکانیان لە زیندانی ابو غریب دانراوە.

ئەم سیاسەتەی ڕژێم لەگەڵ هیچ پێوانەیەکی ئینسانیدانا یەئەوە و پێشێلکردنی تەواوی مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤە لە عێراقدا لە سەروویانەوە مافی ئازادی بیر ڕادەبڕین. ئەم ڕژێمە ئێستاش بە لێدامەدانی ئەم هێرشەی ئیعدام کردنی زیندانیانی سیاسی هەڕەشە لە ژیانی سەدان ئینسان دەکات کە مخالیفی ئەم ڕژێمەن.

بۆیە ئێمە سەرنجتان بۆ ئەم مەترسییە گەورەیە ڕادەکێشین و داواتان لێ ئەکەین کە وەك ڕێکخراوێکی نێو نەتەوەیی مسئولیەتی جدی نیشان بدەن تاکو ژیان و گیانی زیندانیانی سیاسی لە عێراقدا پارێزراوبێ و فشار بخەنە سەر ئەم ڕژێمە بۆ ئەوەی دەست بە جێ ئیعدام کردنی زیندانیانی سیاسی ڕابگرێ و ئازادیان بکات لەم ڕووەوە دا وا دەکەین هەیئەتێکی لێکۆڵینەوە بۆ ئەم مەبەستە بنێرنە زیندانەکانی ابو غریب ولە زیندانە نهێنییەکانی بکۆڵنەوە و زیندانیانی سیاسی بە سەر بکەنەوە و پێش بەم هێرشە بگرن . هیوادارین ئیقدامی جدی و مسئولانە بکەن لەم بارەیەوە.

لە گەڵ سوپاس و ڕێزماندا.

١- جمال محسن لە جیاتی سکرتێری کۆمیتە محللی سلێمانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق

٢- عطا احمد لە جیاتی کۆکیتەی پارێزگای سلێمانی حیزبی شیوعی کوردستان

٣- عبد الرحمن غریب احمد لە جیاتی یەکێتی لاوانی دیموکراتی عێراق

٤- شیرین عبد الله لە جیاتی ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان

٥- اکرم عبد الله لە جیاتی یەکێتی بێکاران لە کوردستان

٦- نجیبە محمود لە جیاتی کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان

٧- چیمەن حمە رفیق لە جیاتی شورای کرێکارانی الیسە

٨- هیوا توفیق لە جیاتی یەکێتی گشتی قوتابیانی کوردستان

٩- شەعلا لطیف لە جیاتی ڕێکخراوی کرێکاران و کارمەندانی تەندروستی

١٠- فریدون حسین لە جیاتی دەستەی زیندانیە سیاسیەکانی کوردستان

١١- سەرگوڵ احمد لە جیاتی ڕێکخراوی مامۆستایان لە کوردستان

١٢- عثمان سعید لە جیاتی یەکێتی لاوانی دیموکراتی لە کوردستانی عێراق

١٩٩٧/٨/١٨

بەڵگەنامەی ژمارە (١١٥)

جه‌ماوه‌ری نیشتمان په‌روه‌ر و به‌شه‌ره‌فی خه‌لکی کوردستان
خه‌مخۆرانی ئازادی گه‌لان و مافی مرۆڤ له‌ جیهان.

له‌ کاتێکدا گه‌لانی جیهان و کۆڕو کۆمه‌ڵی نێو ده‌وڵه‌تی سه‌رقاڵی پێشوازی کردنی یادی دارشتنی راگه‌یه‌ندراوی جیهانی مافی مرۆڤ بوون، ده‌زگا تیرۆریسته‌کانی رژێمی کۆنه‌په‌رستی ئێران ته‌نها رێگه‌ی شایسته‌ی خۆیان هه‌ڵبژارد بۆ یاد کردنه‌وه‌ی ئه‌م بۆنه‌ جیهانییه‌، ئه‌ویش پیلانی تیرۆر کردنی خه‌باتگێرانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران (حدکا) بوو له‌ قووڵایی خاکی کوردستانی عیراقدا.

ئه‌وه‌ بوو سه‌ر له‌به‌یانی رۆژی ١٩٩٧/١٢/٨ تاوانی پڕ شه‌رمه‌زاری تیرۆر کردنی خه‌باتگێران (مه‌نسوور فه‌تاحی، سه‌ید مه‌نسوور ناسری، ابو بكر اسماعیل زاده‌، رفعت حسینی و ید الله شوین سخن) یان ئه‌نجام دا.

مایه‌ی نیگه‌رانی و بێزارییه‌ ئه‌م تاوانه‌ دڕندانه‌یه‌، هه‌روه‌ک له‌ راگه‌یه‌ندراوی ده‌فته‌ری سیاسی (حدکا) ئاشکراوه‌ شکستی بۆسه‌ی یه‌که‌م له‌ نزیک شارۆچکه‌ی دوکان و ده‌ستگیر کردنی ئوتومبێلێکی تیرۆریستان و بڕێکی زۆر له‌ به‌ڵگه‌نامه‌و ناسنامه‌ی تیرۆریستان ... به‌ داخه‌وه‌، بۆسه‌ی دووه‌م له‌ خاڵی بازگه‌ی ره‌سمی ده‌روازه‌ی شاری کۆیه‌ بوو!! له‌و شوێنه‌ی ئه‌ده‌بوو و نه‌ده‌کرا ته‌نانه‌ت جێی گومانی قوربانییه‌کانیشه‌ بێت.

ئێمه‌ له‌ کاتێکدا پرسه‌و سه‌ره‌خۆشیمان ئاراسته‌ی هاوڕێیان و که‌س و کاری شه‌هیدان ده‌که‌ین و ئه‌م تاوانه‌ ترسنۆکه‌ و جه‌به‌نه‌ به‌ توندی ریسوا ده‌که‌ین، دووپاتی ده‌که‌ینه‌وه‌ که‌ نابێ که‌م ته‌رخه‌می بگاته‌ ئه‌و ئاسته‌ی سیخوڕان له‌ به‌رگی واجبی ره‌سمی و له‌ خاڵی واجبی ره‌سمیه‌وه‌ کاره‌ دزێوه‌کانیان ئه‌نجام بده‌ن و، ده‌نگمان ده‌خه‌ینه‌ پاڵ راگه‌یه‌ندراوی ده‌فته‌ری سیاسی (حدکا) بۆ داوای لێکۆڵینه‌وه‌و روونکردنه‌وه‌ له‌ ده‌زگا ئیدارییه‌ به‌رپرسه‌کان.

ریسوا و شه‌رمه‌زار تر بێت رژێمی کۆنه‌ په‌رستی ئێران
به‌رز و بڵند تر بێت بالآی شه‌هیدانی ئه‌م تاوانه‌ نوێیه‌ -

- کۆمه‌ڵه‌ی ئافره‌تانی کوردستان
- یه‌کێتی لاوانی دیموکراتی کوردستانی عیراق.
- کۆمه‌ڵه‌ی پێشمه‌رگه‌ دێرینه‌کانی حزبی شیوعی کوردستان - عیراق
- یه‌کێتی لاوانی دیموکراتی عیراق.
- یه‌کێتی گشتی قوتابیان له‌ کۆماری عیراق.
- بزووتنه‌وه‌ی کرێکارانی دیموکراتی له‌ کۆماری عیراق
- یه‌کێتی گشتی قوتابیانی کوردستان.
لقی سلێمانی

١٩٩٧/١٢/١٢

به‌ڵگه‌نامه‌ی ژماره‌ (١١٦)

یەکێتی
هونەرمەندانی یەکگرتووی کوردستان
لقی سلێمانی

ژمارە: ١١
رۆژ: ٦/٦/١٩٩٨

☎ ٢٥٠٥٥

**بەیاننامەی نارەزایی دژی شکاندنی پەیکەرەکەی حەزرەتی نالی/ لە شارەزوور**

**رەبی مووی لێبێ زمانی پەنجەکانی هەڵوەرێ**
**هەرکەسێ گوڵشەن بە دەردی گوڵخەنی دۆزەخ بەرێ**

لەدوای تەمەنێك لە غوربەتو ئاوارەیی شاعیری گەورە ((حەزرەتی نالی))، ئێمەی یەکێتی هونەرمەندانی یەکگرتووی کوردستان گوڵی وەفامان راخست بۆ پەیکەرەکەی، هەوڵماندا بەسۆزەوە بگەرێتەوە باوەشی شارەزوور، بە ماندووبوونی ئەندامانی یەکێتی هونەرمەندانی یەکگرتووی کوردستان (لیژنەی قەزای شارەزوورو پەیکەرساز بەختیار هەڵەبجەیی) و لەسەر ئەرکی (قائیمقامی قەزای شارەزوور) پەیکەرەکە بە ئەنجام گەیەنراو لەرۆژی پەردە لادان لەسەری کە عارەقەی ماندوو بوونمان سرێ هاوارمان کرد کە خەڵکی شارەزوور تەمی غەریبی سەر حەزرەت برەوێننەوەو پاسەوانی بن لە دەست درێژی دوژمنان.

بەڵام بە داخەوەو سەد مەخابن.. ئەو حەزرەتی نالیەی کە عوسمانیەکان نەیانتوانی لەنوێژی بیەن، وا ئەمرۆ لە کەشو هەوای ئێستادا ئەوانەی رۆژێ بە خەمێکی خەڵکەوە ماندوو نەبوونو ئاگایان لە شارستانیەت نیە لە تاریکی شەوی ١-٢/ ٦/ ١٩٩٨ دا دەست درێژیان کردە سەر پەیکەرەکەی حەزرەتی نالی دەستتوێژیان شکاندو دەمو چاویان شکاندو پەنجەکانی کە رووباری شیعر بوون هەڵیان وەراندن.

ئێمە بێگومانین ئەو دەستە چەپەڵانەی بەوکارە هەستاون لە پشتیانەوە عەقڵی رزیوو کاری خراپ وەستاوە بۆیە ئێمەی (یەکێتی هونەرمەندانی یەکگرتووی کوردستان) نارەزایی دەر ئەبرین بەرامبەر بەو کارەو هەموو کارێکی ناشیاوی لەو جۆرە مەحکوم دەکەین، هەر کەس ئەنجامی بدات دژی هونەرمەندانو کارە هونەریەکانیان.

بەرێزەوە داواکارین لە دەزگا بەرپرسەکانی سنووری پارێزگای سلێمانیو قەزای شارەزوور کە بە هانای پەیکەرەکەوە بچنو لە جاران شکۆدارتر چاکی بکەنەوە بەڵکو شەمشەمەکوێرەکان بە تیشکی پەیکەری نالی کوێر تر بن، خوازیارین ئەو دەستە چەپەڵانەی بەو کارە هەستاون بدۆزرێنەوەو کاری یاساییان لە تەکدا بکرێت، چونکە ئەوانە ئەیانەوێت ئەم وڵاتە ناشیرین بکەن وەکو رەفتارە دزێوەکانیان.

ئەفرەت لە دوژمنانی هونەرو شارستانیەت.
ئەفرەت لەوانەی بوونە هۆی زامدارکردنی پەیکەرە شکۆدارەکەی نالی مەزن.
ئەفرەت لە دوژمنانی میللەتی کورد.
بژی ئاشتیو ئازادیو دیموکراسیو مافی مرۆڤ.

بەڵگەنامەی ژمارە (١١٧)

# یاداشت نامە

بۆ / بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان .
بەڕێز پارێزگاری سلێمانی.

ماوەی زیاتر لە (٩) مانگە ئێمە مووچەی مانگانەمان وەرنەگرتووە ، سەرڕای پیری و پەککەوتەیی، ڕۆژانە لە بەردەم دائرەی تقاعدیدا چاوەڕوانی مووچەکانمان بوین، لە کاتێکدا ئەرکی حکومەتی هەرێمی کوردستانە مەسئولیەت لە بەرامبەر مووچەی مانگانەی ئێمەدا بەکردەوە نیشان بدات ، ئێمە چەند جارێك دەزگاکانی حکومەتی هەرێمان لەم کێشەیە ئاگادار کردووەتەوە، بە لام بەداخەوە تا ئێستا وەلامتان بەم کێشەیەی ئێمە نەداوەتەوە.

هەر بۆیە ئێمە خانەنشینانی شاری سلێمانی لەم ڕێپێوانە جەماوەرییەدا داواکارین :

١/ مووچەی ئەو (٩) مانگەی وەرمان نەگرتووە بۆمان بگێڕنەوە ، لەمەودوا مووچەکانمان لە کاتی خۆیدا بدرێتێ.

٢/ بری ئەو خۆراکەی لە لایەن مانگی سوری عێراقییەوە بۆ خانەنشینان تەرخان کراوە بە خانەنشینان بدرێت .

٣/ نوێنەرانی راستەقینەی خانەنشینان بە رەسمی بناسرێت.

٤/ اکرامیەی شرطەی خانەنشینان ئەوەی ماوە ئەمری صرف بکرێت .

خانەنشینانی شاری سلێمانی
١٩٩٨/٦/١٠

وێنەیەك بۆ /
– حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان.
– ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکان.
– سەرجەم دەزگا ڕاگەیاندنەکان.

بەڵگەنامەی ژمارە (١١٨)

## بروسکەی پشتگیری

# لەبانگەوازەکەی ئەنجومەنی وەزیران

بەپەرۆشیکی زۆرەوە..

ئەنجومەنی باڵای جەماوەری پارێزگای سلێمانی، جەماوەری گەلەکەمان ئاگادار دەکاتەوە کەوا هەمیشە بەتەنگ مەسەلەی ئاشتی گەلەکەمانەوە بووەو لەو پێناوەشدا بەبەردەوامی بەدوای هەوڵ و هەنگاوەکانی ئاشتی نێوخۆییەوە بووین، دابین کردنی ئاشتیەکی واقیعی سەرتاسەری و دادپەروەرانە (عادیلانە) هەمیشە خواستو هیوایەکی مەزنمان بووە. ئێستاش دوای گۆڕانکارییەکانی ئەم دوایە، کە بەنامەی ئاشتی بەڕێز مام جەلال دەستی پێ کردو پرۆژەیەکی ئاشتی تێرو تەسەل لێ کەوتەوەو دواجاریش لەیادی (٧)هەمین ساڵی راپەڕینی گەلەکەماندا. جارێکی تر کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران لەرۆژی ١٩٩٨/٣/١١ بانگەوازی گونجاوو لێبڕاوانەی بۆ زیاتر پێشکەوتن و بەکردنی بوونی ئەو هەواڵ و هەنگاوانەی ئاشتی نێوان (ی.ن.ک)و (پ.د.ک) خستووەتە بەردەم، کە تیایدا پێشنیاری بەیەک گەیشتنی بەڕێزان (مام جەلال)و (کاک مسعود) دەکات، لەسەر مەزاری پیرۆزی شەهیدانی هەڵەبجە، ئەو جێگایەی کە بووەتە رەمزێکی کارەساتباری گەلەکەمان نەک هەر لەسەر ئاستی نیشتمانی بەڵکو لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش، دەبا هەروەک چۆن ئێستا هەوڵێکی نێودەوڵەتی وەک لیژنەی لەناوبردنی چەکە کۆکوژییەکانی عێراق (یۆنسکۆم) هەیە بۆ بەتەواوی لەناوبردنی ئەو چەکە کارەستبارانەی کە پێشتر هەڵەبجەی پێ شەهید کرا، وەهەوڵێکی جیهانی هەیە بۆ ئیدانەکردنی ئەو تاوانە گەورانە، دەبا ئێمەش وەک بەپیرەوەچوونێکی دڵسۆزانەو لێبڕاوانەی ئەوداوایەی ئەنجومەنی وەزیران، باڵەو جێگە پیرۆزەدا خێوەتی حەقیقی ئاشتی هەڵبدەین و بەبەیەک گەیشتنی هەردوو بەڕێزیان کە هیوار ئاواتی گەورەی جەماوەری گەلەکەمانە، یادی دڵتەزێن و جەرگبڕی هەڵەبجەی شەهید، بەهەڵفڕینی کۆترە سپیە جوانەکانی ئاشتی کوردان، لەو جێگە پیرۆزەدا وەرگێڕین و سیمای ئەنگینی ئەو کارەساتە بەتارای زیوینی ئاشتی داپۆشین و برازێنینەوەو نەفرەت لەشەڕو وێرانکاری و جینۆسایدکاری بکەین، مەزاری پیرۆزی شەهیدانی کیمیاوی هەڵەبجە بکەینە دەروازەی پیرۆزی ئاشتی کوردان و بەبەدیهێنانی ئاشتیەکی راستەقینەو جەوهەریانە، زامە قووڵەکانی ئەوکارەساتە سارێژ بکەین، وەفاداری راستەقینە بەقوربانیانی ئەو کارەساتەو سەرجەم رووداوو کارەساتەکانی تر بدەینەوە.

داوا دەکەین لەهەموو لایەنەکانی بەرپرس لەسەرخستنی هەوڵەکانی ئاشتی کە بەشێوەیەکی دڵسۆزانە وەڵامی ئەم بانگەوازەی ئەنجومەنی وەزیران بدەنەوە..

هەر سەرکەوتووبن

ئەنجومەنی باڵای جەماوەری

پارێزگای سلێمانی

**وێنەیەک بۆ:**

١- هەردوو بەڕێز مام جەلال و کاک مەسعود.

٢- بەڕێز کاک عزیز محمد.

٣- ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

٤- بەڕێزان هەموو حزبەکانی کوردستان.

٥- هەمو کەناڵەکانی راگەیاندن بۆ مەبەستی بڵاوکردنەوە.

بەڵگەنامەی ژمارە (١١٩)

# ڕوونکردنەوەیەک
# لە بزووتنەوەی جووتیارانی کوردستانەوە

لەدوای ڕاپەڕین لەدایک بوونی بزووتنەوەی جووتیاران وەک پێویستیەکی بابەتی خۆی هێنایە گۆڕەپانی سیاسییەوە، ئەوەبوو یەکەمین کۆنفرانسی خۆی لە ۱/۲۹ تا ۱۹۹۵/۲/۱ لە گوندی گەرمکان- پشدەر ڕاگەیاند. لەبەر ئەوەی بزووتنەوەی جووتیاران لەژێر هەناوی ئەم واقیعەی کوردستاندا خۆرسکیانە لەدایک بوو، بە خەباتو گوڕوتینی هەزاران جووتیاری سەر بە حزبی جیاجیا هاتەکایەوە، سەرەتا وەک بەرەیەکی جووتیاری کەسانی خاوەن بیروڕای جۆراوجۆری تێکەوت، بە مەبەستی ئەوەی هەمووﻻ پێکەوە بەرگری لەخواستو بەرژەوەندییەکانی جووتیاران بکەین. کۆنفرانسی یەکەم ویستی سنوورێک بۆ ئەو مەسەلەیە دابنێتو ڕێکخراوەکە بەرەو سەربەخۆیی سیاسی تایبەت بە خەباتی جووتیاران ئاراستە بکاتو لە ڕاکێشو داکێشی حزبایەتی ڕزگاری بێت. بەڵام مخابن زۆر پیلان لەسەر سەرنەگرتنی ئەو ئاواتەی جووتیاران ڕێک خراو ئاوەڕۆکی هەڵخرازانەی ئەو جوڵانەوەیە بەلاڕێدا دەبرا، ئەویش بەهۆی بوونی کەسانێک لەناو سەرکردایەتیو ڕێکخستنەکانی ئەم بزووتنەوەیە کە لە ئاست کێشەو ملمڵانێی سیاسیو ئەزموونی پڕ تاڵو تفتی خەباتی چینایەتیدا نەبوونو پتر دڵسۆزی خۆیان بۆ حزبەکانیان نیشاندا نەک ڕێکخراوی نوێی جووتیارانو پاش ماوەیەک لەگەڵ یەکەم هەورازو نشێو بەرەو سێبەرو باڵەی سیاسەتی حزبە دێرینەکانیان گەڕانەوە.

بەر لە هەموان ڕەوتێکی توندوتیژو خۆسەپێنەر کەوتەکار بۆ پاڵنانی بزووتنەوەکە -زۆردارانە- بەرەو سەنگەری «یەکەکە» بۆ نموونە بێ بڕیاری سەرکردایەتی دەوراتیان لە بنکەکانی ئەواندا سازداو ڕۆژنامەی «وڵات»یان دەگەیاندە هەموو ماڵە جووتیارێکو چەند ئەندامێکی سەرکردایەتی لەگەڵ خۆیان ژمارەیەک کادیریشیان ڕەوانەی بنکەی دەوراتی «گارا» کردو سووربوون لەسەر ئیمزاکردنی «بەرەی سەرخۆبوون» بە هەموو مەرجو خواستەکانی ئەوانەوە.

پاشان «یەکێتی نیشتمانی» فشاری هێناو کەوتە ئاوڕاندنو دژایەتی بزووتنەوەکەو پشتیوانیکردنی هەمان ئەو ڕەوتەی پێشوو بەجۆرێک ئەو ڕۆژەی- ۱۹۹۵/۸/۳۰- کەهێرشی کردە سەر بزووتنەوەی جووتیارانو بەدیل گیرانی کۆمەڵێ ئەندامی سەرکردایەتیو شەهیدکردنی سەرکردەی قارەمان «مامۆستا ئەمین»و بەدوادا گەڕانی ئەوانی دیکە. ئەو برادەرانە بەئازادی لەڕانیەو قەڵادزێ دەهاتنو دەچوونو پەلامارەکە شمولی ئەوانی نەدەکرد! هەر ڕۆژێک دوای لێدانەکە چوونە هەولێرو ئیجازەی ڕەسمی ژمارە (۸۹۷ لە ۸/۳۱/ ۱۹۹۵ بەمۆڵەتی «۷۵») لە وەزارەتی ڕۆشنبیری بەئیمزای بەڕێز «جەمال عەبدول» بۆ ڕۆژنامەی «پاڵە»ی تایبەت بەخۆیان کە لە ژمارە «۵»ەوە دەستیان پێکرد، وەرگرت. لە جیاتی دژی ئاغایەتیو لێدانەکەی یەکێتی بوەستنەوە کەوتنە دژایەتی خودی بزووتنەوەکەو هەڵبەستنی تۆمەتی «پاراستنی پارتی» بەسەر ئەندامانی سەرکردایەتیدا. بڕوانە لاپەڕە چواری ڕۆژنامەی پاڵە ژمارە «٦»ی ئەوان.

لەوکاتانەدا «ناوەندی کاری بزووتنەوەی جووتیاران» کە بەپلینیۆمێک لەو بارودۆخە ترسناکو ناسکەدا هاتبووە کایەوەو بۆشایی کارو چالاکیەکانی بزووتنەوەکەی پڕ کردەوەو کەوتە هەوڵی بەردانی ئەو برادەرە زیندانیانە. جێگەی شانازییە کە دوای فشارو هەوڵێکی زۆری دۆستان بەتایبەتی بەڕێز «قادر عەزیز» «سکرتێری حزبی زەحمەتکێشان» توانرا زیندانیەکان ئازاد بکرێنو بزووتنەوەکەش بەردەوام بێتو لەدەست نەدرێت.

هەروا «یەکێتی» دووبارە بەدیلێکی تری لە بیتوێنو پشدەر بەناوی «دەستەی کادیران» ڤیت کردەوەو ئەوانیش چەند ژمارەیەک «پاڵە»ی خۆیان دەرکردوو کەوتنە هەڕەشەو هێرش بۆسەر بزووتنەوەکەو هەروا بەهەمان شێوە بە «پیاوی پارتی» لە قەڵەمیان دەدایـن.

لەولاوەش هەر دوابەدوای کۆنفرانسی کۆمەڵێ جووتیاری ناوپارتی کە زۆربەیان خەڵکی پشدەر بوون، بێ ئاگاداریو ڕەزامەندی کۆمیتەی ناوەندی کەوتنە دەرکردنی بەیانات بەناوی «بارەگاکانی باڵەکایەتی بزووتنەوەی جووتیاران» چەند جارێک لەگەڵیان دانیشتین کە ئەو کارو ڕەفتارە خزمەت ناکاتو ناگرێ، هەر کەسێ یان کۆمەڵێ بڵێن جووتیارینو بەیانێک بەناوی بزووتنەوەی جووتیاران دەربکات، ئەگەر ئەم حاڵەتە بەرلەکۆنفرانس ڕەوا بووبێ، ئەوە دوای کۆنفرانسو بەرنامەدانانو هەڵبژاردنی کۆمیتەی ناوەندی ڕاستو ڕەوا نییە، ئەگەر وەک جووتیاریش دژی چەوساندنەوەی ئاغایەتی دەری بکەن کارێکی باشە، نەک بەناوی بزووتنەوەی جووتیاران، چونکە بووەتە ڕێکخراو بەڵام بەداخەوە بێ سوود بوو!!

لەوەش سەیرتر ئەوەبوو ئەوانەی بزووتنەوەکەیان بەرەو «یەکەکە»و «یەکێتی» ڕادەکێشا، ئەمجارە کە فەشەلیان هێنا پەڕینەوە بەرەو لای پارتیو لەگەڵ «بارەگاکانی باڵەکایەتی» یەکیان گرتەوەو یەکسەر هەر خۆیان «سەرکردایەتی کاتی- بزووتنەوەی جووتیاران»یان ڕاگەیاندو بەردەوام بوون لەسەر دەرکردنی پاڵە لەو ژمارە «۷»ەی کە لە هەولێر لێی ڕاوەستابوون، دەستیان پێ کردەوە.

دوای گۆڕانکارییە خێراکانی گۆڕەپانی براکوژی کوردستانو جێگیربوونی پارتی لە هەولێر، ئەوانیش پتر پێیان داگرتو سووربوون لەسەر بەزۆر کۆنترۆڵکردنو ڕاکێشانی بزووتنەوەکە بۆ ئەو لایەی ئەوان دەیانەوێو دووبارە ئیجازەیەکی دیکەیان بۆ هەمان «پاڵە» بەژمارە (٦۳۷ لە ۱۹۹۷/۳/۱۲ بە مۆڵەتی «۱۹۰») لەلایەن بەڕێز وەزیری ڕۆشنبیری «فەلەکەدین کاکەیی» وەرگرتو بەڕەسمی ڕێگەی کارکردنیان پێ درا!!

هەندێ هەوڵدرا کە هەمووﻻ پێکەوە ئیش بکەینو ئیتیفاق کە لە کۆنفرانسی یەکەمدا خەرام کراوە ڕوونەدات، تەنها مەرجێکی ئێمە وێرای قبوڵکردنی هەموو شێوازێکی گونجاوی دۆستایەتیو خەبات «پاراستنی سەربەخۆیی سیاسیو ڕێکخراوەیی بزووتنەوەکە بوو» کە قوربانیو باجێکی زۆرمان لەپێناویدا داوەو دەیدەین بۆ ئەوەی ئەم ئەزموونە تووشی شکستو نائومێدی نەبێت، بەڵام ئەو برادەرانە نەیان توانی هیچ وەعدو پەیمانێک لەوبارەیەوە بدەنو لەسەر پسولەی سوێندخواردنو خاڵەکانی سەربەخۆیی ستراتیژیەتی بزووتنەوەکە

بەڵگەنامەی ژمارە (۱۲۰)

مۆری بکەن.

ئینجا بەناچاری لەژێر بارودۆخی پڕ توندوتیژی شەڕی حزبایەتیو پێشێلی مافی مرۆڤو نەبوونی دیموکراسیەتی سیاسی لەسەردەمەکانی براکوژی ئەم چەند ساڵەدا. لەکاتێکدا کە باوەڕمان بەم شەڕە ماڵوێرانیە نەبووەو ئیمەو خۆمان بۆ ناوچەیەکی تایبەتی ئەو دوو حزبە یەکلا نەکردەوەو ئەشمان ویستوە جوتیاری زەحمەتکێش بکەینە سوتەمەنی شەڕێکی ناڕەواو دژ بە بەرژەوەندی باڵای گەلەکەمان.

لەبەر ئەم هۆیانە نەمانتوانی نە لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکێتی کە لە بنچینەدا دژی بزووتنەوەی سیاسی جوتیارانەو نە لە ژێر دەسەڵاتی پارتی کە تەنها پشتی ئەو برادەرانە دەگرێ. لەکاری سیاسیو ڕێکخراوەیی ئاسایی خۆمان بەردەوام بین بۆ ڕاستیش ئەوەبوو کە لە هەردوو ناوچەکە لە هەولێرو بتوێنو سلێمانی کادیرەکان گیرانو کەوتنە بەر شاڵاوی هەڕەشەو چاو لێ سوورکردنەوە. بۆیە لەبارودۆخێکی بێ سەروبەرو تێکچوودا کە تەڕو وشکی پێکەوە دەسوتاندو هیچ پێوانەو سنوورێک بۆ تاوانو کاری نائینسانیو ناکوردایەتی لە ئارادا نەمابوو، مرۆڤی کورد بووبووە بێ نرخترین شتو نزمترین ئاستی ڕێزو کەسایەتی کوردایەتی.

بەڵێ لەوکاتەدا بەباشمان زانی تا ئەو بارە نائاساییە تێدەپەڕێ بێدەنگی لە شتەکان بکەین، بەڵام کاتێ لە ١٩٩٨/١١/٦ ئەو برادەرانە کۆنفرانسی خۆیان بەستو گەیشتنە سەر بڕیاری یەکجاریو ڕاگەیاندنی ئینشقاق ناچاربووین وەک بەرپرسیاری هەر ئەندامێکی ئەو بزووتنەوەیە بۆ مێژوو، بۆ ڕای گشتی، بۆ سەرجەم جوتیارانی کوردستان، بێینە وەڵامو ئەم ڕوونکردنەوەیە بڵاو بکەینەوە.

شایانی باسە لەسەرجەمی «١٥» ئەندامی سەرکردایەتیو یەدەگ تەنها «٣» ئەندام بەشداری لەگەڵدا کردوون، لەکاتێکدا بەرنامەو دەستووری ناوخۆی بزووتنەوەکە لە لاپەڕە «١٠»دا دەڵێ: خاڵی «٦» «کۆنفرانس لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیو جێگرەکانو کادیرە پێشکەوتووەکانو نوێنەرانی هەڵبژێردراوی ڕێکخستەکان پێک دێت».

خاڵی «٧»: «لە سەرداوای ٤/٣ی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی لەباری نائاسایی‌دا کۆنفرانس دەبەسترێ».

خاڵی «٨»: «تەنها کۆنفرانس مافی دەرکردنی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەیە جگە لە حاڵەتی خیانەتکاری نەبێت».

ئەوبرایانە بێ بەدەست هێنانی شەرعیەتو زۆرینەی ڕای ئەندامانی بزووتنەوەکە بڕیاری کۆنفرانسیان داوەو خەڵکانی دەرەوەی بزووتنەوەکەشیان هێناوەتە ناو کۆنفرانسەوە.

کارێکی هەرەباشی کردبێتیان گۆڕینی ناوی خۆیانە بۆ «بزووتنەوەی جوتیارانو چەوساوانی کوردستان» تا یەکجاری جیا بکرێنەوەو ئەو تێکەڵاوییە لەو شێوە خەباتەدا نەمێنێ، سەرباری هەمو ئەو شتانەش هیوادارین ئەو برادەرانە بتوانن خزمەتی جوتیارانو چەوساوانی کوردستان بکەن. ئێمەش لەڕوانگەی باوەڕبوون بە ئازادی سیاسیو ڕادەربڕین هەقی هەموو کەسو گروپو هێزێک بە ڕەوا دەبینین. گرنگ ئەوەیە هەرچی کێشەی ناوخۆی هێزەکان هەیە بە «ئاکۆکی لاوەکی» بژمێردرێنو تێکڕا لەهەمبەر دوژمنان بوەستینو خزمەتی دۆزی ڕزگاریخوازی میللەتەکەمانو چینی چەوساوەی جوتیارانو ڕەنجدەرانی کوردستان بکەین.

**بژی خەباتی چینایەتی    بمرێ چەوسانەوەو ئاغایەتی**

بزووتنەوەی جوتیارانی کوردستان
١٩٩٨/١١/١٣

بەڵگەنامەی ژمارە (١٢٠)

# هاوارنامەیەك لەجوتیارانی دووستەپەوە

بۆ/ بەڕێز كاك مەسعود بارزانی

بەڕێز مام جەلال تاڵەبانی

بەڕێز مەكتەبی سیاسی یەكێتی نیشتمانی كوردستان

بەڕێز مەكتەبی سیاسی پارتی دیموكراتی كوردستان

بەڕێزان مەكتەبی سیاسی و سەرجەم حزب و ڕێكخراوە سیاسی و جەماوەری و ڕێكخراوەكانی مافی مرۆڤ لەكوردستان

وێڕای سڵاوو ڕێزمان..

ئێمەی جوتیارانی گوندی دووستەپەی سەر بەناحیەی عەنكاوە لەپارێزگای هەولێر، ژمارەمان (١١٠) جوتیارەو (٤٦)مان زەوی كشتوكاڵیمان لەبەردەستدایەو كاتی خۆی بەپێی یاسای ژمارە (١١٧)ی ساڵی ١٩٧٠و یاسای ژمارە (٩٠)ی ساڵی ١٩٧٥ بەدوو یەكەی دابەشكردن؛ (٢٣) جوتیارمان (عقد)ی (٥٠) دۆنم زەوی و (٢٣)ی ترمان (عقد)ی (٣٠) دۆنمان بەسەردا دابەش كراوە. (٦٤) جوتیاریشمان موستەعەقن و یەك دۆنم زەویشیان بەدەستەوە نییە. كۆی ڕووبەری زەوییەكانیشمان (٢٠١٠) دۆنمە.

دوای ڕاگواستن و كاولكردنی گوندەكەمان لەساڵی ١٩٨٧ لەلایەن ڕژێمەوە، ڕووبەری (٧٠٠) دۆنم لەزەوییەكانی ئێمەیان وەك قەرەبوو كردنەوە (تعویض)ێك دایە چەند مەلاكێكی گوندی شێوەڕەشی سەر بەناحیەی خەبات، گوایە زەوی ئەو مەلاكانە كەوتۆتە بەر ئۆردووگای زۆرە ملێی كەوڕ گۆسك، هەرچەندە لەسەردەمی ڕژێمیش ئەو بڕیارە بەتەواوەتی جێبەجێ نەكرا.

دوای ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ ئێمەش وەكو تێكڕای جوتیارانی كوردستان و لەبەر ڕۆشنایی بڕیاری ئاوەدانكردنەوەی كوردستان و ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ كە لەلایەن بەرەی كوردستانی ڕاگەیاندراو هەموو بڕیارەكانی سەردەمی ڕاگواستن و ئەنفال و كاولكردنی كوردستانی تێدا هەڵوەشاندرا بۆوەن ئێمەش گەڕاینەوە گوندەكەمان، بەڵام هەر زوو و لەسەردەمی خودی بەرەی كوردستانی‌دا ئەو مەلاكە دەسەڵاتدارانە (١٠) جوتیارمانیان بۆ ماوەی سێ شەوو سێ ڕۆژ لەبەندیخانەی شەقڵاوە زیندانی كرد. لەسەردەمی حوكمی پەنجا بەپەنجاش ماوەیەك كێشەكەمان كپ بۆوە، كەچی هێندەی نەخایاند جارێكی تر ئەو مەلاكانە لەسەردەمی دەسەڵاتداریتی (یەكێتی) لەهەولێر كەوتنەوەخۆو (٣) جار بەگرتنیان داینەوەو هەر جارەی بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك، لەسەردەمی كابینەی سێیەمیش‌دا ئەوە (٧) حەوتەمین جارە زیندانیمان دەكەنەوەو لەپەنای یاساو سوكایەتیمان پێوە دەكەن. ئێستاش وا بڕیارە (٦) جوتیارە گیراوەكەیان هەریەكەو بەكەفالەتی (١٥) هەزار دینار تا ڕۆژی دادگایی كردن ئازاد كرد، كەچی لە١٩٩٨/١١/١٨ جارێكی تر (٢) جوتیاریان لێ دەسگیر كردینەوەو (٤) جوتیارەكەی دیكەش فەرمانی گرتنیان بۆ دەرچووە، تەنها لەبەرئەوەی ئامادەنین ملكەچی بڕیارێكی نەگونجاو نایەكسانی جێبەجێ نەكراوی سەردەمی ڕژێم بین، كەئێستا دەسەڵاتدارانی هەولێر لەسایەی حكومەتی هەرێم‌دا دەیانەوێ بەسەرمانی‌دا بسەپێنن و جێبەجێی بكەن.

پوختەی كێشەكەشمان لەوەدایە كەقایمقامی قەزای ئاوەندی هەولێر كە بۆ خۆی هاوچین و هاوخەمی دڵسۆزی مەلاكانە بەزۆری زۆرداری دەیەوێ ڕووبەری (٧٠٠) دۆنم زەویمان لێ زەوت بكات، هەرچەندە ئێستا بەشێكی مەلاكەكان دارای ٣٦٠ دۆنم زەوی دەكەن چونكە بەشەكەی تری مەلاكەكان كە لەناو لایەنەكەی دیكەن كاتی خۆی بەزۆرداری و بەبێ یاسایی ڕووبەری (٣٤٠) دۆنمیان بۆ دەستیشان كراوە. كەهیچ یەكێك لەو مەلاكانە خەڵكی

بەڵگەنامەی ژمارە (١٢١)

گوندەکەی ئێمە نێزیک لەرووی ئیدارییەوەش سەر بەناحیەیەکی دیکەن و لەسنووری ناحیەکەی خۆیاندا بەهەزاران دۆنم زەوی کشتوکاڵی دەوڵەت هەیەو ئێستا لەژێر دەستی گەورە بەرپرسەکان دایەو کەس ناوێرێ بەلایدا بچێت.

بۆ زانیاری زیاتریش ئەو (٧٠٠) دۆنم زەوییەی ئێمە (٣٨) خانوو بەرەو (١١) بیرە ئاوی تێدایە کەچەندین ساڵە خۆمان دروستمان کردوون، هەروەها وەکو پێشتریش ئاماژەمان بۆ کرد کە؛ (٦٤) جوتیاری موستەحەق لەگوندەکەماندا هەیە، جا ئەگەر زەوی زیادە لەگوندەکەی ئێمەدا هەیە؛ بۆچی دەسەڵاتداران بەسەر جوتیارە موستەحەقەکانی خۆماندا دابەشی ناکەن- تۆ بڵێی یاسا رێگە بەوە نەدا-؟!!. جگە لەوەش هەموو لایەک لەو دڵنیان کەجێبەجێ کردنی ئەو بڕیارەو داگیرکردنی ئەو زەوییانە دەبێتە هۆی خوڵقاندنی کێشەیەکی ترسناکەو هیچ دوور نییە ئاکامی خراپی لێ بکەوێتەوە!!

دواجاریش رۆژی شەممە رێکەوتی ١٩٩٨/١١/٢١ هێزێکی گەورە کەپێکهاتبوو لەقایمقامی قەزای ئارەندی هەولێرو بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزاو هەردو بەڕێوەبەری ناحیەو لقی کشتوکاڵی عەنکاوەو رێکخراوی شەمامکی پارتی دیموکراتی کوردستان و نوێنەری ئاشەری مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی جوتیارانی کوردستان کەخودی عبداللە کەریم شاکر بوو، بەشێوەیەکی ناڕەوا پەلاماری گوندەکەمانیانداو کەوتنە پشکنینی ژمارەیەک لەماڵەکانمان و هەڕەشەو سوکایەتی کردن بەژن و منداڵەکانمانەوە، تا یەکێک لەگەورەبەرپرسانی ئەو هێزە زەبەلاحە بەئافرەتەکانمانی وتبوو، ئەگەر پیاوەکانتان ئامادە نەبن ئەوا ئێوە لەجیاتی ئەوان سجن دەکەین!!. ئەمە لەکاتێکدایە کەهەمەندێ دەزگاکانی حکومەتی هەرێم بۆ مەلاکو ئاغاو دەرەبەگە چەوسێنەرەکان لەسەر پشتەو پێشوازییان لێ دەکرێ. جگە لەوەش دەزگا پەیوەندیدارەکان و مەلاکەکان لەرێگای کۆنە بەڕێوەبەرێکی سەردەمی رژێم کەکاتی خۆیشی چەپەڵ ترین رۆڵی هەبووە لەخوڵقاندنی ئەم کێشەیەو ئێستا دەیەوێ بەناوی پاسارە بڕی (٢٥) ملیۆن دینارمان لەسەر بکاتە ماڵ و پێشکەشی مەلاکەکانی بکا، ئەمە جگە لەکۆمەڵێک کاری سەیرو سەمەرەی تر کە لەژێر پەردەی پاسارە پێمان کراوەو دەیکەن!!

جا دوای ئەوەی هیچ دەرگایەک ئەما لێی نەدەین و چ رێگایەکیش ئەما نەیگرینە بەر بۆ چارەسەرکردنی کێشەکەمان، هەتا لەرێگای یاداشتنامەیەکەوە پەنامان بردە بەر خودی کاک (مەسعود بارزانی)یش کەچی هەر سوودی نەبوو و کەسیش ئاوڕی لێ نەدایەوە، بۆیە وا ئەم هاوارنامەیەمان ئاراستەی هەموو لایەک دەکەین، بەو ئومێدەی هەر کەس و لایەنەو بەپێی توانای خۆی بەدەنگمانەوە بێن و ئەو بەڵایەمان لەکۆڵەوە بکەن، بەر لەوەی کارەسات رووبدا!!. هەر لەم هاوارنامەیەشدا روو لەپەرلەمانی کوردستان و حکوومەتی هەرێم دەکەین و دەڵێین، بەڕێشی کێ رەوایە چارەنووسی (١١٠) خێزانی جوتیاری بەش مەینەت دەکەنە قوربانی ویست و هەوەسی چەند مەلاکێک. ئێمە لێرەدا ئەو بەرپرسیارێتییە مێژووییە دەخەینە ئەستۆی هەموو لایەکتان و تکاتان لێ دەکەین کەبەدەنگمانەوە وەرن.

هاوارییو پشتگیرییتان نیشانەی دڵسۆزیی و وەفادارییە بۆ خوێنی شەهیدان و دەسکەوتەکانی راپەڕین

لەگەڵ رێزی دووبارەمان

جوتیارانی

گوندی دووستە پە/ عەنکاوە

کەرتی ٢٤

١٩٩٨/١١/٢٢

بەڵگەنامەی ژمارە (١٢١)

بەڕێز

ـ سکرتێری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان

ـ ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان

ـ لیژنەی مافی مرۆڤ سەربە ڕێکخراوەی نەتەوەیەکگرتووەکان.

ـ ڕێکخراوی لێبووردنی گشتی نێودەوڵەتی.

ـ دادگایی نێودەوڵەتی لە لاهای.

**بەڕێزان :**

هەوڵدان بۆ دادگایی کردنی دیکتاتۆری عێراق (صدام حسین) و سەرانی ڕژێمەکەی لەم ساتەوەختەدا، کارێکی یاسایی و ڕەوایە بەرامبەر تاوانبارێکی وەها کە ئەتوانرێت بەترێت نموونەی لە مێژوودا کەمە. چونکە تەنیا ڕژێمێك و تاکە دیکتاتۆرێکە لە جیهاندا کە گەلی کوردستانی باشوور بە کوشندەترین گازو چەکیك بۆردوومانی کردووە و ١٨٢ هەزار کوردی ئەنفال و (٨) هەزار بارزانی بێ سەروشوێن کردوە ڕەفتاری فاشیانەی دژی ژن و منال و زینگە و لەسێدارەدانی نایاسایی و ئاوارەکردنی خەلك و سوتاندنی نزیکەی (٥٠٠٠) هەزار گوندو شارو شارۆچکە لەکوردستان و چاندنی کوردستان بە مین کرداری ئەو ڕژێمە تاوانبارەیە وە بەزاندنی هێڵ (٣٦) لە ٣١ی ئاب دا وەلامدانەوەی بنکەی چەکوش ئامادە کە بەپێچەوانەی یاساکانی نەتەوە یەکگرتووەکانی بوو. ئەم ڕژێمە تەنیا بەکوردستانەوە نەوەستاوە تاوانەکانی بەرامبەر بەگەلی عێراق کە بە وشك کردنی زەلکاوەکان و ژەهراوی کردنی جگە لەو هەموو تاوانانەی دەرهەق بە ئۆپۆزیسیۆنی عێراق کردوویەتی گەواهی ڕاستیەکی تری دڕنەی و تاوانبارییانە.

گەر کۆمەڵەی نێودەوڵەتی بەڵگەی پێویست بێ کیمیاباران کردنی هەڵەبجەو بادینان و ناوچەکانی تری کوردستان زیندووترین بەڵگەن . ئەمامەتیەکانی گەلانی عێراق لە ئابلۆقەی ئابووری و برسێتی و تەنها ئەنجامی سیاسەتەکانی ڕژێمی دیکتاتۆرییە.

جا بۆیە وەك داواکارییەکی گەلی کوردستان و عێراق کە صدام حسین و سەرانی ڕژێمەکەی بە تاوانباری جەنگ و تاوانبار بەرامبەر بەمرۆڤایەتی و سروشت بدرێتە دادگا وە بڕیاری ٦٨٨ لە عێراقدا جێ بەجێ بکرێ.

بەڵگەنامەی ژمارە (١٢٢)

١ـ یەکێتی لاوانی دیموکراتی لە کوردستانی عێراق
٢ـ یەکێتی گشتی قوتابیانی کوردستان ـ عێراق .
٣ـ کۆمەڵەی پاراستنی مافی منداڵانی کوردستان .
٤ـ رێکخراوی خانمانی سەربەخۆی کوردستان .
٥ـ رێکخراوی بێکاران لە کوردستان .
٦ـ ئەنجومەنی باڵای جەماوەری پارێزگای سلێمانی .
٧ـ کۆمەڵەی منداڵە هەتیوەکانی کوردستان .
٨ـ کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان .
٩ـ یەکێتی سەندیکاکانی کرێکارانی کوردستان .
١٠ـ یەکێتی هونەرمەندانی یەکگرتووی کوردستان.
١١ـ گەلەری زامۆ .
١٢ـ یەکێتی ئافرەتانی سۆسیالیست.
١٣ـ کۆمەڵەی پاراسایکۆلۆجی.
١٤ـ یەکێتی ئافرەتانی زەحمەتکێشانی کوردستان.
١٥ـ کۆمەڵەی خوێندکارانی بزوتنەوەی دیموکراسیخوازان.
١٦ـ کۆمیتەی بەرگری لە داخوازییەکانی جەماوەر.
١٧ـ کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان.
١٨ـ یەکێتی ئافرەتانی بزووتنەوەی دیموکراسی خوازان.
١٩ـ برایانی خوێندکارو لاوانی کوردستان .
٢٠ـ یەکێتی خوێندکار و لاوانی سۆسیالیست ی دیموکرات
٢١ـ دەستەی زیندانە سیاسیەکانی کوردستان.
٢٢ـ یەکێتی لاوانی دیموکراتی عێراق.
٢٣ـ یەکێتی گشتی قوتابیان لە کۆماری عێراق.
٢٤ـ یەکێتی ژنانی کوردستان.
٢٥ـ کۆمەڵی لەهەڵسوراوانی بزوتنەوەی شورای .
٢٦ـ یەکێتی جوتیارانی کوردستان .
٢٧ـ یەکێتی ئازادی ژنانی کوردستان .
٢٨ـ یەکێتی بێکاران لە کوردستان .
٢٩ـ سەنتەری دیالۆگی کورد .
٣٠ـ گۆڤاری ئەدەبی کرێکاری.
٣١ـ یەکێتی مامۆستایانی کوردستان ـ لقی سلێمانی .

بەڵگەنامەی ژمارە (١٢٢)

# یاداشتنامە

بۆ/ نوێنەری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان (UN) لە سلێمانی.

ئەوە بۆ ماوەی چوار ساڵ دەبێت زیاتر لە (٨٠٠٠) هەزار ژن و منداڵ و پیر و پەککەوتەی باکووری کوردستانەکەمان لە ژێر فشاری ڕژێمی فاشست و داگیرکەری تورکیا دا لەسەر خاک و زێدی باب و باپیرانی خۆیان هەڵکەنراون و پەنایان بۆ گەلی خۆیان لە باشووری کوردستان هێناوەو وەک پەنابەری سیاسی لە ژێر سەرپەرشتی ڕێکخراوی UN دا ژیانیان بە هەر شێوەیەک بێت بردۆتە سەر وە پاش چەند جار ڕاگواستنیان لە جێگەیەکەوە بۆ جێگەیەکی تر دواتر لە کامپی مەخموردا جێگیر بوون.

ئێستاش UN کە ئەرکی چاودێری کردن و پاراستنی خەڵکەکەیان کەوتووەتە ئەستۆ ئەوە بۆ ماوەی (٧) ڕۆژ کامپەکەیان بەجێ هێشتووە و خەڵکی پەنابەریان ڕووبەڕووی هەڕەشەو مەترسی لەناوبردن و سەرماو برسێتی کردۆتەوە.

هەر بۆیە خەڵکی پەنابەر بە هەست کردن بەو مەترسییەی کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە کامپەکەیان بەجێ هێشتووە لە نزیک خاڵێکی پشکنینی ڕژێمی عێراقدا گیرساونەتەوەو ڕژێمی عێراقیش ڕێگەیان نادات بچنە سنووری دەسەڵاتیەوە.

ئێستاش خەڵکی پەنابەر لە ڕەوشێکی ژیانی دوور لە مرۆڤایەتیدا ژیان دەکەن و ڕۆژانە بەهۆی سەرماو برسێتی و نەخۆشی و دیزانتری و مەلاریاو کارەساتی لوغم ژن و منداڵ گیان لەدەست ئەدەن و کەسێک ئاوڕیان لێ ناداتەوەو بە هانایانەوە ناچێت.

جا ئێمەی کە لە خوارەوە ناومان هاتووە بڕیارمان دا کە دەست بە مانگرتن لە خواردن بکەین تا ڕێکخراوی UN بە ئەرکی مرۆڤانەی خۆی هەڵسێت و ئاوڕ لەو خەڵکە لێقەوماوانە بداتەوە ، هەر بۆیە چەند داواکارییەک دەخەینە پێش چاوی بەڕێزتان بۆ جێبەجێ کردنیان . وە ئێمە لە مانگرتنی خۆمان بەردەوام دەبین تا جێبەجێ کردنی ئەو داواکارییانە :

١. ڕێکخراوی UN دەستبەجێ شوێنێکی نیشتەجێ بوون بۆ خەڵکی پەنابەر بکات لە جێیەکی دوور لە دەسەڵات و فشاری داگیرکەری تورک و دارو دەستەکانیان.

٢. ڕێکخراوی UN ئەرکی چاودێری کردن و پاراستنی خەڵکەکە بخاتە ئەستۆی خۆی لە هەر مەترسی و هەڕەشەیەک کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە.

٣. ڕێکخراوی UN هەموو پێداویستییەکی خواردن و دار و دەرمان بۆ خەڵکی پەنابەر پەیداو ئامادەبکات.

٤. بە پێچەوانەوە ڕێکخراوی UN بەرپرسیارە لە دەمی ڕاپەڕووودا لە هەر کارەساتێک کە ڕووبەڕووی ئەو خەڵکە پەنابەرە دەبێتەوە .

ناوەکان:

١. ڕاستی عەلی ٢. عادل عزیز ٣. [illegible] امین ٤. کارزان عبداللە ٥. عەلی معروف

٦. احمد محمود ٧. سیروان عوسمان ٨. دکتۆر بەکرگم ٩. وەهاب ١٠. دروەخشان.

١١ ١٢ ١٣ ١٤

بەڵگەنامەی ژمارە (١٢٣)

## ڕوون کردنەوەیەک لە مەکتەبی سکرتاریەتی
## یەکێتی خوێندکارو لاوانی سۆسیالستی دیموکراتی کوردستان
## سەبارەت بەهەڵبژاردنی زانکۆو پەیمانگاکان

خوێندکارانی ئازیز .........

مامۆستایانی بەڕێز .........

جەماوەری بەشەرەفی کوردستان:-

وەک ڕوون و ئاشکرایە پرۆسەی هەڵبژاردن لە زانکۆ و پەیمانگاکاندا لە بەرواری ١٠ - ١٣ / ١ / ١٩٩٩ بەئاکام گەیشت و ویڕای دەست تێوەردان و فشارخستنە سەر خوێندکاران لەلایەن هەندێ ڕاگری پەیمانگاو مامۆستایانەوە هەروەها بەکارهێنانی وانەکان و ڕاسب بوون و دەرکردن لەبەشی ناوخۆیی وەک چەکێکی کوشندە دژ بە خوێندکاران بەکارهێنرا. تا دەنگ بدەنە ئەو کەسانەی کە خۆیان دەست نیشان کردووە. کە ئەمەش خۆیی لە خۆیدا پێشێل کردنی دیموکراتیەو دوورە لە بەرەو پێش بردنی ڕەوتی زانست لە کوردستاندا جێگەی سەرنجە ئەوەندەی مامۆستایان خۆیان خەریک کرد بە پرۆسەی هەڵبژاردنی خوێندکارانەوە ڕێکخراوە خوێندکاری و قوتابیەکان بەو شێوەیە ماندوو نەبوون. کە ئەمە جگە لەوەی دوورە لە پیشەیی مامۆستاوە و دیاردەیەکی نائاشارستانی و نادیموکراتیە بۆیە ئێمە وەک خوێندکارانی سۆسیالست بە پێویستی دەزانین ڕوون کردنەوەیەک سەبارەت بەو ڕاگەیاندنەی کە لە بەرواری ١٨ / ١ / ١٩٩٩ بڵاوکراوەتەوە لەلایەن کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستانەوە بەناوی (لیژنەی باڵای ڕێکخراوەکان بۆ چاودێری هەڵبژاردن)..

بخەینە بەر دیدەی سەرجەم خوێندکاران و مامۆستایانی کوردستان تا لە نزیکەوە ئاگاداری ڕاستیەکان بن بۆیە سەرنجتان بۆ ئەم خاڵانە ڕادەکێشین :

١- ئەو ڕاگەیاندنەیی کەلەبەرواری ١٨ / ١ / ٩٩ بڵاوکراوەتەوە بەناوی (لیژنەی باڵای ڕێکخراوەکان بۆ چاودێری هەڵبژاردن) دوورە لە ڕاستیەوە و لەلایەن کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستانەوە بڵاوکراوەتەوە وە هیچ ڕێکخراوێکی بەشداربوو لە لیژنەی باڵا ئامادە نەبوو بەو شێوەیە بڵاوبکرێتەوە.

٢- بەپێی ئەو بەرنامەیی کە لەلایەن ڕێکخراوەکانەوە داڕێژراوە لە ٤ / ١ / ٩٩ بڕیار درا کە هیچ ڕێکخراوێک بۆی نیە بەتەنیا ئەنجامی هەڵبژاردن بڵاو بکاتەوە لەبەر ئەوەی ڕاستیەکان دەشێوێنرێت .

٣- لە ئەنجامی پاشەکشێ کردنی ڕێکخراوەکانی بەشدار بوو لە لیژنەی باڵای هەڵبژاردن مافی کەسانی بێ لایەن پێشێل کراوەو خراوەتە سەر لیستی کۆمەڵەی خوێندکاران کە ئەمەش دژی بنەما دیموکراتیەکانە.

٤- ئێمە وەک خوێندکارانی سۆسیالست بۆ زیاتر ڕوون کردنەوەیی ڕاستیەکان ئەنجامەکانی هەڵبژاردن بە شێوەیەکی ڕاست و دروست دەخەینە بەر دیدەی خوێندکاران کە بەم شێوەیەی لای خوارەوەیە:-

| ناوی ڕێکخراوەکان | ڕێژەی سەدی | نوێنەر |
|---|---|---|
| أ- کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان | ٨٣,٦٨ | ٢٠٥ |
| ب- یەکگرتووی قوتابیانی ئیسلامی کوردستان | ١١,٨٣ | ٢٩ |
| ج- یەکێتی خوێندکارو لاوانی سۆسیالستی دیموکراتی کوردستان | ٢,٤٥ | ٦ |
| د- یەکێتی خوێندکارو لاوانی زەحمەت کێشانی کوردستان | ٢,٠٤ | ٥ |

مەکتەبی سکرتاریەتی
یەکێتی خوێندکارو لاوانی سۆسیالستی دیموکراتی کوردستان
١٩٩٩/١/٢٤
سلێمانی

بەڵگەنامەی ژمار (١٢٤)

## لە شاری هەولێر، جۆرێك لە بەردە باران كردنی ژنان پەیرەودەكرێت !

جەماوە ری ئازادیخوازلەكوردستان !

ژنانی نارازی و ستەمكێش !

هەفتەی رابردوو لە بەرواری 1999/5/29 لە شاری هەولێر لە ساحەی ریمان ، ژنێك تەنها بەوهۆیەوەی جلوبەرگی مەدەنی و ئادلخوازی دەمارگیرە ئیسلامیە كۆنەپەرستەكانی پۆشیبوو ، بە فیتی ئەوان لە ناوجەرگەی شاردا درایە بەر تویكلە شوتی و تەماتە رزیو و ئیهانەو سوكایەتی و بی حورمەتیەكی زۆریان بە شەخسیەتی ئەو ئینسانە ژنە كرد ، كە ئەم رەفتارە بۆخۆی جۆرێكە لە بەردەباران كردنی ژنان !

لە ماوەی رابردوودا ئەمە یەكەم جار نیە كە ژنان بەهۆی پۆشینی جلوبەرگی مەدەنیەوە بەرشاڵاوی لەم جۆرە بكەون ، ئەوەی كە لە چەند رۆژی رابردوودا ژنێك لە ساحەی ریمان بەوشێوەیەی پێكرا تەنها یەك نمونەیە لە سەدان نمونەی تر كە ژنان لە كوردستان رووبەرووی دەبنەوە !

شایەنی باسە تەواوی ئەم جەریمانە و ئەم رەفتارانە لە شاری هەولێر بە بەرچاوی پارتی دیموكراتی كوردستان و دەزگا بەرپرسەكانیەوە روودەدەن، ئەو دەزگایانەی كە ئەگەر خەڵكی نارازی ئەو شارە بە پێچەوانەی بڕیارەكانی پارتی جوڵانەوە دەستبەجێ لە بەرامبەریاندا كاردانەوەی فەوری نیشان دەدەن !

پارتی تا ئێستا لە ئاست ئەم رەفتارانە بەرامبەر بە ژنان لە ناوجەرگەی شار و هێرش بردنەسەریان لەلایەن كەسانی ئیسلامی كۆنەپەرستەوە بێدەنگ ماوەتەوە و هیچ جۆرە ئیقدامێكی نەكردووە بۆ بەرگرتن بەم كارە دزێوانە ، ئەم هەلویستەی پارتی بۆ خۆی دەست ئاوەڵاكردنی كەسانی ئیسلامی كۆنەپەرستە لە بەرامبەر ژناندا و هەزا خۆشكردنە بۆهێرش كردنی زیاتر بۆ سەر ماف و ئازادییەكانی ژنان!

بەردەباران كردنی ژنان لە ناو جەرگەی شاری هەولێردا ، هەر هەمان بەردەباران كردنی ژنانە كە ئاخوندەكان و جمهوری ئیسلامی لە ئێران لە بەرامبەر ژناندا دەستی بۆ دەبەن ! هەر هەمان حوكمی تالیبانی ئەفغانستانە كە هەموو جۆرە ئازادییەكی لەو مەملەكەتەدا نەك بۆ ژنان بەڵكو بۆ كیژۆڵە نۆ ساڵانەكان نە هێشتۆتەوە !

ئێمە ساڵی پار كە بنكەی رێكخراوی سەربەخۆی ئافرەتان لە لایەن پارتیەوە داخراو ئیجازەی رێكخراو رەفزكرایەوە و ئەمسالیش كە بلاوكردنەوەی ( یەكسانی ) بە رەسمی لە هەولێر قەدەغەكرا؛ سەرجەم جەماوەری كوردستانمان لەوە ئاگاداركردەوە كە عاقیبەتی ئەم كارە بەر تەسككردنەوەی ئازادی مافە مەدەنیەكانی ژنانە؛ وتمان ئەوان دەیانەوێت بە قەدەغەكردنی هەلسوراتی رێكخراوی سەربەخۆی ئافرەتان لەشاری هەولێر ، ئازادی و مافەكانی ژنان قەدەغە بكەن واتە ئەوەی كە ئێستا دەستی بۆ دەبری !

جەماوەری ئازادیخواز ، سەرجەم ئەحزاب و رێكخراوە جەماوەرییەكان!

رێكخراوەكانی ژنان لە كوردستان!

بانگەوازی ئێمە ئەوەیە كە بۆ دیفاع لە مافەكانی ژنان لە كوردستان دەنگ هەلبڕن و ئەم تاوانكارییە ئاشكرایە دەرهەق بە ژنان مەحكوم بكەن و هەلویست لە ئاستیدا دەربڕن . هەروەها بانگەوازی سەرجەم ئازادیخوازان ولایەنگرانی مافەكانی ژنان و رێكخراوە جەماوەری و لایەنە سیاسیەكان لە ئاست هەموو دنیادا دەكەین كە لە ئاست بەردەباران كردنی ژنان و ئەم دەستدرێژییە ئاشكرایە بۆ سەر مافەكانیان بێ دەنگ نەبن و دارای روونكردنەوەی هەلویستی پارتی دیموكراتی كوردستان بكەن و پشتیوانی لە مافەكانی ژنان لە كوردستان بكەن !

بژی یەكسانی هەمەلایەنەی ژن و پیاو !

بمرێ كۆنەپەرستی و بێ مافی ژنان !

رێكخراوی سەربەخۆی ئافرەتان

١٩٩٩/٦/٤

## بەڵگەنامەی ژمارە (٢٥)

## تاکەی کێشەی دانی دەرماڵەی قوتابیان بێچارەسەرکردن دەمێنێتەوە

قوتابیانی هێژا

خوێندکارانی خۆشەویست...

ئەمە بۆ یەکەمین جار نیە کە ی.گ.ق.ك کێشەی نەدانی دەرماڵی دیاری کراو لەکاتی خۆیدا بە قوتابیانی خوێندنی باڵا لە زانکۆویەیمانگاکان بخاتە پێش چاوی بەرپرسان وبەشێوازی جۆراوجۆر هەوڵی چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە ئەدات، بەڵام بێئەنجام بوو. ئێمە لەسەرجەم ئەو هەوڵانەی کەدامان بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە ڕێگا چارەی گونجاومان دەرخستوتەنانەت پێش دەست پێکردنی ساڵی خوێندنی ١٩٩٩ -٢٠٠٠ لە ڕێگای چەندین ووتارویەیاننامە پێش بینی ڕوودانی ئەم کێشەیەمان کردوداوای چارەسەری پێش کاتمان کرد بەڵام هەمووی بێسوود بوو.

بۆیە لە دەرئەنجامی ئەم هەوڵانە بۆمان دەرکەوت کە بەرپرسان گوێ لە داواکاری وکێشەکانی قوتابیان لەدەرەوەی ڕێکخراوی خوێنکاری سەر بەلایەنی دەسەڵاتدار ناگرن وتەنانەت پشت گوێشی دەخەن. قوتابیان پێویستە خۆیان هەوڵی جدی بدەن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان.

بەشیاوی دەزانین کە ڕەخنەی خۆمان ئاراستەی نوێنەرایەتی خوێندکارانی زانکۆویەیمانگاکان بکەین کە بەهیچ شێوەیەك جدیانە هەوڵی چارەسەرکردنی ئەم کێشەیەیان نەداوەوتەنانەت ئەم کێشە گرنگە لە ناو سەرجەم ئەو بڵاوکراوانەی کە بەناوی قوتابیان وخوێندکارانی زانکۆویەیمانگاکان دەردەچێت ج بەشێوەی وتار یان سکاڵا بوونی نیە.

بۆیە ئێمە وەك ی.گ.ق.ك پشتگیری و دەست خۆشی خۆمان لە سەرجەم ئەو هەوڵانە دەکەین کە قوتابیان خۆیان دەیدەن بۆ خستنە ڕووی ئەم کێشەیەبە شێوازە مەدەنیەکان وئێمە داوا لە قوتابیان دەکەین کە ڕاستەوخۆوبەهۆشیارییەوە داوای مافە ڕەواکانیان بکەن وخۆیان بۆ بەدەست خستن وپاراستنی مافە سەرەتاییەکانیان چالاکی بنوێنن وبەڵێن بەسەرجەم قوتابیان دەدەین کە ی.گ.ق.ك هەردەم لە ڕیزی پێشەوەی قوتابیان بێت وداکۆکی کەروپاڵپشتی ڕاستەقینەی داواکاریە ڕەواکانی قوتابیان بێت.

یەکێتی گشتی قوتابیانی کوردستان

لقی/ سلێمانی

٢٠٠٠/٣/٧

بەڵگەنامەی ژمارە (١٢٦)

# دوای کوشتنی ٥٠٠٠ ژن!

## دەسەڵاتداران بڕیاری کوشتنی ژنان ( تاوانە )یان پەسەند کرد!!

ژنانی ئازادیخوازو دڵ پڕ لە هیوای کوردستان!

دوای زیاتر لە نۆ ساڵ خەبات و تێکۆشان و لە مەیداندا راوەستانی ئێمەی ژنان و یەکسانیخوازان لە دژی کوشتنی ژنان و فەرهەنگی پیسی پیاوسالاری و قانوونی دارزیوی کۆنەپەرستانەو حوکمی شەریعەت و دین، دوای کوژرانەوەی مۆمی تەمەنی زیاتر لە ٥٠٠٠ ژن لەگیانبازی و رووبەڕووبوونەوەی بزووتنەوەی ئێمە لەگەڵ کۆنەپەرستان و پارێزەرانی دنیای کۆن و نایەکساندا، دوای تەحەمول کردنی لێشاوی پروپاگەندەی پڕوپوچ و زەهراوی و هەزاران ناوونـاتۆرەی بێبناغەو کۆنەپەرستانە، دوای بڵاوکردنەوەی سەدان هەزار بەیاننامەو بڵاوکراوەو رۆژنامەو گرتنی سەدان کۆڕو سیمیناری رێپێوان و خۆپیشاندان و دوای گەیاندنی هاوارو داخوازییە ئینسانییەکانی ژنانی کوردستان بە ناوەندی سیاسەت لە دنیادا و راکێشانی پشتیوانی نێونەتەوەیی ژنان و یەکسانیخوازانی جیهان بۆ پارێزگاری لە خواست و بزووتنەوەی هەقخوازانەی ئێمە، دوای چالاکییەکانی ناوەندی هاوبەشی رێکخراوەکانی ژنان و بڵاوکردنەوەو خستنەڕووی بەدیلی خۆمان لە جێگەی قانوونە دارزیوەکانی ئەحوال شەخسی عێراقی، سەرەنجام بەشێک لە دەسەڵاتدارانی کوردستان ناچار بوون کە رۆژی ٢٠٠٠/٤/١٢ داخوازی ئێمە بۆ بە قانوونی کردنی تاوانی کوشتنی ژنان لە ژێر ناوی ناموس پەرستی و ( غسل العار )دا وەک ( تاوان )ی قورس پەسەند بکەن.

هەرچەندە ئەم سەرکەوتنە بە قیمەتی دانی قوربانی ئێجگار سەنگین بە دەست هات، بەڵام سەرەنجام سەرکەوتوانە لەم کێشمەکێشەدا هاتینەدەر. لەم بارەیەوە پیرۆزبایی گەرم لە تەواوی ژنانی کوردستان و ناوەندی هاوبەشی رێکخراوەکانی ژنان و هەموو یەکسانیخوازان دەکەین. سەد خۆزگە ئێستا و هەزاران قوربانی ترمان لەگەڵ بوایە.

ئەم واقعیەتە لەلایەکەوە مستێکی قایمی لە دەمی هەموو ئەو حیزب و لایەن و کەسە کۆنەپەرستانە دا کە ساڵانێکە وڕێنە بۆ چەسپاندنی بێ ئیرادەیی و زەعیفەیی ژنان دەکەن، لەلایەکی تریشەوە لە هەمیشە زیاتر ئەو راستییەی سەلماند کە ژنان و بزووتنەوەکەیان بەشێکی بەهێزن لە هێزی بزوێنەرو ئاڵوگۆڕهێنەری کۆمەڵگاو کاری گەورەیان لەدەست دێت و دەتوانن خواستەکانیان بەسەر دەسەڵاتداراندا بسەپێنن و دەستێک بن لەو دوو دەستەی کە دەرگای دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی ئینسانی بەڕووی کۆمەڵگادا دەخاتە سەرپشت.

ژنانی ئازادی، رێکخراوەکانی ژنان!

کێشمەکێش و ململانێ هێشتا تەواو نەبووە، ئەم سەرکەوتنە یەکەمین هەنگاوە لە رێگای خەبات بۆ بەدەستهێنانی دنیای ئازادو شایستە بە شەخسیەت و کەرامەتی ئینسانیی ئێمەدا، دەبێت ریزەکانمان هەرچی بەهێزترو فراوانتر بکەین، دەبێت کۆڕی خەباتمان گەرمتر رابگرین. هێزی لە مەیداندا راوەستاوی ئێمە زەمانەتی بەڕێوەبردن و خۆنەدزینەوەی دەسەڵاتداران لەو بڕیارە دەکات، ئێمەو هێزی ئێمە دەبێت نەک هەر چاودێرێت بەسەر جێبەجێکردنی یەپەلەی ئەم بڕیارەدا، بەڵکو دەبێت و دەکرێت هەتا هەڵوەشاندنەوەی تەواوی قانوونەکانی ئەحوال شەخسی عێراقی و جێگە گرتنەوەی بەبەدیلی ئینسانی پێشنیاری ئێمە درێژەی پێ بدەین. ئێمە وێڕای دەست خۆشانە لە دەرکردنی ئەم بڕیارە، هاوکات رای دەگەیەنین کەلەسەر داوای خۆمان بۆ هەڵوەشاندنەوەی تەواوی قانوونەکانی ئەحوال شەخسی عێراقی سوورین و لەخەباتدا دەبین. دڵنیاین سبەینێ هی ئێمە دەبێت.

*بژی بزووتنەوەی یەکسانیخوازانەی ژنانی کوردستان!*

*مەرگ بۆ قانوونەکانی ئەحوال شەخسی عێراقی!*

**رێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان**

٢٠٠٠/٤/٢١

بەڵگەنامەی ژمارە (١٢٨)

## بڕیاری ژمارە (٥٩) ی سەرۆکایەتی
## هەرێمی کوردستان هەنگاوێکی هاوچەرخانەیە..

گومان لەوەدا نییە، کۆمەڵگەی کوردەواری هەروەك و کۆمەڵگە دواکەوتوەکانی دی بێ بەزەییانە ئافرەتانی دیلی کلتورو داب و نەریتە دواکەوتوو باوەکانی خۆی کردووە، زۆر کات بوارەکانی ژیانی کۆمەڵ تێکەڵ بەگۆڕانکارییەکان بووە، بەڵام بەردەوام ئافرەتان لەژێر باری ناهەمواری و ستەمی کۆمەڵایەتیدا ناڵاندویانە، کە ئەمەش لەهەموو قۆناغ و سەر دەمێکیشدا بەشێوازی جۆراوجۆر دووبارە بۆتەوە، تەنانەت لەم سەردەمەشدا کە بانگەشەی دیموکراسیەت و مافەکانی مرۆڤ و کۆمەڵگەی مەدەنی دەکرێ.

هەمیشە لەجیاتی بیرکردنەوە لەڕێگەچارە بۆ کێشەو دەستەبەرکردنی مافە ڕەواکانی ئافرەتان، کەچی بەپێچەوانەوە هەموو هەنگاوێك بەو مەبەستە ڕوو بەڕووی گرفت بۆتەوە و کراوەتە قوربانی داب و نەریتە و خۆسەپێنی خێڵ و تێڕوانینە ڕەها و بیرە کۆنە پارێزەکان.

یاساکان وادارێژراون، کە بەئاشکرا ئافرەتانی کردۆتە پاشکۆی پیاوان و کە تەنانەت مافە سەرەتاییەکانیشی تیا فەرامۆش کراوە کە ئەویش یاسای ئەحوال شەخسی و یاسای سزاکانی عێراقییە کە ئێستا لەکوردستانیش کاری پێ دەکرێ.

لەبڕیاری ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩ ی یاسای سزاکانی عێراقی لەماددەکانی ٤٠٩،١٣٢،١٣٠ ، کەلەژێر پاراستنی شەرەفدا ڕێگەی داوە بەتیرۆر کردنی ئافرەتان، کەئەمەش ڕێگە خۆش دەکات بۆ پیاوان ژنان تیرۆر بکەن و بەهانەش بۆ تیرۆر کردنەکە بێننەوە لەژێر پەردەی پاراستنی شەرەف و نامووسدا، پیادە کردنی ئەم یاسایەش لەکوردستان و بەتایبەتی لەپاش ڕاپەڕینەوە دەیان لەئافرەتانی توشی تیرۆر و تۆقاندن کردۆتەوە.

لەکاتێکدا کە لە ٢٠٠٠/٤/١٢ لەلایەن سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانەوە، بڕیاری پوچەڵ کردنەوەی ئەو ماددانەی سەرەوە درا، جێگە دەست خۆشییەو لەهەمانکاتیشدا بەری ڕەنجی تێکۆشانی بەردەوام و بێ دەنگ نەبوونی ڕێکخراوەکانی ئافرەتان و [illegible] بەرهەمی ئەو [illegible] کۆڕو سیمینارو ڕێپێوان و چالاکییانە [illegible] ڕێکخراوەکان بەهاوبەشی سازیان دەدا.

ئێمە وەکو کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان پێشوازی و دەست خۆشی لەم هەنگاوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان دەکەین و بەهەنگاوێکی مێژوویی دادەنێین و هیواداریین ئەمە یەکەم هەنگاو بێت بۆ گۆڕینی یاسای (ئەحوال شەخسی) بەیاسایەکی یەکسانیخواز و مرۆڤانە ، هەر بەم بۆنەیەشەوە پیرۆزبایی لەخۆمان و گشت ڕێکخراوەکانی ئافرەتان و ژنان و سەرجەم ئافرەتانی کوردستان و یەکسانی خواز دەکەین.

سەرکەوتوبێت هەوڵ و کۆششی ئافرەتان
لە پێناو هێنانە دی مافە ڕەواکانیاندا..

کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان

بەڵگەنامەی ژمارە (١٢٨)

# ١٠
# کۆنوسی حکومەتی هەرێمی کوردستان/ سلێمانی

# کۆنوسی حکومەتی هەرێمی کوردستان/ سلێمانی

کاتێک لە مێژووی رۆژهەلاتی ناوەراست دەڕوانین، کەم جار هەیە مێژووی ناوچەکە دەسەڵاتی کوردی تێدا نەبووبێت، بەڵکو دەسەڵاتی کوردی رۆڵی هەبووە لە پرسە گرنگەکانی ناوچەکەدا. بەڵام گرفتی ئەم پرسە ئەوەیە، لەگەڵ ئەوەی دەسەڵاتی کوردی رۆڵی گرنگی هەبووە، بەڵام نەیتوانیوە شێوە سادەکی دەسەڵات تێپەڕ بکات و لەگەڵ گۆڕانکاریەکانی سەردەم خۆی بگونجێنێت. هەر ئەمەش هۆکاری سەرەکی تەمەن کورتی و بچڕبچڕی دەسەڵاتی کوردی بووە.

لە سەدەی ١٩ بەدواوە، دامەزراوەی دەوڵەت لە جیهاندا بوو بە مۆدێلێک کە زۆرینەی نەتەوەکان گرنگیان پێدەدا. ئەم مۆدێلە باسی لە دابەشبونی دەسەڵات کرد بەسەر سێ پایەدا کە یەک ئەوی تری تەواو دەکرد، ئەوانیش دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری بوو. زۆرینەی عەرەب و تورک و فارس و ئەرمەن، توانیان ئەم مۆدێلە لە سەدەی بیستدا بەرجەستە بکەن و هەر یەک لای خۆیەوە و بە فۆرمی جیاواز بیخاتە بواری پراکتیکیەوە و تا ئێستاش دەوڵەتەکانیان لەسەر ئەم فۆرمە ڕێ دەکات. بەڵام کورد لە ساڵی ١٨٥٠ تەواوی ئەودەسەڵاتە باوە بۆماوەییانەی لەدەست چوو کە بە درێژایی مێژووی ناوەڕاست و نوێ بە ناوی میرنشینی کوردیەوە حوکمی کوردستانیان دەکرد. ئیدی بەم هۆیەوە کورد بێبەش بوو لە برەودان بە دامەزراوە باوەکانی چونکە خودی دامەزراوەکان نەمابوون. کاتێکیش لە کۆتاییەکانی سەدەی بیست دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان دروست بوو لەساڵی ١٩٩٢، بناغەکەی بەتین نەبوو، چونکە کلتورێکی کەڵەکەبووی دەسەڵاتداری کوردیانەی بەردەست نەبوو تا دەسەڵاتی لەسەر کەڵەکە بکات. هەڵبەتە حزبەکان توانیان بنەمای دەسەڵاتەکان لە هەرێمی کوردستان بنوسنەوە، بەڵام نەیانتوانی بیکەن بە بناغەیەکی بەهێز تا دەسەڵاتێکی تۆکمەی لەسەر بنیات بنێن. ئەوەی جێگەی پرسیارە لێرەدا، ئەو وێستگانە چی بوون کە مێژوی حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستاندا لە

دامەزراوەییەوە بەرەو حزبی بوون برد؟ ئایا عەقڵیەتی کوردی وەڵامدەرەوەی دامەزراوەیە، یاخود گروپ و دەستەکانی دەرەوەی حکومەت بوو؟ ئەم نوسینە بەسەر دوو باسدا دابەشی دەکەیین ئەویش ڕەگەزەکانی حکومەتی کوردی لە مێژووی پێش ١٩٩٢، باسی دووەم مێژووی کۆسپەکانی بەردەم حکومەتداری لە هەرێمی کوردستان.

باسی یەکەم: بوونی دەسەلات لە هەرێمی کوردستان پشتی بە چوار ڕەگەزی سەرەکی بەستووە کە ئەوانیش، مێژوو، بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی، یاسا، پرسی مرۆیی. ئەم ڕەگەزانە توانییان ببنە بەهانەی دەسەڵاتی کوردیی.

1. مێژوو: لە مێژووی کۆندا کوردەکان خاوەنی دەسەڵاتی تایبەت بەخۆیان بوون کە پێش سۆمەریەکان هەبوون و دواتر هاوسەردەمی شارستانیەتەکانی سۆمەری و ئەکەدی و ئاشوری و میسری دەسەڵاتی کوردی ئامادەیی هەبووە، بەنمونە، دەسەڵاتی گوتی و لۆلۆیی و میتانی و خوری و میدیەکان بوون[٢٠١]. لە مێژووی خەلافەتی ئیسلامیدا میرنشینەکانی شەدادی و ڕوادی و هەزبانی و دۆستەکی و حەسنەوەیهی و ئەیوبی، بوون بە درێژەپێدەری حوکمی کوردی لە کوردستان و توانیان لە ساو پایەی دەسەڵاتی ئیسلامیدا و لەسەر تەرزێکی ئیسلامیانە، دەسەڵات بۆ خۆیان جۆر بکەن[٢٠٢]. دواتر لەدوای ڕوخانی خەلافەتی ئیسلامی لەسەر دەستی مەغۆلەکان، میرنشینە کوردیەکان بەشێکیان ڕمان بەڵام بەشێکی تریان مانەوەو بوون بە ژێرخان بۆ میرنشینی کوردی لەسەردەمی عوسمانی و سەفەویەکاندا، وەک میرنشینی بەدلیس و بۆتان و بابان و موکریان و ئەردەڵان و لوڕستان. ئەم میرنشینانە بەردەوام بوون تا ئەو کاتەی عوسمانیەکان و ئێرانیەکان، نەچونە سەر کەڵکەڵەی نوێگەری لە دامەزراوەی دەوڵەت لەسەر مۆدیلی خۆرئاوایی.

---

[٢٠١] کوزاد محمد احمد: تاریخ کوردستان ما قبل الآریین، دائرة المعارف الاسلامیة الکبری، طهران، ص ٢، https://www.academia.edu/33748166/%D

[٢٠٢] قادر محمد حسن: الإمارات الکوردیة في العهد البویهي، دراسة في علاقاتها السیاسیة والاقتصادیة (٣٣٤-٤٤٧ه/٩٤٥-١٠٥٥م)، مؤسسة موکریاني للبحوث والنشر، اربیل، ٢٠١١، ص٣٧-٤٥

هەرچەندە میرنشینە کوردیەکان ئاگاداری ئەو گۆرانە بوون کە لەسەروە ڕویداوەو لای خۆیانەو کەوتنە نوێگەری لە سوپا (نمونە میرنشینی بۆتانە) و کارگەی بەرهەمهێنانی چەک (نمونە میرنشینی سۆرانە) و بزوتنەوەی نوێگەری ئاینی و ئەدەبی (نمونە میرنشینی بابانە)، بەڵام ئەم تازەگەریە لەئاست تەوژمی نوێگەری عوسمانی و ئێرانی خۆی پێڕانەگیراو تا ناوەڕاستی سەدەی ١٩، سەرجەم دامەزراوەی میرایەتی لە کوردستاندا ڕوخا[٢٠٣]. بە ڕوخانی میرنشینەکان، کورد ژێرخانی کلتوری دەوڵەمەندی دەسەڵاتی لەدەستدا کە دەکرا لە حاڵەتی مانەوەی ئەو میرنشینانەدا ببوایە بە بنەتۆووی دەوڵەتی نەتەوەیی لەسەدەی بیست، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا جۆرەکانی حوکمداری وەک میدیەکان و بابان و بۆتان و ئەردەڵان، هەروەها سەرکردەکانی وەک سەلاحەدین ئەیوبی و خانی لەپزێڕین و مامە یارە، بوون بە مێژوویەکی زارەکی و پشتاو پشت و نەوە دوای نەوە دەدرا بە گوێی تاکەکان کۆمەڵگەداو وەک خەونێکی لێهاتبوو کە هەموو کەسێک حەزی پێی بوو ببێت بە ڕاستی و لە واقعی نوێدا جارێکی تر بەرجەستە ببێتەوە. بۆیە مێژووی کورد دەستی باڵای هەبوو لە بەپێوە وەستانی دەسەڵات لە هەریمی کوردستانداو جارێکی دیکە ئەو مێژووە زیندو کرایەوەو خرایە ناو پەیڕەو پرۆگرامەکانی خوێندنەوە نەوەی نوێی لەسەر گۆشکرا.

2. بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی یەک لە ڕەگەزەکانی دیکەی دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان بوو. هەرچەندە میرنشینەکان ڕوخان، بەڵام نەوەی میرنشینەکان دەستبەرداری حوکمداری کوردی نەبوون و کاتێک گەلانی ناوچەکە کەوتنە خۆ بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی لە سەرەتای سەدەی بیست، نەوەی میرو دانیشتوانی میرنشینەکان دەستیاندایە ڕێکخستی بزوتنەوی ڕزگاریخوازی لەپێناو زیندوکردنەوی دەسەڵاتە شەرعیەکان کە لەسەدەی ١٩ لە دەستیان دابوو. هەوڵەکانی شێخ

---

[٢٠٣] جليلي جليل وآخرون: الحركة الكوردية في عصر الحديث، ت: عبدي حاجي، دار الرازي، بيروت ١٩٩٠، ص ١٢-٢٢.

مەحمودی حەفید، سمکۆی شکاک و شێخ سەعیدی پیران لەو بۆتەیدا دەسوڕایەوە. کاتێکیش دەوڵەتە نەتەوەییەکانی ناوچەکە سنورە کۆنکرێتیەکانی خۆیان قایم کرد، کورد لەسەر دەستی حزبە کوردیەکان و لەناو ئەو سنورانەدا سەرسەختانە جەنگا لەپێناو مافە نەتەوایەتیەکانیدا[٢٠٤]. داواکاری بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی لەگەڵ سیستەمی مەرکەزی دەوڵەتی نەتەوەیی ناوچەکە بەریەک کەوتن و پێکدادان ڕویدا. هەرلایەو تەواوی تواناکانی خۆی خستەگەڕ بۆ پێداگری لە باوەڕەکانی خۆی و سەرجەم توانای چەکداری و سەربازی و پیلانگێرییان دژی یەکتر بەکارهێنا. لەم جەنگەدا هیچ لایەنێک نەیتوانی کۆتایی بە لایەنەکەی دیکە بهێنێت، بەڵام لایەنی بزوتنەووی ڕزگاریخوازی کوردی لە عێراق هێزێکی بەردەست بوو، کاتێک هەلی بۆهەڵکەوت لە ساڵانی ١٩٩٩، ١٩٩١دا، ئەو هەلەی قۆستەوەو توانی چمکی دەسەڵاتی کوردی بگرێتە دەست و ئەو دەستەو لایەنانەی کە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازیان بەڕێوە دەبرد، لە دوای ١٩٩١ بوون بە بکەرو بڕیاڕبەدەستی دەسڵاتی کوردی.

3. دەست و یاسا: ئەوەی بوو بە بنەما بۆ حکومەتی کوردی لە کوردستانی عێراق، تەنەها خەونێکی مێژووی و بزوتنەوەی چەکداری نەبوو، بەڵکو لەپاڵ ئەمەشدا کۆمەڵێک دەق و بەندی یاسایی کەوتە جوڵە کە یەکەمیان بڕیاری کۆمەڵەی گەلان بوو لە ساڵی ١٩٢٥، کە پێویست بوو لە عێراقدا حکومەتی خۆبەخۆ بۆ کورد بنیات بنرێ. هەروەها مادەی ٢ لە دەستوری کاتی عێراق لە ١٩٥٨ کە دانی بەوەدا نا کە کورد و عەرەب لە عێراقدا هاوبەشن، هەروەها بڕیاری ژمارە ٣٣ی حکومەتی عێراق لە ١٩٧٤ کە بڕیاری جێبەجێکردنی حوکمی زاتی بۆ کورد دا لە عێراق[٢٠٥]. لەسەر ئەو

---

[٢٠٤]نادر ئینتسار: ئیتنۆنەتەوایتی کورد، وەرگێرانی: عەتا قەرەداغی، چاپخانەی تیشک، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل ١٧١-١٧٤.

[٢٠٥]عصبة الأمم: مسألة الحدود بين تركيا والعراق، ١٩٢٥، SGPS...43...711..250.1-9- 25ص ١١١.الوقائع العراقية |رقم العدد : ٢| تاريخ العدد :٢٨-٠٧-١٩٥٨| رقم الصفحة : ١| عدد الصفحات :٤|شيركو فتح الله عمر: الحزب الديمقراطي الكوردستاني والحركة التحرر القومي الكوردية في العراق، ١٩٤٦-١٩٧٥، مطبعة روان، السليمانية، ٢٠٠٤. ص٢٥٦.

بنەما یاساییانە، کۆمەڵێک دامەزراوە لە کورستاندا کوردستاندا دروست بوو کە دواتر لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا سودیان لێبینرا.

4. تەریب بە مێژوو، بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی، دەقی یاسایی، بنەمای مرۆیی سەریهەڵدا لە ساڵی ١٩٨٨-١٩٩١. کاتێک دەوڵەت عێراقی کوردی ڕەشەکوژ کرد لە پرۆسەی ئەنفال و کیمیاباران لە ١٩٨٨، هەروەها لە کۆڕەوەی ساڵی ١٩٩١، ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتوەکان بڕیاری ٦٨٨ی دەرکرد لە ٥ی نیسانی ١٩٩١، کە نابێت عێراق توندوتیژی دژ بە کوردەکان بەکار بهێنێت، لەسەر ئەو بنەمایە دەستوەردانی مرۆیی لەناو سنورە توندو تۆڵەکانی عێراق کراو ئاسمانی کوردستان پارێزرا. ئەم پارێزبەندیە مرۆییە بوو بە سەیوانێک بۆ حوکمداری کوردی لە ١٩٩٢[٢٠٦].

باسی دووەم: گەڕانەوە بۆ حوکمداری میرنشین:

کورد لە عێراقدا، خەونی مێژوویی، خەباتی نەتەوەیی، دەقی یاسایی لەگەڵ بڕیاری نێودەوڵەتی تێکەڵ بەیەک کرد و دەسەڵاتێکی پێکهێنا بەناوی هەرێمی کوردستان. بەڵام ئەوەی سەرنجڕاکێش بوو دەسەڵاتی کوردی نەیتوانی ببێتە دەسەڵاتێکی سەرتاسەری لە ناوچە ڕزگارکراوەکان، بەڵکو بوو بە تێپەڕبوونی ماوەیەکی کەم، بوو بە دەسەڵاتی دوو حزبی لەیەک جیا. ئەمەش پێچەونەی ئەو بنەمایانە بوو کە خەون و خەبات و یاسا ناوخۆیی و دەرەکیەکان جەختیان لەسەرکردبووەوە. دەسەڵاتی دوو حزبی، گەڕانەوە بوو بۆ دەسەڵاتی میرنشینی کە لە ناوەڕاستی سەدەی ١٩ ئەو جۆرە دەسەڵاتە عەمارەپۆ بوو هەر بۆیە یەک بەدوی یەکدا ڕوخان.

سەرکردە کوردەکان کاتێک بەچاوی خۆیان بینیان کە هەر یەک لە ئەمریکا و ئێران کە ڕێگەیان بە ڕاپەرین دابوو، ئەمێستا دەستەپاچەن و بینەری سەرکوتکاری کوردن لەکۆڕەودا، بۆیە بەپەلە ڕویانکردە بەغداد، لەبەرمبەردا

---

[٢٠٦] الوثائق الرسمية لمجلس الأمن، السنة السادسة والأربعون، ملحق أبريل/ نيسان ومايو/ أيار ويونيو/ حزيران ١٩٩١, الوثيقتان ٢٢٤٣٥. عبدالرحمن سليمان الزيباري: الوضع القانوني لإقليم كوردستان العراق، في ضل قواعد القانون الدولي العام، موكرياني، ٢٠٠٢، اربيل،،ص ٢٩٨.

بەعس سەوداسەری گێرانەوەی سەروەری دەوڵەت بوو بۆ بەر لە جەنگی کوەیت، هەربۆیە کورد و بەغداد وەک پێویستی هەردولا چونە گفتوگۆیەک کە لە مایسی ١٩٩١ تا کانونی دووەمی ١٩٩٢ی خایاند.

شکستی گفتوگۆکان چاوەڕوانکراوو بوو. چونکە بە تێپەڕبونی کات ئامانجی هەردولا گۆڕانی بەسەردا هات. بەعس پێداگری لەسەر بچڕانی پەیوەندی کورد دەکرد بە جیهانی دەرەوە، لە بەرامبەردا کورد داوای گرەنتی نێودەڵەتی لە بەغداد دەکرد، حزبە کوردیەکان پێیان وابوو سنوری جوگرافی ناوچە کوردیەکان کەرکوک دەگرێتەوە بەڵام بەغداد پێیوابوو کە کەرکوک بە تەنها هی کورد نیەو تورکمان و عەرەبیشی تێدایە. خالێکی تر سروشتی پەیوەندی نێوان ناوەند و ناوچەی کوردی بوو، کە بەغداد باوەری بە حوکمی زاتی بوو بەڵام داواکاری کورد پەلی کێشا بوو بۆ فدراڵی. دوا خاڵ، ئەمریکا دژی ئەو ڕێکەوتنە بوو کاتێک کە لایەنی کوردی ئاگادار کردبووەوە کە واژۆی ئەو ڕێکەوتە بەغداد بەهێز دەکات کە ئەوەش پێچەوانەی پلانی ئەوانە[٢٠٧].

سەرنجام، بەغداد لە ١٥ی تەموز سوپا و دەزگا ئەمنیەکانی کێشایەوە و لە ٢٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٩١ تەواوی پەیوەندی کارگێڕی و موچەی لەگەڵ کورد بچڕان لە پارێزگاکانی سلێمانی و هەولێرو دهۆک، هاوکات هێڵێکی بەسەرباز دروستکرد لەدەوری ئەو پارێزگایانە کە لەو رێگیەیەوە گوشارێکی ئابوری توندی خستە سەر ناوچە کوردیەکان.

لە کاتێکدا ئارامی و هێمنی خەڵک سەرسوڕهێنەر بوو، کاتێک سەرمای زستانێکی سارد لەگەڵ برسێتی ساڵی ١٩٩١ تەنگی بە خەڵک هەڵچنی بوو، تەریب بەمە پەیوەندی و شەڕە پەڕۆی نێوان حزبەکانی بەرەی کوردستانی و بەتایبەت دوو حزبە گەورەکە، مایەی دوودڵی بوو. بەکشانەوەی دەوڵەت، ناوەندی بڕیار لەو پارێزگایانە ئفلیج بوو. لەو کاتەدا بەرەی کوردستانی خاوەن دەسەڵات بوو کە ئەویش لە ئاستی بڕیارداندا جێگیر نەبوو. بەرەکە لە نۆ حزب

---

[٢٠٧] سمیه جنی: صدام حسین وسیاسته تجاه الاکراد، جامعه محمد خیضر بسکره، کلیه العلوم الانسانیة والاجتماعیة، قسم العلوم الانسانیة، شعبة التاریخ، ٢٠١٤-٢٠١٥، رسالة ماجستیر. ٦٥-٦٦.

پێکهاتبوو کە هەر یەکەیان مافی ڤیتۆی هەبوو بەشێوەیەک بڕیاردان زۆر ئەستەم بوو. ئامانجی بەرەکە لەپێناو هاوهەڵوێستی لە شاخ دروست ببوو کە ئەمە ڕێک نەدەهاتەوە لەگەڵ ئیدارەدانی زیاتر لە سێ ملیۆن کەس لە شاردا. هەرچەندە بەرەی کوردستانی بە کشانەوەی دەزگاکانی دەوڵەت عێراقی، لیژنەی دروست کرد لە حزبەکان، کە شارەکان بەتێکەڵی لەگەڵ دەسەڵاتی پارێزگاردا بەڕێوە دەبران، بەڵام دیار بوو هەر ناوچەیەک و حزبێکی سیاسی کۆنترۆڵی کردبوو. پارێزگا وەک ئۆفیسێکی بێ ستاف بوو، کارمەندە باڵاکانی کشابونەوە بۆ بەغداد و کەرکوک و موسڵ، هەرچی مابوو، ئەزمونی کاریان لە سایەی کارگێڕی حکومەتی عێراقی بوو. هاوکات بەرەی کوردستانی نەدەسەڵاتی بڕیارسازی هەبوو نەتوانای کارگێڕی شارەکانی هەبوو[٢٠٨].

لەم بارودۆخەدا خولیای حکومەتی خۆبەخۆ سەریهەڵدا. بەرەی کوردستانی لە مەترسیەکانی ئەم هەنگاوە بەتایبەت لە هەڵوێستی وڵاتای دراوسێ بەئاگا بوو کە ئەو هەنگاوە وەک دەوڵەت نەک وەک ئاراستەیەکی کارگێری دەبینن. بۆیە ئەرکی وان لێکۆڵینەوە بوو لە باشترین میتۆد بۆ بنیاتنان و پێکهێنانی ئەنجومەنێکی نیشتمانی لە نێوان دیسەمبەر ١٩٩١- یەنایری ١٩٩٢ و کە ئەنجامەکەی دەرکردنی یاسای ژمارە ١، ٢ی ساڵی ١٩٩٢ بوو. ئامانج لەم یاسایە دەستور نەبوو بەڵکو یاسابوو بۆ بەڕیوەبردن و لە لایەن تاڵەبانی و بارزانی و عەبدوڵا ئاگرین و ڕەسوڵ مامەند و سامی عەبدولرەحمان و قادر عەزیز واژۆ کرا. یاساکە ئاماژە بەهەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان دەدات و بریاردرا بە سازدانی هەڵبژاردن بە سەرکردایەتی لیژنەیەک لە یاساناسان کە ١٥ کەس بوون، بە سەرۆکایەتی دادوەر رەشید عبدالقادر و بە ئەندامێتی چوار دادوەر، دوو مامۆستای زانکۆ، شەش پارێزەر، دوو نوێنەری حزبی. ١١ حزب کەوتنە ڕکەبەری بۆ بەدەستهێنانی کورسیەکانی پەرلەمان کە ١٠٥ کورسی بوو، پێنج کورسی هی کەمیەکان بوو. هاوکات یاسای ژمارە ٢ دەرچوو کە تایبەت بوو بە یاسای هەڵبژاردنی ڕابەری جولانەوەی ڕزگاریخوازی کورد. لەو

---

[٢٠٨] گەڕاس ئاڕ. ڤی. ستانسفیڵد: کوردستانی عێراق پەرەسەندنی سیاسی و پشکووتنی دیموکراسی، وەرگێرانی: یاسن سەردەشتی، چاپخانی سیڤ، سلێمانی، ٢٠١٢، ل٢٨٩.

یاسایانەدا ئەنجومەنی نیشتمانی پێویست بوو حکومەتی جێبەجێکار هەڵبژێرێت. ئەوەی پەیوەندی بە ڕابەرەوە هەبوو، ڕابەر مافی ڤیتۆی هەبوو واتە سیستەمەکە سەرۆکایەتی بوو، هەروەها سەرکردایەتیکردنی هێزە چەکدارەکانی کوردستانی لە ئەستۆدا بوو. ڕەخنەیەک کە لەم یاسایانەی سەرەوە گەوە گیرا ئەوە بوو، یاساکانی بەرەی کوردستانی وەک دەستور بۆ هەریمەکە دانەنرا کە شێوەی دەسەڵات دیاریبکات و ڕێکبخات، بەڵکو وەک کۆمەڵە یاسایەکی دیفاکتۆ بوو کە دوای جێبجێکردنی یاساکە، خیرا بەسەرچوو پاشان خرایە ئەرشیفەوە[٢٠٩].

لە ١٩ی مایۆی ١٩٩٢ هەڵبژاردن بە بێ بوونی هیچ ئامارێک کرا، جگە لە خەملاندنێک کە ژمارەی دەنگدەرانی بە ١,١ ملیۆن لەقەڵەمدا. لەو کاتەدا هەڵبژاردنەکە بە دیموکراتترین هەڵبژاردنەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەژمارد کرا، کە تیایدا ژن و پیاو بەشداریان تێدا کرد وەک ئاگاییەک سەبارەت بە گرنگی بنەما دیموکراتیەکان و نارەزایەتیەک دژی رژێمی بەغداد. ماوەی هەڵبژاردن ٨ی بەیانی بۆ ٨ی ئێوارە بوو، بەڵام بەهۆی کەمی بنکەو زۆری ڕێژەی بەشداربوون، ماوەکە بۆ ١١ی شەو درێژ کرایەوە. لە ئەنجامدا (پ.د.ک) ٥١ کورسی بردووەو (ی.ن.ک) ٤٩ کورسی و ٥ کورسی تر بوو بە پشکی کەمینە ئاینیەکان. هەرچی هەڵبژاردنی ڕابەربوو، کاندیدەکان نەیانتوانی زۆرینەی ڕەها بەدەست بهێنن.

دامەزراندنی حکومەت مشت و مڕێکی زۆری دروست کرد بەتایبەت لەناو (ی.ن.ک). ئەو کادیرانی کە لە لایەن نەوشیروان مستەفاوە ڕابەرایەتی دەکران هانی ئەوەیان دەدا حزبەکەیان ببێتە ئۆپۆزسیۆن و ئەنجامەی هەڵبژاردنەکە پەسەند بکا. هاوکات هەموو (پ.د.ک) حکومەتی هاوبەشیان لا پەسەند نەبوو. نێچیرڤان بارزانی دەڵێت (پ.د.ک) ئەو مامەڵەیەی بۆیە پەسەند کرد چونکە باوەڕی وابوو کە هەڵبژاردنیکی ترلە پێشە. بەڵام لەکۆتایدا ڕای تاڵەبانی و بارزانی کەوتە سەر ڕێ، ئەویش حکومەتی فیفتی بە فیفتی بوو کە ئامانجەکەی، دابەشکردنی دەسەڵات بوو بە یەکسانی. ئەوە بوو یەکەمین حکومەت بەپێی یاسای پەرلەمانی ژمارە (٣)ی ١٩٩٢ دامەزرا. جێگری سەرۆکی حکومەت، دەسەڵاتی سەرۆکی حکومەتی هەبوو، هاواکات لە وەزارەتیشدا جێگری وەزیر،

---

[٢٠٩] گەڕاس ئاڕ. ڤی. ستانسفێڵد: سەرچاوەی پێشوو: ل٢٩٧.

دەسەڵاتی وەزیری هەبوو بە ڤیتۆکردنی بڕیارەکانیشەوە. دروستکردنی بریارەکانی حکومەت لەلایەن مەکتەبی سیاسی هەردوو حزبەکە دەردەکرا. یان هەردوولا لەسەری ڕێکدەکەوتن و دەیاننارد بۆ حکومەت یان حکومەت پێشنیاری بۆ حزب دەکرد و حزب پەسەند یان ڕەتی دەکردەوە. بەڵام دەتوانین بگەینە ئەو ئەنجامەی کە دابەشکردنی دەسەڵات بەشێوەی فیفتی بە فیفتی ئەگەر چی وەک خۆی بەڕێوە نەچووە بەڵام تا ئێستاش دوو حزبەکە بە نەخشەڕێگەی حوکمڕانی دەبینن لە کوردستان.

گرفتەکانی ناو حکومەت لەو کاتەدا چەند پرسێک بوو لە گرنگترینیان هەلی کار بوو. چارەسەری حکومەت بۆ ڕەخساندنی هەلی کار دامەزراندن بوو لە فەرمانگە حکومیەکان. دەرگای دامەزراندنی بەلێشاو ئاوەڵا بوو. لە پارێزگەی سلێمانیدا لە ساڵی ١٩٩٢ ٨٠ هەزار فەرمانبەر هەبوو، تا ساڵی ١٩٩٦ بۆ ١٥٠ فەرمانبەر بەرز ڕۆیشت. هێشتا ئەمە بەرتەقای کێشەی بێکاری کۆمەڵگە نەبوو. بێکارەکان لەو کاتەدا بریتی بوون لە ٢١٠ هەزار جەیش شەعبی و سەرباز کە لەدوای شەڕی کوەیت بۆ کوردستان گەڕابونەوە، لەگەڵ پێشمەرگە و کەسوکاری پێشمەرگە و شەهیدەکان کە سەرجەم حزبەکان دەیانویست بیانخەنە ناو دەزگاکانی حکومەتەوە. گرفتێکی تر، سەرچاوەی داهاتی سەرەکی حکومەتبوو کە هەر حزبێک دەیویست لە ناوچەی خۆی دەست بەسەر ئەوداهاتە بگرێت و بۆ خۆی بەکاربهێنێت.

لە دەرەوەی حکومەتیش ڕێکخراوە هاریکارەکانیش کەوتنە ئەو قەیرانەوەو بووبوون بەتۆپ لەنێو پێکانی ئەودوو حزبە کە لەنێوانیاندا دەبوو ئەمبەرو ئەوبەر بکەن. هاوکات ڕێکخراوە ئیسلامیەکان کەوتنە کار بۆ گەشپێدانی بیری ئیسلامی دژ بەو جۆرە لە حوکمڕانی. تورکیاو ئێرانیش بەردەوام هەرەشەیان لەو دەسەڵاتە دەکرد بەوەی کە نابێت حزبە کوردیەکانی ئێران و تورکیا، خاکی هەرێمی کوردستان بەکار بهێنن. سەرجەم پارتە کوردیەکانی نیشتەجێی هەرێم ڕەچاوی ئەو بارەیانکرد، جگە لەپارتی کرێکارانی کوردستان کە گوێگری هەرێم نەبوو، هەربۆیە تورکیا بە تەوای هێزی سەرباز، کەوتەشەر لەگەڵ ئەو پارتەو بە ناچاری حکومەت هەرێم لەوشەڕە تێوە گلا.

گرفتێکی تر جاش و مستەشارەکان بون. بەرەی کوردستانی لە ساڵی ١٩٩١ بڕیاری لێخۆشبونی بۆ دەرکردن تا ڕوبەروی ڕاپەرین نەوەستن، ئەوانیش چونە ریزی پێشمەرگە. لەدوای دامەزراندنی حکومەت، ئەوانە بوون بە خاوەنی ئیمتیازی حزبی و چەکداری، بەڵام قوربانیەکانی دەستی جاش کە بەشی سەرەکی بنەماڵەی ئەنفالەکان بوون، نەک لە ئیمتیازی مادی بەڵکو لە ئیمتیازی ژیان بێبەش بوون، ئەویش هاوسەرو بەخێوکەرو شوێنی نیشتەجێبوون بوو[٢١٠]. گرفتێکی تر کەسایەتی بەهێزی تاڵەبانی و بارزانی بوو، کە هەردوکیان لەناو حزبدا لە لوتکەی دەسەڵات بوون و لەناو حکومەتی چاوبەرەژێری حزبدا، هیچ پۆست و مەقامێکیان نەبوو. بەدەر لە هەموو ئەم هۆکارە ناوخۆیی و دەرەکیانە، کێشەیەکی تر نەبونی دیموکراسی بوو کە لە عێراق و کوردستانیشدا بونی نەبوو.

فوئاد مەعسوم کە ئەندامی مەکتەبی سیاسی (ی.ن.ک) بوو سەرۆکی یەکەم کابینەی حکومەت بووکە بە تێپەڕبونی کات، ڕەزامەندی یار و نەیاری لەدەستدا. سەرۆکی حکومەت لەلایەن حزبەکەیەوە بەوە ناوزەد دەکرا کە حکومەتەکەی تەکنۆکراتە و بێلایەنە و بڕیاری یەکلاکەرەوە نادات بەتایبەت لەبارەی گومرگی ئیبراهیم خەلیل. ئەو خاڵە گومرگیە کە سەرەکیترین داهاتی حکومەت بوو، ئیدارەدانی بەدەست پارێزگاری دهۆک بوو کە (پ.د.ک) بوو، لەکاتێکدا حکومەت و وەزارەتی ئابوری بەدەست (ی.ن.ک)بوو، ئەمەش وایکردبوو کە هەردوولا ماف بەخۆیان بدەن لە ئیدارەدانی ئەو داهاتە. دەستەوسانی سەرۆکی حکومەت لە چارەسەر کردنی ئەو پرسە، بوو بەهۆی دەستلەکارکێشانەوەی لە پۆستەکەی.

کۆسرەت رەسوڵ جێگەی فوئاد مەعسومی گرتەوە و کابینەی دووەمی پێکهێنا. کابینەکەی بەوە دەناسرێتەوە کە حزبیتر مامەڵەی دەکردو ئەنجامەکەشی شەڕی ناوخۆی هێنایە کایە. لەم کابینەیە گۆڕانکاری لە پۆستی وەزارەتی

---

[٢١٠] انغاروغ: الكورد العراقيون فى رحله البحث عن مستقبل فى العراق، عن الكورد اليوم: حسين اوكيجين اوغلو واخرون، ت/ غسان نعمان، مؤسسة حمدى ، سليمانية ٢٠٠٧. ص٨٤.

پێشمەرگە و وەزارەتی دارایی کرا کە وەزیرەکان زیاتر ڕێنمایی حزبیان جێبەجێ دەکرد. جەبار فەرمان بوو بە وەزیری پێشمەرگە، هەروەها دارۆی شێخ نوری بوو بەوەزیری دارایی. ئەم سێ کەسایەتیەی ناو حکومەت، لەو کەسانەبوون کە تاڵەبانی لەبواری کارگێری و دارایی و پێشمەرگە لە نەوەدەکاندا تەواو پشتی پێبەستبوون. هاوکات کۆسرەت ڕەسوڵ، پۆستەکەی باشتر بەکارهێنا بۆ بەهێزکردنی پێگەی جەماوەری خۆی و حزبەکەی[٢١١].

پێ بەپێی ئەم گۆڕانکاریەی ناو حکومەت، لەدەروەی حکومەت، کەمینە حزبیەکان، سێ کەمینەی حزبی، بەناوی حسک و پاسۆک و پارتی گەل یەکیان گرت و دواتر چونە ناو (پ.د.ک) کە پشگیری جەماوەری ئەو پارتەی بە ریژەی ٣% زیاد کرد. بەمەش جەمسەرگیری لەناو شەقام و حکومەت قوڵتر کردەوە. لە هەولێردا (پ.د.ک) دەیویست، بەرامبەر ئەو لاینگریە جەماوەریەی (ی.ن.ک) بوەستێت کە کۆسرەت ڕەسوڵ ڕابەرایەتی دەکرد، لە دهۆکدا (ی.ن.ک) دەیویست حکومەت کۆنترۆڵی گومرگی ئبرایم خەلیل بکات. لە سلێمانییشدا حکومەت ڕوبەڕووی شەڕی ئیسلامی و حسک بووەوە. لەدەرەوەی سنورەکانیش، هەرێمی کوردستان ڕووبەڕوو بوو لەگەڵ دەستوەردانی دەرەکی ئێران وتورکی. بارزانی درکی بەوە کرد کە حکومەت کارا نەماوەو داوای هەڵبژاردنی پێشوەختەی کردو دژی پەنجا بە پەنجا وەستایەوە.

هەموو ئەمانە حکومەت پەکخستبوو، بۆیە کاتێک شەری ١٩٩٤ رویدا، هەر بە چاو تروکنێک، حکومەت بوو بە هەڵم و حزب کۆنترۆڵی حکومەت و پەرلەمانی کرد. لەدوای ٣١ی ئابی ١٩٩٦، هەرێمی کوردستان بوو بە دوو سیستەمی جیا. لە هەولێر (پ.د.ک) زۆرینەی پەرلەمانی بەدەستەوە بوو بۆیە لە١ی سێپتەمەبری ١٩٩٦ کابینەی سێیەم بە سەرۆکایەتی رۆژ نوری شاوەیس و بە جێگریی نێچیرڤان بارزانی دامەزراند و شەرعیەتی پەرلەمانی پێدا. (ی.ن.ک) لە سلێمانی ئەم کارەی کرد وکابینەی کۆسرەت ڕەسوڵی بە شەرعی دەزانی چونکە بەکۆی دەنگ هەڵبژێردراوە و حکومەتەکەی (پ.د.ک) بە ناشەرعی دەزانی چونکە لەسایەی داگیرکەری بەعسدا پێکهاتووە. ئەوەی بە یەکگرتوویی مایەوە،

---

[٢١١] گەڕاس ئاڕ. ڤی. ستانسفێڵد: هەمان سەرچاوە، ٣٣٦-٣٤٠.

دەسەڵاتی دادوەری بوو، لەدەروەی حکومەتیش هەندێک حزبی سیاسی وەک حزبی شیوعی و یەکگرتوی ئیسلامی، وەک هەرێمێکی یەکگرتوو مامەڵەیان لەگەڵ کوردستان دەکرد.

له هەولێر، چونکە بارزانی لە دەرەوەی دەسەڵات بوو، بۆە پەرلەمان دەسەڵاتی بەسەر حکومەتدا لاواز مایەوە. (پ.د.ک) خاوەنداری تەواوەتی حکومەت بوو. وەزیرەکانی حکومەت و پارێزگارەکان ئەندامی سەرکردایەتی و مەکتەب سیاسی حزب بوون. بەمەش (پ.د.ک) لەبری پەرلەمان بوو بە ئەنجومەنی یاسادانای حکومەت.

له سلێمانی، پێگەی  جیۆپۆلەتیکی حکومەتەکەی (ی.ن.ک) وایکردبوو کە هەرچەند قەباری ناوچە جوگرافیەکەی بچوک بوو، بەڵام کێشەی کەمی داهات و لاوازی ژێرخانی کارگێری هەبوو. حزبەکانی بەشدار لە حکومەتی (ی.ن.ک)، ئەوانە بوون لەسەنگەری دژە (پ.د.ک)بوون، لەوانە حزبی زەحمەتکێشان و پارتی پارێزگاران و حزبی سۆشیالیستی دیموکراتی کوردستان. بزوتەوە ئیسلامی، بە حوکمی ناوچەکەی کە لە لایەن (ی.ن.ک) حوکم دەکرا، چونە حکومەتەکەوە. ئەم کابینەیە، سیخناخ بوو بە ئەندامانی سەرکردایەتی (ی.ن.ک)و لة لایەن کۆسرەت ڕسوڵ سەرۆکایەتی کرا.

فازل میرانی کە وەزیری ناوخۆ بوو لە کابینەی سێەم، دەڵێت: دوای جیابونەوی ساڵی ١٩٩٦، ئاسایش فرە باشتر بوو، تەنانەت لە سلێمانیشدا. هەر حزبە و کارگێری خۆی هەبوو کە کەمتر پێویست دەکات لەناوچەی دەسەڵاتی خۆیدا سەبارەت بە هەلومەرجی نێوخۆیی حزبەکەی نیگەران بێت. هەریەکەمان دەخوازین نیشانی بدەین کە شەرعین و سیستەمێکی ئاسایش و دادپەروەری هەڵسوڕاومان هەیە. هۆشیار زێباری وتی: هەڵسوڕانی سیستەمە نوێکە بۆ هەریەک لە پارتی و یەکێتی ئاسانتر بوو، چونکە ڕکەبەری لەنێوان ستافەکانی حکومەتدا نەما. بۆیە دوو حزبەکە ئەم جۆرە حوکمرانییە سادەیان پێخۆشتر بوو کە ئەوەندەی لە فەرمانڕەوایی شارەکان و میرنشینەکانی سەدەکانی ناوەڕاست دەچوو، ئەوندە فەرمانڕەواییەکی هاوچەرخانە نەبوو.

ئەم حکومەتانە یەکێک لە گرفتە سەرەکیەکانیان دارایی بوو کە تێکەڵ بوو بە نەبونی پلان. سەرچاوەی داهات بە دروستی نەدەزانرا. سەرچاوەی داهات پشتی

به گومرگ و باج هەروەها بریاری ٩٨٦ی نەتەوە یەکگرتوەکان بەستبوو. کە هەردوو ئەم سەرچاوەیە لەژێر پلانی تەواوەتی ئەم حکومەتانەی هەرێمی کوردستان نەبوو، بەڵکو پەیوەندی بە چۆنیەتی پەیوەندی حزبی خاوەن حکومەت هەبوو لەگەل ئێران و تورکیا. لەلایەکی تر، نەتەوەیەکگرتوەکان زیاتر سەرقاڵی پەیوەندیەکانی بوو لەگەڵ بەغدادو حکومەتەکانی هەرێم وەک یەکەیەکی بچوک لە سیستەمەکەی ئەوان هەڵدەسوڕان. لەوەش زیاتر حکومەتەکانی هەرێم نەیاندەتوانی قەرزی دەرەکی وەربگرێ. بۆیە سەرۆکی حکومەتەکان دانیان بەوەدا ناوە کە پلانی داراییان زۆر سنوردار بووە.

ستانسفیێڵد دەڵێت کەم لە وەزیرەکان دەیانتوانی زانیاری وردو ژمارەو داتا فەراهەم بکەن چونکە بەردەستیان نەبوو. ئەمەش بەشێکی پەیوەست بوو بە بێ پلانی حکومەت، بەشەکی تری پەیوەست بوو بە سیاسەتی بەعس بەتایبەت لە دوای کاولکاری ساڵی ١٩٨٨، کە زەرەو زیان و ئاوەدانکردنەوە بەبێ پلان مابونەوە. هەروەها سیاسەتی ڕاگواستنی بەردەوامی بەعس وایکردبوو حکومەتی هەریم بە پلان ڕانەگات. لەڕوی داراییەوە حکومەتەکەی هەولێر زیاتر پارەی خستبووە بەردەستی حکومەت وەک لە حکومەتەکەی سلێمانی. پرسی بوجەی تەرخانکراویش لە هەولێر ڕوونتر بوو وەک لە سلێمانی. حکومەتەکەی سلێمانی زیاتر پشتی بە نەتەوەیەکگرتوەکان و ڕێکخراوەکان دەبەست بەڵام پارتی زیاتر بە گومرگی ئیبراهیم خەلیل. نەبونی پلان شپرزەیی لە بڕیاردان دروست کردبوو. ناوەندێتی لە پلاندانان بونی نەبوو بەڵکو، پلان دابەش ببوو بەسەر وەزارەتەکان، دواتر حزب و ئینجا نەتەوە یەکگرتوەکان و بەغداد.

عەزیز محەمەد ڕای وابوو: ((سەرکردایەتیەکەمان یەکێتی ناوێت و هەموو شتێک دەکەن بۆ ئەوەی جیا بن..... سەرکردایەتی یەکێتی و پارتی خوازیارن کۆنترۆڵی تەواوی هەرێم بکەن هیچ لەو حزبانە نایانەوێت لە ئۆپۆزسیۆن کار بکەن و حزبی دووەم بن)). هەر بۆیە لەبری حکومەتی ئینتقالی و حکومەتی یەکگرتوو کە لە ڕێکەوتنامەی واشنتۆن لە ١٩٩٨ بڕیاری لەسەر درابوو، نێچیرڤان بارزانی لە ٢٠ی دیسەمبەری ١٩٩٩ کابینەی چوارەمی لە هەولێر

پێکهێناو بەرهەم ساڵح لە ٢١ی یەنایری ٢٠٠١ بوو بە سەرۆکی حکومەت لە سلێمانی[٢١٢].

دەسەڵاتی سادە کە لەسەر دوو پێ دەڕۆیشت ئەویش حکومەت و حزب بوو کە بۆ (ی.ن.ک) و (پ.د.ک) ئاسانتر بەڕێوە چوو. هەرچی مۆدیلی دەوڵەتی هاوچەرخ بوو کە کە هاوکێشەیەکی تێکەڵ بوو لەسەر سێپای دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری بوو، حزبەکان سەریان لێدەرنەکرد و لە قەد ئەو سیستەمە نەدەهاتن. حزبەکان سەریان لەوە دەرندەچوو کە چۆن سەرۆکی حزب، لەگەڵ حزب، تێکەڵی دەسەڵاتی سێپایە بکەن. چارەسەری ئەو پرسەش بە وەلاخستنی دەسەڵاتی پەرلەمان و دادوەری دەستی پێکرد لە ناوەندی بڕیاردان. دەسەڵاتی یاسادانان و دەسەڵاتی دادوەری، هەر وەک حکومەت، بوون بە دوو دەزگا کە لە لایەن حزبەوە بەڕیوەدەبرا. ئەگەر کێشە دروستببوایە لەنێوان دەزگاکاندا، سکرتێری گشتی حزب وەک مەرجەعی باڵا ناوچەکەی خۆی، یەکلای دەکردەوە.

---

[٢١٢] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: گەڕاس ئاڕ. ڤی. ستانسفێڵد: هەمان سەرچاوە: ل ٣٤٠ل ٣٦٠.

# به‌ڵگه‌نامه‌ی ژماره (١٢٩)

## کۆنوس

به‌سه‌رپه‌رشتی به‌ڕێز سه‌رۆکی حکومه‌تی هه‌رێم،ڕۆژی ١٩٩٨/٣/١ له دیوانی وه‌زاره‌تی پیشه‌سازی و وزه، وه ئاماده‌بوونی هه‌ردوو به‌ڕێز وه‌زیری پیشه‌سازی وه بریکاری وه‌زاره‌ت کۆبونه‌وه‌یه‌کی فراوانکرا له‌گه‌ڵ سه‌رجه‌م به‌ڕێوبه‌ره گشتیه‌کان وه به‌ڕێوبه‌ری کارگه و فه‌رمانگه‌کانی وه‌زاره‌ت.

له‌م کۆبونه‌وه‌یه‌دا به‌ڕێز سه‌رۆکی حکومه‌تی هه‌رێم باسی گرنگیڕۆڵی وه‌زاره‌تی پیشه‌سازی و وزه‌ی کرد که‌یه‌کێکه له سه‌رچاوه سه‌ره‌کیه‌کانی داهاتی حکومه‌ت که پێویسته بایه‌خێکی زۆری پێ بدرێت زۆربه‌ی خرجیه لاوه‌کیه‌کان که‌م بکرێته‌وه وه نه‌هێڵن وه چاره‌سه‌ر بدۆزرێته‌وه بۆ ئه‌و کێشانه‌ی بوونه‌ته هۆی که‌مبوونی به‌رهه‌می کارگه‌کانیان فرۆشتنی له بازاڕدا.

وه دوای هه‌ڵسه‌نگاندنی بارودۆخی ئه‌مڕۆی ئابوری حکومه‌تی هه‌رێم بڕیاردرا به پیاچونه‌وه‌یی ئاستی خه‌رجیه‌کانی کارگه و فه‌رمانگه‌کانی وه‌زاره‌ت به مه‌به‌ستی دیاریکردنی ئاستێکی گونجاو بۆ ماوه‌ی داهاتوو تا کاتی په‌سه‌ندکردنی بودجه‌ی ساڵی ١٩٩٨ له‌لایه‌ن ئه‌نجومه‌نی وه‌زیران وه هه‌وڵیش بدرێت له‌و ئاسته‌ش خه‌رجیه‌کان که‌متربن تا ئه‌توانرێت موچه‌ی هه‌موو فه‌رمانبه‌ران دابین بکرێت وه ئه‌و ئاسته‌ش به‌م شێوه‌یه‌ی لای خواره‌وه دیاریکرا.

| بڕی پاره‌ی ته‌رخانکراو بۆ یه‌ک مانگ (دینار) | ناوی کارگه و فه‌رمانگه‌کان |
|---|---|
| ٤٠٠٠٠ | وێستگه‌ی دوکان |
| ٣٥٠٠٠ | وێستگه‌ی ده‌ربه‌ندیخان |
| ١٥٠٠٠ | به‌شی گه‌یاندن (الاتصالات) |
| ٤٠٠٠٠ | به‌شی هێڵه‌کان |
| ٣٠٠٠٠ | ئیداره‌ی ته‌ولید |

١٦٠٠٠٠ ته‌نها سه‌دو شه‌ست هه‌زار بۆ سه‌رجه‌م به‌ڕیوبه‌رایه‌تی به‌رهه‌م و گواسته‌وه‌ی وزه‌ی کاره‌با

| | |
|---|---|
| بۆ بەڕیوبەرایەتی دابەشکردنی کارەبای سلێمانی | ٢٢٠٠٠٠ |
| بۆ بەڕێوبەرایەتی وێستگەکانی گۆڕین | ١٢٠٠٠٠ |
| بۆ بەڕێوبەرایەتی بەربەستی دوکان | ١٥٠٠٠ |
| بۆ بەڕێوبەرایەتی بەربەستی دەربەندیخان | ١٥٠٠٠ |
| بۆ بەڕێوبەرایەتی دابەشکردنی کارەبای کەرکوک | ٧٠٠٠٠ |
| کارگەی ئاوی کانزای بانی خێلان | ١٥٠٠٠ |
| کارگەی خوێی بۆدی بازیان | ١٥٠٠٠ |
| کارگەی جلو بەرگی ئامادەکراو | ٩٠٠٠٠ |
| کارگەی جگەرە و پوختەکردنی توتن | ٤٠٠٠٠ |
| کانەکانی بەردی سلێمانی | ٤٠٠٠٠ |

بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێم لە هەمان کۆبونەوەدا ئەم بڕیارانەی لای خوارەوەیدا:

١- زیادکردنی دوو مستشار بۆ دیوانی وەزارەت و خانەنشینکردنی ئەوانەی کە زیادن.

٢- کڕینی دوو ئۆتۆمبیلپیکاب توێتا، بۆ بەشی هێڵەکان لە بەڕێوبەرایەتی بەرهەمهێنانی کارەبا.

٣- کڕینی ٣ جیهازیڕاکال بۆ بەشی هێڵەکان لە بەڕێوبەرایەتی بەرهەم و گواستنەوەی ووزەی کارەبا.

٤- دابینکردنی بەدلەی پێویست بۆ بەڕێوبەرایەتی بەرهەم و گواستنەوەی وزەی کارەبا لەلایەن کارگەی جلوبەرگ ئامادەکراوە.

٥- دیاریکردنی لیژنەی مەرکەزی بەسەرۆکایەتی بەڕێز بەڕێوبەری گشتی کارەباو ئەندامی بەڕێوبەری ژمێریاری و نوێنەری فەرمانگەی تایبەتدار بۆ کڕینی پێداویستیەکانی کارەبا.

٦- دانانی لیژنەیەکی بەسەرۆکایەتی بەڕێز بەڕێوبەری گشتی کارەبا بۆ فرۆشتنی ئەو مۆلیدە غازیەی کە لای بەڕێوبەرایەتی بەرهەمە بۆ گواستنەوەیووزەی کارەبا هەیە وە ئێستا پێویستیان پێی نیە.

٧- تەکلیف کردنی بەڕێز بریکاری وەزارەتی پیشەسازی بۆ ماوەیەکی شەشرۆژ کە بە بەردەوامی وەک بەڕێوبەری کارگەی چیمەتۆی تاسلۆجە دەوام

بکات وە بەڕێز بەڕێوبەری کاریگەی چیمەتۆ وەک بەڕێوبەری چیمەنتۆی سەرچنار دەوام بکات.

٨- هەوڵبدرێت بڕی چیمەتۆی بەرهەم هێنراو بگەیندرێتە (١٠٠٠) تەنرۆژانە وەهەروەها بڕی فرۆشراویش زیاد بکرێت.

٩- گۆڕینی نرخییەک تەن چینەتۆی فەل بکرێت بە(٨٠٠) دینار بەڵام نرخی فرۆشتنی چیمەتۆی کەپس وەک خۆی بەنرخی (٤٠) دۆلار بۆیەک تەن بمێنێتەوە.

١٠- مانگی (٢٠٠)دینار بۆ هەر کارمەندێک لەو کارمەندان خەرج بکرێت کە ئەرکی پارێزگاری کارگەی چیمەتۆی تاسلوجە و سەرچناریان لە ئەستۆدایە.

١١- هەوڵ بدرێت بازاڕ بۆ فرۆشتنی جگەرە بدۆزرێتەوە بە نرخی (٧٠) دۆلار بۆ هەر کارتۆنێک وە لە هەمان کاتدا هەوڵ بدرێت کەرەستە و پێداویستیەکانی ئیشکردنی کارگەی جگەرە دابین بکرێت بۆ ئەوەی وەک سەرچاوەیەکی داهات ڕۆڵی خۆی ببنێ.

١٢- بۆ کۆبونەوەی ئاییندە پێویستە هەموو کارگە و فەرمانگەکان بودجەی خەرج و داهاتی ساڵی ١٩٩٧یان ئامادەکردبێت تا لەسەری لێکۆڵینەوە بکرێت.

١٣- گۆڕینی بەڕێوبەری دابەشکردنی کارەبای کەرکوک وە گەڕانەوەی بەڕێز (محمد یاسین) وەک بەڕێوبەری دابەشکردنی کارەبای کەرکوک وە دیاریکردنی کادیرێکی بەتوانا بۆ وێستگەی دەربەندیخان.

ب.گ.ب.چ دارای

٣/٤

## بەڵگەنامەی ژمارە (١٣٠)

## کۆنوس

بەمەبەستی جێبەجێکردنی ڕێنماییەکانی بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێم بۆ وەزارەتی پیشەسازی و وزە. ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٨/٣/٨ بە سەرپەرشتی بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێم وە ئامادەبوونی بەڕێزان وەزیری دارایی و ئابووری وە وەزیری پیشەسازی و ووزە وە بریکاری وەزارەتی پیشەسازی وە بەڕێوبەری گشتی دارایی لە وەزارەتی دارایی وە بەڕێوبەرە گشتیەکانی وەزارەتی پیشەسازی وە بەڕێوبەری کارگە و فەرمانگەکانی وەزارەت کۆبونەوەیەکی فراوان کە تەواوکەری کۆبونەوەیرۆژی ١٩٩٨/٣/١ پێشەکی داوا لە بەڕێوەبەری کارگە و فەرمانگەکان کرا بە کورتی نەخشەی خەرجی و داهاتی ساڵی ١٩٩٧ی تایبەت بە فەرمانگەکەی بخاتەڕوو وە داوی لێکۆڵینەوەی تەواو لە سەری لەلایەن بەڕێز سەرۆکی حکومەتەوە، بەڕێزی دوای هەڵسەنگاندنی ئەو پێشنیارانەی کە لەلایەن ئامادەبووانە بەرزکرایەوە لەم بڕیارانەی لای خوارەوەیدا:

١- فرۆشتنی بەرهەمی کارگەی جگەرەی سلێمانی لە فرۆشتنی جگەرەی سۆمەری وەرەقی بە نرخی ٦٧/ تەنها شەست و حەوت دۆلار بۆ هەر کارتۆنێک.

٢- دابەشکردنی ئەو پارچە زەویانەی کە هەردوو کارگەی جگەرەی سلێمانی[٢١٣] و چیمەنتۆی سلێمانی[٢١٤] هەیانە بەسەر کارمەندەکان بە گوێرەی خاڵی دیاریکراو بەمەرجی پێشینە بۆ ئەوانەبێت پێشڕاپەڕین لەسەر کوردایەتی لە خانووی خۆیان دەرکراون.

٣- هەوڵدان بۆ زیادکردنی هێڵی دووەمی بەرهەمهێنان لە کارگەی چیمەنتۆی سەرچنار.

---

[٢١٣] ساڵی ١٩٥٦-١٩٥٧ بنیاتنراوەو ساڵی ١٩٦١ بەرهەمی دەرکردوە. لەدوای ڕاپەڕینەکەوە بەرهەمی کەمبۆتەوە لە ساڵی ٢٠٠٥ بەتەواوی کارگەکە داخراوەو لە ساڵی ٢٠١٦ بڕیاردرا شوێنەکەی بکرێتە ناوەندی ڕۆشنبیری و سەرجەم ماکینەکانی دانرا بۆ فرۆشتن.

[٢١٤] کارگەی چیمەنتۆی سەرچنار لە ساڵی ١٩٥٧ لە لایەن ئەنجومەنی ئاوەدانکردنەوی عیراقەوە دامەزراوە کە توانای بەرهەمهینانی ١٠٠،٠٠٠ تەن بووە لە ساڵێکدا. لە ساڵی ٢٠٠٨ لە لایەن حکومەتی هەریمەوە داخرا بەهۆی کۆنبونی کارگەکەوە.

٤- دامەزراندنی (٦٠) کارمەند وەک پاسەوان بۆ کارگەی چیمەنتۆی سلێمانی.

٥- کاری پێویست بکرێت بۆ کردنەوەی چێشتخانەی کارگەی چیمەنتۆی سلێمانی.

٦- وەرگرتنی تەنها (٢٠) تەنها بیست دینار لە هەریەک لە هاوبەشەکانی کارەبا و (٥٠) تەنها پەنجادینار لە هەریەک لە هاوبەشە پیشەسازی و بازرگانی کارەبا لەلایەن بەڕێوبەرێتی دابەشکردنی کارەبا.

٧- بەخشینی دەرماڵەی تایبەت بە بڕی (٣٠٠) تەنها سێ سەد دینار بۆ هەریەک لە کارمەندانی بەرپرسەکان بەبێ نوسراوی ئەنجومەنی وەزیران ژمارەی( ) ڕۆژی ....

٨- ئامادەکردنیڕاپۆرتێک بە دیاریکردنی نرخییەکیەکەی کارەبا بەشێوەیەکی نوێ و ستونی (تصاعدي) بۆ ئەوەی لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پەسەندبکرێت.

٩- دیاریکردنی کاتێکی گونجاو بۆ کۆبونەوەیەک لەگەڵ بەڕێوەبەری گشتی کارەباو بەڕێوبەری فەرمانگەکانی بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر پێداویستیەکانیان و چارەسەری کێشەکانیان.

١٠- دابینکردنی (-/٢٥٠٠٠)تەنها بیست و پێنج هەزار دینار بۆ دروستکردنی نیشانەی (علامة عذب) بۆ بوتڵەکانی کارگەی ئاوی کانزای ئاوی بانی خێڵان.

١١- ئامادەکردنیڕاپۆرتێک لەلایەن بەڕێوبەری نەوتەوە سەبارەت بە بڕی داهاتی نەوتو بڕی فرۆشراوی.

١٢- بڕیاردرا ئەو مۆلیدە غازەی لەلایەن بەڕێوبەرایەتی بەرهەمی گواستنەوەی وزە هەیەتی کە لە کۆبونەوەیرۆژی ١٩٩٨/٣/١ باس کرا لە فرۆشتنی بە بڕی(٢) تەنها دوومليۆن کەمتر نەفرۆشرێت.

١٣- خەرج كردنی دەرماڵەی هەڵگەڕان (التسلق) بۆ ١٨ كارمەندی بەڕێوبەرایەتی بەرهەم و گواستەوەی وزەی كارەبا.

١٤- دابینكردنی بینایەی تایبەت بۆ هەریەک لە بەڕێوەبەری گشتی كارەبا و بەڕێوبەری گشتی نەوت و كانزاكان و بەڕێوبەری گشتی تەكنیک و بەرهەم بۆ ئەوەی زیاتر بتوانن ئەركەكانی سەرشانیان بۆ پێشخستنی فەرمانگەكانیان ئەنجام بدەن.

١٥- دانانی بەڕێوبەرێكی پسپۆڕ بۆ بەڕێوەبەرایێتی نەوتی كەركوک.

## کۆنووس

بە سەرپەرشتی بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێم ڕۆژی ١/٣/١٩٩٨ لە دیوانی وەزارەتی پیشەسازی و وزە وە ئامادەبوونی هەردوو بەڕێز وەزیری پیشەسازی و بریکاری وەزارەت کۆبوونەوەیەکی فراوان کرا لەگەڵ سەرجەم بەڕێوەبەرە گشتییەکان و بەڕێوەبەری کارگە و فەرمانگەکانی وەزارەت .

لەم کۆبوونەوەیەدا بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێم باسی گرنگی ڕۆڵ وەزارەتی پیشەسازی و وزەی کرد کە یەکێکە لە سەرچاوە سەرەکییەکانی داهاتی حکومەت کە پێویستە بایەخێکی زۆری پێ بدرێت زۆربەی خەرجییە لاوەکییەکان کەم بکرێتەوە وە ئەعیان وە چارەسەر بدۆزرێتەوە بۆ ئەو کێشانەی بوونەتە هۆی کەم بوونی بەرهەمی کارگەکان وە یان نەفرۆشتنی لە بازاڕدا .

وە دوای هەڵسەنگاندنی بار و دۆخی ئەمڕۆی ئابووری حکومەتی هەرێم بڕیاردرا بە پیاچوونەوەی ئاستی خەرجییەکانی کارگە و فەرمانگەکانی وەزارەت بە مەبەستی دیاری کردنی ئاستێکی گونجاو بۆ ماوەی داهاتووتا کاتی پەسەند کردنی بودجەی ساڵی /١٩٩٨ لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە هەروەلیش بدرێت لەو ئاستەش خەرجییەکان کەمترین تا ئەتوانرێت مووچەی هەموو فەرمانبەران دابین بکرێت وە ئەو ئاستەش بەم شێوەیەی لای خوارەوە دیاری کرا .

| بڕی پارەی تەرخان کراوە بۆ یەک مانگ | | ناوی کارگە و فەرمانگەکان |
|---|---|---|
| فلس | دینار | |
| – | ٤٠٠٠٠ | وێستگەی دوکان |
| – | ٣٥٠٠٠ | وێستگەی دەربەندیخان |
| – | ١٥٠٠٠ | بەشی گەیاندن « الاتصالات » |
| – | ٤٠٠٠٠ | بەشی هێڵەکان « الخطوط » |
| – | ٣٠٠٠٠ | ئیدارەی تەولید |
| – | ١٦٠٠٠٠ | تەنها سەد و شەست هەزار بۆ سەرجەم بەڕێوەبەرایەتی بەرهەم و گواستنەوەی وزەی کارەبا |
| – | ٢٢٠٠٠٠ | بۆ بەڕێوەبەرایەتی دابەشکردنی کارەبای سلێمانی |
| – | ١٢٠٠٠٠ | بۆ بەڕێوەبەرایەتی وێستگەکانی گۆڕین |
| – | ١٥٠٠٠ | بەڕێوەبەرایەتی بەربەستی دوکان |
| – | ١٥٠٠٠ | بەڕێوەبەرایەتی بەربەستی دەربەندیخان |
| – | ٧٠٠٠٠ | بۆ بەڕێوەبەرایەتی دابەشکردنی کارەبای کەرکوک |
| – | ١٥٠٠٠ | کارگەی ئاوی کانزایی بانی خێلان |
| – | ١٥٠٠٠ | کارگەی خوێ یۆدی بانیان |
| – | ٩٠٠٠٠ | کارگەی جلوبەرگی ئامادەکراو |
| – | ٤٠٠٠٠ | کارگەی جگەرە و پوختەکردنی توتن |
| – | ٤٠٠٠٠ | کانەکانی بەردی سلێمانی |

وە بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێم لە هەمان کۆبوونەوەدا ئەم بڕیارانەی لای خوارەوەدا .

بەڵگەنامەی ژمارە (١٢٩)

١- دیاری کردنی دوو مستشار بۆ دیوانی وەزارەت و جانە نشین کردنی ئەوانەی کە زیادن .
٢- کڕینی دوو ئۆتۆمبێل پیکاب تۆیتا . بۆ بەشی هێڵەکان لە بەڕێوەبەرایەتی بەرهەمهێنانی کارەبا .
٣- کڕینی ﴿ ٣ ﴾ جیهازی ڕاکاڵ بۆ بەشی هێڵەکان لە بەڵاوبەرایەتی بەرهەم و گواستنەوەی وزەی کارەبا .
٤- دابین کردنی بەدلەی پێویست بۆ بەڕێوەبەرایەتی بەرهەم و گواستنەوەی وزەی کارەبا لەلایەن کارگەی جلوبەرگی ئامادە کراوەوە .
٥- دیاری کردنی لیژنەیەکی مەرکەزی بە سەرۆکایەتی بەڕێز بەڕێوەبەری گشتی کارەبا و ئەندامی بەڕێوەبەری ژمێریاری و نوێنەری فەرمانگەی تایبەتدار بۆ کڕینی هەموو پێداویستیەکانی کارەبا .
٦- دانانی لیژنەیەکی بەسەرۆکایەتی بەڕێز بەڕێوەبەری گشتی بارەبا بۆ فرۆشتنی ئەو مولیدە خانەی کە لای بەڕێوەبەرایەتی بەرهەمە بۆ گواستنەوەی وزەی کارەبا هەیە وئێستا پێویستیان پێ نیە .
٧- تەکلیف کردنی بەڕێز بریکاری وەزارەتی پیشەسازی بۆ ماوەیەکی شەش ڕۆژ کە بەبەردەوامی وەك بەڕێوەبەری کارگەی چیمەنتۆی تاسلوجە دەوام بکات وە بەڕێز بەڕێوەبەری کارگەکانی چیمەنتۆ وەك بەڕێوەبەری چیمەنتۆی سەرچنار دەوام بکات .
٨- هەول بدرێت بڕی چیمەنتۆی بەرهەم هێنراو بگەیەنرێتە ﴿ ١٠٠٠ ﴾ تەن ڕۆژانە وە هەروەها بڕی فرۆشراویش زیاد بکرێت .
٩- گۆڕینی نرخی یەك تەن چیمەنتۆی فەل بکرێت بە ﴿ ٨٠٠ ﴾ دینار بەڵام نرخی فرۆشتنی چیمەنتۆی کە بەس وەك خۆی بە نرخی ﴿ ٤٠ ﴾ دۆلار بۆ یەك تەن بمێنێتەوە .
١٠- مانگی ﴿ ٢٠٠ ﴾ دینار بۆ هەر کارمەندێك لە کارمەندانە خەرج بکرێت کە ئەرکی پاریزگای کارگەی چیمەنتۆی تاسلوجە وە سەرچناریان لە ئەستۆدایە .
١١- هەول بدرێت بازار بۆ فرۆشتنی جگەرە بدۆزرێتەوە وە بە نرخی ﴿ ٧٠ ﴾ دۆلار بۆ هەر کارتۆنێك وە لە هەمان کاتدا هەول بدرێت کەرەستە و پێداویستەکانی ئیشکردنی کارگەی جگەرە دابین بکرێت بۆ ئەوەی وەك سەرچاوەیەکی داهات ڕۆڵی خۆی ببینن .
١٢- بۆ کۆبونەوەی ئاییندە پێویستە هەموو کارگە و فەرمانگەکان بودجەی خەرج وە داهاتی ساڵی /١٩٩٧ یان ئامادە کردبێت تا لە سەری لێکۆڵینەوە بکرێت .
١٣- گۆڕینی بەڕێوەبەری دابەشکردنی کارەبای کەرکوك وە گەڕانەوەی بەڕێز ﴿ محمد یاسین ﴾ وەك بەڕێوەبەری دابەشکردنی کارەبای کەرکوك وە دیاری کردنی کادرێکی بە توانا بۆ پێگەی دەربەندیخان .

ب.گ.ب.چ دارایی
٣/٤

بەڵگەنامەی ژمارە (١٢٩)

## کۆنوس

[redacted]

بەمەبەستی جێ بەجێ کردنی ڕێنمایەکانی بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێم بۆ وەزارەتی پیشەسازی و ووزە . ڕۆژی یەک شەممە ڕێکەوتی ٨/٣/١٩٩٨ بەسەرپەرشتی بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێم وە ئامادەبوونی بەڕێزان وەزیری دارایی وئابووری وە وەزیری پیشەسازی و ووزە وە بریکاری وەزارەتی پیشەسازی وەبەڕێوەبەری گشتی دارایی لە وەزارەتی دارایی وەبەڕێوەبەرە گشتیەکانی وەزارەتی پیشەسازی وەبەڕێوەبەری کارگەو فەرمانگەکانی وەزارەت کۆبونەوەیەکی فراوان کرا کە تەواوکەری کۆبونەوەی ڕۆژی ١/٣/١٩٩٨ پێشەکی داوا لەبەڕێوەبەری کارگەو فەرمانگەکان کرا کە بە کورتی خشتەی خەرجی وداهاتی ساڵی /١٩٩٧ی تایبەت بەفەرمانگەکەی بخاتە ڕوو وەدوای لێکۆلینەوەی تەواو لە سەری لەلایەن بەڕێز سەرۆکی حکومەتەوە . بەڕێزی دوای هەڵسەنگاندنی ئەو پێشنیارانەی کەلەلایەن ئامادە بوانەوە بەرز کرایەوە ئەم بڕیارانەی لای خوارەوەیدا .

١- فرۆشتنی بەرهەمی کارگەی جگەرەی سلێمانی لە جگەرەی سومەری وەرەقی بەنرخی ٦٧/ تەنها شەست و حەوت دۆلار بۆ هەر کارتۆنێک .

٢- دابەشکردنی ئەو پارچە زەویانەی کەهەردوو کارگەی جگەرەی سلێمانی وچیمەنتۆی سلێمانی هەیانە بەسەر کارمەندەکان بەگوێرەی خاڵ دیاریکراو بەمەرجی پێشینە بۆ ئەوانە بێت پێش ڕاپەرین لەسەر کوردایەتی لە خانوی خۆیان دەرکراون .

٣- هەوڵدان بۆ زیادکردنی هێڵی دووەمی بەرهەم هێنان لە کارگەی پاچیمەنتۆی سەرچنار .

٤- دامەزراندنی ﴿ ٦٠ ﴾ کارمەند وەک پاسەوان بۆ کارگەی چیمەنتۆی سلێمانی .

٥- کاری پێویست بکرێت بۆ کردنەوەی چێشت خانەی کارگەی چیمەنتۆی سلێمانی .

٦- وەرگرتنی ﴿ ٢٠ ﴾ تەنها بیست دینار لە هەریەک لە هاوبەشەکانی کارەبا و ﴿ ٥٠ ﴾ تەنها پەنجا دینار لە هەریەک لەمابەشە پیشەسازی و بازرگانیەکانی کارەبا لەلایەن بەڕێوەبەریەتی دابەشکردنی کارەبا .

٧- بەخشینی دەرماڵەی تایبەت بەبڕی ﴿ ٣٠٠ ﴾ تەنها سێ سەد دینار بۆ هەریەک کارمەندانی بەرپرسەکان بەپێی نوسراوی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە ﴿ ﴾ لەڕۆژی /

٨- ئامادە کردنی ڕاپۆرتێک بەدیاری کردنی نرخی یەکەیەکەی کارەبا بەشێوەیەکی نوێ و ستونی ﴿ تصاعدي ﴾ بۆ ئەوەی لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پەسەند بکرێت .

٩- دیاری کردنی کاتێکی گونجاو بۆ کۆبونەوەیەک لەگەڵ بەڕێوەبەری گشتی کارەبا و بەڕێوەبەری فەرمانگەکانی بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر ڕێنماوییەکانیان و چارەسەر کردنی کێشەکانیان .

١٠- دابین کردنی ﴿ -/٢٥٠٠٠ ﴾ تەنها بیست و پێنج هەزار دینار بۆ دروست کردنی نیشانەی ﴿ علامة علب ﴾ بۆ بوتڵەکانی کارگەی ئاوی کانزایی ئاوی بانی خێلان .

١١- ئامادە کردنی ڕاپۆرتێک لەلایەن بەڕێوەبەری نەوتەوە سەبارەت بەبڕی هاتوی نەوت بڕی فرۆشراوی .

١٢- بڕیار درا ئەو مولیدە غازەی کە بەڕێوەبەرایەتی بەرهەمی گواستنەوەی وەزە هەیەتی کە لە کۆبونەوەی ڕۆژی ١/٣/١٩٩٨ باس کرا لەفرۆشتنی بەبڕی ﴿ ٢ ﴾ تەنها دوو ملیۆن کەمتر نەفرۆشرێت .

١٣- خەرجکردنی دەرماڵەی هەڵگران ﴿ الشاق ﴾ بۆ ﴿ ١٨ ﴾ کارمەندی بەڕێوەبەرایەتی بەرهەم و گواستنەوەی وەزەی کارەبا .

١٤- دابین کردنی پیتاکەی تایبەت بۆ هەریەک لە بەڕێوەبەری گشتی کارەبا وبەڕێوەبەری گشتی نەوت کانزاکان و بەڕێوەبەری گشتی ئەکیلک وبەرهەم بۆ ئەوەی زیاتر بتوانن ئەرکەکانی سەرشانیان بۆ پێش خستنی فەرمانگەکانیان ئەنجام بدەن .

١٥- دانانی بەڕێوەبەرێکی پسپۆر بۆ بەڕێوەبەرایەتی نەوتی کەرکوک .

بەڵگەنامەی ژمارە (١٣٠)

# ١١

# پارتەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

# پارتەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان

پرسی پارتە کوردییە ئێرانیەکان، گرنگترین فایل بوو، لەسەرجەم دانوستانەکانی ئێران لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا. ئەم پارتە کوردیانە بە سود وەرگرتن لە جەنگی هەشت ساڵە، توانیبویان لەسەر سنووری کوردستانی عێراقدا بارەگاکانیان دامەزرێنن‌و لەوێوە هێرشیان دەکردە سەر ئێران، کە ئەمەش جێگای خۆشحاڵی عێراق بوو[٢١٥].

گرنگترین ئەو پارتە کوردیانەی ئێران بریتی بوون لەحزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، رێکخراوی کوردستانی حزبی کۆمۆنیستی ئێران (کۆمەڵە)، سازمانی خەباتی نەتەوەیی کوردستان، یەکێتی شۆرشگێرانی کوردستان[٢١٦]. ئەم گروپانە لە دوای دامەزراندنی دەسەڵات لە هەرێمی کوردستان، زیانێکی گەورەیان لێکەوت، بەپێی ئەو زانیاریە وردانەی کە نوسەر (فەرهاد عێراقی) بڵاویکردونەتەوە، لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٩١-١٩٩٧)، ئەم پارتانەی سەرەوە، (٢٢٥) پێشمەرگەو لایەنگریان تیرۆرکراون، کە زۆرینەیان سەر بە (ح.د.ک.ا) بوون[٢١٧]. هاوکات نوسەرێکی تر ژمارەی هەڵسوراوانی سیاسی رۆژهەڵاتی کوردستان کە لە ساڵانی (١٩٩١-١٩٩٧) لە هەرێمی کوردستان تیرۆر کراون بە (١٧١) پێشمەرگە دادەنێت[٢١٨].

---

[٢١٥]حامد محمود عیسی: المشكلة الكوردیه فی شرق الاوسط، مطبعه المدبولی، القاهرة، ١٩٩١، ص٤٤٣

[٢١٦]پارتێکی نەتەوەیی ئیسلامی سوننە مەزهەبە لە ٢٧ی ئۆگستۆسی ١٩٨٠ لە لایەن جەلالەدین حوسەینی برای عزەدین حوسوینی دامەزراوە. تا ئێستا چوار کۆنگرەی بەستووەو ئێستا بابا شێخ کوری شێخ جەلال حوسەینی سکرتێری ئەوپارتەی http://www.sazmanixebat.org

[٢١٧]بۆ ئەم زانیاریانە سود وەرگیراوە لە سەرجەم کتێبەکەی، فەرهاد عێراقی: کوردستانی عێراق‌و تیرۆری نەیارانی سیاسی ئێرانی، بێ شوێنی چاپ کردن، ٢٠٠١. ص ص١١-٧٣.

[٢١٨]بۆ زانیاری زیاتر لەسەر شوێن‌و کاتی ئەنجامدانی ئەو کارە تیرۆرستیانە لەگەڵ ناوی تیرۆرکراوان، بروانە، بەهمەن سەعیدی: سێ ساڵ لەگەڵ ئیبراهیم عەلیزادە سکرتێری کۆمەڵە، چاپخانەی رەنج، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل ل٤٥٦-٤٦٨.

کۆمەڵێک هۆکار هەبوون وای لە لایەنی ئێرانی کردبوو، کە ترسی لەپارتە کوردیەکان هەبێت، لەو هۆکارانە، بارەگای سەرەکی ئەو پارتانە لە هەرێمی کوردستانو لەناو هەرێمیشدا لەسەر سنورەکانی ئێران بوون. ئەمە لەکاتیکدا بوو هەرێمی کوردستان بەهۆی تازە دامەزراندنیو هەروەها نەبونی ئەزموونی دەسەلات، نەبوونی توانای مادیو سەربازی، نەیدەتوانی سنورە نێودەوڵەتیەکان بپارێزێتو رێگری لە چالاکیەکانی ئەو پارتانە بکات. لە هەموویان گرنگتر، بەهۆی ئەوەی کە دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان هیچ بنەمایەکی یاسایی نێودەوڵەتی نەبوو، بۆیە هیچ ئیلتزامێکی نێودەوڵەتی لەسەر شان نەبوو بۆ پاراستنی سنورەکان لە دژی نەیارانی دەوڵەتانی دراوسێ. هەموو ئەمانە ترسی ئێرانی بەرهەمهێنابوو.

ئێران توانی لەسەر بنەمای ئەو ترسە گەورەترین سود وەربگرێت لە هەرێمی کوردستان بۆ لەناوبردنی نەیارەکانی لەو هەرێمەدا، ئەمەش بەچەندین شێوە لەوانە: موشەکبارنکردنی بارەگاکان، شالاوی فرۆکە بۆ سەر بارەگاکان، رفاندن، دەرمانخواردکردن، بۆسەدانان لەسەر رێگاکان، تەقینەوە بە تی ئن تی، بەکارهێنانیRBG7 ، هاوەن. ئەم کارانەی لە چەند کەناڵێکەوە بە ئەنجام دەگەیاند لەوانە:

• نوسینگە فەرمییەکانی ئێران لە هەرێمی کوردستاندا، ئەو نوسینگانە لە هەرسێ پارێزگای هەرێمی کوردستان و شارۆچکەکانی دەربەندیخان و هاوینە هەواری صەلاحەدین کراوە بوون.

• ئەو پارتە کوردیانەی کە لە شەری هەشت ساڵەدا ئێران بۆ کوردە عێراقیەکانی دروست کردبوو، لەوانە حزب اللەی شۆرشگێر[٢١٩]، کە بارەگای

[٢١٩] رێکخراوێکی سەر بە بزوتنەوەی کوردییە لە باشووری کوردستانو لە ساڵی ١٩٨٣ لە لایەن ئەدهەم عوسمان بەرزانی لە شارۆچکەی نەغەدە لە ئێران پێکهاتوەو ئەندامەکانی لە بەرزانییە ئاوارەکانی ئێران بوون. لە دوای راپەرین بارەگایان لە شارۆچکەکانی دیانەوو چۆمانو حاجی ئۆمەران هەبوو. هاوکات نوسینگەیان لە ئێران هەبوو. دواتر چونە ناو (پ.د.ک). ارکان حمە امين الزرداوي، ص ١٥٩.

سەرەکی لە شارۆچکەی دییانە بوو، لە لایەن پارتە ئێرانییەکانەوە تۆمەتبار دەکرا بەوەی، کە پێشمەرگەی پارتە ئێرانییەکانی دەفڕاند یان تیرۆریدەکردن[٢٢٠].

• ئەو پارتە کوردیانەی کوردستانی عێراق کە دەکەوتنە ژێر باری فشارەکانی ئێران.

• هاندانی خەڵک لە ڕێگای بەخشینی پارەوە بۆ دەرکردنی بارەگای پارتە ئێرانییەکان، سکرتێری گشتی (ح.د.ک.ا) عەبدوللای حەسەن زادە دەڵێت:" رژێم خەڵکی ناوچەکەی لێ هانداین‌و بەڵێنی پێدابوون، کە ماڵی (٣٠٠) هەزار تمەنیان ئەداتێ ئەگەر (ح.د.ک.ا) دەربکەن"[٢٢١]. هەمان زانیاری لە نامەیەکی نوێنەری (ب.ئ.ک) بۆ فەرماندەی سەنتەری نەسر جەختی لەسەر کراوەتەوە کە تیایدا هاتووە، "دوو ئوتومبێلمان ناردووە بۆ (بۆڵێ) و (پشت ئاشان){بارەگای سەرەکی(ح.د.ک.ا) لێ بوو}، بۆ کۆکردنەوەی زانیاریی لەسەر معارەزە، بەڵام چاویان پێ نەکەوتبوو، بەڵکو چاویان بە خێڵەکانی ناوچەکە کەوتبوو وە پەیمانیان داوە، کە لە ناوچەکەی خۆیان دەریان بکەن[٢٢٢]".

ئێران بەردەوام لە دانیشتنەکاندا چەند داواکارییەکی لە پارتە کوردییەکانی عێراق هەبوو، لەوانە لە ڕێگای ئەمانەوە داوای دەکرد، کە پارتە ئێرانیەکان چەک دابنێن، سەرۆکی دەزگای هەواڵگری (جەعفەر رەحیمی)و سەرۆکی دەزگای هەواڵگری سوپای پاسداران لە ڕێگای بارزانیەوە داوایان لە (ح.د.ک.ا) کردبوو، کە چەک دابنێن. هەروەها بەردەوام داوای لە حزبە کوردییەکانی هەرێم دەکرد، کە بارەگاکانی پارتە ئێرانیەکان لەسەر سنووری ئێران بۆ قوڵایی هەرێم دوور بخەنەوە، جگە لەمە فشاریان دەخستنە سەر بۆ داخستنی ئیزگەکانیان‌و هەروەها ئێران لە ڕێگای پارتە کوردییەکانی هەرێمی کوردستانەوە فشاریان خستونەتە سەر بۆ ڕاگرتنی پەیوەندیەکانیان بە دەوڵەتانی ئەورووپاو ئەمریکاوە[٢٢٣].

---

[٢٢٠] منظمة حقوق الانسانفي كردستان: ١ حزيران ١٩٩٥، أربيل.

[٢٢١] عەبدول رەحمان قاسملۆو هاوڕێکەی: پەنجا ساڵ خەبات لە پێناوی کوردستان، ل٦١٦

[٢٢٢] وثائق الادانة: وثيقة رقم: (٧٦)

[٢٢٣] کریس کۆچیدا: بزوتنەوەی نەتەوایەتی کورد هیوای سەربەخۆیی، بەرگی دووەم، ل ل١١٧-١١٨.

ئەم داواکاریانەی ئێران پێش شەری ناوخۆ وەڵامدانەوەیەکی پێویستی لە لایەن دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان نەبوو. نەک هەر ئەوە، بەڵکو پارتەکانی هەرێمەکە و حکومەتی هەرێمو پەرلەمانی هەرێمی کوردستان بە توندی ئیدانەی ئێرانیان کرد لە ئەنجامی تیرۆرکردنی سادقی شەرەفکەندی لە بەرلین[224]. هەر بۆیە ئێران راستەوخۆو بە بێ یاریدەی هەرێمی کوردستان هێرشی دەکردە سەر بارەگاکانی پارتە ئێرانییەکان، بە بەکارهێنانی فرۆکەو تۆپخانەو هەندێجار سوپای زەمینی، وەک بە درێژای ساڵی ١٩٩٣ ئەم کارەی ئەنجام دا. دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستانو دانیشتوانەکەی بندەستیان درێخییان لە یارمەتیدانی مرۆیی ئەو پێشمەرگەو خێزانانە نەدەکرد، کە کەوتبوونە بەر شاڵاوی سوپای ئێران، لەرووی سەربازیشەوە رووبەرووبونەوەی سەربازی لە نێوان سوپای هەرێمی کوردستانو سوپای ئێران روویداو لە هەردولا دیل و دەسبەسەر هەبوو[225]. شاندی (ح.د.ک.ا) بۆ لای هەردوو پارتی دەسەڵاتدارانی هەرێم وەڵامی ئەرێنییان وەرگرتبوو بۆ پشگیری کردنیان. عەبدوڵای حەسەن زادە لەو بارەیەوە دەڵێت: " دیموکرات شاندێکی ناردە لای یەکێتیو پارتی، شاندەکە چووەی لای کاک کۆسرەتو پێی وتین: " مام جەلال لێرە نییە، با کاک مەسعود لە جیاتی مام جەلال فەرمان بدات". دواتر چوینە لای کاک مەسعود، ئەو پێی وتین" هێزەکانی یەکێتیو پارتی لەژێر فەرمانی حزبی دیموکراتدان، ئەگەر پێویستیشی کرد بۆ خۆشم وەک پێشمەرگەی حبزبی دیموکرات بەرامبەر پەلاماری ئێران دەچمە سەنگەر[226].

ئەم هەڵوێستەی هەرێمی کوردستان تا دەسپێکردنی شەری ناوخۆ لە ساڵی (١٩٩٤) بەردەوام بوو، بەڵام بە سەرهەڵدانی شەر، فشارەکانی ئێران بۆ سەر (ی.ن.ک) زیاتر بوو، چونکە ئەم پارتەی پێشوو داوای هەڵوێستی بێلایەنی ئێرانی دەکرد لەشەری ناوخۆ، دواتر لەژێر پاڵەپەستۆی گەرموگوڕ بوونی شەڕ، هەر

---

[224]کوردستانی نوێ "رۆژنامە"، ژمارە(١٩٦)، ١٩٩٢/٩/٢١.

[225]کوردستانی نوێ "رۆژنامە"،(٤٤٧)، ١٩٩٣/٧/٢٨

[226]عەبدول رەحمان قاسملۆو هاورێکەی: پەنجا ساڵ خەبات لە پێناوی کوردستان، ل ل٦١٠-٦١١

ئەم پارتە داوای پاڵپشتی سیاسیو سەربازیو ئابووری لە ئێران دەکرد، مەرجی سەرەکی ئێرانیش کپ کردنی پارتەکانی ئێران بوو.

(ی.ن.ک) هەوڵی دەدا کە باڵانسێک رابگرێت لە نێوان داواکارییەکانی ئێرانو فشار خستنە سەر پارتە ئێرانییەکان، لە لایەک داوای لە ئێران دەکرد، کە هەڵوێستی نیشتمانی پارتەکەی رێگە نادات هێندە فشار بخاتە سەر (ح.د.ک.ا)و بە هۆیەوە ئەو پارتە ئێرانییە روو بکاتە ناوچەکانی بن دەسەڵاتی (پ.د.ک)، ئەمەش لە قازانجی پێگەی سیاسی (ی.ن.ک) نابێت. لە لایەکی تر فشاری دەخستە سەر ئەو حزبە واتە (ح.د.ک.ا)، بۆ ئەوەی دەسبەرداری کاری چەکداری بێتو رازی بێت بە دانوستان لەگەڵ ئێراندا[٢٢٧]. (ی.ن.ک) لەم هەوڵانەی خۆی بەردەوام بوو، بەڵام بە گەرمبوونی جەنگی ناوخۆو توند بونی گەمارۆ ئابووریەکانی (پ.د.ک) لەسەر ناوچەی (ی.ن.ک)، ئەم پارتەی دوایی رێگای بە سوپای پاسدارانی ئێراندا، کە لە خاڵی سنوری باشماخەوە هێرش بکەنە سەر (ح.د.ک.ا) لە شارۆچکەی کۆیە، لە ٢٧ی یۆلیۆی ١٩٩٦. لەم بارەیەوە فوئاد معسوم کە ئەندامی مەکتەبی سیاسی (ی.ن.ک) بوو وتی، "ئێمە پێشتر دەمانزانی کە دێن(مەبەستی سوپای ئێرانە)، بەڵام نەماندەزانی کەیو چۆن. ئێران وتبوی ئەگەر ئەوان چارەسەری دیموکرات (ح.د.ک.ا) نەکەن ئەوا خۆیان دێنو ئەو کارە دەکەن. ئێمە بە دیموکراتمان گوتبوو کە دەبێت بە شێوەیەک کار بکەن کە ئێران شەڕی ئابووریمان نەکات. بە تایبەت ئێمە هیچ رێگەیەکی دیکەمان بۆ هێنانی کەلوپەلو هاتوچۆو چارەسەری نەخۆشو بریندارنیە[٢٢٨].

ئەم پرۆسەیەی ئێران دوو ئەنجامی لێکەوتەوە، یەکەمیان رێکەوتنامەی نێوان (ی.ن.ک)و (ح.د.ک.ا) بوو لەسەر ئەوەی، کە (ی.ن.ک) ئاسایشی بارەگاو ئەندامەکانی (ح.د.ک.ا) لە هەرێمی کوردستان دەپارێزێت لەبەرامبەردا ئەم پارتەی دوایی بەرنامەی کارو تێکۆشانی دووبارە دابرێژێتەوە بە شێوەیەک، کە بەرژەوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستانو ئێران بپارێزێت[٢٢٩]. ئەنجامی

---

[٢٢٧] الاقتتال الداخلی فی کوردستان العراق، کیف اندلع ومن المسول عنه، ص٣٤٩-٣٥٠.

[٢٢٨] کوردستانی نوێ. رۆژنامە. ژمارە (١٣٥٢)، ١٩٩٦/٨/٦

[٢٢٩] کوردستانی نوێ. رۆژنامە. ژمارە (١٣٥١)، ١٩٩٦/٨/٥

دووەم ئەوە بوو، کە ئێران لەبەرامبەر ڕێگەخۆشکردنی (ی.ن.ک) بۆ پرۆسەی سەربازییەکەی، پشگیری لۆجستی (ی.ن.ک)ی کرد لە جەنگی ناوخۆدا. ئەم پشگیریە هۆکاری سەرەکی بوو بۆ نزیکبونەوەی (پ.د.ک)و بەغداد، کە بە هۆیەوە لە ٣١ی ئۆگستۆسی ١٩٩٦، سوپای عێراقی هەولێری داگیرکردو ڕادەستی (پ.د.ک) کرد. هێزی (ی.ن.ک) لەبەردەم ئەم هاریکاری بەغدادو (پ.د.ک) خۆی بۆ ڕانەگیراو لە ماوەی ١٠ ڕۆژدا سەرجەم ناوچەی دەسەڵاتی خۆی لەدەستداو چونە سنوری ئێرانەوە[٢٣٠].

(ی.ن.ک) لە جەنگی ناوخۆدا بەردەوام لەژێر فشاری ئێراندا بوو بۆ سنورردارکردنی چالاکییەکانی (ح.د.ک.ا). ئەوە بوو لەساڵی ١٩٩٨و دوای هاتنی سەرۆک کۆماری نوێ محەمەد خاتەمی، توانی شاندێکی ئێران لەگەڵ کەسایەتی سیاسی کوردی ئێران، سەلاحەدینی موهتەدی کۆبکاتەوە، لە بنکەی سەرکردایەتی (ی.ن.ک) لە قەلاچوالان بۆ گرتنە بەری چۆنیەتی دەسپێکردن بە دانوستان لەگەڵ پارتە ئێرانییەکان. ئەم هەوڵە بە پارتە ئێرانییەکان ڕاگەیەنراو بوو بە هۆی ناکۆکی لەسەر چۆنیەتی مامەڵە کردن لەگەڵ دانوستاندا. لە ناو کۆمەڵە، ناکۆکی لە نێوان ڕەوتی پاڵپشتیکەر لە دانوستانو ڕەوتی دژایەتی کردنی دانوستان پەیدابوو کە دواتر بوو بەهۆی دابەشبونیان بۆ دوو بەش[٢٣١]، دواتر پارتێک بە ناوی (کۆمەڵەی شۆڕشگێرانی زەحمەتکێشانی کوردستان) لە کۆمەڵە جیابونەوەی خۆیان لە ساڵی ١٩٩٩ ڕاگەیاند[٢٣٢]. لەناو (ح.د.ک.ا) ئەو دانوستانە ڕەتکرایەوە چونکە دوو سکرتێری پارتەکەیان لە میانی دانوستاندا تیرۆر کرابوون. لەبەرامبەردا و لەسەرو بەندی هەڵسەنگاندنی دانوستان لەلایەن پارتە ئێرانییەکان، ڕەوتی توندڕەوی ئێرانو ئەفسەرەکان گەیشتنە هەرێمی کوردستان، کە دانوستانیان لەگەڵ هێزە کوردییەکان هەڵوەشاندەوە[٢٣٣].

بەڵگەنامەکانی ئەم بەشە سێ پرسی سەرەکی لەخۆ گرتووە. کە ئەمانەن:

---

[٢٣٠] جوناثان راندل: أمه فی شقاق، ص٣٨٨.

[٢٣١] حەسەن ڕەحمان پەنا: عەبدوڵای موهتەدی بە واتایەکی دیکە، وەرگێرانی: جەلال حەسەن زادە، ئینتشاراتی مەرکەزی کۆمەڵ، ١٣٨٩، ل١٠.

[٢٣٢] بەهمەن سەعیدی: سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٢٩٩- ٢٣١.

[٢٣٣] چاوپێکەوتن لەگەڵ سەلاحەدینی موهتەدی. ١١ی یۆنیۆی ٢٠١٠.

1. تیرۆر: بە هاتنەکایەی هەرێمی کوردستان، ئێران هەلی تیرۆری چڕوپڕی ئەندام و لایەنگری پارتەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بۆ ڕەخسا. ((..... کوردستانی عێراق ئێستا زیاتر لەهەرشوێنێکی دیکە بۆتە مەیدانی ڕمبازێنی بەکرێگیراوەکانی کۆماری ئیسلامی و ڕۆژ نیە لێرەو لەوێ تێکۆشەر و ئازادیخوازێکی کورد بە دەستی تیرۆرستەکانی کۆماری ئیسلامی تیرۆر نەکرێ))[٢٣٤].ئەوەی کارای یاریدەدەری تیرۆر بوو، دۆخی هەڵاوسان و گرانی بازار بوو لە هەرێمی کوردستان ، کە وایکردبوو بەکرێگیراو بەکاربهێنێت بۆ ئەنجامدانی کاری تیرۆرستی. هاوکات شەڕی ناوخۆ ئەو دەرفەتەی بە ئێران بەخشی کە لە پێناو بەدەستهێنای پشگیری ئێران، لایەنەکانی شەڕی ناوخۆ بەشدار یان بێدەنگی بکات لە کردەوە تیرۆرستیەکانی ئێران لە هەرێمی کوردستاندا. ئێران هێندە سودی لەو دۆخە بینی بوو کە کردەوەکانی زۆر بە ئاشکرا ئەنجامدەدا. ((سەعات ١١ی شەوی ١٩٩٧/٧/٢٤ کۆمەڵێک لە بەکرێگیراوانی ڕژێمی ئیسلامی ئێران لەکوردستانی عێراق، بە ٣ ئۆتۆمبیلی هەڵگری موشەک هاوێژی کاتیۆشا، لەمەودای ٨ کیلۆمەتریەوە مقەری ناوەندی کۆمەڵەیان لە٢٠ کیلۆمەتری شاری سلێمانی، بۆ ماوەی سەعاتێک گولەباران کرد))[٢٣٥].
2. کاری پێکەوەیی: گرفتی کاری پێکەوەیی لە ڕۆژهەڵاتدا گرفتێکی شێرپەنجەییە. پارتە سیاسەکان لەبری کاری پێکەوەیی، بەردەوام لە دابەشبوندان و پێکەوە کۆک نین. ((ماوی ٨ ساڵ بوونی دوو ڕێکخراو بەناوی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و ئەو گیروگرفتانەی کە بەو هۆیەوە هاتنە پێشەوە، زیانێکی زۆریان لەبزوتنەوەی میللی- دیموکراتیکی خەڵکی کوردستانی ئێراندا. بەخۆشییەوە دوای هەوڵ و کۆشیشی دڵسۆزانی حیزب و دۆستانی گەلی کورد، لەبەهاری ١٣٧٤ەوە دەرگای وتووێژ بۆ چارەسەری ئەو گیروگرفتانە کرایەوە. پاش چەند کۆبونەوەی باس و ڕاوێژ، هەردولا لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کە دیاردەی

---

[٢٣٤] بەڵگەنامەی ژمارە (١٤٢): ڕاگەیەندراوی کۆمیسیۆنی سیاسی - نیزامی
[٢٣٥] بەڵگەنامەی ژمارە (١٣٦): مقەری ناوەندی کۆمەڵە

بوونی دوو ڕێکخراو بە ناوی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کۆتایی پێبهێنرێ و هەموو تێکۆشەرانی دیموکرات لەڕیزێکی یەکگرتودا خەباتی خۆیان بۆ وەدیهێنانی دروشمی لەمێژینەی حیزب(دیموکراسی بۆ ئێران، خودموختاری بۆ کوردستان)درێژە پێ بدەن))[٢٣٦]. خودی ئەو پارتانە درکیان بە کاریگەری ئەو ناکۆکیە کردووە، بۆیە زێدەباری جیاوازی بیروباوەڕی سیاسی، هەوڵیان داوە بۆ هەماهەنگی و کاری پێکەوەیی. ((حیزبی دیموکرات و کۆمەڵەدا توانی هەنگاوێکی بەرچاو بەرەوپێش بنێ و لاپەڕەیەکی نوێ لە هاریکاری نێوان ئەم دوو هێزەی مەیدانی خەباتی سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردستانی ئێراندا بکاتەوە. لە کۆتایی کۆبونەوەکەدا بڕیار درا کە ئەم دیدارو چاوپێکەوتنانە بەمەبەستی بەرەوپێش بردنی ڕەوتی ئەم هاریکاریانە بەردەوامی هەبێ))[٢٣٧].

3. چالاکی چەکداری: لایەنە بەرپرسەکانی هەرێمی کوردستان لەپێناو بەردەوامی پەیوەندیەکان لە بواری سیاسی و هەواڵگریی و ئەمنی و بازرگانیو پشگیری چەکداری لەگەڵ ئێران و تورکیا، بەردەوام داوایان لە پارتەکانی ڕۆژهەڵات و باکوری کوردستان کردووە کە ڕەچاوی باری سیاسی هەرێمی کوردستان بکەن و هەڵمەتی چەکداری لە هەرێمی کوردستانەوە دژ بە ئێران و تورکیا ئەنجام نەدەن. سەبارەت بەم بابەتە، (پ.ک.ک) پابەندی داواکەی هەرێمی کوردستان نەبووە، بەڵام پارتەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان بە ڕێژەیەکی زۆر ئەم داوایەی هەرێمی کوردستانیان بەجێ گەیاندووە. ئەم هەڵوێستەی پارتەکانی ڕۆژهەڵای کوردستان وەک ئەزمونێکی کاری پارتی کوردی پەنادراو لە هەرێمی کوردستان سەیر کراوەو بەردەوام تا ئێستا مشت و مڕی لەسەرە کە پابەند بوون یان نەبوون بە ڕێساو یاساکانی هەرێمەکە، لە قازانجی پرسی کوردە لە هەرێمی کوردستان و کوردستانی گەورەدا؟. ئیبراهیمی

---

[٢٣٦]بەڵگەنامەی ژمارە (١٤١): بەیاننامەی هاوبەش

[٢٣٧]بەڵگەنامەی ژمارە (١٤٠): ڕاگەیاندنی دەبیرخانەی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە

عەلی زادە وەک بەرپرسی باڵای کۆمەڵە لەم بارەیەوە دەڵێت: ((.... کاتێک دەبینین بەهۆی هاتوچوی چەکدارانی ئێمە لەو دیوی سنورەوە بۆ ئەودیوی سنور، خەڵکی کوردستانی عێراق بە پێچەوانەی ئارەزووی خۆیان دەکەونە بەر شاڵاوی تۆڵەسەندنەوەو گوندەکانیان تۆپ باران دەرکرێ، تیرۆر و ئینسانکوژی لەشارەکانمان ساز دەدرێ و ئەمنیەتیان لێ هەڵدەگیرێ، ڕێگا بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی ژیانیان لێ دەبەسترێ، ئیتر ئێمە بۆمان نیە لەسەر حیسابی ئەوان ئەم تاکتیکەمان بەینەپێش. هەستی ئەمەکناسی بەرامبەر بەم هەموو زەحمەتەی کە هەر ئێستاش بەبۆنەی هەڵسوڕانی ئێمەوە بەسەر شانی خەڵکی ئەم وڵاتەوەیە واحوکم دەکات کە خۆمان بەبێ مۆرکردنی هیچ چەشنە قەرارداد و بەڵگەنامەیەکیش کۆمەڵێک تەعەهودی سیاسی و ئەخلاقی بەرەسمی بناسین و پێی پابەندبین. ئەوە چاوەڕوانیەکی زۆر تەبیعی و سەرەتایی خەڵکی کوردستانی عێراقە لەئێمەو لەهەر هێزێکی تریشە. پ.کا.کا ش پێویستە هەروا هەڵسوکەوت بکات))[٢٣٨]. بەڵام ڕایەکی تر هەیە کە پەیوەندی دروست دەکات لە نێوان تیرۆرو دەستوەردانداا. ((تیرۆر و جینایەت و دەست تێوەردانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە کوردستانی عێراق، پێش ئەوەی زەربەلێدان لە حیزبی دیموکرات و باقی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران بێ، سوکایەتی و ئیهانەیە بە کەرامەت و ئازادی خەڵکی کوردستانی عێراق))[٢٣٩].

[٢٣٨] بەڵگەنامەی ژمارە (١٤٢): دەقی وتوویژی رادیو دەنگی شۆڕشی ئێران(رادیۆی کۆمەڵە)

[٢٣٩] بەڵگەنامەی ژمارە (١٣٥): ڕاگەیەندراوی کۆمیسیۆنی سیاسی - نیزامی

## بەڵگەنامەی ژمارە (١٣١)

## ڕاگەیەندراوی چاپەمەنی

سەعات ٨:٣٠ دەقیقەی پاش نیوەڕۆی ڕۆژی هەینی ١٠ی ڕەشەمەی ١٣٧٥ی هەتاوی (١٩٩٧/٢/٢٨زاینی) لەگەڕەکی باغی سیسەری شاری مهاباد تێکهەلچونێک لە نێوان دەستەیەک لە پارتیزانەکانی یەکێتی شۆڕشگێڕانی گەلی کوردستان و ژمارەیەک لە پاسدارانی ڕیژێمی داگیرکەری کۆماری ئیسلامیدا ڕوویدا.

لەجەریانی تێکەلچونی نێوان پارتیزانەکان و ئەفرادی ڕژێمدا، پێشمەرگەیەکی یەکێتی شۆڕشگێرانی گەلی کوردستان بریندار بوو.

چالاکی پێشمەرگە لەنێو ئەو شارەدا هێزەکانی ڕیژێمی توشی ترس و نیگەرانی کردوەو بەدوای ئەم ڕوداوەدا جۆرێک حکومەتی نیزامی لە نێو شاری مهاباد بەڕێوەدەچێ.

یەکێتی شۆڕشگێڕانی گەلی کوردستان[٢٤٠]

فەرماندەیی دەستەکانی پارتیزان لەنێوخۆی وڵات

١٣٧٥/١٢/٢١

١٩٩٧/٣/١١

---

[٢٤٠] سکرتێری ئەم ڕێکخراوە سمکۆ یەزدانپەنا بوو. چەندین جار هاوپەیمانی و تێکەڵبونیان لەگەڵ حزب و ڕێکخرازی تر لە کورستاندا هەبووە. لە ئێستادا بەشێکیان تێکەڵ بە پارتی ئازادیی کوردستان بوون و بەشێکیان تێکەڵ بە ڕێکخراوی یاری کورد (یارسان)بوون. بۆزانیاری زیاتر بڕوانە ماڵپەری ئەو پارتە: yarikurd.net

## بەڵگەنامەی ژمارە (١٣٢)
## ڕاگەیەندراوی کۆمیسیۆنی سیاسی - نیزامی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی تیرۆرکرانی هاوڕێ((لطیف نقشبندی))

هاونیشتیمانیانی خۆشەویست
خەڵکی ئازادیخوازی و تێکۆشەڕی کوردستان
کۆڕو کۆمەڵە ئینسان دۆستەکان

بەداخو کەسەرێکی زۆرەوە ڕادەگەیەنین کە بەیانی ئەمڕۆ دووشەممە ١٣٧٦/٢/١٥ی هەتاوی(١٩٩٧/٥/٥ی زاینی) یەکێک لەکادرە دڵسۆزو تێکۆشەرەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بەناوی(لطیف نقشبندی) کوڕی مەلا عەلی خەڵکی گوندی واشەمەزینی ناوچەی سەردەشت لەکاتیکدا لەماڵی خۆیرا لەشاری هەولێری کوردستانی عێراق بەرەو شوێنی کاری دەڕۆیشت، لەڕێگادا کەوتە بەر دەستڕێژی چەکی بەکرێگیراوە ئینسانکوژەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران و شەهید بوو، چووە نێو کاروانی شەهیدانی سەرفرازی ڕێگای ڕزگاری گەلی کورد.

بەتیرۆرکرانی هاوڕێ (لطیف نقشبندی) حیزبەکەمان یەکێک لە دڵسۆزترین و ئەمەکناسترین کادیرەکانی خۆی لەدەستدا. شەهید لەساڵەکانی ٤٦-٤٧ پەیوەندی بە حیزبەوە گرت و دەستی بەکارو تێکۆشانی حیزبی کرد. هەر لەو سەردەمەدا لەبەر فشارو زەبرو زەنگی ڕژێمی پاشایەتی ئاوارەیکوردستانی عێراق بوو، لەکوردستانی عێراقیش وەکو تێکۆشەڕێکی حیزبی، ئەرکە پێ سپێردراوەکانی بە دڵسۆزیەوە بەڕێوە دەبرد. پاش سەرکەوتنی ڕاپەڕینی گەلانی ئێران گەڕایەوە کوردستانی ئێران و لەکۆمیتەی حیزبی شارستانی سەردەشتدا دەستی بە خزمەتکردوەک ئەندامی کۆمیتەی شارستان، ئەندامی هەیئەی ئیجرایی کۆمیتەی شارستان و بەرپرسی ڕێکخراوی ناوچە، کاروباری حیزبی بەڕێوەبرد. لەساڵی ١٣٦٤ بەهۆی تۆپبارانی هێزەکانی ڕژێم بە سەختی بریندار بوو ماوەی زیاتر لەدووساڵ لەنەخۆشخانە کەوت. پاش ساڕێژبوونەوەی برینەکەی دووبارە ئامادەی خۆی بۆ کار ڕاگەیاندو ئەرکی

جۆراوجۆری بەئەستۆوە گرت. دواین بەرپرسیاریتی پیڕاگەیشتن بەوەزعی نەخۆش و بریندارەکانی حیزبی دیموکرات لەشاری هەولێر بوو کە کەوتە بەر دەستڕێژی تیرۆرستەکانی کۆماری ئیسلامی ئێرانو بەداخەوە شەهید کرا.

کۆماری ئیسلامی ئێران ڕژیمێکی تیرۆرست و تیرۆرست پەروەر دەست لەهیچ جیناتێک ناگێڕێتەوە. تازەترین کردەوەی تیرۆریستیی بەکرێگیراوانی ئەو ڕژیمە بەدوای دەرچونی بڕیاری دادگای بیرلیندا بەباشی نیشان دەدا کە ڕیسوا بوون لەسەر کردەوەی تیرۆرستی لەئاستی دنیادا، دەسەڵاتدارانی تیرۆرستی ئێران لەکوشتاری مخالفیان شل ناکاتەوە. هەر بۆیە دەبێ دەستی بەکرێگیروە جینایەتکارەکانی لەهەروڵاتێکدا کورت بکرێتەوەو بە پچڕانی هەر جۆرە پەیوەندیەک لەگەڵ ئەو ڕژیمە، مەیدانی ئینسانکوژی و جینایەت خوڵقاندنی لێ بەرتەسک بکرێتەوە. بەداخەوە کوردستانی عێراق ئێستا زیاتر لەهەرشوێنێکی دیکە بۆتە مەیدانی ڕمبازێنی بەکرێگیراوەکانی کۆماری ئیسلامی و ڕۆژنیە لێرەو لەوێ تێکۆشەرو ئازادیخوازێکی کورد بە دەستی تیرۆرستەکانی کۆماری ئیسلامی تیرۆر نەکرێ.

بەو بۆنەیەوە داوا لەهەموو حیزب و ڕێکخراوە سیاسیەکان و کۆڕو کۆمەڵە بەشەڕ دۆستەکان دەکەین کە ئەو جینایەتە تازەی کۆماری ئیسلامی مەحکوم بکەن. هەر لەو کاتەدا جارێکی دیکە داوا لەحیزب و ڕێکخراوەکانی کوردستانی عێراق بەتایبەتی حیزبە دەسەڵات بەدەستەکان دەکەین کە چیدی ئیجازە بە دەستتێوەردان و کردەوە تیرۆرستیەکانی کۆماری ئیسلامی لەکوردستانی عێراق نەدەن. لەحاڵێکدا مەسەلەی تەمبێ کردنی ئەو ڕژیمە لەسەر کردەوە تیرۆرستیەکانی بووە بە مەسەلەیەکی گرنگی جیهانی، ئایا نابێ لەکوردستانی عێراقیش بەرخوردێکی جیددی بە جینایەتەکانی ئەو ڕژیمە دژی ئینسانیە بکرێ.؟!

کۆماری ئیسلامی دەبێ دڵنیابێ کە بە ئەنجامدانی ئەو جینایەتانە ناتوانێ بزوتنەوەی ڕەوای گەلی کورد لەکوردستانی ئێراندا بە چۆک دا بێنێ.

جارێکی دیکە بەڵێنی خۆمان بۆ شەهیدە سەربەرزەکان دووپات دەکەینەوە کە هەتا سەرکەوتنی گەلەکەمان ڕێبواری ڕێگای پڕ لەشانازی ئەوان دەبیت

بەو بۆنەیەوە سەرەخۆشی لەبنەماڵەو کەسوکاری شەهید لە تێکۆشەرانی حیزب و هەموو خەڵکی کوردستان بەگشتی و خەڵکی ناوچەی سەردەشت بەتایبەتی دەکەین.

ڕووە ڕەشی بۆ ڕژێمی کۆنەپەرست و تیرۆرستی کۆماری ئیسلامی ئێران
سەرکەوێ خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی قارەمانی کورد

کۆمیسیۆنی سیاسی - نیزامی
حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران[٢٤١]
١٣٧٦/٢/١٥

[٢٤١] حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ، حدکا لە ١٩٤٥ لەسەر بناغەی کۆمەڵەی ژێ کاف دامەزراوە. چوار سکرتێری گشتی پارتەکە یەک بەدوای یەک شەهید کراون ئەوانیش قازی محەمەد لە ١٩٤٧، عەبدوڵلا ئیسحاقی(ئەحمەد تۆفیق) لە ١٩٧٢، عەبدولرەحمان قاسملۆ لە ١٩٨٩، صادق شەرەفکەندی لە ١٩٩٢. ئەم حزبە باوەڕی بە ئێرانێکی فیدراڵی دیموکرات هەیە. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە ماڵپەری فەرمی ئەو حزبە : kurdistanmedia.com

## بەڵگەنامەی ژمارە (١٣٣)
## ڕاگەیەندراوی کۆمیسیۆنی سیاسی - نیزامی
## حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی
## تیرۆرکرانی هاوڕێ((مولان عبداللەخانی))« مەولان سوارە»

هاونیشتیمانیانی بەڕێز

خەڵکی خەباتگێڕی کوردستان

حیزبو ڕێکخراوە سیاسیەکان

کۆڕو کۆمەڵە بەشەڕ دۆستەکان

بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە ڕادەگەیەنین کە پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ١٣٧٦/٣/١٣ی هەتاوی بەرامبەری ١٩٩٧/٦/٣ی زاینی، یەکێک لەکادرە دڵسۆزو فیداکارەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بە ناوی(مولان عبداللەخانی) لەکاتی بەڕێوەبردنی ئەرکی حیزبیداو لەکاتێکدا لەشاری سلێمانی کوردستانی عێراقەوە دەگەڕایەوە شاری کۆیە، لەنزیک گوندی خەلەکان کەوتە بەر دەستڕێژی چەکی تیرۆرستەکانی کۆماری ئیسلامی ئێرانو شەهید کرا.

شەهید مولان ساڵی ١٣٢٨ی هەتاوی لەبنەماڵەیەکی هەژار لەشاری سەدەشت لەدایک بوو. پاش تەواوکردنی قۆناغی سەرەتایی لەبەر هەژاری دەستی لەخوێندن هەڵگرت و ناچار بوو بۆ بەڕێوەبردنی ژیانی خۆی و بنەماڵەی کار بکا.

شەهید مولان لەڕاپەرینی گەلانی ئێران لەساڵی ١٣٥٧ دا زۆر چالاکانە بەشداری کردو پاش سەرکەوتنی ڕاپەڕین لەساڵی ٥٨دا پێوەندی بە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە گرت و وەکو ئەندامێکی چالاکی حیزبی دەستی بە تێکۆشان کرد. ساڵی ٦١پاش ئاشکرابوونی، هاتە ڕیزی پێشمەرگەکانی حیزب لەهێزی شەهید موعینی سەر بە کۆمیتەی سەردەشت. ساڵی ٦٥ لەتەداروکاتی پێشمەرگە کاری بۆ دیاریکراو ماوەیەک دواتر نەقڵی کۆمیسیۆنی مالی کراو لەوکاتەوە تا ڕۆژی شەهید بوونی لەبەشی خەدەماتی کۆمیسیۆنی مالیدا کاری دەکرد. شەهید مولان کادرێکی دڵسۆزو هەمیشە

ئامادەی بەڕێوەبردنی ئەرکی پێ سپێردراوی حیزبی بوو. بە شەهیدکرانی هاوڕێ مولان، حیزبەکەمان یەکێک لەفیداکارترین و زەحمەتکێش ترین کادرەکانی خۆی لەدەست دا.

کۆماری ئیسلامی ئێران ڕژێمێکی تیرۆرست و دیکتاتۆرو دوژمنی سەرسەختی ئازادی و مافە ڕەواکانی گەلی کوردە کە بۆ تێکشکاندن و لەبەین بردنی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلەکەمان دەست لەهیچ کردەوەیەکی دڕندانە ناگێڕێتەوە. جێگای داخە کە کوردستانی عێراق زیاتر لەهەر شوێنێکی دیکە بۆتە مەیدانی ڕمبازێنی پیاوکوژو تیرۆرستەکانی کۆماری ئیسلامی. لەوەش جێگای داخ تر ئەوەیە کە ئەو هەموو کردەوە تیرۆرستیانەی کۆماری ئیسلامی بە ئاشکراو لەبەر چاوی ڕێکخراوە سیاسیەکان و حیزبە دەسەڵاتدارەکانی باشوری کوردستان ئەنجام دەدرێن.

بەو بۆنەیەوە داوا لەتەواوی حیزب و ڕێکخراوە سیاسیەکان و ڕێکخراوە بەشەڕ دۆستەکان دەکەین لەبەرابەر ئەو هەموو پیلانگێڕی و کردەوە تیرۆرستیانەی کۆماری ئیسلامی ئێران لەکوردستانی عێراقدا، دەنگی ڕەخنەو بێزاری خۆیان بەرزبکەنەوەو سنورێک بۆ ئەو هەموو جینایەت و دەستدرێژیە دابنێن. ڕژێمی کۆماری ئیسلامی دەبێ دڵنیا بێ کە بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلەکەمان زۆر لەوە بەهێزترە کە بەو جۆرە جیناتانەوە لەرزە بکەوێ.

ئێمە لەقوڵای دڵمانەوە سەرەخۆشی لەبنەماڵەی بەڕێزی شەهید مولان تێکۆشەرانی حیزب و هەموو خەڵکی کوردستان بەگشتی و خەڵکی شاری سەردەشت بەتایبەتی دەکەین و جارێکی دیکە بەڵێن تازە دەکەینەوە کە تا سەرکەوتنی خەباتی شۆڕشگێڕانەی گەلەکەمان و دابین بوونی مافە ڕەواکانی لەخەبات ناوەستین.

سڵاو لەگیانی شەهیدی تازەمان مولان عبداللەخانی بەردەوامی بۆ ڕێگاکەی.

ڕوو ڕەشی بۆ ڕژێمی دیکتاتۆرو تیرۆرستی کۆماری ئیسلامی ئێران

سەرکەوێ خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی قارەمانی کورد

کۆمیسیۆنی سیاسی - نیزامی

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران

١٣٧٦/٣/١٤ هەتاوی - ١٩٩٧/٦/٤ زاینی

## بەڵگەنامەی ژمارە (١٣٤)
## ڕاگەیاندراوی دەفتەرریرێکخراوی خەباتی شۆڕشگێڕی کوردستانی ئێران

بەناوی خودای بەخشندەی میهرەبان
کۆڕ و کۆمەڵە ئازادیخوازەکان
حیزب و ڕێکخڕاوە سیاسیەکان
خەڵکی موسڵمانی کوردستان

ڕژێمی سەرەڕۆو سەرکوتکەری کۆماری بە نێو ئیسلامی ئێران لە گێژاوی هەڵوێست و سیاسەتە غەڵەت و پڕگومانە دەرەکی و ناوەکیەکانی خۆیدا پەلەقاژەی مەرگیەتی و ڕۆژ لەدوایڕۆژ تەقەڵی هەڵە پچڕینەوە و پێوەندییە دیبلۆماسیەکانی دەکەونە بەر پرسیار. تەنانەت وڵاتە بەرژەوەند پەرستەکانیش ناچاربوون لە ژێر کاریگەری بەرینی بڕیاری دادگای ئەڵماندا ملکەچی بیروڕای گشتیبن و بە وردی چاو بە هەڵوێستەکانیاندا بخشێننەوە. ئا لەمکاتەدا بۆگەرمکردنەوەی پەیوەندیە ساردەکانی و گرێدانەوەی تاڵە نیوە پچڕاوەکانی، ئەکتەرێکی کۆنەکاری بڕیار بەدەست لەسەر سەکۆی شانۆی هەڵبژاردن بە پلەیەک و چەقەنەیەکی تەڕدەستانە تەماشاچیانی خۆشخەیالیڕاچەڵەکاند و خستیەوە سەر هەواو هوو ڕاکێشان تا ئەوڕادەیەی ئەوانەی دژی هەموو باندو سەرۆک باندەکانی دامودەزگای کۆماری بەنێو ئیسلامی ئاواتیان خواست کە ئەم شانۆیە نەختە گۆڕانێک بێت لە سیاسەتی کاربەدەستانی ئێران کە هەرگیز ئەو ئاواتەیان نایەتەدی و هەر دەبێ بە هیواوە چاو دابچڕن و تەماشاچی بن داخۆ چۆن سەروەری نیستیمانیی وڵاتان و مافی مرۆڤ ژێر پێ دەدرێ و مافی نەتەوەیی و ئاینیی کەمایەتیەکان چۆن گەمەی پێ دەکرێ؟ جیا لە هەموو دروشمەکانی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن *خاتمی * دوای هەڵبژاردنی بە سەرۆک کۆمارڕایگەیاند کە دژی سیاسەتی تیرۆر دەوەستێ و لانی کەم لەسەردەمی دەسەڵاتی نیوەچڵ و ناتەواوی خۆیدارەوتی تیرۆرڕادەگرییان کەم دەکاتەوە. ئەم قسەیەی ئاخوند *خاتمی * لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ڕژێمەوە بەتەواوی کاوێژ نەکرابۆوە، کە تاقمە تیرۆرستەکانیان لە کوردستانی عێراق لە ماوەی کەمتر لە

هەفتەیەکدا سێ کرداری تیرۆر و تەقاندنەوەیان هەر لە سلێمانی و دەوروبەری بەڕێوەبرد کە بوون بەهۆی کوژرانی ٣ کەس و زەرەر و زیانێکی زۆر.

لەڕاستیدا ئەو کردەوە تیرۆستیانە بەدرۆخستنەوەی ئەو مۆرە تازە وەگەڕخراوەیڕژێمەو بەبوون و بێ بناغە دەرچوونی بەڵێنەکانیەتی هەم لە ناوخۆی وڵات و هەم لەڕادەی نێو نەتەوەییدا. کارگێڕانی ڕژێم سورن لەسەر ئەوە کە هەر دەنگێکی ڕەخنەو بێزاری لە ناوخۆو دەرەوەدا بەئاگر و گوللە وەڵام بدەنەوەو هەموو توانایان دەخەنە گەڕ بۆ کپ کردنی دەنگی نەیارانی سیاسی خۆیان.

تاقمێکی تیرۆرستی سەر بەڕژێم لەڕۆژی هەینی ١٢٧٦/٢/١٦ ک.هـ لە شاری سلێمانی لە سەعات ١٠ی بەیانی لە بازاڕێکی پڕ حەشیمەت بێ شەرمانە بە بەرچاوی سەدان کەسەوە تەقەیان لە ئەندامێکی دڵسۆزی خەباتی شۆڕشگێڕ (کاک خالد عباس) کردو لە ئاکامی ئەوتەقەیەدا کاک خالد عباس و کاک بکر محمود ملا بکر پۆلیسی بەڕێوبەریێتی هاتووچۆی سلێمانی شەهید بوون.

ئەم ڕێکەوتە شتێکی هێندە ساکار نیە کە مرۆڤی بەرچاوڕوون سوک و ئاسان پێیدا بڕوانێ و بەسەریدا بازدا بەڵکو بە تێڕامان لەم کارەساتە دڵتەزێنە زۆر لایەنی ئەو کردەوە تیرۆرستیانە ڕوون دەبنەوە. بەڵێ! گوللەی چەکی کوردێکی خائین و خۆفرۆش و نەفس نزم، تەنها بۆ پارە و سامان، لە شارێکی کوردستانی عێراق (سلێمانی) کە دانیشتوانی بەڕەمزی سەقافەت و پێشکەوتنی دەزانن، کوردێکی ئاوارە کە ١٦ ساڵە دوژمن لە زێدی خۆی وەدەرناوە لەگەڵ پۆلیسێک کە نوێنەری یاسا و شەڕعیەتە لە خۆڕاو بێ تاوان لەڕۆژێکی پیرۆز (جومعە)دا کەڕۆژی عیبادەتە بە دوو سەعات پێش نوێژی جومعە لە خوێن شەلاڵ دەکرێن و شەهید دەبن

با بزانین لە تێکڵاوبوونی ئەو خوێنانە کێ زیان دەبینێ و کێ قازانج دەکا؟

هەموو خەسارەتەکان لە گەلی کورد، نیشتیمانی کورد، کەسایەتی کورد، ڕەوشتی کورد، شۆڕشی کورد، مێژووی کۆن و داهاتووی کوردو پێوەندی نەتەوەی کورد دەکەون، بەڵام ئەوەی قازانج دەکات دوژمنی کوردەو بەس. دەبێ کام ویژدانە مردووە بەم سەودا پڕ زیانەڕازی بێ؟ ئێمە لەڕێکخراوی خەباتی شۆڕشگێڕ بە چاوی خۆمان دەبینین کە چینیڕووناکبیر سکاڵایەتی و ناڕەزایەتی

دەردەبڕێ. ڕێبەرانی ئاینی و موسڵمانان بە زۆری ئەم کارە بە گوناهێکی کەبیرەو تاوانێک دەرهەق بە کۆمەڵگای خەڵک هاواریانە لەدەست ئەو دیاردە دزێوە. ئیتر چۆنە کە ئاستێک بۆ ئەو تاقمە پیاوکوژانە دانانرێ و ئاوا بە دەست ئاوەڵاوە هەرچی پێیان خۆشبێت بیکەن دەیکەن؟ ئێمە چاوەڕوانین کە دەنگی ڕەخنەی ڕێکخراوە سیاسی و جەماوەرییەکان و کۆمەڵانی بێزار لەڕەشەکوژی و تیرۆر تێکەڵاو دەنگیڕێکخراوە ماف پارێز و ئازادویستەکان بکرێ و وەک زەبرێک بە بناگوێی کاربەدەستانی تاوانباری کۆماری نائیسلامی ئێراندا بدرێ.

شەهید کاک خالد کوڕی مامۆستا مەلا خدری عباسی، بەرپرسی یەکەمی ڕێکخراوەکەمان لە بەهاری ١٣٤٧هـ لە گوندی (سارتکێ)ی ناوچەی گەورکی سەردەشت لە بنەماڵەیەکی ئاینی نیشتیمانپەروەردا چاوی بە ژیان هەڵێنا. لە تەمەنی ٦ساڵیدا چۆتە قوتابخانە و لە ساڵی ١٣٦٠ک.هـ کە دوژمن هێرشیکردووە بۆ ناوچەکە لەگەڵ بنەماڵەکەی ئاوارەی ناوچەکانی دیکە بووە تا لە شاری سلێمانی دەگیرسێتەوە و سەرلەنوێ دەچێتەوە قوتابخانە و تا ساڵی ١٣٦٨ک.هـ لە پەیمانگای پیشەسازی بەشی ئەلیکترۆن دیبلۆم وەردەگرێ. ڕۆژی ١٣٧٦/٣/١٦ ک.هـ لە سەعات ١٠ی بەیانی لە شاری سلێمانی لە لایەن تاقمێکی تیرۆرستی کۆماری نائیسلامییەوە تەقەی لێکراو و لەگەڵ پۆلیسێکی بەڕێوەبەرێتی هاتوچۆ خەڵکی شاری سلێمانی بە ناوی کاک ابوبکر محمود ملابکر شەهید بوون.

کاک خالید وەکو ئەندامێکی دڵسۆز سەرەڕای بەڕێوەبردنی ژیانی خێزانەکەیان هاوکاری و پێوەندی پتەوی لەگەڵ ڕێکخراوەکەمان هەبووە. لەڕاستیدا کاک خالید سەرپەرشتی و چاودێری زۆربەی خێزانە ئاوارەکانی سەر بە خەباتی شۆڕشگێڕی لە سلێمانی و ناوچەکە دەکرد. ڕەوشتی بەرزو ڕوحی هاوکاری کاک خالید ئەوی کردبوو بە خۆشەویستی هەموو ئەو کەسانە کە کاک خالیدیان ناسیبوو.

ئێمە لەگەڵ دەربڕینی داخ و پەژارە بە بۆنەی شەهید بوونی ئەو ئەندامە دڵسۆزەی خەباتی شۆڕشگێڕ سەرەخۆشی لە خۆمان و بنەماڵەی شەهیدو لە هەموو دۆستان و لایەنگرانی ڕێکخراوەکەمان دەکەین. هەروەها سەرەخۆشی خۆمان لە بنەماڵە و کەسوکاری شەهیدی یاسا کاک ابوبکر دەکەین و خۆمان بە

شەڕیکی خەمیان دەزانین و لە خوا دەخوازین کە شەهیدان بە بەهەشتی بەرین شاد بکات. لێرەدا پێویستە سوپاسی هەموو‌ئەو حزب و ڕێکخراوو کەسایەتییە سیاسی و کۆمەڵایەتییانە و خەڵکی سلێمانی و ناوچەی دوکان بکەین کە زۆر بە پەرۆشەوە بەژداری خەمیان کردین. بەسەرردان بۆ ماڵی شەهید کاک خالید و بنکەی خەباتی شۆڕشگێڕ قورسای ئەو کارەساتە دڵتەزێنەیان لەسەر شانی ئێمە کەم کردەوە.

خەڵکی بەشەڕفی کوردستان

ئەمەیەکەمین جار نیە کە دوژمنانی کورد و نۆکەرانیان دەستیان بە خوێنی ڕۆڵەی کورد سوور دەبێ و دڵنیاشین ئاخر جار نابێ. شۆڕشی کورد بە پێچەوانەی حەزی دوژمنان بەرەو سەرکەوتن دەچێ. خەبات بۆ مافیرەوای کورد و دابنکردنی دادگەری خوێندان و فیداکاری دەوێت. ئێمەش بە شانازیەوە دەڵێین کە لە بەرەی دژی زۆردارو داگیرکەراندا شەڕ دەکەین و هەرچەندی خوێنی بوێ، پێشکەشی دەکەین. با دوژمنانی کوردو بەکرێگراوەکانیان بزانن ئێمە وەک تیشکی خۆر ئەگەر ئێوارە بچین بەیانی زوو دێینەوە، دڕ بە تاریکی شەوەزەنگ دەدەین. ئێمە وەک دار سەرمان ببڕن پەلو پۆ دەکەین و هەڵمانبچن سەرمان بەرەو بەرزایی هەڵدەچێ.

بڕوخێڕژێمی تیرۆرستپەروەری کۆماری بەنێو ئیسلامی ئێران.

سلاو لە شەهیدانیڕێگەی ئازادی.

دەفتەری سیاسیڕێکخراوی خەباتی شۆڕشگێڕی کوردستانی[٢٤٢]

١٣٧٦/٢/٢٠ک.ە (١٩٩٧/٦/١٠ز)

---

[٢٤٢] سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران لە ئۆگستۆسی ١٩٨٠ دامەزراوە لە لایەن شێخ جەلال حسینی و چەند کەسایەتییەکی ئاینی. باوەری بە مافی ئۆتۆنۆمی هەیە لە ئێرانی دیموکراتدا. هاوکات باوەڕی وایە کە ئایینی ئیسلام وەک یەکێک لە سەرچاوەکانی یاسادنان سودی لێوەربگیرێ. لە ئێستادا بابا شێخ کوڕی سەید جەلال سەرکردایەتی ئەو حزبە دەکات.بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە ماڵپەری فەرمی ئەو حزبە: www.sazmanixebat.com

## بەڵگەنامەی ژمارە (١٣٥)
## ڕاگەیەندراوی کۆمیسیۆنی سیاسی - نیزامی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی تیرۆرکرانی هاوڕێ((فەرهاد بابایی))

هاونیشتیمانانی خۆشەویست
خەڵکی خەباتگێری کوردستان
حیزب و ڕێکخراوە سیاسیەکان
کۆڕ و کۆمەڵە بەشەر دۆستەکان

جارێکی دیکە ڕژێمی دیکتاتۆرو تیرۆرستی کۆماری ئیسلامی ئێران لەنێو جەرگەی شاری سلێمانی کوردستانی عێراق بە ڕۆژی ڕووناک و لەبەرچاوی خەڵک، جینایەتی خوڵقاندو کردەوەیەکی تیرۆرستی دیکەی ئەنجام دا.

سەعات ٦ی ئێوارەی ڕۆژی سێ شەمە ڕیکەوتی ١٣٧٦/٤/٣ی هەتاوی بەرامبەری ١٩٩٧/٦/٢٤ی زاینی، ماشێنێکی لاندکروزیری حیزب کە ژمارەیەک نەخۆشی بردبووە نەخۆشخانەو دەگەڕایەوە بۆ بنکەی حیزب لە شاری سلێمانی لە یەکێ لە شەقامەکانی ئەو شارە کەوتە بەر دەستڕێژی تیرۆرستەکانی کۆماری ئیسلامی و لە ئاکامدا ٣ کەس لە هاوڕێیانمان بریندار بوون کە بەداخەوە یەکێک لە برینداەکان بەناوی (فەرهاد بابای) دوو سەعات دواتر لە نەخۆشخانە شەهید بوو.

شەهید فەرهاد ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی لە بنەماڵیەکی هەژارو زەحمەتکێش لە ئاوایی (هەشەمێز)ی ناوچەی ژاوەرۆی شاری سنە لەدایک بوو. پاش تەواوکردنی قۆناغەکانی سەرەتای لەبەر هەژاری و نەداری دەستی لە خوێندن هەڵگرت و ملی کارکردنی نا.

شەهید ساڵی ١٣٧٤ لەگەڵ کۆمەڵێک لە ڕەفیق و دۆستەکانی هاتە ڕیزی پێشمەرگەکانی حیزبی دیمۆکرات و دەستی بە خەبات و تێکۆشان کرد. کوڕێکی بەئیمان و دڵسۆزو فیداکارو خۆشەویستی هاوسەنگەرانی بوو. بەداخەوە دەستی ڕەشی تیرۆرستەکانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ماوەی پێ نەدا زیاتر بژی و زیاتر خزمەت بە گەلە بەشخوراوەکەی بکات.

ئێمە وێڕای دەربڕینی داخ و کەسەری خۆمان بۆ لەدەستدانی ئەو هاوڕێ دڵسۆزەمان، سەرەخۆشی لە بنەماڵەی بەڕێزی شەهید فەرهاد و هەموو هاوسەنگەرانی لە کۆمیتەی شارستانی سنەو هەموو خەڵکی کوردستان بە گشتی و خەڵکی قارەمانی سنە بە تایبەتی دەکەین و جارێکی دیکە بەڵێن تازە دەکەینەوە کە تا سەرکەوتنی خەباتی ڕەوای گەلەکەمان لە خەبات و تێکۆشان ناوەستین و لەهەمان کاتیشدا چاک بوونەوەی هەرچی زوتری هاوڕێیانی بریندارمان بە ئاوات دەخوازین.

هەر لەو پێوەندیەدا جارێکی دیکە داوا لە تەواوی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستانی عێراق و بەتایبەتی حیزبە دەسەڵاتدارەکان دەکەین چی دیکە لە بەرامبەر ئەو هەموو کردەوە جینایەتکارانەیەی کۆماری ئیسلامی ئێران لە کوردستانی عێراقدا بێ دەنگ و بێ تەفاوت نەبن. تیرۆر و جینایەت و دەست تێوەردانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە کوردستانی عێراق، پێش ئەوەی زەربەلێدان لە حیزبی دیموکرات و باقی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران بێ، سوکایەتی و ئیهانەیە بە کەرامەت و ئازادی خەڵکی کوردستانی عێراق.

سڵاو لە گیانی پاکی شەهید فەرهاد بابای

ڕووڕەشی بۆ ڕژێمی تیرۆرستی کۆماری ئیسلامی ئێران

سەرکەوێ خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی قارەمانی کورد

کۆمیسیۆنی سیاسی – نیزامی
حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران
١٣٧٦/٤/٤ (١٩٩٧/٦/٢٥)

## بەڵگەنامەی ژمارە (١٣٦)

## مقەری ناوەندی کۆمەڵە[٢٤٣]

## لەلایەن بەکرێگیراوانی جمهوری ئیسلامیەوە بۆ ماوەی سعاتێک بە موشەکی کاتیۆشا گولەباران کرا

سەعات ١١ی شەوی ١٩٩٧/٧/٢٤ کۆمەڵێک لەبەکرێگیراوانی ڕژێمی ئیسلامی ئێران لەکوردستانی عێراق، بە ٣ ئۆتۆمبیلی هەڵگری موشەک هاوێژی کاتیۆشا، لەمەودای ٨ کیلۆمەتریەوە مقەری ناوەندی کۆمەڵەیان لە٢٠ کیلۆمەتری شاری سلێمانی، بۆ ماوەی سەعاتێک گولەباران کرد.

هاوڕێیانی پێشمەرگەی کۆمەڵە بەخێرای لەو دەسدرێژیەی هێزەکانی جمهوری ئیسلامیوە دەست هاتن و بەکرێگیراوانی ڕژێم پاشەکشەیان پێ کرا. ئەو ڕووداوە هیچ زیانێکی گیانی بە شوێنەوە نەبوو، بەڵام زەویوزارو موچەو مەزرای خەڵکی ناوچەکە ئاگری گرت و دانیشتوانی زەحمەتکێشی ئەو ناوچەیە توشی زەرەوزیانی قورسی ماڵی بوون.

ئەم پیلانە جینایەتکارانەیەی بەکرێگیراوانی جمهوری ئیسلامی لەکوردستانی عێراق، لەدرێژەی دەسدێژیە یەک لەدوای یەکەکانی ئەو ڕژێمەدا بۆ سەر ئاسایش و بەرژەوەندیەکانی خەڵکی کوردستانی عێراق بەڕێوەدەچێ و مەبەستی سەرەکی ڕژێمی جمهوری ئیسلامی لەم پیلانانە بێ سەقام هێشتنەوەو نا ئەمنکردنی کوردستانی عێراقە.

---

[٢٤٣] کۆمەڵە، ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانە و لە ڕاستیدا لقی چەکداریی ئەو ڕێکخراوەیە و ساڵی ١٩٦٧ دامەزراوە. باوەڕی بە سیستمی فیدراڵی و مانەوە لە چوارچێوەی ئێران هەیە. لە پێش ڕوخانی ڕژێمی شاهەنشاهی بە ناوی جیاجیا کارییان کردووە. لە سنەو مەریوان بە ناوی شیرین بەهارە ناسرابوون. لە بانەو مهاباد لەژێر ناوی ڕێکخراوی جوتیاران کاریان دەکرد. هەروەها گروپێکی تر بەناوی ڕێکخراوی شۆڕگێڕی و زەحمەتکێشان. لەساڵی ١٩٧٩ هەر سێ گروپەکە یەکیانگرت لەژێر سایەی شێخ عیزەدین حوسەینی. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: http://www.kurdistannet.biz/kn/index.php، komalah.org

ئەم کردەوە جینایەتکارانەیە لەگەڵ بێزاری و نەفرەتی هەموو خەڵکی حەقخوراوی ناوچەکە بەرەوڕوو بووەو رژێمی ئیسلامی لەبەر چاوی خەڵکی زەحمەتکێش و ئازادیخوازی کوردستانی عێراق زیاتر لەجاران ڕیسوا دەکا.

بێگومان بێدەنگەکردنی هێزە دەسەڵاتدارەکان لەم ناوچەیە لەئاست ئەم دەسدرێژیە، هەرچی زیاتر دەستی ڕژێمی جمهوری ئیسلامی بۆ بەرەوپێش بردنی ئامانجی دژ بە شۆڕش و پیلانی جینایەتکارانە لەکوردستانی عێراق ئاوەڵاتر دەکا.

دەبیرخانەی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە

١٩٩٧/٧/٢٥

## بەڵگەنامەی ژمارە (١٣٧)

## چاوپێکەوتنی هەیئەتێکی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵەو

## هەیئەتێکی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران

ڕۆژی پێنج شەممە ٢ی مانگی مورداد، هەیئەتێکی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە بەسەرپەرشتی هاوڕێ ئیبراهیم عەلیزادە دەبیر ئەوەلی کۆمەڵە، سەردانی یەکێک لەمقەرەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانی کردو لەگەڵ هەیئەتێکی دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرشتی مامۆستا عەبدوللای حەسەن زادە سکرتێری گشتی حیزبی دیموکرات کۆبوەوە.

ئەم کۆبونەوەیە، لەدرێژەی ئەو چاوپێکەوتنانەدا پێکدێ، کە هەردوولا بڕیاریان داوە بە مەبەستی ڕێگا خۆشکردن بۆ هاوکاری لەپێناوی خەباتی هاوبەشیان لەدژی جمهوری ئیسلامی بە شێوەیەکی بەردەوام پێکی بێنن. لەم کۆبونەوەیەدا لەسەر هەموو مەسەلەسیاسیەکانی ئێستای ئێران بەگشتی و کوردستان بە تایبەتی ئاڵوگۆڕی بیروڕا کرا.

لەبەر تیشکی ئەم باس و لێکۆڵینەوانەدا، بۆ هەماهەنگکردنی خەبات لەدژی جمهوری ئیسلامی چەند بڕیاری دیاریکراو پەسندکرا.

یەکێکی تر لەخاڵە گرنگەکانی ئەم چاوپێکەوتنە، قسەوباس لەسەر وەزعی کوردستانی عێراق و ئەو مەسەلە هاوبەشانە بوو کە هەردولا لەم ناوچەیەدا لەگەڵی بەرەوروون. جموجووڵەکانی جمهوری ئیسلامی لەکوردستانی عێراق و ئەو پیلانانەی کە لەدژی خەڵکی ئازادیخوازی ئەو ناوچەیە بەڕێوەیان دەبات، کەوتە بەر باسو لێکۆڵینەوەو، هەردوولا بڕیاریاندا تا ئەو جێگایەی پەیوەندی بە پاراستنی ئەمنییەتی پەنابەرانی سیاسی و تێکۆشەرانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران لەم ناوچەیەدا هەیە، هاوکاریی نزیکیان لەگەڵ یەکتر هەبێ.

کۆبونەوەکە بە تەئکیدکردنی دووبارە لەسەر پێویستی لابردنی هەموو ئەو کۆسپ و تەگەرانەی کە ڕێگا لەپەرەگرتنی هاوکاری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵە دەگرێ، کۆتای پێهات.

دەبیرخانەی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە

١٩٩٧/٧/٢٥

## بەڵگەنامەی ژمارە (١٣٨)

## حوکمی دادگای میکۆنووس:

## بەڵگەی زیندووی تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامی

خەڵکی تێکۆشەری کوردستان

گەلانی بەشەرەفی ئێران

لایەنگرانی دادپەروەری و مافی مرۆڤ لەسەرانسەری جیهاندا

دوای سێ ساڵ و نیو پەلەقاژەی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی بۆ پەکخستن و دواخستنی حوکمی دادگای بێرلین دادگای میکۆنووس، کە لەویدا تیرۆرستێکی ئێرانی و چوار لوبنانی بەتاوانی تیرۆری دکتۆر صادق شرفکندی سکرتێری گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و هاوڕێکانی موحاکەمە دەکران، سەرەنجام ئەمڕۆ پێنج شەممە ٢١ی خاکەلێوەی ١٣٧٦ ڕێکەوتی ١٠ ی ئاوریلی ١٩٩٧، ئەو دادگایە حوکمی یەکجاری خۆی دەرکرد، بەپێی حوکمی دادگا کاظم دارابی (ئێرانی)و عباس راحل (لوبنانی) بە زیندانی ئەبەد، یوسف امین بە ١١ ساڵ و محمد عتریس بە ٥ ساڵ و ٣ مانگ زیندان، مەحکوم بوون و یەکیشیان ئازاد کراوە. بەم جۆرە یەکێک لەدرێژترین و پڕ دەنگوهەراترین دادگاکانی مێژوو کۆتای هات و پەروەندەکەی بەسترا.

ئەوەی لەو نێوەدا گرنگترە نەزەری دادگای میکونووس لەسەر تاوانبار ناسرانی ڕێبەرانی پایە یەکی کۆماری ئیسلامی بە دەرکردنی دەستوری تیرۆری شەهیدانی ١٧ی سیپتامبری ١٩٩٢ی ڕیستوورانی میکونوسی بیرلینە. هەمووان لەبیریانە کە ساڵێک لەمەوبەر دادستانی ئەڵمان بەڕەسمی علی فلاحیان وەزیری دەزگای جاسوسی ئێرانی بە دەرکردنی دەستوری تیرۆری ڕێبەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران تاوانبارکردو حوکمی نێونەتەوەی بۆ گرتنی دەرکرد. پاییزی ساڵی ڕابردووش دوای شاهیدیدانی ئاغای ابوالحسن بنی صدر یەکەمین سەرکۆماری ئێران و دوو شاهیدی ناسراو بە شاهیدی Bو شاهیدی Cدا دادستانی ئەڵمان لەکەیفەرخواستی خۆیدا بە ڕەسمی تاوانی دەرکردنی فەرمانی ئەو تیرۆرەی دایە پاڵ خامنەی و رفسنجانی دوو مۆرەی هەرە پێشەوەی ئەو دەزگا جەهەننەمییە کە ناوی

((کۆماری ئیسلامی ئێران))ی لەسەر دانراوە. ئێستا بە ڕواڵەت لەدوا حوکمی تیرۆری دادگادا ناوی خامنەی بە ڕاشکاوی نەهاتووە. بەڵام هەر ئەوەی دادگا بە ڕاشکاوی دەرکردنی حوکمی تیرۆری بیرلین دەداتە پاڵ کۆمیتەی تایبەتی تیرۆر، ڕاستەوخۆ بە مانای ئەوەیە کە (خامنەیی)یش هەروەک ڕفسنجانی و فلاحیان و زۆر مۆرەی سەرەکی ڕژێم بە دەرکردنی فەرمانی تیرۆری ڕێبەرانی حیزبی دیموکرات تاوانبار کراوە. چونکە ئێستا بۆ هەموان ڕوونە کە خامنەی سەرۆکی ئەو کۆمیتەیەیە.

بەم جۆرە ئەگەر بە دەرچونی دوا حوکمی دادگای بیرلین پەروەندەی موحاکەمەی چوار لوبنانی و ئێرانیەکی بەستراوە بە ڕژێمی کۆماری ئیسلامی دەبەستریَ، پەروەندەیەکی ئەستوری دیکە بە سەدان فەقەرە تۆمەتەوە دەخرێتە بەردەم دادگای و ویژدانی مرۆڤایەتی و هەموو ئەو کۆڕو کۆمەڵە جیهانیانەی کە دیفاع لەئازادی و دیموکراسی و دادپەروەری و مافی مرۆڤ بە ئەرکی خۆیان دەزانن. بەپێی ئەو پەروەندەیە دەبێ ڕێبەرانی ڕژێمی ئیسلامی ئێران بە تاوانی تیرۆری دکتور عبدالرحمن قاسملو، دکتور کاظم رجوی، دکتور عبدالرحمن برومند، دکتور شاپور بختیارو سەدان شەخسیەتی دیکەی ئۆپۆزسیۆنی ئێران و هەروەها بە تاوانی سەدان کردەی تیرۆرستی کە تازەترینیان دەرمانداوکردنی زیاتر لەهەشتا کەس لەتێکۆشەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بە ژاری کوشندەی ((پالیوم))ە موحاکەمە بکریَ و سزا بدریَ.

ئەوە یەکەم جارە کە دادگایەکی خاوەن سەلاحەت لەوڵاتێکی موعتەبەری ئەورووپایدا بەو ڕاشکاویە لەسەر تاوانباربونی بەرزترین کاربەدەستانی ئێرانی ئیسلامی لەکردەوەیەکی تیرۆرستیدا نەزەر دەدا. ئەم نەزەرە مەسئولانەو ئازایانەیە شانازییەکی گەورە بۆ دەزگای قەزای ئەڵمان، بۆ دەوڵەتی ئەڵمان کە بەوجۆرە حورمەت بۆ سەربەخۆی دەزگای قەزایی دادەنێ و بە گشتی بۆ میللەت وولاتی ئەڵمانە. بە دەرچونی ئەو حوکمە مێژوییە ئێستا ئیدی هەموو پەردەکان لەسەر ڕووی دزێوی کۆماری ئیسلامی لادراون و وەختی ئەوەهاتووە کە هەموو ئەو دەوڵەتانەی لەژێر ناوی دیالۆگی

ڕەخنەگرانەدا سات و سەودایان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی دەکرد، بەخۆدا بێنەوەو یەکدەنگ ئەو ڕژێمە لەکۆمەڵگای جیهانیدا تەریک بکەنەوە.

دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەکاتێکدا ڕەزامەندی و خۆشحاڵی خۆی لەدوای بڕیاری دادگای بێرلین دەردەبڕێ، ئەو بڕیارە بە سەرکەوتنێک بۆ بنەماڵەی قوربانیان کارەسانی ١٧ی سیپتامبری ١٩٩٢ی بیرلین، بۆ حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و بزوتنەوەی کورد، بۆ بزوتنەوەی سەرانسەری گەلانی ئێران بە دژی دیکتاتۆری و کۆنەپەرستی و بۆ تەواوی لایەنگرانی ئاشتی و ئازادی و دیموکراسی و مافی مرۆڤ لەجیهاندا دەزانێ. دەفتەری سیاسی ئەو سەرکەوتنە سیاسیە بە مایەی شادمانی گیانی پاکی شەهیدانی بێرلین و هەموو شەهیدانی دەستی تیرۆرستەکانی کۆماری ئیسلامی دەزانێ و لەم بارەیەوە پیرۆزبای لەبنەماڵەو کەسوکاری هەموو قوربانیانی دەستی تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامی دەکات و سەرکەوتنی زیاتر لەڕیسواکردنی دەزگای تیرۆرو پیاوکوژی ڕژێمی ئێراندا بە ئاوات دەخوازێ.

بەجێیە لەم دەرفەتەدا کەڵک وەرگرین بۆ ئەوەی ڕێزو سوپاس و ئەمەکناسیمان پێشکەشی دادستانی ئەڵمان و سەرۆک و ئەندامانی دادگای میکۆنووس و هەموو وەکیلەکانی بنەماڵەی شەهیدانی بیرلین و تەواوەتی پیرسونێلی دەزگای قەزای و پۆلیسی ئەڵمان کە لەو پێوەندیەدا ئەرکیان بە ئەستۆوە بووە بکەین و سەرکەوتنی ڕۆژ لەڕۆژ زیاتریان لەخزمەت بە هەق و هەقیقەت و دادپەروەریدا بۆ بە ئاوات بخوازین. هەر لەو پێوەندیەدا پێویستە سوپاسی هەموو ئەو شەخسیەت و لایەنانە بکەین کە بە هەر ڕێگایەکدا توانیویانە کۆمەک بە ڕوون بوونەوەی حەقیقەت لەمەسەلەی میکۆنووس دا بکەن. لەنێو ئەوانەدا جێی خۆیەتی بە شێوەیەکی تایبەتی ناوی ئاغای ابوالحسن بنی صدر ببرێ کە بە شاهیدیدانی خۆی و ناساندنی دوو شاهیدی Bو C هەموو هەورێکی گومانی لەسەر مەسەلەی بێرلین ڕەواندەوەو کۆمەکی کرد کە دادگای میکۆنووس بە بەرچاوڕوونی و بەڵگەی حاشا هەڵنەگرەوە حوکمی خۆی لەسەر ئەو پەروەندەیە دەربکات.

بەو ئاواتە کە هەڵوێستی ئازایانەی دەوڵەتی ئەڵمان ببێتە سەر مەشقێک بۆ هەموو ئەو دەوڵەتانەی حورمەتی خاکەکەیان بەهۆی تیرۆرستەکانی کۆماری

ئیسلامیەوە لەژێر پێ نراوەو یەک یا چەندجار کردەوەی تیرۆرستی لەوڵاتەکەیاندا لە دژی ڕێبوارانی ڕێگای ئازادی ئێران ئەنجام دراوە.

شادی بۆ گیانی پاکی شەهیدانی بێرلین و هەموو قوربانیانی تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامی

ڕیسوای زیاتر بۆ پیاوکوژان و تیرۆرست پەروەران

سەرکەوتن بۆ بزوتنەوەی هەقخوازانەی کوردو بزوتنەوەی سەرانسەری ئێران

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران
دەفتەری سیاسی
٢١ی خاکەلێوەی ١٣٧٦
١٠ی ئاوریلی ١٩٩٧

## بەڵگەنامەی ژمارە (١٣٩)
## ڕاگەیەندراوی کۆمیسیۆنی سیاسی - نیزامی
## بە بۆنەی تیرۆرکرانی هاوڕێ((سید جمال نیکجویان))

هاونیشتیمانیانی ئازیز
خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان
کۆڕو کۆمەڵە بەشەڕ دۆستەکان
حیزب و ڕێکخراو و شەخسییەتە سیاسیەکان

بەداخو کەسەرێکی زۆرەوە ڕادەگەیەنین کە جارێکی دیکە تیرۆرستە دڵ ڕەش و ئینسان کوژەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران لەکوردستانی عێراق جینایەتیان خوڵقاندو دەستی چەپەڵیان بە خوێنی ڕۆڵەیەکی ئازادیخوازو خەباتگێڕی گەلەکەمان سوور کرد.

بەیانی ڕۆژی چوارشەمە ١٢ی مانگی سەرماوەرزی ساڵی ١٣٧٦ی هەتاوی (٣ی مانگی دیسامبری ساڵی ١٩٩٧ی زایینیی) تێکۆشەرێکی بەوەفای حیزبەکەمان بە ناوی (سید جمال نیکجویان) لەنێو شاری کۆیەدا کەوتە بەر دەستڕێژی چەکی تیرۆرستانی کۆماری ئیسلامی ئێرانو چووە نێو کاروانی شەهیدانی ڕێگای ئازادیی گەلەکەمان.

شەهید سید جمال نیکجویان ساڵی ١٣٤٩ی هەتاوی لەگوندی سەلیم ساولی ناوچەی مەهاباد لەبنەماڵەیەکی هەژار هاتە دنیاوە. ساڵی ١٣٧٠ هاتە نێو ڕیزی پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران. ماوەیەک لەهێزی پێشەوادا سازماندراو پاشان نەقڵی هێزی پارێزگاری کراو تا کاتی شەهید بوونی هەر لەهێزی پارێزگاریدا خزمەتی بە گەلەکەی کرد. شەهیدی نەمر پێشمەرگەیەکی بە نەزم و ڕوح سوک و بە ئیمان بوو لەنێو هاوسەنگەرانیدا زۆر خۆشەویست بوو.

وێڕای دەربڕینی غەم و پەژارەیەکی زۆر بۆ شەهید بوونی سید جمال نیکجویان، جارێکی دیکە دڵنیای دەدەین بە گەلەزوڵم لێکراوەکەمان کە ئەو جۆرە کردەوە تیرۆرستیانەی کۆماری ئیسلامی ئێران نەک هەر ورەمان پێ

بەرنادات بەڵکو سورترمان دەکات بۆ درێژەدانی خەبات و هانمان دەدات بۆ شێلگیرتر کردنی خەباتە بێوچانەکەمان.

بەو بۆنەیەوە لەناخی دڵمانەوە سەرەخۆشی لەبنەماڵەی شەهیدو خەڵکی ناوچەی مەهابادو تەواوی خەڵکی کوردستان دەکەین و سەبووری بۆ کەسوکاری شەهیدە سەربەرزەکەمان بە ئاوات دەخوازین.

بڕوخێ ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران

سەرشۆڕی بۆ تیرۆرستەکان

بژی خەباتی گەلەکەمان

کۆمیسیۆنی سیاسی - نیزامی

حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران

١٣٧٦/٩/١٢

١٩٩٧/١٢/٣

## بەڵگەنامەی ژمارە (١٤٠)
## ڕاگەیاندنی دەبیرخانەی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە بەبۆنەی کۆبونەوەی هەیئەتی حیزبی دیمۆکرات و کۆمەڵە

بەم جۆرە ئاگادارتان دەکەین کە ڕۆژی ٥شەمە ٢٠ی فەروەردین ١٣٧٧ هەیئەتێکی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران بەسەرپەرشتی کاک عبدالله حسن زادە دەبیر کوللی حیزبی دیمۆکرات، سەردانی بنکەی کۆمەڵەیان کردو لەگەڵ هەیئەی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە بەسەرپەرشتی هاوڕێ ابراهیم علیزادە دەبیر ئەوەلی کۆمەڵە، کۆبوونەوە.

لەم دیدارەدا سەرەتا لەسەر مەسەلەی سیاسییە گرنگەکانی ئێستای ئێران بەگشتی و کوردستانی ئێران بە تایبەتی ئاڵوگۆڕی بیروڕا کرا. هەڵسەنگاندنی هەردوولا لەسەر ئەم بابەتە گەلێک لێک نزیک بوو. بابەتێکی دیکەی کۆبونەوەکە، مەسەلەی هاوکاری نێوان حیزبی دیموکرات و کۆمەڵە بوو. لێرەدا ڕوانگەو بۆچونی هەردوولا چ لەسەر پرەنسیپەکانی هاریکاری و چ لەسەر خاڵەکانی کاری هاوبەش باسیان لەسەر کرا. سەرەنجام دوای گفتوگۆیەکی تێروتەسەل، لە کەش و هەوایەکی دۆستانەدا، لە پێناوی گڕوتین بەخشین بە خەباتی ئازادیخوازانەی خەڵکی کوردستان دژی ڕژێمی جمهوری ئیسلامی و کەم کردنەوەی دژواریەکانی سەر ڕێگای ئەم خەباتە عادلانەیەدا، هەردوولا لەسەر چەند خاڵێکی هاوبەش ڕێککەوتن و بڕیاری دەست بەکاربوون و جێبەجێکردنیان لە هەردوولا درا.

ئەم کۆبونەوەیە لە درێژەی گفتوگۆکانی تا ئێستای، حیزبی دیۆکرات و کۆمەڵەدا توانی هەنگاوێکی بەرچاو بەرەوپێش بنێ و لاپەڕەیەکی نوێ لە هاریکاری نێوان ئەم دوو هێزەی مەیدانی خەباتی سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردستانی ئێراندا بکاتەوە.

لە کۆتایی کۆبونەوەکەدا بڕیار درا کە ئەم دیدارو چاوپێکەوتنانە بەمەبەستی بەرەوپێش بردنی ڕەوتی ئەم هاریکاریانە بەردەوامی هەبێ.

دەبیرخانەی کۆمیتەی ناوەندی

سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران(کۆمەڵە)

٢٠ی فەروەردینی ١٣٧٧

## بەڵگەنامەی ژمارە (١٤١)

## بەیاننامەی هاوبەش

کۆمەڵانی خەباتگێڕی خەڵکی کوردستان
حیزبو ڕێکخراوە سیاسیە کوردستانیو ئێرانیەکان
دۆستانی گەلی کورد لەسەرانسەری جیهاندا

پاش کۆنگرەی هەشتەمی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران، بەشێک لەکادرو ئەندامانی حیزب، بەهۆی هەندێک گیروگرفتی نێوخۆی، لەسەرتای مانگی خاکەلێوەی ١٣٦٧ی هەتاوی دا بەناوی ((حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ))، (اعلام موجودیت)یان کردو لەژێر ئەو ناوەدا تێکۆشانی خۆیان درێژە پێدا.

ماوی ٨ ساڵ بوونی دوو ڕێکخراو بەناوی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و ئەو گیرو گرفتانەی کە بەو هۆیەوە هاتنە پێشەوە، زیانێکی زۆریان لەبزوتنەوەی میللی- دیموکراتیکی خەڵکی کوردستانی ئێراندا. بەخۆشییەوە دوای هەوڵ و کۆشیشی دڵسۆزانی حیزب و دۆستانی گەلی کورد، لەبەهاری ١٣٧٤ەوە دەرگای وتووێژ بۆ چارەسەری ئەو گیروگرفتانە کرایەوە. پاش چەند کۆبونەوەی باس و ڕاوێژ، هەردولا لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کە دیاردەی بوونی دوو ڕێکخراو بە ناوی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کۆتایی پێبهێنرێ و هەموو تێکۆشەرانی دیموکرات لەڕیزێکی یەکگرتودا خەباتی خۆیان بۆ وەدیهێنانی دروشمی لەمێژینەی حیزب ((دیموکراسی بۆ ئێران، خودموختاری بۆ کوردستان))درێژە پێ بدەن.

بۆیە بەخۆشحاڵیەوە مزگێنی بە هەموو دڵسۆزانی حیزب و گەلی کورد لەکوردستانی ئێران و هەموو هۆگرانی ئاشتی و ئازادی دەدەین کە لەدەرچونی ئەم بەیاننامەیەوە، حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانی، حیزبی هەموو تێکۆشەرانی دیموکراتەو ئەو ئاواتە پیرۆزەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و دۆستانی حیزب وەدی هاتووە. هیوادارین لەم هەنگاوە پیرۆزو بەرپرسانەیە، گڕوتینێکی زیاتر بە خەباتی ڕزگاریخوازانەی حیزبی دیموکرات و کۆمەڵانی

خەڵکی کوردستانی ئێران بداو لەوەدەست هێنانی مافو ئازادیەکانیان نزیکتریان بخاتەوە.

بەم بۆنەیەوە، داوا لەتێکڕای تێکۆشەڕانی دیموکرات دەکەین، بەسەرنجدان لەگرنگی ئەم هەنگاوە پیرۆزە، چەندی بکرێ زیاتر گیانی هاوکاری و برایەتی و تەبایی لەنێوخۆیاندا بەهێز بکەن، پێویستی یەک دڵیو یەک پارچەی لەهەموو ئاکارو ڕەفتارێکی خەباتگێڕانی دیموکراتدا ڕەنگ بداتەوەو بەم جۆرە دڵی دۆستانیان شاد بکەنو هەموو ئەوانەی ویستویانە لەناکۆکی نێو ڕیزەکانی حیزب بە زیانی بزوتنەوەی گەلەکەمان کەڵکوەرگرن، ناهومێد بکەن.

لەکۆمەڵانی خەڵکی کوردستانیش، کە لەهەموو کەس زیاتر چاوەڕوانی بیستنی ئەم مزگێنیە بوون، داوا دەکەین زیاتر لەجاران پشتی حیزبە خۆشەویستەکەیان بگرن و لەخەبات بۆ وەدیهێنانی ئامانجە لەمێژینەییەکانی گەلی کوردا یارمەتی بدەن.

لێرەدا بە پێویست دەزانین لەکانگای دڵمانەوە سوپاسی هەموو ئەو حیزب و ڕێکخراوو شەخسیەتە سیاسی و کۆمەڵایەتیە کوردو ئێرانی و خاریجییانە بکەن کە لەچەند ساڵی ڕابردودا، هەوڵی ڕێککەوتنەوەی تێکۆشەڕانی دیموکراتیان داوەو بەم جۆرە دڵسۆزی خۆیان بۆ یەکپارچەی حیزبی دیموکرات نیشانداوە.

ئەوەندەی ناکۆکی و لێکدورکەوتنەوەی خەباتگێڕانی دیموکرات لەچەند ساڵی ڕابردودا جێگەی داخوکەسەر بوو ئەوەندەش هەڵوێستی بەرپرسانەی هەموو لایەک لەماوەی یەک ساڵ و نیوی ڕابردودا، دانیشتنو وتووێژیان بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکان جێگەی خۆشحاڵیە. تێکۆشەڕانی دیموکرات ئازایانە لەمپەرە ڕەوانیەکانیان شکاندو ڕاستەوخۆ پێکەوە دانیشتن، هەتا توانیان دواکەندو کۆسپەکانی سەر ڕێگەی یەکپارچەی ڕیزەکانی حیزب لەنێو بەرن. بێ لەخۆبایبوون دەڵێن ئەم کردەوە شۆڕگێڕانەیە لەپێوەندی نێوان لایەنەکانی نێو بزوتنەوەی کوردا بۆ چارەسەری گیروگرفتەکانیان دیاردەیەکی نوێیەو جێگای ئومێدە.

هیوادارین ڕیزەکانی حیزبی دیموکرات ڕۆژ بەڕۆژ پتەوبونی زیاتر بە خۆوە ببین و لەوەش زیاتر، ئاشتی و تەبای و هاوکاری باڵ بەسەر پێوەنی نێوان

لایەنەکانی بزوتنەوەی کوردو حیزب و ڕێکخراوە سەرانسەریەکانی ئێراندا بکێشێ و سەرەنجام دیمۆکراسی پلوڕالیزمی سیاسی بەباشترین شێوە لەوڵاتەکەماندا سەقامگیر ببێ.

پیرۆزبێ یەکپارچەی ڕیزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران
یەکگرتوبێ خەباتی گەلانی ئێران بۆ ڕووخاندی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی.

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران
حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران - ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ
١٣٧٥/١٠/١٩ی هەتاوی، ١٩٩٩/١/٨ی زاینی

## بەڵگەنامەی ژمارە (١٤٢)
## دەقی وتوویژی رادیو دەنگی شۆڕشی ئێران(رادیۆی کۆمەڵە) لەگەڵ
## هاوڕێ ابراهیم علیزادە دەبیری ئەوەلی کۆمەڵە
## سەبارەت بە شەڕی نێوان یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و پ.کا.کا
٢٠٠٠/١٠/١٢

گویگرە خۆشەویستەکان..

هەروەک ئاگادارن ماوەی زیاتر لەیەک مانگە کە شەڕیکی خوێناوی لەنێوان هێزەکانی چەکداری پ.کا.کاو یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لەکوردستانی عێراق دا کەوتوتە رێو تا ئێستا بە دەیان کەس لەهەردولادا بونەتە قوربانی. شەڕی ناوخۆ هەمیشە مایەی نیگەرانیو دڵەراوکێی جەماوەری ستەمدیدە لەهەموو بەشەکانی کوردستان بووەو خەڵک هەواڵ و ڕوداوەکانی بەوردی تەعقیب دەکەن. ڕادیۆ دەنگی شۆڕشی ئێران لەبەرنامەکانی پێشوتری خۆیدا لەسەر چەند لایەنێکی ئەم شەڕە قسەی کردووە، ئەمڕوکە بە مەبەستی روونکردنەوەی زۆرتری زەمینەکانی بەرپابوونی ئەو شەڕەو هەڵویستی کۆمەڵە لەم بارەوە رادیۆی دەنگی شۆڕشی ئێران وتوویژیکی لەگەڵ هاوڕێ ابراهیم علیزادە دەبیر ئەوەلی کۆمەڵە تەرتیب داوە کە دەیبیستن

دەنگی شۆڕشی ئێران:

هاوڕێ ابراهیم! بەخێربێن بۆ ئستودیوی رادیو دەنگی شۆڕشی ئێران. سوپاس بۆ ئەوەی دەعوەتی ئێمەتان بۆ ئەم وتویژە قبوڵ کرد. یەکەم پرسیارم ئەوەیە لەڕوانگەی ئێوەوە زەمینەو هۆکاری ئەم شەڕە چیە؟

ابراهیم علیزادە:

زۆر سوپاس، سڵاوی گەرم بۆ هەموو گوێگرەکانی بەریزی رادیۆی دەنگی شۆڕشی ئێران، ڕادیۆی کۆمەڵە.

دەزانین ئەوە یەکەم جار نیە کە لەنێوان پ.کا.کاو هێزەکانی دەسەڵاتدار لەکوردستان یانی یەکێتی نیشتیمانی و پارتی دیموکراتی کوردستان شەڕێک دەکەوێتەوە رێو ئاکامەکانی پڕ کارەساتیشی ڕاستەوخۆ بەسەر سەری خەڵکی

کوردستاندا دەشکێتەوە، ئەو خەڵکەی کە هیچ خەتایەکیان نەکردووە، ئەوە نەبێت کە ئازادیو مافی سەرەتایو ئینسانی خۆیانویستوەو خەباتی بۆ دەکەن.

پێشینەی ئەو شەڕو پێکدانانە دەگەڕێتەوە بۆ هەشت، نۆ، دە ساڵی ڕابردووەوە بوو هەموو ئەو دەورەیەی لەکوردستانی عێراق- بەشی ژوری- لەژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عێراق هاتوەتە دەرێو هەل و ئیمکاناتێکی تازە بۆ پ.کا.کا ڕەخساوە کە لەکوردستانی عێراق، وەکو پشتی جەبهەیەک بۆ کارو هەڵسورانی خۆی کەڵک وەربگرێ.

گەرچی هەرجارەی کە شەڕێک ڕووی داوە، کۆمەڵێک هۆکاری تایبەتی خۆیشی هەبووە، بەڵام ئەو خاڵەی کە لەهەموویاندا هاوبەش بووە ئەوە بوە کە پ.کا.کا نەیویستوە بە ئەو ئیلزام و تەعەهودگەلە پابەند بێت کە ڕێگای پێ دەدات بە شێوەیەکی ئاشتیانەو لەڕێککەوتن لەگەڵ حیزبە سیاسیەکانی دەسەڵاتداردا، ئیمکانی جۆرێکی دیاریکراو لەچالاکی و لەحوزووری سیاسی خۆی لەکوردستان فەراهەم کات.

هەڵبەت دەزانین کە لەزۆربەی ئەم دەورەیەدا پەیوەندی پ.کا.کاو یەکێتی نیشتیمانی دۆستانە بووەو ئەگەر جاروبار ئاڵۆزیەکیش هاتۆتە پێش کورت ماوە بووەو چارەسەر کراوە. بەڵام هەلومەرجێکی سیاسی کە ئێستا هاتۆتە گۆڕێ بەگشتی و وەزعی پ.کا.کا خۆی بە تایبەتی و سیاسەتی پشتی پەردەی دەوڵەتانی ناوچەکە ڕەنگ و ڕواڵەتی ئەم شەڕەی لەچاو ئاڵۆزی و ناکۆکیەکانی پێشویان، گۆڕیوە. سیناریۆی دەستپێکردنی ئەم شەڕەی ئێستا لەنەزەر منەوە بە کورتی ئەمەیە:

سەرکردایەتی پ.کا.کا بریار دەدات کە کۆتای بە خەباتی چەکدارانە لەتورکیە بێنێو داوا لەدەوڵەتی تورکیە دەکات کە بە دەرکردنی لێبوردنێکی گشتی، ڕێگا بدات کە چەکدارەکانی بگەڕێنەوە سەر ژیانی ئاسای خۆیان، دەوڵەتی تورکیە مل بەو داوایە نادات و نایەوێ کادرو هەڵسوراوانی پ.کا.کا بگەڕێنەوە ناو کۆمەڵگای تورکیەو ببنە هەڵسوڕانی خەباتێکی ئاشکرا. بەڵام بەوەشەوە سەرکردایەتی پ.کا.کا لەسەر بڕیاری خۆی سوورەو فەرمان بە هێزەکانی خۆی دەدات کە بەپەلە کوردستانی تورکیە جێ بهێڵن و ڕوو بکەنە سەر سنورەکانی ئێران و عێراق.

بەدوای ئەم ئاڵوگۆڕەدا، جمهوری ئیسلامی لەلایەکەوە بەمەبەستی ڕاگرتنی ڕێگا دەستێک بۆ خۆی لەناو بزوتنەوەی نەتەوایەتی کورد لەناو تورکیا پەیوەندیەکانی خۆی لەگەڵ پ.کا.کا نەک هەر ناپسێنێ بەڵکو بەهێزتری دەکات و تەنانەت ڕێگەیە بۆ شێوەیەک لەحزورو چالاکی سیاسی پ.کا.کا لەناو لاوانی کوردستانی ئێراندا خۆش دەکات. بەڵام لەهەمانکاتدا ڕێگە نادا بەوەی کە هێزی چەکداری پ.کا.کا لەناو کوردستانی ئێراندا نیشتەجێ بێت و تەنها بەوە ڕازی دەبێت کە ئەوان لەکوردستانی عێراق لەسەر سنورەکانی جێگیربن و لەکوردستانی ئێرانیش وەکو پشتی جەبهەیەکی ئەمین بۆ کاری خۆیان کەڵکوەرگرت. بەو مەرجەی کە جەبهە ئەسڵیەکەیان لەکوردستانی عێراق بێ.

بەمجۆرە هێزەکانی پ.کا.کا لەکوردستانی تورکیە پاشەکشەی کردوەو بە شێوەیەکی ستراتیژیک و نەک تاکتیکی وازی لەهەر چەشنە کاری چەکدارانە لەتورکیە هێناوە، چەند ناوچەیەکی کوردستانی عێراق کە بەزۆر لەژێر دەسەڵاتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستاندایە دەکاتە شوێنی حەوانەوەی هێزەکانی. یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لەو ڕادەیەدا چاوپۆشی لەبوونی پ. کا. کا دەکات.

پ.کا.کا لەقاعیدەتەن بەپێی هەلو مەرجێک کە خۆی هەڵیبژاردوە دەبێ هێزی چەکداری خۆی مەحدوت کاتەوەو ڕێگا بۆ شێوەی خەباتی سیاسی ئاشکرا یا نهێنی خۆش بکات، بە پێچەوانەوە دەکەوێتە پەرەپێدانی هێزی چەکدارو ژمارەیەکی بەرچاو لەلاوانی کوردستانی ئێران و عێراقیش بە شێوەی جۆراوجۆر بەرەو لایخۆی ڕادەکێشێ. هێزی چەکداری پ. کا. کا کە بەم چەشنە پەرەیسەندوە هەوڵدەدات کە شوێنی نیشتەجێبونی خۆی لەکوردستانی عێراق فراوانتر بکاتەوەو کاتێک کە لەڕێگای وتوێژ لەگەڵ ی.ن.ک دا ناتوانێ ئەوە بسەلمێنێ، بە کردەوە بەبێ گوێدان بە ئاکامی گفتوگۆکان، هێزەکانی خۆی لەقوڵای کوردستانی عێراقدا بڵاودەکاتەوە. یانی ئەوەی بە گفتوگۆ نەیتوانیوە بەدەستی بێنێ، بە کردەوە پەیڕەوی دەکات.

یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ئەم سیاسەتەی پ.کا.کا بە دەستدرێژی بۆسەر دەسەڵات حاکمییەتی خۆی دەبنێو هەروەها لەپێناویدا دەبێ جوابدەرەوەی زەخت و فشاری دەوڵەتی تورکیەش بێت، لەبەرامبەریدا

ڕادوەستێ و داوا لەپ.کا.کا دەکات کە بگەڕێتەوە سەر شوێنەکانی دیاری کراوی خۆیان لەبناری قەندیل. لەهەلومەرجێکدا پ.کا.کا بڕیار دەدات کە ناوچەکانی حزورو چالاکی خۆی لەکوردستانی عێراق بە زۆری چەکیش بووە پەرەپێبدات و یەکێتی نیشتیمانی ئەوەی لێ قبوڵ ناکات و بەمجۆرە شەڕێکی خوێناوی بەرپادەبێ. گەلێک مەعلوماتی حاشاهەڵنەگر هەیە کە نیشانی دەدات جمهوری ئیسلامی ئێران چلۆن بە رواڵەت و لەسەرەوە دەوری بەناو نابژیوانیوان دەبنێ و لەژێرەوە ئاوڕەکەی خۆش دەکات و پشتی جەبهەی شەڕەکە دابین دەکات.

لەراستیدا جمهوری ئیسلامی ئێران هەروەک چۆن لەڕابردودا سووریە، دەیهەوێ زۆرترین کەڵک لەحزووری پ.کا.کا لەو ناوچەیە بۆ بەرژەوەندیەکانی خۆیوەربگرێ بەبێ ئەوەی توشی مەترسی بەرەوڕووبونەوەی لەگەڵ تورکیە بکات. یانی بە کەمترین باج زۆرترین کەلک، ئەویش لەسەر حیسابی خەڵکی کوردستانی عێراق، وەربگرێ.

ئێستا پ.کا.کا کە حزووری میلیشیای چەکداری لەهەموو شوێنێکی کوردستانی عێراق بە مافی خۆی دەزانێ و دەیهەوێ ئەم سیاسەتەی بە زۆریش بووە دایسەپێنێ. ئەوەی کە لێرەدا جێگای سەرنجە ئەو ڕاستیەیە کە ئەگەر بۆ پ.کا.کا خەباتی چەکداری لەتورکیە لەباری ستراتیژیکەوە پێویستیەکەی خۆی لەدەست داوە پەرەپێدان و بڵاوکردنەوەی ئەو هێزە لەکوردستانی عێراق و پێکهێنانی زەمینەی شەڕو پێکدادانی لەگەڵ هێزەکانی دەسەڵاتداری ئەو ناوچەیە جگە لەوە کە رەنج و ئازارەکانی جەماوەری خەڵک زیاتر دەکات و برینێکی تریش دەخاتە جەستەیانەوە چ قازانجێکی تری هەیە؟

دەنگی شۆڕشی ئێران:

هاوڕێ ابراهیم، پێش ئەوەی بچینە سەر هەڵوێستی سیاسی کۆمەڵە لەسەر ئەم شەڕە، پرسیارێکی دیکەم هەیە ئەویش کە لەجەرگەی شەڕەکانی نێوان هێزەکانی پ.کا.کاو یەکێتی نیشتیمانی دا دەرکەوت کە ژمارەیەک لەلاوانی کوردستانی ئێران لەناو ڕیزەکانی هێزی گەریلای پ.کا.کا ڕێکخراون کە زۆربەشیان بەداخەوە لەتەمەنی مێردمنداڵیدان. دەشزانین کە جمهوری ئیسلامی چاوپۆشی لەپەیوەستبونی ئەم لاوانە بە پ.کا.کا دەکات، وەهەروەها

دەزانین کە ڕێگا دەستی پ.کا.کا بو جۆرێک بو هەڵسورانی سیاسی لەکوردستانی ئێران ئاوالەیە. ئێوە ئەم سیاسەتەی جمهوری ئیسلامی چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

ابراهیم علیزادە:

دیارە ئەم مەسەلەیە دوو لایەنی هەیە، لایەنێکی ئەو لاوانە بە ڕیزەکانی هێزی چەکداری پ.کا.کا پەیوەست دەبن، کە بە بڕوای من هەڵدەگەڕێتەوە بۆ بێ ئاگای و کەم ئەزمونی خۆیان لەژیانیادا. دەتوانم بڵێم کە بەداخەوە ئەوان پ.کا.کا بە باشی ناناسن و دڵنیام لەوەی لەماوەیەکی کورت دوای پەیوەست بوونیان بە ڕیزەکانی هێزی چەکداری پ.کا.کا ئەگەر مەجالی بیرکردنەوەیان پێ بدرێ و نەیانخەنە شەڕایەتێکی دژواری ژیان و ڕاپێچی مەیدانی شەڕیان نەکەن زوو زوو ڕاستیەکانیان بۆ دەرەکەوێ.

بەڕاستی لاوانی کوردستانی ئێران لەپێناو کام ستراتیژی سیاسی و بۆ بەڕێوەبردنی کام سیاسەتی جەنگی دەچنە ناو ڕیزی هێزی چەکداری پ.کا.کا وەو لەچیاو دۆڵەکانی کوردستانی عێراق دەبنە قوربانی؟ ئایا ئەمە خەباتێکە لەپێناو سڕینەوەی هەستی نەتەوایەتی لەسەر گەلی کورد لەکوردستانی ئێران؟ بێ گومان وانیە. پ.کا.کا هەرگیز خاوەنی هەڵوێستی ڕادیکاڵ لەسەر مەسەلەی نەتەوایەتی بەرامبەر بە مەسەلەی کورد لەکوردستانی ئێران نەبووە. ئەوە ئیتر تەنها بۆ یەک دوو ساڵی ڕابردووش هەڵناگەڕێتەوە، دەمێکە لەڕوانگەی سەرکردایەتی پ.کا.کا وە جمهوری ئیسلامی وەکو هێزێکی بەناو دژ بە ئیمپریالیست لەو ناوچەیەدا دەناسرێ کە نابێ بە هیچ شێوەیەک زەربەی لێ بدرێ و لاواز بکرێ و خەباتی چەکدارانەی خەڵکی کوردستانی ئێران بۆ ئازادی بە ئاژاوەگێڕی لەقەڵەم دەدرێ. تەنانەت دیتمان کە هەڵچوونی جەماوەری و سیاسی ڕەشەمێی ساڵی ١٣٧٧ی هەتاوی لەشاری سنەو شارەکانی تری کوردستانی ئێرانیان کە لەلایەن جمهوری ئیسلامیەوە خەڵتانی خوێنکرا مەحکوم کرد.

یان ئایا پەیوەست بوونی ئەم لاوانە بە ڕیزەکانی پ.کا.کا ڕەنجبردن و خۆبەخت کردنێکە لەپێناوی پێکهێنانی کوردستانێکی یەکگرتووی سەربەخۆدا؟ ئەوەش هەر بێشک وانیە. ئامانجی سەرەکی پ.کا.کا ئەو جۆرەی کە خۆیان

دەیانگوت لە ((ڕزگارکردنی کوردستان لەئیستیعماری دەوڵەتانی ناوچەکەو پێکهێنانی کوردستانێکی یەکگرتووی سەربەخۆ))وە، گواستوەتەوە بۆ ((بەدەستهێنانی کۆمەڵێک مافی فەرهەنگی بۆ خەڵکی کورد لەچوارچێوەی جمهوری تورکیەدا لەڕێگای خەباتێکی سیاسی، ئاشتیانەوە)). بۆ هێزی چەکداریش تاکتیک و ستراتیژی هەمووی بریتیە لە: پاشەکشەو خۆپاراستن لەهەر چەشنە لێکهەڵچونێک لەگەڵ هێزەکانی دەوڵەتی تورکیە، چاوەڕوانی بۆ دەرچونی لێبوردنی گشتی بۆ گەڕانەوەی گەریلا بۆسەر ژیانی ئاسایی خۆیان. کەواتە ڕێکخستنی لاوانی کوردی ئێران لەناو ڕیزەکانی هێزی چەکداری پ.کا.کا دا ناتوانێ بە مەبەستی بەدواداچونی ستراتیژی (سەربەخۆیی کوردستانێکی یەکگرتوو)دا بەڕێوە بچێ.

لایەنێکی تری ئەو مەسەلەیەش سیاسەتی جمهوری ئیسلامیە کە پێویستە بناسرێ. کام عەقڵی سەلیم ئەوە قبوڵ دەکات کە ڕژێمی جمهوری ئیسلامی کە بە درێژای بوونی خۆی دەستی لەهیچ کردەوەیەکی تاوانبارانە بەرامبەر بە خەڵکی کورد نەپاراستووە، هەموو ماف و ئازادیەکی ئەو خەڵکە پێ شێل دەکات، ئەمڕۆکە بە بێ بەدیکردنی بەرژەوەندیەکی دیاریکراو چاوپۆشی لەچالاکی پ.کا.کا لەناو لاوانی کوردستانی ئێران دا بکات؟

سیاسەتی جمهوری ئیسلامی ئێران لەم بارەوە ڕوونە. ئەو دەیهەوێ بە نیشاندانی بەدیلێکی بە ڕواڵەت میلیتانت بە لاوانی کوردستانی ئێران ڕێگا لەپەیوەست بوونی ئەوان لەهێزەکانی ڕادیکاڵی کوردستانی ئێران بگرێ و ئەم ڕەوتە بۆ بەلاڕێدابردن و لەکاتی خۆیدا خامۆشکردنی هەر حەرەکەتێکی جەماوەری کە مەترسی بخانە سەر دەسەڵاتی جمهوری ئیسلامی لەکوردستانی ئێران، بەکار بینی. پێشتریش ئیشارە کرا کە ئەم پەیوەندیە لەگەڵ پ.کا.کا بۆ جمهوری ئیسلامی جگە لەبەرژەوەندی ناوخۆی کە باس کرا بەرژەوەندی ناوچەیشی هەیە.

لاوانی کوردستانی ئێران پێویستە ژیرانە، بەچاوێکی کراوەو وردبینانەوە بڕواننە ئەو سیاسەتەو ڕێگا نەدەن کە گیانو ژیانیان بکرێ بە دەستەچیلەی ئاوریک کە ڕژێمی ئیسلامی لەئێران لەهاوئاهەنگیەکی بە کردەوەدا لەگەڵ باقی دوژمنانی ئازادی و مافەکانی خەڵکی کوردستان لەهەموو ناوچەکە، خەریکی

بەرپاکردنێتی. پێویستە لاوانی کوردستانی ئێران لایەنەکانی جۆراوجۆری ئەم پیلانە کە بەدەستی ئیتلاعاتی ئێران بەڕێوە دەچێ بناسن و بزان کە: ئەو هاوکاریەی جمهوری ئیسلامی ئێران لەگەڵ هێزی چەکداری پ.کا.کا ناتوانێ تەنیا پەیوەندیەکی دیبلۆماسی ساکارو بێ سات و سەودابێ، بەڵکو لەلایەن ئەم ڕژێمەوەو لەهەمانکاتدا کە ئامانجی دیاریکراوی سیاسی خۆی هەیە، بە مەبەستی سەرمایەگوزاری لەسەر دواڕۆژی خەباتی عادیلانەی خەڵکی کوردستانی ئێرانیش، داڕێژراوە.

پ.کا.کا هێزێکی ناسیۆنالیستی کوردە بەهەموو تایبەتمەندیەکانی ئەم بیرو بۆچۆن و ڕێبازی سیاسیەوە، ڕووداوەکانی دوو ساڵی ڕابردووش بە ڕوونی نیشانی دەدات کە ئەم حیزبە هیچ ئاسۆیەکی ڕوونی سیاسی لەبەردەم نیە. ئازادی گەلی کورد لەستەمی نەتەوایەتی ناتوانێ بەرهەمی کارو هەڵسوڕانی ڕەوتی پ.کا.کا بێ. بزوتنەوەی گەلی کورد لەکوردستانی تورکیە بە هەر ڕادەیەک لەژێر کاریگەری ئەم بیرو بۆچون و سیاسەت و کردەوەیەدا بمێنێتەوە، هەر بەو ڕادەیە تووشی بنبەست و ئازارو ڕەنجی بێ حاسڵ دەبێ.

دەنگی شۆڕش ئێران:

هاوڕێ ابراهیم! بە لەبەرچاوگرتنی ئەو لێکدانەوەی کە ئێستا باس کرا، هەڵوێستی سیاسی کۆمەڵە لەسەر شەڕی نێوان پ.کا.کاو یەکێتی نیشتیمانی چیە؟

ابراهیم علیزادە:

یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و پ.کا.کا دوو هێزی سیاسی هەڵقوڵاوی کێشەی کوردو ستەمی نەتەوایەتی لەدوو بەشی کوردستانن. شەڕی نێوان ئەم هێزانە شەڕێکی ناڕەوایەو دوکەڵەکەی ڕاستەخۆ دەچێتە ناو چاوی خەڵکێک کە بۆ ئازادی و مافی چارەنووسی خۆیان، خەباتێکی عادلانە دەکەن. بۆیە ئێمە بەر لەهەرشتێک خوازیاری ئەوەین کە ئەم شەڕە دەست بەجێ کۆتایی پێ بێت و ئەو ئاگربەستەی کە بەڕەسمی قبوڵ کراوە بە کردەوەش پەیڕەو بکرێ. درێژەکێشانی ئەم شەڕە ڕێگا بۆ دەستێوەردانی زووتری دەوڵەتەکانی ناوچەکە لەکێشەکانی ناوخۆی کەردستاندا خۆشتر دەکات و ئاکامی پڕ کارەساتتری لێ دەبێتەوە. هەر بۆیە پێش هەموو شتێک پێویستە هەموو

هەوڵەکان بۆ کۆتایی پێهێنانی ئەو شەڕە یەکانگیر بکرێو لەهەمانکاتدا زەمینەکانی دەست پێکردنەوەو هەڵگیرسانەوەشی لەبەین ببرێ.

پێشتر ئیشارەم پێ کرد جێگیربوونی بنکەو مقەرەرکانی هێزی چەکداری پ.کا.کا لەکوردستانی عێراق کۆمەڵێک ئەرک و ئیلزامی بۆ دروست دەکات کە پ.کا.کا نایهەوێ پێیان پابەند بێ. با نمونەی خۆمان باس بکەین.

ئێمە هەرگیز نەمانووتوە کە موقاوەمەت و خەباتی چەکدارانە لەکوردستانی ئێران، پێویستیەکەی خۆی لەدەست داوە. ئێمە بە پێچەوانەی پ.کا.کا پێمانوایە تاکتیک کە ماف و ئازادیەکانی سەرەتای خەڵکی کوردستانی بە زۆری چەک و کوشتوبڕو زیندان، زەوت دەکرێ و پێشێل دەکرێ، مافی بێ ئەملاوئەولای ئەو خەڵکەشە کە ئەوانیش بۆ وەدەستهێنانی ئازادی و مافی چارەنوسی خۆیان بەشێوەیەکی چەکدارانە خەبات بکەن و کۆمەڵە ڕێکخستن و بەرەوپێشبردنی ئەو خەباتە بە ئەرکی سەرشانی خۆی دەزانێ. بەڵام، کاتێک دەبینین بەهۆی هاتوچوی چەکدارانی ئێمە لەو دیوی سنورەوە بۆ ئەودیوی سنور، خەڵکی کوردستانی عێراق بە پێچەوانەی ئارەزووی خۆیان دەکەونە بەر شاڵاوی تۆڵەسەندنەوەو گوندەکانیان تۆپ باران دەرکرێ، تیرۆرو ئینسانکوژی لەشارەکانمان ساز دەدرێ و ئەمنیەتیان لێ هەڵدەگیرێ، ڕێگا بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی ژیانیان لێ دەبەسترێ، ئیتر ئێمە بۆمان نیە لەسەر حیسابی ئەوان ئەم تاکتیکەمان بەینەپێش.

هەستی ئەمەکناسی بەرامبەر بەم هەموو زەحمەتەی کە هەر ئێستاش بەبۆنەی هەڵسوڕانی ئێمەوە بەسەر شانی خەڵکی ئەم وڵاتەوەیە واحوکم دەکات کە خۆمان بەبێ مۆرکردنی هیچ چەشنە قەراردادو بەڵگەنامەیەکیش کۆمەڵێک تەعەهودی سیاسی و ئەخلاقی بەرەسمی بناسین و پێی پابەندبین. ئەوە چاوەڕوانیەکی زۆر تەبیعیو سەرتایی خەڵکی کوردستانی عێراقە لەئێمەو لەهەر هێزێکی تریشە. پ.کا.کا ش پێویستە هەروا هەڵسوکەوت بکات.

# راگەیەنداوی چاپەمەنی

سەعات ٨،٣٠ دەقیقەی پاش نیوەڕوی ڕۆژی هەینی ١٠ی ڕەشەمەی ١٣٧٥ی هەتاویی (١٩٩٧/٢/٢٨ زایینی) لەگەڕەکی باغی سیسەی شاری مهاباد تێکهەڵچونێک لەنێوان دەستەیەک لە پارتیزانەکانی یەکێتی شۆڕشگێرانی گەلی کوردستان و ژمارەیەک لە پاسدارانی ڕێژیمی داگیرکەری کۆماری ئیسلامی دا ڕوی دا.

لە جەریانی تێکهەڵچونی نێوان پارتیزانەکان و ئەفرادی ڕێژیم دا پێشمەرگەیەکی یەکێتی شۆڕشگێرانی گەلی کوردستان برینداربوو.

چالاکیی پێشمەرگە لەنێو ئەو شارەدا هێزەکانی ڕێژیمی تووشی ترس و نیگەرانی کردوە و بەدوای ئەم ڕوداوەدا جۆرێک حکومەتی نیزامی لەنێو شاری مهابادا بەڕێوە دەچێ.

یەکێتی شۆڕشگێرانی گەلی کوردستان
فەرماندەیی دەستەکانی پارتیزان لەنێوخۆی وڵات
١٣٧٥/١٢/٢١
١٩٩٧/٣/١١

بەڵگەنامەی ژمارە (١٣١)

ڕاگەیەندراوی کۆمیسیۆنی سیاسی- ئیجرائیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
بە بۆنەی

# تیرۆر کرانی هاوڕێ «لطیف نقشبندی»

هاونیشتمانانی خۆشەویست!
خەڵکی ئازادیخوازی و تێکۆشەری کوردستان!
کۆڕو کۆمەڵە ئینساندۆستەکان!

بەداخ و کەسەرێکی زۆرەوە ڕادەگەیەنین کە بەیانیی ئەمڕۆ دووشەممە ١٣٧٦/٢/١٥ی هەتاوی (١٩٩٧/٥/٥) زایینی) یەکێک لە کادرە دڵسۆزو تێکۆشەرەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەناوی «لطیف (عمر) نقشبندی» کوڕی مەلا عەلی خەڵکی گوندی واشەمزینی ناوچەی سەردەشت لە کاتێکدا لەماڵی خۆی ڕا لەشاری هەولێری کوردستانی عێراق بەرەو شوێنی کاری دەڕۆیشت، لەڕێگادا کەوتە بەر دەسڕێژی چەکی بەکرێگیراوە ئینسانکوژەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران و شەهید بوو و چووە ئێو ڕیزی کاروانی شەهیدانی سەرفرازی ڕێگای ڕزگاریی گەلی کورد.

بەتیرۆر کرانی هاوڕێ «لطیف نقشبندی»، حیزبەکەمان یەکێک لە دڵسۆزترین و ئەمەگناسترین کادرەکانی خۆی لەدەست دا. شەهید لطیف نقشبندی لە ساڵەکانی ٤٧-٤٦ەوە پەیوەندیی بە حیزبەوە گرت و دەستی بەکارو تێکۆشانی حیزبی کرد. هەر لەو سەردەمەدا لەبەر فشارو زەبرو زەنگی ڕژێمی پاشایەتی ئاوارەی کوردستانی عێراق بوو و لە کوردستانی عێراقیش وەک تێکۆشەرێکی حیزبی، ئەرکە پێ ئەسپێردراوەکانی بە دڵسۆزییەوە بەڕێوە دەبرد. پاش سەرکەوتنی ڕاپەڕینی گەلانی ئێران گەڕایەوە کوردستانی ئێران و لە کۆمیتەی حیزبیی شارستانی سەردەشتدا دەستی بەخزمەت کرد و وەک ئەندامی کۆمیتەی شارستان، ئەندامی هەیئەتی ئیجرائیی کۆمیتەی شارستان و بەرپرسی ڕێکخراوی ناوچە، کارو باری حیزبی بەڕێوەبرد. ساڵی ١٣٦٤ بەهۆی تۆپبارانی هێزەکانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی بەسەختی بریندار بوو و ماوەی زیاتر لە دوو ساڵ لە نەخۆشخانە کەوت. پاش ساڕێژ بوونەوەی برینەکەی دووبارە ئامادەیی خۆی بۆ کار ڕاگەیاند و ئەرکی جۆراوجۆری بە ئەستۆوە گرت. دوایین بەرپرسایەتیی پێ ڕاگەیشتن بە وەزعی نەخۆش و بریندارەکانی حیزبی دێموکرات لەشاری هەولێر بوو کە کەوتە بەر دەسڕێژی تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی و بەداخەوە شەهید کرا.

کۆماری ئیسلامی ڕژێمێکی تیرۆریست و تیرۆریست پەروەرە و دەست لەهیچ جینایەتێک ناگێڕێتەوە. تازەترین کردەوەی تیرۆریستیی بەکرێگیراوانی ئەو ڕژێمە بە دوای دەرچوونی بڕیاری دادگای بێرلین‌دا بە باشی نیشان دەدا کە ڕیسوا بوون لەسەر کردەوەی تیرۆریستی لە ئاستی دنیادا، دەسەڵاتدارانی تیرۆریستی ئێران لە کوشتاری موخالیفان شل ناکاتەوە. هەربۆیە دەبێ دەستی بەکرێگیراوە جینایەتکارەکانی لە هەر وڵاتێکدا کورت بکرێتەوە و بە پێچەوانەی هەر جۆرە پێوەندی‌یەک لەگەڵ ئەم ڕژێمە، مەیدانی ئینسانکوژی و جینایەت خوڵقاندنی لێ بەرتەسک بکرێتەوە. بەداخەوە کوردستانی عێراق ئێستا زیاتر لەهەر شوێنێکی دیکە بۆتە مەیدانی ڕەمبازێنی بەکرێگیراوەکانی کۆماری ئیسلامی و ڕۆژ نیە لێرە و لەوێ تێکۆشەر و ئازادیخوازێکی کورد بە دەستی تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی تیرۆر نەکرێ.

بەو بۆنەوە داوا لە هەموو حیزب و ڕێکخراوە سیاسی‌یەکان و کۆڕو کۆمەڵە بەشەر دۆستەکان دەکەین کە ئەو جینایەتە تازەیەی کۆماری ئیسلامی مەحکووم بکەن. هەر لەو کاتەدا جارێکی دیکە داوا لە حیزب و ڕێکخراوەکانی کوردستانی عێراق بە تایبەتی حیزبە دەسەڵات بەدەستەکان دەکەین کە چیدی ئیجازە بە دەست تێوەردان و کردەوە تیرۆریستی‌یەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستانی عێراقدا نەدەن. لە حاڵێکدا مەسەلەی تەمبێ کردنی ئەو ڕژێمە لە سەر کردەوە تیرۆریستی‌یەکانی بووە بەمەسەلەیەکی گرنگی جیهانی، ئایا نابێ لەکوردستانی عێراقیش بەرخوردێکی جیددی بە جینایەتەکانی ئەو ڕژێمە دژی ئینسانی‌یە بکرێ؟!

کۆماری ئیسلامی دەبێ دڵنیابێ کە بەئەنجامدانی ئەو جینایەتانە ناتوانێ بزووتنەوەی ڕەوای گەلی کورد لە کوردستانی ئێران بەچۆک دابێنێ.

جارێکی دیکە پەیمانی خۆمان بۆ شەهیدە سەربەرزەکان دووپات دەکەینەوە کە هەتا سەرکەوتنی گەلەکەمان ڕێبواری ڕێگای پڕ لە شانازیی ئەوان دەبین.

بەو بۆنەوە سەرەخۆشی لە بنەماڵەو کەس و کاری بەڕێزی شەهید لطیف نقشبندی و تێکۆشەرانی حیزب و هەموو خەڵکی کوردستانی بەگشتی و خەڵکی ناوچەی سەردەشت بە تایبەتی دەکەین.

ڕوو ڕەش بۆ ڕژێمی کۆنەپەرست و تیرۆریستی کۆماری ئیسلامیی ئێران!
سەرکەوێ خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی قارەمانی کورد!

کۆمیسیۆنی سیاسی- ئیجرائیی
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
١٣٧٦/٢/١٥

بەڵگەنامەی ژمارە (١٣٢)

## ڕاگەیەندراوی کومیسیۆنی سیاسی-نیزامیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
## بە بۆنەی تیرۆرکرانی هاوڕێ «مولان عبداللەخانی» (مەولان سوار)

هاونیشتمانانی بەڕێز!
خەڵکی خەباتگێری کوردستان!
حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان!
کۆڕ و کۆمەڵە پێشمەر دۆستەکان!

بە داخ و پەژارەیەکی زۆرەوە ڕادەگەیەنین کە پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێشەممۆ ڕێکەوتی ۱۳۷٦/۳/۱۳ی هەتاوی بەرامبەری ۱۹۹۷/٦/۳ی زایینی، یەکێک لە کادرە دڵسۆز و فیداکارەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە ناوی «مولان عبداللەخانی» ناسراو بە «مەولان سوارە» لەکاتی بەڕێوەبردنی ئەرکی حیزبیدا و لە کاتێکدا لە شاری سلێمانیی کوردستانی عێراقەوە دەگەڕایەوە شاری کۆیە، لە نزیک گوندی خەلەکان کەوتە بەر دەستڕێژی چەکی تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران و شەهید کرا.

شەهید مولان ساڵی ۱۳۲۸ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی هەژار لە شاری سەردەشت لەدایک بوو. پاش تەواوکردنی قۆناغی سەرەتایی لەبەر هەژاری دەستی لە خوێندن هەڵگرت و ناچار بوو بۆ بەڕێوەبردنی ژیانی خۆی و بنەماڵەکەی کار بکا.

شەهید مولان لە ڕاپەڕینی گەلانی ئێران لە ساڵی ۱۳۵۷دا زۆر چالاکانە بەشداری کرد و پاش سەرکەوتنی ڕاپەڕین لە ساڵی ۵۸دا پێوەندیی بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە گرت و وەک ئەندامێکی چالاکی حیزبی دەستی بە تێکۆشان کرد. ساڵی ٦۱ پاش ئاشکرابوونی، هاتە ڕیزی پێشمەرگەکانی حیزب لە هێزی شەهید موعینیی سەر بە کومیتەی سەردەشت. ساڵی ٦٥ لە تەداروکاتی پێشمەرگە کاری بۆ دیاری کرا و ماوەیەک دواتر نەقلی کومیسیۆنی ماڵی کرا و لەو کاتەوە تا ڕۆژی شەهیدبوونی لە بەشی خەدەماتی کومیسیۆنی ماڵیدا کاری دەکرد. شەهید مولان کادرێکی دڵسۆز و هەمیشە ئامادەی بەڕێوەبردنی ئەرکی پێسپێردراوی حیزبی بوو. بە شەهیدکرانی هاوڕێ مولان حیزبەکەمان یەکێک لە فیداکارترین و زەحمەتکێش ترین کادرەکانی خۆی لە دەستدا.

کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕژێمێکی تیرۆریست و دیکتاتۆر و دوژمنی سەرسەختی ئازادی و مافە ڕەواکانی گەلی کوردە کە بۆ تێکشکاندن و لەبەینبردنی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلەکەمان دەست لە هیچ کردەوەیەکی دڕندانە ناگێڕێتەوە. جێگای داخە کە کوردستانی عێراق زیاتر لە هەر شوێنێکی دیکە بۆتە مەیدانی ڕەمبازێنی پیاوکوژ و تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی. لەوەش جێگای داخ‌تر ئەوەیە کە ئەو هەموو کردەوە تیرۆریستییانەی کۆماری ئیسلامی بە ئاشکرا و لەبەر چاوی ڕێکخراوە سیاسییەکان و حیزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستانی عێراق ئەنجام دەدرێن.

بەو بۆنەیەوە داوا لە تەواوی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان و ڕێکخراوە پێشمەر دۆستەکان دەکەین لە بەرابەر ئەو هەموو پیلانگێڕی و کردەوە تیرۆریستییانەی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە کوردستانی عێراقدا، دەنگی ڕەخنە و بێزاریی خۆیان بەرز بکەنەوە و سنوورێک بۆ ئەو هەموو جینایەت و دەستدرێژییە دابنێن. ڕژێمی کۆماری ئیسلامی دەبێ دڵنیا بێ کە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلەکەمان زۆر لەوە بەهێزترە کە بەو جۆرە جینایەتانە وەلەرزە بکەوێ.


ئێمە لە قووڵایی دڵمانەوە سەرەخۆشی لە بنەماڵەی بەڕێزی شەهید مولان و تێکۆشەرانی حیزب و هەموو خەڵکی کوردستان بەگشتی و خەڵکی شاری سەردەشت بەتایبەتی دەکەین و جارێکی دیکە بەڵێن تازە دەکەینەوە کە تا سەرکەوتنی خەباتی شۆڕشگێڕانەی گەلەکەمان و دابینبوونی مافە ڕەواکانی لە خەبات ناوەستین.

سڵاو لە گیانی شەهیدی نازدار کاک مولان عبداللەخانی و بەردەوامی بۆ ڕێگاکەی.
ڕووڕەشی بۆ ڕژێمی دیکتاتۆر و تیرۆریستی کۆماری ئیسلامیی ئێران.
سەرکەوێ خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی قارەمانی کورد.

**کومیسیۆنی سیاسی-نیزامی**
**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**۱۳۷٦/۳/۱٤ هەتاوی - ۱۹۹۷/٦/٤ زایینی**

بەڵگەنامەی ژمارە (۱۳۳)

## راگەیێندراوی دەفتەری سیاسی ڕێکخراوی خەبات‌ی شۆڕشگێڕی کوردستانی ئێران



بە بۆنەی ـــودای بە شەهیدەی میرەیان

کوڕ و کۆمەڵە ئازادیخوازەکان !
حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان !
خەڵکی موسڵمانی کوردستان !

ڕژێمی سەرەڕۆ و سەرکوتگەری کۆماری بەناو ئیسلامی ئێران لە گێژاوی حکومەت و سیاسەتە غەلەت و بەرگوانە دەرەکی و ناوخۆییەکانی خۆی دا پەلەقاژەی مەرگێتی و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ تەقەلای هەڵدەبەستەوە و پێوەندیە دیپلۆماتیکەکانی دەکەونە بەربەرسیار. تەنانەت وڵاتە بەرژەوەند پەرستەکانیش تا جا ڕیوون لە ئەوی کاریگەری بڕینی بڕیاری دادگای ئەڵمان دا ملکەچی بەرژەوەندی گشتی بن و بە وردی جا و بە حکومەتەکانیان دا بەچێنەوە. ئالە و ـ کاتەدا بۆ کەم ئەوەی پێوەندیە سارد ەکانی وکردەوەی ئالە نێوەچەراوەکانی دەتەرێکی ئۆتۆنەکاری بڕیارپەدەست لەسەر دەنگی شانۆی هەڵبژاردن بە پلەیەک و چە تەنەیەکی تەردەستا نەوە تەماشاچییانی خۆش خەیاڵی راپەڵەکانەدە و دەستیەوە سەر ئەوا و ئەوو ڕاکێشان تا ئەوراد بەی ئەوانەی دژی ئەوو باند و سەرۆک باندەکانی دامەزراو کۆماری بەناو ئیسلامی ئاواتیان خواست کە ئەم شانۆیە نوختە گۆڕانێک بێت لە سیاسەتی کاربەدەستانی ئێران کە هەرگیز ئەو ئاواتەیان نایەتەدی و هەردەبێ بەهیوا و ... اوادابمێنن و تەماشاچی بن داخۆ چۆن سەروەری نیشتمانیی وڵاتیان و مافی مرۆڤ ژێرپێ دەدرێ و مافی نەتەوەیی و ئایینی کەمایەتییەکان چۆن کەمەی پێ دەکرێ؟ جیا لە هەموو درۆبەکانی بڕیاکەندەی هەڵبژاردن "خاتەمی" دوای هەڵبژێرانی بە سەرکۆمار رایگەیاند کە دژی سیاسەتی تیرۆر دەوەستێ و لانیکەم لە سەردەمی دەسەڵاتی ئەودا ئەو ناتەواوی خۆی دا ڕەوتی تیرۆر رادەگیرێ یان کەم دەکاتەوە. ئەم قسەیەی ئاخوند "خاتەمی" لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ڕژێمەوە بە تەواوی کاریگەرابووە کە تا ئێستە تیرۆریستەکانیان لە کوردستانی عێراق لە ماوەی کەمتر لە هەفتەیەکدا سێ کردەوەی تیرۆر و تەقاندنەوەیان هەر لە سلێمانی و دەوروبەری بەڕێوەبرد کە بوون بە هۆی کوژرانی ٣ کەس و زەرەر و زیانێکی زۆر.

لە ڕاستی دا ئەو کردەوە تیرۆریستیانە بەدڕۆ دەستەوەی ئەو مەزرە تازە ڕەنگەربراوەی ڕژێم و بەهۆی و بێ بنەمانە دەربڕینی پەلەیێنەکانیەتی هەم لە ناوخۆی وڵات و هەم لە رادەی نێونەتەوەیی دا. کارێزانی ڕژێم هەروون لە سەر ئەوەی هەر دەنگی ڕەخنە و بێزاری لە ناوخۆ و دەرەوە دا بە ئاگر و گوللە وەڵام بدەنەوە و هەموو ترانایان دەخەنە گەڕ بۆ کپ کردنی دەنگی نەیارانی سیاسی خۆیان.



بەڵگەنامەی ژمارە (١٣٤)

ئاهەنگی تیرۆریستی سەر بە ڕژێم لە ڕۆژی هەینی ١٦/ ٨/ ١٣٧٦ ک.ھ.ھ لە شـــاری
سلێمانی لە سەعات ١٠ ی بەیانی لە بازارێکی پڕ حەشیمەت بۆ ئەوەی بە بەرچاوی سەدان
کەسەوە ئەو پیاوانە ئەندامێکی دڵسۆزی خەباتی شۆڕشگێڕ (کاک خالد عباسی) کـــورد و
لە ئاکامی ئەو تەقەیەدا کاک خالد عباسی و کاک بکر محمود مەلا بکر بڵیمی بەرپرسایەتی
ھات و ... سلێمانی شەهید بوون .

ئەم ڕێکەوتە نەنگینە ئەوەندە ئاشکرا بوو بە کە سەرۆکی بەرچاو ڕوون سووک و ئاسمان
بۆ یەدا پەرواتن و بە سەریدا باز دا باڵکەوە بە ئێمەیان لەم کارە ساتە دڵتەزێنە زۆر
لایەنی ئەو کوردە تیرۆریستی یانە ڕوون دەبێتەوە . بەڵێ ! بە کوللەی جەنگی کوردێکی
خائین و خۆفرۆش و تەعسی ئەو ، تەنیا بۆ پارە و ماماڵە ، لە شارێکی کوردستانی عێراق
( سلێمانی کە دانیشتوانی بە ڕەمزی ... و پێشکەوتنی دەزانن ، کوردێکی ئاوارە کە
١٦ ساڵە دوورە لە زێدی خۆی و ... دەگەڵ پۆلیسێک کە ئەوێنەری پاسا و ...
لە شۆڕا و بێ ئاواران لە ڕۆژێکی پیرۆز (ھەینی)دا کە ڕۆژی عیبادەتە بە دوو سەعات پێش
نوێژی ھەینی لە خوێن دا شەلاڵ دەکرێن و شەهید دەبن . بابزانین لە ئێستادا ڕووی
ئەو خوێنانە کێ زیان دەبینێ و کێ قازانج دەکا؟

ھەموو خەسارەکان لە گەلی کورد ، نیشتمانی کورد ، کەسایەتی کورد ، ڕەوشتی کـــورد ،
شۆڕشی کورد ، مێژووی کۆن و داھاتووی کورد و پێوەندی نەتەوەیی کورد دەکەون ،
بەڵام ئەوەی قازانج دەکا دوژمنی کوردە و بەس . دەبێ کام ڕێژداتە ...
بەم سەودا پەرژینانە ڕازی بێ ؟ ئێمە لە ڕێکخراوی خەباتی شۆڕشگێڕ بە چاوی خۆمان
دەبینین کە ... ڕووناکبیر ... و ناڕەزایی دەردەبڕن . ڕێبەرانی ئایینی و
موسڵمانان بە زۆری ئەم کارە بە گوناھێکی گەورە و بە تاوانێک دەرھەق بە کۆمەڵگای
بەشەر بەگشتی دەزانن . خوێندکار ، کاسب و بە تێکڕا زۆریەی ... و ...
خەڵک ... لە دەست ئەو دیاردە دزێوە . ئێستر جێگەیە کە ئاستێک بۆ
ئەو ئاتە ... دابنێن و ئارا بە دەستی ئاوارەی ھەرچی بۆیان خۆش بێ
بیکەن دەکەن ؟ ئێمە چاوەڕوانین کە دەنگی ڕەخنەی ڕێکخراوە سیاسی و جەماوەری یە-
کان و کۆمەڵانی بێزار لە ڕەشەکوژی و تیرۆر تێکەڵاو دەنگی ڕێکخراوە مافپارێز و
ئازادی ویستەکان بکەن و وەک زەبرێک بە بناگوێی کاربەدەستانی تاوانباری کۆماری
ئیسلامی ئێران دا بدرێ .

شەهید کاک خالد کوڕی ماموستا مەلا خدری عباسی بەرپرسی یەکێکی
ڕێکخراوەکەمان لە بەهاری ١٣٤٢ ک.ھ. لە گوندی ( سارکێش )ی ناوچەی گەورکی
سەردەشت لە بنەماڵەیەکی ئایینی نیشتمانپەروەر دا چاوی بە ژیان هەڵێنا . لە
تەمەنی ٦ ساڵیدا چوتە قوتابخانە و لە ساڵی ١٣٦٠ ک.ھ. کە دوژمن هێرشی کردوە
بۆ سەر ناوچەکە لەگەڵ بنەماڵەکەی ئاوارەی ناوچەکانی دیکە بووە تا لە شاری سلێما-
نی دەگیرسێتەوە و ھەر لەوێ درێژە بە قوتابخانە و تا ساڵی ١٣٦٨ ک.ھ. لە
پەیمانگای ئەندازیاری بەشی ئەلکترۆن دیپلۆم وەرئەگرێ . ڕۆژی ١٦/ ٨/ ١٣٧٦ ک.ھ.

( ٢ )

بەڵگەنامەی ژمارە (١٤٣)

له سه‌عات ۱۰ ی به‌یانی له شاری سلێمانی له‌لایه‌ن تاقمێکی تیرۆریستی کۆماری ئیسلامی یه‌وه ته‌قه‌ی لێکرا و له‌گه‌ڵ به‌رپرسێکی به‌ڕێوه‌به‌رێتی هات و چۆی خه‌ڵکی شاری سلێمانی به ناوی کاک ئه‌بوبکر محمود مه‌لا بکر شه‌هید بوون .

کاک خالد وه‌ک ئه‌ندامێکی دڵسۆز سه‌ره‌ڕای به‌ڕێوبردنی ژیانی خێزانه‌که‌یان هاوکاری و پێوه‌ندی پته‌وی له‌گه‌ڵ ڕێکخراوه‌که‌مان هه‌بوو. له ڕاستیدا کاک خالد سه‌رپه‌رشتی و چاودێری زۆربه‌ی خێزانه ئاواره‌کانی سه‌ر به خه‌باتی شۆڕشگێڕی له سلێمانی و ناوچه‌که ده‌کرد . ڕه‌وشتی به‌رز و ڕوحی هاوکاری کاک خالد وای کرد بوو به خۆشه‌ویستی هه‌موو ئه‌و که‌سانه‌ی که کاک خالدیان ناسیبوو.

ئێمه له‌گه‌ڵ ده‌ربڕینی داخ و په‌ژاره به‌بۆنه‌ی شه‌هید بوونی ئه‌و ئه‌ندامه دڵسۆزه‌ی خه‌باتی شۆڕشگێڕ سه‌ره‌خۆشی له خێزان و له بنه‌ماڵه‌ی شه‌هید و له هه‌موو دۆستان و لایه‌نگرانی ڕێکخراوه‌که‌مان ده‌که‌ین . هه‌روه‌ها سه‌ره‌خۆشی له بنه‌ماڵه و که‌س و کاری شه‌هیدی باسکراو کاک ئه‌بوبکر ده‌که‌ین و خۆمان به شه‌ریکی خه‌میان ده‌زانین و له خوا ده‌خوازین که شه‌هیدان به به‌هه‌شتی به‌رین شاد بکات . لێره‌دا پێویسته سپاسی هه‌موو ئه‌و حیزب و ڕێکخراو و که‌سایه‌تیه سیاسی و کۆمه‌لایه‌تیانه و خه‌ڵکی سلێمانی و ناوچه‌ی ده‌وروبه‌ر بکه‌ین که زۆر به به‌رزییه‌وه به‌شداری خه‌میان کرد بوون . به سه‌ردان بۆ ماڵی شه‌هید کاک خالد و بنکه‌ی خه‌باتی شۆڕشگێڕ قورسایی ئه‌م کاره‌ساته دڵته‌زێنه‌یان له سه‌ر شانی ئێمه که‌م کرد بووه .

خه‌ڵکی به شه‌ره‌فی کوردستان !

ئه‌مه یه‌که‌م جار نی یه که دوژمنانی کورد و نۆکه‌ره‌کانیان ده‌ستیان به خوێنی ڕۆڵه‌ی کورد سوور ده‌بێ و دڵنیاشین ئاخر جاریش نابێ . شۆڕشی کورد به پێچه‌وانه‌ی حه‌زی دوژمنان به‌ره‌و سه‌رکه‌وتن ده‌چێ . خه‌باتی ڕه‌وای کورد و دابین کردنی داد گه‌ری خوێن دان و فیداکاری ده‌وێ . ئێمه‌ش به شانازیه‌وه ده‌ڵێین که له به‌ری دزێو و داگیرکه‌ران دا شه‌ڕ ده‌که‌ین و هه‌ر چه‌ندی خوێنی بڕوا پێشمه‌رگایه‌تی ده‌که‌ین . با دوژمنانی کورد و به‌کرێگیراوه‌کانیان بزانن ئێمه وه‌ک تیشکی خۆر ئه‌گه‌ر ئێواره بچین به‌یانی زوو دێینه‌وه ، ده‌ر به تاریکی ی شه‌وه‌زه‌نگ ده‌ده‌ین . ئێمه وه‌ک دار سه‌ربڕاوه‌کان بین پۆل و پۆ ده‌که‌ین و له‌ناوچوونی سه‌رمان به‌ره‌و به‌رزایی هه‌ڵده‌چێ .

بڕووخێ ڕژێمی تیرۆریست په‌روه‌ری کۆماری به‌ناو ئیسلامی ئێران .

سڵاو له شه‌هیدانی ڕێگه‌ی ئازادی .

ده‌فته‌ری سیاسی ڕێکخراوی خه‌باتی شۆڕشگێڕی کوردستانی ئێران

۲۰/ ۳/ ۱۳۷٦ ه.ش ( ۱۰/ ٦/ ۱۹۹۷ ز )

( ۲ )

به‌ڵگه‌نامه‌ی ژماره (۱۳٤)

**ڕاگەیەندراوی کۆمیسیونی سیاسی - نیزامیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**بەبۆنەی تێرۆر کرانی**

# هاوڕێ «فرهاد بابایی»

**هاونیشتمانانی خۆشەویست !**
**خەڵکی خەباتگێڕی کوردستان !**
**حیزب و ڕێکخراوە سیاسی‌یەکان !**
**کۆڕ و کۆمەڵە پەشمەر دۆستەکان !**

جارێکی دیکە ڕێژیمی دیکتاتۆر و تێرۆریستی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەنێو جەرگەی شاری سلێمانیی کوردستانی عێراق بە ڕۆژی ڕووناک و لەبەر چاوی خەڵک، جینایەتی خوڵقاند و کردەوەیەکی تێرۆریستیی دیکەی ئەنجام دا.

سەعات ٦ی ئێوارەی ڕۆژی سێ‌شەممۆ ڕێکەوتی ١٣٧٦/٤/٣ی هەتاوی بەرامبەری ١٩٩٧/٦/٢٤ی زایینی، ماشێنێکی لەندکرۆزێری حیزب کە ژمارەیەک نەخۆشی بردبووە نەخۆشخانە و دەگەڕایەوە بۆ بنکەی حیزب لە شاری سلێمانی، لە یەکێک لە شەقامەکانی ئەو شارە کەوتە بەر دەسرێژی تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی و لەئاکام‌دا ٣ کەس لە هاوڕێیانمان بریندار بوون کە بەداخەوە یەکێک لە بریندارەکان بەناوی «فرهاد بابایی» دووسەعات دواتر لە نەخۆشخانە شەهید بوو.

شەهید «فرهاد بابایی» ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی هەژار و زەحمەتکێش لە ئاوایی «هەشمێز»ی ناوچەی «ژاوەرۆ»ی شاری سنە لەدایک بوو. پاش تەواو کردنی قۆناغی سەرەتایی لەبەر هەژاری و نەداری دەستی لە خوێندن هەڵگرت و ملی لەکارکردن نا.

شەهید «فرهاد بابایی» ساڵی ١٣٧٤ لەگەڵ کۆمەڵێک لە ڕەفیق و دۆستەکانی هاتە ڕیزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات و دەستی بە خەبات و تێکۆشان کرد. کوڕێکی بە ئیمان و دڵسۆز و فیداکار و خۆشەویستی هاوسەنگەرانی بوو. بەداخەوە دەستی ڕەشی تێرۆریستەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ماوەی پێ‌نەدا زیاتر بژی و زیاتر خزمەت بە گەلە پەشخوراوەکەی بکا.

ئێمە وێڕای دەربڕینی داخ و کەسەری خۆمان بۆ لەدەست‌دانی ئەو هاوڕێ دڵسۆزەمان، سەرەخۆشی لە بنەماڵەی بەڕێزی شەهید «فرهاد بابایی» و هەموو هاوسەنگەرانی لە کۆمیتەی شارستانی سنە و هەموو خەڵکی کوردستان بەگشتی و خەڵکی قارەمانی شاری سنە بەتایبەتی دەکەین و جارێکی دیکە بەڵێن تازە دەکەینەوە کە تا سەرکەوتنی خەباتی ڕەوای گەلەکەمان لە خەبات و تێکۆشان ناوەستین و لە هەمان کاتیش‌دا چاک‌بوونەوەی هەرچی زووتری هاوڕێیانی بریندارمان بە ئاوات دەخوازین.

هەر لەو پێوەندی‌یەدا جارێکی دیکە داوا لە تەواوی حیزب و ڕێکخراوە سیاسی‌یەکانی کوردستانی عێراق و بەتایبەتی حیزبە دەسەڵاتدارەکان دەکەین چی دیکە لەبەرامبەر ئەو هەموو کردەوە جینایەتکارانەیەی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە کوردستانی عێراق‌دا بێدەنگ و بێ‌تەفاوت نەبن. تێرۆر و جینایەت و دەست‌تێوەردانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە کوردستانی عێراق، پێش ئەوەی زەرەلێدان لە حیزبی دێموکرات و باقی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بێ، سووکایەتی و ئیهانەتە بە کەرامەت و ئازادیی خەڵکی کوردستانی عێراق.

**سڵاو لە گیانی پاکی شەهید «فرهاد بابایی» !**
**ڕووڕەشی بۆ ڕێژیمی تێرۆریستی کۆماری ئیسلامیی ئێران !**
**سەرکەوێ خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی قارەمانی کورد !**

**کۆمیسیونی سیاسی - نیزامیی**
**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**١٣٧٦/٤/٤ (١٩٩٧/٦/٢٥)**

بەڵگەنامەی ژمارە (١٣٥)

**مقەری ناوەندی کۆمەڵە**

**لە لایەن بەکرێگیراوانی جمهووری ئیسلامییەوە بۆ ماوەی سەعاتێک**

**بە مۆشەکی کاتیوشا گوللەباران کرا.**

سەعات ١١ی شەوی ١٩٩٧/٧/٢٤ کۆمەڵێک لە بەکرێگیراوانی رژێمی ئیسلامیی ئێران لە کوردستانی عێراق، بە ٣ ئوتومبێلی هەڵگری مۆشەکهاوێژی کاتیوشا، لە مەودای ٨ کیلۆمیتریەوە مقەری ناوەندیی کۆمەڵەیان لە ٢٠ کیلۆمیتریی شاری سلێمانی، بۆ ماوەی سەعاتێک گوللەباران کرد.

هاوڕێیانی پێشمەرگەی کۆمەڵە بەخێرایی لەو دەستدرێژییەی هێزەکانی جمهووری ئیسلامی وەدەست هاتن و بەکرێگیراوانی رژێم پاشەکشەیان پێ کرا. ئەو رووداوە هیچ زیانێکی گیانیی بە شوێنەوە نەبوو، بەڵام زەوی وزارو موچەومەزرای خەڵکی ناوچەکە ئاگری گرت و دانیشتوانی زەحمەتکێشی ئەو ناوچەیە تووشی زەرەروزیانی قورسی ماڵی بوون.

ئەم پیلانە جینایەتکارانەیەی بەکرێگیراوانی جمهووری ئیسلامی لە کوردستانی عێراق، لە درێژەی دەستدرێژییە یەک لەدوای یەکەکانی ئەو رژێمەدا بۆ سەر ئاسایش و بەرژەوەندەکانی خەڵکی کوردستانی عێراق بەرێوە دەچێ و، مەبەستی سەرەکیی رژێمی جمهووری ئیسلامی لەم پیلانانە بێ سەقام هێشتنەوە و نائەمن کردنی کوردستانی عێراقە.

ئەم کردەوە جینایەتکارانەیە لەگەڵ بێزاری و نەفرەتی هەموو خەڵکی حەقخوازی ناوچەکە بەرەروو بووەو، رژێمی ئیسلامی لەبەرچاوی خەڵکی زەحمەتکێش و ئازادیخوازی کوردستانی عێراق زیاتر لە جاران ریسوا دەکا.

بێگومان بێدەنگ کردنی هێزە دەسەڵاتدارەکان لەم ناوچەیە لە حاست ئەم دەستدرێژییە، هەرچی زیاتر دەستی رژێمی جمهووری ئیسلامی بۆ بەرەوپێش بردنی ئامانجی دژ بە شۆرش و پیلانی جینایەتکارانە لە کوردستانی عێراق ئاوەڵاتر دەکا.

**دەبیرخانەی کومیتەی ناوەندیی کۆمەڵە**

**١٩٩٧ / ٧ / ٢٥**

بەڵگەنامەی ژمارەی (١٣٦)

## چاوپێکەوتنی هەیئەتێکی کومیتەی ناوەندیی کومەلە و
## هەیئەتێکی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران

رۆژی پێنج شەممە ۲ی مانگی موڕداد، هەیئەتێکی کومیتەی ناوەندیی کومەلە بە سەرپەرستیی هاوڕێ ئیبراهیمی عەلیزادە دەبیرنەوەلی کومەلە، سەردانی یەکێک لە مقەرەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانی کرد و لەگەل هەیئەتێکی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرستیی ماموستا عەبدوللای حەسەنزادە سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکرات کۆ بووەوە.

ئەم کۆبوونەوەیە، لە درێژەی ئەو چاوپێکەوتنانەدا پێک دێ، کە هەردوو لا بریاریان داوە بە مەبەستی رێگا خۆشکردن بۆ هاوکاری لە پێناوی خەباتی هاوبەشیان لە دژی جمهووری ئیسلامی بە شێوەیەکی بەردەوام پێکی بێنن. لەم کۆبوونەوەیەدا لەسەر هەموو مەسەلە سیاسییەکانی ئێستای ئێران بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی ئالوگۆڕی بیروڕا کرا.

لەبەر تیشکی ئەم باس و لێکۆلینەوانەدا، بۆ هەماهەنگ کردنی خەبات لە دژی جمهووری ئیسلامی چەند بڕیاری دیاریکراو پەسندکرا.

یەکێکی تر لە خالە گرنگەکانی ئەم چاوپێکەوتنە، قسەوباس لەسەر وەزعی کوردستانی عێراق و ئەو مەسەلە هاوبەشانە بوو کە هەر دوو لا لەم ناوچەیەدا لەگەلی بەرەوروون، جم وجوولەکانی جمهووری ئیسلامی لە کوردستانی عێراق و ئەو پیلانانەی کە لە دژی خەلکی ئازادیخوازی ئەو ناوچەیە بەرێوەیان دەبا، کەوتە بەر باس ولێکولینەوە و، هەرتک لا بڕیاریان دا تا ئەو جێگایەی پەیوەندی بە پاراستنی ئەمنییەتی پەنابەرانی سیاسی و تێکۆشەرانی ئۆپۆزیسیونی ئێران لەم ناوچەیەدا هەیە، هاوکاریی نزیکیان لەگەل یەکتر هەبێ.

کۆبوونەوەکە بە تەئکیدکردنی دووبارە لەسەر پێویستیی لابردنی هەموو ئەو کۆسپ وتەگەرانەی کە رێگا لە پەرەگرتنی هاوکاریی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و کومەلە دەگری، کۆتایی پێ هات.

**دەبیرخانەی کومیتەی ناوەندی کومەلە**

**۱۹۹۷/۷/۲۵**

بەڵگەنامەی ژمارە (۱۳۷)

بەیاننامەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

## حوکمی دادگای میکۆنووس:
## بەڵگەی زیندووی تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامی

خەڵکی تێکۆشەری کوردستان!
گەلانی بەشەرەفی ئێران!
لایەنگرانی دادپەروەریو مافی مرۆڤ لە سەرانسەری جیهاندا!

دوای سێ ساڵو نیو پەلەقاژەی رێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ پەکخستنو دواخستنی حوکمی دادگای بێرلین دادگای میکۆنووس، کە لەودا تیرۆریستێکی ئێرانیو چوار لوبنانی بە تاوانی تیرۆری دوکتور صادق شەرەفکەندی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانو هاورێکانی موحاکەمە دەکران، سەرەنجام ئەمرۆ پێنجشەممە ٢١ی خاکەلێوەی ١٣٧٦ رێکەوتی ١٠ی ئاوریلی ١٩٩٧، ئەو دادگایە حوکمی یەکجاریی خۆی دەرکرد. بە پێی حوکمی دادگا کاظم دارابی (ئێرانی) و عباس راحل (لوبنانی) بە زیندانی ئەبەد، یوسفامین بە ١١ ساڵو محمد عطریس بە ٥ ساڵو ٣ مانگ زیندان، مەحکووم بوونو یەکێشیان ئازاد کراوە. بەم جۆرە یەکێک لە درێژترینو پڕ دەنگو هەراترین دادگاکانی مێژوو کۆتایی هاتو پەروەندەکەی بەسترا.

ئەوەی لەو نێوەدا گرنگترە ئەوەی دادگای میکۆنووس لەسەر تاوانبار ناسراتی رێبەرانی پایە یەکی کۆماری ئیسلامی بە دەرکردنی دەستووری تیرۆری شەهیدانی ١٧ی سێپتامبری ١٩٩٢ی رێستورانی میکۆنووسی بێرلینە. هەمووان لەبیریانە کە ساڵێک لەمەوبەر داد ستانی ئەڵمان بە رەسمی علی فلاحیان وەزیری دەزگای جاسووسیی ئێرانی بە دەرکردنی دەستووری تیرۆری رێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران تاوانبار کردو حوکمی ئێونەتەوەیی بۆ گرتنی دەرکرد. پاییزی ساڵی رابردووش بە دوای شاهیدی دانی ئاغای ابوالحسن بنی‌صدر یەکەمین سەرکۆماری ئێرانو دوو شاهیدی ناسراو بە شاهیدی B وشاهیدی C دا دادستانی ئەڵمان لە کەیفەرخواستی خۆیدا بەرەسمی تاوانی دەرکردنی فەرمانی ئەو تیرۆرەی دایە پاڵ خامنەایو رفسنجانی دوو مەزرەی هەرە پێشەوەی ئەو دەزگا جەهەننەمی‌یە کە ناوی «کۆماری ئیسلامی ئێران»ی لەسەر دانراوە. ئێستا بە رواڵەت لە دوا حوکمی تیرۆری دادگادا ناوی خامنەای بە راشکاوی نەهاتوە. بەڵام هەر ئەوە کە دادگا بە راشکاوی دەرکردنی حوکمی تیرۆری بێرلین دەداتە پاڵ کۆمیتەی تایبەتیی تیرۆر، راستەوخۆ بە مانای ئەوەیە کە «خامنەای»یش هەروەک رفسنجانیو فلاحیان و زۆر مەزرەی سەرەکیی رێژیم بە دەرکردنی فەرمانی تیرۆری رێبەرانی حیزبی دێموکرات تاوانبار کراوە. چونکە ئێستا بۆ هەمووان روونە کە خامنەای سەرۆکی ئەو کۆمیتەیەیە.

بەم جۆرە ئەگەر بە دەرچوونی دوا حوکمی دادگای بێرلین پەروەندەی موحاکەمەی چوار لوبنانیو ئێرانی‌یەکی بەستراوە بە رێژیمی کۆماری ئیسلامی دەبەسترێ، پەروەندەیەکی ئەستووری دیکە بە سەدان فەقەرە تۆمەتەوە دەخرێتە بەردەم دادگای ویژدانی مرۆڤایەتیو هەموو ئەو کۆڕوکۆمەڵە جیهانی‌یانە کە دیفاع لە ئازادیو دێموکراسیو دادپەروەریو مافی مرۆڤ بە ئەرکی خۆیان دەزانن. بە پێی ئەو پەروەندەیە دەبێ رێبەرانی رێژیمی ئیسلامیی ئێران بە تاوانی تیرۆری دوکتور عبدالرحمن قاسملوو، دوکتور کاظم رجوی، دوکتور عبدالرحمن برومند، دوکتور شاپور بەختیارو سەدان شەخسییەتی دیکەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانو هەروەها بەتاوانی سەدان کردەوەی تیرۆریستی کە ئازەترینیان دەرمانداوکردنی زیاتر لە هەشتا کەس لە تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە ژاری

بەڵگەنامەی ژمارە (١٣٨)

گرشتەی و ئالیومەوە موحاکەمە بکرێ‌و سزا بدرێ.

ئەوە یەکەم جارە کە دادگایەکی خاوەن سەلاحیەت لە وڵاتێکی موعتەبەری ئورووپایی‌دا بەو ڕاشکاوی‌یە لەسەر تاوانبار بوونی بەرزترین کاربەدەستانی ئێرانی ئیسلامی لە کردەوەیەکی تیرۆریستی‌دا ئەزمر دەدا. ئەم ئەزمرە مەسئوولانەو ئازایانەیە شانازی‌یەکی گەورە بۆ دەزگای قەزایی ئەڵمان، بۆ دەوڵەتی ئەڵمان کە بەو جۆرە حورمەت بۆ سەربەخۆیی دەزگای قەزایی دادەنێ‌و بە گشتی بۆ میللەت‌و وڵاتی ئەڵمانە. بە دەرچوونی ئەو حوکمە مێژوویی‌یە ئێستا ئیدی هەموو پەردەکان لەسەر ڕووی دزێوی کۆماری ئیسلامی لادراون‌و وەختی ئەوە هاتوە کە هەموو ئەو دەوڵەتانەی لەژێر ناوی دیالۆگی ڕەخنەگرانەدا سات‌وسەودایان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی دەکرد، بەخۆدا بچنەوەو یەکدەنگ ئەو ڕژیمە لە کۆمەڵگای جیهانی‌دا تەریک بکەنەوە.

دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە کاتێکدا ڕەزامەندی‌و خۆشحاڵیی خۆی لە دوا بڕیاری دادگای بێرلین دەردەبڕێ، ئەو بڕیارە بەسەرکەوتنێک بۆ بنەماڵەی قوربانی‌یانی کارەساتی ١٧ی سێپتامبری ١٩٩٢ی بێرلین، بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران‌و بزووتنەوەی کورد، بۆ بزووتنەوەی سەرانسەریی گەلانی ئێران بە دژی دیکتاتۆری‌و کۆنەپەرستی‌و بۆ تەواوەتی لایەنگرانی ئاشتی‌و ئازادی‌و دێموکراسی‌و مافی مرۆڤ لە جیهان‌دا دەزانێ. دەفتەری سیاسی ئەو سەرکەوتنە سیاسی‌یە بە مایەی شادمانیی گیانی پاکی شەهیدانی بێرلین‌و هەموو شەهیدانی دەستی تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی دەزانێ‌و لەو بارەیەوە پیرۆزبایی لە بنەماڵەو کەس‌و کاری هەموو قوربانی‌یانی دەستی تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامی دەکاو سەرکەوتنی زیاتر لە ڕیسواکردنی دەزگای تیرۆرو پیاوکوژیی ڕژیمی ئێران‌دا بە ئاوات دەخوازێ.

بەجێ‌یە لەم دەرفەتە کەڵک وەرگرین بۆ ئەوەی ڕێزو سوپاس‌و ئەمەگناسیمان پێشکەشی دادستانی ئەڵمان‌و سەرۆک‌و ئەندامانی دادگای میکۆنۆوس‌و هەموو وەکیلەکانی بنەماڵەی شەهیدانی بێرلین‌و تەواوەتی پەرسۆنێلی دەزگای قەزایی‌و پۆلیسی ئەڵمان کە لەو پێوەندی‌یەدا ئەرکیان بەئەستۆوە بووە بکەین‌و سەرکەوتنی ڕۆژ لە ڕۆژ زیاتریان لە خزمەت بە هەق‌و هەقیقەت‌و دادپەروەری‌دا بۆ بە ئاوات بخوازین. هەر لەو پێوەندی‌یەدا پێویستە سوپاسی هەمووی ئەو شەخسییەت‌و لایەنانە بکەین کە بە هەر ڕێگایەک‌دا توانیویانە کۆمەگ بە ڕوون بوونەوەی هەقیقەت لە مەسەلەی میکۆنۆوس‌دا بکەن. لە نێو ئەوانەدا جێی خۆیەتی بە شێوەیەکی تایبەتی ناوی ئاغای ابوالحسن بنی‌صدر ببرێ کە بە شاهیدی‌دانی خۆی‌و ناساندنی دوو شاهیدی B و C هەموو هەورێکی گومانی لەسەر مەسەلەی بێرلین ڕەواندەوەو کۆمەگی کرد کە دادگای میکۆنۆوس بە بەرچاو ڕوونی‌و بەڵگەی حاشاهەڵنەگرەوە دوا حوکمی خۆی لەسەر ئەو پەروەندەیە دەربکا.

بەو ئاواتە کە هەڵوێستی ئازایانەی دەوڵەتی ئەڵمان ببێتە سەرمەشقێک بۆ هەموو ئەو دەوڵەتانەی حورمەتی خاکەکەیان بە هۆی تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی‌یەوە لە ژێر پێ نراوەو یەک یا چەند جار کردەوەی تیرۆریستی لە وڵاتەکەیان‌دا بە دژی ڕێبوارانی ڕێگای ئازادیی ئێران ئەنجام دراوە.

شادی بۆ گیانی پاکی شەهیدانی بێرلین‌و هەموو قوربانی‌یانی تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامی.
ڕیسوایی زیاتر بۆ پیاوکوژان‌و تیرۆریست‌پەروەران.
سەرکەوتن بۆ بزووتنەوەی هەقخوازانەی کورد و بزووتنەوەی سەرانسەریی ئێران.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
دەفتەری سیاسی
٢١ی خاکەلێوەی ١٣٧٦ – ١٠ی ئاوریلی ١٩٩٧

بەڵگەنامەی ژمارە (١٣٨)

## ڕاگەیەندراوی کۆمیسیۆنی سیاسی ـ نیزامی
## بە بۆنەی تیرۆرکرانی
## هاوڕێ «سیدجمال نیکجویان»

هاونیشتمانانی بەڕێز!
خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان!
کۆڕو کۆمەڵە پەشەر دۆستەکان!
حیزبەو ڕێکخراوو شەخسییەتە سیاسی‌یەکان!

بە داخو کەسەرێکی زۆرەوە ڕادەگەیەنین کە جارێکی دیکە تیرۆریستە دڵ ڕەشو ئینسان کوژەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە کوردستانی عیراق جینایەتیان خوڵقاندو دەستی چەپەڵیان بە خوێنی ڕۆڵەیەکی ئازادیخوازو خەباتگێری گەلەکەمان سوور کرد.

بەیانیی ڕۆژی چوارشەممۆ ١٢ی مانگی سەرماوەزی ساڵی ١٣٧٦ی هەتاوی (٣ی مانگی دیسامبری ساڵی ١٩٩٧ی زایینی) تێکۆشەرێکی بەوەفای حیزبەکەمان بە ناوی «سیدجمال نیکجویان» لە نێو شاری کۆیەدا کەوتە بەر دەستڕێژی چەکی تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانو چووە نێو کاروانی شەهیدانی ڕێگای ئازادیی گەلەکەمان.

شەهید سید جمال ساڵی ١٣٤٩ی هەتاوی لە گوندی سلیم ساوڵی ناوچەی مەهاباد لە بنەماڵەیەکی هەژار هاتە دونیاوە. ساڵی ١٣٧٠ هاتە نێو ڕیزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. ماوەیەک لە هێزی شەهید پێشەوادا سازمان دراو پاشان نەقڵی هێزی پارێزگاری کراو تا کاتی شەهید بوونی هەر لە هێزی پارێزگاری‌دا خزمەتی بە گەلەکەی کرد. شەهیدی نەمر پێشمەرگەیەکی بە نەزمو ڕوح سووکو بە ئیمان بوو و لە نێو هاوسەنگەرانی‌دا زۆر خۆشەویست بوو.

ڕێرای دەربڕینی خەمو پەژارەیەکی زۆر بۆ شەهید بوونی سیدجمال، جارێکی دیکە دڵنیایی دەدەین بە گەلە زوڵم لێکراوەکەمان کە ئەو جۆرە کردەوە تیرۆریستی‌یانەی کۆماری ئیسلامیی ئێران نەک هەر ورەمان پێ بەر نادا بەڵکوو سوورترمان دەکا بۆ درێژەدانی خەباتو هانمان دەدا بۆ شێلگیرتر کردنی خەباتە بڕۆچانەکەمان.

بەو بۆنەیەوە لە ناخی دڵمانەوە سەرەخۆشی لە بنەماڵەی شەهیدو خەڵکی ناوچەی مەهابادو تەواوی خەڵکی کوردستان دەکەینو سەبووری بۆ کەس و کاری شەهیدە سەربەرزەکەمان بە ئاوات دەخوازین.

ڕووخێ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران.
سەرشۆڕی بۆ تیرۆریستەکان.
بژی خەباتی گەلەکەمان.

کۆمیسیۆنی سیاسی ـ نیزامی
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
١٣٧٦/٩/١٢ (١٩٩٧/١٢/٣)

بەڵگەنامەی ژمارە (١٣٩)

## ڕاگەیاندنی دەبیرخانەی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە بە بۆنەی کۆبوونەوەی هەیئەتی حیزبی دیمۆکرات و کۆمەڵە

بەم جۆرە ئاگادارتان دەکەین کە ڕۆژی ٥شەممە ٢٠ی فەروەردین ١٣٧٧ هەیئەتێکی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرستی کاک عبداللە حسن زادە دەبیر کوللی حیزبی دیمۆکرات، سەردانی بنکەی ناوەندی کۆمەڵەیان کرد و لەگەڵ هەیئەتێکی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە بەسەرپەرستی هاوڕێ ابراهیم علیزادە دەبیر ئەوەڵی کۆمەڵە، کۆبوونەوە.

لەم دیدارەدا سەرەتا لەسەر مەسەلە سیاسییە گرینگەکانی ئێستای ئێران بەگشتی و کوردستانی ئێران بەتایبەتی ئاڵوگۆڕی بیروڕا کرا. هەڵسەنگاندنی هەردوولا لەسەر ئەم بابەتە گەلێک لێک نزیک بوو. بابەتێکی دیکەی کۆبوونەوەکە، مەسەلەی هاوکاری نێوان حیزبی دیمۆکرات و کۆمەڵە بوو. لێرەدا ڕوانگە و بۆچوونی هەردوولا چ لەسەر پرەنسیپەکانی هاوکاری و چ لەسەر خاڵەکانی کاری هاوبەش باسیان لەسەر کرا. سەرئەنجام دوای گفتوگۆیەکی تێروتەسەل، لە کەش و هەوایەکی دۆستانەدا، لەپێناوی گڕوتین بەخشین بە خەباتی ئازادیخوازانەی خەڵکی کوردستان دژی ڕژیمی جمهووری ئیسلامی و کەم کردنەوەی دژوارییەکانی سەر ڕێگای ئەم خەباتە عادلانەیەدا، هەردوولا لەسەر چەندین خاڵی کاری هاوبەش ڕێککەوتن و بڕیاری دەست بەکاربوون بۆ جێبەجێکردنیان لە هەردوولا درا.

ئەم کۆبوونەوەیە لە درێژەی گفتوگۆکانی تا ئێستای، حیزبی دیمۆکرات و کۆمەڵەدا توانی هەنگاوێکی بەرچاو بەرەوپێش بنێ و لاپەڕەیەکی نوێ لە هاوکاری نێوان ئەم دوو هێزەی مەیدانی خەباتی سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردستانی ئێراندا بکاتەوە.

لە کۆتایی کۆبوونەوەکەدا بڕیار درا کە ئەم دیدار و چاوپێکەوتنانە بە مەبەستی بەرەوپێش بردنی ڕەوتی ئەم هاوکارییانە هەروا درێژەیان هەبێ.

**دەبیرخانەی کۆمیتەی ناوەندی**
**سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران (کۆمەڵە)**
**٢٠ی فەروەردینی ١٣٧٧**

بەڵگەناوی ژمارە (١٤٠)

# بەیاننامەی هاوبەش

کۆمەڵانی خەباتگێڕی خەڵکی کوردستان!
حیزب و ڕێکخراوە سیاسییە کوردستانی و ئێرانییەکان!
دۆستانی گەلی کورد لە سەرانسەری جیهان دا!

پاش کۆنگرەی هەشتەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بەشێک لە کادر و ئەندامانی حیزب، بە هۆی هێندێک گیرو گرفتی نێوخۆیی، لە سەرەتای مانگی خاکەلێوەی ١٣٦٧ی هەتاوی دا بە ناوی «حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ» (اعلام موجودیت)یان کردو لە ژێر ئەو ناوە دا تێکۆشانی خۆیان درێژە پێ دا.

ماوەی ٨ ساڵ بوونی دوو ڕێکخراو بە ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و ئەو گیرو گرفتانە کە بەو هۆیەوە هاتنە پێشەوە، زیانێکی زۆریان لە بزووتنەوەی میللی - دێموکراتیکی خەڵکی کوردستانی ئێران دا. بە خۆشییەوە دوای هەوڵ و کۆششی دڵسۆزانی حیزب و دۆستانی گەلی کورد، لە بەهاری ساڵی ١٣٧٤ەوە دەرگای وتوویژ بۆ چارەسەری ئەو گیرو گرفتانە کرایەوە. پاش چەند کۆبوونەوەی باس و ڕاوێژ، هەر دوو لا لەسەر ئەوە ڕێک کەوتن کە دیاردەی بوونی دوو ڕێکخراو بە ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کۆتایی پێ بهێنن و هەموو تێکۆشەرانی دێموکرات لە ڕیزێکی یەکگرتوو دا خەباتی خۆیان بۆ وەدیهێنانی دروشمی لەمێژینەی حیزب «**دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان**» درێژە پێ بدەن.

بۆیە، بە خۆشحاڵییەوە مژگێنی بە هەموو دڵسۆزانی حیزب و گەلی کورد لە کوردستانی ئێران و هەموو ئەوگرانی ئاشتی و ئازادی دەدەین کە لە دەرچوونی ئەم بەیاننامەیەوە، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، حیزبی هەموو تێکۆشەرانی دێموکراتەو ئەو ئاواتە پیرۆزەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و دۆستانی حیزب وەدی هاتوە. هیوادارین ئەم هەنگاوە پیرۆز و بەرپرسانەیە، گوڕو تینێکی زیاتر بە خەباتی ڕزگاریخوازانەی حیزبی دێموکرات، و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی ئێران بدا و لە وەدەست هێنانی ماف و ئازادییەکانیان نێزیکتریان بخاتەوە.

بەم بۆنەیەوە، داوا لە تێکڕای تێکۆشەرانی دێموکرات دەکەین، بە سەرنجدان بە گرنگیی ئەم هەنگاوە پیرۆزە، چەندی بکرێ زیاتر گیانی هاوکاری و برایەتی و تەبایی لەنێو خۆیان دا بەهێز بکەن. پێویستە یەکدڵی و یەکپارچەیی لە هەموو ئاکارو ڕەفتارێکی خەباتگێڕانی دێموکرات دا ڕەنگ بداتەوەو بەم جۆرە دڵی دۆستانیان شاد بکەن و هەموو ئەوانەی بەستوویانە لە ناکۆکیی نێو ڕیزەکانی حیزب بە زیانی بزووتنەوەی گەلەکەمان کەڵک وەربگرن، ناهومێد بکەن.

لە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانیش، کە لە هەموو کەس زیاتر چاوەڕوانی بیستنی ئەم مژگێنییە بوون، داوا دەکەین زیاتر لە جاران پشتی حیزبە خۆشەویستەکەیان بگرن و لە خەبات بۆ وەدیهێنانی ئامانجە لەمێژینەکانی گەلی کورد دا یارمەتیی بدەن.

لێرەدا بە پێویست دەزانین لە کانگای دڵمانەوە سوپاسی هەموو ئەو حیزب و ڕێکخراو و شەخسییەتە سیاسی و کۆمەڵایەتییە کوردو ئێرانی و خارجییانە بکەین کە لە چەند ساڵی ڕابردوو دا، هەوڵی ڕێککەوتنەوەی تێکۆشەرانی دێموکراتیان داوەو بەم جۆرە دڵسۆزیی خۆیان بۆ یەکپارچەیی حیزبی دێموکرات نیشان داوە.

ئەوەندەی ناکۆکی و لێک دوور کەوتنەوەی خەباتگێڕانی دێموکرات لە چەند ساڵی ڕابردوو دا جێگای داخ و کەسەر بوو، ئەوەندەش هەڵوێستی بەرپرسانەی هەموو لایەک لە ماوەی یەکساڵ و نیوی ڕابردوو دا، و دانیشتن و وتووێژیان بۆ چارەسەر کردنی گیرو گرفتەکان جێگای خۆشحاڵییە. تێکۆشەرانی دێموکرات ئازایانە لەمپەرە ڕەوانییەکانیان شکاند و ڕاستەوخۆ پێکەوە دانیشتن، هەتا توانیان دوا کەندو کۆسپەکانی سەر ڕێگای یەکپارچەیی ڕیزەکانی حیزب لەنێو بەرن. بێ لەخۆبایی بوون دەڵێین ئەم کردەوە شۆڕشگێڕانەیە لە پێوەندیی نێوان لایەنەکانی نێو بزووتنەوەی کورد دا بۆ چارەسەریی گیر و گرفتەکانیان دیاردەیەکی نوێ و جێگای هومێدە.

هیوادارین ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات ڕۆژ بە ڕۆژ پتەو بوونی زیاتر بەخۆوە ببینن و لەوەش زیاتر، ئاشتی و تەبایی و هاوکاری باڵ بەسەر پێوەندیی نێوان لایەنەکانی بزووتنەوەی کورد و حیزب و ڕێکخراوە سەرانسەرییەکانی ئێران دا بکێشێ و سەرەنجام دێموکراسی و پلورالیزمی سیاسی بە باشترین شێوە لە وڵاتەکەمان دا سەقامگیر بێ.

پیرۆز بێ یەکپارچەیی ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
یەکگرتوو بێ خەباتی گەلانی ئێران بۆ ڕووخاندنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی

**کومیتەی ناوەندیی**
**حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران**

**کومیتەی ناوەندیی**
**حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ**

١٣٧٥/١٠/١٩ (١٩٩٧/١/٨)

بەڵگەنامەی ژمارە (١٤١)

سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتژی

**دەقی وتوویژی رادیو دەنگی شورشی ئیران (رادیوی کومەلە) لەگەل**
**هاوری ابراهیم علیزادە دەبیری ئەوەلی کومەلە**
**سەبارەت بە شەری نیوان یەکیتی نیشتمانی کوردستان و پ.کا.کا**
**٢٠٠٠/١٠/١٢**

گویگرە خوشەویستەکان!

هەر وەک ئاگادارن ماوەی زیاتر لە یەک مانگە کە شەریکە خویناوی لە نیوان هیزەکانی چەکداری پ.کا.کا و یەکیتی نیشتمانی کوردستان لە کوردستانی عیراق دا کەوتوتە ری و تا ئیستا بە دەیان کەس لە هەر دوو لا تییدا بوونەتە قوربانی. شەری ناوخوی هەمیشە مایەی نیگەرانی و دلەراوکیی جەماوەری ستەمدیدە لە هەموو بەشەکانی کوردستان بوە و خەلک هەوال و رووداوەکانی بە وردی تەعقیب دەکەن. رادیو دەنگی شورشی ئیران لە بەرنامەکانی پیشووتری خویدا لەسەر چەند لایەنیکی ئەم شەرە قسەی کردوە. ئەمروکە بە مەبەستی روون کردنەوەی زورتری زەمینەکانی بەرپابوونی ئەو شەرە و هەلویستی کومەلە لەم بارەوە رادیو دەنگی شورشی ئیران وتوویژیکی لەگەل هاوری ابراهیم علیزادە دەبیر ئەوەلی کۆمەڵە تەرتیب داوە کە دەی بیستن.

**دەنگی شورشی ئیران:**

هاوری ابراهیم! بەخیر بین بو ئستدیوی رادیو دەنگی شورشی ئیران. سوپاس بو ئەوەی دەعوەتی ئیمەتان بو ئەم وتوویژە قەبوول کرد. یەکەم پرسیارم ئەوەیە لە روانگەی ئیوەوە زەمینە و هوکارەکانی بەرپابوونی ئەم شەرە چیە؟

**ابراهیم علیزادە:**

زور سوپاس، سلاویکی گەرم بو هەموو گویگرەکانی بەریزی رادیو دەنگی شورشی ئیران، رادیوی کومەلە.

دەزانین کە ئەوە یەکەم جار نیە کە لە نیوان پ.کا.کا و هیزەکانی دەسەلاتدار لە کوردستان یانی یەکیتی نیشتمانی و پارتی دیموکراتی کوردستان شەریک دەکەویتە ری و ئاکامەکانی پر کارەساتیشی راستەوخو بەسەر سەری خەلکدا دەشکیتەوە، ئەو خەلکەی کە هیچ خەتایەکیان نەکردوە، ئەوە نەبی کە ئازادی و مافی سەرەتایی و ئینسانی خویان ویستوە و خەباتیان بو کردوە.

پیشینەی ئەو شەر و پیکدادانانە دەگەریتەوە بو هەشت، نو، دە سالی رابردوو وە بو هەموو ئەو دەورەیەی کە کوردستانی عیراق ـ بەشی زوری ـ لەژیر دەسەلاتی دەولەتی عیراق هاتوتە دەری و هەل و ئیمکاناتیکی تازە بو پ.کا.کا رەخساوە کە لە کوردستانی عیراق، وەکوو پشتی جەبهەیەک بو کار و هەلسووڕانی خوی کەلک وەر بگری.

ئەگەرچی هەرجارەی کە شەریک رووی داوە، کومەلیک هوکاری تایبەتی خوشی هەبوە، بەلام ئەو حالەی کە لە هەموویاندا هاوبەش بوە ئەوە بوە کە پ.کا.کا نەیویستوە بە ئەو ئیلزام و



بەڵگەنامەی ژمارە (١٤٢)

ئەمەش ئەوەندەیە پابەند بێ کە ڕێگای پێ دەدات بە شێوەیەکی ئاشتیانە و لە ڕێککەوتن لەگەڵ حیزبە سیاسییەکانی دەسەڵاتداردا، ئیمکانی جۆرێکی دیاری کراو لە چالاکی و لە حوزووری سیاسی خۆی لە کوردستان فەراهەم کات.

هەڵبەت دەزانین کە لە زۆربەی ئەم دەورەیەدا پەیوەندی پ.کا.کا و یەکێتی نیشتمانی دوستانە بوە و ئەگەر جار و بار ئاڵۆزییەکیش هاتوتە پێش کورت ماوە بوە و چارەسەر کراوە. بەڵام هەل و مەرجێکی سیاسی کە ئێستا هاتوتەگۆڕێ بە گشتی و وەزعی پ.کا.کا خۆی بەتایبەتی و سیاسەتی پشتی پەردەی دەوڵەتەکانی ناوچەکە ڕەنگ و ڕواڵەتی ئەم شەڕەی لەچاو ئاڵۆزی و ناکۆکییەکانی پێشوویان، گۆڕیوە. سیناریۆی دەست پێ کردنی ئەم شەڕەی ئێستا لە ئەزەر منەوە بە کورتی ئەمەیە:

سەرکردایەتی پ.کا.کا بڕیار دەدات کە کۆتایی بە خەباتی چەکدارانە لە تورکیە بێنێ و داوا لە دەوڵەتی تورکیە دەکات کە بە دەرکردنی لێبووردنێکی گشتی، ڕێگا بدات کە چەکدارەکانی بگەڕێنەوە سەر ژیانی ئاسایی خۆیان. دەوڵەتی تورکیە مل بەو داوایە نادات و ناپهەوێ کادر و هەڵسووڕاوانی پ.کا.کا بگەڕێنەوە ناو کۆمەڵگای تورکیە و ببنە هەڵسووڕاوی خەباتێکی ئاشکرا، بەڵام بەوەشەوە سەرکردایەتی پ.کا.کا لەسەر بڕیاری خۆی سوورە و فەرمان بە هێزەکانی خۆی دەدات کە بە پەلە کوردستانی تورکیە بەجێ بێڵن و ڕوو بکەنە سەر سنوورکانی ئێران و عیراق.

بەدوای ئەم ئاڵوگۆڕەدا، جمهووری ئیسلامی لە لایەکەوە بە مەبەستی ڕاگرتنی ڕێگادەستێک بۆ خۆی لەناو بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد لەناو تورکیە پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ پ.کا.کا نەک هەر ناپسێنی بەڵکوو بەهێزتری دەکات و تەنانەت ڕێگا بۆ شێوەیەک لە حوزوور و چالاکی سیاسی پ.کا.کا لەناو لاوانی کوردستانی ئێراندا خۆش دەکات. بەڵام لە هەمان کاتدا ڕێگا نادات بەوەی کە هێزی چەکداری پ.کا.کا لە کوردستانی ئێران نیشتەجێ بێت و تەنیا بەوە ڕازی دەبێت کە ئەوان لە کوردستانی عیراق لەسەر سنوورەکانی جێ گیر بن و لە کوردستانی ئێرانیش وەکوو پشتی جەبهەیەکی ئەمن بۆ کاری خۆیان کەڵک وەرگرن، دیارە بەو مەرجەی کە جەبهەی ئەسڵییەکەیان لە کوردستانی عیراق بێ.

، بەمجۆرە هێزی پ.کا.کا کە لە کوردستانی تورکیە پاشەکشەی کردوە و بە شێوەیەکی ستراتیژیک و نەک تاکتیکی وازی لە هەر چەشنە کاری چەکدارانە لە تورکیە هێناوە، چەند ناوچەیەکی کوردستانی عیراق کە بەزۆری لەژێر دەسەڵاتی یەکێتی نیشتمانی کوردستاندایە دەکاتە شوێنی حەوانەوەی هێزەکانی. یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەو ڕادەیەدا چاوپۆشی لە بوونی پ.کا.کا دەکات.

پ.کا.کا کە قاعیدەتەن بەپێی هەل و مەرجێک کە خۆی هەڵی بژاردوە دەبێ هێزی چەکداری خۆی مەحدوود کاتەوە و ڕێگا بۆ شێوەی خەباتی سیاسی ئاشکرا یا نهێنی خۆش بکات، بە پێچەوانەوە دەکەوێتە پەرەپێدانی هێزی چەکدار و ژمارەیەکی بەرچاو لە لاوانی کوردستانی ئێران و عیراقیش بەشێوەی جۆراوجۆر بەرەو لای خۆی ڕادەکێشێ. هێزی چەکداری پ.کا.کا کە بەم چەشنە پەرەی سەندوە هەوڵ دەدات کە شوێنەکانی نیشتەجێ بوونی خۆی لە کوردستانی عیراق فرەوانتر

٢

بەڵگەنامەی ژمارە (١٤٢)

بکاته‌وه‌ و کاتێک که‌ له‌ ڕێگای وت‌وویژ له‌گه‌ڵ ی.ن.ک‌دا ناتوانی ئه‌وه‌ بسه‌لمێنی، به‌کرده‌وه‌ به‌بێ گوێ‌دان به‌ ناکامی گفت‌وگۆکان، هێزه‌کانی خۆی له‌ قووڵایی کوردستانی عێراق‌دا بڵاو ده‌کاته‌وه‌. پاش ئه‌وه‌ی که‌ به‌ گفت‌وگۆ نه‌یتوانیوه‌ به‌ده‌ستی بێنێ، به‌ کرده‌وه‌ په‌یره‌وی ده‌کات.

یه‌کیتی نیشتمانی کوردستان که‌ ئه‌م سیاسه‌ته‌ی پ.کا.کا به‌ ده‌ستدرێژی بۆ سه‌ر ده‌سه‌ڵات و حاکمییه‌تی خۆی ده‌بینێ و هه‌روه‌ها له‌پێناوی‌دا ده‌بێ جوابده‌ره‌وه‌ی زه‌خت و فشاری ده‌وڵه‌تی تورکیه‌ش بێ، له‌به‌رامبه‌ری‌دا ڕاده‌وه‌ستی و داوا له‌ پ.کا.کا ده‌کات که‌ بگه‌ڕێته‌وه‌ سه‌ر شوێنه‌کانی دیاری کراوی خۆیان له‌ بناری قه‌ندیل. له‌وه‌ها هه‌ل‌ومه‌رجێکدا پ.کا.کا بڕیار ده‌دات که‌ ناوچه‌کانی حزووری و چالاکی خۆی له‌ کوردستانی عێراق به‌ زۆری چه‌کیش بوو په‌ره‌ پێ بدات و یه‌کیتی نیشتمانی ئه‌وه‌ی لێ قه‌بووڵ ناکا و به‌مجووره‌ شه‌ڕێکی خوێناوی به‌رپا ده‌بێ. گه‌لێک مه‌علووماتی حاشاهه‌ڵنه‌گر هه‌یه‌ که‌ نیشان ده‌دات جمهووری ئیسلامی چلۆن به‌ ڕواڵه‌ت و له‌ سه‌ره‌وه‌ ده‌وری به‌ناو ناوبژی‌وان ده‌بینێ و له‌ ژێره‌وه‌ ئاوره‌که‌ی خۆش ده‌کات و پشتی جه‌بهه‌ی شه‌ڕه‌که‌ دابین ده‌کات.

له‌ ڕاستی‌دا جمهووری ئیسلامی هه‌ر وه‌کوو چۆن له‌ ڕابردوودا سووریه‌، ده‌یهه‌وی زۆرترین که‌ڵک له‌ حزووری پ.کا.کا له‌و ناوچه‌یه‌ بۆ به‌رژه‌وه‌ندی‌یه‌کانی خۆی وه‌ر بگری به‌بێ ئه‌وه‌ی خۆی تووشی مه‌ترسی به‌ره‌وڕووبوونه‌وه‌ له‌گه‌ڵ تورکیه‌ بکات. یانی به‌ که‌مترین باج زۆرترین که‌ڵک، ئه‌ویش له‌سه‌ر حیسابی خه‌ڵکی کوردستانی عێراق، وه‌ر بگری.

ئێستا پ.کا.کایه‌ که‌ حزووری میلیشیای چه‌کداری له‌ هه‌موو شوێنێکی کوردستانی عێراق به‌ مافی خۆی ده‌زانی و ده‌یهه‌وی ئه‌م سیاسه‌ته‌ی به‌زۆریش بوو دابسه‌پێنی. ئه‌وه‌ی که‌ لێره‌دا جێگای سه‌رنجه‌ ئه‌و ڕاستی‌یه‌ که‌ ئه‌گه‌ر بۆ پ.کا.کا خه‌باتی چه‌کداری له‌ تورکیه‌ له‌باری ستراتیژیکه‌وه‌ پێویستی‌یه‌که‌ی خۆی له‌ده‌ست داوه‌ په‌ره‌پێدان و بڵاوکردنه‌وه‌ی ئه‌و هێزه‌ له‌ کوردستانی عێراق و پێک‌هێنانی زه‌مینه‌ی شه‌ڕ و پێک‌دادانی له‌گه‌ڵ هێزه‌کانی ده‌سه‌ڵاتداری ئه‌و ناوچه‌یه‌ جگه‌ له‌وه‌ که‌ ڕه‌نج و ئازاره‌کانی جه‌ماوه‌ری خه‌ڵک زیاتر ده‌کات و برینێکی‌تریش ده‌خاته‌ جه‌سته‌یانه‌وه‌ چ قازانجێکی تری هه‌یه‌ ؟

**ده‌نگی شۆڕشی ئێران:**

هاوڕێ ابراهیم، پێش ئه‌وه‌ی بچینه‌ سه‌ر هه‌ڵوێستی سیاسی کومه‌ڵه‌ له‌سه‌ر ئه‌م شه‌ڕه‌، پرسیارێکی دیکه‌م هه‌یه‌ ئه‌ویش ئه‌وه‌یه‌ که‌ له‌ جه‌رگه‌ی شه‌ڕه‌کانی نێوان هێزه‌کانی پ.کا.کا و یه‌کیتی نیشتمانی‌دا ده‌رکه‌وت که‌ ژماره‌یه‌ک له‌ لاوانی کوردستانی ئێران له‌ناو ڕیزه‌کانی هێزی گریلای پ.کا.کادا ڕێکخراون که‌ زۆربه‌شیان به‌داخه‌وه‌ له‌ ته‌مه‌نی مێرمنداڵی‌دان. ده‌ش‌زانین که‌ جمهووری ئیسلامی چاوپۆشی له‌ په‌یوه‌ست‌بوونی ئه‌م لاوانه‌ به‌ پ.کا.کا ده‌کات، وه‌ هه‌روه‌ها ده‌زانین که‌ ڕێگاده‌ستی پ.کا.کا بۆ جۆرێک له‌ هه‌ڵسووڕانی سیاسی له‌ کوردستانی ئێران ئاواڵه‌یه‌. ئێوه‌ ئه‌م سیاسه‌ته‌ی جمهووری ئیسلامی چۆن هه‌ڵده‌سه‌نگێنن؟

**ابراهیم علیزاده:**



به‌ڵگه‌نامه‌ی ژماره‌ (١٤٢)

دیارە ئەم مەسەلەیە دوو لایەنی هەیە، لایەنێکی ئەو لاوانەن کە بە ریزەکانی هێزی چەکداری پ.کا.کا پەیوەست دەبن، کە بە بڕوای من هەڵدەگەڕێتەوە بۆ بێ ئاگایی و کەم ئەزموونی خۆیان لە ژیانیاندا. دەتوانم بڵێم کە بەداخەوە ئەوان پ.کا.کا بە باشی ناناسن و دڵنیام لەوەی کە ماوەیەکی کورت دوای پەیوەست بوونیان بە ریزەکانی هێزی چەکداری پ.کا.کا ئەگەر مەجالی بیرکردنەوەیان پێ بدرێ و ئەیان خەنە شەڕایەتیکی دژواری ژیان و ڕاپێچی مەیدانی شەڕیان ئەکەن زۆر زوو ڕاستی یەکانیان بۆ دەردەکەوێ.

بەراستی لاوانی کوردستانی ئێران لە پێناوی کام ستراتیژی سیاسی و بۆ بەڕێوەبردنی کام سیاسەتی جەنگی دەچنە ناو ریزی هێزی چەکداری پ.کا.کاوە و لە چیا و دۆڵەکانی کوردستانی عێراق دا دەبنە قوربانی؟ ئایا ئەمە خەباتێکە لە پێناوی سڕینەوەی ستەمی نەتەوایەتی لەسەر گەلی کورد لە کوردستانی ئێران؟ بێ گومان وا نیە. پ.کا.کا هەرگیز خاوەنی هەڵوێستێکی ڕادیکال لەسەر مەسەلەی نەتەوایەتی بەرامبەر بە مەسەلەی کورد لە کوردستانی ئێران نەبوە. ئەوە ئیتر تەنیا بۆ یەک، دوو ساڵی ڕابردووش هەڵناگەڕێتەوە. دەمێکە لە ڕوانگەی سەرکردایەتی پ.کا.کاوە جمهووری ئیسلامی وەکوو هێزێکی بەناو دژ بە ئەمپریالیست لەو ناوچەیەدا دەناسرێ کە نابێ بە هیچ شێوەیەک زەربەی لێ بدرێ و لاواز بکرێ و خەباتی چەکدارانەی خەڵکی کوردستانی ئێران بۆ ئازادی بە ئاژاوەگێڕی لەقەڵەم دەدرێ. ئەنانەت دیتمان کە هەڵچوونی جەماوەری و سیاسی ڕەشەمەی ساڵی ١٣٧٧ی هەتاوی لە شاری و سنە و لە شارەکانی دیکەی کوردستانی ئێرانیان کە لە لایەن جمهووری ئیسلامیەوە خەڵتانی خوێن کرا مەحکووم کرد.

یان ئایا پەیوەست بوونی ئەم لاوانە بە ریزەکانی پ.کا.کا ڕەنج بردن و خۆبەخت کردنێکە لە پێناوی پێک هێنانی کوردستانێکی یەکگرتووی سەربەخۆدا؟ ئەوەش هەر بە بێ شک وا نیە. ئامانجی سەرەکی پ.کا.کا ئەوجۆرەی کە خۆیان دەیانگوت لە «ڕزگارکردنی کوردستان لە ئیستعماری دەوڵەتانی ناوچەکە و پێک هێنانی کوردستانێکی یەکگرتووی سەربەخۆ»وە، گواستراوەتەوە بۆ «بەدەست هێنانی کۆمەڵێک مافی فەرهەنگی بۆ خەڵکی کورد لە چوارچێوەی جمهووری تورکیەدا لە ڕێگای خەباتێکی سیاسی، ئاشتیانەوە». بۆ هێزی چەکداریش تاکتیک و ستراتیژی هەمووی بریتی یە لە: پاشەکشە و خۆپاراستن لە هەرچەشنە تێکهەڵچوونێک لەگەڵ هێزەکانی دەوڵەتی تورکیە، چاوەڕوانی بۆ دەرچوونی لێ بووردنێکی گشتی بۆ گەڕانەوەی گەریلاکان بۆ سەر ژیانی ئاسایی خۆیان. کەوایە ڕێک خستنی لاوانی کوردی ئێرانی لەناو ریزەکانی هێزی چەکداری پ.کا.کادا ناتوانی بە مەبەستی بەدواداچوونی ستراتیژی «سەربەخۆیی کوردستانێکی یەکگرتوو»دا بەڕێوە بچی.

لایەنێکی تری ئەو مەسەلەیەش سیاسەتی جمهووری ئیسلامی یە کە پێویستە بناسرێ. کام عەقڵی سەلیم ئەوە قەبووڵ دەکات کە ڕژیمی جمهووری ئیسلامی کە بە درێژایی بوونی خۆی دەستی لە هیچ کردەوەیەکی تاوانبارانە بەرامبەر بە خەڵکی کورد نەپاراستوە، هەموو ماف و ئازادی یەکی ئەو خەڵکە پێ شێل دەکات، ئەمڕۆکە بەبێ بەدی کردنی بەرژەوەندی یەکی دیاری کراو چاوپۆشی لە چالاکی پ.کا.کا لەناو لاوانی کوردستانی ئێران دا بکات؟

سیاسەتی جمهووری ئیسلامی لەم بارەوە ڕوونە. ئەو دەیهەوێ بە نیشان دانی بەدیلێکی بەڕواڵەت



بەڵگەنامەی ژمارە (١٤٢)

دیارە ئەم مەسەلەیە دوو لایەنی هەیە، لایەنێکی ئەو لاوانەن کە بە ریزەکانی هێزی چەکداری پ.کا. پەیوەست دەبن، کە بە بڕوای من هەڵدەگەڕێتەوە بۆ بێئاگایی و کەم ئەزموونی خۆیان لە ژیانیاندا. دەتوانم بڵێم کە بەداخەوە ئەوان پ.کا بە باشی ناناسن و دڵنیام لەوەی کە ماوەیەکی کورت دوای پەیوەستبوونیان بە ریزەکانی هێزی چەکداری پ.کا ئەگەر مەجالی بیرکردنەوەیان پێ بدری و نەیانخەنە شەڕایەتێکی دژواری ژیان و راپێچی مەیدانی شەڕیان نەکەن زۆر زوو راستییەکانیان بۆ دەردەکەوێ.

بەڕاستی لاوانی کوردستانی ئێران لە پێناوی کام ستراتیژی سیاسی و بۆ بەڕێوەبردنی کام سیاسەتی جەنگی دەچنە ناو ریزی هێزی چەکداری پ.کاوە و لە چیا و دۆڵەکانی کوردستانی عێراق دا دەبنە قوربانی؟ ئایا ئەمە خەباتێکە لە پێناوی سڕینەوەی ستەمی نەتەوایەتی لەسەر گەلی کورد لە کوردستانی ئێران؟ بێگومان وا نیە. پ.کا هەرگیز خاوەنی هەڵوێستێکی رادیکاڵ لەسەر مەسەلەی نەتەوایەتی بەرامبەر بە مەسەلەی کورد لە کوردستانی ئێران نەبوە. ئەوە ئیتر تەنیا بۆ یەک، دوو ساڵی رابردووش هەڵناگەڕێتەوە، دەمێکە لە روانگەی سەرکردایەتی پ.کاوە جمهووری ئیسلامی وەکوو هێزێکی بەناو دژ بە ئەمپریالیست لەو ناوچەیەدا دەناسرێ کە نابێ بە هیچ شێوەیەک زەرەی لێ بدرێ و لاواز بکرێ و خەباتی چەکدرانەی خەڵکی کوردستانی ئێران بۆ ئازادی بە ئاژاوەگێڕی لەقەڵەم دەدرێ. تەنانەت دیتمان کە هەڵچوونی جەماوەری و سیاسی رەشەمەی ساڵی ١٣٧٧ی هەتاوی لە شاری و سنە و لە شارەکانی دیکەی کوردستانی ئێرانیان کە لە لایەن جمهووری ئیسلامییەوە خەڵتانی خوێن کرا مەحکووم کرد.

یان ئایا پەیوەستبوونی ئەم لاوانە بە ریزەکانی پ.کا رەنج بردن و خۆبەختکردنێکە لە پێناوی پێکهێنانی کوردستانێکی یەکگرتووی سەربەخۆدا؟ ئەوەش هەر بە بێشک وا نیە. ئامانجی سەرەکی پ.کا ئەوجۆرەی کە خۆیان دەیانگوت لە «رزگارکردنی کوردستان لە ئیستعماری دەوڵەتانی ناوچەکە و پێکهێنانی کوردستانێکی یەکگرتووی سەربەخۆ»وە، گواستڕوەتەوە بۆ «بەدەستهێنانی کۆمەڵێک مافی فەرهەنگی بۆ خەڵکی کورد لە چوارچێوەی جمهووری تورکیەدا لە رێگای خەباتێکی سیاسی، ئاشتیانەوە». بۆ هێزی چەکدرایش تاکتیک و ستراتیژی هەمووی بریتییە لە: پاشەکشە و خۆپاراستن لە هەرچەشنە تێکهەڵچوونێک لەگەڵ هێزەکانی دەوڵەتی تورکیە، چاوەڕوانی بۆ دەرچوونی لێبووردنێکی گشتی بۆ گەڕانەوەی گریلاکان بۆ سەر ژیانی ئاسایی خۆیان. کەوایە رێکخستنی لاوانی کوردی ئێرانی لەناو ریزەکانی هێزی چەکداری پ.کادا ناتوانی بە مەبەستی بەدواداچوونی ستراتیژی «سەربەخۆیی کوردستانێکی یەکگرتوو»دا بەڕێوە بچێ.

لایەنێکی تری ئەو مەسەلەیەش سیاسەتی جمهووری ئیسلامییە کە پێویستە بناسرێ. کام عەقلی سەلیم ئەوە قەبووڵ دەکات کە رژیمی جمهووری ئیسلامی کە بەدرێژایی بوونی خۆی دەستی لە هیچ کردەوەیەکی تاوانبارانە بەرامبەر بە خەڵکی کورد نەپاراستوە، هەموو ماف و ئازادییەکی ئەو خەڵکە پێشێل دەکات، ئەمڕۆکە بەبێ بەدی کردنی بەرژەوەندییەکی دیاری کراو چاوپۆشی لە چالاکی پ.کا لەناو لاوانی کوردستانی ئێران دا بکات؟

سیاسەتی جمهووری ئیسلامی لەمبارەوە روونە. ئەو دەیهەوێ بە نیشاندانی بەدیلێکی بەڕواڵەت

٤

بەڵگەنامەی ژمارە (١٤٢)

میلیتانت بە لاوانی کوردستانی ئێران ڕێگا لە پەیوەست بوونی ئەوان بە هێزە کانی ڕادیکالی کوردستانی ئێران بگرێ و ئەم ڕەوتە بۆ بەلاڕێدا بردن و لە کاتی خۆیدا خاموش کردنی هەر حەرەکەتێکی جەماوەری کە مەترسی بخاتە سەر دەسەلاتی جمهووری ئیسلامی لە کوردستانی ئێران، بە کار بێنێ. پێشتریش ئیشارە کرا کە ئەم پەیوەندی یە لەگەل پ.کا.کا بۆ جمهووری ئیسلامی جگە لە بەرژەوەندی ناوخۆیی کە باس کرا بەرژەوەندی ناوچەیی شی هەیە.

لاوانی کوردستانی ئێران پێویستە ژیرانە، بە چاوێکی کراوە و وردبینانەوە بڕوانتە ئەو سیاسەتە و ڕێگا نەدەن کە گیان و ژیانیان بکرێ بە دەستەچیلەی ئاورێک کە ڕژیمی ئیسلامی لە ئێران لە هاوئاهەنگی یەکی بە کردەوەدا لەگەل باقی دوژمنانی ئازادی و مافەکانی خەلکی کوردستان لە هەموو ناوچەکە، خەریکی بەرپاکردنیەتی. پێویستە لاوانی کوردستانی ئێران لایەنەکانی جوراوجوری ئەم پیلانەی کە بەدەستی دەزگاکانی ئیتلاعاتی ئێران بەرێوەدەچی بناسن و بزانن کە: ئەو هاوکاری یەی جمهووری ئیسلامی لەگەل هێزی چەکداری پ.کا.کا ناتوانی تەنیا پەیوەندی یەکی دیپلوماسی ساکار و بە بێ سات و سەودا بێ، بەلکوو لە لایەن ئەم ڕژیمەوە لە هەمان کاتدا کە ئاسانچی دیاری کراوی سیاسی خۆی هەیە، بە مەبەستی سەرمایەگوزاری لەسەر داوروژی خەباتی عادلانەی خەلکی کوردستان ئێرانیش، داڕێژراوە.

پ.کا.کا هێزێکی ناسیونالیستی کوردە بە هەموو تایبەتمەندی یەکانی ئەم بیر و بۆچوون و ڕێبازی سیاسی یەوە، و ڕووداوەکانی دوو سالی ڕابردووش بە ڕوونی نیشانیان دا کە ئەم حیزبە هیچ ئاسۆیەکی ڕوونی سیاسی لەبەردەم نیە. ئازادی گەلی کورد لە ستەمی نەتەوایەتی ناتوانی بەرهەمی کار و هەلسووڕانی ڕەوتی پ.کا.کا بێ. بزووتنەوەی گەلی کورد لە کوردستانی تورکیە بە هەر ڕادەیەک کە لە ژێر کاریگەری ئەم بیر و بۆچوون و سیاسەت و کردەوەیەدا بمێنێتەوە، هەر بەو ڕادەیە تووشی بونبەست و ئازار و ڕەنجی بێ حاسل دەبێ.

**دەنگی شورش ئێران:**

هاوڕێ ابراهیم! بە لەبەرچاوگرتنی ئەو لێکدانەوەی کە تا ئێستا باس کرا، هەلوێستی سیاسی کومەلە لەسەر شەری نێوان پ.کا.کا و یەکیتی نیشتمانی چیە؟

**ابراهیم علیزادە:**

یەکیتی نیشتمانی کوردستان و پ.کا.کا دوو هێزی سیاسی هەلقولاوی کێشەی کورد و ستەمی نەتەوایەتی لە دوو بەشی کوردستانن. شەری نێوان ئەم هێزانە شەرێکی نارەوایە و دووکەلەکەی ڕاستەوخۆ دەچێتە ناو چاوی خەلکێک کە بۆ ئازادی و مافی چارەنووسی خۆیان، خەباتێکی عادلانە دەکەن. بۆیە ئێمە بەر لە هەموو شتێک خوازیاری ئەوەین کە ئەم شەرە دەست بەجێ کۆتایی پێ بێت و ئەو ئاگربەسەی کە بەرەسمی قەبوول کراوە بە کردەوەش پەیرەو بکرێ. درێژە کێشانی ئەو شەرە ڕێگا بۆ دەست تێوەردانی زۆرتری دەولەتەکانی ناوچەکە لە کێشەکانی ناوخۆی کوردستاندا خوش تر دەکات و ئاکامی پر کارەسات تری لێ دەبێتەوە. هەر بۆیە پێش هەموو شتێک پێویستە هەموو

٥

بەڵگەنامەی ژمارە (١٤٢)

هەوڵەکان بۆ کۆتایی پێهێنانی ئەو شەڕە یەکانگیر بکرێ و لە هەمان کاتدا زەمینەکانی دەست پێکردنەوە و هەڵگیرسانەوەشی لەبەین ببردرێ.

پێشتر ئیشارەم پێکرد جێگیربوونی بنکە و مقەرەکانی هێزی چەکداری پ.کا.کا لە کوردستانی عێراق کۆمەڵێک ئەرک و ئیلزامی بۆ دروست دەکات کە پ.کا.کا نابێ پێیان پابەند بێ. با نموونەی خۆمان باس بکەین.

ئێمە هەرگیز ئەمانوتوە کە موقاوەمەت و خەباتی چەکدارانە لە کوردستانی ئێران، پێویستی یەکەی خۆی لەدەست داوە. ئێمە بەپێچەوانەی پ.کا.کا پێمان وایە تا کاتێک کە ماف و ئازادییەکانی سەرەتایی خەڵکی کوردستان بەزۆری چەک و کوشت و بڕ و زیندان، زەوت دەکرێ و پێشێل دەکرێ، مافی بێئەملاو و ئەولای ئەو خەڵکەشە کە ئەوانیش بۆ وەدەستهێنانی ئازادی و مافی چارەنووسی خۆیان بە شێوەی چەکدارانە خەبات بکەن و کۆمەڵە ڕێک خستن و پەرەوپێش بردنی ئەو خەباتە بە ئەرکی سەرشانی خۆی دەزانێ. بەڵام، کاتێک کە دەبینین بەبۆنەی هاتوچۆی چەکدارانەی ئێمە لەو دیوی سنوورەوە بۆ ئەودیوی سنوور، خەڵکی کوردستانی عێراق بەپێچەوانەی شارەزووەی خۆیان دەکەونە بەر شاڵاوی تۆڵەسەندنەوە و گوندەکانیان تۆپباران دەکرێ، تیرور و ئینسانکوژی لە شارەکانیان سازمان دەدرێ و ئەمنییەتیان لێ هەڵدەگیرێ، ڕێگا بۆ دابین کردنی پێداویستییەکانی ژیانیان لێ دەبەسترێ. ئیتر ئێمە بۆمان نیە لەسەر حیسابی ئەوان ئەم تاکتیکەمان بەینە پێش.

هەستی ئەمەگناسی بەرامبەر بەم هەموو زەحمەتەی کە هەر ئێستاش بەبۆنەی هەڵسووڕانی ئێمەوە بەسەر شانی خەڵکی ئەم وڵاتەوەیە وا حوکم دەکات کە خۆمان بەبێ مۆرکردنی هیچ چەشنە قەرارداد و بەڵگەنامەیەکیش کۆمەڵێک تەعەهودی سیاسی و ئەخلاقی بەرەسمی بناسین و پێی پابەند بین. ئەوە چاوەڕوانییەکی زۆر تەبیعی و سەرەتایی خەڵکی کوردستانی عێراقە لە ئێمە و لە هەر هێزێکی تریشە. پ.کا.کاش پێویستە هەر وا هەڵس و کەوت بکات.



بەڵگەنامەی ژمارە (١٤٢)

# ١٢

# پارتی کرێکارانی کوردستان

# پارتی کرێکارانی کوردستان

پارتی کرێکارانی کوردستان (پ.ک.ک) له‌ ١٩٧٨/١١/٢٧ له‌ ناوچه‌ی ئامه‌دی باکوری کوردستان، یه‌که‌م کۆنگره‌ی خۆی ئه‌نجامدا و دامه‌زراندنی خۆی وه‌کو پارتێکی سیاسی ڕاگه‌یاندن. به‌ڵام (پ.ک.ک) وه‌کو گرووپ و ڕێکخراوێکی سیاسی مێژوویه‌کی کۆنتری هه‌یه‌، و به‌دیاریکراوی ده‌گه‌ڕێته‌وه‌ بۆ دوای کوده‌تا سه‌ربازییه‌که‌ی ١١ی مارسی ساڵی ١٩٧١ی تورکیا، که‌ ئه‌وده‌مه‌ ره‌وتی چه‌پگه‌ری خوێندکاری و لاوانی کورد و تورک، له‌ژێر کاریگه‌ری شۆڕشی ڤێتنام و شۆڕشی خوێندکارانی فه‌ڕه‌نسای ساڵی ١٩٦٨ دا، جوڵانه‌وه‌ی به‌ خۆوه‌ بینی.

عه‌بدوڵڵا ئۆجه‌لان له‌وکاته‌ وه‌ک خوێندکارێک له‌زانکۆی ئه‌نقه‌ره‌، کۆلێژی زانسته‌ سیاسییه‌کان بوو. له‌وێ که‌وته‌ ژێرکاریگه‌ری ره‌وتی چه‌پگه‌ری ئه‌و کاته‌، به‌تایبه‌تی ماهیر چایان و ده‌نیز گه‌زمیش و ئیبراهیم کایپاک کایا که‌ سێ ڕێبه‌ری ره‌وتی چه‌پگه‌ری بوون. له‌٣١ی مارسی ١٩٧٢دا، تورکیا، ماهیر چایان سه‌رۆکی به‌ره‌ی - پارتی - رزگاری گه‌لی تورکیا و نۆ له‌هاوڕێکانی له‌سێداره‌ ده‌دات، ئۆجه‌لانیش له‌گه‌ڵ چه‌ند هاوڕێیه‌کیدا له‌ زانکۆ، له‌دژی ئه‌و کوشتنه‌، هه‌روه‌ها بۆ ڕێگیریکردن له‌ له‌سێداره‌دانی ده‌نیز گه‌زمیش و دوو له‌ هاوڕێیانی، له‌ کۆلێژی زانسته‌ سیاسییه‌کانی زانکۆی ئه‌نقه‌ره‌ ڕێپێوانێک ساز ده‌که‌ن و له‌ڕێپێوانه‌که‌دا ده‌ستگیر ده‌کرێت و نزیکه‌ی ٧ مانگ له‌زیندانی ده‌کرێت. له‌ زیندانه‌وه‌ بیر له‌ دامه‌زراندنی ڕێکخراوێکی چه‌پ ده‌کاته‌وه‌. دوای ئازادبوونی و گه‌ڕانه‌وه‌ی بۆ خوێندن، حه‌قی قه‌رار و که‌مال پیر ده‌ناسێت، که‌ ئه‌وانیش خوێندکاری زانکۆ بوون. ئیدی ئه‌م ٣ هاوڕێیه‌ به‌یه‌که‌وه‌ ده‌ژین و پێکه‌وه‌ بناغه‌ی یه‌که‌م گروپ داده‌مه‌رزێنن به‌ناوی (ته‌ڤگه‌ری ئاپۆچێتی).

له‌ئازاری ١٩٧٣ به‌دواوه‌؛ وه‌ک گروپێکی فیکری و ئایدیۆلۆژی و به‌ناوی "خوێندکارانی شۆڕشگێڕ" یان "شۆڕشگێڕانی کوردستان" یاخود "ته‌ڤگه‌ری ئاپۆچی"یه‌وه‌ له‌زانکۆ و هه‌ندێک گه‌ڕه‌کی هه‌ژارنشین و کوردنشینه‌کانی ئه‌نقه‌ره‌ ده‌ناسران و فیکر و بیروباوه‌ڕه‌کانی خۆیان بڵاوده‌که‌نه‌وه‌. دوای فراوانبوونی

ڕێکخراوەکە، لە ١٩٧٦دا بڕیاری گەڕانەوە لە ئەنقەرەوە بۆ کوردستان و دەستکردن بەکاری ئایدیۆلۆژی، سیاسی و ڕێکخستنی دەدەن. گەڕانەوەی گرووپی ئاپۆچی بۆ کوردستان وا ئاسان نابێت و ڕووبەڕووی شەڕ و پێکدادان دەبنەوە، لەلایەک لەگەڵ گرووپە چەپەکان، لەلایەکی تر لەگەڵ حکومەت و هەندێک جار لەگەڵ عەشیرەتە کوردەکان. لە ئەنجامی ئەم پێکدادانەدا چەند ئەندامێکی گرووپەکە دەکوژرێن لەنێویاندا حەقی قەرار، کە یاریدەدەری عەبدوڵا ئۆجەلان بوو.

کوژرانی حەقی قەرار کاریگەری گەورە جێدەهێڵێ و وادەکات کارەکان لە ڕێکخراوێکی سیاسیەوە بگۆڕن بۆ پارتێکی سیاسی و دەست دەکەن بە ئامادەکاری بۆ کۆنگرە و دامەزراندنی پارتێکی سیاسی. لەپاییزی ١٩٧٧ دا ئۆجەلان دەست بە نووسینی یەکەم ڕەشنووسی پرۆگرامی پارتێکی سیاسی کرد و لە زستان و بەهاری ١٩٧٨یشدا لە شێوەی نامیلکەیەکدا بڵاوکرایەوە. دواتر ئەو ڕەشنووسە بووە بنەمای پرۆگرامی پەکەکە و لە کۆنگرەی یەکەمی دامەزراندندا پەسندکرا[٢٤٤] .لە ڕۆژانی ٢٦ و ٢٧ مانگی نۆڤەمبەری ساڵی ١٩٧٨ لەگوندی فیس سەر بە قەزای لیجە لە شاری ئامەد، بەئامادەبوونی بیست و دوو کەس، (ساکینە جانسز و کەسیرە یەڵدرم دوو ئافرەتی بەشداربووی ئەو کۆنگرەیە بوون)، پارتی کرێکارانی کوردستان دادەمەزرێت. کۆنگرە دوو ڕۆژ دەخایەنێت و تێیدا کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردران کە لە حەوت کەس پێکهاتبوو بەناوەکانی: عەبدوڵا ئۆجەلان و محەمەد قەرەسونگور و جەمیل بایک و مەزلوم دۆغان و محەمەد خەیری دوورموش و باقی قەرار و شاهین دۆنمەز. هەروەها دەستەی کارگێڕیش هەڵبژێردا کە پێکهاتبوو لە سێ کەس ئەوانیش: عەبدووڵا ئۆجەلان و جەمیل بایک و شاهین دۆنمەز. بەم شێوەیە کۆنگرە کۆتایهات، بەڵام ئاشکراکردنی دامەزراندنی (پ.ک.ک) دەهێڵرێتەوە بۆ کاتی ئەنجامدانی چالاکییەکی گەورە و کاریگەر. لە ڕۆژی ٣٠ مانگی جولای ساڵی ١٩٧٩ لەگوندی قرباشی سەر بە شارۆچکەی حیلوان لە شاری ڕوحا، چالاکییەک لەبەرامبەر محەمەد جەلال بوجاکی سەرۆکی عەشیرەتی بوجاک و لەهەمانکاتدا سەرۆک

---

[٢٤٤] حەسەن جوودی: پانۆڕامای مێژووی پەکەکە و تەڤگەری ئازادی گەلی کوردستان

جەردەوان لەلایەن ئاپۆچییەکانەوە ئەنجام درا و لەئاکامدا بوجاک بەبرینداری خۆی رزگار دەکات. ئەمە یەکەم چالاکی فەرمی (پ.ک.ک) بوو[٢٤٥].

لەگەڵ ئەمەشدا لە بەهاری ١٩٧٩، شاهین دۆنمەز لە لایەن حکومەتی تورکیاوە دەستگیرکرا، شاهین ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بوو، بەهۆی کاری رێکخراوەییەوە هەموو ناوچە کوردیەکان گەڕا، دواجار لە ئەلازیگ لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیرکرا. شاهین تەواوی شوێن و حەشارگەکانی پەکەکەی بۆ پۆلیسی دیاربەکر ئاشکرا کرد. ئۆجەلان کاتێ هەواڵی دەستگیرکردنی شاهینی پێدەگات دیاربەکر جێدەهێڵێ و دەچێتە ماردین و دواتر ڕوحا، پاشان دەچێتە خاکی سوریا و لەشاری کۆبانی دەمێنێتەوە.

لەناوخۆی وڵاتیدا بارودۆخ ئاڵۆز بوو، پۆلیس لە بەدواداچوونی چڕدابوو، هەروەها کێبەرکێی گروپە نەیارەکان و ئاڵۆزی رەوشەکە، فشاری کاریگەر بوون و تەنگیان بە (پ.ک.ک) هەڵچنی بوو. لەگەڵیشیدا دەنگۆی کودەتا گەرم و گوڕ بوو. چەند مانگێکی کەم پێش ڕوودانی کودەتای ساڵی ١٩٨٠ی تورکیا، ئۆجەلان پەیامێکی ئاراستەی ئەندامانی پارتەکەی کرد بۆ ئەوەی هەرچی زووە خاکی تورکیا جێبهێڵێن و پەیوەندی بە خۆیەوە بکەن لە سوریا.[٢٤٦]

(پ.ک.ک) لە سیاسەتدا پارتێکی مارکسی ـ لینینی بوو. لە کاتێکدا نوسینەکانی ئۆجەلان شوێنی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست دیاری کردبوو، هاوکات پێی وابوو نەخشەی رامیاری رۆژهەڵاتی ناوەراست ئیمپریالیزم دایناوە. هەر بۆیە ئەمە سەرەتایەک بوو بۆ کرانەوە بەرووی ئەو بزوتنەوە شۆرشگێڕیە ڕادیکاڵانەی کە خۆیان بە نەیاری ئیمپریالیزم دەزانی بەتایبەت بزوتنەوە عەرەبیەکان، ئەم پەیوەندیەش لە چوونی ئۆجەلان بۆ سوریا دروست بوو، چونکە سوریا ببوە بنکەی ئەو بزوتنەوانە[٢٤٧].

---

[٢٤٥]جەمیل بایک: مێژوویەک لە ئاگر، ئامادەکردنی: حەسەن جودی، بەرگی یەکەم، بێ شوێنی چاپ، چاپی چوارەم – ٢٠١٧، لا١٩٠

[٢٤٦]ئەلیزا مارکۆس: مێژووی پەکەکە، وەرگێرانی: ماجد خەلیل، چاپ و پەخشی ڕینما، سلێمانی ، ٢٠١٤، ل٨٨.

[٢٤٧]د.سەلام عبدلکەریم و ماجد خەلیل فتاح: پارتی کرێکارانی کوردستان PKKلە پەیوەندیەکانی تورکیا و ئیسرائیلدا، لا١٣١

ئۆجەلان لە سوریا پەیوەندی لەگەڵ جەلال تاڵەبانی دامەزراند و بەو هۆیەوە کاتێک گەیشتە بەیروت لەڕێگەی عادل مورادەوە توانی بەرهەڵستکارە فەلەستینیەکان بناسێت و لەسەر داوای خۆی، پەیوەندی کرد بە بەرەی دیموکراتی بۆ ڕزگارکردنی فەلەستین بە ڕێبەرایەتی نایف حواتمە و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی فەلەستینی بە ڕێبەرایەتی یاسر عەرەفات و بەرەی گەل بۆ رزگاری فەلەستین بە ڕێبەرایەتی ئەحمەد جبریل و بەرەی تێکۆشانی گەلی فەلەستین بەرێبەرایەتی دکتۆر سمیر غوشە. هاوکات توانی بروایان پێ بهێنێت کە جوڵانەوەی باکوری کوردستان وەک شۆڕشی ئەیلول وابەستەی ئەمریکا و ئیسرائیل و شای ئێران نیە[٢٤٨].

لەساڵی ١٩٨٢دا سوپای ئیسرائیلی هێرشەکانی خۆی بۆ سەر کامپی فەلەستینییەکان لە لوبنان و تەواوی باشووری لوبنان چڕتر کردەوە. لەوکاتەدا (پ.ک.ک) بڕیاری پشتیوانیکردن لە فەلەستینیەکان و لوبنان دەدات. بەمەش گەریلا تازە پەروەردەبووەکانی (پ.ک.ک) لە شارەکانی بەیروت، حەسبایا، ئەلدامور، سەیدا و سور بەگشتی و لە قەڵای شەقیف و قەلای سەلاحەددینی ئەیوبی، هاوشانی فەلەستینیەکان لەبەرامبەر سوپای ئیسرائیل شەڕیان کرد، لەو شەڕانەدا یازدە گەریلا گیان لەدەست دەدەن و یانزەی دیکە بەدیل دەگیرێن، ئەمەش ئەو حزبە گرفتاری ململانێی عەرەب - ئیسرائیل کرد[٢٤٩].

لە دوای کودەتا سەربازیەکەی ١٢ی سێپتەمبری ساڵی ١٩٨٠ی تورکیا و ڕاگەیاندنی رەوشی نائاسایی، بڕیاڕی داخستنی سەرجەم پارتە سیاسی و ڕێکخراوەی مەدەنی و تەواوی رۆژنامە و گۆڤارەکان دەدرێت. ئیدی (پ.ک.ک) دەبێتە دووبەشەوە و بەشێکیان خاکی تورکیا جێدەهێڵن و ڕوودەکەنە سوریا، ئەو بەشەشی کە لە خاکی تورکیا مانەوە دەستگیردەکرێن و زیندانی دەکرێت، لەسەرەتای هەشتاکاندا هیچ جۆرە چالاکی و بوونێکی (پ.ک.ک) لەسەر خاکی تورکیا نەبوو، ئەوەی هەبوو تەنها چالاکی ناو زیندان بوو. کاتێک کادیر و ئەندامانی (پ.ک.ک) دەستگیر دەکرێن و ئازار و ئەشکەنجەی زۆر دەدرێن، لە

[٢٤٨] د.سەلام عبدلکەریم و ماجد خەلیل فتاح، لا١٦

[٢٤٩] حەسەن جوودی: پانۆڕامای مێژووی پەکەکە و تەڤگەری ئازادی گەلی کوردستان

یەکەم رۆژی نەورۆزی ١٩٨٢ دا، مەزڵوم دۆغان، کە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی (پ.ک.ک) بوو، لەژێر دروشمی"بەرخۆدان ژیانە، تەسلیمییەت مردنە"دا لەزیندانی ئامەد کۆتایی بە ژیانی خۆی دەهێنێت. ئەمەش دەبێتە هۆی زنجیرە چالاکییەکی کادیرانی (پ.ک.ک) لە زیندانی ئامەد. لە شەوی ١٨ی مانگی تەمموزی ساڵی ١٩٨٢دا چوار لە کادیرانی دیکەی (پ.ک.ک) بەناوی، فەرهاد کورتای، مەحمود زەنگین، ئەشرەف ئانیک و نەجمی ئۆنەر، هەر چواریان بەیەکەوە ئاگر لەجەستەی خۆیان بەردەدەن .لەڕۆژی ١٤ی مانگی تەمموزی ساڵی ١٩٨٢دا، محەمەد خەیری دوورموش کە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پەکەکە بوو، کەمال پیر کە یاریدەدەری ئۆجەلان بوو، عاکیف یڵماز و عەلی چیچەک، دەستیان بەمانگرتن لەخواردن کرد. دوای ٥٥ تا ٦٥ رۆژ لە مانگرتن هەر چوار کادیرەکە دەبردرێنە نەخۆشخانەی سەربازی دیاربەکرو هەموویان لەوێ، بەدوای یەکدا گیان لە دەست دەدەن.

ئەم ڕووداوانە وایان لە دەسەڵاتدارانی تورکیا کرد کە ئازار و ئەشکەنجەی سەر زیندانیەکان هەڵگرن و کۆمەڵێ مافی سەرەتاییان وەک زیندانی بۆ بگەڕێننەوە. هاوکات ڕووداوەکانی زیندانی ئامەد لەناو پەکەکەدا بە گرنگ و بایەخێکی زۆرەوە لێی دەڕوانن، چەندان کتێب و فلیم و دیۆکۆمێناریان لەو بارەوە دەرکردووە، و ساڵانە یادی ئەکەنەوە.

لە کامپی فەلەستینییەکان، لە دۆڵی بیقاعی لوبنان، ئامادەکاری بۆ دووەمین کۆنگرەی (پ.ک.ک) کراو لە ڕۆژی ٢٠ی ئوگۆستۆسی ١٩٨٢ دا، لە دۆڵی بیقاعی لوبناندا، دووەمین کۆنگرەی پەکەکە ئەنجام درا. لەو کۆنگرەیەدا بڕیاری گەڕانەوە بۆ وڵات و دەستپێکردن بە تێکۆشانی گەریلایی درا. ئیتر دوای کۆنگرە بەشێوەیەکی کرداری گەڕانەوە دەستی پیکرد و پۆل پۆل گەریلا گەڕانەوە بۆ تورکیا.

ئەوەی هاوکاری ئەم پلانەبوو، ڕێکەوتنی ئۆجەلان و مەسعود بارزانی بوو. بەگوێرەی ئەو ڕێککەوتنە گەریلاکانی (پ.ک.ک) بۆیان هەبوو ئەو نێوچانەی کەسەر بە قەڵەمڕەوی (پ.د.ک)ن، بەکاریان بهێنێت. دواتر (پ.ک.ک) بارەگاکانی گواستەوە بۆ سێگۆشەی سنوری نێوان عێراق و ئیران و تورکیا، هەموو

گەریلاکانیان گواستەوە بۆ بارەگا نوێکە، بەشێک لە گەریلا لە دیمەشقەوە بە فڕۆکە چونە ئێران و لەوێشەوە بەپێ گەیشتنە بارەگای سەرەکی[٢٥٠].

لەنێوان ساڵەکانی ١٩٨٢ ـ ١٩٨٤دا چەندین پۆل و یەکینەی گەریلاکانی (پ.ک.ک) لەسەر سنووری نێوان باکوور- باشووری کوردستان لە لۆلان و خواکوڕک و خنێرە و چەندین ناوچەی تری سەر سنوور جێگیر دەبن و دەستیان دایە پروپاگەندەی گەریلایی و تێکۆشانی چەکداری و خەریکی تەواوکردنی ئامادەکارییە کردارییەکان بوون بۆ دەسپێکردنی خەباتی گەریلایی لەباکووری کوردستاندا.

لە ١٥ی ئابی ١٩٨٤دا دوا یئامادەکارییەکی چڕوپڕ بە فەرماندەیی و سەرپەرشتی مەعسوم قۆرقماز ناسراو بە عەگید لە شارۆچکەکانی" ئەروە - شەمزینان" هەڵمەتی گەریلایی دەستپێدەکات و یەکەم فیشەک دەتەقێنرێت. بەمەش خەباتی گەریلایی (پ.ک.ک) دەستپێدەکات، هەروەها لەگەڵ ئەو هەڵمەتەدا، بە بەیاننامەیەک، هێزی رزگاری کوردستان (هەڕەکە) دامەرزاندنی خۆی راگەیاند و لە ١٥یئابی ١٩٨٤ یەکەم هێرشی سەربازیی خۆی ئەنجامدا. لەزۆربەی شارەکاندا ئەو هێرشانە بە (لێیدە و ڕاکە) ناوبرا. دیسان چەندین بەیاننامەیان بڵاوکردەوە و گوزارشتی "ناتوانن لەناومان بەرن" ی هەڵگرتبوو.

ئەو هێرشانە بومەلەرزەیەکی سیاسیی و سەربازیی بوو بۆ سیستەمی سیاسیی و سەربازیی لە تورکیا، بۆ ئەم مەبەستە سەرۆکی تورکیا، سەرۆک کۆمار کەنعان ئێڤرن (١٩٨٣ – ١٩٨٩) سەردانی شەمدینانی لە ویلایەتی هەکاری کردو گوتارێکی خوێندەوەو تەلەفزیۆنی ئەنکەرەش پەخشیکرد گوتی "ئەو کردەوانە پیلانگێڕین و دەسەڵاتدارانی بیانیی دەیانەوێت لەپشت ئەم کارانەوە تورکیا پارچە پارچە بکەن لەرێگەی هەندێک بەکرێگیراوەوە، کە بەرەو دەرێی تورکیا هەڵاتوون". سوپای حەوت لە دیاربەکر هەستا بە پرۆسەی کێماڵکردنی بەرفراوان لە دژی گەریلاکانی (پ.ک.ک) لە ناوچە شاخاوییەکانی سێگۆشەی نێوان (هەکاری، سعرت، ماردین). پرۆسەکان دەرێی سنووریشی گرتەوە بۆ ناوچەکانی رۆژئاوای ئێران بە ڕووبەری ٢٢کم و باکووری عێراق بەهەمان

---

[٢٥٠] ئەلیزا مارکۆس: مێژووی پەکەکە، لا ١٣٣ بۆ ١٣٥

ڕووبەر لە ٢٠ی ئابی ١٩٨٤ لەچوارچێوەی ڕێکەوتننامەی ئاسایشیی ناسراو بە راوەدوونانی گەرم و پرۆسەکەش بە خۆر ناوبرا[٢٥١].

لەساڵی ١٩٨٦دا لەکاتێکدا شەڕی گەریلایی تادەهات فراوانتر دەبوون، لەلایەکی دیکەشەوە پەکەکە لە ئامادەکارییەکی چڕوپڕ دابوون بۆ ئەنجامدانی سێیەمین کۆنگرەی خۆی. لەم کاتەدا فەرماندراری گشتی هێزی رزگاری کوردستان هەرەکە، مەعسوم قۆرقماز بە ئامانجی بەشداربوون لە سێیەمین کۆنگرەدا بەرێدەکەوێت، بەڵام لەرێگادا لەرێکەوتی ٢٨ی ئاداری ١٩٨٦دا لە چیای گابار رووبەڕووی بۆسەیەکی سوپای تورکیا دەبنەوە، لەئاکامدا عەگید گیانی لەدەست دەدات. لە ٢٥ی مانگی ئۆکتوبەری ساڵی ١٩٨٦دا کۆنگرەی سێیەمی (پ.ک.ک) لە کامپی بیقاعی لوبنان بەسترا. لەو کۆنگرەیەدا بڕیاری دروستکردنی "ئارتەشی رزگاریخوازی گەلی کوردستان ئارگەکە" درا و ئاکادیمیای پەروەردەیی دۆڵی بیقاعیش بە ناوی فەرماندراری گەریلا "مەعسوم قۆرقماز" ناونرا[٢٥٢].

لەگەڵ هێرشەکانی (پ.ک.ک)، حکومەتی تورکیا ڕێوشوێنی نوێی گرتە بەر بۆ ڕووبەڕووبوونەوە. تورکیا بیری لە هەمان هەنگاوەکانی ئێران و عێراق کردەوە لە ڕووبەڕووبونەوەی بزوتنەوە کوردیەکان، کە ئەوەیش شەڕی کورد – کورد بوو، لە ڕێگەی دروستکردنی یەکەی سەربازی، کە لەناو کوردا بە جاش ناودەبرێ، بێگومان بۆ ئەمەش پشتی بەئاغا و هۆز و عەشیرەتەکان بەست و پارە و چەکی پێدان بۆ ئەوەی شەڕێ بۆ بکەن. لەو چوارچێوەیەدا حکومەت بڕیاریدا بۆ ئەوەی گوندیەکان چەکدار بکات. لە نیسانی ١٩٨٥ یاسایی گوند، پاسەوانەکانی گوند، هەموار کرا. یەکەمین هۆز کە ئامادەبوون پیاوەکانیان بخەنە خزمەتی حکومەت، هەمان ئەو هۆزانە بوون کە بە هاوپەیمانی حزبە توندرەوەکان لەقەڵەم دەدران، یان ئەوانەی راستەوخۆ لەگەل (پ.ک.ک) لە شەڕ و ململانێدا بوون. لەناو ئەو هۆزانەی کە ڕووبەڕووی (پ.ک.ک) بونەوە،

---

[٢٥١] غازی فەیسەڵ غەدیر: هەڵوێستی حکومەتەکانی تورکیا لەبەرامبەر کێشەی کورد١٩٢٣ – ٢٠١٣، وەرگێرانی: بەرزانی مەلا تەها،سەرچاوە:مجله المستنصریه للدراسات العربیه والدولیه،ناوەندی میللەت بۆ توێژینەوە، https://milletpress.com/

[٢٥٢] حەسەن جوودی: پانۆرامای مێژووی پەکەکە و تەڤگەری ئازادی گەلی کوردستان

ناسراوتر هۆزەکانی ژیرکی، پینیانیش، گۆیان و مام کوران بوون. ژمارەی هۆزەکان بەردەوام فراوانتر دەبوو، بەجۆرێک لەساڵی ١٩٩٠ ژمارەیان گەیشتە ٢٠هەزار چەکدار، و لەساڵی ١٩٩٣دا، ٣٥هەزار چەکداری تێپەڕ کرد[٢٥٣].

لەبەهاری ساڵی ١٩٩١دا لەگەڵ بەرپابوونی راپەڕینی جەماوەری لەباشووری کوردستان دژ بەرژێمی دیکتاتۆری بەعس، گەریلاکانی ئەرتەشی رزگاری گەلی کوردستان ئارگەکەش، بەشداری راپەڕینەکەیان لەهەرێمی بادینان کرد و رۆڵیان لە ئازادکردنی زاخۆ و گوند و شارۆچکەی تری نزیک بە سنوور هەبوو[٢٥٤].

بە دروستبونی هەرێمی کوردستان، پاش ساڵی ١٩٩١، (پ.ک.ک) و کۆمەڵەو دیموکرات، کێشەی ئەمنی و سیاسییان بۆ هەرێمی کوردستان دروست کرد، بەتایبەت کە سەرکردایەتی هەرێمی کوردستان پەیوەندییەکی بەهێزیان لەگەڵ ئێران و تورکیا هەبوو، نەیان دەتوانی وەک جاران پشتگیری و هاوکارییان بکەن. بەم شێوەیە داوا لەو هێزانە کرا کە لە سنووری نێودەوڵەتی دووربکەنەوە و بێنە ناوشارەکانەوە و پشتگیری هەرێم بکەن. لێرەدا پارتە کوردستانییەکانی ئێران ئەم پێشنیارەیان پەسەند کرد و لە سنوور دورکەوتنەوە، بەڵام لەگەڵ پەکەکە نەگەیشنە ئاکام و سەرەنجام شەڕی هەرێم و پەکەکە لە پایزی ١٩٩٢ ڕوویدا[٢٥٥].

دوای ماوەیەک لە شەڕ و پێکدادانلە ٣٠ ئۆکتۆبەری ١٩٩٢، ڕێکەوتنێک لە نێوان عوسمان ئۆجەلانی کە فەرماندەی هەرێمی خواکورکی (پ.ک.ک)، هەرێمی کوردستان واژوکرا. بەپێی ئەو ڕیککەوتنە دەبوو (پ.ک.ک) هێزەکانی لەسنور بکشێنێتەوە و چالاکیەکانی لە باکوری عێراقەوە دژ بە ناوخۆی تورکیا بوەستێنێ. لە بەرامبەردا کەمپگەلێکی نوێی نزیک سنوری ئێران بۆ دیارکرا و ڕیگەیان پێدرا کە چالاکی سیاسی ناتوندوتیژ لە سنورەکانی ژێر کۆنترۆڵی

---

[٢٥٣]دەیڤد ماکداوڵ: مێژووی هاوچەرخی کورد، وەرگێرانی: د.ئەبوبەکر خۆشناو، چاپی سێیەم ٢٠١٧، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، لا٦٥٧-٦٥٨

[٢٥٤]حەسەن جوودی: پانۆرامای مێژووی پەکەکە و تەڤگەری ئازادی گەلی کوردستان

[٢٥٥]د.یوسف گۆران، د.ئومێد رفیق....هتد: جێکەوتەی جەمسەربەندییە هەرێمییەکان لەسەر عێراق و هەرێمی کوردستان، ڕانانی ئایندەیی ژمارە: ٦، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی، تەمووزی ٢٠٢٠، https://www.centerfs.org

هەرێم ئازادانە ئەنجامبدەن[٢٥٦]. ئیدی سەرکردایەتی و هێزێکی زۆری (پ.ک.ک) لە سنووری تورکیا کشانەوەو زەڵیی قەندیلیان کردە بارەگای سەرەکی خۆیان.

لەدوای دروست بوونی هەرێمی کوردستانەوە، پەکەکە خەریکی بەهێزکردنی پێگەی خۆی بوو لە هەرێمی کوردستاندا، بۆ ئەو مەبەستە پشتیوانی دروستبونی کۆمەڵێک ڕێکخراو و پارتی کرد. لەبەهاری ساڵی ١٩٩٢دا پارتی ئازادی کوردستان (پاک) دامەزرا، لەلایەن کادیرانی باشووری کوردستان. لەبەهاری ١٩٩٣ ڕۆژنامەی وڵات وەکو ڕۆژنامەیەکی نافەرمی پەکەکە لە باشوری کوردستان دەستی بە بڵاوکردنەوە کرد. هاوکات ناوەندی چاندی میسۆپۆتامیا دەستبەکار بوون. لە ساڵی ١٩٩٥ پارتی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK دامەزرا. لەساڵی ١٩٩٦ ڕێکخستنەکانی نزیک لە پەکەکە فراوانتر بوون، لە هاوینی ١٩٩٦ یەکێتی خوێندەڤانان و لاوانی وڵاتپارێزی کوردستان YXLWKدامەزار، هەروەها گۆڤارێکیش بەناویROJدەرچوو. لەسەرەتای ساڵی ١٩٩٧ ڕێکخراوێکی ژنان بەناوی یەکێتی ئازادی ژنانی کوردستان YAJKدامەزرا[٢٥٧].

لەگەرمەی شەڕی ناوخۆی هەرێمی کوردستان و لە ساڵی ١٩٩٥ جارێکی دیکە شەڕ لە نێوان (پ.ک.ک) و (پ.د.ک) دەستی پێکردەوە. لەوکاتەدا (پ.د.ک) لە شەڕێکی توندا بوو لەگەڵ (ی.ن.ک)، بۆیە کرانەوەی بەرەیەکی دیکەی شەڕ لە بەرژەوەندی (پ.د.ک) نەبوو. شەڕ و پێکدادانەکانی (پ.ک.ک) و (پ.د.ک) لە دیستەمبەری ١٩٩٥ کۆتای هات، لە زستانی ئەو ساڵەدا هەردوولا واژوی ڕێکەوتنێکیان کردتا ئاگربەست رابگەیەنن. لەم ڕێککەوتنەدا بوار بە (پ.ک.ک) درا تا بنکە و بارەگاکانی لە چیاکان بهێڵێتەوە، بەڵام پێویستبوو لە جیاتی کاری چەکداریی گرنگی بە کاری ڕامیاری بدەن لە نێوخۆی کوردستانی عێراقدا. تورکیا ئەم ڕێکەوتنەی وەک خیانەتێک دەبینی لە چاوی کوردانی عێراقدا، بەڵام

[٢٥٦]ئەلیزا مارکۆس: مێژووی پەکەکە، ل٣٤٣-٣٤٤

[٢٥٧]دیار غەریب: کورتە مێژوویەکی عێراق و باشوری کوردستان، ل١٢٣-١٢٤

سەرقاڵی(پ.د.ک) بە شەڕ لەگەڵ (ی.ن.ک)، وایکرد کە بارزانی لە نیگەرانیەکانی تورکیا تێنەگات[٢٥٨].

لە ڕۆژی ١٤ی ئایاری ١٩٩٧دا سوپای تورکیا ئۆپەراسیۆنێکی سەربازی بەرفراوانی ئەنجام داو (پ.د.ک) وەک تۆڵەکردنەوەیەک لە (پ.ک.ک) بەرامبەر هێرشەکانی ساڵی ١٩٩٥، هاوکات دۆستایەتیە بەهێزەکەی لەگەڵ تورکیا، لە ئۆپەراسیۆنەکانی سوپای تورکدا بەشداری کرد، لە ١٦ی ئایاریشدا ١٩٩٧یشدا هێزەکانی (پ.د.ک) لە شاری هەولێر هێرشیانکردە سەر چەندین بنکە و ڕێکخراوی سیاسی و دەزگای ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەوانی نزیک لە (پ.ک.ک)، لەئاکامدا بەدەیان کادیری سیاسی و گەریلای نەخۆش و هونەرمەند و ڕۆژنامەوان گیانیان لەدەست داو بێسەروشوێن بوون[٢٥٩]. ئیدی لێرەوە پەیوەندیەکانی (پ.د.ک) و (پ.ک.ک) گۆرانێکی بنچینەی بەسەردا هات، و تارادەیەک کەوتنە ناو دوو سەنگەری دژ بەیەک.

ئەم بەشە تەرخانکراوە بۆ ململانێی پ.ک.ک و تورکیا لە هەرێمی کوردستاندا. هەریەک لە پ.ک.ک و تورکیا هەرێمی کوردستانیان بە زەوی بێخاوەن دانا بۆ شەڕو ململانێکانیان. هەرێمی کوردستان وەک دامەزراوەی حکومەت و پەرلەمان لە لایەن پ.ک.ک و تورکیا دانپیانراو نەبوو. بۆیە لاوازی دامەزراوەی شەڕعی لە هەرێمی کوردستان بەشێکی هۆکارەکەی بۆ ئەو هەردوو تەرەفە، پ.ک.ک و تورکیا دەگەرێتەوە کە هەوڵ و کاری حزب و حکومەت و پەرلەمانی کودستانیان بەکەم بایەخ ڕوانی. گرنگترین تەوەری ئەم بەشە بریتیە لە کارو کاردانەوەی پ.ک.ک لە هەرێمی کوردستان.

لەگەڵ دامەزراندنی هەرێمی کوردستان (پ.ک.ک) خۆی کرد بە هاوبەش. هاوبەشێک کە خۆی بە هێزی سەرەکی دەبینی لە دیاریکردنی چارەنوسی هەرێمەکە. لە کاتێکدا (پ.ک.ک) لە شەڕێکی سەرسەختانەدا بوو لە دژی سوپای تورک، هەر ئائەمە حزب، شەڕەی خۆی بە شەڕی هەموو کوردستان لەقەڵەم دەداو داوی دەکرد کە هەرێمی کوردستان بە سەرجەم حزب و هێزەکان بچنە

---

[٢٥٨] ئەلیزا مارکۆس: مێژووی پەکەکە، لا ٤٢٠-٤٢١

[٢٥٩] دیار غەریب: خوێندنەوەیەکی نویَ بۆ مێژووی کوردستان، لا ٨٠٦-٨٠٧.

بەرەی (پ.ک.ک) دژ بە تورکیا. ئەو کاتێک ئەم هەڵوێستەی لە هەرێم داوا دەکرد، خاکی تورکیا تاکە سەرچاوەی هەرێمەکە بوو بۆ  هاوکاری و خۆراک و پەیوەندی دەرەکیەکانی. هاوکات هاوپەیمانان لە خاکی تورکیاوە هەرێمەکەیان لە پەلامارو گەرانەوەی سوپای عێراقی دەپاراست. (پ.ک.ک) زۆر بێباکانە ئاگری شەڕ لە کوردستان تاو دەداو و ڕایگەیاند: ئێمەش هیچ سنورێک نەناسین بۆ بەدیهێنانی یەکێتی و گەرمکردنی شەڕی ڕزگاریمان. .... پەرەپێدانی شەڕ لەسەر ئەم ڕێبازە لەژێر سەرۆکایەتی سەرکەوتوانەی سەرۆک APO دا بەبێ گومان گەلەکەمان دەگەیەنێتە سەرکەوتن[٢٦٠]. بەڵگەنامەکانی (پ.ک.ک) سەختی شەڕەکان لەهەرێمی کوردستاندا پیشان داو ئەم حزبە ئاماری گیان لەدەستدانی گەریلاکانی تەنها دوو هەفتەی مانگی حوزەیرانی ١٩٩٧، بە ١١١ شەهید ٤٦ بریندار تۆمار کردبوو[٢٦١]، کە ژمارەی ئەو قوربانیانە، دەریدەخات کە لە هەرێمی کوردستاندا چ شەڕێک گوزەراوە.  هاوکات خودی عەبدوڵڵا ئۆجالان کاتێک پەیامی ئاشتی بۆ حزبە کوردیەکان دەنێرێت و بانگەوازی یەکبونی نیشتمانی دەکرد، هاوکات هەرەشەی دەکردو ڕوو دەکاتە لایەنێک و دەڵێت: لەبەر ئەوەیە دەڵێم واز لەم شتانە بێنن، گەرنا لەڕێگای شەڕەوە ناچارتان دەکەین وازی لێ بێنن[٢٦٢].

بۆیە دەتوانین بڵێین، لە کاتێکدا تورکیا نەیاری پرۆژەی دەسەڵاتی کوردی بوو، هاوزەمان (پ.ک.ک) تێگەیشتنی بۆ شەبەقە گەورەکانی هەرێمی کوردستان نەبوو کە بەشێوەی سەرەکی بریتی بوو لە لاوازی دام و دەزگای شەرعی و برسێتی و شەڕی ناوخۆو پشت بەستن بە پارێزگاری و پاراستنی هەرێمەکە لە لایەن هاوپەیمانانەوە لە نێو خاکی توورکیا. بۆیە (پ.ک.ک)  لەم قۆناغەدا بوو بە ژمارەیەکی تر بۆ سەر ژمارەی کێشە شێرپەنجەیەکانی هەرێمی کوردستان.

---

[٢٦٠] بەڵگەنامەی ژمارە  ١٤٥ : گەلی کوردستان و هێزە نیشتیمانیەکان و مرۆڤایەتی پێشکەوتوخواز

[٢٦١] بەڵگەنامەی ژمارە  ١٤٤ : دەرئەنجامی شەڕەکانی  ARGKلە مانگی حوزەیراندا

[٢٦٢] بەڵگەنامەی ژمارە  ١٤٧ : بانگەواز

## بەڵگەنامەی ژمارە (١٤٣)

## ڕوونکردنەوەیەک بۆ سەرجەم گەل و هەموو هێزە وڵاتپارێزەکان

پێش ماوەیەک چەکدارەکانی (پ.د.ک) لەگوندی (لارە) هەڤاڵکی ئێمەیان بەبێ هیچ هۆیەک شەهید کرد، بەڵام پارتی لێپرسراوێتی خۆی وەک حیزب نیشان نەداو بە کارێکی قەزاو هەڵەی لەقەڵم داوە بەڵێنی سزادانی ئەو کەسانەیدا کە بەم کارە ترسنۆکانەیە هەستاون، بەڵام ئەوە بوو هیچ هەنگاوێکی عەمەلی نەهاویشت و گوێی خۆی لێکەڕ کرد. سەرباری ئەمە پارتی بەردەوام بووە لەگرتن و کۆسپ خستنە ڕێی هەڤاڵانەوە بەمانەشەوە نەوەستاون تا ئەوەبوو لەڕۆژی ١٩٩٦/١٠/٤ لەگوندی (قەلاچۆغەی شێخ کەریم) کە سەربە (ئاغجەلەرە)، چەکدارانی پارتی دیموکراتی کوردستان پلانێکی خیانەتکارانەی تریان لەدژی هەڤاڵانمان ئەنجامداو تێیدا پێنج هەڤاڵی قارەمان شەهید کران، کە هەڤاڵ (د.سیروان[٢٦٣]) سکرتێری (یەکێتی نەتەوەی دیموکراتی کوردستان YNDK) یەکێکە لەشەهیدەکان، کە پێشتر هەوڵی تیرۆرکردنیان دابوو، بەڵام هەوڵەکانیان بێ ئاکام بوو، ئەوەی جێی سەرنجە ئەم هەڤاڵە بەپێی پلانێکی داڕێژراوو بە زانابوون شەهیدیان کردووە، چونکە ئەو ڕێکخراوە کە هەڤاڵ (د.سیروان) سکرتێری بووە، نوێنەرایەتی هێڵی سیاسی شۆرشگێڕی

---

٢٦٣دکتۆر سیروان ناوی تەواوی خۆی (کاوە عەلی ساڵح)ە، لە ساڵی ١٩٦٤ لە گوندی چەمیاڵەی ناوچەی شارباژێر لەدایک بووە، ساڵی ١٩٨٣ لە زانکۆی بەغداد لە کۆلیژی زانستەکان وەردەگیردرێت و لەساڵی ١٩٨٤ دا بەهۆی چالاکییە سیاسییەکانییەوە دەستبەرداری خوێندنی زانکۆی دەبێت، لەساڵی ١٩٩٤دا وەک رۆژنامەوان و نووسەر و وەرگێڕێک، سەرپەرشتی رۆژنامەی وڵات دەکات، لە ساڵی ١٩٩٥دا ئامادەکاری بۆ دامەزراندنی ڕێکخراوێکی نەتەوەیی و دیموکراتی دەکات و لەبەهاری هەمان ساڵدا ڕێکخراوی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان (یندک)YNDK دادەمەزرێنێت، لە رۆژی ١٩٩٦/١٠/٤دا لەکاتێکدا سەرگەرمی کاری رێکخستنی بوو، لە ئاوایی (قەلاچوغەی سەی کەریم) سەر بەناوچەی ئاغجەلەر کە دەکەوێتە نێوان کەرکوک و سلێمانی، لەکاتی شەڕی ناوخۆی کوردستان بەر هێرشی چەکدارەکانی (پ.د.ک) دەکەوێت و لەگەڵ چوار لە هاوڕێکانی بە ناوەکانی (حاجی قامشلۆیی، بابان، دیلان ماردینی، عەگید گەرمیانی) دەکوژرێن.

وولاتپارێزی و گرێدراوی بە گەلەوە دەکرد، هەر لەبەر ئەمەشە پێشتریش هەوڵی تیرۆرکردنیان دابووە، بەڵام هەڤاڵی ناوبراو لەبەر ئەوەی تێر نەببوو لەخزمەتکردنی میللەت و بەردەوامی بە خەباتی خۆی دابوو لەناو میللەتداو گیانی شۆڕشگێڕی بڵاودەکردەوە، خیانەت مەرگی خۆی لەڕوحی شۆڕشگێڕی ئەم هەڤاڵە دەدیەوە لەبەر ئەوە لەئاکامی ئەم پیلانە گڵاوەیاندا هەڤاڵ د. سیروان و چوار هەڤاڵی تریان شەهید کرد. بەڵام ئەمە لەبیرناکرێت، چونکە تۆوی شۆڕشگێڕی لەباشووردا چێندراوەو خوێنی هەڤاڵ د.سیروان و هەڤاڵانی تر ئەو تۆوە ئاو دەدەن و گەشەی پێ دەدەن.

ئەوەی شایەنی باسە کە پارتی دیموکراتی کوردستان، وەکو کاری هەمیشەی ئەم تاوانەش ناخاتە ئەستۆی خۆی، بەڵام ئەگەر (پ.د.ک) ڕاست دەکات با خیانەتکاران تەسلیم بە ئیرادەی گەل و شۆڕش بکات. بەڵام ئەگەر پارتی لەسەر ئەم هەڵوێستەی خۆی بەردەوام بێت، ئەوا ئێمە ناچار دەبین کە شەڕێکی توند بەرەو ڕووی بکەینەوەو بەرپرسیاریش لەئەستۆی پارتیدایە نەک ئێمە!

لێرەدا ئاگادار کردنەوە هەموو هێزە وڵاتپارێزەکان بە ئەرکی شۆڕشگێڕی خۆمانی دەزانین، وهەڵوێستیان بۆ خۆیان بە جێدەهێڵین، با جەماوەریش لەنزیکەوە ئاگاداری ڕووداوەکان بێت، ئەگەر هاتوو سزای تاوانباران نەدرا، ئەوا شۆڕش بە عەدالەت و زەبری خۆی سزایان دەدات..

نەمری بۆ گیانی پاکی شەهیدی سەرکردە (د. سیروان)و هەموو هەڤاڵەکانی.

شەکاوەبێت ئاڵای سەربەخۆیو ئازادی کوردستان.

مردنو ڕوو ڕەشی بۆ خیانەتکارانو پاشڤەڕۆی

پارتی کرێکارانی کوردستان

P.K.K

ئیدارەی ئایالەتی سلێمانی

١٩٩٦/١٠/٨

## بەڵگەنامەی ژمارە (١٤٤)
## دەرئەنجامی شەڕەکانی ARGK[٢٦٤] لە مانگی حوزەیراندا

(شاڵاوی چەکوش[٢٦٥]) کە لەباکور هەتا باشور بەشەڕێکی پڕوپاگەندەی بەر فراوان لەنێو ناوەندێکی هەراو هوریاوە دەستی پێکرد سەرنەکەوت و گەورەترین شکستی خوارد، سەرەڕای ئەوەی کە گەورەترین شاڵاو بوو لەمێژووی کۆماری تورکیادا. بە شێوەیەک شاڵاوی چەکوش لەبەرامبەر شاڵاوی تورەو ئەو کرانەوە تەکنیکیەی کە ئەرتەشە قارەمانەکەمان ARGK بەڕێوەی برد، بووە شاڵاوی زیان و دۆڕاندن. لەبەر ئەوە مانگی حوزەیران بۆ ئەرتەشەکەمان بووە مانگی بەرپەچدانەوەو هەڵمەت بردن لەباکورو باشور، پاش زەمینە خۆشکردن بۆ ئەو شاڵاوە شۆڕشگێڕیە.

ئەرتەشەکەمان سەرکەوت لەکۆتای پێ هێنانی ئەو شەڕانە لەبەرامبەر گەورەترین شاڵاو لەمێژووی کۆماری تورکیادا بە کەمترین زەرەو زیان. تێکۆشانی ڕزگاری نیشتیمانی بازوویەکی بەهێزو پتەوە لەهەموو ئاستەکانی نەتەوەیی- سیاسی بگرە سەربازیشەوە ئەم شاڵاوە هاتە دەرەوە. لەکاتێکدا

---

[٢٦٤] ئارگەکە: باڵی سەربازی پەکەکە یە، لەسالی ١٩٨٢ و لە کۆنگرەی دووەمی پەکەکە بڕیاردەدەن خەباتی چەکداری دەست پێبکەن لە تورکیادا، لەساڵی ١٩٨٤ هێزی ڕزگاری کوردستان (هەرەکە) دروست و دەکەن و لە ناوچەی شەرناخ دەست بەخەباتی چەکداری دەکەن، لە کۆنگرەی سێیەمی پەکەکە لەساڵی ١٩٨٦ بڕیار دەدەن ناوی هێزە سەربازیەکەیان بگۆڕن بۆ ئارتەشی ڕزگاریی گەلی کوردستان (ئەرگەکە)ARGK، لەدوای دەستگیرکردنی عەبدوڵا ئۆجەلان و لەساڵی ٢٠٠٠ پەکەکە کۆنگرەی حەوتەمی خۆی دەبەستێ و سەرجەم هێزەکانیان کۆ دەکاتەوە لەژێرناوی هێزەکانی پاراستنی گەل (هەپەگە).

[٢٦٥]شاڵاوی چەکووش یان ئۆپراسیۆنی چەکوش: لە بەهاری ١٩٩٧دا، تورکیا هێرشێکی فراوانیکردە سەر هەرێمی کوردستان، بە مەبەست لێی لێدان بوو لەبنکە و بارەگاکانی پەکەکە، ئەم هێرشە لە ١٩٩٧/٥/١٤دا دەستی پێکرد، و بۆ یەکەمجار هێزەکانی پارتی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ چوونە بەرەی تورکیاوە و شەڕیان دژی پەکەکە دەست پێکرد، دوای شکانی هەنگاوی یەکەمی هێرشەکەی تورکیا، یەکێتی و هاوپەیمانەکانی کە بریتی بوون لە (سۆسیالیست، زەحمەتکێشان، دیموکراتیخوازان و پارێزگاران) چوونە بەرەی پەکەکەوە و ماوەیەک لە ناوچەی باڵەکایەتی شەڕیان دژی تورکیا و پارتی کرد. (دیار غەریب: خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ مێژووی کوردستان، لا٨٠٦-٨٠٧)

دەوڵەتی تورکیا تەنگژە سیاسی و کۆمەڵاتیەکانی کەڵەکەی سەر یەکتر بوون و شکستی ئەرتەشی تورکیاش لەسەر هەموو ئاستەکاندا ئاشکرابوو، بۆیە دەیەوێ ئەم فاتوریە بخاتە ئەستۆی (چیلەر[٢٦٦]- ئەربەکان[٢٦٧])ەوە، کە هەردووکیان بوونە ئامێری دەستی ئەو شەڕە تایبەتە.

تەکنیکی سەربازیمان لەڕێگەی پەیڕەوکردنێکی ڕێژەیی و هەندێ هەڵمەتی هێرشکردنەوە، جارێکی تر بە دیاری خست کە چۆن دەتوانرێ گەورەترین لێدان و زۆرترین زیان بە ئەرتەشی تورکیا بگەیەندرێ. بەم شێوەیە مانگی حوزەیران بووە ئەو مانگەی کە تێیدا گەورەترین زەربەمان بە درێژای شەڕی ڕزگاری نیشتیمانی بە دووژمن گەیاندو بەرچاوترین و باشترین ئامانجمان بەدەست هێنا. بە ڕەنگێک توانیمان لەماوەیەکی کەمدا ئەرتەشی تورکیا لەباشوری کوردستان وەدەر بنێین، سەرباری ئەوەی ئارەزوی مانەوەشی هەبوو بۆ ماوەیەکی درێژ. لەباکوریش زەبری گورچک بەرانەمان لێدان، سەرەتا لەبۆتان- ئامەدو ئەرەزەڕۆم، هەروەها لەماردینیش ٥ ڕۆژ لەمەوبەر زرێپۆشێک بەتەوای تێکوپێکدراو ١١ سەربازی ناویشی کوژران. هەروەها لەناوچەی (ئەشکەفتا بریندارا) هەلیکۆپترێک خرایە خوارەوە ١١ ئەفسەری لەناودابوو کە سەرکردەی مەیدانی شەڕ بوون. لەهەمان شەودا زەربێکی کوشندە لەئابورێکی هێزی دوژمن درا کە دەکەوتە نێوان ڕووباری (زاپو تروانیش)و، هێزەکەی دوژمن لەبارێکی ترسو تۆقینەوە هەڵهاتن و دەیان کوژراویان جێهێشت. لەهەمانکاتدا لەو ناوچەیەی کە دەکەوێتە نێوان (خرەگوڵ

---

[٢٦٦]تانسو چیلەر: سەرۆکوەزیرانی تورکیا لە نێوان ساڵانی ١٩٩٣ تا ١٩٩٦.

[٢٦٧] نەجمەدین ئەربەکان: سیاسەتمەدارێکی تورکە، لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٩٦ی تورکیا، سەرکەوتنی گەورەی بەدەستهێنا و لەگەڵ پارتی پارتی ڕێگەی ڕاست بە سەرۆکایەتی (تانسۆ چیلەر) حکومەتی پێکهێنا و بووە سەرۆک وەزیران، جەنەراڵە سەربازییەکان کودتایەکیان بە جۆرێکی نوێ ئەنجامدا، کۆمەڵێک داواکاریان پێشکەشی ئەربەکان کرد کە دەبوو بە خێرایی ئەنجامیان بدات، کە بریتی بوون لە وەستانەوە دژی چالاکی ئیسلامی لە تورکیا، ئەمە ئەربەکانی ناچار کرد دەست لە کار بکێشێتەوە. ساڵی ١٩٩٨ پارتەکەی هەڵوەشێنرایەوە و ئەربەکان بە تۆمەتی تێپەڕاندنی سنورەکانی عیلامنییەت برایە بەردەم دادگا و بۆ ماوەی ٥ ساڵ هەموو چالاکییەکی سیاسی لێ قەدەغە کرا.

و ئەشکەفتا بریندارا) زەبرێکی کوشندە ئاراستەی تابورێکی هێزی دوژمن کراو بەدەیان کوژراو بریندار بوون و، لەپەشخۆیان ئامێری بێتەلیان جێ هێشتووە، ئەمەش ئەوە دیار دەکات کە فەرماندەکانی ئەو تابوورە گیانی لەدەستداوە. جگە لەمانەش حوزەیران ئەو مانگەیە کە کوژرانی ئەفسەرانی دوژمن لەزیاد بوندا بووە. تەرمی (٢١) ئەفسەر کەوتۆتە دەستی هێزەکانی ئەرتەشە قارەمانەکان و، ٥١ بێتەلیش بەدەست کەوتووە. هەروەها ئەم مانگە بەو ماوەیە دادەنرێ کە زۆرترین بڕی چەک و تەقەمەنیمان بەدەست خستووە. لەئەنجامدا دوژمن ناچاربوو بە بێ دەنگی و بێ لێدوان لەباشور بکشێتەوە، لەکاتێکدا کە بەشەڕێکی پڕوپاگەندەیی و هەراوهوریایەکی زۆرەوە داگیری کرد، بەڵام هیواو ئومێدەکانی لەزەلکاوی باشورو ڕووباری زاپ دا خنکان.

هێزی خیانەتکارو کرێگرتەش کە لەسەر بەرماوەی داگیرکەران دەژی، لەمێژوی خۆیدا وەکو ئێستا کەنارگیرنەبووە. ئەو (واتە هێزی خیانەت) لەدوا ڕۆژەکانی تەمەنیدا دەژی، بەتایبەتیش دوای ئەوەی لەشاڵاوی (کوڕەژارۆ) لەماوەی سێ ڕۆژداو لەمێژوی خۆیدا گەورەترین لێدانی بەرکەوتو هەڵاتن، لەپاشەخۆیان دەیان کوژراویان جێهێشت. هێزی خیانەتکار؛ یان دەبێ ملکەچکا بۆ ئیرادەی گەلەکەمان؛ یانیش ڕووبەڕووی ئەو چارەنوسە دەبێتەوە کە خیانەتی مێژوویی لەهەموو شوێنێک دا پێی گەیشتووە. ئەو کۆمەکە ڕاستەوخۆیەی کە دەوڵەتی تورکیا بە ژمارەو تەقەمەنیەوە پێشکەشی هێزی خیانەتی دەکات بەهیچ شێوەیەک لەو چارەنوسە ڕەشەیان ناگۆڕێ.

هێزەکانی ئەرتەشە پاڵەوانەکەمان لەو مانگەدا جارێکی تر ڕاستی ئەووتەیەی سەرۆکی گشتیمان سەلماندەوە: (لەوانەیە ١٠ دەوڵەت تێک بشکێنن (مەبەست ئەرتەشی تورکیا) بەڵام ناتوانن تێکمان بشکێنن). هەتا ئێستا ئەرتەشەکەمان لەباکورو باشور لەشاڵاوە شۆڕشگێڕیەکەی بەردەوامە، پاش ئەوەی مانگی حوزەیران بە پراکتیکی لەڕووی سەربازییەوە سەرکەوت، قەڵەم بازێکمان بە دەستهێنا کە هەڵگری تایبەتمەندی ساڵی ١٩٩٧ه. دەرەنجامی شەڕی مانگی حوزەیران باشترین شاهیدن لەسەر ئەمە. ڕاستە هێشتا زۆر شت ماوە پێکی بێنن، بەڵام دەتوانین بڵێین لەئێستاوە ئێمە ئەوساڵەمان قازانج کردووە، بە تایبەت دوای ئەوەی ئەو قەڵەم بازەمان بە ئەنجام گەیاندو، هەوڵی

بەردەوامیشمان بۆ چەسپاندنی داوە. برەو دەدەین بەو زەبرە کوشندانەی کە بەدوژمنی دەگەیەنین. جگە لەمەش ئەرتەشی تورکیاو هێزەکانی خیانەت نەیانتوانی لەیەک سەنگەر دەرمان بکەن. هەتا ئێستا لەشوێنەکانی خۆمانین، بەڵکو پەرەی پێ دەدەین و هەر ڕۆژەی سەنگەرێکی نوێ بە دەست دەخەین. نەک تەنها ئەمەش بەڵکو تەکنەلۆژیای دوژمن بۆتە بەڵایەک بەسەربەوە، هەروەها زۆری ژمارەشی بە پێچەوانەی بەرژەوەندی ئەو هەڵگەڕایەوە. شەڕ بە تەواوی ماندوی کردون، ورەیان ڕووخاوە. خیانەتکارانیش بەورەیەکی ڕوخاوەوە ژیان بەسەر دەبەن، لەئامانج و مەرامەکانیاندا شکستیان هێنا. لەڕووی سەربازی و سیاسیشەوە تێکشکاون. هێزەکانی ARGK بەردەوامە لەچوونە پێش لەهەموو شوێنەکاندا، ئەمەو تەنیا لەم مانگە ئەم چالاکیانەی ئەنجامداوە: (١٠٦) بۆسەدانانەوە، (٥٤) دزەکردن، (٨٠) جار دانانی مین، (٤) اغتیال، (٤٤) پێکدانان، (١٧) کاری ڕووخاندن، (١٧) جار ڕێگا بڕین، (٥٠) کاری سەرلێشێواندن، واتە سەرجەمی ٤٠٥ چالاکیە، کە تێیدا بە دەیان ئامێر تێکدراوەو هەلیکۆپتەرێکیش خراوەتە خوارەوە. سەبارەت بە زیانەکانی دوژمنیش کە لەشوێنی چالاکیەکان تۆمارکراوە، ئەوا زیانێکی زۆر فرەیە، سەرباری ئەوانەی کە نەتواندراوە تۆمار بکرێن، ئەو ژمارانەی کە دەوڵەتی تورکیا لەمەر زیانەکانی ARGK ڕایگەیاندووە کاتێک ڕاست دەبێ ئەگەر پێچەوانەی بکەینەوە. تەنها ژمارەی کوژاوەکانی دوژمن لەچالاکیەکانی مانگی حوزەیران ئەوانەی تۆمارکراون بەم شێوەیەیە:

(٤٥٣) سەرباز لەنێویاندا (١٨) ئەفسەر، (٦) پۆلیس، (٤) بەکرێگیراو، جگە لە(٩٢) جاش، واتە سەرجەمی دەکاتە (٥٤٥) کوژراو. لەهەمانکاتدا زیانی خیانەتکارانیش (٤١٠) کوژراو (٥)یان لێپرسراون. بەم شێوەیە سەرجەمی کوژراوان ٩٥٥ کوژراوە. ژمارەی بریندارەکانیش بەم جۆرەیە:

٥٨٠ سەرباز، ٣٦٠ جاش، ٣٧٩ خیانەتکار، واتە سەرجەمی هەمووی ١١١٩ بریندار. بۆزانین ١٤٦ چالاکی هەیە ئەنجامەکانی نەزانراوە، ئەگەر بێت ئەنجامەکانی بخەینە سەر چالاکییە نەزانراوەکان ئەوا بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە زیانەکانی دوژمن بە هەزارانە.

لەهەمانکاتدا لەم مانگەدا هەلیکۆپتەرێک خراوەتە خوارەوە، ٦٦ ئامێری سەربازی تێکوپێکدراوە. ئەمەو زیانی ئەرتەشەکەمان بریتیە لە١١١ شەهید ٤٦ بریندار لەتەواوی وڵاتدا (باکورو باشور). ئەمەو لەم مانگەدا ٢٥٨ جەنگاوەری نویێ پەیوەندیان بە ڕیزەکانی ARGK وە کردووە.

شایەنی ئاماژە پێکردنە لەم ماویەدا ٤٠ جاشو ١٣ خیانەتکار بەدیل گیراون، واتە سەرجەمی ٥٣ دیلە. سەبارەت بە دەستکەوتی هێزەکانی ARGKش لەمانگی حوزەیران بەم شێوەیە بووە:

(٤) چەکی جۆری MG-3، (١) چەکی گرانت جۆری A-4، (٢) چەکی گرانت جۆری دۆشکە، (١٤) BKC، (١٣) RBG ، ٢ هاوەندی عەیارە ٦٠ ملم، ١ RBK، ٩ گوللەهاوێژی لاو، ٧ چەکی ڕاوکردن، ١ قەناس، ٥ دەمانچە، ١٩ نارنجۆکی دەستی، ٣٨ دوربین، ٤٩ ڕەخت، ٢١ ئامێری بێتەلی دەستی، ١ چەکی تاستامۆف، ٤ مین، ١ ئامێری دۆزینەوەی مین، ١٠٤ گولەی B-7، ١٩ گولەهاوەن، ٤٥٣ مەخزەن، ٢٥٢٩٧ فیشەکی هەمەجۆر، ١٤٣ کۆڵەپشت، ٣٢٦٣ سەر مەڕو ماڵات، ٧٣ سەروڵاخی بارهەڵگر.

بەپێی ئەو ئەنجامەی کە بە دەست هاتوون بە باشی بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە لەمانگی تەموزو ماوەی داهاتودا بە تایبەت دوای ئەوەی وەکو پێویست تاکتیکمان پەیڕەوکرد لەم شاڵاوی ئێستا لەتەواوی وڵاتدا ئەنجامی چاکترو پێشکەوتنی مەزنتر بەدەست دێنین. هەموو پێداویستیەکانمان لەبەردەستدایە بۆ بەدیهێنانی سەرکەوتن لەجەولەی کۆتای ئەمساڵدا. گۆڕانکاریەکان بە گوێرەی بەرژەوەندی ئێمە بەڕێوە دەچیێ، سەنگەرەکانمان پتەوتر دەکەین و گورزی کوشندەو بەهێزتریش لەدوژمن دەدەین.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی بارەگای ناوەندی
ئەرتەشی ڕزگاری گەلی کورستان ARGK
١٩٩٧/٧/١

## بەڵگەنامەی ژمارە (١٤٥)
## گەلی کوردستان و هێزە نیشتیمانیەکان و مرۆڤایەتی پێشکەوتوخواز

لەم ڕۆژانەدا پێ دەنێینە چواردەهەمین ساڵی قەڵەمبازی ١٥ی ئاب کە قۆناخێکی نوێی کردەوە لەشەڕی ڕزگاری نیشتیمانیدا، لەهەرکاتێکی دی بەهێزتر پێشوازی دەکەین لەچواردەهەمین ساڵی شەڕی ڕزگاریمان کە لە١٥ی ئابی ١٩٨٤دا دەستی پێکرد بۆ گێڕانەوەی هەموو ئەو بەهایانەی کە گەلەکەمان لەدەستی دابووو، گەیاندنی بە شوێنی شیاوی خۆی لەناو مرۆڤایەتیدا، هەروەها گەیاندنی گەلەکەمان بوو بۆسەر هێڵی پێشکەوتنی مرۆڤایەتی. درێژە بە کاروانی ئازادی دەدەین بۆ سەرکەوتن و بەدەستخستنی سەنگەری نوێ لەکەسایەتی داگیرکەی تورکیدا لەبەرامبەر داگیرکەران و، لەکەسایەتی PDKدا لەبەرامبەری خیانەت و هەر شێوەیەکی کۆنەپەرستیدا. لەسەر ئەم بنچینەیەش ڕووحی قەڵەمبازی ١٥ی ئاب ڕۆژ بە ڕۆژ بەهێزتر لەسەر گەلەکەمان و شێوازی ژیانی ڕەنگ دەداتەوە.

ڕێبازی ١٥ی ئاب ڕێبازی سەرلەنوێ بەدەستخستنەوەی هەموو ئەو شتانەیە کە لەدەستماندا بوو، نەهێشتنی مافی ژیانی داگیرکەرو خیانەت و هەرشێوەیەکی کۆنەپەرستیە. ڕێبازی سەرکەشبوون لەبری کەوتن، ئازادی لەبری کۆیلایەتی، پێشکەوتن لەبری دواکەوتن، نیشتیمانپەروەری لەبری خیانەت، باوەڕبەخۆبوون لەبری وابەستەییە. ڕێبازی شوێنگرتن لەناو مرۆڤایەتی و بەدی هێنانی ڕزگاری نیشتیمانی و کۆمەڵایەتییە. ڕێبازی گەیشتنە بەسەرکەوتن بە بێ لەبەرچاوگرتنی کەمی تواناکاری و هەلومەرجی نا هەموار. ١٣ ساڵی ڕابردووی تێکۆشانمان ئەم ڕاستیەی بێ سێودوو سەلماندووە. ئەو تێکۆشانە بێ هاوتایەی کە لە١٣ ساڵی ڕابردودا بەڕێوبراوە؛ چارەنوسی گەلەکەمانی گۆڕی و لەتەواوی کوردستان بە تایبەتیش لەباکوردا گورزی کوشندەی لەداگیرکەرو خیانەتکارو کۆنەپەرستان وەشێندراوەو گەیشتونەتە قۆناخێک کە چیتر ناتوانن درێژە بە مانەوەی خۆیان بدەن، بنەماکانی یەکێتی نەتەوەی چەسپاندو، تێکۆشانی هاوبەشی ڕزگاری بۆتە

ڕاستیەکی حاشا هەڵنەگر. بۆیەکەم جار بەوپەڕی سەنگینیەوە پرسی کورد ببێتە ڕۆژەڤی ناوەندە جیهانیەکان، لەهەمووشی گرینگترو سەرباری هەوڵە بێسودەکانی خیانەتکاران، گەلەکەمان گەیشتۆتە ئاستی بەدەستخستنی دەسەڵاتی خۆی. کوردستانی خۆراگیریش بە هەنگاوی پتەوو تۆکمەوە بەرەو سەرکەوتن دەچێت، ئەم ڕاستیەش بە تەواوی سەقامگیر بووە. بێگومان بەرانبەر ئەو دەستکەوتانەی کە گەلەکەمان بەدەستی هێناون، دوژمنانیش دەستو ئەژنۆ دانانیشن، هەروەکو چۆن لەداگیرکردنی باشور لە١٤ی ئایاردا بینرا، ئێستاش بەردەوامن لەهێرشەکانیان بۆ لەنێوبردنی دەستکەوتە نیشتیمانیەکانمان. خیانەت لەسەر دەستی PDK پیس و ڕەشترین ڕێکەوتن لەگەڵ ئەنکەرەدا دەبەستێ و، چی لەدەست بێت دەیکات بۆ تێکشکاندنی شەڕی ڕزگاریمان، بەم شێوەیە خیانەت دەبێتە زەمینە خۆشکەری هێرشی داگیرکەران. داگیرکەران پشت بە خیانەت دەبەستن، خیانەتیش پشت بە داگیرکەران دەبەستێ بۆ درێژەدان بە ژیانی بۆگەنیان، واتە هەردوکیان بە تەواوی بونەتە یەکو پێکەوە دەجولێن. تاکە ڕێگا نەک تەنها بۆ پاراستی دەستکەوتەکانمان، بەڵکو بۆ گەیشتنە سەرکەوتن لەساڵی نوێی شەڕماندا؛ بەلاوەنانی هەر شێوەیەکی پارچەگەری و، بەگوڕکردنی تێکۆشانی ئێمەو هێزە نیشتیمان پەروەرەکانە. هەروەکو چۆن داگیرکەرو خیانەتکاران بە بێ سنور هێرش دەکەنە سەر تێکۆشانی ڕزگاریمان، پێویستە ئێمەش هیچ سنورێک نەناسین بۆ بەدیهێنانی یەکێتیو گەرمکردنی شەڕی ڕزگاریمان. ڕێبازی ١٥ی ئاب هەتا ئێستا ئەمەی بەدی هێناوەو، لەمەودوا بەهێزتریش بەڕێوە دەچێت. یەکبون و پەرەپێدانی شەڕی ڕزگاری لەسەر ئەم ڕێبازە بۆ گەیشتنە سەرکەوتن، مەرجێکە ناتوانرێت دەست بەرداری لێ بکرێت. پەرەپێدانی شەڕ لەسەر ئەم ڕێبازە لەژێر سەرۆکایەتی سەرکەوتوانەی سەرۆک APOدا بەبێ گومان گەلەکەمان دەگەیەنێتە سەرکەوتن. لەسەر ئەم بنەمایە بانگی گەلەکەمان و هێزە نیشتیمانپەروەرەکان و مرۆڤایەتی پێشکەوتوخواز دەکەیەن بۆ یەکخستنی کۆششەکەیان. بەسە چیتر هێرشی داگیرکەرو خیانەتکارو کۆنەپەرستان بێ دەنگ مەمێنن، با پێکەوەو بە پتەوکردنی شەڕی هاوبەشی

نیشتیمانی وڵامی ئەو هێرشانە بدەینەوە.ساڵی نوێی تێکۆشان بکەینە ساڵی تێکشکاندنی داگیرکەرانو سەرخستنی گەلەکەمان، بۆ ئەو مەبەستە:

لاوانی قارەمانی کوردستان، ژیانی ژێر سایەی داگیرکەری قبوڵ مەکەن، ئەوەی کە شایستەی ئێوەیە: ژیانێکی ئازادە. ژیانێکی سەربەخۆ لەوڵاتێکی ئازاددا مافێکی سروشتی ئێوەیە، ژیانێکی ئاوهاش تەنها بە شەڕی هاوبەشی ڕزگاری کە لەژێر ڕێبەرایەتی PKKدا بەڕێوەدەچێ و بەدی دێت. دژ بە کۆیلایەتی ڕاوەستن و لەناو ئەم شەڕەدا سەنگەری خۆتان بگرن. پۆل بە پۆل تەقلی ڕیزەکانی ئەرتەشی ڕزگاری گەلی کوردستان ARGK ببن. دروشمی مردن بۆ داگیرکەرو خیانەتکاران بە تەقلی بوون بۆ ناو ڕیزەکانی ARGK بەرز بکەنەوە، بە ئەرتەش بوون و شەڕکردن و بەدیهێنانی سەرکەوتن بکەنە پرانسیپێکی سەرەکی لەژیانیاندا.

گەلی کوردستانی نیشتیمانپەروەرو هێزە نیشتیمانیەکان پاراستنی ئەو دەستکەوتانەی کە بەدەستمان هێناونو، گەیاندنیان بە سەرکەوتنیش پێویستی بە تێکۆشانی زیاتر هەیە، گوێ نەدەنە پڕوپاگەندەی چەواشەکارییانەی دوژمنان، بە باوەڕییەوە پەرەبدەن بە بەشداریتان لەشەڕی ڕزگاری نیشتیمانیدا. با کەموکورتییەکان دەرباز بکرێت و لەپێناو گەیشتن بە سەرکەوتن پەرە بە شەڕ بدەین.

مرۆڤایەتی پێشکەوتوخواز، پرسی کوردستان لەهەرکاتێ زیاتر بۆتە پرسی مرۆڤایەتی، داگیرکەرو خیانەت و کۆنەپەرستیش لەکەسایەتی گەلەکەماندا بەردەوامە لەهێرشکردن بۆ سەر مرۆڤایەتی، لەبەر ئەوە ڕزگاری گەلەکەمان بەشێکە لەڕزگاری مرۆڤایەتی، پشتگیری کردنی تێکۆشانمان ئەرکی سەرشانتانە، بۆ نواندنی ئەو پشتگیریەش هیچ کۆسپ و تەگەرەیەک بە هەند وەرمەگرن، پێشکەشکردنی پشتگیری لەم چەشنەش لەهەر کاتێک زیاتر خاوەنداری کردنە لەمرۆڤایەتی. بژی قەڵەمبازی پیرۆزی ١٥ی ئاب

مردن بۆ داگیرکەرو خیانەتو کۆنەپەرستێتی...

پارتی کرێکارانی کوردستان PKK

نوێنەرایەتی باشوور

١٥ی ئاب ١٩٩٧

## بەڵگەنامە ژمارە (١٤٦)
## بۆ چەکدارەکانی چەتەی خیانەت و لایەنگرانیان

مێژووی کوردستان گەلێک دەرس و پەندی تێدایە. بەرخۆدانەکانی گەلەکەمان هەمیشە لەسەر دەستی خیانەتکاران شکستی خواردووە. ڕاپەڕینێک نیە کە لەپشتەوە خەنجەری بەر نەکەوتبێ، هەرکاتێ گەلەکەمان لەپێناو ڕزگاریەکدا ڕاپەڕیبێ، خیانەتیش کەوتوەتە جوڵەو ڕاپەڕینەکەی شکست پێ هێناوە. ئەم ڕاستیە مێژووی پێنج سەدەی ڕابردومانە بە زۆرشێوە دوبارە بۆتەوە. لەڕۆژی ئەمڕۆماندا هەوڵی پوچ دەدرێت بۆ دوبارەکردنەوەی هەمانشت، چەتە خیانەتکارەکانی PDK لەژێر سەرۆکایەتی بنەماڵەی بەرزانی کە لەماوەی چل ساڵی ڕابردودا ئەمەیان ئەنجام داوە، بۆ لێدانی جوڵانەوەی ڕزگاری نیشتیمانی کوردستان لەباکور، باشورو ڕۆژهەلات ئەوەی لەدەستیان هاتووە کردویانە بەم ڕەنگەش بوونە درێژە پێدەری ڕێچکەی شێخ بەدلیسی، ئەگەر بەدلیسی سەرەتای خیانەت بێ، ئەوا بنەماڵەی بەرزانیش زنجیرەی کۆتاییەتی.

هەروەکو دەزانیرێت چەتە خیانەتکارەکانی PDK زیانێکی گەورەیان بە شەڕی ڕزگاری نیشتیمانی گەیاندووە، ئەوەی کە دوژمن بۆی نەکرابێ، ئەوان کردیان. ئەگەر چاوێک بە مێژووی ئەو چەتانەدا بخشێنین، بە ڕوونی بۆمان دەردەکەوێت کە کاریان تێکشکاندنی جوڵانەوەی نیشتیمانیە، بۆیە زیاتر لەدوژمنان ڕۆڵەو ڕێبەرەکانی گەلەکەمانیان کوشتووە، لەکاتێکدا ڕۆژێک بەرامبەر دوژمنان بە جدی شەڕیان نەکردووە، لەساڵی ١٩٩٢ شەڕی PKK، ساڵی ١٩٩٣ شەڕی حیزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان HSDK، ساڵی ١٩٩٤ شەڕی YNK، ساڵی ١٩٩٥ دووبارە شەڕی PKK، ساڵی ١٩٩٦ شانبەشانی ڕژێم شەڕی YNK کردو، بوونە هۆی کوژرانی هەزاران لەدڵسۆزترین ڕۆڵەی گەلەکەمان. بەڵام گەورەترین ئەڵقە لەزنجیرەی خیانەتەکانی ئەو چەتانە بەشداریکردنیان بوو لەشەڕی داگیرکردنی باشووری کوردستاندا لەلایەن داگیرکەری تورکیاوە لە١٤ ئایاری ١٩٩٧ دا.

ئەوەی سەرنج ڕادەکێشیٚ کە چەتەکانی خیانەت بە درێژای ئەو ماوانەی کە باسمان کرد یەک فیشەکیان لەدژی دوژمنان نەتەقاندووە، بە پێچەوانەوە هەمیشە سازو ئامادەبوون بۆ خزمەتکردنی داگیرکەران و دژایەتی کردنی گەلەکەمان. لەسەر بنەمای دژایەتی کردن و لەناوبردنی هێزە نیشتیمانیەکان، گوزارەی لەبەرژەوەندیەکان کردووەو بوونی خۆی پاراستووە، ڕۆژانە بەهۆی بانگێشتی PDK، فڕۆکە جەنگیەکانی تورکیا گوندەکانی باشووری کوردستان کوردستان بۆردومان دەکەن، کوژرانی (٢٠) لادێی و بریندار بوونی (١٦) دیکەش لە(کەلاشین) لەڕۆژی ٢٩ تەموزدا نمونەیەکی ئەمەیە.

چەتەکانی خیانەت بۆ ئەوەی لێزانانە ڕۆڵی خۆیان بگێڕن لەدژایەتی کردنی گەلەکەماندا، لەژێر جلی کوردی و کوردایەتی خۆی دەشارێتەوە، دیارە ناچارە کە ئەمەبکات بۆ ئەوەی لەجیاتی داگیرکەران جوڵانەوەی نیشتیمانی لەناو ببات. لەپەنا نیشتیمان پەروەری ساختەدا توانی هەستی نیشتیمان پەروەرانی گەلەکەمان قازانج بکات و بۆ خزمەتی داگیرکەران بیخاتەگەڕ. بەم شێوەیە بەشێکی گەلەکەمانی هەڵخەڵەتاندو خستیە خزمەتی دوژمنانمان، کەچی خیانەتی (١٤ی ئایار) کۆتای بەم لەیستۆکە هێنا. گەلەکەمان لەژێر سەرۆکایەتی PKK یەکی گرتووە بە سوربوونی تەواوە شەڕی دژی خیانەت و داگیرکەران ڕاگەیاند، ئەم شەڕە نیشتیمانیەش هەتا ئێستا بە هاوکاری هێزە نیشتیمانیەکان لەتەواوی کوردستان بەردەوام دەبیٚ، بگرە ئەم شەڕە ڕۆژ بە ڕۆژ گەرمتر دەبێتو خەریکە خیانەت لەپەلو پۆ دەخات، لەئێستاوە هەناسە تەنگ بووە. ئەو هەڵمەتە شۆڕشگێڕیانەی کەوەک چەکوش لە(بامەڕنی و قەسریٚ) لەسەری PDK دەدات، بیٚ چەندوچۆن مژدەی چارەنوسی حەتمی چاوەڕوانکراوی خیانەتی هێناوە، لەتوانای (واتە خیانەت)دا نەماوە هەناسە بدات. ARGK بە هەمان گیانی قەڵەمبازی ١٤ب ئاب لەڕۆژانی داهاتودا شەڕ گەرمتر دەکات و، چەتەکانی خیانەت لیک هەڵدەوەسێنیٚ و زەمینە بەردەوامبوونی ژیانی ئەو نەخۆشیە پیسەش تەفروتونا دەکات.

بۆ لاینگرانی PDK:

دەبیٚ بزانن کە چەتەکانی خیانەت هێزێکە لەخزمەتی داگیرکەراندایە، ڕێگا مەدەن هەستیاری نیشتیمان پەروەریتان بەکار بهێنیٚ. لەسەرتان پێویستە بووە

که دەرفەتی نەدەنێ لەدژی گەلەکەمان شەڕتان پێ بکات و تاوانی زیاتر ئەنجام بدەن. ڕیزەکانی بەربدەن بە تایبەت لەم ڕۆژانەدا کە خیانەت ڕوو لەناوچوونە. بگەڕێنەوە ڕیزی گەلەکەمان و خیانەتکاران بە تەنها بهێڵن. ئەگەر لەسەر ئەم بنەمایە هەڵوێستان وەرگرت ئەوا، پارتەکەمان PKKو هێزە نیشتیمانیەکانی تریش ڕێگا دەدەن لەنێ و ڕیزەکانی گەلەکەماندا بژین و، زەمینەی ژیانێکی پاکو سەربەرزانەتان بۆ دەڕەخسێنن.

پێشمەرگە هەڵخەڵەتاوەکان:

هەتا ئێستا بە نیازو بیروباوڕی بەدیهێنانی ئازادی گەلەکەمان، لەنێو ڕیزەکانی خیانەتدا شەڕتان کردووە. لەپێناوی قوربانی زۆرتان داوە، بەلاّم ئەمڕۆ ڕاستیەکان بە تەواوی ساغ بونەتەوەو پێچەوانە پێشبینیەکانتان بوو. ئاشکرابووە ئەو قوربانیەی کە بەخشیوتانە کەوتۆتە خزمەتی دژایەتی کردنی گەلەکەمانەوە. ئێستا کاتی ئەوە هاتووە ئەگەر درەنگیش بێت کۆتای بەو ڕەوشە بێننو بگەڕێنەوە ڕیزی گەل و چەکەکانتان ئاڕاستەی سینگی خیانەتکاران بکەن.

ئەگەر دەتانەوێ ڕووبەڕووی هەمان چارەنووسی تۆڕی خیانەت نەبنەوە، ئەوا لەسەرتان پێویستە چەکەکانتان ئاراستەی سینگیان بکەن. ئەوە تاکە ڕێگای ڕزگاربونتانە. ئەگەر ناتوانن ئەمە بکەن، لەماڵەکانتاندا بمێنن. ئەگەر ئەمەتان کرد ئەوا؛ هێزە نیشتیمانیەکان لەپێشەوەی هەمووشیان پارتەکەمان PKK هەلتان پێدەدا لەنێو ڕیزەکانی گەلدا بژین. لەمە زیاتر هیچ ڕێگەیەکی تر نیە بۆ ژیانێکی سەربەرزانە، لەکۆتایدا داوا لەسەرجەم لایەنگرانی چەتەکانی خیانەت و تەواوی چەکدارەکانیان دەکەین کە ڕیزی خیانەت بەجێ بهێڵن و بێنە نێو سەنگەری شەڕی نیشتیمانی شان بەشانی لاوە قارەمانەکانمان و تەواوی ڕۆڵەکانی گەلەکەمان.

بمرێ خیانەت

بژی ئازادی

فەرماندەی بارەگای ARGK

لەباشوری کوردستان

١٩٩٧/٨/١٠

## بەڵگەنامەی ژمارە (١٤٧)
## بانگەواز
## بۆ سەرجەم جەماوەری گەلەکەمان و لایەنە سیاسیەکان

ئەو شەڕەی کە لەباشوری کوردستان بەڕێوە دەچێت شەڕێکی مێژوویە، دەواکارم هەموو کەسێک بە شێوەیەکی جدی ئەرکەکانی خۆی ڕاپەڕێنێ، ئەوەندە خوێنمان ڕژاندووە، کورد ئەوندەی شەڕی یەکتریان کرد، لێرەدا دەمانەوێ کۆتایی بەم شەڕە بێنین، گەلەکەمان داوای ئەم شتە دەکات، بەتایبەتی لەقۆناغێکی هەستیاری وەک ئەمڕۆدا، من هەمیشە بانگەوازم کردووەو گوتومە، بۆ یەکەمجارە لەمێژووی شەڕی کوردا گەیشتوینەتە ئاستێک، کە سیاسەتی وابەستە توشی شکست بووەو کاتی بەسەر چووە، ئیتر لەسەر بنچینەی خۆگرێدان بە دوژمنی گەلەکەمان لەکوردستاندا سیاسەت بەڕێوە ناچێ، شەڕی ئەم دوایە کۆتای بەو لاپەڕە ڕەشە هێنا، کە لەمێژوی کوردا تۆمارکرابوو، چونکە کەس ناتوانێ بەم ڕەنگە خزمەت بە گەلەکەی بکات، ئەو سەردەمە بەسەر چوو، ئەو قۆناغە کۆتای پێهات قۆناخێکی نوێ دەستی پێکردووە؟ هەلومەرجی بابەتی لەکوردستاندا بۆ ئەوە ڕەخساوە، کە هێزە کوردستانیەکان لەسەر مێزی سیاسی گفتوگۆ لەسەر کێشەکان بکەنو پەناببەنە بەر شێوازی سیاسی و کۆبونەوەی گەورە ساز بدەنو، بڕیاری چارەنوس سازوەربگرن، کاتی ئەمە هاتوە، پێویستە خۆمان بە شایستەی ئەم تێکۆشانە دابێین، ئێمەی کورد دەتوانین مێشکی خۆمان بخەینەگەڕو بڕیاری خۆمان بدەین، دەتوانین لەسەر بنچینەی پشتبەستن بە هێزی خۆیی، خۆمان بەڕێوە ببەین، لەوباوڕەدام هەموو کوردێکی دڵسۆز ئەم شتە قبوڵ دەکات، هەر کوردێک کەوا هەستی نەتەوەیی و مرۆڤایەتی تێدا هەبێت، ئەم شتە پەسەند دەکات، بۆیە مەڵێن، ئەگەر فلان کەس نەبێت، یان فلان دەوڵەت ڕازی نەبێت من ناتوانم هیچ شتێک بکەم، واز لەم شتە بێنن هیچ قازانجێکی تێدا نەماوە، جگە لەشکستی نەبێت، چەندین ساڵە هیچی لێ نەکەوتەوە، با دەست بکەینە ناو دەستی یەکترەوە، هەرچەندە لەیەکتر نیگەرانین و زۆر دوژمنایەتی یەکترمان کردووە، بەڵام دیسان ئێمەی کورد زۆر پێویستمان بە یەکتر هەیە، هەروەها

پێویستمان بە گەلانی دراوسێ و ناوخۆی کوردستانیش هەیە، دەبا دەستی خۆمان بخەینە ناو دەستی یەکتر، چونکە ئەمە سیاسەتێکی نیشتیمانپەروەری و دیموکراتی و برایەتی و ئاشتیە، مادام وایە بۆچی خۆمان دورە پەرێز بگرین؟ بۆچی پێمان خۆش نەبێت؟ ئەو شەڕەی کەوا ئێمە بەڕێوەی دەبەین، لەپێناو بەدیهێنانی ئەم ئامانجەدایە، نەک بۆ شتێکی تر، ئێمە نامانەوێت هیچ کوردێک توشی شکستی ببێت، ئێمە نامانەوێت هیچ کوردێک بێ شەڕەف بمێنێتەوە، بە پێچەوانەی ئەمەوە داخوازین هەموو کوردێک خاوەن شەڕەف بێت، بەم شێوازە ئەوانەی خۆیان بە سەرۆک دادەنێن، دەتوانن شەڕەفی کورد گەورە بکەن، شەڕەفی خۆیان گەورە بکەن، جگە لەمە هیچ ڕێگەیەک نەماوە، ئەو شتانەی کەوا ئاماژەم پێکرد ڕوون و ئاشکرایەو نەڵێن نازانین بۆچی PKKوای کرد؟ ئەم شەڕە چیە؟ ئەم شەڕە شەڕی شەڕەفە، شەڕی یەکبونە، مرۆڤ ناتوانێ خۆی لێ لابدات، یان ئەوەتا دەستبەرداری ئەم گەلەبین، یان ئەوەتا ئەم میللەتە بخەینە ژێر زەویەوە، یان ئەوەتا دەست بکەینە ناو دەستی یەکترەوە، ئایا هیچ ڕێگە چارەیەکی دیکە هەیە؟ تۆ دەتوانی بڵێی هێشتا کاتی یەکگرتن نەهاتووە؟ ئایا دەبێت؟ لەکاتێکدا ئەم میللەتە بۆتە پاشکەوتوترین گەل لەجیهاندا، لەناوخۆشدا بە تەواوی بونەتە دوژمنی یەکتر، لەم حاڵەتەدا تۆ دەتوانی بڵێی کاتی یەکگرتن نەهاتووە؟ تۆ دەتوانی بڵێی کاتی برایەتی نەهاتووەو پێویست ناکات هێزە کوردییەکان یەکگرن؟ من چیم دەوێت پێویستە وابێت، گەر تۆ وابڵێی، ئەمە پێی دەوترێ سیاسەتی خیانەتکارانەو سیاسەتێکی وابەستە، لەئەنجامیشدا ڕەوش هەر وادەبێت، لەو باوڕەدام بە چارەسەر کردنی ئەم شتانە، کۆتای بە لاپەڕە ڕەشەکانی مێژووی کوردستان هات و ئەو سیاسەتە باوی نەما، ئایا سیاسەتی نوێ چیە؟ سیاسەتی نوێ تەنها ئەلتەرناتیفێکی کوردستانیە، پێویستە هەڵبژاردنێک دروست بکرێ و بەتەواوی پشت بەگەلی کوردستان ببەستن، گیانی برایەتی لەدڵ و مێشکی خۆماندا دروست بکەین، بۆخۆمان سیاسەت دیاری بکەین، نەک سیاسەتی دەرەوە، بەچاک و خراپ سیاسەتی دەرەکی لەئەنجامدا زیانمان پێ دەگەیەنێ، بۆخۆمان سیاسەتێکی کوردستانی دابنێین، لێرەشدا پێویستە دیموکراتیەت سەقامگیربێت، کۆبونەوەی گەورە ساز بدەین، هەروەها بانگەوازی هەموو لایەک دەکەم،

ئەوانەی کوردستانیان دەوێت و پەرۆشن بۆ یەکگرتن و ئاشتی، وەرن با کۆنفراسێک لەپێناو ئاشتیدا پێکبێنن، کۆنفراسی ئاشتی کوردستانی دروست بکەین، کۆنفرانسی دیموکراتی کوردستان سازبدەین، کۆنگرەیەکی کوردستانی پێکبێنین و تێیدا بە فراوانی وتوویژ لەسەر کێشەکان بکەین و چەندین بڕیاری نەتەوەی بدەین و هێزێک دروست بکەین بۆ جێبەجێکردنی ئەو بڕیارانە، ئێمە بۆ تەواو کردنی ئەم شتانە ئامادەین، بزانن ئێمە لەمە ڕادەکەین؟ نەخێر، ئێمە گەورەترین فیداکاریمان لەپێناو ئەمەدا کردووە، جگە لەمە هیچ چارەیەک هەیە، تو لەژێر پەردەوە هاریکاری دوژمن بکەی، پاشان بۆکوێ دەچی؟ بە پشت بەست بە سیاسەتی دەرەکی چیت بۆ دەکرێ؟ مرۆڤ دەتوانێ چەند ساڵ بە تاریکی ڕێگا ببڕێ؟ گەر تو پشت بە هاوکاری دەرەوە ببەستی، ئەبێ چەند بەرزت بکەنەوەو بەکارت بهێنن؟ مرۆڤ ئەم شتە لەخۆیدا ببینێ، لەو باوڕەدام ئەم شەڕە هەموو شتێکی ئاشکراکرد ئەمە شەڕی سەربەخۆی و ئازادیە، شەڕێکی پیرۆزە لەمێژوی کوردستاندا، ئەمە شتێکی گەورەیە، لەبەر ئەوە باوەڕمان بەوە هەیە بگاتە ئەنجام، هەروەها بانگەوازی PDKش دەکەم، کە هێزە شۆڕشگێڕو وڵاتپارێزو دیموکراتخوازەکان ناتوان شەڕی خۆیان ڕابگرن، هەتا سیاسەتێکی نەتەوەی و ئەڵتەرناتیفێکی کوردستانی بەرجەستە دەبێت، ئەم شەڕە بەردەوام دەبێت، جگە لەمە هیچ ڕێگەیەکی دیکە نەماوە، هەتا تۆ (مەبەست PDKیە) دێتەوە سەر ڕێگای سیاسەتێکی نیشتیمانی و دیموکراتی، ئەوسا ئەم شەڕە ڕادەوەستێ، لەبەر ئەوە دەڵێم ئەمە شەڕی باشور نیە، شەڕی PDK نیە، بەڵکو شەڕێکی کوردستانیە، ئەمەش مافی ئێمەیە، ئێمەش ناتوانین خۆمان بە دور بگرین، با پارچە پارچەبوون ڕابگیری، ئەوەندە کوشتار بەسە، ئێمە دەمانەوێت کێشەکان بە دیالۆگ لەسەر بنچینەی بەرژەوەندی باڵای نیشتیمانی چارەسەر بکەین، ئێمە هەژارین، زۆر ئازارتان پێمان گەیاند، هەموو خێزانێک شەهیدی بەخشیوو، هەموو خێزانێک دڵیان پارچە پارچە کراوە، ئێمە دەمانەوێت ڕێگە چارەیەکیان بۆ بدۆزینەوە، بۆچی خۆتان لەمە لادەدەن؟ نازانم من ئازارم پێدەگات و گەورەیم نامێنێ، کوا مەزنبونی تۆ؟ لەکاتێکدا گەل ئەوەندە ئازار دەکێشێ، دڵیان پارچە پارچە بووە، بۆچی بە دڵی ئەوان ناجوڵێنەوە، من ئەم شتە بە سەرۆکەکان دەڵێم، بە PDKش هەمان شت دەڵێم،

ئەوانەی کە تەنها بیر لەبەرژەوەندی خۆیان دەکەنەوە، پێویستە لەمەودوا خۆتان ڕاست بکەنەوە، یان ئەم شەو یان شەوی دواتر وەڵامی نەدەنەوە، ئەوا ناتوانن درێژە بە مانەوەی خۆیان بدەن، با نەڵێن ئێمە نەمانویستووە، ئەگەر بگەڕێنەوە سەر سیاسەتێکی ڕاست بچوک نابن، بە پێچەوانەوە مرۆڤ بە یەکێتی گەل گەورەتر دەبێت، ئەمە شورەیی نیە، با بەرژەوەندی بنەماڵەو عەشیرەت نەمێنێ، گەلی کوردستان سەرکەوتن بەدەست بهێنێ بۆچی نیگەران دەبن؟ با گەلی کوردستان دەسەڵاتداربێت، بۆچی بەمە دڵگران دەبن؟ ئایا شتێ لەمە باشتر هەیە؟ جگە لەمە هیچ ڕێگە چارەیەک هەیە؟ لەم سەردەمەدا تۆ چۆن دەتوانی ئەم شتە بەڕێوەببەی، دەڵێن جگە لەمن نابێ کەسی دیکە هەبێت، کێ ئەم ئەقڵیەتە قبوڵ دەکات، ئەم سەردەمە شتیوا لەخۆ دەگرێ؟ لەبەر ئەوەیە دەڵێم واز لەم شتانە بێنن، گەرنا لەڕێگای شەڕەوە ناچارتان دەکەین وازی لێ بێنن، باشترین ڕێگا، ئەو هەنگاوەی ئێستایە، لەو باوڕەدام ئەم ڕێککەوتنە بەڕدەوام دەبێت، هەتا دەگاتە ئامانجەکانی خۆی، دیسان دووپاتی دەکەمەوە، ئەمە تەنها ڕێکەوتنێکی باشور نیە، بەڵکو ڕێکەوتنێکی کوردستانی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، هەتا کورد دەگاتە مافەکانی و دیموکراتیەت سەقامگیر دەبێت و، نەتەوەی کوردیش لەجیهان وەک هەموو گەلانی تر قبوڵدەکرێ، ئەم ڕێکەوتنە بەردەوام دەبێت، ئەم ڕێکەوتنە دژی ئەوانەیە یاری بە چارەنووسی گەلەکەمانەوە دەکەن و بونەتە کۆسپ و تەگەرە لەبەردەم یەکێتی کوردان و، دوژمنایەتی گەلی کوردستان دەکەن.

هەروەها بانگەوازی ئەرتەشی داگیرکەری تورکیا دەکەین، واز لەخاپورکردنی کوردستان بهێنن، گەر ئێوە (مەبەست تورکیایە)وابکەن، گەلی کوردستان ڕیزەکانی خۆی یەکدەخات، بگرە لەگەڵ گەلانی ناوچەکەشدا یەکدەگرێت، لەبەرامبەر ئێوە ڕادەوەستێ. بۆیە واز لەدروستکردنی دووبەرەکی لەنێوان پارچەکانی کوردستاندا بێنن و چیدی کوردان پارچە پارچە مەکەن، ئەم سیاسەتە هیچ ئەنجامێکی لێ ناکەوێتەوە، ناتوانی سەرکەوتن بەدەست بهێنی، زیاد لە٤٠ ساڵە ئێوە کورد پەرتەوازە دەکەن، بۆیە پێویستە ئەرتەشی تورکیا واز لەمکرداره بهێنێ، مافی کوردان قبوڵ بکەن و دان بەماف و ناسنامەی نەتەوەی کورد دا بنێنن و، بەشێوەیەکی ڕاست

پەیوەندی لەگەڵ گەلی کوردا ببەستن، جگە لەمە هیچ ڕێگەیەکی دیکە لەبەردەم دەوڵەتی تورکیادا نەماوە، دەوڵەتانی ناوچەکە ناتوانن وەک سەردەمی رابردوو ڕەفتار لەگەڵ گەلی کوردستاندا بکەن، ئەمەش شتێکی باشە، پێویستە هەرکەسێ نرخی ئەمە بزانێت، دیسانەوە بانگێشی سەرجەم گەلی کوردستان و پارتەکانی دەکەم، وەرن کێشەکانمان بە شێوەیەکی سیاسی چارەسەر بکەین، لەناوخۆماندا دیموکراتیەتی سەقامگیر بکەین، ئامادەکاری بۆ کۆنفرانس یاخود کۆنگرەی نەتەوەی بکەین و هەموو تەنگوچەڵەمەکانمان لەکۆنگرەدا چارەسەر بکەین، نەک بە شەڕو چەک، بەڵکو بەشێوەیەکی ڕاستەقینەو دیموکراتیەت و ئاشتیخوازانە، ئەمەش ڕێبازێکی ڕاستە، ئێمەش بە هەموو شێوەیەک بۆ ئەمە ئامادەین، دیسان دووبارەی دەکەمەوە، ئەگەر سبەینێ PDK وەڵاممان بداتەوە، ئەوا دوو سبەی شەڕ ڕادەوەستێ، دوو سبەی وەڵامی بانگەوازەکەمان بداتەوە، سێ سبەی شەڕ ڕادەوەستێ، بەڵام ئەگەر وەڵامی بانگەوازەکە نەداتەوەو هەوڵبدات کێشەکە بە داخراوی بهێڵێتەوەو، دیسان بانگێشتی تورکیا بکات، بیەوێ بە گولەباران کێشەکان چارەسەر بکات، لەو کاتەدا هیچ قازانجێک لە PDK نامێنێ و هەتا کۆتای ئەمساڵ PDK لەناو دەچێ، بەڵام ئێمە نامانەوێت بگاتە ئەو ئەنجامە، بەڵکو دەمانەوێ دیسان PDK جێی خۆی لەناو بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کورستاندا هەبێت.

بەبۆنەی دەستپێکردنی ئەم هەنگاوەوە، پیرۆزبای لەسەرجەم گەلی کوردستان دەکەم، پێموایە هەڵەو خراپەکاریەکان بەرەو لەناوچون دەچن، ڕاستی بۆ هەموو لایەک ئاشکرا بوو، هەلومەرجی یەکبونی کوردستان هەڵکەوتووەو، پێویستە هەرکەس هاوکاری بکات، هەموو پارچەکانی کوردستان دەنگی خۆیان بەرز دەکەنەوە، گەلێک ڕۆشنبیری کورد کە هەتاکو ئێستا ڕۆڵی خۆیان نەبینیوە، ئێستاکە تێکۆشانی خۆیان بەرزدەکەنەوە، بەرە بەرە هەنگاوی گەورە دەنرێ، لەبەر ئەوە دەڵێم ئەمە شەڕی یەکێتی و برایەتیەو سەرکەوتن بەدەست دێنێ و دیسان پیرۆزبای لەسەرجەم گەلەکەمان و پارتە کوردستانیەکان دەکەم و هیوای سەرکەوتن بۆ گشت لایەک دەخوازم.

عەبدوڵا ئۆجەلان

سەرۆکی گشتی PKK ١٩٩٧/١٠/١٥

## بەڵگەنامەی ژمارە (١٤٨)

## بۆ جەماوەری وڵاتپارێزی باشوری کوردستان

لەو ڕۆژانەدا شەڕی ڕزگاری نەتەوەیمان بە ڕێبەرایەتی پارتی کرێکارانی کوردستان PKK لەسەرتاسەری کوردستاندا لەبواری شۆڕشی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتیدا گەیشتوەتە دواقۆناغی سەرکەوتووی خۆی، بەم پێشکەوتنە دیرۆکیە تەختی ئیمپریالیزم و داگیرکەری و پاشڤەڕۆیەتی هەژاوە، بێوەستان تاکو دێت ڕیزەکانی خەباتی ڕزگاری نەتەوەی لەخەوشە بودەڵەکان پاکتاودەکات، بۆ ئەوەی زەبری کوشندەو نەمان لەداگیرکەران بدرێت پێویستە پاشڤەڕۆیەتی و کۆنەپەرستی ناوخۆ لەناو ببرێت، بۆئەمەیە کە پاشڤەڕۆیەتی بە شێوەیەکی هۆڤیانە لەدژی بەهاکانی نەتەوەی و مرۆڤایەتی ڕادەوەستێ. خاک و وەڵات فرۆشتن، خوێن و ناموسدانە دەست داگیرکەران لەچەمک و ڕەوشتی پاشڤەڕۆیدا ڕەوایەو هەروا بە جوامێری و ناموس بەراورد دەکرێ، دیارە کە ئەم کارو کردەوانە بەپێی تێگەیشتی ئەوان ناموسەو شەڕکردنیش لەدژی کۆنەپەرستی و دوژمنانی گەل بێ ناموسییە، بۆیە هێنانی دوژمنان بۆسەر خاکی کوردستان ئەنفالکردنو ڕەشەکوژی گەلی کوردستان بۆتە کارێکی ئاسایی، بەڵام تەڤلی بوونی کوڕان و کچانی گەنج لەکوردستان بۆ ڕیزەکانی شۆڕشی نەتەوەیی و وڵاتپارێزی بە تاوان و بێ ناموسی دەنرخێنن.

ئاشکرایە هەر لەسەرتاوە تا ڕۆژی ئەمڕۆ PKK لەپێناوی بنیادنانی وڵاتێکی سەربەخۆو ئازادو یەکگرتوو لەناو سەرجەم هێزو چین و توێژەکانی کوردستان بێ جیاوازی کردووە. بۆ ئازادکردنی مرۆڤایەتی لەبەندەی و کۆیلەیتی و پاشڤەڕۆیی ئافرەتی کوردستانی بە ئەرتەش کردووەو گەیاندویەتیە ئاستی کەسایەتیەکی نوێ لەڕابەرایەتی کردنی شۆڕشی کوردستاندا کە لەبوارەکانی سیاسی، سەربازی، ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی گەیشتوەتە ئاستی پێشەنگایەتی کردن لەپێناوی وڵاتێکی ئازادو سەربەخۆدا، لەم نێوەدا ئافرەت بۆ بەژداربوون لەڕێبەرایەتی کردنی شۆڕشی مرۆڤایەتی و نەتەوەی هاتۆتە ئاراو، نە تەنیا زنجیری کۆیلێتی پچڕاندووە، بەڵکو ئافرەت بووەتە هێزێکی بنەڕەتی بۆ ڕیشەکێش کردنی ڕەگی کۆیلێتی بە یەکجاری

لەکۆمەڵی کوردستاندا. دیارە کە لەو ڕۆژانەدا بە هەزارەها ئافرەتی کوردستان لەناو ڕیزەکانی ئەرتەشی ڕزگاری گەلی کوردستان ARGK جێی خۆیان گرتووەو تادێت ئەم جێگرتنەش بەرفراوانترو گەورەتر دەبێت.

ئەوەی گومانی تێدانیە ڕێگای ئازادی کوردستان بەندە بە ئازادبوونی ئافرەتەوە، مرۆڤی خاوەن ناموس ئەم ڕاستیە باش دەزانێ و هەروا لەژیانیشدا بە کردەوە بەرجەستە دەکات بۆ پشتگیری کردنیشی دەبێتە هێزێکی مەزن. دەرباز بوونی هێڵی تێگەیشتی PKK بۆ باشوری کوردستان و گەورەبوونی شەڕ لەدژی داگیرکەری و پاشڤەڕۆیەتی لەسەر بناغەی ئەم ڕاستیانەوەیە. بەهەزارەها کچی کورد بەسەربەرزانە تەڤلی ڕیزەکانی شۆڕش بوونەو بەتایبەت ئەمساڵ (١٩٩٧) بوێرانە لەدژی داگیرکەری و خیانەت شەڕیانکردووە. کچە کوردی باشوری کوردستان (ئ.س) خەڵکی گوندی (ک)ی سەر بەشارۆچکەی پیرەمەگرون لەم پێناوەدا تەڤلی ڕیزەکانی ARGK بوو، بێگومان ئەویش بە پێی بڕیارو ئیرادەو خواستی خۆیی و بیرۆکەی ڕەتکردنەوەی ژیانی کۆیلێتی، دەیویست ببێت بە یەکێک لەسەرڤانانی ئازادی مرۆڤایەتی لەڕیزەکانی گەریلادا، دوای مانەوەی ٣ ڕۆژ لەڕیزەکانی گەریلا، چەندەها پیلان و لەیستۆک ئامادەکران کە ڕاستەوخۆ پەیوەست بوون بە پاشڤەڕۆیەتی و خیانەتکارانەوە، ئەمەو دوای هاتنی خێزانی (ئ)و پەیوەندی کردنیان بە یەکێک لەبنکەکانی ARGK ەوە بەمەبەستی سەردانی کچەکەیان، بەبێ دواکەوتن چاویان بە کچەکەیان کەوت، ئەمە بوو لەسەرداوای ئەم خێزانەو خواستی (ئ) سەردانی ماڵەوەی پێشنیارکرا، ئەمەش لەلایەن ئەم بنکەیەی ARGKەوە پەسەند کراو لەڕۆژی ١٩٩٧/١٢/١٧ بە مەبەستی سەردان گەڕایەوە، دوای مانەوەی ٣ ڕۆژ لەماڵەوەیان بە بێ هیچ هۆیەک لەڕێگای خێزانی (ئ)ەوە بە بڕیارێکی کۆنەپەرستان و بە شێوەیەکی زۆر دڕندانەو دور لەبەهاکانی مرۆڤایەتی لەبەرچاوی خەڵکی شارۆچکەی پیرەمەگرون درایە بەر ڕێژنەی گەلەو لاشەکەشی فڕێدرا. لێرەدا تاوانی (ئ) تەنها ئەوەیە کە دەیویست ببێتە شەڕڤانی ئازادی شەڕ بکات لەدژی خیانەتکاران و داگیرکەران و بەس...

پێویستە هەرکەسێک بزانێت کە ئەمە تاوانە لەدژی گەلی کوردستان و بەهاکانی مرۆڤایەتی کراوە، هەروەها دەست درێژیەکی هۆڤینانەیە بۆسەر مافی مرۆڤ، بەهیچ شێوەیەک ئەم تاوانە ناچێتە سەرو تاوانبارانیش بێ حیساب دەربازنابن! لەم بارەیەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێ بۆ سزادانی ئەم تاوانبارە هۆڤنانە دەست بەکاربێ و بێ دەنگ نەمێنێ و، پێویستە تاوانباران بە سزای گەل و شۆڕش بگەن.

لێرەدا بانگەوازی ویژدانی هەموو گەلی کوردستان و ئازادیخوازان و دیموکراتخوازان و وڵاتپارێزان دەکەین، ماوە نەدەن بە هیچ کەسێک و بەکرێگیراوێک بەم شێوەیە دەست بخاتە ناو خوێنی مرۆڤ و بەپێی تێگەیشتنی کۆنەپەرستانە ڕەفتاری لەگەڵدا بکات. هەموو مرۆڤایەتی کوردستان و بەتایبەتی ئافرەتی کوردستان دڵنیا دەکەین کە بەهێزو توانای ئێوە ئەم شەڕە ڕەوایە لەدژی پاشڤەڕۆی و دوژمنانی ئازادی گەلەکەمان بە شێوەیەکی گەرموگوڕتر پەرەپێدەدەین.

بمرێ خیانەت و پاشڤەڕۆی و کۆیلایەتی

بژی سەربەخۆیو ئازادی

فەرمانداری

ئەرتەشی ڕزگاری گەلی کوردستان ARGK

لەباشوری کوردستان

١٩٩٧/١٢/٢١

# بەڵگەنامەی ژمارە (١٤٩)
## بۆ گەلی جەنگاوەری کوردستان
## جەژنی نەورۆزی ئازادیتان پیرۆز بێت

ئێمە وەکو گەلێکی جەنگاوەر، لەنەورۆزی ساڵی ١٩٩٨ دەگەین بە لەدایکبونێکی نویٚ، نەورۆز لەدنیادا بووە بە سیمبولیٚ بۆ گەلەکەمان و، ئەمە جاری دووەمە لەدنیا لەدایک دەبینەوە، دەتوانین بڵێین لەهەموو بوارێکی خەباتدا بە مانا ڕاستیەکەی گەیشتونەتە ئەوەی کە نەورۆز ئیتر ڕۆژی (کاوەی سەردەم- مەزڵوم[٢٦٨])و (عەگید[٢٦٩])ە، ڕۆژی قارەمانێتی نەتەوەییە، ڕۆژی دامەزراندی بەرەی ڕزگاری نەتەوەیی کوردستانە (ERNK)[٢٧٠]ە، ئێمە لەمانا ڕاستیەکەیدا نەورۆز وەکو ڕۆژێکی یەکێتی نەتەوەیی و جەژنی خەباتمان پیرۆز دەکەین.

دوژمنان بە تەنگاوی و بیٚ چارەیی دەکەوێتە نێو شەڕی ئەمساڵ و نەورۆزی نوێوە، ئێمەش بە نویٚ بوونەوەیەکی گرنگ و بە شێوەیەکی

---

[٢٦٨] مەزلووم دۆغان: یەکێکە لە دامەزرێنەرانی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) و ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پەکەکە بووە، ناوبراو مووسڵمانێکی عەلەویی بووە، لەساڵی ١٩٧٩دا مەزلووم لەلایەن حکوومەتی ئەوکاتی تورکیا دەگیرێت، لە ڕۆژی نەورۆزی ١٩٨٢ ئاگریی لە خۆیان بەردا، دەرەنجام گیانی لەدەستدا، هەر بەهۆی ئەم ڕووداوەوە مەزڵوم بووە سیمبوولی نەورۆز لە باکووری کوردستان، هەر دەم لە چالاکییەکانی نەورۆزی باکووری کوردستان وێنەکانی بەدیوارەکان هەڵدەواسن.

[٢٦٩] مەحسوم کۆرکماز نازناوی هەڤاڵ عەگیدە: ئەندامی ئەنجومەنی ناوەندی پەکەکە بوو، یەکەم فەرماندەی سەربازی پەکەکە بوو، کاتێک پەکەکە لە ساڵی ١٩٨٤ هێزی ڕزگاریی کوردستان (هەرەکە) ی دامەزراند وەک باڵی سەربازی ئەو پارەتە عەگید بووە فەرماندەی هێزەکە، هەرەکە لە ١٥ی ئابی ١٩٨٤دا شەڕی چەکداری بەشێوەی فەرمی و بە سەرۆکایەتیی مەعسوم کۆرکوماز (عەگید) لە دژی سوپا و حکومەتی تورکیا لە ناوچەکانی ئەڕوح و شەمزینان دەستپێکرد، عەگید لە بەرواری ٢٨ی ئازاری ١٩٨٦ لە ڕوبەڕوونەوەیەکدا لەگەڵ هێزەکانی سوپای تورکیا لە چیای گابار لە پارێزگای شرنەخ کوژرا.

[٢٧٠] ئنیا (بەرە) ڕزگاریا نەتەوەیا کوردستان لقێکی رێکخستنی (پ.ک.ک) بوو لە ١٩٨٥ . لە کۆنگرەی حەوتەمی (پ.ک.ک) هەڵوەشێنرایەوە. ئەم لقە، سەرپەرشتی کاری ناوخۆو دەرەوەی تورکیای دەکرد بە تایبەت لەڕوی پیتاک و دارایەوە.

ڕێکخستنی نوێوە هەنگاو دەنێین، خەباتی ڕزگاری نەتەوەییمان کە خۆی گەیاندووە بەم پێشکەوتنانەی ئێستا لەبەرامبەریدا کۆماری تورک بە هاوکاری ئیمپریالیزم و هێزی پاشڤەڕۆی ناوچەکەو زایۆنیزم و ئەو سەرمایەو تەکنەلۆژیانەی کە لەپشتەوەیەو ئەو قەیرانەی کە لەهەموو لایەکەوە تێی کەوتووە زیاتر قوڵ دەبێتەوە. ئەمریکا ئەو ئامانجەی کە دەیخواست لەڕێی سیستەمی نوێی جیهانیدا خۆی بەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بسەپێنێو کۆماری تورکیاش لەپشتی ئەم ئامانجەوە بووە ئەو شتانەی کە دەیخواست لەڕێگەیەوە بەدەستی بێنێ نەگەیشتە هیچ ئەنجامێک، لەلایەکی ترەوە دەوڵەتی تورک لەلای جیهانی ئیسلامی و دەوڵەتانی ئەوروپاش زیاتر ڕسواکراو، بەمەش ڕەوشی تورکیا زیاتر قوڵ بۆوەو نەیتوانی خۆی لێ ڕزگار بکات، لەگەڵ هەموو ئەم کێشانەدا کێشەی ئابوری، کۆمەڵایەتی، سیاسی، سەربازی... زیاتر بەسەریدا گران بوون و، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی بەدوای ڕەوشێکی نوێدا بگەڕێ، وە ئایدۆلۆژیای تورک کە هەرەسی هێناوە، بووە هۆی ئەوەی کە بە دوای تاکتیکی بێ چارەییدا بگەڕێ.

ئەمەش تەنگی بە سیاسی کۆماری تورک هەڵچنی و لەبەر ئەوەش کەوتە نێو بڕیاری نوێ، بەمەستی ئەوەی کە خۆی دەرباز بکات لەو هەرەسهێنانەدا، لەلایەکی دیکەوە دەیخواست سیاسەتەکانی بە شێوەیەکی ئاشکرا بەڕێوەببات و لەهەندێک دەوروبەر زوڵم و زۆری خۆی بسەپێنێ و بەو ئۆپڕاسیۆنەی کەلەزۆر ناوچە جیاجیاکانی کوردستاندا بەڕێوەی دەبرد دەیخواست بە ئەنجام بگات.

کۆماری تورک لەکوردستاندا شەڕی تایبەتی درێژ بەڕێوە دەبات و ئەم شەڕەی کردووە بە ئامرازێک بۆ ئەوەی لاوازیەکانی خۆی بشارێتەوە، بەڵام ئەو لاوازی و بێچارەییەی کە تێیکەوتووەو ئەو گەیشتۆتە حاڵەتێک کە چارەسەری محاڵە، لەبەر ئەوەش کۆماری تورک لەساڵی نوێی شەڕدا زیاتر بێ ئەنجام دەبێت و زیاتر زیان بەخۆی دەگەیەنێ و دەکەوێتە ناو ڕەوشێکی ئاوا کە نەتوانێ خۆی لێ ڕزگار بکات. لەبەرامبەر ئەمەشدا شەڕ لەپارچەی باکورو باشور گەیشتۆتە ئاستێکی بەرزو، ئەو ڕەوشە دژوارەی کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تێی کەوتووە بۆتە هۆکارێکی زیاتر مەزنبوونی ئێمە. ئەو

گۆڕانکاریەی کە لەبەرامبەر هاریکاری ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و خیانەتکاری هاتۆتە کایەوەو ئەو هەموو کەموکوڕیانە. هێزی تێکۆشانی گەلی کوردی هێنایە کایەوە، ئەو پێشکەوتنانەی لەبەرامبەر هێرشی دڕندانەی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم لەناوچەکە هاتنە کایەوەو، گەلانی ناوچەکە لەخەباتی خۆیاندا لەبەرگری لەخۆیان و لەسەربەخۆی خۆیان، وە ئەو شەڕەی کە پارتیمان لەکوردستان بەڕێوەی دەبات لەئێستاوە لەسەر بنەمای بەرژەوەندی گەلانی ناوچەکە لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕێگای لەبەردەم بەرەیەکی دژی ئیمپریالیزم کردۆتەوەو لەکرداریشدا گەیاندویەتیە ئاستی پێشڕەوایەتی کردن، واتە پارتیمان خاوەنی بەڕێوەبردنی پراکتیکی شەڕێکی فراوانە، کاتێک ئەم پڕاکتیکە هەڵدەسەنگێندرێ، ئەوا ئاستی ئایدۆلۆژی و شیکردنەوەی کە سەرۆکایەتی دیاریکردووە کاریگەری کردۆتە سەر هەموو جیهانو گەیشتۆتە ڕادەیەک ڕێگای لەبەرەو پێشەوەبردنی سۆسیالیزم کردۆتەوە.

پارت و هێزی ئەرتەشمان لەسەر بنەمای ئەم پێشکەوتنە بەرفراوانە دەکەوێتە نێو شەڕی ئەمساڵەوە لەسەر بنچینەی پڕاکتیکی ١٩٩٧ بەشێوەیەکی بەرفراوان شیکردنەوەو لێکۆڵینەوەی کردووەو، ئەو ئەنجامەی کە لێی وەرگرتووە، خۆی بۆ شەڕی باکورو باشوری کوردستان ئامادەکردووەو، سەنگەری خۆی گرتووە، وە دەرهەق بەو شەڕەی کە لەناوچەکەدا دێتە کایەوە ئامادەکاری تەواوی خۆی کردووە. سەرۆکایەتی پارتمان بە دروشمی (ئێمە بۆ شەڕو بۆ ئاشتی ئامادەین)و پارتیشمان لەسەر ئەم دروشمانە خەبات قوڵدەکاتەوەو بەرەو قووڵایی تورکیا بڵاوی دەکاتەوە، لەباشوریشدا لەبەرامبەر ئەوانەی کە سورن لەسەر خیانەتکردن و درێژە بە خیانەت دەدەن شەڕ دەگاتە ئەو ئاستەی کە زیاتر فراوان دەبێت و بەشەڕێکی بەم شێوەیەش ساڵی ١٩٩٨ لەهێڵی خەبات و ڕێکخستنی گەلدا دەبێتە گۆڕەپانی پێشکەوتنی زۆر گرنگ وە ئەمەش ڕوون ئاشکرایە؛ ئەو چالاکیانەی کە لە٨ی ئاداری ١٩٩٨دا ڕوویاندا، قۆناغێکی نوێ بوو، قۆناغی هاتنە کایەی سەرهەڵدان و ڕاپەڕینی بەدیارخست و نیشاندا. لەسەر ئەم بنەمایە خەباتی کۆنگرەی نەتەوەی دەست پێدەکات و بەم شەڕەش ڕێکخستنی نیشتیمانی گەلەکەمان

بەرەوپێش دەچێت و، لەڕێگای دەسەڵاتی گەلەوە خەباتی بنیادنانمان لەبەر چاوانە، کە بەپەلەو بەهێز زووتر قازانج دەکرێ.

گەلی وڵاتپارێز!

پارتی و ئەرتەشمان بۆ هەموو ئەو کارانەو، بۆ ئەوەی ئەرکو کارەکانی بە شێوەیەکی سەرکەوتوانە پێک بهێنێ و لەهەموو کاتێک زیاتر ئامادەیەو خۆی ڕێکخستووەو بەهێزترە. ساڵی یەکلاکەرەوەی ١٩٩٧یش دوژمنی خستۆتە ژێرەوەو ئەزموونی گرنگ و گەلێک پێشکەوتنی مەزنی هێنایە کایەوە. ئەم گفتوگۆیانەی (پارتی و ئەرتەشمان) کە بە بەردەوامی ئەنجام دەدرێن، بە تایبەتیش لەماوەی پەروەردەداو ئەو ئەزموونانەی کە لەشەڕی گەورە وەریگرتووە، بۆتە زانیاری و ئەزمونی بە کەڵک، بە هەموو شێوەیەک دژایەتی کردنی پارتیمان و تایبەتمەندی نۆکەرایەتی دەرخستە مەیدان و مەحکوم کرا، وە لەڕێگای بە پارتی بووندا لەپێشکەوتنی گرنگدا ژیاوەو لەسەر ئەم بنەمایە ڕێبازی سەرۆکایەتی بەرەو پێشەوە بردووەو، بە پێشکەوتنێکی زیاتر بەرەو ڕێکخستنی یەکێتی چووە.

پارتیمان ئاوا ئەرکی ڕێبەرایەتی زۆر بە کاریگەرو بەشێوەیەکی زۆر سەرکەوتوانە سەقامگیر دەکات و، شەڕی گەریلای بە ڕەنگێکی ڕاستەقینەو بە شەڕێکی بە پەلەترو ڕۆڵێکی کاریگەرتر بەکار دەهێنێ. پارتیمان و هێزی ئەرتەشمان کە بەم شێوەیە پێ دەنێتە نەورۆزی ١٩٩٨ەوە، گەلەکەمان وەکو هەموو ساڵێک لەنەورۆزی ئەمساڵ بە ئاستی پێشکەوتنی خەباتەکەی، واتای قۆناخی ئەمڕۆ دیاری دەکات و بوارەکانی دەخاتە گەڕەوەو لەهەموو ناوچەیەک ئاگری ڕاپەڕین بەتین تر دەکات و، بە تەواوی کەشوهەوای جەژن و شەڕ وەردەگرێ، هەروەها ڕێگا بە لەیستۆکی دوژمن نادات و بە دەستپێشخەری خۆی نەورۆز پیرۆز دەکات، وە ڕێگە نادات بەو هەوڵانەش کە دەخوازێت ناوەڕۆکی نەورۆز لاوازو پوچەڵ بکاتەوە.

پارتی و ئارتەشمان لەنوێبونەوەدایەو پێویستە گەلەکەشمان لەگەڵیدا ببن بە یەک، ئەمەش ئەرکێکی وڵاتپارێزیەو لەپێش گەلەکەماندایە، بە تایبەتی ئاشکراکردن و مەحکوم کردنی خیانەت، گەلەکەمان لەباشور بە گشتی ڕێگەی ژیانێکی وڵاتپارێزو ڕاست و ڕوونی نیشانداوە، لەسەر ئەم بنەمایە لەساڵی

١٩٩٨ پێویستە گەلەکەمان لەباکورو باشور بەشێوەیەکی بەپەلە تەڤلی خەبات بێت و، لاوانیش جێگەی خۆیان لەڕیزەکانی ARGKدا بگرن، وە بانگ لەهەموو لایەن و ڕێکخستن و کەسانی وڵاتپارێز دەکەین بۆ ئەم مەبەستە چالاکیەکانیان بەرەو پێش ببەن.

پێشکەوتنی شۆڕشی کوردستان، لەهەمانکاتدا پێشکەوتنی شۆڕشی ترکیاشە، بەرفراوانبوونی گەریلا لەکوردستاندا دروست بوونی گەریلای تورکە، پارتیمان لەسەر ئەم بنەمایە لەشۆڕش و گەریلایی نزیک دەبێتەوەو، لەهەمانکاتدا خەباتی ڕزگاری گەلی تورکیش بەرەو پێش دەبات. لەسەر ئەم بنەمایەو لەسەر ئاستی دیموکراتی بۆ تورکیا لەگەڵ هەموو هێزە میللیەکانی تورکیا دەخوازین هاوپەیمانی و یەکێتیەک دروست بکەین و بانگ لەهەموو گەلی تورک دەکات کە هاوکاری خەباتی ڕزگاریخوازی پێشکەوتوومان بکەن.

خەباتی ڕزگاریخوازی کوردستان لەهەموو کاتێ زیاتر بووەتە خەباتی ناوچەکەش، ئەو شەڕەی گەلەکەمان لەژێر ڕێبەڕایەتی پارتمان بەڕێوەی دەبات لەهەمانکاتدا بۆ هەموو گەلانی ناوچەکەش شەڕێکە لەبەرامبەر ئیمپریالیزم و داگیرکەری تورک و زایۆنیزم و پاشڤەڕۆی. گەلەکەمان لەنێو ئێش و ئازارێکی زۆرداو بە فیداکاری خۆی لەئاستی ڕێبەڕایەتیکردنی شەڕدا ئەرکی ڕزگاری ناوچەکەش لەئەستۆ دەگرێت. لەسەر ئەم بنەمایە داوا لەهەموو گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هێزە پێشکەوتوخوازەکان دەکەین بەرامبەر خەباتی ڕزگاری نیشتیمانی کوردستاندا ئەرکو بەرپرسیارێتی خۆیان جێبەجێ بکەن و لەگەڵ خەباتی گەلی کوردستاندا ببن بەیەکو لەبەرامبەر پاشڤەڕۆیەتی بەشێوەیەکی بەپەلەبەژداری بکەن. لەسەر ئەم بنەمایە پارتیمان بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی دژوارتر خەبات لەدژی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم بەڕێوەبەرێ داوای یەکێتیو هاوپەیمانی لەهەموو هێزە دیموکراتی و سۆسیالیزمەکانی جیهان دەکات.

ئێمە وەکو گەلەکەمان و پارتمان لەڕێگای سەربەخۆیی نیشتیمانی و، دیموکراتی، لەڕێگای ئازادیو یەکسانی و دادپەروەریو بڕواو هیوامان سەرلەنوێ بەتین تر بووەو، لەم نەورۆزەدا شەڕ بە بڕوای بەشەڕ لەهەر

کاتێکی تر زیاتر بەڕێوەدەچێت و بەم بڕوایەشەوە بەدڵنیای ساڵی ١٩٩٨ قازانج دەکەین.

بژی PKK کە لەژێر ڕێبەڕایەتی سەرۆک ئاپۆدا سەرکەوتن قازانج دەکات.
بژی ڕێکخستنی نەتەوەی ERNKو ئەرتەشی ڕزگاری گەل ARGK.
بژی ئەو ڕێبازەی کە لەکەسایەتی (مەزڵوم و عەگید)دا بەرجەستە بووە.
بژی جەژنی ئازادی (نەورۆز).
بمرێ داگیرکەریو خیانەت.

کۆمیتەی ناوەندی
پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK
١٩٩٨/٣/٢١

## بەڵگەنامەی ژمارە (١٥٠)

## باشوری کوردستان دەبێتە گۆڕستانی داگیرکەرو خیانەتکاران

ئەو هێرشەی کە لە٢٠ی ئایارەوە بە هاوبەشی داگیرکەری تورکیاو خیانەتکارانی PDK بۆسەر باشوری کوردستان دەست پێکرا پێی نایە ڕۆژی ١٥مینەوە. دوای شەڕێکی دەرونی قورس، دەوڵەتی تورکیا بە ژمارەیەکی زۆر کە زیاتر لە١٠٠ هەزار سەربازو سەدان زرێپۆش دەستی بەم هێرشەکرد، لەڕاستیدا ئەم هێرشە بەردەوامی هێرشی (١٤ی گوڵانی ١٩٩٧)ەو، لەدوای ئۆپراسیۆنەکانی بۆتان- ئامەد هێرشی هەرە گەورەی دەوڵەتی تورکیایە، لەسەر هێڵی درێژی (چیاس سپی) تاکو (سیدەکان) ئەم شەڕە بەردەوامە. ئەمە دوا بە دوای پڕوپاگەندەو ئامادەکاریەکی گەورە دەستی پێکرد، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم شەڕە بە بێ دەنگی لەلایەن دەوڵەتی تورکیاوە بەڕێوە دەچێت و تاکو ئێستاش سەرۆکی ئەرتەشی تورکیا خاوەنداری ئەم شەڕە ناکات، ئەم بێ دەنگیە دەوڵەتانی دنیاشی گرتوەتەوە، هۆکاری ئەم بێ دەنگەیە ئەوەیە دەوڵەتی تورکیا دەزانێ ناتوانێ لەژێر باری قورسی سیاسی و زیانی سەربازی شەڕ دەربکەوێت.

ئەو داگیرکاریەی کە لەلایەن دەوڵەتی تورکیا لەسەر باشوری کوردستان بە هاوکاری خیانەتکارانی PDK دەستی پێکردووە بە هاوکاری و مۆڵەتی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم پەیڕەودەکرێ، بێگومان ئەم هێرشە وەکو هەڕەشە لەسەر خەباتی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان و بەتایبەتیش گەلەکەمان لەباشوری کوردستان و، لەهەمانکاتیشدا هەڕەشەیە بۆسەر گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەبەرامبەر ئەوەش گەلەکەمان لەژێر پێشەنگایەتی PKKدا بە بڕیارو هێزێکی پۆڵاین ئامادەی هەموو بەرەنگاربونەوەیەکەو هێزی گەریلاش بانگەوازی پتەوکردنی یەکێتی نیشتیمان پەروەرانی میللەتەکەمان لەباشور دەکات، کە بەیەک دەنگ و یەک هەڵوێست بەرامبەر هێرشی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم بوەستنەوە کە بە هاوکاری خیانەتکارانی PDK ئەنجام دەدرێت، ئومێدەواری ئەوەین کە یەکێتی و هاوکاری لەلایەن گەلانی ناوچەکە بە ئەنجام بگەیەنرێت.

ئەو بەرخۆدانە گەورەیەی گەریلاکانمان لەماوەی ١٥ ڕۆژەی شەڕدا بزاڤێکی سیاسی و گرنگی لەباشوری کوردستان دروستکردووە، کە بۆتە خوڵقاندنی باوەڕیەکی پتەو لەڕیزەکانی میللەتەکەمانداو، ڕۆژبەڕۆژیش کاردانەوەو تورەی میللەت بەرامبەر خیانەتکاران لەزیادبوندایەو، هیوای ڕۆژی ئازادی بەهێزو نزیک بۆتەوە. وەکو دەزانن دوژمن دەیخواست لەڕێگای هەنێ پرۆژەی ساختەوە ڕۆژەڤ بگۆڕێ، بەڵام بە پێچەوانەی ئارەزووی دوژمن ڕۆژ بە ڕۆژ کاردانەوەی دژایەتی میلەتەکەمان بەرامبەر بە خیانەتکاران و سەرانی پێکهێنەری شەڕی تایبەت لەکوردستان لەزیادبوندایەو، ڕێگاکەرەوەی پێش پێشکەوتنی سیاسی و هێنانی ئارامییە.

ئەوەی شایەنی باسە لەزستانەوە گەریلاکانمان خەریکی ئامادەکاری گەورەن بۆ بەرەنگاربوونەوەی هێرشی داگیرکاری و خیانەتکاری بۆسەر باشوری کوردستان و ئەم ئامادەکاریەش لەسەر ئەزمونی ساڵی (١٩٩٧) ئەنجاندراوە، هەر بۆیەشە ئەمە جاری یەکەمە کە بەم شێوە دروستە تاکتیکی گەریلاو پارتیمان جێبەجێ دەبێت، ئەوەش لەسەر بنچینەی یەکە سەربازیەکان کە بەشێوەیەکی باش ڕێکخراون و خاوەندی دەستپێشخەرین، کە دەتوانن خێرا لەجوڵەی دوژمن تێبگەن و بەشێوەیەکی نادیار دەجوڵێینەوەو دەست بەجێ لەدوژمن دەدەین و تێکیدەشکێنین. بەم شێوەیەش ئەو پلانەی کە دوژمن دەیخواست پێکیبێنێت و شەڕ لەناوچەیەکی تەسکدا سنوردار بکات، پوچەڵ بۆوەو شەڕ لەناوچەیەکی فراواندا بڵاوبۆوە، ئەوەش لەسەر بنەمای (ئێمە لەهەر شوێنێکین و لەهیچ شوێنێک نین) جێبەجێ دەکرێت. بەم شێوەیە تەکنیکی دوژمن بێ کاریگەر دەمێنێتەوە، وە تاکتیکی گەریلای لەچاندنی (مین) لەگاراو مەتینان و زاپ کە ڕۆژانە بە دوژمندا دەتەقێتەوەو ترسی مردنی خستۆتە دڵی دوژمنان و لەتواناکاری و جوڵانەوەی خستون. بەم جۆرە هێرشی ١٥ ڕۆژەی داگیرکەرو خیانەتکاران بۆسەر باشوری کوردستان بەتەواوی پوچەڵ بۆتەوەو باشور بۆتە گۆرەپانی مردنی هێزەکانیان.

ئەنجامی گەورەی لەم ١٥ ڕۆژەی شەڕدا، خۆی لەیەک بوونی باکورو باشوری وڵات دەبینێتەوەو پێشخستنی شەڕ لەباکوری وڵاتیش هەروەکو باشور دەتوانین بڵێین جاری یەکەمە کە هەموو ناوچەکان بەیەکەوە دەکەونە

نێو شەڕی گەورەوە، لەسەرەتادا بۆتان و زاگرۆس، سەرتاپای گۆڕەپانی کوردستان بۆتە گۆڕەپانی شەڕو، یەکەم جارە دوژمن بەم شێوە فراوانە زەبری کوشندەی بەردەکەوێت. لەسەر ئەم بنچینەیە ئاماری شەڕی ئەم ١٥ ڕۆژە کە لە(٢٠)ی ئایار تاوەکو (٣)ی حوزەیران دەستی پێکردووە تەنها لەباشوری کوردستان چالاکیەکان بەم شێوەیەیە: تەقینەوەی ٥٢ مین، ٣٧ بۆسە، ١٢ هێرش بردن، ٧ پێکدادان، سەرجەم ١٠٨ چالاکی ئەنجام دراوە کە تەنها ئەنجامی ٢٧ چالاکی لەلایەن هێزەکانمانەوە بەردەست خراوە، ئەویش بەم شێوەیەیە: ٩ کۆنتراو ١٢٣ سەربازی تورک و خیانەتکارانی PDK کوژراون، ٢٤ تریش بریندار بوون، ٣ لاندکرۆزەرو ١ زرێپۆشیش بە سەرنیشینەکانیەوە لەنێوبراون و سوتێنراون، هەلیکۆپتەرێکیش خراوەتە خوارەوەو یەکێی تریش پێکراوە؛ لەمانەش (ڕائید)ێک و (نقیب)ێک و ملازم ئەوەلێک کوژراون، لەم شەڕانەشدا دوو چەکی قورسی دژە ئاسمانی بەردەستخراون و، دوو چەکی ناوەندی و ٣ RPG، ١٦ کلاشینکۆفو ١ دەمانچە، بەگشتی ٢٤ پارچە چەک دەستی بەسەرداگیراوە، ئەگەر لەسەر ئەم ئەنجامە، ئەنجامی ٨١ چالاکیە نەزاندراوەکان بخەینە سەرو ئەنجامەکانی چالاکیەکانی باکوریش بخەینەسەر دەردەکەوێت کە داگیرکەرو خیانەتکاران چەندە زەرەرمەند بوون. لەسەرجەمی ئەو چالاکیانەدا، ١ شەهید لەگارا، ٢ شەهید لەحەفتانین، ٣ لەزاپ، ٢ لەناوچەی سۆران، بە گشتی ٩ گەریلا بە قارەمانێتی شەهید بوونو ٨ گەریلای تریش بریندار بوون.

ئەگەر سەیری ئەنجامی ئەم چالاکیانە بکەین دەردەکەوێت کە دەوڵەتی داگیرکەرو خیانەتکاران لەبەرامبەر چ شەڕێکی گەریلایدان؟ واتە ئەم ١٥ ڕۆژەی شەڕ بۆتە قۆناغی تێکشکاندنی داگیرکەرو خیانەتکاران، هەروەکو سەرۆکی نەتەوەییمان دەڵێت (ئەم قۆناغەی ئێستا بە تەواوی شێوازی شەڕی گەریلا پێکدێت و بەم شێوازە شەڕی خۆمان بەردەوام دەکەینو لەم شاڵاوەی ١٩٩٨دا گورزی کوشندە لەداگیرکەرو خیانەتکاران دەدەین تاکو لەمێژوودا ژێر خاک دەبن)......... بیرۆی ڕاگەیاندنی بڕیارگەی ناوەندی

ئەرتەشی ڕزگاری گەلی کوردستان - ARGK

١٩٩٨/٦/٣

## بەڵگەنامەی ژمارە(١٥١)
## بروسکەی مێژووی سەرۆکایەتی PKK بۆ گەلی باشوری کوردستان

لەبەرامبەر ئەم پێکهاتە دوو قۆڵیەی کە لەئەمریکا لەسەر باشور سازدراوە، پێویستە هەرکەس بە شێوەیەکی زۆر زیرەکانە هەوڵێستی PKKشی بکاتەوە، ئەو ئەرکانەی دەکەوێتە سەر شانی بە باشی جێبەجێی بکات. لەڕاستیدا هەڵوێستی پارتمان، هەڵوێستێکی بنەڕەتی و گرنگیەکی چارەسەرسازی هەیە. ئەم پێکهاتەی کە لەواشتنۆن لەنێوان YNKو PDK سازدرا، بێگومان هەردولاش دوو هێزی بنکەی باشوری کوردستان، بەڵام دەبێ لای هەرکەس ئاشکرابێت ئەگەر PKK بەرامبەر بەم پێکهاتە خۆی بەرپرسیار نەزانێت، بێ چەندو چۆن مێژووی خیانەتکاری و پەیمانی جەزائیر خۆی دووبارە دەکاتەوە، ئەمەش وێرانکاریەکی ترسناکی بە دواوەیە بۆ گەلەکەمان. لەمێژووی ٧٥ ساڵەی دەوڵەتی تورکدا، چەندین ڕێکەوتنانامەی بەم شێوەیەو بە نهێنی سازدراوە، کە بۆتە ڕێگاکەرەوە لەپێش خیانەتکردندا، ئەم ڕێکەوتنەش هەنێ سیمای ئەوانی تری پێوەدیارە. بۆ ئەوەی ئێمە لێرەدا خاڵە نێگەتفەکان هەڵگەڕێنینەوەو بیانگۆڕین بۆ خاڵی پۆزەتیفانە، پارتیمان زۆر وریایانەو بە هەڵوێستی بەرپرسیارانە هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکات و، ڕاستیەکانی ئەم خاڵانەش بە شێوەیەکی تایبەتی بۆ گەلی باشورو هەموو کوردستان و گەلانی وڵاتانی دراوسێ ڕووندەکاتەوە. لێرەدا هەر هێزێک پێویستە لەسەری باش بزانێت، ئەگەر هەڵوێستی بەرپرسیارانەی ئێمە نەبێت، ئەوا هیچ هەلێکی بابەتیانە بۆ جێبەجێکردنی ئەم ڕێکەوتنامە نامێنێت. ئەگەر جێبەجێش بکرێ، ئەوا هەمیشە ڕێگای تێدەچێت کەوا لەپشتەوە خەنجەری تێبسرەوێنرێت. ئەمەش ڕەوشێکی ترسناکتر دەخوڵقێنێت. مرۆڤ ناتوانێ خۆش باوڕبێت بە بەڵێنە زامنکارەکانی ئەمریکاو هەروەها تاکو ئێستاش بە تەواوی ڕاشکاوی هەڵوێستی دەوڵەتانی ناوچەکەش دەرنەکەوتووە، ئێمە داوا لەدەوڵەتانی ناوچەکە دەکەین، ئەگەر ئێوە هەڵوێستێکتان لەدژی ئەم پێکهاتە هەیەو، تێڕوانین و چارەسەرێکیترتان بۆ کێشەی کورد هەبێت، دەبێت چارەسەریەک و

ئەلتەرناتیفێکی ڕەوابێت. پارتمان کار دەکات بۆ ئەوەی ئەم ئەلتەرناتیفە بەرەو پێشەوە ببات. ئێمەش بە بێچارەیی ڕازی نین و خۆداسەپاندنی ئەمریکاش پەسەند ناکەین!

لەسەر ئەم بنەمایانە، لەسەر هەموو هێزە نیشتیمانی و ڕێکخراوو کەسایەتیەکانی باشور، پێویستە زۆر زیرەکانە لەدەستپێشخەری PKK تێبگەن و شی بکەنەوە. چونکە بزاڤی PKK بۆ ئێوەش خەباتێکی ژیانیە. لێرەدا١ هیچ کەسێک بە گۆشەنیگایەکی تەنگ سەیری پێشکەوتنە خوڵقێنراوەکان نەکات. دەبێ بە شێوەیەکی باشو لەچوارچێوەیەکی نیشتیمانی و بە هەڵێنجانی ئەزموون لەمێژووی نزیکمان، چاوخشانێک بە ڕاستیەکانی هەرێمەکە بکات، و هیچ دەربڕو پاساوێک بۆ کارە خۆ داسەپێنەرەکانی دەوڵەتی تورک و بێ چارەیی دەوڵەتانی ناوچەکە نە هۆنێنەوە، هەڵسوکەوت لەگەڵ پرسەکە پێویستە لەسەر بنەمایەک بێت کە گونجاوو یەکانگیربێت لەگەڵ بەرژەوەندی گشتی گەلانی ناوچەکەو ئەگەر لەچوارچێوەی ئەم سنورە هەبوانەش بێت، با ئیرادەی گەلەکەمان هەبوونی خۆی دەربخان لەسەر ئەم ڕاستیانە، بۆ ئەوەی کارێکی باش ئەنجام بدەین ئێمە دەسەڵاتی گەلانی ناوچەکەش داوەتی تێڕوانین و هەڵسوکەوتێکی دروست دەکەین بۆ کێشەو دەرکەوتنی ئیرادەی گەلەکەمان و، بەیەکەوە بەرەو چارەسەرییەک هەنگاو بهاوین. بەم شێوەیەش پێویست ناکات دەوڵەتانی ناوچەکە لەئیرادە ئازادی گەلەکەمان بترسێن. با نەترسن لەپلانێک کە لەدواوە خەنجەریان تێدەسرەوێنێت، لەهەمانکاتدا دەڵێین، با هەندیک لایەن نەڵێن، ئەمریکا هێزی یەکەمی دنیایەو، هەر ئەویش دەتوانێ گەلەکەمان ئازاد بکات، بەم شێوە خۆ نەخەنە نێو پلانەکانی ئیمپریالیزم و ڕێگەکەرەوە نەبن بۆ خوڵقاندنی سازشکاری.

لەسەر هەرکەسێک پێویستە تێڕوانین و پەیوەندیەکانی دروست و باش بکات، هەموو کارێکی پێوەندی و دیبلۆماسیەت دەبێت لەسەر بنەمای ڕاستی ئیرادەی گەلەکەمان بنیاد بنرێت، دەبێ ئەزمونێکی لەبن نەهاتوو لەدیرۆکی تێپەڕبومان وەربگرین. پێویستە بە شێوەیەکی ڕاست و بەرپرسیارانە، پێشکەوتنە تازەکانی ئەم ڕەوشە نوێیە، گەرچی سنورداریش بێت شی بکەینەوەو بەکاری بهێنین. پێویست نیە هەمیشە بڵێین هەموو کارێک

ئەنجامەکەی دژمان دەبێتەوە، یان دەبێت هەموو کارێک پڕ بە پێستی داخوازیەکانمان بێت، ئەم هەلومەرجە ئازادیە سنوردارەی دەرکەوتۆتە گۆڕەپانەکە، گرێدانێکی پتەوی بە فیداکاری پارتمان و دیبلۆماسیە ڕاستەکەی هەیە. تێڕوانین و نزیکبوونی دۆستان لەم ڕاستیانەش، بەرپرسیاریەکە دەکەوێتە سەرشانی هەموو هێزەکانی باشوور، PDKشی لەگەدابێت. ئەم هەنگاوە ئاشتیخوازانەی کە ناومانە بۆ ئەوەی ئاشتیەک لەنێو کوردا سەقامگیربێت، بۆ گەیشتنە ئەمجام تا دواڕادە پابەندبوونی خۆمان ڕادەگەیەنین بە بنەماکانی ئەم هەنگاوانەو بەردەوامکردنی. ئەگەر هێزەکانی باشور شانبەشانی دوژمنان هێرشمان بۆ نەهێنن، ئێمە زیاتر بە قوڵترو فراوانتر هەنگاوە ئاشتی و چارەسیاسیەکان بەرەو پێش دەبەین و ئەو ئەرکانەی دەکەوێتە سەر شانمان زیاتر جێبەجێ دەکەین. بۆ ئەوەش لەسەر ئەم بنەماو ڕاستیانە بانگەوازی هەموو ڕێکخراوەکانی باشور دەکەم، ئێمە لەم باوڕیەداین ئێستا بەر لەهەرکاتێکیتر گونجاوترە بۆ سەرکەوتنی ئەم هەنگاوانە. لێرەدا دیسان جەخت لەسەر ئەم خاڵە دەکەمەوە، کە دەبێت هەرکەس باش بزانێت، پێویستیان بە هێزی چارەسەری PKK هەیەو ناتوانن دەست بەرداری بن.

بۆ ئەوەش پێویستە هەڵسوکەوتو پێوەندی ڕێزداری برایەتی لەگەڵدا ساز بدەن. چونکە ئەم جۆرە پەیوەندیان ڕۆڵو گرنگیەکی بەرزی هەیە. بۆ ئەوەی ئەم پێشکەوتنە سەرکەوێت، پێویستە لەسەر بنەمایەکی برایەتی یارمەتی و هاوکاری یەکتربکەین، بێ ئەوەی خۆمان بخەینە نێو بەرژەوەندی تەسکی پارتایەتی. بەڵکو دەبێت بەرژەوەندی نیشتیمانی و سەرتاسەری وڵاتمان لەبەر چاوبێت بۆ ئەمەش بە باوڕی و دڵنیایی لەگەڵ یەکتربین و بەرەو چارەسەرێکی بنەڕەتی هەنگاو بهاوێین. چونکە بێجگە لەوە هیچ ئەندێشەیەکی تر بۆ سەرکەوتن سودی نیە! شارەزابونمان لەم ڕاستیانەش ئەرکی جێبەجێکردنی کارەکانمان دەخاتە ئەستۆ.

لەگەڵ سڵاو ڕێزی تایبەتیم

عەبدوڵڵا ئۆجەلان

سەرۆکی گشتی پارتی کرێکارانی کوردستان PKK

٣٠ ئەیلولی – ١٩٩٨

## بەڵگەنامەی ژمارە (١٥٢)
## بۆ ڕای گشتی کوردستان و نێودەوڵەتی

دوای ئەوەی بە پیلانێکی نێودەوڵەتی سەرۆکی نەتەوەییمان سەرۆک (ئاپۆ) برایەوە تورکیا، دەزگای شەڕی تایبەتی تورکیا بە هەموو توانایەکەوەو بە پاڵپشتی ئەمریکاو زایۆنیزم لەنێو هەوڵدانێکی چڕوپڕدایە بۆ ئەوەی لەشکۆی نەتەوەیی، ڕێکخراوەی و کارگێری سەرۆکی نەتەوەییمان کەم بکاتەوە، لەم شەڕەشدا هەموو پشتگیریەکی سیاسی وەرگرتووە، بۆ ئەوەی بگەنە ئەو ئامانجە گڵاوەیان دژ بە سەرۆکی ئێمە هەموو ڕێوشوێنێکی پزیشکی لەبواری جەستەییو دەرونی بەکاردەهێنن. بەو مەبەستەی پەڵەیەکی ڕەش لەسەرۆکایەتی سەرۆک (عەبدوڵا ئۆجەلان) بخەن. تێکڕای یاساو ڕێساکانی مرۆڤایەتی کە لەمێژوودا نەبینراوە دەخەنە ژێر پێ، بۆ ئەوەی ئەو قۆناغە بەپێی بەرژەوەندیەکانیان بگۆڕن ڕۆژانە دژ بە سەرۆکی نەتەوەییمان ئەشکەنجەی جەستەو دەرونی پەیڕەو دەکەن، لەسەر ئەو بنەمایە سەرۆکی ئێمەیان خستۆتە نێو ئابلۆقەیەکی ترسناکەوە. لەبەر ئەوە هەتا ئێستا چەندە شاندی نێودەوڵەتی کە دەیانەوێت سەرۆکی نەتەوەیی ببینن ڕێیان پێ نەداون و ڕەتیان کردونەتەوە، ئێستاش لەم ڕووەوە دەیانەوێت هەندێک گۆڕانکاری بکەن، بە شێوەیەک لەخزمەتی ئەو پیلانەدابێ، واتە ئەگەر ڕێی بە هەندێ لایەنیش بدرێ، ئەوانە دەگرێتەوە کە گرێدراوی ئیمپریالیزم و دەزگای شەڕی تایبەتن، واتە ڕێگا نادەن کەسایەتی و دامودەزگای بێ لایەن چاویان بە سەرۆکی نەتەوەیی بکەوێت.

دوای گێڕانەوەی سەرۆکی نەتەوەییمان بۆ تورکیاو ئەو ڕەوشەی کە هاتۆتە ئاراو ئەو چاوپێکەوتنانەی ساز دەدرێن ڕاستیەک دەسەلمێنن ئەویش ئەوەیە کە ئەو پیلانە نێودەوڵەتیە لەبارودۆخێکی نوێو بە شێوازێکی نوێ بەڕێوەدەبرێ. ئەمەش دەیسەلمێنێ ئەگەر هەندێ گۆڕانکاریش ڕوویدات، بەڵام ئەم پیلانە هێشتا بەردەوامە ئەو هێزە نێودەوڵەتیانەی بەشداریان لەو پیلانە کردووە هێشتا سورن لەسەر هەڵوێستەکانیان بۆ پەرەدان بە پیلانی پاکتاوکردنی گەلەکەمان کە لەکەسایەتی سەرۆکی نەتەوەییدا بەڕێوەدەبرێ.

ئەمانە دەی سەلمێن کە شەڕی نێوان گەلەکەمان و دوژمنەکانی بەشێوازێکی توندودژوار بەردەوام دەبێ.

پێویستە گەلەکەمان فراوانبونی ئەو شەڕە بزانێ و باش لەو ڕاستیە تێ بگات و پێشخستنی شەڕیش بۆتە ئەرک، چونکە لەبەرامبەر دوژمن هەنگاونان بۆ دواوە مانای تێکچونە، بە پێچەوانەی ئەمەشەوە پێی دەوترێت قەڵەمبازی نوێ لەشەڕی ئازادیخوازیماندا، پەرەپێدانی ئەو شەڕەش لەڕێی گیانبازی گەریلاوەو پاڵپێوەنانی بەرەو سەرکەوتن خاوەن گرنگیەکی ژیانیە. ئەمرۆکە پارتی و ئارتەشەکەمان و ئێوە (گەلەکەمان) بەشێوازێکی زانستی و کارامەی هەڵوەستە لەسەر ئەو ڕاستیە بکەن و خاوەنداری لەسەرۆکی خۆتان بکەن، لەبەر ئەوە ئەرکێکتان دەکەوێتە سەر شان ئەویش پەرەپێدانی شەڕە، چونکە دوژمن تەنها لەو زمانە تێدەگات، بۆیە جگە لەمە نابێ بەهیچ جۆرێکی تر نزیکی ئەو قۆناخە ببینەوە. مانەوەی سەرۆک لەژیاندا لەئەستۆی ئێمەدایە. ڕاسپاردەی قۆناخیش ئەمەیە (خەباتکردن بۆ گەیشتنە ئەنجام، ئەنجام گرتنیش بۆ شەڕکردن) بەم شێوازە لەڕێی سەرکەوتندا هەنگاو بنرێ. جگە لەمە هیچ چارەیەکی دیکەمان نیە. لەهەمان کاتدا ئەمە ڕاسپاردەی قۆناخەو گفتوگۆی لەسەر ناکرێ.

بۆ گەلی بەهاداری کوردستان

لەبەرامبەر ئەو پیلانەی کە دژ بە سەرۆکی ئێمە پیادە دەکرێ، بەڕێوەبردنی تێکۆشانی هەمەلایەنە، هەم ئەرکێکی سەر شانتانە، هەم مافێکی ڕەوای ئێوەیەو کەس ناتوانێ لەدەستتان بگرێ. ئەو پیلانە گڵاوەی کە لەلایەن ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و داگیرکەرییەوە پەرەی پێ دەدرێو فراوان دەکرێ، پێویستە گەلەکەمان وریابێ و بزانێ هەر شتێک کە دوژمن بەناوی سەرۆکی ئێمەوە بڵاوی دەکاتەوە، ئێمە پابەندی نابین، ئێمە ئەو شیکردنەوەو ڕاسپاردانەی سەرۆک بەبنەما دەگرین ئەو کاتەی کە بەشێوەیەکی ئازاد پەیوەندی لەگەڵ ئێمەو ئێوە (گەل)دا هەبوو، لەبەر ئەوە هەر لێدوانێک کە دوژمن بیەوێت وەکو لێدوانی سەرۆک بڵاوی بکاتەوە ئێمە وەک لەیستۆکێکی دەبینین و ڕەتیدەکەینەوە، ئەم لەیستۆکەی دوژمن بە هیچ جۆرێک لای ئێمە لەشکۆی سەرۆک (ئاپۆ) کەم ناکاتەوەو گرێدانی ئێمە بەسەرۆکە ناهەژێنێ، پێویستە

سات بەسات تاقیبی ئەو لەیستۆکانە بکرێ و لەسەر ئەو بنەمایەش خاوەنداری لەسەرۆکی خۆمان بکەین. ئەو گۆڕانکاریانە کە ڕوودەدەن بکەینە ڕاپەڕینێکی گەورە.

بۆ لاوانی کوردستان

ئێوەو بۆ گەلەکەشمان ئەو کاتە هاتووە کە دوای قسەی خۆتان بکەون و بە قوڵی ڕاستی دوژمن بناسن و لەسەر ئەو بنەمایە خاوەنداری بکەن لەسەرۆکی نەتەوەیتان، بۆ ئەمەش پێویستە ئێوە وەک گیانبازێکی چاونەترسی سەرۆک (ئاپۆ) ڕێبەرایەتی ڕاپەڕینەکان بکەن، لەهەمانکاتدا تەڤلی ڕیزەکانی ARGK ببن، لەبیرنەکرێ تەنێ بە پێشخستنی شەڕ دەتوانین بگەینە سەرکەوتن. بۆ ئەوەی بگەینە کوردستانێکی ئازاد دەبێ زەویو ئاسمان بهەژێنین، لەبەر ئەوە پێویستە لەئاستی بەرزدا نوێنەرایەتی ناونیشانی گیانفیداکانی سەرۆک (ئاپۆ) بکەن.

بۆ تێکڕای فەرماندەو جەنگاوەرانی گەلەکەمان

ئەو پیلانەی کە ١٩٩٨/١٠/٩ دەستی پێکردو لە١٦ی شوباتدا گەیشتە ئەنجامێک هێشتا بەردەوامە، بۆ ئەمەش هەر شتێک لەسەر سەرۆکی ئێمە لەڕەوشی دیلکراوش بوترێ پەسەند ناکرێو پابەندی نابین. لەهەمانکاتدا دەبێ ژیانێکی بێ سەرۆکایەتی پەسەند نەکەین، بۆ ئەمەش تا سەرۆکی ئێمە ئازاد دەبێ، تا مافە ڕەواکانی گەلەکەمان دەستەبەر دەکرێ، ئەو شەڕە بێ پسانەوە بەردەوام دەبێ، لەبەر ئەوە پێویستە ئەرکی دەزگای سەرۆکایەتی بێ کەموکوڕی جێبەجێ بکەن و خۆتان بکەنە جەنگاوەری لێهاتووی سەرۆکایەتی و تایبەتمەندیە داهێنەرەکانی سەرۆکایەتی لەخۆتاندا بەرجەستە بکەن و پێکی بێنن.

بۆ ڕای گشتی نێودەوڵەتی

ئەمڕۆ لەکەسایەتی سەرۆک (ئاپۆ)و گەلەکەماندا بەها مرۆڤایەتیەکان پێ ژێر پێ دەخرێن و ڕای گشتی دنیا حسابی هیچمان بۆ دەکات، بۆ ئەمەش لەسەر تەواوی مرۆڤایەتی پێشکەوتوخوازو هێزە دیموکراتەکان و ڕێکخراوەکانی پاراستنی مافی مرۆڤ پێویستە بە شێوازێکی چالاک موداخەلەی ئەو ڕەوشە بکەن. چونکە ئەو کۆششانەی هەتا ئێستا کراوە بە

شێوەیەکی بەربەریانە لەلایەن دەوڵەتی تورکیا ڕەت کراوەتەوەو داگیرکەر گاڵتە بە مرۆڤایەتی دەکات کارەکان هەتا ئەو ڕادەیە پیسو گڵاوە. ئەمڕۆش بە دەنگهاتنی ڕای گشتیو وەرگرتنی تەگبیری پێویستە ئەرکی خاوەنداریکردنە لەمرۆڤایەتی، بۆ ئەوەی ڕای گشتی زیاتر خۆی سیستەماتیک بکات و بتوانێ بە شێوەیەکی چالاک ڕووبەڕووی بەربەریەتی تورکیا ببێتەوە، بانگتان دەکەین کە تەگبیری پێویستوەربگرن.

ژیان بێ سەرۆکایەتی و شەڕو سەرکەوتن پەسەند ناکرێ.

ئەنجومەنی سەرۆکایەتی

پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK

١٩٩٩/٣/٢

## بەڵگەنامەی ژمارە (١٥٣)

## بۆ گەلی وڵاتپارێزی باشوری كوردستان

جارێكی دی ڕۆژنامەكەمان كەوتە بەر شاڵاوی نایاسای و نا مرۆڤانە و ئارەزووی لایەنە باڵادەستەكانی باشوری كوردستان بەبێ بوونی هیچ بیانویەكی یاسایی یان ڕۆژنامەوانی،ڕۆژنامەكەمان لەلایەن (YNK)ەوە داخرا. وەك ئاشكرایە بۆ هەمووان،ڕۆژنامەی وڵات بۆتە بەشێك لە ویژدان و هەست و نەستی گەلەكەمان لە باشوردا. بۆیە لە توانای هیچ هێزێكدا نیە دەنگی (وڵات) كپ بكاتەوەیان كۆسپ و تەگەرە بخاتە پێشی بۆ ئەوەی لە ئەركە مێژووییەكانی سەرشانی دوری بخاتەوە. دەبێت بۆ سەردەمانێك بتوانن كار و خەباتی (وڵات) دوابخەن، بەڵام مەحاڵە بتوانن بە بەردەوامی (وڵات) لە ئەركو كارەكانی دوربخەنەوە. ئەگەر چەندین ڕەفتاری نامرۆفانەش، لە وێنەڕەفتارە نا مرۆڤانەكانی سەدەكانی ناوەڕاستیش دڕندانەتر و ناڕەواتر پەیڕەوبكەن، ئەوا دیسان ناتوانن بە ئامانجە گڵاوەكانیان بگەن بەوەی كە (وڵات) لە جەماوەر داببڕن، چونكە مێژووی ڕۆژنامەكەمان شایەدحاڵی ئەوەیە كە چەندە تیرۆر و كاری نا مرۆڤانەی تریش لە بەرامبەری ئەنجام بدەن، نەیانتوانیوە كۆسپ و تەگەرە بخەنە پێشمان بۆ ئەوەی بە ئەرك و كاری نیشتیمانیمان ڕانەبین، بەڵكو بە پێچەوانەوە دوای شەهید بوونی هەر كادرێك لە كادیرەكانی ڕۆژنامەكەمان و داڕشتنی هەر پیلان و نەخشەیەكی دی لە دژی (وڵات)، ئەوا بە ورە و باوڕی و جۆش و خرۆشێكی ترەوە، ڕۆژنامەكەمان ئەرك و كارە نیشتیمانیەكانی ڕاپەراندووە.

وەك ئاشكرایە بۆ هەموان، ئەمڕۆ لە باشوری كوردستان دەرفەتێكی یەكجار زۆر لە پێش دەزگاكانی ڕاگەیاندنی داگیركەرانی كوردستان و سیخوڕەكانیان بە گشتی و ڕۆژنامەكانیان بە تایبەتی كراوەتەوە، گەرچی زۆرجار ئەو دەزگایانە بەرژەوەندی باڵای نیشیمانیان كردۆتە ئامانجی پروپاگەندەكانیان و، سنوری سوری نەتەوەیشمانیان دەربازكردووە، بەڵام لایەنە باڵادەستەكانی وەكو (YNK) وێڕای ئەوەی هیچ هەڵوێستێكیان دەرنەبڕیووە و دەنگیان لێوە نەهاتووە زۆر جار گەورە بەرپرسیارانی (YNK) بەشداریان لە ئاهەنگی كردنەوەی ئەودەزگایانە كردووەو بەڕۆژانەش ئەو دەزگایانە بەسەردەكەنەوە، بەڵام

ڕۆژنامەی (وڵات) هیچ سنورێکی یاسایی یان ڕۆژنامەوانی نەشکاندووە، بەڵکوو بە پێچەوانەشەوە هەمیشە بەرژەوەندی باڵای نیشتیمانی بە بنچینە گرتووە و بەشێوازێکی گونجاوو بابەتیانە نزیکیڕەوشی ئێستای باشوری کوردستان بوەتەوە، هەربۆیە وەرگرتنی بڕیارێکی لەوجۆرە لە دژی ڕۆژنامەکەمان، تەنها یەک واتا دەبەخشێ ئەویش ئەوەیە لایەنە باڵادەستەکان لە باشوری کوڕدستاندا گەلەکەمان شایستەی ئەوە نابینن ئاشنای ڕاستیەکان ببێ و ئەو نەخشەو پیلانەی لە دژی بەڕێوە دەبرێ بناسێ، چونکە لایەنە باڵادەستەکان هەمیشە خوازیاری ئەوە بوونە گەلەکەمان لە باشودا لە تاریکستانیدا بمێنێتەوە، بۆ ئەوەی بتوانن بە بەردەوامی بازرگانی بە گەلەکەمان و کێشەکەیەوە بکەن، چونکە ئەرکی سەرەکی (وڵات) ئەوە بووەڕاستیەکان بۆ گەلەکەمان ئاشکرا بکات و پەردە لەسەر نەخشەو پیلانە شاراوەکانی داگیرکەران و خیانەتکاران هەڵماڵێت، هەر لەبەر ئەو هۆیەشە ئەم بڕیارە لە دژی وڵات دراوە.

داخستنی ڕۆژنامەی (وڵات)، ئەمجارە بە بیانووی فشاری تورکیاوە ئەنجام دەدرێت. ئەم ڕووداوەش نەئێمەو نەگەلەکەمان بەختەوەر دەکات، بەڵکو بە پێچەوانەوە ڕق و کینەی گەلەکەمان لە بەرامبەر ئەو لایەنە زێدەتر دەکات. لەم ڕووداوەشدا بۆ گەلەکەمان ئاشکرا بوو کە لایەنە باڵادەستەکان چەندە ئیرادەی گەلەکەمانیان تەسلیم بە تورکیا کردووە، و هەروەها سەلماندی کە ئەم لایەنانە خاوەندی بڕیاری خۆیان نین، ئەمەش مایەی دڵگرانیە، بەتایبەت ئەگەر بزانین لەنێو جەرگەی کۆماری تورکیادا بەگشتی و شارێکی وەک ئیستەمبوڵ بە تایبەتی چەندە ڕۆژنامە و گۆڤار و ڕادیۆ و دەزگای تریڕاگەیاندنی کوردی هەیە، کەچی تورکیا بە هیچ شێوەیەک جەسارەت ناکات کۆسپ و تەگەرە بخاتە پێش ئەو دەزگایانە، هەر بۆیە وەرگرتنی بڕیارێکی لەو جۆری لە دژیڕۆژنامەکەمان سەلمێنەری ئەوەیە کە ئەم لایەنە چەندە بێ ئیرادە و بێ چارەیە لە بەرامبەر داگیرکەرانی کوردستان بەگشتی و تورکیا بە تایبەتی.

ئاشکرایە هەندێ پێوانەو یاسایی نێونەتەوەی نەگۆڕ هەن، وەکو ئەوەی کە تەنانەت لە کاتی شەڕ و پێکدادانیشدا نابێت بە هیچ شێوەیەک موداخەلەی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و تەندروستی مرۆڤەکان بکرێت. هەڵسوکەوتکردنی هەر لایەنێک لەو دوو بوارەدا پێوانەی سەرەکی ئەوەیە کە ئەو لایەنە چەندە

دیموکراتیە، وە لەڕۆژانی ئەمڕۆدا کە سەردەمی دیموکراتیە و زۆر لە ناوەندەکانی دونیا و ڕۆژئاوایەکان بەتایبەتی خوازیاری گەشەکردن و بەرەوپێشەوە چوونی دەزگا دیموکراتیەکانن لە تەواوی دنیادا. هەر بۆیە جێی سەرسوڕمانە لەم کاتەدا لایەنێکی بڕیاری داخستنی ڕۆژنامەیەکی کوردی بدات، چونکە ئەم کارە خۆی لە خۆیدا لاوازکردنی گیانی دیموکراتی و هەوڵێکە بۆ بەرپانەبوونی دیموکراتی لە کوردستاندا.

لە کاتێکدا کێشەی گەلەکەمان بە قۆناغێکی هەستیاردا دەرباز دەبێت، وە لەسەر تەواوی لایەنەکان فەرز دەکات کە هەموو ناکۆکی و ئاڵۆزیەکانیان بەشێوازی دیموکراتی و برایەتی و ئاشتیانە چارەسەر بکەن. هەر بۆیە کپ کردنەوەییەکێک لە مینبەرە سەرەکیەکانی دیموکراتی کەڕاگەیاندنە شتێکی بێ واتاو مایەی دڵگرانی گەلەکەمان و مرۆڤایەتییە.

وەکو ئاشکرایە ڕۆژنامە خۆشەویستەکەتان (وڵات) لە هیچ هەلومەرجێکدا دژایەتی هیچ لایەنێکی نەکردووە، بەڵکو بە پێچەوانەوە هەمیشە ویستویەتی دەرفەتی دروستکردنی یەکیەتی و نزیکبونەوەی نێوان لایەنە کوردیەکان بڕەخسێنێت، بەڵام ڕۆژنامەی وڵات وەک هەر دەزگایەکی تری نیشتیمانی لەگەڵ جێبەجێکردنی ئەرکە نیشتیمانیەکانیدا ڕەخنەی گونجاو و بابەتیانەی وەک چەکێکی شارستانی و دیموکراتی ئاراستەی لایەنەکان کردووە و هەمیشە لەڕەخنەکانیدا بەرژەوەندی باڵای نیشتیمانی لەبەرچاو گرتووە، ئاشکراشە گیانی لێبوردن و ڕەخنە پەسەند کردنیەکێکە لە بنەما سەرەکیەکانی دیموکراتی بۆ هەرکەس و لایەنێک.

بۆ گەلی بەشەڕەفی باشور و تەواویرۆشنبیران و هێزە سیاسی و نیشتیمانپەروەرەکان..

بێدەنگکردنی بەهایەکی بەرزی نیشتیمانی وەکو (وڵات) نە قازانجی خودی لایەنەکەیە کە بڕیاری وەرگرتووە و نە هیچ لایەکی دی کوردی، بڕیارێکی لەم جۆرە نەهیچ هێزێکی نیشتیمانی و نەهیچ نیشتیمان پەروەرێک دڵخۆش دەکات، بەڵکو بە پێچەوانەوە تەنها دڵ و دەرونی دوژمنانی گەلەکەمان و ئەوانەی کە دژییەکێتی گەلەکەمانن دڵخۆش و بەختەوەر دەکات.

هەر بۆیە هەموو هێزە سیاسیە نیشتیمانیەکان و چین و توێژ و ڕێکخراوڕۆشنبران بەگشتی و ڕۆژنامەوانان و ڕۆژنامەکان بە تایبەتی بە ئەرکی مێژووی سەرشانیان ڕابن، بۆ شەڕمەزارکردن و پوچەڵکردنەوەی ئەم بڕیارە نایاسایی و دوور لە شارستانییەتە. لەسەر ئەو راستیەی سەرەوە لەبەر ئەوەی ئەم بڕیارە دژی دەربڕینی بیروڕای ئازاد و یاساکانی ئازادی ڕاگەیاندن پێشێل دەکات لە کەسێتی (وڵات)دا، هەر بۆیە ئێمە وەکو ڕۆژنامەی (وڵات) ئەم بڕیارە شەڕمەزار دەکەین وە بە بڕیارێکی ناڕەوای دادەنێین.

ڕۆژنامەی "وڵات"

باشووری کوردستان

١٩٩٩/١١/٢٢

ڕوون کردنەوەیەک بۆ سەرجەم گەل و هەموو هێزە وڵاتپارێزەکان

پێش ماوەیەک چەکدارەکانی (پ.د.ک) لە گوندی "لارە" عەقالێکی ئێمەیان بەبێ هیچ هۆیەک شەهیدکرد، بەڵام پارتی لێپرسراویتی خۆی وەک حیزب نیشان نەدا و بە کارێکی ئەزا و عەلەنی لە قەڵەمدراوە بەڵێنی سزادانی ئەو کەسانەیدا کە بەم کارە ترسنۆکانەیە هەستاون، بەڵام ئەوبوو هیچ هەنگاوێکی عەمەلی نەهاویشت و گوێی خۆی لێ کەڕکرد. سەرباری ئەمە پارتی بەردەوام بووە لە گرتن و کوشتن و خستنە ڕێی عەقالان وە بەمانەوە نەوەستاون تا ئەوەبوو لە ڕۆژی ٤/١٠/١٩٩٦ لە گوندی (قەڵاچوالی شێخ کریم) کە سەر بە "ئاغجەلەر"ە چەکدارەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان پیلانێکی خیانەتکارانەی تریان لە دژی عەقالانمان ئەنجامدا و تیایدا پێنج عەقالی قارەمانمان شەهید کران، کە عەقال (د. سیروان) سکرتێری (یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان ــ YNDK) یەکێکە لە شەهیدەکان، کە پێشتریش هەوڵی تیرۆرکردنیان دابووە بەڵام هەوڵەکەیان بێ ئاکام بووە ئەوەی جێگای سەرنجە ئەم عەقالە بە پێی پیلانێکی داڕێژراو و بە زانابوون شەهیدیان کردووە، چونکە ئەو ڕێکخراوەی کە عەقال (د. سیروان) سکرتێری بووە نوێنەرایەتی هێڵی سیاسی شۆڕشگێڕی و وڵاتپارێزی و گرێدراوی بە گەلەوە دەکرد، هەر لەبەر ئەمەشە پێشتریش هەوڵی تیرۆرکردنیان دابووە بەڵام عەقالی ناوبراو لەبەر ئەوەی تێر نەبیوو لە خزمەتکردنی میللەت و بەردەوامی بە خەباتی خۆیدا بوو لە ناو میللەتدا و گیانی شۆڕشگێڕی بڵاودەکردەوە وە خیانەت مەرگی خۆی لە ڕۆحی شۆڕشگێڕی ئەم عەقالەدا دەدیەوە لەبەر ئەوە لە ئاکامی ئەم پیلانە گڵاوەیاندا عەقال د. سیروان و چوار عەقالی تریان شەهید کرد، بەڵام ئەمە لەبیر ناکرێت، چونکە تۆوی شۆڕشگێڕی لە باشووردا چێنراوە و خوێنی عەقال د. سیروان و عەقالانی تر ئەو تۆوە ئاو دەدەن و گەشە پێ دەدەن.

ئەوەی شایەنی باسە کە پارتی دیموکراتی کوردستان، وەکو کاری هەمیشەیی ئەم تاوانە ناخاتە ئەستۆی خۆی، بەڵام ئەگەر (پ.د.ک) ڕاست دەکات با خیانەتکاران تەسلیم بە ئیرادەی گەل و شۆڕش بکات......

بەڵام ئەگەر پارتی لەسەر ئەم هەڵوێستەی خۆی بەردەوام بێت، ئەوا ئێمە ناچار دەبین کە شەڕێکی توند بەرووڕووی بکەینەوە و بەرپرسیاریش لە ئەستۆی پارتیدایە نەک ئێمە!

لێرەوە ئاگادارکردنەوەی هەموو هێزە وڵاتپارێزەکان بە ئەرکی شۆڕشگێڕی خۆمانی دەزانین، و هەڵوێستیان بۆ خۆیان بەجێ دەهێڵین، با جەماوەریش لە نزیکەوە ئاگاداری ڕووداوەکان بێت، ئەگەر هاتوو سزای تاوانباران نەدرا ... ئەوا شۆڕش بە عەدالەت و زەبری خۆی سزایان دەدات...

- نەمری بۆ گیانی پاکی شەهیدی سەرکردە (د. سیروان) و هەموو عەقالەکانی.
- شکاوەبێت ئاڵای سەربەخۆیی و ئازادی کوردستان.
- مردن و ڕووڕەشی بۆ خیانەتکاران و پاشکۆیان.

پارتی کرێکارانی کوردستان
P.K.K.
ئیدارەی ئیالەتی سلێمانی
٨/١٠/١٩٩٦

بەڵگەنامەی ژمارە (١٤٣)

# دەرئەنجامی شەڕەکانی ARGK لە مانگی حوزەیراندا

( شاڵاوی چەکوش ) کە لە باکوور هەتا باشوور بە شەڕێکی بڵاوگەنەدەی بەر فراوان لە نێو ناوچەیێکی هەراو هوریاوە دەستی پێکرد سەرنەکەوت و ، گەورەترین شکستی خوارد ، سەرەڕای ئەوەی کە گەورەترین شاڵاو بوو لە مێژووی کۆماری تورکیادا . بە شێوەیەک شاڵاوی چەکوش لەبەرامبەر شاڵاوی تورە و ئەو گرانەوە ئەکتیکیەی کە ئەرتەشە قارەمانەکمان ARGK بەڕێوەی برد ، بووە شاڵاوی زیان و دۆڕاندن . لەبەر ئەوە مانگی حوزەیران بۆ ئەرتەشەکمان بووە مانگی بەرپەرچدانەوە و هێگەمەت بردن لە باکوور و باشوور ، بەیانی زەمینە خۆشکردن بۆ ئەو شاڵاوە شۆڕشگێڕییە .

ئەرتەشەکمان سەرکەوت لە کۆتایی پێ هێنانی ئەو شەڕانە لەبەرامبەر گەورەترین شاڵاو لە مێژووی کۆماری تورکیادا بە کەمترین زەرەرو زیان . تێکۆشانی ڕزگاری نیشتمانیمان بە بازوویەکی بە هێز و پەرەوەوە لەهەموو ئاستەکانی نەتەوەیی – سیاسی بگرە سەربازیشەوە لەم شاڵاوە هاتە دەرەوە . لە کاتێکدا دەوڵەتی تورکیا تەنگژە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی کەڵەکەی سەر یەکتر بوون و شکستی ئەرتەشی تورکیاش لەسەر هەموو ئاستەکاندا ئاشکرا بوو ، بۆیە دەبینین ئەم فاکتەرانە بخاتە ئەستۆی ( چیلەر – ئەریەکان ) ە وە ، کە هەردووکیان بوونە ئامێری دەستی ئەو شەڕە نایەتە .

بەکێشی سەربازەکان لە ڕێگەی بەیەرەو کردنێکی ڕێژەیی و هەندێ هەنگاوی هێرشکردنەوە ، جارێکی تر بە دیاری خست کە چۆن دەتوانرێ گەورەترین لێدان و زۆرترین زیان بە ئەرتەشی تورکیا بگەیەنرێ . بەم شێوەیە مانگی حوزەیران بووە لەو مانگەی کە تێیدا کوشندەترین زەبرمان بە درێژایی شەڕی ڕزگاری نیشتمانیمان بە دوژمن گەیاند و ، بەرچاوترین و باشترین لەهاتەکان بەدەست هێنا . بە ڕەنگێک توانیمان لە ماوەیەکی کەمدا لەرتەشی تورکیا لە باشووری کوردستان وەدەرنێین ، سەرباری ئەوەی ئارەزووی مانەوەشی هەبوو بۆ ماوەیەکی درێژ . لە باکووریش زەبری گورچک بڕانەمان لێدان ، سەرەتا لە بۆتان – ئامەد و ئەرەزەرۆم ، هەروەها لە ماردینیش (٥) ڕۆژ لەمەوبەر ژیپێوشێنێک بە تەواوی تێکوپێکدرا و (١١) سەربازی ناوێشی کوژران . هەروەها لە ناوچەی لەتەشکەفتا بڕیندارا هەڵیکۆپتەرێک خرایە خوارەوە و (١١) ئەفسەری لەناودا بوو کە سەرکردەی مەیدانی شەڕ بوون . لە هەمان شەودا زەبرێکی کوشندە لە تابورێکی هێزی دوژمن درا کە دەکەوێتە نێوان ڕووباری (زاپ و تروانیش ) و ، هێزەکەی دوژمن لە بارێکی ترس و تۆقینەوە هەڵاتن و دەیان کوژراویان بەجێ هێشت . لە هەمان کاتدا لەو ناوچەیەی کە دەکەوێتە نێوان (خرەگول و ئەشکەفتا بڕیندارا ) زەبرێکی کوشندە ئاراستەی تابورێکی هێزی دوژمن کرا و بە دەیان کوژرا و برینداربوون و ، لە پاشەخۆیان ئامێری بێ تەلیان بەجێ هێشتەوە ، لەمەش لەوە دیاردەکا کە فەرماندەکانی ئەو تابورە گیانیان لەدەست داوە . جگە لەمانەش حوزەیران ئەو مانگەیە کە کوژرانی ئەفسەرەکانی دوژمن لە زیادبوون داپووە ، ئەویش (٢١) ئەفسەر کەوتۆتە دەستی هێزەکانی ئەرتەشە قارەمانەکمان و ، (٥١) ئامێری بێ تەلیش بەدەست کەوتووە . هەروەها لەم مانگە بەو ماوەیە دادەنرێ کە تێیدا زۆرترین بڕی چەک و تەقەمەنیمان بە دەست خستووە . لە ئەنجامدا دوژمن ناچار بوو بە بێ دەنگی و بەبێ لێدوان لە باشوور بکشێتەوە ، لە کاتێکدا کە بە شەڕێکی بڵاوگەنەدەیی و هەراوهوریایەکی زۆرەوە داگیری کرد ، بەڵام هیوا و ئومێدەکانی لە زەلکاوی باشوور و ڕووباری زاپ دا خنکان .

هێزی خیانەتکار و کرێگرتەش کە لەسەر بەرماوەی داگیرکەران دەژی ، لە مێژووی خۆیدا وەکو ئێستا کەنارگیر نەبووە . ئەو ( واتە هێزی خیانەت ) لە دوا ڕۆژەکانی تەمەنی دا دەژی ، بە تایبەتیش دوای ئەوەی لە شاڵاوی (کوڕەزارێ) لەماوەی سێ ڕۆژدا و لە مێژووی خۆیدا گەورەترین لێدانی بەرکەوت و هەڵاتن ، لە پاشە خۆیان بە دەیان کوژراویان بە جێهێشت . هێزی خیانەتکار ئێستا دەبێ مل کەچبکا بۆ ئیرادەی گەلەکمان ، یانیش ڕووبەڕووی ئەو چارەنووسە دەبێتەوە کە خیانەتی مێژوویی لە هەموو شوێنێکدا پێی گەیشتووە . ئەو کۆمەکە ڕاستەوخۆیەی کە دەوڵەتی تورکیا بە ژمارە و تەقەمەنییەوە پێشکەشی هێزی خیانەتی دەکا بە هیچ شێوەیەک لەو چارەنووسە ڕەشەیان ناگۆڕێ .

هێزەکانی ئەرتەشە پاڵەوانەکمان لەو مانگەدا جارێکی تر ڕاستی ئەو گوتەیەی سەرۆکی گشتیمانی سەلماندەوە :( ئەوانەیە (١٠) دەوڵەت ئێمە بشکێنن ( مەبەست لەرتەشی تورکیایە ) بەڵام ناتوانن تێکمان بشکێنن ). هەتا ئێستا ئەرتەشەکمان لە باکوور و باشوور لە شاڵاوە شۆڕشگێڕییەکەی بەردەوامە ، پاش ئەوەی لە مانگی حوزەیراندا بە پراکتیکی لە ڕووی سەربازییەوە سەرکەوت ، ئەڵقەم بازنەکمان بە

بەڵگەنامەی ژمارە (١٤٤)

دەست هێنا کە هەڵگری تایبەتمەندی ساڵی (١٩٩٧) ە . دەرئەنجامەکانی شەڕی مانگی حوزەیران باشترین شاهێدن لەسەر ئەمە . راستە هێشتا زۆر شت ماوە پێکی بێنین ، بەڵام دەتوانین بڵێین لە ئێستاوە ئێمە لەو ساڵانەمان قازانج کردووە ، بە تایبەتیش دوای ئەوەی ئەو قەڵەمبازەمان بە ئەنجام گەیاند و ، هەنگاوی بەردەوامیشمان بۆ چەسپاندنی داوە . بەرەو دەدەین بەو زەبرە کوشندانەی کە بە دوژمنی دەگەیەنین . جگە لەمەش ئەرتەشی تورکیا و هێزەکانی خیانەت ناتوانن لە یەک سەنگەر دەرمان بکەن . هەتا ئێستا لە شوێنەکانی خۆمانین ، بەڵکو پەرەی پێ دەدەین و هەر رۆژێک سەنگەری نوێ بە دەست دەخەین . نەک تەنها ئەمەش بەڵکو ئەکەمەرێزەی دوژمن بۆتە بەڵایەک بەسەریەوە ، هەروەها زۆری ژمارەشی بە پێچەوانەی بەرژەوەندی ئەو هەڵگەڕاوەتەوە . ئەمە بە تەواوی ماندووی کردوون ، ورەیان رووخاوە. خیانەتکارانیش بە ورەیەکی رووخاوەوە ژیان بەسەر دەبەن ، لە ئامانج و مەرامەکانیاندا شکستیان هێنا . لە رووی سەربازی و سیاسیشەوە تێک شکاون . هێزەکانی ARGK بەردەوامە لە چوونە پێش لە هەموو شوێنەکاندا ، لەسەر تەنها لەم مانگەدا لەم چالاکیانەی ئەنجام داوە :
(١٠٦) بۆسەدانانەوە (٥٤) دزەکردن (٣٣) هێرش کردن (٨٠) جار دانانی مین (٤) ئەغتیال (٤٤) پێکدادان (١٧) کاری رووخاندن (١٧) جار رێگا برین (٥٠) کاری سەر لێشێواندن ، واتە سەرجەمی (٤٠٥) چالاکییە ، کە تێیدا بە دەیان ئامێر تێکدراوە و هەلیکۆپتەرێکیش خراوەتە خوارەوە . سەبارەت بە زیانەکانی دوژمنیش کە لە شوێنی چالاکییەکاندا تۆمار کراوە ، ئەوا زیانێکی زۆر و قورسە ، سەربازی ئەوانەی کە لەناوبراوە تۆمار بکرێن . ئەو ژمارانەی کە دەوڵەتی تورکیا لەسەر زیانەکانی ARGK رایگەیاندووە کاتێک راست دەبێ ئەگەر پێچەوانەی بکەینەوە . تەنها ژمارەی کوژراوەکانی دوژمن لە چالاکییەکانی مانگی حوزەیراندا ئەوانەی کە تۆمار کراوە بەم شێوەیە :

(٤٥٣) سەرباز لە ناویاندا (١٨) ئەفسەر، (٩) پۆلیس (٤) بەکرێگیراو ، جگە لە (٩٢) جاش ، واتە سەرجەمی دەکاتە (٥٤٥) کوژراو. لە هەمان کاتدا زیانی خیانەتکارانیش (٤١٠) کوژراوە کە (٥) یان لێپرسراون . بەم شێوەیە سەرجەمی کوژراوان (٩٥٥) کوژراوە . ژمارەی بریندارەکانیش بەم جۆرەیە :

(٥٨٠) سەرباز (٣٦٠) جاش (٣٧٩) خیانەتکار ، واتە سەرجەمی هەمووی (١١١٩) بریندار . بۆ زانین (١٤٦) چالاکی هەیە ئەنجامەکانی نەزانراون ، ئەگەر بێت ئەنجامەکانی ئەوانیش بخەینە سەر چالاکییە زانراوەکان ئەوا بۆمان روون دەبێتەوە کە زیانەکانی دوژمن بە هەزارانە .

لە هەمان کاتدا لەم مانگەدا هەلیکۆپتەرێک خراوەتە خوارەوە (٦٦) ئامێری سەربازی تێک و پێکدراوە . ئەمە و زیانی ئەرتەشەکەمان بریتییە لە (١١١) شەهید (٤٦) بریندار لە تەواوی وڵاتدا ( باکوور و باشوور ) . ئەمە و لەم مانگەدا (٢٥٨) جەنگاوەری نوێ پەیوەندیان بە ریزەکانی ARGK وە کردووە .

شایانی ئاماژە پێکردنە لەم ماوەیەدا (٤٠) جاش و (١٣) خیانەتکار بەدیل گیراون ، واتە سەرجەمی (٥٣) دیلە . سەبارەت بە دەست کەوتی هێزەکانی ARGK ش لە مانگی حوزەیراندا بەم شێوەیە بووە :

(٤) چەکی جۆری MG-3 (١) چەکی گران جۆری A-4 (٢) چەکی گران جۆری دۆشکە (١٤) BKC (١٣) RBG (٢) هاوەنی عەیار ٦٠ ملم (١) RBK (٩) گوللە هاوێژی لاو (٧) چەکی راو کردن (١) قەناس (٥) دەمانچە (١٩) نارنجۆکی دەستی (٣٨) دووربین (٤٩) رەخت (٢١) ئامێری بێ تەل دەستی (١) چەکی کلاشنکۆف (٤) مین (١) ئامێری دۆزینەوەی مین (١٠٤) گوللەی B-7 (١٩) گوللە هاوەن (٤٥٣) مەخزەن (٢٥٢٩٧) فیشەکی هەمە جۆر (١٤٣) کۆڵەپشت (٣٢٦٣) سەر مەڕومالات (٧٣) سەر وڵاخی بارهەڵگر .

بە پێی ئەو ئەنجامانەی کە بە دەست هاتوون بە باشی بۆمان روون دەبێتەوە کە لە مانگی ئەمرۆ و ماوەی داهاتوودا بە تایبەتیش دوای ئەوەی وەکو پێویست تاکتیکمان پەیڕەو کرد لەم قالاوەی ئێستا لە تەواوی وڵاتدا ئەنجامی چاکتر و پێشکەوتنی مەزن بەدەست دێنین . هەموو پێداویستییەکانمان لەبەر دەست دایە بۆ بەدیهێنانی سەرکەوتن لە جەولەی کۆتایی لەم ساڵەدا . گۆڕانکارییەکان بە گوێرەی بەرژەوەندی ئێمە بە رێوە دەچێ ، سەنگەرەکانمان پتەوتر دەکەین و گورزی کوشندە و بە هێزتریش لە دوژمن دەدەین .

نووسینگەی راگەیاندنی بارەگای ناوەندی
ئەرتەشی رزگاری گەلی کوردستان ARGK
١٩٩٧ / ٧ / ١

بەڵگەنامەی ژمارە (١٤٤)

## گەلی کوردستان و هێزە نیشتمانییەکان و مرۆڤایەتی پێشکەوتووخـــواز

لەم ڕۆژانەدا کە پێ دەنێینە چوارەمین ساڵی هەڵمەتی 15ی ئاب کە قۆناغێکی نوێی کردەوە لە شەڕی ڕزگاری نیشتمانیدا ، لە هەر کاتێکی دی بەهێزتر پێشوازی دەکەین لە چوارەمین ساڵی شەڕی ڕزگاریمان کە لە 15ی ئابی ١٩٨٤دا دەستی پێکرد بۆ گێڕانەوەی هەموو ئەو بەهایانەی کە گەلەکەمان لە دەستی دابوو و ، گەیاندنی بە شوێنی شیاوی خۆی لەناو مرۆڤایەتیدا ، هەروەها گەیاندنی گەلەکەمان بۆ سەر هێڵی پێشکەوتنی مرۆڤایەتی . درێژە بە کاروانی ئازادی دەدەین بۆ سەرکەوتن و بەدەست خستنی سەنگەری نوێ لە کەسایەتی داگیرکەری تورکیدا لە بەرامبەر داگیرکەران و ، لە کەسایەتی PDK دا لە بەرامبەری خیانەت و هەر شێوەیەکی کۆنەپەرستیدا . لەسەر ئەم بنچینەیەش ڕۆحی هەڵمەتی 15ی ئاب ڕۆژ بە ڕۆژ بەهێزتر لەسەر گەلەکەمان و شێوازی ژیانی ڕەنگ دەداتەوە .

ڕێبازی 15ی ئاب ، ڕێبازی سەرلەنوێ بە دەست خستنەوەی هەموو ئەو شتانەیە کە لە دەستماندا بوو ، لەهێشتنی مافی ژیانی داگیرکەر و خیانەت و هەر شێوەیەکی کۆنەپەرستییە . ڕێبازی سەرکەش بوون لە بری کەوتن ، ئازادی لەبری کۆیلایەتی ، پێشکەوتن لە بری دواکەوتن ، نیشتمانپەروەری لە بری خیانەت ، باوەڕ بەخۆبوون لە بری وابەستەییە . ڕێبازی شوێن گرتن لەناو مرۆڤایەتی و بەدی هێنانی ڕزگاری نیشتمانی و کۆمەڵایەتییە . ڕێبازی گەیشتنە بە سەرکەوتن بەبێ لەبەرچاوگرتنی کەمی تواناکاری و هەلومەرجی ناهەموار . ١٢ساڵی ڕابردووی تێکۆشانمان ئەم ڕاستییەی بێ سێ و دوو سەلماندووە . ئەو تێکۆشانە بێ هاوتایەی کە لە ١٣ساڵی ڕابردوودا بەڕێوە براوە ؛ چارەنووسی گەلەکەمانی گۆڕی و ، لە تەواوی کوردستان بە تایبەتیش لە باکووردا گوورزی کوشندە لە داگیرکەر و خیانەتکار و کۆنەپەرستان وەشێنراوە و ، گەیشتوونەتە قۆناغێك کە ناتوانن چیتر درێژە بە مانەوەی خۆیان بدەن . بنەماکانی یەکێتی نەتەوەیی چەسپاند و ، تێکۆشانی هاوبەشی ڕزگاریش بۆتە ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگر . بۆ یەکەم جارە بەوپەڕی سەنگینیەوە پرسی کورد بێتە ڕۆژەڤی ناوەندە جیهانییەکان ، لە هەمووشی گرنگتر سەرباری هەوڵە بێ سوودەکانی خیانەتکاران ، گەلەکەمان گەیشتۆتە ئاستی بەدەستخستنی دەسەڵاتی خۆی . کوردستانی خۆراگریش بە هەنگاوی پتەو و تۆکمەوە بەرەو سەرکەوتن دەچێت ، ئەم ڕاستییەش بە تەواوی سەلمێنراو بووە .

بێگومان بەرامبەر ئەو دەستکەوتانەی کە گەلەکەمان بەدەستی هێناون ، دوژمنانیش دەستەوئەژنۆ دانانیشن ، هەروەکو چۆن لە داگیرکردنی باشوور لە ١٤ی ئایاردا بینرا ، ئێستاش بەردەوامن لەسەر هێرشەکانیان بۆ لەناوبردنی دەستکەوتە نیشتمانییەکانمان . خیانەت لەسەر دەستی PDK پیس و ڕەشترین ڕێککەوتن لەگەڵ ئەنکەرەدا دەبەستێ و ، چی لە دەستی بێت دەیکات بۆ تێکشکاندنی شەڕی ڕزگاریمان ، بەم شێوەیەش خیانەت دەبێتە زەمینە خۆشکەری هێرشی داگیرکەران . داگیرکەران پشت بە خیانەت دەبەستن ، خیانەتیش پشت بە داگیرکەران دەبەستێ بۆ درێژەدان بە ژیانی بۆگەنیان ، واتە هەردووکیان بە تەواوی بوونەتە یەك و پێکەوە دەجوڵێن . تاکە ڕێگا نەك تەنها بۆ پاراستنی دەستکەوتەکانمان ، بەڵکو بۆ گەیشتنە سەرکەوتن لە ساڵی نوێی شەڕی ڕزگاریماندا ؛ بەلاوەنانی هەر شێوەیەکی پارچەگەری و ، بە گوڕکردنی تێکۆشانی ئێمە و هێزە نیشتمانپەروەرەکانە . هەروەکو چۆن داگیرکەر و خیانەتکاران بەبێ سنوور هێرش دەکەنە سەر تێکۆشانی ڕزگاریمان ، پێویستە ئێمەش هیچ سنوورێك نەناسین بۆ بەدیهێنانی یەکێتی و گەرمکردنی شەڕی ڕزگاریمان . ڕێبازی 15ی ئاب هەتا ئێستا ئەمەی بەدیهێناوە و ، لەمەودوا بەهێزتریش بەڕێوە دەچێ . یەکبوون و پەرەپێدانی شەڕی ڕزگاری لەسەر ئەم ڕێبازە بۆ گەیشتنە سەرکەوتن ، مەرجێکە ناتوانرێ دەستبەرداری بێ بکرێت . پەرەپێدانی شەڕ لەسەر ئەم ڕێبازە لەژێر سەرۆکایەتی سەرکەوتووانەی سەرۆك APO دا بەبێ گومان گەلەکەمان دەگەیەنێتە سەرکەوتن . لەسەر ئەم بنەمایە بانگی گەلەکەمان و هێزە نیشتمانپەروەرەکان و مرۆڤایەتی

بەڵگەنامەی ژمارە (١٤٥)

پێشکەوتووخواز دەکەین بۆ پەکخستنی کۆششەکانیان . بەسە چیتر بەرامبەر هێرشی داگیرکەر و خیانەتکار و کۆنەپەرستان بێدەنگ مەمێنن ، با پێکەوە و بە پەرەپێدانی شەڕی هاوبەشی نیشتمانی وەڵامی ئەو هێرشانە بدەینەوە . ساڵی نوێی تێکۆشان بکەینە ساڵی تێکشکاندنی داگیرکەران و سەرخستنی گەلەکەمان ، بۆ ئەو مەبەستە:

**لاوانی قارەمانی کوردستان**

ژیانی ژێر سایەی داگیرکەری پەسەند مەکەن ، ئەوەی کە شایستەی ئێوەیە : ژیانێکی ئازادە . ژیانێکی سەربەخۆ لە وڵاتێکی ئازاددا ماڧێکی سروشتی ئێوەیە ، ژیانێکی ئەوهاش تەنها بە شەڕی هاوبەشی ڕزگاری کە لەژێر ڕێبەرایەتی **PKK**دا بەڕێوە دەچێ بەدی دێت . دژ بە کۆیلایەتی ڕاوەستن و لەناو ئەم شەڕەدا سەنگەری خۆتان بگرن . پۆل بە پۆل تەڤلی ڕیزەکانی ئەرتەشی ڕزگاری گەلی کوردستان **ARGK** بین . دروشمی مردن بۆ داگیرکەرو خیانەتکاران بە تەڤلی بوون بۆ ناو ڕیزەکانی **ARGK** بەرز بکەنەوە ، بە ئەرتەش بوون و شەڕکردن و بەدیهێنانی سەرکەوتن بکەنە پرانسیپێکی سەرەکی لە ژیانتان دا .

**گەلی کوردستانی نیشتمانپەروەر و هێزە نیشتمانییەکان**

پاراستنی ئەو دەستکەوتانەی کە بە دەستمان هێناون و ، گەیاندنیان بە سەرکەوتنیش پێویستی بە تێکۆشانی زیاتر هەیە ، گوێ مەدەنە پروپاگەندەی چەواشەکاریانەی دوژمنان ، بە باوەڕپێبوونەوە پەرە بدەن بە بەشدارییمان لە شەڕی ڕزگاری نیشتمانیدا . با کەم و کورتییەکان دەرباز بکرێن و لە پێناوی گەیشتن بە سەرکەوتن پەرە بە شەڕ بدەین .

**مرۆڤایەتی پێشکەوتووخواز**

پرسی کوردستان لەهەر کاتێک زیاتر بۆتە پرسی مرۆڤایەتی ، داگیرکەری و خیانەت و کۆنەپەرستیش لە کەسایەتی گەلەکەماندا بەردەوامن لە هێرش کردن بۆ سەر مرۆڤایەتی ، لەبەرئەوە ڕزگاریی گەلەکەمان بەشێکە لە ڕزگاری مرۆڤایەتی ، پشتگیری کردنی تێکۆشانمان ئەرکی سەرشانتانە ، بۆ نواندنی ئەو پشتگیرییەش هیچ کۆسپ و تەگەرەیەک بە هەند وەرمەگرن ، پێش کەشکردنی پشتگیری لەم چەشنە لەهەر کاتێک زیاتر خاوەنداری کردنە لە مرۆڤایەتی .

- بژی قەڵەمبازی پیرۆزی 15 ی ئاب .
- مردن بۆ داگیرکەری و خیانەت و کۆنەپەرستی ...

**پارتی کرێکارانی کوردستان PKK**

**نوێنەرایەتی باشوور**

**15ی ئاب 1997**

بەڵگەنامەی ژمارە (١٤٥)

# بۆ چەکدارەکانی چەتەی خیانەت و لایەنگرانیان !

مێژووی کوردستان گەلێك دەرس و پەندی تێدایە . بەرخودانەکانی گەلەکەمان هەمیشە لەسەر دەستی خیانەتکاران شکستی خواردووە . راپەڕینێك نیە کە لە پشتەوە خەنجەری بەرنەکەوتبێت . هەر کاتێك گەلەکەمان لە پێناوی رزگاری دا راپەڕی بێ ، خیانەتیش کەوتۆتە جوڵە و راپەڕینەکەی شکست پێ هێناوە . ئەم راستیە لە مێژووی پێنج سەدەی رابردوماندا بە زۆر شێوە دووبارە بۆتەوە . لە ڕۆژی ئەمڕۆماندا هەوڵی پووچ دەدرێ بۆ دووبارە کردنەوەی هەمان شت ، چەتە خیانەتکارەکانی PDK لە ژێر سەرۆکایەتی بنەماڵەی بارزانی لە ماوەی ٤٠ ساڵی رابردوودا ئەمەیان ئەنجام داوە . بۆ لێدانی جوڵانەوەی رزگاری نیشتمانی کوردستان لە باکوور ، باشوور و رۆژهەلات ئەوەی لە دەستیان هاتووە کردوویانە بەم رەنگەش بوونە درێژە پێدەری زنجیرەکەی شێخ بەتلیسی ، ئەگەر بەتلیسی سەرەتای خیانەت بێ ، ئەوا بنەماڵەی بارزانیش زنجیرەی کۆتاییەتی .

هەروەکو دەزانرێ چەتە خیانەتکارەکانی PDK زیانێکی گەورەیان بە شەڕی رزگاری نیشتمانی گەیاندووە ، ئەوەی کە دوژمن بۆی نەکراێ ، ئەوان کردیان . ئەگەر چاوێك بە مێژووی ئەو چەتانەدا بخشێنین ، بە روونی بۆمان دەردەکەوێت کە کاریان تێك شکاندنی جووڵانەوەی نیشتمانییە ، بۆیە زیاتر لە دوژمنان رژێم و ڕێبەرەکانی گەلەکەمانیان کوشتووە ، لە هەمان کاتدا رۆژێك لە رۆژان بەرامبەر دوژمنان بە جدی شەڕیان نەکردووە ، ساڵی ١٩٩٢ شەڕی PKK ، ساڵی ١٩٩٣ شەڕی حیزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان HSDK ، ساڵی ١٩٩٤ شەڕی YNK ، ساڵی ١٩٩٥ دووبارەی شەڕی PKK ، ساڵی ١٩٩٦ شان بە شانی رژێم شەڕی YNKکرد و ، بوونە هۆی کوژرانی هەزاران لە دڵسۆزترین رۆڵەی گەلەکەمان . بەڵام گەورەترین ئەڵقە لە زنجیرەی خیانەتەکانی ئەو چەتانە بەشداری کردنیان بوو لە داگیرکردنی باشووری کوردستاندا لە لایەن داگیرکەری تورکیاوە لە ١٤ ئایاری ١٩٩٧ دا .

ئەوەی سەرنج رادەکێشێ کە چەتەکانی خیانەت بە درێژایی ئەو ماوانەی کە باسمان کرد یەك فیشەکیان لە دژی دوژمنان نەتەقاندووە ، بە پێچەوانەوە هەردەم ساز و ئامادە بوون بۆ خزمەت کردنی داگیرکەران و دژایەتی کردنی گەلەکەمان . لەسەر بنەمای دژایەتی کردن و لە ناوبردنی هێزە نیشتمانییەکان ، گوزارەی لە بەرژەوەندییەکانی کردووە و برونی خۆی پاراستووە . رۆژانە بە هۆی بانگهێشتی PDK ، فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا گوندەکانی باشووری کوردستان بۆردومان دەکەن ، کوژرانی (٢٠) لادێیی و بریندار بوونی (١٦) دیکەش لە ( کەلاشین ) لە رۆژی ٢٩ ئەمڕۆدا نموونەیەکی ئەمەیە .

چەتەکانی خیانەت بۆ ئەوەی لێزانانە رۆڵی خۆیان بگێڕن لە دژایەتی کردنی گەلەکەماندا ، لە ژێر جلی کوردی و کوردایەتی خۆی دەشارێتەوە ، دیارە ناچارە کە ئەمە بکات بۆ ئەوەی بتوانێ لە جیاتی داگیرکەران جوڵانەوەی نیشتمانی لەناو ببات . لە پەنا نیشتمانپەروەریەتی ساختەدا توانی هەستی نیشتمانپەروەرانی گەلەکەمان قازانج بکات و ، بۆ خزمەتی داگیرکەران بیخاتە گەڕ . بەم شێوەیەش بەشێکی گەلەکەمانی هەڵخەڵەتاند و خستیە خزمەت دوژمنانمان ، کەچی خیانەتی (١٤ ی ئایار) کۆتایی بەم لەیستۆکە هێنا . گەلەکەمان کە لە ژێر سەرۆکایەتی PKK یەکی گرتووە بە سووربوونی تەواوە شەڕی دژ بە خیانەت و داگیرکەرانی راگەیاند ، ئەم شەڕە نیشتمانییەش هەتا ئێستا بە هاوکاری هێزە نیشتمانییەکان لە تەواوی کوردستاندا بەردەوام دەبێ ، بگرە ئەم شەڕە رۆژ بە رۆژ گەرمتر دەبێ و خەریکە خیانەت لە پەلوپۆ دەخات ، لە ئێستاوە هەناسە تەنگ بووە . ئەو هەڵمەتە شۆڕشگێڕیانەی کە وەك چەکوش لە ( بامەڕنی و قەسرێ ) لەسەری PDK

بەڵگەنامەی ژمارە (١٤٦)

دەدات، بێ چەند و چوون مژدەی چارەنووسی حەقی چارەڕوانکراوی خیانەتی هێناوە ، لە توانای ( وانە خیانەت ) دا نەماوە هەناسە بدات . ARGK بە هەمان گیانی قەڵەمبازی مێژوویی ١٥ ی ئاب لە ڕۆژانی داهاتوودا شەڕ گرمو دەکات و، چەتەکانی خیانەت لێك هەڵدەوەشێنێ و ، زەمینەی بەردەوام بوونی ژیانی ئەو نەخۆشیە پیسەش تەفروتونا دەکات .

**بۆ لایەنگرانی PDK ،**

دەبێ بزانن کە چەتەکانی خیانەت هێزێکە لە خزمەتی داگیرکەران دایە ، ڕێگا مەدەن هەستیاری نیشتمانپەروەریتان بەکار بهێنێ . لە سەرتان پێویستە بووە کە دەفرەتی نەدەنێ لە دژی گەلەکەمان شەڕتان پێ بکات و تاوانی زیاتر ئەنجام بدەن. ڕیزەکانی بەردەن ، بە تایبەتی لەم ڕۆژانەدا کە خیانەت ڕوو لەناوچوونە . بگەڕێنەوە ڕیزی گەلەکەمان و خیانەتکاران بە تەنها بهێڵن . ئەگەر لەسەر ئەم بنەمایە هەڵوێستان وەرگرت ئەوا ؛ پارتەکەمان PKK و هێزە نیشتمانییەکانی تریش ڕێگا دەدەن لە نێو ڕیزی گەلەکەماندا بژین و ، زەمینەی ژیانێکی پاك سەربەرزانەتان بۆ دەرەخسێنن .

**پێشمەرگە هەڵخەڵەتاوەکان ،**

هەتا ئێستا بە نیاز و باوەڕی بەدیهێنانی ئازادی گەلەکەمان ، لە نێو ڕیزەکانی خیانەتدا شەڕتان کردووە . لە پێناوی ئەمەش قوربانی زۆرتان داوە ، بەڵام ئەمڕۆکە ڕاستیەکان بە تەواوی ساغ بوونەتەوە و پێچەوانەی پێشبینییەکانتان بوو . ئاشکرا بووە ئەو قوربانیەی کە بەخشیوتانە کەوتۆتە خزمەتی دژایەتی کردنی گەلەکەمانەوە . ئێستا کاتی ئەوە هاتووە – ئەگەر درەنگیش بێ – کۆتایی بەو ڕەوشە بێنن و بگەڕێنەوە ڕیزی گەل و چەکەکانتان ئاراستەی سینگی خیانەتکاران بکەن.

ئەگەر دەتانەوێ ڕووبەڕووی هەمان چارەنووسی تۆڕی خیانەت نەبنەوە ، ئەوا لە سەرتان پێویستە چەکەکانتان ئاراستەی سینگیان بکەن . ئەوە تاکە ڕێگای ڕزگار بوونتانە . ئەگەر ناتوانن ئەمە بکەن ، لە ماڵەکانتاندا بمێنن . ئەگەر ئەمەتان کرد ئەوا ؛ هێزە نیشتمانیەکان لە پێشەوەی هەموویانیش پارتەکەمان PKK هەلتان پێ دەدا لە نێو ڕیزەکانی گەلدا بژین . لەمە زیاتر هیچ ڕێگایەکی تر نیە بۆ ژیانێکی سەربەرزانە ، لە کۆتاییدا داوا لە سەرجەم لایەنگرانی چەتەکانی خیانەت و تەواوی چەکدارەکانیان دەکەین کە ڕیزی خیانەت بەجێ بهێڵن و بێنە نێو سەنگەری شەڕی نیشتمانی شان بە شانی لاوە قارەمانەکانمان و تەواوی ڕۆڵەکانی گەلەکەمان .

– بمرێ خیانەت !

– بژی ئازادی !

**فەرماندەی بارەگای ARGK**
**لە باشووری کوردستان**
**١٩٩٧ / ٨ / ١٠**

بەڵگەنامەی ژمارە (١٤٦)

بانگەواز !

## بۆ سەرجەم جەماوەری گەلەکەمان و لایەنە سیاسیەکان

ئەو شەڕەی کە لە باشووری کوردستاندا بەڕێوە دەچێ، شەڕێکی مێژووییە ، داواکارم هەموو کەسێك بەشێوەیەکی جدی ئەرکەکانی خۆی ڕاپەڕێنێ ، ئەوەندە خوێنمان ڕژاندوە، کورد ئەوەندە شەڕی یەکویان کرد ، لێرەدا دەمانەوێ کۆتایی بەم شەڕە بێنین، گەلەکەمان داوای ئەم شتە دەکات ، بە تایبەتی لە قۆناغێکی هەستیاری وەك ئەمڕۆدا ، من هەمیشە بانگەوازم کردووەو گوتومە ، بۆ یەکەمجارە لە مێژووی شەڕی کورداندا گەیشتوینەتە ئاستێك، کە سیاسەتی وابەستە تووشی شکستی بووەو کاتی بەسەرچووە، ئیدی لەسەر بنچینەی خۆگرێدان بە دوژمنی سەرسەختی گەلەکەمان لە کوردستاندا سیاسەت بەڕێوەناچێ ، شەڕی ئەم دواییە کۆتایی بەو لاپەڕە ڕەشە هێنا ، کە لە مێژووی کوردستاندا تۆمارکرابوو ، چونکە کەس ناتوانێ بەم ڕەنگە خزمەتی گەلەکەی بکات ، ئەو سەردەمە بە سەرچوو ، ئەو قۆناغە کۆتایی پێهات قۆناغێکی نوێ دەستیپێکردووە؟ هەلومەرجی بابەتی لە کوردستاندا بۆ ئەوە ڕەخساوە ، کە هێزە کوردستانیەکان لەسەر مێزی سیاسی گفتوگۆ لەسەر کێشەکانیان بکەن و ، پەنابەنە بەر شێوازی سیاسی و کۆبوونەوەی گەورە سازبدەن و، بڕیاری چارەنوس ساز وەربگرین ، کاتی ئەمە هاتووە، پێویستە خۆمان بە شایستەی ئەم تێکۆشانە دابنێین ، ئێمەی کورد دەتوانین مێشکی خۆمان بخەینە گەڕ و ، بڕیاری خۆمان بدەین، دەتوانین لەسەر بنچینەی پشت بەستن بەهێزی خۆیی ، خۆمان بەڕێوە ببەین، ئەو باوەڕەدام هەموو کوردێکی دڵسۆز ئەم شتە قبوڵ دەکات ، هەر کوردێك کەوا هەستی نەتەوەیی ومرۆڤایەتی تێدا هەبێت ، ئەم شتە پەسەند دەکات، بۆیە مەڵێن ، ئەگەر فلان کەس نەبێت ، یاخود فلان دەوڵەت ڕازی نەبێت من ناتوانم هیچ شتێك بکەم ، واز لەم شتە بهێنن ، هیچ قازانجێکی تێدا نەماوە، جگە لە شکستی نەبێت ، چەندین ساڵە هیچی لێ نەکەوتەوە ، با دەست بکەینە ناو دەستی یەکەوە ، هەرچەندە ئێمەکو ئیگەرانین و زۆر دوژمنایەتی یەکمان کردووە ، بەڵام دیسان ئێمەی کورد زۆر پێویستمان بەیەکو هەیە ، هەروەها پێویستمان بە گەلانی دراوسێ و ناوخۆی کوردستانیش هەیە ، دەبا دەستی خۆمان بخەینە ناو دەستی یەکو ، چونکە ئەمە سیاسەتێکی نیشتمانپەروەری و دیموکراتی و برایەتی و ئاشتیە ، مادام وایە بۆچی خۆمان دوورە پەرێز بگرین ؟ بۆچی پێمان خۆش نەبێت ؟ ئەو شەڕەی کە وا ئێمە بەڕێوەی دەبەین ، لەپێناو بەدیهێنانی ئەم ئامانجەدایە، نەك بۆشتێکی تر ، ئێمە نامانەوێ هیچ کوردێك تووشی شکستی ببێت ، ئێمە نامانەوێ هیچ کوردێك بێ شەرەف بهێنینەوە ، بەپێچەوانەی ئەمەوە داخوازین هەموو کوردێك خاوەن شەرەف بێت ، بەم شێوەیە ئەوانەی خۆیان بەسەرۆك دادەنێن ، دەتوانن شەرەفی کوردان گەورەبکەن ، شەرەفی خۆیانیش گەورەبکەن ، جگە لەمە هیچ ڕێگایەك نەماوە ، لەو شتانەی کەوا ئاماژەم پێکرد ڕوون و ئاشکرایەو ، مەڵێن نازانم بۆچی **PKK** وایکرد؟ و ئەم شەڕەچییە ؟ ئەمە شەڕی شەرەفە، شەڕی یەکبوونە ، مرۆڤ ناتوانی خۆی لێ لابدات ، یان ئەوەتا دەستبەرداری ئەم گەلەبین ، یان ئەوەتا ئەم میللەتە بخەینە ژێر زەویەوە، یا ئەوەتا دەست بکەینە ناو دەستی یەکەوە ، ئایا هیچ ڕێگا چارەیەکی دیکە هەیە؟ تۆ دەتوانی بڵێی هێشتان کاتی یەکگرتن نەهاتووە؟ ئایا دەبێت؟ لە کاتێکدا ئەم میللەتە بۆتە پاشکەوتووترین گەل لە جیهاندا ، لە ناوخۆیشدا بە تەواوی بۆتە دوژمنی یەکو ، لەم حاڵەتەدا تۆ دەتوانی بڵێ کاتی یەکگرتن نەهاتووە ؟ تۆ دەتوانی بڵێی هێشتان کاتی برایەتی نەهاتووە و پێویست ناکات هێزە کوردیەکان یەکگرن؟ و من چیم دەوێ پێویستە وابێت، ئەگەر تۆ وابڵێیت ، ئەمە پێی دەگوترێ سیاسەتێکی خیانەتکارانە ، و سیاسەتێکی وابەستە، لە ئەنجامیشدا ڕەوشت هەروا دەبێت ، ئەو باوەڕەدام بە چارەسەرکردنی ئەم شتانە ، کۆتایی بە لاپەڕە ڕەشەکانی مێژووی کوردستان دەهات و، ئەو سیاسەتە باوی نەما، ئایا سیاسەتی نوێ چییە ؟ سیاسەتی نوێ تەنها لەهەلومەرجێکی کوردستانیە ، پێویستە هەڵبژاردنێك دروست بکرێت و ، بە تەواوی پشت بە گەلی کوردستان ببەستن و، گیانی برایەتی لە دڵ و مێشکی خۆماندا دروست بکەین ، بۆ خۆمان سیاسەت دیاری بکەین ،نەك سیاسەتی دەرەوە ، بە چاك و خراپ سیاسەتی دەرەکی لە ئەنجامدا زیانمان پێ دەگەیەنێ ، بۆخۆمان سیاسەتێکی کوردستانی دابنێین، لێرەشدا پێویستە دیموکراتیەت سەقامگیربێت ، کۆبوونەوەی گەورە سازبدەین، هەروەها بانگەوازی هەموو لایەك دەکەم ، ئەوانەی کوردستانیان دەوێ و بە پەرۆشن بۆ یەکگرتن و ئاشتی ، وەرن با کۆنفرانسێك لە پێناو ئاشتی دا پێك بێنن، کۆنفرانسی ئاشتی کوردستانی دروست بکەین ، کۆنفرانسی دیموکراتی کوردستان سازبدەین، کۆنگرەیەکی کوردستانی پێك بێنین و، تێیدا بە فراوانی وتووێژ لەسەر کێشەکان بکەین و چەندین بڕیاری نەتەوەیی بدەین و ، هێزێك دروست بکەین بۆ جێبەجێ کردنی ئەو بڕیارانە. ئێمە بۆ تەواوی ئەم شتانە ئامادەین ، بزانن ئێمە ئەمە ڕادەگەیەنین ؟ نەخێر ، ئێمە گەورەترین فیداکاریمان لە پێناو ئەمەدا کردووە ، جگە لەمە هیچ چارەیەك هەیە ، تۆ لە ژێر پەردەوە هاوکاری دوژمن بکەی، پاشان بۆکوێ دەچی ؟ بە پشت بەستن سیاسەتی دەرەکی چیت بۆ دەکرێ ؟ مرۆڤ دەتوانی چەند ساڵ بە تاریکی ڕێگا ببڕێ؟ ئەگەر تۆ پشت بە هاوکاری دەرەوە ببەستی، ئەبێ چەند بەرزت بکەنەوە؟ و بەکارت بهێنن؟ مرۆڤ ئەم شتە لە خۆیدا ببینێ، ئەو باوەڕەدام ئەم شەڕە هەموو شتێکی ئاشکرا کرد، ئەمە شەڕی سەربەخۆیی و ئازادیە، شەڕێکی پیرۆزە لە مێژووی کوردستاندا، ئەمە شتێکی گەورەیە، لەبەر ئەوە باوەڕمان

بەڵگەنامەی ژمارە (١٤٧)

بەوە هەیە بگاتە ئەنجام، هەروەها بانگەوازی PDK ش دەکەم، کە هێزە شۆڕشگێڕو وڵاتپارێز و دیموکراتخوازەکان ناتوانن شەڕی خۆیان ڕابگرن. هەتا سیاسەتێکی نەتەوەیی و لەئەرنالیتێکی کوردستانی بەرجەستە دەبێت، ئەم شەڕە بەردەوام دەبێت، جگە لەمە هیچ ڕێگایەکی دیکە نەماوە، هەتا تۆ "مەبەست PDK یە" دێتەوە سەر ڕێگای سیاسەتێکی نیشتمانی و دیموکراتی، ئەوساکە ئەم شەڕە ڕادەوەستێ، لەبەر ئەوە دەڵێم ئەمە شەڕی باشوور نیە، تەنها شەڕی PKK نیە، بەڵکو شەڕێکی کوردستانیە، ئەمەش مافی ئێمەیە، ئێمە ناتوانین خۆمان بە دور بگرین، با پارچە پارچە بوون ڕابگرین، ئەوەندە کوشتار بەسە، ئێمە دەمانەوێ کێشەکان بە دیالۆك و لەسەر بنچینەی بەرژەوەندی باڵای نیشتمانی چارەسەر بکەین، ئێمە هەژارین، زۆر ئازارمان پێمان گەیاند، هەموو خێزانێك شەهیدی بەخشیوە، هەموو خێزانێك دڵیان پارچە پارچەکراوە، ئێمە دەمانەوێ ڕێگاچارەیەکیان بۆ بدۆزینەوە، بۆ چی خۆتان لەمە لادەدەن؟ ئازارم من ئازارم پێ دەگات و گەورەیەم نامێنێ، کوا مەزنبوونی تۆ؟ لە کاتێکدا گەل ئەوەندە ئازار دەکێشێ، دڵیان پارچە پارچە بووە، بۆ چی بە دڵی ئەوان ناجوڵێنەوە، من ئەم شتە بە سەرۆکەکان دەڵێم، بە PDKش هەمان شت دەڵێم، ئەوانەی کە تەنها بیر لە بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان دەکەنەوە، پێویستە لەمەودوا خۆتان ڕاست بکەنەوەو یا ئەم شەڕ یان شەڕی داهاتوو وەڵامتان نادەنەوە. ئەوا ناتوانن درێژە بە مانەوەی خۆیان بدەن، با نەڵێن ئێمە نەمانویستووە، ئەگەر بگەڕێنەوە سەر سیاسەتێکی ڕاست بچووك نابن، بە پێچەوانەوە مرۆڤ بە یەکێتی گەل گەورەتر دەبێت، ئەمە شوورەیی نیە، با بەرژەوەندی بنەماڵە و عەشیرەت نەمێنێ، گەلی کوردستان سەرکەوتن بەدەست بهێنێ، بۆ چی نیگەران دەبن؟ با گەلی کوردستان دەسەڵاتدار بێت، بۆ چی بەمە دڵگران دەبن؟ ئایا شتێ لەمە باشتر هەیە؟ جگە لەمە هیچ ڕێگا چارەیەك هەیە؟ لەم سەردەمەدا تۆ چۆن دەتوانی ئەم شتە بەڕێوە بەی، دەڵێن جگە لە من نابێ کەسی دیکە هەبێ، کێ ئەم ئەقڵیەتە قبووڵ دەکات، لەم سەردەمە شتێ وا لە خۆ دەگرێ؟ لەبەر ئەوە دەڵێم واز لەم شتانە بهێنن، ئەگەر نا لە ڕێگای شەڕەوە ناچارتان دەکەین وازی لێ بهێنن، باشترین ڕێگا، ئەو هەنگاوەی ئێستایە، ئەو باوەڕەدام ئەم ڕێککەوتنە بەردەوام دەبێت، هەتا دەگاتە ئامانجەکانی خۆی، دیسان دووپاتی دەکەمەوە، ئەمە تەنها ڕێککەوتنێکی باشوور نیە، بەڵکو ڕێککەوتنێکی کوردستانی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، هەتا کورد دەگاتە مافەکانی و، دیموکراتیەت سەقامگیر دەبێت و، نەتەوەی کوردیش لە جیهاندا وەکو هەموو گەلانی تر قبووڵ دەکرێ، ئەم ڕێککەوتنە بەردەوام دەبێت، ئەم ڕێککەوتنە دژی ئەوانەیە، کە یاری بە چارەنووسی گەلەکەمان دەکەن و بوونەتە کۆسپ و ئەگەرە لەبەردەم یەکێتی کوردان و، دوژمنایەتی گەلی کوردستان دەکەن.

هەروەها بانگەوازی ئەرتەشی داگیرکەری تورکیا دەکەین، واز لە خاپوور کردنی کوردستان بهێنن، ئەگەر ئێوە "مەبەست تورکیایە" وابکەن، گەلی کوردستان ڕیزەکانی خۆی یەك دەخات و، بگرە لەگەڵ گەلانی ناوچەکەشدا یەك دەگرێت و، لە بەرامبەر ئێوە ڕادەوەستێ، بۆیە واز لە دروست کردنی دووبەرەکی لە نێوان پارچەکانی کوردستان بهێنن و چیدی کوردان پارچە پارچە مەکەن، لەم سیاسەتە هیچ ئەنجامێکی لێناکەوێتەوە، ناتوانێ سەرکەوتن بە دەست بهێنێ، زیاتر لە (٤٠) ساڵە ئێوە کورد پەرتەوازە دەکەن، بۆیە پێویستە ئەرتەشی تورکیا واز لەم کردارە بهێنێ، مافی کوردان قبووڵ بکەن و دان بە ماف و ناسنامەی نەتەوەیی کورد دا بنێن و، بە شێوەیەکی ڕاست پەیوەندی لەگەڵ گەلی کوردستاندا ببەستن، جگە لەمە هیچ ڕێگایەکی دیکە لەبەردەم دەوڵەتی تورکیادا نەماوە، دەوڵەتانی ناوچەکە ناتوانن وەکو سەردەمی ڕابردوو ڕەفتار لەگەڵ گەلی کوردستاندا بکەن، ئەمەش شتێکی باشە، پێویستە هەر کەسێ نرخی ئەمە بزانێ، دیسانەوە بانگهێشتی سەرجەم گەلەکەمان و پارتەکانی کوردستان دەکەم، وەرن کێشەکەمان بە شێوەیەکی سیاسی چارەسەر بکەین، لەناو خۆماندا دیموکراتیەت سەقامگیر بکەین، ئامادەکاری بۆ کۆنفرانسێك یاخود کۆنگرەی نەتەوەیی بکەین و، هەموو تەنگ و چەڵەمەکانمان لە کۆنگرەکەدا چارەسەر بکەین، نەك بە شەڕ و چەك، بەڵکو بە شێوەیەکی ڕاستەقینە و دیموکراتیەت و ئاشتیخوازانە، ئەمەش ڕێبازێکی ڕاستە، ئێمەش بە هەموو شێوەیەك بۆ ئەمە ئامادەین، دیسان دووپاتی دەکەمەوە، ئەگەر سبەی PDK وەڵامان بداتەوە، ئەوا دووسبەی شەڕ ڕادەوەستێ، دووسبەی وەڵامی بانگەوازەکەمان بداتەوە، سێ‌سبەی شەڕ ڕادەوەستێ. بەڵام ئەگەر وەڵامی بانگەواز نەداتەوەو، هەوڵ بدات کێشەکە بە ئاخراوی بهێڵێتەوەو، دیسان بانگهێشتی تورکیا بکات، بەوەی بەگوللەباران کێشەکان چارەسەر بکات، ئەو کاتەدا هیچ قازانجێك لە PDK نامێنێت، و هەتا کۆتایی ئەمساڵ PDK لە ناودەچێ، بەڵام ئێمە نامانەوێ بگاتە ئەم ئەنجامە، بەڵکو دەمانەوێ دیسان PDK جێگای خۆی لەناو بزافی ڕزگاریخوازی کوردستاندا هەبێت.

بە بۆنەی دەستپێکردنی ئەم هەنگاوەوە، پیرۆزبایی لە سەرجەم گەلی کوردستان دەکەم، پێم وایە هەڵە و خراپەکارییەکان بەرەو لەناوچوون دەچن، ڕاستی بۆ هەموو لایەك ئاشکرا بوو، هەلومەرجی یەکبوونی گەلی کوردستان هەڵکەوتووە و، پێویستە هەر کەس هاوکاری بکات، هەموو پارچەکانی کوردستان دەنگی خۆیان بەرزدەکەنەوە، گەلێك ڕۆشنبیری کورد کە هەتاکو ئێستا ڕۆڵی خۆیان نەبینیوە، ئێستاکە تێکۆشانی خۆیان بەرز دەکەنەوە، بەرە بەرە هەنگاوی گەورە دەنرێ، لەبەر ئەوە دەڵێم ئەمە شەڕی یەکێتی و برایەتیەو سەرکەوتن بە دەست دێنێ و دیسان پیرۆزبایی لە سەرجەم گەلەکەمان و پارتە کوردستانیەکان دەکەم و هیوای سەرکەوتن بۆ گشت لایەك دەخوازم.

**عەبدوڵا ئۆجەلان**
**سەرۆکی گشتی PKK**
**١٩٩٧/١٠/١٥**

بەڵگەنامەی ژمارە (١٤٧)

## بۆ جەماوەری وڵاتپارێزی باشووری کوردستان

لەو ڕۆژانەدا شەڕی ڕزگاری نەتەوەییمان بە ڕێبەرایەتی پارتی کرێکارانی کوردستان PKK لە سەرتاسەری کوردستاندا لە بواری شۆڕشی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتیدا گەیشتۆتە دوا قۆناغی سەرکەوتنی خۆی، بەم پێشکەوتنە دەرکێبە تەختی ئیمپریالیزم و داگیرکەرەو پاشکەرۆیەتی هەژاوە، بێ وەستان ئاگر دێت ڕیزەکانی خەباتی ڕزگاری نەتەوایەتی لە خەوشە بۆدەلەکان پاکاو دەکات، بۆئەوەی ڕەبەری کوردەکەو ئەمان لە داگیرکەران بەرێت پێویستە پاشکەرۆیەتی و کۆنەپەرستی ئاوەخۆ لە نێو ببرێت، بۆ ئەمەیە کە پاشکەرۆیەتی بە شێوەیەکی هۆڤیانە لە دژی بەهاکانی نەتەوەیی و مرۆڤایەتی رادەوەستێ. خاک و وڵات فرۆشتن، خوێن و ناموس دانە دەست داگیرکەران لە پەسەک و ڕەوشتی پاشکەرۆیی‌دا ڕەوایەو هەروا بە جوامێری و ناموس بەراورد دەکرێ، دیارە کە ئەم کارو کردەوانە بە پێی تێگەیشتنی ئەوان ناموسەو شەرکردنیش لە دژی کۆنەپەرستی و دوژمنانی گەل بێ‌ناموسییە، بۆیە هێنانی دوژمنان بۆسەر خاکی کوردستان و ئەنفال کردن و ڕەشە کوژی گەلی کوردستان بووەتە کارێکی ئاسایی، بەڵام ئەڵقی بوونی گورو کچانی گەنج لە کوردستاندا بۆ ڕیزەکانی شۆڕشی نەتەوەیی و وڵاتپارێزی بە تاوان و بێ‌ناموسی دەدرێنن.

ئاشکرایە هەر لە سەرەتاوە ئارۆزی ئەمڕۆ PKK لە پێناوی بنیادنانی وڵاتێکی سەربەخۆو ئازادو یەکگرتوو لەناو سەرجەم هێز و چین و توێژەکانی کوردستان بێ جیاوازی کاری کردووە. بۆ ئازاد کردنی مرۆڤایەتی لە بەندەی کۆیلەتی و پاشکەرۆیی ئافرەتی کوردستانی بە ئەرکێک کردووەو گەیاندوویەتیە ئاستی کەسایەتییەکی نوێ لە ڕابەرایەتی کردنی شۆڕشی کوردستاندا کە لە بوارەکانی سیاسی، سەربازی، ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی گەیشتۆتە ئاستی پێشەنگایەتی کردن لە پێناوی وڵاتێکی ئازادو سەربەخۆدا، لەم نێوەدا ئافرەت بۆ بەشداربوون لە ڕێبەرایەتی کردنی شۆڕشی مرۆڤایەتی و نەتەوەیی هاتۆتە ئاراو، نە تەنها زنجیری کۆیلەتی پچڕاندووە، بەڵکو ئافرەت بووەتە هێزێکی بنەڕەتی بۆ ڕیشە کێش کردنی ڕەگی کۆیلەتی بە یەکجاری لە کۆمەڵگای کوردستاندا. دیارە کەلەو ڕۆژانەدا بە هەزارەها ئافرەتی کوردستان لەناو ڕیزەکانی ئەرتەشی ڕزگاری گەلی کوردستان ARGK جێی خۆیان گرتووەو ئاداێت ئەم جێگرتنەش بەر فراوانو گەورەتر دەبێت.

لەوەی گومانی تێدا نییە کە ڕێگای ئازاد بوونی کوردستان بەندە بە ئازاد بوونی ئافرەتەوە، مرۆڤی خاوەن ناموس ئەم ڕاستییە باش دەزانێ و هەروا لە ژیانیشدا بە کردەوە بەرجەستەی دەکات و بۆ پشتگیری کردنیشی دەبێتە هێزێکی سەرەکی. دەربار بوونی هێڵی تێگەیشتنی PKK بۆ باشووری کوردستان و گەورە بوونی شەڕ لە دژی داگیرکەرو پاشکەرۆیەتی لەسەر بناغەی ئەم ڕاستییانەوەیە. بە هەزارەها کچی کورد بە سەربەرزانە ئەڵقی ڕیزەکانی شۆڕش بوونەو بە تایبەت لەم ساڵ (١٩٩٧) بوێرانە لە دژی داگیرکەرو خیانەت شەڕیان کردووە. کچە کوردی باشووری کوردستان (ل       ...) خەڵکی گوندی (ک       )ی سەر بە شارۆچکەی (پیرەمەگروون) لەم پێناوەدا ئەڵقی ڕیزەکانی ARGK بوو، بێگومان ئەویش بە پێی بڕیارو ئیرادەو خواستی خۆی و بە بۆچوونی ڕەتکردنەوەی ژیانی کۆیلەتی دەیویست ببێت بە یەکێک لە شەڕڤانەکانی ئازادی مرۆڤایەتی لە ڕیزەکانی گەریلادا، دوای مانەوەی ٣ ڕۆژ لە نێو ڕیزەکانی گەریلادا، چەندەها پیلان و لەبەسۆک ئامادەکران کە ڕاستەوخۆ پەیوەست بوون بە پاشکەرۆیەتی و خیانەتکارانەوە، لەسەر داوای هاتی خێزانی      و پەیوەندی کردنیان بە یەکێک لە یەکەکانی ARGKەوە بە مەبەستی سەردانی کچەکەیان، بە بێ دواکەوتن چاویان کەوت بە کچەکەیان، لەمەو لەسەر داوای ئەم خێزانەو خواستی (ئا    ) سەردانی ماڵەوەی پێشیار کرا، لەمەش لەلایەن ئەم یەکەیەی ARGKەوە پەسەند کراو لە ڕۆژی ١٩٩٧/١٢/١٧ بە مەبەستی سەردان گەڕایەوە، دوای مانەوەی ٣ ڕۆژ لە ماڵەوەیان وە بە بێ هیچ هۆیەک لە ڕێگای خێزانی (ل    )یەوە بە بڕیارێکی کۆنەپەرستانەو بە شێوەیەکی زۆر دڕندانەو دوور لە بەهاکانی مرۆڤایەتی لەبەرچاوی خەڵکی شارۆچکەی پیرەمەگروون درایە بەر ڕێژنەی گوللەو لاشەکەشی فڕێدرا. لێرەدا تاوانی (ل    ) تەنیا ئەوەیە کە دەیویست ببێتە شەڕڤانی ئازادی و شەڕ بکات لە دژی خیانەتکاران و داگیرکەران و بەس. پێویستە هەر کەسێک بزانێت کە ئەمە تاوانەو لە دژی گەلی کوردستان و بەهاکانی مرۆڤایەتی کراوە، هەروەها دەستدرێژییەکی هۆڤیانەیە بۆسەر مافەکانی مرۆڤ، بە هیچ شێوەیەک ئەم تاوانە ناچێتە سەرو تاوانبارانیش بێ حیساب دەرباز نابن! ئەم بارەیەوە حکومەتی هەرێمی کوردستانیش دەبێ بۆ سزادانی ئەم تاوانبارە هۆڤانە دەست بەکار بێ و بێدەنگ نەمێنێ، پێویستە تاوانباران بە سزای گەل و شۆڕش بگەن.

لێرەدا بانگەوازی ویژدانی هەموو گەلی کوردستان و ئازادیخوازان و دیموکراتخوازان و وڵاتپارێزان دەکەین، ساوە نەدەن بە هیچ کەسێک و بەکرێگیراوێک بەم شێوەیە دەست بخاتە ناو خوێنی مرۆڤ و بە پێی تێگەیشتنی کۆنەپەرستانە ڕەفتاری لەگەڵدا بکات. هەموو مرۆڤایەتی کوردستان و بە تایبەتی ئافرەتی کوردستان دڵنیا دەکەین کە بەهێزو توانای ئێوە ئەم شەڕە ڕەوایەمان لە دژی پاشکەرۆیی و دوژمنانی ئازادی گەلەکەمان بە شێوەیەکی گەرم و گورتر پەرەی پێدەدەین.

- بمرێ خیانەت و پاشکەرۆیی و کۆیلەتی.

- بژی سەربەخۆیی و ئازادی.

فەرماندار
ئەرتەشی ڕزگاری گەلی کوردستان ARGK
لە باشووری کوردستان
١٩٩٧/١٢/٢١

بەڵگەنامەی ژمارە (١٤٨)

# بۆ گەلی جەنگاوەری کوردستان
# جەژنی نەورۆزی ئازادیتان پیرۆز بێت

ئێمە وەکو گەلێکی جەنگاوەر، لە نەورۆزی ساڵی ١٩٩٨ دەگەیین بە لەدایک بوونێکی نوێ، نەورۆز لە دنیادا ببوو بە سیمبولی بوونی گەلەکەمان و، ئەمە جارێ دووەمە لە دنیا لە دایک دەبینەوە، دەتوانین بڵێین لە هەموو بوارێکی خەباتدا بە مانا راستییەکەی گەیشتووینەتە ئەوەی کە نەورۆز ئەو رۆژی (کاوەی سەردەم - مەزلوم) و (هەگید)ە، رۆژی قارەمانێتی نەتەوەیی، رۆژی دامەزراندنی بەرەی رزگاریی نەتەوەیی کوردستان (ERNK)ە، ئێمە لە مانا راستییەکەیدا نەورۆز وەکو رۆژێکی یەکێتی نەتەوەیی و جەژنی خەباتمان پیرۆز دەکەین.

دوژمنان بە تەنگاوی و بێ چارەیی دەکەوێتە نێو شەڕی ئەم ساڵ و نەورۆزی نوێوە، ئێمەش بە نوێ بوونەوەیەکی گرنگ و بە شێوەی رێکخستنێکی نوێوە هەنگاو دەنێین. خەباتی رزگاری نەتەوەییمان کە خۆی گەیاندووە بەم پێشکەوتنانەی، ئێستا لە بەرامبەریدا کۆماری تورک بە هاوکاری ئیمپریالیزم و هێزی پاشکەوتووی ناوچە و زایۆنیزم و ئەو سەرمایە و تەکنەلۆژیایانەی کە لە پشتیەوەیە و، ئەو قەیرانانەی کە لە هەموو لایەکەوە تێی کەوتووە زیاتر قووڵ دەبێتەوە. ئەمریکا ئەو ئامانجانەی کە دەیەوێت لە رێی سیستەمی نوێی جیهانیدا خۆی بە سەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بسەپێنێ و کۆماری تورکیاش کە پشتی بەم ئامانجانە بەستبوو، وە ئەو شتانەی کە دەیەوێت لە رێگەیەوە بە دەستی بێنێ نەگەیشتنە هیچ ئەنجامێک، لە لایەکی تر دەوڵەتی تورک لەلای جیهانی ئیسلامی و دەوڵەتانی ئەوروپاش زیاتر ریسوا کرا و، بەمەش رەوشی تورکیا زیاتر قووڵ بۆوە و نەیتوانی خۆی لێ رزگار بکات، لەگەڵ هەموو ئەم کێشانەدا کێشەی ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی، سەربازی... زیاتر بەسەریدا گران بوون و، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی بە دوای رەوشێکی نوێدا بگەڕێ، وە ئایدیۆلۆژیای تورک کە هەرەسی هێناوە، بووە هۆی ئەوەی کە بە دوای تاکتیکی بێ چارەییدا بگەڕێ؛

ئەمەش ئەنگی بە زیانی سیاسی کۆماری تورک هەڵگێڕێ و لەبەر ئەوەش کەوتە نێو بڕیاری نوێ، بە مەبەستی ئەوەی کە خۆی دەرباز بکات لەو هەرەس هێنانەدا، لە لایەکی ترەوە دەیەوێت سیاسەتەکانی بە شێوەیەکی ئاشکرا بەڕێوە ببات و لەسەر هەندێک دەوروبەر زوڵم و زۆری خۆی بسەپێنێ و، بەو پڕوپاگەندانەی کە لە زۆر ناوچەی جیاجیای کوردستاندا بەڕێوەی دەبرد دەیەوێت بە ئەنجام بگات.

کۆماری تورک کە لە کوردستاندا شەڕی تایبەتی قڕێژ بەڕێوە دەبات و ئەم شەڕەی کردووە بە ئامرازێک بۆ ئەوەی لاوازییەکانی خۆی بشارێتەوە، بەڵام ئەو لاوازی و بێ چارەییەی کە تێی کەوتووە و ئەو ئەو گەیشتۆتە حاڵێک کە چارەسەری مەحاڵە، لەبەر ئەوەش کۆماری تورک لە ساڵی نوێی شەڕدا زیاتر بێ ئەنجام دەبێ و زیاتر زیان بە خۆی دەگەیەنێ و دەکەوێتە ناو رەوشێکی ئاوا کە نەتوانێ خۆی لێ رزگار بکات. لە بەرامبەر ئەمەشدا شەڕ لە پارچەی باکوور و باشوور گەیشتۆتە ئاستێکی بەرز و، ئەو رەوشە دژوارەی کە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست تێی کەوتووە بۆتە هۆکارێکی زیاتر بەهێز بوونی ئێمە. ئەو گۆڕانکاریانەی کە لە بەرامبەر هاریکاری ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و خیانەتکاری هاتۆتە کایەوە و ئەو هەموو کەم و کورییانە. هێزی تێکۆشانی گەلی کوردی هێنایە کایەوە، وە ئەو پێشکەوتنانەی لە بەرامبەر هێرشی دڕندانەی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم لە ئاستی ناوچەکە هاتنە کایەوە و، گەلانی ناوچەکە لە خەباتی خۆیاندا لە بەرگری کردن لە خۆیان و لە سەربەخۆیی لە خۆیان، وە ئەو شەڕەی کە پارتیمان لە کوردستاندا بەڕێوەی دەبات لە ئێستاوە لەسەر بنەمای بەرژەوەندی گەلانی ناوچەکە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست رێگای لەبەردەم بەرەیەکی دژی ئیمپریالیزم کردۆتەوە و لە کرداریشدا گەیاندوویەتییە ئاستی پێشڕەوایەتی کردن، واتە پارتیمان خاوەن بەڕێوەبردنی پراکتیکی شەڕێکی بەرفراوانە؛ کاتێک ئەم پراکتیکە هەڵدەسەنگێندرێ، ئەوا ئاستی و ئایدیۆلۆژی و شیکردنەوانەی کە سەرۆکایەتی دیاری کردووە کاریگەری کردۆتە سەر هەموو جیهان و گەیشتۆتە رادەیەک رێگای لە بەرەو پێشەوە بردنی سۆسیالیزم کردۆتەوە.

پارت و هێزی ئەرتەشمان لەسەر بنەمای ئەم پێشکەوتنە بەرفراوانانە دەکەوێتە نێو شەڕی ئەم ساڵەوە و لەسەر بنچینەی پراکتیکی ١٩٩٧ بە شێوەیەکی بەرفراوان شیکردنەوە و لێکۆڵینەوەی کردووە و، ئەو ئەنجامانەی کە لێی وەرگرتووە، خۆی بۆ شەڕی باکوور و باشووری کوردستان ئامادە کردووە و، سەنگەری خۆی گرتووە، وە دەرهەق بەو شەڕەی کە لە ناوچەکە دێتە کایەوە ئامادەکاری تەواوی خۆی کردووە. سەرۆکایەتی پارتیمان بە دروشمی "ئێمە بۆ شەڕ و بۆ ئاشتی ئامادەین" و پارتیشمان لەسەر ئەم دروشمانە لە باکووردا خەبات قووڵدەکاتەوە و بەرەو فراوانی تورکیا بڵاوی دەکاتەوە، لە باشووریشدا لە بەرامبەر ئەوانەی کە سوورن لەسەر خیانەتکردن و درێژە بە خیانەت دەدەن شەڕ دەگاتە ئەو ئاستەی کە زیاتر فراوان دەبێت و بە شەڕێکی بەم شێوەیەش ساڵی ١٩٩٨ لە هێڵی خەبات و رێکخستن، گەلدا دەبێتە گۆڕەپانی پێشکەوتنی زۆر گرنگ وە ئەمەش روون و ئاشکرایە، ئەو چالاکییانەی کە لە ٨ی ئاداری ١٩٩٨دا روویان دا، قۆناغێکی نوێ بوو، قۆناغی هاتنەکایەی سەرهەڵدان و راپەڕینی بەدیار خست و نیشاندا.
لەسەر ئەم بنەمایە خەباتی کۆنگرەی نەتەوەیی دەست پێ دەکات و بەم شەرەش رێکخستنی نیشتمانی گەلەکەمان بەرەوپێش دەچێت و، لە رێگای دەسەڵاتی گەلەوە خەباتی بنیادنانمان لەبەر چاواندە، کە بە پلە و بەهێز زووتر قازانج دەکرێت.

بەڵگەی ژمارە (١٤٩)

## گەلی وڵاتپارێز!

پارتی و ئەرتەشمان بۆ هەموو ئەو کارانە و، بۆ ئەوەی ئەرك و کارەکانی بە شێوەیەکی سەرکەوتوانە پێك بهێنێ و لە هەموو کاتێك زیاتر ئامادەیە و خۆی ڕێکخستووە و بە هێزترە. ساڵی یەکلاکەرەوەی ١٩٩٧یش دوژمنی خستۆتە ژێرەوە و ئەزموونی گرنگ و گەلێك پێشکەوتووی مەزنی هێنایە کایەوە. ئەو گفتوگۆیانەی (پارتی و ئەرتەشمان) کە بە بەردەوامی ئەنجام دەدرێن، بە تایبەتیش لە ماوەی پەروەردەدا و ئەو ئەزموونانەی کە لە شەڕی گەورە وەری گرتووە، بۆتە زانیاری و ئەزموونی بەکەڵك، بە هەموو شێوەیەك دژایەتی ئەگردنی پارتیمان و تایبەتمەندی ئۆکەرایەتی دەوەستە سەیدان و سەحکوم کرا، وە لە ڕێگای بە پارتی بوونەدا لە پێشکەوتنی گرنگدا زیاوە و لەسەر ئەم بنەمایە ڕێبازی سەرۆکایەتی بەرەو پێشەوە بردووە و، بە پێشکەوتنێکی زیاتر بەرەو ڕێکخستنی یەکێتی چووە.

پارتیمان ئاوا ئەرکی ڕێبەرایەتی زۆر بە کاریگەر و بە شێوەیەکی زۆر سەرکەوتوانە سەقامگیر دەکات و، شەڕی گەریلایی بە ڕەنگێکی ڕاستەقینە و بە شەڕێکی بە پەلەتر و ڕۆڵێکی کاریگەرتر بەکار دەهێنێ. پارتیمان و هێزی ئەرتەشمان کە ئەم شێوەیە پێ دەنێنە نەورۆزی ١٩٩٨ەوە، گەلەکەمان وەکو هەموو ساڵێك لە نەورۆزی ئەم ساڵ بە ئاستی پێشکەوتنی خەباتەکەی، ئاڵای قزڵباشی ئەمرۆ دیاری دەکات و بوارەکانی دەخاتە گەڕەوە و لە هەموو ناوچەیەك ئاگری ڕاپەڕین بەڵێن تر دەکات و، بە تەواوی گەش و هەوای جەژن و شەڕ وەردەگرێ، هەروەها ڕێگە بە لەبیستۆکی دوژمن نادات و بە دەسپێشخەری خۆی نەورۆز پیرۆز دەکات، وە ڕێگە نادات بەو هەوڵانەش کە دەخوازێت ئاوەزگی نەورۆز لاواز و پۆچەڵ بکاتەوە.

پارتی و ئەرتەشمان لە نوێ بوونەوەدایە و پێویستە گەلەکەشمان لەگەڵیاندا بێن بە یەك، ئەمەش ئەرکێکی وڵاتپارێزییە و لە پێش گەلەکەمانەیە، بە تایبەتی ئاشکرا کردن و مەحکوم کردنی خیانەت. گەلەکەمان لە باشوور بە گشتی ڕێگەی ژیانێکی وڵاتپارێز و ڕاست و ڕووی نیشان داوە، لەسەر ئەم بنەمایە لە ساڵی ١٩٩٨دا پێویستە گەلەکەمان لە باکوور و باشوور بە شێوەیەکی بە پەلە ئەفلی خەبات بێ و، لاوانیش جێگەی خۆیان لە ڕیزەکانی ARGKدا بگرن، وە بانگ لە هەموو لایەن و ڕێکخستن و کەسانی وڵاتپارێز دەکەین بۆ ئەم مەبەستە چالاکییەکانیان بەرەو پێش ببەن.

پێشکەوتنی شۆڕشی کوردستان، لە هەمان کاتدا پێشکەوتنی شۆڕشی تورکیاشە. بەرفراوانبوونی گەریلا لە کوردستاندا دروست بوونی گەریلای تورکیا، پارتیمان لەسەر ئەم بنەمایە لە شۆڕش و گەریلایەتی نزیك دەبێتەوە و، لە هەمان کاتدا خەباتی ڕزگاری گەلی تورکیش بەرەوپێش دەبات. لەسەر ئەم بنەمایە و لەسەر ئاستی دیموکراتی بۆ تورکیا لەگەڵ هەموو هێزە میللییەکانی تورکیا دەخوازێت هاوپەیمانێتی و یەکێتییەك دروست بکات و، بانگ لە هەموو گەلی تورك دەکات کە هاوکاری خەباتی ڕزگاریخوازی پێشکەوتوومان بکەن.

خەباتی ڕزگاری نیشتمانی کوردستان لە هەموو کاتێك زیاتر بووەتە خەباتی ناوچەکەش، ئەو شەڕەی گەلەکەمان لە ژێر ڕێبەرایەتی پارتیمان بەڕێوە دەبات لە هەمان کاتدا بۆ هەموو گەلانی ناوچەکە شەڕێکە لە بەرامبەر ئیمپریالیزم و داگیرکەری تورك و زایۆنیزم و پاشڤەڕۆیەتی. گەلەکەمان لەنێو ئێش و ئازارێکی زۆردا و بە فیداکاری خۆی لە ئاستی ڕێبەرایەکردنی شەڕدا ئەرکی ڕزگاری ناوچەکەش لە ئەستۆ دەگرێت. لەسەر ئەم بنەمایە داوا لە هەموو گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هێزە پێشکەوتووخوازەکان دەکەین لە بەرامبەر خەباتی ڕزگاری نیشتمانی کوردستاندا ئەرك و بەرپرسیارێتی خۆیان جێبەجێ بکەن و لەگەڵ خەباتی گەلی کوردستاندا ببن بە یەك و لە بەرامبەر پاشڤەڕۆیەتی بە شێوەیەکی بەپەلە بەشداری بکەن. لەسەر ئەم بنەمایە پارتیمان بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی دژوارتر خەبات لە دژی ئیمپریالیزم زایۆنیزم بەڕێوەببەری داوای یەکێتی و هاوپەیمانێتی لە هەموو هێزە دیموکراتی و سۆسیالیزمەکانی جیهان دەکات.

ئێمە وەکو گەلەکەمان و پارتیمان لە ڕێگای سەربەخۆیی نیشتمانی و، دیموکراتی، لە ڕێگای ئازادی و یەکسانی و دادپەروەری و برایی و هیوامان سەرلەنوێ بەڵێن تر بووە و، لەم نەورۆزەدا شەڕ بە براییی بە شەڕ لە هەر کاتێکی تر زیاتر بەڕێوە دەچێت و بەم براییەشەوە بە دڵنیایی ساڵی ١٩٩٨ قازانج دەکەین.

- بژی **PKK** کە لە ژێر ڕێبەرایەتی سەرۆك ئاپۆدا سەرکەوتن قازانج دەکات.
- بژی ڕێکخستنی ڕزگاری نەتەوەیی **ERNK** و ئەرتەشی ڕزگاری گەل **ARGK**.
- بژی ئەو ڕێبازەی کە لە کەسایەتی (سەرۆك عەبدوڵڵا ئۆجەلان)دا بەرجەستە بووە.
- بژی جەژنی ئازادی (نەورۆز).
- بمرێ داگیرکاری و خیانەت.

**کۆمیتەی ناوەندی**

**پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK**

بەڵگەنامەی ژمارە (١٤٩)

# باشووری کوردستان دەبێتە گۆڕستانی داگیرکەرو خیانەتکاران

ئەو هێرشەی کە لە (٢٠)ی ئایارەوە بە هاوبەشی داگیرکەری تورکیاو خیانەتکارانی PDK بۆسەر باشووری کوردستان دەست پێکراوە پێی نایە رۆژی (١٥)یەمینەوە. دوای شەڕێکی دەروونی قورس، دەوڵەتی تورکیا بە ژمارەیەکی زۆر کە زیاتر لە ١٠٠ هەزار سەربازو سەدان زرێپۆش دەستیپەم هێرشە کرد، لە راستیشیدا ئەم هێرشە بەردەوامی هێرشی (١٤ی گوڵانی ١٩٩٧)ەو، لە دوای ئۆپەراسیۆنەکانی بۆتان – ئامەد هێرشی هەرە گەورەی دەوڵەتی تورکیایە، لەسەر هێڵی درێژی لە (چیای سپی) تاوەکو (سیدەکان) ئەم شەڕە بەردەوامە. ئەمەش دوابەدوای پروپاگەندەو ئامادەکارییەکی گەورە دەستی پێکرد، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم شەڕە بە بێدەنگییەک لەلایەن دەوڵەتی تورکیاوە بەڕێوە دەچێت و تاوەکو ئێستاش سەرۆکی ئەرتەشی تورکیا خاوەنداری لەم شەڕە ناکات، ئەم بێدەنگییە دەوڵەتانی دونیاشی گرتۆتەوە، هۆکارەکانی ئەم بێدەنگییەش ئەوەیە کە دەوڵەتی تورکیا دەزانێت ناتوانێ لە ژێر باری قورسی سیاسیو زیانی سەربازی شەڕ دەربکەوێت.

ئەو داگیرکارییەی کە لەلایەن دەوڵەتی تورکیا لەسەر باشووری کوردستان بە هاوکاری خیانەتکارانی PDK دەستی پێکردووە بە هاوکاریو مۆڵەتی ئیمپریالیزمو زایۆنیزم پەیڕەودەکرێ، بێگومان ئەم هێرشە وەکو هەڕەشەیەکە لەسەر خەباتی رزگاریخوازی گەلەکەمانو بە تایبەتیش گەلەکەمان لە باشووری کوردستانو، لە هەمان کاتیشدا هەڕەشەیەکە بۆسەر گەلانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە بەرامبەر ئەوەش گەلەکەمان لە ژێر پێشەنگایەتی PKKدا بە بڕیارو هێزێکی پۆڵایین ئامادەی هەموو بەرەنگاربوونەوەیەکەو هێزی گەریلاش بانگەوازی پتەوکردنی یەکێتی نیشتمانپەروەرانی میللەتەکەمان لە باشوور دەکات، کە بەیەک دەنگ و یەک هەڵوێست بەرامبەر هێرشی ئیمپریالیزمو زایۆنیزم بوەستنەوە کە بە هاوکاری خیانەتکاران PDK ئەنجام دەدرێت، ئومێدەواری ئەوەین یەکێتیو هاوکاری لەلایەن گەلانی ناوچەکە بە ئەنجام بگەیەنرێت.

ئەو بەرخودانە گەورەیەی گەریلاکانمان لە ماوەی ئەم ١٥ رۆژەی شەڕدا بزاڤێکی سیاسی گرنگی لە باشوور دروست کردووە، کە بۆتە خوڵقاندنی باوەڕییەکی پتەو لە ریزەکانی میللەتەکەماندا، رۆژ بە رۆژیش کاردانەوەو توڕەیی گەورەی میللەت بەرامبەر خیانەتکاران لە زیادبووندایەو، هیوای رۆژی ئازادی بەهێزو نزیک بۆتەوە. وەکو دەزانرێت دوژمن دەیخواست لە رێگای هەندێک پرۆژەی ساختەوە رۆژەڤ بگۆڕێت، بەڵام بە پێچەوانەی ئارەزووی دوژمن رۆژ بە رۆژ کاردانەوەی دژایەتی میللەتەکەمان بەرامبەر بە خیانەتکارانو سەرانی پێکهێنەری شەڕی تایبەت لە کوردستان لە زیادبووندایەو، ئەم زەبرە کوشندانەی کە لە باشووری وڵات بەر داگیرکەرو خیانەتکاران دەکەوێت، رێگاکەرەوەی پێش پێشکەوتنی سیاسیو هێنانی ئارامییە.

ئەوەی شایەنی باسە لە زستانەوە گەریلاکان _ خەریکی ئامادەکاری گەورە بوون بۆ بەرەنگار بوونەوەی هێرشی داگیرکاریو خیانەتکاری بۆسەر باشووری کوردستان و، ئەم ئامادەکارییەش لەسەر ئەزموونی ساڵی (١٩٩٧) ئەنجام دراوە، هەربۆیەشە ئەمە جاری یەکەمە کە بەم شێوە دروستە تاکتیکی گەریلاو پارتیمان جێبەجێ دەبێت، ئەوەش لەسەر بنچینەی یەکە سەربازییەکان کە بە شێوەیەکی باش رێکخراونو خاوەنی دەستپێشخەرین، کە دەتوانن خێرا لە جوڵەی دوژمن تێبگەنو بە شێوەیەکی نادیار دەجوڵێنەوەو دەست بەجێ لە دوژمن دەدەنو تێکی دەشکێنن. بەم شێوەیەش ئەو پیلانەی کە دوژمن دەیخواست پێکی بهێنێتو شەڕ لە ناوچەیەکی تەسکدا سنووردار بکات، پوچەڵ بۆوەو شەڕ لە گۆڕەپانێکی فراواندا بڵاوبۆوە، ئەوەش لەسەر بنەمای (ئێمە لەهەر شوێنێکین و لە هیچ شوێنێک نین) جێبەجێ دەکرێت.

بەڵگەنامەی ژمارە (١٥٠)

بەم شێوەیەش تەکنیکی دوژمن بێکاریگەر دەمێنێتەوە. وە تاکتیکی گەریلایی لە چاندنی (مین) لە گاراو مەتیناو زاپ کە رۆژانە بە دوژمندا دەتەقنەوە ترسی مردنی خستۆتە دڵی دوژمنانو لە تواناکاری جوڵانەوەی خستون. بەم جۆرە هێرشی ١٥ رۆژەی داگیرکەرو خیانەتکاران بۆسەر باشووری کوردستان بە تەواوی پوچەڵ بۆتەوەو باشووریش بۆتە گۆڕەپانی مردنی هێزەکانیان.

ئەنجامی گەورەی لەم ١٥ رۆژەی شەڕدا، خۆی لە یەك بوونی باکوورو باشووری وڵات دەبینێتەوەو پێشخستنی شەڕ لە باکووری وڵاتیش هەروەکو باشوور کە دەتوانین بڵێین جاری یەکەمە کە هەموو ناوچەکان بەیەکەوە دەکەونە نێو شەڕی گەورەوە، لە سەرەتادا بۆتان و زاگرۆس، سەرتاپای گۆڕەپانی کوردستان بۆتە گۆڕەپانی شەڕو، یەکەم جارە دوژمن بەم شێوە فراوانە زەبری کوشندەی بەردەکەوێت. لەسەر ئەم بنچینەیە ئاماری شەڕی ئەم ١٥ رۆژە کە لە (٢٠)ی ئایار هەتاوەکو (٣)ی حوزەیران دەستی پێکردووە تەنها لە باشووری کوردستان چالاکییەکان بەم شێوەیەیە:

تەقینەوەی (٥٢) مین، (٣٧) بۆسە، (١٢) هێرش کردن، (٧) پێکدادان. سەرجەم (١٠٨) چالاکی ئەنجام دراوە کە تەنها ئەنجامی (٢٧) چالاکی لەلایەن هێزەکانمانە بە دەست خراوە، ئەویش بەم شێوەیەیە: (٩) کۆنتراو (١٢٣) سەربازی تورك و خیانەتکاری PDK کوژراون، ٢٤ی تریش بریندار بوون، (٣) لاندکرۆزەرو (١) زرێپۆشیش بە سەرنشینەکانیانەوە لە نێو براون و سوتێنراون، هەلیکۆپتەرێکیش خراوەتە خوارەوەو یەکێکیتریش پێکراوە؛ لە مانەش (رائید)ێك (نەقیب)ێك و ملازم ئەوەڵێك کوژراون. لەم شەڕانەشدا دوو چەکی قورسی دژە ئاسمانی بە دەست خراون و، دوو چەکی ناوەندیو ٣ RBG، ١٦ کلاشینکۆفو ١ دەمانچە، بە گشتی (٢٤) پارچە چەك دەستی بە سەردا گیراوە، ئەگەر لەسەر ئەم ئەنجامە، ئەنجامی (٨١) چالاکییە ئەژاراوەکان بخەینە سەرو ئەنجامەکانی چالاکییەکانی باکووریش بخەینە سەر دەردەکەوێت کە داگیرکەرو خیانەتکاران چەندە زەرەرمەند بوون. لە سەرجەمی ئەو چالاکییانەدا (١) شەهید لە گارا (٢) لە حەفتانین، (٣) لە زاپ، (٢) لە ناوچەی سۆران، بە گشتی (٩) گەریلا بە قارەمانێتی شەهید بوونو ٨ گەریلای تریش بریندار بوون.

ئەگەر سەیری ئەنجامی ئەم چالاکیانە بکەین دەردەکەوێت کە دەوڵەتی داگیرکەرو خیانەتکاران لە بەرامبەر چ شەڕێکی گەریلاییدان؟ واتە ئەم ١٥ رۆژەی شەڕ بۆتە قۆناخی تێکشکاندنی داگیرکەرو خیانەتکاران، هەروەکو سەرۆکی نەتەوەییمان دەڵێت: "ئەم قۆناخەی ئێستا بە تەواوی شێوازی شەڕی گەریلا پێك دێتو بەم شێوازەش شەڕی خۆمان بەردەوام دەکەینو لەم ساڵەی ١٩٩٨دا گورزی کوشندە لە داگیرکەرو خیانەتکاران دەدەین تاوەکو لە مێژوودا ژێر خاك دەبن"

بیرۆی راگەیاندنی بریارگەی ناوەندی

ئەرتەشی رزگاری گەلی کوردستان - ARGK

١٩٩٨/٦/٢

بەڵگەنامەی ژمارە (١٥٠)

## بروسکەی مێژوویی سەرۆکایەتی PKKبۆ گەلی باشووری کوردستان.

بەرامبەر بەم پێکهاتە دوو قۆڵییەی کە لە ئەمریکا لەسەر باشوور ساز دراوە، پێویستە هەر کەسێك بە شێوازێکی زۆر زیرەکانە هەڵوێستی PKK شیبکاتەوەو، ئەو ئەرکانەی دەکەوێتە سەر شانی بەباشی جێبەجێبیکات. لە راستیدا هەڵوێستی پارتیمان، هەڵوێستێکی بنەڕەتییەو گرنگییەکی چارەسەر سازی هەیە . ئەم پێکهاتەی کە لە واشنتۆن لە نێوان YNKو PDK سازدرا، بێگومان هەردوولاش دوو هێزی بنگەیی باشووری کوردستانن، بەڵام دەبێت لای هەرکەس ئاشکرابێت ئەگەر PKK بەرامبەر بەم پێکهاتە خۆی بەرپرسیار نەزانێت، بێ چەندو چۆن مێژووی خیانەتکاری پەیمانی جەزائیر خۆی دووبارە دەکاتەوە. ئەوەش وێرانکارییەکی ترسناکی بەدواوەیە بۆ گەلەکەمان. لە مێژووی ٧٥ ساڵەی دەوڵەتی تورکیادا، چەندین رێکەوتننامەی بەم شێوەیە و بە نهێنی سازدراوە کە بۆتە رێگاکەرەوە لە پێش خیانەتکردندا، ئەم رێکەوتنەش هەندێك سیمای ئەوانیتری پێوە دیارە. بۆ ئەوەی لێرەدا ئێمە خاڵە نەگەتیڤەکان هەڵگەڕێنینەوەو و بیانگۆڕین بۆ خاڵی پۆزەتیڤانە، پارتیمان زۆر وریایانەو بە هەڵوێستێکی بەر پرسیارانە هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکات و، راستیەکانی ئەم خاڵانەش بە شێوەیەکی تایبەتی بۆ گەلی باشوورو هەموو کوردستان و گەلانی وڵاتانی دراوسێ روون‌دەکاتەوە. لێرەدا هەر هێزێك پێویستە لەسەری باش بزانێت، ئەگەر هەڵوێستی بەرپرسیارانەی ئێمە نەبێت، ئەوا هیچ هەلێکی بابەتیانە بۆ جێبەجێکردنی ئەم رێکەوتننامەیە نامێنێت. ئەگەر جێبەجێش بکرێت، هەمیشە رێگای ئەوەی تێدەچێت کەلە پشتەوە خەنجەری تێبسرەوێنرێت. ئەمەش رەوشێکی ترسناکتر دەخوڵقێنێت. مرۆڤ ناتوانێت خۆشباوەڕ بێت بە بەڵێنە زامنکارەکانی ئەمریکاو، هەروەها تاوەکو ئێستاش بەتەواوی و راشکاوی هەڵوێستی دەوڵەتانی ناوچەکەش دەرنەکەوتووە، ئێمە داوا لە دەوڵەتانی ناوچەکە دەکەین؛

ئەگەر ئێوە هەڵوێستێکتان لە دژی ئەم پێکهاتە هەیەو، تێروانین و چارەیەکیترتان بۆ کێشەی کورد هەبێت، دەبێت چارەسەرییەك و ئالتەرناتیڤێکی رەوا بێت. پارتیمان کار دەکات بۆ ئەوەی ئەم چارەسەرییە بەرەو پێش ببات. ئێمە بەبێ چارەیی رازینین و، خۆ داسەپاندنی ئەمریکاش پەسەند ناکەین! ئێستاش لەهەر کاتێکیتر زیاتر هۆشیارین بەرامبەر پلان و لەیستۆکەکانی دەوڵەتی تورك.

بەپێی ئەم بنەمایانە، لەسەر هەموو هێزە نیشتیمانی و رێکخراو و کەسایەتیەکانی باشوور، پێویستە زۆر زەیرەکانە لە دەستپێشخەری PKK تێبگەن و شیبکەنەوە. چونکە بزاڤی PKK بۆ ئێوەش خەباتێکی ژیانییە. لێرەدا هیچ کەسێك بە گۆشە نیگایەکی تەنگ سەیری پێشکەوتنە خوڵقێنراوەکان نەکات. دەبێت بە شێوەیەکی باش لە چوار چێوەیەکی نیشتیمانی و بە هەڵێنجانی ئەزموون لە مێژووی نزیکمان، چارخشانێك بە راستیەکانی هەرێمەکە بکات و، هیچ دەربڕو پاساوێك بۆ، کارە خۆداسەپێنەرەکانی دەوڵەتی تورك و بێچارەیی دەوڵەتانی ناوچەکە نەهۆنێتەوە، هەڵس‌وکەوت لەگەڵ پرسەکە پێویستە لەسەر بنەمایەك بێت کە گونجاو و یەکانگیربێت لەگەڵ بەرژەوەندی گشتی گەلانی ناوچەکەو، ئەگەر لە چوار چێوەی ئەم سنوورە هەبوانەش بێت، با ئیرادەی گەلەکەمان هەبوونی خۆی دەربخات لەسەر ئەم راستیانە، بۆ ئەوەی کارێکی باش ئەنجام بدەین ئێمە دەسەڵاتی گەلانی ناوچەکەش داوەتی تێروانین و هەڵسوکەوتێکی دروست دەکەین بۆ کێشەو دەرکەوتنی ئیرادەی گەلەکەمان و، بەیەکەوە بەرەو چارەسەرییەك هەنگاو بهاوێژین. بەم شێوەیەش پێویست ناکات دەوڵەتانی ناوچەکە لە ئیرادەی ئازادی گەلەکەمان بترسن. باتەرسن لە پیلانێك کەلەدواوە خەنجەریان تێدەسرەوێنێت. لەهەمان کاتدا دەڵێین، با هەندێك لایەن نەڵێن، ئەمریکا هێزێکی یەکەمی دنیایەو، هەر ئەویش دەتوانێت گەلەکەمان ئازاد بکات، بەم شێوەیە خۆ نەخەنە نێو پیلانەکانی ئیمپریالیزم و رێگەکەرەوە نەبن بۆ خوڵقاندنی رەوشێکی سازشکاری.

لەسەر هەر کەسێك پێویستە تێروانین و پێوەندیەکانی دروست و باش بکات. هەموو کارێکی پێوەندی و دیبلۆماسیەت دەبێت لەسەر بنەمای راستی ئیرادەی گەلەکەمان بنیادبنرێت. دەبێت ئەزموونێکی لەبن نەهاتوو لە دیرۆکی تێپەڕبوومان وەربگرین. پێویستە بە شێوەیەکی راست و بەرپرسیارانە، پێشکەوتنە تازەکانی ئەم رەوشە نوێیە، ئەگەر چی سنوورداریش بێت شیبکەینەوە و بەکاری بهێنین. پێویست نیە هەمیشە بڵێین هەموو کارێك ئەنجامەکەی دژمان دەبێتەوە، یان دەبێت هەموو کارێك پڕ بە پێستی داخوازیەکانمان بێت. ئەم هەلومەرجە ئازادیە سنوورداری دەرکەوتۆتە گۆڕەپانەکە، گرێدانێکی پتەوی بە فیداکاری پارتیمان و دیبلۆماسیە راستەکەی هەیە. تێروانین و نزیك بوونی دۆستانە لەم راستیانەش، بەرپرسیارییەکە دەکەوێتە سەرشانی هەموو هێزەکانی باشوور، PDKشی لەگەڵدا بێت. ئەم هەنگاوە ئاشتیخوازانەی کە ئاوەمانە بۆ ئەوەی ئاشتیەك لەنێو کورداندا سەقامگیربێت، بۆ گەیشتنە ئەنجام تا دوارادە پابەندبوونی خۆمان رادەگەیەنین بە بنەماکانی ئەم هەنگاوانەو بەردەوامکردنی. ئەگەر هێزەکانی باشوور شانبەشانی دوژمنان هێرشمان بۆ نەهێنن، ئێمە زیاتر بە قوڵتر و فرەوانتر هەنگاوە ئاشتی و چارەسیاسیەکان بەرەو پێش دەبەین و، ئەو ئەرکانەی دەکەوێتە سەر شانمان زیاتر جێبەجێدەکەین. بۆ ئەوەش لەسەر ئەم بنەماو راستیانە بانگەوازی هەموو رێکخراوەکانی باشوور دەکەم، ئێمە لەم باوەڕییەداین ئێستا بار لەهەر کاتێکیتر گونجاوترە بۆ سەرکەوتنی ئەم هەنگاوانە. لێرەدا دیسان جەخت لەسەر ئەم خاڵە دەکەینەوە، کە دەبێت هەرکەس باش بزانێت، پێویستیان بە هێزی چارەسەری PKK هەیەو ناتوانن دەستبەرداری بین.
بۆئەوەش پێویستە هەڵسوکەوت و پێوەندی رێزداری وبرایەتی لەگەڵیدا سازبدەن.

چونکە ئەم جۆرە پێوەندیانە رۆڵ و گرنگیەکی بەرزی هەیە. بۆئەوەی ئەم پێشکەوتنە، سەرکەوێت پێویستە لەسەر بنەمایەکی برایەتی یارمەتی و هاوکاری یەکتربکەین، بێئەوەی خۆمان بخەینە نێو بەرژەوەندی تەسکی پارتایەتی. بەڵکو دەبێت بەرژەوەندی نیشتمانی و سەرتاسەری وڵاتمان لەبەر چاوبێت بۆ ئەمەش بە باوەڕی و دڵنیایی لەگەڵ یەکتر بین و بەرەو چارەیەکی بنەڕەتی هەنگاو بهاوێژین. چونکە بێجگەلەوە هیچ ئەندێشەیەکی تریۆ سەرکەوتن سوودی نییە!شارەزا بوونمان لەم راستیانەش ئەرکی جێبەجێکردنی کارەکانمان دەخاتە ئەستۆ.

لەگەڵ سڵاو رێزی تایبەتیم

عەبدوڵلا ئۆجەلان

سەرۆکی‌گشتی پارتی کرێکارانی کوردستان PKK

٣٠ تەیلولی - ١٩٩٨

بەڵگەنامەی ژمارە (١٥١)

# بۆ ڕای گشتی کوردستان و نێودەوڵەتی

دوای ئەوەی بەپیلانێکی نێو دەوڵەتی سەرۆکی نەتەوەییمان سەرۆک (ئاپۆ)برایەوە تورکیا، دەزگای شەڕی د پیستی تورکیا بەهەموو توانایەکیەوە و بە پاڵپشتی ئەمریکاو زایۆنیزم لەنێو هەوڵدانێکی چڕوپڕدایە بۆ ئەوەی لەشکۆی نەتەوەیی، ڕێکخراوەیی و کارگێڕیی سەرۆکی نەتەوەییمان کەم بکاتەوە. لەو شەڕەشدا هەموو پشتگیرییەکی سیاسیان وەرگرتووە، بۆ ئەوەی بگەنە ئەو ئامانجە گڵاوەیان دژ بە سەرۆکی ئێمە هەموو ڕۆژ و شوێنێکی پزیشکی لەبواری جەستەیی و دەروونی بەکاردەهێنن. بەو مەبەستەی پەڵەیەکی ڕەش لە سەرۆکایەتی سەرۆک (عەبدوڵڵا ئۆجەلان)بدەن. تێکڕای یاسا و ڕێساکانی مرۆڤایەتی- کەلەمێژوودا نەبینراوە- دەخەنە ژێر پێ. بۆ ئەوەی ئەو قۆناغە بەپێی بەرژەوەندییەکانیان بگۆڕن ڕۆژانە دژ بە سەرۆکی نەتەوەیی ئەشکەنجەی جەستەیی و دەروونی پەیڕەو دەکەن. لەسەر ئەو بنەمایە سەرۆکی ئێمەیان خستۆتە نێو ئابلۆقەیەکی ترسناکەوە. لەبەر ئەوە هەتا ئێستا چەندە شاندی نێو دەوڵەتی کە دەیانەوێ سەرۆکی نەتەوەیی ببینن ڕێیان پێ نەداون و ڕەتیان کردوونەتەوە. ئێستاش لەم ڕووەوە دەیانەوێ هەندێ گۆڕانکاری بکەن، بەشێوەیەک لەخزمەتی ئەو پیلانەدایێ. واتە ئەگەر ڕێ بەهەندێ لایەنیش بدرێ، ئەوانە دەگرێتەوە کە گرێدراوی ئیمپریالیزم و دەزگای شەڕی تایبەتن، واتە ڕێگا نادەن کەسایەتی و دامودەزگای بێ لایەن چاویان بە سەرۆکی نەتەوەیی بکەوێت.

دوای گێرانەوەی سەرۆکی نەتەوەییمان بۆ تورکیا، ئەو ڕەوشەی کە هاتە ئاراو ئەو چاوپێکەوتنانەی ساز دەدرێن ڕاستییەک دەسەلمێنن ئەویش ئەوەیە کە ئەو پیلانە نێو دەوڵەتییە لەبارودۆخێکی نوێ و بەشێوازێکی نوێ بەڕێوە دەبرێ.ئەمەش دەیسەلمێنێ ئەگەر هەندێ گۆڕانکاریش ڕوویدات، بەڵام پیلانەکە هێشتا بەردەوامە. ئەو هێزە نێو دەوڵەتییانەی بەشداریان لەو پیلانەدا کردبووە هێشتا سوورن لەسەر هەڵوێستەکانیان بۆ پەرەدان بە پیلانی پاکتاوکردنی گەلەکەمان لەکەسایەتی سەرۆکی نەتەوەییدا بەڕێوە دەبرێ. ئەمانە دەیسەلمێنێ کە شەڕی نێوان گەلەکەمان و دوژمنەکانی بەشێوازێکی توندو دژوار بەردەوام دەبێ.

پێویستە گەلەکەمان فراوانبوونی ئەو شەڕە بزانێ و باش لەو ڕاستییە تێبگات و پێشخستنی شەڕیش بۆتە ئەرکێک، چونکە لەبەرامبەر دوژمن هەنگاوەکان بۆ دواوە مانای تێکچوونە، بەپێچەوانەی ئەمەشەوە پێی دەگوترێ قەڵەمبازی نوێ لە شەڕی ئازادیخوازیماندا پەرەپێدانی ئەو شەڕەش لەڕێی گیانبازی گەریلاوەو پاڵپێوەنانی بەرەو سەرکەوتن خاوەن گرنگییەکی ژیانییە. ئەمڕۆکە پارتی و ئارتەشەکەمان و ئێوە (گەلەکەمان)بەشێوازێکی زانستی و کارامەیی هەڵوەستە لەسەر ئەو ڕاستییە بکەن و خاوەنداری لە سەرۆکی خۆتان بکەن، لەبەرئەوە ئەرکێکتان دەکەوێتە سەرشان ئەویش پەرەپێدانی ٪٠٠ ە. چونکە دوژمن تەنیا لەو زمانە تێدەگات، بۆیە جگە لەمە نابێ بەهیچ جۆرێکی تر نزیکی ئەو قۆناغە ببینەوە. مانەوەی سەرۆکیش لە ژیاندا لە ئەستۆی ئێمەدایە. ڕاسپاردەی قۆناغیش ئەمەیە(خەباتکردن بۆ گەیشتنە ئەنجام، ئەنجام گرتنیش بۆ شەڕکردن) بەم شێوازە لەڕێی سەرکەوتندا هەنگاو بنرێ. جگە لەمە هیچ چارەیەکی دیکەمان نییە. لەهەمان کاتدا ئەمە ڕاسپاردەی قۆناغەو گفتوگۆی لەسەر ناکرێ.

## بۆ گەلی بەهاداری کوردستان

لەبەرامبەر ئەو پیلانەی کە دژ بە سەرۆکی ئێمە پیادە دەکرێ بەڕێوەبردنی تێکۆشانی هەمەلایەنە، هەم ئەرکێکی سەرشانتانە، هەم مافێکی ڕەوای ئێوەیەو کەس ناتوانێ لەدەستتان بگرێ. ئەو پیلانە گڵاوە لەلایەن ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و داگیرکەرییەوە پەرەی پێدەدرێ وفراوان دەکرێ. پێویستە گەلەکەمان وریابێ و بزانێ هەر شتێک کە دوژمن بەناوی سەرۆکی ئێمە بڵاوی دەکاتەوە، ئێمە پابەندی نابین. ئێمە ئەو شیکردنەوە و ڕاسپاردانەی سەرۆک بە بنەما دەگرین ئەرکانەی کە بەشێوازی ئازاد پەیوەندی لەگەڵ ئێمەو ئێوە(گەل)دا هەبوو. لەبەرئەوە هە لێدوانێک کە دوژمن بیەوێت وەک لێدوانی سەرۆک بڵاوی بکاتەوە ئێمە وەکو لەیستۆکێکی دەبینین و ڕەتی دەکەینەوە. ئەم لەیستۆکەی دوژمن بەهیچ جۆرێک لەلای ئێمەدا لەشکۆی سەرۆک (ئاپۆ) کەم ناکاتەوە و گرێدانی ئێمە بە سەرۆکەوە ناهەژێنێ، پێویستە سات بەسات ئاگیی ئەو لەیستۆکانە بگرێ و لەسەر ئەو بنەمایەش خاوەنداری لەسەرۆکی خۆمان بکەین. ئەو گۆڕانکارییانەی کە ڕوودەدەن بیکەینە ڕاپەرینێکی گەورە.

## بۆ لاوانی کوردستان

بۆ ئێوە و بۆ گەلەکەشمان ئەو کاتە هاتووە کە دوای قسەی خۆتان بکەون و بە قووڵی ڕاستی دوژمن بناسن و لەسەر ئەو بنەمایە خاوەنداری بکەن لە سەرۆکی نەتەوەییتان، بۆ ئەمەش پێویستە ئێوە وەکو گیانبازێکی چارەنووسی سەرۆک(ئاپۆ) ڕێبەرایەتی ڕاپەرینەکان بکەن، لەهەمان کاتدا تەقلی ریزەکانی ARGK ببن، لەبیرنەکرێ تەنێ بە پێشخستنی شەڕ دەتوانین بەرەو سەرکەوتن. بۆ ئەوەی بگەینە کوردستانێکی ئازاد دەبێ زەوی وئاسمان بهەژێنین، لەبەرئەوە پێویستە لەئاستێکی بەرزدا نوێنەرایەتی ناونیشانی گیانفیداکانی سەرۆک (ئاپۆ)بکەن.

## بۆ تێکڕای فەرماندەو جەنگاوەرانی گەلەکەمان.

ئەو پیلانەی کە ١٩٩٨/١٠/٩ دەستی پێکرد و لە ١٦ی شوباتدا گەیشتە ئەنجامێک هێشتا بەردەوامە. بۆ ئەمەش هەر شتێک لەسەر سەرۆکی ئێمە لەڕەوشی دیلکراویدا بگوترێ پەسەند ناکرێ و پابەندی نابین. لەهەمان کاتدا دەبێ ژیانێکی بێ سەرۆکایەتی پەسەند نەکەین، بۆ ئەمەش تا سەرۆکی ئێمە ئازاد دەبێ، تا مافە ڕەواکانی گەلەکان دەستەبەر دەکرێ، ئەو شەڕە بێ پسانەوە بەردەوام دەبێ. لەبەرئەوە پێویستە ئەرکی دەزگای سەرۆکایەتی بێ کەم و کوری جێبەجێ بکەن و خۆتان بکەنە جەنگاوەری لێهاتووی سەرۆکایەتی و تایبەتمەندییە داهێنەرەکانی سەرۆکایەتی لەخۆتاندا بەرجەستە بکەن و پێکی بێنن.

## بۆ ڕای گشتی نێو دەوڵەتی

ئەمڕۆ لە کەسایەتی سەرۆک (ئاپۆ)و گەلەکەماندا بەها مرۆڤایەتییەکان ژێرپێ دەخرێن وڕای گشتی دنیا حسابی هیچمان بۆ دەکات،بۆ ئەمەش لەسەر تەواوی مرۆڤایەتی پێشکەوتووخواز و هێزە دیموکراتخوازەکان و ڕێکخراوەکانی پاراستنی مافی مرۆڤ پێویستە بەشێوازێکی چالاک مودا خەلەی ئەو ڕەوشە بکەن. چونکە ئەو کۆششانەی هەتا ئێستا کراوە بەشێوەیەکی بەربەریانە لەلایەن دەوڵەتی تورکیا ڕەت کراوەتەوە و داگیرکەر کاتێ بە مرۆڤایەتی دەکات، کارەکانی هەتا ئەو ڕادەیە پیس و گڵاوە. ئەمڕۆ بەدەنگهاتنی ڕای گشتی و وەرگرتنی ئەگیری پێویستە ئەرکی خاوەنداری کردنە لەمرۆڤایەتی. بۆ ئەوەی ڕای گشتی زیاتر خۆی سیستەماتیک بکا و بتوانێ بە شێوازێکی چالاک ڕووبەڕووی بەربەریەتی تورکیا ببێتەوە، بانگیان دەکەین کە ئەگیری پێویست وەرگرن. ژیانێکی بێ سەرۆکایەتی و شەڕ و سەرکەوتن پەسەند ناکرێ.

**ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی**
**پارتی کرێکارانی کوردستان-PKK**
**١٩٩٩/٣/٢**

بەڵگەنامەی ژمارە (١٥٢)

# بۆ گەلی وڵاتپارێزی باشووری کوردستان

جارێکی دی ڕۆژنامەکەمان کەوتە بەر شاڵاوی ناپاسایی و نامرۆڤانە و ناڕەزووی لایەنە باڵادەستەکانی باشووری کوردستان. بە بێ بوونی هیچ بیانوویەکی یاسایی یان ڕۆژنامەوانی، ڕۆژنامەکەمان لەلایەن (YNK)ەوە داخرا. وەک ئاشکرایە بۆ هەموان، ڕۆژنامەی وڵات بۆتە بەشێک لە ویژدان و هەست و نەستی گەلەکەمان لە باشووردا. بۆیە لە توانای هیچ هێزێک دا نییە دەنگی "وڵات" کپ بکاتەوە یان کۆسپ و تەگەرە بخاتە پێشی بۆ ئەوەی لە ئەرکە مێژووییەکانی سەرشانی دووری بخاتەوە. دەبێت بۆ سەردەمانێک بتوانن کار و خەباتی "وڵات" دوا بخەن، بەڵام مەحاڵە بتوانن بە بەردەوامی "وڵات" لە ئەرک و کارەکانی دوور بخەنەوە. ئەگەر چەندین ڕەفتاری نامرۆڤانەش، لە ڕێگەی ڕەفتارە نامرۆڤانەکانی سەدەکانی ناوەڕاستیش درەندەتر و ناڕەواتر پەیڕەو بکەن، ئەوا دیسان ناتوانن بە ئامانجە گڵاوەکانیان بگەن بەوەی کە "وڵات" لە جەماوەر دابڕن، چونکە مێژووی ڕۆژنامەکەمان شایەد حاڵی ئەوەیە کە چەندە تیرۆر و کاری نامرۆڤانەی تریش لەبەرامبەریدا ئەنجام بدەن، نەیانتوانیوە کۆسپ و تەگەرە بخەنە پێشمان بۆ ئەوەی بە ئەرک و کاری نیشتمانیمان ڕانەبین، بەڵکو بە پێچەوانەوە دوای شەهید بوونی هەر کادیرێک لە کادیرەکانی ڕۆژنامەکەمان و داڕشتنی هەر پیلان و نەخشەیەکی دی لە دژی "وڵات"، ئەوا بە وورە باوەڕی و جۆش و خرۆشێکی ترەوە ڕۆژنامەکەمان ئەرک و کارە نیشتمانییەکانی ڕاپەڕاندووە.

وەک ئاشکرایە بۆ هەموان، ئەمڕۆ لە باشووری کوردستاندا دەرفەتێکی یەکجار زۆر لە پێش دەزگاکانی ڕاگەیاندنی داگیرکەرانی کوردستان و سیخوڕەکانیان بە گشتی و ڕۆژنامەکانیان بە تایبەتی، کراوەتەوە. ئەگەر چی زۆر جار ئەو دەزگایانە بەرژەوەندی باڵای نیشتمانییانیان کردۆتە ئامانجی پڕوپاگەندەکانیان و، سنووری سووری نەتەوایەتیشیانیان دەرباز کردووە، بەڵام لایەنە باڵادەستەکانی وەکو (YNK)ە ڕەزای ئەوەی هیچ هەڵوێستێکیان دەرنەبڕیووە و دەنگیان لێوە نەهاتووە زۆر جار گەورە بەرپرسیارانی ( YNK)ە بەشداریان لە ئاهەنگی کردنەوەی ئەو دەزگایانە کردووە و بە ڕۆژانەش ئەوە دەزگایانە بەسەر دەکەنەوە. بەڵام ڕۆژنامەی "وڵات" هیچ سنوورێکی یاسایی یان ڕۆژنامەوانی نەشکاندووە، بەڵکو بە پێچەوانەوە هەمیشە بەرژەوەندی باڵای نیشتمانی بە بنچینە گرتووە و بە شێوازێکی گونجاو و بابەتیانەش نزیکی ڕەوشی ئێستای باشووری کوردستان بۆتەوە، هەر بۆیە وەرگرتنی بڕیارێکی لەو جۆرە لە دژی ڕۆژنامەکەمان، تەنها یەک ڕاتا دەبەخشێ، ئەویش ئەوەیە لایەنە باڵادەستەکان لە باشووردا گەلەکەمان شایستەی ئەوە نابینن ئاشنای ڕاستییەکان بێ و ئەو نەخشەو پیلانانەی لە دژی بەڕێوە دەبرێن بناسێ، چونکە لایەنە باڵادەستەکان هەردەم خوازیاری ئەوە بوونە گەلەکەمان لە باشووردا لە تاریکستانیدا بمێننەوە، بۆ ئەوەی بتوانن بە بەردەوامی بازرگانی بە گەلەکەمان و کێشەکەیەوە بکەن. چونکە ئەرکی سەرەکی ڕۆژنامەی "وڵات" ئەوە بووە ڕاستییەکان بۆ گەلەکەمان ئاشکرا بکات و پەردە لەسەر نەخشەو پیلانە شاراوەکانی داگیرکەران و خیانەتکاران هەڵماڵێت. هەر لەبەر ئەو هۆیەش ئەم بڕیارە لە دژی "وڵات" درا.

داخستنی ڕۆژنامەی "وڵات"، ئەمجارەیان بە بیانووی فشاری دەوڵەتی تورکیاوە ئەنجام دەدرێت. ئەم ڕووداوەش لە ئێمە و ئەگەلەکەمان بەختەوەر دەکات، بەڵکو بە پێچەوانەوە ڕق و کینەی گەلەکەمان لەبەرامبەر ئەو لایەنانە زێدەتر دەکات. لەم ڕووداوەشدا بۆ گەلەکەمان ئاشکرا بوو کە لایەنە باڵادەستەکان چەندە ئیرادەی گەلەکەمانیان تەسلیم بە تورکیا کردووە و، هەروەها سەلماندی کە ئەم لایەنانە خاوەنی بڕیاری خۆیان نین. ئەمەش مایەی دڵگرانییە، بە تایبەتی ئەگەر بزانین لەنێو جەرگەی کۆماری تورکیادا بە گشتی و لە شارێکی وەکو ئەستەنبوڵ بە تایبەتی چەندین ڕۆژنامەو گۆڤارو ڕادیۆ و دەزگاکانی تری ڕاگەیاندنی کوردی هەیە، کەچی دەوڵەتی تورکیا بە هیچ شێوەیەک جەسارەت ناکات کۆسپ و تەگەرە بخاتە پێش ئەو دەزگایانە. هەر بۆیە وەرگرتنی بڕیارێکی لەم جۆرە لە دژی ڕۆژنامەکەمان سەلمێنەری ئەوەیە کە ئەم لایەنە چەندە بێ ئیرادەو بێ چارەیە لەبەرامبەر داگیرکەرانی کوردستان بە گشتی و تورکیا بە تایبەتی.

ئاشکرایە هەندێ پێوانەو یاسایی نێو نەتەوەیی نەگۆڕ هەن، وەکو ئەوەی کە تەنانەت لە کاتی شەڕ و پێکدادانیشدا نابێت بە هیچ شێوەیەک دەستدرێژی بکرێتە سەر دەزگاکانی ڕاگەیاندن و تەندروستی مرۆڤەکان بکرێت. هەڵسەنگاندن کردنی هەر لایەنێک لەو بوارەدا پێوانەی سەرەکی ئەوەیە کە ئەو لایەنە چەندە دیموکراتیە. وە لە ڕۆژانی ئەمڕۆماندا کە سەردەمی دیموکراتیە و زۆر لە ناوەندەکانی دونیاو ڕۆژئاواییەکان بە تایبەتی خوازیاری گەشەکردن و بەرەو پێشەوە چوونی دەزگا دیموکراتییەکانن لە تەواوی دونیادا. هەر بۆیە جێی سەرسوڕمانە لەم کاتەدا لایەنێکی کوردی بڕیاری داخستنی ڕۆژنامەیەکی کوردی بدات، چونکە ئەم کارە خۆی لە خۆیدا لاواز کردنی گیانی دیموکراتی و هەوڵێکە بۆ بەرپا نەبوونی دیموکراتی لە کوردستاندا.

لە کاتێکدا کە کێشەی گەلەکەمان بە قۆناخێکی هەستیاردا دەرباز دەبێت، وە لەسەر تەواوی لایەنەکان فەرز دەکات کە هەموو ناکۆکی و ئاڵۆزییەکانیان بە شێوازی دیموکراتی و برایەتی و ئاشتییانە چارەسەر بکەن. هەر بۆیە کپ کردنەوەی دەنگی یەکێک لە مینبەرە سەرەکییەکانی دیموکراتی کە ڕاگەیاندنە شتێکی بێ واتایە و مایەی دڵگرانی گەلەکەمان وەرۆڤایەتییە.

وەک ئاشکرایە ڕۆژنامە خۆشەویستەکەتان "وڵات" لە هیچ هەلومەرجێکدا دژایەتی هیچ لایەنێکی نەکردووە، بەڵکو بە پێچەوانەوە هەمیشە ویستوویەتی دەرفەتی دروست بوونی یەکێتی و نزیکبوون لەنێوان لایەنە کوردییەکاندا برەخسێنێت. بەڵام ڕۆژنامەی "وڵات" وەکو هەر دەزگایەکی تری نیشتمانی لەگەڵ جێبەجێکردنی ئەرکە نیشتمانییەکانیدا، ڕەخنەی گونجاو و بابەتیانەی وەک چەکێکی شارستانی و دیموکراتی ئاراستەی لایەنەکان کردووە و هەمیشە لە ڕەخنەکانیدا بەرژەوەندی باڵای نیشتمانی لەبەرچاو گرتووە. ئاشکراشە گیانی لێبوردن و ڕەخنە پەسند کردن یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی دیموکراتی بۆ هەر کەس و لایەنێک.

## بۆ گەلی بە شەرەفی باشوور و تەواوی ڕۆشنبیران و هێزە سیاسی و نیشتمانپەروەرەکان...

بێدەنگ کردنی بەهایەکی بەرزی نیشتمانی وەکو "وڵات" نە لە قازانجی خودی ئەو لایەنەیە کە بڕیارەکەی وەرگرتووە و نە هیچ لایەنێکی دی کوردی. بڕیارێکی لەم جۆرە نە هیچ هێزێکی نیشتمانی و نە هیچ نیشتمانپەروەرێک دڵخۆش دەکات، بەڵکو بە پێچەوانەوە تەنها دڵ و دەروونی دوژمنانی گەلەکەمان و ئەوانەی کە دژی یەکێتی گەلەکەمانن دڵخۆش و بەختەوەر دەکات.

هەر بۆیە پێویستە هەموو هێزە سیاسیە نیشتمانییەکان و چین و توێژی ڕێکخراو و ڕۆشنبیران بە گشتی و ڕۆژنامەوانان و ڕۆژنامەکان بە تایبەتی بە ئەرکی مێژوویی سەرشانیان ڕابن، بۆ شەرمەزار کردن و پووچەڵ کردنەوەی ئەم بڕیارە ناپاسایی و دوور لە شارستانییەتە. لەسەر ئەو ڕاستییانەی سەرەوەو لەبەر ئەوەی ئەم بڕیارە دژی دەربڕینی بیرو ڕای ئازادەو یاساکانی ئازادی ڕاگەیاندن پێشێل دەکات لە کەسێتی "وڵات"دا، هەر بۆیە ئێمە وەکو ڕۆژنامەی "وڵات" ئەم بڕیارە شەرمەزار دەکەین و بە بڕیارێکی ناڕەوای دادەنێین.

ڕۆژنامەی "وڵات"
باشووری کوردستان
١٩٩٩/١١/٢٢

بەڵگەنامەی ژمارە (١٥٣)

# ١٣

# لەشکرکێشی تورکیا

# لەشکرکێشی تورکیا

مێژووی لەشکرکێشیەکانی تورکیا بۆ باشوری کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ دوای دەسپێکردنی شەڕی چەکداری پەکەکە لە دژی دەوڵەتی تورکیا و بەدیاریکراوی بۆ ساڵی ١٩٨٤ دەگەڕێتەوە. بەڵام چاوتێبڕینەکانی تورکیا ڕیشەیەکی مێژووی هەیە و دەگەڕیتەوە بۆ دوای جەنگی یەکەمی جیهانی و کاتی دابەشکردنی میراتی دەوڵەتی عوسمانی.

پاش شکستی عوسمانییەکان لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا، لە ٣٠ی تشرینی یەکەمی ١٩١٨دا ڕێکەوتننامەی مودرۆس بۆ وەستاندنی شەڕ لەنێوان دەوڵەتی عوسمانی و دەوڵەتە هاوپەیمانەکاندا ئیمزا کرا. بەوپێیە هێزە هاوپەیمانەکان زۆربەی ناوچە گرنگ و ستراتیجییەکانی دەوڵەتی عوسمانییان داگیرکرد، لەوانە: ئەستەمبوڵ و گەلێک لە شارە گرنگەکانی تر... پاشان سوپای بەریتانیا لە ١٥ی تشرینی دووەمدا (واتە ١٦ ڕۆژ دوای ئیمزاکردنی ڕێکەوتننامەکە)، ویلایەتی مووسڵی داگیرکرد.

ئەم شکست و داگیرکارییە، بووە مایەی سەرهەڵدانی ناڕەزایەتییەکی زۆر لە ناوچە جیاوازەکانی تورکیای ئێستادا. سەرباری خۆپیشاندان و جووڵانەوەی جەماوەریی بەرفراوان لە شارە گەورەکانی وەک ئەستەمبووڵ، کۆمەڵێک ڕێکخراوی بەرگریش پێکهاتن کە بە کۆمەڵەی داکۆکی لە مافەکان "جەمعییەی مودافەعەی حقوق"، ناسران. لەم دۆخەدا مستەفا کەمال کە ئەفسەرێکی پلە بەرزی سوپای عوسمانی بوو، بە ڕەزامەندیی سوڵتان محەمەدی شەشەم خۆی گەیاندە ناوچەی ئانادۆڵ و باکووری کوردستان. پەیوەندیی بە ئەفسەرو کەسایەتییە خاوەن پێگە و دەسەڵاتەکانەوە کرد، زۆربەیانی لەدەوری خۆی کۆکردەوەو جووڵانەوەیەکی دژی داگیرکاری و بە ئامانجی وەدەرنانی هاوپەیمانان و هێزەکانی یۆنان دەستپێکرد، کە دواتر لە ئەدەبیاتی تورکیای هاوچەرخدا بە شەڕی ڕزگاری (کورتولوش ساواشی) ناسرا. لەکاتێکدا کە سوڵتان محەمەدی شەشەم لە ئەستەمبوڵ لەژێر دەستی ئینگلیزەکاندا بوو وە

هیچ دەسەڵاتێکی ڕاستەقینەی نەبوو، ڕۆژبەڕۆژ بزووتنەوەکەی مستەفا کەمال گەورەترو بەهێزتر دەبوو.

لەنێوان ٤-١٢ی ئەیلوولی ١٩١٩دا، مستەفا کەمال و هاوەڵەکانی کۆنگرەیەکیان لە شاری سیواس ڕێکخست. لەو کۆنگرەیەدا بنەما سەرەکییەکانی جووڵانەوەکەو بەرنامەی کارکردنی لە دەقێکدا داڕێژران کە بە "میساقی میللی" ناسراوەو لە شەش بەش پێکهاتووە. ئەم پەیمانە سنوورەکانی تورکیای نوێ بەو هێڵە دەستنیشان دەکات کە لە ڕۆژی ئیمزاکردنی ڕێکەوتننامەی مۆدرۆسدا لە نێوان هێزەکانی دەوڵەتی عوسمانی و دەوڵەتانی هاوپەیماندا هەبووە. واتە باشوورو ڕۆژاوای کوردستان بە بەشێکی (دانەبڕاوی دەوڵەتی تورکیا) دەزانێت کە (بەهیچ شێوەیەک قابیلی دابەشکردن نیە). چونکە بە خوێندنەوەی کەمالییەکان، دەبوو لە ٣٠ی تشرینی یەکەمەوە هەموو شەڕێک ڕابگیرێ و ئەوەی تا ئەو ڕۆژە بە شەڕ لەلایەن هاوپەیمانەکانەوە داگیرنەکراوە، خاکی تورکیایە. بۆیە جەختیان لەوە دەکردەوە کە "داگیرکردنی ویلایەتی مووسڵ پێشێلکردنی ڕێکەوتننامەکەو یاسای نێودەوڵەتییە"وئامادەنەبوون دانییپێدا بنێن[٢٧١]. لێرەوە کێشەی ویلایەتی مووسڵ سەرهەڵدەدات.

تورکیا دەیویست ئەو ویلایەتە بگەڕێنێتەوە بۆ ژێر دەسەلاتی خۆی، بەریتانیا دەیویست بیلکێنێ بە ویلایەتەکانی بەسرە و بەغدادەوە و دەوڵەتی عێراقی نوێی لێ دروستبکات. ئەم کێشەیە بە هەڵپەسێردراوی مایەوە تا لەساڵی ١٩٢٤ تورکیا و بەریتانیا کێشەکەیان بردە کۆمەڵەی گەلان. لە ٦ی ئابی ١٩٢٤ بەریتانیا داوای لە کۆمەڵەی گەلان کرد پرسی موسل لەنێو کارنامەی سیاسی خۆیدا جێ بکاتەوە، سەرەتا بەریتانیا یاداشتی خۆی پێشکەش کۆمەڵەی گەلان کرد و دوای دوو هەفتە تورکیا یاداشتی پێشکەش کرد. کۆمەڵەی گەلان بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکە لە ڕێکەوتی ٣٠ی ئەیلولی ١٩٢٤ لێژنەیەکی دروستکرد، بۆ ئەوەی سەردانی مەیدانی ویلایەتی موسڵ بکەن کە لە سێ کەس پێکهات بوون: (ئێم دی ڤێرسن) دیبلۆماتکاری سویدی وەک سەرۆکی لیژنەکە، (کۆنت پول تیلیکی)

---

[٢٧١] ئاسۆس هەردی: تورکیا چی دەوێ؟ "میساقی میللی" چیە؟، سایتی پەیسەر، ٢٠٢٠، https://www.peyserpress.com/wtardetail/467

جوگرافیناسی بەناوبانگی هەنگاری،(کۆلۆنێل پاولس) لە سوپای بەلجیکی. لیژنەکە لە جنێف کۆبونەوە و بڕیاریاندا بۆ لێکۆڵینەوە و کۆکردنەوەی زانیاری سەردانی مەیدانی ویلایەتەکە بکەن. لە ٢٧ی کانوونی دووەم گەیشتنە ویلایەتەکەو گەشتیان بۆ ناوچەکانی ویلایەتەکە لە هەموو لایەنەکانی ویلایەتەکەیان کۆڵیەوە و دواتر لیژنەکە گەڕانەوە ڕاپۆرتێکیان پێشکەشی ئەنجوومەنی گشتی کۆمەڵەی نەتەوەکان کرد کە تێیدا هاتبوو: پێویستە هێڵی برۆکسل بە هێڵی سنووری نێوان عێراق و تورکیا دابنرێت و دەبێت ڕژێمی ئینتیداب (ماندات)ی بەریتانیا بۆ ماوەی (٢٥) ساڵ بە عێراقدا جێبەجێ بکرێت و کورد مافی خۆی دەبێت لە بەرێوەبردن و کارگێری و بەکارهێنانی زمانی کوردی لە قوتابخانە و دام و دەزگاکانی ویلایەتەکە، هەروەها داوا لە بەریتانیا بکرێت راسپاردەکانی لیژنەکە جێبەجێ بکات. لە کۆبوونەوەی کۆمەڵەی نەتەوەکان لە ڕێکەوتی ١٦ی کانونی یەکەمی ١٩٢٥ بڕیاریدا و ویلایەتی موسل بەتەواوەتی خرایە سەر عێراق. تورکیا دانی نەنا بەبڕیاری لکاندنی موسڵ بە عێراقەوە، تا گەیشتە ٨ی حوزەرانی ١٩٢٦، ڕێکهوتنێکی لەگەڵ بەریتانیا و عێراقدا مۆرکرد. تورکیا دانینا بە لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە عێراق، لە بەرامبەر پێدانی (١٠%) ی نەوتی ویلایەتەکە بە کۆمپانیای (نەوتی تورکی) بۆ ماوەی (٢٥) ساڵ[٢٧٢]. بەم جۆرە کۆتایی بەکێشەی ویلایەتی موسڵ هات لە ئاستی جیهاندا، بەڵام بۆ تورکیا هێشتا کۆتایی نەبوو، لە دەستورەکەیدا، موسڵ هێشتاش هەر بەشێک بوو لە خاکەکەی.

لە ساڵانی بیستەکان تاوەکو هەشتاکان، ڕێکەوتنی سەربازی تورکیا و عێراق بونی نەبوو، ناوە ناوە کۆبونەوەی دووقۆڵی و سێقۆڵی لە نێوان ئەو وڵاتانە ئەنجامدەدرا بە مەبەستی سەرکوتکردنی هەر جوڵانەوەیەکی کوردی، بەڵام لەگەڵ دەرکەوتنی (پ.ک.ک) دەستپێکردنی شەڕی گەریلای لە سنورەکانەوە و درێژە کێشانی شەڕەکە، تورکیا دەستی بەهەنگاوی کردەییکرد، بەئامانجی لێدان لە بنکە و بارەگاکانی (پ.ک.ک) لە ئەم دیو و ئەو دیوی سنور.

---

[٢٧٢]زاگرۆس ئەحمەد: مێژووی عێراق ١٩١٤- ١٩٥٨، چاپخانەی میدیا، چاپی یەکەم ٢٠١٨، لا ١٤٥بۆ١٤٩.

له ١٥ی ئابی ١٩٨٤ (پ.ک.ک) دەستی بە شەڕی چەکداری کرد. ساتەوەختی شەڕی چەکدار جێگەی هەڵوێستە لەسەر کردن بوو. تورکەکان پێیان وا بوو کە دەسپێکردنی شەڕ لە لایەن (پ.ک.ک) لەم کات و زەمەنە دیاریکراوەدا بە ئاماژەی هەریەک لە سووریاو ئێران بووە بۆ فشارخستنە سەر تورکیا تا زیاتر لە عێراق نزیک نەبێتەوە. هەر بۆیە هەردوو دەوڵەتی ئێرانی و سوری ڕێگەیانخۆشکردوە بۆ ئەو گەریلایانەی (پ.ک.ک) کە لە سووریا مەشقیان پێکرابوو تا بپەڕنەوە بۆ ناوچە شاخاویەکانی سنووری تورکیا و عێراق[٢٧٣].

لە مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٨٤ وەزیری دەرەوەی تورکیا بە یاوەری ژمارەیەک بەرپرسی سەربازی وڵاتەکەی گەیشتە بەغداد، بۆ گفتوگۆ سەبارەت بە بارودۆخەکە. لەم پێناوەشدا تورکیا تاڕادەیەک بەسەختی توانی دانوستان و ڕیککەوتنێک ئەنجامبدات تا هەڵبکوتێتە سەر بنکە و بارەگاکانی (پ.ک.ک) لە عێراق. لە ڕاستیدا دوو هۆکار هەبوون بۆ ئەوەی عێراق ڕازیبێت تورکیا کێوماڵی ناوچە سنوریەکانی باکوری وڵاتەکەی بکات. هۆکاری یەکەم، عێراق دەیویست پەیوەندیەکی تۆکمە لەگەڵ تورکیادا زیندو ڕابگرێ، چونکە نەوتی خاوی عێراق لەڕێگەی تورکیاوە هەناردە دەکرا، هەروەها هەندێک لە پەیوەندی بازرگانیەکانی لەو ڕێگەیەوە دەستەبەر دەکرد. هۆکاری دووەمیش خۆی دەبینیەوە لە تەمبێ کردنی (پ.د.ک) وەک هێزێکی نەیاری بەغداد.

بونی (پ.ک.ک) و (پ.د.ک) وەک دوو نەیاری حکومەتەکانی عێراق و تورکیا، ئەو دوو دەوڵەتی کۆکردەوە و گەیشتنە ڕێکەوتنێک لە ساڵی ١٩٨٤ کە عێراق ڕێگەی بە تورکیادا ٥ کم سنوری وڵاتەکەی ببڕێ بۆ هێرشکردنە سەر پەکەکە، لە ١٥ی ئابی ١٩٨٦ تورکیا هێرشی ئاسمانی کردە سەر ناوچە سنوریەکانی عێراق و تێیدا نزیکەی سەد هاوڵاتی و پێشمەرگەی (پ.د.ک) گیانیان لەدەستدا، هەروەها لە مانگی ئازاری ١٩٨٧ تورکیا ئۆپراسیۆنێکی سنور بەزاندن و تۆپبارانکردنی دەستپێکرد، کە تێیدا ناوچە کوردنیشینەکان زیانێکی زۆریان بەرکەوت. دوومانگ دواتر مەسعود بارزانی بەشێوەیەکی فەرمی ئەو

[٢٧٣] موراد یەتکین: پەیوەندییەکانی پەکەکە بە یۆنان و قوبرسەوە، وەرگێرانی لە تورکیەوە:شنۆ هیرانی، بەشی نۆیەم، سایتی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، https://knwe.org/?p=55214

پرۆتۆکۆڵەی لەگەڵ (پ.ک.ک) ئیمزای کردبوو هەڵیوەشاندوە کە باسی لە ڕێگاخۆشی (پ.د.ک) دەکرد بۆ (پ.ک.ک) لە بادیناندا[٢٧٤].

روداوەکانی ساڵانی ١٩٩١، کەخۆیان بینییەوە لە تێکشکاندنی سوپای عێراق لە کوەیتدا، هەلی بەخشییە تورکیا کە سود لەبۆشایی ئەمنی سەر سنورەکان وەربگرێت و جارێکی دیکە دەستیکردەوە بەئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنەکانی دەرەوەی سنور. بەتایبەتیش پاش دامەزراندنی حکومەتی هەرێم و دروستبونی پەیوەندی لەو نێوانەدا .ئەوەبو ئۆپەراسیۆنی (گسک لێدان- سوپەرگە) لەمانگی ئابی ١٩٩١ دەستیپێکردو تا تشرینی یەکەمی ١٩٩١ بەردەوام بوو[٢٧٥].

خاڵی وەرچەرخان لە گواستنەوەی پرسی کورد لە عێراق و تورکیا، سەرۆک کۆماری تورکیا تورکۆت ئۆزاڵ (١٩٨٩-١٩٩٣)بوو. ئۆزال لە بەرنامەیدا بوو چەند هەنگاوێک بهاوێت بەئاڕاستەی چارەسەرکردنی کێشەی کورد ئەویش بەستنەوەی کوردی عێراق بوو بە تورکیاوە، لە رێگەی سودوەرگرتن لە (پ.د.ک) و (ی.ن.ک). ئیدی لەو کاتەوە لینکی ڕاستەوخۆی ئەنقەرە لە نێوان (پ.د.ک) و (ی.ن.ک) لەسەر ئاستی حیزب دروستکرا[٢٧٦]. تورکیا چۆنیەتی پەیوەندیەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان بە چەندێتی هاوکاریکردنی هەرێم بۆ لەناوبردنی (پ.ک.ک) بەستبوەوە، بەرپرسانی هەرێم لەوکاتەدا تورکیایان بە شادەماری ژیان دەزانی بە رووی ڕۆژئاواو جیهاندا، دەیانویست لە ڕێگەی پشتیوانی کردنی تورکیاوە پشتگیری نێودەوڵەتی و پارێزگاری ئاسمانی بەدەست بهێنیت. لێرەدا جێی خۆیەتی ئاماژە بەو خاڵە بکەین کەهەریەک لە (پ.ک.ک) و حزبەکانی باشوری کوردستان، هێندە قاڵ نەبوون کە بەرژەوەندی هەرێمەکە وا لەبەرچاوبگرن بەجۆرێک هەرێمەکە نە بکەن بە پاشکۆ بۆ تورکیاو نەبیکەن بە مەیدانی جەنگن بەڵکو بەدوی چارەسەری سێهەمدا بگەڕێن. ئیدی لێرەوە، هەرێمی کوردستان نەرم نەرم خزایە نێو گیرفانی تورکیاو چارەنوسی بە

---

[٢٧٤] ئەلیزا مارکۆس: مێژووی پەکەکە، لا١٩٧ - ١٩٨

[٢٧٥] گەیلان عەباس: هێرشەکانی تورکیا بۆسەر هەرێمی کوردستان لێکەوتەو سیناریۆکان، ژوری توێژینەوەکانی بزوتنەوەی گۆڕان_گۆشەی سیاسی، ئابی ٢٠٢٠.

[٢٧٦] ئەیوب حەسەن: تورکیا دۆستێکی ئابوری یان دوژمنێکی سیاسی، ٢٠١٨، دیپلۆماتیک مەگەزین، http://diplomaticmagazine.net/politics/128

سیاسەتەکانی تورکیا لە ناوچەکەدا بەسترایەوەن هاوکات (پ.ک.ک) درێغی نەکرد لە بەکارهێنانی هەرێمی کوردستان وەک بەرەیکی جەنگی دژ بە تورکیا.

ئەوەبوو حکومەتی هەرێم شەڕی لە دژی (پ.ک.ک) بەهاوکاری تورکیا ڕاگەیاند لە ئۆکتۆبەری ١٩٩٢ کە ناونرا (ئۆپراسیۆنی سەندویچ). ئەم شەڕە (١٥ بۆ ٢٠) هەزار پێشمەرگە و (٥) هەزار سەربازی تورک و فڕۆکەی جەنگی و هەلیکۆپتەر و فرۆکەی چاودێری لە دژی پەکەکە ئەنجامدرا. پەکەکە شکستی هێنا و خۆیان ڕادەستی هێزەکانی (ی.ن.ک) کرد و لە سنوری هەرێم-تورکیاوە گواستیانەوە بۆ سنوری هەرێم-ئێران و لە قەندیل جێگیر بوون[٢٧٧].

شەرەکە، (پ.ک.ک)ی لە هەرێمی کوردستان کردە دوو بەشەوە، بەشی یەکەم لە ناوچەکانی خواکورک بە فەرماندەیی عوسمان ئۆجەلان، ڕێکەوتنیان لەگەڵ حکومەتی هەرێم کرد و ناوچەکەیان چۆڵکرد و چونە بناری قەندیل. بەشی دووەمی گەریلاکانی پەکەکە کە لە ناوچەکانی حەفتانین بوون، پابەندی ڕێککەوتنەکەی عوسمان ئۆجەلان و حکومەتی هەرێم نەبوون و درێژەیان بەشەڕدا، لە ئەنجامدا سوپای تورکیا ناوچەکانی حەفتانین داگیرکرد و ئالای تورکیای تێدا بەرزکردەوە، بەڵام مانەوەی سوپای تورکیا لەو چیا دژوار و سەخت و کەندەڵانە ئەستەم بوو بۆیە دوای ماوەیەک کشایەوە و هۆشداری دایە حکومەتی هەرێم کە بەرپرسن لە پاراستنی ئاسایش و ئارامی سنورەکانی تورکیا. سەختی ناوچەکە وایکرد ڕێککەوتنەکەی (پ.ک.ک) و حکومەتی هەرێم زۆر نەخایەنێت و دوای چەند مانگێک گەریلاکانی پەکەکە گەڕانەوە ئەو ناوچانە تا چەک و تفاقە حەشاردراوەکانی وەختی ڕاگوێزرانان بەدەستبخەنەوە، دواتریش بەیەکجاری گەڕانەوە شوێنەکانی پێشوویان و بە سەرانسەری سنوری هەردوو وڵاتی عێراق و تورکیا پەخش بوون[٢٧٨].

دوای ساڵی ١٩٩٢، ١٩٩٣ بارودۆخ تا ڕادەیەک ئارامم بووە، ئەم ئارامیەش بۆ دوو هۆکار دەگەرایەوە، یەکەم، سەرکەوتنی تورکیا لە ئۆپراسیۆنیەکەی ساڵی

---

[٢٧٧] هێرش عەبدوڵا حەمەکەریم: پەیوەندیە سیاسیەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و دەوڵەتانی دراوسێ ئێران و تورکیا و سوریا ١٩٩١-٢٠٠٣، ناوەندی ئەندێشە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم ٢٠١٣، لا١٧٠-١٧١

[٢٧٨] مێژووی پەکەکە، لا٣٤٤-١٤٥

١٩٩٢ كە لەگەڵ پێشمەرگە ئەنجامیدا و توانی پەکەکە لە سنورەکانی دوربخاتەوە. دووەم، دەسپێکردنی هەوڵەکانی تورگوت ئۆزالی سەرۆک کۆماری تورکیا بۆ چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی کورد و ڕاگەیاندنی ئاگربەستی تاک لایەنە لەلایەن پەکەکەوە. بەڵام لە نیسانی ١٩٩٣ تورگوت ئۆزال مردو پرۆسە ئاشتیەکەی بێ ئەنجام کۆتایی هات و دوای ماوەیەک دووبارە شەڕ دەستیپێکردەوەو تورکیا (ئۆپراسیۆنی دەرەوەی سنوور)ی لە ٢٨ی کانوونی دووەمی ١٩٩٤ بۆسەر کامپی زەڵی لە قەندیل ئەنجامداو ژمارەیەکی زۆر لە هاووڵاتییانی مەدەنی شەهید و بریندار بوون[٢٧٩].

ئۆپراسۆنەکانی تورکیا لە ساڵی ١٩٩٥ بەردەوام بوو، لە ئازاری ئەو ساڵەدا، تورکیا ئۆپەراسیۆنی (ئاسن-چەلیک)ی بەبەشداری ژمارەیەکی زۆر سەرباز بۆسەر خاکی هەرێم ئەنجامداو نزیکەی ٤٥ رۆژ بەردەوامبوو. ساڵی ١٩٩٦ تورکیا پلانی روبەروبونەوەی لەدژی (پ.ک.ک) گۆڕی. بەجۆرێک کانونی دوەمی ١٩٩٦ تورکیا بەهێزێکەوە هاتە نێو خاکی هەرێم و بەرەسمی دەستیکرد بەدروستکردنی بنکەی سەربازی و خۆجێگیرکردن لەناو قوڵای خاکی هەرێمدا. دواتر پشت بەست بە بونی هێزی سەربازی لەناو هەرێمدا لەساڵی ١٩٩٧ بە ٥٠ هەزار سەربازەوە ئۆپەراسیۆنی (چەکوش)یان ئەنجامدا، دواتر لەساڵی ١٩٩٨-٢٠٠٠ ئۆپەراسیۆنەکانی (چەکیچی و موراد)ی بەدوادا هات. لەگەڵ ئەنجامدانی هەر ئۆپەراسیۆنێکیشدا تورکیا زیاتر خۆی خزاندە خاکی هەرێم و ژمارەی سەربازو بنکەکانی زیاتر کرد[٢٨٠].

ئەم بەشەی بەڵگەنامەکان تایبەت کراوە بە لەشکرکێشیەکانی تورکیا بۆسەر هەرێمی کوردستان و کاردانەوەی کەمینە سیاسیەکانی کوردستان سەبارەت بەو کێشەیە. گرنگترین پرسیاریش لەم بەڵگەنامانەدا ئەوەبوو: سوپای تورکیا بۆ لەشکرکێشی لە کوردستان دەکات؟ ئەمە ئەو پرسیارە بوو کە پارت و ڕێکخراوەکان لەمیانی گەورەترین لەشکرکێشی تورکیا بۆ هەرێمی کوردستان

[٢٧٩] دەوڵەتی تورک ٣٧ ساڵە لە باشووری کوردستان کۆمەڵکوژی ئەنجام دەدات، https://anfsorani.com/%DA%A9%D9%88%D8%B1%D8%AF%D8...

[٢٨٠] گەیلان عەباس: هێرشەکانی تورکیا بۆسەر هەرێمی کوردستان، ل٥-٦

له١٤ /١٩٩٧/٥/  هەریەکەو راڤەی خۆی هەبوو. بۆیە لەبەشی چواردەیەم ئەو راڤانە دەبینین.

حزبی شیوعی کوردستان و (پ.ک.ک) لە بەیاننامەیەکی هاوبەشدا ئامانجە سەرەکیەکانی لەشکرکێشی تورکیا پۆلێن دەکات  کە تیایدا ((مەبەست لەناوبردنی ئەو تاقیکردنەوە ساوایەیە لە کوردستانی عێراق.... گەلانی تورکیا دوربخاتەوە لەکێشەی ناوخۆی..... هەلێکی باشی بۆ جەنەڕاڵە سەربازیەکان ڕەخساندووە کەتێیدا ملیۆنان دۆلار بدزن..... کۆنترۆڵی  هەرێمی کوردستان بکات و بیکات بە (قوبرص) ێکی تر لەڕوانگەی زیندوکرنەوەی بەرژەوەندی فراوانکردن و گەڕانەوەی دەسەڵاتی عوسمانی (لە ویلایەت یموصل))[٢٨١].

گروپێک بەناوی پەرلەمانتارانی کوردستان دەنوسن ((ئەم داگیرکردنە خەونی ڕژێمی تورکیایە بۆ (ویلایەتی موسڵ) و دەستبەسەرداگرتنی بیرە نەوتەکانە کە ١٤%  نەوتی جیهان لەم بیرانەوە هەڵدەقولێ، وە جێبەجێکردنی کۆبونەوەکانی ئەنقەرەیە کە لە (٢٠ خاڵ) پێکهاتووە و لەلاوازترین خاڵەوە دەستپێکرد کە ئەویش چۆڵکردنی کەمپی ئەتروش و پاشان دانانی حوکمەتێکی تورکمانی لە موسڵ و کەرکوک و هەولێر و تا بەرەبەرە بەشەکانی تری باشور دەلکێنێ بە تورکیاوە و یان هیچ نەبێت وەک قوبرسی لێدەکات))[٢٨٢].

هاوکات حزبی شیوعی کوردستان کە بەیاننامەی هاوبەشی لەگەڵ (پ.ک.ک) هەیە، بەڵام رایەکی تری لەم بارەیەوە هەیەو دەلێت ((لەوکاتەش کە ئەم هێرش و دەستدرێژیەی تورکیا ڕیسوا دەکەین، بە پێویستی دەزانین ئاماژە بەڕۆڵی نامەسئولانەی (پ.ک.ک) بکەین، چونکە ئەم ڕێبازە چەوتەیان لەشەڕ هەڵگیرساندن لەهەندێ ناوچەی کوردستانی خوارو، بیانگە بەڕژێمی تورکیا دەدەن بۆ دەستخستنە ناو کاروباری کوردستانی- عێراق، کە ماوەیەکە ڕژێمی دیکتاتۆری بەغدای لێ دورخراوەتەوە، و مەترسی لەسەر ئەزمونی گەلەکەمان لەم هەرێمە دروستدەکەن و دەیانەوێت شەڕی ناوخۆ دەستپێبکاتەوە))[٢٨٣].

---

[٢٨١]بەڵگەنامەی ژمارە (١٥٧): بەیاننامەی هاوبشی...

[٢٨٢]بەڵگەنامەی ژمارە (١٥٥): بانگەوازێک بۆ گەلی کوردستان

[٢٨٣]بەڵگەنامەی ژمارە (١٦١): وتەبێژێک بە ناوی(م. س)ی حشک ئەمەی خوارەوەی ڕاگەیاند

## بەڵگەنامەی ژمارە (١٥٤)
## وتەبێژێک بە ناوی مەکتەبی سیاسی حزبی شیوعی کوردستان ڕایگەیاند:
## جەنەڕاڵە عەسکەریەکانی تورکیان چیان لەگەلەکەمان دەوێت؟!

جارێکی دیکە سوپای تورکیا خاکی کوردستانی بەزاندو بە هێزێکی زۆرەوە کە بە جۆرەها چەکی تازە بابەت و بەکۆمەڵکوژ چەکدارکراوە، هاتە ناو کوردستانی عێراقەوە، بە هەمان بڕوبیانوی پێشوو کە گوایە دەیانەوێت بنکەو بارەگاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان، لەنێو کوردستانی عێراق تێکوپێک بدەن، و ڕێگەیان لێببڕن و بواریان پێ نەدەن لەم بنکانەوە پەلاماری کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئەم ڕژێمە، واتە کوردستانی باکور بدەن.

ئەوەی ئاشکرایە ئەم قەوانەی ڕژێمی تورکیا قەوانێکی کۆن و سواوەو یاسای نێودەوڵەتی ڕێگەیان نادا هەروا بە ئاسانی سوپای جەنەڕاڵە کەمالیستەکانی تورکیا هەرکات ویستیان سەروەری کوردستانی عێراق پێشێل بکەن و دەستدرێژی بکەنە سەرگیان و ماڵ و سامانی هاونیشتیمانیە بێ تاوانەکانی گەلەکەمان بە بڕوبیانی بێ بنجوبناوان و بەبەرچاوی گەلانی جیهان و کۆمەڵەی نەتەوەیەکگرتووەکان و هێزی هاوپەیمانەکانەوە.

ئەو ڕژێمە کە بەهۆی شەڕە گڵاوە ڕەگەزپەرستیەکەی لەکوردستانی باکوردا دووچاری تەنگ و چەڵەمەیەکی قوڵی سیاسی و ئابوری بۆتەوەو دوای ئاڵوگۆڕی وەزارەتیشەوە هەر سوورە لەسەردرێژەدان بەم شەڕە چەپەڵەی دژی گەلی بێ تاوانی کوردستان. ئەوەتا هەر لەسەرتای بەهارەوە وەکو پیشەی حکومەتەکانی پێشوو هێرشێکی بەربڵاوی بۆسەرکوردستانی باکور دەست پێکردووەتەوە و لەم هێرشەیەدا دەستی لەهیچ جینایەتکاریەکی وەکو کوشتن و بڕین و گوند سوتاندن و دەربەدەرکردنی خەڵکی هەژاری ناوچەکە نەپاراستووە.

ئێمە وای بۆدەچین کە ئەم پەلامارەی تازەیەی تورکیا وێڕای دژایەتی گەلی کوردستانی تورکیا بەڵگەیەکی نوێیە لەسەرتەماعیان لەکوردستانی عێراق، و دەیانەوێت لەم هەرلومەرجە ناهەموارەی کوردستان کەڵک وەربگرن و هەڕەشە لەهێزە نیشتیمانیە کوردستانییەکانی باشوور بکەن و فشاریان بخەنە سەربۆ ئەوەی ملکەچی نەخشە و پلانە شۆڤینیەکانی ڕژێمی ئێستای تورکیا بن و لەلایەکی دیکەوە پڕوپاگەندەی ڕژێمی دیکتاتوری سەدام برەو پێبدەن کە هەمیشە ئەوە دووپات دەکاتەوە لەکوردستانی عێراقدا هێمنی و ئارامی نیە و شیرازەی ئاسایش پچڕاوە.

لەکۆتایدا بە توندی بێزاری و نارەزای خۆمان لەمەڕ ئەو پەلامارە نوێیەی سوپای تورکیا دەردەبڕین و داوا دەکەین بە زوترین کات هێزەکانی خۆی بکشێنێتەوە و قەرەبووی زەرەو زیانی ڕۆڵەکانی گەلەکەمان بکاتەوە. لەهەمانکاتیش نارەزای خۆمان دەردەبڕین بەرامبەر هێزی هاوپەیمانان لەتورکیا چونکە ئەم پەلامارە بەبەرچاوی ئەوان و بە ڕەزامەندی ئەوان بەڕێوە براوە. داواش لەڕای گشتی و کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکەین کە سنورێک بۆ ئەم هێرشە یەک لەدوای یەکانەی سوپای تورکیا بۆسەرخاکی کوردستان دابنێین و جارێکی دیکە ڕێگە نەدەین بەم شێوە گاڵتە بە گیان و ئازادی و سەروەت و سامانی جوتیارە هەژارەکانی کوردستانی هەردوو دیوو بکەن.

هەولێر

١٩٩٦/٥/١٠

# بەڵگەنامەی ژمارە (١٥٥)

## بانگەوازێک بۆ گەلی کوردستان

ئەی جەماوەری وڵاتپارێزی کوردستان

ڕژێمی فاشی تورکیا لەسە بنچینەی ڕیکەوتننامەی (تورکیا، ئیسرائیل، ئەمریکا) بەهاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ هێزی خیانەتکاری کوردی کە خۆی لە (PDK)دا دەبینێتەوە، وە لە ڕۆژی ١٤ی ئایار ڕژێمی فاشی تورکیا بە پاڵپشتی زیاتر لە ٧٠ هەزار سەربازو ١٥٠٠ تانک و زرێپۆش و تۆپی دورهاوێژو فڕۆکەی جەنگی کوبراو هەموو جۆرە تەکنیکێکی پێشکەوتوو، بەئامانجی داگیرکردنی باشوری کوردستان بەقوڵای دەیان کیلۆمەتر سنورە دەستکردەکانی بەزاندو هێرشی ئاسمانی و زەمینیان کردۆتە سەر خەڵکی بێدیفاع و بارەگاکانی پارتە سیاسیەکان لە هەولێر و دیانە و دوبارە دەستیان کردووە بە کوشتوبڕی خەڵکی وڵاتپارێزو بێلایەن. دەوڵەتی فاشی تورکیا بەپاڵپشتی زایۆنیزم و ئەمریکاو خیانەتکارانی ناوخۆ، دەیەوێت شۆڕشی سەربەخۆی کوردستان کە بە ڕیبەرایەتی PKK بەڕێوە دەچێت تەفروتونای بکات و باشوری وڵات بکاتە ژێر ڕکێفی ڕەگەزپەرستانەی خۆیەوەو تیدا حوکمەتێکی وابەستەی تورکمانی دابمەزرێنێ،بەم شێوەیە جێگەی خۆی دروستبکات، بەمەش دووبارەکردنەوە پارچەپارچەکردنی کوردستان، هەروەک لە سەردەمی عوسمانیەکاندا ڕوویدا، هەربۆیە ٧٠ هەزار جەندرمەو هەزاران تانک و زرێپۆشی خۆی لە دەرەوەی یاسای نێودەوڵەتی هێنایە قوڵی باشوری کوردستان، هێڵی پاشکەڕۆی زەمینەی لەباری بۆ ئەم دەست تێوەردانە خولْقاند هەروەک چۆن لە ٣١ی ئابی ١٩٩٦ دا دیسان PDK بە نوێژی نیوەڕۆ بانگێشتی سوپای ڕژێمی عێراقی بۆ کوردستان کرد، ئەم جارەش بە شێوازێکیتر مێژوو خۆی دووبارەکردەوەو هەمان سەرکردایەتی بانگەوازی ڕژێمی داگیرکەری تورکیایان کرد بۆ سەر باشور کە ئەمەش بە خیانەتێکی مێژووی PDK دەژمێردرێت و بۆتە لەکەیەکی ڕەش بە نێوچەوانیانەوە. هەڵبەتە ئەم هێزە خیانەتکارە بەحوکمی وابەستەی خۆی لەگەڵ هیچ پارتێکی کوردستاندا هەڵناکات و تا ئێستا لەگەڵ هەموو لایەنە

کوردستانەیەکاندا شەڕی کردووەو کۆسپێکی جدی بووە لەبەردەم بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەییمان لەسەرتاسەری کوردستاندا، هەربۆیە خیانەت بۆتە پیشەیەکی دەیان ساڵەیان. ئەم هۆکارەش وایکردووە زۆر بە ئاسانی لەگەڵ ڕژێمی فاشیستی تورکیادا لەسەر حیسابی گەلەکەمان ڕێکەوتننامەو سازشکاری بکات. پشتی خۆی بە داگیرکەران ببەستێ، تەنها لە پێناو ئەوەی بگات بە دەسەلات.

ئەم خیانەتەی PDK لە کوردستاندا لاپەڕەیەکی ڕەشی تۆمارکردووەو گەلی ئێمەش لە پێناو دروستبوونی ئاشتی و ئازادی و گەیشتن بە مافە نەتەوایەتیکانی خۆیان ئەم خیانەتە مەحکوم دەکات و ڕۆژێک لە ڕۆژان حیسابی خۆی دەخوازێت.

ئێمەش بەناوی پەرلەمانتارانی دەرەوەی وڵات (PKDW) دیسان نەفرەت لەم خیانەتە دەکەین. وە ئێستاش سەردەمێکی نوێیە بۆ گەلی کوردستان ئەم خیانەت و دوژمنایەتیە لە مێژووی گەلەکەمان زۆر گرنگە، دەوڵەتی تورکیا لە باکور و باشوری کوردستاندا پیلانە چەپەڵەکانی کردۆتە یەک و هەردوو پارچە بەیەکەوە گرێدراون سەرکەوتن لەم شەڕەدا ڕێگەی ئازادی دەکاتەوە بۆ هەموو گەلی کوردستان، لەبەر ئەم هۆکارەش داوا لە سەرجەم چین و توێژەکانی گەلەکەمان دەکەین لە بەرامبەر ئەم داگیرکاریەی تورکیا و خیانەتی PDK هەڵوێست وەربگرن و بەرخۆدانێکی نەتەوەی بکەن، بەرەیەکی ڕزگاری پێکبهێنن.

گەلی ئێمە لە هەندەران نەفرەت لەم هێرش و خیانەتکاریە دەکات و گەلی ئێمە لە کوردستان ڕۆژێکی مێژووی دەژێت لە مەحکومکردنی ئەم خیانەتە لەم قۆناغە نوێیەدا لە گۆڕەپانی شەڕدا وەچەرخانێکی نوێ دروست بووەو خیانەت و پێویژدانی PDK و هاتنی سوپای تورکیاو سیاسەتی داگیرکردن لە کوردستاندا و لە هەموو جیهاندا کاردانەوەیەکی گەورە لەبەرامبەر ئەم سیاسەتە دروست بووە وای لە خیانەتکارانی PDK کردووە کە توشی شکست ببێت و بە تەنها بمێنێتەوە لە سەرتاسەری جیهاندا بەگشتی و ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بە تایبەتی. گەلی ئێمە هاوسەنگیەکی نوێی دروستکردووە لەم قۆناغە مێژووەیدا (PKDW) گەڕانەوەی بۆسەر خاکی وڵات ئامادەکاری

خۆیان بە شێوەیەکی قوڵتر دەکەن و لەبەرامبەر ئەم سیاسەتە دیسان بانگێشتی گەلی کوردستان دەکەین بۆ سەفەربەری و بەرخۆدانێکی نەتەوەی هەروەها بانگەوازی سەرجەم پارت و ڕێکخراوە سیاسی و ڕۆشنبیریەکان دەکەین بۆ دروستکردنی بەرەیەکی نەتەوەی و یەکێتیەکی نەتەوەی لە ڕێگەی بەستنی کۆنگرەیەکی نەتەوەی کە ئەم کۆنگرەیە ببێتە وڵامێک بۆ ئەو کۆسپ و تەگەرانە لەبەردەم گەلی کوردستاندا هەیە، تەنها ڕێگەیە بۆ ڕزگارکردنی میللەت لەقەتڵوعام و داگیرکاران و خیانەتکاران بەستنی کۆنگرەیەکی نەتەوەییە.

ئەی گەلی ئێمەی وڵاتپارێز

ئەی گەلی ئێمەی فیداکار

ئەی گەلی ئێمەی قارەمان

ئەی خەڵکی کوردستان

بانگی ئێوە دەکەین:

ئەمڕۆ ڕۆژی قارەمانێتی و سەرفرازیە

ئەمڕۆ ڕۆژی وڵامدانەوە و تۆڵەسەندنەوەیە لە خیانەتکاران و داگیرکەران

ئەمڕۆ ڕۆژی یەکگرتنی گەلی کوردستانە

ئەمڕۆ ڕۆژی ڕاسپاردنەوەی ئەمانەتەکانە

پەرلەمانتارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات

PKDW

١٩٩٧/٥/١٦

# بەڵگەنامەی ژمارە (١٥٦)

## بەياننامە

جەماوەری گەلی کوردستان و پارتە سیاسیەکان

بەربەرچاوی خۆتانەوەو بەسەرپەرشتی ئیمپریالیزیمی ئەمریکی و پەیمانی ناتۆ، بۆ چەندەمینجار ئەرتەشی سوپای ڕژێمی ڕەگەزپەرست و داگیرکەری تورکیای فاشی سنوری باشوریان بەزاند، بە هێزێکی مەزن کە پێکهاتووە لە سەدان تانک و تۆپ و زرێپۆش و فڕۆکەی جەنگی و هەلیکۆپتەرو چەکی قورسی تر بە هاریکاری و یارمەتی چەکدارەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و لەسەر بانگێشی ئەوان لەژێر پەردەی ڕاونانی گەریلاکانی (پ.ک.ک)و هێزی بەناو ئاشتی و بەرچاوی بنکەی ئەنجەرلیکەوە هێرشێکی فراوان و دڕندانەی کردۆتە سەر گوندەکان و دانیشتوانی و دەستی کردووە بە قەتڵ و عام و سوتاندن و تالانی ماڵ و سامان و دەغڵ و دانیان، توشی کۆچبەری و ئاوارییی کردوون، ئەمەش تەنها پلانێک نیە بۆ سەر پارتێک یان بەشێکی بچوکی وڵاتەکەمان، بەڵکو لەباربردنی ئەزموونە ساواکەو بەروبووم و دەستکەوتەکانی پاش ڕاپەڕینەکەی ١٩٩١و داگیرکردن و لکاندنی باشوری کوردستانە بە نیشتیمانی تورکیاوە کە بەپێی میساقی میللی (دەستور) بە بەشێک لە نیشتیمانی دایکی دادەنێت.

ئەی گەلی وڵاتپارێز....

ئاشکرایە ئەم داگیرکردنە خەونی ڕژێمی تورکیایە بۆ (ویلایەتی موسڵ)و دەست بەسەرداگرتنی بیرە نەوتەکانە کە ١٤% نەوتی جیهان لەم بیرانەوە هەڵدەقوڵێ، وە جێبەجێکردنی کۆبونەوەکانی ئەنقەرەیە کە لە (٢٠ خاڵ) پێکهاتووەو لە لاوازترین خاڵەوە دەستی پێکرد کە ئەویش چۆڵکردنی کەمپی ئەتروش و پاشان دانانی حوکمەتێکی تورکمانی لە موسڵ و کەوکوک و هەولێرو تا بەرەبەرە بەشەکانی تری باشور دەلکێنێ بە تورکیاوەو یان هیچنەبێت وەک قوبرسی لێ دەکات. ئاشکرایە کە ئەم پلانە هەماهەنگە لەگەڵ تەعریبکردنی ناوچە کوردییەکانی کەرکوک و گەرمیان و هەتا پردێ و مەخمور، کە بە هەزاران خێزانی دەرکردووەو بەرەو ناوچە ڕزگارکراوەکانی

کوردستان، بێجگە لەمەش ئەم هێرشە لە هەمانکاتدا لەگەڵ کۆبونەوەکانی ئەنقەرە کەلە ١٩٩٧/٥/١٤ دەستی پێکردووە.

ئەی جەماوەری ولاتپارێز..

خۆتان ئاگادارن کە ئەوە یەکەم شالاو نیە بۆ سەر باشورو یەکەم داگیرکەریش نیە کە جەسارەت دێنێ بۆ داگیرکردن و هێرشکردنە سەر خاکی کوردستان کە بۆتە گۆڕەپانی ململانێ و تەراتێنکردنی بنکە جاسوسیەکانی زلهێزەکان و دەوڵەتە داگیرکەرەکان و هەررۆژە چەندین سیاسەتمەدارو شۆڕشگێڕ شەهید دەکرێن، دیارە ئەمانە هەمووی ئەنجامی لاوازی هێزە دەسەلاتدارەکان و شەڕی ناوخۆو بێمەسئولیەتە بەرامبەر گەل و پاڵدانەوەی هەریەک لەم هێزانەیە بە یەکێک یان چەند داگیرکەرێکی کوردستان، بۆیە داوات لێدەکەین کە غەفلەت و بێ مەسئولیەت وازلێبێنن و بە ئەرکی نیشتیمانی هەستی نەتەوایەتی خۆتان هەستن و ڕیزەکانی خۆتان توند بکەن و یەکبگرن، چونکە بێ دەنگی و دورەپەرێزی و شانشلکردن جۆرێکە لە خیانەت بەرامبەر بە ولات و گەلەکەمان. بە بەرچاوەی خۆتانەوە دەبینن چۆن کەرامەت و شەرەفی ولاتەکەمان پێشێل دەکرێت، ئیتر دەبێ بەرگری و بەرخۆدان پەیڕەو بکەن بۆ بەرپەچ دانەوەی داگیرکەران و نۆکەرانیان.

بمرێ ئیمپرالیزم و داگیرکەران – مردن بۆ خائینان و نۆکەران

بژی هێزی گەل

حیزبی شیوعی کوردستان /عێراق - کۆمیتەی پارێزگای سلێمانی

پارتی کاری سەربەخۆی کورستان - ناوەندی سلێمانی و کەرکوک

حیزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان - لقی سلێمانی

یەکێتی نەتەوەی دیموکراتی کوردستان - پارێزگای سلێمانی YNDK

پارتی کرێکارانی کوردستان/P.K.K - نوێنەرایەتی باشور

١٩٩٧/٥/١٦

## بەڵگەنامەی ژمارە (١٥٧)
## بەیاننامەی هاوبەشی حزبی شیوعی کوردستان - عێراق
## و پارتی کرێکارانی کوردستان P. K. K

هێزە چەکدارەکانی تورکیا لە١٩٩٧/٥/١٤، بە پاڵپشتی تانک و زرێپۆش و فرۆکەی جەنگی لەچەند قۆڵێکەوە هێرشی فراوانیان کردە سەرکوردستانی عێراقی ئازادکراو... بە پێچەوانەی پرەنسیپ و یاسا نێودەوڵەتی و سەرباری نارەزاییەکی فراوان لەلایەن حکومەت و لیژنە نێودەوڵەتیەکان و ڕای گشتی جیهانەوە.

ڕژێمی تورکیا لەڕێگەی ئەم کارە دوژمنکارانەیەوە سەلماندی کە یاری بە شکۆمەندی سەروەری نیشتیمانی و ناوەڕۆکی بڕیاری (٦٨٨) و ئامانجەکانی ناوچەی ئارام بۆ گەلەکەمان لەباشوری کوردستان و لەسەرهێڵی (٣٦)ەوە دەکات... ئەمە یەکەمجار نیە کە هێزەکانی تورکیا سنوری کوردستانی عێراق دەبەزێنن، بگرە لەساڵی ١٩٩٢یشدا (پاش ڕاپەڕینە جەماوەریەکە) چەند جارێک بە بیانووی لێدان و ڕاونانی جەناگەوارانی پارتی کرێکارانی کوردستان (PKK)ەوە کە ئەمەش بیانویەکی بۆش و بێ مانایە لەبنەچەداو، هەرگیز ئەم ڕژێمە مافی ئەوەی نیە کە سنورکێشی بکات و کۆنترۆڵی کوردستانی عێراق بکات و هاوڵاتیانی مەدەنی بێ تاوان بکوژێت و ماڵەکانیان بەسەردا بڕوخێنێ و کێڵگەو دارستانەکانیان بسوتێنێ و بەدەیەها هەزار جوتیاری کوردستان ئاوارەو دەربەدەر بکات.

جەماوەری هێژا، ئازادیخوازانی جیهان!

مەبەستە ڕاستەقینەکانی ڕژێمی شۆڤینی تورکیاو جەنەڕاڵەکانی کە هەڵگری بیری (طورانین) دژ بە ماف و ئامانجەکانی گەلانی ناوچەکەیە، مەبەست لەناوبردنی ئەو تاقیکردنەوە ساوایەیە لەکوردستانی عێراقی ئازادکراودا لەئارادایە، ئەم ڕژێنە نایەوێت بەشێک لەبەشەکانی کوردستان بە مافە نەتەوەییە ڕەواکانی خۆی بگات، بێگومان ئەمەش هانی گەلی کورد دەدات لەکوردستانی تورکیا، کە بێبەشە لەهەموو مافە نەتەوەییەکانی کە داوای مافی ڕەوای خۆیان بکەن.

لەلایەکی ترەوە ڕژێم هەوڵدەدات، گەلانی تورکیا دوربخاتەوە لەکێشەی ناوخۆی و مەسەلە ئالۆزەکانی بەتایبەت قەیرانی حوکم و دەسەلاَت لەنێوان باڵی ئیسلامی و باڵی بەناو عەلمانیدا، ئەمە جگە لەو قەیرانە ئابوریە قوڵەی وڵاتەکە کە چەند ساڵکی دوورو درێژە پێیدا تێپەڕ دەبێت لەئەنجامی سیاسەتی نانیشتیمانیەکانی دەسەلاَتدارانی تورکیا لەدژی گەلەکەیان و وڵاتە دراوسێکان پەیڕەوی دەکەن. هەروەها ئەم هەڵمەتە وەحشی گەرانە هەلێکی باشی بۆ جەنەڕاڵە سەربازیەکان ڕەخساندووە کە تێیدا میلۆنان دۆلار بدزن لەکاتێکدا گەلانی تورکیا لەبرسێتی و هەژاری و نامۆییدا دەژی.

ئێمە لەکاتێکدا ئەم هێرشە سەربازیە زاڵمانەیەی ڕژێمی تورکیا دژ بەگەلەکەمان لەکوردستانی عێراق مەحکوم دەکەین، هاوکات بە بەشێکی تەواوکەری سیاسەتی تیرۆرستیانەی ڕژێمی تورکیای دەزانین کە بەجدی هەوڵدەدات کوردستان باشور بکات بە (قوبوص)ێکی تر لەڕێگەی ئەو تورکمانەی کە تیایدا نیشتەجێن و بە بەردەوامی مایەی خۆشەویستی برایانە بوون و ڕێز لەمافە ڕۆشنبیری و ئیداریەکانیان لەسنوری کوردستاندا گیراوە.

ئەم ڕژێمە لەڕێگەی هەبوونی نەتەوەی تورکمانەوە سورە لەسەرئەوەی کۆنترۆڵی هەرێمی کوردستان بکات و بیکات بە (قوبرص)ێکی تر لەڕوانگەی زیندوکرنەوەی بەرژەوەندی فراوانکردن و گەڕانەوەی دەسەلاَتی عوسمانی لە (ویلایەتی موصل) دا، ئەمەو جگە لەوەی هەوڵدەدات گەلی کوردستان لەعێراق و تورکیا پاکتاو بکات و ئاوات و ئامانجە نیشتیمانیە ڕەواکانی لەناو بەرێت، بە تایبەتی کە ئەم هێزانە بەپاڵپشتی و هاوکاری ڕژێمی ڕەگەزپەرستی ئیسرائیلە، کە بە مۆدێرنترین تەکنەلۆجیای جەنگی یارمەتی داوەو بەهاندان و ستایشی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە پڕوپاگەندە بۆ دیموکراتی و داکۆکیکردن لەمافی مرۆڤ و ئازادی گەلان بەدرۆو بوختان دەکات...

ئاخۆ بۆردومانکردنی گوندە کوردستانیەکان بە موشەک و کوشتنیخەڵکی بێتاوان و سوتاندنی گوندو کێڵگەکان و ئاوارەکردنی دەیان هەزار جوتیار، مانای دیموکراسیەت و مافی مرۆڤ دەگەیەنێ لەسەرشێوازی ئەمریکا. لەم ڕوانگەیەوە بانگەشەی ڕۆڵەکانی کوردستان دەکەین، بە تێکڕای هێزە نیشتیمانی و دیموکراتی و ڕێکخراوە پیشەی و کەسایەتیە نیشتیمانیەکان، کە

هەڵوێستی ئاشکرایان دەربڕن دژ بە دوژمنکاری تورکیا و ئەو جەنگەی کە بەرپای کردووە، چونکە ئێمە خاوەن مەسەلەیەکی ڕەواین و دەبێت هەموو کەس لەشورێنی خۆیەوە و بە پێی توانای خۆی بەژداری بکات، چونکە ئەمە ئەرکێکی نیشتیمانی و ئازادیخوازانەی پیرۆزە..

هەر هاوکاریەکیش لەلایەن هەر باڵێکی کوردستانیەوە لەگەڵ هێزەکانی تورکیادا، بە هیچ شێوەیەک لەشێوەکان خزمەت بە دۆزی ڕەوای گەلەکەمان ناکات، چونکە ڕژێمی تورکیا دوژمنێکی ئاسایی گەلی کوردستانە.

بەهەمان شێوە بانگەشەی ڕای گشتی جیهان و حکومەتەکان دەکەین لەوڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی و حکومەتە دیموکراتی و شارستانیەکان لەسەرجەم ناوچەکانی دنیادا کە ئەم هێرشەی ڕژێمی تورکیا مەحکوم بکەن و فشاری بخەنە سەربۆ کشانەوەی دەست بەجێی هێزەکانی لە کوردستانی عێراق و پابەندبێت بە یاساو پرەنسیپە نێودەوڵەتیەکانەوە و کۆڵبدات لەچەوساندنەوەی گەلەکەمان.

ئێمە دڵنیاین لەوەی کە مەسەلەی گەلەکەمان ناکرێ لەڕێگای هەڵمەتی سەربازیەوە چارەسەربکرێت، بگرە لەڕێگای گفتوگۆو شێوازی ئاشتی و دیموکراسیخوازانەوە دەبێ چارەسەربکرێت و هەردەم داوای ئەم ڕێگەیەمان کردووەو ئامادەییمان دەربڕیوە بۆ سازدانی..

ئەی گەلانی عەرەبی و گەلانی ناوچەکە

ئێمە هەردوو حزب، کرێکارانی کوردستان (PKK) و حزبی شیوعی کوردستان- عێراق، ئەم هەڵمەتە نوێیە سەربازیەی تورکیا کە نەخشەی بۆ کێشراوە بە هاوکاری لەگەڵ دەوڵەتی ئیسرائیلدا و بە پاڵپشتی ئەمریکا بە ئەنجام دەگەیەنرێ، سەرەتایەکە بۆ هەڵمەتی ئیستیعماریانەی تر، کەتەنها دژ بە گەلی کوردستان نیەو بگرە دژ بەگەلانی وڵاتانی عەرەبی و گەلان و حکومەتەکانی ناوچەکەیە کە ڕازینابن ملبدەن بۆ مەبەستە دوژمنکاریەکانی ئیسرائیل و تورکیا.

بۆیە داوا لەگەلان و حکومەتە عەرەبی و ئیسلامیەکان دەکەین، کە هەڵمەتێکی بەرفراوان ئەنجام بدەن بۆ ڕسواکردن و شکستپێهێنانی ئەم پیلانە گڵاوە دوژمنکارانەیە کە دژ بە گەلانی سەرجەم ناوچەکەو بە هەموو شێوازە

جیاجیاکانەوە پاڵپشتی گەلی کوردستان بکەن بۆ بەرەنگاربونەوەی ئەم هەڵمەتە هیستریاییە.

ئێمە ئەوە دووپات دەکەینەوە هەرچۆن گەلی کوردستان توانی شکست بە هەڵمەتەکانی پێشوو بهێنێ، ئێستاش توانای شکست پێهێنانی ئەم هەڵمەتە نوێیەی هەیەو داوا لەسەرجەم هێزە نیشتیمانیە کوردستانیەکان دەکەین کە ڕیزەکانیان یەکبخەن و بەئەرکە نیشتیمانی و ئازادیخوازیەکانیان هەڵسن و نەفرەت لەناکۆکیە لاوەکیەکانیان بکەن و ڕێکبکەون لەسەربەرنامەیەکی نیشتیمانی دیموکراتی سەرتاسەری بۆ شکست پێهێنانی بەرژەوەندیەکانی ڕژێمی تورکیاو لەپێناو پاراستنی ئەزمونی گەلی کوردستانماندا کە ڕووبەڕووی پیلانە گڵاوەکان دەبێتەوە لەلایەن سەرجەم دوژمنانیەوە...

مردن و سەرشۆڕی بۆ پیلانەکانی ڕژێمی دوژمنکاری تورکیا دژ بەئامانجەکانی گەلەکەمان...

سەرکەوتن و شکۆمەندی بە گەلی کوردستان و گەلانی ناوچەکە...

گۆڕبەگۆڕ بێت پیلانەکانی دژ بە ئاشتی و ئازادی و دیموکراتی...

دمـشــــق

پارتی کرێکارانی کوردستانPKK حیزبی شیوعی کوردستانKCP

١٩٩٧/٥/١٧

## بەڵگەنامەی ژمارە (١٥٨)

## ئەی جەماوەری بەشەرەفی کوردستان

## ئەی جەنگاوەرە قارەمانەکان..

لەبەرەبەیانی ١٤ی ئایاری ١٩٩٧ سوپای فاشی تورکیا دەستی بە داگیرکردنی باشوری کوردستان کرد، بە پاڵپشتی هێزێکی کە پێکهاتبوو لە (٨٥) هەزار سەرباز و هەزاران تانک و زرێپۆش فڕۆکەی جەنگی هەلیکۆپتەری سەربازی. شەڕێکی دڕندانەی لەدژی PKK و سەرجەم هێزە شۆڕشگێڕو نیشتیمان پەروەرەکان لەباشوری کوردستان جاردا ئەم داگیرکردنەی کەوا بە پێی بەژداربوونی PDK ئەنجام دراوەو گەورەترین مەترسیە بۆسەربەرژەوەندی گەلەکەمان و تەواوی گەلانی ناوچەکە..

لەمێژوو‌داو گەلێک جاریتر هێرشی بەم شێوەیە کراوەتە سەرخاکی کوردستان، گەلێک ئێش و ئازار و تالان و وێرانکردنی داگیرکاری بەسەرگەلەکەماندا هاتووە، ئەم شالاوەی ئێستا ڕژێمی داگیرکەری تورکیا بە هاوکاری هێزی خیانەتکاری کە خۆی لە PDK دا دەبینێتەوە، درێژە پێدەری ئەو کارەسات و نەهامەتیەی کەوا لەڕابردوودا بەسەرمیللەتی کوردا هاتووە، لەکاتێکدا ئەو بیانووەی بناغەکەی کەوا دەیهێننەوە ناتوانن ناوەڕۆکی ڕاستیەکان بشێوێنن، ئەوا بە هەوڵێکی تر دادەنرێت بۆ لەناوبردنی بەرژەوەندیە نەتەوایەتیەکانمان و کە بونمان لەمێژوودا بسرێتەوە هەڵسانی تاقمی خیانەتکاری PDK بە فرۆشتنی گەلەکەمان بە داگیرکەرانی کردەوەیەکی نوێ نیە، بەلای ئەم تاقمەوە هێشتا داگیرکردنی پایتەختی باشوری کوردستان - هەولێر لە٣١ی ئابی ١٩٩٦ لەلایەن داگیرکەرانەوە PDK و گەیاندنی گورزێکی کاریگەرو دژ بە دەستکەوتەکانی گەلەکەمان و جێبەجێکردنی کوشتاری بە کۆمەڵ لەبەرامبەریدا ئەمانە لەبیری شۆڕشگێڕانەی ڕۆڵەکانی گەلەکەمان دا نەچۆتەوە، بەواتایەکیتر تاقمی خیانەت کاری PDK بە خەنجەرێکی ژەهراوی دەستی داگیرکەران دەژمێرێت کە لەسنگی گەلەکەمانی پێ ئەدات هەر لەسەرەتای دروستبونیەوە.

لێرەوە بەرەو ڕووبەڕوو بونەوەی داگیرکاری تورکی و PDK و ئەو قەسابخانە هۆڤیانەی کە لەدژی گەلەکەمان ئەنجام دەدرێت بەردەوامەو درێژەی پێ ئەدەن، هەروەک لەهەولێردا ئەنجام درا ئەرکی ئەمڕۆی گەلەکەمان ئەرکێکی شۆڕشگێڕی و نەتەوەی پیرۆزە.

لەژێر ڕۆشنای ئەم ڕاستیانە و بەڵگەنەویستدا هەردوو حیزبی کوردستانی وەک دوو پارتی شۆڕگشگێڕی کوردستان، پارتی کرێکارانی کوردستان PKK و حزبی سۆسیالیتی دیموکراتی کوردستان PSDK گەیشتین بە دەرئەنجامی چەند بڕیارێکی نەتەوەی و مێژووی، هەردوو پارتی شۆڕشگشێڕی بریارماندا هێزە سیاسی و سەربازیەکانمان لەهەموو بوارەکانی تردا یەکبخەین و پەرەبدەین بە خەباتێکی شێلگیرانەو هەنگاوی هاوبەش بنێین لەشەڕو ئاشتیدا لەپێناو پارێزگاری کردن لەبەرژەوەندی گەلەکەمان و بەدیهێنانی پرۆسەی ڕزگاری نەتەوەیمان بەمەش دەرگا لەڕووی سەرکەوتنی یەکجارەکی هەردوو بەشی کوردستان دەکەینەوە، ئەرکی نەتەوەی و مێژووی چارەنوس سازی گەلەکەمان جێبەجێ دەکەین.

لەکاتێکدا هەردوو پارتیمان PKK و PSDK بەرگری لەم داگیرکاریە دڕندانەیە دەکەن و داواش لەهەموو شۆڕشگێڕو نەتەوەییەکان و قارەمانەکانی گەلەکەمان و مرۆڤایەتی پێشکەوتوخواز دەکەن لەڕیزی ئەم بەرخۆدانەدا جێگیرن بەپێی ئەوەی ئەم پرۆسەی داگیرکاریە پێشێلکاریەکی زەقی یاسا نێودەوڵەتیەکان و مافەکانی مرۆڤە دژبە بەرژەوەندی گەلەکەمان.

بە دەنگەوە هاتنی مرۆڤایەتی پێشکەوتوخوازو هێزە نەتەوەیی و سۆڕشگێڕەکانە بە پیی بانگەوازەکەمانەوە بێن بۆ بەرەنگاربونەوەی هێرشی دوو لایەنەی ڕژێمی فاشی تورکیا و ئەو دەستە خیانەت کارانەی PDK ئەرکێکی بەپەلەیەو ڕاکردن لەئەنجامدانی، هیچ بەهانەیەکی بونییە!

پارتی کرێکارانی کوردستانPKK حزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستانPSDK

١٩٩٧/٥/٣١

## بەڵگەنامەی ژمارە (١٥٩)

## بەیاننامەی مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان

## مامۆستایان هێنانی لەشکری تورکیا مەحکوم دەکەن

وا جارێکی تریش هێزی تێکدەر و مودمین لەسەر ئاژاوە و نیشتیمان فرۆشی حیزبەکەی ٣١ی ئاب. بە عەرزو حالێکی دەرباری بنەماڵە، لەشکری هەمیشە ئامادەباشی تورکیای هێنایەوە سەرخاکی لە مێژیەنەی کوردستانی ئۆخەی نەدیوو و بەرەو قولای هەرێم بۆتە ئافەرین وەرگر و چاوساغی ناحەزانی ئەملا و ئەولا....

سەبارەت بە لەشکرکێشیەکەی ئەمجارەی تورکیا کە هاوزەمانە لەگەڵ ڕاگواستنێکی تازەی ڕەگەزپەرستی و ناسیۆنالیستانەی ڕژێمی داگیرکەری عەفلەقیدا دەشێ و دەکارێ لە ئیسگەی ئەم خاڵانەدا چەند هەڵوەستەیەک بکەین:

ڕژێمی عێراق بۆ گرتن و ڕاوەدوونان و ئەشکەنجە و ئازاردان و کوشت و بڕ و جینۆسایدی ڕۆڵەکانی عێراق و کوردستان هەمیشە ئازا و دلێر و مەردی مەیدانە..!! کەچی لە بەرامبەر هاتنی هەر لە شکرێکی داگیرکەری بیانی پێشێلکردنێکی سەروەری و سیادەی عێراقدا قالبێکی بێ گیانە و خاوەن بڕیاری (ئاگرەسورە لە خۆم دوورە)یە ..!!

ڕژێمی داگیرکەری عەفلەقی چەندە ناکۆک و نەیاری هێزە داگیرکەرەکان بێت، بەڵام بۆ لێدان و لاوازکردن و لەناوبردنی کورد و کوردستان! دەست لەسەر سنگ هاوپیلانە و هەردەم (ڕەفیقی دز و شەریکی قافڵیە..!!)

لەهەموو دانیشتنەکاندا بە تایبەتیش لە کۆبونەوکانی ( ئەنقەرەدا). هەرکاتێ بیروڕاکان بۆ چارەسەرکردنی تەنگەژەکان لێکنزیک ببەوە، ئەوا حیزبەکەی ئاب بۆ هەڵوەشانەوەی بڕیارەکان لە کت و پڕیکدا (گۆبەندێک) دەخولکێنێ و وەکو دیاریە بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی دەنێرێ..!! تا لەسایەی بارودۆخی (نەشەڕ و نەئاشتی)دا درێژە بە تەمەنی بێ داینەمۆ بدا. هەولێری پایتەختیش هەر داگیرکراوبێت، گەورەترین داهاتی ڕۆژانەی گومرگی ئیبراهیم خەلیلیش بۆ قازانجی بنەماڵە ڕاکێشی بانکەکانی هندەران بکات..!!

وادیاره شەمشەمە کوێرەکانی تاریکستان جەهالەت و کاڵفامی، چاویان بە هەڵهاتنی خۆری زانین و ئاسۆی پێشکەوتن و تیشکی زانست و پڕۆسەی پەروەردەو فێرکردن هەڵنایان، بۆیە هەموو جارێ لە وادەی تاقیکرنەوەکاندا. دەستت دەدەنە کاری نامۆ.. پاشاگەردانی بەرپا دەکەن.. دوژمنان پەلکێش دەکەن.. بەرنامەی ئەزمونەکان تێکدەدەن.. خوێندنگا و دەزگا پەروەردەییەکان دەکەنە مۆڵگە و سەربازگەی لە شکری داگیرکەری دەعوەتکراو..!!

حیزبەکەی ئاب نەک هەر سەبەبکاری هێنانی لەشکری تورکیایە، بەڵکو خەتاباری ڕاگواستن و سەبەبکاری کۆچ پێکردنی خەڵکی بێ دیفاعی کەرکوک و خانەقینیشە. کە هاوکات لەگەڵ لەشکرکێشیەکەی تورکیادا ڕژێمی داخ لەدڵ و شۆڤێنی بەعسی عەفلەقی بە پێی نەخشەیەکی داڕێژراوی تازەی تەعریب کردنی دەستی داوتێ..!!

ئەگەر ڕەفتاری خیاتەت کارانەی حیزبەکەی ئاب، بێ لێپرسینەوە و سنوردانان هەروا بەردەوام بێ ! دەبێ بپرسین: ئاخۆ ئەم جارەیان و لەسەر داوای ئەم حیزبە دەبێ لەشکری دەست بەتاڵی داکیرگەرپیشەی ئەم سەرزەمینە پاڵێوراو یان دەستنیشانکرابێ! بۆ پەلاماردانی خاکی هەرێمی کوردستان..!؟

یەکێتی مامۆستایانی کوردستان کە لە ڕوانگەی ئامانجە نیشتیمانیەکانیەوە هەردەم پشتگیری لە خەباتی ڕەوای گەلەکەمان لە هەموو بەشەکانی کوردستان دەکات، هێنانی لەشکری تورکیا مەحکوم دەکات و، هاوئاهەنگ لەگەڵ هێزە شۆڕشگێڕ و دیموکرتخواز و نیشتیمان پەروەردەکانی کوردستان، خوازیارە بە زووترین کات ئەم لەشکرکێشیە کۆتای پێ بێت و: ئیتر چیتر هەرێمی کوردستان نەبێتە شوێنی دڵە ڕاوکێ و نائارامی.

خائینانیش با چاکبزانن ئەم خیانەتە هەروا بە ئاسانی تێناپەڕێ.. ئەمڕۆبێ یان سبەی هەردەبێ لەبەردەم دادگای عەدالەتی میللەتا باجی خیانەتکارانەیان بدەن.

سەرکەوێ ویستی پۆڵاینی گەل بۆ لەگۆڕنانی نەخشەی ژەهراوی دوژمن و نۆکەرانی

لە برودابێت پەیامی پیرۆزی مامۆستا بۆ برەوپێدانی پەروەردە و زانست لە کوردستانێکی ئازاد و سەرفرازدا

یەکێتی مامۆستایانی کوردستان مەکتەبی سکرتاریەت

٢٠ / ٥ / ١٩٩٧

# بەڵگەنامەی ژمارەی (١٦٠)

## بانگەواز

لەشکرکێشییەکەی سوپای تورکیای فاشی داگیرکەر کە لە(١٩٩٧/٥/١٤)دا دەستی پێکرد بۆسەرخاکی باشوری کوردستان و بە چاوساغی و یارمەتی چەکدارەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، وە هەروەها کە لەڕۆژی ١٩٩٧/٥/١٦دا لەشاری هەولێر و دیانا پاشانیش لەڕەواندوز کۆمەڵکوژیەک دژی ئەندامان و دۆستان و لایەنگرانی (PKK) ڕووی دا لەسەردەستی چەکدارەکانی (PDK) و تورکمانەکان و هێزی بەناو پاراستی ئاشتی بە سەرپەرشتی (حسن قاپلان) و بە فەرمانی مەسعود بارزانی و لەرێگەی فرانسۆ حریری پارێزگارو لێپرسیراوی لیژنەی ئاسایشی هەولێرەوە، کە هەتا ئێستا هەر بەردەوامە بۆ گرتن و بەدیلکردن و کوشتنی لایەنگرانی (PKK)... ئەم هێرشە دڕندانەیە تەنها بۆسەرئەو ناوچانە نەبوو کە لەژێر کۆنترۆڵی گەریلاکانی (PKK)دایە، بەڵکو ناوچەکانی تری ژێر دەسەڵاتی (YNK)شی گرتەوە. ئەوە بوو ڕۆژی ١٩٩٧/٥/٢٩ فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورک بەخەستی بۆردومانبارانی ناوچەکانی وەرتێ و دۆڵەڕەق و خانەقایان کرد، کە هیچ هێزێکی (PKK)ی تێدا نیە و لەژێر دەسەڵاتی هێزەکانی (YNK) دایە، تا بووە هۆی شەهید بوون و برینداربوونی چەند هاوڵاتیەکی سڤیل و نیشتەجێی ئەو گوندانە و دەوارنیشنەکان و سوتاندنی خانووبەرەو مەڕوماڵاتیان و چەند پێشمەرگەیەکی سەربە (YNK) شەهید بوون.

دیارە ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ کە ڕژێمی فاشی داگیرکەری تورک هیچ جیاوازیەک ناکات لەنێوان کوردی چەکدار و بێچەک، بێلایەن و لایەندار، ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی (PDK)و ژێر دەسەڵاتی (YNK)، لای ئەو هەر کورد بیت و بەس و لەهەر کوێیەک بن.

ئەم هێرشە دیارە تەنها بۆ ڕۆژە و دوو ڕۆژ نیە، بەڵکو هەر بەردەوام دەبێت، وە هەر بۆ ڕاونانی گەریلاکانی (PKK) نیە، بەڵکو ئەمە بیانووە و مەبەستی داگیرکردنی باشوری کوردستانە، بەقوبرس کردنیەتی، وە هەتا

دەست بگرێت بەسەربیرە نەوتەکانی موصل کە بەپێی دەستورەکەیان (میساقی میللی) ئەم ویلایەتە بەشێکە لەتورکیا..

ئێمە لەکاتێکدا ئەم هێرشە دڕندانەیە مەحکوم دەکەین، داوا لەدەزگا نێودەوڵەتیەکان و لایەنە سیاسیەکان و حوکمەتەکانی ناو نەتەوە یەکگرتوەکان دەکەین کە ڕۆڵی خۆیان ببینن و وڵامێک بدەنەوەو مەحکومی ئەم کارە فاشیە بکەن و هیچ نەبێت بە دەیەکی ئەو هەڵوێستەی کە بۆ کوێت کرا بۆ پڕۆتێستکردنی ئەم داگیرکردن و کۆمەڵ کوژیە هەڵوێستیان هەبێت.

ئایا بێدەنگی بنکەکانی ئەنچەرلیک بۆ ناوچەی (ئاسایشی پاش هێڵی ٣٦) و بێ دەنگی نەتەوە یەکگرتوەکان ئەوە نابەخشێ کە ئەمانە داردەستی ئەمریکاو ئیسرائیل بن؟... بانێکەو دوو هەوا!!!

* مردن بۆ داگیرکەران
* مردن بۆ نۆکەران و خائینان
* سەرکەوتن بۆ گەلی کوردستان

کۆمیتەی ڕۆشنبیرانی پارێزگەری نەتەوەیی

١٩٩٧/٦/٢

## بەڵگەنامەی ژمارە (١٦١)

## وتەبێژێک بە ناوی(م. س)ی حشک ئەمەی خوارەوەی ڕاگەیاند:

### دیسانەوە هێرشی دڕندانەی ڕژێمی تورکیا

هەر لە بیستی ئەم مانگەوە، بۆ چەندەمین جار ڕژێمی عەسکەرتاری تورکیا هێرشێکی بەربڵاوی بۆسەر خاکی کوردستانی -عێراق دەستپێکردووە. بە هەمان بیانگە کۆنەکەوە، ئەمجارەش هێرشەکە بووە هۆی کوشتن و ڕووخاندنی خانووبەرە و دەربەدەربوونی ژمارەیەکی زۆر گوندنشینە بێ تاوانەکانی دەڤەری بادینان و بێ بەری بوونیان لەو بڕە ئازوقەیەی کە مانگانە بەسەریاندا دابەشدەکرێت.

هێرشی سوپای داگیرکەری ڕژێمی تورکیا، وەک هەموو جارێ پێشێلی یاسای نێودەوڵەتی دەکات، ئێمە هەست دەکەین کە هەندێ نیازی گڵاوی ئاشکرا نەکراوی بەدواوەیە. بۆیە بەتوندی ڕیسوا و مەحکومی دەکەین و داواکارین بە زوترین کات پاشەکشە بکات و هیواش دەخوازین ڕای گشتی ئازادیخوازی جیهانی، دەنگی خۆی دژی ئەم دەستدرێژیە نوێیەی تورکیا بەرزبکاتەوە.

لەو کاتەش کە ئەم هێرش و دەستدرێژیەی تورکیا ڕیسوا دەکەین، بە پێویستی دەزانین ئاماژە بە ڕۆڵی نامەسئولانەی (پ.ک.ک) بکەین، چونکە ئەم ڕێبازە چەوتەیان لە شەڕ هەڵگیرساندن لە هەندێ ناوچەی کوردستانی خوارو، بیانگە بە ڕژێمی تورکیا دەدەن بۆ دەستخستنە ناو کاروباری کوردستانی -عێراق، کە ماوەیەکە ڕژێمی دیکتاتۆری بەغدای لێ دورخراوەتەوە، و مەترسی لەسەر ئەزمونی گەلەکەمان لەم هەرێمە دروست دەکەن و دەیانەوێت شەڕی ناوخۆی دەست پێ بکاتەوە، بەتایبەتی بەم هێرشە ئەمە چەند ڕۆژێکە لە ناوچەی (قەسرێ) دەستیان پێکردووە.

پێمان وایە ئەم خولە تازەیەی شەڕ و پێکدادات لە کوردستانی باشور، لەئاکامی ئەو تصریحاتانەوە هات کە پێش ماوەیەک (عەبدوللا ئۆجەلان) لە گۆڤاری ((الوسط)) بڵاوی کردەوە کە دژایەتی ئەزمونی کوردستانی عێراقی پێوە دیار بوو، بە بۆچونمان ئەم ئەزموونە دەستکەوتێکی گەورەی بزاڤی

ئازادیخوازی سەرجەم کوردستانە و ئەرکی هەموو حزب و لایەنێکە لە هەرکوێی بن، ئەم ئەزمونە بپارێزن نەک دوژمنەکانی لێ هان بدەن و ڕێگای دەست خستنە ناو کاروبارەکانی بۆ ئاوەڵا بکەن.

# بەڵگەنامەی ژمارە (١٦٢)
# بەیانی بزوتنەوەی دیموکراسیخوازان
# دەربارەی دەسدرێژی تورکیا

هاوڵاتیانی بەڕێز!

لایەنگرانی ئازادی و مافی مرۆڤ لەهەموو جیهاندا!

هەمووتان دەبینن کە دەسەڵاتدارانی ئەنکەرە ئەمجارەش سنوری کوردستانی عێراقیان بەزاندو هێزێکی سەربازی گەورەیان لەتانک و تۆپ و پیادەو فڕۆکەی جەنگی هێناوەتە ئەم هەرێمە گوایە چەکدارانی پ.ک.ک ڕاودەنێن. ئەمە لەواقیعدا مانای وایە کە شۆڤینیست و ڕەگەزپەرستانی تورکیا لەوەدا نەوەستاون کە ئینکاری لەهەموو مافێکی ڕەوای میللەتی کورد لەوڵاتەکەی بکەن و دڕندانە بکەونە سەرکوتکردنی بزاڤی ڕزگاریخوازی ئەو میللەتە، بەڵکو خۆیان سازداوە ببنە ژەندرمەی دژ بە بزاڤی کورد لەدەرەوی تورکیاش.

جێگەی داخە کە بەشێک لەکوردی ئەم هەرێمەش، واتە سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەمجارەشیان بونەتە دەلیل و دەسکێشی ڕەگەزپەرستانی ئەنکەرەو هەموو هاوکارییەکیان دەکەن دژ بە گەریلای پ.ک.ک و دژ بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانی عێراقیش.

دیارە سەرکردایەتی پارتی، کە خۆی بە خاوەنی شەرعی ئەم هەرێمە دەزانێت و ئامادە نیە بۆ هیچ پاشەکشەیەک لەپێناوی ئاشت بوونەوەو ڕێکەوتندا، بە مافی خۆی دەژمێری ڕۆژێ پەنا بۆ گاردی کۆماری بەغدا ببات و ڕۆژێ بۆ تانک و فڕۆکەی ڕەگەزپەرستانی ئەنکەرە، بە مەبەستی پاراستنی دەسەڵاتی خۆی با لەبەشێکی هەرێمیشدا بێ. دەبێ کاربەدەستانی پارتی ئەوە بزانن کە بەرپرسیارن لەلەشکرکێشی دەوڵەتی تورکیا بۆ ئەم کوردستانی عێراقەو لە بۆمبارانکردنی فڕۆکەکانی تورکیا بۆ سەنگەرەکانی پێشمەرگەی کوردستان.

ئەم دەسدرێژەیەی تورکیا بۆسەرهەرێمی کوردستانی عێراق درێژەپێدانی سیاسەتی ڕەگەزپەرستانەی کەمالیزمە، دژ بە مافی مرۆڤ و دیموکراسی و شارستانی هاوچەرخە.. شایستەی ئەوەیە کە لەهەموو گۆشەیەکی ئەم جیهانەدا نارەزای توندی بەرانبەر دەرببڕن، کە لەهەموو جێگایەکدا کۆبوونەوەی جەماوەری و خۆپیشاندانی لەدژ ساز بکرێ و لەUN و هەموو دەزگاو ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکاندا حوکمڕانی تورکیا ڕووزەرد بکرێ.

ئێمە داوا لەپەرلەمانی ئەوروپی و هەموو دەسەڵاتداران و ڕای گشتی ئەوروپا دەکەین کە گوشاری توند بخەنە سەر تورکیاو هیچ دەرگایەکی بەرەو کۆمەڵگەی ئەوروپا لێ نەکەنەوە تا ئەوکاتەی کە دان بە مافی ڕەوای گەلی کوردا دەنێ و ڕێز لەمافی مرۆڤ و دیموکراسی دەگرێ. داوا لەسەرکردایەتی پارتیش دەکەین واز لەم ئەمبەروئەوبەری بێنێ و لەباتی خۆهەڵواسین، هەر ڕۆژە بە پاشکۆی دەوڵەتێکدا، ڕووبکاتە سیاسەتێکی گونجاو لەگەڵ ئەم میللەتە ستەمدیدەیە، گوێ لەدەنگی ئەقڵ و مەنتق بگرێ و پەنا بە وتووێژی ئاشتیانە ببات، لەپێناوی ئاشتبونەوەی گشتی و دامەزراندنی حکومەتێکی سەرتاسەری بۆ هەرێم و هەڵبژاردنێکی پەرلەمانی نوێ.

با سەرکردایەتی پارتی و هەموو حیزب و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان لەو ڕاستیە بگەن کە ڕێڕەوی چارەسەری سەربازی و شەڕی نێوخۆ ڕێڕەوێکی ترسناکەو هەمیشە هۆکاری خوێنڕشتن و وێرانکاری بووە و ڕێگە بۆ دەستێوەردانی دوژمنانی دەوروبەر خۆش کردووە، تاکە ڕێگای دڵسۆزانەو تاقیکراوە بۆ چارەسەری کێشەکانی ئەم وڵاتە ڕێگەی وتووێژی برایانەو چارەسەری ئاشتیانەیە، ڕێگەی کۆتایهێنان بە ڕێڕەوی حیزبایەتی تەسک و ململانێ لەسەر کورسی دەسەڵات و مەنەپۆلی دەسەڵاتدارێتی.

بەم چەشنە بەهاوکاری خەباتگێڕی هەموو دڵسۆزان، بە وەلاخستنی ململانێی خوێناوی و شەڕی نێوخۆو پەنابردنە بەر ململانێی ئاشتیانەو دیموکراسیانەو سندوقی هەڵبژاردن دەتوانێ دەستکەوتەکانی ئەم میللەتە بپارێزین، دەتوانین بەرگری لەئەزموونی دیموکراسی و فیدراڵی بکەین، دەتوانین دەست درێژیکارانی ئەنکەرەو هەموو دەستدرێژیکەرێکی دیکەش دەرکەن و داخوازییە ڕەواکانی ئەم میللەتە دبین بکەن.

با هەموو نیشتیمان پەروەرێکی کوردستان بەرەنگاری هێرش و دەستدرێژی لەشکری تورکیای ڕەگەزپەرەست بوەستێ.

با هەموو حیزب و ڕێکخراوە دڵسۆزەکانی هەرێم یەکگرن بۆ پاراستنی دەستکەوتەکانی ئەم میللەتە.

بزوتنەوەی دیموکراسیخوازان - کۆمیتەی باڵا

١٩٩٧/١٠/٢٤

وتەبێژێک بەناوی مەکتەبی سیاسی حزبی شیوعی کوردستان ڕایگەیاند

## جەنەراڵە عەسکەرییەکانی تورکیا چییان لە گەلەکەمان دەوێ؟!

جارێکی دیکە سوپای ڕژێمی تورکیا خاکی کوردستانیان بەزاندو بەهێزێکی زۆرەوە کە بە جۆرەها چەکی تازە باپەتو بەکۆمەڵکوژ چەکدار کراوە، هاتنە ناو کوردستانی عێراقەوە، بەهەمان بڕوبیانووی پێشوو گوایە دەیانەوێ بنکەو بارەگاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان، لەنێو کوردستانی عێراقدا تێکو پێک بدەن، ڕێگایان لێ بگرنو بواریان پێ نەدەن لەو بنکانەوە پەلاماری کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئەم ڕژێمە، واتە کوردستانی باکوور بدەن.

ئەوەی ئاشکرایە ئەم قەوانەی ڕژێمی تورکیا قەوانێکی کۆنو سواوەو پاسای نێودەوڵەتی ڕێگایان تادا هەروا بەئاسانی سوپای جەنەراڵە کەمالیستەکانی تورکیا هەرکاتی ویستیان سەروەری کوردستانی عێراق پێشێل بکەنو دەست درێژی بکەنە سەر گیانو ماڵو سامانی هاونیشتمانیە بێ تاوانەکانی گەلەکەمان بە بڕوبیانووی بێ بنچو بناوانو، بەبەرچاوی گەلانی جیهانو کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکانو هێزی هاوپەیمانەکانەوە.

ئەو ڕژێمە کە بەهۆی شەڕە گڵاوە ڕەگەزپەرستیەکەی لەکوردستانی باکووردا دووچاری تەنگو چەڵەمەیەکی قووڵی سیاسیو ئابووری بۆتەوەو دوای ئاڵوگۆڕی وەزارەتیشەوە هەر سوورە لەسەر درێژەدان بەم شەڕە چەپەڵە دژی گەلی بێ تاوانی کوردستان. ئەوەتا هەر لەسەرەتای بەهارەوە وەکو پیشەی حکومەتەکانی پێشوو هێرشێکی بەرباڵاوی بۆسەر کوردستانی باکوور دەست پێ کردۆتەوە، لەم هێرشەیدا دەستی لەهیچ جینایەتکارییەکی وەکو کوشتنو بڕینو گوند سووتاندنو دەربەدەر کردنی خەڵکی هەژاری ناوچەکە نەپاراستووە.

ئێمە وای بۆ دەچین کە ئەم پەلامارە تازەیەی سوپای تورکیا وێرای دژایەتی گەلی کوردستانی تورکیا بەڵگەیەکی نوێیە لەسەر تەماعیان لەکوردستانی عێراقو، دەیانەوێ لەم هەلومەرجە ناهەموارەی کوردستان کەلک وەربگرنو هەڕەشە لەهێزە نیشتمانیە کوردستانیەکانی باشوور بکەنو فشاریان بخەنەسەر بۆ ئەوەی مل کەچی نەخشەو پلانە شۆڤێنیەکانی ڕژێمی ئێستای تورکیا بێنو، لەلایەکی دیکەشەوە پڕوپاگەندەی ڕژێمی دیکتاتۆری صدام بەرەو پێ بەدەن کە هەمیشە ئەوە دووپات دەکاتەوە لەکوردستانی عێراقدا هێمنیو ئارامی نییەو شیرازەی ئاسایش پچڕاوە.

لەکۆتاییدا بەتوندی بێزاریو ناڕەزایی خۆمان لەسەر ئەم پەلامارە نوێیەی سوپای تورکیا دەردەبڕین، داوا دەکەین بەزووترین کات هێزەکانی خۆی بکێشێتەوەو قەرەبووی زەرەرو زیانی ڕۆڵەکانی گەلەکەمان بکاتەوە. لەهەمان کاتیشدا ناڕەزایی خۆمان دەردەبڕین بەرامبەر هێزی هاوپەیمانان لە تورکیا چونکە ئەم پەلامارە بەبەرچاوی ئەوانو بە ڕەزامەندی ئەوان بەڕێوە براوە. داواش لە ڕای گشتیو کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکەین کە سنوورێک بۆ ئەم هێرشە یەک لەدوای یەکانەی سوپای تورکیا بۆسەر خاکی کوردستان دابنێنو، جارێکی دیکە ڕێگە نەدەن بەم شێوەیە گاڵتە بە گیانو ئازادیو سەروەتو سامانی جووتیارە هەژارەکانی کوردستانی هەردوو دیو بکەن.

**هەولێر**

١٩٩٦/٥/١٠

بەڵگەنامەی ژمارە (١٥٤)

## (( بانگەوازێک بۆ گەلی کوردستان ))

ئەی جەماوەری ولاتپارێزی کوردستان ،

ڕژێمی فاشی تورکیا لەسەر بنچینەی ڕێکەوتننامەی (تورکیا ، ئیسرائیل ، ئەمریکا) بە هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ هێزی خیانەتکاری کورد ، کە خۆی لە (PDK) دا دەبینێتەوە لە ڕۆژی ١٤ ی ئایار ڕژێمی فاشی تورکیا بە پاڵپشتی زیاتر لە ٧٠ هەزار سەرباز و ١٥٠٠ تانک و زرێپۆش و تۆپی دوور هاوێژ و فڕۆکەی جەنگی و کۆپتەر و هەموو جۆرە تەکنیکێکی پێشکەوتووەوە بە ئاشکرا دەستی داگیرکردنی باشووری کوردستان بە تەواوی دەبیان کیلۆمەتر سنوورە دەستگرد ەکانی بەزاند و هێرشی ئاسمانی و زەمینیان کردە سەر خەڵکی بێ دەفاع و بارەگاکانی پارتە سیاسییەکان لە هەولێر و دهۆک و دووبارە دەستیان کردووە بە کوشت و بڕی خەڵکی ولاتپارێز و بێ لایەن . دەوڵەتی فاشی تورکیا بە پاڵپشتی ڕاوێژی ئەمریکا و خیانەتکاری ناوخۆوە دەیەوێت شۆڕشی سەربەخۆی کوردستان کە بە پێشڕەوایەتی PKK بەڕێوە دەچێت تەفر و تونا بکات و باشووری ولات بخاتە ژێر ڕکێفی ڕەگەزپەرستانەی خۆیەوە و تیایدا حکومەتێکی وابەستەی تورکومانی دابمەزرێنێت ، بەم شێوەیە جێگای خۆی دروست بکات ، ئەمەش دووبارە کردنەوەی پارچە پارچەکردنی کوردستانە . هەروەک لە سەردەمی عوسمانییەکاندا ڕوویدا ، هەر بۆیە ٧٠ هەزار زەندرمە و هەزاران تانک و زرێپۆشی خۆی لە دەروەی یاسا و ڕێسای نێودەوڵەتی هێنایە نێوخۆی باشووری کوردستانەوە، هێڵی باشغرۆی زەمینەی لەباری بۆ ئەم دەستتێوەردانە خولقاند . هەروەک چۆن لە ٣١ ی ئابی ١٩٩٦ دا دەبینرا PDK بە توندی بانگهێشتی سوپای ڕژێمی عێراقی بۆ کوردستان کرد ، ئەمجارەش بە شێوازێکی تر هەمان هێرشی خۆی دووبارە کردووە و هەمان سەرکردایەتی بانگهێشتی ڕژێمی داگیرکەری تورکیایان کرد بۆ سەر باشوور کە ئەمەش بە خیانەتێکی مێژوویی PDK دەژمێردرێت و بۆتە لەکەیەکی ڕەش بە نێوچەوانیانەوە . هەڵبەتە ئەم هێزە خیانەتکارە بە حوکمی وابەستەیی خۆی لەگەڵ هیچ پارتێکی کوردستانیدا هەڵناکات و تا ئێستا لەگەڵ هەموو لایەنە کوردستانییەکاندا شەڕی کردووە و کۆسپێکی جدی بووە لە بەردەم یەکڕیزی نەتەوەیی لەسەر ئاستی کوردستاندا ، هەر بۆیە خیانەت بۆتە پیشەیەکی دەیان ساڵیان . ئەم هێزەکارەش وای کرد کە زۆر بە ئاسانی لەگەڵ ڕژێمی فاشیستی تورکیادا لەسەر حسابی گەلەکەمان ڕێکەوتننامە و سازشکاری بکات . پشتی خۆی بە داگیرکەران بەستێ ، تەنها لە پێناو نەوەی بکاتە دەسەڵات .

ئەم خیانەتەی PDK لە کوردستاندا لاپەڕەیەکی ڕەشی تۆمار کردووە و گەلی ئێمەش لە پێناو دروست بوونی ئاشتی و ئازادی و گەیشتن بە مافە نەتەوایەتییەکانی خۆیان ئەم خیانەتە مەحکوم دەکات و ڕۆژێک لە ڕۆژان حسابی خۆی دەخوازێ .

ئێمەش بە ناوی پەرلەمانتارانی دەرەوەی ولات (PKDW) نەفرەت و بێزاری خۆمان بەرامبەر ئەم خیانەتە دەکەین .. وە ئێستاش سەردەمێکی نوێیە بۆ گەلی کوردستان ئەم خیانەت و دوژمنایەتییە لە مێژووی گەلەکەماندا زۆر گرنگە ، دەوڵەتی تورکیا لە باکور و باشووری کوردستاندا پیلانە چەپەڵەکانی کردۆتە یەک و هەر دوو پارچە بە یەکەوە گرێ دەدات سەرکەوتن لەم شەڕەدا ڕێگای ئازادی دەکاتەوە بۆ هەموو گەلی کوردستان ، لەبەر ئەم هۆکارەش داوا لە سەرجەم چین و توێژەکانی گەلەکەمان دەکەین لە بەرامبەر ئەم داگیرکارییەی تورکیا و خیانەتەی PDK هەڵوێست وەربگرن و بەرخودانێکی نەتەوەیی بکەن ، بەرەیەکی ڕزگاری پێک بهێنن .

گەلی ئێمە لە هەندەران نەفرەت لەم هێرش و خیانەتکارییە دەکات ، وە گەلی ئێمە لە کوردستاندا لە ڕۆژێکی مێژووییدا دەژیت ، لە مەحکوم کردنی ئەم خیانەتە لەم قۆناغە نوێیەدا لە گۆڕەپانی شەڕدا وەرچەرخانێکی نوێ دروست بووە و خیانەت و بێ ویژدانی PDK و هاتنی سوپای تورکیا سیاسەتی داگیرکەرانە لە کوردستاندا و لە هەموو جیهاندا کاردانەوەیەکی گەورە لە بەرامبەر ئەم سیاسەتە دروست بووە ، ڕای لە خیانەتکاری PDK کردووە کە تووشی شکستی ببێتەوە بە تەنها بمێنێتەوە لە سەرتاسەری جیهاندا بە گشتی و لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە تایبەتی ، گەلی ئێمە هاوسەنگییەکی نوێی دروست کردووە و لەم قۆناغە مێژووییەدا (PKDW) گەرانەوەی بۆ سەر خاکی ولات ئامادەکاری خۆیان بە شێوەیەکی فراوانتر دەکەین و لە بەرامبەر ئەم سیاسەتە جوداخوازییە دەیبان بانگهێشتی سەرجەم گەلی کوردستان دەکەین بۆ سەنگەر بەر و بەرخودانێکی نەتەوەیی .. هەروەها بانگهوازی سەرجەم پارت و ڕێکخراوە سیاسی و ڕۆشنبیرەکان دەکەین بەرەو دروستکردنی بەرەیەکی نەتەوەیی و یەکێتییەکی نەتەوەیی ، لە ڕێگەی بەستنی کۆنگرەیەکی نەتەوەیی کە ئەم کۆنگرەیە ببێتە وەڵامێک بۆ ئەم کۆسپ و تەنگژانەی کە لە بەردەم گەلی کوردستاندا هەیە تەنها ڕێگایەک بۆ ڕزگارکردنی میللەت لە نێو وەهم و داگیرکاران و خیانەتکاران بەستنی کۆنگرەیەکی نەتەوەییە .

ئەی گەلی ئێمەی ولاتپارێز ،
ئەی گەلی ئێمەی فیداکار ،
ئەی گەلی ئێمەی قارەمان ،
ئەی خەڵکی کوردستان ،

بانگی ئێوە دەکەین :

- ئەمڕۆ ڕۆژی قارەمانیەتی و سەرفرازییە ،
- ئەمڕۆ ڕۆژی وەڵامدانەوە و تۆڵەسەندنەوەیە لە خیانەتکاران و داگیرکاران ،
- ئەمڕۆ ڕۆژی یەکگرتنی گەلی کوردستانە ،
- ئەمڕۆ ڕۆژی ڕاسپاردەی نەوەی ئاسانتەکانە .

پەرلەمانتارانی کوردستان
لە دەرەوەی ولات
( P K D W )
١٩٩٧/٥/١٦

بەڵگەنامەی ژمارە (١٥٥)

## بەیاننامە

### جەماوەری گەلی کوردستان و پارتە سیاسیەکان

بەبەر چاوی خۆتانەوە و بەسەرپەرشتی ئیمپریالیزمی ئەمریکی و پەیمانی ناتۆ، بۆ چەندەمین جار ئەرتەشی سوپای ڕژێمی ڕەگەز پەرست و داگیرکاری تورکیای فاشی سنووری باشووریان بەزاند، وە بەهێزێکی مەزن کە پێک هاتووە لە سەدان تانک و تۆپ و زرێپۆش و فڕۆکەی جەنگی و هەلیکۆپتەر و چەکی قورسی تر بە هاریکاری و یارمەتی چەکدارەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و لەسەر بانگهێشتی ئەوان و لەژێر پەردەی ڕاونانی گەریلاکانی (پ.ک.ک) و هێزی بەناو ئاشتی و بەبەرچاوی بنکەکانی ئەنجەرلیکەوە هێرشێکی فراوان و دڕندانەی کردۆتە سەر گوندەکان و دانیشتوانی و دەستی کردووە بە قەتل وعام و سووتاندن و تالانی ماڵ و سامان و دەغڵ و دانیان تووشی کۆچبەری و ئاوارەی کردوونەوە، ئەمەش تەنیا پیلانێک نییە بۆ سەر پارتێک یان بۆ سەر بەشێکی بچوکی وڵاتەکەمان بەڵکو لە پاراستنی ئەزموونە ساواکەو بەرووبوم و دەسکەوتەکانی پاش ڕاپەڕینەکەی ١٩٩١ و ئەو داگیر کردن و لکاندنی باشووری کوردستانە بە نیشتمانی تورکیاوە کەبەپێی میساقی میللی (دەستور) بەبەشێک لە نیشتمانی دایکی دادەنێ .

**ئەی گەلی وڵات پارێز .....**

ئاشکرایە کەئەم داگیر کردنە خەونی ڕژێمی تورکیایە بۆ (ویلایەتی موسڵ) و بۆ دەست بەسەرا گرتنی بیرە نەوتەکانە کە ١٤٪ ی نەوتی جیهان لەم بیرانەوە هەڵدەقوڵێت و بەجێبەجێ کردنی کۆبوونەوەکانی ئەنقەرە کەلە (٢٠ ساڵ) پێک هاتووە لەلاوازترین خاڵەوە دەستی پێکردوە ئەویش بە چۆڵکردنی کەمپی ئەتروش و پاشان دانانی حکومەتێکی تورکمانی لە موسڵ و کەرکوک و هەولێر و تابەرە بەرە بەشەکانی تری باشور دەلکێنن بە تورکیاوە و یا هیچ نەبێت ڕەنگ قیرسی لێدەکات ئاشکرایە کەئەم پیلانە هەماهەنگە لەگەڵ تعریب کردنی ناوچە کوردیەکانی کەرکوک و گەرمیان و هەتا پردێ و مخمور کەبە هەزاران خێزانی دەرکردووە بەرەو ناوچە ڕزگار کراوەکانی کوردستان بێجگە لەمەش کەئەم هێرشە لەهەمان کاتدا لەگەڵ کۆبوونەوەکانی ئەنقەرە کەلە ١٤ /٥/ ١٩٩٧ دەستی پێکردوە .

**ئەی جەماوەری وڵات پارێز ......**

خۆتان ئاگادارن کەئەمە یەکەم شاڵاو نییە بۆ سەر باشور و یەکەم داگیرکەریش نییە کەجەسارەت دێنن بۆ داگیر کردن و هێرش کردنە سەر خاکی کوردستان کەبۆتە گۆڕەپانی ململانێ و تەراتێن کردنی بنکە جاسوسیەکانی زل هێزەکان و دەوڵەتە داگیرکەرەکان و هەر ڕۆژە چەندین سیاسەتمەدار و شۆڕشگێر شەهید دەکرێت، دیارە ئەمانە هەمووی ئەنجامی لاوازی هێزە دەسەڵاتدارەکان و شەڕی ناوخۆ و بێ مەسئولیەت بەرامبەر بەگەل و پاڵدانەوەی هەریەکە لەم هێزانە بەیەکێک یان چەند داگیرکەرێکی کوردستان، بۆیە داواتان لێدەکەین کە غەفڵەت و بێ مەسئولیەت واز لێبێنن و بەئەرکی نیشتمانی و هەستی نەتەوایەتی خۆتان هەستن و ڕیزەکانی خۆتان توند بکەن و بەکۆ بگرن چونکە بێ دەنگی و دووبەرەکی و شان شل کردن جۆرێکە لە خیانەت بەرامبەر بە وڵات و گەلەکەمان و بەبەرچاوی خۆتان دەبینن چۆن کەرامەت و شەرەفی وڵاتەکەمان پێشێل دەکرێت ئیتر دەبێ بەرگری و بەرخودان پەیڕەو بکەن بۆ پەرچ دانەوەی داگیرکەران و نۆکەرانیان .

**بمرێ ئیمپریالیزم و داگیرکەران - مردن بۆ خائینان و نۆکەران**

**بژی هێزی گەل**

- حزبی شیوعی کوردستان / عێراق
  کۆمیتەی پارێزگای سلێمانی
- پارتی کاری سەربەخۆی کوردستان
  ناوەندی سلێمانی و کەرکوک
- حزبی سۆشیالستی دیموکراتی کوردستان
  لقی سلێمانی
- یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان
  پارێزگای سلێمانی YNDK
- پارتی کرێکارانی کوردستان /P.K.K
  نوێنەرایەتی باشور

١٩٩٧/٥/١٦

بەڵگەنامەی ژمارە (١٥٦)

## بەیاننامەی هاوبەشی نێوان حیزبی شیوعی کوردستان - عێراق - وپارتی کرێکارانی کوردستان P.K.K

هێزە چەکدارەکانی تورکیا لە ١٩٩٧/٥/١٤، بە پاڵپشتی تانک و زرێپۆش وفڕۆکەی جەنگی لە چەند قۆڵێکەوە هێرشێکی بەرفراوانیان کردە سەر کوردستانی عێراق ی ئازادکراو.. بەپێچەوانەی پرەنسیپ ویاسای نێودەوڵەتی و سەرباری ناڕەزایی یەکی بەرفراوان لەلایەن حکومەت و لیژنە نێودەوڵەتیەکان و ڕای گشتی جیهانەوە.

ڕژێمی تورکیا لەڕێگەی ئەم کارە دوژمنکارانەیەوە سەلماندی کەیاری بەشکۆمەندی سەروەری نیشتیمانی و ناوەڕۆکی بڕیاری (٦٨٨) و ئاماژەکانی ناوچەی ئارام بۆگەلەکەمان لەباشووری کوردستان و سەرو هێڵی (٣٦)ەوە دەکات ... ئەمە یەکەم جاریش نیە کەهێزەکانی تورکیا سنووری کوردستانی عێراق دەبەزێنن، بگرە لەساڵی (١٩٩٢)یشدا (پاش ڕاپەرینە جەماوەری یەکە) چەند جارێک بەبیانووی لێ دان و ڕاونانی جەنگاوەرانی پارتی کرێکارانی کوردستان (PKK)ەوە کەئەمەش بووبیانوویەکی بۆش وبێ‌مانایە لەبنچینەدا، هەرگیز ئەم ڕژێمە مافی ئەوەی نیە کە سنوورێکێشی بکات و کۆنترۆڵی کوردستانی عێراق بکات و هاوڵاتیانی سەدەمی بێتاوان بکوژێت و ماڵەکانیان بەسەریاندا بڕوخێنێ و کێڵگەو دارستانەکانیان بسووتێنێ وبەدەیەها هەزار جوتیاری کوردستان ئاوارەو دەربەدەربکات.

**جەماوەری هێژا، ئازادی خوازانی جیهان!**

مەبەستە ڕاستەقینەکانی ڕژێمی شۆڤێنی تورکیا و جەنەراڵەکانی کەمەڵگری سپی (طورانیون) دژ بەماف و ئامانجەکانی گەلانی ناوچەکەیە، مەبەستیان لەناوبردنی ئەو تاقیکردنەوە ساوایەیە لەکوردستانی عێراقی ئازادکراودا کە لە ئازادیی، ئەم ڕژێمە نایەوێت بەشێک لە بەشەکانی کوردستان بە مافەنەتەوەییە ڕەواکانی خۆی بگات، بێگومان ئەمەش مانی گەلی کورد دەدات لە کوردستانی تورکیا، کەبێبەشە لە هەموو مافە نەتەوەییەکانی کە داوای مافی ڕەوای خۆیان بکەن.

لەلایەکی ترەوە ڕژێم هەوڵ دەدات، گەلانی تورکیا دووربخاتەوە، لە کێشە ناوخۆیی و مەسەلە ئاڵۆزەکانی بەتایبەتی قەیرانی حوکم و دەسەڵات لە نێوان باڵی ئیسلامی و باڵی بەناو عیلمانیدا، ئەمە جگە لەو قەیرانە ئابوورییە قوڵەی وڵاتەکە کە چەند ساڵێکی دوورو درێژە پیایدا تێپەڕ دەبێت لەئەنجامی سیاسەتە نانیشتمانییەکانی دەسەڵاتدارانی تورکیا لە دژی گەلەکەیان و وڵاتە دراوسێکان پەیڕەوی دەکەن. هەروەها ئەم هەڵمەتە ڕەحشی گەرانە عەقڵێکی باشی بۆ جەنەراڵە سەربازییەکان ڕەخساندووە کەتیایدا ملیۆنەها دۆلار بدزن لە کاتێکدا کە گەلانی تورکیا لە بێبەشی و هەژاری و ناەمێنیدا دەژین.

ئێمە لە کاتێکدا کە ئەم هێرشە سەربازییە زاڵمانەیەی ڕژێمی تورکیا دژ بەگەلەکەمان لە کوردستانی عێراقدا مەحکوم دەکەین، هاوکات بەبەشێکی تەواوکەری سیاسەتی تیرۆریستانەی ڕژێمی تورکیای دەزانین کە بەجدی هەوڵ دەدات کوردستانی باشوور بکات بە (قوبرس)ێکی تر لە ڕێگەی ئەو تورکمانانەی کەتیایدا نیشتەجێن و بەبەردەوامی مایەی خۆشەویستی و برایانەبوون و ڕێز لە مافە ڕۆشنبیری و ئیدارەییەکانیان لە سنووری کوردستاندا گیراوە.

ئەم ڕژێمە لەڕێگەی هەبوونی نەتەوەی تورکمانەوە سوورە لەسەر ئەوەی کۆنترۆڵی هەرێمی کوردستان بکات و بیکات بە (قوبرس)ێکی تر لە ڕوانگەی زیندوو کردنەوەی بەرژەوەندی بەرفراوانکردن و گەڕانەوەی دەسەڵاتی عوسمانی (لە ولایەتی موصل)دا، ئەمە جگە لەوەی هەوڵ دەدات گەلی کوردستان لە عێراق و تورکیادا پاکتاو بکات وئاوات و ئامانجە نیشتمانییە ڕەواکانی لە ناوبەرێت، بەتایبەتیش کە ئەم هێزانە بەپاڵپشتی و هاوکاری ڕژێمی ڕەگەز پەرستی ئیسرائیلە، کە بە مۆدێرن ترین تەکنەلۆجیای جەنگی یارمەتی دەوەو بەهاندان و ستایشی [illegible]یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە پروپاگەندە بۆ دیموکراتی و داکۆکی کردن لە مافی مرۆڤ و ئازادی گەلان بەدرۆ و بوختان دەکات..

ئاخۆ بۆردومان کردنی گوندە کوردستانییەکان بە مووشەک و کوشتنی خەڵکانی بێ تاوان و سووتاندنی گوندو کێڵگەکان و ئاوارەکردنی دەیان هەزار جوتیار، مانای دیموکراسیەت و مافی مرۆڤ دەگەیەنێ لەسەر شێوازی ئەمەریکا..
لەم ڕوانگەیەوە بانگەشەی ڕۆڵەکانی گەلی کوردستان دەکەین، بەتایبەتی هێزە نیشتمانی و دیموکراتی و ڕێکخراوە پیشەیی و کۆمەڵایەتییە نیشتمانییەکان، کە هەڵوێستی ئاشکرایان دەبڕن دژ بەدڕندەکاری تورکیاو ئەو جەنگەی کەبەرپای کردووە، چونکە ئێمە خاوەن مەسەلەیەکی ڕەوایین و دەبێت هەموو کەسێک لە شوێنی خۆیەوە بەپێی توانای خۆی

بەڵگەنامەی ژمارە (١٥٧)

هەر هاوکارییەکیش لەلایەن هەر باڵێکی کوردستانییەوە لەگەڵ هێزەکانی تورکیادا، بە هیچ شێوەیەک لە شێوەکان خزمەت بە ئازای ڕەوای گەلەکەمان ناکات، چونکە ڕژێمی تورکیا دوژمنێکی ئاسایی گەلی کوردستانە.

بەهەمان شێوە بانگەشەی ڕای گشتی جیهانی و حوکمەتەکان دەکەین لە وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی و حکومەتە دیموکراتی و شارستانی یەکان لەسەرجەم ناوچەکانی دونیادا کەئەم هێرشەی ڕژێمی تورکیا مەحکوم بکەن و فشاری بخەنە سەر بۆ کشانەوەی دەست بەجێی هێزەکانی لە کوردستانی عێراق و پابەندبێ بەیاساو پرەنسیپە نێودەوڵەتییەکانەوەو کۆڵ بدات لە چەوساندنەوەی گەلەکەمان.

ئێمە دڵنیاین لەوەی کە مەسەلەی گەلەکەمان ناکرێت لە ڕێگای هەڵمەتی سەربازییەوە چارەسەر بکرێت، بگرە لە ڕێگای گفت و گۆر شێوازی ئاشتی و دیموکراسیخوازانەوە دەبێ چارەسەر بکرێت و هەردەم داوای ئەم ڕێگایەمان کردووە و ئامادەییمان دەربڕیووە بۆ سازدانی.

**ئەی گەلانی عەرەبی و گەلانی ناوچەکە.**

ئێمە هەردوو حزب، کرێکارانی کوردستان (PKK) و حزبی شیوعی کوردستان - عێراق، ئەم هەڵمەتە نوێیە سەربازییەی تورکیا کە نەخشەی بۆ کێشراوە بە هاوکاری لەگەڵ دەوڵەتی ئیسرائیل دا و بە پاڵپشتی ئەمەریکا بەئەنجام دەگەیەنن، سەرەتایەکە بۆ هەڵمەتی ئیستعمارییانەی تر، کە تەنها دژ بە گەلی کوردستان نییە و بگرە دژ بە گەلانی وڵاتانی عەرەب و گەلان و حوکمەتەکانی ناوچەکەیە کەڕازی نابن مل بدەن بۆ مەبەستە دوژمنکارییەکانی ئیسرائیل و تورکیا.

هەر بۆیە داوا لە گەلان و حوکمەتە عەرەبی و ئیسلامییەکان دەکەین، کە هەڵمەتێکی بەرفراوان ئەنجام بدەن بۆ ڕیسوا کردن و شکست پێ هێنانی ئەم پیلانە گڵاو دوژمنکارانەیە کە دژ بە گەلانی سەرجەم ناوچەکەیە و بە هەموو شێوازە جیاجیاکانەوە پاڵپشتی گەلی کوردستان بکەن بۆ بەرەنگار بوونەوەی ئەم هەڵمەتە هێستریاییەیە.

ئێمە ئەوە دووپات دەکەینەوە هەرچۆن گەلی کوردستان توانی شکست بەهەڵمەتەکانی پێشوو بهێنێ، ئێستاش توانای شکست پێهێنانی ئەم هەڵمەتە نوێیەی هەیەو داوا لە سەرجەم هێزە نیشتمانییە کوردستانییەکان دەکەین کە ڕیزەکانیان یەک بخەن و بەشێرکە نیشتمانی و ئازادیخوازەکانیان هەڵسن و نەفرەت لە ناکۆکی یە لاوەکییەکانیان بکەن و ڕێک بکەون لەسەر بەرنامەیەکی نیشتیمانی دیموکراتی سەرتاسەری بۆشکست پێ هێنانی بەرژەوەندییەکانی ڕژێمی تورکیا و لە پێناوی پاراستنی ئەزموونی گەلی کوردستانماندا کە ڕووبەڕووی پیلانە گڵاوەکان دەبێتەوە لەلایەن سەرجەم دوژمنانییەوە..

**مردن و سەرشۆڕی بۆ پیلانەکانی ڕژێمی دوژمنکاری تورکیا دژ بە ئامانجەکانی گەلەکەمان..**

**سەرکەوتن و شکۆمەندی بۆ گەلی کوردستان و گەلانی ناوچەکە..**

**گۆڕ بە گۆڕ بێت پیلانەکانی دژ بە ئاشتی وئازادی ودیموکراتی..**

**دمشق**

پارتی کرێکارانی کوردستان
PKK

حزبی شیوعی کوردستان
KCP

١٩٩٧/٥/١٧

بەڵگەنامەی ژمارە (١٥٧)

# ئەی جەماوەری بەشەرەفی کوردستان...

# ئەی جەنگاوەرە قارەمانەکان...

لەبەرەبەیانی ١٤/ی ئایاری ١٩٩٧ سوپای فاشی تورکیا دەستی بەداگیرکردنی باشووری کوردستان کرد، بەپالپشتی هێزێکی کەپێکهاتبوو لە(٨٥) هەزار سەرباز و هەزاران تانک و زرێپۆش و فڕۆکەی جەنگی و هەلیکۆپتەری سەربازی، شەڕێکی دڕندانەیان لەدژی (PKK) و سەرجەم هێزە شۆڕشگێڕو نیشتمانپەروەرەکان لەباشووری کوردستان جاردانی ئەم داگیرکردنەی کەوا بەپێی بەشدار بوونی PDK ئەنجام دراوە و گەورەترین مەترسیە بۆسەر بەرژەوەندی گەلەکەمان و تەواوی گەلانی ناوچەکە..

لەمێژوودا و گەلێک جار تر هێرشی بەم شێوەیە کراوەتە سەر خاکی کوردستان، گەلێک ئێش و ئازار و ئاڵان و وێران کردنی داگیرکاری بەسەرگەلەکەماندا هاتوە، ئەم شاڵاوەی ئێستای ڕژێمی داگیرکەری تورکیا بەهاوکاری هێزی خیانەتکاری کەخۆی لە(PDK) دا دەبینێتەوە، درێژەپێدەری ئەوکارەسات و ئەهامەتیەی کەوا لەڕابوردودا بەسەر میللەتی کورددا هاتوە، لەکاتێکدا ئەو بیانووەی ساختانەی کەوا دەیهێننەوەناتوانن ناوەڕۆکی ڕاستیەکان بشێوێنن، ئەوا بەهەوڵێکی تردا دەڕۆن بۆ لەناوبردنی بەرژەوەندیە نەتەوایەتیەکانمان و کەبوونمان لەمێژوودا بسڕنەوە. هەڵمەتی تاقمی خیانەت کاری (PDK) لەبەفرۆشتنی گەلەکەمان بەداگیرکەرانی کردەوەیەکی نوێ نیە بەڵای ئەم تاقمەوە هێشتا داگیرکردنی پایتەختی باشووری کوردستان-هەولێر لە٣١ ی ئابی ١٩٩٦ لەلایەن داگیرکەرانەوە (PDK) و گەیاندنی گورزێکی گاریگەر و مژ بەدەست کەوتنەکانی گەلەکەمان و جێبەجێ کردنی کوشتاری بەکۆمەڵ لەبەرامبەری دا ئەمانە لەبیری شۆڕش گێڕانەی ڕۆڵەکانی گەلەکەمان دا نەچۆتەوە، بەواتایەکی تر تاقمی خیانەت کاری PDK بەخەنجەرێکی ژەهراوی دەستی داگیرکەران دەژمێرێت کەلەسنگی گەلەکەمانی پێ ئەدات هەرلەسەرەتای دروست بوونیەوە.

لێرەوە بەرەو ڕووبەڕووبونەی داگیرکاری تورکی و PDK و ئەو قەساپخانە هۆڤیانەی کەلەدژی گەلەکەمان ئەنجام دەدرێن بەردەوامەو درێژەی پێ ئەدەن، هەروەک لەهەولێردا ئەنجام درا ئەرکی ئەمڕۆی گەلەکەمان ئەرکێکی شۆڕش گێڕی و نەتەوەی پیرۆزە.

لەژێر ڕۆشنای ئەم ڕاستیانەو بەڵگەنەویستەدا هەردوو حیزبی کوردستانی وەک دوو پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان پارتی کرێکارانی کوردستان(PKK) و حزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان(PSDK) کەپشتین بەدوور لەئەنجامی چەند بڕیارێکی نەتەوەیی و مێژوی هەردوو پارتی شۆڕشگێڕی بڕیارماندا هێزەسیاسی و سەربازییەکانمان لەهەموو بوارەکانی تردا یەک بخەین و پەرەبدەین بەخەباتێکی شێلگیرانە و هەنگاوی هاوبەش بنێین لەشەڕو ئاشتی دا لەپێناوی پارێزگاری کردن لەبەرژەوەندی گەلەکەمان و بەدی هێنانی پڕۆسەی ڕزگاری نەتەوەیمان بەمەش دەرگا لەڕووی سەرکەوتنی یەکجارەکی لەهەردوو بەشی کوردستاندا دەکەینەوە ئەرکێکی نەتەوەیی و مێژووی چارەنووس سازی گەلەکەمان جێ بەجێ دەکەین.

لەکاتێکدا هەردوو پارتیمان PKK و PSDK بەرگری لەم داگیرکاریە دڕندانە یە دەکەن و داواش لەهەموو هێزە شۆڕشگێڕ و نەتەوەییەکان و قارەمانەکانی گەلەکەمان و مرۆڤایەتی پێشکەوتوخواز دەکەن لەڕیزی ئەم بەرخودانەدا جێبگرن بەپێی ئەوەی ئەم پڕۆسە داگیرکاریە پێشێلکاریەکی زەقی یاسا نێودەوڵەتیەکان و مافەکانی مرۆڤە دژبەبەرژەوەندی گەلەکەمانە.

بەدەنگەوەهاتنی مرۆڤایەتی پێشکەوتووخواز و هێزە نەتەوەیی و شۆڕشگێڕەکانە بەپیری بانگەوازەکەمانەوە بێن بۆ بەرەنگاربونەوەی هێرشی دوو لایەنەی ڕژێمی فاشی تورکیا و ئەو دەستە خیانەت کارانەی PDK ئەرکێکی بەپەلەیەو ڕاکردن لەئەنجامدانی، هیچ بەهانەیەکی بۆنییە!

پارتی کرێکارانی کوردستان PKK | حزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستانPSDK

٣١ / ٥ / ١٩٩٧

بەڵگەنامەی ژمارە (١٥٨)

بەیاننامەی مەکتەبی سکرتاریەتی
یەکێتی ی مامۆستایانی کوردستان

## مامۆستایان هێنانی لەشکری تورکیا مەحکوم دەکەن

واجارێکی تریش هێزی تێکدەرو موتەمین لەسەر ئاژاوەو نیشتیمانفرۆشی حزبەکەی ٣١ ی ئاب ، بەعەربۆ حالێکی دەرباری بنەماڵە ، لەشکری هەمیشەئامادەباشی تورکیای هێنایەوە سەرخاکی لەمێژینەی کوردستانی ئۆخەی ئەدیو و بەردەوقولایی هەرێم بوونە ئافەرین وەرگرو چاوساغی ناحەزانی ئەم لاو ئەولا ....

سەبارەت بەلەشکر کێشی‌یەکەی ئەم جارەی تورکیا ،کەهاوزەمانە لەگەڵ راگواستنێکی تازەی سیاسەتی رەگەز پەرستی و ناسیۆنالیستانەی رژێمی داگیرکەری عەفلە قیدا ،دەشێ و دەکارێ لەئێستگەی ئەم خاڵانەدا چەندهەڵوەستەیەک بکەین:-

١- رژێمی عیراق بۆ گرتن و راوەدونان و ئەشکەنجەو ئاواردان و کوشتوبر و جینۆسایدی رۆڵەکانی عیراق و کوردستان هەمیشە ئازاو دلێرو سەردی مەیدانە .. !! کەچی لەبەرامبەرهاتنی هەرلەشکرێکی داگیرکەری بیانی و پێشێلکردنێکی سەروەری و سیادەی عێراقیدا قالبێکی بێ گیانەو خاوەنی بریاری ( ئاگرە سوورە لەخۆم دوورە ) یە .. !!

٢- رژێمی داگیرکەری عەفلەقی چەندە ئاکۆک و نەیاری هێزە داگیرکەرەکان بێ ، بەلام بۆلێدان و لاوازکردن و لەناو بردنی کورد و کوردستان ! دەست لەسەرسنگ هاوپیلانەو هەردەم ( رەفیقی دزو شەریکی قافڵەیە ..!! )

٣- لەهەموو دانیشتنەکانداو بەتایبەتیش لەکۆبوونەوەکانی ( ئەنقەرە ) دا ، هەرکاتێ بیرو راکان بۆچارەسەرکردنی تەنگژەکان لێک نزیک بینەوە ،ئەوا حزبەکەی ئاب بۆ هەڵوەشاندنەوەی بریارەکان لەکتوپرێکدا ( گۆبەندێک ! ) دەخولقێنێ و وەکو دیاری یەک بۆ کۆمەلانی خەڵکی کوردستانی دەنێرێ .. !! ئالەسایەی بارو دۆخی ( ئەشەرو ئاشتی ) دا دریژەبەتەمەنی بێ دایەنەمۆی بداو ، هەولێری پایتەختیش هەرداگیرکراو بێ و ، گەورەترین داهاتی رۆژانەی گومرگی ئیبراهیم خەلیلیش بۆ قازانجی بنەماڵە راکێشی بانکەکانی هەندەران بکات ..!!

٤- وادیارە شەمشەمەکوێرە کانی تاریکستانی جەهالەت و کالفامی ،چاویان بەهەلاتنی خۆری زانین و ئاسۆی پێشکەوتن و تیشکی زانست و پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن هەڵنایەت ، بۆیە هەموو جارێک لەوادەی تاقیکردنەوەکاندا ، دەست دەدەنە کاری ئامۆ .. پاشاگەردانی بەرپادەکەن.. دوژمنان پەلکێش دەکەن .. بەرنامەی ئەزمونەکان تێک دەدەن ..خوێندنگاو دەزگا پەروەردەیی یەکان دەکەنە مۆلگەو سەربازگەی لەشکری داگیرکەری دەعوەتکراو .. !!

٥- حزبەکەی ئاب نەک هەر سەبەبکاری هێنانی لەشکری تورکیایە ، بەلکو خەتاباری راگواستن و سەبەبکاری کۆچپێکردنی خەڵکی بێ دیفاعی کەرکوک و خانەقینیشە ، کەهاوکات لەگەڵ لەشکرکێشی یەکەی تورکیادا ، رژێمی داخ لەدل و شۆڤێنی بەعسی عەفلەقی بەپێ ی نەخشەیەکی دارێژراوی تازەی تەعریب کردن دەستی داوەتێ ..!!

٦- ئەگەر رەفتاری خیانەتکارانەی حزبەکەی ئاب ، بێ لێپرسینەوەو سنوور دانان ، هەروا بەردەوام بێ! ، دەبێ بپرسین : ئاخو ئەمجارەیان و لەسەر داوای ئەم حزبە دەبێ کام لەشکری دەست بەتالی داگیرکەر پیشەی ئەم سەرزەمینە پالێوراو یا دەستنیشان کرابێ ! بۆ پەلامارادانی خاکی هەرێمی کوردستان .. ! ؟

یەکێتی ی مامۆستایانی کوردستان ، کە لەروانگەی ئامانجە نیشتیمانی یە کانیەوە هەردەم پشتگیری لە خەباتی رەوای گەلەکەمان لەهەموو بەشەکانی کوردستان دەکات ، هێنانی لەشکری تورکیا مەحکوم دەکات و ، هاو ئاهەنگ لەگەڵ هێزە شۆرشگێرو دیموکراتخوازو نیشتیمانپەروەرەکانی کوردستان ، خوازیارە بە زوترین کات ئەم لەشکر کێشی بە کۆتایی بێ بێت و .. ئیتر چیتر هەرێمی کوردستان نەبێتە شوێنگەی دلەراوکێ و ناثارامی .

خائینانیش با چاک بزانن، ئەم خیانەتە هەروا بەئاسانی تێ نایەرێ و.. ئەمرۆ بێ یا سبەی هەردەبێ لەبەردەم دادگـای عەدالەتی میللەتا باجی خیانەتکارانەیان بدەن.

× سەرکەوێ ویستی پۆلاییینی گەل بۆ لەگۆرنانی نەخشەی زەهراوی دوژمن و نۆکەرانی

× لەبرەو دابێ پەیامی پیرۆزی مامۆستا بۆ برەو پێدانی پەروەردەو زانست لە کوردستانێکی ئازادو سەر فرازدا

یەکێتی ی مامۆستایانی کوردستان
مەکتەبی سکرتاریەت
١٩٩٧/٥/٢٠

بەڵگەنامەی ژمارە (١٥٩)

(( بانگـــــــەواز ))

لەشکرکێشی یەکەی سوپای تورکیای فاشی داگیرکەر کە لە (١٤/ ٥/ ١٩٩٧) دا دەستی پێکرد بۆسەر خاکی باشووری کوردستان و بە چاوساغی و یارمەتی چەکدارەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان ، وە هەروەها کە لە ڕۆژی ١٦/ ٥/ ١٩٩٧ دا لە شاری هەولێرو دیانا و پاشانیش لە ڕەواندوز کۆمەڵ کوژییەک دژی ئەندامان و دۆستان و لایەنگرانی PKK ڕووی دا لەسەر دەستی چەکدارەکانی PDK و تورکمانەکان و هێزی بەناو پاراستنی ئاشتی بە سەرپەرشتی "حسن قاپلان" و بە فەرمانی مسعود بارزانی و لە ڕێگەی فرانسۆ حریری پارێزگارو لێپرسراوی لیژنەی ئاسایشی هەولێرەوە کە هەتا ئێستا هەر بەردەوامە بۆ گرتن و دیلکردن و کوشتنی لایەنگرانی PKK .... ئەم هێرشە دڕندانەیەش تەنها بۆ سەر ئەو ناوچانە نەبوو کە لە ژێر کۆنترۆڵی گەریلاکانی PKK دایە بەڵکو ناوچەکانی تری ژێر دەسەڵاتی YNK شی گرتەوە . ئەوەبوو ڕۆژی ٢٩/ ٥/ ١٩٩٧ فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورک بە خەستی بۆردومانیان ناوچەکانی ومرتێ و دۆڵە ڕەق و خانەقایان کرد ، کە هیچ هێزێکی PKK ی تێدا نییە و لە ژێر دەسەڵاتی هێزەکانی YNK دایە تا بووبە هۆی شەهید بوون و بریندار بوونی چەند هاوڵاتییەکی سڤیل و تێکشەجێی ئەو گوندانە و دەوار نشینەکان و سووتاندنی خانوو بەرە و مەڕ و ماڵیاتیان و چەند پێشمەرگەیەکی سەر بە YNK ش شەهید بوون.

دیارە ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ کە ڕژێمی فاشی داگیرکەری تورک هیچ جیاوازییەک ناکات لە نێوان کوردی چەکدار و بێ چەک ، بێ لایەن و لایەندار ، ناوچەی ژێر دەسەڵاتی PDK و ژێر دەسەڵاتی YNK ، لای ئەو هەر کورد بێت و بەس و لە هەر کوێیەک بێ.

ئەم هێرشەش دیارە تەنها بۆ ڕۆژو دوو ڕۆژ نییە بەڵکو هەر بەردەوام دەبێت ، وە هەر بۆ ڕاونانی گەریلاکانی PKK نییە بەڵکو ئەمە بیانوویەکە و مەبەستی داگیرکردنی باشووری کوردستانە بە تورکی کردنی بەشێ ، وە هەتا دەست بگرێت بەسەر بیرە نەوتەکانی ولایەتی موصل کە بە پێی دەستورەکەیان ( میساقی میللی ) ئەم ولایەتە بەشێکە لە ( تورکیا )..

ئێمە لە کاتێکدا ئەم هێرشە دڕندانەیە مەحکوم دەکەین ، داوا لە دەزگا نێو دەوڵەتییەکان و لایەنە سیاسییەکان و حکومەتەکانی نار نەتەوە یەکگرتووەکان دەکەین کە ڕۆڵی خۆیان ببینن و وەڵامێک بدەنەوە و مەحکومی ئەم کارە فاشییە بکەن و هیچ نەبێ بە دە یەکی ئەو هەڵوێستەی کە بۆ کوێت گرا بۆ ڕزگار کردنی ئەم داگیرکردن و کۆمەڵ کوژییە هەڵوێستیان هەبێت.

ئایا بێ دەنگی بنکەکانی ئەنجومەنیک بۆ ناوچەی ( ئاسایشی پاش هێڵی ٣٦) و بێ دەنگی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەوە ناپەخشێ کە ئەمانە داردەستی ئەمریکا و ئیسرائیل بن ؟ .... یانێکە و دووەموا !!!

* مردن بۆ داگیرکەران،
* مردن بۆ نۆکەران و خائینان ،
* سەرکەوتن بۆ گەلی کوردستان .

کۆمیتەی ڕۆشنبیرانی پارێزگەری نەتەوەیی
١٩٩٧/٦/٢

بەگەنامەی ژمارە (١٦٠)

وتەبێژێك بە ناوی (م. س)ی حشك ئەمەی خوارەوەی ڕاگەیاند:

## دیسانەوە هێرشێکی درندانەی ڕژێمی تورکیا

هەر لە بیستی ئەم مانگەوە، بۆ چەندەمین جار ڕژێمی عەسکەرتاری تورکیا هێرشێکی بەربڵاوی بۆ سەر خاکی کوردستانی - عێراق دەست پێکردوە. بە هەمان بیانگە کۆنەکانەوە. ئەم جارەش هێرشەکە بووە هۆی کوشتن و ووخاندنی خانووبەرەو دەربەدەربوونی ژمارەیەکی زۆری گوندنشینە بێ تاوانەکانی دەڤەری بادینان و بێبەری بوونیان لەو بڕە ئازووقەیەی کە مانگانە بەسەریاندا دابەش دەکرێت.

هێرش [illegible] پای داگیرکاری ڕژێمی تورکیا، وەکو هەموو جارێ پێشێلی یاسای نێودەوڵەتی دەکات. ئێمە و [illegible] دەکەین کە هەندێ نیازی گڵاوی ئاشکرانەکراوی بە دواوەیە. بۆیە بە توندی ڕیسواو مەحکومی دەکەین و، داواکارین بە زووترین کات پاشەکشە بکاتو هیواش دەخوازین ڕای گشتی ئازادیخوازی جیهانی، دەنگی خۆی دژی ئەم دەست درێژیە نوێیەی تورکیا بەرز بکاتەوە.

لەو کاتەش کە ئەم هێرش و دەست درێژیەی تورکیا ڕیسوا دەکەین، بە پێویستی دەزانین کە ئاماژە بە ڕۆڵی نامەسئولانەی (پ. ک. ک) بکەین. چونکە بەم ڕێبازە چەوتەیان لە ئاگر هەڵگیرساندن لە هەندێ ناوچەی کوردستانی خواروو، بیانگە بە ڕژێمی تورکیا دەدەن بۆ دەست خستنە ناو کاروباری کوردستانی - عێراق، کە ماوەیەکە ڕژێمی دیکتاتۆری بەغدای لێ دوور خراوەتەوەو، مەترسی لەسەر ئەزموونی کەلەکەمان لەم هەرێمە دروست دەکەن و دەیانەوێ شەڕی ناوخۆیی دەست پێبکاتەوە. بە تایبەتی بەم هێرشەی ئەمە چەند ڕۆژێکە لە ناوچەی ((قەسری)) دەستیان پێکردووە.

پێمان وایە ئەم خولە تازەیەی شەڕو پێکدادان لە کوردستانی باشوور، لە ئاکامی ئەو تصریحاتانەوە هات کە پێش ماوەیەک (عەبدوڵا ئۆجەلان) لە گۆڤاری ((الوسط)) بڵاوی کردەوە کە دژایەتی ئەزموونی کوردستانی عێراقی پێوە دیارەو، بە بۆچوونمان ئەم ئەزموونە دەستکەوتێکی گەورەی بزافی ئازادیخوازی سەرجەم کوردستانەو ئەرکی هەموو حزبو لایەنێکە لە هەر کوێ بن، ئەم ئەزموونە بپارێزن نەک دوژمنەکانی لێی هان بدەن و ڕێگای دەست خستنە ناو کاروبارەکانی بۆ ئاوەڵا بکەن.

بەڵگەنامەی ژمارە (١٦١)

# بەیانی بزووتنەوەی دیموکراسیخوازان
## دەربارەی دەسدرێژی تورکیا

هاوولاتیانی سەربەرز!

لایەنگرانی ئازادی و مافی مرۆڤ لە هەموو جیهاندا!

هەموو تان دەبینن کە دەسەڵاتدارانی ئەنکەرە ئەمجارەش سنووری کوردستانی عیراقیان بەزاندووە و **هێزێکی سەربازی گەورەیان لە تانک و توپ و پیادە و فڕۆکەی جەنگی ناردوەتە ئەم هەرێمە گوایا چەکدارانی پ.ک.ک راو دەنێن. ئەمە لە واقیعدا مانای وایە کە شۆڤینیست و ڕەگەز پەرستانی تورکیا لەوەدا** نەوەستاوون کە ئینکاری هەموو مافێکی ڕەوای میللەتی کورد لە وڵاتەکەی خۆیاندا بکەن و دڕندانە بکەونە سەرکوت کردنی بزاڤی ڕزگاریخوازی ئەو میللەتە، بەڵکو خۆیان ساز داوە ببنە ژەندرمەی دژ بە بزاڤی کورد لەدەرەوەی تورکیاش.

جێگەی داخە کەبەشێ لە کوردی ئەم هەرێمەش، واتە سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەمجارەشیان بوونەتە دەلیل و دەسکێشی ڕەگەز پەرستانی ئەنکەرە و هەموو هاوکاری یەکیان دەکەن دژ بە گەریلای پ.ک.ک و دژ بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانی عیراقیش. دیارە سەرکردایەتی پارتی، کە خۆی بەخاوەنی شەرعی ئەم هەرێمە دەزانێ و ئامادە نی یە بۆ هیچ پاشە کشەیەک لە پێناوی ئاشتبوونەوە و ڕێکەوتندا، بە مافی خۆی دەزمێرێ ڕۆژێ پەنا بۆ گاردی کۆماری بەغدا ببات و ڕۆژێ بۆ تانک و فڕۆکەی ڕەگەز پەرستانی ئەنکەرە، بە مەبەستی پاراستنی دەسەڵاتی خۆی بام لە بەشێکی هەرێمیشدا بێ. دەبێ کاربەدەستانی پارتی ئەوە بزانن کە بەرپرسیارن لە لەشکرکێشی سوپای تورکیا بۆ ئەم کوردستانی **عیراقە و لە بۆمبارانی فڕۆکەکانی تورکیا بۆ سەنگەرەکانی پێشمەرگەی کوردستان.**

ئەم دەسدرێژی یەی تورکیا بۆسەر هەرێمی کوردستانی عیراق درێژە پێدانی سیاسەتی ڕەگەز پەرستانەی کەمالیزمە، دژ بە مافی مرۆڤ و دیموکراسی و شارستانێتی هاوچەرخە.. شایستەی ئەوە یەکە لە هەموو گۆشەیەکی ئەم جیهانەدا نارەزایی توندی بەرانبەر دەربڕن، کە لە هەموو جێگەیەکدا کۆبوونەوەی **جەماوەری و خۆپیشاندانی لە دژ ساز بکرێ و لە U N و هەموو دەزگا و ڕێکخراوە نێو دەوڵەتی یەکاندا حوکمڕانانی تورکیا ڕوو زەرد بکرێن.**

ئێمە داوا لە پەرلەمانی ئەورووپی و هەموو دەسەڵاتداران و ڕای گشتی ئەورووپا دەکەین کە گوشاری **توند بخەنە سەر تورکیا و هیچ دەرگایەکی بەرەو کۆمەڵگەی ئەورووپا لێ نەکەنەوە تا ئەو کاتە کە** دان بە مافی ڕەوای کورددا دەنێ و ڕێز لە مافی مرۆڤ و دیموکراسی دەگرێ.

داوا لەسەرکردایەتی پارتیش دەکەین کە واز لەم ئەسەر و ئەو بەرە بێنێ و لە باتی خۆ هەڵواسین، هەر ڕۆژە بە پاشکۆی دەوڵەتێکدا، ڕوو بکاتە سیاسەتێکی گونجاو لەگەڵ بەرژەوەندی ئەم میللەتە ستەمدیدەیە، گوێ لە دەنگی عەقل و مەنتیق بگرێ و پەنا بە وتووێژی ئاشتیانە ببات، لە پێناوی ئاشتبوونەوەی گشتی و دامەزراندنی حکوومەتێکی سەرتاسەری بۆ هەرێم و هەڵبژاردنێکی پەرلەمانی نوێ.

با سەرکردایەتی پارتی و هەموو حزب و لایەنە سیاسی یەکانی کوردستان لەو ڕاستی یە بگەن کە ڕێڕەوی چارەسەری سەربازی و شەڕی نێوخۆ ڕێڕەوێکی ترسناکە و هەمیشە هۆکاری خوێن ڕشتن و وێرانکاری بووە و ڕێگەی بۆ دەستێوەردانی دوژمنانی دەور و بەر خۆش کردووە. تاکە ڕێگەی دڵسۆزانە و تاقیکراوە بۆ چارەسەری کێشەکانی ئەم وڵاتە ڕێگەی وتووێژی برایانە و چارەسەری ئاشتیانە یە، ڕێگەی کۆتایی هێنان بە ڕێڕەوی حزبایەتی تەسک و ململانێی لەسەر کورسی دەسەڵات و مەنەپولی دەسەڵاتداریتی. بەم چەشنە، بە هاوکاری خەباتگێری هەموو دڵسۆزان، بەوەلا خستنی ململانێی خوێناوی و شەڕی نێوخۆ و پەنا بردن بە ململانێی ئاشتیانە و دیموکراسیانە و سندوقی هەڵبژاردن دەتوانین دەسکەوتەکانی ئەم میللەتە بپارێزین، دەتوانین بەرگری لە ئەزموونی دیموکراسی و فیدرالی بکەین، دەتوانین دەسدرێژکەرانی ئەنکەرە و هەموو دەسدرێژکەرێکی دیکەش دەرکەین و داخوازی یە ڕەواکانی ئەم میللەتە دابین بکەین.

با هەموو نیشتمانپەروەرێکی کوردستان بەرەنگاری هێرش و دەسدرێژی لەشکری تورکیای ڕەگەز پەرست بوەستێ.

با هەموو حزب و ڕێکخراوە دڵسۆزەکانی هەرێم یەک گرن بۆ پاراستنی دەسکەوتەکانی ئەم میللەتە.

١٩٩٧/١٠/٢٤

بزووتنەوەی دیموکراسیخوازان
کۆمیتەی باڵا

**بەڵگەنامەی ژمارە (١٦٢)**

# ١٤

# دەستگیرکردنی عەبدوڵڵا ئۆجالان

# دەستگیرکردنی عەبدوڵڵا ئۆجالان

پرۆسەی دەستگیرکرنی عەبدوڵلا ئۆجالان لە سوریاوە دەستیپێکرد، کاتێک سوریا لەژێر کاریگەری هەڕەشەی سەربازی تورکیادا رازی بوو بە ڕێکەوتنامەی (ئەدەنە) لە سالی ١٩٩٨. بەپێی ناوەڕۆکی ڕێکەوتنەکە پێویست بوو لەسەر سوریا هاوکاریەکانی بۆ (پ.ک.ک) رابگرێت و ئۆجالان لە ژێر سایەی خۆی دەربکات. بۆیە ئۆجالان بە پرۆژەیەکی ئاشتییەوە لە سوریا دەرچوو، رویکردە یۆنان -روسیا -ئیتالْیا - تا لە کینیا دەستگیرکرا.

لە سەرەتای هەشتاکانەوە ئۆجەلان ڕوویکردە سوریا، ئەو وڵاتە بووە ناوەندێکی باش بۆ سەرپێکەوتنی (پ.ک.ک). سوریا یارمەتی دارایی و سەربازی و مەعنەویشی پێشکەشی (پ.ک.ک) کرد و لەو ماوەیەدا (پ.ک.ک) بە نزیکە ١٣ هەزار گەریلای لە خاکی سوریادا پەروەردە کرد. سوریا، (پ.ک.ک)ی وەک کارتێکی فشار بەکاردەهێنا لە دژی تورکیا و دەیویست وەک گوشارێک لە کێشەکانی نێوانی خۆی و تورکیا بەکاری بهێنێ.

لە ساڵی ١٩٨٧ و ساڵی ١٩٩٢ دوو ڕێککەوتنانە لە نێوان تورکیا و سوریا ئیمزارکران، خاڵی سەرەکی ڕێککەوتنەکان پرسی پەکەکە بوو، تورکیا ئاسایی کردنەوەی پەیوەندیەکانی بە کۆتاییان هێنان بە هاوکاری (پ.ک.ک) لەلایەن سوریاوە بەستبووەوە. لای خۆیەوە پرسی ئاوی فورات بۆ سوریا چارەنوسساز بوو کە تورکیا ئامادیی تێدا نەبوو بۆ ڕێکەوتنێک بەدڵی سوریا واژۆ بکات، بۆیە پرۆتۆکۆلەکان بۆ سوریا نەبووە پاڵنەر بۆ دەستبەرداربوون لە (پ.ک.ک).

ساڵی ١٩٩٨ تورکیا هەموو هەڕەشە و چاوسورکردنەوەیەکی ئاراستەی سوریا کرد، کارگەیشتە ئەوەی هێزی سەربازی لەسەر سنورەکانی سوریا ئامادەباش بکات، بەکرداریش لە مانگی ئەیلولی ١٩٩٨ تورکیا هەڵمەتێکی بەرنامە بۆ دارێژراوی میدیایی و سیاسی دژی سوریا دەستپێکرد. کۆمەڵی فاکتەری وای لە تورکیا کرد تا فشارەکانی بەهێز و کاریگەربێت. لەناوخۆدا تا ڕادەیەک سەرکەوتوو بوو لە گەمارۆدانی (پ.ک.ک)و پێویستی بە بچڕرانی وێلاشی (پ.ک.ک) بوو لەگەڵ بوو.. لە ئاستی دەرەوە، هاتنەئارای ڕێککەوتننامە و

هاوپەیمانی ستراتیجی تورکیا و ئیسرائل لە بوارەکانی سیاسی و سەربازی و ئابوریدا، هیزی دایە بەر سوپای تورکی[٢٨٤].

دوای زیادبوونی فشارەکان، لە ڕۆژی ٩ی تشیرینی یەکەمی ١٩٩٨، عەبدوڵا ئۆجەلان بە یاوەری ئایفەر کایا، نوێنەری (پ.ک.ک) لە یۆنان، بەڕێکەوتن بەرەو یۆنان. ئۆجەلان گەشبینبوو بەو بانگێشتنامانەی پارتی دەسەڵاتدار و پەرلەمان و بەرپرسانی ئەو وڵاتە کە بۆیان ناردبوو، بەڵام بە گەیشتنی، هیچ لە گۆڕێ نەبوو. بەرپرسانی یۆنان ٣ کاتژمێریان بۆ ئۆجەلان دیاریکرد کە دەبێت، بگەڕێتەوە بۆ ئەو شوێنەی کە لێوەی هاتووە یان دەبێ بڕوات بۆ شوێنێکی تر.

بەناچاری ئۆجەلان و هاوڕێکانی یۆنانیان بەجێهێشت و بەرەو ڕووسیا چوون، پەڕلەمانی ڕووسیا بە ٢٩٨ دەنگ مانەوەی ئۆجەلانی لە ڕووسیا پەسەندکرد، بەڵام سەرۆکی دەوڵەت ئەو بڕیارەی ئیمزا نەکرد، دوای ٣٣ ڕۆژ مانەوە، لەسەر بانگێشتی دوو ئەندام پەڕلەمانی پارتی کۆمۆنیست، عەبدوڵا ئۆجەلان ڕوسیای بەجێهێشت و بەرەو ئیتاڵیا بەڕێکەوت.

لە ١٢ی تشیرینی دووەمی ١٩٩٨ هەواڵی دەستگیرکردنی ئۆجەلان لە فرۆکەخانەیەکی نزیک رۆما بڵاوکرایەوە. تورکیا داوای ڕادەستکردنەوەی ئۆجەلان لە ئیتاڵیا کرد، ئیتاڵیاش بە فەرمی ئەو داوایەیان ڕەتکردەوە هاوکات داوای مافی پەنابەرێتی ئۆجەلانیشی ڕەتکردەوە. ڕۆژی ٢٧ی تشرینی دووەم سەرۆک وەزیرانی ئەڵمانیا و ئیتاڵیا کوبوونەوە، هەردوولا لەسەر ئەوە کۆک بوون کە ئۆجەلان لە دادگاییەکی نێودەوڵەتیدا دادگایی بکرێت. کاتێک دەرکەوت ئۆجەلان ناتوانێ لە ئیتاڵیا بمێنێتەوە، بەرپرسانی پەکەکە پەیوەندیان بە هەریەک لە وڵاتانی (فیلەندا و نەرویج نەمسا و باشوری ئەفریقا) کرد، بەڵام هیچ وڵامێک لەوانەوە نەبوو، هاوکات ئیتاڵیاش پێشنیاری کرواتیا و لیبیای کردبوو، بەڵام بەهۆی نەبوونی متمانە، بەرپرسانی (پ.ک.ک) ئەو دوو ولاتەیان ڕەتکردەوە. موراد قەریلان، یەکێکە لە بەرپرسانی پەکەکە دەڵێت: ئەوکاتەی ئۆجەلان لە

[٢٨٤] سەلام عەبدولکەریم: پارتی کرێکارانی کوردستان PKKلە پەیوەندیە هەرێمییەتیەکانی تورکیادا (١٩٨٠ – ١٩٩٩)، نامەی دکتۆرا، پێشکەشی بەشی مێژووی زانکۆی سلێمانی کراوە، ٢٠١٤، ل١٠٦ بۆ ١٠٨

ئیتاڵیا بوو، دەمانویست بیگەڕێنینەوە بۆ چیاکان، بۆ ئەو مەبەستە لەگەڵ بەرپرسانی ئێراندا دیدارم سازدا، بەڵام داواکەیان پەسەند نەکردین، بۆیە پێم وتن ئێستا سەرەی ئێمەیە و دوای ئێمەش سەرەی ئێوە و عێراقە.

سەر ئەنجام دوای ٦٦ ڕۆژ ئۆجەلان، ئیتاڵیای جێهێش، ئەوەی لا پەسەند بوو بچێتە هۆڵندا و لە دادگای نێودەوڵەتی تاوانبارانی شەڕدا دادگایی بکرێت. لە ئیتاڵیاوە هاتنە یۆنان و لەوێشەوە چونە ڕووسیا سپی بە مەبەستی گەشتکرد بەرەو هۆڵندا، بەڵام ئەو فرۆکەیەی کە چاوەڕوانیان دەکرد نەهات، بۆیە گەڕانەوە بۆ یۆنان، یۆنانیەکان بە ئۆجەلانیان وت دەتنێرینە باشوری ئەفریقا، بۆ چارەسەرکردنی کێشەی پاسپۆرت، پێویستە ١٥ڕۆژ بچیتە نایرۆبی لە کینیا و لە باڵوێزخانەی یۆنان بمێنیتەوە. دواتر یۆنانیەکان بە ئۆجەلان دەڵێن بەسەر میسردا دەتگەیەنینە هۆڵندا، ئۆجەلان دەڵێت لەبەر نەبوونی هیچ ئەڵتەرناتیڤێک ڕازی بووم[٢٨٥]. لە ڕۆژی ١٥ی شوبات، ٥ ئۆتۆمبیل لە خانووی باڵوێزخانەی یۆنان لە کینیان دەرەچن، کە یەکێکیان عەبدوڵا ئۆجەلانی تێدایە و بەرەو فرۆکەخانە دەچن و لەوێ دەستگیردەکرێ و فرۆکەکە بە ئاراستەی تورکیا دەڕوات.

لەبارەی دەستگیرکردنەکەیەوە، عەبدوڵا ئۆجەلان دەڵێت: تورکیا منی دەستگیر نەکرد، بەڵکو مۆساد منی بەگرتدا. لە باڵیۆزخانەی نایرۆبی مۆساد وێنەی منی گرت. تەنانەت لە مارکەی کامێرای وێنەگرتنەکە هەستم بەوە کرد. ئەو وێنانەیان رادەستی کاربەدەستانی کینیا کرد. کینەکانیش وێنەکانیان بۆ باڵیۆزخانە هێناو گوتیان: ئۆجەلان لێرەیە. بۆچی یەهودیەکان ئەمەیان بەرامبەر من ئەنجامدا؟ چونکە نەچومە ژێر باری کۆنترۆڵیان و پەسەندم نەکرد. کوردی دیموکراسیخوازی خاوەن ئیرادی ئازاد پەسەند ناکەن، بە ئامانجی بەدەستەوە گرتنی کۆنترۆلی کوردان، منیان رادەستی تورکیا کرد. ئۆجەلان لەبارەی ئیسرائیلەوە زیاتر دەدوێت و دەڵێت: ئەوان بەلانی کەم چل ملیۆن کوردی شاخ

[٢٨٥]پلانگێڕی نێودەوڵەتی دژ بە عەبدوڵا ئۆجەلان: ئامادەکردنی کۆمیتەی ڕاگەیاندی پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان، چاپی دووەم ٢٠١٦، ناوەندی توێژینەوەی جەمیل ڕۆژبەیانی، لا٢٥ بۆ ٣٧.

پەروەردە دەکەن، هەڵبەتە پیشەنگەکانیان پەروەردە کردن، پەکەکەش پەروەردە دەکەن، ناڵێم ئەمڕۆ ئەمە ڕوودەدات، بەڵام لەوانەیە دە ساڵی دیکە ئەمە ڕووبدات. هەروەکو چۆن لە ڕێگای کوردەکانی عێراق سەدامیان ڕووخاند، لەوانەیە هەمان پرۆسە بۆ ئێران و تورکیا جێگەی باس بێت[٢٨٦].

سەبارەت بە ڕۆڵی مۆساد و بەشداریکردنی لە دەستگیرکردنی ئۆجەلان، گۆردن تۆماس، نووسەرو لێکۆڵەرێکی ئەوروپاییە، لەم دواییانەدا کتێبێکی نوسی بەناوی (نهێنییەکانی مۆساد). نوسەر لەو کتێبەدا باسی هەندێک لە چالاکبیەکانی مۆساد دەکات، لەنێویشیاندا، باسی ڕۆڵی مۆساد دەکات لە دەستگیرکردنی عەبدوڵا ئۆجەلان. نووسەر دەنووسێت: ((مانگی نۆڤەمبەری ئەوساڵە (١٩٩٨) - ئۆجەلان دوای دزەکردن بە مۆسکۆدا - سەری لەڕۆما دەرهێنا. ئەو دەمە بوو کە سەرۆک وەزیری تورکیا بوڵەند ئەجەڤید تەلەفۆنی بۆ ناتانیاهۆ کردو داوای لێکرد، مۆساد یارمەتیان بدا بۆ دەستگیرکردنی عەبدوڵا ئۆجەلانی ڕێبەری کورد. ناتانیاهۆ بەڵێنی بەئەجەڤید داو فەرمانی بەهالێڤی سەرۆکی مۆساددا کە ئۆجەلان بدۆزنەوە...ئەو پیلانە ناوی کۆدی (چاوکراوە)ی لێندرا... شەش سیخوڕی مۆساد ڕەوانەی ڕۆما کران.....تیمەکە چاودێری ئاپارتمانەکەی ئۆجەلانی کرد کە لەنزیک ڤاتیکان بوو. سیخوڕیکی ژن ئامۆژگاری کرا هەوڵبدات پەیوەندی بەئۆجەلانەوە ببەستێ......لەبەرئەوەی ڕێبەری کورد ڕۆمای بەجێهیشت سەرنەکەوت.

تیمی مۆساد شوێنپێی ئۆجەلانی هەڵگرت لەهەموو بەستێنی میدیتێرانەدا(ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا): ئیسپانیا، پۆرتوگال، تونس، مەڕاکیش و سوریا. ئۆجەلان لەو هەموو وڵاتانە ببوو - بەڵام هەر کە دالدەیان نەدا بوو، بەجێیهیشتبوون.

لە٢ی شوباتی ساڵی ١٩٩٩دا، ڕێبەری کورد دەرکەوت کە خەریک بووە بێتە ناو هۆڵەندا. حکومەتی هۆڵەندا ڕێگەی پێنەدا. ئەفسەرێکی ئەمنییەتی هۆڵەندا لەفڕگەی سخیپۆڵی ئەمستەردام، سەرۆکی وێستگەی خۆجێی مۆسادی لەهۆڵەندا

[٢٨٦]عەبدوڵا ئۆجەلان: ئورفا مێژوو پیرۆزی و نەفرەت، وەرگێڕانی: لوقمان عەبدوڵا، ناوەندی توێژینەوە و هزری شەهید ئارام، چاپی یەکەم ٢٠١٧، ل١٤٩

ئاگادارکرد کە ئۆجەلان سواری فڕۆکەیەکی کۆمپانیای کەی ئێل ئێم بووەو بەرەو نایرۆبی چووە. مۆسادییەکانی شوێنپێگێڕی ئۆجەلان بەرەو پایتەختی کینیا وەڕێکەوتن‌و سەرلەبەیانی پێنجشەممەی ٥ی شوبات گەیشتنە ئەوێ.

کینیاو ئیسرائیل بەساڵان هاوکارییەکی نزیکی (لەیەک تێگەیشتنیان) سەبارەت بەکاروباری هەواڵگری پێشخستبوو. تیمی مۆساد زوو ئۆجەلانیان هەڵناو زانیان لە خانووبەری باڵیۆزخانەی یۆنانە لەنایرۆبی. جاروبار کوردان کە مۆسادییەکان پێیان وابوو پاسەوانی ئۆجەلانن- لەخانوبەرەکەڕا دەهاتنە دەرێ‌و دەچوونەوە. هەموو شەوێ سەرۆکی تیمی مۆساد گوزارشتی دەدا بەتەلئەبیب .فەرمانی تەلئەبیب وەک هەمیشە بوو: چاوتان بەسەریەوە بێ بەڵام هیچ مەکەن. لەپڕ فەرمانەکە بەتەواوی گۆڕ ابەهەموو شێوەکانی لەبەردەستدان، ئۆجەلان دەبوو لەخانووی باڵیۆزخانەی یۆنان بهێندرێتە دەرێ‌و بۆ تورکیا هەڵبفڕیندرێت. فەرمانەکە هی هالێڤی بوو.

بەخت و ئیقبال رووی لە تیمی مۆساد کرد. یەک لەکوردەکان لەباڵیۆزخانە هاتە دەرێ‌و با ماشێنەکەی بەرەو باڕێک چوو لەنزیک هۆتێلی نۆرفۆڵک کە جێیەکی تەواو بەدەرەوەیە. لەئاکارێکدا، کە تاکتیکێکی کلاسیکی مۆسادە، یەک لە ئەندامی تیمەکە هاتە نزیک کوردەکە. بەپێستی ئەسمەرو بەکوردییەکی رەوان، سیخوڕەکە خۆی وەکو کوردێک ناساند، کە لەنایرۆبی کاردەکا. ئەو لەقسەکانی کوردە ڕا هەستپێکرد کە ئۆجەلان بێئۆقرەیە. دوایین داخوازی بۆ وەرگرتنی پەنابەری لەئەفەریقیای باشوور هیچ وەڵام نەدراوەتەوە.

تیمی گوێ قولاغی مۆساد کەرەستە تەکنیکییەکانی خۆیان بەکارهێنا بۆ گوێهەڵستن لەهەموو جۆرە پەیوەندی‌و قسەیەکی کە لەنێو خۆی خانوبەرەکەو لەدەرەوەڕا دەکرا. ئەوە ئاشکرا بوو کە یۆنانیش دەست لەوە گێڕاوەتەوە کە داڵدەی ئۆجەلان بدات.

ئەو سیخوڕەی مۆساد کە لەباڕەکە چاوی بەکوردەکە کەوتبوو دەست بەکاربوو .ئەو تەلەفۆنی کرد بۆ کوردەکە لەخانووبەرەی باڵیۆزخانەی یۆنان بوو، داوای لێکرد دەستبەجێ چاوی پێبکەوێ. ئەوان جارێکی دیکەش لەباڕەکە یەکتریان دی. سیخوڕەکە بەکوردەکەی گوت ئەگەر ئۆجەلان لەخانووبەرەی باڵیۆزخانەی یۆناندا بمێنێتەوە ژیانی لەمەترسییدایە. تەنها هیوای ئەوەیە کە

بچیتەوە لای هاوکووفە کوردەکانی، نەک لەتورکیا، بەڵکو لەباکوری عێراق، لەو چیا بەربڵاوانەدا، دەتوانێ خۆی بپارێزێو خۆی بۆ رۆژێکی دیکە کۆبکاتەوە. ئەو پلانە لەراستییدا شتێک بوو کە ئۆجەلان دەستی پێکرد بوو کە بیری لێبکاتەوە، تیمی گوێهەڵخەڕی مۆساد لەقسەکانیدا ئەوەیان گوێ لێببوو. سیخوڕەکە، کوردەکەی پێمل کرد کە بچێتەوە باڵیۆزخانەی یۆنان و هەوڵبدات قەناعەت بەئۆجەلان بهێنێت بۆ ئەوەی خۆی بێتەوە دەرێو لەسەر پێشنیارەکە بدوێن.....لەسەر بنەمای ئەو پەیامە رادیۆیانەی لەنێوان وەزارەتی کاروباری دەرەوەی یۆنان و باڵیۆزخانەکەیان ئاڵوگۆڕ دەکران. تیمی مۆساد دەیزانی کە هەرچەند رۆژێک ماوە خانەخوێیەکانی کە هەتا دەهات بێمەیلییان بۆ حەوانەوەی زیاتر دەبوو، رێگەی لەدەرگە دەرکەوتنی پێنیشانبدەن. لەپەیامێکدا کە تەنێ تایبەتی بوو بۆ سەفیری یۆنان لە کینیا-، سەرۆک وەزیری یۆنان کۆستاس سیمیتیس گوتبووی بەردەوامبوونی مانەوەی ئۆجەلان لەخانووی سەفارەتخانەدا دەبێتە هۆی تووشبوونو ڕووبەڕووبونەوەی سیاسیی و تەنانەت سەربازییانەش- لە یۆنان.

بۆ بەیانی رۆژی دواتر فڕۆکەیەکی جێتی فالکۆن ٩٠٠، بەڕێوەبەری ئەرکەکە لەفرگەی ویڵسۆن لەنایرۆبی نیشتەوە. فڕۆکەوانەکە گوتی بەدوای گروپێک بازرگاندا هاتووە کە دەبێ بیانبات بۆ کۆنفرانسێک لە ئاتێن.

ئەوەی کە دوای ئەمە قەوما هێشتا بەگەرمی قسەی لێوەدەکرێ. پارێزەری ئەڵمانی ئۆجەلان ئیدیعای کرد لەبەر خراپ جوڵانەوەی کاربەدەستانی کینیایی (ئۆجەلان) کاریگەرانە راکێشی دەرەوەی خانووی سەفارەتخانە کرا. بەڵام حکومەتی کینیاو باڵیۆزخانەی یۆنان لەنایرۆبی بەتووندی ئەو تاوانەیان وەدواوە داوە. یۆنانیەکان پێشکەشیان کرد کە رێبەری کورد بەپێچەوانەی راوێژ و بەمەسلەحەت نەزانینی خانەخوێیەکانی سەفارەتخانەی جێهێشتووە. شتێک بێت ئەملاو ئەولا راستەو قسەی لەسەر نییە. جێتی بەڕێوەبەری کە ئۆجەلانی دەناو دابوو لەنایرۆبییەوە هەڵفڕی.

چەند سعات دواتر سەرۆک وەزیری تورکیا بە شادمانیەوە هەوڵی دەستگیرکردنەکەی ڕاگەیاند، بێ ئەوەی هیچ ئامادەیەک بە دەوری مۆساد بکات. بۆ ئەفرایم هالێڤی بەڕێوبەری مۆساد، سەرکەوتنی ئەو ئۆپەراسیۆنە بە واتای لە

کیسدانی تۆڕێک لە مەئمورەکانی لە عێراق بوو کە پشتیان بە پشتیوانی کوردی زۆر گەرم بوو[٢٨٧].

ئەوەی لە گێرانەوەکانی گۆردۆن تۆماس بە ناڕوونی ماوەتەوە، ئەوەیە، ئەو سیخوڕەی مۆساد کێ بوو کە بە کوردیەکی پارا و ڕەوان قسەی کرد؟ چۆن توانی ئەو دڵنیاییە بە ئۆجەلان و هاوڕێکانی بدات کە ئەتوانێ بگەیەنێتە لای کوردەکانی باکوری عێراق؟ لەوێشەوە دەتوانێ بچێتەوە چیاکان کە گەریلاکانی پارتەکەی تێدایە، تاکو دەرەفەتێکی گونجاوی بۆ دێتەوە پێش؟ ئایا کوردانی عێراق کە لە شەستەکانەوە لەگەڵ مۆساد پەیوەندیان هەیە، لەم کردەوەی مۆساد ڕۆڵیان هەبووەیان نا؟ ئەوانە و چەندین پرسیاری تر هێشتا بێ وەڵامن.

تەنها دەوڵەتە هاوپەیمانەکانی تورکیا و لایەنە نەیارەکانی پەکەکە نین کە بەشدارن لەم پلانگێریە، بەڵکو گومان دەکرێت کە بەشێک لە سەرکردەکانی پەکەکە لەم پلانگێڕیەوە تێوەگلابێتن، ناوی دوو سەرکردەی پەکەکە دەهێنرێت بەناوی ماهیر وڵات و کانی یەڵماز. لەوبارەیەوە سەبری ئۆک، ئەندامی کۆنسەی سەرۆکایەتی (کەجەکە) و ئەندامی کۆنسەی سەرۆکایەتی (پەکەکە) و هاوکات بەرپرسی ڕیکخستنی پەیوەندیەکانی (پەکەکە)شە، دەڵێت: ئێمە و زۆرێک لە دۆستانمان پێشنیاری ئەوەمان بۆ سەرۆکایەتی کرد کە لە ڕۆما نەجوڵێت، ئەوە دیار بوو کە پلانگێڕی نێودەوڵەتی لە دژی ئێمە هەیە. بەڵام نازانم ماهیر وڵات بەڵێنی لەکێ وەرگرتبوو، چۆن کاری کردبوو، بە سەرۆکایەتی ئێمەی ڕاگەیاندبوو کە گرەنتی هەیە، تۆ دەبەینە ڕوسیا و دەتوانین لەوێ تۆ بپارێزین و لەوێ خەباتی خۆت درێژە پێ بدەیت، سەرۆکیش بەقسەی کرد. ماهیر وڵات تا چەندە بە ئاگا یان بێ ئاگا ئەو کارەی کردووە یاخود ئاگاداری پیلانەکە بووە یان نا، دەستی تێدا بوو یان ئەویش هەڵخەڵەتێندراوە؟ نازانین، یان بەنەزانی خۆی ئەو کارەی کردووە؟ نازانین. بەڵام پێدەچێت ماهیر وڵات لەدەرەوەی سیاسەت پەیوەندی تری هەبووبێت یاخود لە دەرەوەی ڕێکخستن وەک کارێکی

[٢٨٧] گۆردۆن تۆماس: نهێنیەکانی مۆساد، وەرگێرانی لە هۆڵندیەوە: شەفیقی حاجی خدر، چاپخانەی هێڤی، هەولێر ٢٠٠٨، لا ٥٢٨ بۆ ٥٣٣.

ناپاکانە بۆخۆی هەندێک پەیوەندی بازرگانی و ئەملاو ئەولای گرێ دابێ[288]. عەبدورەزاق کۆیی، لێپرسراوی نوسینگەی (ی.ن.ک) لە دیمەشق، کە لە ئابی ١٩٧٦وە لەوێیە، باسی هەندێک لە بەسەرهات و ڕووداوەکانی دەستگیرکردنەکەی ئۆجەلان دەکات، ئەو سوورە لەسەر ئەوەی ماهیر وڵات پەیوەندی لەگەڵ تورکیا هەبووە، هۆکاری دڵنیابوونەوەی دەگێڕێتەوە و دەڵێت: ماهیر وڵات ئەندامی سەرکردایەتی (پ.ک.ک) بوو، ماوەیەک دیار نەبوو دواتر دەرکەوت نوێنەری (پ.ک.ک)یە لە ڕوسیا. لە سەردانێکمدا بۆلای ئۆجەلان، ماهیر وڵات وێنەیەکی گرتم لەگەڵ ئۆجەلان، لەماوەی بیستساڵی پەیوەندی من و ئۆجەلان هیچ وێنەیەکمان بڵاونەکراوەتەوە. دوای ماوەیەک مام جەلال دەچێتە تورکیا و لە کۆبونەوەیەکی لەگەڵ سەرۆک ئەرکانی سوپای تورکیا باسی (پ.ک.ک) دەکرێت، سەرۆک ئەرکانی سوپا وێنەی نوێنەرەکەی یەکێتی و ئۆجەلان، نیشانی مام جەلال ئەدات و دەڵێت ئێوە یارمەتی (پ.ک.ک) دەدەن. مام جەلالیش خۆی بێبەری دەکات و دەڵێت: لەگەڵ ئێمە نەماوە و دەرمانکردووە. دوای ئەوە مام جەلال نوێنەرەکەی (ی.ن.ک) ئاگادار دەکاتەوە، نوێنەرەکەی (ی.ن.ک) ئۆجەلان ئاگادار دەکاتەوە پێی دەڵێت: کە ئەو ماهیرە دەستی لەگەڵ تورک هەیە، ئۆجەلانیش دەڵێت نا وانیە، ماهیر پیاوی چاکە. نوێنەرەکەی (ی.ن.ک) پێ دەڵێ: کاکە ئەو وێنەیەی من و تۆ گەیشتوەتە ئەوێ! چەند ساڵە ئێمە وێنە دەگرین، قەد وێنەمان نەگەیشتوەتە ئەوێ، بەڵام ئۆجەلان قەناعەت ناکات[289].

لە سەروبەندی دەستگیرکردنی عەبدوڵا ئۆجەلان و پێشتردا، کانی یەڵماس بەرپرسی ڕێکخستنەکانی (پ.ک.ک) بووە لە ئەوروپا، (پ.ک.ک) پێی وابوو کانی لەگیرانی ئاپۆ دا دەستی هەیە. لەمبارەوە گومان لەسەر کانی یەڵماز زۆر بوو کە هەوڵی داوە تاکوو ئۆجەلان لە ئەوروپا نەمێنێتەوە،سەبری ئۆک لەوبارەیەوە

---

[288]ڕێکەوت ئیسماعیل: چاوپێکەوتن لەگەڵ سەبری ئۆک" ماهیر ولات و کانی یەڵماز گومانیان لەسەرە لەناو پیلانگێریەکەدابن دژی ئۆجەلان"، گۆڤاری کوردستان دیبلۆماتیک، ژمارەی ٣٢ – ٣٣، نیسانی ٢٠١٩، ل١٧٢

[289]سەرتیپ جەوهەر: دیداری شام، چاپخانەی تاران، ٢٠٢٠، ل١٩٣-١٩٤

دەڵێت: سەبارەت بەکانی یەڵماز هەندێک قسەو شیکردنەوە هەیە. باسی ئەوە دەکرێت کە پەیوەندی هەبووە و لەگەڵ حکومەتی ئەڵمانیا دەستی تێکەڵکردووە. قسە زۆرە لەسەری، بەڵام تا چەندە دەستی لەم کارە هەبووە؟ ئەوە نازانین، بەڵام بمانەوێت و نەمانەوێت بەشێک لە بەرپرسیارێتی دەکەوێتە ئەستۆی ئەو. لە ڕۆژی ٢٠٠٦/٢/١١ کە نزیکە لەڕۆژی دەستگیرکردنەکەی ئۆجەلانەوە، لەشاری سلێمانی کانی یەڵماز دەکوژرێت. سەبری ئۆک لەبارەی کوژرانی کانی یەڵمازەوە دەڵێ براوناکەم (پ.ک.ک) کەسێکی وەک کانی یەڵمازی کوشتبێ، بەڵام بە دوریشی نازانێ کادیرێک یان ئەندام و لایەنگرێکی (پ.ک.ک) و ئۆجەلان ئەوکارەی کردبێ[٢٩٠].

ئەم بەشە، تەرخان کراوە بۆ کاردانەوەکانی دەستگیرکرنی عەبدوڵا ئۆجەلان لە ناو پارت و ڕێکخراوەکانی هەرێمی کوردستاندا. هەریەک لە لایەنە سیاسەیەکانی کورد خوێندنەوەی جیاجیای بۆ بابەتەکە هەبوو. (پ.ک.ک) هەر لەسەرەتای دەربازبونی ئۆجالان لە سوریاوە بۆ ئەوروپا لە کۆتاییەکانی ١٩٩٨، تەواو دلنیایە کە لە لایەن تورکیاوە چاودێری دەکرێت و هەوڵی دەستگیرکردنی دەدرێت بۆیەکاتێک کە ئۆجالان لە ئیتالیایە، (پ.ک.ک) ڕاوەدنانی ئۆجالان و نەگرتنەخۆی ئۆجالان بە (پیلان) ناودەبات و دەڵێت ((پیلانی دژی سەرۆکی نەتەوەییمان و ئەو هەڵوێستەی سەبارەتی وەردەگیرێت، خاوەن ئەو ڕۆڵەیە کەچارەنووسی گەلەکەمان دیاری دەکات، چونکەبەم پیلانە دەیانەوێت لە کەسایەتی سەرۆکماندا، هەموو هێز ەنیشتیمانیەکان لەنێو ببەن))[٢٩١]. حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری دەستگیرکردنی ئۆجالان بە ((تیرۆریزمی نێودەولەتی)) لەقەڵەم دەدات[٢٩٢]. بزوتنەوەی موجاهیدینی کوردستانی عێراق پرۆسەکە بەکارکردی ((سازمانی سیای ئەمریکی و سەهیونیزمی جیهانیوە مۆسادو میتی بەدناو)) لەقەڵەم دەدات[٢٩٣]. بزوتنەوەی ڕاپەڕینی ئیسلامی دەلێت ((ئەم کارە بە گەلەکۆمە دەزانین و ئومێد دەکەین دەوڵەتی تورکیا لەڕێی بەرپرسانی مافی

---

[٢٩٠]ڕیکەوت ئیسماعیل: سەرچاوەی پێشوو ، ل١٧٣

[٢٩١]بەڵگەنامەی ژمارە (١٦٣): بۆ گەلەکەمان

[٢٩٢]بەڵگەنامەی ژمارە (١٦٨): ڕفاندنی (عیدالله اوجلان) تیرۆریزمی نێودەولەتییە!

[٢٩٣]بەڵگەنامەی ژمارە (١٦٩): ئەی میللەتی بەشەڕەفی کوردستان

مرۆڤەوە مەحکەمەیەکی عادیلانەی سەرۆکی (PKK) بکات وە ئەم لاوانەوەیەش بکرێتە لاپەڕەیەکی تازەو کێشەی کورد رەهەندێکی سیاسی پێ بدرێت و مافە ئینسانی و کلتوری و سیاسیەکانی کوردی تورکیا بسەلمێنێت))[٢٩٤]. یەکێتی مافپەروەرانی کوردستان لەسەر دادگایکردن ئۆجالان رای خۆی هەیە ((ئەگەر بڕیار لەسەردادگایکردن بێت، ئەوا پێویستە دەسەلآتدارانی حکومەتی تورکیا لەدادگاییەکی نێودەوڵەتیوە لەژێر چاودێری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکاندا بێت))[٢٩٥]. کۆمەڵێک حزبی تر لە بانگەشەنامەیەکدا بۆ ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان و جیهانی ئیسلامی و مەسیحی داوادەکەن ((بەڕێز(عەبدوللا ئۆجەلان) وەک نیشتیمانپەروەرێک و خاوەن کێشەیەکی ڕەوا مامەڵەی لەگەڵ بکرێ و بەهیچ شێوەیەکیش سوکایەتی پێ نەکرێ و ئازار و ئەشکەنجە نەدرێ و ژیانی بپارێزرێ و هەوڵی جدی بۆ ئازادکردنی بدرێت))[٢٩٦]. کاتێک کە حکومەتی تورکیا بڕیاریدا ٣١ی ئایاری ١٩٩٩ ڕۆژی دادگایکردنی ئۆجالان بێت، (پ.ک.ک) ڕایگەیاندا کە ئەوە دەرفەتێکی ئاشتییە کە ئۆجالان بۆ تورکیای پێشکەش دەکات و دەڵێت ((ئەگەر ڕژێمی تورکیا ئەو پێشنیارەی سەرۆکی گشتیمان و هەڤاڵمان (عەبدولآ ئۆجەلان) کە بریتیە لە ڕێگا چارەی ئاشتی و دیموکراتی، وڵامێکی ڕاست بداتەوە.....ئەوا لە دوا دوای ئەم سەدەیەدا دەگاتە چارەسەری و لەگەڵ ئەوەشدا هەم تورکیا و هەم گەلەکەمان بە ئاشتی و ئارامی بژین و بکەونە نێو خۆشی و خۆش گوزەرانی))[٢٩٧].

---

[٢٩٤] بەڵگەنامەی ژمارە (١٧٠): ووتە بێژێک بەناوەی مەکتەبی سیاسی (برا)وە ئەم لێدوانەی ڕاگەیاند

[٢٩٥] بەڵگەنامەی ژمارە (١٧٢): بەیاننامەی یەکێتی مافپەروەرانی کوردستان/ لقی سلێمانی

[٢٩٦] بەڵگەنامەی ژمارە (١٦٧): بەیانی هاوبەش

[٢٩٧] بەڵگەنامەی ژمارە (١٧٦): بۆ گەلی کوردستان و دەوڵەتی تورکیاو ڕای گشتی جیهان

## بەڵگەنامەی ژمارە (١٦٣)
## بۆ گەلەکەمان و هەموو هێزە نیشتیمانی و کەسایەتییە دیموکراتیخوازەکان

ئەو پێشکەوتنانەی لەدەروو‌بەری کەسایەتی سەرۆکی نیشتیمانیمان دەخولقێن! تایبەتمەندییەکیان تێدایە کە چارەنووسی گەلەمان دیاردەکەن. وەکو دەزانرێت ئەم گرێبەستەی کە لە ڕۆژی ئاشتی جیهانی، واتە ١ی ئەیلول ڕاگەیەندرا، لە لایەن گەل و پارتمان و سەرۆکی گشتی پارتمان سەرۆک (عبدوللّا ئۆجەلان)ەوە، هەلێک بوو بۆ ئەوەی کێشەی گەلی کورد، بە شێوازێکی ئاشتیخوازانە چارەسەربکرێت. بەڵام لە بەرامبەر ئەوەدا دەوڵەتی تورکی داگیرکەر، بە پیلانێکی نێونەتەوەیی وڵامی دایەوە، وڵامدانەوەی ئاگر بەست لەسەر بنەمای چڕوپڕکردنەوەی شەڕی گڵاویان بوو دژ بە گەلی کورد بەگشتی. بەم شێوازەش دوژمنایەتی لەڕادەبەدەری دژ بەم هەلە ئاشتیە دەربڕی. بۆ ئەوەی ئەم هێرشانەی بەشێوازێکی چڕ بەردەوام بکات و ئاستێکی بەرزی بداتێ، لە بوارەکانی سەربازی و سیاسی و دیبلۆماسیدا، هەموو توانای خۆی خستەگەڕ.

مەبەست لە هێرشی سەر سەرۆکی نیشتیمانیمان ئەوە بوو تا شێوازێکی نوێی سیاسەتە ژینۆسایدەکەی خۆیان لەسەر گەلەکەمان درێژە پێ بدەن. بەڵام (PKK) و گەلەکەمان بە شێوەیەکی یەکپارچە لەگەڵ سەرۆکی نەتەوەییمان خۆیان کردەیەک بە بڕیارێکی مەزنەوە بەرخۆدانەکەیان بەردەوام کرد بۆ مافە ڕەواکەی و بە دەستخستنی ئازادیگەلەکەمان لە بەدیهێنانی ئازادی و دیموکراسی و مافی مرۆڤدا، نرخەکەی چەندە گرانیش بێت، دیسان سووربوونی خۆیان دیارکرد.

بۆئەوەی خەباتی ڕزگاری نیشتیمانیمان بگاتە چارەسەری، سەرۆکی گشتی پارتمان (PKK) هەڤاڵ (عەبدوڵا ئۆجەلان) لە ١٩٩٨/١١/١٣ چووە ڕۆمای پایتەختی ئیتاڵیا. ئەم سەردانەشی بە ئاگاداری حکومەتی ئیتاڵیا ئەنجام داوە. مەبەستی ئەم سەردانەش سیاسیە. بۆ ئامانجێکی سادەی وەکو خۆپاراستن و جێ گۆڕینەوە نیە! سەرۆکی نیشتیمانیمان لە سەرەتادا توانی بێ پاراستن لە

وڵات و دواتر و لە گەلێک جێگەی تر بمێنێت. لەم بارەوەش هیچ تەنگاویمان نیە! بۆ ئەوەش لەسەرئەو دەوڵەتانە یەکێتی ئەوروپاو بەتایبەت ئیتاڵیا پێویستە، هەڵسوکەوتیان لەگەڵ سەرۆکمان لەسەر بنەمای نوێنەرایەتی کەسایەتیەکی چارەسەرخواز و ئاشتیخواز و دیموکراتی کێشەی ئازادی گەلەکەمان بێت. بۆ ئەوەش لەسەر ئەو دەوڵەتانەی لە یەکێتی ئەوروپا جێ دەگرن، پێویستە لەسەر بنەمایەکی باش ئەم سەردانە پەسەند بکەن. بێجگە لەمە ئەگەر لێکدانەوەو هەڵسوکەوتێکی تر لەبەرامبەر سەرۆکمان لە ژێر کاریگەریهەڕەشەکانی دەوڵەتی تورک بکرێت، ئەوا کارێکە دژی پرەنسیپ و یاساکانی یەکێتی ئەوروپا خۆی. لەم سەدانەی سەرۆکمان بۆ پایتەختی ئیتاڵیا تەنها ئیتاڵیا بەرپرسیار نابینین، بەڵکو سەرتاپای ئەوروپا بەرپرسیار دەبینین. پارتمان (PKK) بە نێوی گەلەکەمان لەو بڕوایەدایە کە، چ ئیتاڵیا بێت یان دەوڵەتێکی تری یەکێتی ئەوروپا، ناکەونە نێو هەڵوێستێک کە شەرەفی نەتەوەییمان ئازار بدات.

گەلەکەمان بە هەموو چین و توێژەکانیەوە، بە هەستیاری و هۆشیاریەکی لە بن نەهاتوو، ئەم سەردانەی سەرۆکمان بۆ ڕۆما چاودێری دەکات و پابەند بوونی خۆیان دەردەبڕن و، هەڵسوکەوتێکی دژ بە شەرەفی نەتەوەییمان لە ژێر پاڵەپەستۆی تورکان بەهیچ جۆرێک پەسەند ناکەین. ئەوکاتەش سەرتاپای گەلەکەمان ئامادەیە هەڵوێستی خۆی بە شێوازێکی زۆر وشک دەرببڕێت لە دژی ئەو ڕەفتارانەی کە مرۆڤ سوک دەکەن. ئێمە لەو بڕوایەداین حکومەتی ئیتاڵیا ئەم هەستەی گەلەکەمانی لەبەرچاوبێت و هەڵوێستی دۆستانەی خۆی بەرامبەر سەرۆکمان دیاری بکات. با وەکو تاکەکەسێک پێشوازی لە سەرۆکمان نەکەن، بەڵکو دەبێت وەک سەرۆک و نوێنەری گەلەکەمان سەیری بکەن. لەهەمانکاتدا بەم هیوایەین، حکومەتی ئیتاڵیا بێ ئەوەی بەهانەی یاسایی دەربخات، هەڵوێستی باش دەربڕێ. چونکە بەها دیموکراتیەکانی یەکێتی ئەوروپا، هەرکەس ناچاری ئەوە دەکات هەڵوێستێکی باش وەربگرێت.

بۆ گەلی وڵاتپارێز...

لەڕێگەی ئەم پیلانە نێودەوڵەتیەی دژی سەرۆکمان، دەیانەوێت پاشەڕۆژی وڵاتمان تاریک بکەن، دوژمن بە شێوازێکی چەپەڵ و بەربەریانە هێرش دەکات. هەروەها لەسەر پێگەکانی ئەم هێرشەشدەیەوێت، قۆناخی قڕکردنی کوردان

تەواز بکات، بۆ ئەوەش دەبێ هیچ لایەنێک ئاسودە نەبێت و لەسەر هەر ئەندامێکی نەتەوەییمان پێویستە بێ ئەوەی چاو و گوێ و دڵی ماندوبێت، لەگەڵ سەرۆکی نەتەوەییمان جێ بگرێت. هەرکەس و لایەنێک ئەگەر بتوانێت بچێتە ڕۆما، با بچێت و لەسەرۆکمان خاوەن دەربکەوێت. چ لە ناوەوەی وڵات یان دەرەوەی وڵات بن، ئەمە ئەرکی نەتەوەییە. هەلومەرجی ئەمڕۆمان هەموو کوردێکی بەناموس، ناچاری ئەوە دەکات تەنها یەک کار بکات، ئەویش خاوەن دەرکەوتنە لەسەرۆکی نەتەوەییمان. لەپێناو ئەوەشدا کاردانەوەی دیموکراسی و چالاکیەکانتان لە جۆری ڕێپێوان، خۆپیشاندان و مانگرت... بەردەوام بکەن، جگە لەم چالاکیە دیموکراتیانە، چالاکیەکان بە شێوازێکی تر دەرنەبڕن و لە چاوەڕوانی بانگەوازی پارتمان (PKK) دا بن. لە هەمانکاتدا تاوەکو مافی سەرۆکمان بەسیاسی پەسەند دەکەن، ئەو چالاکیانەش دەبێ بەردەوام بن، چونکە هەڵوێست و هەستیاری گەلەکەمان ڕۆڵی مێژووی بۆ بەدەستخستنی ئازادی هەیە. لەم پێگەیەشەوە پێویستە گەلەکەمان لە هەر چوار پارچە ڕاپەڕن و تەنها یەک کارو چالاکیش ئەنجام بدەن ئەویش خاوەن دەرکەوتنە لە سەرۆکی نەتەوەییمان.

بۆ هێزە نیشتیمانییەکان..

پیلانی دژی سەرۆکی نەتەوەییمان و ئەو هەڵوێستەی سەبارەتی وەردەگیرێت، خاوەن ئەو ڕۆڵەیە کە چارەنووسی گەلەکەمان دیاری دەکات، چونکە بەم پیلانە دەیانەوێت لە کەسایەتی سەرۆکماندا، هەموو هێزە نیشتیمانیەکان لەنێو ببەن. بۆئەوەش هەڵوێست وەرگرتن لەبەرامبەر ئەو پیلانە، ئەرکی بنچینەی و ناچارییە بۆ خزمەتکردنی بەرژەوەندی گەلەکەمان. لەم پێناوەشدا دەبێت ئێوە بەرژەوەندی نیشتیمانی بەبنچینە بگرن و خاوەنداری لە سەرۆکی گشتی پارتمان (PKK) هەڤاڵ (عەبدوڵڵا ئۆجەلان) بکەن. لێرەدا دەبێ ئەوەش تواناکاری خۆتان بەگەڕبخەن بۆ ئەوەی لەدەستتان دێت، ئەنجامی بدەن. ئەم ئەرکە نیشتیمانیە بە ئەرکی خۆتان بزانن و چی پێویست بکات ئەنجامی بدەن.

بۆ هەموو هێزە دیموکراتیەکان...

بەپیلانی دژی سەرۆکی پارتمان (PKK)، دەیانەوێت پشتگیری لە چارەسەری دیموکراسی کێشەی کورد بکەن لەهەمانکاتدا هەروەک و چۆن کۆمەڵکوژیان لەسەر گەلانی (ئاشووری و ئەرمەنی و ڕۆم) ئەنجام داوە، دەیانەوێت نەخشەی کۆمەڵکوژی سەر گەلەکەمان پێک بێنن. دەوڵەتی تورک بێ ئەوەی پابەندی هیچ یاسایەکی مرۆڤایەتی بێت، هێرشە دڕندانەکەی خۆی دژی گەلەکەمان بەردەوام دەکات. بەشێوەیەکی هێرشکارانە وەڵامی هەوڵ و ڕاگەیاندنی ئاشتی سەرۆکمان دەداتەوە. بۆیە لەسەر هەموو هێزە دیموکراتیەکانی جیهان پێویستە، وەڵامێک بەم هێرشە بدەنەوەو لە سەرۆکمان خاوەن دەربکەون. پارتمان (PKK) بەناوی گەلەکەمانەوە بانگەواز بۆ هەمووتان دەکات تا هەڵوێست لە بەرامبەر بەربەریەتی تورکان دەرببڕن و لەسەڕ ئەم بنەمایەش لە سەرۆکی نەتەوەییمان خاوەن دەربکەون.

کۆمیتەی ناوەندی

پارتی کرێکارانی کورستان PKK

١٩٩٨/١١/١٤

## بەڵگەنامەی ژمارە (١٦٤)
## با دەست بەجێ عبدالله ئۆجەلان ئازاد کرێ

هەواڵو زانیاریەکان وا دەگەیەنن کە ڕۆژی پێنج شەمەی ڕابردوو پۆلیسی ئیتاڵیا لەفرۆکەخانەی (ڕۆما)دا بەڕێز عەبدوڵا ئۆجەلان سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستانی دەستگیر کردووە، لەوکاتەدا کە بەڕێز ئۆجەلان لەڕووسیاوە بۆ ئەووڵاتە هاتبوون. هەرچەندە ئەم هاتنەشیان هەروەک دەوترێ بە ڕەزامەندی حکومەتی ئیتاڵیا بووەو بۆ ئەوە بووە کە مافی پەنابەری سیاسی بدرێتێ، لەم کاتەدا دەسەڵاتدارانی تورکیا فشارێکی زۆر دەخەنە سەرحکومەتی ئیتاڵیا بۆ ئەوەی ئۆجەلانیان تەسلیم بکات.

بەڕێز عەبدوڵا ئۆجەلان سەرۆکایەتی یەکێک لەو حزبە کوردیانە دەکات کە لەپێناو مافە ڕەواکانی گەلەکەمان لەکوردستانی تورکیا تێ دەکۆشێت و کاتێک لەوڵاتەکەی خۆیدا مافی ژیانی لێ زەوت بکرێو مافی ڕەواو ئاسای خۆیەتی پەنا بۆوڵاتێکی دیکە ببات بۆیە ئێمە لای خۆمانەوە دەنگمان دەگەیەنینە حکومەتی ئیتاڵیاو داوایان لێدەکەین دەست بەجێ عەبدوڵا ئۆجەلان ئازاد بکەنو مافی پەنابەری سیاسی پێ بدەن.

بەم کارەشیان درێژە بە هەڵوێستی هاوسۆزیان لەگەڵ مەسەلەی گەلی کوردا دەدەن وە پابەندبوونی خۆشیان بە یاسا نێودەوڵەتی و مافەکانی مرۆڤەوە دووپات دەسەلمێننەوە.

بە پێچەوانەی ئەوەوە ڕووبەڕووی ناڕەزایەتییەکی زۆری ڕای گشتی کوردی و جیهانی دەبنەوە.

مەکتەبی سیاسی
حزبی شیوعی کوردستان/عێراق
١٩٩٨/١١/١٥

## بەڵگەنامەی ژمارە (١٦٥)

## وتەبێژێک بە ناوی مەکتەبی سیاسی حزبی شیوعی کوردستانەوە ڕای گەیاند:

ڕۆژی سێشەمە ١٦ی شوبات سەرەک وەزیرانی تورکیا لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسی زۆر کوردتدا هەواڵی دەستگیرکردنی بەڕێز عبداللەئۆج ئالان سەرۆکی P.K.Kی ڕاگەیاند، پرۆسەی دەستگیرکردنەکە ڕفاندن و چەتەگەری بوو، وادەردەکەوێت دەزگاکانی موخابەراتی چەند دەوڵەتێک تیدا بەشدار بوون.

لەسەردەمێکا کە لافوگەزافی مافی مرۆڤ و ئازادی و بەهای شارستانی لەلایەن ئەو دەوڵەتانەوە لێدەدرێ و خەڵکی گشت جیهان وا دەخوازێ کە مەسەلەی گەلی کورد چارەسەرێکی سیاسی و عادیل و دیموکراتیانەو لەسەربناغەی بەڵگەنامە نێودەوڵەتیەکان بکرێ و سیاسەتی شۆڤینیانەو شێوازە سەرکوتکەرەکان لەبەرامبەریدا ڕابگیرێ، کەچی ئەوان ڕەفتاری وا بێزاریانە دەکەن و حوکم ڕانانی تورکیان بەبێ بەرنامەو ڕێبازی شۆڤینیانە ڕایگشتی ناو تورکیا بۆ لەناوبردنی ئۆجەلان و لەدژی گەلی کورد تەیار دەکەن و هاندەدەن کە ئەم کارەشیان دژی سەرەتاترین بنەماکانی مرۆڤایەتیە.

ئێمە ئەو کارانەو ئەم چەتەگەرییەی تورکیا مەحکوم دەکەین و ناڕەزایی بەرامبەری دەردەبڕین.

پێویستە ڕای گشتی پێشکەوتنخوازەکان و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لەناو تورکیاو هەموو جیهان و بەتایبەت ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی دەستبەجێ کاربکەن بۆ پاراستنی گیانی بەڕێز ئۆجەلان و ئازادکردنی و ڕاگرتنی ئەو شاڵاوە شۆڤێنییەی حوکمڕانانی تورکیا لەدژی کورد دەیکەن.

هەولێر

١٩٩٩/٢/١٧

## بەڵگەنامەی ژمارە (١٦٦)

## ڕاگەیاندنی مەکتەبی سیاسی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق:

پاش ٣ مانگ لەهەوڵ و تەقەلای دەوڵەتی تورکیاو پشتیوانی ڕاستەوخۆی دەوڵەتی ئەمریکاو چەند دەوڵەتی ئەوروپی بۆ دەستگیرکردن و دادگایکردنی لەتورکیا، سەرەنجام شەوی ١٦/١٥ ئەم مانگە (عبدالله ئۆجەلان) سەرۆکی P.K.K لەسەفقەیەکی موخابەراتی تیرۆرستیدا لەلایەن دەزگای موخابەراتی تورکیاوە ڕفێندراو گەیەنرایەوە تورکیا.

ڕفاندنی (عبدالله ئۆجەلان) لەبارودۆخێکی لەو چەشنەدا ئەبعادی فراوانی ئەم کردەوە تیرۆرستیە دەخاتە ڕوو کە قاچی دەزگا مەخابەراتیەکانی دەوڵەتانێکی تری وەک ئەمریکاو یۆنان و چەند وڵاتێکی تری ئەوروپی لەپاڵ تورکیادا دەهێنێتە ناوەوە. بەدوای ڕاگەیاندنی دەستگیرکردنی (عبدالله ئۆجەلان) لەلایەن سەرۆک وەزیرانی تورکیاوە، فەزایەکی موتەشەنج لەسەرانسەری ئەوروپاو ناوخۆی تورکیاشدا پێکهات و مەترسی ئەوەی لێدەکرێت شۆڕ ببێتەوە بۆ شەڕێکی مەترسیداری نێوان کوردو تورک کە هەردوو ناسیۆنالیزمی کوردو تورک پەرەی پێ دەدەن.

ئێمە هەروەک لەسەرەتای ئەم کێشەیەوە ڕامانگەیاندووە کە لەکاتێکدا حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق هیچ دوو دڵیەکی لەماهیەتی ناسیۆنالیستی و سەرکوتگەڕانەی P.K.K نیەو بە ڕێگرو ناتەباو ناکۆک لەگەڵ خەباتی هەقخوازانەی خەڵکی کوردستانی تورکیا بۆ ڕزگاربوون لەچەوساندنەوەی میللی دەزانین، هاوکات ئەم پیلان و هاوکارییە موخابەراتی و تیرۆرستیە بۆ ڕفاندنی (عبدالله ئۆجەلان)و دادگایکردنی لەلایەن تورکیاوە بە تیرۆریزمێکی دەوڵەتیو ڕەسمی و ئاشکرا دەزانین و بە توندی مەحکومی دەکەین.

(عبدالله ئۆجەلان) تەنها نمونەیەکە لەدەیان سیاسەتمەداری کۆنەپەرست و سەرکوتگەر لەناوچەکەدا کە هاوتاکانی ئەو گەورەترین مەلەفی تاوانکاری و سەرکوتو کوشتاریان لەتورکیاو عێراق و ئێران و پاکستان و ئیسرائیل و ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا سەریەک ناوە، ئێستا حاکم و کاربەدەستان و

بەڕێوەبردنی ئەمولآتەیان لەدەستدایەو ژیان و چارەنووسی ملیۆنەها ئینسانیان بە ڕەشترین شێوە دیاری دەکەن.

دزین و ڕفاندنی (عبدالله ئۆجەلان)و دادگایکردنی لەلایەن دەولەتی تورکیاوە هەقیانەت نادات بەو دەوڵەتە کە کارنامەیەکی ڕەشی هەیە لەدڕندەی و سەرکوت و ئیستیبدادی قەومی لەدژی خەڵکی کوردستانی تورکیاو لەپێشێلکردنی مافە سەرەتاییەکانی خەڵکی زەحمەتکێش و ئازادیخوازی تورکیا.

ئەگەر بڕیاربێت تاوانبار دادگای بکرێت، ئەوا دەبێت لەپێشدا خودی جەنەڕاڵە فاشیەکانی سوپای تورکیاو صدام حسین و خامنئی کە دەستیان بە خوێنی ملیۆنان ئینسان سورە، دادگای بکرێن.

دەبێت تاوانبارانێکی وەکو (بوش و کلینتۆن و تۆنی بلێرو کۆڵ) لەبەردەم دادگای خەڵکدا ڕابوەستن، کە هەزاران تەن باروت و موشەکیان بەسەرخەڵکی ئەم ولآتانەدا باراندووەو لەڕێگەی گەمارۆی ئابوریەوە خەڵکی عێراقیان ڕووبەڕووی مەرگی شێنەیی کردۆتەوە. دەبێ ئەوانە بدرێنە دادگا کە سەرپەرشتی سەدان تۆڕی تیرۆرستی ڕەسمی و دەوڵەتی لەئاستی دونیادا دەکەن و ئێستا خۆیان بە قازی بۆ دادگایی کردن ناو دەبەن.

ئەم پیلانەی ڕفاندنی (عبدالله ئۆجەلان) هاودەستیەکی جاسوسی و تیرۆرستی ولآتانی ئەمریکاو ئەوروپایە لەگەڵ دەوڵەتی تورکیادا بۆ بەسەرکەوتن گەیاندنی ڕژێمی ناسیۆنال فاشستی تورکیا لەکێشمە کێشمەی دا لەگەڵ P.K.K داو لەهەمانکاتدا ئاکامی مەترسیداری ئەم سیاسەتە کۆنەپەرست و تیرۆستیە لەکاتێکدا دەزگای جاسووسی و مافیاییەکانی ئەم ولآتانەو هاوکاری و جاسوسی و ڕفاندنی تیرۆرستی یەکتر دەکەن، زەمینە بۆ پەرەدان بە تیرۆریزمی ڕەسمیو نێودەوڵەتی و بەرتەسککردنەوەی هەر چالاکیەکی ئۆپۆزیسیۆنی سازدەکات.

بۆیە دەبێت ئەم هاوکاریە موخابەرایەتیەو ئەم کردەوە تیرۆرستیەی تورکیاو ئەمریکاو ولآتانی ئەوروپا لەلایەن هەر ئینسانێکی ناڕازی و یەکسانخوازەوە کە بۆ ڕزگاری و ئازادی تێدەکۆشێت وە هەر ئینسانێکی ئازادیخواز کە باوەڕی بە ڕزگاری خەڵکی کوردستانە لەژێر دەستی ڕژێمی کۆنەپەرست و فاشیستی تورکیا بە توندی مەحکوم و ڕیسوا بکرێت.

مەکتەبی سیاسی - حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق

١٩٩٩/٢/١٧

## بەڵگەنامەی ژمارە (١٦٧)

## بەیانی هاوبەش

## کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، وڵاتپارێزانی بەشەرف..!

لەگەڵ پەرەسەندن و گەشەسەندنی خەبات و تێکۆشانی گەلی کوردستان لە باکوری کوردستان، فشارو پلانی دەوڵەتی داگیرکەری تورکیاو هاوپەیمانەکانی بە ئامانجی سەرکوتکردنی داوا ڕەواکانی خەڵکی کوردستان لە زیادبوندایە.

لەچوارچێوەی ئەم پیلانە چەپەڵەداو پاش پینەدانی مافی پەنایەری سیاسی لەلایەن زۆر لە وڵاتانی ئەوروپاوە بە کەسایەتیەتیەکی ناوداری وەک بەڕیز عەبدالله ئۆجەلان و بە پێچەوانەی گشت یاساو بڕیارە نێودەوڵەتیەکانی پارێزگاری کردن لە مافی مرۆڤ کە ڕۆژانە زۆر لەو وڵاتانە بەلاف و گەزافلێدانی دیموکرایەتیەت و مرۆڤ پەرستیەوە خۆ هەڵدەکێشن، بەڵام لە ڕۆژی ١٩٩٩/٢/١٥، لە ئاکامی گەلەکۆمەکی نامرۆڤانەی دەزگا سیخوریەکانی (تورکیا، ئەمریکا، ئیسرائیا، یۆنان، کینیا) سەرکردەی پارتی کرێکارانی کوردستان بەڕێز (عبدالله ئۆجەلان) دەستگیرکراو تەسلیم بە دوژمنی سەرسەختی گەلەکەمان ڕژێمی تورکیا کرایەوە. لە کاتێکدا ئێمە ئەمە تەوانێکی کەم وێنەو بەدڕەوشتی و نامرۆڤانە دەژمێرین و بە توندی تورەیی و بێزاری خۆمان بەرامبەر گرتن و دانەوەی بە تورکیا دەردەبڕین و پلانەکەیان تەنیا دژ بە بەڕێز ئۆجەلان و پارتی کرێکارانی کوردستان دانانێین بەڵکو بە فراوانترو دژ بە سەرجەم خواستەکانی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان و داوا ڕەواکانێتی.

کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، بە تایبەتییش وڵاتانی ئەوروپا بەرپرسیارێتیەکی گەورەیان لە ئەستۆدایە لەم ڕووەوە چونکە بەڕێز ئۆجەلان بە هاتنی بۆ ئەوروپا هەموو ڕێگەیەکی لە پێناو چارەسەرکردنی کێشە ڕەواکەی گەلەکەماندا خستەڕوو، هەروەک لە پڕۆژەیەکدا لایەنی کەمی داخوازیەکانی کوردی پێشکەش کرد کە چی ئەو وڵاتانە و لە پێشیاندا وڵاتانی ئەوروپایی گرنگیەکی پێویستیان بە خواستە ئاشتیخوازیەکەی بەڕیز ئۆجەلان نەداو بە

پێچەوانەوە هەندێکیان هاوکاری بەجێهێنانی پیلانەکەی ڕژێمی تورکیایان کردو خەونەکەکانی کوردیان کردە دیاری بۆ دەوڵەتی شۆڤێنستی تورکیا.

لە کاتێکدا ئێمە بەدڵنیاییەوە ڕایدەگەینین هەتا بەلەناوبردنی بەڕێز ئۆجەلانیش خەباتی پڕ سەربەزی گەلی باکوردی کوردستان بە تایبەتی و تەواوی کوردستان بە گشتی دانامرکێتەوەو ئەمن و ئاسایش لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەرقەرار نابێت، بگرە گڕی خەباتی گەلەکەمان زیاتر کڵپە دەستێنێ و بێوچان درێژە بە خەباتی نەتەوەی خۆی دەدات تا وەدەستهێنانی مافی چارەی خۆنوسین و سەرەنجام ڕژێمە دیکتاتۆر و شۆڤێنیستیەکان سەرشۆڕی مێژوویان بۆ دەمێنێتەوە. ئێمە ئەو حیزبە سیاسیانەی کە لە خوارە ئیمزامانکردووە پەنجەی تاوان بۆ ڕژێمی تورکیاو وڵاتانی هاوکاری لە ئەنجامدانی ئەم پیلانە تاوانکاریەیان درێژ دەکەین، دڵنیاشین کە هەرگیز گەلی کوردو خێرخوازانی دنیا ئەمەیان لە بیرناکەن.

ئێمە بەناوی حیزبەکانمان و خواستی گەلەکەمانەوە داوا لە گشت ڕای گشتی و UN و ڕیکخراوەکانی مافی مرۆڤ و کۆمەڵەی دەوڵەتانی ئەوروپاو کۆڕو کۆمەڵە نێودەوڵەتیەکان دەکەین کە بە خێرایی وەکار بکەون بۆ:

پارێزگاری کردن لە ژیانی بەڕێز عبدالله ئۆجەلان.

بەشێوەیەکی عادیلانەو لە دادگایەکی نێودەوڵەتی دادگایی بکرێت و تاوانەکانی ڕژێمی تورکیا لە قاوبدرێ .

بەزوترین کات کۆنفرانسێکی نێودەوڵەتی بۆ چارەسەری سیاسیانەو بە ئاشتیانەی کێشەی گەلی کورد بکرێت.

ئازادی بۆ تێکۆشەری ناسراو بەڕێز عبدالله ئۆجەلان .

سەرکەوتن بۆ خەباتی نەتەوەی کورد.. ڕیسوای بۆ پیلان و نەخشەکانی ڕژێمی تورکیاو هاوکارانی.

حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان - لقی ئەوروپا

حیزبی کاری سەربەخۆی کوردستان - ناوەندی ئەوروپا

حیزبی شیوعی کوردستان/عێراق - ڕێکخستنی دەرەوە

حیزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستات - لقی ئەوروپا

١٩٩٩/٢/١٨

## بەڵگەنامەی ژمارە (١٦٨)

## ڕفاندنی (عبدالله اوجلان) تیرۆریزمی نێودەوڵەتییە!

دوای جاڕوجەنجاڵیەکی اعلامی جیهانی و هاوکاری دەیان تۆڕی جاسوسیو مخابراتی دەوڵەتەکانی تورکیاو ئیسرائیل و ئەمریکا کە زیاتر لە ٣ مانگە بەمەبەستی گەڕانەوەیان نەگەڕانەوەو دادگایی کردنی سەرۆکی (PKK) "عبدالله اوجلان"، ناوەندە اعلامی و سیاسیەکانی دنیایان هەژاندووە، سەرەئەنجام شەوی ١٦ی ئەم مانگە لە پیلانێکی جاسوسی و تیرۆریستی مخابراتی تورکیاو اسرائیلو ئەمریکاو چەند وڵاتێکی ئەورووپی دا، قاچاخچانو مافیا دەوڵەتییەڕەسمیەکانی ئەم وڵاتانە، "عبدالله اوجلان"یان لە نایرۆبی پایتەختی کینیاوەڕفاندو گەیاندیانەوە تورکیا.

ڕاگەیاندنی ئەم هەواڵە، هاوکاتبوو لەگەڵ داسەپاندنی فەزای دیکتاتۆریەتو ترس و دەستگیرکردنی فراوانی خەڵکی نارازی لەنێو شارەکانی تورکیاداو لەلایەکی تریشەوە لەشکری سەربازی دەوڵەتی تورکیا جارێکیتر بۆ شوێن پێ هەڵگرتنی چەکدارەکانیPKK سنوری کوردستانی عێراقی بەزاندووە.

ئێمە وێڕای اختلافی فکری و سیاسی و چینایەتی زۆر قوڵمان لەگەڵ (عبدالله اوجلان)، و ئەم پیلانە تیرۆرستی و موخابەراتییە بۆ دزینو ڕفاندنو گێڕاندنەوەی بۆ تورکیا بە پێشێلکردنی سەرەتایترین مافەکانی مرۆڤ و تیرۆریزمی نێودەوڵەتی دەزانینو بە توندی مەحکومی دەکەین.

ڕفاندنو دزینی (عبدالله اوجلان) لەژێر ناوی گەیاندنی تاوانبار بۆ بەردەم عەدالەتی و دەسەڵاتییاساو پاراستنی حەقیقەت دا، گەورەترین درۆی مێژووی ئەم ووڵاتانەیە بە هەقی بەشەڕیەتو خەڵکی کوردستان ئەنجامیان داوە و ئێستاش خۆیان کردۆتەوە قازی، لە کاتێکدا دەبێ سەرانی ئەم حکومەتانە لەبەردەم دادگای جەماوەری خەڵکیداڕابوەستن.

ئەم پیلانە تیرۆرستی و مافیاییە هاودەستیەکی جاسوسی و موخابەراتی و مافیایی سیاسی ووڵاتانی ئەورووپایە لەگەڵ دەوڵەتی فاشیستی تورکیادا بۆ بە سەرکەوتن گەیاندنی تورکیا لەگەڵPKK.

بۆیە ئەم پیلانە بە توندی مەحکوم دەکەین و دەبێ بکەوێتە بەر ناڕەزایەتی و تورەیی هەموو ئینسانێکی ئازادیخوازو پێشکەوتنخواز کە دڵیان بۆ ئازادی و ڕزگاری و پاراستنی شەخسیەتی ئینسانی، ئینسانەکان لێ دەدات.

طاهر حسن

سکرتێری کۆمیتەی ڕابەری ڕێکخراوی کوردستان

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق

١٩٩٩/٢/١٩

## بەڵگەنامەی ژمارە (١٦٩)

## ئەی میللەتی بەشەڕەفی کوردستان

بەدرێژای تەمەنی مێژوو گەلی کوردستان لەلایەن دوژمنانیەوە بە هەزاران شێوە زوڵمی لێکراوە. وڵاتەکەی وێران کراوە. گەر تەماشای لاپەرەکانی مێژوی بکرێ، بە بیانوی جۆراوجۆر، کوڕانی ئازاو بە جەرگی ئەم میللەتە بەبێ تاوان قەتڵوعام کراوە. تەنها تاوانیان ئەوە بووە کە دڵسۆزیان نیشانداوە بۆ کوردو کوردستان. وە بۆ ئاینە پیرۆزەکەیان. لەسەرئەوەی ویستویانە ئیسلامی سیاسی لەکوردستاندا حاکم بێت، نەک زوڵم و زۆری ڕژێمی تورکیا چیی لەسەردەس عوسمانلی داوە، یان تا ئێستا.

دەیان قارەمانی کورد لەپێناوی ئازادیوە سەربەخۆی کوردستانداوە لەپێناو برایەتی کوردو تورکدا دراون لەسێدارە. بۆ نمونە سەید ڕەزای دەرسیمو شێخ عبداللەنەهری و شێخ عبدالسلام بارزانی وە شێخ سعید حفید بەرزنجی وە دکتۆر فؤاد، هەموو ئەمانەو ئەوانی تر لەسەروەفاداریان بوو بۆوڵاتەکەیان.

بەڵام بەداخەوە، ڕژێمی تورکیا دەرسی لەڕابردو وەرنەگرتووە، ئێستا بەتاوانی تیرۆریسم بەڕێز عبداللە ئۆج ئالان سەرۆکی PKK لەکینیا ئەسیر کرد. بەهۆی سازمانی سیای ئەمریکی و سەهیونیزمی جیهانیەوە مۆسادو میتی بەدناو.

ئێمە ئەو کردەوە ناڕەوایە مەحکوم دەکەین. خوالێخۆش بوو تورگوت ئۆزال سەرۆک کۆماری پێشوتری تورکیا دانی بە بونی ١٢ میلیۆن کوردا ناوە. بەڵام ئەم ڕژێمەی ئێستا حاشا لەو ڕاستیە دەکات.

ئێمە لەبزوتنەوەی موجاهیدینی کوردستان عێراق، بیری تورکیا دەهێنینەوە بزانێت دونیای ئەڕۆ دنیای دوێنێ نیە ڕۆژی ئازادی و لابردنی چەوساندنەوەیە لەسەرمیللەتان وە ئاوڕێک لەدەوروبەری خۆی بداتەوەو عێراق چەند زەبرو زەنگی بەکارهێنا، بەڵام بۆی نەچوە سەر، لەئێراندا کورد بە ئازادی لەکوردستاندا دەژیوە لەلایەن جمهوری ئیسلامی ئێرانەوە، ڕێزی زۆری تایبەتی خۆی هەیە لەیاساو دەستورداوە لەسوریاو ئەرمەنستاندا کورد دەتوانێ ئازادانە ڕئی خۆی بدات لەچوارچێوەی یاساو دەستوردا.

لەسەرکوردایەتی توشی هیچ سزایەک نابن. لەئەرمەنستان رادیۆو ڕۆژنامەیان هەیە.

ئێمە بە ناوی مەکتەبی سیاسی و گشت برایانی بزوتنەوەی موجاهیدینی کوردستانی عێراقەوە داوا لەکۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتوەکان و هەموو هێزە ئیسلامیەکانی جیهان و خێرخوازان و کۆمەڵی پارێزگاری لەمافی مرۆڤ و یەکیەتی ئوروپا دەکەین، هەوڵ بدەن بۆ پێکهێنانی دادگایەکی دادپەروەرانە بۆ پارێزگاری لەبەڕێز عبدالله ئۆج ئالان تا روون بێتەوە تاوانبار کێیە سزا بدرێ.

وە تورکیا ناچار بکرێ کە دان بە مافی ٢٠ ملیۆن کورد دابنێت. کە لەهەموو مافێکی سەرەتایی مرۆڤایەتی بێ بەشن. تا کوردو تورکو نەتەوەکانی تر پێکەوە لەتورکیایەکی ئازاد پێکەوە بژین و وە کوردستانیش لەچوارچێوەیدا بێت

هەزاران سڵاو لەگیانی پاکی شەهیدە قارەمانەکانی کوردستان
سڵاو بۆ گیانی پاکی شەهیدانی ڕێبازی ئیسلام

مەکتەبی سیاسی
بزوتنەوەی موجاهیدینی کوردستانی عێراق
١٩٩٩/٢/١٨

## بەڵگەنامەی ژمارە (١٧٠)

## ووتە بێژێک بەناوەی مەکتەبی سیاسی (برا)وە ئەم لێدوانەی ڕاگەیاند

دەزگاکانی ڕاگەیاندن ڕۆژی ١٩٩٩/٢/١٦ ڕایانگەیاند کە هەوڵێکی سێقۆڵی دەزگا ئەمنی و ئیستیخباراتیەکانی تورکیاو ئیسرائیل و ئەمریکا ڕێبەری پارتی کرێکارانی کوردستان (PKK) دەستگیر کرا لەکاتێکدا لەسەفارەتی یۆنانەوە لەکینیا دەچوو بۆ شوێنی دیاریکراوی خۆی.

ماوەیەکە سەرکردایەتی (PKK)و شەخصی (عبدالله ئۆجەلان)یش داوایان لەهەموو دەوڵەتانی دنیا دەکرد پارێزگاری لێبکەن و مافی پەنابەرێتی بدەنێ، بەڵام دیارە ئەمریکا کە ئەمڕۆ تاکە جەمسەری دەسەڵاتە ڕازی نیە کەس دالّدەی ڕێبەری (PKK) بدات و بەوشێوەیەش تورکیا بە پشت ئەستوری ئەمریکاو ئیسرائیل هەڕەشە لەهەر کەسێک دەکات کە ببێتە پەنا بۆ (PKK)و سەرۆکەکەی.

ئێمە وەکو ڕاپەڕینی ئیسلامی ئەم کارە بە گەلەکۆمە دەزانین و ئومێد دەکەین دەوڵەتی تورکیا لەڕێی بەرپرسانی مافی مرۆڤەوە مەحکەمەیەکی عادیلانەی سەرۆکی (PKK) بکات وە ئەم لاوانەوەیەش بکرێتە لاپەڕەیەکی تازەو کێشەی کورد ڕەهەندێکی سیاسی پێ بدرێت و مافە ئینسانی و کلتوری و سیاسیەکانی کوردی تورکیا بسەلمێنێت.

بزوتنەوەی ڕاپەڕینی ئیسلامی
هەولێر ١٩٩٩/٢/٢١

## بەڵگەنامەی ژمارە (١٧١)
## با دادگایی کردنی ئۆج ئالان بکەینە
## دادگایی کردنی ڕژێمی تورکیای تیرۆرستی

شەوی ١٥-١٩٩٩/٢/١٦ بە پێی پلانێکی موخابەراتی ئەمریکی-ئیسرائیلی-کینیایی-تورکیایی، سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان (عبدالله ئۆج ئالان) فڕێنرا بۆ تورکیا. وەکو دواتر لە زاری گەورە بەرپرسانی ئەمریکاو ئیسرائیلەوە ڕوون بووەوە، هەردوو دەزگای موخابەراتی CIAو مۆسادی سەر بەم دوو حکومەتە ڕۆڵی سەرەکیان گێڕاوە لەم تاوانە نامرۆڤانەیەداو نابراویان داوەتە دەست موخابەراتی تورکیا (میت).

پلانی فڕاندنی ئۆج ئالان تەنها پلان دژی سەرکردەیەک و پارتێکی دیاریکراو نیە، بەڵکو پلانە دژی بزوتنەوەی ڕەوای ڕزگاریخوازی چل ملیۆن کەسی، پلانە دژی سەرەتایترین مافی سەرەتای خەڵکی زۆرلێکراوی کوردستان، ئەم هێرشە هەمەلایەنەی تورکیا.. هێرشی سەربازی فراوان لە لایەک و فڕاندنو کاری تیرۆرستانە... هەنگاوگەلێکە تورکیا دەینێت بۆ پینەو پەڕۆکردنی ڕژێمە لەرزۆکەکەی، کە لەڕووی ئابوری و سیاسی و کۆمەلایەتیەوە ڕووەو هەرەسو لەیەکترازان دەچێت.. بێ لەمانەش ڕژێمی تورکیا دەیەوێت ڕێگە لەو هەستانەوە جەماوەریەی گەلی کورد بگرێت، کە نزیکە فشاری کاریگەری لەسەر ڕای گشتی جیهانی و هەندێ لە دەسەلاتدارانی دنیا دانێ.

جێگای سەرنجە لە مێژە ئەم ڕاستیانە وەک ڕۆژ ڕوونە، کەچی لە باشووری کوردستان تازە بەتازە حیزبە دەسەلاتدارەکان دەیانەوێت ئەمریکای ئیمپریالیست و تیرۆرست وەک ناوبژیکەری شەڕی ناوخۆو ئاشتیخواز بناسێنن، لە کاتێکدا کە ژەنەڕاله سەربازیەکانی تورکیهەڵمەتی قەلاچۆکردن دژی خەڵکی کوردستانی باکور ئەنجام ئەدەن؛ ئەمان دێن باس لە پاڕاستنی ئاسایش و ئەمنیەتی سنوری تورکیا دەکەن..

جەماوەری ئازادیخوازی کوردستان

ئەمریکاو هاوپەیمانانی، دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان پارێزەری بەژەوەندی خەڵک نین لەسەرجەم پارچەکانی کوردستان، ئەگەر لەم نێوەشدا

پڕوپاگەندەیەک دەکەن ئەوە مەرامی تایبەتی خۆیان هەیە، خۆشخەیاڵیتان بەو پڕوپاگەندانە دووچاری کارەساتی ترسناکترتان دەکات..

بۆ پوچەڵکردنەوە پیلانی هاوبەشی ئەمریکاو هاوپەیمانانی بۆ سنور دانان بۆ هێرش و پەلاماری داگیرکەرانی کوردستان، تەنها هەر هێزو توانای یەکگرتووی خۆتانە فریادڕەسی یەکجاریتانە. بەهێزی بیرو بازوتان هوشیارانە، سەربەخۆ بە داخوازی ڕۆشن و ڕەواوە ببێتە فشارێکی بەرجەستەو بەرچاو بەشێوەیەک ویژدانی مردووش بەخەبەر بهێنێ. با پێکەوە هەوڵبدەین دادگای سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان بکەینە دادگای کردنی دەوڵەتی تورکیاو کێشەی کورد وەکو کێشەی نەتەوەیەکی ڕزگاریخوازو یەک پارچە بهێننە ژێر باسو چارەسەری سیاسیانە.

ئازادی بۆ سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان

سەرکەوتن بۆ کێشەی ڕەوای خەڵکی کوردستان

بمرێ ئیمپریالیزمی ئەمریکاو دۆست و هاوپەیمانانی

کۆمیتەی بەرگری لە
داخوازیەکانی جەماوەر
١٩٩٩/٢/٢١

## بەڵگەنامەی ژمارە (١٧٢)

## بەیاننامەی یەکێتی مافپەروەرانی کوردستان/ لقی سلێمانی سەبارەت بە تەسلیم کردنەوەی بەڕێز عەبدوڵلا ئۆجەلان سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان

سەرلەبەیانی ١٦ی شوبات لەکردەوەیەکی نهێنیدا، حکومەتی تورکیا بەڕێز ئۆجەلانی سەرۆکی گشتی پارتی کرێکارانی کوردستانی بە چەتەگەرییەکی بێوێنە لەوڵاتی -کینیا- فڕاند، ئەم کارەش بە هاوکاری و پیلانێکی نێوان یۆنان و ئیسرائیل و کینیاو ئەمریکا ئەنجامدرا.

پێدەچێت لەدواساتەکانی ئەم سەدەی بیستەدا جێگایەک بۆ یاساو یاسا نێودەوڵەتیەکان نەمابێت کە ئاوا بەم شێوەیە خەڵک دەرفێندرێتوە سەرەونگوم دەکرێ بێ ئەوەی جیهانی بەناو دیموکراسی و مافی مرۆڤ تەنانەت ئەم کردەوە تیرۆرستیە مەحکوم بکات.

وڵاتانی ئەوروپا، هەموو بەها مرۆڤایەتی و دیموکراسی و مافە مرۆییەکانیان خستە ژێرپێی بەرژەوەندیە سیاسی و حکومەتیەکان وە مافی پەناهەندەی سیاسیان بە ئۆجەلان نەبەخشی، لەکاتێکدا کە خودی ئەوروپا بۆتە مۆڵگەی چەندین دەستەو تاقمی تیرۆریست و کۆمەڵکوژ. کەچی جێگای مخالفێکی سیاسی وەک بەڕێز ئۆجەلانی تیا نەبۆوە!!

سەرۆکی ڕژێمی تورکیا، تەسلیم کردنەوەی ئۆجەلانی بە سەرکەوتن دانا ووتی: دەدرێت بەدادگا تا دادگای بکرێت، لەکاتێکدا لەتورکیا ژەنەڕاڵە فاشیستەکان و باندە تیرۆرستیەکان و گروپەکانی قاچاخچێتی تلیاک ئەمانە دەسەڵاتی حکومەتیان بەدەستەو دەزگای قەزائی و دادگایی کردن لەژێر دەستیاندایە هەر ئەم باندانەش ڕۆژانە زیندانی سیاسی ئیعدام دەکەن و مافەکانی مرۆڤ پێشێل دەکەن. بۆیە دادگای بەدناوی ئاسایشی دەوڵەتی تورک قەسابخانەیەکە مافەکانی تۆمەتباری تیا سەرئەبڕدرێت.

وڵاتێک بوونی میللەتی کورد بە ڕەسمی ناناسێت، سیاسەتی سوتماک و بە کۆمەڵکوژی بەرانبەر بەو میللەتە بەکار دێنێت وە پێشتر فەرمانی ئیعدامی بۆ ئۆجەلان دەرکردبێت وە هەر ئێستا بەنامرۆڤانەترین شێوە مامەڵە لەگەڵ

ئۆجەلان دەکات بەبەرچاوی هەموو ڕاگەیاندنەکانی جیهان بە چاوی بەستراو دەستی بە کەلەپچەو مێشکی سڕکراوە، ئیتر چاوەڕوانی چی لەدادگایەکی عادیلانە لەووڵاتە دەکرێت؟

ئەگەر بڕیار لەسەردادگایکردن بێت، ئەوا پێویستە دەسەڵاتدارانی حکومەتی تورکیا لەدادگاییەکی نێودەوڵەتیوە لەژێر چاودێری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکاندا بێت، بە پێچەوانەوە هەر ڕفاندن و قەرسەنەیە دەبێتە پێشینەیەکی زۆر ترسناک و شەڕعیەتدان دەبێت بە تیرۆری نێودەوڵەتی.

ئازادی بۆ ئۆجەلان

بمرن دوژمنانی گەلی کورد

سلێمانی

١٩٩٩/٢/٢٢

## بەڵگەنامەی ژمارە (١٧٣)

## بەیاننامەیەکی هاوبەش

لە ناوەڕاستی مانگی شوباتی– ١٩٩٩ لە ڕێگەی میدیاکانی جیهانەوە گوێ بیستی هەواڵی دەزگیرکردنی بەڕێز عەبداللە ئۆجەلان سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان بووین، کە بە پلانێکی دوژمن کارانەی چەند دەزگایەکی موخابەراتی نێودەوڵەتی، لە نایرۆبی پایتەختی کینیان ڕفێنرا و تەسلیم تورکیا کراویەوە.

ئێمە ئەم کردەوە دژ بە بزافی ڕزگاریخوازی گەلی کوردی دەزانین، نەک تەنها کارێکی دژ بە سەرۆکی پارتی کرێکاران ئەنجامدراوە. بۆیە بە توندی بەحکومی دەکەین و لە هەمانکاتدا داوا لە دامودەزگا پەیوەندیدارەکانی UN و ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکانی مافی مرۆڤ دەکەین، بەجدی هەوڵبدەن گیانی بەڕێز ئۆجەلان بپارێزن و ئەشکەنجە و ئازاری لەسەر هەڵبگیرێ و فشار بخرێتە سەر دەوڵەتی تورکیان تا بەزووترین کات ئازادبکرێت وە دۆزی کوردیش لە ڕیگایەکی ئاشیانە و عادیلانە چارەسەر بکرێت.

هەولێر

١٩٩٩/٢/٢٣

ناوی لایەنە کوردیەکان:

کۆمیتەی پارێزگای هەولێری حیزبی شوعی کوردستان

ناوەندی هەولێری پارتی کاری سەربەخۆی کوردستان

لیژنەی پارێزگای هەولێری بزوتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان

لقی هەولێری بزووتنەوەی یەکبونی کوردستان

کۆمیتەی هەولێری تێکۆشانی ڕەنجدەرانی کوردستان

## بەڵگەنامەی ژمارە (١٧٤)

## یاداشتنامە

بەڕێزان:

- کوفی ئەنان سکرتێری گشتی UN
- ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی
- دەوڵەتانی یەکێتی ئەوروپا
- کۆنگرەی وڵاتانی ئیسلامی
- ڕێکخراوی جامعەی عەرەبی
- قەداسەتی پاپای ڤاتیکان
- سەندیکای پارێزەرانی جیهانی
- ڕێکخراوی مافی مرۆڤی جیهانی

هەروەکو ئاشکرایە ڕۆژی ١٩٩٩/٢/١٥ بەپێی نەخشەیەکی پۆلیسی دارێژراو، لەلایەن دەزگا سیخوڕیەکانی (سیا CIA، مۆساد، میت) و بەهاوکاری هەردوو حکومەتی یۆنان و کینیا، بەڕێز (ئۆجەلان)ی سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان(PKK) دەستگیرکراو ڕفێندرا بۆ تورکیا، لەبەرامبەر کارێکی ئاوای نامرۆڤانەدا کە دژ بەهەموو یاسا نێودەوڵەتی و گشت پەیامە ئاسمانیەکان و بەندەکانی جاڕنامەی گەردوونی مافی مرۆڤ، هەروەها دەستدرێژیەکی ناڕەواشە، دەرهەق بە موقەدەسات و کەرامەتی زیاتر لە ٤٠ ملیۆن کورد..

لەکاتێکدا ئێمە ئەو کارە تیرۆرستەیە مەحکوم و ڕیسوا دەکەین، لەبەڕێزتان داوا دەکەین:

- بەڕێز(عەبدوللا ئۆجەلان) وەک نیشتیمانپەروەرێک و خاوەن کێشەیەکی ڕەوا مامەڵەی لەگەڵ بکرێ و بەهیچ شێوەیەکیش سوکایەتی پێ نەکرێ و ئازارو ئەشکەنجە نەدرێ و ژیانی بپارێزرێ و هەوڵی جدی بۆ ئازادکردنی بدرێت.

- لەبەر ئەوەی ڕژێمی تورکیا خاوەنی تۆمارێکی ڕەشە، لەبواری پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ بەگشتی و کورد لەتایبەتی. خۆ ئەگەر ئەو ڕژێمە

هەر سووره لەسەر دادگایکردنی بەڕێز(ئۆجەلان)، با لەدادگایەکی نێودەوڵەتی دادگای بگرێ.

- هەوڵێکی نێودەوڵەتی بدرێت بۆ فشارخستنە سەر ڕژێمی تورکیا تاوەکو کێشەی ڕەوای کورد لەتورکیا بە شێوەیەکی ئاشتی و دیموکراسیانە چارەسەربکات..

لەکۆتایدا وێڕای سوپاس و پێزانینمان هیواداریت هەوڵ و توانا بۆ جێبەجێکردنی ئەم داوایانەمان بخەنەگەڕ.

ناوی حیزبەکان:

حزبی ئیتحادی تورکمانی عێراق

حزبی شیوعی کوردستان

پارتی کاری سەربەخۆی کوردستان

حزبی ڕزگاری کوردستان

یەکێتی نەتەوەی دیموکراتی کوردستان - سەرکردایەتی کاتی

بزوتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان

بزوتنەوەی دیموکراسیخوازان

پارتی پارێزگارانی کوردستان

حزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان

حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان

سلێمانی

١٩٩٩/٢/٢٥

## بەڵگەنامەی ژمارە (١٧٥)
## ئازادی بۆ ئۆجەلانو چارەسەرکردنی ئاشتیانە
## بۆ کێشەی ڕەوای گەلەکەمان لە کوردستانی باکور

ئەی جەماوەری مامۆستایانی نیشتیمانپەروەر لە کوردستان
ڕۆڵە دڵسۆزەکانی گەلە خۆڕاگرەکەمان

دەستگیرکردن و ڕفاندنی بەڕێز عەبدوڵا ئۆجەلان سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان لەوڵاتی کینیاو تەسلیم کردنەوە بە ڕژێمی تورکیای شۆڤێنیست بە هاوکاری دەزگا موخابەراتیەکانی چەند دەوڵەتێکی دژ بە ئازادی و مافە ڕەواکانی مرۆڤ، جەماوەری گەلەکەمان لە هەرچوار پارچەی کوردستانی لەت لەت کراو، هەموو کوردە ئاوارەو دڵسۆزەکانی هەندەران لە ئەوروپاو ئەمریکاو ئاسیاو ئوسترالیا هێنایە هەژان و ڕژانە سەر شەقامەکان و نارەزای توندیان لە دژی ئەم کارە چەتەگەریەو تیرۆرست ئامێزە دەربڕی و داوای پاراستنی گیانی بەڕێز عەبدوڵا ئۆجەلان و ئازادکردنی دەکەن.

هەروەها هەموو دونیای پێشکەوتووخوازو مرۆڤ پەروەر لەم سەرو ئەوسەری جیهاندا بەهەموو نەتەوەو ڕەگەزو ئاینەکانەوە پشتگیری خۆیان بۆ کێشەی ڕەوای گەلەکەمان دەربڕی و داوای پاراستنی گیانی بەڕێز عەبدوڵا ئۆجەلان لە حکومەتی تورکیا دەکەن.

لە ئەنجامی ئەمەشدا کێشەی ڕەوای گەلی کورد خرایە سەر مێزی سیاسەت لە زۆربەی وڵاتەکان و جارێکی دیکە گەلانی جیهان لە بەرامبەر هاواری گەلێکی (٤٠) ملیۆنی ماف خوراو بەئاگا هاتنەوەو ئۆجەلانیش بووە ڕەمزێکی تری خەبات و قوربانیدانی ئەم گەلە زیندووە.

ئێمەش بەناوی جەماوەری مامۆستایانی حیزبی شیوعی کوردستان و دۆست و لایەنگرانی لیستەکەمان (لیستی پیشەیی دیموکرات) ئەوپەڕی نارەزای خۆمان لە بەرامبەر زیندانیکردنی بەڕێز ئۆجەلان دەردەبڕین و ئەو لایەنانە مەحکوم دەکەین کە هاوکاری میتی تورکیایان کردووە بۆ دەستگیرکردن و ڕفاندن و تەسلیم کردنەوەی بە ڕژێمی تورکیا.

ئێمە وای دەبینین ئەم کارە چەپەڵە دژ بە کێشەی ڕەوای گەلەکەمان لە کوردستانی باکور ئەنجامدراوە نەک تەنیا دژ بە شەخسی سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان.

داواکارین لە نەتەوە یەکگرتووەکان و هەموو ڕێکخراوەکانی پەیوەندیدار بە مافی مرۆڤ لە جیهانداو یەکێتی وڵاتانی ئەوروپا گوشاری پێویست بخەنە سەر ڕژێمی تورکیا بۆ پاراستنی گیانی ئۆجەلان و ئازادکردنی و چارەسەرکردنی ئاشتیانەی کێشەی ڕەوای گەلەکەمان لە کوردستانی باکور.

نوسینگەی ناوەندی

مامۆستایانی پیشەی لە کوردستاندا

هەولێر - ١٩٩٩/٢/٢٥

## بەڵگەنامەی ژمارە (١٧٦)

## بۆ گەلی کوردستان و دەوڵەتی تورکیاو ڕای گشتی جیهان

ڕۆژی ٣١ ئایار ١٩٩٩ ڕۆژێکی مێژووییە، لەو ڕۆژەدا دادگایکردنی سەرۆکی گشتی PKKو سەرۆکی نەتەوەیمان (عەبدوڵا ئۆجەلانە)ە گەوهەری ئەم دادگای کردنەش ئەوەیە: گفتوگۆ لەسەر کێشەی سەدان ساڵەی نێوان دەسەڵاتدارانی دەوڵەتی تورک و گەلەکەمان و بەدوای ڕێگا چارەی ئەو کێشەیە، ئەو دادگایکردنە تایبەتمەندیەکی بەم شێوەیەی هەیە. گەلێک کەس و وڵات بە شێوەیەکی سەرنج ڕاکێش چاودێری ئەو دادگایکردنە دەکەن. هەڵبەتە ئەو دادگایکردنە ڕێ لەبەردەم گەلێک پێشکەوتنی گرنگ دەکاتەوە، پەیوەندی نێوان گەلی کوردو داگیرکەر لە قۆناخێکی مێژویدا دادگای دەکرێت. ئیتر لێرەوەش بەدوا ئەم پەیوەندیە بە چ شێوە بەڕێوەدەچێت، ئەوا لەم دادگایکردنەدا بەدیار دەکەوێت. هەروەها ئەو کەس و وڵاتانەی چاودێری ئەو دادگایکردنەش دەکەن بۆ ئەوانیش خاڵی وەرچەرخانێکی مێژووییە.

لە کاتێکدا ڕاستی ڕەوشی ئەمڕۆو مێژوو لەبەر چاو بگرین، ئەو پێویستیەک دەکەوێتە ڕوو: لە قۆناخی ئەو دادگایکردنەدا، ئەو هێزانەی چاودێری مافیان نییە کە خۆبدەنە لایەک، پێویستە بە بەرپرسیارێتیەوە لەم مەسەلەیە نزیک ببنەوە. گەل و وڵاتەکەمان دابەش و پارچەکراوەو، لە ڕۆژی ئەمڕۆو لە مێژووشداو لە ژێر دەستی داگیرکەریدا ژیانێکی تراژیدی دەژین. لەسەر ئەو گەلە؛ کۆمەڵکوژی، کۆچبەرکردن، تاڵانکردن و هەموو جۆرە زۆرداریەک و شێوازێکی ژیانی کۆمەڵایەتی بەسەردا سەپێندراوە. کاتێک لە ڕابردوو دەڕوانین هیچ تابلۆیەکی مرۆڤایەتی نابینین، تابلۆیەک بە سەدان هەزار کوشتن و بە ملیۆنان کۆچبەری و بە هەژاری گوزەراندن، زۆرداری و ئەشکەنجەدان بەڕاشکاوی دەبینین. لەژێر ئەو تابلۆیەدا، سیاسەتی بنەڕەتی نکۆڵی و قڕکردن هەیە. لە لایەکی تریشەوە، ئەو نەتەوەی دەسەڵاتداری داگیرکەری دەسەپێنێت ئەوە بەر گەلێک زیان کەوتووە. واتە دەتوانین بڵێین لەم بارەیەوە ئەوە دوچاری لەدەستدانی گیانی و مادی زۆرهاتووە. ئەگەر لە ڕۆژی ئەمڕۆدا نەتەوەی سەردەست، نوێنەرایەتی پاشڤەڕۆی دەکان، ئەوا هۆکارەکەی ئەوەیە: کە لە پەیوەندی خۆی لەگەڵ

گەلەکەماندا سورە لەسەر شێوازی داگیرکەری و ئەو ئەنجامەی کە لە پەیوەندی نێوان داگیرکاری و داگیرکراوی دەرکەوتووە، نە دەستکەوتێ بۆ گەلەکەمان نە بۆ نەتەوەی داگیرکەر بەدەست هاتووە، لەوانەیە هاوسەنگی هەردولا وەکو یەک نەبێت، بەڵام هەردولاش زەرەرمەند بوونە.

ئەو ڕەوشەی ئێستا تێیدا دەژین، ڕاستی شەڕی نێوان گەلی کوردستان و ڕژێمی تورکیا هەمان ڕاستیە، هەردوولاش زەرەری مەزن دەبینن،واتە هۆکاری ناوەو دەرەوە هەرچیەک بێت دەرئەنجامی هەر ئەوەیە: ئەو شەڕەی پانزە ساڵە بەردەوامە، ئەو ڕاستیە سەلماندووە کە لەو شەڕە هەردوو هێز زەرەرمەند بوون، ئیتر دەبێ ئەو شەڕە کۆتای پێبێت، بە پەیوەست بوون بە یەکسانی و ئازادی، چارەسەری دیموکراتی بەدی بێتو ئەو شتانەی تا ئێستا لە دەستدراوە جارێکی تر بەدەست بهێندرێتەوە.

ئێستا سەرۆکی گشتیمان و هەڤاڵمان (عەبدوڵا ئۆجەلان) لە (ئیمراڵی) لەو دادگایەدا بە ناوی نەتەوەی کوردو لە پێناوی دوایهێنان بە شەڕو گرتنە بەری ڕێگای چارەسەری دیموکراتی لە هەوڵدانێکی مەزندایە. وەکو دەزانرێت پارتمان بە ئاداری ١٩٩٣ ئاگربەستی ڕاگەیاند. ئەو هەوڵدانە بەردەوام بوو لە دادگایی (٣١ ئایار)دا دەگاتە لوتکەی خۆی. سور بوونی سەرۆکی گشتی پارتمان، بۆ چارەسەری ئاشتی و دیموکراتی ئەوە دەسەلمێنێ کە ئەوە سیاسەتی پارتمانە. ئەو سیاسەتە بۆ هەردوولا گەلێک دەستکەوت بەدەست دەهێنێت، ئیتر پێویستە ڕژێمی تورکیا بۆ سیاسەتی چارەسەری ئاشتی و دیموکراتی وەڵامێکی باش بداتەوە. واتە ئەگەر ڕژێمی تورکیا دەست هەڵگرێ لە سیاسەتی نکۆڵی کردن و قڕکردنی نەتەوەی، ئەوا بۆ بەرژەوەندی خۆی سودمەند دەبێت، ئیتر سەرۆکی گشتیمان دەرفەتێکی مێژووی پێشکەش کردوون ئەوانیش دەبێت وەڵامی باشی ئەو دەرفەتە بدەنەوە.

بەڵام ئەگەر ڕژێمی تورکیا بیەوێ لە کەسایەتی سەرۆکی گشتیمان دا لەسەر سیاسەتی قڕکردن سور بێت، ئەمەش ڕێ لەبەردەم گەلێک شت دەکاتەوە کە بەڕادەیەک ئیتر ناتوانێ خۆی لە هەڵوێستی شۆڤێنیستی ڕزگار بکات. بێگومان زەمینەو بنەمای شەڕ بەهێز بووە، نەتەوەی کورد لە بەرامبەر سیاسەتی قڕکردن و تۆڵەسەندنەوە بێ دەنگ نامێنێ. ئەمەش بەو واتایە دێت کەوا شەڕ لە نێوان

هەردوو نەتەوە دەست پێدەکات و دەیان ساڵ بەردەوام دەبێت، چونکە زەرەمەندی هەردوولا لە ئاستێکی بەرزدایە، ئیتر پێویستە هەردوولایەن ئەو سیاسەتەی کە تا ئەمڕۆ پەیڕەویان کردووە چاوی پێدا بخشێننەوەو بە بەرپرسیاریەوە لەم ڕەوشە نزیک ببنەوەو سیاسەتێکی نوێ کە چارەسەری ئاشتی و دیموکراتیانە پێش بخەن. ئەگەر ڕژێمی تورکیا ئەو پێشنیارەی سەرۆکی گشتیمان و هەڤاڵمان (عەبدوڵا ئۆجەلان) کە بریتیە لە ڕێگا چارەی ئاشتی و دیموکراتی،وڵامێکی ڕاست بداتەوە (کە لەم سەردەمەدا گەلی کورد زۆر بێ چارە کراوە، گەلێک ئازارو ئەشکەنجە کرا، کە پرسی کورد ڕێی لەبەردەم گەلێک وێرانکاری کردەوە) ئەوا لە دوا دوای ئەم سەدەیەدا دەگاتە چارەسەری و لەگەڵ ئەوەشدا هەم تورکیاو هەم گەلەکەمان بە ئاشتی و ئارامی بژین و بکەونە نێو خۆشی و خۆش گوزەرانی.

پارتمان، بۆ دەسەڵاتدارانی تورکیاو گەلی کوردستان و ڕای گشتی جیهان و هەموو ئەو هێزانەی چاودێری ئەو دادگایکردنە دەکەن و بە تایبەتی دەزگا ڕاگەیاندنەکانی ناوەوەو دەرەوە، بانگەواز دەکات، لە دادگای مێژووی ٣١ ئایاردا بۆ ڕێگا چارەی ئاشتی و دیموکراتی هەوڵبدەن. بۆ ئەوەی ئەو دادگاییە ئەنجامی ئاشتی و دیموکراتی لێ دەرکەوێت و، ئەو هەڵوێستەی کەوا زەرەر بەو دادگای کردنە دەگەیەنێ، دەبێ گەلەکەمان و دۆستەکانمان خۆیانی لێ بە دوربگرن. لەسەر ئەو بنەمایەش چالاکیە جەماوەرییەکانی خۆیان بە فراوانی ئەنجام بدەن و پێش بخەن.

کۆنسەی سەرۆکایەتی PKK

١٩٩٩/٢/٥

# بۆ گەلەکەمان و
# هەموو هێزە نیشتمانی و کەسایەتییە دیموکراتخوازەکان

ئەو پێشکەوتنانەی لە دەوروبەری کەسایەتی سەرۆکی نیشتمانیمان دەخولێنەوە! تایبەتمەندییەکیان تێدایە کە چارەنووسی گەلەکەمان دیاردەکەن. وەکو دەزانرێت ئەم ئاگربەستەی کە لە ڕۆژی ئاشتی جیهانی، واتە (١)ی ئەیلوول ڕاگەیەندرا، لەلایەن گەل و پارتیمان و سەرۆکی گشتی پارتیمان سەرۆک (عەبدوڵڵا ئۆجەلان)ەوە، هەلێك بوو بۆ ئەوەی کێشەی گەلی کورد، بەشێوازێکی ئاشتیخوازانە چارەبکرێت. بەڵام لەبەرامبەر ئەوەدا، دەوڵەتی تورکی داگیرکەر، بەپیلانێکی نێو نەتەوەیی وەڵامی دایەوە وەڵامدانەوەی ئاگربەست، لەسەر بنەمای چڕوپڕکردنەوەی شەڕی گڵاوییان بوو دژ بە گەلی کورد بەگشتی. بەم شێوازەش دوژمنایەتییەکی لەڕادەبەدەری دژ بەم هەلە ئاشتییە دەربڕی. بۆئەوەی ئەم هێرشانەی بەشێوازێکی چڕ بەردەوام بکات و ئاستێکی بەرزی بداتێ، لە بوارەکانی سەربازی و سیاسی و دیبلۆماسیدا، هەموو توانای خۆی خستە گەڕ. مەبەست لەهێرشی سەر سەرۆکی نیشتمانیمان ئەوەبوو تا بەشێوازێکی نوێ سیاسەتە ژینۆسایدەکەی خۆیان لەسەر گەلەکەمان درێژە پێ بدەن. بەڵام (*PKK*)و گەلەکەمان بەشێوەیەکی یەکپارچە لەگەڵ سەرۆکی نەتەوەییمان خۆیان کردەیەك بەرپارێکی مەزنەوە بەرخۆدانیەکەیان بەردەوام کرد بۆ مافە ڕەواکەی و بەدەستخستنی ئازادی. گەلەکەمان لەبەدیهێنانی ئازادی و دیموکراسی و مافی مرۆڤدا، نرخەکەی چەندە گرانیش بێ، دیسان سووربوونی خۆیان دیارکرد.

بۆ ئەوەی خەباتی ڕزگاری نیشتمانیمان بگاتە چارەسەری، سەرۆکی گشتی پارتیمان (*PKK*) هەڤاڵ (عەبدوڵڵا ئۆجەلان) لە ١٩٩٨/١١/١٣چووە ڕۆمای پێتەختی ئیتالیا. ئەم سەردانەشی بە ئاگاداری حکومەتی ئیتالیا ئەنجامداوە. مەبەستی ئەم سەردانەش سیاسییە. بۆ ئامانجێکی سادەی وەکو خۆپاراستن و جێ گۆڕینەوە نییە! سەرۆکی نیشتمانیمان لەسەرەتادا توانی بێ پاراستن لەوڵات و دواتر لە گەلێك جێگای تر بمێنێت. لەم بارەوەش هیچ تەنگاوییەکیان نییە! بۆ ئەوەش لەسەر ئەو دەوڵەتانەی یەکێتی ئەوروپا و بەتایبەت ئیتالیا پێویستە، هەڵسوکەوتیان لەگەڵ سەرۆکمان لەسەر بنەمای نوێنەرایەتی کەسایەتییەکی چارەسەرخوازو ئاشتیخوازو دیموکراتی کێشەی ئازادی گەلەکەمان بێت. بۆئەوەش لەسەر ئەو دەوڵەتانەی لەیەکێتی ئەوروپا جێ دەگرن، پێویستە لەسەر بنەمایەکی باش ئەم سەردانە پەسند بکەن. بێجگە لەمە، ئەگەر لێکدانەوەو هەڵسوکەوتێکیتر لەبەرامبەر سەرۆکمان لەژێر کاریگەری هەڕەشەکانی دەوڵەتی تورك بکرێت، ئەوا کارێکە دژی پرەنسیپ و یاساکانی یەکێتی ئەوروپا خۆی. لەم سەردانەی سەرۆکمان بۆ پێتەختی ئیتالیا تەنها ئیتالیا بەرپرسیار نابینین، بەڵکو سەرتاپای ئەوروپا بەرپرسیار دەبینین. پارتیمان (*PKK*)بەنێوی گەلەکەمان لەو بڕوایەدایە کە، چ ئیتالیا بێت یان دەوڵەتێکی تری یەکێتی ئەوروپا، ناکەونە نێو هەڵوێستێك کە شەرەفی نەتەوەییمان ئازار بدات.

گەلەکەمان بەهەموو چین و توێژەکانیەوە، بەهەستیاری و هۆشیارییەکی لەبن نەهاتوو، ئەم سەردانەی سەرۆکمان بۆ ڕۆما چاودێری دەکات و پابەندبوونی خۆیان دەردەبڕن و، هەڵسوکەوتێکی دژ بە شەرەفی نەتەوەییمان لەژێر پاڵەپەستۆی تورکان، بە هیچ جۆرێك پەسەند ناکەن. ئەوکاتەش سەرتاپای گەلەکەمان ئامادەیە هەڵوێستی خۆی بەشێوازێکی زۆر وشك دەربڕێت لەدژی ئەو ڕەفتارانەی کە مرۆڤ سووك دەکەن. ئێمە لەو بڕوایەداین حکومەتی ئیتالیا ئەم هەستەی گەلەکەمانی لەبەرچاو بێت و هەڵوێستی دۆستانەی خۆی بەرامبەر سەرۆکمان دیاربکات.یا وەکو تاکە کەسێك پێشوازی لە سەرۆکمان نەکەن، بەڵکو دەبێت وەکو سەرۆك و نوێنەری گەلەکەمان سەیری بکەن. لەهەمان کاتدا بەم هیوایەین، حکومەتی ئەڵمانیا بێ ئەوەی بەهانەی یاسایی دەربخات، هەڵوێستی باش دەربڕێت. چونکە بەها دیموکراتییەکانی یەکێتی ئەوروپا، هەرکەس ناچاری ئەوە دەکات هەڵوێستێکی باش وەربگرێت.

## بۆ گەلی وڵاتپارێز...

لەرێگەی ئەم پیلانە نێو نەتەوەییەی دژی سەرۆکمان، دەیانەوێت پاشەڕۆژی وڵاتمان تاریك بکەن. دوژمن بەشێوازێکی چەپەڵ و بەربەریانە هێرش دەکات. هەروەها لەسەر پێگەکانی ئەم هێرشەش دەیەوێت، قۆناغی قڕکردنی کوردان تەواو بکات. بۆ ئەوەش دەبێت هیچ لایەنێك ئاسوودە نەبێت و لەسەر هەر ئەندامێکی نەتەوەکەمان پێویستە بێ ئەوەی چاو و گوێ و دڵی ماندوو بێت. لەگەڵ سەرۆکی نەتەوەییمان جێ بگرێت. هەر کەس و لایەنێك ئەگەر بتوانێت بچێتە ڕۆما، با بچێت و

بەڵگەنامەی ژمارە (١٦٣)

لەسەرۆکمان خاوەن دەربکەوێت. چ لەناوەوەی وڵات یان لە دەرەوەی وڵات بن، ئەمە ئەرکێکی نەتەوەییە. هەل و مەرجی ئیمرۆمان هەموو کوردێکی بەناموس، ناچاری ئەوە دەکات تەنها یەك کار بکات، ئەویش خاوەن دەرکەوتنە لەسەرۆکی نەتەوەییمان. لەپێناوی ئەوەشدا کاردانەوەی دیموکراسی و چالاکییەکانتان لەجۆری ڕێپێوان، خۆپیشاندان و مانگرتن... بەردەوام بکەن. جگەلەم چالاکییە دیموکراتیانە، چالاکییەکانتان بەشێوازێکی تر دەرنەبڕن و لە چاوەڕوانی بانگەوازی پارتیمان (*PKK*)دا بن. لەهەمان کاتدا تاوەکو ماف سەرۆکمان بەسیاسی پەسند دەکەن، ئەو چالاکییانەش دەبێت بەردەوام بن. چونکە هەڵوێست و هەستیاری گەلەکەمان ڕۆڵێکی مێژوویی بۆ بەدەستخستنی ئازادی هەیە. لەم پێگەیەشەوە پێویستە گەلەکەمان لەهەر چوار پارچە رابپەڕن و تەنها یەك کارو چالاکیش ئەنجام بدەن، ئەویش خاوەن دەرکەوتنە لەسەرۆکی نەتەوەییمان.

**بۆ هێزە نیشتمانییەکان...**

پیلانی دژی سەرۆکی نەتەوەییمان و ئەو هەڵوێستەی سەبارەتی وەردەگیرێت، خاوەن ئەو ڕۆڵەیە کە چارەنووسی گەلەکەمان دیاری دەکات. چونکە بەم پیلانە دەیانەوێت لەکەسایەتی سەرۆکماندا، هەموو هێزە نیشتمانییەکان لەنێو ببەن. بۆئەوەش هەڵوێست وەرگرتن لەبەرامبەر ئەو پیلانە، ئەرکێکی بنچینەیی و ناچارییە بۆ خزمەتکردنی بەرژەوەندی گەلەکەمان. لەم پێناوەشدا دەبێت ئێوە بەرژەوەندی نیشتمانی بەبنچینە بگرن و خاوەنداری لەسەرۆکی گشتی پارتیمان (*PKK*) هەڤاڵ (عەبدوڵڵا ئۆجەلان)بکەن. لێرەدا دەبێت ئێوەش تواناکاری خۆتان بەکاربخەن و ئەوەی لەدەستتان دێت، ئەنجامی بدەن. ئەم ئەرکە نیشتمانییە بەئەرکی خۆتان بزانن و چی پێویست بکات ئەنجامی بدەن.

**بۆ هەموو هێزە دیموکراتیەکان...**

بەپیلانی دژی سەرۆکایەتی پارتیمان (*PKK*)، دەیانەوێت پێشگیری لە چارەسەری دیموکراسی کێشەی کورد بکەن لەهەمان کاتدا هەروەکو چۆن کۆمەڵکوژیان لەسەر گەلانی (ئاشووری و ئەرمەنی و ڕۆم)ئەنجامداوە، دەیانەوێت ئەخشەی کۆمەڵکوژی لەسەر گەلەکەمان پێك بێنن. دەوڵەتی تورك بێ ئەوەی پابەندی هیچ یاسایەکی مرۆڤایەتی بێت، هێرشە درندانەکەی خۆی دژی گەلەکەمان بەردەوام دەکات. بەشێوەیەکی هێرشکارانە وەڵامی هەوڵ و ڕاگەیاندنی ئاشتی سەرۆکمان دەداتەوە. بۆیە لەسەر هەموو هێزە دیموکراتییەکانی جیهان پێویستە، وەڵامێك بەم هێرشە بدەنەوەو لەسەرۆکمان خاوەن دەربکەون. پارتیمان (*PKK*) بەناوی گەلەکەمانەوە بانگەواز بۆ هەمووتان دەکات تا هەڵوێست لەبەرامبەر بەربەریەتی تورکان دەربڕن و لەسەر ئەم بنەمایەش لەسەرۆکی نەتەوەییمان خاوەن دەربکەون.

**کۆمیتەی ناوەندی**

**پارتی کرێکارانی کوردستان (*PKK*)**

١٩٩٨/١١/١٤

بەڵگەنامەی ژمارە (١٦٣)

لێدوانی مەکتەبی سیاسی

حزبی شیوعی کوردستان/عێراق

# "با دەست بەجێ عبد الله ئوجلان ئازاد کرێ"

هەواڵ و زانیاریەکان وا دەگەیەنن کە ڕۆژی پێنج شەممەی ڕابردوو پۆلیسی ئیتالیا لە فرۆکە خانەی (ڕۆما) دا بەڕێز عبد الله ئوجلان سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستانی دەست گیر کردووە، لەو کاتەدا کە بەڕێزیان لە ڕوسیاوە بۆ ئەو وڵاتە هاتبون. هەرچەندە ئەم هاتنەشیان هەر وەک دەگوترێ بە ڕەزامەندی حکومەتی ئیتالیا بووە وە بۆ ئەوە بووە کە مافی پەنابەری سیاسی بدرێتێ، لەم کاتەدا دەسەڵاتدارانی تورکیا فشارێکی زۆر دەخەنە سەر حکومەتی ئیتالیا بۆ ئەوەی ئوجلانیان تەسلیم بکات.

بەڕێز عبدالله ئوجلان سەرۆکایەتی یەکێک لەو حزبە کوردیانە دەکات کە لە پێناو مافە ڕەواکانی گەلەکەمان لە کوردستانی تورکیا تێ دەکۆشێت وکاتێک لە وڵاتەکەی خۆیدا مافی ژیانی لێ زەوت بکرێ مافی ڕەواو ئاسایی خۆیەتی پەنا بۆ وڵاتێکی دیکە ببات بۆیە ئێمە لای خۆمانەوە دەنگمان دەگەیەنینە حکومەتی ئیتالیاو داوایان لێ دەکەین دەست بەجێ بەڕێز ئوجلان ئازاد بکەن و مافی پەنابەری سیاسی پێ بدەن.

بەم کارەشیان درێژە بە هەڵوێستی هاوسۆزیان لەگەڵ مەسەلەی گەلی کورد دا دەدەن وەپابەندی بوونی خۆشیان بەیاسا نێو دەوڵەتی و مافەکانی مرۆڤەوە دوپات دەسەلمێننەوە.

بەپێچەوانەی ئەوەوە ڕووبەڕوی نارەزایەتی یەکی زۆری ڕای گشتی کوردی و جیهانی دەبنەوە .

مەکتەبی سیاسی

حزبی شیوعی کوردستان/عێراق

١٩٩٨/١١/١٥

بەڵگەنامەی ژمارە (١٦٤)

## وته بێژێك به ناوی مەكتەبی سیاسی حزبی شیوعی كوردستانەوە ڕای گەیاند

ڕۆژی سێ شەمە ١٦ی شوبات سەرەك وەزیرانی توركیا لە كۆنگرەیەكی ڕۆژنامە نوسی زۆر كورت دا هەواڵی دەس گیركردنی بەڕێز عبداللە ئۆج ئالان سەرۆكی P.K.Kی ڕاگەیاند پرۆسەی دەس گیركردنەكە ڕفاندن و چەتەگەری بوو، وا دەردەكەوێ دەزگاكانی موخابەراتی چەند دەوڵەتێك تێیدا بەشداربون.

لەسەر دەمێكا كە لاف و گەزافی مافی مرۆڤ و ئازادی و بەهای شارستانی لەلایەن ئەو دەوڵەتانەوە لێ دەدرێ و خەلكی گشت جیهان وا دەخوازێ كە مەسەلەی گەلی كورد چارەسەرێكی سیاسی و عادیل و دیموكراتیانە و لەسەر بناغەی بەلگەنامە نێو دەوڵەتیەكان بكرێ و سیاسەتی شۆڤینیانەو شێوازە سەركوت كەرەكان لە بەرامبەری دا ڕابگیرێ، كەچی ئەوان ڕەفتاری وا بێزاریانە دەكەن و حوكم ڕانانی توركیا بەبێ بەرنامەو ڕێبازێكی شۆڤینیانە ڕای گشتی ناو توركیا بۆ لە ناوبردنی ئۆجەلان و لە دژی گەلی كورد تەیار دەكەن و هان دەدەن كە ئەم كارەشیان دژی سەرەتاترین بنەماكانی مرۆڤایەتی‌یە.

ئێمە ئەو كارانەو ئەم چەتەگەرییەی توركیا مەحكوم دەكەین و ناڕەزایی بەرامبەری دەردەبڕین.

پێویستە ڕای گشتی پێشكەوتنخوازەكان و ڕێكخراوەكانی مافی مرۆڤ لەناو توركیا و هەموو جیهان و بە تایبەتی ڕێكخراوی لێ بوردنی نێو دەوڵەتی دەس بەجێ كاربكەن بۆ پاراستنی گیانی بەڕێز ئۆجەلان و ئازادكردنی و ڕاگرتنی ئەو شاڵاوە شۆڤێنی‌یەی حوكم ڕانانی توركیا لە دژی كورد دەیكەن.

هەولێر

بەڵگەنامەی ژمارە (١٦٥)

**ڕاگەیاندنی مەکتەبی سیاسی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق:**

## سەبارەت بە ڕفاندنی (عبداللە ئۆجەلان) لە لایەن موخابەراتی تورکیاوە!

پاش (٢) مانگ لە هەوڵ و تەقەلای دەوڵەتی تورکیاو پشتیوانی ڕاستەوخۆی دەوڵەتی ئەمریکا و چەند دەوڵەتی ئەوروپی بۆ دەست گیرکردن و دادگایی کردنی لە تورکیا، سەرئەنجام شەوی ١٥/٢ی ئەم مانگە (عبداللە ئۆجەلان) سەرۆکی P.K.K لە سەفەرێکی موخابەراتی تیرۆریستیدا لەلایەن دەزگای موخابەراتی تورکیاوە ڕفێندراو گەیەنرایە تورکیا.

ڕفاندنی (عبداللە ئۆجەلان) لە بارودۆخێکی لەو جۆرەدا ئەبعادی فراوانی ئەم کردەوە تیرۆریستییە دەخاتە ڕوو کە قاچی دەزگا موخابەراتییەکانی دەوڵەتانێکی تری وەکو ئەمریکاو یۆنان و چەند وڵاتی ئەوروپی لە پاڵ تورکیادا دەخێنێتە ناوەوە.

بە دوای ڕاگەیاندنی دەستگیرکردنی (عبداللە ئۆجەلان) لەلایەن سەرەک وەزیرانی تورکیاوە، شەپۆلێکی ناڕەزایەتی لە سەرانسەری ئەوروپا و ناوخۆی تورکیاش دا پێک هاتوو مەترسی ئەوەی لێ دەکرێت شۆڕ ببێتەوە بۆ شەڕێکی مەترسی داری نێوان "کورد" و "تورک" کە هەردوو ناسیۆنالیزمی کوردو تورک پەرەی پێ دەدەن.

ئێمە هەر وەکو لەسەرتای ئەم کێشەیەوە ڕامان گەیاندووە کە لە کاتێکدا حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق هیچ دوو دڵییەکی لە ماهیەتی ناسیۆنالیستی و سەرکوتگەرانەی P.K.K نییە و بە ڕێگەرو ناتەباو ناکۆک لەگەڵ خەباتی هەق خوازانەی خەڵکی کوردستانی تورکیا بۆ ڕزگاربوونی لە چەوسانەوەی میللی دەزانێت، هاوکات ئەم پیلان و هاوکارییە موخابەراتی و تیرۆریستییە بۆ ڕفاندنی (عبداللە ئۆجەلان) و دادگایی کردنی لەلایەن دەوڵەتی تورکیاوە بە تیرۆریزمێکی دەوڵەتی و ڕەسمی و ئاشکرا دەزانین و بە توندی مەحکومی دەکەین.

(عبداللە ئۆجەلان) تەنها نمونەیەکە لە دنیای سیاسەتمەداری کۆنەپەرست و سەرکوتگەر لە ناوچەکەدا کە هاوتاکانی ئەو گەورەترین مەلەفی تاوانکاری و سەرکوت و کوشتاریان لە تورکیا و عێراق و ئێران و پاکستان و ئیسرائیل و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا سەرێک ناوە، ئێستا حاکم و کاربەدەستن و بەڕێوەبەرانی ئەم وڵاتانەیان لە دەست دایەو ژیان و چارەنووسی ملیۆنەها ئینسانیان بە ڕەشترین شێوە دیاری دەکەن.

دزین و ڕفاندنی (عبداللە ئۆجەلان) و دادگایی کردنی لەلایەن دەوڵەتی تورکیاوە حەقیانیەت نادات بەو دەوڵەتە کە کارنامەیەکی ڕەشی هەیە لە درندەیی و سەرکوت و ئیستبدادی قەومی لە دژی خەڵکی کوردستانی تورکیاو لە پێشێل کردنی مافە سەرەتاییەکانی خەڵکی زەحمەتکێش و ئازادی خوازی تورکیا.

ئەگەر بڕیار بێت تاوانباران دادگایی بکرێن، ئەوا دەبێت لە پێشدا خودی جەنەراڵە فاشیەکانی سوپای تورکیا و صدام حسین و خامنئی کە دەستیان بە خوێنی ملیۆنەها ئینسان سوورە، دادگایی بکرێن. دەبێت تاوانبارانێکی وەکو (بۆش و کلینتۆن و تۆنی بلێر و کۆل) لەبەردەم دادگای خەڵکی دا ڕاوەستن، کە هەزاران تەن باروت و موشەکیان بەسەر خەڵکی ئەم وڵاتانەدا باراندووە لە ڕێگەی گەمارۆی ئابورییەوە خەڵکی عێراقیان ڕووبەڕووی مەرگی شێنەیی کردۆتەوە. دەبێت نمونە بدرێنە دادگا کە سەرپەرشتی سەدان تۆڕی تیرۆریستی ڕەسمی و دەوڵەتی لە ئاستی دونیادا دەکەن و ئێستا خۆیان بە قازی بۆ دادگایی کردن ناو دەبەن.

ئەم پیلانەی ڕفاندنی (عبداللە ئۆجەلان) هاودەستییەکی جاسوسی و تیرۆریستی وڵاتانی ئەمریکا و ئەوروپایە لەگەڵ دەوڵەتی تورکیادا بۆ بەسەرکەوتن گەیاندنی ڕژێمی ناسیۆنال فاشستی تورکیا لە کێشەی کێشی دا لەگەڵ P.K.K داو لەهەمان کاتدا ئاگامی مەترسی داری ئەم سیاسەتە کۆنەپەرست و تیرۆریستییە کە تێیدا دەزگا جاسوسی و مافیاییەکانی ئەم وڵاتانەو هاوکاری و جاسوسی و ڕفاندن و تیرۆریستی یەکتر دەکەن، زەمینە بۆ پەرەدان بە تیرۆریزمی ڕەسمی نێو دەوڵەتی و بەر تەسک کردنەوەی هەر چالاکییەکی سیاسی ئۆپۆزسیۆنی سازدەکات. بۆیە دەبێت ئەم هاوکارییە موخابەراتییەو ئەم کردەوە تیرۆریستییەی تورکیاو ئەمریکاو وڵاتانی ئەوروپا لە لایەن هەر ئینسانێکی ناڕازی و یەکسانیخوازەوە کە بۆ ڕزگاری و ئازادی تێدەکۆشێت وە هەر ئینسانێکی ئازادیخواز کە باوەڕی بە ڕزگاری خەڵکی کوردستانە لە ژێر دەستی ڕژێمی کۆنەپەرست و فاشیستی تورکیا بە توندی مەحکوم و ڕیسوا بکرێت.

مەکتەبی سیاسی

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق

بەڵگەنامەی ژمارە (١٦٦)

دنیا ئەمە یان لە بیر ناکەن.

ئیمە بە ناوی حیزبە کانمان وخواستی گە لە کەمانەوە داوا لە گشت رای گشتی وUN وریکخراوە کانی مافی مروف وکۆمەڵە ی دەولە تانی ئەوروپا وکۆرو کۆمەڵە نیودەوڵەتیەکان دەکە ین کەبە خیرایی وەکار بکەون بۆ:

- پاروگاریکردن لە ژیانی بەرێز عبداللە ئوجەلان.

-بە شیوە یە کی عادیلانە و لە دادگایە کی نیودەوڵەتیدا دادگایی بکری.وتاوانەکانی رژیمی تورکیا لە قاو بدری.

- بە زووترین کات کونفرانسیکی نیو دەولە تی بو چارەسەری سیاسیە نەو بە ئاشتیانە ی کیشەی گەلی کورد بکری.

- ئازادی بۆ تیکوشە ری ناسراوی بە ریز عبداللە ئوجەلان.

-سە رکەوتن بو خەباتی نەتە وەی کورد. ریسوایی بو پیلان ونەخشەکانی رژیمی تورکیاو هاوکارانی.

| | | |
|---|---|---|
| حیزبی زەحمەتکیشانی کوردستان لقی ئەوروپا | حیزبی کاری سە ربە خوی کوردستان ناوەندی ئەوروپا | حیزبی شیوعی کوردستان-عیراق ریکخستنی دەرە وە |

حیزبی سوسیالیستی دیموکراتی کوردستان
لقی ئە وروپا

١٩٩٩/٢/١٨

[illegible]
م.ب/ د. هشت
٩٩/٢/١٨

بەڵگەنامەی ژمارە (١٦٧)

دنیا ئەمە پان لە بیر ناکەن.

ئیمە بە ناوی حیزبە کانمان وخواستی گە لە کەمانەوە داوا لە گشت رای گشتی وUN وریکخراوەکانی مافی مروڤ وکۆمەڵە ی دەولەتانی ئەوروپا وکۆڕو کۆمەڵە نیودەوڵەتیەکان دەکە ین کەبە خیرایی وەکار بکەون بۆ:

- پارێزگاریکردن لە ژیانی بەریز عبداللە ئوجەلان.

-بە شیوە یە کی عادیلانە و لە دادگایە کی نیودەوڵەتیدا دادگایی بکری.وتاوانەکانی رژێمی تورکیا لە قاو بدری.

- بە زووترین کات کونفرانسیکی نیو دەولە تی بو چارەسەری سیاسیە نەو بە ئاشتیانە ی کیشەی گەلی کورد بکری.

- ئازادی بۆ تیکوشە ری ناسراوی بە ریزعبداللە ئوجەلان.

-سە رکەوتن بو خەباتی نەتە وەی کورد. ریسوایی بو پیلان ونەخشەکانی رژێمی تورکیاو هاوکارانی.

| | | |
|---|---|---|
| حیزبی زەحمەتکیشانی کوردستان لقی ئەوروپا | حیزبی کاری سە ربە خۆی کوردستان ناوەندی ئەوروپا | حیزبی شیوعی کوردستان-عیراق ریکخستنی دەرە وە |

حیزبی سوسیالیستی دیموکراتی کوردستان
لقی ئە وروپا

١٩٩٩/٢/١٨

بەڵگەنامەی ژمارە (١٦٧)

# ڕفاندنی (عبدالله أوجلان) تیرۆریزمی نێو دەوڵەتی یە!

دوای جارو جەنجاڵێکی اعلامی جیهانی و هاوکاری دەیان تۆڕی جاسوسی و مخابراتی دەوڵەتەکانی تورکیا و ئیسرائیل و ئەمریکا کە زیاتر لە ٣ مانگە بەمەبەستی گەڕانەوە یان نەگەڕانەوە و دادگایی کردنی سەرۆکی (P.K.K) "عبد الله اوجلان"، ناوەندە اعلامی و سیاسیەکانی دنیایان هەژاندووە، سەرەنجام ئەوی ١٦ی ئەم مانگە لە پیلانێکی جاسوسی و تیرۆریستی مخابراتی تورکیا و اسرائیل و ئەمریکا و چەند وولاتێکیئەوروپیدا، قاچاخچیان و مافیا دەوڵەتیە ڕەسمیەکانی ئەم وولاتانە، "عبد الله اوجلان" یان لە نایرۆبی پایتەختی کینیاوە ڕفاندو گەیاندیانەوە تورکیا.

ڕاگەیاندنی ئەم هەواڵە، هاوکات بوو لەگەڵ داسەپاندنی فەزای دیکتاتۆریەت و ترس و دەستگیری فراوانی خەڵکی ناڕازی لە نێو شارەکانی تورکیاداو لەلایەکی تریشەوە لەشکری سەربازی دەوڵەتی تورکیا جارێکیتر بۆ شوێن پێ هەڵگرتنی چەکدارەکانی P.K.K سنووری کوردستانی عێراقی بەزاندووە.

ئێمە وێڕای اختلافی فکری و سیاسی و جینایەتی زۆر قوڵمان لەگەڵ "عبدالله اوجلان" و حیزبەکەیدا، بەڵام بەڕەسمی ئەناسینی مافی پەنابەرێتی سیاسی بۆ "عبدالله اوجلان" و ئەم پیلانە تیرۆریستی و موخابەراتیە بۆ دزین و ڕفاندن و گێڕاندنەوەی بۆ تورکیا بە پێشێل کردنی سەرەتایی ترین مافەکانی مرۆڤ و تیرۆریزمی نێو دەوڵەتی دەزانین و بە توندی مەحکومی دەکەین.

ڕفاندن و دزینی "عبدالله اوجلان" لەژێر ناوی گەیاندنی تاوانبار بۆ بەردەم عەدالەت و دەسەڵاتی یاسا و پاراستنی حەقیقەت دا، گەورەترین درۆی مێژوویی ئەم وولاتانایەو هەوڵدانە بۆ بەردە پۆش کردن و شاردنەوەی گەورەترین مەلەفی تاوانکاری کە ئەم حکومەتانە بە هەقی بەشەریەت و خەڵکی کوردستان ئەنجامیان داوەو ئێستاش خۆیان کردۆتە قازی، لە کاتێك دا دەبێ سەرانی ئەم حکومەتانە لەبەردەم دادگای جەماوەری خەڵکیدا ڕابوەستن.

ئەم پیلانە تیرۆریستی و مافیاییە هاودەستیەکی جاسوسی و موخابەراتی و مافیایی سیاسی وولاتانی ئەوروپایە لەگەڵ دەوڵەتی فاشیستی تورکیادا بۆ بە سەرکەوتن گەیاندنی تورکیا لەگەڵ P.K.K.

بۆیە ئەم پیلانە بە توندی مەحکوم دەکەین و دەبێ بکەوێتە بەر ناڕەزایەتی و تووڕەیی هەموو ئینسانێکی ئازادیخوازو پێشکەوتنخواز کە دڵیان بۆ ئازادی و ڕزگاری و پاراستنی شەخسیەتی ئینسانی ئینسانەکان لێ دەدات.

طاهر حسن
سکرتێری کۆمیتەی ڕابەری ڕێکخراوی کوردستانی
حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق
١٩٩٩/٢/١٩

بەڵگەنامەی ژمارە (١٦٨)

بسم الله الرحمن الرحيم

بزووتنەوەی موجاهیدینی کوردستان - عێراق
حركة مجاهدين كردستان - العراق

MOJAHDEEN MOVEMENT OF KURDISTAN - IRAQ

## إن الله يأمر بالعدل و الاحسان
## ئەی میللەتی بەشەرەفی کوردستان

بە درێژای تەمەنی مێژووگەلی کوردستان لە لایەن دوژمنانییەوە بە هەزاران شێوە زوڵمی لێ کراوە. وڵاتەکەی وێرانکراوە. گەر تەماشای لاپەڕەکانی مێژوو بکرێ، بە پیانۆوی جۆربەجۆر، کوڕانی ئازا و بەجەرگی ئەم میللەتە بەبێ تاوان قەتڵ و عام کراوە. تەنها تاوانیان ئەوە بووە، کە دڵسۆزییان نیشان داوە بۆ کورد و کوردستان. وە بۆ ئاینە پیرۆزەکەیان. لەسەر ئەوەی ویستوویانە ئیسلامی سیاسی لە کوردستاندا حاکم بێت. ئەک زوڵم و زۆری ڕژێمی تورکیا چی ی لەسەر دەس عوسمانلی داوە، یان تا ئێستا.

دەیان قارەمانی کورد، لە پێناوی ئازادی وە سەربەخۆی کوردستاندا وە لە پێناو برایەتی کورد و تورکدا دراون لە سێدارە. بۆ نموونە سەید ڕەزای دەرسیم وە شێخ عبدڵڵای نەهری و شێخ عبدالسلامی بارزانی وە شێخ سعید حفید بەرزنجی وە دوکتور فۆاد، هەموو ئەمانە و ئەوانیتر لە سەر وەفادارییان بوو بۆ وڵاتەکەیان.

بەڵام بەداخەوە، ڕژێمی تورکیا دەرسی لە ڕابردوو وەرنەگرتووە، ئێستا بە تاوانی تیرۆریسم بەڕێز عبدالله ئوج ئالان سەرۆکی P.K.K لە کینیا ئەسیر کرد. بە هۆی سازمانی سیای ئەمریکی و سەهیونیزمی جیهانی‌وە موساد و میتی بەدناو.

ئێمە ئەم کردەوە ناڕەوایە مەحکوم دەکەین. خوا لێ خۆش بوو تورگوت ئوزال سەرۆک کۆماری پێشووی تورکیا دانی بە بوونی ١٢ ملیۆن کوردا ناوە. بەڵام ئەم ڕژێمەی ئێستا حاشا لەو ڕاستییە دەکات.

ئێمە لە بزوتنەوەی موجاهیدینی کوردستان عیراق بیری تورکیا دەهێنینەوە بزانێت دنیای ئەمڕۆ دنیای دوێنێ نییە ڕۆژی ئازادی و لابردنی چەوسانەوەیە لە سەر میللەتانەوە. ئاورێک لە دەوروبەری خۆی بداتەوە و عیراق چەند زەبروزەنگی بەکار هێنا، بەڵام بۆی نەچووە سەر لە ئێراندا کورد بە ئازادی لە کوردستاندا دەژی وە لە لایەن جەمهوری ئیسلامی ئێرانەوە، ڕێزی تایبەتی خۆی هەیە. لە پاساو دەستووردا وە لە سوریا وە ئەرمەنستاندا کورد ئەتوانێ ئازادانە ڕەئی خوی بدات لە چوارچێوەی پاساو دەستووردا. لەسەر کوردایەتی تووشی هیچ سزایەک نابن. لە ئەرمەنستان رادیو و ڕۆژنامەیان هەیە.

ئێمە بە ناوی مەکتەبی سیاسی و گشت برایانی بزوتنەوەی مجاهدینی کوردستانی عیراقەوە داوا لە کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان و لە هەموو هێزە ئیسلامیەکانی جیهان و خێرخوازان و کۆمەڵی پارێزگاری لە مافی مرۆڤ و یەکیەتی ئورپا دەکەین، هەوڵ بدەن بۆ پێکهێنانی دادگایەکی دادپەروەرانە بۆ پارێزگاری لە بەڕێز عبدالله ئوج ئالان تا ڕوون بێتەوە تاوانبار کێیە سزا بدرێ.

وە تورکیا ناچار بکرێ کە دان بە مافی ٢٠ ملیۆن کورد دابنێت. کە لە هەموو مافێکی سەرەتایی مرۆڤایەتی بێبەشن. تا کورد و تورک و نەتەوەکانی تر پێکەوە لە تورکیایەکی ئازاد پێکەوە بژین.

وە کوردستانیش لەو چوارچێوەیەدا بێت.

هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی شەهیدە قارەمانەکانی کوردستان

سڵاو بۆ گیانی پاکی شەهیدانی ڕێبازی ئیسلام
مەکتەبی سیاسی بزوتنەوەی مجاهیدینی کوردستانی عیراق
١٩٩٩/٢/١٨

بەڵگەنامەی ژمارە (١٦٩)

بسم الله الرحمن الرحيم

**ووته بێژێك بەناوی مەكتەبی سیاسی( برا ) وە ئەم ئیدوانەی ڕاگەیاند**

دەزگاكانی ڕاگەیاندن ڕۆژی ١٩٩٩/٢/١٦ ڕایانگەیاند كە بە هەوڵێكی سێ قۆڵی دەزگا ئەمنی و ئیستخباراتی‌یەكانی توركیا و ئیسرائیل و ئەمریكا ڕێبەری پارتی كرێكارانی كوردستان ( **p.k.k**) دەستگیر كرا لەكاتێكدا لەسەفارەتی یۆنانەوە لە كینیا دەردەچوو بۆ شوێنێكی دیاری كراوی خۆی.

ماوەیەكە سەركردایەتی ( **p.k.k**) و شەخصی (عبد الله ئۆجەلانی)یش داوایان لە هەموو دەوڵەتانی دونیا دەكرد پارێزگاری لێ بكەن و مافی پەنابەریتی بدەنێ بەڵام دیارە ئەمریكا كەئەمڕۆ تاكە جەمسەری دەسەڵاتە ڕازی نی‌یە كەس دالدەی ڕێبەری ( **p.k.k**) بدات و بەوشێوەیەش توركیا بەپشت ئەستوری ئەمریكا وئیسرائیل هەڕەشە لە هەر كەسێك دەكات كە ببێتە پەنا بۆ ( **p.k.k**) و سەرۆكەكەی.

ئێمە وەك ڕاپەڕینی ئیسلامی ئەم كارە بەگەلەكۆمە دەزانین و ئومێد دەكەین دەوڵەتی توركیا لە ڕێی بەرپرسەكانی مافی مرۆڤەوە مەحكەمەیەكی عادیلانەی سەرۆكی( **p.k.k**) بكات وەئەم لاوانەوەیەش بكرێتە لاپەڕەیەكی تازە و كێشەی كورد ڕەهەندێكی سیاسی پێ بدرێت و مافە ئینسانی و كەلتوری و سیاسی‌یەكانی كوردی توركیا بسەلمێنێت.

**بزوتنەوەی ڕاپەڕینی ئیسلامی**
**هەولێر** ١٩٩٩/٢/٢١

بەڵگەنامەی ژمارە (١٧٠)

## با دادگایی کردنی ئۆجەلان بکەینە
## دادگایی کردنی ڕژێمی تورکیای تیرۆرستی

لەشەوی ١٥/١٦-٢-١٩٩٩ بەپێی پلانێکی موخابەراتی ئەمریکی - ئیسرائیلی - کینیایی - تورکیایی، سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان (عبدالله ئۆجەلان) فڕێنرا بۆ تورکیا. وەک دواتر لەسەر زاری گەورە بەرپرسانی ئەمریکاو ئیسرائیلەوە ڕوون بووەوە، هەردوو دەزگای موخابەراتی CIA و موسادی سەر بەم دوو حکومەتە ڕۆڵی سەرەکی یان گێڕاوە لەم تاوانە نامرۆڤایەتییانەدا و ناوبراویان داوەتەوە دەست موخابەراتی تورکیا (میت).

پیلانی فڕاندن و گرتنی ئۆجەلان بەتەنها پلان دژی سەرکردەیەک و پارتێکی دیاریکراو نییە، بەڵکو پلانە دژی بزوتنەوەیەکی ڕەوای ڕزگاریخوازی چل ملیۆن کەسی، پلانە دژی سەرەتاییترین مافی سەرەتایی خەڵکی زۆرلێکراوی کوردستان، ئەم هێرشە هەمەلایەنەی تورکیا...هێرشی سەربازی فراوان لەلایەک و فڕاندن و کاری تیرۆرستانە....هەنگاو گەلێکە تورکیا دەیهێت بۆ پینەو پەڕۆ کردنی ڕژێمە لەرزۆکەکەی، کە لەڕووی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە ڕووەو هەرەس و لەیەکترازان دەچێ.. بێ لەمانەش ڕژێمی تورکیا دەیەوێت ڕێگە لەو هەستانەوە جەماوەرییەی گەلی کورد بگرێت کە لەوێکە فشاری کاریگەر لەسەر ڕای گشتی جیهانی و هەندێ لە دەسەڵاتدارانی دنیا دانێ.

جێگای سەرنجە لە مێژە ئەم ڕاستییانە وەک ڕۆژ ڕوونە، کەچی لەباشوری کوردستان دا تازە بە تازە حزبە دەسەڵاتدارەکان دەیانەوێ ئەمریکای ئیمپریالستی و تیرۆرست وەک ناوبژیکەری شەڕی ناوخۆ ئاشتیخواز بناسێنن لەکاتێکدا کە ژەنەراڵە سەربازییەکانی تورکی هەڵمەتی قەلاچۆکردن دژی خەڵکی کوردستانی باکور ئەنجام ئەدەن، ئەمان دێن باس لە پاراستنی ئاسایش و ئەمنیەتی سنوری تورکیا دەکەن...

**جەماوەری ئازادیخوازی کوردستان**

ئەمریکاو هاوپەیمانانی، دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان پارێزەری بەرژەوەندی خەڵک نین لە سەرجەم پارچەکانی کوردستان، ئەگەر ئەم ئێوەش دا پڕوپاگەندەیەک دەکەن ئەوە مەرامی تایبەتی خۆیان هەیە، خۆشخەیاڵیتان بەر پڕوپاگەندانە دوچاری کارەساتی ترسناک ترتان دەکا..

بۆ پوچەڵکردنەوەی پیلانی هاوبەشی ئەمریکاو هاوپەیمانانی بۆ سنوردانان بۆ هێرش و پەلاماری داگیرکەرانی کوردستان. تەنها هەر هێزو توانای یەکگرتووی خۆتانە فریارەسی یەکجاریتان. با هێزی بێرو بازوتان هوشیارانە، سەربەخۆ بەداخوازی ڕۆشن و ڕەواوە بینە فشارێکی بەرجەستە و بەرچاو بەشێوەیەک ویژدانی مردووش بەخەبەر بهێنێ. با پێکەوە هەوڵ بدەین دادگایی سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان بکەینە دادگایی کردنی دەوڵەتی تورکیاو کێشەی کورد وەک کێشەی نەتەوەیەکی ڕزگاری خوازو یەک پارچە بهێنینە ژێرباس و چارەسەری سیاسیانە.

ئازادی بۆ سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان
سەرکەوتن بۆ کێشەی ڕەوای خەڵکی کوردستان
بڕێ ئیمپریالیزمی ئەمریکاو دۆست و هاوپەیمانانی

کۆمیتەی بەرگری لە
داخوازییەکانی جەماوەر
١٩٩٩/٢/٢١

بەڵگەنامەی ژمارە (١٧١)

**بەیاننامەی یەکێتی ماف پەروەرانی کوردستان / لقی سلێمانی**
**سەبارەت بە تەسلیم کردنەوەی بەڕێز عەبدوڵلا ئۆجەلان**
**سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان .**

سەر لەبەیانی (١٦) ی شوبات لە کردەوەیەکی نهێنیدا ، حکومەتی تورکیا بەڕێز ئۆجەلانی سەرۆکی گشتی پارتی کرێکارانی کوردستانی بە چەتە گەریەکی بڕۆینە لە ولاتی — کینیا-فراند ئەم کارەش بە هاوکاری و پیلانێکی نێوان یۆنان و ئیسرائیل و کینیا و ئەمەریکا ئەنجام درا .

پێدەچێت لە دوا ساتەکانی ئەم سەدەی بیستە دا جێگایەك بۆ یاسا و یاسا نێو دەوڵەتیەکان نەما بێت کە ئاوا بەم شێوەیە خەڵك دەفرێنرێت وە سەرەو نگوم ئەکرێت بێ ئەوەی جیهانی بە ناو دیموکراسی و ماف مرۆڤ تەنانەت ئەم کردەوە تیرۆریستیە مەحکوم بکات .

وڵاتانی ئەورووپا، هەموو بەها مرۆڤایەتی ودیموکراسی و مافە مرۆییەکانیان خستە ژێر پێی بەرژەوەندیە سیاسی و حکومەتیەکان وە ماف پەناهەندەیی سیاسیان بە ئۆجەلان نە بەخشی، لە کاتێکدا کە خودی ئەورووپا بۆتە مۆڵگەی چەندین دەستە و تاقمی تیرۆریست و کۆمەڵ کوژ . کەچی جێگای مخالیفێکی سیاسی وەك بەڕێز ئۆجەلانی تیا نەبۆوە .!!

سەرۆکی ڕژێمی تورکیا ، تەسلیم کردنەوەی ئۆجەلانی بە سەرکەوتن دانا و وتی: دەدرێت بە دادگا تا دادگایی بکرێت، لە کاتێکدا لە تورکیا ژەنەراڵە فاشستەکان وباندە تیرۆریستەکان و گروپەکانی قاچاخچێتی تلیاك ئەمانە دەسەڵاتی حوکمیان بە دەستەو دەزگای قەزائی و دادگایی کردن لە ژێر دەستیاندایە هەر ئەم باندانەش ڕۆژانە زیندانیانی سیاسی ئیعدام دەکەن و مافەکانی مرۆڤ پێشێل دەکەن . بۆیە دادگای بەدناوی ئاسایشی دەوڵەتی تورك قەسابخانەیەکە مافەکانی تۆمەتباری تیا سەر ئەبڕدرێت .

وڵاتێك بوونی میللەتی کورد بەرەسمی ناناسێت و سیاسەتی سوتماك و بە کۆمەڵ کوژیی بەرامبەر بەو میللەتە بەکار دێنێت وە پێشتر فەرمانی ئیعدامی بۆ ئۆجەلان دەرکردبێت وە هەر ئێستا بەنامرۆڤانەترین شێوە مامەڵە لەگەڵ ئۆجەلان دەکات بەبەرچاوی هەموو ڕاگەیاندنەکانی جیهان بەچاوی بەستراو و دەستی بە کەلەپچەو مێشکی سڕکراو .ئیتر چاوەڕوانی چ دادگاییەکی عادیلانە لەو وڵاتە دەکرێت ؟

ئەگەر مەسەلە دادگایی کردنە، ئەوا دەبێت حکومەتی فاشستی تورك دادگایی بکرێت لە بەرامبەر (٧٥) ساڵ کوشتن و بڕین و دڕندایەتی کردنی گەلی کوردستانی باکوور .

ئەگەر بڕیار لەسەر دادگایی کردن بێت ، ئەوا پێویستە دەسەڵاتدارانی حکومەتی تورکیا لە دادگایەکی نێو دەوڵەتی وە لەژێر چاودێری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان دابێت .بە پێچەوانەوە ئەو فڕاندن و فەرسەنەیە دەبێتە پێشینەیەکی زۆر ترسناك و شەرعیەت دان دەبێت بە تیرۆری دەوڵەتی .

**ئازادی بۆ ئۆجەلان .**
**بمرن دوژمنانی گەلی کورد .**

— سلێمانی —
١٩٩٩/٢/٢٢

بەڵگەنامەی ژمارە (١٧٢)

## بەیاننامەیەکی هاوبەش

لە ناوەڕاستی مانگی شوباتی/ ١٩٩٩ لە ڕێگای میدیاکانی جیهان گوێ بیستی هەواڵی دەستگیرکردنی بەڕێز عبداللە ئۆجەلان سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان بووین کە بەپیلانێکی دوژمنکارانەی چەند دەزگایەکی موخابەراتی نێودەوڵەتی ،لە نایرۆبی پایتەختی کینیا ڕفێندراو تەسلیم بە تورکیا کرایەوە .

ئێمە ئەم کردەوەیە دژ بە بزافی ڕزگاریخوازی گەلی کوردی دەزانین ، نەک تەنها کارێکەو دژ بە سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان ئەنجام دراوە .

بۆیە بەتوندی مەحکومی دەکەین و لە هەمان کاتدا داوا لە دام و دەزگا پەیوەندیدارەکانی UN و ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکانی مافی مرۆڤ دەکەین ، بەجدی هەوڵ بدەن گیانی بەڕێز ئۆجەلان بپارێزرێت و ئەشکەنجە و ئازاری لەسەر هەڵبگیرێت وە فشار بخرێتە سەر دەوڵەتی تورکیا تا بەزووترین کات ئازاد بکرێت وە دۆزی کوردیش بە ڕێگایەکی ئاشتیانە و عادیلانە چارەسەر بکرێت .

هەولێر ١٩٩٩/٢/٢٣

ناوی لایەنە کوردستانیەکان:

- کۆمیتەی پارێزگای هەولێری حزبی شیوعی کوردستان
- ناوەندی هەولێری پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان
- لێژنەی پارێزگای هەولێری بزووتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان
- لقی هەولێری بزووتنەوەی یەکبوونی کوردستان
- کۆمیتەی هەولێری تێکۆشانی ڕنجدەرانی کوردستان

بەڵگەنامەی ژمارە (١٧٣)

# یاداشتنامه

بەڕێزان:

- کوفی ئەنان سکرتێری گشتی (UN)
- ئەنجومەنی ئاسایشی نێو دەوڵەتی
- دەوڵەتانی یەکێتی ئەوروپا
- کۆنگرەی وڵاتانی ئیسلامی
- ڕێکخراوی جامعەی عەرەبی
- قەداسەتی پاپای ڤاتیکان
- سەندیکای پارێزەرانی جیهانی
- ڕێکخراوی مافی مرۆڤی جیهانی

هەروەک ئاشکرایە ڕۆژی 15-2-1999 بەپێی نەخشەیەکی پۆلیسی دارێژراو، لەلایەن دەزگا سیخوڕییەکانی ئسیا، مۆساد، میت، و بەهاوکاری هەردوو حکومەتی یۆنان و کینیا، بەڕێز (ئۆجەلان)ی سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان (PKK) دەستگیرکراو ڕفێندرا بۆ تورکیا، لەبەرامبەر کارێکی ئاوای نامرۆڤانەدا کەدژ بەهەموو یاسا نێودەوڵەتی و گشت پەیامە ئاسمانیەکان و بەندەکانی جاڕنامەی گەردوونی مافی مرۆڤە. هەروەها دەستدرێژییەکی ناڕەوایە، دەرهەق بەموقەدەسات و کەرامەتی زیاتر لە(40) ملیۆن کورد..

لەکاتێکدا ئێمە ئەو کارە تیرۆریستیە مەحکوم و ڕیسوا دەکەین، لەبەڕێزتان داواکارین:

- بەڕێز (عەبدوللا ئۆجەلان) وەک نیشتمانپەروەرێک و خاوەن کێشەیەکی ڕەوا مامەڵەی لەگەڵ بکرێ و بەهیچ شێوەیەکیش سوکایەتی پێنەکرێ و ئازارو ئەشکەنجە نەدرێ و ژیانی بپارێزرێ و هەوڵی جدی بۆئازادکردنی بدرێت.
- لەبەرئەوەی ڕژێمی تورکیا خاوەنی تۆمارێکی ڕەشە، لەبواری پێشێلکردنیمافی مرۆڤ بەگشتی و کورد بەتایبەتی، خۆ ئەگەر ئەو ڕژێمە هەر سوورە لەسەر دادگاییکردنی بەڕێز (ئۆجەلان)، با لەدادگایەکی نێودەوڵەتی دادگاییبکرێت.
- هەوڵێکی نێودەوڵەتی بدرێ بۆ فشارخستنە سەر ڕژێمی تورکیا تاکو کێشەی ڕەوای گەلی کورد لەتورکیا بەشێوەیەکی ئاشتی و دیموکراسیانە چارەسەر بکات..

لەکۆتاییدا وێڕای سوپاس و پێزانینمان هیوادارین هەوڵ و توانا بۆ جێبەجێکردنی ئەم داوایانەمان بخەنە گەڕ.

**ناوی حزبەکان**

حزبی ئیتحادی تورکمانی عیراق

حزبی شیوعی کوردستان

پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان

حزبی ڕزگاری کوردستان

یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان سەرکردایەتی کاتی

بزوتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان

بزوتنەوەی دیموکراسیخوازان

پارتی پارێزگارانی کوردستان

حزبی سۆسیالستی دیموکراتی کوردستان

حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان

سلێمانی ٢٥ ٢ ١٩٩٩

بەڵگەنامەی (١٧٤)

## ئازادی بۆ ئۆجەلان و چارەسەرکردنی ئاشتییانە
## بۆ کێشەی ڕەوای گەلەکەمان لە کوردستانی باکوور

### ئەی جەماوەری مامۆستایانی نیشتمانپەروەر لە کوردستاندا
### ڕۆڵە دڵسۆزەکانی گەلە خۆڕاگرەکەمان

دەستگیرکردن و ڕفاندنی بەڕێز عەبدوڵڵا ئۆجەلان سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان لە وڵاتی کینیاو تەسلیم کردنەوەی بە ڕژێمی تورکیای شۆڤێنیست بە هاوکاری دەزگا موخابەراتیەکانی چەند دەوڵەتێکی دژ بە ئازادی و مافە رەواکانی مرۆڤ، جەماوەری گەلەکەمانی لە هەر چوار پارچەی کوردستانی لەت لەت کراو هەموو کوردە ئاوارەو دڵسۆزەکانی هەندەران لە ئەورووپاو ئەمریکاو ئاسیاو ئوسترالیا هێنایە هەژان و ڕژانە سەر شەقامەکان و نارەزایی توندیان لە دژی ئەم کارە چەتەگەرییەو تیرۆریست ئامێزە دەبڕی و داوای پاراستنی گیانی بەڕێز ئۆجەلان و ئازادکردنی دەکەن.

هەروەها هەموو دونیای پێشکەوتنخوازو مرۆڤپەروەر لەم سەرو ئەوسەری جیهاندا بە هەموو نەتەوەو ڕەگەزو ئاینیانەوە پشتگیری خۆیان بۆ کێشەی ڕەوای گەلەکەمان دەبڕی و داوای پاراستنی گیانی ئۆجەلان لە حکومەتی تورکیا دەکەن.

لە ئەنجامی ئەمەشدا کێشەی ڕەوای گەلی کورد خرایە سەر مێزی سیاسەت لەزۆربەی وڵاتەکان و جارێکی دیکە گەلانی جیهان لە بەرامبەر هاواری گەلێکی (٤٠) ملیۆنی مافخوراو بە ئاگاهاتنەوەو ئۆجەلانیش بووە ڕەمزێکی تری خەبات و قوربانیدانی ئەم گەلە زیندووە.

ئێمەش بەناوی جەماوەری مامۆستایانی حزبی شیوعی کوردستان و دۆست و لایەنگرەکانی لیستەکەمان (لیستی پیشەیی دیموکرات) ئەوپەڕی نارەزایی خۆمان لە بەرامبەر زیندانی کردنی بەڕێز ئۆجەلان دەردەبڕین و ئەو لایەنانە مەحکوم دەکەین کە هاوکاری دەبتی تورکیایان کردووە بۆ دەستگیر کردن و ڕفاندن و تەسلیم کردنەوەی بە ڕژێمی تورکیا.

ئێمە وای بۆ دەچین کە ئەم کارە چەپەڵە دژ بەکێشەی ڕەوای گەلەکەمان لە کوردستانی باکوور ئەنجام دراوە نەک تەنیا دژ بە شەخسی سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان.

داواکارین لە نەتەوە یەکگرتووەکان و هەموو ڕێکخراوەکانی پەیوەندیدار بەمافی مرۆڤ لە جیهاندا و یەکێتی وڵاتانی ئەورووپا گوشاری پێویست بخەنە سەر ڕژێمی تورکیا بۆ پاراستنی گیانی ئۆجەلان و ئازادکردنی و چارەسەرکردنی ئاشتییانەی کێشەی ڕەوای گەلەکەمان لە کوردستانی باکوور.

نووسینگەی ناوەندی
مامۆستایانی پیشەیی لەکوردستاندا
هەولێر - ١٩٩٩/٢/٢٥

بەڵگەنامەی ژمارە (١٧٥)

# بۆ گەلی کوردستان و دەوڵەتی تورکیا و رای گشتی جیهان

رۆژی ٣١ ئایار ١٩٩٩ رۆژی دادگاییەکی مێژووییە، لەو رۆژەدا دادگایی کردنی سەرۆکی گشتی PKK و سەرۆکی نەتەوەییمان (عەبدوڵا ئۆجەلان )ە گەوهەری ئەم دادگاییکردنەش ئەوەیە، گفتوگۆ لە سەر کێشەی سەدان ساڵەی نێوان دەسەڵاتدارانی دەوڵەتی تورك و گەلەکەمان و گەرانە بە دوای رێگا چارەی ئەو کێشەیە، ئەم دادگاییکردنە تایبەتمەندییەکی بەم شێوەیەی هەیە. گەلێك کەس و وڵات بە شێوەیەکی سەرنج راکێش چاوەدێری ئەو دادگاییکردنە دەکەن. هەڵبەتە ئەو دادگاییکردنە رێ لە بەردەم گەلێك پێشکەوتنی گرنگ دەکاتەوە، پەیوەندی نێوان گەل کوردستان و داگیرکەر لە قۆناخێکی مێژوویدا دادگایی دەکرێت. ئیتر لێرەو بەدواش ئەم پەیوەندییەیە بە چ شێوە بەرێوەدەچێت، ئەوا لەم دادگاییکردنەدا بەدیار دەکەوێت. هەروەها ئەو کەس و وڵاتانەی چاودێری ئەو دادگاییکردنەش دەکەن بۆ ئەوانیش خاڵی وەرچەرخانێکی مێژووییە.

لە کاتێکدا راستی رەوشی ئەمڕۆ و مێژوو لە بەر چاو بگرین، ئەو بێویستییە دەکەوێتە روو، لە قۆناخی ئەو دادگاییکردنەدا، ئەو هێزانەی چاودێرن مافیان نییە کە خۆبدەنە لایەك، پێویستە بە بەرپرسیارێتییەوە لەم مەسەلەیە نزیك ببنەوە. گەل و وڵاتەکەمان دابەش و پارچە کراوە و، لە رۆژی ئەمڕۆ لە مێژووشدا و لە ژێر دەستی داگیرکەریدا ژیانێکی ترازیدی دەژین. لە سەر ئەو گەلە، کۆمەڵکوژی، کۆچبەر کردن، تاڵانکردن و هەموو جۆرە زۆرداریێك و شێوازێکی ژیانی کۆیلایەتی بە سەردا سەپێنراوە. کاتێك لە رابردوو دەڕوانین هیچ تابلۆیەکی مرۆڤایەتی نابینین، تابلۆیەك بە سەدان هەزار کوشتن و بە ملێونان کۆچبەری و بە هەزاری گوزەرانکردن، زۆرداری و ئەشکەنجەدان بەراشکاوی دەبینین. لە ژێر ئەو تابلۆیەدا، سیاسەتی بنەرەتی نکۆڵیکردن و قڕ کردن هەیە. لەلایەکی تریشەوە، ئەو نەتەوەیەی دەسەڵاتداری داگیرکەری دەسەپێنێت ئەوە بەر گەلێك زیان کەوتووە واتا دەتوانین بڵێین لەم بارەیەوە ئەوە دووچاری لە دەستدانی گیانیو ماددی زۆر هاتووە. ئەگەر لە رۆژی ئەمڕۆدا نەتەوەی سەردەست، نوێنەرایەتی پاشەڕۆیەتی دەکات، هۆکارەکەی ئەوەیە، کە لە پەیوەندی خۆی لە گەڵ گەلەکەماندا سوورە لە سەرشێوازی داگیرکەری و ئەو دەرئەنجامەی کە لە پەیوەندی نێوان داگیرکاری و داگیرکراوی دەرکەوتووە، نە دەسکەوتێك بۆ گەلەکەمان و نە بۆ نەتەوەی داگیرکەر بەدەست نەهاتووە، لەوانەیە هاوسەنگی هەردوولا وەکو یەك نەبێت، بەڵام هەردوولاش زەرەرمەند بوونە.

ئەو رەوشەی ئێستا تێیدا دەژین، راستی شەڕی نێوان گەل کوردستان و رژێمی تورکیادا هەمان راستییە، هەردوولاش زەرەری مەزن دەبینن، واتا هۆکاری ئاوە ودەرەوە هەرچی یەك بێت دەرئەنجام هەر ئەوەیە، ئەو شەڕەی پانزە ساڵە بەردەوامە، ئەو راستییەی سەلاندووە کە لەو شەڕە هەر دوو هێز زەرەرمەند بوون، ئیتر دەبێ ئەو شەڕە کۆتایی بێبێت، بە پەیوەستبون بە یەکسانی و ئازادی، چارەسەری دیموکراتی بەدی بێت و ئەو شتانەی تا ئێستا لە دەستدراوە جارێکی‌تر بە دەستبهێندرێتەوە.

ئێستا سەرۆکی گشتیمان و هەڤاڵمان (عەبدوڵلا ئۆجەلان) لە (ئیمراڵ) لەو دادگاییەدا بە ناوی نەتەوەی کورد و لەپێناو دوایهێنان بە شەڕو گرتنەبەری رێگا چارەی دیموکراتی لەهەوڵدانێکی مەزن دایە. وەك دەزانرێت پارتیمان لە ئاداری١٩٩٢ دا یەکلایەنە ئاگربەستی راگەیاند. ئەو هەوڵدانە بەردەوام بوو و لە دادگایی (٣١ ئایار)دا دەگاتە

بەڵگەنامەی ژمارە (١٧٦)

لوتکەی خۆی، سووربوونی سەرۆکگشتی پارتیمان، بۆ چارەسەری ئاشتی و دیموکراتی ئەوە دەسەلمێنێ کە ئەوە سیاسەتی پارتیمانە. ئەو سیاسەتە بۆ هەر دوولا گەلێك دەسکەوت بە دیدەهێنێت. ئیتر پێویستە ڕژێمی تورکیا بۆ سیاسەتی چارەسەری ئاشتی و دیموکراتی وەڵامێکی باش بداتەوە. واتا ئەگەر ڕژێمی تورکیا دەست هەڵگرێ لە سیاسەتی ئکوڵیکردن و فڕکردنی ئەتەوەیی، ئەوا بۆ بەرژەوەندی خۆی سوودمەند دەبێت. ئیتر سەرۆکی گشتیمان دەرفەتێکی مێژوویی پێشکەش کردوون ئەوانیش دەبێت وەڵامێکی باشی ئەو دەرفەتە بدەنەوە.

بەڵام ئەگەر ڕژێمی تورکیا بەهۆی لە کەسایەتی سەرۆکی گشتیمان دا لە سەر سیاسەتی فڕکردن سوور بێت، ئەمەش ڕێ لە بەردەم گەلێك شت دەکاتەوە کە بە ڕادەیەك ئیتر ناتوانێ خۆی لە هەڵوێستی شۆفێنیستی ڕزگاربکات. بێگومان زەمینەو بنەمای شەر بە هێزبووە، ئەتەوەی کورد بەرامبەر سیاسەتی فڕکردن و تۆڵە سەندنەوە بێ دەنگ نامێنێ. ئەمەش بەو واتایە دێت کەوا شەر لە نێوان هەردوو ئەتەوە دەست پێ دەکات و بە دەیان ساڵ بەردەوام دەبێت، چونکە زەرەرمەندی هەر دوولایەن لە ئاستێکی بەرزدایە. ئیتر پێویستە هەر دوولایەن ئەو سیاسەتەی کە تا ئەمرۆ پەیرەویان کردووە چاوی پێدا بخشێننەوە و بە بەرپرسیارییەوە لەم ڕەوشە نزیك ببنەوە، و سیاسەتێکی نوێ کە چارەسەری ئاشتی و دیموکراتیانە پێشبخەن. ئەگەر ڕژێمی تورکیا ئەو پێشنیارەی سەرۆکی گشتیمان و هەڤاڵمان (عەبدوللا ئۆجەلان) کەبریتییە لە ڕێگا چارەی ئاشتی و دیموکراتی، وەڵامێکی ڕاست بداتەوە (کە لەم سەدەیەدا گەلی کورد زۆر بێ چارە کراوە، گەلێك ئازارو ئەشکەنجە کرا، کە پرسی کورد ڕێی لە بەردەم گەلێك وێرانکاری کردەوە) ئەوا لە دوا دوای ئەم سەدەیەدا دەگاتە چارەسەری و لە گەڵ ئەوەشدا هەم تورکیا و هەم گەلەکەمان بەئاشتی و ئارامی بژین و بکەونە نێو خۆشی و خۆشگوزەرانی.

پارتیمان، بۆ دەسەڵاتدارانیتورکیا و، گەلی کوردستان و ڕای گشتی جیهانی و، هەموو ئەو هێزانەی چاودێری ئەو دادگاییکردنە دەکەن وبە تایبەتی دەزگا ڕاگەیاندنەکانی ناوەوە و دەرەوە، بانگەواز دەکات، لە دادگایی مێژوویی ۳۱ ئایاردا بۆ ڕێگا چارەی ئاشتی و دیموکراتی هەوڵبدەن. بۆئەوەی ئەو دادگاییە ئەنجامی ئاشتی و دیموکراتی لێدەرکەوێت و، ئەو هەڵوێستەی کەوا زەرەر بەو دادگاییکردنە دەگەیێنێ، دەبێت گەلەکەمان و دۆستەکانمان خۆیانی لێ بە دوور بگرن. لە سەرئەو بنەمایەش چالاکییە جەماوەرییەکانی خۆیان بە فراوانی ئەنجام بدەن و پێش بخەن.

**کۆنسەی سەرۆکایەتی PKK**

۱۹۹۹/۵/۲٦

بەڵگەنامەی ژمارە (۱۷٦)

# ١٥

# یادەوەری نیشتمانی

# یادەوەری نیشتمانی

یادکردنەوە لە ئاستی تاکەکەس، لەلایەن زانا دەرونناسەکانەوە گەلێک شیکاری بۆ کراوەو دەچێتە بواری زانستی سایکۆلۆجییەوە. بەڵام کاتێک بە شێوەی گەلەکۆمە یادکردنەوە دەکرێت، ئەوکات دەبێتە یادی بەکۆمەڵ کە وابەستە دەبێت بە زمانی گێرانەوە، مێژوو، ناسنامە، شۆکی کلتوری. لەم بەشەدا، هەوڵدەدرێت، باس لەیادی بەکۆمەڵ بکرێت و ئاماژە بە پەیوەندی زمان، مێژوو، ناسنامەو تراومای کلتوری، یادی بەکۆمەڵ بدرێت.

یاد Memory لەسەر ئاستی تاک بریتیە لەو رێگەیەی کە عەقڵ بەکاریدەهێنێت لەپێناو هەڵگرتنی زانیاریەک و وەبیرهێنانەوەی لە کاتی خۆیدا. یادی لەدایکبوون، یادی هاوسەرگیری یاخود هەریادێکی تر کە بەلای ئەو کەسەوە گرنگەو دەخوازێت بەردەوام و لە کاتێکی دیاریکراو وەبیرخۆی بهێنێتەوە، دەچێتە سنوری یادی تاکەسی. بەڵام یادی بەکۆمەڵ بریتیە لە بیرهێنانەوەی ڕابردویکی هاوبەش کە ئەندامانی ئەو کۆمەڵگەیە پێکڕا ئەو بیرەوەرییەیان پاراستوەو بە بەردەوامی پرسیارگەلێک دەوروژێنێت کە لە کوێوە هاتوین وبەرەو کوێ دەچین و بۆچی ئێستا ئێمە لێرەداین[٢٩٨]. یاخود یادی بەکۆمەڵ پێناس دەکرێت لە وێناکردنی ڕابردویەکی هاوبەش بەشێوەیەکی بەرفراوان، کە سەرجەم ئەو چیرۆک و بەسەرهاتانە دەگرێتەوە کە کۆمەڵگە لەبارەی خۆیانەوە دەیگێڕنەوەو تیایدا ڕابردوو بە ئێستاو داهاتوو پێکەوە گرێ دەدەن بە شێوەیەکی سادەو ئاسان[٢٩٩].

نمونەی یادی بەکۆمەڵ لەسەر ئاستی جیهان، بریتیە لە یادی هەڵگیرسان و کۆتاییهاتنی یەکەمین و دووەمین جەنگی جیهانی. یاخود کارەساتەکانی وەک

---

[298] Ron Eyerman: Cultural Trauma Slavery and the formation of African American identity, PUBLISHED BY CAMBRIDGE UNIVERSITY PRESS 2003 ،p7.

[299] Duncan Bell :Introduction: Memory, Trauma and World Politics , in: Duncan Bell: Memory, Trauma and World Politics, Reflections on the Relationship Between Past and Present, Lecturer in International Relations, University of Cambridge, PALGRAVE MACMILLAN, 2006. P2.

هێرۆشیماو ناکازاکی و هۆلۆکۆست، یان روخانی دیواری بەرلین. لەسەر ئاستێکی دیکە یادی سەربەخۆیی، شۆرش لەدەولەتدا بە کۆمەڵ دەکرێتەوە. لە کوردستاندا، یادی ئەنفال و کیمیاباران و ڕۆژنامەگەری کوردی و دامەزراندنی حزب، لە یادە بەرچاوەکانی یادی بەکۆمەڵن.

زمان ئامرازی سەرەکی یادی بەکۆمەڵە. گێرانەوەو ئاخاوتن لەسەر ڕوداوێک و یادخستنەوەی لە ساتەوەختێکدا و زیادکردن و دەستکاریکردنی ئەو بیرەوەریە لەلایەن کەسانی تر، وا دەکات ئەو ڕوداوە ببێتە یادی بەکۆمەڵ. لە ڕێگەی زمانەوە یادەوەری بەکۆمەڵ دەگێرێتەوە و یەک بۆ ئەوی تری تەواو دەکات و هەر کەسەو بە پێی تێگەیشتنی خۆی و بە زانیێکی سادە و سانا دوبارە ڕێکی دەخاتەوە. هەربۆیە گفتوگۆی خەڵکی بەشێوەی بەردەوام لەسەر ڕوداوێک، وا لەو ڕوداوە دەکات ببێتە یادی بەکۆمەڵ[٣٠٠].

لە یادی بەکۆمەڵدا کاتێک زمان دێتە گۆ، یەکسەر دەگەڕێتەوە بۆ مێژوو. لێرەدا پەیوەندی دروست دەبێت لە نێوان مێژوو لەگەڵ یادی بەکۆمەڵ. لە کاتێکدا مێژوو زانستێکە کە لە لایەن کەسانی پسپۆڕ کنەو پشکنین و ڕاڤە و هەڵسەنگاندن بۆ ڕاستی ڕوداو دەکات و لە پێناو زانستدا کار دەکات، بەڵام یادی بەکۆمەڵ پشت بە مێژوو دەبەرستێت بۆ مەبەستێکی جیاوازتر. هەرچەندە تەواوی زانیاریەکانی یادی بەکۆمەڵ لە مێژووەوە سەرچاوەی گرتووە، بەڵام ئامانج لەو زانیاریانە خستەڕووی تان و پۆی ڕوداوەکان نیە بەڵکو هەندێک (نەک هەموو) زانیاریەکان بەکاردەهێنێت بۆ چالاککردنی یادەوەری کۆمەڵ کە پێویستی پێیەتی یاخود گرنگی پێدەدات. کاری یادەوەری بریتی نیە لە لێکۆڵینەوەی مێژووی لەسەر ڕوداوێک، بەڵکو بریتە لە بیرخستنەوەی ئەو ڕوداوانەی کە پێویستە بخرێتەوە بیری خەڵک لە پێناو کارێکی ئێستا یان کارێک کەپەیوەندی بە داهاتوو هەیە. ڕوداوەکان ڕودوای هەڵبژێردراون کە لەلایەن دەولەت یان بەرهەڵستکاران یان دەستەو گروپ یان خودی کۆمەڵگە لە ساتەوەختێکی تایبەت بەو کۆمەڵگەیە چالاک دەبێت و بە شێوەی دەماو دەم هەر کەسە و لای خۆیەوە دەیکاتە باس و خواستی خۆی بەجۆرێک تیایدا زۆرجار

---

300 Duncan Bell : p5.

زیادەڕۆی دەکرێت لە ژمارەو کات وشوێندا[301]. هەرئەمەیە جیاوازیەکی تری یادەوەری لە مێژوو، بەجۆرێک یادەوەری بەکۆمەڵ زۆر جار دەچێتە قاڵبی داستانەوە[302]. داستان چیرۆکێکە کە بنەمایەکی ڕاستی هەیە بەڵام تەوای ڕاستیەکان لەخۆ ناگرێت. بۆیە کاتێک یادی ڕوداوێک دەکرێتەوە، ژمارەی بەشداربووی ڕوداو یان قوربانیەکان تەنها ژمارەیەکە و ڕاست و دروستی یەکلانەبۆتەوە و زۆری ژمارەی قوربانیەکان بۆ وێناکردنی ڕێژەی قەبارەی ئەو ڕوداوە بەکاردێت. نمونەی ئەمە، ژمارەی قوربانیەکانی یەکەمین جەنگی جیهانی و دووەمین جەنگی جیهانی بە ١٠٠ ملیۆن کەس دانراوە، بەڵام کاتێک دەچیتە کنەو پشکنینی ئەو ژمارەیە، ناگەیتە ئەنجامێکی یەکلاکەرەوە. ئەم ژمارەیە لەکاتی خۆپیشاندانەکان دوبارە دەبێتەوە، کاتێک دەوترێت یەک ملیۆن کەس بەشداری خۆپیشاندانێکی کردووە، ئەژمارکردنی بەشداربووەکانی خۆپیشاندانەکە کارێکی ئەستەمە، بەڵکو تەنها ئەم ژمارەیە بەکاردەهێنرێت تا وێناوی ئەوخۆپیشاندانە بچێتە یادەورەی ئەو کەسانەی کە یادی دەکەنەوە.

کاتێک زمانی گێرانەوە یەکدەگرێت لەگەڵ کۆمەڵێک ڕوداوی مێژووی، لەگەڵ کاتێکی دیاریکراو، بۆ چالاککردنی یادەوەری، ئەوا ئەم ڕوداوە ڕێکەوت نیە، بەڵکو ئامانجدارە. زۆرترین ئامانجی یادەوەریش بریتیە لە ناسنامە. ناسنامە هەستی تاک و کۆمەڵگەیە بە خودی خۆی و بە تێپەڕینی کات پارێزگاری لێدەکات. یادەوەری ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە چەمکەکانی ناسنامە بەجۆرێک خەبات لە پێناو یادەوەری بریتیە لە ململانێ لەپێناو سەلماندنی ناسنامە. لەپێناو ئەوەی ناسنامە توانای خۆڕاگری هەبێت لەبەردەم تێکشکان و ئاڵەنگاری، هەروەها توانای بەرگری هەبێت لە یەکێتی و وابەستەیی کۆمەڵ، پێویستە پەنا بۆ یادەوەری ببرێت و کۆمەڵگە بە لیشاو ڕوو لە ڕابردوو بکات. هەرچەندە ئەم پرۆسەیە هەموو کات سودمەند نابێت بەڵام چوارچێوەیەکی بەرکارە لە دروستکردنی پەیوەندی لەنێوان ناسنامەی سیاسی و یادەوەریدا. هەر بۆیە ئەگەر یادەوەری نەبێت، ناسنامە نیە، ئەگەر ناسنامەش نەبێت، نەتەوە نیە. لەسایەی ململانێ سیاسەکانی سەرەتای سەدەی بیست، ناسنامە هەمیشە

301 Duncan Bell: p9.
302 Ron Eyerman: p8.

لەبەردەم هەڕەشەی نەمان، یان ئاڵەنگاری یان ڕەخنەی بەردەوامدا بووە. ئەوەی ناسنامەی ڕزگار کردووە، یادەوەری بەکۆمەڵ بوو کە جەختی لەسەر ناسنامەی نیشتمانی هاوئاهەنگ دەکات. بۆ نمونە کاتێک ئابڵوقەی سەرشاری لینینگراد توندتر بوو، بەجۆرێک ترسی ڕوخانی یەکێتی سۆڤیەت لەئارادا بوو، ستالین لەبری ناوی کرێکاران، ناوی نەتەوەی سلاڤ وشکۆمەندیەکانی ئەو نەتەوەی هێنایەوە یاد کە چۆن لەمێژودا بەرپەرچی دوژمنی وڵاتیان داوەتەوە. یادەوەری باپیران مەبەستدار بووەو لەپێناو جۆشدانی گیانی بەرگری دژ بە نازیەکان بوو.

ئەم جۆرە لەیادەوەریە کە یادەوەری دەوڵەتە بەکارهێنانی زۆر بوو تا ناوەڕاستی سەدەی بیست، بەڵام ڕۆژ دوای ڕۆژ کەوتە بەر ڕخنە بەجۆرێک ڕەخنە لە یادەوەری دەوڵەت، بووە هۆی سەرهەڵدانی یادەوەری بەرهەڵستکاری کەپشتی بەستبوو بە مێژوو یان ڕابردوویەک کە توانای بەکارهێنای هەبوو لە ململانێی ڕەگەزی وئاینەیەکانی ئێستادا. هەر بۆیە خەبات لە پێناو یادەوەری بەکۆمەڵ بوو بە پرۆژەی سیاسی کە لەپاڵ سیاسەتدا رۆڵی بینی لە پرسی ناسنەمەی نەتەوەو گەلە جیاوازەکان بەناوی مافی چارەنوس یاخود دادپەروەری یان شەرعیەتدان بە سیستەمێکی نوێ لە جیهانی هاوچەرخدا[٣٠٣]. ئەم نمونەیەش لە یوگوسلاڤیا روویدا کاتێک هەریەک لە سرب و کروات و بۆسنیەکان گەڕانەو بۆ یادەوەری بە کۆمەڵ لەپێناو دروستکردنی ناسنامەی ڕەگەزی و ئاینی. لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشدا سەرهەڵدانی دەوڵەتی ئیسلامی لەعێراق وشام (داعش) هەر پەیوەندی بە چالاکبونی یادەوەری بەکۆمەڵی خەلافەتی ئیسلامی سەدەکانی ناوەڕاست بوو کە تیایدا ڕابردوو لە پێناو ئێستادا کرا بە ناسنامە لە چوارچێوەی یادەوەری بە کۆمەڵ و ئەو ڕوداو و بەسەرهاتنانەی کە لەمێژووی خەلافەتی ئیسلامیدا ڕویاندابوو، هەڵبژاردنیان بۆ دەکراو لە ئێستادا چالاکدەکرانەوە.

یادەوەری بەکۆمەڵ تا ئەو کاتە سەلامەت و ئیجابیە کە نەبێت بە تراومای کلتوری، کاتێک بوو بە تراومای کلتوری، ئەوکاتە دەبێتە نەخۆشیەکی دەستەجەمعی کە تیایدا کۆمەڵگە گرفتار دەکات. یادەوەری بەکۆمەڵ پەیوەندی بە تراوما (شۆک)و ناسنامەوە هەیە. جەنگ و کۆمەڵکوژی و تیرۆر و ململانێی

303 Duncan Bell: p11.

ڕەگەزو ئاینی و شۆڕش و ڕاپەڕین، ئالەنگیریەکی کۆمەڵایەتی وا بەرهەم دەهێنێت کە ئەگەر پەرگیری تیادا کرا شۆکێکی گەورە بۆ ئەو کۆمەڵە دروست دەکات کە دەبێتە هۆی گەلاڵەبونی کۆمەڵێک تێگەیشتن و ئینتماو کاری سیاسی لە داهاتودا. تراوما لەلایەن زانستی دەروناسیەوە بۆ تاک بەکاردێت کاتێک تاک توشی زەبرێکی دەرونی یان سۆزداری دەبێت شوێنەواری زەبرەکە چارەسەر ناکرێت و پەردەپۆش دەکرێت و دواتر کاریگەری بەسەر تاکەوە دەمێنێت و بەردەوام و خۆی وێنا دەکاتەوە. بەڵام تروامـا، وەرگێڕاوە بۆ سەر ئاستی کۆمەڵ و تیایدا ئەو زەبرانەی بەر کۆمەڵ دەکەوێت، ئەو زبرە ناسنامەی ئەو کۆمەڵە دیاریدەکات. ئەوەی گرنگە بۆ تراومای کلتوری، کۆمەڵگە هەست بەو زەبرە دەکات لە ڕوداوێکدا کە کاریگەری لەسەر ناسنامەکەی هەبووە، نەک ڕوداوێک کە کارەساتبار بێت. بەواتایەکی تر، کاتێک تاک و کۆمەڵگە، هەست بەوە دەکەن کە توشی زەبری ڕوداوێک بونەتەوە کە شوێنەوارەکەی لاناچێت لە بیرەوەری و هۆشیانداو کاریگەری کردۆتە سەر داهاتویان بە بەردەوامی، ئەو ڕوداوە دەبێتە تراومای کلتوری.

ئەوی بەرچاوە، تراومای کلتوری نەخۆشیەکە نەک بەناو هەموو کۆمەڵگەدا بڵاو دەبێتەوە، بەڵکو بۆ نەوەکانی داهاتوو دەگوازرێتەوە. لەنمونەی تراومای کلتوری، ڕوداوی هۆلۆکۆستە بۆ جولەکەکان، ڕوداوی ١١ی سێپتەمبەرە بۆ ئەمریکیەکان، ڕەشەکوژی کایتینە بۆ پۆڵندیەکان لە ١٩٤١، جیاوازی ڕەگەزییە لای ڕەشپێستەکانی ولایەتە یەکگرتوەکان [٣٠٤].

ئەو کۆمەڵگەیەی کە توشی تراومای کلتوری دەبن، ڕوداوەکان وەبیر خۆیان دەهێننەوە بە بەردەوامی نەک تەنها لە خەوو لە بیرەوەری یادکردنەوەدا بەڵکو لە ڕەفتاریشیاند، بەتایبەت یادەوەری ساتەوەختە ناخۆشەکان چالاک دەکەنەوە و ئاواتەخوازن روداوەکە بگۆرن تا بەجۆرێکی نوێ ڕوبەروی ببنەوە. یادکردنەوەی بەکۆمەڵی هۆلۆکۆست لای جولەکە، پەلی کشاوە بۆ تراومای کلتوری بەجۆرێک دوژمنی جولەکە لە نازی ڕەگەزپەرستەوە گۆڕاوە بۆ عەرەبی فەلەستینی. سەردانی کردنی موفتی فەلەستین بۆ لای هیتلەر لە میانی دووەمین

---

٣٠٤ Duncan Bell: Memory: p31-34.

جەنگی جیهانی، وایکردووە، خەتای هۆلۆکۆست بکرێتە ئەستۆی عەرەب. هەر بۆیە ئەو توندوتیژیەی بەرامبەر جولەکە لە ئەوروپا ئەنجامدراوە، نەوە دوای نەوە جولەکە ئیسرائیلیەکان یادی دەکەنەوەو هەندێک لەو ڕەفتارانەی بەرامبەریان کراوە، بۆتە تراوماو دژ بە عەرەبی فەلەستین دوبارەی دەکەنەوە[٣٠٥]. لە وولایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، کۆمەڵگە ڕەشپێستەکان بە درێژایی مێژوو کە ڕوبەڕووی جیاوازی ڕەگەزی بونەتەوە، لە بەرامبەردا، بونەتە هۆی زۆرترین ئەنجامدەری کاری نایاسای و توندوتیژی لەو وڵاتە، ئەمەش بەرئەنجامی ئەو ستمە ڕەگەزیەیە کەبە درێژای چوار سەدە بەرامبەریان ئەنجامدراوە.

لێرەدا پرسێک دێتە پێشێ، کە ئایا یادی بەکۆمەڵ، تەنها ئەو یادەیە کە دەوڵەت و دەسەڵات سەرپەرشتی دەکات و یاخود یادێکی تریش هەیە؟

سەدەی بیست سەدەی چەسپاندنی سنوری سیاسی و ئایدۆلۆجی دەوڵەتە نەتەوایەتیەکان بوو. ئەرکی دەزگاکانی دەوڵەت بە دامەزراوەی سەربازی و دامەزراوەی مەدەنیشەوە، بریتی بوو لە شکۆداری بۆ دەوڵەت کە تیایدا سەرکردەو حزب و سەرکەوتنە جەنگیەکانی دەوڵەت دەکرا بە بۆنەی تایبەت و بە بەشداری ڕاگەیاندن و دەزگاکانی دەوڵەت یادی بەکۆمەڵی بۆ ڕێکدەخرا. بەڵام هەرچی قوربانیەکان، بەرهەڵستکارەکان، شۆرش و ڕاپەڕینی کەمینەکان، کارەساتە سروشتی و مرۆییەکان لە دەرەوەی گرنگیپێدانی دەوڵەت بوو. ئالێرەدا یادکردنەوەوی بەرهەڵستکاری سەریهەڵدا، کە نەڕاگەیاندن، نەپرۆگرامی خوێندن نەپشوە فەرمیەکانی دەوڵەت گرنگییان پێنەدابوو. لەوانە کوشتنی مارتن لۆسەر کینگ کە سونبلی بەرگریکاری ڕەگەزپەرستی بوو لە ئەمریکا. هەروەها روداوی ڕەشەکوژی کایتین لە پۆڵندا، کودەتای ساڵی ١٩٨٠ لە تورکیا، ڕەشەکوژی شاری حەمما لە سوریا، هەموو ئەم ڕوداوانە لەسەر ئاستی دەوڵەت نا، بەڵکو لەسەر ئاستی کۆمەڵ یادی دەکرایەوەو لە ساڵیادی ئەو ڕوداوانەدا، دەبوو بە

305 K. M. Fierke :Bewitched by the Past: Social Memory, Trauma and International Relations , p124.

باسو خواسی کۆمەڵگە. ئالێرەدا ئەو جۆرە لە یادکردنەوەیە پێیوترا یادەوەری خەڵک یان یادەوەری بەرهەڵستکاری.

ئەم جۆرە لە یادی بەکۆمەڵ جیاوازی لەگەڵ یادەوەری دەوڵەت لەوەدایە، لەجیاتی ئەوەی لەسەرِ را بۆ خوارەوە بسەپێنرێت، ئەم لەپێتی کۆمەڵگەوە بنیاتدەنرێت. ئەم جۆرە گۆشەنیگای خەڵک بۆ مێژوو، لەبەرئەنجامی مەعریفەی دەستەجەمعی خەڵک دروست بووە کە بێبەشە لە نوسینەوەی بیرەوەری و تەریکە لە وێنایەی کە دەوڵەت بۆ یادەوەری خەڵک دروستی کردبوو. خەڵک لای خۆیەو بە شێوازی تایبەتی خۆیان لە کۆڕو کۆبونەوە تایبەتیەکانی خێزان و گەڕەکدا دەیکەنە بابەتی گفتوگۆو لە بیرەوەی نەوە دوای نەوە تۆماری دەکەن و دەچێتە ململانێ لەگەڵ یادەوەری دەوڵەت و دەکەوێتە ململانێی و ڕکەبەری و ڕەخنەگرتن لە یادەوەری دەوڵەت، هەر بۆیە ئەم جۆرە یادەوەریە بە یادەوەری نافەرمیش ناوەدەبرێت، بۆ جیاکردنەوەی لە یادەوەری فەرمی دەوڵەت[٣٠٦].

لەمێژووی کوردستانی باشوردا یادکردنەوەی خەڵکی باو بووە لەوانە، ڕوداوەکانی سەردەمی شێخ مەحمودی حەفید، کۆماری کوردستان لە مهاباد، ڕوداوەکانی سەردەمی مەلا مستەفا بارزانی، ڕەشەکوژی زەعیم سدیق لە سلێمانی لە ١٩٦٣، نسکۆی ١٩٧٥و چەندین ڕوداوی تر، کە جێگەی نەبوو لە یادەوەری دەوڵەتدا، بەڵام بەردەوام لەسەر زمانی خەڵکی لە هاتوچووندا بووە و وەک بەرهەڵستیەکی بە کۆمەڵ دژ بە یادەوەری دەوڵەتی عێراقی لەلایەن خەڵکەوە بەکاریهێنراوە لە پێناو خۆڕاگری و مانەوەی ناسنامەدا.

لەم بەشەدا کە تەرخانکراوە بۆ یادەوەری بەکۆمەڵ، دابەش دەبن بەسەر چەند جۆرێک لە یادەوەری بەکۆمەڵ لەوانە:

1. یادەوەری بەرگری یان بەرهەڵستکاری: جەژنی نەورۆز لە باشوری کوردستان و کوردستانی گەورەدا، بە درێژی سەدەی بیست بۆتە یادەوەری بەرهەڵستکاری لە دژی ئەو دەوڵەتانەی کە کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە. ٢١ی ئازاری هەموو ساڵێک لەگەڵ خۆشی

---

[٣٠٦] لؤي خزعل جدير: الذاكرة التاريخية والثقافة السياسية دراسة نفسية في ديناميا العجز الجمعي في المجتمع العراقي، جامعة كوفة، لبنان، ٢٠١٨

تاکەکانی کۆمەڵگە، پەیامێکی تریشی لەپشتە کە پەیامی یادەوەری بەرگری و بەرهەڵستکارانەیە لەدژی یادەوەری دەوڵەتانی ناوچەکە وەک لەم بەڵگەنامەیەدا هاتووە: ((ئەمڕۆ کە یادی هاوخەمی و تێکۆشانی ڕزگاری چەوساوەکانە لەدەست زوحاکی زۆردارو چنگ خوێنین، نەتەوەی کورد هێشتا لەهەموو پارچەکانی کوردستان بەدەست سیاسەتی شۆڤینیانەو کۆنەپەرستانەی ئەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە دەچەوسێتەوە. لەبری چارەسەری دیموکراسیانەو ئاشتیانەی دۆزی ڕەوای مێژوویەکەی کوردان، بەبەر چاوی دونیاو لەسەردەمی بەناو نەزمی نوێی جیهانی و مافەکانی مرۆڤ و دیموکراسی بە هەزارەها لەڕۆڵەکانی کورد زیندانی دەکرێن و لەسێدارە دەدرێن و ڕادەگوێزرێن و لەسادەترین مافەکانی ژیان بێبەش دەکرێن))[٣٠٧]. لێرەدا ئەوەی جێگەی سەرنجە لە یادەوەری بەرهڵستکاریدا، مەرج نیە بەرهەڵستکاری تەنها بەرهەڵستکاری نەتەوەیی بێت، بەڵکو بەرهەڵستکاری چینایەتی یان ڕەگەزی یان گروپێکی کۆمەڵگە هەر دەچێتە چوارچێوەی یادەوەری بەرهەڵستکاری. هەرچەندە لە یادی ٨ی مارسدا، سەرجەم دەوڵەتەکانی جیهان یادی دەکەنەوە بەمەبەستی خستنەڕووی سیستەمی دەوڵەتەکەیان کە بەرگری لە مافی ژن دەکات، بەڵام ئافرەتانی بەرهەڵستکاری دژ بە نەریت و باو، ٨ی مارس وەک یادێکی بەکۆمەڵ، بە هەل دەزانن بۆ وەستانەوە لە دژی باو. یەکێتی ئافرەتانی زەحمەتکێشانی کوردستان داوای ((دانانی یاسایەک کەڕێگربێت لەبەردەم توندوتیژی دەرهەق بە ئافرەتان)) دەکات[٣٠٨]. یەکێتی ئافرەتانی کوردستان پرسی توندوتیژی دەوروژێنێت و دەنوسێت ((لەهەر ئان و ساتێکدا ئافرەتێک تیرۆر دەکرێت، وەیان بەزۆر دەبرێت بەشوو یان دەکرێت بەقوربانی کێشەی

---

[٣٠٧] بەڵگەنامەی ژمارە (٢٠١): پیرۆزبێت نەورۆز، ڕۆژی ڕابوون و ئاشتی و برایەتی

[٣٠٨] بەڵگەنامەی ژمارە (١٩٠): بەیاننامەیەک بە بۆنەی ٨ی ئازارەوە

سوڵحی عەشایەری، هاوڕەگەزەکانمان قوربانیەکی هەرزانی داب و نەریتی گەندەڵی کۆمەڵگا وسیستەمی باوکسالاری و پرانسیپی ئاینن))[٣٠٩].

2. یادەوەری بەکۆمەڵ لەپێناو ناسنامەدا: ئەم بەڵگەنامانە لە کاتێکدا نوسراوە، کە لەسەروبەندی کۆتایهاتنی شەڕی ناوخۆیە. شەڕی ناوخۆ، ئاڵەنگاری و هەڕەشە بوو بۆ سەر ناسنامەی نەتەوەیی. بۆ نۆژەنکردنەوەی ناسنامەو بۆ دوبارە سەرپێخستنەوەی، بەشێک لە بەڵگەنامەکان کار لەسەر ناسنامەی نەتەوەی دەکەنەوە. لەیادی ڕاپەڕیندا نوسراوە: ((نۆسالّ بەر لە ئێستا و لە مانگی ئازاردا گەلی کوردستان لە ڕاپەڕینێکی مێژووی و کەم وێنەدا و لە ئەنجامی یەکڕیزی جەماوەری خۆڕاگری کوردستان و تەبای لایەنە سیاسیەکان و بوونی بەرەی کوردستانی و یەکگرتووی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، توانی لە ماوەیەکی کەمدا بەشێکی هەرە زۆری خاکی کوردستانی باشور بە شاری کەرکوکیشەوە لە دام و دەزگا داپلۆسێنەرەکانی ڕژێمی داگیرکەرەی عێراق پاک بکاتەوە و پێ بنیتە قۆناغێکی نوێ و گرنگی خەباتی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان))[٣١٠].

3. یادەوەری بەکۆمەڵ و مێژوو: لە یادەوەری بەکۆمەڵدا سود لە مێژوو وەردەگیرێت لەپێناو یادەوەری نەک لە پێناو مێژوودا. بۆ نمونە جەژنی نەورۆز، لە سەرچاوە مێژوویەکان ڕای جیاوازی لەسەرە، بەڵام بۆ کورد بۆتە داستانێکی نەتەوەی و یادێکی بەکۆمەڵ کە بە پشت بەستن بە هەندێک ڕاستی مێژووی، نەتەوە سودی لێوەرگرتووە. ((کاوەی ئاسنگەر یەکێک بوو لەو ڕۆڵە جەربەزەو قارەمانانەی کە کاسەی ئارامی بەرامبەر زوڵم و ستەمکاری (زوحاک) پڕبوو، چیتر نەیتوانی بەرگەی ئازارو چەوسانەوەی نەتەوەکەی بگرێ، بۆیەگڕی ڕقوکینەی لەمێشکی زوحاکدا خامۆشکردو بەلەناوبردنی زوحاک گەلی کوردمان لەمێژوودا پەڕەیەکی پرشنگداری لە ڕزگاری وسەربەخۆیی تۆمار کرد، هەربۆیە ئەمژە ناونرا نەورۆز))[٣١١].بزوتنەوەی موجاهدینی کوردستان لەبارەی

[٣٠٩]بەڵگەنامەی ژمارە (١٩٣): بەرز و پیرۆزبێت ٨ی مارس ڕۆژی جیهانی ژنان.

[٣١٠]بەڵگەنامەی ژمارە (١٨٨): بەرز و پیرۆز بێتساڵیادی ڕاپەڕینە مەزنەکەی گەلەکەمان

[٣١١]بەڵگەنامەی ژمارە (٢٠٠): لەیادی نەورۆز و جەژنەکانی ڕاپەڕیندا

نەورووزەوە نوسیویەتی: ((لەوڕۆژگارەدا (زوحاکی) بابلی هێرشی هێنا ئێرانی داگیرکردوە حکومەتی پێشدادی کوردی دوایی هات لەسەردەمی ئەم زوحاکەدا کەس لەسەرو ماڵیخۆی ئەمین نەبوووە دەستیکرد بەکوشتن و بڕین و بەکارهێنانی زەبرو زەنگ، تەڕووشکی پێکەوە دەسوتاند ،هاواری خەڵکی لێقەوماو دایبەگوێی (کاوە ئاسنگەر)دا کەخۆشی لەهۆزی پێشدادی بوو .کاوەی ئاسنگەر داوای لە (فەرەیدون)ی پێشدادی کرد بەژداری ئەم ڕاپەڕینە بکات، کاوەی ئاسنگەر لەیەکەم ڕۆژی نەورۆزدا دەستیگرت بەسەر بارەگای زوحاکی خوێنڕێژدا و تەخت و بەختی هەڵوەشاند، ئەو ڕۆژە کەزوحاک لەناوبرا بووبە ڕۆژی نەورۆزو لەئاویستەدا ئەم بەسەرهاتە نوسراوەتەوە))[٣١٢].

4. یادەوەری و تراومای کلتوری: کاتێک باس لە ڕەشەکوژی هەڵەبجە و ئەنفال دەکرێت لە بەڵگەنامەکاندا، تراومای کلتوری ڕوون و ئاشکرا دەردەکەوێت. لەبەڵگەکاندا، هەڵەبجە و ئەنفاڵ، بە کارەسات، زام، برین و چەندین چەمکی تر بەکار هاتووە کە ئاماژەیە بۆ ڕێژەی ئەو ئازارەی بەر کۆمەڵگە کەوتووە. هاوکات دوو پرسی تر تێکەڵ بە ئەم یادە کراوە کە دەچێتە خانەی تراومای کلتوری، ئەویش پرسی ناسنامە و پرسی کاردانەوە. لە یادی هەڵەبجە و ئەنفالدا، ئەو ڕوداوە بەستراوەتەوە بە پرۆسەی ئاشتی و کۆتایهێنان بە شەڕی ناوخۆ، لەپێناو ناسنامەیەکی نوێ بە قۆناغی دوای شەڕی نەوخۆ. ((پێویستە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان و کۆمەڵانی خەڵکەکەی کەڵک لەم کارەساتە وەرگرن و بیکەنە کەرەستەیەکی گرنگی وەبەرهەمهێنان (استعمار)ی سیاسی تاوەکو وەچەرخانێکی بابەتی و ئیجابی بەسەر ڕەوشی کورددا بێت وەکو چۆن ژاپۆن کەڵکی لە کارەساتی کیمیاباران کردنی هێرۆشیماو ناکازاکی وەرگرت و وەچەرخانێکی سیاسی و ئابوری و تەکنەلۆژی و کۆمەڵایەتی بەسەرخۆیدا هێنا))[٣١٣].

---

[٣١٢]بەڵگەنامەی ژمارە (٢٠٢): جەژنی نەورۆزتان پیرۆزبێت

[٣١٣]بەڵگەنامەی ژمارە (١٩٤): هەڵەبجە لەیاد ناکەین

## بەڵگەنامەی ژمارە (١٧٧)

## بۆ بەڕێز/ هاوڕێ حەمە شوان

بەمەبەستی پتەوکردنی روحی برایەتی نێوان ڕۆشنبیرانی کورد بۆ زێدە پتەوکردنی زەمینەیەکی ئەوتۆ کە سبەی ڕۆژی دوای ئەم جەنگە نەگریسە دێتەدی و پێویستە قەڵەم لە بری تفەنگ، بنبەری گفتوگۆی سیاسی و بزاڤی دیبلۆماسی لە بری سەنگەر، ئاشتی لە بری شەڕ وەک دیاردەیەکی شارستانی و پێویستییەکی گرنگی ئەمڕۆی دنیای تازە پیادەبکەین، هەر لەم ڕوانگەیەوە لیژنەی باڵای کۆڕی ڕۆشنبیری کورد بانگتان دەکات بۆ مونازەرەیەکی سەربەستانە بۆ ئەوەی لە نزیکەوە و بەڕوحێکی کورد ویستنەوە تیشک بخاتە سەر هەندێ بابەت و کێشەی هەنوکەی پەیوەست بە:

١- ئەمڕۆی ڕوناکبیری کورد چۆن دەبینن؟

٢- شەڕی ناوخۆ چ کارێکی کردۆتە سەر ئاستی ڕووناکبیری کورد؟

٣- وەڵامدانەوەی حزبەکانی کوردستان بەرامبەر بە گەشەسەندنی ڕووناکبیری چی بوو؟ لەدوای ڕاپەڕینەوە تا ئێستا.

٤- چۆن ڕووناکبیری کورد بەرەوپێشەوە دەچێ و لە قۆناغی پاشەکشە یا وەستاو دەربازی دەبێ؟

لێپرسراوی لیژنەی باڵای
کۆڕی ڕۆشنبیری کورد

*ئومێدە خوازین ڕۆشنبیران لەڕۆژی (یەکشەمە) ڕێکەوتی ١٩٩٧/٤/٢٧ کاتژمێر (٤)ی پاش نیوەڕۆ .. لە هۆڵی (کتێبخانەی گشتی).

*بۆ گشت کەناڵە تەلەفیزیۆنەکان و ڕۆژنامەکان و ئێزگەکانی کوردستان تکایە بڵاوکردنەوە لە کات و شوێنی خۆیدا ئامادەبن بۆ تۆمارکردنی.

## بەڵگەنامەی ژمارە (١٧٨)

## بۆ/هاوڕێیانی مەکتەبی سیاسی حزبی شیوعی عێراقی

## بەڕێز

کرێکاران و زەحمەتکێشان، لەخەباتی ڕەوای خۆیاندا، بۆ شکاندنی کۆت و زنجیرەکانی چەوساندەوە و ژێردەستی، توشی سەدان کۆسپ و نەهامەتی دەبن، لەمیانی ململانێکەشدا بە سەدان هەزاریان لێ دەبێتە بڵێسەی سووری ڕووناک کردنەوەی ڕێگای تاریکی زۆرداری و گیان لەسەردەستانە بەوپەڕی قارەمانێتی گیانی خۆی لەپێناو ڕێگای سەرفرازی چەوساوەکان بەخت دەکات.

شیوعیەکانی عێراقیش نمونەیەکن لەو هەزاران کۆمۆنیستەی بۆ سەرفرازی و کۆمەڵگای سۆسیالیستی گیانیان بەخت کردووە، لەمێژووی دورودرێژیشیان، هیچکات لەقوربانیدان و خۆبەختکردن درێغیان نەکردووە، بۆیەش ئێمە لەحزبی زەحمەتکێشانی کوردستان سەرفرازین کە لە١٤ی شوبات(ڕۆژی شەهیدانی شیوعی[٣١٤]) بەژداری ئەو ڕێوڕەسمەی هاوڕێیانی حزبی شیوعی بین، سەری ڕێز بۆ سەرجەم شەهیدانی ڕێگای ڕەچەشکاندنی دیلێتی و ژێردەستەیی دانەوێنین، لەو یادەش با شەهیدان ئارام بنون، چونکە سەرەڕای هەموو گۆڕانکاریەکان، دیسانەوە ڕێگای سۆسیالیزم و ڕێبازی کرێکار و زەحمەتکێشان، تاقە ڕێگا و ڕێبازی ڕزگارکردنی هەموو مرۆڤایەتیە.

م. س

حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان

١٩٩٨/٢/١٤

---

[٣١٤] هەموو ساڵێک لە ٢/١٤ حزبی شیوعی کوردستان و عێراق یادی شەهیدانیان دەکەنەوە و بەڕۆژی شەهیدانی حزبی شیوعی دادەنرێت، دیاری کردنی ئەم ڕۆژە دەگەڕیتەوە بۆ ١٩٤٩/٢/١٤ کە دامەزرێنەرو سکرتیری لیژنەی ناوەندی حیزبی شیوعی (هاوڕی فەهد) لە لایەن ڕژێمی پادشایەتیەوە لە عیراق لە سێدارەدرا، هەر ڕۆژێک دوای لە سێدارەدانی فەهد، دوو هاوڕێی لەمەکتەبی سیاسی بەناوی حازم و سارم لە سیدارەداران، کە شیوعیەکان وەک سیمبولی بەرگری لە حزب و بیروباوەڕ لەم سێ کەسە ئەڕوانن.

## بەڵگەنامەی ژمارە (١٧٩)

## بۆ/کۆمیتەی پارێزگای سلێمانی - حزبی شیوعی کوردستان

سڵاوێکی شۆڕشگێڕانەی گەرم

هاوڕێیانی بەڕێز

بەبۆنەی یادکردنەوەی ڕۆژی شەهیدی شیوعی بەناوی هەموو ئەندام و دۆست و لایەنگرانی پارتمانەوە ((پارتی کاری سەربەخۆی کوردستان)) سەری ڕێز و نەوازش بۆ سەرجەم شەهیدانی حزبە تێکۆشەرەکەتان دادەنەوێنین، ئەو حزبەی کە لەڕۆژی دامەزراندنیەوە قوتابخانەیەک بووە بۆ خۆبەختکردن و گیانبازی و بەرەنگاربوونەوەی چەوساندنەوەو نایەکسانی. ئەو ژمارە زۆرە لەشەهیدانی حزبەکەتان کە سەرکردەکانی لەڕیزی هەرە پێشەوەیان بوون گەواهی و بەڵگەی ڕاست و دروستی قسەکانمانن.

ئێمە لەپارتی کاری سەربەخۆی کوردستان ئەم یادە پیرۆزە بە هەل دەزانین کە جارێکی تر بەخت لەسەر پەیوەندی توندوتۆڵی نێوانمان بکەینەوە و هەوڵی بەرەوپێشچوون و برەوپێدانی بکەین بە شێوەیەک کە لەخزمەتی زیاتری کێشەی ڕەوای میللەتە زەحمەتکێشەکەمان بێت.

هەروەها ئومێدی بەردەوامی بۆ هەوڵ و کۆششەکانی هەردوولاو حزبە کوردستانیەکانی تر دەکەین بۆ گەیشتن بە ئاشتیەکی سەرتاسەری لەکوردستاندا بە مەبەستی پاراستنی ئەوەی ماوە لەدەستکەوتەکانی میللەتەکەمان و یەکبونی گوتاری سیاسی کوردی، ئەو ئاشتیەی کە ئێستاکە ئاسۆکانی بەدەرکەوتوون میللەتەکەمان لەهەموو کاتێک زیاتر پێویستی پێیەتی و بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی دەکات.

نەمری و سەربەرزی بۆ شەهیدانی ڕێگای ئازادی و سەرفرازی

سەرکەوێ ئیرادەی ئاشتی لەکوردستان

ناوەندی سلێمانی و کەرکوک

پارتی کاری سەربەخۆی کوردستان

١٩٩٨/٢/١٤

## بەڵگەنامەی ژمارە (١٨٠)

## بەڕێز حیزبی شیوعی کوردستان

لەیادی ڕۆژی شەهیدانی حیزبە تێکۆشەرەکەتاندا (حزبی شیوعی)، بە ناوی کۆمیتەی باڵاو هەموو کادرو ئەندامانی بزوتنەوەی دیموکراسیخوازانەوە، لەناخەوە بەشداری ئەم ڕۆژە پڕ شکۆیەتان دەکەین. هیواداین خوێنی شەهیدانی شیوعی و سەرجەم شەهیدانی گەلەکەمان ببێتە هاندەرێک بۆ زیاد درێژەدان بە خەبات لەپێناو بەرقەراربوونی ئاشتی و چەسپاندنی دیموکراسی لەعێراقێکی فیدراڵدا.

نەمری و سەربەرزی بۆ شەهیدانی شیوعی و سەرجەم شەهیدانی ڕێگەی ئازادی گەلەکەمان.

کۆمیتەی باڵا
بزوتنەوەی دیموکراسیخوازان
١٩٩٨/٢/١٤

## بەڵگەنامەی ژمارە (١٨١)
## بۆ بەڕێز سکرتێری حیزبی شیوعی کوردستان هاوڕێ کەریم ئەحمەد
## بەڕێزان ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی حیزبی شیوعی کوردستان.

سڵاوێکی شۆڕشگێڕانە: بۆ یادی ڕۆژی شەهیدی شیوعی

لەم ڕۆژەدا گیانی یەکبونی شەهیدانی کوردو مرۆڤایەتی یەکدەگرن و سەرمایەی هەرە گەورەی گەلانی دونیا لە قۆناغی شۆڕشدا شەهیدن وەکو ڕابەرێکی مادی و مەعنەوی پێشکەشی قافڵەی شۆڕش دەکەن و بەوپەڕی لەخۆبردن و بە باوڕێکی بێ پایان بەژداری دەکەن، لەم ڕۆژەدا لەیادی ڕۆژی شەهیدی شیوعیدا ئامانج و خەبات و قوربانیدانی ئەو شەهیدانەمان لەئەستۆدایەو تێکڕا هێزە نیشتیمان پەروەرەکان و لایەنە سیاسیەکان، بە بەرپرسیارێتیەکی مەزنەوە لەم شەهید بوون و قوربانی دانە بڕوانن و ڕێگە و خەباتی ئەم شەهیدانە بەردەوام بکەن، لەم پێناوەدا نەک تەنیا بۆ گەلی کورد بەڵکو بۆ تەواوی مرۆڤایەتی، لەبەر ئەوە سۆزی ئێمە لەڕۆژێکی وەک ئەمڕۆدا بەرامبەر پیلانەکانی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستانی ناوخۆ لەهەر ڕۆژ پتەوتر دەبێت، بە باوڕێکی پۆڵاینەوە سەنگەری خەبات و تێکۆشان بەردەوام دەکەین، لەم ڕۆژەشدا سەری ڕێز و نەوازش بۆ تەواوی گەلی کورد و مرۆڤایەتی دادەنوێنین.

یەکێتی نەتەوەی دیموکراتی کوردستان

١٩٩٨/٢/١٤

## بەڵگەنامەی ژمارە (١٨٢)

## بۆ مەراسیمی یادی شەهیدی شیوعی عێراق....

## هاوڕێیانی بەڕێز لەحزبی شیوعی کوردستان، ئامادەبوانی ئازیز...

ئەگەر چاوێکی خێرا بە مێژووی عێراقی هاوچەرخدا بگێرین ئەوا نابێت و ناکرێت مێژووی لەخوێن شەلاڵی حزبە تێکۆشەرەکەتان وەلا بنرێت، بەڵکو دوو مێژووی ئاوێتە بەیەکن، ڕۆڵی حزبەکەتان بە ئاستی گەشەسەندنی سەرخانی کۆمەڵگای عێراقەوە ئاشکراو دیارە. لەلایەکی ترەوە حزبی شیوعی وەکو حزبێکی نیشتیمانی و دیموکراتی هەمیشە لەڕیزی پێشەوەی سەنگەری خەباتدا بووە دژ بە چاوچنۆکی بیانی و ڕژێمە دیکتاتۆرەکانی عێراقەو لەم پێناوەدا دڵسۆزترین لەڕۆڵەکانی عێراق لەقوتابخانە شۆڕشگێڕیەکەی حزبەکەتاندا فیداکاری و گیانبازی کردووە لەپێناو بەها مرۆییەکانی خەڵکی عێراقدا بەکوردو عەرەب و تورکمان و کلدۆئاشورەوە کە هاوڕێ(فهد)ی ڕابەر و بلیمەت سەرمەشقی ئەو شەهیدانەیە.

بەڕێزان.... ١٤ی شباطی هەموو ساڵێک کە شیوعیەکانی عێراق و کوردستان یادی گیانبازە شیوعیەکان دەکەنەوە سوربوونی خۆیان لەسەر ئەو ڕێبازە نیشان دەدەن، هیوادارین زیاتر ئەوە لەبەر چاو بگیرێت کە ئەم یادە هاوکاتە لەگەڵ ئەو دەرفەتە زێرینەی کە بۆ ئاشتی و کۆتای هێنان بە شەڕی خۆبەخۆی کوردستان ڕەخساوە کە هەر لەسەرتاوە حزبەکەتان لەهەوڵی بنبڕکردنیدا بووە، هیوادارین خەباتی هەموو لایەک ئاوێتە بکرێت لەپێناو کۆتای هێنان بە مۆتەکەی شەڕو بەرجەستەکردنی ئاشتی هەمیشەی لەکوردستاندا تا ببێتە پێگەیەکی بەهێز بۆ بنیاتنانی عێراقێکی دیموکراتی فیدراڵی.

- نەمری بۆ شەهیدانی گەل
- بژی ئاشتی و تەبای و پێکەوە ژیان

بزوتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان

لیژنەی کەرکوک و سلێمانی

١٤ - شباط – ١٩٩٨

## بەڵگەنامەی ژمارە(١٨٣)

## بۆ حزبی شیوعی کوردستان - کۆمیتەی پارێزگای سلێمانی

بەناوی خۆمانو گشت ئەندامانی سەندیکاکانی کرێکارانو پیشەوەرانی سلێمانیەوە پشتیوانی خۆمان بۆ تێکۆشانی حزبەکەتان دەکەین کە لە بزوتنەوەی ئازادیخوازی گەلی عێراق بەگشتی و گەلی کوردستان بە تایبەتی دەوری بەرچاویان هەبووە .

بەبەخشینی گیانی هەزاران سەرکردە و کادیرو پێشمەرگە، هەرلە دەسەڵاتی پاشاییەوە تا ئێستا و بوونەتە چرای ڕووناکەرەوەی ڕێگای خەباتی چینایەتی و ئازادی گەلەکەمان .

هیوادارین بەردەوامبن لە تێکۆشان و خەبات تا ڕۆژی ئازادییەکجارەکی دێتە دی بۆ گشت گەلانی وولاتەکەمان بۆ ئەوەی لە سایەیدا کرێکاران ئاسودە بژین

سەندیکاکانی کرێکاران و پیشەوەران

پارێزگای سلێمانی

١٩٩٨/٢/١٤

## **بەڵگەنامەی ژمارە (١٨٤)**

## **حزبی شویعی خۆشەویست**

سڵاوی خەباتو وەرزشی...

بابەت/ یادیرۆژی شەهید

بەناوی دەستەی بەڕێوبەران و هەموو ئەندامانییانەی وەرزشی سلێمانیەوە، لەیادی ساڵڕۆژی شەهیدی حزبی شویعی دا سەریرێزو نەوازش دادەنەوێنین، کاروانی شەهیدانی حزبی شویعی بەکاروانرێی خەباتی نەتەوایەتی و چینایەتی و نیشتیمان پەروەری ئەزانین.

ڕێزو سڵاوو خۆشەویستیمان دووبارە دەکەینەوە .

دەستەی بەڕێوبەرانی یانەی وەرزشی سلێمانی

١٩٩٨/٢/١٤

# بەڵگەنامەی ژمارە (١٨٥)
## پیرۆزبێت یادی پرشکۆی ڕاپەڕین

جەماوەری کوردستان

بەر لەحەوت ساڵ و لەڕۆژێکی وەک ئەمرۆدا ڕقی تۆڵەسێنی چەند ساڵەی گەلی کورد گەیشتە لوتکەو دەسەڵاتی ڕژێمی بەعسی لەڕەگ و ڕیشەوە هەڵتەکاند، ئەو ڕژێمەی کە چەندین ساڵ بوو بە پیلانە یەک لەدوای یەکەکانی تعریب و تبعیث و ڕاگواستن و ئەنفال و کیمیاباران، هەوڵی نەهێشتنی هەستی نەتەوایەتی و لەناوبردنی ڕۆڵەکانی گەلەکەمانی دەدا.

سەرەڕای هەموو ئەو پیلانە دوژمنکاریانەی ڕژێم بەرامبەر گەلەکەمان، نەک هەر نیازو مەرامەکانی دوژمنی نەپێکا بەڵکو زیاتر ڕقی پیرۆزی گەلەکەمانی توندترکرد، ئەوەبوو لەبەهاری ١٩٩١ دا گەلی کورد تێکڕا ڕووبەڕووی هەموو دامودەزگاکانی ڕژێم بونەوەو گەیشتنە خواستە ڕەواکانی ئازادی و دامەزراندنی حکومەتی کوردی. بۆیە لەگەڵ یادکرنەوەی ئەم ڕۆژەدا جێیخۆیەتی خۆزگەی پاراستنی دەستکەوتەکانی ڕاپەرین بخوازین، ئەو دەستکەوتانەی بەخوێنی هەزاران ڕۆڵەی گەلەکەمان بەدەست هێنراوە.

بەرزو پیرۆزبێت یادی شەهیدانی ڕاپەڕین

سەرکەوتوبێت خەباتی ڕەوای گەلی کورد

یەکێتی ژنانی کوردستان

١٩٩٨/٣/٥

# بەڵگەنامەی ژمارە (١٨٦)

## پرۆسەی هاوکاری

## یادی ڕاپەرین پیرۆز دەکات

ئەمڕۆ ٩ ساڵ تێپەردەبێت بەسەرڕاپەرینە مەزنەکەی بەهاری ساڵی ١٩٩١. لەدەروازەی شاری ڕانیە لە١٩٩١/٣/٥ بڵێسەی سەندو هەموو گوندو شارو شارۆچکەکانی کوردستانی گرتەوە، بەشاری کەرکوکی کوردانیشەوە، بەم بۆنە پیرۆزەوە گەورەترین و جوانترین پیرۆزبای ئاراستەی جەماوەری گەلەکەمان دەکەین، یەک دەنگی و یەکڕیزی گەلەکەمان سەلماندی لەڕاپەریندا بە هەموو چین و توێژەکانیەوە دەتوانێ دەستکەوتەکانی گەلەکەمان بەدەست بێنێت.

هەرچەندە زوڵم و ستەم زیاتربێت و دوژمن بە ئاگر و ئاسن وەڵامی داخوازی و مافەڕەواکانی میللەتانی بندەست بداتەوە، ئەوەندە گیانی فیداکاری و خۆڕاگری و تێکۆشان زیاتر دەبێت، بە درێژایی سەدەی ڕابردوو گەلەکەمان تووشی ئازارو ئەشکەنجەو دەربەدەری و ڕاگواستن لەزێدی باب و باپیرانی بۆتەوە.

حوکمەتە یەک لەدوای یەکەکانی ڕژێمی عێراق هەمیشە پەرەیان بە ڕاگواستن و تەعریب داوە، شۆفێنی بەعس سیاسەتی زەوی سوتاوی لەکوردستان پەیڕەو دەکرد، بە چەکی کیمیاوی و قەدەغە کراوی نێودەوڵەتی بۆردومانی شاری هەڵەبجەی کرد، ئەمەش گەورەترین کارەساتی مرۆی لێکەوتەوە. ئینجا هەڵمەتی ئەنفال دەستی پێکرد کە ستراتیژی بەعس لەم هەڵمەتەدا جینۆسایدو لەڕیشەهەڵکەندنی گەلی کورد بوو، ڕووخانی هەموو گوندو شارو شارۆچکەکانی کوردستان، ئەمەش بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردو مەشخەڵی خەباتی بەهێزو گەشتر بوو تا ڕاپەرین سوپای داگیرکەری لەکوردستان بە جارێ ڕاماڵی.

دەستکەوتەکانی ڕاپەڕین، پەڕلەمان و حکومەتی فیدڕاڵی لێکەوتەوە، ئەم حکومەتەش بووە جێی متمانەی جەماوەری گەلەکەمان و دۆستەکانمان، بەڵام بەداخەوە شەڕی ناوخۆ کە لەساڵی ١٩٩٤ هەڵگیرسا بووە هۆی لەدەستدانی

متمانەی دۆستەکانمان و لەناوخۆشدا گەلەکەمانی ڕاچەڵەکاند، هیواو ئومێدەکانی بەرەو مەترسی و هەڵدێر برد. تا ئێستاش هەنگاوی عەمەلی و پراکتیک هەڵنەهێنراوە بۆ چارەسەری ڕیشەی شەڕی ناوخۆ تا کۆتایی بەو مەرگەساتە بهێنرێت.

یادی ڕاپەرین ڕۆژێکی پڕشنگدارە لەمێژووی گەلەکەماندا و بەخاڵی وەچەرخان دەژمێررێت لەمێژووی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستاندا، هیواخوازین لەم یادە پیرۆزەدا کۆتای بەم بارودۆخە نائاسایە بهێنرێت و هەرچەندە نزیکە دووساڵ تێپەردەبێت بەسەر ڕێکەوتنامەی (واشنتۆن) و خاڵە سەرەکی و گرنگەکانی جێبەجێ نەکراوە، تا ئاشتیەکی هەمیشەیی سەرتاسەری عادیلانە نەیەتە ئاراوە و یەک حکومەت و یەک ئیدارەی یەکگرتوو دروست نەبێت کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دڵنیا نابن و گیانی شەهیدەکان ئاسوودە نابێت.

نەمری و سەربەرزی بۆ شەهیدانی ڕاپەرین و سەجەم شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کوردستان....

حزبی ڕزگاری کوردستان
یەکێتی نەتەوەی دیموکراتی کوردستان
٢٠٠٠/٣/٥

## بەڵگەنامەی ژمارە (١٨٧)
## بەیاننامەی مەکتەبی سیاسی حزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان

خەڵکی شۆڕشگێڕی کوردستان
پێشمەرگە دلێر و نەبەزەکان...

میللەتی کورد وەکو هەر میللەتێکی تری سەرگۆی ئەم زەوییە خەبات بۆ پێکەوە ژیان و ئاشتی مرۆڤایەتی ئەکات شان بە شانی گەلانی جیهان.. بەڵام ژێر دەستەی و زەبروزەنگی داگیرکەران هەردەم گەلەکەمانی بەرەو ئاقارێکی دژوار بردووە بۆ داخوازیە ڕەواکانی هەمیشە لەلایەن دوژمنانەوە بە ئاگرو ئاسن وەڵام دراوەتەوە.. خەباتی ڕەوای شۆڕشگێڕانەی گەلەکەمان بەدرێژای مێژوو بە تایبەتیش شۆڕشی نوێی گەلەکەمان وەچەرخانێکی گرنگ و مێژووی هێناوەتە ئاراوە، وە لەپاش شەڕی دووەمی کەنداو، گۆڕانێکی سیاسی و ئابوری و لەبەریەک هەڵوەشانەوەی باری سەربازی عێراق بە هەوڵ و کۆششی بەرەی کوردستانی، جەماوەری تینوی ئازادی و خەڵکە تێکۆشەرەکەی گەلەکەمان خۆی بۆ ڕاپەرین ئامادەکردو بە ڕێنمای بەرەی کوردستانی و حزبە کوردستانیەکان و دانانی بەرنامەیەکی لەبارو سەرکەوتوو گونجاو بۆ ئەوە بارودۆخەو پێکهێنانی ڕایەڵەیەکی پتەو لەنێوان گەلە خۆڕاگرەکەمان و پێشمەرگەدا لەڕێکەوتی ٥/ئازاری/١٩٩١ چەخماخەی ئاگری ڕاپەڕین داگیرکەرانی ڕاماڵی و بورکانێکی بەهێز بوو بۆ ڕووبەڕوو بونەوە و لەدەست پێکی ئەو ڕاپەڕینە مەزنەدا شاری ڕانیەی دەروازەی ڕاپەڕین ئازادکراو پێشمەرگەو جەماوەر ئاوێتەی یەکتربوون، مەفرەزە پارتیزانەکانی سۆسیالیست هەر لەبناری کێوە ڕەشەوە گەیشتە ناوشاری ڕانیەو پاشان بۆ شارۆچکەی حاجیئاوا چوارقوڕنە، دواتر پێشمەرگەو جەماوەر بە گیانێکی شۆڕشگێڕانەوە هێزەکانی داگیرکەرانیان شکست پێهێناو شاڵاوی ڕاپەرین بەهێز بوو، لەپاشاندا ئۆردوگاکانی باینجانو بازیان ئازادکراو لەبەرواری ١٩٩١/٧/٣ شاری هەڵمەت و قوربانی شاری سلێمانی ئازادکرا، دوا بەدوای ئەوەش شارەکانی هەولێرو دهۆک و بەشێک لەشاری خانەقینی سەربڵندو

زۆربەی هەرە زۆری شارۆچکەکانی کوردستان و دواتر لەبەرواری ٢٠ی ئازاردا ئاگری نەورۆزی ئەو ساڵە لەناوجەرگەی شاری گڕو کڵپە.. شاری پڕ گەوهەری کوردان پیرۆزکراو باباگوڕگوڕ شێرە کوڕانی لەئامێز گرت.

ئەو سەرکەوتنە یەک لەدوای یەکەو ئەو بەهانا چوونەوەیەی نێوان جەماوەرو بەرەی کوردستانی گڕوتینێکی بە گیانی کوردایەتی دایەوەو متمانەی بە هەردوولا بەخشی لەپێناوی جۆشدانەوەی خەباتی کوردان سەلماندیان بۆ هەموو لایەک کە هەر کات بخوازن هەوڵی گشتگیری دەدەن بۆ ئەو ئامانجەش خەبات درێژە پێدەدەن و قوربانی زیاتریش دەدەن، لەدەستکەوتە مەزنەکانی پاش ڕاپەڕین دامەزراندنی پەڕلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان و بوژاندنەوەو ئاوەدانکردنەوەی کوردستان بوو دور لەزۆرو ستەمی داگیرکەران، جگە لەسەرکەوتنی سیاسی و سەربازی و بۆ گەلەکەمان، پشتیوانیەکی گەورەش بۆ گەلەکەمان هاتە ئاراوە لەلایەن دۆستانی گەلی کورد لەجیهاندا.

جێگای داخە کە شەڕی ناوخۆ دەستکەوتەکانی گەلەکەمانی لاواز کردو پەڕلەمان و حکومەتی دوو کەرتکرد و هەرێمی کوردستان بۆ دوو هەرێم دابەشکرا تاکو سەرەنجام پەنا بۆ زۆر هەوڵی دژوارو کاریگەر نرا.. سەرەڕای هەوڵی چەند لایەنی دەرەکی و ناوەکی خێرخواز بۆ گەڕانەوەی ئاشتی و پێکەوە ژیانی سیاسیانە و جێبەجێکردنی ڕێکەوتننامە گرنگەکان لەناویاندا ڕێکەوتننامەی مێژووی واشنتۆن کە دەستکەوتێکی گەورەی مێژووی بوو.. ئێستاش گەلەکەمان لەپاش نۆساڵ لەئازادی دوای ڕاپەڕین و چونە نێو سەدەیەکی نوێ لەمێژوودا کە پێویستە وردتر بڕوانێتە هەل و مەرجە تایبەتیەکان وجدیانەتر هەنگاوبنێ، کێشە ناوخۆییەکان چارەسەرێکی لۆژیکیانەی پێویستە لەپاڵ گیانی لەخۆبردووی بۆ ئاشتیەکی سەرتاسەریانە.

ئێمە وە حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان هیوادارین کە هەموو لایەک هەست بەلێپرسینەوە بکات لەئاستی پاشە ڕۆژی دۆزی ڕەوای گەلەکەمان و گرنگی بدەن بە دەستکەوتی پیرۆزی ڕاپەرین و قوربانی و کۆششەکانی چەندین ساڵەی گەلەکەمان و خوێنی گەشی شەهیدە نەمرەکان بە فیڕۆ نەدەن، وە گشت هەوڵەکانیان لەپێناوی چارەسەرکردنی گرفتەکان بێت و

ئارامی و ئاشتی بگەڕێتەوە بۆ هەرێمەکەمان و بایەخ بە ئاوەدانکردنەوەو پیرۆزی تەمەنی ڕاپەڕین بدەن، با ئامانجمان ئامانجی پیرۆزی جەماوەر بێت و قوربانیەکانی چەندین ساڵەی گەلەکەمان لەیاد نەکەین.

* سڵاو بۆ یادەوەری ڕاپەڕین
* درود بۆ گیانی بەرزەفڕی شەهیدانی کورد و کوردستان
* پیرۆزبێت یادی نۆهەمین ساڵڕۆژی ڕاپەڕینە مەزنەکەی گەلەکەمان

مەکتەبی سیاسی

حزبی سۆسیالستی دیموکراتی کوردستان

٢٠٠٠/٣/٥

## بەڵگەنامەی ژمارە (١٨٨)

## بەرز و پیرۆز بێت ساڵیادی ڕاپەڕینە مەزنەکەی گەلەکەمان

جەماوەری خۆڕاگری کوردستان

نۆساڵ بەر لە ئێستا و لە مانگی ئازاردا گەلی کوردستان لە ڕاپەڕینێکی مێژووی و کەم وێنەدا و لە ئەنجامی یەکڕیزی جەماوەری خۆڕاگری کوردستان و تەبای لایەنە سیاسیەکان و بوونی بەرەی کوردستانی و یەکگرتووی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، توانی لە ماوەیەکی کەمدا بەشێکی هەرە زۆری خاکی کوردستانی باشور بە شاری کەرکوکیشەوە لە دام و دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی ڕژێمی داگیرکەرەی عێراق پاک بکاتەوە و پێ بنیتە قۆناغێکی نوێو گرنگی خەباتی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان. لەم یادەدا سڵاو و پیرۆزبای گەرمی خۆمان ئاراستەی جەماوەری خۆڕاگری گەلەکەمان دەکەین و سەری ڕیز و نەوازشیش بۆ شەهیدانی ڕاپەرین و سەرجەم شەهیدانی کوردستان نەوی دەکەین و پەیمان تازە دەکەینەوە کە درێژە پێدەری کاروانە شکۆدارەکەیان بین.

جەماوەری ئازادیخوازی گەلەکەمان

وەک لای هەموان ئاشکرایە لە ئاکامی چەند هۆکارێکی هەرێمایەتی و دەرەکی راپەڕینی گەلەمان دووچاری پاشەکشە و نسکویەکی کاتی هات و بۆ ڕەتکردنەوەی گەڕانەوەی دەسەڵاتی دیکتاتۆریانەی ڕژێمی بەعس گەلی کوردستان کۆڕەوێکی میلیۆنی بەرەو سنورەکان دەست پێکرد کە بووە هۆی گیان لەدەستدانی سەدان ڕۆڵەکانی و ڕای گشتی جیهان بەشێوەیەک وروژا کە ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی ناچارکرد بۆ پاراستی گەلانی عێراق بەگشتی و گەلی کوردستان بە تایبەتی بریاری ژمارە ٦٨٨ دەربکات و ناوچەیەکی ئارام لە سەروی هێڵی ٣٦ دابمەزرێنێ کە ئێستاش بەردەوامە

جەماوەری بەشەرەفی کوردستان

ڕاپەرینی ساڵی ١٩٩١ سەرکەوتنی بەدەستهێنا چونکە گەلەکەمان بەیەک ئیرادە بەرەنگاری دوژمن بووەوە،، بۆیە دەکرا لە ماوەی نۆ ساڵی ڕابردودا ئەو

یەکڕیزی و یەکدەنگیەی گەلەکەمان پتەوتر بکرابایە و دەستکەوتەکانی ڕاپەڕین زیاتر بچەسپێنرایە و بە دەستکەوتی تر دەوڵەمەند بکرایە.

بەڵام مخابن لە ئەنجامی ململانێی خوێناوی ناوخۆ هەلێکی مێژووی و زێڕین لە کیس گەلەکەمان درا و ئەزمون و دەستکەوتەکانی ڕاپەڕینی گەلەکەمانی خستە ژێر مەترسی لە ناوچوونەوە. بەڵام بە هاوکاری حیزب و ڕێکخراوە نیشتیمان پەروەرەکانی کوردستان و کەسایەتیە ئاشتیخواز و دۆستانی گەلەکەمان توانرا ئەو مەترسیە لە ئاستێکدا ڕابگیرێت و بەرئەنجامی ئەمەش ڕێکەوتننامەی واشنتۆنی لێ کەوتەوە. کە جارێکی تر هیوای خستەوە نێو جەماوەر و ئومێدێکی نوێی پێبەخشیەوە.

جەماوەری ئاشتی پەروەری کوردستان

لە کاتێکدا یادی ڕاپەڕینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ی کوردستانی باشور دەکەینەوە کە نزیکەی دووساڵ بەسەر مۆرکردنی ڕێککەوتنامەی مێژووی واشنتۆن تێدەپەڕێت کەچی پرۆسەی جێبەجێکردنی بەندەکانی زۆر بە سستی بەڕێوە دەچێت و هەنگاوی عەمەلی و کاریگەر نەنراوە بۆ بنەبڕکردنی یەکجاری شەڕ و بەرقەرارڕبوونی ئاشتیەکی سەرتاسەر و هەڵبژاردنی پەرلەمان و دامەزراندنی حوکمەتێکی ئیئتیلافی یەکگرتوو.

بەو بۆنەیەوە جارێکی تر داوا لە هەردوو لایەنی حوکمڕانی کوڕدستان دەکەین کە هەرچی زووە هەنگاوی جدی بۆ ئاشتیەکی سەرتاسەری بنین و ڕێکەوتنامەی واشنتۆن جێبەجێ بکرێت و یەکڕیزی و تەبایی لایەنە سیاسیەکان بگرێتەوە و بە گفتوگۆی شارستانی و دیموکراسیانە چارەسەری کێشە و ناکۆکیەکان بکرێت و یادی نۆهەمین ساڵڕۆژی ڕاپەرین بکەینە هاندەرێک بۆ بایەخدانی زیاتر بە پاراستنی دەستکەوتەکانی ڕاپەڕین و ئازادیە سیاسیەکان و قوڵکردنەوەی دیموکراسیەت و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و چاککردنی گوزەرانی هاوڵاتیان.

هەروەها بە پێویستی دەزانین گشت هەوڵەکانمان یەکبخەین بۆ ریسواکرڕدنی سیاسەتی ڕژێمی بەغدا لە ڕاگواستن و بەعەرەب کردنی ناوچە کوردیەکانی ژێر دەسەڵاتی بە تایبەتی ماوەیەکە دەنگۆی وا هەیە کە ڕژێم بە نیازە نیو ملیۆن عەرەبی فەلەستینی لە ناوچەکانی کەرکوک و خانەقین و موسڵ نیشتەجێ بکات

که ئەمانە هەموو پێچەوانەی بڕیاری ژمارە ٦٨٨ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیە.

بەرز و پیرۆزبێت نۆیەمین ساڵڕۆژی ڕاپەڕینە مەزنەکەی گەلەکەمان

نەمری و سەربەرزی بۆ شەهیدانی ڕاپەڕین و سەرجەم شەهیدانی ڕێگای ئازادی کوردستان

سەرکەوتوبێت خەباتی ڕەوای گەلەکەمان لە پێناو ئازادی و دیموکراسی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی

- پارتی کاری سەربەخۆی کوردستان - ناوەندی سلێمانی و کەرکوک
- بزوتنەوەی دیموکراسیخوازانی کوردستان - کۆمیتەی پاڕێزگای سلێمانی
- بزوتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان - لیژنەی پارێزگای سلێمانی و کەرکوک

کوردستان - سلێمانی

٢٠٠٠/٣/٦

## بەڵگەنامەی ژمارە (١٨٩)

## بەیاننامەی هاوپەیمانی دیموکراتی کوردستان لەیادی ڕۆژانی ڕاپەڕین

ئەی جەماوەری خۆڕاگری کوردستان..

لەم ڕۆژانە یادی ڕۆژانێک دەکەینەوە کە بڵێسەکەی لە١٩٩١/٣/٥ لەدەروازەی ڕاپەڕین گڵپەی سەندوو، دواتریش سەرتاسەری کوردستانی گرتەوە ئەویش یادی ڕۆژانی ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستانە بە گشتی بەپشتیوانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ ڕزگاربوون لەدەست جەورو ستەم و چەوسانەوەی دەزگا سەرکوتکەرەکان ڕژێم، ئەم ڕۆژە پڕ لەسەروەریانە گۆڕانکاریەکی گەورەیان لەژیانی خەڵکی کوردستان دروستکردو دەرگای ئازادی و سەرفرازی یەکجارەکیان کردەوەو کوردستانیان بەرەو هەڵبژاردن و حکومەتی فیدراڵی بردو خەڵکی کوردستان خۆیان حوکمی خۆیان گرتە دەست.

ئەی خەڵکی شۆڕشگێڕی کوردستان...

خۆتان ئاگادارن کە ماوەی چوارساڵە کوردستان تووشی شەڕێکی ماڵ وێرانکەر بووە کە تەنها بە قازانجی دوژمنانە، بۆیە ئێمەی هاوپەیمانی دیموکراتی کوردستان لەم یادەمەزنە وەک هەمیشە بانگەوازی ئاشتی و ئاشتبووتەوە دووپات دەکەینەوە، پێمان وایە کە تاکە چارەسەری کێشەکان لەڕێگەی دانیشتن و گفتوگۆدا دەبێت بۆ ئەوەی سەرلەنوێ ڕیزەکانی گەلەکەمان یەک بخەینەوە، لەبری ئەوەی تاقیکردنەوەکە مەترسی لەبەینچونی لێبکرێت و دەستکەوتەکانی خەڵکی کوردستان بفەوتێ، کە بەرهەمی خوێنی دەیان هەزار شەهیدو ماندوبون و خەباتی دەیان ساڵەی گەلەکەمانەو، بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان بەرەو یەکپارچەی بچێتەوە و بیپارێزین لەهێرش و پەلامار و دەست تێوەردانی داگیرکەران و لەیەک سەنگەردا بەرامبەر ڕووداوەکان بوەستین.

دەبا هەڵبژاردنی سەرتاسەری بکەین بە چەکی ململانێ، لەپێناوی کوردستانێکی ئارام و بوژاوە لەژێر سایەی سەقام گیربوونی دیموکراتیەت.
پیرۆزبێت یادی ڕۆژانی ڕاپەرین.. سەروەری بۆ شەهیدان

هاوپەیمانی دیموکراتی کوردستان
ئازاری ١٩٩٨
یادی ڕۆژانی ڕاپەرین

## بەڵگەنامەی ژمارە (١٩٠)

## بەیاننامەیەک بە بۆنەی ٨ی ئازارەوە[٣١٥]

جەماوەری ئازادیخوازی کوردستان

ئافرەتانی ئازادیخواز

تێکۆشانی نەپساوەی ئافرەتان لەپێناو هێنانەدی مافەڕەواکانی زنجیرەیەکی دوورو درێژی پڕنەبەردەی و سەروەریە، هەمیشەو لەهەموو قۆناغەکاندا دەنگی هەقخوازانەیان بەرەو ڕووی دنیای جەوروستەم بەرزکردۆتەوە، گیانبەخشینی ١٢٩ کرێکار لەیەکێک لەکارگەکانی ئەمریکاولەداستانی بەرەنگاری سەرمایەداراندا ڕۆشنترین لاپەڕەی سەروەری ئەو مێژووی قوربانیدانەیە، کە دواتر لەکۆنگرەی دووەمی ئافرەتان لەساڵی ١٩٠٨ بە دەستپێشخەری ڕابەڕی بزوتنەوەی یەکسانیخوازی(کلارا زیتکین[٣١٦]) ڕۆژی

---

[٣١٥]هۆکاری دیاریکردنی ٨ مارس وەک ڕۆژێکی جیهانی تایبەت بە خانمان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٨٥٧، کە لەڕۆژی ٨ی مارسدا سەرجەم کرێکارە ژنەکانی کارگەیەکی قوماش و دوورینی جلوبەرگ لە شاری نیویۆرکی ئەمریکا لەپێناو زیادکردنی داهات و چاککردنی ژیان و گوزەرانیان و کەمکردنەوەی ماوەی کارکردنیان مانگرتینان ڕاگەیاند و٤٠ هەزار ئافرەت لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا مانیانگرت، پاش دەستپێکردنی مانگرتنەکە، چەندەها ئافرەت لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیرکران و خرانە زیندانەوە، پاشان ئاگرێک لە زیندانەکە بەربوو ١٢٩ کەس لە زیندانییەکان گیانیان لەدەستدا. ئەم ڕووداوە بوو بە یادەوەریەک و لەیادی پەنجاهەمین ساڵڕۆژی خۆپیشاندانی نیویۆرک لە ساڵی ١٩٠٧ ، لە ڕۆژی ٨ی مارسدا ژنان خۆپیشاندانیان ڕێکخست. ئیدی یادی ئەم ڕۆژە پەرپەوە ئەوروپاو پاشان بەسەر جیهاندا پەخش بوو وەک یادەوەرییەک لەپێناو ناسنامەی ژن و داکۆکیکردن لە مافی ژن.

[٣١٦]کلارا زیتکین: سیاسەتمەدارێکی ئەڵمانی چەپڕەو بووە و داکۆکی لە مافەکانی ئافرەت کردووە، لەساڵی ١٨٧٥ەوە و لەسەردەمی بسمارک لەپێشەنگی ئەو ئافرەتانە بووە کە لەپێناو ئازادییە گشتیەکانی ئافرەتاندا تێکۆشاوە و بەشداریکردووە لە بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری و سیاسی و کۆمەڵایەتی سەدان کرێکاری ئافرەتی ئەڵمانی، کلارا زێتکین بەهۆی ئەوەی لەلایەن پۆلیسەوە ڕاوەدوونراوە، ساڵی ١٨٧٨ هەڵهاتووە بۆ زوریخ، تاکو ساڵی ١٩١٧ ئەندامێکی چالاکی حزبی دیموکراسی یەکگرتوی ئەڵمانیا بووە، دواتر چۆتە نێو باڵی چەپی حزبی دیموکراتی یەکگرتووی بێلایانی ئەڵمانیا، ساڵی ١٩١٠ پێشنیاری بۆ سکرتاریەتی نێودەوڵەتی ئافرەتانی یەکگرتوو کردووە لە ٨ی مارسی هەموو ساڵێک ئاهەنگ بۆ ئافرەتە

٨ی ئازار کرا بە ڕۆژی ئافرەتانی جیهان. بۆیە تائەمڕۆ لەسەرتاسەری جیهاندا خەڵکی ئازادیخوازو شۆڕشگێڕ ئەو ڕۆژیان کردۆتە ڕۆژی هەماهەنگی و هاوخەباتی ئافرەتان لەتەواوی جیهاندا.

(یەکێتی ئافرەتانی زەحمەتکێشانی کوردستان) لەم ڕۆژە پیرۆزەدا وەکو لەپێشتریش جەخت لەسەربەردەوامی و زیاتر هەوڵ و تێکۆشان دەکەینەوە لەپێناو هێنانەدی مافە ڕەواو شەڕعیەکانی ئافرەتان کە ژیانێکی ئازادو بێکۆتوبەندو سانسۆری بێڕەحمانەی کۆمەڵ بۆ ئافرەتان دابین بکات. لەهەمانکاتدا ئەوە دووپات دەکەینەوە کە بزوتنەوەی ئافرەتان بەشێکی دانەبڕاوە لەجوڵانەوەی پێشکەوتنخوازی بۆ بنەبڕکردنی هەموو جۆرە چەوسانەوەیەک، بۆیە تەنها خەڵکە ئازادیخوازو پێشکەوتووخوازەکە دەتوانێ هاوپشتی جوڵاتەوەکەمان تا سەربکات.

ئافرەتانی ستەمکێش ئەمڕۆ لەناو یاسای باوی ستەمداری کۆمەڵگەدا ئافرەتان ڕووبەڕووی چەندین جۆر پێشێلکاری و سوکایەتی دەبنەوە. زنجیرەی تیرۆرو تۆقاندنی سەدان ئافرەتی بێتاوان باشترین بەڵگەی وەدەرخەری ئەو ڕاستیەیە. بنبڕکردن و نەهێشتی ئەو دیاردە هۆڤینانە تەنها بە هاتنەڕیزی ئێوەوە بۆ بزوتنەوەی ئازادیخوازانەی ئافرەتان دەبێت.

لێرەدا بە توندی ئیدانەی دیاردەباوەکانی پاشماوەی کۆمەڵگای دەرەبەگیایەتی لە (فرەژنی، ژن بە ژن، لەبری خوێن، بەزۆر بەشودان) و.... هەموو ئەو دیاردانە دەکەین کە ئافرەت لەپلەیەکی نزمتری پیاو دادەنێت. هەروەها داوا دەکەین کە یاسای ئەحوال شەخسی هەڵبوەشێتەوە لەجێیدا یاسایەکی پێشکەوتوخوازانەی مەدەنی جێگیربکرێت کە بەرابەری ژن و پیاو دەستەبەر بکات. هەروەها دانانی یاسایەک کە ڕێگربێت لەبەردەم توندوتیژی دەرهەق بەئافرەتان. داواکارین لەدەزگا تەنفیزی و قەزائیەکانی حکومەتی هەرێم کە هەرچی زووە تاوانبارانی ئەتکی (ک.خ) و کوشتنی (س، ن، خ، ئ) و

---

تێکۆشەرەکان بگێڕدرێت، وەکو ڕێزلێنانێک بۆ کلارا زێتکین، ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات وێنەکەیان لەسەر دراوەکەیان داناوە، لە ٢٠ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٣٣ کۆچی دوایی کردووە.

سەدانی تر بە سزای عادیلانە بگەیەنرێت تاکو ببنە دەرس و پەند بۆ هەموو ئەو کەسانەی دەیانەوێت لەهەیبەت و کەسایەتی ئافرەت کەم بکەنەوە......

- با ٨ی ئازاری ئەمساڵ هاندەری خەباتی زێتربێت
- بەرزبێت ئەو ڕۆژە پیرۆزە

یەکێتی ئافرەتانی زەحمەتکێشانی کوردستان
١٩٩٨/٣/٨

## بەڵگەنامەی ژمارە (١٩١)

## پیرۆزبێت (٨)ی مارس

## بەرزو بەڕێزبێت (١٠)ی مارس یادی دامەزراندنی کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان

ئافرەتانی هێژا، خەڵکانی یەکسانیخواز

ئەمساڵیش، ئێمە و ئێوە و هەموو مرۆڤێکییەکسانیخواز دوویادی مەزن و پیرۆز بەسەردەکەینەوە کە بەهاو گرنگی خۆی هەیە لە ژیانی سەرجەم ئافرەتانی جیهانو کوردستان دا، ئەویشڕۆژی (٨) و(١٠)ی مارسە، ئەگەر (٨)ی مارس ڕۆژیرێزلێنان بێت لە تێکۆشانی سەرجەم ئافرەتانی دونیا، ئەوا (١٠)ی مارسی ئەمساڵیادی (٤٧) ساڵەی دامەزراندنی ڕێکخراوە کۆڵنەدەرەکەی (کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان)ە.

جەماوەری ئازادیخواز

ئێمە لەکاتێکدا ئەم دوویادە پیرۆزە بەسەر دەکەینەوە، کە ئاستی مەینەتییە جیاجیاکانی هاوڕەگەزەکانمان لە هەموو جیهان و ناوچەکە و کوردستانیش ڕوو لەزیاد بوون و نەهامەتیە، توندوتیژی و چەوساندنەوەی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسیو ئاینی، لەنێو خێزان و لەدەرەوەی خێزان، لە بوارە جیاجیاکانی ژیاندا تەنگی بە ئافرەتان هەڵچنیووە، لەهەرئانو ساتێکدا ئافرەتێک تیرۆر دەکرێت، وەیان بەزۆر دەرێت بە شوو یان دەکرێت بە قوربانی کێشەی سوڵحی عەشایەری، هاوڕەگەزەکانمان قوربانیەکی هەرزانی دابو نەریتی گەندەڵی کۆمەڵگاو سیستەمی باوک سالاری و پرانسیپی ئاینن.

ئێمە، پێمان وایە چاکترین شێواز لە پیرۆزکردنی ئەم دوویادە مەزنە، زیاتر هاتنە مەیدانی ئافرەتانە بۆ گۆڕەپانی تێکۆشان، چونکە تەنها بە هەوڵی خۆمان دەتوانین هەموو ئەو کۆت و بەندانە لەناو ببەین کەلە ساکارترین مافەکانی ژنان بێبەشی کردووین، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستمان بەهەولۆ تێکۆشانی هەموو پیاوانی یەکسانیخوازە بۆ ئەوەی پێکەوە وێڕای وشیارکردنەوەی هاوڕەگەزەکانمان بەکاروکردەوە، هەموو جۆرەکانی چەوساندنەوە لە گۆڕنیین و

کار بۆ کۆمەڵگایەکی مەدەنی و علمانی پێشکەوتووخواز بکەین و بنەمای یاسایەکی (احوال شخصی) پێشکەوتوانە دابمەزرێنین .

لە ٨ی مارسدا، سڵاو و ڕێز لە ئافرەتانی تێکۆشەر لەهەموو بوارەکانی ژیاندا .

درود لە قوربانیانی تیرۆرو ڕەشەکوژی ئافرەتان

نەفرەتو ڕیسوای بۆ ئەنجامدەرانی چەوساندنەوەی ئافرەتان لەژێر هەر بڕوبیانویەدا .

لە ١٠ی مارسدا، سڵاو لە ئەندامە تێکۆشەرو دێرینەکانی ڕێکخراوەکەمان، سڵاو لە شەهیدانی کۆمەڵەی ئافرەتان .

بەرز و بەرێزبێت یادی ٤٧ ساڵەی دامەزراندنی ڕێکخراوە تێکۆشەرەکەمان .

کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان

مارسی ١٩٩٩

## بەڵگەنامەی ژمارە (١٩٢)

## بەرز و بەڕێزبێت ٨ی مارس ڕۆژی جیهانی ژن

## ڕزگاری ژنان تەنها لەسۆسیالیزمدا بەدی دێت!

ژنان، پیاوانی یەکسانیخواز

جەماوەری تینوی ئازادی و خۆشگوزەرانی

٨ی مارس ڕۆژی نارەزایەتی ژنانتان لێ پیرۆز بێت، ٨ی مارس ڕۆژی خۆنواندن و نارەزایەتی دەربڕینە بە ڕووی چەوساندنەوە و هەڵاواردنی جنسیدا کە سەرمایەداران و نیزانەکەیان بەسەرکۆمەڵگەی ئینسانی ئەمڕۆدا سەپاندویانە و وەک پەڵەیەکی ڕەش بە ڕووی کۆمەڵگای بەشەڕیەوە هێشتویانەتەوە، ڕیشەی ستەم و نابەرابەری و بێ مافی و ژێر دەستەی ئەمڕۆی ژنان لەبنەما ئابوری و کۆمەڵایەتیەکانی نیزامی هاوچەرخی سەرمایەداری ئەمڕۆدایە، نیزامێک کە چەوساندنەوەی ژنانی کردۆتە یەکێک بناغە ئەسڵیەکانی خۆی و وەکو چەکێکی بەهێزی خۆی لەبەرامبەر چینی کرێکار و جەماوەری بەشمەینەت و زەحمەتکێشدا ڕایگرتووە، ئەم نیزامە بە ئاسانی و بەسادەی واز لەم دیاردە قێزەون و میراتیە پڕ شەرمهێنەرە ناهێنێ! ئەم کارە پێویستی بە خەباتێکی بێ ووچان و سەرسەختانەیە لەدژی کۆمەڵگای سەرمایەداری و پارێزەرانی ئەم نیزامە!

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق موتەعەهدە بە ئەنجامدانی شۆڕشی کرێکاری و دامەزراندی کۆمەڵگەی سۆسیالیستی لەعێراقدا، کۆمەڵگەیەک کە هەموو پەیوەندیە چەوسێنەرەکانی سەرمایەداری ژێرەوژور دەکات و کۆتای بە هەموو دەرد و مەینەتیە سەرچاوە کرتوەکانی ئەم نیزامە و لەنێویشیاندا بەڵای ڕەشی چەوسانەوەی ژنان دەهێنێ! ڕزگاری یەکجاری ژنان ڕیشەکێش کردنی تەواوەتی پیاوسالاری و مۆتەکەی ستەمی سەرژنان تەنها و تەنها لەسۆسیالیزم و کۆمەڵگایەکی ئازاد و یەکساندا بەدی دێت.

بەڵام هاوکات و هەر لەجەرگەی ئەم نیزامەدا و هەر ئێستا حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق خەبات دەکات بۆ دەستەبەرکردنی فراوانترین ماف و ئازادی و یەکسانی بۆ ژنانی عێراق و کوردستان، خەبات دەکات بۆ

دەستبەجێ هەڵوەشاندنەوە و بەگوڕ سەپاندی تەواوی ئەو یاسا و قانونانەی کە پێچەوانەی ئازادی و یەکسانی ژنان و پیاوانن، بەرنامەی دنیایەکی باشتری ئەم حیزبە بە هەمەلایەنترین شێوە ئەو ئاسودەی و نمونەی ئەو کۆمەڵگایەی خستۆتەڕوو کە ژیانێکی ئازاد و یەکسان و خۆشگوزەرانی بۆ سەرجەم ئینسانەکان دابین دەکات.

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری بۆ بەسەرنجام گەیاندنی ئەمری ئازادی و یەکسانی ئینسانەکان پێویستی بە هێزی بەرین و فراوانی سەرجەم جەماوەری ستەمکێش و بەشمەینەت و ئازادیخوازان هەیە، بۆئەم کارە وەرن لەڕیزەکانی ئەم حیزبەدا ڕێکخراوبن، وەرن دەست لەناو دەستی ئەم حیزبە بەرەو کۆمەڵگەی سۆسیالیستی هەنگاو هەڵبگرن.

پایەداربێت بزوتنەوەی یەکسانخوازی ئینسان
بژی ٨ی مارس ڕۆژی جیهانی ژن

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق
٢٠٠٠/٣/٦

## بەڵگەنامەی ژمارە (١٩٣)

## بەرز و پیرۆزبێت ٨ی مارس ڕۆژی جیهانی ژنان

جەماوەری ئازادیخوازی کوردستان

ئەمڕۆ لەیادی ٨ی ماسدا ناوەندی هاوبەش هاتۆتە دەنگ و ڕێپێوانی شکۆداری خۆی دەکات هاوکات لەگەڵ ڕێپێوانی جیهانی ٨ی مارس، بۆ داکۆکی لەمافە زەوتکراوەکانی ئافرەتان لەدنیادا، بۆ بەرگرتن لە توندوتیژی و تیرۆر و سەرجەم پێلکاریەکانی نیوە کۆمەڵی بەشەڕی. هاوکات دەبینین بزوتنەوەی ژنان لە لەخۆرهەلاتی ناوەڕاستدا هاتۆتە مەیدان لەوڵاتی میسر و تونس و کوەیت و ئەردەن.... لێرەش لە کوردستان هەنگاودەنێت بۆ گۆڕینی یاسای ئەحوال شەخسی، کە چەندین ساڵە ژنان بەدەست ئەم یاسایانەوە دەناڵێنن و زۆرترین قوربانیان داوە.

بەدیلی ناوەندی هاوبەش بۆ یاسای ئەحوال شەخسی داکۆکی لەماف و خواستەکانی ئافرەتانی کوردستان دەکات بۆ ئاڵوگۆڕکردن لەژیانماندا، بۆیە جێگیرکردنی ئەم یاسایە هەنگاوێکە لەبەمەدەنیکردنی کۆمەڵگای کوردستان، تا چیتر کۆمەڵگای کوردستان بێبەش نەبێت لەئاست پێشڕەوی و پێشکەوتنی مەدەنیەت و شارستانیەت.

ئافرەتانی ناڕازی و بەشمەینەت:

یاسای ئەحوالی شەخسی پێشێلی کەرامەت و مرۆڤایەتی و بوونی ئێمە دەکات لەهەموو بڕگە و بەندەکانی سوکایەتی بە ئێمەی ژنان دەکات، هەوڵەکانی ناوەندی هاوبەش بۆ گۆڕینی یاسای ئەحوالی شەخسی بۆ کۆتای هێنانە بە پلەدووی بێ مافیەکانمان، وەرن لەدەوری یەکتر کۆببینەوە، هەوڵ و تواناکانمان یەکخەین بۆ گۆڕینی ئەو یاسا دژە ئینسانیە.

ژنان و پیاوانی یەکسانیخواز:

بەشداری و پشتگیری ئێوە لەخواست و بەدیلی ناوەندی هاوبەش بۆ باشترکردنی بارودۆخی ئافرەتان هەنگاوەکانی ئێمە تەواو دەکات، سەنگەری داکۆکی لەمافەکانمان پتەوتردەکات،هەربۆیە داواتان لێ دەکەین کە دەنگتان

بخەنە پاڵ دەنگی ئێمە، بۆ جێگیرکردنی بەدیلی ناوەندی هاوبەش لەجێگای یاسا کۆن.

ئێمە دەمانەوێت چیتر کار بە یاسای کۆن نەکرێت و یاسای تازە دابنرێت

ناوەندی هاوبەش:

سەنتەری ڕاگەیاندی ژنان

ئافرەتانی زەحمەتکێشان

کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان

ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان

یەکێتی خانمانی سەربەخۆ

٢٠٠٠/٣/٨

## بەڵگەنامەی ژمارە (١٩٤)

## هەڵەبجە لەیاد ناکەین

ده ساڵ لەمەوبەر و لە١٦ی ئازاری ١٩٩٨، لەکاتێکدا کە خەڵکی شاری هەڵەبجە خۆیان بۆ یادی نەورۆز ئامادە دەکرد کۆمەڵێ فڕۆکەی ڕژێمی بەغدا زۆر دڕندانەو بێ بەزەییانە بە چەکی کیمیاوی قەدەغەکراوی جیهانی هێرشیان کردە سەرئەو شارە بێتاوانە، لەماوەیەکی کورتدا پێنج هەزار کەس لەژن و منداڵ و پیر و لاویان شەهید کرد بە هەزارانیش بریندارو لەژیانی مرۆڤایەتی بێ بەشبوون، بە حەق تاوانێکی مێژووی کەم وێنەی مرۆڤایەتیە تاوانێکە بە تەنها دژی گەلی کوردستان نیە بەڵکو دژی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیە.

لەیادی هەڵەبجەی شەهید بەناوی (هاوکاری)یەوە پرسەو سەرخۆشی لەخۆمان و گەلی کوردستان دەکەین و سەری ڕێزو نەوازش بۆ شەهیدانی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە و تەواوی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کوردستان دادەنەوێنین.

نەفرەت لەتاوانباری کارەساتی هەڵەبجەو ئەنفال و ڕاگواستن دەکەین، لەهەمانکاتدا داوا لەکۆمەڵگای نێودەوڵەتی و مافی مرۆڤی جیهانی و UN دەکەین کە تاوانبارانی ئەم جینایەتە بدرێنە دادگا.

هەروەها پێویستە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان و کۆمەڵانی خەڵکەکەی کەڵک لەم کارەساتە وەرگرن و بیکەنە کەرەستەیەکی گرنگی وەبەرهەمهێنان (استعمار)ی سیاسی تاوەکو وەچەرخانێکی بابەتی و ئیجابی بەسەررەوشی کورد دا بێت وەکو چۆن ژاپۆن کەڵکی لەکارەساتی کیمیابارانکردنی هێرۆشیما و ناکازاکی وەرگرت و وەچەرخانێکی سیاسی و ئابوری و تەکنەلۆژی و کۆمەڵایەتی بەسەرخۆیدا هێنا.

با یادی هەڵەبجە ببێتە هاندەرێکی بەگوڕ بۆ گەڕانەوە و چەسپاندنی ئاشتی و پێکهێنانی حکومەتێکی کاتی هەمەلایەنە کە خواستی هەموانە، بۆ ڕێگە خۆش کردن لەبەردەم هەڵبژاردنی پەرلەمانێکی شەرعی و تازە کە لەگەڵ خواستی گەلەکەمان یەکدەگرێتەوە.

نەمری و سەربەرزی بۆ شەهیدانی بە ناحەق خنکێنراوی هەڵەبجە و تەواوی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کوردستان

مردن و ڕوو ڕەشی بۆ ئەنجام دەرانی تاوانی هەڵەبجە

پڕۆســـــــــەی هـــــــــــــاوکـــاری

پلاتفۆڕمی نەتەوەی کوردستانP. N. K

حزبی ڕزگاری کوردستانR. P. K

یەکبونی نەتەوەی دیموکراتی کوردستانY. N. D. K

١٩٩٨/٣/١٥

## بەڵگەنامەی ژمارە (١٩٥)
## با هەموو تواناکان یەکبخرێ لەپێناو دووبارە نەبونەوەی هەڵەبجەیەکی تر

(١٠) ساڵ بەر لەمڕۆ، کاتێک دوو سوپا داگیرکەرەکەی عێراق و ئێران لەئاکامی بەردەوامبوونی شەڕی نێوانیاندا، ئاگری شەڕ و مەرگ و کاولکاریان گەیاندە هەڵەبجەو دەوروبەری، ئەوا ڕژێمی عێراق ئەو هەلەی زیاتر قۆستەوە بۆ پەلەکردن لەئەنجامدانی سیاسەتە نەگریسەکەی کورد قڕان، ئەوەبوو له١٩٨٨/٣/١٦ هەڵەبجەی کیمیابارن کرد و ٥ هەزار مناڵ و ژن و پیری بێ دیفاعی بە ژەهر خنکاند و ١٥ هەزاری تریشی بریندارکرد و پەکی خست. بەمەش لەدوای هێرۆشیما و ناکازاکی ڕژێمی عێراق لەمێژووی نوێدا گەورەترین پرۆسەی جینۆسایدی بە ئەنجام گەیاند، ئەم تاوانەی بەعسیەکان بووە نوختەو وەچەرخانێک لەمامەڵەکردن لەگەڵ دۆزی کورد، بەجۆرێک گواستنەوەی دیمەنی بەشێکی ئەم تراژیدیایە لەڕێگەی چاوی کامێراوە بۆ سەرشاشەی تەلەڤیزیۆن و لاپەڕەی ڕۆژنامە جیهانیەکان، ویژنانی دنیای هەژاندو وایکرد لەنێو کۆڕو کۆمەڵە نێودەوڵەتیەکان بەخۆدا چونەوەیەک لەسەیرکردنی دۆزی کورد گەڵاڵەبێت و کورد سنوری کێشەیەکی ناوەخۆی نێو چوارچێوەی دەوڵەتێک ببەزێنێت و ببێت بە مەسەلەیەکی تایبەت بە هەموو جیهان کەوا گەورەترین نەتەوەیە بێ بەشە لەمافەکانی و جینۆسایدیشی لەدژدا پەیڕەو دەکرێت.

ئیمڕۆش کە دەساڵ بەسەرئەم مەرگەساتەدا تێدەپەڕێت، هەموو لایەکی وڵاتپارێز لەم یادەدا تاوانەکانی ڕژێمی عێراقی بە بەرچاودا گوزەر دەکات و ڕێز لەقوربانیەکان دەنێت، بەڵام ئەوەی لێرەدا گرنگەو وەکو پرسیار بەرەوڕووی هەموو لایەک دەبێتەوە ئەوەیە، چی بکرێت بۆ ئەوەی هەڵەبجەیەکی تر دووبارە نەبێتەوە؟

ئێمە پێمان وایە بەر لەهەموو شتێک و وەک ڕێزلێنانێکیش لەقوربانیەکانی هەڵەبجەو ئەنفال و کیمیابارانی ناوچەکانی تری کوردستان، ئەوا ڕەوشی ئەمڕۆی کوردستان ئەوەمان لێ دەخوازێ کەوا پەلەبکرێ لەگەڕانەوەی ئاشتی

و چیتر کات بەفیرۆ نەدرێت، بەتایبەتی کە ئێستا هەلێکی مێژووی بۆ کورد ڕەخساوەو ئەگەر ئەمجارە ئەم هەلە لەئەنجامی ناکۆکی و ناتەبای و هەستنەکردن بە بەرپرسیاریەتی بەرانبەر بە گەل و نیشتیمان، لەدەست بدرێت، ئەوا هیچ هێزێک نیە لە ئایندەدا کورد لەمەترسی دووبارە بوونەوەی جینۆسایدو هەڵەبجەیەکی تر بپارێزێت.

لەدەیەمساڵیڕۆژی کیمیاباران و مەرگەساتی هەڵەبجەدا داوا دەکەین:

- با ئاشتی و تەبای و یەکڕیزی بگەڕێتەوە بۆ سەرتاپای کوردستان

- باهەموو وزەو توانا کوردستانیەکان یەکبخرێت لەپێناو دووبارە نەبوونەوەی هەڵەبجەیەکی تر.

ناوەندی سەرکردایەتی

پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان

١٩٩٨/٣/١٦

## بەڵگەنامەی ژمارە (١٩٦)
## بەیاننامەی پرۆسەی هاوکاری
## سەبارەت بە ڕۆژی شەهیدان و یادی کارەساتی هەڵەبجە

یانزدە ساڵ لەمەوبەر لە١٩٨٨/٣/١٦ دا ڕژێمی دەسەڵاتداری عێراق، لەهێرش و پەلامارێکی دڕندانەدا شاری هەڵەبجە و ناوچەکانی دەوروبەری بۆ ماوەی دووڕۆژ بە چەکی کیمیاوی بۆردومان کردو تێیدا پێنج هەزار هاوڵاتی شەهید کردو نزیکەی دە هەزار هاوڵاتیشی بریندارکرد هەزارەهاشی دەربەدەر و ئاوارەکرد.

هەڵەبجە، کە پەڵەیەکی ڕەشی دیکەی ناوچەوانی ڕژێمی صەدام حسین بوو، برینێکی قوڵ بوو لەجەستەیەکی شۆڕشی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستاندا. لەهەمانکاتدا هۆکارێکی گرنگ بوو کە سۆزو هەستی مرۆڤایەتی هەموو دنیای هەژاندو سەرنجی زۆربەی دامودەزگا نێودەوڵەتیەکانی بەلای مەسەلەی کوردا ڕاکێشاو پەردەی لەسەرتاوانە شاراوەکانی ڕژێمی داگیرکەری بەغدا بەڕووی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەڵدایەوەو ڕاستەوخۆ دوابەدوای ڕودانی کارەساتی هەڵەبجە کێشەو مەسەلەی کورد کەوتە قۆناغێکی نوێی سیاسیەوە ڕقی جەماوەری کوردستانی بە ڕادەیەک بەرزکردەوە کە سازیدان بۆ بەرخۆدان. لەئاستی نێودەوڵەتیشدا مەسەلەی کورد کەوتە قۆناغی دانپێدانانی مرۆڤایەتیەوە، کە ئەمانە دەرگایەکی گەورەی لەبەردەم کێشەکەمان کردەوەو گوڕێکی تازەو گەورەی پێ بەخشی لەبواری سیاسی و دبلۆماسی و مرۆڤایەتیەکانەوە.

دیارە پاش ئەو گرنگیانە، کارەساتی هەڵەبجە لەقۆناغێکی دواتردا بوو بە یەکێک لەفاکتەرە کاریگەرەکانی ڕاپەرین و لەئەنجامدا ئەم هەلومەرجە نوێیەی کوردستانی بەرهەم هێنا کە خۆی لەتەواوی دەستکەوتەکانی کوردستان دەبینێتەوە بە پەرلەمان و حکومەتی هەرێمیشەوە.

کارەساتی هەڵەبجەو یادە گەورەکەی ئەوە هەڵدەگرێ کە هەردەم بەزیندووی بهێڵینەوە و ساڵانە بیکەینە مەشخەڵی گەشەپێکردنی هەل و مەرجی سیاسی کوردستان و (وەبەرهێنانی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئابوری) و

بونیاتنانی ژێرخانەکان و بیکەینە مەشخەڵ ڕەواندنەوەی ئاڵۆزی و شەڕی ناوخۆی کوردستان و بەرقەرارکردنی ئاشتی و تەبایی لەنێوان کوردان بە گشتی.

ئێمە وەک(حیزبی ڕزگاری کوردستان) و(یەکێتی نەتەوەی دیموکراتی کوردستان - سەرکردایەتی کاتی) لەساڵڕۆژی شەهیدان و یادی هەڵەبجەدا پەرۆشی و خوازیاری خۆمان بۆ جێبەجێکردنی ئاشتی لەکوردستان دوپات دەکەینەوە، هیوادارین ئەو کەموکوڕی و سستیەی کە ئێستا لەجێبەجێکردنی ئاشتی لەکوردستاندا هەیە نەمێنێ و هەرچی زووترە بەربەستەکانی بەردەم ئاشتی نەهێڵدرێ.

هەر لەم پێوەندەدا بە ڕاشکاوانە داوا لەلایەنی (پارتی دیموکراتی کوردستان)، کە ئێستا بە پێی چاودێری و هەڵسەنگاندنەکانمان دەرکەوتووە کە تەنها پارتی تەگەرە دەخاتە بەردەم جێبەجێکردنی ئاشتی، هەرچی زووە واز لەتەگەرەکان بهێنێ و بە ڕوحیەتێکی تازەوە بڕگەکانی ئاشتی جێبەجێبکات کە دیارە جێبەجێبوونی ئاشتی، ئاوات و مەبەستی هەموو کوردەو هەر لایەنێکیش ببێتە هۆکاری هەڵوەشانەوەی ئاشتی کوردستان ئەوا بەرپرسیارێتی مێژووی دەکەوێتە ئەستۆو لەهەمانکاتدا ڕووحی شەهیدانی کوردستان بە گشتی و شەهیدانی هەڵەبجە بەتایبەتی عەزێت دەدات.

حزبی ڕزگاری کوردستانR. P. K

یەکێتی نەتەوەی دیموکراتی کوردستان Y. N. D. K

سلێمانی

١٩٩٩/٣/١٥

## بەڵگەنامەی ژمارە (١٩٧)

## هەڵەبجە هێرۆشیمای دووەمی جیهان

بۆ نەتەوەی کوردی کۆڵنەدەر

لایەنە ئاینی و ڕامیاریەکان

کەسو کاری کیمیاباران و ئەنفال کراوەکان

ئەمڕۆ یادی کیمیابارانی شاری هەڵەبجەی شەهیدە ئەو شارەی بووە نیشانەی تاجەگوڵینەو شاکلاوی شەهیدانی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد، ئەو دەمەی کە دوژمنان و نەیارانی نەتەوەکەمان دەستی تاوان و خنکێنەریان نایە گەردنی هەزاران لاوو جوان و کەسایەتی شاری هەڵەبجەی شەهید، شاری شەهیدان بە مەبەستی سوکایەتیکردن بە مرۆڤایەتی و سوکایەتیکردن بە مافی نەتەوەی کوردەوە ئەمڕۆ یادی (١٩٨٨/٣/١٦) ڕۆژی لەدایکبوونی مێژویەکی خوێناوی نەتەوەی کوردەوە مۆری ناپاکی دوژمنانی نەتەوەی کوردە، ئێمە وەک بزوتنەوەی ئیسلامی نەتەوەی کورد پرسەو سەرەخۆشی دەکەین لەکەسوکاری هەموو شەهیدانی کیمیابارانی هەڵەبجەی خۆشەویست، ئەو شەهیدانەی بە سوتاوی لەشیان و خوێنی گیانیان لاپەڕەیەکی نوێیان تۆمارکرد لەمێژووی خەباتی کوردایەتی و مێژووی مرۆڤایەتی داوە مردنی بە کۆمەڵ لەپێناوی ئازادی و سەربەستی و دادوەریدا، چەند پیرۆزە بە کۆمەڵ مردن لەپێناو نەتەوەو ڕەتکردنەوەی زوڵم چەوساندنەوە با هەموو لایەنەکانی کوردستان هەوڵدەین بە کۆمەڵ بۆ پێکەوە ژیان، بۆ بەدەستهێنانی مافی نەتەوەی کورد، ڕێزگرتن لەم یادە پیرۆزە بۆ زیندوکردنەوەو بەهێزکردنی بیری نەتەوەی، بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و بەدیهێنانی ئامانجەکان بۆ بەدی هێنانی کوردستانێکی ئاوەدان بۆ خۆشگوزەرانی و بەختەوەری نەتەوەکەمان، بۆ ڕازی بوونی خوای پەروەردگار، بۆ دڵخۆشکردنی کەسوکاری شەهیدان و کیمیاباران و ئەنفال کراوەکان، بۆ بەدی هێنانی ئاشتی و برایەتی هەوڵدان بۆ پێشخستنی پرۆسەی ئاشتی لەکوردستاندا، بۆ پارێزگاری کردنی پەرلەمانی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستانوە بڕوامان بەوەبێت ئاشتی نیشانەی برایەتی و پێشکەوتنی

نەتەوەی کوردەوە ڕێزو خۆشەویستییە بۆ نەتەوەکەمان وە شکستییە بۆ نەیاران و دوژمنانی نەتەوەکەمان.

سڵاو ڕێزو خۆشەویستی بۆ گیانی ڕێگای دادوەری و ئاینی پیرۆزی ئیسلام بۆ گیانی شەهیدانی کیمیابارانی هەڵەبجەی شەهید بۆ گیانی ئەنفالەکان و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد.

بزوتنەوەی ئیسلامی نەتەوەی کورد

١٩٩٩/٣/١٦

ڕۆژی سێ شەممە

## بەڵگەنامەی ژمارە (١٩٨)

## بەیاننامەی مەکتەبی سیاسی پارتی پارێزگارانی کوردستان لەیادی ١١ساڵەی کیمیابارانی هەڵەبجەی شەهیدا

جەماوەری بەشەرەفی کوردستان

نیشتیمان پەروەران

کورد میللەتێکە سەدان ساڵە چەوساوەو ژێر دەستە، چەندین تاوانی دڕندانەو تاوانی کوشتن و قڕکردن و جینۆسایدی دەرهەق بە میللەتەکەمان تاکو ئەمڕۆ ئەنجام دراوە، هەر جارێک لەژێر پەردەو سیاسەت و ناوناتۆرەیەک.. ڕژێمەکانی بەغدای یەک لەدوای یەک لەسەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی عێراق تاکو ئەمڕۆ هەمیشە کاری توندوتیژ و ناڕەوایان جێبەجێکردووە بۆ لەناوبردن و سەرکوت کردنی دەنگی ڕەواو ئازادی کورد..

میللەتی کوردیش وەکو هەر میللەتێکی ژێر دەست و مافخورا و بەدەوام خەباتی نەپساوەی بەدرێژای مێژووی تاریک پڕ لەزووڵم و ستەم، خەبات و کوردایەتی کردووە... هەڵەبجەی شەهید کە ١١ ساڵ بەر لەئێستا وەکو تاوانێکی مێژووی ڕەشی چاوەڕوان نەکراو لەلایەن ڕژێمێکی فاشی مرۆڤکوژ دژ بە خەڵکی شاری هەڵەبجەی بێ دیفاع و بێ تاوان ئەنجام درا. لەڕاستیدا ئەم تاوانە یەکەم جارە تۆمار دەکرێ لەمێژوودا کە ڕژێمێک بەم وەحشیەتە چەکێکی کوشندەو قەدەغەکراو بۆ قڕکردنی میللەتی بێتاوانی خۆی بەکاربهێنێ... هەڵەبجە خاڵێکی ڕەشی پر لەڕسواو شەرمەزاریە لەنێوچەوانی ڕژێمی فاشی بەغدا و هەموو ئەو ڕژێم و لایەنانەی کە بێوڵام و بێدەنگ بوون بەرامبەر بەم کارەساتە، ئەم تاوانە بە هەموو شیکردنەوە و لێکدانەوەیەک هیچی کەمتر نیە لەقەتڵوعامی ئەتۆمی هەردوو شاری هێرۆشیماو ناکازاکی، چونکە تاکو ئەمڕۆش بە سەدان کەس لەخەڵکی ڕزگار بووی ئەمشارە شەهیدکراوە دووچاری نەخۆشی جۆراوجۆر ئەبن لەئەنجامی ئەم کیمیابارانە...

بۆیە پێویستە ئەمڕۆ لەم یادەدا هەموو حیزب و ڕێکخراوو گروپ و جەماوەری کوردستان تازووە ڕیزەکانی خۆیان یەکبخەن بۆ توندوتۆڵ کردنی خەباتی نیشتیمانی و نەتەوەییمان لەپێناو وەلانانی هەموو هەلومەرجێکی

گونجاوی دوژمنان و خۆفرۆشان تا تاوانێکی تری هەڵەبجەئاسا دوبارە نەبێتەوەو ئەزموون و دەستکەوتەکانی ڕاپەڕینە شکۆمەندەکەی ئازاری ١٩٩١مان لەدەست نەچێت.

جێگای وەبیرهێنانەوەیە مەسەلەی ئاشتی کە خواستی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە پێویستە تا بکرێ هەوڵی جدی حزبی و جەماوەری و سەرتاسەری بۆ بدرێت بە جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەی واشنتۆن، ئەو لایەنە بەرپرسیارو مەحکوم بکرێت کە ڕێگرە، چونکە ئەوەیان لەتاوانی هەڵەبجەی شەهید کەمتر نیە لەسەرشۆڕی و شەرمەزاری.

ئەمڕۆ لەیادی زامی قوڵی هەڵەبجەی شەهید سەری ڕێزو نەوازش دادەنوێنین بۆ شەهیدانی و هەڵەبجەو سەرجەم شەهیدانی کورد و کوردستان.

ئێمە لەپارتی پارێزگارانی کوردستان هەموو تاوانێکی ئازار و گرتن و کوشتن و تیرۆرو جینۆساید زۆر بە توندی مەحکوم دەکەین، داواکارین کە چیتر ڕێگە نەدرێت بە خائینان و خۆفرۆشان دەستی یارمەتی و هاوکاری درێژبکەن بۆ دوژمنانی داگیرکەری کوردستان دژ بە حزب و لایەنەکانی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردو زەمینە خۆشنەکەن بۆ گەڕانەوەی دەسەڵاتی بکوژانی هەڵەبجەی شەهید...

* بەرزی و سەرفرازی بۆ شەهیدانی هەڵەبجە و سەرجەم شەهیدانی کوردستان....

* مردن و سەرشۆڕی بۆ فاشیەکان و خۆفرۆشان....

* سەرکەوێ خەباتی ڕەوای گەلەکەمان...

مەکتەبی سیاسی

پارتی پارێزگارانی کوردستان

١٩٩٩/٣/١٦

## بەڵگەنامەی ژمارە (١٩٩)
## بۆ ڕای گشتی گەلی کوردستان

وا یانزەساڵ بەسەر کۆمەڵکوژی هەڵەبجە تێپەڕدەبێ و هێشتا زامی هەڵەبجە خوێنی لێدەچۆڕێ، و دوژمنانی گەلی کوردستانیش بەردەوامن لەئەنجامدانی کارەساتی وەکو هەڵەبجەو دەیانەوێ ئەم کارەساتە لەسەرگەلەکەمان بەڕدەوام دووبارە بکەنەوە.

ڕاستە کۆمەڵکوژی هەڵەبجە بەدەستی سەدام ئەنجامدرا، بەڵام بڕیاری قڕکردنی کوردستان تەنها بەدەستی سەدام نەبوو، بەڵکو وڵاتانی ئیمپریالیزمی ئەمریکاو ئەوروپاش تێیدا بەژدار بوون. ئەو دوژمنانەی کە ١١ ساڵ لەمەوبەر کۆمەڵکوژی هەڵەبجەیان ئەنجامدا ئێستا دەخوازن کارەساتێکی لە هەڵەبجە گەورەتر بەسەرگەلی کوردستان دووبارە بکەنەوە، ئەوەش لەپلانی ڕفاندنی سەرۆکی گشتی PKK بەڕێز (هەڤاڵ عەبدوڵڵا ئۆجەلان) زیاتر ئاشکرا بوو. لێرەدا ئەمریکاو هاوکارانی شەرم ناکەن و هێشتا دەڵێن پارێزەری مافی مرۆڤین! ئەگەر ئەو وڵاتانە هەندێک ئەخلاقیان هەبوایە، کەلەپچەیان لەدەستی سەرۆکێکی کورد نەدەکردو تەسلیم بە ڕژێمی تورکیای فاشیان نەدەکردەوە کە ئەوەش لەبەر چاوی هەموو دنیا ئەنجامدرا. ڕاستە جاران بە نهێنی زوڵمێکی گەورە لەکورد دەکرا، بەڵام ئێستا بە ئاشکرا ئەو زوڵمە دەکرێت. ئەوانەی لەواشنتۆن و تەل ئەبیب و ئەنکەرە دادەنیشت زۆر لەڕژێمی سەدام ترسناکترن.

بۆ گەلی کوردستان: -

بۆ ئەوەی کارەساتێکی تری وەک هەڵەبجە بەسەرگەلەکەمان دوبارە نەبێتەوە، پێویستە هەموومان دەست بخەینە ناو دەستی یەکترو با هیچ هێزو لایەنێکیش خۆی نەخەڵەتێنێ. ئەگەر گەلەکەمان یەکێتی و ئاشتی بەدەستی خۆی پێکنەهێنێ، دوژمنانیشمان هەرگیز یەکێتی و ئاشتیمان بۆ ناخوازن.

ئێمە وەکو گەلانی (ئاسووری و سریانی) زۆر بە باشی لەئێش و ئازارەکانی (هەڵەبجە و جزیرە و نسێبین) تێ دەگەین، کە چۆن بە بڕیاری ئیمپریالیزم بە دەست فاشی و دیکتاتۆرانی ناوچەکە لەنمونەی تورکیای فاشست و هەندێ

سەرۆکی کۆنەپەرستی عەرەب ئەنجامدران و بەسەدان هەزار لەگەلەکەمان کوشتوبڕ کران.

با بیرەوەری هەڵەبجە نەبێتە دوژمنایەتی نێوان گەلان، بەڵکو ببێتە هۆکاری ئاشتی نێوان گەلانی ناوچەکە.

- بژی یەکێتی گەلی کوردستان، بمرێ خیانەت و پاشڤەڕۆیی

- نەمری بۆ شەهیدانی هەڵەبجە و سەرجەم شەهیدانی ڕێگای ئازادی و سەربەخۆی کوردستان

کۆمیتەی ناوەندی

ڕێکخراوی بیت نەهرێنی نیشتیمانی شۆڕگێڕ

١٩٩٩/٣/١٦

## بەڵگەنامەی ژمارە (٢٠٠)

## لەیادی نەورۆز و جەژنەکانی ڕاپەڕیندا

وەک ئاشکرایە گەلەکەمان لە٢١ی ئازاردا یادی نەورۆز دەکاتەوە، ئەمەش ئەوەمان یاددەخاتەوە کە گەلەکەمان پێش چەندین سەدەش بەدەست زوڵم ژێردەستەی و ستەمکاریەوە ناڵاندویەتی و نەفرەتی لێ کردوون هەربۆیە چەندەها ڕۆڵەی بەجەرگ و قارەمانی تیادا هەڵکەوتووە کە گیانی خۆیان کردۆتە قوربانی لەپێناوی سەربەخۆی و سەرفرازی ڕۆڵەکانی نەتەوەکەیان.

(کاوەی ئاسنگەر) یەکێک بوو لەو ڕۆڵە جەربەزەو قارەمانانەی کە کاسەی ئارامی بەرامبەر زوڵم ستەمکاری (زوحاک) پڕ بوو، چیتر نەیتوانی بەرگەی ئازارو چەوسانەوەی نەتەوەکەی بگرێ، بۆیە گڕی ڕق و کینەی لەمێشکی زوحاکدا خامۆش کردو بەلەناوبردنی زوحاک گەلی کوردمان لەمێژوودا پەڕەیەکی پرشنگداری لەڕزگاری و سەربەخۆیی تۆمارکرد، هەر بۆیە ئەم ڕۆژە ناونرا (نەورۆز).

وا ئێستاش لەم سەردەمەدا ڕۆڵەکانی کورد کاوە ئاسا، وە لەهەمانکاتدا مانگی تۆڵەو ڕاپەڕیندا لەئازاری ١٩٩١ دا گڕی ڕق و کینەیان لەمێشکە سەری زوحاکە خوێن مژەکانی ڕژێمی بەعسی فاشی بەغدادا خامۆشکرد، هەر بۆیە زیاتر سەلماندی قارەمانی و ڕەسەنی گەلی کورد بۆ یەکەم جار کەرکوکی قودسی کوردستان لەدەست ڕژێمی بەعسی خوێنمژ لە٢١ ی ئازاری ١٩٩١دا ڕزگارکرا لەسایەی خوێنی هەزارەها ڕۆڵەی قارەمان، جاهەر لەم یادە پیرۆزەوە سەری ڕێزو وەفا بۆ ئەم شەهیدە قارەمانانە نەوی دەکەین کە هەر لەسایەی خوێنی ئەوانەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان و پەرلەمان هاتە کایەوە، پیرۆزبێ یادی جەژنی نەورۆز لەهەموو ڕۆڵەیەکی کورد لەهەر شوێنێکی جیهانداو با نەورۆزو ئازاری ئەمساڵ ببێتە هاندەرێک بۆ ئاشتی سەرتاسەری لەکوردستانداو پارێزگاریکردنی حکومەتی هەرێم و پەرلەمانی کوردستان و تەبای ڕیزەکانی نەتەوەکەمان.

بەرقەرابێ دیموکراسی و یەکسانی

سەرکردایەتی

پارتی یەکسانی کوردستان

٢٦٩٨ی کوردی

## بەڵگەنامەی ژمارە (٢٠١)
## پیرۆزبێت نەورۆز، ڕۆژی ڕابوون و ئاشتی و برایەتی ئەی گەلی کوردستانی ستەمدیدە...

وێڕای پیرۆزبایکردن بە بۆنەی هاتنی جەژنی نەورۆزی نەتەوەی و مێژووی کوردان، ئەم ڕۆژە مەزن و گەورەیە پێویستە بکرێتە هاندەرێکی لەبار بۆ چارەسەرکردن و بەرەوپێشەوەبردنی دۆزی گەلی کوردستان.

ئەمساڵ کە یادی نەورۆزی گڕو بەرخۆدان دەکەینەوە بەری خەبات و تێکۆشانی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان گەشاوەیەو کورد لەکورستانی باشوردا لەسایەی قوربانی و گیانفیدای هەزارەها لەڕۆڵەکانی و لەئاکامی شۆڕشی نەپساوەی بەردەوام و دواتریش ڕاپەڕینی ئاداری ١٩٩١، دەستکەوتی مەزنی وەدەست هێناون و ئەمڕۆش کە هەشت ساڵ بەسەرئەم هەل و مەجەدا تێدەپەڕێت، جەماوەری خۆڕاگر و تامەزرۆی ڕزگاری و ئازادی پێشوازی لەجەژنی نەورۆز دەکەن و هەر بەم بۆنەیەشەوە سیاسەتی دوژمنکارانەی ڕژێمی دیکتاتۆری بەعس ڕیسوا دەکەن، لەبەر ئەوەیە پێویستە هەرچی لەتوانادایە بۆ هێنانەدی ئاشتی و جێبەجێکردنی ڕێککەوتنامەی واشنتۆن کاربکرێت، کە لەئاکامی وەزعی نەشەڕ و نەئاشتی هەست دەکرێ خاڵەکان وەکو پێویست جێبەجێ ناکراون و چەشنە سستیەکیش لەئارادایە، بە تایبەت کە دەزانرێت لەکاتی دیاریکراودا خاڵەکانی ڕێککەوتن بەڕێوەنەچوون. ئەم جەژنەو بۆنە نیشتیمانی و نەتەوەییەکان بکرێنە هاندەر بۆ چارەسەری ئاڵۆزی و بەرەوپێشەوەبردنی دۆزی ڕەوای گەلی کوردستان لەهەموو ئاستەکانداو دورخستنەوەی ئەو ترس و نیگەرانیانەی دەبنە سەرچاوەی هەڕەشەو بڵاوکردنەوەی پەشێوی، کە ئەمەش بە گێڕانەوەی یەکڕیزی و تەبایی و ئاشتی دەکرێت.

دەیان ساڵە گەلی کوردستان و گەلانی عێراق بەدەست زەڵم و زۆری ڕژێمی دیکتاتۆری عێراق دەناڵێنن، هێشتا مەترسی هەڕەشەکان لەئارادان و ڕۆژانەش لەسیاسەتی تەعریب و ڕاگواستن بەردەوامەو لەبەر ئەوە دەبێت بە وردی لێکدانەوە بۆ ئەگەری هەرچەشنە گۆڕانکاری و پێشهاتێک لەئاستی عێراق

بکرێت، چونکە ڕاستەوخۆ کاردانەوەی لەسەروەزعی کوردستان دەبێت بەتایبەت کە ماڵی کوردی پەرت و بڵاوە.

گەلی کوردستانی ئازادیخواز....

ئەمڕۆ کە یادی هاوخەمی و تێکۆشانی ڕزگاری چەوساوەکانە لەدەست زوحاکی زۆردارو چنگ خوێنین، نەتەوەی کورد هێشتا لەهەموو پارچەکانی کوردستان بەدەست سیاسەتی شۆڤینیانەو کۆنەپەرستانەی ئەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە دەچەوسێتەوە. لەبری چارەسەری دیموکراسیانەو ئاشتیانەی دۆزی ڕەوای مێژوویەکەی کوردان، بەبەر چاوی دونیاو لەسەردەمی بەناو نەزمی نوێی جیهانی و مافەکانی مرۆڤ و دیموکراسی بە هەزارەها لەڕۆڵەکانی کورد زیندانی دەکرێن و لەسێدارە دەدرێن و ڕادەگوێزرێن و لەسادەترین مافەکانی ژیان بێبەش دەکرێن.

ڕاستە ئەمڕۆ بزافی تێکۆشانی نیشتیمانی کوردستان پێی ناوەتە قۆناغێکی گرنگ و لەهەمانکاتیشدا هەڕەشەی مەترسیدار لەسەرتەواوی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان بەتایبەتیش کوردستانی باشور هەیە، بەڵام هیچ کەسێ ناتوانێ نکوڵی لەڕەوایی تێکۆشان و مافە بنچینەیەکانی کورد و بونیان بکات و ڕۆژانە لەسەکۆ نێودەوڵەتیەکان باس لەدۆزی چارەسەرنەکراوی کوردستان و ئەم کێشە بەرفراوان و مەزنە دەکرێت کە بێ چارەسەرکردنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئارامی بە خۆیەوە نابینێت، بە تایبەتیش کە دەزانین میللەتێکی پتر لە(٣٠) ملیۆنی وەکو کورد تاکە نەتەوەیە کە تا ئەمڕۆ دابەشکرابێت و ڕێگەی بۆ ئازادی ژیان و بڕیاری مافی چارەنووسی بەزۆر لێ سەندرابێت و خاوەنی کەیانی نەتەوەیی خۆی نەبێت.

بەبۆنەی جەژنی نەورۆزی گڕو هاندەری یەکڕیزی کوردان بانگەوازی هەموو گەلی کورد دەکەین کە هۆشیارانە بۆ بەدیهێنانی ئامانجە ڕەواکانیان تێبکۆشن و لەبەرامبەر هەلومەرجی نێودەوڵەتی و هەرێمایەتی ژیرانە و ستراتیژیانە مامەڵە بکەن و بەری ڕەنج و قوربانی و بەرخۆدانی سەدان ساڵەی خۆیان نەکەنە دەستەمۆی هەندێ شتی لاوەکی و پێویستە هەلومەرجی یەکتر لەبەرچاو بگرین و کێشەکان بە ڕێگەی گفتوگۆی دیموکراسیانە چارەسەربکرێن و برایەتی و تەبایی بێننە دی، کە ڕوداوە دڵتەزێنەکانی ساڵانی

هەشتاکان و کۆڕەوی ملیۆنی ئاداری ١٩٩١ی کوردستانی باشور ڕووەو سنورەکانی ئەودیوو بەڵگەی یەکبونی کوردەو هاوخەمی و برایەتی و تەبایین و پێویستە ئەمڕۆش لەو بوژانەوەی بنەما ڕەسەنەکانی تێکۆشان و پەرەپێدانی دیموکراسیەت و ئازادییە سیاسیەکان و بۆچونە نیشتیمانی و پێشکەوتووخوازەکان و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و بەدیهێنانی ئاشتی و گەیشتن بە ڕزگاری یەکجارەکی خەبات بکەین و ئەم ڕۆژە ببێتە مایەی نەفرەت لەدوژمنان.

- پیرۆزبێت نەورۆز، جەژنی بەکرێزی و برایەتی کوردان
- ڕزگاری و ئازادی بو کوردستان
- نەفرەت لەدوژمنان و چەوسێنەران

حیزبی شیوعی کوردستان
پارتی کاری سەربەخۆی کوردستان
ڕێکخراوی تێکۆشانی ڕەنجدەرانی کوردستان
بزوتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان
بزوتنەوەی یەکبونی کوردستان

هەولێر
١٩٩٩/٣/١٩

## بەڵگەنامەی ژمارە (٢٠٢)

## جەژنی نەورۆزتان پیرۆزبێت

هاونیشتیمانیانی خۆشەویست جەژنی نەورۆزو ڕاپەڕینتان هەموو ساڵێک بە خۆشیو شادی بێت، ئێمەش وەکو خەڵکێکی ئەم نیشتیمانە بەژداری ئەم یادە پیرۆزە نەتەوەییە دەکەینەوە خۆشحاڵی خۆمان بەم یادە دەردەبڕین، بە بۆنەی هاتنی جەژنی نەورۆزەوە کە جەژنێکی دێرینی نەتەوەکەمان و گشت گەلانی ناوچەکەیە کە هەزاران ساڵە یادی لەدڵی میللەتەکەماندا ڕەگ و ڕیشەی داکوتاوە، لەڕۆژی نەورۆزدا بوو بۆ یەکەمجار جمشید پاشای پێشدادی لەئێران زەمیندا فەرمانڕەوی دامەزراند چونکە پێشتر هیچ حکومەتێک لەئێران زەمیندا دانەمەزرابوو.

لەو ڕۆژگارەدا (زوحاکی) بابلی هێرشی هێنا ئێرانی داگیرکردوە حکومەتی پێشدادی کوردی دوایی هات لەسەردەمی ئەم زوحاکەدا کەس لەسەروماڵی خۆی ئەمین نەبوووە دەستی کرد بە کوشتن و بڕین و بەکارهێنانی زەبروزەنگ، تەڕو وشکی پێکەوە دەسوتاند، هاواری خەڵکی لێقەوماو دای بە گوێی (کاوە ئاسنگەر)دا کە خۆشی لەهۆزی پێشدادی بوو.

کاوەی ئاسنگەر داوای لە (فەرەیدون)ی پێشدادی کرد بەژداری ئەم ڕاپەڕینە بکات، کاوەی ئاسنگەر لەیەکەم ڕۆژی نەورۆزدا دەستی گرت بەسەربارەگای زوحاکی خوێنڕێژدا و تەخت و بەختی هەڵوەشاند، ئەو ڕۆژە کە زوحاک لەناوبرا بوو بە ڕۆژی نەورۆزوە لەئاوێستەدا ئەم بەسەرهاتە نوسراوەتەوە.

جەماوەری کوردستان...

لەووڵاتی ئێران زەمیندا لەسەردەمی مادەکاندا کوردستان ئاوەدان بووەوەو هەمەدان و شارەزووریان کردە پایتەختی خۆیان زوحاکی کورد ئەو ڕۆژەی ناونا نەورۆز هەروەها نەورۆز لەهەمانکاتدا جەژنی سەری ساڵی کوردیە.

خوشکو برایانی خۆشەویست

خەڵکی موسوڵمانی کوردستان

با لەیادی نەورۆزدا پەیمان نویێ بکەینەوە بۆ گەلەکەمان کە ئامانجە دێرینەکانیان جێبەجێ بکرێ، وە خوێنی شەهیدەکانمان لەسەرتاسەری کوردستاندا ئامانەتێکەو لەئەستۆماندایە نابێ بەفیڕۆ بڕوات بۆ سەرکەوتنی ئەم مەبەستە پرۆسەی ئاشتی نێوان یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان دەبێ هەنگاوی جدی بۆ بنرێ تا دڵی هەموو گەلی کوردستان شاد ببێتەوەو ببێتە نەورۆزێکی ڕاستەقینەوە هەروەها داوا لەهەموو حیزب و ڕێکخراوو بزوتنەوە ئیسلامیەکان دەکەین هەوڵبدەن بێکەوە پرۆسەی ئاشتی سەربگرێوە هەڵبژادرنی گشتی لەکاتی خۆیدا بکرێ لەسەرتاسەری کوردستاندا.

لەکۆتایدا هەزاران سلاو بۆ گیانی پاکی شەهیدە قارەمانەکانی کوردستانوە گشت شەهیدانی ڕێبازی ئیسلام

مەکتەبی سیاسی

بزوتنەوەی موجاهدینی کوردستان - عێراق

١٩٩٩/٣/٢١ م

٢٦٩٩/١/١ ک

## بەڵگەنامەی ژمارە (٢٠٣)
## بەیاننامەی مەکتەبی سکرتاریەتی
## (یەکێتی خوێندکارو لاوانی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان)
## لەیادی ١٦ ساڵەی دامەزراندنیدا

خواندکارانی زانستخواز

لاوانی شۆڕشگێڕ

وەک ڕوون و ئاشکرایە خەباتی پشەیی و دیموکراتی لە چوارچێوەی گەشەکردن و کامڵبوون ساغبونەوەی بەرنامەی ستراتیجی زانست و کۆمەلایەتی و ڕامیاری دەخولقێت. بۆ برەودان بە ڕەوتی خەباتی جەماوەری و پشەیی و بەرەوپێشبردنی شێوەکانی خەبات بۆ گەیشتن بە ئامانجی ئەو ڕێکخراوانەی کە ستراتیژی کەسانەی تایبەتی بگرێتە خۆی، کە تایبەت بەو بوارانەی کە دەبێتە هۆی پەکخستنی گشت هێز و توانانکانی خوێندکاران و لاوانی شۆڕشگێڕ بۆ بەدیهێنانی خواست و ئامانجەکانیان.

یەکێتیەکەمان (یەکێتی خوێندکار و لاوانی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان) بۆ برەودان بە ڕەوتی زانست و هێنانەدی خواستەکانی خوێندکاران  و لاوان لە کوردستاندا. لە ڕۆژێکی وەکو ئەمڕۆدا مۆمی تەمەنی (١٧)هەمین ساڵ ڕۆژی داگیرسانی و (١٦) ساڵ خەبات و بەردەوامبوون لە داکۆکیکردن و تێکۆشان لە پێناوی مافە ئەکادیمیەکان و پیشەییەکانی خوێندکار و لاوانی کوردستان وەک ئەستێرەیەکی گەش دەدرەوشێتەوە.

ڕۆژی ١٩٨٣/٤/٤ مژدەی لە دایکبونی ڕێکخراوێکی شۆڕشگێری پێشکەوتوخوازی لە خۆگرت و ناودەشتی بناری قەندیل هێندەی تر سەربڵند بوو، ئامێزی گەرمی کردە لانکی شۆڕشگێڕی بۆ (خوێندکاران و لاوانی سۆسیالیت) هەرلەسەرتاوە ئەو ڕاستیەی لە بۆتەی پرۆگرامی خۆیدا بەرجەستە کردووە کە (خەباتی چەکداری بە بێ دەست لەملانی پێنوس و هەماهەنگی لەگەڵیدا محاڵە، ڕەوتی بەرەو پێشچون براوات و بەئاکام بگات) ئەلبومی پڕ سەروەری (١٦) ساڵەی یەکێتیەکەمانە هاوشانە لەگەڵ سوتماکی کوردستانێکی زامدارو ئەنفالکراو کە وێنەی دەیان شەهیدی وەک (مامۆستا

صەلاح) سکرتێری خوێندکارانی سۆسیالیست و شەهید (فاروق) ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت و شەهید (محمود) و شەهید (صدیق) و شەهید (حەیدار) و شەهید (شیروان) و چەندین شەهیدی تری لە ئامێزدایە.

خوێندکارانی ئازا... لاوانی شۆڕشگێڕ

دوای ئەو هەموو کێشمەکێشمەی کە لەنێوان حیزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستاندا ڕوویدا بووە هۆی پیادەکردنی سیاسەتێکی دوولایەنەو گەیشتە ئەو دەرەنجامەی کە شەڕی ناوخۆی لێبکەوێتەوەو سەدان کەس لە ڕۆڵە تێکۆشەرەکانی گەلەکەمان بۆتە قوربانە ئەو شەڕە خۆکوژیە.

دیارە خوێندکارانی بەشمەینەت لەم نێوەندەدا بێ بەش نەبوون و ئاگری شەڕی ناوخۆ چەندین خوێندکاری کردە سوتەمەنی و هەمیشە ژیانیان لە مەترسی و دڵەڕاوکێدا بووە، مامۆستایانی شۆڕشگێڕ بەهەمان شێوە پڕیشکی گری شەڕی ناوخۆ گرتینەوەو ڕۆژ بە ڕۆژ گوزەرانیان بەرەو خراپی دەچێت. سەرەڕای ئەو کارەساتانە پڕۆژەی پەروەردە و فێرکردن تا ڕادەیەکی باش بەڕیوەچووە، هەمیشە خوێدکاران هەوڵیانداوە درێژە بە کۆشش و خەبات بدەن، تا بتوانن خەونی داگیرکەران و ناحەزانی گەلەکەمان زیندەبەچاڵ بکەن.

ئێمە وەک (یەکێتی خوێندکار و لاوانی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان) لە بارودۆخێکی ئاوها پر مەترسیدا داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین کە بەخێرای ئاوڕ لە گوزەرانی مامۆستایان بدەنەوەو چارەسەری کێشەکانیان بکەن.

لەهەمانکاتدا داواکارین لە پسپۆڕان و شارەزایانی بواری پەروەردەو فێرکردن، زۆر بەخێرای بکەونەخۆ بۆ پاکتاوکردنی پەرتوکەکانی خوێندن لەو بابەتە نەشیاوانەی کە لەکاتی ڕژێمی بەعسدا جێگیر بوون و لە جێگەیاندا بابەتی بە پێزو شیاو دابنرێت کەلەگەڵ ئەمرۆی کوردستاندا بگونجێت و گیانی شۆڕشگێڕیان پەرە پێبدرێ لە ناخ و دڵودەرونی خوێندکاراندا.

خوێنکارانی تێکۆشە..... لاوانی کۆڵنەدەر

بۆیە لە یادی دامەزراندی یەکێتیەکەماندا ئاشتی بە تاکە ڕێگاو چارەسەری گونجاو دەزانین بۆ بنەبڕکردنی کێشەکان و بەرەوپێشچونی ڕەوتی زانست و پێشکەوتن، وەهیوادارین ئەو ئاشتیەی کە ئێستا بەرقەرارە لە کوردستاناد

ببێته مایەی یەکخستی گشت هێزو توانای لایەنە سیاسیەکانی کوردستان لە پێناو بەدی هێنانی کۆمەڵگەیەکی شارستانی و پێشکەوتوخواز، کە تێیدا مەشخەڵی (زانست. پێشکەوتن. داهێنان) پڕشنگداربێت، وە دوپاتی دەکەینەوە گشت هێزو تواناکانمان دەخەینە گەڕ لە پێناو دابین کردنی ژیانێکی نوێ و هاوچەرخانە بۆ خوێندکاران دەستەبەر بکرێت و تاکو لەو ڕێگایەوە ئایندەیەکی باشترو گەشاوەتر بۆ تێکڕای خوێندکاران و لاوان بەرقەرار بێت.

بەرز و پیرۆزبێت یادی تێپەڕبونی (١٦)هەمین دامەزراندی یەکێتیەکەمان

شەکاوە بێت ئاڵای زانست لە کوردستاندا

نەمری و سەربەزی بۆ شەهیدانی ڕێگای کورد و کوردستان

مەکتەبی سکرتاریەتی

یەکێتی خوێندکارو لاوانی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان

١٩٩٩/٤/٤

## بەڵگەنامەی ژمارە (٢٠٤)
## لە (جەمال عەبدول)ەوە،
## بۆ/بڕوا - لیژنەی یادی سەدساڵەی ڕۆژنامەگەری کوردی

بەڕێزان، سڵاو و ڕێزی زۆرمان

بروسکەکەتان ڕۆژی ١٩٩٨/٤/٢ گەیشت.

١- پێمان وایە ڕۆژی ٤/٢٢، ڕۆژی هەموو ڕۆژنامەنوسێکی دڵسۆزی کوردە، بۆیە ئاساییە کە لەهەر شارێک لەشارەکانی کوردستان و لەهەر شوێنێ ڕۆژنامەنوسی کوردی لێبێت، ئەم یادە شکۆدارە بکرێتەوە.

٢- پێمان باشە لەهەردوو لیژنە، لەسەرئەوە پێکبێن لەڕۆژی ٤/٢٢ دا، چ لەهەولێرو چ لەسلێمانی بەشداری هاوبەشمان هەبێت، بەناردنی چەند نوێنەرێکی ئێرە بۆ هەولێرو بە پێچەوانەشەوە.

٣- تکایە لەقایلبونتان ئاگادارمان بکەن و پێشنیاز ئەکەم کە دەست نیشانی ئەوەش بکەین نوێنەرانمان چەند کەس بن (هی هەردوولا)!؟

٤- هەر بەو پێیەش پێشنیاز ئەکەم، چەند تۆژیارێکی ئێرە لە٢٣، ٢٤ (یان هەر ڕۆژێک کە پێتان باش بێت) بێنە هەولێرو لەوێ تۆژینەوەکانیان پێشکەش بکەن و هاوکاتیش لەهەمان دوو ڕۆژدا چەند تۆژیەرێکی ئەوێ بێنە ئێرە.

٥- تکامان وایە وەڵامی ئەم بروسکەیەشمان وەک ئەوی پێشوو لێ نەکەن کە دوای (٤٠) ڕۆژ وەڵاممان بۆ هاتەوەو تا ئێستاش هۆی دواکەوتنەکەی نازانین و سوپاس.

جەمال عەبدول

١٩٩٨/٤/٤

**بەڵگەنامەی ژمارە (٢٠٥)**

**لە/ سلام عەبدوڵا**

**بۆ/ جمال عەبدول**

بروسکەتان ڕۆژی ٤/٤ گەیشت زۆر سوپاس، ئێمەش دەڵێین یادی سەد ساڵەی ڕۆژنامەگەری کوردی دەکەوێتە سەرشانی هەمووومان، یاد کردنەوەی ئەو ڕۆژە پیرۆزە ئەرکی هەموو لایەکمانە. بەو هیوام ئەم یادە ببێتە پشتگیریەکی پتەو بۆ پڕۆسەی ئاشتی لەکوردستان. ئەمەش وڵاممانە: -

١- ئێمە ڕازین لەسەرناردنی (٥) نوێنەر بۆ سلێمانی. وە پێشوازی (٥) نوێنەری ئێوەش دەکەین.

٢- ئێمەش ڕازین لەسەرناردنی (٣) نوسەر بۆ خوێندنەوەی باسەکانیان. وە پێشوازی لە(٣) نوسەری ئێوەش دەکەین.

٣- هەر نوسەرێکی تر دەیەوێ بەشداری بکات لای ئێمە ئازادە.

٤- ناوی نوێنەرو نوسەرەکان لە بروسکەیەکی تردا بۆتان دەنێرین.

٥- ڕۆژی ٢٧- ٢٨ ئەم یادە لەدهۆک دەکرێتەوە، دەتوانن نوێنەر بۆ ئەوێش بنێرن

لەگەڵ ڕێزدا، چاوەڕێی وڵامین

سلام عەبدوڵا

٤/٦

**بەڵگەنامەی ژمارە (٢٠٦)**

**لە/ (جەمال عەبدول)ەوە**

**بۆ/ بەڕێز فلك الدين كاكەیی**

بروسکەی (١٠/٩)تان گەیشت زۆر سوپاس، چاوەڕوانی ناوەکان ئەکەین، پێشنیاز ئەکەین بۆ باشترو خێراتر ڕاپەراندنی کاری هاوبەش و وەردەکاری پێویست (سێ کەس) لەهەردوو لیژنەی باڵا (واتە هەر لیژنەیە سێ کەس) ڕۆژی سێ شەمە ٤/١٤، پێکەوە کۆببنەوە لەدوکان یان کۆیە لەخزمەتتاندابین، تکایە لەکات و شوێنی کۆبونەوەکە ئاگادارمان بکەنەوە و چاوەڕەوانین.

جەمال عەبدول
١٩٩٨/٤/١١
کات (٧،٥٠)ی ئێوارە

**بەڵگەنامەی ژمارە (٢٠٧)**

**لە/ (جەمال عەبدول)ەوە**

**بۆ/ بەڕێز هاوڕێ بروا**

بروسکەی ٤/١٩ تان، کات (٨)ی ئێوارەی ٤/١٩ گەیشت، لەکۆبونەوەی ئەوکاتەی لیژنەی باڵادا خوێندمانەوەو ئەمە، تێبینیەکانمانە: -

١- نەمانزانی ئەو نوسراوەی لەگەڵ بروسکەکە بوو، (بەناوی لیژنەی باڵاوە نوسراوە) لیژنەی باڵا ناردویەتی، یان خۆتان بۆتان ناردووین؟!

٢- ئەگەر لیژنەی باڵا ناردویەتی، ئەبوو بەناوی بەڕێز سەرۆکی لیژنەی باڵاوە بووایەو بەلای ئێمەوە باشتر وایە دووکەس لەهەردوو لیژنەی باڵا پێکەوە دایبرێژن و بینوسن.

٣- ئێمە لەگەڵ بەڕێز کاک عبدالموجود طە دانیشتین، بەرنامەی یادەکەو پێشنیازەکان و تەنانەت هەر لەدانیشتنەکەدا ناوی ئەو تۆژیارانەیان بۆ ناردن کە باسەکەیان لەوێ پێشکەش ئەکەن، بەڵام ئەوە دوو سبەی یادەکە دەست پێ دەکات، تا ئێستا نەناوی ئەندامانی وەفدو نەهی ئەو تۆژیارانەی کە باسەکانیان لێرە پێشکەش ئەکەن و نەوڵامی ئەو پێشنیازو بیروڕایانەمان پێ نەگەیشتۆتەوە کە بە بەرێز عبدالموجور طە دا بۆمان ناردن، تکایە بە زوترین کات و هەر ئەمڕۆ وەڵاممان بدەنەوە و چاوەڕوانین.

جەمال عەبدول

سەرۆکی لیژنەی باڵا

١٩٩٨/٤/٢٠

کات: ٥،٥٥ی بەیانی

# بەڵگەنامەی ژمارە (٢٠٨)
## لە/ (جەمال عبدول)ەوە
## بۆ/بەرێز فلك الدین کاکەیی

بروسکەی ٤/٢٠ تان گەیشت.

١- نوێنەرمان بۆ بەشداری لەئاهەنگی یادی ١٠٠ ساڵەی ڕۆژنامەنوسی کوردیدا، ئەم بەڕێزانەن:

سەردار عبدالکریم بەڕێوبەری گشتی دیوان

- دڵشاد عبدالله سەرنوسەری گۆڤاری ئێستا

لطیف هەڵمەت شاعیرو نووسەر لە ڕۆژنامەی هەریمی کوردستانە

ئەم بەرێزانە ڕۆژی ١٩٩٨/٤/٢١ دەگەنە لاتان

٢- ئەم بەرێزانەش ڕۆژی ١٩٩٨/٤/٢٤ دەگەنە لاتان بۆ پێشکەشکردنی باسەکانیان:

- محمد دلێر امین میسری (خواستی ئازادی)
- محمد صالح سعید (گۆڤاری بلێسە)
- جلال محمود علی (گۆڤاری هەتاو)

تکایە با تۆژیارە بەڕێزەکانی ئێوەش ١٩٩٨/٤/٢٤ لێرە ئامادەبن چونکە ٤/٢٥ کاتیان بۆ دانراوە بۆ پێشکەشکردنی باسەکانیان و بەخێرهاتن و پێشوازیان ئەکەین.

٣- لەبەر ئەوەی بەداخەوە وەڵامەکەتان درەنگ گەیشت ئێمەش وتارمان ئامادەکردووە کە لەهەموو ڕویەکەوە لەوەی ئێوە نزیکە، چونکە کاتی ئەوەمابوو کە لیژنەی هاوبەش ووتارەکە بەیەکەوە دابڕێژن.

٤- تکایە سبەینێ (واتە ٤/٢١) کارێک بکەن کات (٢)ی پاش نیوەڕۆ نوێنەرە بەڕێزەکانتن بکەنە دێگەڵە، هەروەها نوێنەرانی ئێمەش، لەوێ پێشوازییان ئەکەن.

جەمال عەبدول

١٩٩٨/٤/٢٠

کات/١٠ی شەو

## بەڵگەنامەی ژمارە (٢٠٩)

## لەیادی نۆیەمین ساڵرۆژی ئەنفالە شومەکاندا

جەماوەری قارەمانی کوردستان!

ئەنفال و قڕکردنی کورد مێژوویەکی کۆنی هەیە و بەشێک بووە لەو هەوڵ و هێرشانەی لەپێناو کپکردنەوەی جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان لەلایەن ڕژێمە داگیرکەرەکانی کوردستانەوە ئەنجام دراوە.

سەرهەڵدانی بیری شۆڤێنیستی لەڕیزەکانی حزبی بەعس هەر لەسەرەتای گرتنەدەستی جڵەوی دەسەڵاتەوە لەعێراق دا دەستی پێکرد.

لەم ڕژێمەدا، لەپێناو پاراستن و تۆکمەکردنی حوکمڕانێتی خۆیدا بەهۆی دەزگا داپڵۆسێنەرەکانیەوە، وەکو گرنگترین ئامراز هەوڵی سەرکوتکردنی نەیارانی خۆی داوە، بەتایبەت ڕزگاریخوازانی گەلەکەمان، ئەمەش بەچەند قۆناغ و شێوە پەیڕەوکراوە، هەرلەگرتن و ڕاوەدونانەکانی ((قصر النهائی)) و دائیرەکانی ئەمن و ئیستخبارات و موخابەرات، تا ڕاگواستنی برا فەیلیەکانمان بۆ ئیران و ئینجا ڕادەی ((ترحیل، تبعیث، تعریب)) دواتریش بێ سەروشوێنکردنی هەشت هەزار بارزانی لەسنورەکانی پارێزگای هەولێر، دواتریش پەیڕەوکردنی سیاسەتی خاکی سوتاو((الارض المحروقة)) تا گەیشتە لوتکەی تاوانە پڕ شەڕمەزاریەکەی لەکیمیاباران کردنی هاوڵاتیانی بێ دیفاعی هەڵەبجەی شەهیدو بەڕێوەبردنی چالاکیە سەربازیە دڕندەکانی لەژێر ناوی((عملیات الانفال))، کە بریتی بوو لەبێسەروشوێنکردن و زیندەبەچاڵکردن و بەکۆمەڵ کوشتنی زیاتر لە١٨٢ هەزار مرۆڤی بێتاوانی کورد.

خەڵکی ئەنفالکراوی کوردستان!

لەنۆیەمین ساڵرۆژی دڕندانەترین هێرشی دژە مرۆڤایەتی صدام و دارودەستە حوکمڕانەکەیدا، وێڕای بەرزو بەڕێز ڕاگرتنی گیانی قوربانیانیەکانی گەلەکەمان، لەتەواوی حزب و ڕێکخراو و لایەنە سیاسی و جەماوەری و ڕۆڵەکانی گەلە خۆڕاگرەکەشمان خواستیاری یەکڕیزی و هەماهەنگی هەموو لایەکین لەپێناو ئاشکراکردنی چارەنوسی ڕۆڵە بێ سەرو شوێن کراوەکانی گەلەکەمان و داوا لەهەموو لایەک دەکەین وێڕای هەموو

هەوڵ و تێکۆشانمان لەدژی بەعسی فاشیست ئەمڕۆ ڕۆژی ٤/١٤، کە ڕۆژی ماتەمی گشتیە لەکوردستاندا، سەروتارو مانشێتەکان ماتەمئامێزبێ وەک رەمزێکی زەق، لەپێناو ڕەتکردنەوەی ڕژێمی نەگریسی بەعسی و دارودەستەکەیدا لەو یادە دڵتەزێنەدا داوا لەڕای گشتی جیهان دەکەین هەرچی زەورە هەوڵی دادگایکردنی دیکتاتۆری عێراق و دارودەستەکەی بدرێ.

داوا دەکەین چارەنوسی بێسەروشوێنکراو و گیراوەکانی ئەنفالە بەدناوەکان بە زووترین کات دیاری بکرێت.

* بەرزو بەڕێزبێت یادی نۆیەمین ساڵڕۆژی ئەنفالکڕاوەکان
* ئەنفالەکان پەڵەیەکی ڕەشن بە تەوێڵی بەعسەوە
* سەرکەوتن هەر بۆ گەلی ئێمەیە

ڕێکخراوی ئاوارەو ئەنفالەکانی کوردستان
هەولێر - کوردستان
١٩٩٧/٤/١٤

## بەڵگەنامەی ژمارە (٢١٠)

## جەماوەری ئازادیخواز، خەڵکانی بەش مەینەت و کەسوکاری دڵ پڕ لەحەسرەتی ئەنفال کراوەکان

ئەم ساڵ لە (٤/١٤)دا، یانزە ساڵ تێپەڕ دەبێت، بەسەرکارەساتی پڕ لەناسۆری بێ سەرو شوێن کردنی(١٨٢٠٠٠) مرۆڤی بێ تاوان، لەسەردەستی ڕژێمە دیکتاتۆرە فاشیەکەی بەعس.

ئەم کارەساتە یەکێکە لەوەحشیگەرانەترین پیلانەکانی ڕژێمێکی فاشی وەکو بەعس لەمێژووی هاوچەرخدا. ئێمە وەکو (لقی کەرکوکی - کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان) نامانەوێت خەموو ناسۆر و برینی کەسوکاری ئێوە و ئازیزانی بێسەروشوێنی ئێمە جارێکی تر و سەرلەنوێ بکولێنینەوە، چونکە خەمی ئەنفالکراوان تەنها خەمی ئەوانەنیە کە لەسەردەستی جەلادەکەی بەغدا بێسەروشوێن کران، بگرە خەمی چەندەها ئەوەندیتر لەو منالانەی کە لەباوک و دایکیان جێماون، خەمی ئەو ئافرەت و کیژۆڵە بەش مەینەتانە کە لەچاوەڕوانی بێ هیوای گەڕانەوەی دەزگیرانەکانیان و ڕۆژانە لێرە و لەوێ ژیانی مەمرەومەژی و کولەمەرگی بەسەردەبەن، هەر لەم یادە پڕناسۆرەدا بانگەشەی هەموو کەس و لایەن و ڕێکخراوێکی دڵسۆز بە چارەنوسی ئەنفال کراوو کەسوکاریان دەکەین و لێرەشە بە تایبەت داوا لەدەسەڵاتدارانی حکومەتی هەرێمی هەردوو ناوچەکە دەکەین، کە بە ئەرک و بەرپرسیارێتی خۆیان هەڵسن و کاربکەن بۆ ئەوەی:-

- دەزگا نێودەوڵەتیەکان و UN لای خۆیانەوە فشاری جدی بخەنە سەرڕژێمی بەعس بۆ دیاریکردنی چارەنوسی ئەنفال کراوەکان.

- هەموو بەیەک دەنگ داوای دادگای سەدام و تاوانبارانی جینۆساید بکەین لەدادگایەکی نێودەوڵەتیدا.

- دەسەڵاتدارانی حکومەتی هەرێم موچەی دیاریکراوی مانگانە بۆ کەسوکاری قوربانیانی ئەنفال تەرخان بکات

- چارەسەرێکی یاساییانە، بۆ ئافرەتانی جێماوی ئەنفال بکرێت

- لەیادی یانزە ساڵەی کارەساتی پڕ ناسۆری ئەنفالدا، نەفرەت لەڕژێمی دیکتاتۆری بەعس، تاوانباری جینۆساید و سەرجەم نۆکەرانی ئەنجامدەری ئەم تاوانە، ڕێزو خۆشەویستی و هەموو هاوخەمیەک بۆ کەسوکاری قوربانیانی ئەنفال.

کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان - عێراق
لقی کەرکوک
١٩٩٩/٤/١٤

## بەڵگەنامەی ژمارە (٢١١)
## لەیادی(١٠)یەمینساڵرۆژی کارەساتی ئەنفال

بەرقەرابوونی ئاشتی لەکوردستاندا، گیانی ئەنفالکراوەکان ئاسودە دەکات
جەماوەری بەشەرەفی کوردستان

کارەساتی ئەنفال لەلایەن ڕژێمی گەندەڵی بەغداوە دژ بە خەڵکی بێدەرەتان و بێدیفاعی گەلی کوردمان، بەرجەستەبونێکی ڕوون و ئاشکرای شەڕی شۆڤێنیستی ڕژێم بوو، دژ بە کۆمەلانی نیشتیمان پەروەری کوردستان.

لەکاتێکدا ئەم تاوانە دڕندانەیەی ڕژێم، دەرهەق بە خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستان ئەنجامدرا، دەسەلاتدارە شۆڤێنیستەکانی عێراق لەو باوڕەدابوون، کە سیاسەتی ئەنفال دەبێتە بەربەستێک لەبەردەم بەرخۆدانی گەلە ستەمدیدەکەمان تاکو بە نیازی گڵاوی، هەوڵی ڕەشەکوژی و بنبڕکردنی گەلەکەمان بدات.. ئەمەش لەکاتێکدا ئەمجام درا کە زۆربەی وڵاتانی دنیای بەناودیموکراسی و داکۆکی کار لەمافی مرۆڤ، ئەم واقعە تاڵ و پڕدۆزەخی گەلەکەمانیان دەدیت، بەڵام لەئاست کارەساتێکی مرۆی وەهادا کەڕولاڵ و کوێرن، تەنانەت لەڕێگای کەناڵە جیهانیەکانی ڕاگەیاندنەوە، تەنها وتەیەک نەبیسترا مەحکومی ئەم کارەساتە نامرۆڤانەیە بکات.

ئەمرۆ لەکوردستان و هەموو ئەو شوێنانەی کوردێک یاخود مرۆڤ دۆستێکی لێبێت، یادی ئەو ڕۆژە کارەساتبارە دەکاتەوەو بە شێوازی جۆراوجۆر مەحکومی دەکات، و واقعی پڕدادو فیغانی گەلەکەمان وەکو ئەلبومێک دەخاتە پێش دیدی گەلانی تر.

وە ئێمەش، لەکاتێکدا یادی ئەم ڕۆژە دەکەینەوە، سەری ڕێزو نەوازش بۆ(١٨٢) هەزار بێسەروشوێن کراوی گەلەکەمان، لەئافرەت و منداڵ و پیاوو پیرو پەککەوتە، دادەنەوێنین.

پێمان وایە ئەم دەستکەوتانەی ئێستای ئازادی کوردستان بەرهەمی قوربانی ئەوانە، هەر بۆیە داواکارین:

١- هەموو وزەو تواناکان یەکبخەین بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەو ڕژێمەو گوشارخستنەسەری لەهەموو لایەکەوە، بەتایبەت دنیای مرۆڤ دۆست، لەپێناو ئاشکراکردنی چارەنووسی ئەنفالکراوەکان، وە یەکخستنی هەموو هێزو

تواناکان بۆ ڕوخانی ئەم ڕژێمە دیکتاتۆرو دژبەمرۆڤەی کە هەمیشە هەڕەشەی جینۆسایدو ئەنفالێکی تر لەگەلەکەمان دەکات.

٢- دەبا کارەساتی ئەنفال پەندێک بێت بۆ ناسینی ڕووی دزێوی دوژمنی سەرەکی گەلی کوردستان و گەلانی عێراق و جێبەجێکردنی بەپەلەی پڕۆسەی ئاشتی و ئاشتبونەوەی گشتی، وەداواکردن لەکۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ جێبەجێکردنی بڕیاری(٦٨٨)ی ئەنجومەنی ئاسایش.

٣- ئاوڕدانەوە لەکێشە کۆمەڵایەتیەکانی پاش ئەنفال و دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەک بۆیان بە پێی یاسایەکی تایبەت.

٤- ئاوڕدانەوەی جدی لەکەسوکاری ئەنفالکراوەکان کە بەهۆی شەڕی ناوخۆی کوردستان لەبیرکراون. وە هاوکاری و یارمەتی دانیان لەڕێگەی کردنەوەی پڕۆژە بەرهەمهێنەوە.

٥- سازدانی سیمیناریی تایبەت لەدەرەوەی وڵات، بە پیشاندانی بەڵگەی کارەساتەکەو عەکسکردنەوەی ئەم واقعەی کوردستان لەبەردەم وڵاتانی بێ دەنگ و کەڕولاڵدا.

٦- سازدانی سیمیناری تایبەت بۆ نوێنەرانی ئەو ڕێکخراوە بیانیانەی لەکوردستاندان، بە ئامادەبونی کەسوکاری شەهیدو ئەنفال کراوەکان، تاکو لەنزیکەوە ئاگەداری ئەم کارەساتە مرۆییە بن.

٧- دادگای کردنی تاوەنبار (صدام حسین) و دارودەستەکەی بە تۆمەتی ئەنجامدانی تاوانی جینۆساید کە لەئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجەدا بەرجەستە بێ.

نەفرەت لەڕژێمی شۆڤێنیستی بەعس، ئەنجامدەری ئەنفال و جینۆسایدی دژ بە گەلەکەمان.

بەرزو بەڕێزبێت ئالای ئاشتی و یەکێتی گەلەکەمان.

درود بۆ گیانی پیرۆزی ئەنفالکراوەکان.

کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان/لقی کەرکوک

یەکێتی لاوانی دیموکراتی لەکوردستانی عێراق/لقی کەرکوک

یەکێتی گشتی قوتابیانی کوردستان/لقی کەرکوک ١٩٩٨/٤/١٤

## بەڵگەنامەی ژمارە (٢١٢)

## ١ی ئایار، پیرۆزبیّ لە کریّکاران و زەحمەتکیّشان[٣١٧]

کریّکاران، زەحمەتکیّشان

جەماوەری هەمیشە خۆڕاگری کوردستان

١ی ئایار هەموو ساڵێک جەژنی ناوکۆی و نێونەتەوەی کرێکارانی جیهانە. هەموو ساڵێک لەو ڕۆژەدا کرێکاران و زەحمەتکێشان لەسەرتاسەری دونیادا جەژن دەگرن و لەهەر شوێنە بەجۆرێک و چۆن بۆیان بلویّ بۆ ڕێزگرتن لەو جەژنەیاندا ئاهەنگ دەگێڕن و داواو داخوازیەکانیان لەڕێگەی ڕێپێوان و مانگرتن و ئیعترازی دژ بێکاری و بیّ گوزەرانی و یاساکانی ناعەدالەتی سەرمایەداری و چەوساندنەوە دەخەنە ڕوو.

بەوبۆنەیەوە پیرۆزبای لەکرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان و سەرجەم کرێکارانی جیهان دەکەین و سڵاو بۆ خۆڕاگری کرێکاران و شەهیدە نەمرەکانیان دەنێرین.

ئاشکرایە کە بەدرێژای مێژوو کرێکاران و چەوساوەکانی کوردستان هەمیشە داینەمۆو سوتەمەنی شۆڕش و ڕاپەڕینەکان بووینە، بە ڕاپەرینی ئاداری ١٩٩١ی گەلەکەشمانەوە، بۆیە چاوەڕیّ بووین کە لەدوای ڕاپەڕین و لەسایەی دەستکەوتەکانی کرێکارانی کوردستان زۆر لەمەینەتیەکانی پێشویان کەم ببێتەوەو شوێنەواری سیاسەت و یاسا قەرەقوشیەکانی ڕژێمی بەغدایان لەسەردا بسڕێتەوە، کەچی ئەوا بۆ ٨ ساڵ دەچیّ بەهۆی جوتە گەمارۆی

---

[٣١٧] لە ساڵی ١٨٥٦ دا کرێکارانی ئۆستراليا لە پێناوی چەسپاندنی ٨ سەعات کار لە ڕۆژێک دا کۆبوونەوە. ئەم ڕۆژەی ئەو مەراسیمەیان تێیدا بەرپاکرد ٢١ی نیسان بوو، دواتر لە یەکی ئایاری ١٨٨٦دا، زیاتر لە ٣٤٠٠٠٠٠ کرێکار لە ئەمریکا دەستیان لەکارکێشایەوە، تەنیا لە شیکاگۆدا هەژماری کرێکارانی مانگرتوو ٤٠٠٠٠٠ کەس بوو. چەند ڕۆژ دواتر پۆلیس لە مەیدانی هایمارکت دەستیان بە توندوتیژی کرد، سەرەنجام لەو پێکدادانەدا زیاتر لە ٧کەس کوژران، دوای ماوەیەکی زۆر لە شەڕو توندتیژی دواجار کۆنگرەی دامەزراندنی "ڕۆژنامەی نێونەتەوەیی" سۆشیال دیمۆکرات لە ساڵی ١٨٨٩دا بڕیاریدا ١ی ئایاری بکرێتە "ڕۆژی خەباتی کرێکارن" ساڵانەی بزووتنەوەی کرێکاری، لەو کاتەوە ئەم ڕۆژە بە کۆبوونەوەی جەماوەری و مانگرتن دەستی پێکردووە.

سەرگەلەکەمان و پاشان شەڕی نێوخۆی کوردستان و لەکار کەوتنی کارگەو و فابریقەکان، کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان بەدەست برسێتی و بێ کاری و گرانیەوە دەناڵێنن، ئەمە سەرباری نەبوونی یاسایەکی کاری دیموکراسیانە و سەندیکایەکی یەکگرتوو کارامەی کرێکاران و بینە و زەمانی کۆمەڵایەتی و بەرتەسک بونەوەی ئازای سیاسی و سەندیکای و هەڵسوڕانی یەکگرتوانەی کرێکاران هەڵدەچنن و خەبات و ماف و دەستکەوتەکانی کرێکاران بە فیڕۆ دەدەن.

١ی ئایاری ئەمساڵ لەگەڵ ساڵڕۆژی چوارەمین ساڵەی شەڕی نێوخۆ هاوکاتە، ئەو شەڕە نەگریسەی کە تائێستا زەرەو زیانێکی گیانی و ماڵی و سیاسی و مەعنەوەی و کۆمەڵایەتی گەورەی لەگەلەکەمان داوەو تا ئێستەش بەڕەسمی و لەڕێگەی ئاشتیەکی عادیلاتەدا نەبڕاوەتەوە.

حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان لەو بۆنەدا جارێکی تریش هەڵوێستی نەگۆڕی خۆی لەمەڕ کۆتایهێنانی یەکجارەکی شەڕو گەیشتن بە ئاشتیەکی سەرتاسەری کە سەرجەم هۆکار و ئاکامە زیان بەخشەکانی شەڕەکە بسڕێتەوە، دووپات دەکاتەوە.

حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان کە خۆی بە نوێنەری کرێکاران و زەحمەتکێشان دەزانێ و هەمیشە داکۆکی لەبەرژەوەندیە چینەیەتیەکانی ئەوان دەکات، ئەوا ئەمرۆ لەم جەژنەدا کە ئومێددەکەین هاندەرێکی تربێ لەیەکخستنی زیاتری خەبات و ریزەکانی کرێکاران جەخت لەسەرئەو داواو داخوازیانەی کرێکارانی کوردستان دەکاتەوە:-

١- کۆتای هێنانی یەکجارەکی بەشەڕی نێوخۆی کوردستان لەڕێگەی ئاشتیەکی عادیلانەی کە ئیمڕۆ بۆتە داواو داخوازی سەرجەم کۆمەلانی خەڵکی کوردستان

٢- هەڵوەشانەوەی یاسای ژمارە(١٥١)ی ڕژێم بۆ شێواندنی ناوی کرێکارو دانانی یاسایەکی کاری دیموکراسیانە لەشوێنیدا کە بیمەو زەمانی کۆمەڵایەتی ((الضمان الاجتماعی)) بۆ کرێکاران دابین بکات.

٣- دامەزراندی سەندیکایەکی یەکگرتوی سەربەخۆی کرێکاران

٤- کەم کردنەوەی بێکاری لەڕێگەی خستنەوەگەڕی پڕۆژەو کارگە و فابریقەکان.

٥- سوکردنی ژیان و گوزەرانی کرێکاران و چەوساوەکانی کوردستان لەڕێگەی جێبەجێکردنی باشتری بڕیاری(٩٨٦) و دابەشکردنی ڕێکوپێکتری خۆراک و ئازوقە لەکاتی خۆیدا.

- سەرکەوێ خەباتی کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان لەڕزگاری نیشتیمانی و چینایەتی و دابینکردنی عەدالەتی کۆمەڵایەتی.

- سڵاو لە١ی ئایار جەژنی ناوکۆی کرێکارانی جیهان

مەکتەبی سیاسی

حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان

١٩٩٨/٤/٢٩

## بەڵگەنامەی ژمارە(٢١٣)

## بەیاننامەی مەکتەبی سیاسی حیزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان

## بە بۆنەی یادی ٢٥ی حوزەیران ڕۆژی شەهیدانی حیزب

جەماوەری کوردستان

پێشمەرگە قارەمانەکان

کەسوکاری شەهیدە نەمرەکان

ئەمڕۆ ١٩٩٨/٦/٢٥ یادی ڕۆژی شەهیدانی حیزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستانە، ئەمڕۆ ڕۆژێکی مێژووی و ڕۆژێکی گرنگە.. ڕۆژی یادی ئەو سەروەرانەیە کە گەورەترین سەرمایەی مرۆڤایەتی بە گیانی خۆیان بەرگریان لەگەلەکەمان کردووە و بەخوێنی ئەوان لەم ڕۆژە ئەم سەرکەوتنە کە سەرەتاکەی لەڕاپەڕینی ئازاری ١٩٩١ وە دەستی پێکرد.

لەکاتی بارکەوتووی گەلەکەمان و هەرەسی شۆڕشی ئەیلول لەئازاری ساڵی ١٩٧٥دا، هەر ئەو دەمەو لەحوزەیرانی ١٩٧٦ دا بزوتنەوەی سۆسیالیست و کۆمەڵە بە هاوبەش و پاشان لەچوارچێوەی یەکێتی نیشتیمانیدا تروسکەی ئاگری شۆڕشیان لەچیاکانی کوردستان بەرزکردەوو بەکەمترین ژمارەی بەشەڕی و کەمترین ئمکانیەتی مادی، شۆڕش بە بیرو باوڕی بەهێزەوە بە گژی دوژمندا چونەوە. حیزبی سۆسیالیست هەر لەو ڕۆژەوە لەچەقی خەباتدا بەخوێنی باشترین لەڕۆڵەکانی خۆی بەرگری لەگەل و نیشتیمان کردو بە هەزاران شەهیدو ١٤ ئەندامی سەرکردایەتی شاهیدی ئەو فیداکاریەیە.

حیزبی سۆسیالیست لەهەلومەرجێکی مێژووی و بابەتیدا هاتە مەیدانی خەباتی بێوچان و کۆڵنەدان، بەردەوامی حیزبی سۆسیالیست لە٢٢ ساڵی ڕابردودا گەورەترین سەروەری لەمێژووی گەلدا تۆمارکردووە، حیزبی سۆسیالیست مێژووی دروستکردووە نەک مێژوو حیزبی دروستکردبێ، چونکە مێژوو وەستابوو، مێژوو دەستەوسان بوو بەڵام حیزبی سۆسیالیست ڕەوڕەوەی مێژووی وەگەڕخست و حیزب و ڕۆڵەکانی دریغیان نەکرد لەبەرگری لەگەل و نیشتیمان، حیزب لەو بوارەشدا دەریایەک خوێنی داوە.

حیزبی سۆسیالیست حیزبێکە کە هەڵقوڵاوی ناو جەماوەری کوردستانەو لەئێش و ئازارەکانیدا سەریهەڵداوە، سەرەڕای ئەو هەموو کۆسپ و گیروگرفت و شەڕپێفرۆشتنە حیزبی سۆسیالیست نەک لەناونەچوو بەڵکو ڕۆژ بەڕۆژ گەشەدەکات و پەلوپۆ دەهاوێ و وارسان و هاوسەنگەرانی شەهیدان و کەسوکاریان بەردەوام لەسەررێبازە پیرۆزەکەیان بەردەوام و بەردەوام دەبن.

٢٢ ساڵ بەری تەمەنی پڕ سەروەری بەڕێکردووە و پێ دەنێتە ٢٣ هەمین ساڵەوە، حیزبی سۆسیالیست تاسەرکەوتنی یەکجاری ڕۆڵەکانی هەردەم ئامادەی فیداکاری و خۆبەخشیننە.

لەو بۆنە پیرۆزەشدا داوا لەحکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین کە بەرهەمی خوێنی شەهیدانی گەل و حیزبە، کە زیاتر ئاوڕ لەکەسوکاری شەهیدە نەمرەکان بدەنەوەو ئاوڕ لەژیانی کەمئەندامان بدەنەوە، ئەوانەی کە ئەندامێکی لەشی خۆیان لەپێناو گەل و حیزبدا لەدەستداوە، حیزبی سۆسیالیست ئەمڕۆ واقعێکە لەسەرگۆڕەپانی خەبات(٢٢) سەڵ بەڕێ دەکات. هەر بۆیە پەیمان نوێدەکاتەوە بۆ بەردەوامبوون و فیداکاری لەبەروپێشچونی مەسەلەی ڕەوای گەلەکەی تاسەرکەوتی یەکجاری.

سڵاو بۆ گیانی پاکی سەرکردەو دامەزرێنەر سەیدا صالح یوسفی و سەرجەم شەهیدانی گەل و حیزب.

سڵاو بۆ پێشمەرگە قارەمانەکان.. سڵاو بۆ هاوسەنگەران و هاوخەباتانی حزب.

سڵاو بۆ کەسوکاری شەهیدان.

هەر بەڕێزبێ ٢٥ی حوزەیران ڕۆژی شەهیدانی حزبی سۆسیالیست.

سڵاو لەئاشتی.... نەفرەت لەشەڕ و شەڕ فرۆشان.

مەکتەبی سیاسی

حزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان

١٩٩٨/٦/٢٥

## بەڵگەنامەی ژمارە (٢١٤)
## بەیاننامەی ساڵی خوێندنی نوێی

قوتابیانی هێژا

مامۆستایانی هێژا

بەبۆنەی دەستپێکردنی ساڵی نوێی خوێندنەوە، پیرۆزبای گەرم لە سەرجەم قوتابیانو مامۆستایانی خۆشەویستو بە ئەمەک دەکەین .

کردنەوەی قوتابخانەی ئەمساڵ لە هەلومەرجێکی دژواری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی مەرترسیداردا دەست پێ دەکات لە دۆخی نەشەڕ نەئاشتی و داڕمانی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانو چڕبونەوەی قەیرانەکاندایە کە ئەزموونی کوردستان بەرەو هەڵدێر دەبات، کۆچی لاوانیش بۆهەندەران بەهۆی بارودۆخی ئاڵۆزی کوردستانەوەڕوو لە زیادبوونە، بێکاری و نەدانی موچە بەپێی پێویست بەتایبەت بەمامۆستایان هۆکارێکی سەلبی دەبێت لەسەر پرۆسەی خوێندن .

بەبۆنەی ساڵی خوێندنی نوێوە داواکارین لە کاربەدەستان، ژیانی مامۆستایان چاک بکەنو پێداویستیەکانی قوتابیان مسۆگەر بکەن، بەدابینکردنی بەشە ناخۆییەکانو دانانییەک پرسیاری سەرتاسەری بۆ تاقیکردنەوەکانی وزاری کۆتایی ساڵی خوێندن .

هیوادارین ئاشتییەکی سەرتاسەری بەرقەراربێت، تاکو پرۆسەی خوێندنی ئەمساڵ لە دۆخێکی ئاسایی و ئارامدا بەڕێوەبچێت .

لقی سلێمانی

یەکێتی قوتابیانی کوردستان

٦ی تشرینییەکەم ١٩٩٧

## بەڵگەنامەی ژمارە (٢١٥)
## بەیاننامەی یەکێتی گشتی قوتابیانی کوردستان
## بەبۆنەی ساڵی نوێی خوێندن

قوتابیانی هێژا

مامۆستایانی بەرێز

لەگەڵ دەستپێکردنی ساڵی نوێی خوێندن سڵاوی زانستو تێکۆشانمان لە قوتابیانی کوردستانو سەرجەم گەلەکەمان پێشکەش دەکەینو بەڵێنیان بۆ نوێ دەکەینەوە کە هەردەم لەڕیزی پێشەوەی تێکۆشاندابین لەپێناو داکۆکیکردن لە مافەکانی قوتابیانو بەشداریکردن لەگەڵ دامودەزگا بەرپرسەکانو هەوڵدان بۆ بەئەنجام گەیاندنی خوێندنێکی هاوچەرخ کە گەلەکەمان ئەمڕۆ لە هەموو کاتێک زیاتر پێویستی پێیەتی .

لەساڵی نوێی خوێندندا دیموکراتیزەکردنی بواری پەروەردە و خوێندن و ڕێزگرتن لە حەرەمی زانکۆکان و مەڵبەندەکانی دیکەی خوێندنو پاراستنیان لە هەموو جۆرە دەستێوەردانێک ئەرکێکی گرنگو بەپەلەیە کە دەکرێت هەموو ڕێکخراوەکانی قوتابیان و خوێندکاران پێکەوە هەوڵی ئەنجامدانی بدەن .

پێمانوایە کە پێویستە سەرجەمڕێکخراوەکانی قوتابیان و خوێندکاران کاری هاوبەش ئەنجام بدەن بۆ بەدیهێنانی خواستەکانی سەرجەم توێژی قوتابیان بەتایبەتی لەڕۆژگاری ئەمڕۆدا کە پرۆسەی ئاشتی گەیشتوەتە لوتکە.

ئێمە لەیەکێتی گشتی قوتابیانی کوردستان پاڵپشتی تەواوی ئەوڕێککەوتنامە ئاشتە دەکەین و هیواخوازین کە لە سایەی ئەو ئاشتیەدا یەکێتی ڕیزەکانی گەل و هێزە سیاسیەکانی زامن بێت بەجۆرێک کەلە سایەیدا خوێندن بەردەم بێت و قوتابیان لە بارێکی دەرونی ئاسای قۆناغەکانی خوێندن کۆتایی پێ بهێنن .

مەکتەبی سکرتاریەت

یەکێتی گشتی قوتابیانی کوردستان

١٩٩٨/١٠/١

## بەڵگەنامەی ژمارە (٢١٦)
## بەرزو پیرۆزبێت یادی (١٤) ساڵەی دامەزراندنی
## حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان

جەماوەری هەمیشە خۆڕاگری کوردستان

کرێکاران .. زەحمەتکێشان

ئەوا ئەمساڵیش حزبە تێکۆشەرەکەتان (حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان) بەشانازیەوەیادی دامەزراندنی دەکاتەوە .

یادی (١٤) ساڵ لە خەباتی سیاسی و جەماوەری و چەکداری و تێکۆشانی شاخو شارو داکۆکی مەبدەئی و ڕاستگۆیانە لە بەرژەوەندیەکانی گەلی کوردستانو چینە چەوساوەکانی. (١٤)ساڵ لە هەڵوێستی نیشتیمانی و نەتەوەی و وەستان بەڕووی نەخشەو پلانەکان .

بەو بۆنەوەیە سڵاو و ڕێزو وەفاداری بۆ گیانی پاکی شەهیدانی حزب و گەل. سڵاو بۆ خۆڕاگری خەڵکی کوردستان. سڵاو بۆ بەرخۆادانی کادیر و پێشمەرگە و ئەندام و لایەنگرانی، کەتا ئەمڕۆش وێڕای سەختی خەباتو تێکۆشان بوێرانە ئاڵای حزبەکەیان بەرزو شەکاوە ڕاگرتووە.

(حزبی زەحنەتکێشانی کوردستان) کە خۆی بە درێژە پێدەری ڕێبازی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان دەزانێت، ١٤ ساڵ لەمەوبەر و لە (١٩٨٥/١٢/١٢) لە هەلومەرجێکی یەکجار دژوار، کە ئەوکاتە کوردستان پێیدا تێدەپەڕی، وەکو پێویستیەکی بابەتی و مێژووی بۆ سەرخستنی ئەو خەباتەو گەیاندنی گەلی کوردستان بەڕزگاری و سەربەخۆی و مافی چارەی خۆنوسین، لەدایک بوو.

ساڵڕۆژی دامەزراندنی حزبەکەمان لە کاتێکدایە، کە هەرچەندە بە هۆی چەقینی هەوڵەکانی ئاشتی و درێژە پێدانی شەڕی پارتی دژ بە (PKK)، کێشەی کورد لە ئاستی نێوخۆدا پێشکەوتنی ئەوتۆی بە خۆوە نەبینیوە، بەڵام پێکهێنانی کۆنگرەی نەتەوەی کوردستان و داننانی ئەو دوابیەی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی بە فیدراڵیزمی کوردستان و پشتگیری ڕاشکاوانەی دوا کۆبوونەوەی سۆسیال دیموکراتەکان لە چارەسەرکردنی کێشەی کوردو هەوڵی بەستنی کۆنفرانسێکی

نێودەوڵەتی لە بەئاشتی چارەسەرکردنی کێشەی کورد و بەشداربوونی نوێنەرانی کۆنگرەی نەتەوەی کوردستان لە کۆبونەوەی سەرانی ئەوروپا لە هلسنکی و پەیدابوونی ئومێدێک بۆ بەئاشتی چارەسەر کردنی کێشەی کورد لە باکور.. هتد، ئەمانە هەمووی لە ئاستی دەرەوەدا سەرکەوتن و پێشکەوتنی گەورەن لە بەنێودەوڵەتی کردن و بە ئاشتی چارەسەرکردنی کێشەیڕەوای گەلەکەمان لە داهاتوودا.

هەروەکیادی دامەزراندنی (حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان) ئەمساڵ هاوکات بوو لەگەڵ ئەنجامدانی پڕۆسەی هەڵبژاردنی نوێنەرانی مامۆستایان و خوێندکارانی زانکۆ و پەیمانگاکانی کوردستان، بەبۆنەی تەواوبونی ئەو پڕۆسەیەوە پیرۆزبای گەرم لە سەرجەم خوێندکاران و مامۆستا ئازیزەکانی کوردستان دەکەین و هیوای سەرکەوتن و سەرفرازی بۆ هەموو لایەک، بەتایبەت بۆ دەرچوانی هەڵبژاردنەکان دەخوازین و ئومێد دەکەین لە ئاستی ئەو بڕواو متمانەیەشدا بن، کە لەلایەن خوشک و برا دەنگدەرەکانیانەوە پیان دراوە .

هەروەک پیرۆزبای گەرم لە نوێنەرانی مامۆستایان و خوێندکارانی زەحمەتکێشانی کوردستان، کە سەرباری ئاستەنگیەکانی بەردەمیشیان چ لەچوارچێوەی هاوکاری (تنسیق) و چ لە دەرەوەی هاریکاریدا، ئاکام و سەرکەوتی باشیان بەدەست هێنا. دڵنیاین کە هەڵبژاردنەکان لەگەڵ کەم و کورتیەکانیشدا خزمەتێکی گەورە بە دیموکراسی و ئازادی ڕادەربڕین و بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندن و زانست لە کوردستاندا دەکات.

ئیمڕۆ (١٩٩٩/١٢/١٠) لە کاتێکدایادی حزبە تێکۆشەرەکەمان دەکەینەوە، لە کاتێکدا تێکڕای مرۆڤایەتیش لە سەروبەندی پێنانە هەزارەی سێیەمیادی (٥١) ساڵەیڕاگەیاندنی جاڕی گەردوونی مافی مرۆڤ دەکاتەوە، کە بەوبۆنەیەوە جارێکیتریش سەرنجیڕای گشتی نێودەوڵەتی و کۆڕو کۆمەڵو ڕێکخراوە مرۆڤدۆستەکانی دونیا بۆ مەینەتو پێشێلکاریەکانی مافی مرۆڤ دژبە گەلەکەمانڕادەکێشین و داوایان لێ دەکەین، کە تاکەڕێگا بۆ نەهێشتنی ئەو پێشێلکاریانە کە دەرئەنجامی چەوسانەوە و پێشێلکردنی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کوردستانە، پشتگیریکردنی گەلەکەمان لە بەئاشتی چارەسەرکردنی کێشەی و گەیشتنی بە مافەڕەواکانی، لەسەرنوسینەوە مافی چارەی خۆنوسین.

- بەرزو پیرۆزبێتیادی (١٤) ساڵەی دامەزراندنی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان .

- سلاو بۆ گیانی شەهیدان، قارەمانانی ڕاستەقینەی گەلو نیشتیمان .

- سلاو لە خۆڕاگری گەلی کوردستان، لە خۆڕاگری هێزی پێشمەرگەی کوردستان، لە خۆڕاگری ئاوارە سەربەرزکان.

- سلاو لە بەردەوام بوون و بەرخۆدانی کادیر و ئەندام و لایەنگر و سەرجەم ڕێکخستنەکانی حزب لە کوردستان و لە هەندەران .

مەکتەبی سیاسی

حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان

١٠/١٢/١٩٩٩ – سلێمانی

## بەڵگەنامەی ژمارە (٢١٧)
## ٣٠ ساڵەیەکێتی گشتی قوتابیانی کوردستان
## تێدەکۆشێت لە پێناو مافە پێشکەتنخوازە دیموکراتی و پیشەییەکانی قوتابیان

قوتابیانی خۆشەویست

مامۆستایانی دڵسۆز

لە ١٩٤٨/٤/١٤ ڕێکخراوی دایک (یەکێتی گشتی قوتابیان لە عێراق) بەبێ جیاوازی ئینتیمایی نەتەوەی و ئاینی و مەزهەبی و سیاسی سەرجەم قوتابیانی عێراقی لە خۆوەگرت و پڕژایە سەر داواکارییە نیشتیمانی و دیموکراتی و پیشەییەکانی قوتابیان .

لەگەڵ هاتنە پێشەوەی هەر وەچەرخانێک گۆڕانکاریە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگای کوردستان ڕەنگدانەوەی پۆزەتیفی لە بیرکردنەوەی ڕێکخراوی دایک دروستکرد و بەرێنمایی کۆنگرەی (٤)ی ساڵی ١٩٦٨ لە ١٩٧٠/٥/١ (یەکێتی گشتی قوتابیانی کوردستان) دامەزرا.

قوتابیانی نەوەی دوارۆژ

ئەمرۆ لەکاتێکدا یادی دامەزراندنی یەکەم ڕێکخراوی قوتابیان لە عێراق و ڕێکخراوەکەتان (یەکێتی گشتی قوتابیانی کوردستان) دەکەینەوە، قوتابیان و ناوەندەکانی خوێندن لە هەموو کاتێک زیاتر بانگێشتمان دەکەن بۆ داکۆکیکردن لە مافە پیشەیی و ئەکادیمیەکان و ڕیزبەندنی زیاتر لە ڕێکخراوەکەتان و بەیەک دەست تێکۆشان بۆبە ئەقلانیکردنی پرۆگرامەکانی خوێندن و پاراستنی حەرەمی ناوەندەکانی خوێندن لە دەست تێوەردان و زیاتر بە دیموکراتی کردنیان. و دورکەوتنەوە لە مامەڵەکردن لەگەڵ دەرچوانی بە ئینتیمای حزبایەتی تا دەگاتە دابینکردنی سەرجەم پێداویستیەکانی خوێندن بە تایبەت کتێب و بەشی ناوخۆی و زیادکردنی دەرماڵەی مانگانەی قوتابیانو باشترکردنی گوزەرانی مامۆستایان و چاککردنەوەی ناوەندەکانی خوێندنو هێنانی کۆمپیوتەر و ڕێکخستنی تاقیگەی تازە بەسود وەرگرتن لە بڕیاری (٩٦٨)کە لە ئەنجامدا ڕەوڕەوەی خوێندن بەرەو پێش دەچێتو ئاستی و زانست بەرزدەبێتەوە .

لەلایەکی تر پێویستە هەڵبژاردنی نوێنەرانی قوتابیان و خوێندکاران بە ئاراستەی سەرتاسەری بوون و زیاتر دابینکردنی ئازادییە گشتیەکان و هەوڵدان بۆ جێبەجێکردنی داخوازیەکانی قوتابیان ببرێت و نوێنەرانی هەڵبژێردراو دەربڕی خواست و ئارەزوو داواکانی قوتابیان بن.

قوتابیانی پێشەنگی کۆمەڵ ...

وێڕای داواکاریمان بۆ هاتنەدی ئاشتییەکی یەکجارەکی و هەڵوەستەکردن لەبەرامبەر دیاردەی تیرۆرو ڕەشەکوژی و ڕیسواکردنی و هەنگاونان بەرەو کۆمەڵگایەکی مەدەنی کە تەواوی مافەکانی مرۆڤ تێیدا بەرقەراربێت .

ئێمە لەیەکێتی گشتی قوتابیانی کوردستان بانگێشتی سەرجەم ڕێکخراوەکان و قوتابیان دەکەین بۆ هاوکار و کاری هاوبەش و گرنگی دانی زیاتر بەپەیوەندیەکانی نێوانمان بەئاراستەی تێکۆشان لە پێناوی ژیانێکی قوتابیانەی ئازاد و دواڕۆژێکی باشتر .

پیرۆزبێت ٤/١٤ و٥/١ ساڵڕۆژی دامەزراندنی ڕێکخراوەکەمان

پیرۆزبێت لە سەرجەم قوتابیان

لیژنەی ڕاپەڕاندنی

یەکێتی گشتی قوتابیانی کوردستان

٢٠٠٠/٤/١٤

THE KURDISH CVLTURAL
SOCIETY
HIGH COMMITTEE

کۆڕی ڕۆشنبیری کورد
لیژنــەی بــاڵا
المجمع الثقافي الكردي
اللجنــة العليــا

بەڕێز / .. هاوڕێ حەمە شوانی .

بەمەبەستی ئەوکردنی ڕوحی برایەتی نێوان ڕۆشنبیرانی کورد بۆ زیندووکردنەوەکردنی زەمینەیەکی ئەوتۆ کە سبەی ڕۆژی دوای ئەم جەنگە نەگریسە دێتەدی وپێویستە قەڵەم لە بری تفەنگ، بنبەری گفتوگۆی سیاسی وبزافی دیبلۆماسی لە بری سەنگەر، ئاشتی لە بری شەر وەک دیاردەیەکی شارستانی وپێویستیەکی گرنگی ئەمڕۆی دنیای تازە پیادە بکەین. هەر لەم ڕوانگەیەوە لیژنەی باڵای کۆڕی ڕۆشنبیری کورد بانگێشتان دەکات بۆ مونازەرەیەکی سەربەستانە بۆ ئەوەی لە نزیکەوە بە ڕوحێکی کوردانە وپشتەوە تیشک بخەنە سەر هەندێ بابەت وکێشەی هەنوکەیی بەوەستنە :

١. ئەمڕۆی ڕووناکبیری کورد چۆن دەبینی ؟
٢. شەڕی ناوخۆ چ کاریگەرێکی کردوەتە سەر شانسی ڕووناکبیری کورد ؟
٣. وەڵامدانەوەی حزبەکانی کوردستان بەرامبەر بەکەشە سەنتەری ڕووناکبیری چی بووە ؟ ئەدوای ڕابەرینەوە بەتایبەتی .
٤. چۆن ڕووناکبیری کورد بەرەو پێشەوە دەچی و نەتوانی پاشەکشەپێ وەستان دەربەرێ دەبێ ؟

د. لێپرسراوی
لیژنەی باڵای کۆڕی
ڕۆشنبیری کورد

• ئومێدەخوازین ڕۆشنبیران لەڕۆژی (یەک شەممە) ڕێکەوتی ١٩٩٧/٤/٢٧
کاتژمێر (٤)ی پاش نیوەڕۆ .. لەهۆڵی (کتێبخانەی گشتی)
• بۆ گشت کەناڵە تەلەفزیۆنەکان و ڕۆژنامەکان و نێزگەکانی کوردستان تکایە بۆ بڵاوکردنەوە لەکات و شوێنی خۆی دا ئامادەبن بۆ تۆمار کردنی .

بەڵگەنامەی ژمارە (١٧٧)

داوای لێبوردن

بۆ / هاوڕێیانی مەکتەبی سیاسی حزبی شیوعی عێراقی بەڕێز

کرێکاران و زەحمەتکێشان، لە خەباتی ڕەوای خۆیاندا، بۆ شکاندنی کۆشار و زنجیرەکانی چەوساندنەوەی خۆرتر دەستی، تووشی سەدان کۆسپ و تەگەرە دەبن، لە میانی ململانێیەکەشدا بە سەدان و هەزارانیان لێ دەبێتە بلیسەی سووری ڕۆشنکەرەوەی ڕێگای تاریکی زۆرداری و گیانیان لەسەر دەستیانە و بە هەموو بوونیانەوە ئامانجی گیانی خۆی لە پێناو ڕێگای سەرکەوتنی چەوساوەکان بەخت دەکات .


شیوعییەکانی عێراقیش، نموونەیەکن، لە هەزاران قوربانییەکانی بۆ سەرخستنی ڕێگای سۆسیالیستی گیانیان بەخت کردووە، لە مێژووی دوور و درێژیشیان، هیچ کات لە قوربانیدان و خۆبەختکردن دریغیان نەکردووە، بۆیەش ئێمە لە حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، فەقەت سەرفرازین کە لە ١٤ی شوباتدا (ڕۆژی شەهیدی شیوعی) بەشداری ئەو ڕێوڕەسمەی هاوڕێیانی حزبی شیوعی عێراق بین، سەرکەوتوو بۆ سەرجەم شەهیدانی ڕێگای، ڕێچەشکاندنی دیلیتی و ژێردەستەیی دانەوێنین، لە یادیشیان ! شەهیدان ئارام بنوون، چونکە سەروەری هەموو گۆڕانەکان، دیسانەوە ڕێگای سۆسیالیزم و ڕێبازی کرێکاران و زەحمەتکێشان، ئەمە ڕێگا و ڕێبازی ڕزگارکردنی هەموو مرۆڤایەتییە ،

م.س

حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان

١٤/٢/[illegible]

بەڵگەنامەی ژمارە (١٧٨)



بەڵگەنامەی ژمارە (١٧٩)

**Democrat's Movement**
**High Committee**

No.:

Date :

دەسەلاتی یاسا

دیموکراسی — مافی مرۆڤ

**بزوتنەوەی دیموکراسیخوازان**
**کۆمیتەی باڵا**

ژمارە: ٧٢

بەروار: / / ١٩٩

بەڕێز حیزبی شیوعی کوردستان

لەیادی رۆژی شەهیدانی حیزبە تێکۆشەرەکەتاندا ( حیزبی شیوعی ) ، بە نـــاوی کۆمیتەی باڵا و هەموو کادر و ئەندامانی بزووتنەوەی دیموکراسیخوازانەوە ، لە تاخـــەوە بەشداری ئەم رۆژە پڕ شکۆیەتان دەکەین . هیوادارین خوێنی شەهیدانی شیوعـــی و سەرجەم شەهیدانی گەلەکمان ببێتە هاندەرێك بۆ زیاتر درێژە دان بە خەبات لە پێنـــا و بەرقەراربونی ئاشتی و چەسپاندنی دیموکراسی لە عیراقێکی فیدراڵدا .

نەمری و سەربەرزی بۆ شەهیدانی شیوعی و سەرجەم شەهیدانی ڕێگەی ئازادی گەلەکمان .

١٩٩٨/٢/١٤

کۆمیتەی بـــالای
بزووتنەوەی دیموکراسیخوازان

بەڵگەنامەی ژمارە (١٨٠)

بۆ بەڕێز سکرتێری حزبی شیوعی کوردستان هاوڕێ کەریم ئەحمەد .

بە ڕێزی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سکرتێریەتی حزبی شیوعی کوردستان .

سڵاوێکی شۆڕشگێڕانە : بۆ یادی ڕۆژی شەهیدی شیوعی .

لەم ڕۆژەدا گیان بەخشینی شەهیدانی کورد و مرۆڤایەتی بەگەرمی و سەرمایەی هەرە گەورەی گەلان و دونیا لە تێکۆشانی شۆڕشدا شەهیدان وەکو ڕابەرێکی مادی و مەعنەوی پێشکەشی تەواوی شۆڕش دەکەن و بە وریایی لە خۆ بردن و بە سادەییەکی ... پاییان بە خەباتی دەکەن ، لەم ڕۆژەدا و لە یادی ڕۆژی شەهیدی شیوعیدا ئامانج و خەبات و قوربانیدانی ئەو شەهیدانەمان لە بیر نەکراوە و هێزە نیشتمانی پەروەرەکان و لایەنە سیاسیەکان ، بە بەرپرسیاریەتێکی زیاترەوە لەم شەهیدبوون و قوربانیدانە دەڕوانن و ڕێگە و خەباتی ئەم شەهیدانە بەردەوام بکەین ، لەم پێناوەدا نەک تەنیا بۆ گەلی کورد بەڵکو بۆ تەواوی مرۆڤایەتی ، لەبەر ئەوە شۆڕشی ئێمە لە ڕۆژێکی وەکو ئەمڕۆدا بەرامبەر بیروباوەڕەکانی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستانی ناوخۆ لە هەر ڕۆژ پتەوتر دەبێت ، بە باوەڕییەکی پۆڵاینەوە سەنگەری خەبات و تێکۆشانمان بەردەوام دەکەین ، لەم ڕۆژەشدا سەری ڕێز و نەوازش بۆ تەواوی گەلی کورد و مرۆڤایەتی ~~و ...~~ .

یەکێتی ئافرەتانی دیموکراتی کوردستان

١٤ - ٢ - ٩٨

بەڵگەنامەی ژمارە (١٨١)

بۆ بەڕێزانی یادی شەهیدی شیوعیی عێراقە ...

هاوڕێیان بەڕێز لە حزبی شیوعیی کوردستان ـ ئامادە بووانی ئازیز ...

ئەگەر چاوێکی خێرا بە مێژووی عێراقی هاوچەرخدا بگێڕین ئەوا ئاشکرایە مێژووی لە خوێنی سووراڵی حزبە تێکۆشەرەکەتان وەلا بنێین وەکو دوو مێژووی ئاوێتەی بە یەکن و ڕۆڵی حزبەکەتان بە ئاشتی و لە سەرجەمی کۆمەڵگای عێراقەوە ئاشکرا دیارە. لەلایەکی ترەوە حزبی شیوعی وەک حزبێکی نیشتمانی و دیموکراتی هەمیشە لە ڕیزی پێشەوەی سەنگەری خەباتدا بووە دژ بە چەوسێنەری بیانی و ڕژێمە دیکتاتۆرەکانی عێراقە و لەم پێناوەدا دڵسۆزترین لە ڕۆڵەکانی عێراقە لە قوتابخانە شۆڕشگێڕییەکەی حزبەکەتانا شەهیدکراون و گیانبازی کردووە لە پێناو بەها بەرزییەکانی خەڵکی عێراقدا بە کورد و عەرەب و تورکمان و کلدو ئاشووریەوە کە هاوڕێ (فهد)ی ڕابەر بلیمەت سەروەرتی ئەو شەهیدانەیە.

ئەمڕۆ ... ١٤ی شوباتی هەموو ساڵێک کە شیوعییەکانی عێراق و کوردستان یادی گیانبازە شیوعییەکان دەکەنەوە سەروەری خۆیانی لەسەر ئەو ژمارە بێشمارە دەکەن هیوادارین ئاوا ئەوە لەبەر چاو بگیرێت کە ئەم یادە هاوکاتە لەگەڵ ئەو دەرفەتە زێڕینەی کە بۆ ئاشتی و کۆتایی هێنان بە شەڕی خوێناوی کوردستان ڕەخساوە کە هەر لەسەرەتاوە حزبەکەتان لە هەوڵی بەکارکردنیدا بووە، هیوادارین خەباتی هەموو لایەک ئاوێتە بکرێت لە پێناو کۆتایی هێنان بە شۆڕشی شەڕ و بەدەستهێنانی ئاشتی هەمیشەیی لە کوردستاندا تا ببێتە بناغەیەکی بەهێز بۆ بنیاتنانی عێراقێکی دیموکراتی فیدراڵی.

- بەرزی بۆ شەهیدانی گەل.
- بژی ئاشتی و تەبایی و پێکەوە ژیان.

بزووتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان

لیژنەی سلێمانی و کەرکوک

بەڵگەنامەی ژمارە (١٨٢)

بو / حزبی شیوعی کوردستان ـ کومیته ی باریزگای سلیمانی

بەناوی خومان وگشت ئەندامانی سەندیکاکانی کریکاران وپیشەوەرانی سلیمانی پەیوەستیوانی خومان بو تیکوشەرانی حزبەکەتان دەکەین کە لە بزوتنەوەی ئازادی خوازی گەلی عیراق بەگشتی وگەلی کورد بەتایبەتی دەوری بەرچاویان هەبووە .

بەبەخشینی گیانی هەزاران سەرکردەو کادرو پیشمەرگە هەر لە دەسەلاتی پاشایەتیەوە تا ئیستاو بونەتە چرای روون کەرەوەی ریگای خەباتی چینایەتی و ئازادی گەلەکەمان .

هیوا دارین بەردەوام بن لە تیکوشان و خەبات تا روژی ئازادی یەکجارەکی دیتە دی بو گشت گەلانی ولاتەکەمان بوئەوەی لە سایەیدا کریکاران ئاسودە بژین

یەکیتی سەندیکاکانی کریکاران و پیشەوەران
باریزگای سلیمانی
١٩٩٨/٢/١٤

## بەڵگەنامەی ژمارە (١٨٣)

[ نادي السليمانية الرياضي ]

یانەی وەرزشی سلێمانی

sulaimani sporting club

No. ........ العدد: تایبەت

Date ........ التاريخ: ١٤ / ٢ / ١٩٩٧

حیزبی شیوعی خۆشەویست .

سڵاوی خەبات و وەرزشی -

بابەت / یادی ڕۆژی شەهید

بەناوی دەستەی بەڕێوەبەران و هەموو ئەندامانی
یانەی وەرزشی سلێمانییەوە ، لە یادی ساڵرۆژی
شەهیدی حیزبی شیوعیدا بەرزترین ڕێز و
نوازشت دادەنوێنین ، کاروانی شەهیدانی حیزبی
شیوعی بەکاروانی ڕێ خەباتی نەتەوایەتی و
چینایەتی و نیشتمانپەروەری ئەزانین ..
بەڕێز سڵاوو خۆشەویستیمان دووبارە دەکەینەوە.

دەستەی بەڕێوەبەرانی یانەی وەرزشی سلێمانی

19-HAMDI street Sulaimaniyah
Tel 21125 P. Box 207

هاتف (٢١١٢٥) صندوق البريد ٢٠٧

بەڵگەنامەی ژمارە (١٨٤)

# پیرۆزبێت یادی پڕشکۆی ڕاپەڕین

**جەماوەری کوردستان**

بەر لەحەوت ساڵ و لە ڕۆژێکی وەك ئەمڕۆدا ڕقی تۆڵەسێنی چەند ساڵەی گەلی کورد گەیشتە لوتکەو دەسەلاتی ڕژێمی بەعسی لەڕەگ و ریشەوە هەڵتەکاند ئەورژێمەی کە چەندین ساڵ بوو بەپیلانە یەك لە دوا یەکەکانی تعریب و تبعیث و ڕاگویزان و ئەنفال وکیمیا باران هەوڵی نەهێشتنی هەستی نەتەوایەتی و لەناوبردنی ڕۆڵەکانی گەلەکەمانی دەدا.

سەرەڕای هەموو ئەو پیلانە دوژمنکاریانەی ڕژێم بەرامبەر گەلەکەمان نەك هەر نیازو مەرامەکانی دوژمنی نەپێکا بەڵکو زیاتر ڕقی پیرۆزی گەلەکەمانی توندتر کرد ، ئەوەبوو لە بەهاری ١٩٩١ دا گەلی کورد تێکڕا ڕووبەڕوی هەموو دام ودەزگاکانی ڕژێم بونەوەو گەیشتنە خواستە ڕەواکانی ئازادی و دامەزراندنی حکومەتی کوردی. بۆیە لەگەڵ یاد کردنەوەی ئەم ڕۆژەدا جێی خۆیەتی خۆزگەی پاراستنی دەستەکەوتەکانی ڕاپەڕین بخوازین ، ئەو دەست کەوتانەی کە بەخوێنی هەزاران ڕۆڵەی گەلەکەمان بەدەست هێنراوە .

بەرزو پیرۆز بێت یادی شەهیدانی ڕاپەڕین

سەرکەوتوو بێت خەباتی ڕەوای گەلی کورد

یەکێتی ژنانی کوردستان

١٩٩٨/٣/٥

بەڵگەنامەی ژمارە (١٨٥)

# پرۆسەی هاوکاری
# یادی راپەڕین پیرۆز دەکات

ئەمڕۆ (٩) ساڵ تێپەڕ دەبێت بەسەر راپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ساڵی (١٩٩١) ، لە دەروازەی شاری رانیە لە ١٩٩١/٣/٥ بڵێسەی سەندو هەموو گوندو شارو شارۆچکەکانی کوردستانی گرتەوە، بە شاری کەرکوکی کوردانیشەوە، بەم بۆنە پیرۆزەوە گەورەترین و جوانترین پیرۆزبایی ئاراستەی جەماوەری گەلەکەمان دەکەین ، یەک دەنگی و یەکریزی گەلەکەمان سەلماندی لە راپەڕیندا بە هەموو چین و توێژەکانیەوە دەتوانن دەستکەوتەکانی گەلەکەمان بەدەست بێنێت.

هەر چەندە زوڵم و ستەم زیاتر بێت و دوژمن بە ئاگرو ئاسن وەڵامی داخوازی و مافە رەواکانی میللەتانی بندەست بداتەوە، ئەوەندە گیانی خۆراگری و فیداکاری و تێکۆشان زیاتر دەبێت، بە درێژایی سەدەی رابردوو گەلەکەمان تووشی ئازارو ئەشکەنجەو دەربەدەری و راگواستن لە زێدی باب و باپیرانی بۆتەوە.

حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی رژێمی عیراق هەمیشە پەرەیان بە راگواستن و تەعریب داوە، شۆڤینی بەعس سیاسەتی زەوی سوتاوی لە کوردستاندا پەیرەو کرد ، بە چەکی کیمیاوی قەدەغەکراوی نێو دەوڵەتی بۆردومانی شاری هەڵەبجەی کرد ئەمەش گەورەترین کارەساتی مرۆیی لێ کەوتەوە. ئینجا هەڵمەتی ئەنفال دەستی پێکرد کە ستراتیژی بەعس لەم هەڵمەتەدا جینۆسایدی و لە ریشە هەڵکەندنی گەلی کوردبوو، روخاندنی هەموو گوندو شارو شارۆچکەکانی کوردستان ئەمەش بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردو مەشخەڵی خەباتی بەهێزو گەشتر بوو تا راپەڕین سوپای داگیرکەری لە کوردستان بە جاری راماڵی.

دەسکەوتەکانی راپەڕین پەرلەمان و حکومەتی فیدراڵی لێ کەوتەوە ئەم حکومەتەش بووە جێی متمانەی جەماوەری گەلەکەمان و دۆستەکانمان ، بەڵام بە داخەوە شەڕی ناوەخۆ کە لە ساڵی ١٩٩٤ هەڵگیرسا بوە هۆی لە دەستدانی متمانەی دۆستەکانمان و لە ناوخۆشدا گەلەکەمانی راچڵەکاند هیواو ئومێدەکانی بەرەو مەترسی و هەڵدێر برد. تائێستاش هەنگاوی عەمەلی و پراکتیک هەڵنەهێنراوە بۆ چارەسەری ریشەی شەڕی ناوخۆ تا کۆتایی بەو مەرگەساتە بهێنرێت.

یادی راپەڕین رۆژێکی پرشنگدارە لە مێژووی گەلەکەماندا و بە خاڵی وەرچەرخان دەژمێررێت لە مێژووی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستاندا هیواخوازین لەم یادە پیرۆزەدا کۆتایی بەم بارودۆخە نا ئاسایە بهێنرێت و هەرچەندە نزیکەی دووساڵ تێپەڕ دەبێت لەسەر رێکەوتننامەی (واشنتۆن) و خاڵە سەرەکی و گرنگەکانی جێ بەجێ نەکراوە، تا ئاشتیەکی هەمیشەیی سەرتاسەری عادیلانە نەیەتە ئاراوەو یەک حکومەت و یەک ئیدارەی یەکگرتو دروست نەبێت کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دڵنیا نابن و گیانی شەهیدەکان ئاسوودە نابێت .

ئەمری و بەرزی بۆ شەهیداتی راپەڕین و سەرجەم شەهیدانی رێگای رزگاری کوردستان ...

حزبی رزگاری کوردستان

یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان

٢٠٠٠/٣/٥

بەڵگەنامەی ژمارە (١٨٦)

## بەیاننامەی مەکتەبی سیاسی حزبی سۆسیالستی دیموکراتی کوردستان

**خەلکی شۆڕشگێڕی کوردستان ...**

**پێشمەرگە دلێرو نەبەزەکان ...**

میللەتی کورد وەك هەر میللەتێکی تری سەر ئەم گۆی زەوی یە خەبات بۆ پێکەوە ژیان و ئاشتی مرۆڤایەتی دەکات شان بەشانی گەلانی جیهان . بەلام ژێر دەستەیی و زەبرو زەنگی داگیر کەران هەردەم گەلەکەمانی بەرەو ئاقارێکی دژوار بردووە و بۆ داخوازی یە ڕەواکانی هەمیشە لەلایەن دووژمنانەوە بەئاگرو ئاسن وەلام دراوەتەوە .. خەباتی ڕەوای شۆڕش گێڕانەی گەلەکەمان بەدرێژایی مێژوو بەتایبەتیش شۆڕشی نوێی گەلەکەمان وەچەرخانێکی گرنگ و مێژوویی هێناوەتە ئاراوە وەلەپاش شەڕی دووەمی کەنداو ، گۆڕانێکی سیاسی و ئابووری و لەبەریەك هەلوەشانەوەی باری سەربازی عێراق بەهەول و کۆششی بەرەی کوردستانی ، جەماوەری تینووی ئازادی و خەلکە تێکۆشەرەکەی گەلەکەمان خۆی بۆ ڕاپەڕین ئامادەکردو بەرێ ئەنی بەرەی کوردستانی و حزبەکانی کوردستان و دانانی بەرنامەیەکی لەبارو سەرکەوتوو گونجاو بۆ ئەو بارو دۆخەو پێك هێنانی ڕابەلێیەکی پتەو لەنێوان گەلە خۆراگرەکەمان و پێشمەرگەدا لەڕێکەوتی ٥/ئازاری/١٩٩١ چەخماخەی ئاگری ڕاپەڕین داگیرکەرانی ڕامالی و بوورکانێکی بەهێز بوو بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە و لەدەست پێکی ئەو ڕاپەڕینە مەزنەدا شاری ڕانیەی دەروازەی ڕاپەڕین ئازادکراو پێشمەرگەو جەماوەر ئاوێتەی یەکتر بوون مەفرەزە پارتیزانەکانی سۆسیالست هەر لەبناری کێوە ڕەشەوە گەیشتە ناوشاری ڕانیە و پاشان بۆ شارۆچکەکانی حاجی ئاواو چوارقوڕنەو دواتر ، پێشمەرگەو جەماوەر بەگیانێکی شۆڕشگێڕانەوە هێزەکانی داگیرکەرانیان شکست پێ هێناو شالاوی ڕاپەڕین بەهێز بوو لەپاشاندا ئۆردوگاکانی باینجان و بازیان ئازاد کراو لەبەرواری ١٩٩١/٣/٧ شاری هەلمەت و قوربانی شاری سلێمانی ئازاد کرا . دوا بەدوای ئەوش شارەکانی هەولێرو دهۆك و بەشێك لەشاری خانەقین سەربلندو زۆربەی هەرە زۆری شارۆچکەکانی کوردستان و دواتر لەبەرواری ٢٠ی ئازاردا ئاگری نەورۆزی ئەمساڵە لەناوجەرگەی شاری گڕو گلپە .. شاری پڕ گەوهەری کوردان پیرۆز کرا و باباگوڕ گوڕ شێرەکوڕانی لەئامێز گرت .

ئەو سەرکەوتنە یەك لەدوای یەکەو ئەو بەهانا چوونەوەیەی نێوان جەماوەرو بەرەی کوردستانی گرۆتینێکی بەگیانی کوردایەتی دایەوەو متمانەی بەهەردوولا بەخشی لەپێناوی جۆشدانەوەی خەباتی کوردان سەلماندیان بۆ هەمووولایەك کەهەر کات بخوازن هەوڵی گشتگیری دەدەن بۆ ئەو ئامانجەش خەباتیان درێژە پێدەدەن وقوربانی زیاتریش دەدەن ، لە دەسکەوتە مەزنەکانی پاش ڕاپەڕین دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان و بوژاندنەوەو ئاوەدانکردنەوەی کوردستان بوو دوور لەزۆرو ستەمی داگیرکەران ، جگە لەسەرکەوتنی سیاسی و سەربازی بۆ گەلەکەمان ، پشتیوانی یەکی گەورەش بۆ گەلەکەمان هاتە ئاراوە لەلایەن دۆستەکانی گەلی کورد لەجیهاندا .

جێگای داخە کێشەی ناوخۆ دەسکەوتەکانی گەلەکەمانی لاوازکردو پەرلەمان و حکومەتی دووکەرت کردوهەرێمی کوردستان بۆ دوو هەرێم دابەش کرا تاکو سەرئەنجام پەنا بۆ زۆر هەوڵی دژوارو کاریگەر نرا . سەرەڕای هەوڵی چەندین لایەنی دەرەکی و ناوەکی خێرخواز بۆ گەڕانەوەی ئاشتی وپێکەوەژیانی سیاسیانەو جێبەجێکردنی ڕێکەوتنامە گرنگەکان لەناویاندا ڕێکەوتنی مێژوویی واشنتۆن کەدەسکەوتێکی گەورەی مێژوویی بوو . ئێستاش گەلەکەمان لەپاش نۆ ساڵ ئازادی دوای ڕاپەڕین و چوونە نێو سەدەیەکی نوێ لەمێژوودا پێویستە ووردتر بڕوانێتە هەل ومەرجە تایبەتەکان و جیهانیتر هەنگاوبنێ ، کێشە ناوخۆییەکان چارەسەرێکی لۆژیکیانەی پێویستە لەپاڵ گیانی لەخۆبردوویی بۆ ئاشتی یەکی سەرتاسەریانە .

ئێمە وەك حزبی سۆسیالستی دیموکراتی کوردستان هیواداریین کە هەموولایەك هەست بەلێپرسینەوە بکات لەئاستی پاشەڕۆژی دۆزی ڕەوای گەلەکەمان و گرنگی بدەن بەدەسکەوتی پیرۆزی ڕاپەڕین و قوربانی و کۆششەکانی چەندین ساڵەی گەلەکەمان وخوێنی گەشی شەهیدە نەمرەکان بەفیڕۆ نەدەن ، وەگشت هەوڵەکانیان لەپێناوی چارەسەرکردنی گرفتەکان بێت و ئارامی وئاشتی بگەڕێنەوە بۆ هەرێمەکەمان و بایەخ بەئاوەدان کردنەوەو پیرۆزی تەمەنی ڕاپەڕین بدەن ، بائامانجمان ئامانجی پیرۆزی جەماوەر بێ و قوربانی یەکانی چەندین ساڵەی گەلەکەمان لەیادنەکەین ..

• سلاو بۆ یادەوەری ڕاپەڕین .

• درود بۆ گیانی بەرزەفڕی شەهیدانی کوردوکوردستان .

• پیرۆزبێت یادی نۆهەمین ساڵڕۆژی ڕاپەڕینە مەزنەکەی گەلەکەمان .

**مەکتەبی سیاسی**

**حزبی سۆسیالستی دیموکراتی کوردستان**

**٢٠٠٠/٣/٥**

بەڵگەنامەی ژمارە (١٨٧)

# بەرز و پیرۆز بێت ساڵیادی راپەرینە مەزنەکەی گەلەکەمان

**جەماوەری خۆراگری کوردستان**

نۆ ساڵ بەر لە ئێستا و لە مانگی ئازاردا گەلی کوردستان لە راپەرینێکی مێژوویی و کەم وێنەدا و لە ئەنجامی یەکریزی جەماوەری خۆراگری کوردستان و تەبایی لایەنە سیاسییەکان و بوونی بەرەی کوردستانی و یەکگرتوویی هێزی پێشمەرگەی کوردستان ، توانی لە ماوەیەکی کەمدا بەشی هەرە زۆری خاکی کوردستانی باشور بە شاری کەرکوکیشەوە لە دام و دەزگا داپلۆسێنەرەکانی رژێمی داگیرکەری عێراق پاک بکاتەوە و پێ بنێتە قۆناغێکی نوێ و گرنگی خەباتی بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلەکەمانەوە . لەم یادەدا سڵاو و پیرۆزبایی گەرمی خۆمان ئاراستەی جەماوەری خۆراگری گەلەکەمان دەکەین و سەری رێز و نەوازشیش بۆ شەهیدانی راپەرین و سەرجەم شەهیدانی کوردستان نەوی دەکەین و پەیمان تازە دەکەینەوە کە درێژە پێدەری کاروانە شکۆدارەکەیان بین .

**جەماوەری ئازادیخوازی گەلەکەمان**

وەک لای هەموان ئاشکرایە لە ئاکامی چەند هۆکارێکی هەرێمایەتی و دەرەکی راپەرینی گەلەکەمان دووچاری پاشەکشە و نسکۆیەکی کاتی هات و بۆ رەتکردنەوەی گەرانەوەی دەسەلاتی دیکتاتۆریانەی رژێمی بەعس گەلی کوردستان کۆرەوێکی ملیۆنی بەرەو سنورەکان دەست پێکرد کە بووە هۆی گیان لە دەست دانی سەدان لە رۆڵەکانی و رای گشتی جیهان بەشێوەیەک رووژا کە ئەنجومەنی ئاسایشی نێو دەوڵەتی ناچار کرد بۆ پاراستنی گەلانی عیراق بە گشتی رگەلی کوردستان بە تایبەتی بریاری ژمارە "٦٨٨" دەربکات و ناوچەیەکی ئارام لەسەرووی هێلی "٣٦" دابمەزرێنێ کە ئێستاش بەردەوامە .

**جەماوەری بەشەرەفی کوردستان**

راپەرینی ساڵی ١٩٩١ سەرکەوتنی بەدەستهێنا چونکە گەلەکەمان بەیەک تێرادە بەرەنگاری دوژمن بووەوە . بۆیە دەکرا لە ماوەی نۆ ساڵی رابردوودا ئەو یەکریزی و یەک دەنگییەی گەلەکەمان پتەوتر بکرابایە و دەسکەوتەکانی راپەرین زیاتر بچەسپێنرابایە و بە دەسکەوتی تر دەوڵەمەند بکرایە .

بەڵام ئەگاین لە ئەنجامی ململانێی خوێناوی ناوخۆ هەڵێکی مێژوویی و زێرین لە کیس گەلەکەمان درا و ئەزموون و دەسکەوتەکانی راپەرینی گەلەکەمانی خستە ژێر مەترسی لەناوچوونەوە . بەڵام بە هاوکاری حیزب و رێکخراوە نیشتمان پەروەرەکانی کوردستان و کەسایەتییە ئاشتیخواز و دۆستانی گەلەکەمان توانرا ئەو مەترسییە لە ئاستێکدا رابگیرێت و بەرئەنجامی ئەمەش رێکەوتننامەی واشنتۆنی لێ کەوتەوە .کە جارێکی تر هیوای خستەوە نێو جەماوەر و ئومێدێکی نوێی پێبەخشییەوە .

**جەماوەری ئاشتی پەروەری کوردستان**

لە کاتێکدا یادی راپەرینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ی کوردستانی باشور دەکەینەوە کە نزیکەی دوو ساڵ بەسەر مۆرکردنی رێکەوتننامەی مێژوویی واشنتۆن تێدەپەڕێت کەچی پرۆسەی جێبەجێ کردنی بەندەکانی زۆر بە سستی بەڕێوە دەچێت و هەنگاوی عەمەلی و کاریگەر نەنراوە بۆ بنەبڕکردنی یەکجارەکی شەڕ و بەرقەراربوونی ئاشتییەکی سەرتاسەری و هەڵبژاردنی پەرلەمان و دامەزراندنی حکومەتێکی ئیئتیلافی یەکگرتوو .

بەو بۆنەیەوە جارێکی تر داوا لە هەردوو لایەنی حوکمڕانی کوردستان دەکەین کە هەرچی زووە هەنگاوی جدی بۆ ئاشتییەکی سەرتاسەری بنێن و رێکەوتننامەی واشنتۆن جێبەجێ بکرێت و یەکریزی و تەبایی لایەنە سیاسییەکان بگێڕدرێتەوە و بە گفتوگۆی شارستانی و دیموکراسیانە چارەسەری کێشە و ناکۆکییەکان بکرێت و یادی نۆیەمین ساڵرۆژی راپەرین بکەینە هاندەرێک بۆ بایەخدانی زیاتر بە پاراستنی دەسکەوتەکانی راپەرین و ئازادییە سیاسییەکان و قووڵکردنەوەی دیموکراسیەت و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و چاککردنی گوزەرانی هاو وڵاتیان .

هەروەها بە پێویستی دەزانین گشت هەوڵەکانمان یەکخەین بۆ ریسوا کردنی سیاسەتی رژێمی بەغدا لە راگواستن و بە عەرەب کردنی ناوچە کوردییەکانی ژێر دەسەڵاتی بە تایبەتی ماوەیەکە دەنگۆی وا هەیە کە رژێم بە نیازە نیو ملیۆن عەرەبی فەلەستینی لە ناوچەکانی کەرکوک و خانەقین و موسڵ نیشتەجێ بکات کە ئەمانە هەمووی پێچەوانەی بریاری ژمارە "٦٨٨"ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێو دەوڵەتییە .

- بەرز و پیرۆز بێت نۆیەمین ساڵرۆژی راپەرینە مەزنەکەی گەلەکەمان .
- ئەمری و سەربەرزی بۆ شەهیدانی راپەرین و سەرجەم شەهیدانی ریگای ئازادی کوردستان .
- سەرکەوتوو بێت خەباتی رەوای گەلەکەمان لە پیناو ئازادی و دیموکراسی و عەدالەتی کۆمەلایەتی .

- پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان ـ ناوەندی سلێمانی و کەرکووک
- بزووتنەوەی دیموکراسیخوازانی کوردستان ـ کۆمیتەی پارێزگای سلێمانی
- بزووتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان ـ لیژنەی پارێزگای سلێمانی و کەرکووک

کوردستان ـ سلێمانی
٢٠٠٠/٣/٦

بەڵگەنامەی ژمارە (١٨٨)

## ( بەیان نامەی هاوپەیمانیی دیموکراتیی کوردستان لەیادی ڕۆژانی ڕاپەڕین )

ئەی جەماوەری خۆڕاگری کوردستان ...

لەم ڕۆژانە یادی ڕۆژانێک دەکەینەوە کەبڵێسەکەی لە ١٩٩١/٣/٥ لەدەروازەی ڕاپەڕین گڵپەی سەندوو، دواتریش سەرتاسەری کوردستانی گرتەوە ئەویش یادی ڕۆژانی ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستانە بەگشتی بەپشتیوانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ ڕزگار بوون لەدەست جەورو ستەم و چەوسانەوەی دەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕژێم، ئەم ڕۆژە پرلەسەروەریانە، گۆڕانێکی گەورەیان لەژیانی خەڵکی کوردستان دروست کردو دەرگای ئازادیو سەرفرازی یەکجارەکیان کردەوەو کوردستانیان بەرەو هەڵبژاردن و حکومەتی فیدراڵی بردوو خەڵکی کوردستان خۆیان حوکمی خۆیان گرتە دەست.

ئەی خەڵکی شۆڕشگێڕی کورستان...

خۆتان ئاگادارن کەماوەی چوارساڵە کوردستان تووشی شەڕێکی ناوخۆیی ماڵ وێرانکەر بووە کەتەنها بەقازانجی دوژمنانە، بۆیە، ئێمەی هاوپەیمانیی دیموکراتیی کوردستان لەم یادە مەزنە وەک هەمیشە بانگەوازی ئاشتیو ئاشتبوونەوە دووپات دەکەینەوە، پێمان وایە تاکە چارەسەری کێشەکان لەڕێگەی دانیشتن و گفتوگۆدا دەبێت بۆ ئەوەی سەرلەنوێ ڕیزەکانی گەلەکەمان یەک بخەینەوە، لەبری ئەوەی تاقی کردنەوەکە مەترسی لەبەین چوونی لێ بکرێت و دەستکەوتەکانی خەڵکی کوردستان بفەوتێ، کەبەرهەمی خوێنی دەیان هەزار شەهیدو ماندووبوون و خەباتی دەیان ساڵەی گەلەکەمانەو، بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان بەرەو یەکپارچەیی بچێتەوەو بیپارێزین لە هێرش و پەلامارو دەست تێوەردانی داگیرکەران و لەیەک سەنگەردا بەرانبەر ڕووداوەکان بووەستین.

دەبا هەڵبژاردنی سەرتاسەری بکەین بەچەکی ململانێ، لەپێناوی کوردستانێکی ئارام و بوژاوە لەژێر سایەی سەقام گیربوونی دیموکراتی یەت.

پیرۆزبێت یادی ڕۆژانی ڕاپەڕین ...سەروەری بۆ شەهیدان

**هاوپەیمانیی دیموکراتیی کوردستان**

**ئازاری ١٩٩٨**

**یادی ڕۆژانی ڕاپەڕین**

بەڵگەنامەی ژمارە (١٨٩)

# بەیاننامەیەك بەبۆنەی ٨ی ئازارەوە

جەماوەری ئازادیخوازی كوردستان

ئافرەتانی ئازادیخواز

تێكۆشان و خەباتی بێ پسانەوەی ئافرەتان لە پێناو هێنانەدی مافە رەواكانی زنجیرەیەكی دوورو درێژی پڕ لە بەردی و سەروەرییە. هەمیشەو لە هەموو قۆناغەكاندا دەنگی هەقخوازانەیان بەرەو رووی دنیای جەورو ستەم بەرز كردۆتەوە. گیانبەخشینی (١٢٩) كرێكار لە یەكێك لە كارگەكانی ئەمریكاو لە داستانی بەرەنگاری سەرمایەداراندا رۆشنترین لاپەرەی سەروەری ئەو مێژووی قوربانیدانەیە، كە دواتر لە كۆنگرەی دووەمی ئافرەتان لە ساڵی (١٩٠٨) بە دەستپێشخەری رابەری بزووتنەوەی یەكسانیخوازی (كلارا زێتكین) رۆژی ٨ی ئازار كرا بە رۆژی ئافرەتانی جیهان. بۆیە ئەمڕۆ لە سەرتاسەری جیهاندا خەڵكی ئازادیخوازو شۆڕشگێڕ ئەو رۆژەیان كردۆتە رۆژی هەماهەنگی و هاوخەباتی ئافرەتان لە تەواوی جیهاندا.

(یەكێتی ئافرەتانی زەحمەتكێشانی كوردستان) لەم رۆژە پیرۆزەدا وەك پێشتریش جەخت لەسەر بەردەوامی و زیاتری هەوڵ و تێكۆشان دەكەینەوە لە پێناو هێنانەدی مافە رەواو شەرعییەكانی ئافرەتان كە ژیانێكی ئازادو بێ كۆت و بەند سانسۆری بێ رەحمانەی كۆمەڵ بۆ ئافرەتان دابین بكات. لە هەمان كاتدا ئەوە دووپات دەكەینەوە كە بزووتنەوەی ئافرەتان بەشێكی دانەبراوە لە جووڵانەوەی پێشكەوتنخوازی بۆ بنەبڕكردنی هەموو جۆرە چەوسانەوەیەك، بۆیە تەنیا خەڵكە ئازادیخوازو پێشكەوتنخوازەكە دەتوانن هاوپشتی جووڵانەوەكەمان ئاسەر بكات.

**ئافرەتانی ستەمكێش**

ئەمڕۆ لە نێو یاسای باوی ستەمداری كۆمەڵگەدا ئافرەتان رووبەرووی چەندین جۆر پێشێلكاری و سووكایەتی دەبنەوە. زنجیرەی تیرۆرو تۆقاندنی سەدان ئافرەتی بێ تاوان باشترین بەڵگەی وەدەرخەری ئەو راستییەیە. بنبڕكردن و نەهێشتنی ئەو دیاردە مۆڕالیانە تەنها بەهاتنە ریزی ئێوە بۆ بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی ئافرەتان دەبێت.

هەر لێرەدا بە توندی ئیدانەی دیاردە باوەكانی پاشمارەی كۆمەڵگای دەرەبەگایەتی لەافرەژنی، ژن بەژنە، لەبری خوێن، بەزۆر بەشوودان و ..... هەموو ئەو دیاردانە دەكەین كە ئافرەت لە پلەیەكی نزمتری پیاو دادەنێن. هەروەها داوا دەكەین كە یاسای ئەحوال شەخسی هەڵبوەشێنەوەو لە جێیدا یاسایەكی پێشكەوتنخوازانەی مەدەنی جێگیر بكرێت كە بەرابەری ژن و پیاو دەستەبەر بكات. هەروەها دانانی یاسایەك كە رێگر بێت لە بەردەم توندو تیژی دەرهەق بە ئافرەتان، داواكارین لە دەزگا تەنفیزی و قەزائییەكانی حكومەتی هەرێم كە هەرچی زووە تاوانكارانی نەتكی (گـ ... و كوشتنی (سـ ... ، خـ ... و لـ ... )و سەدانی تر بەسزای عادیلانە بگەیەنرێن تاكو ببنە دەرس و پەند بۆ هەموو ئەو كەسانەی دەیانەوێ لە هەیبەت و كەسایەتی ئافرەت كەم بكەنەوە.

- با ٨ی ئازاری ئەمساڵ هاندەری خەباتی زیاتر بێت
- بەرز بێت ئەو رۆژە پیرۆزە

یەكێتی ئافرەتانی زەحمەتكێشانی كوردستان

١٩٩٨/٣/٨

بەڵگەنامەی ژمارە (١٩٠)

# پیرۆزبێت (٨)ی مارس

## بەرزو بەڕێز بێت (١٠)ی مارس یادی دامەزراندنی کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان

**ئافرەتانی هێژا، خەڵکانی یەکسانی خواز**

ئەمسالیش، ئێمەو ئێوەو هەموو مرۆڤێکی یەکسانی خواز دوویادی مەزن و پیرۆز بەسەردەکەینەوە کە بەهاوگرنگی خۆی هەیە لەژیانی سەرجەم ئافرەتانی جیهان و کوردستان دا، ئەویش رۆژی (٨)و (١٠)ی مارسە ئەگەر (٨)ی مارس رۆژی رێزلێنان بێت لەتێکۆشانی سەرجەم ئافرەتانی دونیا، ئەوا (١٠) ی مارسی ئەمساڵ یادی (٤٧) ساڵەی دامەزراندنی رێکخراوە کۆڵنەدەرەکەی (کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان)ە.

**جەماوەری ئازادیخواز**

ئێمە لەکاتێک دا ئەم دوو یادە پیرۆزە بەسەر دەکەینەوە، کە ئاستی مەینەتییە جیاجیاکانی هاورەگەزەکانمان لەهەموو جیهان و ناوچەکەو کوردستانیش روو لەزیادبوون و ئەهامەتییەبەتوندرتیژی و چەوساندنەوەی کۆمەلایەتی و ئابووری و سیاسی و ئاینی، لەنێو خێزان و لەدەرەوەی خێزان و لەبوارە جیاجیاکانی ژیاندا تەنگی بەئافرەتان هەڵچنیوە، لەهەر ئان و ساتێک دا ئافرەتێک تیرۆرەدەکرێت، وەیان بەزۆر تەدرێت بەشوو یان دەکرێت بەقوربانی کێشەی سولحی عەشایەری، هاورەگەزەکانمان قوربانییەکی هەرزانی داب و نەریتی گەندەڵی بۆمەنگاو سیستەمی باوک سالاری و پراتیکی ئاینی.

ئێمە، پێمان وایە چاکترین شێواز لەپیرۆزکردنی ئەم دوویادە مەزنە، زیاتر هاتنە مەیدانی ئافرەتانە بۆ گۆرەپانی تێکۆشان.چونکە تەنها بەهەوڵی خۆمان دەتوانین هەموو ئەو کۆت و بەندانە لەناو ببەین کە لەساکارترین مافەکانی ژیان بێ بەشی کردووین، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستیمان بەهەوڵ و تێکۆشانی هەموو پیاوانی یەکسانی خوازە بۆ ئەوەی پێکەوە وێڕای وشیارکردنەوەی هاورەگەزەکانمان بەکارو کردەوە، هەموو جۆرەکانی چەوسانەوە لەگۆڕ نێین وکار بۆ کۆمەڵگایەکی مەدەنی و علمانی پێشکەوتوو خواز بکەین و بنەمای یاسایەکی (احوال شخصی) پێشکەوتوانە دابمەزرێنین.

لە ٨ی مارس دا، سڵاوو رێز لە ئافرەتانی تێکۆشەر لەهەموو بوارەکانی ژیاندا.

درود لەقوربانییانی تیرۆرو رەشەکوژی ئافرەتان.

نەفرەت و ریسوایی بۆ ئەنجام دەرانی چەوساندنەوەی ئافرەتان لەژێر هەر بیرو بیانوویەک دا.

لە (١٠)ی مارس دا، سڵاوو لەئەندامە تێکۆشەرو دێرینەکانی رێکخراوەکەمان، سڵاو لەشەهیدانی کۆمەڵەی ئافرەتان.

**بەرزو بەرێز بێت یادی ٤٧ ساڵەی دامەزراندنی رێکخراوە تێکۆشەرەکەمان.**

کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان

بەڵگەنامەی ژمارە (١٩١)

# بەرزو بەرێزبێت ٨ی مارس ڕۆژی جیهانی ژن

# ڕزگاری ژنان تەنها لە سۆسیالیزمدا بەدی دێت!

**ژنان ، پیاوانی یەکسانیخواز !**

**جەماوەری تینووی ئازادی و خۆشگوزەرانی !**

٨ی مارس ڕۆژی نارەزایەتی جیهانی ژنانتان لێ پیرۆز بێت .٨ی مارس ڕۆژی خۆنواندن و نارەزایەتی دەربڕینە بەرووی چەوساندنەوە وهەلاواردنی جنسیدا کەسەرمایەداران و نیزامەکەیان بەسەر کۆمەلگای ئینسانی ئەمڕۆدا سەپاندویانە و وەک پەلەیەکی ڕەش بە ڕووی کۆمەلگای بەشەریەوە هێشتوویانەتەوە، ریشەی ستەم و نابەرابەری و بێمافی و ژێردەستەیی ئەمڕۆی ژنان لە بنەما ئابووری و کۆمەلایەتیەکانی نیزامی هاوچەرخی سەرمایەداری ئەمڕۆدایە ، نیزامێک کە چەوساندنەوەی ژنانی کردۆتە یەکێک لە بناغە ئەسلیەکانی خۆی و وەک چەکێکی بەهێزی خۆی لە بەرامبەر چینی کرێکار و جەماوەری بەشمەینەت و زەحمەتکێشدا رایگرتووە ، ئەم نیزامە بەئاسانی و بەسادەیی واز لەم دیاردە قێزەون و میراتیە پڕ شەرمهێنەرە ناهێنێ ! ئەم کارە پێویستی بە خەباتێکی بێ ووچان و سەرسەختانەیە بە دژی کۆمەلگای سەرمایەداری و پارێزەرانی ئەم نیزامە !

حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عێراق موتەعەمیدە بە ئەنجامدانی شۆرشی کرێکاری و دامەزراندنی کۆمەلگای سۆسیالیستی لە عیراقدا ، کۆمەلگایەک کە هەموو پەیوەندیە چەوسێنەرەکانی سەرمایەداری ژێرەوژوور دەکات و کۆتایی بە هەموو دەرد و مەینەتیە سەرچاوە گرتووەکانی ئەم نیزامە و لە نێویشیاندا بەلای ڕەشی چەوساندنەوەی ژنان دەهێنێ ! ڕزگاری یەکجاری ژنان و ڕیشەکێش کردنی تەواوەتی پیاوسالاری و مۆتەکەی ستەمی سەر ژنان تەنها و تەنها لە سوسیالیزم و کۆمەلگایەکی ئازاد و یەکساندا بەدی دێت .

بەلام هاوکات و هەر لە جەرگەی ئەم نیزامەدا و هەر ئێستا حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عێراق خەبات دەکات بۆ دەستەبەرکردنی فراوانترین ماف و ئازادی و یەکسانی بۆ ژنانی عێراق و کوردستان ، خەبات دەکات بۆ دەستبەجێ هەلوەشاندنەوە و بە گۆر سپاردنی تەواوی ئەو یاسا و قانوونانەی کە پێچەوانەی ئازادی و یەکسانی ژنان و پیاوانن، بەرنامەی دنیایەکی باشتری ئەم حیزبە بەهەمەلایەنەترین شیوە ئەو ئاسۆیەو نمونەی ئەو کۆمەلگایەی خستوتەروو کە ژیانیکی ئازاد و یەکسان و خوشگوزەرانی بۆ سەرجەم ئینسانەکان دابین دەکات !

حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری بۆ بەسەرئەنجام گەیاندنی ئەمری ئازادی و یەکسانی ئینسانەکان پێویستی بە هێزی بەرین و فراوانی سەرجەم جەماوەری ستەمکیش و بەشمەینەت و ئازادیخوازان هەیە ، بۆ ئەم کارە وەرن لە ریزەکانی ئەم حیزبەدا ڕێکخراوبن، وەرن دەست لە ناو دەستی ئەم حیزبە بەرەو کۆمەلگای سۆسیالیستی هەنگار هەلبگرن !

**پایەداربیت بزوتنەوەی یەکسانی خوازی ئینسان !**

**بژی ٨ مارس ڕوژی جیهانی ژن!**

**حیزبی کومونیستی کرێکاریی عیراق**

٢٠٠٠/٣/٦

بەڵگەنامەی ژمارە (١٩٢)

# بەرز و پیرۆزبێت ٨ی مارس ڕۆژی جیهانیی ژنان

***جەماوەری ئازادی خوازی کوردستان***

ئەمڕۆ لەیادی ٨ی مارس دا ناوەندی هاوبەش هاوتەدەنگ و ڕێپێوانی شکۆداری خۆی دەکات هاوکات لەگەڵ ڕێپێوانی جیهانی ٨ ی مارس ، بۆ داکۆکی لەمافە زەوتکراوەکانی وئافرەتان لەدنیادا ،بۆ بەرگرتن لە توند وتیژی وتجوزو سەرجەم پێشێل کاریەکانی نیوەی کۆمەڵی بەشەری .هاوکات دەبینین بزوتنەوەی ژنان لەخۆرهەلاتی ناوەڕاست دا هاتۆتە مەیدان لە وڵاتانی میسر وتونس وکوەیت وئەردەن ...لێرەش لەکوردستان هەنگاو دەنێین بۆگۆڕینی یاسای ئەحوال شەخسی، کەچەندین ساڵە ژنان بەدەست ئەم یاسایانەوە دەناڵێنن وزۆرترین قوربانیان داوە .

بەدیلی ناوەندی هاوبەش بۆیاسای ئەحوال شەخسی داکۆکی لەماف وخواستەکانی ئافرەتانی کوردستان دەکات بۆ ئاڵوگۆڕکردن لەژیانماندا ،بۆیە جێگیرکردنی ئەم یاسایانە هەنگاوێکە لەبە مەدەنی کردنی کۆمەڵگای کوردستان، تاچیتر کۆمەڵگای کوردستان بێبەش نەبێت لە ئاست پێشڕەوی و پیشکەوتنی مەدەنیەت وشارستانیەت .

**ئافرەتانی ئازادی وبەشەمینەت :**

یاسای ئەحوال شەخسی پێشێلی کەرامەت ومرۆڤایەتی وبونی ئێمەدەکات لەهەموو برگەوبەندەکانی سوکایەتی بەئێمەی ژنان دەکات ،هەوڵەکانی ناوەندی هاوبەش بۆگۆڕینی یاسای ئەحواڵی شەخسی بۆکۆتایی هێنانەبە پلەدویی وبێ مافیەکانمان ،وەرن لەدەوری یەکترکۆببنەوە، هەوڵ وتواناکانمان یەکخەین بۆگۆڕینی ئەو یاسا دژە ئینسانیە.

**ژنان وپیاوانی یەکسانی خواز :**

بەشداری وپشتگیری ئێوە لەخواست وبەدیلی ناوەندی هاوبەش بۆباشترکردنی باروردۆخی ئافرەتان هەنگاوەکانی ئێمە تەواو دەکات ، سەنگەری داکۆکی لەمافەکانمان پتەوتردەکات هەربۆیە داواتان لێدەکەین کەدەنگتان بخەنە پاڵ دەنگی ئێمە ، بۆجێگیر کردنی بەدیلی ناوەندی هاوبەش لەجێگای یاسای کۆن.

***ئێمە دەمانەوێت چیتر کاربەیاسای کۆن نەکرێت ویاسای تازە دابنرێت.***

***ناوەندی هاوبەش :***

سەنتەری ڕاگەیاندنی ژنان

ئافرەتانی زەحمەتکێشان

کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان

ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان

یەکێتی خانمانی سەربەخۆ

٢٠٠٠/٣/٨

بەڵگەنامەی ژمارە (١٩٣)

# هەڵەبجە لە بیر ناکەین

دە ساڵ لەمەوبەر لە ١٦ی ئازاری ١٩٨٨، لە کاتێکدا کە خەڵکی شاری هەڵەبجە خۆیان بۆ یادی نەورۆز ئامادە دەکرد کۆمەڵێك فڕۆکەی ڕژێمی بەغدا زۆر دڕندانەو بێ بەزەییانە بە چەکی کیمیاوی قەدەغەکراوی جیهانی هێرشیان کردە سەر ئەو شارە بێ تاوانە لە ماوەیەکی کورتدا پێنج هەزار کەس لە ژن و منداڵ و پیرو لاویان شەهید کرد بە هەزارانیش بریندارو لە ژیانی مرۆڤایەتی بێبەش بوون. بە حەق تاوانێکی مێژوویی کەم وێنەی مرۆڤایەتیە تاوانێکە بە تەنها دژی گەلی کوردستان نیە بەڵکو دژی کۆمەڵگای مرۆڤایەتییە.

لە یادی هەڵەبجەی شەهید بە ناوی (هاوکاری)یەوە پرسەو سەرەخۆشی لە خۆمان و گەلی کوردستان دەکەین سەری ڕێزو نەوازش بۆ شەهیدانی کیمیا بارانی هەڵەبجەو تەواوی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کوردستان دادەنەوێنین. نەفرەت لە تاوانباری کارەساتی هەڵەبجەو ئەنفال و ڕاگواستن دەکەین لە هەمان کاتدا داوا لە کۆمەڵگای نێو دەوڵەتیو مافی مرۆڤی جیهانیو UN دەکەین کە تاوانبارانی ئەم جینایەتە بدرێنە دادگا.

هەروەها پێویستە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان و کۆمەڵانی خەڵکەکەی کەڵك لەم کارەساتە وەرگرن و بیکەنە کەرەستەیەکی گرنگی وەبەرهەم هێنان (استثمار)ی سیاسی تاوەکو وەرچەرخانێکی بابەتیو ئیجابی بەسەر ڕەوشی کورددا بێت وەك چۆن ژاپۆن کەڵکی لە کارەساتی کیمیاباران کردنی هیرۆشیماو ناکازاکی وەرگرت و وەرچەرخانێکی سیاسیو ئابوریو تەکنەلۆژیو کۆمەڵایەتی بەسەر خۆیدا هێنا.

با یادی هەڵەبجە بێتە هاندەرێکی بە گوڕ بۆ گەڕانەوەو چەسپاندنی ئاشتیو پێکهێنانی حکومەتێکی کاتی هەمە لایەنە کە خواستی هەمووانە بۆ ڕێگە خۆش کردن لە بەردەم هەڵبژاردنی پەرلەمانێکی شەرعیو تازە کە لەگەڵ خواستی گەلەکەمان یەکدەگرێتەوە.

**نەمریو سەربەرزی بۆ شەهیدانی بە ناحەق خنکێنراوی هەڵەبجەو**
**تەواوی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کوردستان.**
**مردن و ڕووڕەشی بۆ ئەنجام دەرانی تاوانی هەڵەبجە.**

**پرۆسەی هاوکاری**

حزبی ڕزگاری کوردستان
RPK

یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان سەرکردایەتی کاتی
YNDK - سەرکردایەتی کاتی

پلاتفۆرمی نەتەوەیی کوردستان
PNK

١٩٩٨/٣/١٥

بەڵگەنامەی ژمارە (١٩٤)

# با هەموو تواناکان یەکبخرێن لە پێناو
# دووبارە نەبوونەوەی هەڵەبجەیەکی تر

(١٠) ساڵ بەر لەمڕۆ، کاتێک دوو سوپایە داگیرکەرەکەی عێراق و ئێران لە ئاکامی بەردەوامبوونی شەڕی نێوانیاندا، ئاگری شەڕو سەرگەو کاولکردنیان گەیاندە هەڵەبجەو دەوروبەری، ئەوا ڕژێمی عێراق ئەو هەلەی زیاتر قۆستەوە بۆ پەلە کردن لە ئەنجامدانی سیاسەتە نەگریسەکەی کورد قڕان، ئەوەبوو لە ١٩٨٨/٣/١٦ هەڵەبجەی کیمیاباران کردو (٥) هەزار ژن و منداڵ و پیری بێ دیفاعی بەژەهر خنکاندو (١٥) هەزاری تریشی بریندار کردو یەکێ خستن. بەمەش لە دوای هیرۆشیما ناکارەکی ڕژێمی عێراق لە مێژووی نوێدا گەورەترین پرۆسەی جینۆسایدی بەئەنجام گەیاند، ئەم تاوانەی بەعسیەکان بووە نوختە وەرچەرخانێک لە مامەڵە کردن لەگەڵ دۆزی کورد، بەجۆرێک گواستنەوە دیمەنی بەشێکی ئەم تراژیدیایە لەڕێگەی چاوی کامێراوە بۆ سەر شاشەی تەلەفزیۆن و لاپەڕەی ڕۆژنامە جیهانیەکان ویژدانی دنیای هەژاندو وایکرد لەنێو کۆڕو کۆمەڵە نێو دەوڵەتیەکان بەخۆدا چونەوەیەک لەسەر کردنی دۆزی کورد گەڵاڵە بێت، و کورد سنووری کێشەیەکی ئاوارەیی نێو چوارچێوەی دەوڵەتێک ببەزێنێت و ببێت بە مەسەلەیەکی تایبەت بەهەموو جیهان کەوا گەورەترین نەتەوەیە، بێ بەشە لە مافەکانی و جینۆسایدیشی لەدژدا پەیڕەو دەکرێت.

ئیمڕۆش کە دە ساڵ بەسەر ئەم سەرگەساتەدا تێدەپەڕێت، هەموو لایەکی ڕاگەیاند لەم یادەدا تاوانەکانی ڕژێمی عێراقی بەبەرچاودا گوزەر دەکاتەوە ڕێز لە قوربانیەکان دەنێت، بەڵام ئەوەی لێرەدا گرنگەو وەک پرسیار بەرەو ڕووی هەر هەموو لایەک دەبێتەوە ئەوەیە، چی بکرێت بۆ ئەوەی هەڵەبجەیەکی تر دووبارە نەبێتەوە؟

ئێمە پێمان وایە بەر لە هەموو شتێک و وەک ڕێز لێنانێکیش لە قوربانیەکانی هەڵەبجەو ئەنفال و کیمیابارانی ناوچەکانی تری کوردستان، ئەوا ڕەوشی ئەمڕۆی کوردستان ئەوەمان لێدەخوازێ کەوا پەلە بکرێت لە گەڕانەوەی ئاشتی و چیتر کات بەفیڕۆ نەدرێت، بەتایبەتی کەئێستا هەلێکی مێژوویی بۆ کورد ڕەخساوە و گەر ئەمجارە ئەم هەلە لە ئەنجامی ناتەبایی و ناکۆکی و هەست نەکردن بە بەرپرسیاریتی لەبەرامبەر گەلو نیشتمان، لەدەست بدرێت، ئەوا هیچ هێزێک نیە لە ئایندەدا کورد لەمەترسی دووبارە بوونەوەی جینۆسایدو هەڵەبجەیەکی تر بپارێزێت.

لەم یادە ساڵرۆژی کیمیاباران و سەرگەساتی هەڵەبجەدا داوا دەکەین:

- با ئاشتی و تەبایی و یەکریزی بگەڕێتەوە بۆ سەرتاپای کوردستان.
- با هەموو ووزەو توانا کوردستانیەکان یەکبخرێت لەپێناو دووبارە نەبوونەوەی هەڵەبجەیەکی تر.

ناوەندی سەرکردایەتی

پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان

١٩٩٨/٣/١٦

بەڵگەنامەی ژمارە (١٩٥)

## بەیاننامەی پرۆسەی هاوکاری
## سەبارەت بەرۆژی شەهیدان و یادی کارەساتی هەڵەبجە

یانزدە ساڵ لەمەوبەر لە١٩٨٨/٣/١٦ دا رژێمی دەسەڵاتداری عیراق، لەهێرش و پەلاماردانێکی دڕندانەدا شاری هەڵەبجەو ناوچەکانی دەوروبەری بۆماوەی دووڕۆژ بەچەکی کیمیاوی بۆردمان کردو تیایدا پێنج هەزار هاووڵاتی شەهید کردو نزیکەی دەهەزار هاووڵاتیشی بریندار کرد هەزارەهاشی دەربەدەر و ئاوارە کرد.

هەڵەبجە، کەپەڵەیەکی رەشی دیکەی ناوچەوانی رژێمی صدام حسێن بووبرینێکی قوڵ بوو لەجەستەیەکی شۆڕشی رزگاری خوازی گەلی کوردستاندا. لەهەمان کاتدا هۆکارێکی گرنگ بوو کەسۆزو هەستی مرۆڤایەتی هەموو دنیای هەژاندو سەرنجی زۆربەی دام ودەزگای نێو دەوڵەتی یەکانی بەلای مەسەلەی کورددا راکێشاو پەردەی لەسەر تاوانە شاراوەکانی رژێمی داگیرکەری بەغدا بەڕووی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی هەڵدایەوە و راستەوخۆ دوابەدوای رودانی کارەساتی هەڵەبجە کێشەو مەسەلەی کورد کەوتە قۆناغی نوێی سیاسی‌یەوەو رقی جەماوەری کوردستانی بەرادەیەك بەرز کردەوە کەسازی دان بۆ بەرخودان. لەئاستی نێو دەوڵەتیشدا مەسەلەی کورد کەوتە قۆناغی دان پیانانی مرۆڤایەتیەوە، کەئەمانە دەرگایەکی گەورەی لەبەردەم کێشەکەمان کردەوەو گوڕێکی تازەو گەورەی پێبەخشی لەبواری سیاسی و دبلۆماسی و مرۆڤایەتیەکانەوە.

دیارە پاش ئەو گرنگیانە، کارەساتی هەڵەبجە لەقۆناغێکی دواتردابووە بەیەکێك لەفاکتەرە کاریگەرەکانی راپەڕین و لەئەنجامدا ئەم هەلومەرجە نوێیەی کوردستانی بەرهەم هێنا کەخۆی لەتەواوی دەسکەوتەکانی کوردستان دەبینێتەوە بەپەرلەمان و حکومەتی هەرێمیشەوە.

کارەساتی هەڵەبجەو یادەگەورەکەی ئەوە هەڵدەگرێ کەهەردەم بەزیندویی بیهێڵینەوە و ساڵانە بیکەینە مەشخەڵی گەشەپێکردنی هەلومەرجی سیاسی کوردستان و(وەبەرهێنانی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئابوری) و بونیاتنانی ژێرخانەکان و بیکەینە مەشخەڵ رەواندنەوەی ئاڵۆزی و شەڕی ناوخۆی کوردستان و بەرقەرار کردنی ئاشتی و تەبایی لەنێوان کوردان بەگشتی.

ئێمە وەك( حیزبی رزگاری کوردستان) و (یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان _ سەرکردایەتی کاتی ) لەساڵ رۆژی شەهیدان و یادی هەڵەبجەدا پەرۆشی و خوازیاری خۆمان بۆ جێبەجێ کردنی ئاشتی لەکوردستاندا دووپات دەکەینەوە هیوا دارین ئەو کەم وکوڕی و سستیەی کەئێستا لەجێبەجێ کردنی ئاشتی کوردستاندا هەیە نەمێنێ و هەرجی زووترە بەربەستەکانی بەردەم ئاشتی نەهێڵدرێ.

هەرلەم پێوەندەدا بەڕاشکاوانە داوا لەلایەنی (پارتی دیموکراتی کوردستان)، کەئێستا بەپێی چاودێری و هەڵسەنگاندنەکانمان دەرکەوتووە کەتەنها پارتی تەگەرە دەخاتە بەردەم جێبەجێ کردنی ئاشتی، هرجی زووە واز لەتەگەرەکان بهێنێ و بەڕوحیەتێکی تازەوە بڕگەکانی ئاشتی جێبەجێ بکات کەدیارە جێبەجێ بوونی ئاشتی، ئاوات و مەبەستی هەموو کوردەو هەر لایەنێکیش ببێتە هۆکاری هەڵوەشاندنەوەی ئاشتی کوردستان ئەوا بەرپرسیارێتی مێژووی دەکەوێتە ئەستۆو لەهەمان کاتدا رووحی شەهیدانی کوردستان بەگشتی و شەهیدانی هەڵەبجە بەتایبەتی عەزێت دەدات.

**حیزبی رزگاری کوردستان**
**R.P.K**

**یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان**
**YNDK- سەرکردایەتی کاتی**

**سلێمانی ١٩٩٩/٣/١٥**

بەڵگەنامەی ژمارە (١٩٦)



**هەڵەبجە هێزۆ شیمای دووەمی جیهان**
**بۆ نەتەوەی کوردی کۆڵنەدەر**
**لایەنە ئایینی و ڕامیاری یەکان**
**کەس و کاری کیمیا باران و ئەنفال کراوەکان**

ئەمڕۆ یادی کیمیا بارانی شاری هەڵەبجەی شەهیدە ئەو شارەی بووە نیشانەی تاجە گوڵینەو شاکلاوی شەهیدانی بزووتنەوەی ڕزگاری خوازی نەتەوەی کورد ئەو دەمەی کە دوژمنان و نەیارانی نەتەوەکەمان دەستی تاوان و خنکێنەریان نایە گەردنی هەزاران لاو و جوان و کەسایەتی شاری هەڵەبجەی شەهید شاری شەهیدان بە مەبەستی سوکایەتی کردن بە مرۆڤایەتی و سوکایەتی کردن بە ماف نەتەوەیی کوردەوە ئەمڕۆ یادی ( ١٦ / ٣ / ١٩٨٨ ) ڕۆژی لە دایک بوونی مێژوویەکی خوێناوی نەتەوەی کوردە وە مۆری ناپاکی دوژمنانی نەتەوەیی کوردە ئێمە وەک بزووتنەوەی ئیسلامی نەتەوەیی کورد پرسەو سەرەخۆشی دەکەین لە کەس و کاری هەموو شەهیدانی کیمیا بارانی هەڵەبجەی خۆشەویست ئەو شەهیدانەی بە سووتاوی لەشیان و خوێنی گیانیان لاپەڕەیەکی نوێیان تۆمار کرد لە مێژووی خەباتی کوردایەتی و مێژووی مرۆڤایەتی دا وە مردنی بەکۆمەڵ لە پێناوی ئازادی و سەربەستی و دادوەری دا چەند پیرۆزە بە کۆمەڵ مردن لە پێناوی نەتەوەو ڕەت کردنەوەی زوڵم و چەوساندنەوە با هەموو لایەنەکانی کوردستان هەوڵ دەین بە کۆمەڵ بۆ پێکەوە ژیان بۆ بە دەست هێنانی ماف نەتەوەیی کورد ڕێز گرتن لەم یادە پیرۆزە بۆ زیندوو کردنەوەو بەهێز کردنی بیری نەتەوەیی بۆ چارەسەر کردنی کێشەکان و بەدی هێنانی ئامانجەکان بۆ بەدی هێنانی کوردستانێکی ئاوەدان بۆ خۆش گوزەرانی و بەختەوەری نەتەوەکەمان بۆ ڕازی بوونی خوای پەروەردگار بۆ دڵخۆش کردنی کەس و کاری شەهیدان و کیمیا باران و ئەنفال کراوەکان بۆ بەدی هێنانی ئاشتی و برایەتی هەوڵ دان بۆ پێشخستنی پرۆسەی ئاشتی لە کوردستاندا بۆ پارێزگاری کردنی پەرلەمانی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان وە بڕوامان بەوە بێت ئاشتی نیشانەی برایەتی و پێشکەوتنی نەتەوەی کوردە وە ڕێز و خۆشەویستی یە بۆ نەتەوەکەمان وە شکستی یە بۆ نەیاران و دوژمنانی نەتەوەکەمان .

سڵاو ڕێز و خۆشەویستی بۆ گیانی ڕێگای دادوەری و ئاینی پیرۆزی ئیسلام بۆ گیانی شەهیدانی کیمیا بارانی هەڵەبجەی شەهید بۆ گیانی ئەنفالەکان و بزووتنەوەی ڕزگاری خوازی نەتەوەیی کورد .

بزووتنەوەی ئیسلامی نەتەوەیی کورد
١٦ / ٣ / ١٩٩٩
ڕۆژی سێ شەممە

بەڵگەنامەی ژمارە (١٩٧)

## بەیاننامەی مەکتەبی سیاسی پارتی پارێزگارانی کوردستان لە یادی (١١) ساڵەی کیمیابارانی هەڵەبجەی شەهیددا

**جەماوەری بەشەرەفی کوردستان ......**

**نیشتمان پەروەران ......**

کورد میللەتێکە سەدان ساڵە چەوساوەو ژێر دەستە، چەندین کاری درندەو تاوانی کوشتنو قڕکردنو جینۆسایدی دەرهەق بەمیللەتەکەمان تاکو ئەمڕۆ ئەنجام دراوە، هەر جارێك لە ژێر پەردەو سیاسەتو ناوونازێك. ڕژێمەکانی بەغدای یەك لەدوای یەك لەسەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی عێراق تاکو ئەمڕۆ هەمیشە کاری توندو تیژو ناڕەوایان جێبەجێ کردوە بۆ لەناو بردنو سەرکوت کردنی دەنگی ڕەواو ئازادی کورد ........

میللەتی کوردیش وەکو هەموو میللەتێکی ژێردەستو ماف خوراو بەردەوام خەباتی نەپساوەی خۆی بەدرێژای مێژووی تاریك پڕ لە زوڵمو ستەم، خەباتو کوردایەتی کردوە...... هەڵەبجەی شەهید کە(١١) ساڵ بەر لەئێستا وەك تاوانێکی مێژووی ڕەشی چاوەڕوان نەکراو لەلایەن ڕژێمێکی فاشی مرۆڤ کوژ دژ بەخەڵکی شاری هەڵەبجەی بێ دیفاعو بێ تاوان ئەنجام درا. لەڕاستیدا ئەم تاوانە یەکەم جارە تۆمار ئەکرێت لە مێژوودا کەڕژێمێك بەم وەحشیەتە چەکێکی کوشندەو قەدەغە کراو بۆ قڕ کردنی میللەتی بێ تاوانی خۆی بەکار بهێنێ....... هەڵەبجە خاڵێکی ڕەشی پڕ لە ڕسوواو شەرمەزارییە لە نێوچەوانی ڕژێمی فاشی بەغداو هەموو ئەو ڕژێمو لایەنانەی کەبێ وەڵامو بێ دەنگ بوون بەرامبەر بەم کارەساتە، ئەم تاوانە بەهەموو شیکردنەوەو لێکدانەوەیەك هیچی کەمتر نییە لە قەتڵوعامی ئەتۆمی هەردوو شاری هیرۆشیماو ناکازاکی، چونکە تاکو ئەمڕۆش بەسەدان کەس لە خەڵکی ڕزگاربووی ئەمشارە شەهیدکراوە دووچاری نەخۆشی جۆراوجۆر ئەبن لە ئەنجامی ئەم کیمیا بارانە...... بۆیە پێویستە ئەمڕۆ لەم یادەدا هەموو حزبو ڕێکخراوو گروپو جەماوەری کوردستان تا زووە ڕیزەکانی خۆیان یەکخەن بۆ توندوتۆڵ کردنی خەباتی نیشتمانیو نەتەوەییمان لەپێناو وەلادانی هەموو هەلومەرجێکی گونجاوی دوژمنانو خۆ فرۆشان تا تاوانێکی تری هەڵەبجەئاسا دووبارە نەبێتەوەو ئەزمونو دەسکەوتەکانی ڕاپەڕینە شکۆمەندەکەی ئازاری ١٩٩١مان لە دەست نەچێت.

جێگای وەبیر هێنانەوەیە مەسەلەی ئاشتی کە خواستی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە پێویستە تا بکرێ هەوڵی جددی حزبیو جەماوەریو سەرتاسەری بۆ بدرێت بەجێبەجێ کردنی ڕێککەوتننامەی واشنتۆن، ئەو لایەنە بەرپرسیارو مەحکوم بکرێت کە ڕێگرە چونکە ئەوەیان لە تاوانی هەڵەبجەی شەهید کەمتر نییە لە سەرشۆڕیو شەرمەزاری.

ئەمڕۆ لە یادی زامی قوڵی هەڵەبجەی شەهید سەری ڕێزو نەوازش دادەنوێنین بۆ شەهیدانی هەڵەبجەو سەرجەم شەهیدانی کوردو کوردستان.

ئێمە لە پارتی پارێزگارانی کوردستان هەموو تاوانێکی ئازارو گرتنو کوشتنو تیرۆرو جینۆساید زۆر بەتوندی ڕیسواو مەحکوم دەکەین داواکارین کە چی تر ڕێگە نەدرێت بە خائینانو خۆفرۆشان دەستی یارمەتیو هاوکاری درێژ بکەن بۆ دوژمنانی داگیرکەری کوردستان دژ بەحزبو لایەنەکانی بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی کوردو زەمینە خۆش نەکەن بۆ گەڕانەوەی دەسەڵاتی بکوژانی هەڵەبجەی شەهید....

- **بەرزیو سەرفرازی بۆ شەهیدانی هەڵەبجەو سەرجەم شەهیدانی کوردستان......**
- **مردنو سەر شۆڕی بۆ فاشیەکانو خۆفرۆشەکان.......**
- **سەرکەوێ خەباتی ڕەوای گەلەکەمان......**

**مەکتەبی سیاسی**
**پارتی پارێزگارانی کوردستان**
**سلێمانی ١٩٩٩/٣/١٦**

بەڵگەنامەی ژمارە (١٩٨)

# بۆ رای گشتی و گەلی کوردستان

وا پازدە ساڵ بەسەر کۆمەڵکوژی هەڵەبجە تێپەڕ دەبێ و هێشتا زامی هەڵەبجە خوێنی لێ دەچۆڕێ و،دوژمنانی گەلی کوردستانیش بەردەوامن لە ئەنجامدانی کارەساتی وەک هەڵەبجەو دەیانەوێت ئەو کارەساتە لەسەر گەلەکەمان بەردەوام دووبارە بکەنەوە.

راستە کۆمەڵکوژی هەڵەبجە بەدەستی سەددام ئەنجام درا، بەڵام بڕیاری قڕکردنی گەلی کوردستان تەنیا بەدەستی سەددام نەبوو، بەڵکو وڵاتانی ئیمپریالیزمی ئەمریکاو ئەوروپاش تێیدا بەشدار بوون. ئەو دوژمنانەی کە ١١ساڵ لەمەوبەر کۆمەڵکوژی هەڵەبجەیان ئەنجامدا ئێستا دەخوازن کارەساتێکی لە هەڵەبجە گەورەتر بەسەر گەلی کوردستان دووبارە بکەنەوە، ئەوەش لە پیلانی رفاندنی سەرۆکی گشتی *PKK* بەرێز(هەڤاڵ عەبدوڵڵا ئۆجەلان)زیاتر ئاشکرا بوو. لێرەدا ئەمریکاو هاوکارانی شەرم ناکەن و هێشتا دەڵێن پارێزەری مافەکانی مرۆڤین! ئەگەر ئەو وڵاتانە هەندێک ئەخلاقیان هەبووایە، کەلەپچەیان لەدەستی سەرۆکێکی کورد نەدەکرد دو تەسلیم بە رژێمی تورکیای فاشیان نەدەکردەوە کە ئەوەش لە بەرچاوی هەموو دنیا ئەنجامدرا. راستە جاران بەنهێنی زوڵمێکی گەورە لە گەلی کوردستان دەکرا، بەڵام ئێستا بەئاشکرا ئەو زوڵمە دەکرێت. ئەوانەی لە واشنتۆن و تەل ئەبیب و ئەنکەرە دادەنیشن زۆر لە رژێمی سەددام ترسناکترن.

## بۆ گەلی کوردستان :-

بۆ ئەوەی کارەساتێکی تری وەک هەڵەبجە بەسەر گەلەکەمان دووبارە نەبێتەوە، پێویستە هەموومان دەست بخەینە ناو دەستی یەکتر و با هیچ هێزو لایەنێکیش خۆی نەخەڵەتێنێ. ئەگەر گەلەکەمان یەکێتی و ئاشتی بەدەستی خۆی پێک نەهێنێ، دوژمنانیشمان هەرگیز یەکێتی و ئاشتیمان بۆ ناخوازن.

ئێمە وەکو گەلانی(ئاسووری و سریانی) زۆر بە باشی لە ئێش و ئازارەکانی (هەڵەبجەو جزیرەو نسێبین) تێ دەگەین، کە چۆن بە بڕیاری ئیمپریالیزم و بە دەستی فاشست و دکتاتۆرانی ناوچەکە لە نموونەی تورکیای فاشست و هەندێ سەرۆکی کۆنەپەرستی عەرەب ئەنجامدران و بەسەدان هەزار لە گەلەکەمان کوشت و بڕ کران.

**با بیرەوەری ( هەڵەبجە ) نەبێتە دوژمنایەتی لەنێوان گەلان، بەڵکو ببێتە هۆکاری ئاشتی لەنێوان گەلانی ناوچەکە.**

**-بژی یەکێتی گەلی کوردستان**

**بمرێ خیانەت و پاشقەرۆیی**

**-نەمری بۆ شەهیدانی هەڵەبجەو سەرجەم شەهیدانی ڕێگای ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان.**

**کۆمیتەی ناوەندی**

**ڕێکخراوی بیت نەهرێنی نیشتمانی شۆڕشگێر**

**١٩٩٩/٣/١٦**

بەڵگەنامەی ژمارە (١٩٩)

بسم الله الرحمن الرحيم

**لەیادی نەورۆز و جەژنەکانی راپەڕیندا**

وەك ئاشكرایە گەلەكەمان لە ( ٢١ ی ) ئازاردا یادی جەژنی نەورۆز دەكاتەوە ئەمەش ئەوەمان یاد دەخاتەوە كە گەلەكەمان پێش چەندین سەدەش بە دەست زوڵم و ژێر دەستەیی و ستەمكارییەوە ناڵاندویەتی و نەفرەتی لێ كردوون هەر بۆیە چەندەها رۆڵەی بەجەرگ و قارەمانی تیادا هەڵكەوتووە كە گیانی خۆیان كردۆتە قوربانی لە پێناوی سەربەخۆیی و سەرفرازی رۆڵەكانی نەتەوەكەیان .

( كاوەی ئاسنگەر ) یەكێك بوو لەو رۆڵە جەربەزە و قارەمانانەی كە كاسەی ئارامی بەرامبەر زوڵم و ستەمكاری ( زوحاك ) پڕ بوو چیتر نەیتوانی بەرگەی ئازار و چەوسانەوەی نەتەوەكەی بگرێ بۆیە گڕی رق و كینەی لە مێشكی زوحاكدا خامۆش كرد و بە لەناوبردنی زوحاك گەلی كوردمان لە مێژوودا پەڕەیەكی پرشنگداری لە رزگاری و سەربەخۆیی تۆماركرد هەربۆیە ئەم رۆژە ناونرا ( نەورۆز ) .

وا ئێستاش لەم سەدەیەدا رۆڵەكانی كورد كاوە ئاسا وە لەهەمان مانگدا مانگی تۆڵە و راپەڕیندا لە ئازاری ١٩٩١ دا گڕی رق و كینەیان لە مێشكە سەری زوحاكە خوێن مژەكانی رژێمی بەعسی فاشی بەغدادا خامۆش كرد هەربۆ زیاتر سەلماندنی قارەمانی و رەسەنی گەلی كورد بۆ یەكەم جار كەركوكی قودسی كوردستان لە دەست رژێمی بەعسی خوێن مژ لە ٢١ ی ئازاری ١٩٩١ دا رزگاركرا لە سایەی خوێنی هەزارەها رۆڵەی قارەمان جا هەرلەم یادە پیرۆزەوە سەری رێز و وەفا بۆ ئەم شەهیدە قارەمانانە نەوی دەكەین و كە هەر لەسایەی خوێنی ئەوانەوە حكومەتی هەرێمی كوردستان و پەرلەمان هاتە كایەوە پیرۆزبێ یادی جەژنی نەورۆز لە هەموو رۆڵەیەكی كورد لە هەر شوێنێكی جیهاندا و با نەورۆز و ئازاری ئەمساڵ بێتە هاندەرێك بۆ ئاشتی سەرتاسەری لە كوردستاندا و پارێزگاری كردنی حكومەتی هەرێم و پەرلەمانی كوردستان و تەبایی ریزەكانی نەتەوەكەمان .

بەرقەراربێ دیموكراسی و یەكسانی

سەركردایەتی

پارتی یەكسانی كوردستان

٢٦٩٨ ی كوردی

بەڵگەنامەی ژمارە (٢٠٠)

## پیرۆز بێت نەورۆز، رۆژی رابوون و ئاشتی و برایەتی

ئەی گەلی کوردستانی ستەم دیدە...

وێڕای پیرۆزبایی کردن بە بۆنەی هاتنی جەژنی نەورۆزی نەتەوەیی و مێژوویی کوردان، ئەم رۆژە مەزن و گەورەیە پێویستە بکرێتە هاندەرێکی لەبار بۆ چارەسەرکردن و بەرەوپێشەوە بردنی دۆزی گەلی کوردستان.

ئەمساڵ کەیادی جەژنی نەورۆزی گڕو بەرخودان دەکەینەوە بەری خەبات و تێکۆشانی بزافی رزگاریخوازی کوردستان کەشاوەیەو گورە لەکوردستانی باشووردا لەسایەی قوربانی و گیانفیدایی هەزارەها لەرۆڵەکانی و لە ئاکامی شۆڕشی نەپساوەی بەردەوام و دواتریش راپەڕینی ئاداری (١٩٩١)، دەسکەوتی مەزنی وەدەست هێناون و ئەمڕۆش کەهەشت ساڵ بەسەر ئەم هەلومەرجە تێدەپەڕێت، جەماوەری خۆڕاگرو ئامەزرۆی رزگاری و ئازادی پێشوازی لەجەژنی نەورۆز دەکەن و هەر بەم بۆنەشەوە سیاسەتی دوژمنکارانەی رژێمی دیکتاتۆری بەغدا ریسوا دەکەن. لەبەرئەوە پێویستە هەرچی لەتوانادایە بۆ هاتنەدی ئاشتی و جێبەجێ کردنی رێککەوتنی واشنتۆن کاربکرێت، کەلەئاکامی وەزعی ئەشەڕو نەئاشتی هەست دەکرێت خاڵەکان وەکو پێویست جێبەجێ نەکراون و چەشنە سستییەکیش لەئارایە بە تایبەتی کە دەزانرێت لەکاتی دیاریکراودا خاڵەکانی رێککەوتن بەڕێوەنەچوون. ئەم جەژنەو بۆنە نیشتمانی و نەتەوەییەکان بکرێنە هاندەر بۆ چارەسەری ئاڵۆزی و بەرەوپێشەوە بردنی دۆزی رەوای گەلی کوردستان لەهەمرو ئاستەکانداو دوورخستنەوەی ئەو ترس و نیگەرانیانەی دەبنە سەرچاوەی هەڕەشەو بڵاوکردنەوەی پەشێوی، کەئەمەش بەگێڕانەوەی یەکڕیزی و تەبایی و ئاشتی دەکرێت.

کەدەیان ساڵە گەلی کوردستان و گەلانی عیراق بەدەست زوڵم و زۆری رژێمی دیکتاتۆری عیراق دەناڵێنن، هێشتا مەترسی هەڕەشەکانی لەئارادان و رۆژانەش لە سیاسەتی تەعریب و راگواستن بەردەوامەو لەبەرئەوە دەبێت بە وردی لێکدانەوە بۆ ئەگەری هەرچەشنە گۆڕانکاری و پێشهاتێک لە ئاستی عیراق بکرێت، چونکە راستەوخۆ کاردانەوەی لەسەر وەزعی کوردستان دەبێت بەتایبەتی کە ماڵی کوردی پەرت و بڵاوە.

گەلی کوردستانی ئازادیخواز...

ئەمڕۆ کەیادی هاوخەبی و تێکۆشانی رزگاری چەوساوەکانە لەدەست زوحاکی زۆردارو جەنگ خوێنین، نەتەوەی کورد هێشتا لەهەموو پارچەکانی کوردستان بەدەست سیاسەتی شۆڤینیانەو کۆنەپەرستانەی ئەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەر دابەشکراوە دەچەوسێنەوە. لەبری چارەسەری دیموکراسیانەو ئاشتیانەی دۆزی رەوای مێژوویییەکەی کوردان، بەبەرچاوی دونیاو لەسەردەمی بەناو نەزمی نوێی جیهانی و مافەکانی مرۆڤ و دیموکراسی بەهەزارەها لە رۆڵەکانی کورد زیندانی دەکرێن و لەسێدارە دەدرێن و راوەدووتر دەنرێن و لە سادەترین مافەکانی ژیان بێبەش دەکرێن.

بەڵگەنامەی ژمارە (٢٠١)

راستە ئەمڕۆ بزاڤی تێکۆشانی نیشتمانی کوردستان پێی ناوەتە قۆناغێکی گرینگ و لەهەمان کاتیشدا هەڕەشەی مەترسیدار لەسەر ئەواوی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان بەتایبەتیش کوردستانی باشور هەیە، بەڵام هیچ کەسێك ناتوانێت نکۆڵی لە ڕەوایی تێکۆشان و مافە بنچینەییەکانی کوردو بوونیان بکات و ڕۆژانە لەسەکۆ نێودەوڵەتیەکان باس لەدۆزی چارەسەرنەکراوی کوردستان و ئەم کێشە بەرفراوان و مەزنە دەکرێت، کەبێ چارەسەرکردنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئارامی بەخۆیەوە نابینێت، بە تایبەتیش کەدەزانن میللەتێکی پتر لە (٣٠) ملیۆنی وەکو کورد تاکە نەتەوەیە کەتا ئەمڕۆ دابەش کرابێت و ڕێگەی بۆ ئازادی ژیان و بڕیاری مافی چارەنووسی بەزۆر لێ سەندرابێت و خاوەنی کەیانی نەتەوەیی خۆی نەبێت.

بەبۆنەی جەژنی نەورۆزی گڕو، هاندەری یەکڕیزی کوردان بانگەوازی هەموو گەلی کورد دەکەین کە هۆشیارانە بۆ بەدیهێنانی ئامانجە ڕەواکانیان تێبکۆشن و لەبەرامبەر هەلومەرجی نێودەوڵەتیو هەرێمایەتی ژیرانەو ستراتیژیانە مامەڵەبکەن و بەری ڕەنجی قوربانیو بەرخودانی سەدان ساڵەی خۆیان نەکەنە دەستەمۆی هەندێك شتی لاوەکیو پێویستە هەلومەرجی یەکتر لەبەرچاو بگرین و کێشەکان بەڕێگەی گفتوگۆی دیموکراسیانە چارەسەربکرێن و برایەتیو تەبایی بێنینەدی، کە ڕوداوە دڵتەزێنەکانی ساڵانی هەشتاکان و کۆڕەوی ملیۆنی ئاداری (١٩٩١)ی کوردستانی باشور ڕووەو سنورەکانی ئەودیو بەڵگەی یەکبوونی کوردو هاوخەمیو تەباییو برایەتین و پێویستە ئەمڕۆش لەو کاتەی جەژنی نەورۆز پیرۆزدەکەین، هەرچی دەتوانین بۆ داکۆکی کردن لەهەقی ڕەوای کوردو بوژانەوەی بنەما ڕەسەنەکانی تێکۆشان و بەرەپێدانی دیموکراسیەت و ئازادییە سیاسیەکان و بۆچوونە نیستمانیو پێشکەوتنخوازەکان و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و بەدیهێنانی ئاشتیو گەیشتن بەڕزگاری یەکجارەکی خەبات بکەین و ئەم ڕۆژە بیێتە مایەی نەفرەت لە دوژمنان.

-پیرۆزبێت نەورۆز، جەژنی یەکڕیزیو برایەتی کوردان.
-ڕزگاریو ئازادی بۆ کوردستان.
-نەفرەت لە دوژمنان و چەوسێنەران.

| | |
|---|---|
| حزبی شیوعی کوردستان | پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان |
| ڕێکخراوی تێکۆشانی ڕەنجدەرانی کوردستان | بزووتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان |

بزووتنەوەی یەکبوونی کوردستان

هەولێر
١٩ / ٣ / ١٩٩٩

بەڵگەنامەی ژمارە (٢٠١)

بسم الله الرحمن الرحيم

بزووتنەوەی موجاهیدینی کوردستان - عێراق
حركة مجاهدين كردستان - العراق

ژمارە:
مێژوو ٢١ / ٣ / ١٩٩٩

MOJAHDEEN MOVEMENT OF KURDISTAN - IRAQ

## جەژنی نەورۆزتان پیرۆز بێت

هاونیشتمانیانی خۆشەویست جەژنی نەورۆزو راپەرینتان هەمووساڵێك بە خۆشی‌و شادی پیرۆز بێت، ئێمەش وەكو خەڵكێكی ئەم نیشتمانە بەشداری ئەم یادە پیرۆزە نەتەوەییە دەكەین وە خۆشحاڵی خۆمان بەم یادەوە دەردەبڕین ، بە بۆنەی هاتنی جەژنی نەورۆزەوە كە جەژنێكی دێرینی نەتەوەكەمان و گشت گەلانی ناوچەكەیە كە هەزاران ساڵە یادی لە دڵی میللەتەكەماندا ڕەگ و ریشەی داكوتاوە ، لە ڕۆژی نەورۆزدا بوو بۆ یەكەم جار جەمشید پاشای پێشدادی لە ئێران زەمین دا فەرمانڕەوایی دامەزراند چونكە پێشتر هیچ حكومەتێك لە ئێران زەمیندا دانەمەزرابوو .

لەو ڕۆژگارەدا (زوحاكی) بابلی هێرشی هێنا ئێران زەمینی داگیر كرد وە حكومەتی پێشدادی كوردی دوایی هات لەسەردەمی ئەم زوحاكەدا كەس لە سەرو ماڵی خۆی ئەمین نەبوو وە دەستی كرد بە كوشتن و برین و بەكارهێنانی زەبروزەنگ ، ئەپو وشكی پێكەوە دەسووتاند ، هاواری خەڵكی لێ قەوماو دای بە گوێی (كاوەی ئاسنگەر)دا كە خۆشی لە هۆزی پێشدادی بوو .

كاوەی ئاسنگەر داوای لە (فەرەیدون)ی پێشدادی كرد بەشداری ئەم ڕاپەڕینە بكات ، كاوەی ئاسنگەر لە یەكەم ڕۆژی نەورۆزدا دەستی گرت بەسەر بارەگاكانی زوحاكی خوێن ڕێژداو تەخت و بەختی هەڵوەشاند ، ئەو ڕۆژە كە زوحاك لەناو برا بوو بە یەكەم ڕۆژی نەورۆز وە لە ئاوێستەدا ئەم بەسەرهاتە نووسراوەتەوە .

**جەماوەری كوردستان ...**

لە وواڵتی ئێران زەمین دا لە سەردەمی ماددەكاندا كوردستان ئاوەدان بووەوەو هەمەدان و شارەزووریان كردە پایتەختی خۆیان زوحاكی كورد ئەم ڕۆژەی ناونا نەورۆز هەروەها نەورۆز لە هەمان كاتدا جەژنی سەرەتای ساڵی كوردییە .

خوشك و برایانی خۆشەویست ...

خەڵكی موسوڵمانی كوردستان ..

با لە یادی نەورۆزدا پەیمان نوێ بكەینەوە بۆ گەلەكەمان كە ئامانجە دێرینەكانیان جێ بەجێ بكرێت ، وە خوێنی شەهیدەكانمان لە سەرتاسەری كوردستاندا ئامانەتێكە لە ئەستۆماندایە نابێ بەفیڕۆ بڕوات بۆ سەركەوتنی ئەم مەبەستە پرۆسەی ئاشتی نێوان یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان و پارتی دیموكراتی كوردستان دەبێ هەنگاوی جدی بۆ بنرێ تا دڵی هەموو گەلی كوردستان شاد ببێتەوەو ببێتە نەورۆزێكی ڕاستەقینە وە هەروەها داوا لە هەموو حزب و ڕێكخراوو بزووتنەوە ئیسلامییەكان دەكەین هەوڵ بدەن پێكەوە پرۆسەی ئاشتی سەربگرێ وە هەڵبژاردنی گشتی لە كاتی خۆیدا بكرێ لە سەرتاسەری كوردستان دا .

لە كۆتاییدا هەزاران سڵاو بۆ گیانی پاكی شەهیدە قارەمانەكانی كوردستان وە گشت شەهیدانی ڕێبازی ئیسلام

**مەكتەبی سیاسی بزووتنەوەی مجاهدینی**
**كوردستان — عێراق**
**٢١ / ٣ / ١٩٩٩ م**
**٢٦٩٩ / ١ / ١ ك**

بەڵگەنامەی ژمارە (٢٠٢)

بەیاننامەی مەکتەبی سکرتاریەتی (یەکێتی خوێندکارو لاوانی سۆسیالستی دیموکراتی کوردستان)

لەیادی (١٦) ساڵەی دامەزراندنیدا

**خوێندکارانی زانست خواز**

**لاوانی شۆڕشگێر**

وەك روون و ئاشکرایە خەباتی پیشەیی و دیموکراتی لەچوارچێوەی گەشەکردن و کامڵ بوون وساغ بوونەوەی بەرنامەی ستراتیژی زانست و کۆمەڵایەتی و رامیاری دەخوازێت . بۆ بردوان بەرەوتی خەباتی جەماوەری و پیشەیی و بەرەو پێش بردنی شێوەکانی خەبات بۆ گەیشتن بە ئامانجی ئەو رێکخراوانەی کە ستراتیژی کەسانی تایبەتی بگرێتە خۆی کە تایبەت بوون بەو بوارانەی کە دەبێتە هۆی یەکخستنی گشت هێزو تواناکانی خوێندکاران و لاوانی شۆڕشگێر بۆ بەدیهێنانی خواست وئامانجەکانیان .

یەکێتیەکەمان (یەکێتی خوێندکارولاوانی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان) بۆ بردوان بەرەوتی زانست وهێنانەدی خواستەکانی خوێندکاران و لاوان لەکوردستان دا . لەرۆژێکی وەکو ئەمرۆدا سۆمی تەمەنی (١٧)هەمین ساڵ رۆژی دادەگیرسێنێ (١٦)ساڵ خەبات و بەردەوام بوون لە داکۆکی کردن و تێکۆشان لە پێناوی مافە ئەکادیمیەکان و پیشەییەکانی خوێندکاران ولاوانی کوردستان وەك ئەستێرەیەکی گەش دەدرەوشێتەوە .

رۆژی (١٩٨٣/٤/٤)مژدەی لەدایك بوونی رێکخراوێکی شۆڕشگێری پێشکەوت وخوازی لەخۆگرت و ئاودەشتی بناری قەندیل هێندەی تر سەر بڵند بوو . ئامێزی گەرمی کردە لانکی شۆڕشگێری بۆ (خوێندکاران و لاوانی سۆسیالیست) هەر لەسەرەتاوە ئەو راستیەی لەوێنەی پرۆگرامی خۆیدا بەرجەستەکردووە کە (خەباتی چەکداری بێ دەست لەملانێ پێنوس و هەم ئامەنگی لەگەڵیدا مەحاڵە رەوتی بەرەو پێش چوون بڕوات وبەئاکام بگات)

ئەلبوومی پڕسەروەری (١٦) ساڵەی یەکێتیەکەمان هاوشانە لەگەڵ سۆزاکی کوردستانێکی زامدارو ئەنفال کراو کەرێتەی دەیان شەهیدی وەك (مامۆستا صلاح)سکرتێری خوێندکارانی سۆسیالیست و شەهید (فاروق)ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت و شەهید (محمود) و شەهید (صدیق)و شەهید (حیدر) و شەهید (شێروان)و چەندین شەهیدی تری لە ئامێزدایە .

**خوێندکارانی ئازیز *** لاوانی شۆڕشگێر**

دوای ئەو هەموو کێشەکێشەیەی‌کەلە نێوان حیزبە دەسەلات دارەکانی کوردستاندا رووی دا بووە هۆی پیادە کردنی سیاسەتێکی دوولایەنەوگەیشتە ئەو دەر ئەنجامەی کە شەری ناوخۆی لێ بکەوێتەوەو سەدان کەس لە رۆڵە تێکۆشەرەکانی گەلەکەمان بوونە قوربانی ئەو شەرەخۆکوژیە .

دیارە خوێندکارانی بەش مەینەت لەم نێوەندەدا بێبەش نەبوون وئاگری شەری ناوخۆ چەندین خوێندکاری کردە سووتەمەنی وهەمیشە ژیانیان لە مەترسی وەلەرزکێدابووە و مامۆستایانی شۆڕشگێر بەهەمان شێوە پەرشکی ئاگری شەری‌ناوخۆ گرتیەوەو رۆژ بەرۆژ گوزەرانیان بەرەو خراپی دەچێت سەرەرای ئەم رودا کارەسانانە پەروەردەو فێرکردن ئارەیەکی باش بەرێوە چووە هەمیشە خوێندکاران هەوڵیان داوە درێژە بەکۆشش وخەبات بدەن و تاکو بتوانن خەونی ئاسۆزان و داگیرکەرانی گەلەکەمان زیندەبەچاڵ بکەن .

ئێمە وەك (یەکێتی‌خوێندکارو لاوانی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان) لە باری دۆخێکی ئاوهها پڕ مەترسیدا دوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین کە بەخێرایی ئاوڕێك لە گوزەرانی مامۆستایان بدەنەوەو چارسەری کێشەکانیان بکەن .

وە لە هەمان کاتدا داواکارین لە پسپۆران وشارەزایانی بواری پەروەردەو فێرکردندا زوو بەخێرایی بکەونە خۆ بۆ پاکتاو کردنی پەرتوکەکانی خوێندن لەو بابەتە ناشیاوانەی کەلەکاتی رژێمی بەعسدا جێگیربوون ولەجێگایاندا بابەتی بەپێزو شیاو دابنرێت کەلەگەڵ ئەمرۆی کوردستاندا بگونجێت وگیانی شۆڕشگێریان پەرچێ بدرێت لەناخو دڵ ودەروونی خوێندکاراندا .

**خوێندکارانی تێکۆشەر *** لاوانی هۆشمەند**

بۆیە لەیادی دامەزراندنی یەکێتیەکەماندا ئاشتی بەتاکە رێگا و چارسەری گونجاو دەزانین بۆ یەنە برکردنی کێشەکان و بەرەوپێش چوونی رەوتی زانست و پێشکەوتن وهیوا دارین ئەوئاشتیەی کە ئێستا بەرقەرارە لەکوردستاندا بێتە مایەی یەکخستنی گشت هێزو توانای لایەنەسیاسیەکانی کوردستان لە پێناوی بەدی هێنانی کۆمەڵگایەکی شارستانی رێشکەوت و خواز کەتێیدا مشخەڵی(زانست=پێشکەوتن=داهێنان)پرشنگدار بێت

وەدووپاتی‌دەکەینەوە، گشت هێزوتواناکانمان دەخەینە گەڕلەپێناوی داینکردنی ژیانێکی‌نوێو هاوچەرخانە بۆ خوێندکاران دەستەبەر بکرێت و تاکو لەم رێگایەوە ئاینەیەکی‌باشتر گەشاوەتر بۆ نێکرای خوێندکاران ولاوان بەرقەرار بێت .

***بەرز وپیرۆز بێت یادی تێپەڕبوونی (١٦)هەمین ساڵ رۆژی دامەزراندنی یەکێتیەکەمان**

***شەکاوە بێت ئاڵای زانست لە کوردستاندا**

***نەمری و سەربەرزی بۆ شەهیدانی رێگای کوردو کوردستان .**

**مەکتەبی سکرتاریەتی**

**یەکێتی خوێندکارو لاوانی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان**

١٩٩٩/٤/٤

بەڵگەنامەی ژمارە (٢٠٣)

ئەرشیف

لە (جەمال عەبدول) ەوە ،

بۆ / برا + لیژنەی بالای سەد ساڵەی

ڕۆژنامەگەری کوردی

بەڕێزان ، سڵاو و ڕێزی زۆرمان

ڕووسکەکەتان ڕۆژی ٢/٤/١٩٩٨ گەیشت .

(١) پێمان وایە ڕۆژی ٢٢/٤ ، ڕۆژی هەموو ڕۆژنامەنووسێکی دڵسۆزی کوردە ، بۆیە ، باشترینە کە لە هەر شارێک لە شارەکانی کوردستان و لە هەر جێیەک ڕۆژنامەنووسی کوردی لێ بێت ، ئەم یادە شکۆدارە بگێڕنەوە .

(٢) پێمان باشە لە هەر دەوڵەتێک ، لە سەرەتاوە یەک تێبینی لە ڕۆژی ٢٢/٤ دا ، ج لە هەولێر و ج لە سلێمانی بە شێوازی هاوبەشمان هەوڵ ، بە ئاردی چەند نووسینێکی [illegible] بۆ هەولێر بە نێوانەوە .

(٣) تکایە لە کاتی بوونتاندا ئاگادارمان بکەن و ئێستا زیاتر لە دەستیان بەدوور کردن نووسینە [illegible] چەند ... جێی بێ .

(ئیتر لە هەولێر) !؟

(٤) هەر بەو شێوەیش ئێستا زیاتر ، چەند نووسینێکی تر لە ٢٢ ، ٢٣ (یان لە هەر ڕۆژێکی تر کە پێتان باشە) لە هەولێر و لەوێ تۆماری دەکات بە [illegible] بکەن و هاوکاریش لە هەمان ڕۆژدا چەند نووسینێکی تر ...

بەڵگەنامەی ژمارە (٢٠٤)

بنچینە بڕگە .

⑤ تکامان وایە وەڵامی ئەم پرسیارەمان بەخێرایی بدەنەوە

پێشوەختە لەگەڵ ئەوەیە کە دوای (٤٠) رۆژ وەڵامیان نەهاتەوە

تا ئێستاش هیچ دەنگوباسێکیان نازانین و ...

جەمال عەبدول

١٩٩٨/٤/٤

کات

ی ٦,٥٥

بڕیارە

بەڵگەنامەی ژمارە (٢٠٤)

٤/٦

لە/ سەلام عەبدوڵڵا

بۆ/ جەمال عەبدول

بروسکەکانتان ڕۆژی ٤/٤ گەیشت زۆر سوپاس. ئێمەش دەمانەوێ یادی
سەد ساڵەی ڕۆژنامەی کوردی دەکەوێتە سەر شانی هەموومان، یادکردنەوەی
ئەو ڕۆژە پیرۆزە ئەرکی هەموولایەکمانە. بە هیوای ئەوەم یادە بێتە پێشکەوتنێکی
باش و بۆ پرۆسەی ئاشتی لە کوردستان. ئەوەش وەڵاممانە.

○ ئێمە ئامادەین لە سەر ناردنی (٥) نوێنەر بۆ سلێمانی. وە پێشوازی (٥) نوێنەری
ئێوەش دەکەین.

○ ئێمە ئامادەین لە سەر ناردنی (٣) نووسەر بۆ خوێندنەوەی باسەکانیان. وە پێشوازی
لە (٢) نووسەری ئێوەش دەکەین.

○ هەر نووسەرێکی تر دەیەوێ بەشداری بکات لای ئێمە ئازادە.

○ ناوی نوێنەر و نووسەرەکان بە بروسکەیەکی تردا بۆتان دەنێرین.

○ ڕۆژی ٧ - ٨ ئەم یادە لە هۆڵ دەکرێتەوە دەتوانن نوێنەر
بۆ ئەوێش بنێرن لە ئەو ڕۆژەدا. چاوەڕێی وەڵامین ○

بەڵگەنامەی ژمارە (٢٠٥)

لە / ( جەمال عەبدول ) ەوە

بۆ / بەڕێز فلك الدين كاكەیی

بروسکەی (١٠/٩)تان گەیشت و زۆر سوپاس و چاوەڕوانی نامەکانی ئێوەین و پێشنیاز ئەکەین بۆ باشتر و خێراتر ڕاپەڕاندنی کاری هاوبەش و وردەکاری پێویست (سێ کەس) لە هەردوو لایەنی بالا ( واتە هەر لایەنە و سێ کەس) ڕۆژی سێشەممە ١٤/٤ پێکەوە کۆببینەوە لە دوکان یان لە کۆیە لە هەرکامە پێتان باش بێت و تکایە لە کات و شوێنی کۆبوونەوەکە ئاگادارمان بکەنەوە چاوەڕوانین

جەمال عەبدول
١٩٩٨/٤/١١
کاتژ (٧،٥٠) ی ئێوارە

بەڵگەنامەی ژمارە (٢٠٦)

لە / (جەمال عەبدول)ەوە — ڕۆژ / ٢٠/٤/١٩٩٨
بۆ / بەڕێز هاوڕێ برا — کات / ٥,٥٥ ی بەیانی

بروسکەی ١٩/٤ تان ، کاتی (٨)ی ئێوارەی ١٩/٤ گەیشت ، لە کۆبوونەوەی ئەوکاتەی لیژنەی باڵادا خوێندرانەوە ، ئەمە تێبینیەکانە :

(١) تەماشای ئەو نووسراوەی لەگەڵ بروسکەکە بوو ، ئاو (بەناوی لیژنەی باڵاوە نووسراوە) ، لیژنەی باڵا ناردوویەتی ، یان خۆتان بۆتان ناردووین ؟!


(٢) ئەگەر لیژنەی باڵا ناردوویەتی ، ئەبوو بەناوی بەڕێز سەرۆکی لیژنەی باڵاوە بوایە و بەلای ئێمەوە باشتر وایە ئەدرکەوێ لە هەموو ڕەدوو لیژنەی باڵا یەکەوە دابڕێژرێ و بنووسرێ .

(٣) ئێمە کە لەگەڵ بەڕێز کاک عبدالموجود طه دانیشتین ، بەرنامەی یادەکەو بێتەرەفەکان و ئەتانەت هەر لە دانیشتنەکەدا ناوی ئەو کۆڕبازانەمان بۆ ناردن کە باسەکانیان لەوێ پێشکەش ئەکەن ، بەڵام دوای ئەمە یادەکەوەی ڕۆژی ئەکات ، ئاشتیخوازانی ئەنفالەکانی وەفد و بەعسی ئەو کۆڕبازانەی باسەکانیان لەوێ پێشکەش ئەکەن و بەڕێوەبەری ئەو بێتەرەفانە و بەرێوەبەرانیان بۆ ئەگەڕێنەوە کە بە بەڕێز کاک عبدالموجود طه دا بۆمانە ناردن ، تکایە بە زووترین کات وەڵامی ئەم بەرپرسیارێتییە بدەنەوە و چاوەڕوانین .

جەمال عەبدول
سەرۆکی لیژنەی باڵا

[illegible]

بەڵگەنامەی ژمارە (٢٠٧)



ل/ (جەمال عەبدول) ەوە — ٢٠/٤/١٩٩٨

بۆ/ بەڕێز فلك الدين كاكەیی — ژ/ ١٠٠ ع.ش.م

بروسكەی ٢٠/٤ تان گەیشت.

① بۆ نوێنەرمان بۆ بەشداری لە ئاهەنگی یادی ١٠٠ ساڵەی ڕۆژنامەنووسی کوردیدا ئەم بەڕێزانەن:

١. سەردار عبدالكريم — بەڕێوەبەری گشتی دیوان

٢. دلشاد عبدالله — سەرنووسەری گۆڤاری ڕامان

٣. لطيف هەڵمەت — شاعیر و نووسەر لە ڕۆژنامەی هەرێمی کوردستانە.

ئەم بەڕێزانە ڕۆژی ٢١/٤/١٩٩٨ دەگەنە لاتان

② ئەم بەڕێزانەش ڕۆژی ٢٤/٤/١٩٩٨ دەگەنە لاتان بۆ پێشکەشکردنی باسەکانیان:

١. محمد الملا أحمد صبری (ضابطی ئازادی)

٢. محمد صالح سعيد (گۆڤاری ئەنفال)

٣. جلال محمد علی (گۆڤاری هەتاو)

تکایە با ئێوە بارە بەڕێزەکانی ئێوەش ٢٤/٤/٩٨ لێرە ئامادەبن چونکە ٢٥/٤ کاتیان بۆ دانراوە

بەڵگەنامەی ژمارە (٢٠٨)

بۆ پێشکەش کردنی باسە کلاسیکیە و بە خێراترین شێوازی
ئەکەن .

٢) لەبەر ئەوەی بە زۆری دەوڵەتەکان دەزگەکانی تەشخیصی
نەخۆشی دەرمان ئامادەکردنیان لە هەموو رووێکەوە
لە دووی ئێوەوە نیە ، چونکە کاتی ئەوەتان بۆ ئەوە
لێزانی تاقی نەخۆشی دەرمانەکە دابین بکرێ .
[illegible] بەرەوە

٣) تکایە سەیری (ط ١/٢/٤) کلاسیکی کردن
کراوە (٢)ی پاش تیۆری نوێترین بە ئەنجامی کلاسیکی
بگەنە ئەنگەیی ، لەبەر ئەوەی نوێترینانی نەخۆشی ،
لەوەی پێشوازیان ئەکەن .

بەڵگەنامەی ژمارە (٢٠٨)

بۆ / کۆنگرەی پارێزگای سلێمانی

# لەیادی نۆیەمین ساڵڕۆژی ئەنفالە شوومەکاندا!

جەماوەری قارەمانی کوردستان!

ئەنفال و قڕکردنی کورد مێژوویەکی کۆنی هەیەو بەشێک بووە لەو هەوڵو هێرشانەی لەپێناو گەپکردنەوەی جوولانەوەی رزگاریخوازانەی گەلەکەمان لەلایەن رژێمە داگیرکەرەکانی کوردستانەوە ئەنجام دراوە.

سەرهەڵدانی بیری شۆڤینیستی لەریزەکانی حزبی بەعس هەر لەسەرەتای گرتنە دەستی جڵەوی دەسەڵاتەوە لەعێراقدا دەستی پێکرد.

ئەم رژێمە، لەپێناو پاراستنی و تۆکمەکردنی حوکمڕانیتی خۆیدا بەهۆی دەزگا داپڵۆسێنەرەکانیەوە، وەک گرنگترین ئامراز هەوڵی سەرکوتکردنی نەیارانی خۆی داوە، بەتایبەتی رزگاریخوازانی گەلەکەمان، ئەمەش بە چەندین قۆناغ و شێوە پەیڕەوکراوە، هەر لەگرتن و راوەدوونانەکانی «قصر النهایة»و دائیرەکانی ئەمن و ئیستخباراتو موخابەرات، تا راگواستن یا فەیلیەکانمان بۆ ئێران ئینجا گەیشتە رادەی «ترحیل، تبعیث، تعریب» دواتریش بێ سەروشوێن کردنی هەشت هەزار بارزانی لەسنوورەکانی پارێزگای هەولێرو، دواتریش پەیڕەوکردنی سیاسەتی خاکی سوتاو «الارض المحروقة»، تا گەیشتە لوتکەی تاوان پڕ شەرمەزاریەکەی لە کیمیاباران کردنی هاوولاتیان بێ دیفاعی هەڵەبجەی شەهیدو بەڕێوەبردنی چالاکیە سەربازیە درندەکانی لەژێر ناوی «عملیات الانفال»، کەبریتی بوو لەبێ سەروشوێن کردن و زیندەبەچاڵ کردن و بەکۆمەڵ کوشتنی زیاتر لە ۱۸۲ هەزار مرۆڤی بێتاوانی کورد.

خەڵکی ئەنفالکراوی کوردستان!

لە نۆیەمین ساڵڕۆژی درندانەترین هێرشی دژە مرۆڤایەتی صدام و داروودەستە حوکمڕانەکەیدا، وێرای بەرزو بەرێز راگرتنی گیانی قوربانیەکانی گەلەکەمان، لەتەواوی حزب، رێکخراو لایەنە سیاسی و جەماوەری و رۆڵەکانی گەلە خۆڕاگرەکەمان خواستیاری یەکریزی و هەماهەنگی هەموو لایەکین لەپێناو ئاشکرا کردنی چارەنووسی رۆڵە بێ سەروشوێن کراوەکانی گەلەکەمان و داوا لەهەموو لایەک دەکەین وێرای هەموو هەوڵو تێکۆشانەکانمان لە دژی بەعسی فاشیست ئەمرۆ رۆژی ٤/١٤، کە رۆژی ماتەمی گشتیە لەکوردستاندا، سەرتاپا ماڵەکان ماتەم ئامێز بێ وەک رەمزێکی زەق، لەپێناو رەتکردنەوەی رژێمی نەگریسی بەعسی داروودەستەکەیدا.

لەو یادە دڵتەزێنەدا:

داوا لەرای گشتی جیهان دەکەین هەرچی زووترە هەوڵی دادگایی کردنی دیکتاتۆری عێراق و دارو دەستەکەی بدرێ.

داوا دەکەین چارەنووسی بێ سەروشوێن کراو گیراوەکانی ئەنفالە بەدناوەکان بەزووترین کات دیاری بکرێت.

* بەرزو بەرێز بێت یادی نۆیەمین ساڵڕۆژی ئەنفالکراوەکان.
* ئەنفالەکان پەڵەیەکی رەشن بەنێوچاوانی بەعسەوە.
* سەرکەوتن هەر بۆ گەلی ئێمەیە.

رێکخراوی ئاوارەو ئەنفالکراوەکانی کوردستان

هەولێر- کوردستان ١٩٩٧/٤/١٤

بەڵگەنامەی ژمارە (٢٠٩)

# جەماوەری ئازادیخواز، خەڵکانی بەش مەینەت و کەسوکاری دڵ پڕ لە حەسرەتی ئەنفال کراوەکان

ئەم ساڵ لە( ٤/١٤) دا ، پانزە ساڵ تێپەڕ دەبێت، بەسەر کارەساتی پڕلە ناسۆری بێ سەرو شوێن کردنی (١٨٢٠٠٠) مرۆڤی بێ تاوان، لە سەر دەستی ڕژێمە دیکتاتۆرە فاشیەکەی بەعس.

ئەم کارەساتە یەکێکە لە وەحشی گەرانەترین پیلانەکانی ڕژێمێکی فاشی وەکو بەعس لە مێژووی هاوچەرخدا. ئێمە وەکوو (لقی کەرکوکی – کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان ) ئامانەوێت خەموو ناسۆرو برینی کەسوکاری ئێوەو ئازیزانی بێ سەرو شوێنی ئێمە جارێکی ترو سەرلە نوێ بکولێنینەوە، چونکە خەمی ئەنفال کراوان تەنها خەمی ئەوانەیە کەلەسەر دەستی جەلادەکەی بەغدا بێ سەرو شوێن کران، بگرە خەمی چەندەها ئەوەندەی تر لەو منداڵانەی کە لە باوکوو دایکیان جێ ماون، خەمی ئەو ئافرەت و کیژۆڵە بەش مەینەتانەن کە لە چاوەڕوانی بێ هیوای گەڕانەوەی دەزگیرانەکانیان و ڕۆژانە لێرەو لەوێ ژیانی مەمرەو مەژی و کوڵە مەرگی بە سەر دەبەن هەر لەم یادە پڕ ناسۆرەدا بانگەشەی هەموو کەسوو لایەن و ڕێکخراوێکی دڵسۆز بە چارەنوسی ئەنفال کراوو کەسو کاریان دەکەین و لێرەشەوە بە تایبەتی داوا لە دەسەڵاتدارانی حکومەتی هەرێمی هەردوو ناوچەکە دەکەین، کە بە ئەرك و بەرپرسیارێتی خۆیان هەڵسنوو کار بکەن بۆ ئەوەی :-

- دەزگای نێودەوڵەتی یەکان و UNلای خۆیانەوە فشاری جدی بخەنە سەر ڕژێمی بەعس بۆ دیاری کردنی چارەنوسی ئەنفال کراوەکان .
- هەموو بە یەك دەنگ داوای دادگایی سەدام و تاوانبارانی جینۆ ساید بکەین لە دادگایەکی نێودەوڵەتیدا.
- دەسەڵاتدارانی حکومەتی هەرێم مووچەی دیاریکراوی مانگانە بۆ کەسو کاری قوربانیانی ئەنفال تەرخان بکات
- چارەسەرێکی یاساییانە ، بۆ ئافرەتانی بە جێماوی ئەنفال بکرێت.
- لە یادی پانزە ساڵەی کارەساتی پڕ لە ناسۆری ئەنفال دا، نەفرەت لە ڕژێمی دیکتاتۆری بەعس، تاوانباری جینۆساید و سەرجەم نۆکەرانی ئەنجامدەری ئەم تاوانە ڕێزوو خۆشەویستی و هەموو هاوخەمیەك بۆ کەسوکاری قوربانیانی ئەنفال

**کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان - عێراق**
**لقی کەرکوك**
١٩٩٩/٤/ ١٤

بەڵگەنامەی ژمارە (٢١٠)

# یادی ١٠ یەمین ساڵرۆژی کارەساتی ئەنفال

## «بەرقەراربوونی ئاشتی لە کوردستاندا گیانی ئەنفالکراوەکان ئاسوودە دەکات»

جەماوەری بەشەرەفی کوردستان :

کارەساتی ئەنفال لە لایەن رژێمی گەندەڵی بەغداوە دژ بە خەڵکی بێ دەرەتان و بێ دیفاعی گەلی کوردمان ، بەرجەستە بوونێکی روون و ئاشکرای شەری شۆڤێنیستی رژێم بوو ، دژ بە کۆمەڵی نیشتمانپەروری کوردستان .

لە کاتێکدا ئەم تاوانە درندانەیەی رژێم ، دەرهەق بە خەڵکی زەحمەت کێشی کوردستان ئەنجام درا ، دەسەڵاتدارە شۆڤێنیستەکانی عیراق ، لەو باوەرە دابوون ، کە سیاسەتی ئەنفال دەبێتە بەربەستێک لە بەردەم بەرخودانی گەلە ستەم دیدەکەمان تاکوو بە نیازی گڵاوی ، هەوڵی رەشە کوژی و بنبرکردنی جەماوەری گەلەکەمان بدات .. ئەمەش لە کاتێکدا ئەنجام درا ، کە زۆربەی وڵاتانی دونیای بەناو دیموکراسی و داکۆکی کار لە مافەکانی مرۆڤ ، ئەم واقیعە تاڵ و پر دوزەخی گەلەکەمانیان دەدیت ، بەڵام لە ئاست کارەساتێکی مرۆیی ئاوەهادا کەرو لاڵ و کوێرن ، تەنانەت لە رێگای کەناڵە جیهانیەکانی راگەیاندنەوە ، تەنها ووتەیەک نە بیستران ، مەحکومی ئەم کارەساتە نا مرۆڤانەیە بکات .

ئەمرۆ لە کوردستان و هەموو ئەو شوێنانەی کوردێک یاخود مرۆڤ دۆستێکی لێبێت ، یادی ئەو رۆژە کارەسات بارە دەکاتەوە بە شێوازی جوراوجور مەحکومی دەکات و ، واقیعی پر داد و فیغانی گەلەکەمان وەکوو ئەلبومێک دەخاتە پێش دیدی گەلانی تر .

وەئێمەش ، لە کاتێکدا ، یادی ئەم رۆژە دەکەینەوە ، سەری رێز و نەوازش بو (١٨٢) هەزار بێ سەر وشوێن کراوی گەلەکەمان ، لە ئافرەت و منداڵ و بابا و پیر و پەک کەوتە ، دادەنەوێنین پێمان وایە ئەم دەستکەوتەی ئێستای ئازادی کوردستان بەرهەمی قوربانی ئەوانە ، هەربۆیە داواکارین :

١) هەموو وزەو تواناکان یەک بخەین بو رووبەروو بوونەوەی ئەو رژێمە و گوشار خستنە سەری لە هەموو لایەکەوە ، بەتایبەت دنیای مرۆڤ دۆست ، لە پێناو ئاشکرا کردنی چارەنووسی ئەنفال کراوەکان ، وەیەک خستنی هەموو هێزو تواناکان بو روخاندنی ئەم رژێمە دیکتاتور و دژە مرۆڤەی کە هەمیشە هەرەشەی جینوسایدو ئەنفالێکی تر لە گەلەکەمان دەکات .

٢) دەبا کارەساتی ئەنفال پەندێک بێت بو ناساندنی رووی دزێوی دوژمنی سەرەکی گەلی کوردستان و گەلانی عیراق و جێبەجێ کردنی بە پەلەی پروسەی ئاشتی و ئاشتبوونەوەی گشتی ، وەداواکردن لە کومەڵگەی نێو دەوڵەتی بو جێبەجێ کردنی بریاری (٦٨٨) ی ئەنجومەنی ئاسایش.

٣) ئاوردانەوە لە کێشە کومەڵایەتیەکانی پاش ماوەی ئەنفال و دۆزینەوەی رێگە چارەیەک بویان بە پێی یاسایەکی تایبەت .

٤) ئاوردانەوەی جدی لە کەس و کاری ئەنفال کراوەکان کە بەهوی شەری ناوخوی کوردستانەوە لە بیر کراون ، وە هاوکاری و یارمەتی دانیان لە رێگەی کردنەوەی پروژەی بەرهەم هێنەرەوە .

٥) سازدانی سیمیناری تایبەت لە دەرەوەی وڵات ، بە پێخانا نی بەڵگەی کارەساتەکەو عکس کردنەوەی ئەم واقیعەی کوردستان لە بەردەم وڵاتانی بێ دەنگ و کەر و لاڵدا .

٦) سازدانی سیمناری تایبەت بو نوێنەرانی ئەو رێکخراوە بیانیانەی لە کوردستاندان ، بە ئامادە بوونی کەس و کاری ئەنفال کراوەکان ، تاوەکوو لە نزیکەوە ئاگەداری ئەم کارەساتە مرۆییە بن .

٧) دادگایی کردنی تاوانبار (صدام حسین) و دارو دەستەکەی بە تومەتی ئەنجامدانی تاوانی جینوساید

بەڵگەنامەی ژمارە (٢١١)

# ١ی ئایار، پیرۆز بێ لە کرێکاران و زەحمەتکێشان

**کرێکاران، زەحمەتکێشان**
**جەماوەری هەمیشە خۆڕاگری کوردستان**

١ی ئایاری هەموسالێك جەژنی ئاوکوێی و نێونەتەوەیی کرێکارانی جیهانە. هەموو سالێك لەو رۆژەدا کرێکاران و زەحمەتکێشان لەسەرتاسەری دونیادا جەژن دەگرن و لە هەر شوێنە بە جۆرێك و چۆن بۆیان بلوێ بۆ رێز گرتن لەو جەژنە یاندا ئاهەنگ دەگێڕن و داواو داخوازیەکانیان لە رێگەی رێپێوان و مانگرتن و ئیعترازی دژ بە بێکاری و بێ گوزەرانی و یاساکانی ناعەدالەتی سەرمایەداری و چەوساندنەوە دەخەنە روو.

بەو بۆنەوە پیرۆزبایی لە کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان و سەرجەم کرێکارانی جیهان دەکەین و سڵاو بۆ خەبات و خۆڕاگری کرێکاران و شەهیدە نەمرەکانیان دەنێرین.

ئاشکرایە کە بە درێژایی مێژوو کرێکاران و چەوساوەکانی کوردستان هەمیشە داینەمۆو سوتەمەنی شۆڕش و راپەرینەکان بوونە، بە راپەرینی ئاداری ١٩٩١ی گەلەکەشمانەوە، بۆیە چاوەڕێ بووین کە لە دوای راپەرین و لە سایەی دەستکەوتەکانیدا کرێکارانی کوردستان زۆر لە مەینەتییەکانی پێشوویان کەم بێتەوەو شوێنەواری سیاسەت و یاسا قەرەقوشییەکانی رژێمی بەعدایان لەسەردا بسرێتەوە، کەچی ئەوا بۆ ٨٠، سال دەچێ بەهۆی جووتە گەمارۆی ئابووری سەرکەلەگەمان و پاشان شەڕی نێو خۆی کوردستان و لەکارکەوتنی کارگەو فابریقەکان، کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان بەدەست برسێتی و بێ کاری و گرانیەوە دەناڵێنن، لەمە سەرباری نەبوونی یاسایەکی کاری دیموکراسیانە و سەندیکایەکی یەکگرتوو وکارامەی کرێکاران و بیمەو زەمانی کۆمەڵایەتی و بەرتەسك بوونەوەی ئازادی سیاسی و سەندیکایی و هەڵسوڕانی یەکگرتوانەی کرێکاران لە بەشێکی کوردستاندا، کە تادێت ئەمانە هەمووی تەنگ بە کرێکاران هەڵدەچنن و خەبات و ماف و دەستکەوتەکانی کرێکاران بە فیڕۆ دەدەن.

١ی ئایاری ئەمساڵ لەگەڵ ساڵرۆژی چوارەمین ساڵەی هەڵگیرسانی شەڕی نێوخۆ هاوکاتە، ئەو شەڕە نەگریسەی کە تا ئێستا زەرەرو زیانێکی گیانی و ماڵی و سیاسی و مەعنەویی و کۆمەڵایەتی و گەورەی لەگەلەکەمان داوەو تائێستەش بەرەسمی و لە رێگەی ئاشتیەکی عادیلانەدا نەبڕاوەتەوە.

**حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان** لەو بۆنەدا جارێکی تریش هەڵوێستی ئەگۆڕی خۆی لە مەڕ کۆتایی هێنانی یەکجارەکی شەڕو گەیشتن بە ئاشتیەکی سەرتاسەری کە سەرجەم هۆکارو ئاکامە زیانبەخشەکانی شەڕەکە بسرێتەوە، دووپات دەکاتەوە.

**حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان** کە خۆی بە نوێنەرێکی کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان دەزانێ و هەمیشە داکۆکی لە بەرژەوەندییە چینایەتیەکانی ئەوان دەکات، ئەوا ئیمرۆ لەم جەژنەدا کە ئومێد دەکەین هاندەرێکی تر بێ لە یەکخستنی زیاتری خەبات و ریزەکانی کرێکاران جەخت لەسەر ئەو داواو داخوازیانەی کرێکارانی کوردستان دەکاتەوە...

بەڵگەنامەی ژمارە (٢١٢)

## بەیاننامەی مەکتەبی سیاسی حزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان

## بەبۆنەی یادی ٢٥ ی حوزەیران رۆژی شەهیدانی حزب

جەماوەری کوردستان ...

پێشمەرگە قارەمانەکان .....

کەسوکاری شەهیدە نەمرەکان ....

ئەمرۆ ٢٥ /٦ /١٩٩٨ یادی رۆژی شەهیدانی حزبی سۆسیالستی دیموکراتی کوردستانە ، ئەمرۆ رۆژێکی مێژوویی و رۆژێکی گرنگە. رۆژی یادی ئەو سەروەرانەیە کە گەورە ترین سەرمایەی مرۆڤایەتی بەگیانی خۆیان بەرگری یان لە گەلەکەمان کردووە و بە خوێنی ئەوان لەم رۆژە ئەم سەرکەوتنە کە سەرەتاکەی لە راپەرینی ئازاری ١٩٩١ وە دەستی پێ کرد .

لەکاتی بارکەوتووی گەلەکەمان وهەرەسی شۆرش ئەیلول لە ئازاری ساڵی ١٩٧٥ دا ، هەر ئەو دەمەو لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٧٦ دا بزوتنەوەی سۆسیالست و کۆمەلە بە هاوبەش و پاشان لە جیاو چیوەی یەکێتی نیشتمانی دا تروسکەی ئاگری شۆرشیان لە چیاکانی کوردستان بەرز کردەوە و بە کەمترین ژمارەی پەشەری و کەمترین امکانیەتی مادی . شۆرش بەبیرو باوەری بە هێزەوە بەگژی دوژمن دا چونەوە . حزبی سۆسیالست هەر لەو رۆژەوە لە چەقی خەبات دا بە خوێنی باشترین لە رۆلەکانی خۆی بەرگری لە گەل و نیشتمان کردویە هەزاران شەهیدو (١٤) ئەندامی سەرکردایەتی شاهیدی ئەو فیداکاریەن .

حزبی سۆسیالیست لە هەلو مەرجێکی مێژوویی و بابەتی دا هاتە مەیدانی خەباتی بێ وچان و کوڵنەدان ، بەردەوامی حزبی سۆسیالیست لە (٢٢) ساڵی رابردوودا گەورە ترین سەروەری لە مێژووی گەلدا تۆمار کردووە ، حزبی سۆسیالیست مێژووی دروست کردووە نەک مێژوو حزبی دروست کردبێ ، چونکە مێژوو وەستا بوو مێژوو دەستەو سان بوو بەلام حزبی سۆسیالیست رەورەوەی مێژووی وەگەڕ خست و حزب و رۆلەکانی دریغیان نەکرد لە بەرگری لە گەل و نیشتمان ، حزب لەو بوارەش دا دەریایە خوێنی داوە . حزبی سۆسیالیست حزبێکە کە هەلقولاوی ناو جەماوەری کوردستانە و لە نشیوو ئازارەکانی دا سەری هەلداوە ، سەرەرای ئەو هەموو کۆسپ و گیروگرفت و شەر پێ فرۆشتنە حزبی سۆسیالیست نەک لەناو نەچووە بەلکو رۆژبەرۆژ گەشە دەکا و پەلو پۆ دەهاوێ و وارسان و هاوسەنگەرانی شەهیدان و کەسوکاریان بەردەوام لەسەر رێبازە پیرۆزەکەیان بەردەوامەو بەردەوام دەبن .

(٢٢) ساڵ بەرێ ئەمەنی پڕ سەروەری بەرێ کردووە و پێ دەنێتە (٢٣) هەمین ساڵەوە . حزبی سۆسیالیست تاسەر سەرکەوتنی یەکجاری رۆلەکانی هەردەم ئامادەی فیداکاری و خۆبەخشین .

لەو بۆنە پیرۆزەش دا داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین کە بەرهەمی خوێنی شەهیدانی گەل و حزبە کە زیاتر ئاور لە کەسوکاری شەهیدە نەمرەکان بدەنەوە وە ئاور لە ژیانی کەم ئەندامان بدەنەوە ئەوانەی کە ئەندامێکی لەشی خۆیان لە پێناوی گەل و حزب دا لە دەست داوە . حزبی سۆسیالیست ئەمرۆ واقعێکە لەسەر گۆرەپانی خەبات (٢٢) ساڵ بەرێ دەکات . هەر بۆیە پەیمان نوێ دەکاتەوە بۆ بەردەوام بوون و فیداکاری لەبەرە رێنشەوە چونی مەسەلەی رەوای گەلەکەی تاسەرکەوتنی یەکجاری .

سلاو بۆ گیانی پاکی سەرکردەو دامەزرێنەر سەیدا صالح یوسفی و سەرجەم شەهیدانی گەل و حزب .

سلاو بۆ پێشمەرگە قارەمانەکان .. سلاو بۆ هاوسەنگەران و هاو خەباتانی حزب .

سلاو بۆ کەسوکاری شەهیدان .

هەر بەرێز بێ ٢٥ ی حوزەیران رۆژی شەهیدانی حزبی سۆسیالیست .

سلاو لە ئاشتی......... نەفرەت لە شەرو شەرفرۆشان .

مەکتەبی سیاسی

حزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان

٢٥ / ٦ /١٩٩٨

بەڵگەنامەی ژمارە (٢١٣)

بەیاننامەی
ساڵی خوێندنی نوێ

قوتابیانی هێژا
مامۆستایانی هێژا

بە بۆنەی دەستپێكردنی ساڵی نوێی خوێندنەوە ، پیرۆزبایی گەرم لە سەرجەم قوتابیان و مامۆستایانی خۆشەویست و بە ئەمەك دەكەین .
كردنەوەی قوتابخانەی ئەمساڵ لە هەل و مەرجێكی دژواری سیاسی و ئابووری و كۆمەڵایەتی مەترسیدارا دەست پێ دەكات لە دۆخی نە شەڕ نە ئاشتی و دارمانی پەیوەندیە كۆمەڵایەتیەكان وچڕبوونەوەی قەیرانەكان دایە كە ئەزموونی كوردستان بەرەو هەڵدێر دەبات كۆچی لاوانیش بۆ هەندەران بە هۆی بارو دۆخی ئاڵۆزی كوردستانەوە روو لە زیاد بوونە بێكاری و نەدانی مووچە بە پێویست بە تایبەت بە مامۆستایان هۆكارێكی سەلبی دەبێت لە سەر پرۆسەی خوێندن .
بە بۆنەی ساڵی خوێندنی نوێوە دا واكارین لە كاربەدەستان ژیانی مامۆستایان چاك بكەن و پێداویستیەكانی قوتابیان مسۆگەر بكەن ، بە دابین كردنی بەشە ناوخۆییەكان - و دانانی یەك پرسیاری سەرتاسەری بۆ تاقی كردنەوەكانی وەزاری كۆتایی ساڵی خوێندن .
هیوادارین ئاشتی یەكی سەرتاسەری بەرقەرار ببێت ، تاكو پرۆسەی خوێندنی ئەمساڵ لە دۆخێكی ئاسایی و ئارامدا بەڕێوە بچێت .

لقی سلێمانی
یەكێتی گشتی قوتابیانی كوردستان
٦/ی تشرینی یەكەم / ١٩٩٧

بەڵگەنامەی ژمارە (٢١٤)

## بەیاننامەی یەکێتی گشتی قوتابیانی کوردستان
## بەبۆنەی ساڵی نوێی خوێندن

قوتابیانی هێژا

مامۆستایانی بەڕێز

لەگەڵ دەستپێکردنی ساڵی نوێی خوێندن سڵاوی زانست و تێکۆشانمان لە قوتابیانی کوردستان و سەرجەم گەلەکەمان پێشکەش دەکەین، بەڵێنیان بۆ نوێ دەکەینەوە کە هەردەم لە ڕیزی پێشەوەی تێکۆشاندا بین لە پێناو داکۆکی کردن لە مافەکانی قوتابیان و بەشداری کردن لەگەڵ دام و دەزگا بەرپرسەکان و هەوڵدان بۆ بەئەنجام گەیاندنی خوێندنێکی هاوچەرخ کە گەلەکەمان ئەمڕۆ لە هەموو کاتێک زیاتر پێویستی پێیەتی.

لە ساڵی نوێی خوێندندا دیموکراتیزەکردنی بواری پەروەردە و خوێندن و ڕێزگرتن لە حەرەمی زانکۆکان و مەڵبەندەکانی دیکەی خوێندن و پاراستنیان لە هەموو جۆرە دەستێوەردانێک ئەرکێکی گرنگ و بە پەلەیە کە دەکرێت سەرجەم ڕێکخراوەکانی قوتابیان و خوێندکاران پێکەوە هەوڵی ئەنجامدانی بدەن.

پێمان وایە کە پێویستە سەرجەم ڕێکخراوەکانی قوتابیان و خوێندکاران کاری هاوبەش ئەنجام بدەن بۆ بەدیهێنانی خواستەکانی سەرجەم توێژی قوتابیان بەتایبەتی لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا کە پرۆسەی ئاشتی گەیشتووەتە لوتکە.

ئێمە لە یەکێتی گشتی قوتابیانی کوردستان پاڵپشتی تەواوی ئەو ڕێکەوتننامەیەی ئاشتی دەکەین و هیواخوازین کە لە سایەی ئەو ئاشتییەدا یەکێتی ڕیزەکانی گەل و هێزە سیاسییەکانی زامن ببێت بە جۆرێک کە لە سایەیدا خوێندن بەردەوام بێت و قوتابیان لە بارێکی دەروونی ئاسایی قۆناغەکانی خوێندن کۆتایی پێ بهێنن.

مەکتەبی سکرتاریەت

یەکێتی گشتی قوتابیانی کوردستان

١٩٩٨/١٠/١

بەڵگەنامەی ژمارە (٢١٥)

# بەرزو پیرۆز بێت یادی (١٤) ساڵەی دامەزراندنی
# حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان

**جەماوەری هەمیشە خۆراگری کوردستان**

**کرێکاران زەحمەتکێشان**

ئەوا ئەم ساڵیش حزبە تێکۆشەرەکەتان (**حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان**) بە شانازییەوە یادی دامەزراندنی دەکاتەوە .

یادی (١٤) ساڵ لە خەباتی سیاسیو چەکداریو جەماوەریو تێکوشانی شاخو شارو داکۆکی مەبدەئیو راستگۆیانە لە بەرژەوەندیەکانی گەلی کوردستان و چینە چەوساوەکانی. (١٤) ساڵ لە هەڵوێستی نیشتمانی و نەتەوەیی و وەستان بە رووی نەخشەو پیلانەکان.

بەو بۆنەیەوە سڵاوی رێزو وەفاداری بۆ گیانی پاکی شەهیدانی حزبو گەل. سڵاو بۆ خۆڕاگری خەڵکی کوردستان. سڵاو بۆ بەرخۆدانی کادیرو پێشمەرگەو ئەندام ودۆست و لایەنگرانی، کە تا ئەمرۆش وێرای سەختی خەبات و تێکۆشان بوێرانە ئاڵای حزبەکەیان بەرزو شەکاوە راگرتووە.

(**حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان**) کە خۆی بە درێژە پێدەری رێبازی بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان دەزانێت. (١٤) ساڵ لەمەوبەر لە (١٩٨٥/١٢/١٢ ) لە هەلومەرجێکی یەکجار دژواردا، کە ئەو کاتە کوردستان پێیدا تێدەپەڕی، وەك پێویستیەکی بابەتی و مێژوویی بۆ سەر خستنی ئەو خەباتەو گەیاندنی گەلی کوردستان بە رزگاریو سەربەخۆییو مافی چارەی خۆنووسین، لە دایك بوو.

ساڵرۆژی دامەزراندنی حزبەکەمان لە کاتێکدایە، کە هەر چەندە بەهۆی چەقینی هەوڵەکانی ئاشتی و درێژە پێدانی شەڕی پارتی دژ بە (PKK) کێشەی کورد لە ئاستی نێوخۆدا پێشکەوتنێکی ئەوتۆی بەخۆوە نەبینیوە، بەڵام پێکهێنانی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان و دانانی ئەو دوایەی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی بە فیدرالیزمی کوردستان و پشتگیری راشکاوانەی دوا کۆبونەوەی سۆسیال دیموکراتەکان لە چارەسەرکردنی کێشەی کورد و هەوڵی بەستنی کۆنفرانسێکی نێو دەوڵەتی لە پە ئاشتی چارەسەرکردنی کێشەی کوردو بەشدار بوونی نوێنەرانی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان لە کۆبونەوەی سەرانی ئەوروپا لە هلسنکی و پەیدا بوونی ئومێدێك بۆ بە ئاشتی چارەسەر کردنی کێشەی کورد لە باکوور... هتد، ئەمانە هەمووی لە ئاستی دەرەوەدا سەرکەوتن و پێشکەوتنی گەورەن لە بەنێو دەوڵەتی کردن و بە ئاشتی چارەسەرکردنی کێشەی رەوای گەلەکەمان لە داهاتوودا.

هەروەك یادی دامەزراندنی (**حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان**) ئەمساڵ هاوکات بوو لەگەڵ ئەنجام دانی پرۆسەی هەڵبژاردنی نوێنەرایەتی مامۆستایانو خوێندکارانی زانکۆو پەیمانگاکانی کوردستان، کە بۆنەی تەواو بوونی ئەو پرۆسەیەوە پیرۆزبایی گەرم لە سەرجەم مامۆستاو خوێندکارە ئازیزەکانی کوردستان دەکەینو هیوای سەرکەوتنو سەرفرازی بۆ هەموو لایەك ، بە تایبەتیش بۆ دەرچووانی هەڵبژاردنەکان دەخوازینو ئومێد دەکەین لە ئاستی ئەو بڕواو متمانەیەشدا بن، کە لە لایەن خوشكو برا دەنگدەرەکانیانەوە پێیان دراوە.

هەروەك پیرۆزبایی گەرم لە نوێنەرانی مامۆستایانو خوێندکارانی زەحمەتکێشانی کوردستان، کە سەرباری ئاستەنگەکانی بەردەمیشیان چ لە چوارچێوەی هاریکاری (تەنسیق)و چ لە دەرەوەی هاریکاریدا، ئاگاو

بەڵگەنامەی ژمارە (٢١٦)

## ٣٠ ساڵە یەکێتی گشتی قوتابیانی کوردستان
### تێ دەکۆشێت لە پێناو مافە پیشەیی و تەنخوازە دیموکراتی و پیشەییەکانی قوتابیان

قوتابیانی خۆشەویست ..

مامۆستایانی دڵسۆز ..

لە ١٩٤٨/٤/١٤ ڕێکخراوی دایک ( یەکێتی گشتی قوتابیان لە کۆماری عێراق) بەبێ جیاوازی نیشتمانی نەتەوەیی و ئاینی و مەزهەبی وسیاسی سەرجەم قوتابیانی عێراقی لە خۆوە گرت و پرژایە سەر داواکاریە نیشتمانیی و دیموکراتیی و پیشەییەکانی قوتابیان.

لە گەڵ هاتنە پێشەوەی هەر وەرچەرخانێک گۆڕانکاریە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگای کوردستان ڕەنگدانەوەی پۆزەتیڤی لە بیر کردنەوەی ڕێکخراوی دایک دروست کردووەو بە ڕێنمایی کۆنگرەی (٤)ی لە ساڵی ١٩٦٨ لە ١٩٧٠/٥/١ (یەکێتی گشتی قوتابیانی کوردستان) دامەزرا.

قوتابیانی ئەوەی دوا ڕۆژ

ئەمڕۆ لە کاتێکدا کە یادی دامەزراندنی یەکەم ڕێکخراوی قوتابیان لە عێراق و ڕێکخراوەکەمان ( یەکێتی گشتی قوتابیانی کوردستان) دەکەینەوە، قوتابیان و ناوەندەکانی خوێندن لە هەموو کاتێک زیاتر بانگەشەمان دەکەن بۆ داکۆکی کردن لە مافە پیشەیی و ئەکادیمیەکان و ڕیزبەندی زیاتر لە ڕێکخراوەکەمان و بە یەک دەست تێکۆشان بۆ بە عەقڵانی کردنی پرۆگرامەکانی خوێندن و پاراستنی حەرەمی ناوەندەکانی خوێندن لە دەست تێوەردان و زیاتر بە دیموکراتی کردنیان . و دوور کەوتنەوە لە مامەڵەکردن لە گەڵ دەرچووانی بە نیشتمانی حزبایەتی تا دەگاتە دابین کردنی سەرجەم پێداویستیەکانی خوێندن بە تایبەتی کتێب و بەشی ناوخۆیی و زیاد کردنی دەرماڵەی مانگانەی قوتابیان و باشتر کردنی گوزەرانی مامۆستایان و چاککردنەوەی ناوەندەکانی خوێندن و هێنانی کۆمپیوتەرو ڕێکخستنی تاقیگەی تازە بە سود وەرگرتن لە بڕیاری (٩٨٦) کە لە ئەنجامدا ڕەوڕەوەی خوێندن بەرەو پێش دەچێت و ئاستی زانست بەرز دەبێتەوە.

لە لایەکی تر پێویستە هەڵبژاردنی نوێنەرایەتی قوتابیان و خوێندکاران بە ئاراستەی سەرتاسەری بوون و زیاتر دابینکردنی ئازادییە گشتییەکان و هەوڵدان بۆ جێبەجێ کردنی داخوازییەکانی قوتابیان ببرێت و نوێنەرانی هەڵبژێردراو دەربڕی خواست و ئارەزوو داواکانی قوتابیان بن.

قوتابیانی پێشەنگی کۆمەڵ ..

وێڕای داواکاریمان بۆ هاتنەدی ئاشتییەکی یەکجارەکی و هەڵوەستە کردن لە بەرامبەر دیاردەی تیرۆرو ڕەشەکوژی و ڕیسوا کردنی و هەنگاونان بەرەو کۆمەڵگایەکی مەدەنی کە تەواوی مافەکانی مرۆڤی تیادا بەرقەرار بێت.

ئێمە لە یەکێتی گشتی قوتابیانی کوردستان بانگەشەی سەرجەم ڕێکخراوەکان و قوتابیان دەکەین بۆ هاوکاری و کاری هاوبەش و گرنگی دانی زیاتر بە پەیوەندییەکانی نێوانمان بە ئاراستەی تێکۆشان لە پێناوی ژیانێکی قوتابیانەی ئازادو دوا ڕۆژێکی باشتر.

- پیرۆز بێت ٤/١٤ و ٥/١ ساڵرۆژی دامەزراندنی ڕێکخراوەکەمان.
- پیرۆز بێت لە سەرجەم قوتابیان.

لێژنەی ڕاپەڕاندنی

یەکێتی گشتی قوتابیانی کوردستان

٢٠٠٠/٤/١٤

بەڵگەنامەی ژمارە (٢١٧)

# ١٦

# کۆنگرەی نەتەوەیی

# کۆنگرەی نەتەوەیی

کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان (KNK) وەک چەترێک پێناسە دەکرا، کە ئامانج لێی کۆکردنەوەی سەرجەم پارت و ڕێکخراوە سیاسیەکانی پارچەکانی کوردستان بوو، بەمەبەستی دروستکرنی کۆدەنگی و یەکێتی سیاسی و دیبلۆماسی نەتەوەیی. ئەم شێوە پرۆژەیە لە مێژووی کورددا هاوشێوەی هەبوو، بەڵام (KNK) پرۆژەیەک بوو کە لە لایەن عەبدوڵا ئۆجەلان بانگەشەی بۆکرا، دەیویست هەنگاوێکی هاوشێوەی هەنگاوەکەی کۆنگرەی نیشتمانی ئەفریقی لە باشوری ئەفریقا یان جولانەوەی ڕزگاری خوازی فەلەستینی (فتح) بنێت، کاتێک یاسر عەرەفات لە تونس (مجلس وطن فلستين)[٣١٨]ڕاگەیاند.

لە مێژووی گەلی کوردا هاوشێوەی ئەم پرۆژە هەبووە، لەوانە، بانگەوازی میر بەدرخان بۆ یەکیەتی عەشیرتەکان لە تەواوی کوردستان لە ١٨٢٩. کۆنگرەی شێخ و سەرۆک خێڵ و ناودارانی کورد کە بە پەیمانی یەکێتی کوردان ناسرا لەلایەن شێخ عوبەیدوڵای نەهری لە ساڵی ١٨٨٠، کۆبوونەوەی هاوبەش لە نێوان شیخ مەحمود و سمائیل ئاغای سمکو لە ١٩٢٣، کۆنگرەی نەتەوەیی پارتی خۆیبوون لە ١٩٢٧ بە بەشداری سیاسەتمەدار و رۆشنبیر و سەرۆک خێڵەکان لە ١٩٢٧. کۆبوونەویەکی هاوبەشی نێوان نوینەرانی حیزبی هیوا و کومەڵەی ژیانەوەی کورد و دوو کەس لە کوردەکانی باکوری کوردستان بە ئامانجی خەباتی هاوبەش کە بە ناوی پەیمانی سێ سنوری لە مێژوودا تۆمار کراوە لە ١٩٤٦. کونگرەیەکی نیشتیمانی بە بەشداری چەندین پارتی پارچەکانی کوردستان لە شاری لەندەن بەریوە چوو لە ١٩٨٥. کونگرەیەکی تر لە شاری پاریس بە بەشداری ژمارەیەکی بەرچاو لە کەسایەتی کوردی کوردستان بەسترا

---

[٣١٨] لەساڵی ١٩٩٢ دوای ئەوەی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی فەلەستینی زەبرێکی کاریگەری بەرکەوت و لە لوبنان و سوریا کۆتاییان پێهێنرا، بەشێک لە سەرکردە فەلەستینە بەرهەڵستکارەکان بە سەرۆکایەتی یاسر عەرەفات، لە تونس کۆدەبنەوە و ئەنجومەنێک دروستدەکەن بۆ بەرێوەبردنی کارەکانیان و درێژەدان بە بزوتنەوەکەیان.

١٩٨٩[٣١٩]. بەڵام ئەم هەوڵانە لە دوای هاتنەکایەی هەرێمی کوردستان سستی بەخۆوەبینی، چونکە هەرێمەکەو پەرلەمانەکەی هیوایەکی نەتەوەیی تیادا بەدی کراکە ببێتە لانکەیک بۆ پرۆژەی نەتەوەیی کوردی.

ئەوەی ڕویدا ئەوەبوو، هەریمی کوردستان پلانی هەبوو لە پێناو داهاتوی عێراقدا پرۆژەی خۆی هەبێت و لەو پێناوەدا کۆنگرەی هاوینەهەواری سەلاحەدینی بەست لە ١٩٩٢، بەڵام لە بارەی پرۆژەی نەتەوەیی پلانێکی بەرچاوی نەبوو، ئەوەی ئەو گریمانەیەی سەلماند، شەڕی نێوخۆی پارتەکانی هەرێمی کوردستان بوو کە دەرخەری ئەو ڕاستیە بوو، کە ئەوەی لە هەرێمەکە دەگوزەرێت، پرۆژەی حزبیە نەک نەتەوەیی. هەربۆیە لە دەرەوەی کوردستان ئەم پرۆژەیە نەتەوەییە جارێکری تر کەوتەوە گەڕ.

محەمەد ئەمین پێنجوێنی[٣٢٠]، وا باس دەکات لە ١٩٩٣ کاتێک سەردانی دۆڵی بیقاعی کردووە، ئۆجەلان ئەم فکرەیەی لەگەڵ باس کردووەو پێیوتووە کە بیری لەوە کردۆتەوە، کە کورد هەیئەیەکی سیاسی، دیبلۆماسی، نەتەوەیی هەبێت، کە هەموو ئەقل و هێزی سیاسی کوردی لەژێریدا کۆببنەوە و ببێتە سەیوانێک، هێزە کوردیەکان لەدەوری کۆببنەوە و هەموو کێشە و گرفت و ناکۆکی و پەیوەندنی نێوان هێزی کوردی و پارتی کوردی هەیە، لە ژێر چەتری ئەم هەیئەتەیا چارەسەر بکرێت.[٣٢١].

بیرۆکەی ئەم گفتوگۆیە خێراتر چووە سەر ڕێچکە، کاتێک هەشت ئەندام پەرلەمانەی کورد و چەند سەرۆک شارەوانیەکی کوردی تورکیا لە ژێر فشاری دەوڵەت، تورکیان جێهێشت. ئەمانە کەسانێک بوون کە لەناو پارتە تورکیەکانی

---

[٣١٩]ع ـ شریف زادە: کۆنگرەی نەتەوەیی لە پێناوی چی؟، https://pmnews.se/?p=29729

[٣٢٠]محەمەد ئەمین پێنجوێنی: نوسەر و سیاسەتمەدار، لەساڵی ١٩٤٤لەپێنجوێن لەدایک بووە، ساڵی ١٩٥٨ تێکەڵی کاری سیاسی دەبێت و ساڵی ١٩٦٣ بووەتە کادیری حیزبی شیوعی عێراق ،ساڵی ١٩٩٣ چووەتە ئەوروپا، ساڵی ١٩٩٤ یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانی پەڕلەمانی کوردستان لەدەرەوەی وڵات، ساڵی ١٩٩٩ دەستەی دامەزرێنەری کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان KNK بووەو تائێستاش ئەندامیەتی.

[٣٢١]چاوپێکەوتن لەگەڵ/ محەمەد ئەمین پێنجوێنی: یەکێک لە دامەزرێنەرانی پەرلەمانی کوردستان لەدەرەوی وڵات و کۆنگرەی نەتەوەیکورد، سلێمانی، ٢٠٢١/١/٢٦

پەرلەمانی تورکیا بوون بەڵام چالاکیی کوردانەیان پێوە دیار بوو، هەر بۆیە پارێزبەندیان لێسەندرابوو. بەشێکیان دەستگیرکران و بەشەکەی دیکە تورکیای جێهێشت. لەو دەمەدا هەوڵەکان بۆ دروستکرنی ئەنجومەنێکی نیشتیمانی یاخود پەرلەمانێک بۆ کورد سەرپێکەوت. ئەوەبوو لە یەنایری ١٩٩٥ ئەو ئەندامانە راگەیاندراوێکیان بڵاوکردەوە کە تیایدا ئاماژەیان بەوە کرد: ئەوان نوێنەری شەرعی و هەڵبژێردراوی کوردن بەڵام لە لایەن تورکیا ڕووبەڕووی سانسۆر و زیندانو ئەشکەنجە دەبنەوە، هەربۆیە بڕیاریانداوە کە ((پەرلەمانی کوردستان لە دەرەوەی وڵاتPKDW)) دامەزرێنن[٣٢٢].

بەمجۆرە پەرلەمانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات لە ١٢ی ئەپریلی ١٩٩٥ یەکەم کۆبونەوەی خۆی لە ئەمستەردامی هۆڵندا ئەنجامدا بە سەرۆکایەتی یەشار کایا[٣٢٣]، دواتر لە هۆڵی پەرلەمانەکان لە برۆکسل و رۆما و ڕوسیا و کۆپنهاگن، کۆبونەوی خۆیان ساز دەدا و تیایدا سەرۆکی پەرلەمانی ئەو وڵاتە یان سەرۆکی فراکسیۆنەکان یان کەسایەتیە دیارەکانی ئەو پەرلەمانە وەکو میوان ئامادا دەبوون. بۆ نمونە یەکێک لە کۆبونەوەکان لە هۆڵی فەرمیی پەرلەمانی ڕوسی (دۆما) لە مۆسکۆ ئەنجامدرا لە ١٩٩٦ کە تیایدا جێگری سەرۆکی پەرلەمانی ڕوسیا و هەموو سەرۆک فراکسیۆنەکان، سەرۆک حیزبی شیوعی زیگانۆف ئامادە بوون[٣٢٤].

ژمارەی ئەندام پەرلەمانەکان ٦٥ ئەندام بوون کە سەرجەمیان لە باکوری کوردستان بوو. دەستەیەکی جێبەجێکاریان هەبوو بە ناوی کۆنسەی بەڕێوەبردنی پەڕلەمان کە لە ١٥ کەس پێکهاتبوو، لە لایەن زوبێر ئایدار سەرۆکایەتی دەکرا و لەگەڵ ئەودا، محەمەد ئەمین پێنجوێنی و دکتۆر عیسمەت شەریف[٣٢٥]و دکتۆر جەبار قادر[٣٢٦]ئەندامی لیژنەیە بوون.

---

[322]The Parliament Of Kurdistan In Exile And Its Aims http://archive.apc.org/mideast.kurds/msg00674.html

[323]Kurdish Parliament in Exile،https://www.fotw.info/flags/krd-kp.html#pa

[٣٢٤]چاوپێکەوتن لەگەڵ/ محەمەد ئەمین پێنجوێنی، سلێمانی، ٢٠٢١/١/٢٦

[٣٢٥]عیسمەت شەریف وانلی: لە بنەماڵەیەکی باکوری کوردستانەو، لە ٢١ نۆڤەمبەری ١٩٢٤ لەشام (دیمەشق) لەدایک لەدایک بووە. خوێندنی سەرەتایی، ناوەندی وئامادەیی لە شام

پەرلەمانەکە جگە لە کوردەکانی باکوری کوردستان، نوێنەری زۆربەی حزبەکانی کوردستانی تیادا بوو. لە پارتەکانی باشوری کوردستان هەر یەک لە، یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، زەحمەتکێشانی کوردستان، سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان، بزوتنەوەی دیموکراتیخوازان، ئەندامیان هەبوو لە پەرلەمانەکە. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دیموکرات ببووە دووبەشەوە، بەشێکیان ئەندامیان هەبوو. هەروەها زۆربەی پارتە چەپ و دیموکراتیخوازەکانی ڕۆژئاوای کوردستان، ئەندامیان هەبوو. جگە لەمانەش چەندین کەس، لە ئەدیب و رۆشنبیر و ئەکادیمستەکانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو ئەندام بوون، وەک پرۆفیسۆر نادری نادرۆڤو پرۆفیسۆر شەرەف عەشیر و وەکیل مستەفایف. لە کوردانی ئەمریکاش، نەجمەدین کەریم و ئەسعەد خەیلانی و چەن کەسێکی دیکە لە کۆنگرەی نەتەوەی کورد (KNC) لە ئەمریکای باکور، ئەندامی ئەم پەرلەمانە بوون[٣٢٧].

---

تەواوکردووە و دواتر روودەکاتە بەیروت و چەند کۆرسێکی فەلسەفی لە کۆلێجی ئەمریکی، کە دوایی دەبێت بە زانکۆی ئەمریکی لە بەیروت خوێندووە. لە کۆتایی ساڵی ١٩٤٨ ڕوو دەکاتە سویسراو خوێندنی یاسا لە زانکۆی لۆزان تەواو دەکات و هەر ل سویسرا بڕوانامەی ماستەرو دکتۆرا بەدەست دەهێنێت. وانلی نوێنەری شۆڕشی ئەیلول بووە لە دەرەوەی وڵات. ساڵی ١٩٨٥ (یەکێتی مافناسانی کوردی لە ئەوروپا) لەگەڵ کۆمەڵێ پارێزەردا دامەزراند. ساڵانی١٩٩٩ – ٢٠٠٣ بە سەرۆکی (کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان) هەڵبژێردرا. پرۆفیسۆر وانلی لە ٩ نۆڤەمبەری ٢٠١١ لە تەمەنی ٨٧ ساڵیدا لە شاری لۆزان کۆچی دوایی کرد.

[٣٢٦]دکتۆر جەبار قادر غەفور زەندی، لە سالی ١٩٥١ لە شاری کەرکوک لە دایک بووە. خویندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیشی هەر لە و شارەدا تەواو کردووە. دواتر روو ئەکاتە شاری بەغداد و، لە بەشی مێژووی زانکۆی بەغداد وەردەگیریت و، لە سالی ١٩٧٢ بە پلەی یەکەم-بروانامەی بەکالۆریۆسی لە میژوودا بەدەست هیناوە. پاشان لە لایەن کۆری زانیاری کوردەوە ئەنیردریت بۆ مۆسکۆ و لە بەشی رۆژهەلاتناسیی سەر بە ئەکادیمیای زانستی سۆڤییەت وەردەگیریت. لە سالی ١٩٧٧ بروانامەی دکتۆرای وەرگرتووەو پاش ئەوە ئەگەریتەوە بۆ عیراق، لە نیوان سالانی (١٩٧٨-١٩٩١) لە زانکۆکانی زانکۆی سلێمانی و سەلاحەددین موسل وانەبێژ بووەو لە پاش راپەرینی سالی ١٩٩١، روو ئەکاتە ئەوروپا. لە ساڵانی ١٩٩٥ – ٢٠٠٥ دەبێتە جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان لە دەرەوەی ووڵات و دواتریش جێگری سەرۆکی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان بووە.

[٣٢٧]چاوپێکەوتن لەگەڵ/ محەمەد ئەمین پێنجوێنی، سلێمانی، ٢٠٢١/١/٢٦

پەرلەمان بۆ ماوەی دووخول بەردەوامی هەموو. هەرشەش مانگ جارێک کۆبوونەوەی گشتیی دەکرد. ڕۆژانی کۆبونەوەکان دەبوونە جێگەی بایەخپێدانی ئەو وڵاتە و باسی میدیایی. لەو لاشەوە تورکیا دەکەوتە پرۆتستۆکردن و هەڕەشە کردن لەو وڵاتانە، ئەوانیش وەڵامیان دەدایەوە، دیسان دۆزی کورد دەبووەوە هەواڵی سەرەکی لە میدیاکانەوە.

لە ماوەی چوارساڵی کارکردنیدا ئەم پەرلەمانە توانی پەیوەندی دابنێ لەگەل بەشێکی زۆر لە دامودەزگا سیاسی و دیبلۆماسیەکانی وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکا و جیهان. پەرلەمانەکە هەر شەش مانگ جارێک کۆدەبوەوە و ساڵی دوو کۆبوونەوەی گشتی ئەنجامدەدا. هەر کۆبونەوەیەکی لە وڵاتێکی ئەورویی ئەنجامدەدا، لەکاتی کۆبونەوەکاندا ئەندامانی پەرلەمانەکە هەوڵیاندەدا پەیوەندی سیاسی و دیبلۆماسی لەگەل پەرلەمان و کەسایەتیە سیاسیەکان و وەزارەت و دەمودەزگاکانی دیکەی ئەو وڵاتە دامەزرێنن. پارتە چەپ و سەوز و کۆمۆنیست و سۆسیال دیموکراتەکانی ئەوروپا بەگشتی هاوسۆزبوون لەگەل پرسی کوردا و پشتگیری دۆزی کوردیان ئەکرد.

ئەوەی ئەم پەرلەمانە کردی ئەوەبوو، پێشتر پەیوەندی دەرەکی پرسی کورد، بە پلەی یەکەم لە ڕێگەی دەزگا هەواڵگریەکانەوە بوو، بەڵام ئەم پەرلەمانە هێڵێکی تری بۆ پەیوەندیەکی نیمچە فەرمی و دیبلۆماسی و سیاسی پێکهێنا، لە ڕێگەی کۆبونەوە لەگەل پەرلەمان و ڕێکخراوە سیاسی و مەدەنیەکانی ئەوروپا توانی دۆزی کورد بخاتە ناو ناوەندە سیاسی و دیبلۆماسیەکانی ئەو وڵاتانەوە. جگە لەمەش سازکردنی زۆرینەی کۆبونەوەکان لە شاری برۆکسلی بەلجیکا، کە پایتەختی یەکێتی ئەوروپا بوو، هەموو ئامرازەکانی پەیوەندی بەردەست کرد لەگەڵ هەموو دەوڵەتانی ئەوروپا[٣٢٨].

دوای دوو خول لە کاری پەرلەمانە ئیدی وا هەستکرا پەرلەمانەکە ئامانجەکانی خۆی پێکاوە و سەرکەوتبووە لە کارەکانیدا، بۆیە بیرکرایەوە لەوەی حکومەتێکی کوردی لە مەنفا دروست بکرێ، هاوشێوەی جەزائیر لە کاتی شۆڕش و زۆر وڵاتی دیکە. بۆ ئەم مەبەستە شاندێکیان دروست کرد، کە

[٣٢٨]چاوپێکەوتن لەگەڵ/ محەمەد ئەمین پێنجوێنی، سلێمانی، ٢٠٢١/١/٢٦

پێکهاتبوو لە دکتۆر عیسمەت شەریف و محەمەد ئەمین پێنجوێنی و مەلیک فوراد[٣٢٩]، و لەڕێگەی پەرلەمان و حکومەتەکانەوە بۆچوونی وڵاتانیان وەرگرت و سێ بۆچون دروست بوو:

- یەکەم دەولەت کە پشتگیری لەم حکومەتە کوردیە کرد، موعەمەر قەزافی سەرۆکی لیبیا بوو. بەدوایدا سربیا و پۆلۆنیا و بولگاریا پشتگیریان لە بیرۆکەی حکومەتە کوردیەکەی مەنفا کرد.

- بەشێک لە دەولەتانی دیکە بە وەفدەکەیان وت، ئێمە پشتوانیتان ناکەین و پەیوەندی خۆمان لەگەل تورکیا و ئێران و عەرەب تێکنادەین، بەرژەوەندیەکی زۆری ئابوری و سیاسی و سەربازی و هەوالگریمان لەگەڵ ئەو وڵاتانە هەیە. بۆ نمونە ئەلمانیا.

- بەشێکی دیکەش بێدەنگ بوون، وتبویان ئەگەر هەنگاوێکی لەم جۆرە بنێن مافی خۆتانە، دوای هەنگاوەکەشتان ئێمە هەڵوێستی خۆمان ڕادەگەیەن.

بەڵام لەم سەروبەندەدا، عەبدوڵا ئۆجەلان دەستگیرکرا و ئەم دۆسیەش داخراو بەستنی کۆنگرەی نەتەوەی کوردستان کرایە پێش پرسی حکومەتی مەنفا.

لەکۆی گشتی ئەم چالاکیانە، پەرلەمانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات نەیتوانی ئامانجەکانی بهێنێتە دی چونکە دامەزراندنی پەرلەمانەکە، زادەی ململانێ و ڕوشی سیاسی و سەربازی بوو کە لە کوردستانی باکور دەگوزەرا. هاوکات (پ.ک.ک) ئەو پەرلەمانەی بەڕێوەدەبرد کە تیایدا پرسی کوردی تورکیای کردبوو بەسەنتەرو کوردانی پارچەکانی تر لە کەناری ئەو بابەتە دانابوون[٣٣٠]. هەر بۆیە هەرێمی کوردستان و پارتەکانی پەراوێز خرابوون. هاوکات چالاکیەکانی جێگەی گرنگیپێدانی فەرمی ئەمریکا و بەریتانیا و فەرنسا و ئەڵمانیا نەبوو، هەر بۆیە هیچ دانپیانانێکی نێودەوڵەتی دەستگیر نەبوو، تورکیاش

---

[٣٢٩] مەلیک فوراد: یەکێک بوو لە سیاستمەدارەکانی باکوری کوردستان، نەوەی شێخ سەعیدی پیران بووە بۆ ماوەی دوو خول پەرلەمانتاربووە لە لیستی جەهەپە، لە پەرلەمانی تورکیا.

[٣٣٠] بڕوانە دەقی ڕاگەیاندنی پەرلەمانتارەکانی تورکیا: The Parliament Of Kurdistan In Exile And Its Aims http://archive.apc.org/mideast.kurds/msg00674.html

بێوچان دژایەتی دەکرد و فشاری لەسەر ئەوروپا دروست دانابوو کە نەچنە ژێر باری ناساندن و کارئاسانی بۆ ئەو پەرلەمانە .

بۆ فراوانکردنی کار و کۆکردنەوەی هەمووان و دەرچوون لە قۆزاخەی تورکیا و (پ.ک.ک) بیر لەوە کرایەوە پەرلەمانی کوردستان هەڵبوەشێتەوە و کۆنگرەی نەتەوەیی کوردی دامەزرێت کە تەنها نوێنەری پارتێک و ناوچەیەک نەبێت بەڵکو سەرجەم پارت و ڕەوتی کوردی بیت، هەروەها چی کەمینەی ئاینی و نەتەوەیی هەیە، لەنێو ئەو کۆنگرەیەدا بەشدار بن. لە ڕۆژانی ٤-١٩٩٧/١٢/٥، بە ئامادەبونی ١٦ حزب و چەندین ڕێکخراو ڕۆشنبیرو کەسایەتیە کۆمەڵایەتی لەژێر ناوی (کۆنفرانسی بەرەو کۆنگرەی نەتەوەی کوردستان) لەشاری سلێمانی سازدرا. ئەم کۆبونەوەیە بۆ پشگیری بوو لە کۆبونەوەیی لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرەی نەتەوەیی کە لە برۆکسل بەسترا بوو. ئەوە بوو لە برۆکسل ٢٩ کەس لە نوێنەرانی حیزبو ڕێکخراوی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کەسایەتی سەربەخۆ وەک کۆمیتەی ئامادەکردنی کۆنگرەی نەتەوەیی هەڵبژێردران لە ١٩٩٧/١٢/١٣ کە نوێنەرایەتی بەشێکی زۆری لایەنە سیاسیەکانی کوردستانی دەکرد جگە لە (پ.د.ک) و (ح.د.ک.ا) نەبێت. دواترلە ١٩٩٨/١/١٧ یەکەمین کۆبونەوەی ئامادەکار دەستی پێکرد و تیایدا پرۆژەی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان گەڵاڵە بوو.

کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان لە ١٩٩٩/٥/٢٤بە بەشداری ٧٠٠ کەسایەتی کوردی کۆنگرە کرایەوە و دواتر ١٥٠ ئەندام هەڵبژێردران بۆ ئەندامی کۆنگرەی نیشتمانی. سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان یەشار کایا، دژی هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمانیکوردستان بوو لە دەرەوەی وڵات، بۆیە بەشداری کۆنگرەی نیشتمانی نەکرد و گۆنگرە، کەسانی تری بۆ ئەو پۆستە بەربژێر کرد .

لە کردنەوەی کۆنگرەدا، میوانێکی زۆر ئامادە بوون. ئەوەش دەگەرایەوە بۆ پرۆژەی کۆنگرە لە لایەک کە جێگەی دڵخۆشی کورد و دڵسۆزەکانی پرسی کورد بوو، هەروەها هۆکارێکی تر، دەستگیرکردنی عەبدوڵا ئۆجەلانبوو، کە هاوسۆزیەکی نێودەولەتی و مرۆیی زۆری بۆ پرسی کورد دروست کردبوو، دوا هۆکار ئەوەبوو، زۆربەی پارتە کوردیەکان بەشداری یەکەم کۆبونەوەی

کۆنگرەکەیان کرد. یەکێک لە میوانەکان وەلید جونبلات[٣٣١]بوو، وەلید وتارێکی پێشکەشکرد و هیوای خواست کۆنگرەکە بێتە هۆی ئەوەی کورد بگات بە ئامانجەکانی و دەولەتی سەربەخۆی خۆی دابمەزرێنێ لە رۆژهەلاتی ناوەراست، هەروەها وتی: من کوردم، شانازی بە کوردبوونی خۆمەوە ئەکەم، بەڵام بەکلتور و پەروەردە عەرەبم. دوای ئەم وتەیەی بوو بە چەپلە لێدان و جۆشێکی زۆری خستە هۆلی کۆنگرەکە.

مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد و دکتۆر عیسمەت شەریف کاندید بوون بۆ سەرۆکی کۆنگرەکە، بەڵام ئیبراهیم ئەحمەد کشایەوەو پێی باش بوو عیسمەت شەریف بکرێتە سەرۆکی کۆنگرەکە، چونکە ئەو هەم زمانەکانی ئەوروپا ئەزانی، هەروەها خاوەنی پەیوەندیەکی زیاتر بوو لە ئەوروپا و جیهان و وەک نوێنەری کورد دەبینرا. دکتۆر عیسمەت شەریف بوو بە سەرۆکی کۆنگرەکە و عەبدوڵا ئۆجەلانیش کرا بە سەرۆکی رەمزی کۆنگرەکە، ئەمەش بۆ ئەوە بووە تا وەک سەرکردەی باڵای نەتەوەیی بناسرێت و ببێتە پاڵپشتێک بۆ ئەوەی لەسێدارە نەدرێت. لە ڕاستیشدا بەناوی کۆنگرەکەوە یاداشتێک درا بە نەتەوە یەکگرتوەکان و دەوڵەتانی ئەوروپا و ئەمریکا و جیهان بۆ ئەوەی ئۆجەلان لەسێدارە نەدرێت و ئەم یاداشتە بووە پاڵپشتێکی مەعنەوی بۆ ئۆجەلان[٣٣٢].

کوردناسی ئەمریکی،مایکڵ گەنتەر،پێیوابوو، ((کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان، هەوڵێکی سەرنەکەوتوو بوو بۆ دروستکردنی رێکخراوێک کە نوێنەری هەموو کوردبێت. کەنەکە زیاتر وەک درێژکراوەی پەرلەمانی کوردستان لەدەرەوەی وڵات بوو. بەڵام نەیتوانی تەواوی کوردانی کوردستان ڕابکێشێتە ناو کۆنگرەکە و زیاتر وا دەردەکەوت زۆر لە پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) نزیک

---

[٣٣١]وەلید کەمال جونبلات: لەدایکبووی ٧ی ئابی ١٩٤٩. سیاسەتمەدارو سەرکردەی لوبنانی و بە رەچەلەک کوردە، کە لەدوای تیرۆرکردنی کەمال جونبلاتی باوکی لەلایەن بەعسیەکانی سوریاوە، بووە سەرۆکی پارتی سۆسیالیستی پێشکەوتنخواز (الحزب التقدمي الإشتراكي). هاوکات سەرۆکی دورزیەکانی لوبنانە کە بەرەچەلەک کوردن. پارتەکەی خاوەنی چەند کورسیەکە لە پەرلەمانی لوبنان و خۆشی لە نێوان سالانی ١٩٨٤ بۆ ١٩٩٨ وەزیر بووە لە کابینە وزاریەکانی لوبناندا.

[٣٣٢]چاوپێکەوتن لەگەڵ/ محەمەد ئەمین پێنجوێنی،سلێمانی، ٢٠٢١/١/٢٦

بێت))[٣٣٣]. بەڵام محەمەد ئەمین پێنجوێنی بە پێچەوانەوە ئەم ڕایەوە پێی وایە کە کۆنگرەکە لە سەدا ٦٠ بۆ ٧٠ی ئەو ئامانجەی کە لە پێناویدا دامەزرابوو هاتە دی، و دەڵێت: ئەم بۆچوونە کە دروست بوو هی ئەو هێزو حزبانە بوو کە نەدەهاتن و کۆنگرەکەیان قبول نەبوو، هەروەها نایشارێتەوە کە پەکەکە هاوکارێکی مادی و مەعنەوی گەروەی پەرلەمان و کۆنگرەکە بوون، لە کاتی کارو چالاکیەکانی کۆنگرەکە بە هەزاران ئەندامی پەکەکە بەژدار دەبوون، پەکەکە جێگە و ڕێگەی بۆ ئەندامانی کۆنگرەکە دابین دەکرد و ئەرکی هاتوچۆی ئەندامانی لە ئەستۆ دەگرت، سەرجەم پێداویستیەکانی کۆنگرەکەی دابین دەکرد، بەڵام ئەمەش بەو مانایە نەبوو کە کۆنگرەکە درێژکراوەی پەکەکەیە. پەکەکە ئەندامی لە کۆنگرەکە هەبوو وەک پارتەکانی دیکە کە ئەندامیان هەبوو، زۆرجار ئەو پێشنیار و سەرنجانەی کە پەکەکە ئەیکرد بۆ کۆنگرەکە لە ڕێگەی ئەندامەکەیەوە، لەلایەن کۆنگرەکە رەتەکرایەوە و بە پشنیارێکی گونجاو نەزاندراوە. هەروەها پێنجوێنی دەڵێت: کۆنگرە هەر بەردەوامە و ئامانجەکە هەرماوە، بەڵام دۆخی سیاسی کورد و پارتە کوردیەکان و ئەو ململانێیەی کە لەنێوانیاندایە، ڕێگربووە لە کۆبوونەوەی سەرجەم هێزە سیاسیە کوردەکان[٣٣٤].

پێنجوێنی لە درێژەی قسەکانی باسی هەولەکانی کرد بۆ کۆنگرەیەکی نەتەوەی و وتی: دوای هەوڵدانێکی زۆر، دواجار لە ٢٠١٣ توانرا کۆبونەوەیەک لە هەولێر سازبکرێت و ئەندامی سەرجەم لایەنەکانی تێدابوو، پارتە سەرەکیەکانی وەک پارتی و پەکێتی و پەکەکەش بەشدار بوون بۆ ئەوەی کۆنگرەی نەتەوەی لە باشوری کوردستان ببوژێننەوە، لە کۆبونەوەکەی هەولێردا پڕۆژەیەک پێشکەش کرا کە بریتی بوو لە هەڵبژاردنی سەرکردایەتیەکی نوێ بۆ کۆنگرەکە کە ئەندامی هەموو پارچەکانی تێدابێت، پارچەکان بە پێی قەبارەی جوگرافی و مرۆیی، بوونی بزاڤی سیاسی کارا لەو پارچەیە ئەندامەکانی دیاریکرا. لەسەر ئەمە گفتوگۆیەکی زۆرکرا و وادانرا سەرکردایەتیەکە بەم

333 Michael M. Gunter: Historical Dictionary of the Kurds, the scarecrow press, 2004, P. 110-111

٣٣٤چاوپێکەوتن لەگەڵ/ محەمەد ئەمین پێنجوێنی،سلێمانی، ٢٠٢١/١/٢٦

جۆرەبێت: ڕۆژهەڵات ٥ کەس، باکور ٩ کەس، باشور ٥ کەس، ڕۆژئاوا ٣ کەس، هەروەها ئەم کەسانە بە هەڵبژاردن ببنە ئەندام. بۆ سەرۆکیش پارتی پێداگری لەسەر ئەوەکرد ئەبێت مەسعود بەرزانی ببێتە سەرۆکی کۆنگرەکە، ئەم گفتوگۆیانە گەیشتە ئیمرالی و بۆچوونی ئۆجەلان بۆ ئەم مەسەلەیە وەرگیرا، ئۆجەلان لاری نەبوو لەوەی مەسعود بارزانی ببێتە سەرۆکی کۆنگرەکە، بەڵام پێشنیاری کردبوو، لەیلا زانا[٣٣٥]ش وەک ژنێکی تێکۆشەر و خاوەن خەباتێکی زۆر و چەندین ساڵ لەسەر دۆزی کورد زیندانی کراوە، ببێتە هاوسەرۆکی کۆنگرەکە. هەوڵ و تێگەیشتنەکان نزیک بوون لە ڕێکەوتن، بەڵام کارەکانی کۆنگرەکە وەستا. لەمبارەوە پێنجوێنی دەڵێت: دەوڵەتانی ئیقلیمی و داگیرکەری کوردستان، بەتایبەت ئێران و تورکیا ڕێگربوون لەبەردەم کۆنگرەکە. پارتی کشانەوە و پێیان وابوو کاتەکەی گونجاو نیە، هەروەها پێیان وابوو سیستەمی هاوسەرۆکی، سیستەمی پەکەکەیە و ئەوان قبولی ناکەن. بەڵام لە راستیدا تورکیا هۆکار بوو، لەڕێگەی فشارەکانیانەوە نەیایهێشت هەوڵکان سەربگرێ و کۆنگرە ببەسترێ.[٣٣٦]

---

[٣٣٥]لەیلا زانا: ژنە سیاسەتمەداری کوردە لەرۆژی ٣ ئایاری ساڵی ١٩٦١ لە شارۆچکەی فارقینی سەر بە شاری دیاربەکر لە دایکبووە و ساڵی ١٩٩١ بوو بە یەکەمین ژنی کورد کە توانی ببێتە ئەندامی پەرلەمانی تورکیا لە مەڕاسمی سوێند خواردنی پەرلەمانی تورکیا، لەگەڵ شەش پەرلەمانتاری دیکەی کورد بە کوردی سوێندیان خوارد. لەسالی ١٩٩٤ لەیلا زانا دەستگیردەکرێ وبە پانزدە ساڵ زیندانیکردن حوکمدرا، ساڵی ٢٠٠٤ بەهۆی فشارەکانی یەکێتی ئەوروپا، تورکیا ئەم پەرلەمانتارانەی ئازاد کرد. لەیلا زانا بۆ چەندین خول ئەندامی پەرلەمانی تورکیا بووە، خاوەنی چەندین خەلاتی نێودەوڵەتیە لە بوارەکانی ئاشتی و ئازادی رادەربڕین، و کاندیدی خەلاتی ئاشتی نۆبڵ بووە.

[٣٣٦]چاوپێکەوتن لەگەڵ/ محەمەد ئەمین پێنجوێنی،سلێمانی، ٢٠٢١/١/٢٦

## بەڵگەنامەی ژمارە (٢١٨)
## بەیاننامەی کۆتایی کۆنفرانسی
## بەرو کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان
## سلێمانی ٤-٥ /١٩٩٧/١٢

خەباتی پڕ لە قوربانی گەلەکەمان زۆر لە مێژە و چەندین ڕاپەڕین و سەرهەڵدان و بەرخۆدانی خوێناوی بە خۆوە دیوە کە ئێستاش درێژەیان هەیە. بەڵام بەهۆی نەبونی ستراتیجێکی نەتەوەیی یەکگرتوو لە خەباتیاندا، قوربانییەکانیان بێ ئاکام و بەرهەم بوون. بارودۆخی ئەمڕۆی هەرێمی و جیهانی لە هەموو کاتێک لەبارترە بۆ بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان تا خەباتی گەلەکەمان بگوێزرێتەوە بۆ ئاستێکی باڵاتر و پێشکەوتوتر وە بەکۆمەڵ کارکردن لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا.

لەپێناوی ئەم مەبەستەش دارۆژانی ٤-١٩٩٧/١٢/٥ کۆنفرانسی بەرەو کۆنگرەی نەتەوەی کوردستان لە شاری سلێمانی باشوری کوردستان بە ئامادەبونی ١٦ حزب و چەندین ڕێکخراو و ژمارەیەکی زۆر لەڕۆشنبیران و کەسایەتیە کۆمەڵایەتیەکاندا سازدرا.

لە کەشێکی سەربەست و ئازاددا بێ جیاوازی بیرو بۆچون خواستی خۆیان دەربڕی. گەیشتینە ئەم بڕیارانەی لای خوارەوە:

١- پشتگیری تەواو بۆ بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٨دا و بەزوترین کات.

٢- پێکهێنانی کۆمیتەی ئامادەکار لە نوێنەرانی حزب و کەسایەتی ڕۆشنبیری وولاتپارێز کە بەستراوە بە کۆمیتەی ئامادەکاری سەرەکی لە بڕۆکسل کە بە هەمان شێوە پێکدێ لەڕۆژی ١٣-١٤ ئەم مانگە .

٣- کۆنگرەی نەتەوەیی ببێتە ناوەندی بڕیار بۆ دارشتنی ستراتیژ و دەستوری نەتەوەیی یەکگرتوو بۆ کاروباری پاراستنی ئاشتی نەتەوەیی و سەربازی و دیبلۆماسی و ڕامیاری و زانستی و فرهەنگی و کۆمەڵایەتی و مافی مرۆڤ.

دەستەی بەڕێوەبردنی کۆنفرانس - سلێمانی
١٩٩٧/١٢/٦

## بەڵگەنامەی ژمارە (٢١٩)
## ڕاگەیاندنی یەکەمین کۆبونەوەی کۆمیتەی ئامادەکاری کۆنگرەی نەتەوەیی

بە پێی بڕیاری کۆبونەوەی ڕۆژەکانی ١٣و ١٤ی مانگی دیسەمبەری ساڵی ١٩٩٧، کە تێیدا ٢٩ کەس لە نوێنەرانی حیزب ڕێکخراوە سیاسی و کۆمەڵایەتی و کەسایەتی سەربەخۆ وەک کۆمیتەی ئامادەکردنی کۆنگرەی نەتەوەیی هەڵبژێردرابوون، لە ڕۆژی ١٧ ژانوری ١٩٩٨ کۆمیتە یەکەمین کۆبونەوەی خۆی پێکهێنا.

کۆبونەوە دوای پەسەندکردنی بەرنامەی کار، بە گشتی بارودۆخی کوردستان و ڕەنگدانەوەی کێشەی کورد لە دەرەوەی وولاتی هەڵسەنگاند و هەڵوێستی ئەم دواییانەی پەرلەمانی ئەوروپا و دەوڵەتانی ئیتاڵیا و ئالمان و پاپای ڤاتیکان و هتد.. بە قازانجی کێشەی کورد لە قەڵەمدا.

کۆبونەوە هەروەها سەرەڕای گیروگرفتەکانی نێو بزوتنەوەی کوردستان هەلومەرجی بە لەبار زانی بۆ درێژەدانی بە مەبەستی یەکگرتنی ڕیزەکانی گەلی کورد و پێکهێنانی کۆنگرەی نیشتمانی ((نەتەوەیی)) بە بەشداری هەموو لایەک.

لە کۆبونەوەدا دوو کۆمسیۆن بۆ بەڕیوبردنی کاروبارەکانی کۆمیتەی هەڵبژێردران:

١) کۆمسیۆنی کارگێر ٢)کۆمسیۆنی پرۆژەی پرۆگرام و پەیڕەو. هەروەها کۆبونەوە پاش باسێکی درێژ لەسەر مەسەلەی مالی بەو ئەنجامە گەیشت کە تا پێکهێنانی کۆنگرە، پارتی و ڕێکخراوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان بە هاوکاری کەسانی نیشتمانپەروەرو یارمەتی جەماوەری گەلەکەمان پێداویستی ماڵی بۆ ڕاپەڕاندنی کاروبارەکان دابین بکەن.

کۆبونەوە بڕیاریدا لە پەیوەندی گرتنی برایانە و بەرپرسانە لەگەڵ ئەو پارت و لایەن و کەسایەتیانەی کە تا ئێستا بەشدار نەبوون لە کۆبونەوەکاندا. بۆ ئەم کارە کۆمسیۆنی کارگێڕی بەرپرسیار کرد کە لەگەڵ هەموو لایەنەکان پەیوەندی بگرێ و بە تایبەت دوو هەیئەت دیاری کران بۆ پەیوەندی گرتن لەگەڵ حیزبی

دیموکراتی کوردستانی ئێران و پارتی دیموکراتی کوردستان- یەکگرتوو (عێراق).

لە کۆبونەوەکەدا پێداگیرا لەسەر لەبەرچاوگرتنی پرنسپە گشتییەکان، کە پێویستە لە پێکهێنانی کۆنگرەی نیشتمانی ((نەتەوەیی))دا، بەرژەوەندی بەرزی نیشتمانی کوردستان وەپێش بەرژەوەندی ڕێکخراوەیی و کەسایەت بخرێ.

کۆبونەوە هەروەها ئەوەی دەست نیشان کرد کۆنگرەی نەتەوەیی ڕەنگدانەوەی کۆمەڵی کوردستان بێ بە هەموولایەنە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئاینی و مەزهەبی و نەتەوەیەکانەوە.

کۆمیتەی ئامادەکاری کۆنگرەی نەتەوەیی
برۆکسل
١٩٩٨/١/١٧

## بەڵگەنامەی ژمارە (٢٢٠)

## PARLAMANET KURDISTANE LI DERVEYI WELAT

## KURDISTAN PARLIAMENT IM EXILE

## پرۆژەی پەیڕەو و پرۆگرامی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان

لە لایەن کۆنسێی بەڕێوەبەری پێشنیار PKDNکراوە:

پێشەکی:

ئێمە نوێنەرانی پارت و ڕێکخراوە سیاسی و کلتووری و کۆمەڵایەتییکان و کەسایەتییە نیشتمانپەروەکانی کوردستان کە لە رۆژی.......... کۆبوینەوەو ئەم پەیمانەی خوارەوەمان مۆر کرد.

نەتەوەیی کورد یەک نەتەوەیە و بە پرۆسەیەکی مێژوویی لەسەر خاکی کوردستان لەسەر بناغەکانی یەکێتی نیشتمان و زمان و کولتوور و هەستی نەتەوەیی و هیواو ئاواتی هاوبەش بۆ داهاتوویەکی باشتر پەیدا بووە.

لەگەڵ ئەوەی باوو باپیرانی یەکێک لە کۆنترین شارستانییەکانی رۆژهەڵاتییان بنیاتناوە کەچی ئەورۆ هێشتا لە باری وڵاتێکی کۆلۆنیالی کراوەدایە و بەر چەوسانەوەی نەتەوەیی کەوتووە و لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی و ئابوریەوە بە دواکەوتوویی ماوەتەوەو نەک تەنها کەلەپوری مێژوویی و زمان و کلتوری نەتەوەیی بەر هەڕەشەی لەنێوچوون کەوتوون، بەڵکو لە هەبوونی نەتەوەیی خۆیشیدا لەو مەترسیە بەدوور نییە. بەتایبەت دوای داگیرکردنی کوردستان لە شەڕی یەکەمی جیهانی و دروستبونی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان کە بەیارمەتی هێزە ئیمپریالیە رۆژئاواییەکان کەوتنە پەیڕەوکردنی سیاسەتێک، کە لەگەڵ هەندێ جیاوازیدا لە توندو تیژی و فۆرمدا، بە گشتی سیاسەتی کۆلۆنیالی و داگیرکردنی کوردستان و تالانەکانی سامانەکانێتی و دان نەنانە بە هەبونی گەلی کورداو سەرکوتکردنی داواکارییە نەتەوەیی و دیموکراتی و بزاڤە نیشتمانی ورزگاریخوازەکانێتی بە زەبری هێزی سوپایی و قڕکردن و ئاوارەکردنی ڕۆڵەکانێتی و لەژێرپێنانی سادەترین مافەکانی مرۆڤە.

لە کوردستانداو لەپاڵ کوردا گەلان و کەمایەتی نەتەوەیی وەکو ئاسوری، ئەرمەن، ئازەری، تورکان، تورک، عەرەب و فارس دەژین. ئەم گەلانەش

هەرچەندە بە پلەی جیاوازیش بێت کەوتنە بەر کارتێکردنی سیاسەتی کۆلۆنیالی. بە تایبەتی گەلانی ئاسووری و ئەرمەنی کەوتنە بەرشالاوی بێبەزەییانەی دەوڵەتانی داگیرکەر بە تایبەتی لە ساڵی ١٩١٥دا کاتێ کەوتنە قڕکردنیان و هەوڵییاندا کورد و ئەم گەلانە بکەن بە دوژمنی یەک. بەهۆی ئەو سیاسەتەوە ئەم گەلانە کە لە ڕیزی کۆنترین گەلانی ناوچەکەن ژمارەیان کەمی کردووەو ناچار بوون بە کۆمەڵ کوردستان بەجێبهێڵن.

بەهیچ شێوەیەک ڕەوا نییە و دژ بە سادەترین پرینسیپەکانی ئاکار و دادوەری و مافەکانی مرۆڤە گەلی کوردستان کە ژمارەی خۆی لە چل ملیۆن دەدا و لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا وەکو گەلێکی کۆلۆنیزەکراو و چەوساوە بمێنێتەوەو دەسەڵاتدارانی ستەمکار دەست لە قەلاچۆکردن و ڕاگوێزان و ئاوارەکردن و تواندنەوەی بە زۆری هەڵنەگرن و لە مافی ڕەوای بەڕێوەبردنی کاروباری خۆی لەسەر خاکی نیشتمانی خۆی بە گوێرەی ئەو قانونانەی کە بە باشی دەزانێ بێبەری دەکەن و ڕێگەی ژیانی ئاشتیانەو برایانەی لەگەڵ نەتەوەو گەلانی دراوسێدا لە پێش دەبڕن.

هۆی سەرنەکەوتنی بزاڤی ڕزگاریخواز نەتەوەیی کوردستان تاوەکو ئەوڕۆ نەک تەنها سیاسەتی سەرکوتکەرانەی دەوڵەتانی داگیرکەرە بە یارمەتی دەوڵەتانی ڕۆژئاوا، بەڵکو ململانێ و ئاژاوەو دژایەتی نێوان پارتە سیاسیەکان کوردستان و سەرکردایەتیەکانیان ڕۆڵێکی گرنگیان لەم بوارەدا بینیوە. بە پێچەوانەی بەرژەوندییەکانی گەل و نیشتمانەوە هەندێ پارت و ڕێکخراوی سیاسی کوردستانی کۆسپ و تەگەرە لەبەردەم بزافی ڕزگاریخوازی کوردستاندا قوت دەکاتەوەو لەگەڵ دەوڵەتانی داگیرکەردا دەست تێکەڵ دەکاو تەنانەت هاریکاری سەربازیشیان دەکات و دەکەوێتە تەڵەی دوژمنەوە.

سەرباری هەموو ئەو کارەساتانەش هێشتا گەلی کورد یەکێک لە چوار گەلی سەرەکی ڕۆژهەڵات لەتەک عەرەب و تورک و فارسدا. سەرکەوتنی بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان مەرجێکی سەرەکییە بۆ لەنێوبردنی ئایدۆلۆجیای فاشی و ڕەگەزپەرستی و ڕژێمە دکتاتۆری و دەمارگیرەکان و چەسپاندنی دیموکراسی لە دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستاندا. تەنها سەرکەوتنی ئەو بزاڤە گەلی کوردو گەلانی دراوسێ دەتوانن لە بارو مەرجێکی دادوەرانەو ئاشتیدا

بژین و هەر نەتەوەیەک بە شێوەیەکی ئازادو سەربەست بڕیاری چارەنوسی خۆی بدات و لە جێگەی پەیوەندیە کۆنەکان کە بریتی بوو لە داننەنان بە گەلی کوردو مافەکانیدا پەیوەندیەکی نوێ دابمەزرێنن لەسەر بناغەی سەروەریی نیشتمانی و هاوکاری و دۆستایەتی و دیموکراتی و ڕێزگرتن لە ماف و بەرژەوندی یەکدی. هەر ئەمەش دەتوانێ ئاشتی و ئاسایش و هێمنی لە نێوچەکەدا بپارێزێ.

بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەکان لەسەر بناغەی ئەو بیرو بۆچونانەو پێکهاتن لەسەر ئەم پەیڕەوو پرۆگرامی خوارەوە بۆ ڕێکخستنی کاروبارەکانی ئەم دەزگایە کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان ڕادەگەیەنین.

بەشی یەکەمین:

کوردستان، گەلی کوردستان، هاوڵاتی کوردستان، مافە سەرەکییەکان، سەروەری و مافی بڕیاردانی چارەنوس.

ماددەی یەکەمیین:

a) کوردستان ئەو وڵاتەیە کە گەلی کورد بە هەموو ئایین و ئاینزا و زاراوە و دیالێکتە جیاوازەکانییەوە لە دێرزەمانەوە لەسەر خاکەکەی جێگیربووە و لە هەموو ئەو ناوچانە پێکدێ کە بەیەکەوە گرێدراون و کورد زۆرینەی تێدا پێکدێنێ بە سنورە دروستکراوەکان کە لە لایەن دەوڵەتانی داگیرکەرەوە دروست کراون و بەرهەمەکانی سیاسەتی زۆرداری و ڕاگوێزانی کورد و چۆڵکردنی هەندێ لە نێوچەکانی لە لایەن ئەو دەوڵەتانەوە کە دوورن لە باری ڕاستی مێژووی کوردستانەوە ڕەت دەکەینەوە و بە هیچ شێوەیەک پێی قایل نابین.

b) گەلی کوردستان لەمانەی خوارەوە پێک دێن:

1. کورد

2. گەلانی ئاشوری- سریانی و ئەرمەنی و ئەونەی هێشتا لە کوردستان دەژین هەروەها ئەوانەش کە لەبەر سیاسەتی ڕزگاری و چەوسانەوەی دەوڵەتانی داگیرکەر ناچار بوون کوردستان بەجێ بهێڵن. هەروەها دانیشتوانی کوردستان لە ئازەری و تورکمەن و تورک و عەرەب و فارس، ئەمانە لەگەڵ کوردا گەلی گوردستان پێکدێنن و بەدڵسۆزی لەتەک کوردا هەوڵ بۆ ئازادی و ڕزگارکردنی کوردستان دەدەن.

3 . ئەوانەی کە دەوڵەتانی داگیرکەر بە ئامانجی گۆڕینی باری دیمۆگرافی و ئیتنۆلۆجی کوردستان و پلانگێڕان دژی بزاڤی ئازادیخوازی نەتەوەیی کوردستان لەگۆڕ پلانی نیشتەجێکراوان. ئەمانە ڕەوشییان جیاوازەو ستاتۆیان لە لایەن کۆنگرەوە لە پاشەڕۆژدا دیاری دەکرێ.

ماددەی دووەمین: هاوڵاتیانی کورد و مافە سەرەکییەکان

a) هاوڵاتیانی کوردستان بە مانای سیاسی و سیڤیلی هەموو ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە گەلی کوردستان پێکدێنن وەکو لەسەرەوە پێناسە کراوە. هاوڵاتیانی کوردستان هەموو یەکسانن بەرامبەر قانوون و زاگۆنەکانی کوردستان و خاوەن هەمان ماف و ئەرکن و بەهۆی ڕەگەزو زمان و نێر و مێ و ئایین و ئاینزاو باوەڕو توانای ئابوورییەوە هیچ جیاوازییەک لە نێوانییان ناکرێ و کەس لە سەری کەسەوە نییە.

b) ڕۆڵەو نەوەکانی ئەونەی بەزۆر دەوڵەتانی داگیرکەر ڕاپانگوێزاون یا بە هۆی سیاسەتی زۆرداری ئەو دەوڵەتانەوە ناچار بوون لە کوردستان کۆچ بکەن، مافی گەڕانەوەو نیشتەجێبوون و وەرگرتنەوەی سامان و داراییان لە چوارچێوەی قانوندا هەیە.

c) زمانی کوردی زمانی ڕەسمی کوردستانە.

d) ئەوانەی بە ڕەگەز کورد نیین بەڵام بەشێک لە گەلی کوردستان پێکدێنن مافی ئەوەیان هەیە تایبەتمەندییە نەتەوییەکانی خۆیان بپارێزن و گەشە بە کولتوورو بەها نەتەوەییەکانی خۆیان بدەن و بە شێوەیەکی سەربەست و ئازاد بە زمانی خۆیان کاروباری فێرکردن و پەروەردە بەڕیوەبەرن. هەروەها مافی ئەوەیان هەیە ڕێککخراوەو دەزگا بۆ پێشخستنی کەلەپوری نەتەوەیی خۆیان ساز بکەن.

ماددەی سێییەمین: مافی سەرداریێتی و بڕیاردانی چارەنوس

a) گەلی کوردستان وەکو هەموو گەلانی تر، خاون مافی بڕیاردانی چارەنوسی خۆیەتی.

b) گەلی کوردستان تەنها بەخۆی و بۆ هەمیشە و بە شێوەیەک کە قابلی دابەشکردن نییە خاوەنی خاک و ئاسمان و ئاو و کانزاکانی سەر زەمین و بن زەمینی کوردستانەو لەو زیاتر کە خودان سەرداریێتی نیە بەسەر ئەوانەدا نییە.

c) ئەگەر گەلی کوردستان ویستی لەگەڵ گەلێک گەلێک یان زیاتر لە گەلانی دراوسێ دەوڵەتێکی فیدراڵی سازبکات، ئەوا لەگوڕ خواستی خۆی دەتوانێ بەشێک لە مافەکانی خۆی لە بواری سامانی نەتەوەیی و سەرداریێتیدا لەگەڵ دەوڵەت ناوەندیدا دابەش بکات.

<u>بەشی دووەمین:</u> پرنسیپە گشتییەکان و ئامانجەکانی کۆنگرە

<u>ماددەی چوارەمین:</u> پرنسیپە گشتییەکان

a) بەرژەوەندییەکانی گەلی کوردستان پێش بەرژەوەندی پارتە سیاسیەکانی کوردستان دێن و بەرژەوەندیەکانی کوردستان و گەلی کوردستان لە سەرەوەی بەرژەوەندی هەر پارچەیەکی کوردستان بە تەنیا دێن.

b) هیچ پارت و ڕێکخراوو کەسێک و لەبەر هەر هۆیەک بێ بۆی نیە پشگیری هیچ دەوڵەتێکی داگیرکەری بەشێک لە خاکی کوردستان و ئەو دەوڵەتانەی پشتی ئەم داگیرکەرییە دەگرن بکات و دەستی یارمەتیان بۆ درێژ بکات.

c) کۆنگرەی نەتەوەیی هەموو هاوکارییەک و دەست تێکەڵییەک لەگەڵ دەوڵەتانی داگیرکەدا دژی بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی بە خۆفرۆشی و خیانەت دادەنا. دراوسێتی و تێپەڕبوون و پەیوەندی دپلۆماسی و دانوستان بەهۆی باری جوگرافییەوە دەگەڕێتەوە بۆ بڕیارو چاودێری کۆنگرە.

d) کۆنگرەی نەتەوەیی شەڕی نێوخۆی نێوان ڕێکخراوە کوردستانییەکان تاوانباردەکاو ڕەت دەکاتەوە.

e) کۆنگرەی نەتەوەیی پەیماننامەی جیهانی مافی مرۆڤ و ئاشتی و دیموکراسی بە بنگە بۆخۆی دەگرێ.

<u>ماددەی پێنجەمین:</u> ئامانجەکانی کۆنگرە

a) کۆنگرە بە کۆکردنەوەی پارت و ڕێکخراوو دەزگاو سازی و کەسایەتیەکانی کوردستان لە چوارچێوەی دەزگایەکی نەتەوەییدا دەیەوێ نوێنەرایەتی گەلی کوردستان و ئیرادەی بێنێتە کایەوە.

b) لەنێوبردنی دەسەڵاتی داگیرکەری و کۆلۆنیالی لە کوردستاندا و گەیاندنی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان بە سەرکەوتن.

c) بەهێزکردنی رۆحی هاوکاری و هاوخەباتی لە نێوان پارچەکانی کوردستاندا لەسەر بناغەی یەکێتی نەتەوەیی و لەگۆر بەرژەوەندیی باڵاکانی گەلی کوردستان.

d) لەنێوبردنی شەڕو پێکدادانی نێوان پارتە سیاسەکانی کوردستان و لایەنگرانیان و چارەسەرکردنی دژایەتی و ئاژاوەکانیان لەگۆر بەرژەوەندی نەتەوەیی گەلی کوردستان و هەوڵدانی وەدیهێنانی هاوکاری سیاسی و سەربازی لە نێوانیاندا.

e) پشتگیریکردنی خەباتی چەکداری کە بەرژەوەندی گەل دەپارێزێ و هەوڵ دەدا بگات بە چارەسەری و لایەنگریکردنی دامەزراندنی هێزی چەکداری پرۆفیشناڵ.

f) پشتگیریکردنی خەباتی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی لە هەموو پارچەکانی کوردستانداو پێشکەشکردنی هەموو یارمەتییەکی پێویست لە پێناوی چارەسەری سیاسیدا.

g) پاراستنی بەرژەوەندییەکانی گەلی کوردستان لەسەر ئاستی دەزگاو ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و جیهانییەکاندا و کۆردینەکردن لە نێوان ڕێکخراوە سیاسیەکانی کوردستاندا بۆ وەدیهێنانی نوێنەرایەتی کردنی گەلی کوردستان لەو ئاستەدا.

h) پشتگیریکردنی چارەسەرکردنی دۆزی کورد لە رۆژهەلاتی نێوەراستدا لەسەر بناغەی دۆستایەتیو برایەتی هەموو گەلانی کوردو تورک و عەرەب و فارس.

i) بەهێزکردنی دۆستایەتی لە نێوان گەلی کوردو گەلانی عەرەب و تورک و فارس و هەموو گەلانی جیهانیدا.

j) پاراستنی ئازادی و سەربەستی بۆ هەموو ئاین و ئاینزاو باوەڕەکان لە کوردستاندا.

k) بۆ ڕامالینی لەیەکدابڕان و پارچەبوونی زمان و کولتوری کورد کۆنگرە هەوڵ دەدات گەشە بە زمان و کلتورو هونەرو ئەدەبیاتی کورد بدات و بۆ بوژاندنەوەی کولتوری نەتەوەییمان لە نێوان دەزگاکاندا کۆردینەی پێویست دەکات.

l) کۆنگرە لە گۆڕ بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی گەلی کوردستان و بۆ ناساندنی دۆزی کورد بایەخ بە کارو چالاکی بڵاوکردنەوەو ڕاگەیاندن دەدات.

m) کۆنگرە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی سازی و ڕێکخستنی پێویست دادەمەزرێنێ و پرۆگرام و قانونی تایبەت دەردەکات.

n) ئامانج و چالاکیەکانی کۆنگرەی نەتەوەیی ناکۆک نین لەگەڵ هەبوونی پارت و بەرەو ڕێکخستندا ... کوردستان.

<u>بەشی سێیەمین:</u> ئەندامانی کۆنگرەو سوێند

<u>ماددەی شەشەمین:</u>

a) ئەو پارت و ڕێکخراوو دەزگاو سازی و کەسایەتییانەی کە ئەو پەیماننامەیان مۆر کردووە ئەندامی کۆنگرەی نەتەوەیین.

b) جڤاتی گشتی کۆنگرە لە هەزار ئەندام پێکدێن. کۆنگرە بڕیار دەدا هەر چارچەیەکی کوردستان و هەر پارت و ڕێکخراوو دەزگایەک چەند نوێنەری دەبێ بە چ شێوەیەک نوێنەرایەتییان دەکرێ و هەڵبژاردنی ئەندامان بەچی ڕەنگێک بەڕیوە دەچێ.

<u>ماددەی حەوتەمین:</u>

a) هەموو ئەندامانی جڤاتی گشتی کۆنگرە سوێند دەخۆن. ڕێوڕەسمی سوێندخواردن دوای هەڵبژاردنی دیوانی کاتی بەڕێوە دەچێ، شێوەی سوێندخواردن یەک یەک دەبێ، گروپ گروپ یان هەموو ئەندامان پێکەوە سوێند دەخۆن دیوان بڕیاری لەسەر دەدات.

b) دەقی سوێندەکە ئەمەیە:

لەژێر هەموو مەرجێکدا ئیرادەی گەلەکەم دەکەمە بنگەو بۆ ئازادی کوردستان خەبات دەکەم و هیچ جیاوازییەک لەنێوان ئەندامانی گەلی کوردستاندا ناکەم و نوێنەرایەتی بەرژەوەندییەکانی بە شێوەیەکی شیاو دەکەم و مافەکانی دەپارێزم. دامەزراندنی کۆمەڵێکی دیموکراتی و ئازاد و بەختەوەر لە کوردستاندا دەکەم بە ئامانجم. لە کارو خەباتدا هیچ بەرژەوەندییەکی تایبەتی لەپێش چاو ناگرم و یەکێتی نەتەوەیی دەپارێزم و هەمیشە گرێدراوم دەمێنمەوە بە یادی شەهیدانی کوردستان و بەها نەتەوەییەکانەوە. لە پێش مێژوو مرۆڤایەتی و نەتەوەکەمدا بە ناموس و شەرەفم سوێند دەخۆم.

بەشی چوارەمین: دەزگاکامنی کۆنگرە

ماددەی هەشتەمین: دەزگاکان

a) کۆنگرە لەم دەزگایانەی خوارەوە پێکدێ

1. جڤاتی گشتی
2. سەرۆکایەتی
3. ئەنجومەنی نەتەوەیی کوردستان
4. دەستەی بەڕیوەبەر
5. نوسینگەی باکوری کوردستان
6. نوسینگەی ڕۆژهەلاتی کوردستان
7. نوسینگەی باشوری کوردستان
8. نوسینگەی باشوری ڕۆژئاوای کوردستان
9. نوسینگەی گەلانی کوردستان
10. نوسینگەی کوردی قەوقاز
11. نوسینگەی کوردی دەرەوەی ولات
12. کۆمسیۆنی ماف و دادوەری
13. کۆمسیۆنی پەیوەندیەکانی دەرەوە
14. کۆمسیۆنی جیۆپۆلیتیک
15. کۆمسیۆنی ئابوری
16. کۆمسیۆنی دارایی
17. کۆمسیۆنی هونەرو کولتوور
18. کۆمسیۆنی بەرگری
19. کۆمسیۆنی ژنان
20. کۆمسیۆنی لاوان
21. کۆمسیۆنی پەروەردەکردن
22. کۆمسیۆنی ڕاگەیاندن و بلاوکردنەوە

b) ئەندامانی ئەو دەزگایانە بۆ ماوەی دوو سالٚ هەلٚدەبژێرێن

ماددەی نۆیەمیین: جڤاتی گشتی

a- جڤاتی گشتی ئۆرگانی هەرەبالای کۆنگرەیە و ساڵی جارێک کۆدەبێتەوە. لەسەر داواکاری نووسراوی ئەنجومەنی نەتەوەیی، کۆنسێی بەڕیوەبەر یان پێنجیەکی ئەندامەکانی کۆبونەوەی ئاسایی دەبەستێ. لە باری نائاسایدا ئەنجومەنی نەتەوەیی دەتوانێ کۆبوونەوەی جڤاتی گشتی تاوەکو ساڵێک دوابخات.

b- جڤاتی گشتی بە زۆربەی ئەندامەکانی کۆدەبێتەوەو بڕیار دەدا

c- لە هەموو جڤینێکداو بۆ بەڕێوەبردنی کۆبونەوە کە سەرۆک، دوو جێگری سەرۆک و شەش کۆنوس بە شێوەیەکی کاتی بۆ دیوان لە لایەن ئەندامانی جڤاتی گشتییەوە هەڵدەبژێررێن.

d- جڤاتی گشتی ئەم دەسەڵاتانەی لای خوارەوەی هەیە:

1. بێجگە لە نێوانی ئەندامانی ئەنجومەنی نەتەوەیی، ئەندامانی هەموو ئەو دەزگایانەی لە خاڵەکانی ٢-٢٢ ماددەی هەشتەمیندا باسییان لێوە کراوە، هەڵدەبژێرێ.

2. پڕۆژەی بڕیارو پێشنیارەکان دوای تاوتوێکردنییان بە نێوی کۆنگرەوە وەکو بڕیار پەسەند دەکات.

3. بڕیار لەسەر ڕاپۆرتەکانی سەرۆکایەتی کۆنگرەو ئەنجومەنی نەتەوەیی و کۆنسێی بەڕیوەبەر دەدات.

4. بۆی هەیە بە زۆرینەی دەنگ پەیڕەو پرۆگرام بگۆڕێ.

<u>ماددەی دەیەمین:</u> سەرۆکایەتی

a- سەرۆکایەتی لە سەرۆک و چوار یاریدەدەر پێکدێن.

b- سەرۆک بە زۆرینەی دەنگ هەڵدەبژێررێ. یاریدەدەری سەرۆک بە پێشنیاری سەرۆک لە لایەن جڤاتی گشتییەوە هەڵدەبژێررێ.

c- ئەرکەکانی سەرۆک:

1. بڕیارەکانی جڤاتی گشتی و ئەنجومەنی نەتەوەیی و ڕاپۆرتەکانی کۆنسێی بەڕێوەبەر مۆر دەکات.

2. سەرۆکایەتی کۆبونەوەکانی ئەنجومەنی نەتەوەیی و کۆنسێی بەڕێوەبەر دەکات.

3. بە نێوی کۆنگرەوە دەپەیڤێ (نوێنەرایەتی کۆنگرە دەکات).

4. له کاتی ئامادەنەبوونی سەرۆکدا جێگرەکانی ئەرکەکانی ڕادەپەڕێنن.

ماددەی یازدەمیین: ئەنجومەنی نەتەوەیی کوردستان

a- ئەنجومەنی نەتەوەیی کوردستان لەدوای جڤاتی گشتی بەرزترین ئۆرگانی بڕیاردانەو لەم کەسانەی خوارەوە پێکدێ:

سەرۆکی کۆنگرە، جێگرانی سەرۆک، سەرۆکی بیرۆکان و دەستەی کۆمسیۆنەکان. نوێنەری پارتە سیاسی و ڕێکخستنەکانی ئەندامانی کۆنگرە، سەرۆکایەتی پەرلەمان و حکومەت و دەستەی بەڕێوەبەرە بەرە ئەگەر لەهەر پارچەیکی کوردستاندا هەبن و بیست ئەندام کە ئەندامی جفاتی گشتی هەڵیاندەبژێرێ.

b- ئەنجومەنی نەتەوەیی کوردستان هەر سێ مانگ جارێک کۆ دەبێتەوە. سەرۆک یان جێگری سەرۆک کۆبونەوەکەی بەڕێوە دەبات. لەسەر داخوازی کۆنسێی بەڕێوەبەر یان یان پێنج یەکی ئەندامان کۆبونەوە نائاسایی دەبەستێ. کۆبونەوەکان بە ئامادەبونی زۆربەی ئەندامان دەبەسترێن.

c- سەرۆکی کۆنگرە لە هەمان کاتدا سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نەتەوەیی دەکات.

d- ئەرک و دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی نەتەوەیی کوردستان ئەمانەن:

1. لە پێناو وەدیهێنانی ئامانجەکانی کۆنگرەدا ئەنجومەنی نەتەوەیی کوردستان لە هەموو بارێکدا دەتوانێ بە نێوی کۆنگرەوە بڕیار بگرێ.

2. ڕاپۆرت و پێشنیارەکانی کۆنسێی بەڕێوەبەرو نوسینگەی نێوچەییەکان تاوتوێ دەکات و بڕیاریان لەسەر دەدات.

3. ناخۆشی و کێشەی نێوانە پارت و گروپە سیاسیەکانی کوردستان چارەسەر دەکات.

4. بوجەی کۆنگرە تاوتوێ دەکاو پەسەندی دەکات یان ڕەتی دەکاتەوە.

5. چاودێری کارو خەباتی کۆنسەی بەڕێوەبری دەکات.

ماددەی دوازدەمین: کۆنسێی بەڕێوەبەر

a- کۆنسێی بەڕێوەبەر لە سەرۆکی کۆنگرەو جێگرەکانی و بەرپرسیاری بیرۆ و دەستە تایبەتمەندەکان کە بە هەموویانەوە ٢٣ ئەندامن پێکدێ.

b- سەرۆکی کۆنگرە لە هەمان کاتدا سەرۆکی کۆنسەی بەڕێوەبەرە.

c- کۆنسەی بەڕێوەبەر مانگی جارێک کۆدەبێتەوە، سەرۆک یان یەکێ لە جێگرەکانی کۆبونەوەکە بەڕێوە دەبات.

d- ئەرکەکانی کۆنسێی بەڕێوەبەر ئەمانەن:

1. بڕیارەکانی جڤاتی گشتی و ئەنجومەنی نەتەوەیی جێبەجێ دەکات.

2. پڕۆتۆکۆلی پێویست ئامادە دەکات.

3. بودجە ئامادە دەکات و لەدوای وەرگرتنی بیروبۆچونی کۆمسیۆنی دارایی ڕەوانەی جڤاتی گشتتی دەکات.

4. ڕاپۆرت و پێشنیاری کۆمسیۆن و نوسینگەکان تاوتوێ دەکاو بڕیاری پێویست لە بارەیانەوە وەردەگرێ. بیرو بۆچونی خۆی لەگەڵ ڕاپۆرتی جڤاتی گشتی و ئەنجومەنی نەتەوەیی بۆ دەزگا پەیوەندیدارەکان دەنێرێ.

5. پێشنوماو پرۆژەی بڕیاری پێویست ئامادە دەکاو  بۆ جڤاتی گشتی و ئەنجومەنی نەتەوەیی دەیاننێرێ.

6. لە باری بەلزو بەزداو  بە ئاگاداری ئەنجومەنی نەتەوەیی و بە نێوی کۆنگرەوە بڕیاری پێویست دەگرێ و جێبەجێی دەکات.

<u>ماددەی سیازدەمین:</u> نوسینگەی نێوچەییەکان و کۆمسیۆنە تایبەتیەکان

a- هەر نوسینگەو کۆمسیۆنێک لە ٧ و ٥ ئەندامی یەدەگ پێکدێ. ئەندامەکان لە لایەن جڤاتی گشتییەوە هەڵدەبژێرێن.

b- هەر نوسینگەو کۆمسیۆنێک لە نێوان ئەندامەکانیا سەرۆکێک و جێگری سەرۆک بۆ خۆی هەڵدەبژێرێ. سەرۆکی هەڵبژێردراو لە هەمان کاتدا ئەندامی ئەنجومەنی نەتەوەیی و کۆنسێی بەڕێوەبەر دەبێ.

c- نوسینگەو کۆمسیۆنەکان هەر دوو مانگ جارێک کۆدەبنەوەو بڕیارەکانیان بە زۆرینەی دەنگ وەردەگرن.

d- ئەندامانی نوسینگەو کۆمسیۆنەکان ناتوانن ئەندامی زیاتر لە دوو دەزگا بن.

e- نوسینگەو کۆمسیۆنەکان پلان و پرۆژەو بڕیارەکانیان بۆ کۆنسێی بەڕێوەبەر دەنێرن.

<u>ماددەی چواردەمیین:</u> ئەرکی نوسینگەی نێوچەییەکان

a- هەر نوسینگەیەک لە نێوچەکەی خۆی زانیاری کۆدەکاتەوە. لە کێشەو مەسەلەکانی ئەو نێوچەیەی کە نوێنەرایەتی دەکات دەکۆڵێتەوەو هەوڵی دۆزینەوەی چارەسەرییان بۆ دەدات و پێشنییارەکانی ئاراستەی کۆنسەی بەڕێوەبەر دەکات.

b- نوسینگە نێوچەییەکان کارەکانییان هەمە لایەنەیەو پێشنیارەکانی تایبەت بە نێوچەک ئاڕاستەی کۆمسیۆنە تایبەتییەکان دەکەن.

c- هەر نوسینگەیەک بۆی هەیە ئەو مەسەلانەی تایبەتمەندن بە نێوچەکەیەوە بخاتە ڕۆژێتی (ئەژێندای) کارو خەباتی کۆنسێی بەڕێوەبەر و ئەنجومەنی نەتەوەیی کوردستانەوە.

ماددەی پازدەمیین: کۆمسیۆنە تایبەتییەکان

a- کۆمسیۆنی ماف و دادوەری:

1. پرۆژەی قانوون و بڕیار دەنێرێ و بە لێکدانەوە قانونییەوە ئاڕاستەی کۆنسەی بەڕێوەبەرایەتی دەکات.

2. بۆ وەدیهێنانی مافەکانی کوردستان خەبات و چالاکی پێویست دەنوێنێ.

b- کۆمسیۆنی پەیوەندییەکانی دەرەوە لە بواری پەیوەندی دەرەەدا لێکۆڵینەوەی پێویست دەکاو بیرو بۆچون و پێشنییارەکانی خۆی لە بارەی کاری دبلۆماسی و بناغەو چۆنیەتی بەڕێوەبردنییەوە پێشکەش بە کۆنسێی بەڕێوەبەر دەکات.

c- کۆمسیۆنی جیۆپۆلتیک باری جیۆپۆلتیکی کوردستان لێکدەداتەوەو دیدو بۆچونی خۆی لەمەڕ پرنسیپە سەرەکییەکانی ستراتیژی نەتەوەییەوە ئاڕاستەی کۆنسێی بەڕێوەبەر دەکات بۆ ئەوەی ئەمیش پێشکەشی ئەنجومەنی نەتەوەیی بکات.

d- کۆمسیۆنی ئابوری سامان و کانزاکانی سەرزەوی و بن زەوی کوردستان لێکدەداتەوەو سەرمایەی نەتەوەیی و پلانی پێشخستنی کوردستان ئامادە دەکات.

e- کۆمسیۆنی دارایی خەرج و داهاتەکان لێکدەداتەوەو پێشنیارو دیتنی خۆی بۆ داڕشتنی بودجە پێشکەش دەکات.

f- کۆمسیۆنی کلتورو هونەر دوای لێکدانەوەی باری ڕۆشنبیری و هونەری لە کوردستاندا پلان و پرۆژەی پێویست بۆ پێشخستنییان ئامادە دەکات.

g- کۆمسیۆنی بەرگری هەوڵی یەکخستنی پێویستی هێزەکانی بەرگری نەتەوەیی دەدات و پلان و پرۆژەی پێویست بۆ گەشەکردنییان بۆ ئەنجومەنی نەتەوەیی ئامادە دەکاو پێشکەشی کۆنسەی بەڕێوەبەری دەکات.

h- کۆمسیۆنی ژنان بۆ ئەوی ژنان لە کۆمەڵگەی کوردستاندا جێگەی شیاوی هاوچەرخانەی خۆیان بگرن کارو خەباتی پێویست بەجێ دێنێ.

i- کۆمسیۆنی کۆمەڵە ئاینییەکان لە پێناوی پەیوەنی برایانەو دۆستانە لە پێناو پەیڕەوکەرانی ئاین و ئاینزاو بیرو باوەڕە جیاوازەکای کوردستاندا خەبات و چالاکی پێویست بەجێ دێنێ.

j- کۆمسیۆنی پەروەردەکردن بناغە سەرەکیەکانی پەروەردە دەستنیشان دەکاو لەبوارەکانی زمان و ئەلفبادا کاری پێویست دەکاو پلان و پرۆژە ئامادە دەکا.

k- کۆمسیۆنی ڕاگەیاندن (بڵاوکردنەوەو چاپەمەنی) هەوڵدەدات کوردستان و کۆنگرەو بزاڤی ڕزگاریخواز بە بیروڕای جیهانی بناسێنێ. هەروەها هەوڵدەدات زانیاری ڕاستگۆیانە بە گەلی کوردستان پێشکەش بکات و بۆ سازکردنی دەزگای بڵاوکردنەوەو تۆمارکردنی نەتەوەیی پلان و پرۆژەی پێویست ئامادە دەکات.

<u>بەشی پێنجەمین:</u> چارەسەرکردنی ئاژاوەو بەیەکدادانی هێزە کوردستانییەکان

<u>ماددەی شازدەمیین:</u>

a- لە کاتی پەیدابونی گرژی و ناکۆکی سیاسی لە نێوان هێزە کوردستانییەکانداو بۆ ئەوەی بارەکە نەگاتە بەیەکدادانی چەکدارانە هەر لە سەرەتاوە هەڵوێستی پێویست و بڕیاری بەجێ وەردەگرێ.

b- بۆ کۆتاییهێنان بە یەکدادان و شەڕ لە نێوان هێزە کوردستانییەکاندا:

1. بانگ لە لایەنەکان دەکاو مەرجی کۆبونەوەیان بۆ ساز دەکا و شاند دەنێرێ و هێزەکانییان لەیەک دووردەخاتەوە.

2. ئەو لایەنەی قایل نابێت هێزەکەی دوربخاتەوەو دەست بە گفتوگۆ بکات وشیار دەکرێتەوەو داوای لێدەکرێ هێزەکانی دور بگرێ و بۆی ڕوون دەکرێتەوە کە هەڵوێستەکەی زیان بە بەرژەوەندی نەتەوەیی دەگەیەنێ.
3. بنگەی چارەسەری کێشەکان دیالۆگ و گفتوگۆیە. ئەگەر ئەو لایەنە هەر لەسەر هەڵوێستەکەی پێشووی مایەوەو گوێی بە وشیارکردنەوەکی کۆنگرە نەدا ئەوا ئەنجومەنی نەتەوەیی بڕیاری بەکارهێنانی هێز دەدا لە دژی ئەو لایەنە.
4. بۆ ئەوەی لە کاتی خۆیداو زۆر بە زوو ئالۆزی و جیاوازی و گرژییەکان چارەسەر بکرێن و درێژە نەکێشن ئەنجومەنی نەتەوەیی داوا لە هەندێ ئەندامەکانی دەکات بچنە ناوچەکەو کێشەکان چارەسەر بکەن هەروەها دەتوانێ بۆ جێبەجێکردنی ئەم ئەرکە کۆمسیۆنێک یان چەند لیژنەیەک پێکبێنێ.

<u>ماددەی حەڤدەمین:</u>

جڤاتی گشتی لە کۆبونەوەی ژمارە ....خۆیدا لە پرۆژەی .... دوای گفتوگۆو دانوستان ئەم پرۆگرام و پەیڕەوەی کە لە پێشەکی و ١٧ ماددە پێکهاتووە بڕیاردا.

ماددە کاتییەکان:

<u>ماددەی کاتی ١:</u> بۆ ئەوەی کۆنگرەی نەتەوەیی ڕۆژێک زووتر کۆبێتەوەو ئەرکەکانی خۆی بە جێ بهێنێ، پارت و ڕێکخراو و نوێنەرانی دەزگاو کەسایەتیە نیشتمان پەروەرەکانی کوردستان کۆمیتەی ئامادەکاری کۆنگرەی نیشتمانی ساز دەکەن.

<u>ماددەی کاتی ٢:</u> کۆمیتەی ئامادەکاری بڕیار دەدات کەی و لە کوێ و بە چی شێوەیەک جڤاتی گشتی کۆدەبێتەوەو لەچەند ئەندام پێکدێ و چۆن بەشەکانی کوردستان و پارت و ڕێکخراوەکان نوێنەرێتی دەکرێن و چۆن ئەندامانی کۆنگرە هەڵدەبژێررێن.

<u>ماددەی کاتی ٣:</u> کۆمیتەی ئامادەکار بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی خۆی پەیڕەوێکی نێوخۆ بۆ خۆی ئامادە دەکات.

<u>ماددەی کاتی ٤:</u> کۆمیتەی ئامادەکار بۆ کۆبونەوەی گشتی پەیڕوو پرۆگرام و پەیڕەوی نێوخۆو دەستور ئامادە دەکات.

<u>مادەی کاتی ٥:</u> بە دەسپێکردنی کۆمیتەی گشتی و هەڵبژاردنی دیوانی کاتی ئەرکی کۆمیتەی ئامادەکار تەواو دەبێ و کۆمیتەکەش بەخۆی هەڵدەوەشێتەوە.

سەرۆکایەتی کۆنسێی بەڕیوەبەر

**بەیاننامەی کۆتایی کۆنفرانسی**

**بەرەو کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان**

**سلێمانی ٤ – ٥ / ١٢ /١٩٩٧**

خەباتی پڕ لە قوربانی گەلەکەمان زۆر لە مێژەو چەندین ڕاپەڕین و سەرهەڵدان و بەرخۆدانی خوێناوی بە خۆوە دیوە کە تا ئێستاش درێژەیان هەیە. بەڵام بەهۆی نەبونی ستراتیژێکی نەتەوەیی یەکگرتو لە خەباتیان دا قوربانییەکان بێ ئاکام و بەرهەم بوون. بارودۆخی ئەمڕۆی هەرێمی و جیهانی لە هەموو کاتێک لە بارترە بۆ بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان تا خەباتی گەلەکەمان بگوێزێتەوە بۆ ئاستێکی بالاتر و پێش کەوتوتر وە بە کۆمەڵ کارکردن لەهەموو پارچەکانی کوردستان دا.

لەپێناوی ئەم مەبەستەدا ڕۆژانی ٤-٥ /١٢ /١٩٩٧ کۆنفرانسی بەرەو کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان لە شاری سلێمانی باشوری کوردستان بە ئامادە بونی ١٦ حزب و چەندین ڕێکخراو و ژمارەیەکی زۆر لە ڕۆشنبیران و کەسایەتیە کۆمەڵایەتیەکان دا سازدرا.

لە کەشێکی سەربەست و ئازاد دا بێ جیاوازی بیرو بۆچون خواستی خۆیان دەربڕی. گەیشتە ئەم بڕیارانەی لای خوارەوە :

١- پشتگیری تەواو بۆ بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان لەساڵی ١٩٩٨ دا و بە زوترین کات.

٢- پێک هێنانی کۆمیتەی ئامادەکار لە نوێنەری حزب و ڕێکخراو و کەسایەتی ڕۆشنبیری وولات پارێز کە بەستراوە بە کۆمیتەی ئامادەکاری سەرەکی لە بڕۆکسل کە بە هەمان شێوە پێک دێ ڕۆژانی ١٣ - ١٤ ئەم مانگە.

٣- کۆنگرەی نەتەوەیی بێتە ناوەندی بڕیار بۆ داڕشتنی ستراتیژو دەستوری نەتەوەیی یەکگرتوو بۆ کاروباری پاراستنی ئاشتی نەتەوەیی و سەربازی و دبلۆماسی و ڕامیاری و ئابوری و زانستی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و مافی مرۆڤ.

دەستەی بەڕێوەبردنی کۆنفرانس

٦ / ١٢ / ١٩٩٧

سلێمانی

بەڵگەنامەی ژمارە (٢١٨)

22-JAN-98 12:10 DE- PEDV 10:39 9 047 00 49 PAGE 3/

## ڕاگەیاندنی یەکەمین کۆبوونەوەی کۆمیتەی ئامادەکاری کۆنگرەی

### نەتەوەیی

بە پێی بڕیاری کۆبوونەوەی گشتی ڕۆژەکانی ١٣ و ١٤ ی مانگی دیسەمبەری ساڵی ١٩٩٧، کە تێیدا ٢٩ کەس لە نوێنەرانی حیزب و ڕێکخراوە سیاسی و کۆمەڵایەتی و کەسایەتی سەربەخۆ وەک کۆمیتەی ئامادەکردنی کۆنگرەی نەتەوەیی هەڵبژێردرابوون، لە ڕۆژی ١٧ ی ژانویەی ١٩٩٨ دا کۆمیتە یەکەمین کۆبوونەوەی خۆی پێکهێنا.

کۆبوونەوە دوای پەسەند کردنی بەرنامەی کار، بە گشتی باروودۆخی کوردستان و ڕەنگدانەوەی کێشەی کورد لە دەرەوەی وڵاتی هەڵسەنگاند و هەڵوێستی ئەم دواییانەی پارلەمانی ئەورووپا و دەوڵەتی ئیتاڵیا و ئەڵمان و پاپای ڤاتیکان وهتد . . . ی بە قازانجی کێشەی کورد لە قەڵەمدا.

کۆبوونەوە هەروەها سەرەڕای گیروگرفتەکانی بزووتنەوەی کوردستان، هەلومەرجی بە لەبار زانی بۆ درێژەدانی بە مەبەستی یەکگرتنی هێزەکانی گەلی کورد و پێکهێنانی کۆنگرەی نیشتمانی "نەتەوەیی" بە بەشداری هەموو لایەک.

لە کۆبوونەوەدا دوو کۆمسیۆن بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی کۆمیتەی ئامادەکردن هەڵبژێردران:
١) کۆمسیۆنی کارگێڕ. ٢) کۆمسیۆنی پڕۆژەی بڕیارنامە و پەیڕەو. هەروەها کۆبوونەوە پاش باسێکی درێژ لە سەر مەسەلەی ماڵی بەو ئەنجامە گەیشت کە تا پێکهێنانی کۆنگرە، پارتی و ڕێکخراوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان، بە هاوکاری کەسایەتی نیشتمانپەروەر و ڕەسەنی جەماوەری گەلەکەمان پێداویستییەکانی ماڵی بۆ ڕاپەڕاندنی کاروبارەکان دابین بکەن.

کۆبوونەوە بڕیاری دا لە پەیوەندی گرتنی بەردەوام و بەرپرسیارانە لەگەڵ ئەو پارت و لایەن و کەسایەتیانەی کە تا ئێستا بەشدار نەبوون لە کۆبوونەوەکاندا. بۆ ئەم کارە کۆمسیۆنی کارگێڕی بەرپرسیار کرد کە لەگەڵ هەموو لایەنەکان پەیوەندی بگرێ و بە تایبەتی دوو هەیئەت دیاری کرا بۆ پەیوەندی گرتن لەگەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و پارتی دیموکراتی کوردستان-یەکگرتوو (عێراق).

لە کۆبوونەوەدا بڕیار دا گیرا لە سەر لە بەرچاو گرتنی پرنسیپە گشتییەکان، کە پێویستە لە پێکهێنانی کۆنگرەی نیشتمانی "نەتەوەیی" دا، بەرژەوەندی بەرزی نیشتمانی کوردستان و پاشان بەرژەوەندی ڕێکخراوەیی و کەسایەتی بخرێ.

کۆبوونەوە هەروەها ئەوەی دەست نیشان کرد کە کۆنگرەی نەتەوەیی دەبێ ڕەنگدانەوەی کۆمەڵی کوردستان بێ بە هەموو لایەنە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایینی و مەزهەبی و نەتەوەییەکانەوە.

کۆمیتەی ئامادەکاری کۆنگرەی نەتەوەیی
بڕۆکسل
١٩٩٨/١/١٧

بەڵگەنامەی ژمارە (٢١٩)

LI DERVEYÎ WELAT … IN EXILE

# پرۆژەی پەیڕەو و پرۆگرامی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان

(لە لایەن [illegible] پێشنیار کراوە)

**پێشەکی :**

ئێمە نوێنەرانی پارت و ڕێکخراوە سیاسی و کولتووری و کۆمەڵایەتییەکان و کەسایەتییە نیشتمانپەروەرەکانی کوردستان کە لە ڕۆژی .......... کۆبووینەوە و ئەم پەیماننامەی خوارەوەمان مۆر کرد .

نەتەوەی کورد یەک نەتەوەیە بە پرۆسەیەکی مێژوویی لە سەر خاکی کوردستان لە سەر بناغەکانی یەکێتی نیشتمان و زمان و کولتوور و هەستی نەتەوەیی و هیوا و ئاواتی هاوبەش بۆ داهاتوویەکی باشتر پەیدا بووە

[illegible]

لە کوردستاندا و لە پاڵ کوردا گەلان و کەمایەتی نەتەوەیی وەک ئاشووری ، ئەرمەن ، ئێزەدی ، تورکمان ، تورک ، عەرەب و فارس دەژین . ئەم گەلانەش [illegible]

[illegible]

١

بەڵگەنامەی ژمارە (٢٢٠)

سیاسەتانەوە ئەم گەلانە کە لە دێری کۆنەوە گەلانی [illegible] ژمارەیان کەمی
کردووە و ناچار بووە بە [illegible] کوردستان [illegible]
بە هیچ شێوەیەک [illegible]
ماڤەکانی [illegible] گەلی کوردستان [illegible]
[illegible] و دادوەری و
[illegible]
سەر خاکی [illegible] و [illegible] و ئاوارە کردن و
دەرکەون و [illegible] خۆی لە
پێش دەبرن .
خۆی سەرکەوتنی [illegible] ڕزگاریخوازی [illegible] کوردستان [illegible]
[illegible] سیاسەتی [illegible] لە
بزوتنەوە . [illegible] کوردستان [illegible]
[illegible] ئەوانەی [illegible] سیاسییەکان کوردستان و
[illegible] پارت و ڕێکخراوی سیاسی کوردستان
[illegible] کوردستاندا [illegible] و لە
سەربازی [illegible] ئەم کارە [illegible] سەربازیشیان
[illegible] گەلی کورد [illegible] لە جیاتی گەلی
ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان [illegible] تورک و فارسدا . سەرکەوتنی [illegible]
دیموکراسی لە دەوڵەتانی [illegible]
گەلی کورد و گەلانی [illegible] کوردستاندا [illegible]
[illegible]
چارەنووسی خۆی [illegible] ئازاد و سەربەست [illegible]
[illegible] گەلی کورد و [illegible]
[illegible] دیموکراسی و [illegible]
[illegible] ئاشتی و ئاسایش و [illegible]
بۆ چارەسەرکردنی [illegible]
[illegible]
[illegible] کوردستان [illegible]

پەیوەندیی بەڵگەکەی :

کوردستان ، گەلی کوردستان ، [illegible] کوردستان ، [illegible]
و مافی [illegible] چارەنووس

[illegible] بەڵگەکەی :

٢

بەڵگەنامەی ژمارە (٢٢٠)

٥ - کوردستان ئەو وڵاتەیە کە گەلی کورد بە هەموو [illegible] و [illegible] زاراوە و

[illegible]

ب - کورد

ت - گەلانی ئاشووری ، سریانی و ئەرمەنی [illegible] لە کوردستان دەژین .

[illegible] کوردستان دەدەن .

[illegible]

ماددەی دووەمین : هاوڵاتیتی کوردستان و مافە بنەڕەتییەکانی

أ - هاوڵاتیانی کوردستان بە واتای سیاسی و [illegible] هەموو ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە گەلی کوردستان پێک دەهێنن [illegible]

[illegible]

ب - [illegible]

[illegible]

پ - زمانی کوردی زمانی ڕەسمی کوردستانە .

ت - [illegible]

[illegible]

ماددەی سێیەمین : [illegible]

٢

بەڵگەنامەی ژمارە (٢٢٠)

ب ـ گەلی کوردستان وەکو هەموو گەلانی تر خاوەنی مافی بڕیاردانی چارەنووسی خۆیەتی .
پ ـ گەلی کوردستان تەنیا بە خۆی و بۆ هەمیشە و بەشێوەیەک کە قابیلی دابەشکردن نییە خاوەنی خاک و ئاسمان و ئاو و کانزاکانی سەر زەمین و ژێر زەمینی کوردستانە و لەم رێگایە کەس خاوەنی سەروەرییەتی نییە بەسەر کوردستاندا نیە .
ت ـ ئەگەر گەلی کوردستان دەیەوێ لە گەڵ گەلێک یا زیاتر لە گەلانی دراوسێ دەولەتێکی فیدرالی دابمەزرێنێ ، ئەوا لە ژێر خواستی خۆی دەتوانێ بەشێک لە مافەکانی خۆی لە رێگای سازانی دەستوورییەوە و سەروەرییەکەیدا لە گەڵ دەولەتی تازە پێکهاتوودا دابەش بکات .

بەشی دووەمین : پرەنسیپە گشتییەکان و ئامانجەکانی کۆنگرە

ماددەی چوارەمین : پرەنسیپە گشتییەکان

ئا ـ بەرژەوەندییەکانی گەلی کوردستان بناغەی بەرژەوەندی پارتە سیاسییەکانی کوردستان دێن و بەرژەوەندییەکانی کوردستان و گەلی کوردستان لە سەرووی بەرژەوەندی هەر پارچەیەکی کوردستان بەتەنیا دێن
ب ـ هیچ پارت و رێکخراو و کەسێک و لە هیچ هەلومەرجێکدا بۆی نییە پەیوەندی لەگەڵ دەولەتێکی داگیرکەری بەشێک لە خاکی کوردستان و ئەو دەولەتانی پشتی ئەم داگیرکەرییە دەگرن بکات و دەستی یارمەتییان بۆ درێژ بکات .
پ ـ کۆنگرەی نەتەوەیی هەموو هاوکاری و دەستێوەردانێک لە گەڵ دەولەتانی داگیرکەردا دژی بزاڤی رزگاریخوازی نەتەوەیی بە خۆفرۆشی و خیانەت دادەنێ . دە راوێژی و تێپەڕبوون و پەیوەندی دیپلۆماسی و ئابووری و سیاسی لەگەڵ هێزی ناوچە جوگرافییەوە دەگەڕێتەوە بۆ بڕیار و چاودێری کۆنگرە .
ت ـ کۆنگرەی نەتەوەیی بە شەڕی نێوخۆیی نێوان و رێکخراوە کوردستانییەکان تاوانبار دەکا و رەتی دەکاتەوە .
ج ـ کۆنگرەی نەتەوەیی رێکەوتننامەی جیهانی بۆ مافی مرۆڤ و ئاشتی و دیموکراسی بە بنگە بۆ خۆی دەگرێ .

ماددەی پێنجەمین : ئامانجەکانی کۆنگرە

ئا ـ کۆنگرە بە کۆکردنەوەی پارت و رێکخراو و دەزگا سیاسی و کۆمەلایەتییەکانی کوردستان لە چوارچێوەی دەزگایەکی نەتەوەییدا دەبێتە نوێنەرایەتی گەلی کوردستان و ئیرادەی یەکگرتووی کایەوە .
ب ـ لە نێوبردنی دەسەلاتی داگیرکەری و کۆلۆنیالی لە کوردستاندا و گەیاندنی بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان بە سەرکەوتن
پ ـ بەهێزکردنی رۆحی هاوکاری و هاوخەباتی لە نێوان پارچەکانی کوردستاندا لە سەر بناغەی یەکێتی نەتەوەیی و لە ژێر بەرژەوەندی بالای گەلی کوردستان .
ت ـ لە نێوبردنی شەڕ و بەربەرەکانێی نێوان پارتە سیاسییەکانی کوردستان و لایەنگرانیان و چارەسەرکردنی ناکۆکی و گرفتەکانیان لە ژێر بەرژەوەندی

٤

بەڵگەنامەی ژمارە (٢٢٠)

ئەتەوەیی گەلی کوردستان و [illegible] سیاسی و [illegible]
لە جیهاندا .
٥ - پشتگیری کردنی خەباتی [illegible] گەلی [illegible] و هەوڵ دەدات بە چارە سەری و [illegible] بورژوازی [illegible] .
٦ - پشتگیری کردنی خەباتی [illegible] لە [illegible] پارچەکانی کوردستاندا و [illegible] چارە سەری سیاسیدا
٧ - پاراستنی [illegible] گەلی کوردستان لە [illegible] و پێکخراوە [illegible] لە نێوان پێکخراوە سیاسییەکانی کوردستاندا [illegible] گەلی کوردستان لە و ئاستەدا .
٨ - پشتگیری کردنی چارە سەرکردنی [illegible] ناوچەی دۆستایەتی و برایەتی [illegible] گەلانی کورد و [illegible] و فارس .
٩ - بەهێزکردنی دۆستایەتی لە نێوان [illegible] گەلانی [illegible] تورک و فارس و هەموو گەلانی جیهاندا .
١٠ - پاراستنی ئازادی و [illegible] لە کوردستاندا .
١١ - بۆ پاراستنی [illegible] زمان و کولتووری کورد کۆنگرە هەوڵ دەدات [illegible] بە زمان و کولتوور و [illegible] و بۆ بووژانەوەی کولتووری [illegible] لە نێوان [illegible] دەکات .
١٢ - کۆنگرە لە گەڵ [illegible] گەلی کوردستان و بۆ [illegible] کورد [illegible] بە کار و چالاکی [illegible] دەدات .
١٣ - کۆنگرە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی [illegible] پرۆگرام و قانوونی ناوخۆ [illegible] دەکات
١٤ - ئامانج و چالاکییەکانی کۆنگرە [illegible] پارت و بەرە و پێکخستندا کوردستان .

بەشی سێیەمین : ئەندامانی کۆنگرە و سوێند


ماددەی شەشەمین :

١ - ئەو پارت و پێکخراو و [illegible] مۆر کردووە [illegible] کۆنگرە [illegible] .
٢ - [illegible] کۆنگرە [illegible] پارچەیەکی کوردستان [illegible] پێوە دەچێ .

ماددەی حەوتەمین :

٥

بەڵگەنامەی ژمارە (٢٢٠)



[illegible]

... کوردستان ... [illegible]

[illegible]

بەشی چوارەمین : دەزگاکانی کۆنگرە

مادەی هەشتەمین : دەزگاکان

١- کۆنگرە لەم دەزگایانەی خوارەوە پێکدێ
٢- هاڵی گشتی
٣- سەرۆکایەتی
٤- ئەنجومەنی نەتەوەیی کوردستان
٥- دەستەی بەڕێوەبەر
٦- نووسینگەی باشووری کوردستان
٧- نووسینگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان
٨- نووسینگەی باکووری کوردستان
٩- نووسینگەی باشووری ڕۆژئاوای کوردستان
١٠- نووسینگەی گەلانی کوردستان
١١- نووسینگەی کوردی قەفقاز
١٢- نووسینگەی کوردی دەرەوەی وڵات
١٣- کۆمسیۆنی ماف و دادوەری
١٤- کۆمسیۆنی پەیوەندییەکانی دەرەوە
١٥- کۆمسیۆنی حیزب و ڕێکخراو
١٦- کۆمسیۆنی ئابووری
١٧- کۆمسیۆنی دارایی
١٨- کۆمسیۆنی ڕاگەیاندن و کولتوور
١٩- کۆمسیۆنی بەرگری
٢٠- کۆمسیۆنی ژنان
٢١- کۆمسیۆنی لاوان
٢٢- کۆمسیۆنی پەروەردە و فێرکردن

٦

بەڵگەنامەی ژمارە (٢٢٠)

ت ـ کۆمسیۆنی ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوە

ـ ئەندامانی ئەم [illegible] بۆ ماوەی دوو ساڵ هەڵدەبژێردرێن .

ماددەی نۆیەمین : [illegible] گشتی

١ ـ [illegible] گشتی بۆ [illegible] هەموو [illegible] کۆنگرە و ساڵی جارێک کۆدەبێتەوە . لە سەر داواکاری [illegible] ئەنجومەنی نەتەوەیی ، کۆبوونەوەی [illegible] پێک دێت [illegible] ئەندامەکانی [illegible] دەبێت . لە [illegible] ئەنجومەنی نەتەوەیی دەتوانێ کۆبوونەوەی [illegible] گشتی [illegible] دوابخات .
٢ ـ [illegible] گشتی بە زۆرینەی ئەندامەکانی کۆدەبێتەوە و بڕیار دەدا .
٣ ـ لە هەموو [illegible] و [illegible] کۆبوونەوە لە سەرۆک ، دوو جێگری سەرۆک و [illegible] کۆبوونەوە [illegible] لە لایەن ئەندامانی [illegible] گشتییەوە هەڵدەبژێردرێن .
٤ ـ [illegible] گشتی ئەم دەسەڵاتانەی خوارەوەی هەیە :
ـ [illegible] لە [illegible] ئەندامانی ئەنجومەنی نەتەوەیی ، ئەندامانی هەموو ئەو دەزگایانەی لە [illegible] ماددەی [illegible] باسیان لێوە کراوە ، هەڵدەبژێرێ .
ـ [illegible] و پێشنیارەکان [illegible] بە [illegible] کۆنگرەوە وەک بڕیار پەسەند دەکات .
ـ بڕیار لە سەر [illegible] سەرۆکایەتی کۆنگرە و ئەنجومەنی نەتەوەیی و [illegible] دەدات .
ـ [illegible] بە زۆرینەی دەنگ [illegible] و [illegible] .

ماددەی دەیەمین : سەرۆکایەتی

١ ـ سەرۆکایەتی لە سەرۆک و جێگر [illegible] دەدا و پێکدێ .
٢ ـ سەرۆک بە زۆرینەی دەنگ هەڵدەبژێردرێ . [illegible] سەرۆک بە پێشنیازی سەرۆک لە لایەن [illegible] گشتییەوە هەڵدەبژێردرێ .
٣ ـ ئەرکەکانی سەرۆک :
ـ [illegible] گشتی و ئەنجومەنی نەتەوەیی و [illegible] .
ـ سەرۆکایەتی [illegible] ئەنجومەنی نەتەوەیی و [illegible] دەکات .
ـ [illegible] کۆنگرە [illegible] کۆنگرە دەکات .
ـ لە کاتی [illegible] سەرۆکدا جێگرەکانی ئەرکەکانی [illegible] .

ماددەی یازدەمین : ئەنجومەنی نەتەوەیی کوردستان

١ ـ ئەنجومەنی نەتەوەیی کوردستان لە دوای [illegible] گشتی [illegible] ترین [illegible]

٧

بەڵگەنامەی ژمارە (٢٢٠)

بڕیاردانە و لەم کەسانەی خوارەوە پێکدێ :
سەرۆکی کۆنگرە ، جێگرانی سەرۆک ، سەرۆکانی لیژنەکان و دەستە و کۆمسیۆنەکان
نوێنەری پارتە سیاسی و ڕێکخراوەکانی ئەندامی کۆنگرە ، سەرۆکانی پەرلەمان
و حکومەت و دەسەڵاتی [illegible] لە هەر پارچەیەکی کوردستاندا
[illegible] ئەندام [illegible] کۆنگرە [illegible] .
ب- ئەنجومەن [illegible] بۆ کوردستان [illegible] کردە بێتەوە .
سەرۆک یان جێگری سەرۆک [illegible] کۆبوونەوە [illegible] . لە سەر داخوازی
کۆمیتەی بەڕێوە بەر یان [illegible] ئەندامانی کۆبوونەوە [illegible]
کۆبوونەوەکان [illegible] دەبەستێن .
ج- سەرۆکی کۆنگرە [illegible] سەرۆکایەتی [illegible] دەکات .
د- [illegible] بۆ کوردستان [illegible] :
١- لە [illegible] بۆ کوردستان
لە هەموو بارێکدا [illegible] کۆنگرە [illegible] بگرن .
٢- ڕاپۆرت و پێشنیارەکانی کۆمیتەی بەڕێوەبەر [illegible] تاوتوێ
دەکات و بڕیاریان لەسەر دەدات .
٣- [illegible] پارت و گرووپە سیاسییەکانی کوردستان [illegible]
دەکات .
٤- بودجەی کۆنگرە تاوتوێ دەکات [illegible] دەکات [illegible]
٥- چاودێری کار و [illegible] کۆمیتەی بەڕێوەبەر دەکات .

ماددەی دوازدەمین : کۆمیتەی بەڕێوەبەر

أ- کۆمیتەی بەڕێوەبەر لە سەرۆکی کۆنگرە و جێگرەکانی و [illegible] و
دەستە تایبەتییەکان [illegible] پێکدێ
ب- سەرۆکی کۆنگرە [illegible] کۆمیتەی بەڕێوەبەرە .
ج- کۆمیتەی بەڕێوەبەر [illegible] کردە بێتەوە . سەرۆک یان یەکێ لە
جێگرەکانی [illegible] دەبێت
د- ئەرکەکانی کۆمیتەی بەڕێوەبەر ئەمانەن :
١- بڕیارەکانی [illegible] دەکات .
٢- [illegible] دەکات .
٣- بودجە ئامادە دەکات و لە دوای [illegible] دارایی
بە ڕادەی [illegible] دەکات .
٤- ڕاپۆرت و پێشنیاری [illegible] پێویست لە
بارە [illegible]
[illegible] کان دەکات .
٥- [illegible]
[illegible] .
٦- لە [illegible] و [illegible]
کۆنگرە [illegible] دەکات .

ماددەی سیازدەمین : [illegible] کان و کۆمسیۆنە تایبەتییەکان

٨

بەڵگەنامەی ژمارە (٢٢٠)

ك- هەر نووسینگە و کۆمسیۆنێك لە [illegible]
ئەندامەکان لە لایەن [illegible] ئەندامی یەدەك پێکدێن .
ل- هەر نووسینگە و کۆمسیۆنێك لە نێوان ئەندامەکانیدا سەرۆکێك و جێگری سەرۆك بۆ خۆی هەڵدەبژێرێ . سەرۆکی هەڵبژێراو لە هەمان کاتدا ئەندامی ئەنجومەنی نەتەوەیی و کۆنگرەی بەڕێوەبەر دەبێ .
م- نووسینگە و کۆمسیۆنەکان هەر دوو مانگی جارێك کۆدەبنەوە و بڕیارەکانیان بە زۆرینەی دەنگ وەردەگرن .
ن- ئەندامانی نووسینگە و کۆمسیۆنەکان ناتوانن ئەندامی زیاتر لە دوو دەزگا بن .
و- نووسینگە و کۆمسیۆنەکان پلان و پرۆژە و بڕیارەکانیان بۆ کۆنگرەی بەڕێوەبەر دەنێرن .

مادەی چواردەمین : ئەرکی نووسینگە ناوچەییەکان

أ- هەر نووسینگەیەك لە ناوچەکەی خۆی زانیاری کۆ دەکاتەوە . لە کێشە و مەسەلەکانی ئەو ناوچەیەی کە نوێنەرایەتی دەکات دەکۆڵێتەوە و هەوڵی دۆزینەوەی چارەسەریان بۆ دەدات و پلان و پێشنیارەکانی ئاراستەی کۆنگرەی بەڕێوەبەر دەکات .
ب- نووسینگە ناوچەییەکان کارەکانیان هەماهەنگییە و پێشنیارەکانی تایبەت بە ناوچەکەیانەوە ئاراستەی کۆمسیۆنە تایبەتییەکان دەکەن .
ج- هەر نووسینگەیەك بۆی هەیە لە دەسەڵاتی تایبەتمەندی ناوچەکەیەوە بخاتە پێشەوە لە ئەنجامدانی کار و خەباتی کۆنگرەی بەڕێوەبەر و ئەنجومەنی نەتەوەیی کوردستانەوە .

مادەی پازدەمین : کۆمسیۆنە تایبەتییەکان

أ- کۆمسیۆنی ماف و دادوەری :
لە پرۆژەی قانوون و بڕیار دادەنێ و بە لێکدانەوەی قانوونییەوە ئاراستەی کۆنگرەی بەڕێوەبەری دەکات .
لە بۆ وە دیفاعی مافەکانی کوردستان خەبات و چالاکی پێویست دەنوێنێ

ب- کۆمسیۆنی پەیوەندییەکانی دەرەوە لە بواری پەیوەندی دەرەوەدا لێکۆڵینەوەی پێویست دەکا و بۆچوون و پێشنیارەکانی خۆی لە بارەی کاری دیپلۆماسی و ناساندنی [illegible] بە کۆنگرەی بەڕێوەبەر دەکات .
ج- کۆمسیۆنی جیۆپۆلیتیك باری جیۆپۆلیتیکی کوردستان لێکدەداتەوە و بیر و بۆچوونی خۆی لە سەر پرۆسێسە سەرەکییەکانی ستراتیژی [illegible] ئاراستەی کۆنگرەی بەڕێوەبەر دەکات بۆ ئەوەی [illegible] ئەنجومەنی نەتەوەیی بکات .

د- کۆمسیۆنی ئابووری سامان و کانزاکانی سەر زەوی و ژێر زەوی کوردستان لێکدەداتەوە و [illegible] پلانی پێشخستنی کوردستان ئامادە دەکات .
ه- کۆمسیۆنی دارایی خەرج و داهاتەکان لێکدەداتەوە و پێشنیار و دیتنی خۆی بۆ

٩

بەڵگەنامەی ژمارە (٢٢٠)

[illegible]

بەشی پێنجەمین : چارەسەرکردنی ئاوارە و بەدبەختانی ناوە کوردستانییەکان

ماددەی شازدەمین :

[illegible]

١٠

بەڵگەنامەی ژمارە (٢٢٠)

مادده ی حه‌ڤده‌یه‌م :

جڤاتی گشتی له کۆبوونه‌وه‌ی ژماره ... خوێندنه‌وه له ڕۆژی ... دوای گفت و گۆ و دان و ستاندن ئه‌م پرۆگرام و په‌یڕه‌وه‌ی که له پێشه‌کی و ٦٢ مادده پێکهاتووه بریاردا.

مادده کاتییه‌کان :

مادده ی کاتیی ١ :

[illegible]

مادده ی کاتیی ٢ :

[illegible]

مادده ی کاتیی ٣ :

[illegible] ئاماده ده‌کات

مادده ی کاتیی ٤ :

[illegible]

مادده ی کاتیی ٥ :

[illegible]

[illegible]

١١

به‌ڵگه‌نامه‌ی ژماره (٢٢٠)

# سەرچاوەکان

# سەرچاوەکان

**به كوردي:**


١. ئاسۆ کەمال: کۆمۆنیزمی نویێ، سلێمانی، ٢٠٢٠.

٢. ئاسۆس هەردی: تورکیا چی دەوێ؟ "میساقی میللی" چیە؟، سایتی پەیسەر، ٢٠٢٠، https://www.peyserpress.com/wtardetail/467

٣. ئدریس سیوەیلی: ڕیشەو مێژووی سەرهەڵدانی سەلەفیەت لە هەرێمی کوردستان، دیبلۆماتیک مەگەزین، ٢٠١٩، http://diplomaticmagazine.net/politics/1685

٤. ئەلیزا مارکۆس: مێژووی پەکەکە، وەرگێڕانی: ماجید خەلیل، چاپخانەی گەنج، سلێمانی ٢٠١٤.

٥. ئەیوب حەسەن: تورکیا دۆستێکی ئابوری یان دوژمنێکی سیاسی، سایتی دیپلۆماتیک مەگەزین، شوباتی ٢٠١٨. http://diplomaticmagazine.net/politics/128

٦. بەهائەدین نوری: پرسی کورد و ئەزموونی کوردستان، چاپخانەی زانا، سلێمانی ٢٠١٨.

٧. بەختیار عبدالله کریم:ڕاپەڕین وەک دەروازەیەک بۆ سەرهەڵدانی ڕێکخراوە ناحکومەیکان لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا ١٩٩١-٢٠١٥.

٨. بەهمەن سەعیدی: سێ ساڵ لەگەڵ ئیبراهیم عەلیزادە سکرتێری کۆمەڵە، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٩.

٩. پارتی دیموکراتی کوردستان - عێراق، مەکتەبی سیاسی، ژمارە ٥٣٦، ١٩٩٣/٧/٩.

١٠. پلانگێڕی نێودەوڵەتی دژ بە عەبدوڵا ئۆجەلان: ئامادەکردنی کۆمیتەی ڕاگەیاندی پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان، چاپی دووەم، ناوەندی توێژینەوەی جەمیل ڕۆژبەیانی، چاپخانەی پیرەمێرد، سلێمانی ٢٠١٦.

١١. پەیڕەوی ناوخۆ : https://web.archive.org/web

١٢. پەیرەوی ناوخۆی بزووتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان . http://ashte.org/index/?p=84

١٣. پەیوەندیەکانی پەکەکە بە یۆنان و قوبرسەوە، وەرگێرانی لە تورکیەوە: شنۆ هیرانی، بەشی نۆیەم، سایتی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، تشیرینی دووەمی ٢٠١٩،https://knwe.org/?p=55214

١٤. جەمیل بایک: مێژوویەک لە ئاگر، ئامادەکردنی: حەسەن جودی، بەرگی یەکەم، بێ شوێنی چاپکردن، چاپی چوارەم – ٢٠١٧.

١٥. حەسەن رەحمان پەنا: عەبدوڵای موهتەدی بە واتایەکی دیکە، وەرگێرانی: جەلال حەسەن زادە، ئینتشاراتی مەرکەزی کۆمەڵ، ١٣٨٩.

١٦. خانزادی سۆران و ئەدەبی زارەکی لە دوو توێژینەوەی مێژوویدا، ٢ سەعد عوسمان هەروتی: هەولێر، ئەکادیمیای کوردین ٢٠١٨.

١٧. خۆشەڤی حەسۆ: گۆرانکارییەکانیکوردستانیعێراق پەیوەندییەکانیتورکیاوعێراق ١٩٩٠-٢٠٠٥. چاپخانەی دەزگای ئاراس،هەولێر، ٢٠٠٨.

١٨. د. سەروەر عەبدولرەحمان عومەر: حزبی شیوعی عێراق و مەسەلەی کورد ١٩٣٤ - ١٩٧٥، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی ٢٠١٩.

١٩. د.یوسف گۆران و ئەوانی تر: جێکەوتەی جەمسەربەندییە هەرێمییەکان لەسەر عێراق و هەرێمی کوردستان، ڕانانی ئایندەیی، ژمارە: ٦، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی، تەمووزی ٢٠٢٠، https://www.centerfs.org

٢٠. دەیڤد ماکداول: مێژووی هاوچەرخی کورد، وەرگێرانی: ئەبوبەکر خۆشناو،ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی سێیەم، هەولێر٢٠١٩.

٢١. دیار غەریب: کورتە مێژوویەکی عێراق و باشوری کوردستان، بێ شوێنی چاپکردن، چاپی دووەم ٢٠١٩.

٢٢. دەوڵەتی تورک ٣٧ ساڵە لە باشووری کوردستان کۆمەڵکوژی ئەنجام دەدات، ئاژانسی هەواڵی فوراد نیوز (ANF NEWS)، حوزەیرانی ٢٠٢٠.https://anfsorani.com/%DA%A9%D9%88%D8%B1%D8%AF%D8

٢٣. رابرت السن: پەیوەندی ئێران و تورکییە و مەسەلەی کورد، وەرگێرانی: حامید رەشیدی زەرزا، چاپی ئەلیکترۆنی،بڵاوکراوە لە ماڵپەڕی پێشمەرگە، ٢٠١٣/١٠/٢.

٢٤. ڕێکەوت ئیسماعیل: چاوپێکەوتن لەگەڵ سەبری ئۆک، گۆڤاری کوردستان دیبلۆماتیک، ژمارەی ٣٢ – ٣٣، نیسانی ٢٠١٩.

٢٥. ڕێناس پیرۆت محمد : شەڕی ناوخۆ لە قەڵادزێ (١-٢ی مایسی١٩٩٤) توێژینەوەی دەرچون، بەشی مێژوو، کۆلیجی وانست مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی، (بڵاونەکراوە)، ٢٠٢٠.

٢٦. زاگرۆس ئەحمەد: مێژووی عێراق ١٩١٤- ١٩٥٨، چاپخانەی میدیا، چاپی یەکەم ٢٠١٨.

٢٧. سالار ڕەشید: مێژوویەک لە یادەوەریدا: دیدار سەبارەت بە مێژووی چەپ و کۆمۆنیزمی نوێ لە کوردستاندا، دەزگای چاپ و پەخشی سەدەم سلێمانی،٢٠١٥.

٢٨. سديق سالح سەرپۆتێکی ژیانامەی هەمزە عەبدوڵلا. https://www.khaktv.net/profile-detail.aspx?jimare=2040
٢٩. سەلام عبدلکەریم و ماجد خەلیل فتاح: پارتی کرێکارانی کوردستان PKKلە پەیوەندیەکانی تورکیا و ئیسرائیلدا
٣٠. سەلام عەبدولکەریم: پارتی کرێکارانی کوردستان PKKلە پەیوەندیە هەرێمییەتیەکانی تورکیادا (١٩٨٠ – ١٩٩٩)، نامەی دکتۆرا، پێشکەشی بەشی مێژوو -کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان/زانکۆی سلێمانی کراوە،بلاوکراوە،٢٠١٤.
٣١. شازاد ئەنوەر: نامەیەکی کراوە لەرێی مامۆستا بەهادین نوری، بۆ سەرکردایەت هاوپەیمانی کوردستان، سلێمانی، ١٩٩٨/٢/٢٥.
٣٢. شەریناوخۆیکوردستانیعێراقچۆندەستیپێکردوکێلێیبەرپرسیارە،بەرگییەکەم،چاپییەکە م،بڵاوکراوەیمەکتەبیناوەندیدیراساتوتوێژینەوەیپارتی،ژمارە٣٩،هەولێر،١٩٩٧.
٣٣. ع ـ شریف زادە: کۆنگرەی نەتەوەیی لە پێناوی چی؟، مەڵپەری پ.م نیوز، تەموزی ٢٠١٣ ، https://pmnews.se/?p=29729
٣٤. عەبدوڵا ئۆجەلان: ئورفا مێژوو پیرۆزی و نەفرەت، وەرگێرانی: لوقمان عەبدوڵا، چاپخانەی کارۆ، ناوەندی توێژینەوە و هزری شەهید ئارام، چاپی یەکەم، سلێمانی٢٠١٧.
٣٥. عوسمان سەنگەسەری: بەشێک لە ژیانی سەرکردە نەمرەکانی کورد،چاپخانەی سیما، سلێمانی ٢٠١٤.
٣٦. عەبدول رەحمان قاسملۆو هاورێکەی: پەنجا ساڵ خەبات لە پێناوی کوردستان.
٣٧. غازی فەیسەڵ غەدیر: هەڵوێستی حکومەتەکانی تورکیا لەبەرامبەر کێشەی کورد١٩٢٣ – ٢٠١٣، وەرگێرانی: بەرزانی مەلا تەها،سەرچاوە:مجلة المستنصريه للدراسات العربيه والدوليه،ناوەندی میللەت بۆ توێژینەوە، ئابی ٢٠١٦، https://milletpress.com/
٣٨. فەرهاد عێراقی: کوردستانی عێراقو تیرۆری نەیارانی سیاسی ئێرانی، بێ شوێنی چاپ کردن، ٢٠٠١.
٣٩. کریس کۆچێرا: بزوتنەوەی نەتەوەی کورد و هیوای سەربەخۆیی، وەرگێران: ئەکرەمی میهرداد، سەنتەری چاپ و پەخشی تەما، ٢٠٠٢، سلێمانی
٤٠. کوردستانی نوێ "رۆژنامە"، ژمارە(١٩٦)، ١٩٩٢/٩/٢١.
٤١. کوردستانی نوێ "رۆژنامە"،(٤٤٧)، ١٩٩٣/٧/٢٨

٤٢. کوردستانی نوێ. ڕۆژنامە. ژمارە (١٣٥١)، ١٩٩٦/٨/٥
٤٣. کوردستانی نوێ. ڕۆژنامە. ژمارە (١٣٥٢)، ١٩٩٦/٨/٦
٤٤. کەریم زەند: حیزبی شیوعیی عێراقی ١٩٣٤، دەستنوس.
٤٥. گەیلان عەباس: هێرشەکانی تورکیا بۆسەر هەرێمی کوردستان لێکەوتەو سیناریۆکان، ژوری توێژینەوەکانی بزوتنەوەی گۆڕان_گۆشەی سیاسی، ئابی ٢٠٢٠.
٤٦. گۆردۆن تۆماس: نهێنیەکانی مۆساد، وەرگێرانی لە هۆڵندیەوە: شەفیقی حاجی خدر، چاپخانەی هێڤی، هەولێر ٢٠٠٨
٤٧. گەراس ئارِ. ڤی. ستانسفێڵد: کوردستانی عێراق پەرەسەندنی سیاسی و پشکووتنی دیموکراسی، وەرگێرانی: یاسن سەردەشتی، چاپخانی سیڤا، سلێمانی٢٠١٠ .
٤٨. مارتن ڤان برونەسن : ئاغاو شێخ و دەولەت، وەرگێرانی: کوردۆ، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، سلیمانی.١٩٩٩.
٤٩. مام جەلال: دیداری تەمەن، ئامادەکردنی: سەلاح رەشید،چاپخانەی کارۆ، بەشی دووەم، چاپی سێیەم٢٠١٧.
٥٠. محەمەد فاتیح : حزب و ڕێکخراوە سیاسییە عێراقییەکان ١٩١٠ - ٢٠١٠، ئەکادیمیایی هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران، سلێمانی ٢٠١٢.
٥١. محەمەد ئەمین پێنجوێنی: چاوپێکەوتن، سلێمانی، ٢٠٢١/١/٢٦
٥٢. محەمەدعەلیئیسماعیل،بیرەوەریەکانم،حەفتاساڵلەتەمەن وزیاترلەنیوسەدەخەبات، چاپییەکەم،٢٠١٩، هەولێر.
٥٣. مستەفا چاوڕەش: یادەوەرییەکان، چاپخامەی سەردەم، چاپی سێییەم، سلێمانی ٢٠١٧.
٥٤. مەڵپەڕی یەکیەتی نەتەوەی دیموکراتی کوردستان، www.yndk.com)
٥٥. موراد یەتکین: پەیوەندییەکانی پەکەکە بە یۆنان و قوبرسەوە،وەرگێرانی لە تورکیەوە: شنۆ هیرانی، بەشی نۆیەم، سایتی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ،https://knwe.org/?p=55214
٥٦. نادر ئینتسار: ئیتنۆنەتەوایتی کورد، وەرگێرانی: عەتا قەرەداغی، چاپخانەی تیشک، سلێمانی، ٢٠٠٤.
٥٧. نەوشیروان مستەفا: -کێشەی پارتی و یەکێتی، ئامادەکردنی: لوقمان عەباس، هانکۆ -فینلاند، ١٩٩٥.

٥٨. نیاز سەعید علی: دیاردەی ئیسلامی سیاسی و ڕەوتی ئیسلامی سیاسی لە کوردستانی عێراق، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی، ٢٠١٠.
٥٩. هێرش عەبدوڵا حەمەکەریم: پەیوەندیە سیاسیەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و دەوڵەتانی دراوسێ ئێران و تورکیا و سوریا ١٩٩١-٢٠٠٣، چاپخانەی تاران – ئێران، ناوەندی ئەندێشە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم ٢٠١٣.

**بە عەرەبی**

٦٠. احمد شاكر العلاق: منظمة مجاهدين خلق (مجاهدي الشعب) ودورها السياسي في ايران ١٩٦٥ – ١٩٧٥م المركز الديمقراطى العربى٢٩. نوفمبر ٢٠١٩.
٦١. اركان حمه امين الزرداوى: نشاة و تطور الجمعيات والاحزاب والتيارات السياسة الكوردية فى العراق، دار جيا للطباعة والنشر، بغداد، ٢٠٠٩.
٦٢. اسامة الغزالي حرب: الاحزاب السياسية في العالم الثالث، دار المعرفة، الكويت، ١٩٨٧.
٦٣. اسماعيل ميهوبى، امينة بوعفان: فعالياه المنظمات غير حكومية بالمجتمع المدنى وتاثيرهاعلى التنمية الاجتماعية.
٦٤. امير امين: حول موقف كريم احمد عند أسره في أحداث بشتاشان..! الحوار المتمدن، https://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=637223
٦٥. انغاروغ: الكورد العراقيون فى رحلة البحث عن مستقبل فى العراق، عن الكورد اليوم: حسين اوكيجين اوغلو واخرون، ت/ غسان نعمان، مؤسسة حمدى ، سليمانية ٢٠٠٧.
٦٦. انيا لومبا ١٧٣ في نظرية الاستعمار وما بعد الاستعمار الادبية، ترجمة: محمد عبدالغنى غنوم، دار الحوار، ٢٠٠٧.
٦٧. ايريک هوبزباوم: العولمة والديمقراطية والارهاب، ترجمة: اكرم حمدان و نزهت طيب، الدار العربية للعلوم ناشرون، ٢٠٠٩.
٦٨. بهاء الدين نوري: مذكرات، سبتمبر,٢٠١٦، http://bahadeen.com/?p=415.
٦٩. تيم نبلوک: لعقوبات و المنبوذون فى الشرق الاوسط، العراق, ليبيا, السودان، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت،٢٠٠١.
٧٠. جليلي جليل وآخرون: الحركة الكوردية في عصر الحديث، ت: عبدي حاجي، دار الرازي، بيروت ١٩٩٠.

٧١. جوناثان راندل: امة في شقاق، دروب كوردستان كما سلكتها، ترجمة: فادي محمود، دار النهار، بيروت، ١٩٩٧.
٧٢. حامد محمود عيسى: المشكلة الكورديه فى شرق الاوسط، مگبعه المدبولى، القاهرة، ١٩٩١.
٧٣. الحرب الأهلية الأفغانية، https://www.marefa.org
٧٤. الحرب الأهلية الجزائرية.https://www.marefa.org
٧٥. حنا بطاطو: العراق، الحزب الشيوعى ، الكتاب الاثانى، ترجمه عفيف الرزان، مؤسسة الابحاث العربية
٧٦. خالد حسين سلطان: صعود وسقوط الحزب الشيوعي العراقي، الراى اليوم، https://www.raialyoum.com/index.php /
٧٧. رزگار عقراوي: الشيوعيه العمالية، الحكمتى, الى اين؟ https://ssrcaw.org/ar/show.art.asp?aid=313670#null
٧٨. رواء محمد على: سياسة التدخل الامريكى فى شمال العراق، رساله ماجستير، كلية العلوم السياسية، جامعه بغداد، ١٩٩٨.
٧٩. سميه جنى: صدام حسين وسيسته تجاه الاكراد، جامعه محمد خيضر بسكره، كليه العلوم الانسانيه والاجتماعيه، قسم العلوم الانسانيه، شعبه التاريخ، ٢٠١٤-٢٠١٥، رسالة ماجستير غير منشورة.
٨٠. شيركو فتح الله عمر: الحزب الديمقراطي الكوردستاني والحركة التحرر القومي الكوردية في العراق، ١٩٤٦-١٩٧٥، مطبعة روان، السليمانية، ٢٠٠٤.
٨١. شەمال عادل سليم: بين قيادة شيوعية مترهلة ومتأمرين ...الضربة الغادرة في فرصة السطوع ٢، البديل العراقى، http://www.albadeeliraq.com/ar/node/2086
٨٢. شەمال عادل سليم: بين قيادة شيوعية مترهلة ومتأمرين ...الضربة الغادرة في فرصة السطوع (٣)، البديل العراقىhttp://www.albadeeliraq.com/ar/node/2144
٨٣. صالح عباس ناصر الطائي: الدور السياسي للسيد محمد محمد صادق االصدر في تاري االعراق المعاصر )١٩٩١-١٩٩٩، مجلة اهل البيت، عدد، ٢٠.
٨٤. عبدالرحمن سليمان الزيبارى: الوضع القانوني لإقليم كوردستان العراق، في ضل قواعد القانون الدولي العام، موكرياني، ٢٠٠٢، اربيل.
٨٥. عصبة الأمم: مسألة الحدود بين تركيا والعراق، ١٩٢٥، SGPS...43...711..250.1-9-25.

٨٦. فارس خطاب: نشأة الأحزاب السياسية اليسارية الكبرى بالعراق.. رؤية تاريخية، "عربي ٢١" https://arabi21.com/story/1289941/
٨٧. فارس محمود: بصدد الارضية السياسية والاجتماعية لتأسيس الحزب https://www.ssrcaw.org/ar/show.art.asp?aid=685582#null!
٨٨. قادر محمد حسن: الإمارات الكوردية في العهد البويهي، دراسة في علاقاتها السياسية والاقتصادية (٣٣٤-٤٤٧هـ/٩٤٥-١٠٥٥م)، مؤسسة موكرياني للبحوث والنشر، اربيل، ٢٠١١.
٨٩. قانون الاحوال الشخصية لعام ١٩٥٩ قانون الأحوال الشخصية رقم "١٨٨ "لسنة ١٩٥٩" وتعديلاته،
٩٠. كردستان العراق: قيود على تنقل اللاجئين . https://www.hrw.org/ar/news/2019/11/27/336037
٩١. كوزاد محمد احمد: تاريخ كوردستان ما قبل الآريين، دائرة المعارف الاسلامية الكبرى، طهران، ص٢. https://www.academia.edu/33748166/%D
٩٢. گوڵدران عبدالرحيم عزيز: واقع النشاط التجارى فى اقليم كوردستان-عراق, (١٩٩٣-١٩٩٨), رسالة ماجستير غير منشورة, كلية الادارة والاقتصاد, جامعة دهوک, ١٩٩٩.
٩٣. لؤي خزعل جدير: الذاكرة التاريخية والثقافة السياسية دراسة نفسية في ديناميا العجز الجمعي في المجتمع العراقي، جامعة كوفة، لبنان، ٢٠١٨
٩٤. محمد ابو رمان: مابعد الاسلام السياسى مرحلة جديدة او اوهام ايدولوجية، مركز دالراسات الاستراتيجية، عمان، ٢٠١٨.
٩٥. مرزوق عنتره: اشكالية علاقة الدولة بالمجتع المدنى فى المنطقة العربية، جامعة محمد بوظياف - المسيلة.
٩٦. منظمة حقوق الانسان فى كردستان: ١ حزيران ١٩٩٥، أربيل.
٩٧. مؤيد احمد : جريدة -الشيوعية العمالية- في سطور كلمة وتقرير لرئيس تحريرها، https://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=301884.
٩٨. مەنصور حيكمەت، دفاعا عن مطلب أستقلال كردستان العراق - طرح أولي للبحث، الحوار المتمدن، https://www.m.ahewar.org/s.asp?aid=15126&r=0.
٩٩. نشوء المؤسسات التركمانية ونموها، تاريخ: ٦ حزيران ٢٠١٦، موقع : نحن التركمان، http://www.bizturkmeniz.com/ar/index.php?page=article&id=99949

١٠٠.    النص    الكامل    لقانون    تحرير
العراق١٩٩٨http://www.betnahrain.net/Arabic/Documents/IL1998.htm
١٠١.    هناء قيصران: العنف السياسي و أزمة بناء الدولة الوطنية في افريقيا: مجلة أكاديمي اللعلوم السياسية - املجلد ٠٦، العد٢٠، ٢٠٢٠.
١٠٢.    وثائق الادانة: اصدرها مكتب دمشق للاتحاد الوطنى الكوردستانى: ١٩٩٤، وثيقة رقم: (٧٦)
١٠٣.    الوثائق الرسمية لمجلس الأمن، السنة السادسة والأربعون، ملحق أبريل/ نيسان ومايو/ أيار ويونيو/ حزيران ١٩٩١, الوثيقتان ٢٢٤٣٥.
١٠٤.    الوقائع العراقية |رقم العدد : ٢| تاريخ العدد :٢٨-٠٧-١٩٥٨| رقم الصفحة : ١| عدد الصفحات :
١٠٥.    وليد العيفه، جدلية العلاقة بين الدولة والمجتمع المدنى فى عصر العولمة، مجله الباحث للدراسات الاكاديمية، مجلد، ٦، عدد ١، ٢٠١٩.
١٠٦.    اليوم العالمي للطفل ٢٠ تشرين الثاني/نوفمبر.

به ئينگليزى

107. B. C. Smith: Understanding Third World Politics Theories of Political Change and Development, Second Edition, PALGRAVE MACMILLAN, 2003.
108. Benjamin J. Lough , The Evolution of International Volunteering, The International Volunteer Service Exchange Conference, Beijing, China ١٢-١٣ ، October 2015.
109. DAVID PLOTZHE SLATE GIST :THE KURDS SEPT 28, 1996, HTTPS://SLATE.COM/NEWS-AND-POLITICS/1996/09/ .
110. Duncan Bell: Memory, Trauma and World Politics, Reflections on the Relationship Between Past and Present, Lecturer in International Relations, University of Cambridge, PALGRAVE MACMILLAN, 2006.
111. Firat Bozcali: Managing oil in Kurdistan-Iraq: 1991-2003.International Association of Contemporary Iraqi Studies (IACIS). University of London 2008.

112. Haleh Afshar: Mansoor HekmatHumanitarian Marxist frustrated in his dreams for Iran. https://www.theguardian.com/news/2002/jul/20/guardianobituaries.iran
113. Havard Hegre: Civil Conflict and Development, Centre for the Study of Civil War, PRIO, Uppsala University, July 2013.
114. JOHN FAWCETT AND VICTOR TANNER: THE INTERNALLY DISPLACED PEOPLE OF IRAQ: THE BROOKINGS INSTITUTION – SAIS PROJECT ON INTERNAL DISPLACEMENT OCTOBER 2002.
115. john o. voll :Political Isl am and the State. . in ISLAM AND POLITICS, Oxford University Press 2013.
116. K. M. Fierke :Bewitched by the Past: Social Memory, Trauma and International Relations IN, Duncan Bell: Memory, Trauma and World Politics. PUBLISHED BY CAMBRIDGE UNIVERSITY PRESS 2003.
117. K. M. Fierke :Bewitched by the Past: Social Memory, Trauma and International Relations .
118. Kurdish Parliament in Exile.https://www.fotw.info/flags/krd-kp.html#pa
119. Michael M. Gunter: Historical Dictionary of the Kurds, the scarecrow press, 2004.
120. ROLAND PARIS: At War's End, Building Peace After Civil Conflict, © Roland Paris 2004.
121. Ron Eyerman: Cultural Trauma Slavery and the formation of African American identity, PUBLISHED BY CAMBRIDGE UNIVERSITY PRESS 2003.
122. Scott Gates, Havard Strand : Modeling the Duration of Civil Wars: Measurement and Estimation Issues, Center for the Study of Civil War, PRIO (CSCW ) 2004
123. The Parliament Of Kurdistan In Exile And Its Aimshttp://archive.apc.org/mideast.kurds/msg00674.html

124. THE-KURDS.HTMLPATRIOTIC UNION OF KURDISTAN (PUK https://www.globalsecurity.org/military/world/para/puk.htm

**ماڵپەڕەکان**

125. http://diplomaticmagazine.net/politics/2044
126. http://knwe.org/direje.aspx?besh=witar&cor=3&jimare=4145
127. http://www.alibapir.net/alibapirPages.php?page=biblography
128. http://www.jinhaber1.com/so/Dossiers/content/view/644
129. http://www.kurdistannet.biz/kn/index.php
130. http://www.sazmanixebat.org
131. https://www.komalah.org
132. https://www.krekar.co/About
133. https://www.kurdipedia.org/default.aspx?q=2013033115345279162&amplng=18
134. https://www.kurdistanmedia.com
135. https://www.kurdistanpost.nu/?mod=news&id=81380
136. https://www.peyserpress.com/detail/1863
137. https://www.refworld.org/cgibin/texis/vtx/rwmain/opendocpdf.pdf?reldoc=y&docid=5c76654f4
138. https://www.rudaw.net/sorani/onair/tv/episodes/episode/documentari_27092014001
139. https://www.un.org/ar/observances/world-childrens-
140. https://www.yarikurd.net